

# منداڵەکانی ئەمڕۆمان... هیوای داهاتوومانن.

---

بابەتەکانی نووسەر ڕەزا شوان

*****

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

وتەکانی ناوداران دەربارەی منداڵان ..................... لاپەڕەی ........... ٧

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠ - ٢٠١ ........... لاپەڕەی......... ١٥

١- منداڵانی کورد و زمانی کوردی لە تاراوگەدا...

٢- مافەکانی منداڵ...

٣- ئەدەبی منداڵان...

٤- ئاوڕێک لە ئەدەبی منداڵانی کورد بدەنەوە...

٥- پێویستە مافەکانی منداڵەکانمان جێبەجێ بکرێن...

٦- پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی منداڵان...

٨- یاری پێویستییەکی گرنگی منداڵانە...

٩- داگیرکەرانی کوردستان.. پێشێلی مافەکانی منداڵانی کورد دەکەن...

١٠- بەکارهێنانی منداڵان بۆ کاری تیرۆریستی گەورەترین تاوانە...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ - ٢٠١٣......... لاپەڕەی......... ٥٤

١١- چۆن منداڵەکانمان هۆگری خوێندنەوەی پەرتووک دەکەین؟...

١٢- کاریگەریی ئینتەرنێت لەسەر منداڵان...

١٣- کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵان...
١٤- وشەی ناشیرین و ناشایستە بە منداڵەکانتان مەڵێن...
١٥- منداڵی شەرمن و گۆشەگیر...
١٦-رۆشنبیریی منداڵان...
١٧- نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان...
١٨- مێژووی ئەدەبی منداڵان(٤)...
١٩- شادیی منداڵەکانمان.. شادیی گەلەکەمانە...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤............ لاپەڕەی......... ١٦٩

٢٠- رۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی منداڵ دا...
٢١- منداڵەکانی ئەمڕۆمان.. هیوای داهاتوومانن...
٢٢- مافەکانی منداڵان.. فەرامۆش مەکەن...
٢٣- زیرەکترین نۆ منداڵ لە جیهاندا...
٢٤- ئەدەبی منداڵانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان...
٢٥- ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان...
٢٦- ئەدەبی منداڵانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥............ لاپەڕەی......... ٣٤٧

٢٧- راگەیاندنی منداڵان، گۆڤارەکانی منداڵان...
٢٨- راگەیاندنی منداڵان، گۆڤارە کوردییەکانی منداڵان...
٢٩- راگەیاندنی منداڵان، رادیۆ.. تەلەفزیۆن.. ئینتەرنێت...
٣٠- مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی منداڵان...
٣١- دەربارەی چیرۆکی منداڵان...

٣٢- دەربارەی شیعری منداڵان...
٣٣- سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان...
٣٤- زۆر نازپێدان بە منداڵ.. لە رێی دەردەکا...
٣٥- چۆن دەزانی کە منداڵەکەت بەهرەمەندە؟...
٣٦- پێویستە منداڵەکانمان بە کوردستان پەروەریی گۆشبکەین...
٣٧- رۆڵی مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵدا...
٣٨- گرنگیی ستایش و هاندان بۆ منداڵان...
٣٩- سایکۆلۆژیای رەنگەکان لەسەر منداڵان...
٤٠- سایکۆلۆژیای توندوتیژیی دژی منداڵان...
٤١- گرنگیی و سوودەکانی پێکەنین بۆ منداڵان...
٤٢- گرنگیی هاورێیەتی لە ژیانی منداڵاندا...
٤٣- پرسیارەکانی منداڵەکانتان پشتگوێ مەخەن...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦............ لاپەڕەی......... ٤٤٣

٤٧- پێگەی سروود لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا...
٤٨- هۆکارەکانی خەونە ناخۆشەکانی منداڵان...
٤٩- قۆستنەوەی منداڵان بۆ مەبەستی سیاسی تاوانە...
٥٠- بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵ...
٥١- سوودەکانی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان لە پێش نووستندا...
٥٢- منداڵەکانتان بە گەشبینی پەروەردەبکەن....
٥٣- نێرگزی چییە و ؟ چۆن منداڵەکانتان لە نێرگزی دەپارێزن ؟...
٥٤- هونەری پەروەردەی منداڵان...
٥٥- پێویستە راستگۆبن لەگەڵ منداڵەکانتان...

٥٦- گرنگییەکانی ئازادی لە پەروەردەکردنی منداڵان...
٥٧- سایکۆلۆژیای ڕێزگرتن لە منداڵان...
٥٨- سوودەکانی سۆزی دایک بۆ منداڵ...
٥٩- سوود و زیانەکانی (ئایپاد) بۆ منداڵان...
٦٠- گرنگی لای لایە بۆ منداڵان...
٦١- شادی لە منداڵیدا.. شادییە لە گەورەییدا...
٦٢- پرۆژەی دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان)...
٦٣- سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧............ لاپەڕەی......... ٥٧٦

٦٤- ڕۆڵی خێزان لە کوردستان پەروەریی کوردیلەکانمان...
٦٥- فۆرم و ناوەڕۆک دوانەن لە ئەدەبی منداڵاندا...
٦٦- گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵان...
٦٧- قۆستنەوەی منداڵان بۆ دەرۆزەکردن تاوانە...
٦٨- گرنگیی پەرتووکخانەی ماڵەوە لە ڕۆشنبیریی منداڵان...
٦٩- ئەندێشەی زانستیی لە ئەدەبی منداڵاندا...
٧٠- گرنگییەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە بۆ منداڵان...
٧١- چیرۆکی مامۆستا و قوتابی...
٧٢- پەروەردەکردنی منداڵانی داهێنەر...
٧٣- سوودەکانی گۆرانی بۆ منداڵان...
٧٤- هاندانی منداڵان بۆ هاوبەستەبوون بۆ کوردستان لە هۆنراوەی شاعیراندا...
٧٥- گرنگییەکانی چێژی ئەدەبی بۆ منداڵان...
٧٦- پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی...
٧٧- حەزی خۆدەرخستن لە لای منداڵان...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨............ لاپەڕەی......... ٦٦٣

٧٨- منداڵان و بووکە بە بارانە...
٧٩- پەروەردەکردنی منداڵان بە لێبووردن...
٨٠- شانۆی گەڕۆکی منداڵان...
٨١- مەکسیم گۆرگی و ئەدەبی منداڵان...
٨٢- ڕێزگرتن لە ئازادیی رادەربڕینی منداڵان...
٨٣- وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان...
٨٤- سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان...
٨٥- پاڵەوان و کەسایەتییەکان لە چیرۆکی منداڵان...



بژی کورد و کوردستان، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

# وتەکانی ناوداران دەربارەی منداڵان



منداڵان نەوەی داهاتووی هەر گەل و وڵاتێکن.. منداڵان تۆی ژیان و مانن.. چرای رووناکی ماڵانن.. خۆشەویستن و هەردەم لەبەر دڵانن.. تافی منداڵیی، قۆناخی جوانیی و دڵپاکیی و راستگۆیییە.. جیهانی منداڵان، جیهانێکی بێ فرۆفێڵ و بێ درۆ و بێ رق و بوغز و کینەیە.. جیهانێکی وەنەوشەیی پڕ لە حەز و لە هیوا و لە خەونی شیرین و سەوزە.. زۆرن ئەو پەند و قسە نەستەق و وتانەی کە دەربارەی منداڵان وتراون.. چەپکێک لە وتەکانی ناودارانی جیهانم بۆ گوڵبژێر کردوون:

* **تۆماس فۆلەر**: چەند بەختیارە ئەو کەسەی کە دڵی بە منداڵەکانی خۆشە.

* **شکسپیر**: هیچ شتێک هێندەی ستاییش و پیاهەڵدان، کار ناکاتە سەر منداڵ.

* **تاگوور**: لەبەر ئەوە خۆشم ناوێ کە جوانە یا ناشیرینە، بەڵکو لەبەر ئەوە خۆشم دەوێ کە منداڵمە.

* **یۆ نامات**: تا تەمەنی سیانزەساڵیم وام دەزانی کە ناوم "دەمت داخە" یە.

* **ریختەر**: شادی لە منداڵیدا شاییە، لە گەورەییشدا زەردەخەنە و گریانە.

* **جۆن مێرکس**: منداڵ دەڵێت، بەڵام گوێ ناگرێت.

* **برناردشۆ**: منداڵان کەسانێکی بچووکن، ڕێیان پێ نادرێ کە ئەو شتانەی دایک و باوکیان لە تافی منداڵییاندا کردوویانە، ئەمانیش بیان کەن.

* **چارلیز دیکنیس**: هەر منداڵێک کە دێتە دنیاوە، لە هەموو ئەوانەی تر جوانترە.

* **گراهام گرین**: ساتێکی شادییە لە منداڵیدا، کە دەرگا دەکرێتەوە و ئایندەی لێ دێتە ژوورەوە.

* **کارین هۆرێنی**: منداڵ هەمیشە ئارەزووەکانی خۆی بە ڕاست دەزانێت.

* **جان جاک رۆسۆ**: ئەو منداڵەی هەست بە هەڵە و ڕاستی نەکا، شایانی سزادان نییە.

* **یوسف بۆ بێرت**: منداڵان زیاتر پێویستییان بە نموونە هێنانەوە هەیە ، لەوەی کە ڕەخنەیان لێ بگرن.

* **لودڤیج ڤان بیتهۆڤن**: ئامۆژگاری باش فێری منداڵەکانت بکە.. ئەمە ئەو شتەیە کە بەختەوەریان دەکات، نەک زێڕە.

* **جاکسۆن براون**: کاتی گەڕان و یاری لەگەڵ منداڵەکانتدا دوامەخە، ئەو کاتانە چۆن بۆ تۆ گرنگن، ئەوها بۆ ئەوانیش گرنگن.

* **وین دایر**: منداڵەکانت دەڕواننە هەموو ئەو کارانەی لە ژیانتدا دەیان کەیت.. نەک لەو قسانەت کە دەیان کەی.

* **پێتەر مارتین**: لە خێزانێکدا، ژنەکە حکوومەتە، پیاوەکە گەلە و، منداڵەکانیش ئۆپۆزسیۆنن.

* **کۆلێت**: شتێکی ناشیرین نییە، کە هەندێ جار بە ڕەوشتێکی بەرزەوە، منداڵان لە سنوورێکدا دایک و باوکیان ڕابگرن.

* **دیجۆن راسکن**: کەمێک خۆشەویستی بە منداڵەکەت ببەخشیت، لە پاداشتی ئەو خۆشەویستییەت سوودێکی زۆرت دەبێت.

* **ماهاتما گاندی**: ئەگەر بمانەوێ لەم جیهانەدا فێری ئاشتییەکی راستی ببین، پێویستە لە منداڵەکانمانەوە دەست پێ بکەین.

* **جان جاک رۆسۆ**: لە پێش ژنهێنانمدا، شەش تیۆرم دەربارەی منداڵان هەبوو، ئێستا شەش منداڵم هەیە و، هیچ تیۆرێکم نییە.

* **تۆڵستۆی**: منداڵان لە بەزەییدا باش نین.

* **جوبران خەلیل جوبران**: گەلێ جار لای لایە بۆ منداڵەکانمان دەکەین.. کەچی خۆمان خەومان لێ دەکەوێت.

* **دایکێکی ماندوو**: تۆ منداڵێکت هەبێ، تۆ کارێکت هەیە.. بەڵام ئەگەر بوون بە دوو منداڵ ، تۆ دەبێ ببیت بە ناوبژیوان.

* **ئۆسکار وایڵد**: منداڵان بە خۆشەویستیی دایک و باوکیان دەست پێ دەکەن ، دوایش تاوانباریان دەکەن ، بە دەگمەنیش لێیان دەبوورن.

* **پیرەمێردی نەمر**: با وجود ئێستا منداڵ پەسەندە... کەس بە پیر ناڵێ کەرت بە چەندە.

* **جەواهیر لال نەهرۆ**: لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، کە منداڵان بە یەکتری دەگەن، بێ ئەوەی کە بیر لە رەگەز و رەنگی پێست و سامان بکەنەوە، پێ کەوە یاری دەکەن.. تۆڕەش بن زوو ئاشت دەبنەوە.. بەڵام بەدبەختییان لەوەدایە کە گەورە دەبن.. فێری رەفتار و خوی گەورەکان دەبن.

* **جۆن کەنەدی**: گرنگترین پەیوەندی ریشەیی لە نێوانماندا ئەمەیە.. ئێمە هەموومان لەم گەردوونەدا دەژین.. هەموومان هەمان هەوا هەڵدەمژین.. هەموومان بیر لە داهاتووی منداڵەکانمان دەکەینەوە و.. هەمووشمان کۆچی دوایی دەکەین.

* **تێرنەس**: چاکتر وایە بە رێز و نەرم و نیبیانییەوە منداڵەکانت بە خۆتەوە بگرێت، نەک بە ترسەوە بیان گریتە خوت.

* **جاکسۆن براون**: پانتاییەکی زۆر لە ژیانی منداڵەکانتدا داگیربکە.

* **ئەلبێرت هۆبارد:** ئەگەر دەتەوێ منداڵی ژیر و زرنگت هەبێت، زانا و رۆشنبیر بە.

* **سیمۆنز:** پەروەردەکردنی منداڵ، بیست ساڵ بەر لە دایکبوونی دەست پێ دەکات.

* **تۆماس فۆلەر:** فرمێسکی منداڵ پاڕانەوەیە.. ئەگەر وەڵامی نەدەیتەوە دەبێت بە ئەمر.

* **مارتن لۆسەر کینگ:** خەون بەوەوە دەبینم، کە رۆژێک بێت هەر چوار منداڵەکانم، لە نەتەوەیەکدا بژین، کە لە رەنگی پێستیان نەڕوانن.. بەڵکو بە پێی کەسایەتییان هەڵیان بسەنگێنن.

* **ئەلبێرت ئەنیشتاین:** وێڵ بوون بە دوای راستی و جوانیدا، جیهانێکە لە چالاکی، بواری ئەوەمان نادات کە، بە درێژایی ژیانمان بە منداڵی بمێنینەوە.

* **راڵف بۆس:** من منداڵانم خۆشدەوێت، بە زۆریش کاتێ کە دەگرین، چونکە یەکێک دێت و دووریان دەخاتەوە.

* **رالف والدۆ ئەمەرسۆن:** خۆشیمان لە جوانی و شادی منداڵاندا بەدی دەکەین ، کە دڵ زۆر لە جەستە گەورەتر دەکات.

* **هێنری دیڤید:** هەموو پیاوان لە منداڵان دەچن و، لە هەمان خێزانـدان، هەر بە هەمان چیرۆکیش خەو دەیان باتەوە و لە خەو هەڵدەستن.

* **ئێریک هۆڤەر:** هەموو سەرکردەکان، هەوڵی ئەوە دەدەن، کە وەکو منداڵ سەیری لایەنگرەکانیان بکەن.

* **کۆکۆ تشانێل:** مادام ئەوە دەزانن کە، پیاوان وەکو منداڵان وان، کەواتە هەموو شتێک دەزانن.

* **مارک توین:** زۆربەی ئەو زانیارییانەی کە دەبنە هۆی بایەخ پێدان.. لە منداڵانەوە دێن، ئەوان چی بزانن دەیڵێن.

* **جان جاک رۆسۆ:** مرۆڤ بۆ ئەوە لە دایک نەبووە، کە هەر بە منداڵی لەسەر زەویدا بمێنێتەوە.

* **جاکسۆن براون:** پێش هەموو شتێک ئاگات لە خێزانەکەت بێت، دوایی لە منداڵەکانت بێت، دواتریش لە

گیرفانت بێت.

* **سپیتلەر**: منداڵ بوونەوەرێکی هەستیارە، ئەو کەسانە بەرهەمیان هێناون، کە تەمەنی ئەویان تێ پەڕاندووە.

* **تۆڵستۆی**: منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا، هێمای بێ تاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە.

* **کورت ڤاڵد هایم**: سەرلەبەری دنیا قەرزاری منداڵن.

* **کۆنفۆشیۆس**: منداڵان، منداڵانی سەردەمی ئێمە نین.. منداڵانی سەردەمی خۆیانن.

* **پاپلۆ بیکاسۆ**: هەموو منداڵێک هونەرمەندە.. کێشەکە ئەوەیە چۆن بە هونەرمەندی دەمێنێتەوە.

* **دەلالی لاما**: منداڵان گرنگترین سامانن لە ژیاندا.

* **عەزیز نەسین**: منیش رۆژانێک منداڵ بووم.

* **فرۆید**: بەشی زۆری کەسایەتی هەر تاکێک لە تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێت.. بە تایبەتیش تا شەش ساڵان.

* **مەکسیم گۆرگی**: دەتوانین بە زمانێکی شیرین و گونجاوی دوور لە راپۆرتە زانیاری، بە راشکاوی بۆ منداڵان بدوێین.

* **ئەفلاتوون**: لە نێوان هەموو ئاژەڵەکاندا.. راهێنانی منداڵ گرانترە.

* **فریدریک دوگلاس**: چاندنی تۆی هێز لە منداڵەکانماندا.. ئاسانترە لە تیمارکردنی پیاوانی رووخاو.

* **تاگوور**: هەموو منداڵێکی لە دایکبوو ئەم پەیامەی پێیە.. خوا لە مرۆڤ بێ هیوا نەبووە.

* **جێمس باری**: هەر جارێک منداڵ بڵێت: من بڕوام بە جنۆکە نییە.. جنۆکەیەکی بچووک لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەمرێت.

* **ماریا مەنتسۆری**: گرنگترین قۆناغ لە ژیانی مرۆڤدا، قۆناغی خوێندنی باڵای زانکۆ نییە، بەڵکو یەکەمین قۆناغی ژیانە، کە لە دایکبوونەوە تا تەمەنی شەش ساڵانە.

* **گابرییلا میسترال**: مرۆڤ هەڵەی زۆری کردووە، بەڵام نالەبارتری تاوان کە کردوویەتی پشتگوێخستنی منداڵانە، پەراوێزکردنی کانیاوی ژیانە، دەشێ زۆر شت بۆ کاتێکی تر دوابخرێت، بەڵێ زۆر، بەڵام تەنها پەروەردەکردنی منداڵان نابێت، چونکە قۆناغی منداڵی ئەو قۆناغەیە هەموو خانەیەک لە خانەکانی و، هەریەکەش لە هەستەوەرییەکانیشی لەشی گەشە دەکەن.. کەواتە پێویستە لەسەرمان، لە ئەمڕۆوە بکەوینە خۆمان و، کارەکان نەخەینە بەیانی.

* **جۆن بلۆمب**: کاتێ کە منداڵەکانت ئەو پرسیارانە دەپرسن کە وەڵامیان هەیە.. ئەوە بزانە کە گەورە بوونە.

* **ئیرما بۆمبیک**: وا باوە، کە ژمارەی منداڵەکانت، لە ژمارەی پەنجەرەکانی ئۆتۆمبیلەکەت زیاتر نەبن.

* **نیکۆل کیدمان**: من حەزم لە نواندنە... بەڵام خۆشییەکی گەورەتر دەبینم کە لەگەڵ منداڵاندا دەچم بۆ باخچەی ئاژەڵان.

* **ڤیکتۆر هۆگۆ**: کە منداڵێک لە دایک دەبێت، خۆشیش دێت و، رووناکیش شەوقەداتەوە.

* **سوقرات**: ئەی پیاوان.. ئێوە هەموو بایەخێکتان داوەتە پارە کۆکردنەوە.. بەڵام بە کەمی بیر لە منداڵەکانتان دەکەنەوە، کە ئەو پارانەیان بۆ بەجێ دەهێڵن.

* **لێدیا سیفۆرنی**: ئەو نەریتانەی کە منداڵان، لە قۆناغی زووی منداڵیدا فێری دەبن، ئەمانەن ئەوە دیاری دەکەن ئایا ئەم منداڵانە، بە هەژاری یا بە دەوڵەمەنی ژیان بەسەردەبەن، بەرهەمهێنەر دەبن یا تەمەڵ دەبن، خێر یا شەریان زیاترە .. دەبا هەر لە منداڵییەوە فێری نەریتی باشیان بکەین، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشیان بۆ دەستەبەر بکەین.

* **ئێگنس ئێشت**: نالەبارترین شت لە زانیاری دەروونناسی منداڵاندا، ئەوەیە کە منداڵان لێی تێ ناگەن.

* **هاردنگ**: خۆشنوودکردن و فێرکردنی منداڵ لە ئەمڕۆدا.. دوو بەقەی دۆێنێ تێ دەچێت.

* **دوروتی نوو نونتی**: ئەگەرهات منداڵ لە کەشوهەوایەکدا بژی رازی بێت.. فێری ئەوەش بووە کە لە خودی خۆی رازی بێت.

* **گۆتە**: دەشێ منداڵان بە ژیری لە دایک بن.. ئەگەر دایک و باوکیان وابن.

* **جۆن لۆک**: منداڵ کە لەدایک دەبێ، بریتییە لە کاغەزێکی سپی، چیمان بوێت لەسەری دەنووسین.

* **جان جاک رۆسۆ**: مرۆڤ بۆ ئەوە لەدایک نەبووە، کە هەر بە منداڵی بمێنێتەوە.

* **ئەرستۆ**: رەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە.

* **سیمۆر**: پەروەردەی منداڵ، پێویستە بیست ساڵ بەر لە دایکبوونی دەست پێ بکات، ئەویش بە پەروەردەکردنی دایکی.

* **دانتۆن**: لە دوای پارووی ژیان.. یەکەمین پێویستی گەلان پەروەردەیە.

* **سوکرات**: پەروەردەی فەوشتی بۆ مرۆڤ.. گرنگترە لە نان و جلەکەی.

* **تشسترفێڵد**: باشترین راسپاردەی مرۆڤ بۆ خەڵکی.. پەروەردەیەکی باشە.

* **ڤۆڵتێر**: پەروەردە پێشکەوتنی بەهرەیە.. بەڵام دروستی ناکات.

* **لامۆنیە**: ئەوەی لە باوەشی دایکماندا فێری دەبین.. هەرگیز ناسڕێتەوە.

* **هێلین کیلەر**: باشترین ئەنجامی پەروەردە.. لێبووردنە.

* **حەبووبە حەداد**: منداڵەکەت کوتاڵێکە لە بەردەستدا.. زیرەک بە لە دروونی.

* **جاک دولا کرۆتیل**: هەڵەی گەورەی پەروەردەکاران ئەوەیە.. باش بە بیری خۆیان ناهێننەوە.. کە ئەوانیش بچووک بوون.

* **جان جاک رۆسۆ**: ئێوە ئەی رابەر و مامۆستایان، هەوڵبدەن منداڵەکانتان بناسن، چونکە دڵنیام کە نایان ناسن.

* **جۆن دیۆی**: منداڵ ئەو خۆرەیە، کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان، بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.

* **برناردشۆ**: ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، منداڵ دوای زانیاری بکەوێت، نەک زانیاری دوای ئەو بکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠ - ٢٠١١ - ٢٠١٢

## منداڵانی کورد و زمانی کوردی لە تاراوگەدا.

زمان گرنگترین کۆڵەکەی نەتەوەیە. زمان ناسنامە و پێناسەی نەتەوەیە و بەڵگەنامەی کەسایەتییە. زمان ئامرازی لەیەکگەیشتن و پەیوەندی و پێکەوەگرێدانی ڕۆڵەکانی هەر نەتەوەیەکە. زمان گرنگترین ئامرازی پاراستنی فەرهەنگی نەتەوایەتییە. زمان کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی میرات و کولتوور و وێژە و ژیان و شارستانیەتی نەتەوایەتییە. زمان ئامرازی پێشکەوتن و بنیاتنان و گەشەکردنە. شان بە شانی گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤ زمانیش لە گەشەکردندایە. هەر بە هۆی زمانیشەوە ئەمڕۆی هەر میللەتێک بە ڕابردوویەوە گرێدەدرێ. گرنگی زمان بۆ هەر نەتەوەیەک لە گرنگی نیشتمان کەمتر نییە. لەدەستدانی زمان لەدەستدانی گرنگترین کۆڵەکەی نەتەوەییە. بۆیە هەر نەتەوەیەک زمانەکەی خۆی خۆشدەوێ و بەشیرینترین زمانی دەزانێ و بایەخ و ڕێزی لای هەیە و پارێزگاریی لێدەکا. زمانی کوردی،لقێکە لە زمانە ئارییەکان. ئەگەر کۆنترین زمانەکانی ڕۆژهەڵات نەبێت، بێگومان یەکێکە لە زمانە هەرە دێرینەکانی دنیا، زمانێکی سەربەخۆی ڕەسەن و دەوڵەمەندە. ئەوەی ساڵەهای ساڵە و تا ئەمڕۆش کە ئێمەی کورد شانازی پێوە دەکەین، خۆڕاگریی و زیندوویی زمانی زگماکی ڕەسەنی کوردیمانە، لە ڕووی ئەو هەموو هەوڵە زۆرەی کە داگیرکەرانی کوردستان دایان و دەیدەن بۆ توانەوە و لەناوبردنی. لە هەندەراندا ،یەکەمین و دووەمین پرسیار کە لە پەنابەر دەپرسن، تۆ خەڵکی کوێی؟ بە چ زمانێک دەدوێی؟

ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری ڕەوەندی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەگەڵێ لە وڵاتانی جیهاندا پەنابەرن، بەشێکی زۆریان بوونەتە هاوڵاتیی ئەو وڵاتانە و بەزمانی فەرمی ئەو وڵاتانەش دەدوێن.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی زگماکی کوردیمانیان لە یاد نەکردووە و لە ماڵەوە و لەگەڵ یەکتریدا هەر بە کوردی دەدوێن، لە هەموو شار

و وڵاتێکیشدا کۆمەڵەی کولتووری کوردی و چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵە و گرووپی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی هەن و جۆرەهاش کۆڕ و سمینار و چالاکی کوردی ئەنجام دەدرێن.لە هەموو وڵات و شارێکیشدا بە بۆنەی خۆشترین و دێرینترین جەژنی کورد «نەورۆز» ڕەوەوندی کوردمان بە جلی کوردییەوە ئاهەنگی سروود و گۆرانی و هەڵپەڕکێی قەشەنگ و شیاو سازدەکەن و جەژنە پیرۆزە لە یەکتری دەکەن و سۆزی هاونەتەوەیی و هاونیشتمانی و هاوزمانیشیان لەلا شیرینتر و بەهێزتر دەبێت. ساڵانەش یادی مەرگەساتی هەڵەبجە و ئەنفال بەرز ڕادەگرن و،ڕێوڕەسم و کۆڕی شایستەیان بۆ دەگێڕن، باسی ئەم دوو تاوانە بێوێنەیە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە دەگێڕنەوە.

هەندێ لە وڵاتان، ڕێ بە منداڵانی بێگانە دەدەن،کە زمانی دایکیان لەبیرنەکەن،چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەر منداڵێک زمانی ڕەسەنی خۆی باش بزانێ، دەتوانێ بە ئاسانی و زووتر فێری زمانی ئەو وڵاتەش ببێت، زووتریش لە کولتووریان نزیک دەبێتەوە.. سەرەڕای ئەوەش ئەمە یەکێکە لەو مافانەی کە ڕێکەوتنامەی مافی منداڵ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەریکردووە.. فێربوونی دوو زمان یا سێ زمان و ئاشنابوون بە کولتوورێکی تازەش، ئاسۆی تێگەیشتن و زانیاری و ڕۆشنبیری منداڵ فراوانتر دەکات.

لە وڵاتانی سکەندناڤیا (سوید ـ نەرویج ـ دانمارک) منداڵانی بیگانە لە قۆناخی قوتابخانەی بنەڕەتیدا(لە پۆلی یەکەم تا نۆیەم) بۆیان هەیە لە هەفتەیەکدا کاتژمێرێک تا دوو کاتژمێر زمانی دایک فێربکرێن و بخوێنن، بۆ ئەم مەبەستەش دایک یا باوکی منداڵەکە بە ڕێی قوتابخانەکەیەوە ،داوادەکات کە مامۆستای زمانی دایک بۆ منداڵەکەی دابین بکەن.. تەنانەت ئەگەر ئەو منداڵە لە دوورترین دێ بێ ،یا تەنها یەک منداڵێش بێ، داواکەی ڕەتناکەنەوە و مامۆستای زمانی دایکی بۆ دەنێرن.. منداڵانی کوردیشمان لەو وڵاتانەدا، لەو هەل و شانسە بێبەش نین، تا ڕادەیەکی باش سوودیان لەم مافە وەرگرتووە.. بە هۆی کۆمەڵێک مامۆستای دڵسۆز و لێهاتووەوە،کە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بە پرۆسەی زمانی کوردی بەخشیوە، بە هەزاران منداڵی کوردیان فێری خوێندنەوە و نووسین و ڕێزمانی کوردی کردوون.. ئاشنای ئەدەب و کولتوور و جوگرافیای کوردستان و مێژوو و سەروەرییەکانی گەلەکەمانیان کردوون.. زۆربەی منداڵانی کوردمان دەتوانن بە زمانی پەتی کوردی گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆیان بکەن.. سوودێکی گرنگی تری خوێندنی زمانی کوردی لە هەندەراندا ئەوەیە، لە هەر قوتابخانەیەکدا هەفتەی جارێک کۆمەڵێ منداڵانی کورد بەیەکدەگەن، دەشێ هەریەکەیان خەڵکی شارێک و بەشێکی کوردستان بن،هەستی هاونەتەوەیی و هاوزمانی هاوکوردستانی و هاوکولتووی و هاوخوێنی و هاوداب ونەریتی و هاو... هتد،لایان دروست بووە،هێندەی ترش برایەتی و هاوڕێتیان خۆشتر و بەهێزتر بووە.. کۆگردی و هاوڕێتی ئەم منداڵە فێرخوازنە زیاتر تەشەنەی کردووە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە خێزانەکانیشیان یەکتری بناسن و ببنە ئاشنا

و یەکتری بەسەر بکەنەوە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی زمانی کوردی لە تاراوگەدا بێ گرفت و کێشە و بێ کەم وکوڕی نییە.

ئەوەی شایانی باسە و جێی داخە بەلای ئێمەوە ،ئەوەیە کە هەندێک لە دایک و باوکان و خێزانی کوردمان لە هەندەراندا، گوێ و بایەخ بە گرنگی زمانی کوردیمان نادەن. هەر لە منداڵییەوە، هانی منداڵەکانیان دەدەن کە بە کوردی نەدوێن، خۆشیان لەماڵەوە بە کوردی قسەناکەن، یا زۆر بە کەمی بە کوردی دەدوێن، بۆیە منداڵەکانیان کوردی نازانن، یا بە کوردییەکی زۆر سەقەتی بچڕبچڕ دەدوێن. هەست و سۆزی کورد و کوردستانپەروەریشیان کاڵە یا هەر نییانە.کە لێشیان دەپرسی تۆ کوردی؟ دەڵی من: نەرویجیم، یا سویدیم ، یا دانمارکیم. ئەم گوناحەش لە ئۆباڵی دایک و باوکیاندایە.. هەقیشمان کە لۆمە و گلەییان لێبکەین..

من چەند ساڵێک لە پارێزگای هۆردەلاند لە نەرویج وانەی زمانی کوردیم دەووتەوە..لە ساڵی «٢٠٠٢»دا لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتیی شاری«بێرگن»دا ،ناوی دوو قوتابی کوردی خوشک و برایان دامێ کە خەڵکی شاری «سنە»ی ڕۆژهەلاتی کوردستانن، دایکیان داوای مامۆستای زمانی کوردی ی بۆ کردبوون.. دوو دیاری قنجم بۆیان کڕی و چووم بۆ قوتابخانەکەیان.. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەردوو قوتابییەکەی هێنا،(کچەکە لە پۆلی چوارەم) و (کوڕەکەش لە پۆلی یەکەم) بوو.. دەستیانم گوشی و دیارییەکانم دانێ.. وتم من ناوم «ڕەزا شوان»ە، ڕەنگە زیاتر لە دە جار لە کچکە و لە کوڕەکەم پرسی: تۆ ناوت چییە؟ تەنها سەریان با دەدا. پرسیارەکەم گۆڕی: چاوم، دەستم، سەرم، ئاو، نانم پیشاندان و پرسیم ئەمە چیە؟ هیچ وڵامیان نەدایەوە.. دەبڵێن ئاو، دەبڵێن.. بابە.. هەر سەریان با دەدا.؟ بەڵام کە بە نەرویجی لێم پرسین ناوتان چییە؟ یەکسەر ناوی خۆیان وت..تەلەفۆنم بۆ دایکیان کرد.. دایکیان وتی: «بەڵێ نە کچەکەم و نە کوڕەکەشم، کوردی هیچ تێناگەن و ناشتوانن بە کوردی بدوێن..» منیش پێم وت: «جا خوشکی بەڕێزم.. من چۆن بتوانم فێری ئەلفوبێی کوردییان بکەم؟ وادیارە تۆ و باوکیشیان لە ماڵەوە بە کوردی قسەناکەن و هەر بە نەرویجی دەدوێن؟» وتی: «بەڵێ ڕاستە وایە« ئەوەشم پێوت کە» ئۆباڵی ئەو دوو منداڵە لە ئەستۆی تۆ و باوکیاندایە..». بەڵام گەلێ منداڵی کوردیشمان هەن کە لە هەندەران لە دایک بوونە و گەورەبوونە، چونکە دایک وباوکیان لە ماڵەوە هەربە زمانی کوردی خۆیان و منداڵەکانیان دەدوێن، ناڵێم کورییەکەیان پێرفێکتە بەڵام زۆر باشن و دانامێنن، لە قوتابخانەشدا بە پەرۆشیشەوە پێشوازی لە وانەی زمانی کوردی دەکەن.

گرفتێکی تری زمانی کوردی لە تاراوگەدا ، ئەوەیە هەندێک خۆشک و برا، کە زمانی کوردی دەڵێنەوە ،لەڕاستیدا مامۆستای پیشەیی نین، یان شارەزای بواری وانە وتنەوە و چونییەتی فێرکردنی منداڵ نین، بێ ئەزموونن و نابەڵەدن لە بواری پەروەردەکردن و فێرکردن و دەروونناسیی منداڵ و جیاوازی ئاستی هۆش و زەینی منداڵاندا، کلۆڵن لە شێواز و ڕێبازە سەرکەوتووەکانی فێرکردنی ئەم سەردەمە.. ئەو توانایەشیان نییە کە بتوانن بە ئاسانی و سادەیی فۆرم و بابەتەکان بە ژیان و ژینگەی منداڵانەوە گرێ بدەن، یان بتوانن بۆ ئاسانکردنی فێرکردن، کەرەستە بەرجەستەییەکانی فێرکردن چ ڕاستی چ نموونە و وێنەیی وهەستی بەکاربهێنن.. بۆیە ئەو قوتابییانەی کە دەکەوننە لای ئەم مامۆستایانەوە زوو لە وانەی کوردی بێزار دەبن و دەتۆرێن لەوانشە وازی لێبهێنن.. تا مامۆستا لێهاتووتر بێ، کەسایەتی هەبێت، ڕووخۆش و قسەخۆش بێ، قوتابییەکانی خۆشبوێ، هەست بەوە بکا کە هەڵگر و گەیەنەری پەیامێکی پیرۆز و هەستیارە.. زیاتر سەرکەوتوو دەبێ ، وەکو کورد دەڵێ: «باخی گوڵ گەش و جوان، بۆ ئازایەتی باخەوانەکەی دەگەڕێتەوە » یان وەکو دەڵێن با«نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب»بێت. چونکە کۆمەڵێک مەرج هەیە دەبێ لە مامۆستای سەرکەوتوودا هەبێ.

دایکان و باوکانی بەڕێز و مامۆستایانی دڵسۆزی کوردمان،ئەی هەموو ئەوانەی کە بە تەنگی منداڵەکانمان و چارەنووس و داهاتووی گەلەکەمانەوە دێن.. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردنمان لە تاراوگەدا بتوانن بە زمانی شیرینی کوردی بدوێن.. بۆ ئەوەی منداڵانمان لە مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و فەرهەنگ و داب و نەریتی ڕەسەنی گەلەکەمان نابەڵەد نەبن.. بۆ ئەوەی منداڵانی دیاربەکر و مەهاباد و کەرکوک و قامیشلی و هەموو شوێنەکانی تری کوردستان، بە یەکتری نامۆ نەبن.. بۆ ئەوەی منداڵەکانمان سۆز و خۆشەویستیان بۆ کورد و کوردستان کاڵەوە نەبێت.. بۆ ئەوەی منداڵەکانمان شانازی بە کوردبوون و کوردستانیەتی خۆیانەوە بکەن.. بۆ ئەوەی... هتد. پێویستە کوردیلەکانی ئەمڕۆمان کە ئەوەی داهاتووی کوردستانن، بە کوردی گۆشیان بکەین، بە زمانی کوردی لەگەڵیاندا بدوێین ،فێری کوردایەتی و کوردستانپەروەرییان بکەین.. فێری بەها جوانەکانیان بکەین، فێری ئەوەیان بکەین کەلە کوێدا بژین هەر کوردین و کوردستانیش نیشتمانی یەکەممانە.

***بۆ ئەم مەبەستەش من ئەم پێشنیارانەم هەیە:***

١- تا تەمەنی شەش ساڵان لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانتاندا بە کوردییەکی پەتی بدوێن، هەڵەکانیشیان ڕاست بکەنەوە.

٢- سیدی ئەلفوبێی کوردیان بۆ بکڕن و بۆیان لێبدەن.

٣- گۆشەگیریان مەکەن و با تێکەڵی منداڵانی کوردی هاوتەمەنیان ببن.. چونکە لە یەکترییەوە وشەی تازە دەبیستن و سۆزی هاونەتەوەیی و هاوزمانیشیان لا دروست دەبێت.

٤- بە زمانی پەتی کوردی ، بە شێوەیەکی سادە و ئاسان ،بە تام و چێژەوە ، چیرۆکی کورتی بە سوودیان بۆ بگێڕنەوە ، داواشیان لێبکەن جارێ یا زیاتر با منداڵەکان خۆشیان هەمان چیرۆک بگێڕنەوە ،ئافەرینیان بکەن و لە پاداشتی جوان گێڕانەوەیان خەڵاتیان بکەن.

٥- سیدی سروود و گۆرانی کوردی بۆ منداڵان بۆیان لێبدەن .

٦- ڕایانبهێنن بۆ ئەوەی ڕۆژانە سەیری ماوەی بەرنامەکانی منداڵان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بکەن .

٧- فێری مارشی نەتەوەییمان«ئەی ڕەقیب» یان بکەن.

٨- لە جەژنی نەورۆزدا جلی کوردیان لەبەربکەن و ئاڵایەکی بچووکی کوردستانیش لە بەرۆکیان بدەن و مۆمێکی گەورەش داگیرسێنن.

٩- دایک و باوک و مامۆستاکان، پێوستە بە پراکتیکی منداڵەکان فێری زمان و هەموو کارو هەڵسوکەوت و خوویەکی باشیان بکەن، نەک بە شێوەی تیۆری وشک.

١٠- بە کوردی و بە پراکتیکی فێری ژمارەکانیان بکەن.

١١- ئەلبوومێک بۆ منداڵەکانتان بکەن بە زۆرترین وێنەی جوانی هەمەجۆرە بیڕازێننەوە، بۆ نموونە وێنەی (شارەکانی کوردستان،وێنەی سەرکردە نەمرەکانی کورد، باڵندە، ئاژەڵ، گوڵ، جۆرەکانی میوە، جۆرەکانی پیشە،.... هتد) بە کوردی ناوەکانیان فێری منداڵەکانتان بکەن.

١٢- لە کوردستاندا چەند گۆڤارێکی ڕەنگین و بەسوود بە کوردی بۆ منداڵان دەردەکرێن لەوانە: (پەپوولە ـ هەنگ ـ باوەگوڕگوڕ ـ کەڤر ـ دنیای منداڵان ـ ...هتد) هەوڵبدەن زۆرترین ژمارەکانی ئەو گۆڤارانە بۆ منداڵەکانتان دابین بکەن.

١٣- کڕینی کتێبی کوردی (هۆنراوە ـ چیرۆک ـ شانۆگەری) بۆ منداڵان، تا فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن، دایک و باوک و یا مامۆستاکان دەتوانن جار و بار ئەو کتێبانەیان بۆ بخوێننەوە.

١٤- دایک و باوکان و مامۆستاکان و خوێنەرانی دڵسۆز، دەزانم هەریەکە لە ئێوەش کومەڵێک سەرنج و تێبینی و ڕا و پێشنیاری جوان و بەسوودتان دەربارەی ئەم باتە لا هەیە، چونکە گرنگی فیربوونی زمانی کوردیمان لە لایەن منداڵەکانمانەوە لە تاراوگەدا هەموومان دگرێتەوە. چیش بچێنین ئەوە دەدوورینەوە.

٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## مافەکانی منداڵ.

بە هۆی ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییە بێوێنانەی لە لایەن داگیرکەرە ڕەگەزپەرستەکانی کوردستانەوە، بەسەر گەلە بێگوناهەکەمانیان هێنان، هەموو کوردێک لە منداڵ و گەورەمانەوە، کەوتبووینە نێوان بەرداشی مردن و ژیان..لە سادەترین مافی ژیانێکی سادە و ساکار بێبەشیان کردووبوین، هەروەکو مرۆڤ نەبین و شایانی مان و ژیان نەبین. تا ئەمڕۆش بێجگە لە باشووری کوردستان، لە باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوی کوردستاندا، بە ئاشکرا و بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی مافەکانی منداڵان، ستەم و چەوسانەوە و تۆقاندن و کوشتن و لە سێدارەدانی کورد و پێشێلکردنی مافەکانیان درێژەی هەیە، بەبێ هۆش تا ئێستا بەردەوامن لە تۆپباران و بۆمبابارن و سووتاندن و کاولکردنی کوردستان.. مەخابین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و ویژدانی مرۆڤایەتی و جیهانی، کە لە ئاستی ئەم هەموو تاوانە زەقانە و ناهەقیانەی کە دەرهەق بە کورد دەکرێن.. کوێر و کەڕ و لاڵن..؟ تا ئەمڕۆش گەلی کوردمان

باجی سیاسەتی دووڕوویی و بەرژەوەندی و دەمچەورکردنی وڵاتە زلهێزەکان دەدات..
تا ئەمڕۆش وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان،کە خۆیان بە دادپەروەر و دیمۆکرات و ئازادیخواز دەزانن،ماف و ڕەوا بە دوو پێوەری جیاواز دەپێون. دێینە سەر بابەتی سەرباسەکەمان، مافەکانی منداڵ..بەداخەوە تا ئەمڕۆش بەشی هەرە زۆری منداڵانی کوردمان، بە هۆی کوێرەوەری و ژیانسەختی و سەرکوتکردنەوە، نازانن مافەکانیان چین..؟ بەڵکو زۆری باوک و دایکان و مامۆستاکانیش،ئەوانیش نازانن کە بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی منداڵ چین؟ یا ئەگەر بشیانزانن،لەوانەیە بە هەند و گرنگیان نەزانن. تا ئەمڕۆش حکومەتی کوردستان ئاوڕێکی پێویست و جدی لە منداڵەکانمان نەداوەتەوە، ڕۆڵی گرنگی کوردیلەکانمانیان لە داهاتووی کورد و کوردستاندا لە بەرچاو نەگرتووە .. تا ئێستاش بە هۆی گرانی و کەم دەستکورتی و نەبوونییەوە، منداڵێکی زۆرمان هەیە کە لە خوێندن دابڕاون، یان هەر نەنێراونەتە قوتابخانە، لەو تەمەنە ناسکەدا ڕۆژ تا ئێوارە لە شەقام و بازاڕەکاندا، بە نا چاری خەریکی شت فرۆشتن و کارکردنن، تا هاوکاری لە بژێوی خێزانەکانیاندا بکەن.. ئۆخەی لە تافی منداڵییان ناکەن، نە تامی خۆشی دەزانن ونە دەزانن مافەکانیان چین..

من ئەم لانەکردنەوە و بەدوادانەچوونەی حکومەت و ئاوڕنەدانەوەیان لەو منداڵ و خێزانە هەژارانە، بە نەنگییەکی گەورەی حکومەتی کوردستانی دەزانم.. زۆر قسە و ڕەخنەی تریشمان لە بارەی بەرجەستەنەکردنی مافەکانی منداڵەکانمانەوە هەیە، لە داهاتوودا باسیان لێدەکەین. ناشڵێین منداڵەکانمان بە جارێ پەراوێز کراون، بەڵام بەشی زۆری مافەکانیان نەهاتوونەتەدی.. هیوادارم کە بێنەدی.. چونکە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی حکومەتە، کە پێویستییەکانی گەشەکردن و نەشونماکردنی لەش و بیر وهۆشوگۆش و هەست و سۆزی منداڵەکانمان دابین بکات و زەمینەیەکی لەباریان بۆ بڕەخسێنێ بۆ زیاتر گەشەکردنی بەهرە و تواناکانیان و بۆ قۆستنەوە و سوود وەرگرتن لە حەز و ئارەزووەکانیان. لە ساڵی ١٩٢٤دا، لەو بەیاننامەیەی کە لە شاری«جنێڤ - سویسرا» دەرکرا، جەخت لەسەر دابین کردنی ماف و پێویستییەکانی منداڵ و بایەخێکی تایبەتی بە پاراستنی منداڵ دەکات..

بە پێی بڕیاری" ٤٤ ٢٥"کە لە"٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی لەخۆگرتووە دەرچووە، لیستێکی زۆر دوورودرێژی دەربارەی مافەکانی منداڵ دەرکردووە، کە بریتییە لە "٥٤" ماددە، هەندێک لە ماددەکان لە چەند بڕگەیەک پێکهاتوون..باسیش لە جێبەجێکردنی ئەو مافانە و پاراستنی منداڵ دەکات..بە پێی ماددەی" ٤٩" لە ٢ی سێپتەمبەری ١٩٩٠دا ئەو مافانەی منداڵ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.. سەرجەم "١٩١" وڵاتی ئەندام، ئەم گەڵاڵەنامە"ڕێکەوتننامە" یەیان مۆرکرد و، بەڵێنی

پابەندبوونی خۆیان نیشاندا، بە ڕێزگرتن و پاراستن و جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵ.. تەنها وڵاتی «سۆمال»و«وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا»نەبێت، کە تا ئەمڕۆش جاڕنامەی مافەکانی منداڵیان مۆر نەکردووە.. ئەگەر بە درێژی و تەواوی باس لە دەقی هەموو مادده و بڕگەکانی جاڕنامەی مافەکانی منداڵ بکەین زۆری دەوێ.. بۆیە لێرەدا زۆر بە کورتی و چڕی باسی بەشێک لە مافەکانی منداڵ دەکەین، هیوادارم لە دەرفەتێکدا،دەقی هەموو مادده و بڕگەکانی جاڕنامەکەی مافەکانی منداڵ بە کوردی لە نامیلکەیەکدا بڵاوبکەمەوە. هەندێک لە مافەکانی منداڵ:

*یەکەم:* بە پێی جاڕنامەکەی مافەکانی منداڵ، منداڵ هەر مرۆڤێکە کە لە هەژدە ساڵ کەمتر بێت.

*دووەم:* هەموو منداڵێک بەبێ جیاوازی مافی ژیان و خواردن و خواردنەوەی ئاوی پاکی هەیە.

*سێیەم:* نابێت بە هۆی نەتەوە جیاوازی، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، زمان، ئایین، کەم ئەندامی، باری کۆمەڵایەتی، سامان، یان بە هۆی بیروڕای سیاسی باوک و دایک و خێزان، یا بەخێوکەری یاساییەوە، جیاوازی لە نێوان منداڵاندا بکرێ.

*چوارەم:* منداڵ هەرکە لەدایک دەبێت، دەبێ ناوێکی بۆ دابنرێت و ناونووس بکرێت، مافی ئەوەشی هەیە کە ناسنامە"نەتەوەنامە" وەربگرێت..لە سایەی نازی دایک و باوکیدا بەخێوبکرێت.

*پێنجەم:* منداڵان مافی ئەوەیان هەیە، کە بە ئازادی و ئاشتی پێکەوە کۆببنەوە و کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان هەبێت. پێویستیشە ڕاگەیاندنەکان لە خزمەتیاندا بێت و هانی بەرهەمهێنان و چاپکردنی کتێبی منداڵانیش بدرێت.

*شەشەم:* پەروەردە و گەشەکردنی منداڵ، بە هاوبەشی لە ئەستۆی دایک وباوک، یان بەخێوکەری یاسایی دایە. پێویستیشە بەرژەوەندی منداڵەکەیان جێی بایەخی سەرەکییان بێت.

*حەوتەم:* پاراستنی منداڵ لە هەموو توندوتیژی و خراپە و زیانپێگەیاندنی گیانی و هۆش، ناشبێ پەراوێز بکرێت، یا بۆ بەرژەوەندی کەسی تەوزیف بکرێت.

*هەشتەم:* ئەو منداڵەی هەوڵی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی دەدات،بەپێی یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی یا ناوخۆیی کارپێکراو، یان بە پەنابەر وەرگیراوە، ئەو منداڵە بە تەنها بێت یا لەگەڵ دایک و باوکی یان لەگەڵ هەر کەسێکدابێت کە گرتبێتیە خۆی، پێویستە بپارێزرێت و یارمەتی مرۆیی شیاوبدرێت.

*نۆیەم:* منداڵی کەم ئەندامی لەش یان هۆش(هەر وەکو منداڵێکی ئاسایی) مافی ژیانی هەیە.پێویستیشە بارودۆخێکی لەباری بۆ بڕەخسێنرێت و، زامنی ڕێز و شکۆداری و سەروەری بکرێت. ڕابهێنرێت کە پشت بە خۆی ببەستێت و، بشتوانێت بە ئاسانی و کردەوەیی تێکەڵی کۆمەڵ بێت.

*دەیەم:* پێویستە تەندروستی منداڵ بپارێزرێت،ئەگەر نەخۆش کەوت و پێویست بکات، ببرێت بۆ لای پزیشک یا بۆ نەخۆشخانە.مافی چارەسەرکردن و کوتان و داودەرمانی پێویستی هەیە.

*یانزەیەم:* هەموو منداڵێک مافی سوودوەرگرتنی لە مافی زامنی کۆمەڵایەتی هەیە.ئەگەر پێویست بوو، پێویستە مووچەی بدرێتێت، پێوستیشە باری ژیانی خێزانەکەی یا بەخێوکەرەکەی لەبەرچاوبگیرێت.

*دوانزەیەم:* هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە، کە گوزەرانی ژیانی لە ئاستێکی شیاودابێت بۆ ئەوەی لەشی و هۆشی و دەروونی و لە ڕووی مەعنەوی و کومەڵایەتیشەوە گەشەبکەن.

*سیانزەیەم:* هەموو منداڵێک مافی خوێندنی و چوونە قوتابخانەی هەیە..پێویستە خوێندن بە خۆڕایی بێ و خوێندنی بنەڕەتیش بە زۆربێت.. بواری خوێندنیش بۆ هەموو منداڵان بڕەخسێنن.. هەر منداڵێکش دەسکورتی دارایی بوو، پێویستە بە پارە یارمەتی بدرێت..هەوڵیش بدرێت دیاردەی وازهێنان و خۆدزینەوە لە قوتابخانە کەمتربێت.

*چواردەیەم:* پێویستە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ ئاراستەکراوبێت، بە ئاراستەی گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ و بەهرە و توانا عەقلییەکانی تا ئەوپەڕی توانا، گەشەکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و بیروڕاکان.. دەبێت منداڵ بە جۆرێک ئامادەبکرێت، کە لە نێو کۆمەڵێکی ئازاد دا هەست بە ئەرکەکانی خۆی بکات.. بە هەستی لەیەکگەیشتن و ئاشتی و لێبووردن و یەکسانی لە نێوان هەرد و ڕەگەزدا و

هاوڕێتی لە نێوان هەموو گەلاندا پەروەردە بکرێن، هەروەها فێربکرێن کە ڕێز لە ژینگەی سروشتی بگرن.

*پانزەیەم:* لەو وڵاتانەی کە فرەنەتەوەن،نابێت منداڵانی نەتەوەکانی تر لە نەتەوە سەرەکییەکەی ئەو وڵاتە جیابکرێنەوە و بێبەش بکرێن لە کولتوور،یان نەهێڵن ئایین و ڕێوڕەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بگێڕن، یا نەهێڵن کە بە زمانی خۆیان بدوێن.

*شانزەیەم:* هەموو منداڵێک مافی پشوودان و حەوانەوە و یاری کردن و پێکەنین وخەون و خەیاڵ و ئەو چالاکییانەی هەیە، کە لەگەڵ تەمەنیدا دەگونجێن.. بۆی هەیە بە ئەوپەڕی ئازادییەوە بەشداری لە ژیانی ڕۆشنبیری و هونەری بکات.

*حەڤدەیەم:* پێویستە منداڵ لە چەوسانەوە بپارێزرێ و لە پێناوی دەسکەوتی ئابووریدا بەزۆر نەیخنە بن باری ئیشکردنەوە،کە لەوانەیە مەترسیی بۆ هەبێت یا تەنگ بە خوێندنەکەی هەڵبچنێت، یاخۆ زیان بە تەندروستی و گەشەکردنی گیان و هۆش و دەروون وباری کومەڵایەتی بگەیەنێت.

*هەژدەیەم:* پاراستنی منداڵ لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و بازرگانیکردنی نابەجێ بە مادده هۆشبەرەکان، یا هەر ماددەیەک کە کار لە منداڵ بکات.

*نۆزدەیەم:* پاراستنی منداڵ لە هەموو دەستدرێژییەکی سیکسی، یا بەکارهێنانیان لەو بورەدا.

*بیستەم:* قەدەغەکردنی منداڵ ڕفاندن یا فرۆشتن یا بازرگانیکردن پێیانەوە، بە هەر شێوەیەک لەشێوەکان بێت یا بۆ هەر مەبەستێک بێت.

*بیست و یەکەم:* نابێت منداڵ ئەشکەنجە بدرێت یا ڕەفتاری نابەجێی دەرهەق بکرێت، یا سزای قورسی نامرۆیی و کارگرانی بەسەرا بسەپێنرێت، ناشبێ لە سێدارە بدرێت، یا بە بەندکردنی بە درێژایی ژیانی سزابدرێت، لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەیکات.

*بیست و دووەم:* پاراستن و چاودێریی منداڵ لە کاتی شەڕ و ئاژاوەدا.

*بیست و سێیەم:* ئەو منداڵەی کە دەبێتە قوربانی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی پشتگوێخستن و بەدڕەفتاری و ئازار و ئەشکەنجەدان یان هەر جۆرێکی تر لە جۆرەکانی دڵڕەقی و توندوتیژی،هانی کەیببوونەوە و ئاساییکردنەوەی بدرێت کە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ باشبوونەوەی تەندروستی و ئاساییبوونەوەی دەروونی و تا بە خۆشی و ڕێزیشەوە بگەڕێتەوە بۆ نێوماڵەکەیان و، دووبارەش تێکەڵ بە کومەڵەڵەکەی ببێتەوە.

*بیست و چوارەم:* هەموو منداڵێک مافی ئەوی هەیە کە خۆشیان بوێت و بایەخی پێبدەن لە لایەن کەسوکار و خێزانەکەیەوە،یان کەسانێکی تر کە جێی ئەوان دەگرنەوە.

*بیست و پێنجەم:* و هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە، کە بە ئەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکات و ڕێزی ڕایەکانیشی بگرن و لەو بڕیارانەش کە لە ماڵەوە یا لە قوتابخانە یا لە هەرشوێنێکی تردا دەدرێن و پەیوەندیان بە ئەمەوە هەیە، دەبێت منداڵ پەراوێزنەکرێت و بە شێک بێت لە بڕیاردان.

کێسی مافەکانی منداڵانی کوردمان، لە ئەمڕۆ و لە ڕابردووشدا، لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندا، لە ژێر سایەی ڕژێمە ڕەگەزپەرستە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، لە تاوانی بەناهەق بەرانبەر بە منداڵانی کورد هیچ خاڵێکی باشی تێدا بەدیناکرێ. بۆیە بۆتە پەڵەیەکی قێزەوەنی ڕەشی شەرمەزاری بە تەوێڵی ئەو ڕژێمانەوە.. تا ئەمڕۆ نزیکەی پانزە هەزار منداڵی کوردمان لە بەندیخانەکانی تورکیادان، زیاتر لە سێ هەزاریش لە بەندیخانەکانی ئێران و، زیاتریش لەسەد و پەنجا منداڵ لە بەندیخانەکانی سوریادان، کە لە هەژدە ساڵ کەمترن، بەڵکو منداڵی تەمەن یانزە ساڵیشیان تێدا هەیە..زۆر بەبێ ویژدانانە ئەشکەنجە وئازاری جەستەیی و دەروونی دەدرێنن، بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی توانیان بەدەستەوەبێ بۆ بەندکردنیان، تەنها ئەوەیە کە منداڵانی کوردن و تینووی ئازادی و مافە زەوتکراوەکانیانن.. ئەوەی بۆتە مایەی داخ و نیگەرانی بەلای ئێمەوە، ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵان، بە توندی سەرکۆنەی تورکیا و ئێران و سوریایان نەکردووە، دەرهەق بەو تاوان و پێشێلکارییانەی لە مافەکانی منداڵانی کورد کە ڕۆژانە دەکرێن..؟ بێدەنگیش لە ئاست تاوان وستەم.. تاوانە.

١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## ئەدەبی منداڵان.

ئەدەب هونەرێکە وەکو هەریەک لە هونەرەکانی تر. ئەدەبی منداڵانیش بە هونەرێکی ئەدەبی ئاسان دانانرێت، چونکە پێویستیی بە کۆمەڵێک مەرج و بنەمای سەرەکی هەیە. ئەدەبی منداڵانی کوردمان، لە سایەی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی داگیرکەرانی کوردستانمان، وەکو هەموو بوارە هونەرییەکانی تری گەلەکەمان، سەرکوتکراوە و دووچاری لە ناوبردن و جینۆساید کردن بۆتەوە.. تەنها لە باشووری کوردستاندا خەریکە هەناسەی بێتەوە بەر.. منداڵانی کوردمان ئۆخەیان لە تافی منداڵی خۆیان نەکردووە،دەبێ چاوەڕوانی چی لە تورکیا و ئێران و سوریا بکرێت؟ کە تا ئەمڕۆش دەستیان لە کوشتن و گرتن و چەوسانەوەی بە ناڕەوای گەلەکەمان و سوتاندن و وێرانکردنی کوردستان هەڵنەگرتووە.

تا ئەمڕۆ زیاتر لە(حەڤدە هەزار) منداڵی کوردمان لە ژێر تەمەنی هەژدە ساڵییەوە لە زیندانە ترسناکەکانی تورکیا و ئێران و سوریادا بەبێ گوناح ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن و کەس و هیچ لایەنێک نیە کە بەڕاستی داکۆکییان لێبکات، بوونەتە قوربانیی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان. هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سوریا، بە تۆبزی و زۆر، زمان و ئەدەب و کولتوورێکیان بەسەر منداڵانی کوردمان سەپاندووە، کە زۆر نامۆن و دوورن لە زمان و لە فەرهەنگ و لە خواستەکانی گەلەکەمانەوە،وکو ئەوە وایە کە حەزت لە خواردنێک نەبێ و پێتنەکەوێ و بە زۆر دەرخوادت بدەن..

لە سەردمی ڕەشی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕی عێراقدا، لە هەموو قوتابخانەکانی عێراق و لە کوردستانیشدا، بەیانییان پێش ئەوەی دەست بە خوێندن کرێ لە کاتی ڕیزبوونی قوتابییاندا، بە زۆر دەبوایە ئەم درۆشمە ڕەگەز پەرستیانەیان بوتایەتەوە: «شعارنا: امة عربية واحدة - ذات رساله خالدة « و«اهدافنا : وحدة ـ حرية ـ اشتراكية«و «قائدنا : صدام حسين »، لە هەر قوتابخانەیەکیشدا سیخوڕێک یا دووانیان دانابوو.. وای بۆ ئەو منداڵەی کە ئەو دروشمە سەپێنراوانەی نەوتایەتەوە..خۆی و خێزانەکەشیان، دەگرتن و نابینرانەوە.. من خۆم کە ماموستا بووم لە قوتابخانەیەکی گەڕەکی ڕەحیماوای «هەموو کوردنشین»لە شاری کەرکوک، دووجار لە لایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەییەوە"موشرف" ئاگادارکرامەوە، کە ڕاپۆرتیان لەسەرم نووسیبوو، لەسەر ئەوەی کە من «بە زمانی کوردی لەگەڵ قوتابییەکانماندا دەدوێم و ئەو دروشمانەی سەرەوەش بە قوتابییەکان ناڵێمەوە... ».

بەڵام پێش ڕژێمی بەعس، لەتورکیادا، هەر لە کاتی ئەتاتورکەوە تا ئەمڕۆش، لە قوتابخانەکانی باکووری کوردستاندا، لە پۆلی یەکی بنەڕەتییەوە تا دووا پۆلی ئامادەیی، ڕۆژانە لە کاتی ڕیزبوونی بەیانییاندا، بە زۆر دەبێ منداڵانی کورد دەقی ئەم دوو دروشمە ڕەگەزپەرستییە بە زمانی تورکی بڵێنەوە: «من تورکم، دایکم تورکە، باوکم تورکە، نەنکم تورکە، باپیرەم تورکە، بنیادەم هەموو تورکن، بژی جەمهووریەت، بژی... بژی... بژی...» لەگەڵ ئەم دروشمەش: «شاد ئەو کەسەیە کە بڵێ تورکم» بەڵێ تۆرانییە کەمالیزم و شۆڤێنیزمەکان، دەیانەوێ بەم بیرە ڕەگەزپەرستی و بۆگەنانە منداڵانی کوردمان گۆش بکەن و دەماغیان بشۆرن و، هەست و سۆزی کورد و کوردستان پەروەرییان کاڵبکەنەوە.. بە زۆر دەیانەوێ لەسەر بیر و کولتوورێک ڕایانبهێنن کە هەرگیز نە قبوڵی دەکەن و نە پێیان هەرس دەکرێ. هەر منداڵێکی کورد ئەو دوو دروشمە نەڵێتەوە، خۆی و خانەوادەکەشی دەگرن و بە دژایەتی و ناپاکیکرن لە جەمهووریەت تاوانبار دەکرێن.. کەسیش نازانێت کە بە چ ڕۆژەڕەش و چارەنووسێکیان دەبەن..خۆ ژیان وتافی منداڵی و بارودۆخی منداڵانی کوردمان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیشدا لە سایەی ڕژێمی کۆماری لەسێدارەدان و ڕژێمی ئەفلەقیدا لە تورکیا باشتر نین.. ئەم ناهەقی و ستەملێکردنە لە کوردی بێتاوان تاکەی درێژەی دەبێت؟

ئەدەبی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، هونەرێکی تازەیە و تازە پێی گرتووە، ئەگەرچی ڕەگی لە چیرۆک و داستان و ئەفسانە کوردییەکاندا هەیە.. سەرەتای دەستپێکرنی ئەدەبی منداڵانی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵێ هەندێ لە شاعیرە ناودارکانی کوردمان، کە لەپاڵ شیعرنووسین بۆ گەورەکان، بە شیعری ئاسان و ناسکیش منداڵەکانمانیان دڵخۆش کردووە.. لەوانە: پیرەمێرد، زێوەر، موفتی پێنجوێنی، فایق بێ کەس، گۆران، قانع.. بەڵام لە ناوەڕاستی شەستەکان و لە سەرەتای حەفتاکاندا، نەوەیەکی نووسەری تازەی ئەدەبی منداڵان هاتنە کایەوە،کە ویستیان بە شێوەیەکی پسپۆری و تیۆری و پەروەردەیی و زانستی و بەپێی بنەماکانی ئەدەبی منداڵان، بناغەی ئەدەبی منداڵانی کوردی دابرێژن.. چەند بەرهەمێکی باشیان بۆ منداڵان چاپکردووە لەوانە: کاکەی فەللاح، عەلی عەبدوڵڵا شەونم(ع.ع.شەونم)، فەرەیدوون عەلی ئەمین، جەزا عەلی ئەمین، سەبریە نوری قادر(دایکی سۆلاڤ)، عەزیزی مەلا ڕەش، سەبری بۆتانی، هۆشیار حوسێن،... هتد.

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە بوارێکی باشتر و فراوانتر بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان ڕەخسا و تا دێش بەرهەمی باشتر و ڕەنگینتر پێشکەش بە منداڵانی کوردمان دەکرێن و، نووسەری ئەکادیمیش دێنە بوارەکەوە.. بەڵام هێشتا لە ئاستی خواست و لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی گرنگی منداڵنمان لە داهاتووی کوردستاندا

نییە، چونکە کوردیلەکانی ئەمڕۆمان نەوەی داهاتووی کوردستانن. چەند بایەخیان پێبدەین و جوانتر پەروەردە و ڕێنماییان بکەین، ئاکام و داهاتوومان باشتر وگەشتر دەبێت.. بەلای منەوە کەڵە نووسەری ئەم قۆناغەی ئەدەبی منداڵانی کوردمان، شاعیر و نووسەری گەورە و ناسراوی گەلەکەمان ـ لەتیف هەڵمەت ـ ە، هەڵمەت تا ڕادەیەکی باش توانیویێتی لە جیهانی وەنەوشەیی و خەونە سەوزەکانی منداڵانی کورد نزیک ببێتەوە و فێری زمانە سادە و شیرینەکەیان ببێت و بە زمانی ئەوانەوە شیعر و چیرۆکەکانی بنووسێت بۆیان.. بۆیە خۆی و شیعر و چیرۆکەکانیشی خۆشەویستن لای منداڵانی گەلەکەمان.. لەتیف هەڵمەت سەرەڕای ئەوەی بابەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵان و سروشتی جوان و ئەفسووناوی کوردستان هەڵهێنجاندووە، توانیوشێتی سوود لە مێژووی پڕ لە شانازیمان و لە خەبات و قوربانیدانی سەرکردە نەمرەکانمان و،لە داستانە قارەمانییەتییەکان و لە ئەفسانە کوردییەکانمان وەربگرێت. لەتیف هەڵمەت تا ئێستا خاوەنی زۆرترین بەرهەمی چاپکراوە بۆ منداڵانی کوردمان، تا ئێستا (دوانزە) کتێبی شیعر و چیرۆکی بۆ منداڵان چاپکردووە.. بەزمانێکی زۆر شیرین و پاراو و پەتی کوردی، بە وشەی ناسک و ڕستەی ئاسانی بێ گرێوگۆڵ ، نووسینەکانی بۆ منداڵان دادەڕێژێ.. بۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی کراون بە سروود و گۆرانی و بوونەتە وێردی سەر زمانی منداڵانی کوردمان.. هەروەها چەند شاعیر و نووسەرێکی ناسراوی ترمان هەیە کە لە بوارەکانی ئەدەبی منداڵاندا دەنووسن، لەوانە: کازم کۆیی، ساڵح محەمەد کلێسەیی، کەمال بورقای، نوری سەعید قادر، سیمین چایچی و... هتد. ئەمڕۆش لە باشووری کوردستان و لە هەندەراندا، چەندین گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگ بە زمانی کوردی بۆ منداڵان دەردەکرێن، کە لە ڕووی بابەتی و هونەرییەوە بە سوود و سەرکەوتوون، لەوانە: پەپوولە، هەنگ، باوە گوڕگوڕ، کوردیلەکان«کۆمەڵەی منداڵانی کورد - لە نەرویج دەریدەکات»، کەڤر، دنیای منداڵان... هتد..

پێویستە ئێمە هانی منداڵانی کوردمان بدەین و بواریان بۆ بڕەخسێنین، کە خۆیان هەوڵی نووسین بدەن و ببنە نووسەر و بەڕێوەبەرانی ئەدەبی منداڵان.. بێگومان منداڵانی بەهرەمەند و بە توانا و بلیمەتی زۆریشمان هەیە. پێویستە حکومەتی کوردستان، ئاوڕێکی زیاتر لە منداڵانی گەلەکەمان بداتەوە، ڕۆڵی خانەی ڕوشنبیری منداڵان ـ سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چالاکتر بکات..بە پارە یارمەتی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان بدات، تا بتوانن نووسینەکانیان چاپ بکەن.. پێویستیشە هەموو ساڵێک کتێبخانە گشتییەکانی شار و شاروچکەکان و کتێبخانەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دا، بە کتێبی هەمەجۆرەی بەسوود و ڕەنگین بۆ منداڵان دەوڵەمەندیان بکەن. ساڵانەش پێشبڕکێیەک بۆ ئەدەبی منداڵان (شیعر ـ چیرۆک ـ شانۆگەری ـ ڕۆمان) سازبکرێت و براوەکانیش خەڵات بکرێن.. پێویستە خەڵاتی ڕێزلێنان بدرێت بە ئەو نووسەرانەی کە لە

بواری ئەدەبی منداڵاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە و خزمەتیان کردووە ..پێویستە لیژنەیەکی شارەزا لە زمانی کوردی و زمانەکانی بێگانە دابنرێ بۆ گۆڕینی کتێبی هەمەجۆری منداڵان بۆ سەر زمانی کوردیمان.

١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## ئاوڕێک لە ئەدەبی منداڵانی کورد بدەنەوە.

ئەمڕۆ هەموو گەلان و وڵاتانی دنیا، بایەخێکی گرنگ بە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی منداڵەکانیان دەدەن و، بۆ ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر ئامادەیان دەکەن.. چونکە منداڵان بەشێک لە ئەمڕۆ و.. هەموو ئایندەشن.

هەر ئەم منداڵانەی ئەمڕۆمانن، ئەم کوردیلە پاک و چاوگەشانەی ئێستان، گەورە دەبن و پێدەگەن، دەبنە ژنان و پیاوان و، ماڵ و خێزان پێکدەهێنن.. جڵەوی هەموو کاروبارێکی کوردستانی شیرینمان دەگرنەدەست.. دەبنە رابەر و نوێنەر و باڵیۆزی گەلەکەمان.. دەبنە سەرکردە و وەزیر و بەڕێوەبەر و فەرماندە و فەرمانبەر و پەرلەمانتار و بڕیاردەر و بەرپرس و... هتد. خەم و چارەنووسی کورد و کوردستانیان دەکەوێتە ئەستۆیان.

ئەگەر باو باپیرانمان، هەستیان بەو راستییە کردووبێت کە: « فێربوون لە منداڵیدا، وەکو نەخشی سەر بەرد وایە ».. ئەو زانست و زانیارییانەش کە ئەمڕۆ شانازییان پێوە دکەین، بەر و بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی ئەوانە.

منداڵانی ئەمڕۆمان، لە منداڵانی دوێنێمان، جیاوازتر و بەختەوەرترن، ژیر و دانا و چاوکراوە و زۆرزانترن.. تەکنۆلۆژیای تازە و داهێنانی بابەتی سەیر و سەمەرە، بە هەزاران بابەتی گەشەکردن و خەیاڵ فراوانکردن و پێشکەوتنیان خستۆتە خزمەتی منداڵانەوە.. منداڵانی ئەمڕۆمان، نەوەی تەلەفزیۆن و سینەمای رەنگاوڕەنگ و ئینتەرنێت و پلەی ستێشن و... هتد.بە سەتان کتێبی هەمەجۆرەی وێنەداری رەنگاوڕەنگی بەرگ رازاوەی سەرنج راکێشیان لە بەردەست دایە، چەندین گۆڤاری مانگانەی قەشەنگ و بابەتخۆشیان بۆ دەردەچێت.. لە قوتابخانەکانیشدا مامۆستایانی زانا و دانا و شارەزا و پسپۆڕ، پەروەردەیان دەکەن و، فێری خوێندنەوە و زانست و

زانیاری نوێیان دەکەن.. ئەو پەندە کوردییەمان لە شوێنی خۆی دایە: «جووچکەکەی ئەمساڵ، جووچکەکە پار فێرە جووکە جووک دەکات»

پێویستە بە ئەو پەڕی توانامانەوە، بوار و هەلومەرجی لەباری زیاتر و زیاتریش بۆ منداڵانی کورد بڕەخسێنین.. بە زانست و زنیاری و رۆشنبیری پڕچەکیان بکەین.. چونکە ئەمڕۆ، رۆشنبیری و زانست و دانایی و بلیمەتی، بوونەتە چەکی ستراتیژی جیهان.. زانست و زانیاری و هۆشیاری، رۆڵێکی گرنگیان لە جەنگی سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی و، لە جەنگی بە دەستهێنان و لەدەس دان و، بردنەوە و دۆڕاندندا هەیە.. فێربوون و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی راست و دروستی منداڵانمان لە ئەمڕۆدا.. دەبنە سەرمایە و ژێرخانی گەشەکردن و پێشکەوتن و تازەگەری و داهێنان.

جیهانی منداڵان، جیهانێکی پاک و بێگەردە، جیهانی راستگۆی و بێ فڕوفێڵە، بێ رق و کینە و بوغزە.. جیهانێکی سادە و ساکاری پڕ لە خۆشەویستی و رێزە، پڕ لە خەونی وەنەوشەیی و هیوای سەوزە.. منداڵان درۆ و رق و شەڕ نازانن.. هەموو ئەو شتە ناهەموارانەی کە فێریان دەبن، لە گەورەکانەوە فێریان دەبن.. کورد وتەنی: «گەورە ئاو دەڕێژێ و، منداڵ پێی تێ دەخشێنێ».. بۆ نموونە باوکێک، لە بەردەم منداڵەکەیدا مەی بخواتەوە و جگەرە بکێشی و، بە گژی ماڵ و منداڵەکانیدا بچێت و جوێنی ناشیرین بدا، ئەم باوکە بە چ روویەکەوە، بە منداڵەکەی دەڵێت، مەی خواردنەوە و جگەرەکێشان خراپ و زیانبەخشن، جوین دان ناشیرینە، شەڕ خراپە؟

پێویستە منداڵەکامان، لە سەر بنەمای خۆشەویستی و رێزگرتن و پێکەوە ژیان و سازان و یەکسانی و یەکتری قبووڵکردن و تەبایی و خوشک و برایەتی و راستگۆیی و رووحی یارمەتیدان و هاوکاری و چاکەخوازی و ئاشتیخوازی و رەواناسی و نیشتمانپەروەری و بەزەیی و مرۆڤایەتی و... هتد. پەروەردە و ئاراستە بکەین.. نەک وەکو ئەو پەروەردە سەقەت و زیانبەخشەی، کە رژێمەکانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق پەیڕەوییان دەکرد و دەکەن.. کە بە بیری نەژادپەرستی و خۆبەزیاترزانین و تایفەگەری و، دان نەنان بە ناسنامە و کولتوور و مافی یەکسانی گەلانی تر، ئەوان بە رق و کینە و دوژمنایەتی و شەڕخوازی و دڵڕەقی و کوشتن و بڕین، منداڵەکانیان گۆشکردووە و دەکەن.. بەو هزرە بۆگەنانە دڵی منداڵەکانیان کرمێ و بۆگەن دەکەن.. دەبینین کە چۆن ئەنجامی ئەو پەروەردە سەقەتە و ئاراستە چەوتە، لە ژیانی تاک و بە کۆمەڵی نەتەوەکانی ئەو وڵاتانەدا رەنگیان داوەتەوە.. ئەمڕۆ گەلی کورد و ئەو گەلانەش باجی ئەو پەروەردە و ئارستە سەقەتەیە دەیدەنەوە..تاوانی ئەو

رژێمانەیە ئەم گەلانەی کردووە بە دوژمنی سەرسەختی یەکتری و، ئارامی و خۆشی و ژیانیان لێ تاڵ کردوون.

دەبا لە پێناوی بە دەستهێنانی ئازادی و مافە رەواکانمان و، لە پێناوی داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان.. لە پێناوی کوردیلەکانی ئەمڕۆمان کە نەوەی داتووی کوردستانن.. هەریکە لە ئێمە ببینە مۆمێکی داگیرساوی گەش و رێی سەرکەوتن بۆ منداڵەکانمان رووناک بکەینەوە.. چونکە ئەمانن کە خواست و هیواکانمان دێننەدی.. دەبێ بە تەواوی و راستی و دروستی منداڵەکامان پەروەردە بکەین، کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت و دەربەرن و لە ئاستی هێنانەدی ئەرکەکانیان و هێنانەدیی ئەو ئامانجانەدا بن.

نووسین بۆ منداڵان، بە هەموو لقەکانییەوە، هونەرە و پێویستی بە بەهرە و داهێنان هەیە.. نووسەریش هونەرمەندە، هونەرەکەشی پێوەری ئاستی توانای هونەرییەتی.

نووسەری باش و بە توانای منداڵان، پێویستە کۆمەڵێک مەرجی سەرکەوتنی تێدابێ.. لەوانە: رۆشنبیرێکی دەوڵەمەند بێ لە بواری زانستی و زانیاری هەمەچەشنە و کۆمەڵایەتی و مرۆڤیەتیدا، شارەزای رێزمانی زمانی گەلەکەی بێت، توانای ئەوەی هەبێ کە نووسینەکانی بۆ منداڵان بە زمانێکی سادە و ساکار و بێ گرێ و گۆڵ داڕێژێ.. ئەوەش بزانێ کە هەر قۆناخێکی منداڵی، وشە و زاراوە و زمانی گونجاوی خۆی هەیە.. نووسەری منداڵان پێویستە لە بواری پەروەردە و دەروونناسی منداڵ و حەز و ئارەزووی منداڵان نابەڵەد نەبێ.. ئەگەر هۆنراوەنووس بێ، پێویستە هۆنراوەکانی بۆ منداڵان بە شێوەیەکی ئاسک و بە زمانێکی رەوانی پەتی و بێ گرێ و بێ گیربوون لەسەر زمان بهۆنێتەوە..کێش و سەرواى هۆنراوەکانی لەنگ و لاواز نەبن و منداڵان چێژیان لێ وەربگرن.. بە ئاسانیش بکرێن بە سروود و گۆرانی.. نووسەری سەرکەوتووی منداڵان دەبێت هەوڵی داهێنان و نوێخوازی بدات، ئەو هۆنراوە، چیرۆک، ڕومان، ئۆپەرێت، شانۆگەری، پەخشانانەی دەینووسێت، پێویستە لەگەڵ ئەم سەردەمە و ئاست و هزر و خەیاڵی منداڵاندا بگونجێن.

ئەمڕۆ ئەدەبی منداڵان، ئەدەبێکی رێنمای و زانستی رووت و وشک نییە، کە تەنها مەبەست ئەوەبێت کۆمەڵێک ئامۆژگاری بپەستینە مێشکی منداڵانەوە.. ئەدەبی ئەمڕۆ ئەدەبێکی بنیاتنان و پەروەردەیی و ئامادەکردنی منداڵانە بۆ داهاتوویەکی باشتر و ژیانێکی خۆشتر..لە پاڵیشیدا کۆمەڵێک ئامانج و خواستی تر دێنەدی..ئامانجی گەشەکردنی رۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هاودەمبوونی شارستانی و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان و

بڕوابەخۆبوون و توانای گوزارشتکردن لە را و هەست و سۆزیان... هتد. هەر نووسینێک کە بۆ منداڵان بنووسرێت، گەر هەست و سۆزی منداڵان نەجۆشێنێ، چێژی نابێت و زوو کاڵ دەبێتەوە.

***ئایا ئەدەبی منداڵانی کورد، لە ئاستی پێویستی و خواستەکانی ئەم سەردەمەماندان؟***

بێگومان نەخێر، زۆر لە دواوەوەین، بە جدی و پراکتیکی ئاوڕمان لێ نەداوەتەوە، بە تەواوی رۆڵی گرنگی منداڵانمان، لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەماندا لە بەرچاو نەگرتووە.. هێندەی بایەخ بە بنیاتنانی کۆشک و تەلاری رازاوە دەدەین.. زۆر کەمتر بایەخ بە پەروەردەکردن و رێنمایی و بنیاتنانی منداڵانی ئەمڕۆی نەوەی داهاتوومان دەدەین.. ئەو هەوڵانەش تا ئێستا بۆ گەشەکردن و پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد دراوە، بێ بەرنامە و کەم و لاوازن.. توینێتی حەز و ئارەزووەکانی منداڵانی کورد ناشکێنن.. من بەراوردی ئەدەبی منداڵانی کورد، لەگەڵ ئەدەبی منداڵانی گەلانی ئازادبووی خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیان ناکەم.. چونکە تا ئەمڕۆش زۆربەی خاکی کوردستانی پیرۆز و شیرینمان، کۆڵۆنییەی چەند دەوڵەتێکی رەگەزپەرست و ستەمکار و خوێنرێژن و، دان بە ناسنامەی نەتەوەییماندا نانێن و هەوڵی فڕکردن و لە ناوبردنمان دەدەن.. بێگومان لە سایەی رژێمەکانی ئەم وڵاتە دڕندە نەژادپەرستانەدا، نەک تەنها ئەدەبی منداڵان، بەڵکو تیغ نراوەتە گەردنی منداڵەکانمان و، سەرجەم رۆڵەکانی گەلی ئازادیخوازی کورد.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەرگیز کۆڵمان نەداوە و کۆڵیش نادەین، تا ئەو کاتەی دوابستی کوردستان لە داگیرکەران رزگار دەکەین و ئازادی بەدەست دەهێنین.. بێوچان بە هەموو شێوەیەک خەبات دەکەین و گیانفیدای سەرسەختی ئەم رێباز و هیوا و ئامانجە پیرۆزەین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ئەدەبی منداڵانی کوردە لە باشووری کوردستاندا. لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) کەوە، بە تایبەتیش لە دوای پرۆسەی رزگاربوونی عێراق لە دەسەڵات بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) دا وا حەوت ساڵ زیاترە.. کورد لە بەشێکی ئەم بەشەی کوردستاندا دەسەڵاتدارە و، بوودجەی دیاریکراوی خۆی هەیە.. دەبوایە زۆر بایەخیان بە منداڵانمان و ئەدەبی منداڵان و پەروەردەکرنی منداڵانی کورد بدایە، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی هیوای بۆ دەخوازین کە لە داهاتوودا بێنەدی، دەبێت لە شێوازی پەروەردەیەکی نوێ لە منداڵەکانمانەوە دەست پێ بکەین، بە تەنها گۆڕینی سستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکرن بەس نین، بەڵکو دەبێت منداڵان بە پەروەردەیەکی

دروستی سەردەمییانە، بۆ داهاتوو رابهێنرێن و ئامادەبکرین.. ئەم ئەرکە پێویست و پیرۆز و هەستیارەش، پێویستی بە نەخشەرێگایەکی پەروەردەیی تۆکمەی داڕێژراو هەیە ، کە دەبێت لە لایەن شارەزا و پسپۆرانی بواری پەروەردە و دەروونناسی منداڵان و زمانەوانی و نووسەران و مامۆستایان و حکومەتەوە، بە هاوکاری هەموو لایەک ئامادە بکرێت.. دەکرێش بۆ ئەم مەبەستە سوود لە ئەزموونی گەلانی پێشکەتوو وەربگرین، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی کولتوور و داب و نەریتە جوانەکانی گەلەکەمان.

راستە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک کتێبی کوردی ی بابەت هەمەجۆرەی رەنگاورەنگ بۆ منداڵان چاپکراون، چەند گۆڤارێکی رەنگین و قەشەنگی ئاست باشی مانگانە و وەرزیش بۆ منداڵان دەردەچن.. بەڵام ژمارەیان زۆر کەمن و، ئەوانەشی دەردەکرێن لەبەر کەمی ژمارەی چاپکردنیان یا لەبەر نرخ گرانییان، بە دەستی بەشێکی کەمی منداڵانی کورد دەگەن.

لە مانگی رابردوودا، سەردانی بەشی منداڵانم کرد، لە کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک و سلێمانی و هەولێر..لە هەرسێ کتێبخانەکەدا، بەشی منداڵانم زۆر بە هەژاری و بێ ناز هاتنە بەرچاو.. بە تایبەتیش بەشی منداڵان لە کتێبخانەی شاری کەرکوکی کوردستانیدا، کە سووچێکی تەسکی کتێبخانەکە، بەشی منداڵانیان لێناوە، ژمارەی کتێبە کوردییەکانی ئەم بەشە بۆ منداڵان، لە ژمارەی پەنجەکانی دەستمان کەمترن، هیچ سیمایەکی سەرنج راکێشیش بۆ منداڵان بەو بەشەوە بەرچاوناکەوێت.. بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک خاتوو ( شادیە بەکر محەمەد) گلەیی لەوە بوو کە کتێبی منداڵانیان بۆ ناکڕن و، وەکو پێویست ئاوڕ لە کتێبخانەکەیان نەدراوەتەوە. بەشی منداڵان لە کتێبخانەی هەولێر و سلێمانی تا رادەیەک باشترن.. بە تایبەتیش بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانیدا، کە لە هۆڵێکی گەورەی تایبەتیدایە، ئەگەرچی ژمارەی کتێبەکانیان کەمە، بەڵام زۆر جوان رازاندوویانەتەوە، کە جێی دەست و پەنجە و خۆماندووکردنی بەرپرسی ئەم بەشە خاتوو (گوڵستان سەعید محەمەد)ی پێوە دیارە، بەڕێزیشیان ئەوەی وت، هێشتا بەشەکەیان لە ئاستی تمووحاتی ئەواندا نییە، داواشی لە نووسەران و هەموو خەمخۆرانی منداڵانی کورد کرد، لە کوردستان بن یا لە دەرەوە، بە کتێبی هەمەجۆرەی منداڵان، بە کوردی یا هەر زمانێکی بیانی بێت، کتێب و گۆڤاری منداڵان پێشکەش بە بەشەکەیان بکەن.

دەبوایە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، بە سەتان کتێبی بابەت هەمەڕەنگەی کوردی، بۆ هەموو قۆناخەکانی منداڵی چاپ بکردایە، لەم هەل و مەرجەدا کۆمەڵێکی بە توانا و بەرهەم رەنگینی نووسەری منداڵامان (هۆنراوە

نووس، چیرۆکنووس، ئۆپەرێت و شاۆنووس، ڕۆماننوس، پەخشاننووس)مان لێ هەڵبکەوتایە و ببوونایەتە پسپۆری بواری ئەدەبی منداڵانی کورد.. هەندێکیش لە نووسەران، ئەگەر تواناشیان لە بارەی نووسین بۆ منداڵان هەبێت.. ڕەنگە لێکدانەوەیەکی هەڵەیان هەبێت ، گوایە بواری نووسین بۆ منداڵان، دەرکەوتن و ناوبانگیان پێ نابەخشێت.. بەڵام بۆ نموونە کەڵە نووسەری جیهانی (هانس ئەندەرسن کریستیان)ی دانمارکی، بە هۆی نووسینەکانی بۆ منداڵان ناوبانگی لە هەموو جیهاندا دەرکرد.. ئەو چیرۆکانەی کە (١٧٦) ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەفسانەکانەوە بۆ منداڵان وەری گرتوون ، بە زۆری کراون بە فیلم و فیلمی کارتون، گۆڕیویانن بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان و، بوونە بە مایەی ڕێز و شانازی بۆ هانس و بۆ دانمارک.

بۆ ئاوڕدانەوە و برەودان بە ئەدەبی منداڵانی کورد، سەرنج و ڕا و پێشنیارەکانم لەم (دە) خاڵەدا چڕدەکەمەوە، هیوادارم لایەنە پەیوەندی دارەکان ڕەچاویان بکەن:

*یەکەم:* بە پارە یارمەتی نووسەری منداڵان بدرێت، بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان.. چونکە کتێبی منداڵان پێویستی بە وێنە و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ و دیزایینی قەشەنگی بەرگی یەکەم هەیە، ئەمەش پارەی دەوێت.. دەبێت نرخێ فرۆشتنی کتێبەکانیش گران نەبن.

*دووەم:* پێویستە حکومەت دەزگایەکی چاپکردنی تایبەتی بۆ کتێب و گۆڤارەکانی منداڵان دابنێت.. وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان، خەمی دامەزرندنی ئەم دەزگایە بخوات.

*سێیەم:* چالاکردنی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری منداڵان، کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستانە.. چونکە چالاکییەکانیان لە ئاستی پێویستییەکانی منداڵانی کوردستاندا نین.

*چوارەم:* دانانی لیژنەیەکی باڵای پسپۆر بە ئەدەبی منداڵان، ڕێ بە چاپکردنی ئەو کتێب و گۆڤارانە نەدەن ، کە کاڵوکرچن و هەڵەی زمانەوانیان تێدایە و بیرۆکەکانیان زیانبەخشن.

*پێنجەم:* بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری پارێزگاکانی کوردستان، بە کەرکوک و خانەقین و شوێنە داگیرکراوەکانی تریشمانەوە.. بودجەیەک بۆ کڕینی کتێبی منداڵان دابنێن و، ساڵانە کتێبی تازەی منداڵان بکرن و، بەسەر کتێبخانە گشتییەکانی شار و شاروچکەکان و، کتێبخانەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دابەشیان بکەن.

*شەشەم:* هاندانی نووسینی منداڵان خۆیان، ساڵانە چەندین منداڵی نووسەری بەهرەمەند لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانەوە، خەڵاتی شایستەیان پێشکەش بکەن.

*حەوتەم:* ساڵانە، وەزارەتی رۆشنبیری كوردستان، چەند نووسەر و هونەرمەندێكی بواری ئەدەب و هونەری منداڵان و دەرهێنەری شانۆی منداڵان و ئامادەكەر و پێشكەشكەری بەرنامە و ماوەی منداڵان لە تەلەفزۆن و رادیۆكانی كوردستان، خەڵاتی شایستەیان پێ ببەخشن.. من بزانم، تا ئیستا (خەڵاتی ساڵانەی ئیبراهیم ئەحمەد) پێشكەش بە دوو كەڵەنووسەری بواری ئەدەبی منداڵانی كورد كراوە، ئەوانیش مامۆستا (ع ع شەونم ـ عەلی عەبدوڵڵا شەونم) و (لەتیف هەڵمەت)ە.. دەستخۆشی لە لیژنەی سەرپەرشتی ئەو خەڵاتە دەكەین.

*هەشتەم:* بایەخێكی زیاتر بە نووسینی ڕۆمان و شانۆگەری و ئۆپەرێتی منداڵان بدرێت.

*نۆیەم:* پێویستە كەناڵەكانی تەلەفزیۆنەكانی كوردستان، كۆمەڵێك فیلمی تازەی كارتۆن و فیلمی تازەی سینەمایی سوودبەخش بۆ منداڵان، بە كوردی دۆبلاجیان بكەن.

دەیەم: پێویستە لە لایەن لیژنەیەكی شارەزای زمانەوان و ئەدەبی منداڵان، سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری كوردستان. ساڵانە كۆمەڵێك كتێبی چاپكراوی كوری بۆمنداڵان، بگۆڕن بۆ زمانەكانی گەلانی تر.. بە پێچەوانەشەوە كۆمەڵێك كتێبی منداڵان لە زمانەكانی گەلانی ترەوە بگۆڕن بۆ زمانی كوردی.

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## پێویستە مافەكانی منداڵەكانمان جێبەجێ بكرێن.

منداڵەكانمان خۆشەویستن و لەبەر دڵانن.. جگەرگۆشە و گلێنەی چاومانن.. منداڵەكانمان، پەپوولەن، گوڵن، چران، بۆ داهاتووی گەلەكەمان ئومێد و هیوان خەمڕەوێنن، مایەی خۆشی و شادیمانن.. كام ئاواز و گۆرانی و سەدا و ساز، وەكو تریقەی پێكەنین و گاڵوهۆڕ و زاق و زیقی منداڵان هێندە خۆش و بەچێژن؟ یان كام هەڵپەڕكێ و سەما و خۆبادان، وەكو دارەدارە و لەنجەولار و گۆزان گۆزانی منداڵان هەست و نەستمان دەبزوێنن و دەروونمان دێننە جۆش و خرۆش؟ ئەی كام وڕك و نازونوز و قەستینەگریان بەقەی نازی منداڵان خۆش و شیرینن؟

منداڵان تۆی ژیانن كە شین دەبن و گەشەدەكەن و گەورەدەبن، تا زیاتر خزمەتی ئەم شەتڵ و دەوەنانە بكەین باشتر دەڕوێن و بەر و بەرهەم و سوودیشیان باشتر و زۆرتر دەبێت. كوردیلەكانی ئەمڕۆمان نەوەی داهاتووی

کوردستانن..هەر ئەمانن کە سبەی دەبنە کەڵە پیاو و شێرەژن و شۆڕەسواری مەیدانی کوردایەتی و مەردایەتی..دەبنە سەرکردە و ڕابەر و کاربەدەست و حوکمڕانانی کوردستان..بە کۆشش و مەچەک و بازووی ئەمان ئامانج و هیوا و خەون و خۆزگەکانی ئەمڕۆمان دێنەدی.. هەر لە سایەی ڕەنج و تێکۆشانی ئەمان داهاتوویەکی گەشتر و ژیانێکی شیاوتر و خۆشتر بۆ کورد و کوردستان دێنەدی..هەر ئەمانن کە دەبنە کۆڵەکەی کوردستان و داکۆکیکەرانی سەرسەخت و، دوا بستی خاکی پیرۆزمان لە داگیرکەران ڕزگاردەکەن و جاڕی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان دەدەن.

منداڵەکانمان گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن،کە لە سامانی نەوت و زێڕیش گرنگتر و بەنرخترن..ئەگەر بە هیوای ژیانێکی خۆشتر و داهاتوویەکی گەشتر بین..ئەگەر ئاواتەخواز و نیازخوازی گۆڕانکاری و نوێخوازی و گەشەکردن و پێشکەوتن و شارستانییەتێکی شایستەتر و بالاتر و لەبارتر بین..پێویستە بەڕاستی و دروستی دەست بە پەروەردەکردن و ڕێنمایی کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان بکەین..هەر لە ئەمڕۆوە لە خەمی داهاتوومانداا بین..لە ئەمڕۆوە بە خۆماندا بچینەوە و نەخشە و هەنگاوەکانمان بەرەو گوڕانی ئایندەمان دەستنیشان و جێبەجێ بکەین..پێویستە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی قۆناخەکانی پەروەردە و خوێندن لە سەرەوە دابڕێژین، تێرو تەسەلتر و دەوڵەمەنتر و ڕەنگینتریان بکەین، بە ڕادەیەک کە لە ئاستی هێنانەدی خواست و هیواکانمان بن..کەواتە گۆڕان و گۆڕانکاری.. لە پەروەردەکردنی کوردیلەکانی ئەمڕۆمانەوە دەست پێدەکات.تا زیاتر ئاوڕیان لێبدەینەوە، تا زیاتر خەمخۆریان بین، تا زیاتریش هۆیەکانی نەشونما و گەشەکردنیان بۆ دابین بکەین و هەل و مەرجی پێشکەوتنیان بۆ بڕەخسێنین..زیاتر دڵنیاو و گەشبینی ئایندەی گەلەکەمان دەبین.بێگومان گوڵزاری گوڵگەش و جوان لە سایەی خزمەتی بێ پەروا و ماندووبوونی باخچەوانی دڵسۆزدا دێتە بەرهەم..بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە دایک و باوک و خێزانی ڕۆشنبیر و وریا هەیە، پێویستیمان بە پێگەیاندن و ڕاهێنانی ماموستایانی لێهاتوو و شارەزای بواری پەروەردەی منداڵان هەیە..پێویستە ئەم ئەرکە پیرۆزەش بە کەسانێکی پسپۆر و شارەزای بواری پەروەردە و دەروناسانی منداڵان بسپێرین..

بە داخەوە لە بەر هۆی کەمی ژمارەی مامۆستایان لە باشووری کوردستاندا، کۆمەڵێک فەرمانبەر، بە تایبەتیش لە ژناندا ، خوولی ڕاهێنانی خیرای چەند هەفتەییەکیان بۆ کردوونەتەوە و کردوویانن بە مامۆستا، کە زۆربەیان زۆر نابەڵەدن و کۆڵەوارن لە بواری پەروەردە و دەروونناسیی منداڵان و ڕێباز و شێوە و هونەری فێرکردن و وانە وتنەوە، هەندێکیان تەنها بۆ تەمەڵی و ئیسراحەت بوونە بە مامۆستا، بە لای ئەوانەوە کە پەروەردە و فێرکردن

کارێکی ئاسان و سادە و هەڕەمەکییە..بێگومان زیانی ئاست نزمی و نە شارەزایی ئەم مامۆستایانە لە ئاستی پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵاندا ڕەنگیان داوەتەوە ، بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێیانی هاوپۆلیاندا، بە زەقی ئاست نزمیان پێوە دیارە. خێزان وەکو یەکەمین بناغەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، وەکو یەکەمین ژینگەی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە پەروەردەکردن و لەسەر کەسایەتی و ژیان و هەڵسوکەوتی داهاتووی منداڵان ..ئەو خێزانانەی کە لە ماڵەوە ناتەبا و ناکۆکن و شەڕ و ئاژاوە و بشێوێنیان تێدایە،یان بە توند و تیژی وگرژی و لێدان و دڵڕەقییەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن.. گوێ لە خواست و بیر و بۆچوونەکانیان ناگرن و، سەرکوتی حەز و ئارەزووەکانیان دەکەن.لە سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی و ئاسوودەیی بێ بەشیان دەکەن.. یان جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچەکانیاندا دەکەن..یان ناچاری ئەرک و کارێکیان دەکەن کە لە توانایاندا نییە یا حەزییان لێ نییە.

هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی نەگەتیڤیان لە ژیانی ئایندەی منداڵ دەبێت، کەسایەتی و تاکێکی سەقەت و نادروستی کۆمەڵایەتییان لێ دروست دەبێت..دەبنە کەسانێکی شەڕانیگێز و جوێندەر وکەلەڕەق و توندڕە و لاسار و چەقاوەسوو و سەرپێچیکەر و زیاندەر..ڕاستکردنەوە و ئاسییکردنەوەیان زۆر ئاسان نابێت. قوتابخانەش وەکو ماڵی دووەم و ژینگەیەکی فراوانتر و، جیهانێکی بەرینتر و جیاوازتر لە ماڵەوە، تێکەڵبوون و ئاشنابوون لەگەڵ مامۆستایان و کۆمەڵێک منداڵانی جیاواز لەپەروردە و خو و ڕەوشت و هەڵسوکەوت..وەکو مەڵبەند و مەیدانێکی سەرەکی بۆ پەروەردەکردن و فێرکردن..وەکو شوێنێکی ڕەخساو بۆ گەشەکردن و برەودان بە ئارەزوو و حەزەکانیان..بۆ هێنانەی خەونە سەوزەکانیان..بۆ دەربڕینی توانا و بەهرەکانیان..بۆ مەست بوونیان لە یاری و پێکەنین و خۆشی..بۆ هاوڕێ گرتن و بە کۆمەڵ یاری و کارکرن..بۆ..هتد. ڕۆڵی سەرەکیش لە زەمینە خۆشکردن بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانە دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستاکان. چونکە منداڵ مامۆستا بە نموونەیی و پێشڕەو دەزانێت.مامۆستای بلیمەت و داناش دەزانێت کە چۆن ئەرک و پەیامە پیرۆزەکەی جێبەجێ دەکات و،چۆن ڕەفتار لەگەڵ منداڵاندا دەکات ئەوەش دەزانێ کە ئەرکی مامۆستا تەنها فێرکردن نییە..بەڵکو پەروردەکردن و ڕاهێنان و ئامادەکردنێتی بۆ ژیانێکی خۆشتر و ئایندەیەکی باشتر.. ئایندەش لە ئەمڕۆ با شتر دەبێت. پێویستیشە سانسۆر بخرێتە سەر ماوەی بەرنامەکانی منداڵان لە کەناڵە تەلفزیۆنییەکان و ئەو فلیم و سیدییانەی بۆ منداڵان پێشاندەدرێن یا لە بازاڕەکاندا کۆپی کراون و دەفرۆشرێن. چونکە بەشێکی زۆری ئەو فلیم و سیدییانە، لە ژێر پەردەی شادی و خۆشی بەخشین بە منداڵان،هەڵگری بیرو بیرۆکە و ئامانجێکی زیانبەخشن..چونکە منداڵان حەز بە لاسایی پاڵەوان و ئەکتەرەکانی ئەو فلیمانە دەکەنەوە..لێیانەوە فێری شەڕ و توند و تیژی و لە خۆبایی بوون و

سەرکێشی و کار و خەیاڵی لە توانابەدەر و بیری پڕوپوچ دەبن..

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە حکومەتی کوردستان کەناڵێکی ئاسمانی تایبەتت بۆ منداڵانی کوردمان بکاتەوە، ئەم کەناڵەش لەژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی لیژنەیەکی پسپۆر و شارەزا، لە بواری پەروەردەکردن و دەروونناسیی و دەرهێنان بۆ منداڵان بەڕێوەببرێت. ئەگەر ئەم پێشنیار و خەونەمان هاتەی..هیوادارم ئەم کەناڵە ناوی« کوردیلەکان»ی لێبنرێت..خۆ ئەگەر نێت و ئارەزوو هەبێت، بڕیاردان و جێبەجێکردن زۆر گران نییە. داواش لەحکومەتی کوردستان دەکەین،کە ئەو ڕاستیانە لەبەرچاو بگرن و، ئاوڕێکی جدی لە منداڵەکانمان بدەنەوە و، چۆن لە منداڵەکانی خۆیان دەڕوانن، پێویستە هە بەو چاوەشەوە ئاوڕ لە منداڵانی خێزانە هەژار و ڕەش و ڕووتەکانی گەلەکەمان بدەنەوە، ئەمەش منەتی ناوی و خێرپێکردن نییە،چونکە ئەوانیش ڕۆڵەی کوردن و بەشیان لە خێر و بێرو سامانی کوردستاندا هەیە.. یەکێک لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵان ئەمەیە: «پێویستە لەسەر حکومەت هاوکاری مادی ئەو منداڵانە بکات کە ئاستی بژێوی خێزانەکانیان نزمە« کەواتە پێویستە لەسەرحکومەتی کوردستان، هەموو پێویستییەکانی منداڵەکانمان دابین بکا لە دایک بوونەوە تا دەگەنە سەرووی هەژدە ساڵان..پێویستیشە هەموو مافە ڕەواکانی منداڵە چاوگەشەکانمان بەرجەستە وجێبەجێ بکرێن.

هەروەها دەبێ حکومەت یارمەتی و هاوکاری منداڵپارێزی کوردستان و هەموو ئەو ڕێکخراوە مەدەنییانە بکات، کە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان دەکەن و چاودێری جێبەجێکردنیان دەکەن. ئەوەی جێی نیگەرانی و داخە بە لای ئێمەوە ئەوەیە، کە تا ئێستاش بەشی هەرە زۆری منداڵانی کوردمان نازانن کە مافەکانیان چییە ؟ یا ئەگەر مافەکانیان پێشێل بکرێن نازانن کە چی بکەن و پەیوەندی بە کێوە و بە چ لایەنێکەوە بکەن ؟ بەچی ڕێگا و هۆیەکەوە پەیوەندی بکەن..؟ تا ئێستاش زۆربەیان ئاشنای منداڵپارێزی کوردستان نەبوونە، ناو و ئەدرێس و کاری ئەو ڕێکخراوە مەدەنییانەش نازانن کە داکۆکی لەمافەکانیان دەکەن..ئەم کەمتەرخەمییەش شانی هەموومان دەگرێتەوە، بە تایبەتیش کەرتی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەو ڕێکخراوانەش کە بە زۆری بە ناو هەن و ناوکیان نییە..

دیمەنێکی ڕاستی پێشێلکردنی مافی منداڵان لە شاری کەرکوک زۆر سوێی خستە دڵمەوە.. ئەگەرچی من لە سەرتاوە گوێم لەو ڕوداوە نەبوو، بەڵام هەموو ئەوانەی کە سەیری بەرنامەی" زووم ئین" یان کردووبێ ئەو دیمەنە دڵتەزێنەیان بینیوە..ئەوەبوو لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو«٢٠١٠/٩/٢٣» لە بەرنامەی«زووم ئین» لە

«کوردستان تی ڤی» کوڕێکی منداڵی کوردی دایک مردووی تەمەن دوانزە ساڵان پێشان درا ،کە چۆن باوکە دڵڕەق و بێویژدانەکەی لەسەر ئەوەی داوای لێ کردبوو کە دەبێت بچێ کار بکات و منداڵەکەش وتبووی ناتوانم، باوکی بە زنجیرێکی ئەستووری قوفڵ لێدراو لە ژوورێکدا خراپتر لە ئاژەڵ ئاسایی بەستوویەوە و هەڕەشەی ئەوەشی لێکردبوو کە ئێوارە بگەڕێتەوە دەیکوژێت دراوسێکان بە دەنگی هاوارییەوە چووبوون و تێریان کردبوو و پۆلیسیان ئاگادار کردبۆوە. پۆلیس قوفڵەکەی کردەوە.. ئەگەر ئەم دیمەنە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوادا ڕووی بدایە نەک هەر پۆلییس، بەڵکو بە دەیان ڕێکخراو و لایەن لەسەری دەهاتنە وەڵام و داکۆکییان لێدەکرد، دەبوو بە مانشێتی چەندەها ڕۆژنامە و گۆڤار ، باوکی ئەوهاش بە پێی یاسا سزادەدرا و منداڵەکەشی دەبوو بە منداڵی حکومەت.ئەوی لە کەرکوک ڕوویدا پێشێلکردنێکی زەقی مافی منداڵانە..

هەر وەکو لە بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی منداڵاندا هاتووە، کە لە ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە دەڵێ: منداڵ مافی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی هەیە،مافی چوونە قوتابخانەی هەیە، مافی مافی خواردن و خواردنەوەی ئاوی پاکی هەیە، مافی ئەوەی هەیە کە لە توندوتیژی بپارێزرێ،مافی ئەوەی هەیە کە زۆری لێنەکرێت کە ئیش بکات، بە پێی یاساش منداڵ لە خوار تەمەنی پانزە ساڵیەوە بۆی نییە کە ئیش بکات..

بەداخەوە ئەمڕۆ نزیکەی بیست و پێنج هەزار منداڵی کوردمان لە هەر چوار پارێزگاکانی باشووری کوردستاندا کاردەکەن.. لە بەشی دووەمی ئەم باسەماندا، زیاتر شرۆڤەی مافەکانی منداڵان دەکەین، لەگەڵ باسکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی منداڵانی کوردمان لە بەشەکانی تری کوردستاندا.

*٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٠*

## پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی منداڵان.

منداڵە روحسووک و جوانکیلەکانی ئەمڕۆمانن.. کە دەبنە نەوەی داهاتوومان.. بەپێی رادەی بە راستی و دروستی پەروەردەکردن و رێنمایی و ئاراستەکردنیان، چ وەکو تاک یا وەکو کۆمەڵ، رەنگدانەوە و کاریگەرییان لەسەر ئاینده و سەرجەم بوارەکانی ژیانی گەل و نیشتمانەکەمان دەبێت.. کەواتە پەروردەکردنی دروستی منداڵان ئەرکێکی پیرۆز و پێویستی ئەستۆی هەموو لایەکمانە ، بە تایبەتیش خێزان و قوتابخانە و حکومەت.

منداڵان بەبێ جیاوای لە رەگەز و پێست و ئینتیمای نەتەوەیی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری.. لە هەر شوێنێکی دنیادابن، مافی ژیان و دابینکردنی خواردن و خواردنەوەی ئاوی پاک و جێی حەوانەوە و حەسانەوە و پشوودان و یاری و پێکەنین و خەونی خۆش و خەیاڵی شیرینیان هەیە.. مافی خوێندن و تەندروستی و چارەسەرکردن و پارستنیان لە توندوتیژی هەیە.. ناشبێت بە هیچ مەبەست و بیانوویەکەوە ، ئازاری جەستەیی و دەروونی منداڵان بدرێت و، بە شێوەیەکی نامرۆیانە رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت.

پێویستە جیهانی بێگەرد و دڵە قنجە پاک و سادەکانیان نەشێوێنین و، رێ نەگرین لە نەشونوما و گەشەکردنی حەز و ئارەزووەکانیان.. لە لایەن خێزانەوە بێت یا حکومەت پێویستە پێویستییەکانی ژیان و خۆشی و شادییان بۆدابین بکرێت.. دەبێت زۆر بە وردی چاودێریان بکەین و نەیان دەینە دەستی قەزا و قەدەر و چارەنووسێکی نادیار.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە.. ئەو منداڵە رەشورووت و لاواز و رەنگ زەرد و کز و بێ نازانەن.. کە بە باوەشی ژنە سواڵکەرەکانەوەن..سواڵکردن لە هەموو وڵاتانی دنیادا بە شێوەی جۆراو جۆر هەیە.. ئەمڕۆش لە هەموو شار و شاروچکەکانی باشووری کوردستاندا، بە تابەتیش لە شاری کەرکوکی کوردستانیدا، ژنە سواڵکەرێکی یەکجار زۆر بڵاوبوونەتەوە، هەر سەت مەتر دەڕۆی رووبەرووی دەست پانکردنەوە و پاڕانەوەی ژنە سواڵکەرێک دەبیت.. زۆربەی ئەم ژنانە لە تەمەنێکی مام ناوەندین و لەش ساغن و توانای ئیش و کارکردنیان هەیە.. بەشێکی زۆری ئەم ژنە سواڵکەرانە عەرەبن و خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقن.. بەداخیشە کە هەندی لەم ژنە سواڵکەرە نامۆیانە دزیش دەکەن و بەشێکیشیان کاری ناشیرینیش دەکەن.. هەندێکیشیان سواڵکردنیان کردووە بە پیشە،

مێردەکانیان لە ئوتێلەکاندا دەخەون و دەخۆن.. دووریش نییە هەندێ لایەنی تیرۆریست، بۆ مەبەستی گڵاوی خۆیان باری ناهەمواری ئەم ژنە سواڵکەرانە بقۆزنەوە و بیانکەن بە دەسکەلای تاوانەکانیان.

ئەوەی کە جێی داخ و نیگەرانیی ئێمەیە.. زوڵمکردنە لەو منداڵانەی کە بە باوەشی ئەم ژنە سواڵکەرانەوەن .. کە زۆربەیان کۆرپە و ساوان.. بە ڕەشوڕووتی و چڵکنی لەسەر سۆشەی شەقامە سەرەکییە جەنجاڵەکاندا، لەسەر ئەو عەردە سارد و ڕەق و تەقەدا، یا لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکاندا، بۆ راکێشانی سۆز و بەزەیی خەڵکی رایان دەکێشن.. ئەو منداڵە بێ دەرەتان و بێ تاوان و بێ ناز و بەدبەختانە ، لە تاو ئازاری گیانیان و لە تاو برسێتیدا و، لە گوڕوهۆڕی ئۆتۆمبیل و دەنگی خەڵکی و تۆزەدا، زۆر نارەحەتن و دەگرین و دەکڕووزێنەوە، لەڕ و لاوازن و ڕەنگ زەردی و نەخۆشییان پێوە دیارە.

بێگومان ئەمە پێشێلکردنێکی زەق و نارەوای مافەکانی منداڵانە.. پەڵەیەکی قێزەوەن و شەرمەزاریشە بە نێوچەوانی حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراقیشەوە..عێراق و کوردستانێک لەسەر دەریایەکی نەوت و گازدا بێت.. کەچی شارەکانی پڕن لە سواڵکەر.

ئەمەو کۆمەڵێکی منداڵی ناسک و جوانیش بە بەرچاوی کاربەدەستانەوە رۆژ تا ئێوارە، خەریکی درۆزنەکردنن.. تووشی گەلی قسەی ناخۆش و سووکایەتی پێکردن دەبن.. هەندێ لەم منداڵە سواڵکەرانە ، لەبەر نەبوونی و هەژاری و بە ناچاری وازیان لە قوتابخانە هێناوە و لە هەموو مافە سادە و سەرەتاییەکانی ژیان و خۆشی بێ بەشن.

سواڵکردن، دیاردەیەکی ناشارستانی و ناشیرینە ، ئۆباڵ و بەرپرسێتی سواڵکردنیش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی حکومەت دایە.. ئەوانیش رۆڵەی کوردستانن و بێ جیاوازی وەک هەرکەسێک بەشیان لە سامان و خێروبێری کوردستاندا هەیە..پێویستە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و لایەنە پەیوەندی دارەکان بە جدی بە دواداچوون بۆ ئەم دیاردە زەقە بکەن، چارەسەرێکی رەوا بۆ ئەم کشەیە دابنێن . بەدابین کردنی بژێوی ژیان بۆ خێزانە هەژار و نەبووەنەکان.. بە برینەوەی مانگانەی پێویست بۆ ژیان و گوزەرانیان..

لە پەرلەمانی کوردستانیشدا بۆ (بنبڕکردنی سواڵکردن) پرۆژە یاسایەکی کۆمەڵایەتی بخرێتە بەر باس و

لێکۆڵینەوە و بڕیاردان.. بواری ئەوەش نەدەن کە سواڵکردن بێتە پیشە.. ئەو سواڵکەرنەش کە خەڵکی شارەکانی کوردستان نین ، بیان نێرنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە لێوەی هاتوون.

وەکو وتمان تەنها بە قەدەغەکردنی سواڵکردن و گرتنی سواڵکەرەکان، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ناکرێت.. بەڵکو بە بنبڕکردنی هۆی سواڵکردن.. بە نەهێشتنی هەژاری و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان بۆ هەژاران و بێ دەرەتانان چارەسەردەکرێت.. دەبا تێریش ئاگای لە برسی بێت.. جوانی و قەشەنگی کۆشک و تەلار لە چیدان ، ئەگەر لە پاڵیاندا کەسانێکی تر هەبن لە کەلاوەدا، بە برسێتی و لە گەرما و لە سەرما بە بێداری شەو بەسەر بەرن..چەند نارەوا و ناپەسەندە لەشەقامەکانی شارەکاندا تازەترین مۆدێلی ئۆتۆمبیل ببینی و لە هەمان شەقامیشدا، منداڵانی جل دڕاو و پێ پەتی و بێ ناز ببینیت.

هیوادارین کە حکومەتی کوردستان، بە زووترین کات چارەسەری سواڵکردن بکات.

١ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## یاری پێویستییەکی گرنگی منداڵانە.

دوای گەڵاڵەکردنی جاڕنامەی مافەکانی منداڵ ، کە لە لایەن ڕێکخراوی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ڕۆژی «٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٩» دا، چووە بواری پابەندبوون و جێبەجێکردنەوە.. لە «بەندی حەوتەمی» ئەم جاڕنامەیەدا نووسراوە:

« پێویستە هەموو توانایەک بخرێتەکار، بۆ ئەوەی منداڵ یاری بکات و چۆست و چالاکیی نوێ بنوێنێت و.. بەرەو ئامانجێکی پەروەردەیی دیاریکراو ئاراستە بکرێت.. پێویستە کۆمەڵگە و حوکمەتیش بۆ ئەم مەبەستە کاربکەن ».

جاکسۆن براون دەڵێ: «کاتی گەڕان و یاریکردن لەگەڵ منداڵەکاندا دوامەخە، ئەو کاتانە چۆن بۆ تۆ گرنگن، بۆ

ئەوانیش ئەوها گرنگن».

یاری، هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە، کە تام و چەژیان لێوەردەگیرێت وخۆشنوودی و دڵخۆشی و شادی بە یاریکەر دەبەخشن.

پێویستی و گرنگی یاری بۆ منداڵان.. لە پێویستی و بایەخی هەڵمژینی هەوای پاک و خواردن و خواردنەوە و خەو و جلوبەرگ کەمتر نییە.. بەڵکو یاری بەشێکە لە ژیانی منداڵاند.. ئەگەر منداڵ ڕێی یاریکردنی لێبگیرێت..نابێت بە مرۆڤێکی تەندروست و ئاسایی.

زانایەکی دەروونناسی منداڵان دەڵێت: «کە بە منداڵێک دەڵێیت هێندە مەبزوێ و بە ئارامی دابنیشە.. وەکو ئەوە وایە کە ماسییەک لە ناو ئاودا دەربهێنیت و بیخەیتە سەر زەوی و پێی بڵێیت بڕۆ..» بێگومان مەحاڵە کە ماسی لەسەر وشکانیدا بڕوات و.. مەحاڵیشە کە منداڵ لە شوێنێکدا ئۆقرەبگرێت و بێ چرکە و بێ چرپە دابنیشێت و نەبزوێت .. چونکە ئاسودەیی و ئارامی منداڵ لەوەدایە، کە ئەو زیادە وزەیەی لە لەشیدا پەنگی خواردووە دەرببڕێت.. ئەگینا دووچاری دڵتەنگی و نارەحەتی و گرژی و کێشەی دەروونی دەکات.

یاری غەریزەیەکی سروشتیە..نەک تەنها لە ئادەمیزاد دا،بەڵکو لە زۆربەی گیانەوەرەکانی تریشدا هەیە.. بۆ نموونە: بڕواننە دوو تووتکە سەگ، یا دوو بەچکە ورچ، یا بەچکە مەیموون.. کە چۆن پێکەوە یاریدەکەن.. یەکتری ڕاودەنێن و یەکتری هەڵدەشەپێنن، بەبێ ئەوەی کە یەکتریش ئازاربدەن، قەپ لە گوێ و لەش و لە کلکی یەکتری دەگرن.. کەسیش فێری یاری نەکردوون.

بایەخ و سوودەکانی یاری بۆ منداڵان زۆر زۆرن.. ناتوانین لە کورتە نووسینێکی وادا بە تێروتوسەلی باس لە هەموویان بکەین.. زۆر بە کورتی و تەنها بۆ نموونە هێنانەوە سەرناوی هەندێک لە سوودەکانی یاری دێنین:

منداڵان لە ڕێیی یارییەوە ساڵ لە دوای ساڵ بیر و هۆش و زەینیان زیاتر گەشەدەکەن و، لە کاتی یاریکردندا، ئەوپەڕی توانا و هێزی جەستەی و بیر و هۆشیان دەخەنە سەر یارییەکانیان.. لەشولار و ماسولکەکانیان بە شێوەیەکی تەندروست دەرسکێن و، ئاسۆی هزر و خەیاڵیان، تێبینی و سەرنجدانیان، بەهرە و خولیا و

حەزەکانیان، توانای داهێنـان و وەرگرتنـی زانست و زانیـاری نویێ و گۆڕانکـاری و شـارەزاییان.. زیـاتر و فراوانتـر دەبن.

یاری باشترین و ئاسانترین هۆیە بۆ پەروەردەکرن و فێرکردنی و ڕێنمایی کردنی منداڵان. ئەو بابەت و کەرستانەی منداڵان یاری پێدەکەن، ئەگەر ساکار و سادەش بن.. بەڵام سوود و بایەخیان لە بەکارهێنانی کتێب بـۆ فێرکرنیـان گرنگتر و کاریگەرترن.. لەوانەیە ئەوەی بە هۆی کتێبەوە فێری دەبن، دوای ماوەیەک بەشێکیان لەبیر بکەن، بەڵام ئەو زانست و زانیارییانەی کە لە ڕێی یارییەوە فێری دەبن، بڕوا ناکەم بـە ئاسـانی لـەبیریان بچێتـەوە.. من خۆم وەکو مامۆستایەکی قوتابخانەی بنەڕەتی لە شاری کەرکوکدا،لە وانەکانی کوردی و بیرکاری و جوگرافیا و مێژووشدا .. سوودێکی زۆر باشم لە یاری بینی ، وەکو هۆیـەکی فێرکـردن و پـەروەردەکردنی منـداڵان.. لـەم سەردەمەشـدا، بـۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی هەندێ کەرەستە و بابەتی نوێی یاری، کتێب یا بە نووسینێ سادەیان لەگەڵدایە، ئەمەیان شتێکی باشە و « بە بەردێک دوو چۆلەکە دەپێکن » چونکە منداڵان لەلایەکەوە ، ئەو کتێبە یا ئـەو ڕێنماییانـەی دەربارەی یارییەکان نووسراون دەخوێننـەوە، لـە هـەمان کاتیشـدا لـە لایـەکی تـرەوە یـاری بـەو بابەتانـە دەکـەن.. هیوادارم دایکان و باوکان و مامۆستاکان سوود لەم ڕاستی و لەم بابەت و کەرەستە نوێیانەی ئەمڕۆ وەربگرن ، وەکو هۆیەکی ئاسانکاری بۆ پەروەردە و فێرکردنی و ڕێنمایی ڕاست و دروستی منداڵەکانیـان.. پیویسته بەپێی تەمەنیان کەرەستە و بابەتەکانی یارییان بۆ دابین بکەن.. ئەو شەقشەقە ڕەنگینانـەی کە دایکـان بـۆ خەڵافانـدن دەیاندەنـە دەستی سـاواکانیان، یـا ئـەو زەنگوڵـە و تەتکـە و پەتکـە و زەرتکـە و، مووروانـەی کـە بـە لانکـەکانیانـدا شـۆڕیان دەکەنەوە، ئەو خڕخاڵانەی لە پێیان دەکەن، ئەو بازنگە جوانانەی لە دەستیان دەکـەن، تـا کۆرپـەکانیان یارییـان پێبەکەن.. زۆر بەسوودن و ساواکانیان لە دەنگ و ڕەنگیان شارەزا دەبن.. بـەهۆی زرینگانـەوە و خڕوهۆریشیانەوە.. منداڵان زوتر خەویان لێدەکەوێت.

هـەروەها لـە ڕێـی یارییـەوە، منـداڵ زمـانی گەشـەدەکات و پێشـدەکەوێت ، کۆمـەڵێک وشـە و ڕسـتە تـازە یـەک لـە یەکترییەوە فێردەن.

ئەگەر منداڵان لە کاتی یاریکردندا هەڵەیان کرد.. نابێت سزای جەستەیی و دەروونی بدرێن و شەرمەزاریان بکەن، بەڵکو پیشاندانی ڕاستی.. هەڵەکانیان ڕاست بکەینەوە.

***یوسف یوبێرت دەڵێ: «منداڵان زیاتر پێویستیان بە نموونە هێنانەوە هەیە، لەوەی کە ڕەخنیان لێ بگرن»***

**یاری باشترین هۆیە بۆچارەسەرکردنی: بێزاری، دڵتەنگی، گۆشەگیری، خەمناکی، شەرمکردنی منداڵان.. لە ڕێی یاریشەوە وڕک و گرژی و تووڕەیی و هەڵچوونی منداڵان هێوردەبنەوە.. یاری ڕێیەکی گرنگە بۆ بنیاتنان و چەسپاندنی کەسایەتیەکی بڕوابەخۆی تەندروست.. لە ڕێی یارییەوە منداڵان فێری: سۆز و خۆشەویستی، برایەتی و هاوڕێتی، پێکەوەژیان و سازان و تەبایی، لێبووردن و قبووڵکردنی یەکتری، ڕووحی وەرزشی، گوێدێری و ڕێزگرتن لە یاسا، یارمەتی و هاوکاری، ئازایەتی و بوێری و خوڕاگرتن، هەوڵ و تێکۆشان و کۆڵنەدان، سەرکەوتن و بردنەوە و شسکتی و دۆڕاندن، ئارامی و ئاشتی، پێشبرکێ و ململانێی تەندروست و... هتد دەبن.. بەڵێ منداڵان لە ڕێی یارییەوە بە سەتان سوود و وانە و پەند وردەگرن.. لە داهاتووشدا هەر یەکەیان دەبنە تاکێک و بە هاوڵاتییەکی سوودبەخش و، گەل و نیشتمانپەروەر.**

***گەلێک لە شاعیرانی کوردمان، دەربارەی بایەخی یاری بۆ منداڵان.. شیعریان نووسیوە:***

***فایق بێکەس دەڵێت:***

***تۆپێن و کەوشەک و شەقێن***
***یارییەکی زۆر جوان و بەجێن***
***تەوژم و تین ئەدەن بە خوێن***
***یاریکە، ڕاکە، پێکەنە***
***جلی بێکاری داکەنە***

***هەژار موکریانی دەڵێت:***

***وەرزش مرۆ ئازا دەکا***
***ئازا وڵات ئاوا دەکا***
***من لە وەرزش پاڵەوانم***
***ڕۆڵەی ئازای کوردستانم***

دایکی سۆلاف «سەبریە نوری قادر» دەڵێت:

یـــاری خۆشــە مــناڵــینە
هێز و توانا و خۆشی ژیـــنـە

ڕەزا شوان یش دەڵێت:

زۆر حەزم لە یـــارییە
لە هـی کـــوردەوارییە
لە بـووکە بە بـــارانە
نەریتــێکی کـــوردانە
لە هەتـەرێ و مەتـەرێ
نـەورۆزە وەرنــە دەرێ
لە چـاوشارکێ و لە ڕاونــان
یاریی گورگ و مەڕ و شـوان

زانایانی دەروونناس، چەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە.. کە هۆیەکی بڵاوبوونەوەی تاوان لە نێو لاواندا،دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵییان.. کە ئۆخەیان لەتافی منداڵییان نەکردووە و بە هەوەس و کامی دڵیان یارییان نەکردووە و سەرکوتکراون.. ئەو یارییانەی کە ئەمڕۆ دەیکەن.. یاریکردنە بە ئاگر.. وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک لە لە گەورەکان کە لە یاریکردندا نامرادیان کردن.. وەکو منداڵ ژیانیان بەسەر نەبردووە.. بەڵکو بە زەبر و توندوتیژی و تێهەڵدان ڕەفتاریان لەگەڵدا کردوون و.. لەسۆز و خۆشەویستیش بێبەش بوونە.. هەر ئەو ڕەفتار و پەروەردە سەقەتە یە، کە لە ژیانی ئەمڕۆیاندا ڕەنگی داوەتە و.. زیانێکی زۆر بە کۆمەڵگە و نیشتمانەکەیان دەگەیەنن و.. ڕاستکردنەوەشیان کارێکی ئاسان نییە.

زانایەک ئەوەی بۆ دەرکەوت کە «هیتلەر»: لە منداڵیدا تێر یاری نەبووە.. باوکی فەرمانبەر بووە لە هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر.. دایکیشی لە ماڵاندا کاری دەکرد..هیتلەریان بە تەنها لە ماڵەوە بەجێدەهێشت..کەس نەبوو

بیلاوێنی و یاریی لەگەڵدا بکات.. کە گەورە بوو ماڵی بە جێهێشت.. چووە ڕیزی سوپای ئەڵمانیا.. دوایش نوقمی سیاسەت بوو..ئەو هەموو دڵڕەقی و بێبەزەیییەی، کە بەرزترین سیفەت بوو لە ژیان و لە ڕەوشتی هیتلەردا. تۆڵەسەندنەوە بوو لە پەراوێزکردنی وەکو منداڵێک.. هیتلەر بەرانبەر بە دایکانیش زۆر دڵڕەق بوو.. بە هەزاران کەسی بێ دایک کرد.. چونکە لە منداڵیدا دایکی دەستی بەسەریا نەهێناوە و وەکو پێویست نەی لاواندووە.. ئەوەبوو هیتلەر بووە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم و بووە هۆی کوشتنی بە ملیۆنان کەس و کاولکردنی چەندین شار و وڵات و قاتوقڕی و گرانی و برسێتی.. کە تا ئەمڕۆش جیهان باجی ئەو شەڕە دەداتەوە.

دەتوانین بڵێین، بناغەی دەوڵەتێکی بەختەوەر و ئارام و سەقامگیر..لە ماڵەوە دەست پێدەکا بۆیە پێویستە خێزان (دایک، باوک، خوشک و برا) درک بەم ڕاستییە بکەن و، ئەرکی سەرشانیان بەرانبەر بە منداڵەکانیان بەجێبهێنن .. ڕێ لە منداڵەکانیان نەگرن و، با بە ئازادی و بە کامی دڵیان لەژێر چاودێرییاندا.. خۆیان مەستی یاری و وەرزش بکەن .

ئەگەر بە هیوای داهاتوویەکی گەشتر و خۆشتر و شیاوتر بین بۆ کورد و کوردستان، لە سایەی کوردیلەکانی ئەمڕۆماندا، کە نەوەی داهاتووی کوردستانن بحەسێینەوە.. پێویستە بە شێوەیکی ڕاست و دروست منداڵەکانمان پەروەردە و فێربکەین.. پێویستە چاکسازی و گۆڕانکاری لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنەوە دەست پێبکەین . پێش هەموو شتێک، بە پەیڕە و پرۆگرامەکانی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی بنەڕەتیدا بچینەوە.. بە شێوەیەک پروگرامەکان دابرێژینەوە، کە لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی ئەمرۆی گەلەکەماندا بگونجێت.. پێویستە بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی پێشکەتوو لە بواری پەروەردە و فیرکردن وەربگرێن.. تایبەتمەندی و پێویستی خۆشمان ڕەچاو بکەین.

نابێت دایکان و باوکان و مامۆستاکان، بە زۆرداری و، بە گوێرەی خواستی خۆیان یاری بەسەر منداڵاندا بسەپێنن و، چی ئەمان دەیانەوێت و بە ڕاستی دەزانن، منداڵان پەیڕەوی بکەن و لانەدەن .. پێویستە حەز و خولیا و ئارەزووەکانی منداڵان فەرامۆش نەکەن.

*کارین هۆرینی دەڵێت: « منداڵ هەمیشە ئارەزووەکانی خۆی بە ڕاست دەزانێت »*

لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە پشت لە منداڵان بکەین و چاودێریان نەکەین و، چیدەکەن با بیکەن.. پێویستە

منداڵان لەو یارییە مەترسیدارانە دوور بخەینەوە، کە زیان بە خۆیان یا کەسانێکی تر دەگەیەنن.. ئەو یارییانەی کە کاردانەوەیەکی خراپیان لەسەر ئایندەی منداڵان دەبێت و.. زیانێکی گەورەش بە گەل و نیشتمانەکەمان دەگەیەنن.. بۆ نموونە: یاریکردن بە دەمانچە و تفەنگی تەرەقەدار، تیر و کەوان، دارلاستیک ، قۆچەقانی، ئاگرواسکێ، یاریکردن بە کارەبا، یاریکردنی ڕووبەڕووبوونەوە بە چەقۆ و شمشیری باغە،... هتد. ناشبێت شتی تیژ و کەرەستەی ورد لە بەردەم منداڵی ساوادا دابنرێن ، نەباکە خۆیانی پێ بریندار بکەن، یا ئەو شتە وردانە قووت بدەن.. مەترسی هەندێ لەو یارییانە لەوەدایە کە منداڵ فێری چەقاوەسوویی و لەخۆبایی بوون وسەرکێشی و شەڕانگێزی دەبن.. تا ئێستا چەندین منداڵ بە هۆی بەردەلاستیک و بەردەقۆچانی، یا تیری کەوانەوە، یا بە هۆی تەرەقەی دەمانچە و تفەنگەوە، چاویان لەدەست داوە، یا سەر و دەست و قاچیان شکاوە و عەیبدار بوونە. بۆیە دایک و باوک و مامۆستاکان و هەموو دڵسۆز و خەمخۆرێکی منداڵان مەترسیی ئەو یاریانە لە بەرچاوبگرن و منداڵانیان لێ دووربخەنەوە.. پێویستە حوکمەتی کوردستانیش ڕێ بە کۆگاکانی بابەتی یاری منداڵان نەدات، کە لەو جۆرە بابەتە یارییە زیانبەخشانە بفرۆشن، پێویستە فوتابخانە و میدیاکانیش لەم ڕووەوە منداڵانی کوردمان هۆشیاربکەنەوە.. بە تایبەتیش ماوەی بەرنامەکانی منداڵان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا.

بێگومان منداڵانی ئەمڕۆمان، لە منداڵانی دوێنێمان بەختەوەرتر و چاوکراوەتر و بە تواناتر و زۆرزانتر و خەیاڵ فراوانترن.. منداڵانی ئەمڕۆ نەوەی داتە و ئینتەرنێت و پلەیستێشن و جۆرەها بابەتی سەیر و سەمەرەن.. جا کورد بە هەڵەدا نەچووە کە دەڵێ: «جوجگەکەی ئەمساڵ، جوجگەکەی پار فێری جووکە جووک دەکا».. ئاخۆ دەبێت لە سبەینێی پێشکەوتووتر لە ئەمڕۆ.. چ بابەتێکی یاریی سەیر و سەمەرەتر بۆ منداڵان بێنە کایەوە..؟ بێگومان پێشکەوتن و داهێنان هەرگیز ناوەستی و درێژەی دبێت.

منداڵ زۆر جار لە یارییەکانیدا، لاسایی گەورەکان دەکاتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر سەرنجی ئەو خونچەگوڵە بدەین کە بە بووکە شووشەکەی یاری دەکات و، جلوبەرگی لەبەر دەکا و دەیخاتە ناو لانکە فنجەکەیەوە و، دایدەپۆشێ و، ئینجا تێر لایلایەی بۆ دەکات.. تا خەوی لێبکەوێت، دواتر شاوشادی لێدەکات، ڕەنگە ئەم منداڵە هەموو ئەم شتانەی بە چاوی خۆی لە دایکی بینیبێت.

لە چەند نووسینێکی ترمدا دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەت.. چونکە قسەلێکردنی زیاتر هەڵدەگرێت.

٢٠ی مای ٢٠١١

## داگیرکەرانی کوردستان.. پێشێلی مافەکانی منداڵانی کورد دەکەن.

بە پێی جاڕنامەی مافەکانی منداڵ.. کە لە «٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩» دا، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە. کە بریتییە لە «٥٤» ماددە ، لە ماددەی یەکەمدا بەم جۆرە ڕاڤەی منداڵ دەکات: «منداڵ هەر مرۆڤێکە کە لە هەژدە ساڵ کەمتربێت » «تێکڕاش ١٩١» دەوڵەتی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە لەو ساڵەدا ئیمزایان کردووە و، بڕیاریانداوە، کە بەبێ جیاوازی ڕێز لە مافەکانی منداڵ بگرن و پێبەند ئەبن بە جێبەجێکردنی هەموو ماددە و بڕگەکانی ئەو جاڕنامەیە.. تەنها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی سۆمال ڕەتیان کردەوە و تا ئەمڕۆش ئیمزای جاڕنامەکەیان نەکردووە.. لە نێوانی ئەو دەوڵەتانەش، کە جاڕنامەکەیان ئیمزاکردووە و بەڵێنی پێبەندبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.. دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریای تێدان.

بەڵام بە داخەوە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە، بە ڕەفتار و پراکتیزەکردن، پێبەندبوونی خۆیان بە جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵ نەسەلماندووە، بە تایبەتیش هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا.. زۆر بە زەقی و ئاشکرا پێشێلی مافەکانی منداڵانیان کردووە و تا ئەمڕۆش درێژە بە پێشێلکارییەکانیان ئەدەن.. بە پێچەوانەی ماددەکان و بڕگەکانی جاڕنامەکەی مافەکانی منداڵ ڕەفتار ئەکەن.. دژایەتییەکی ناڕەوای منداڵانی کوردمان ئەکەن .. دوور لە وێژدانی زیندوو و لە هەموو یاسا و ڕێسا و بەها مرۆڤایەتییەکان.. دووریش لە یەکسانیی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و جیاوازی نەکردن بە هۆی ئینتیمای نەتەوەییەوە.. بە ئەوپەڕی دڵڕەقی و زەبر و زەنگەوە، بە ناڕەوا ڕەفتار لەگەڵ منداڵانی کورد دا ئەکەن.. بە توومەتی هەڵبەستراوی بێ بەڵگە و بێ بنەمای دوور لە ڕاستییەوە، توومەتباریان ئەکەن و ئەیان گرن.. هەر ئەو گرتنەیە و ئیتر جارێکی تر نابینرێنەوە و، کەسوکاریشیان بۆیان نییە بپرسن منداڵەکانمان لە کوێن و چیتان لێکردوون؟ تا ئەمڕۆش لە زیندان و گرتووەخانە ترسناکەکانی «باستیلەکان» ی تورکیا و ئێران و سوریا دا بە هەزاران منداڵانی بێتاوانی کوردمان بەندکراون.. کە منداڵی تەمەن دوانزە ساڵانیان تێدان.. تا ئەمڕۆش لە گرتووەخانەکانی تورکیادا، زیاتر لە پانزە هەزار منداڵی کوردمان بەندکراون و لێیان ناپرسنەوە.. ڕۆژانەش پیسترین ئەشکەنجە و ئازای جەستەیی و دەروونی ئەدرێن.. لە کۆماری ئێرانی سێدارەشدا زیاتر لە سێ هەزار منداڵی کوردمان بە توومەتی کوردایەتی و لایەنگیری کردن لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. گیراون.. سەردانی کردنیان قەدەغەیە و.. ڕێش بە تیمەکانی چاودێریکردنی مافەکانی منداڵان نادەن کە بیبیان بینن.. تا ئەمڕۆ بە دەیان منداڵی کوردی

تەمەن ژێر هەژدەساڵییان بەبێ تاوان لە ژێر ئالای «الله» دا لە سێدارەیان دان.. بە دەیان منداڵیشمان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون. پرۆفایلی سوریای ئەفلەقیش لە هی تورکیا و ئێران پاکتر نییە، چونکە هەرسێ لەم وڵاتانە تووشبووی ڤایرۆسی شۆڤێنین.. لە سوریادا تا ئێستا زیاتر لە پێنج سەت منداڵی بێتاوانی کوردمانیان گرتووە، کە هەندێکیان سێ ساڵ زیاترە گیراون و، تا ئێستا دادگایی نەکراون.. بۆ نموونە لە تورکیای بە ناوە «ئازادی و دادپەروەری» دا، منداڵێکی کوردمان لە لایەن دادگایەکی تورکییەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ سزای زیندانی کردنیان دا، تەنها لەسەر ئەوەی دوو پەنجەی دەستی ڕاستی وەکو ژمارە حەوت یا پیتی ڤێی ئینگلیزی هەڵبڕی بوو. هەر لە باکووری کوردستاندا منداڵێکی تری کوردمان تەنها لەبەر ئەوەی هاواری کردبوو بژی کوردستان.. دە ساڵ حوکمی زیندانی کردنیان داوە .. بەڵێ ئەمەیە ئەو ئازادی و دادپەروەری، کە لە تورکیادا بەرانبەر بە کورد پەیڕەوی ئەکرێ.. بەندیخانەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان (تورکیا و ئێران و سوریا) تا ئەمڕۆش بە هەزران منداڵی بێتاوانی کوردیان تێدایە.. ڕۆژانە زۆر بێبەزەییانە و دڕندانە ئەشکەنجە و ئازاریان ئەدەن.. نە لێیان ئەپرسنەوە و ، نە دادگاییان ئەکەن و، نە ڕێش بە پارێزەرانی خۆبەخش ئەدەن کە داکۆکییان لێبکەن، ڕێش بە تیمەکانی چاودێری کردنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان نادەن کە سەردانی بەندیخانەکانیان بکەن و چاویان بەو منداڵانە بکەوێت و، تا بێتاوانییان ئاشکرابکەن و، ئەو پێشێلکارییانەش بخەنەڕوو، کە جەلادەکانی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە، دەرهەق بە منداڵانی کوردمان ئەنجامی ئەدەن.. تا ئێستا بە بێتاوان بە دەیان منداڵی کوردمان، بە دەستی چەقاوەسووە دڕندەکانی سوپا و میت و پۆلیسی تورکیا و، سوپا و پاسدارانی کۆماری ئێرانی سێدارە و، بەعسییە ڕەگەزپەرستەکانی سوریای ئەفلەقی ، تیرۆرکراون.. بەعسییە سەدامیەکانیش، کە نازییەکانی عەرەبن، لە باشووری کوردستاندا لە ژێر ئایەتی«الانفال »ی قورئاندا - واتە ئێمەی کوردیان بە کافر لە قەڵەم دا - بە هەزاران منداڵی کوردمانیان زیندەبەچاڵ و کیمیاباران کرد.. کەچی تا ئەمڕۆش ئیمام و دەمڕاستەکانی عەرەبە شۆڤێنییەکان، فەتوای ئەوە ئەدەن ئەگەر ئێمەی کورد داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەین ئەوە ـ کافر ـ ین و بەبێ سێ و دوو کوشتنمانییان حەڵاڵ و ڕەوا کردووە.

بەداخیشەوە تا ئەمڕۆش، ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و، ڕێکخراوەکانی چاودێری کردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی منداڵان و، هەموو ئەو ڕێکخراوانەش کە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان ئەکەن، یا ئەو ڕێکخراوانەی کە دژی ڕەگەزپەرستی و جیاوازین، بە ڕادەیەکی پێویست بە دەنگ منداڵانی ستەملێکراوی کوردەوە نەهاتوون و، گوشارێکی ئەوتۆیان نەخستۆتە سەر وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بۆ دەست هەڵگرتن لە تاوانەکانی کوشتن و گرتن و ئازا و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانی منداڵانی بێتاوانی کوردمان.. یا داوای ئازادکردنیان لە بەندیخانە

بکەن.. هەر ئەم بێدەنگییەیە زیاتر هانی ئەو دەوڵەتانە ئەدات بۆ پێشێلکردن و گوێنەدان و ڕێزنەگرتن لە مافەکانی منداڵان و زیاتر درێژەدان بە چەوسانەوەی منداڵان.. بە تایبەتیش منداڵانی کوردمان.. ئێمە لێرەوە داوا لە سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیران و مناڵپارێزی کوردستان و، لە هەموو ئەو ڕێکخراوانەش ئەکەین کە ئەرکییان داکۆکی کردنە لە مافەکانی منداڵانی کوردمان، داواش لە هەر هەموو دڵسۆز و خەمخۆرێکی «کوردیلەکانی ئەمڕۆمان .. کە نەوەی داهاتووی کوردستانن» ئەکەین.. چیتر بێدەنگ نەبن و با پێکەوە کامپێنێکی نارەزایی ڕابگەیەنین لە دژی پێشێلکردنی مافەکانی منداڵانی کوردمان لە لایەن، تورکیا و ئێران و سوریاوە، داوا لە ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی هەریەکە لەو وڵاتە داگیرکەرانەی کوردستان بکەین.. بە زووترین کات هەموو منداڵە بەندکراوەکانمان ئازاد بکەن و.. دەست لە گرتن و ئەشکەنجەدانی منداڵە بێتاوانەکانمان هەڵبگرن.. ئەم داوایەشمان بە زمانی ئینگلیزی بنووسین و، بیکەین بە یاداشتێکی نارەزایی و تووڕەیی و داواکاری و کۆپیی لێبنێرین بۆ هەریەکە لە، ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و، ڕێکخراوی مافەکانی منداڵان و، هەموو ئەو لایەنانەی کە چاودێری و داکۆکی لە مافەکانی منداڵان دەکەن. کۆپیشی لێبدرێت بە سەفارەتەکانی هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سوریا لە وڵاتانی دەرەوەدا.. ئەم کامپینەش لە ژێر ناوی «داوای ئازادکردنی منداڵانی کوردمان ئەکەین» یا هەر سەرناوێکی تر.. کە نووسەرانی دڵسۆزی گەلەکەمان بە جوانی ئەزانن.. هیوادرم ئێوەی بەڕێزیش ڕا و بۆچوونی خۆتان دەرببڕن و.. چیش سەبارەت بەم بابەتە بە جوان و باش ئەزانن پێشنیاری بکەن.. چونکە چارەنووس و داهاتووی کورد و کوردستان، بەندە بە چارەنووسی ئەمڕۆی کوردیلەکانمانەوە.. خزمەتکردن و دابین کردنی ژیان و مافەکانی منداڵانمان و داکۆکیکردن لێیان، ئەرکێکی پێویست و پیرۆزە و لە ئەستۆی هەمووماندایە چ وەکو تاک یا کۆمەڵ و دامودەزگا حکومی و مەدەنییەکانیش.. بێدەنگیش بەزین و ترسنۆکی و سۆز و هەست لاوازیی کورد و کوردستانپەروەریی دەگەیەنێت.

١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## بەکارهێنانی منداڵان بۆ کاری تیرۆریستی گەورەترین تاوانە.

لە ڕۆژی دوو شەممەی ڕابردوو دا، لە ڕێکەوتی «٢٥ - ١ - ٢٠١١» دا، لە شاری «لاهوور» لە وڵاتی پاکستان دا، کە ئەم شارە گرنگترین مەڵبەندی ڕۆشنبیریی پاکستانە. منداڵێکی تەمەن سیانزە ساڵان، لە لایەن بزووتنەوەی توندڕەوی چەکداریی تاڵیبانەوە هەڵخەڵەتێنرابوو، بە پشتێنێکی داڕێژراو بە تەقەمەنییەوە، لە ناو ئاپوڕای ڕێوڕەسمێکی شیعەکان دا، بە بۆنەی ڕۆژی عاشوراوە، خۆی تەقاندەوە، بووە هۆی کوشتنی سیانزە کەسی بێ تاوان و بریندارکردنی پەنجا و دوو کەسیش.. کەچی بزووتنەوەی تاڵیبان زۆر بە شانازییەوە بەرپرسێتی خویان لەو کارەساتە خوێناوییە ڕاگەیاند.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و بەلامانەوە گرنگە، تاوانی بەکارهێنانی منداڵانە لە کاری تیرۆریستی و هەرکارێکی تری ناشایستەدا.. تیرور هەر خوی تاوانێکی گەورەیە و پەتایەکی کوشندە و قێزەوەنی ئەم سەردەمەیە.. بەڵام قوستنەوەی دڵپاکی و بێوەیی و سادەیی و ڕاستگۆیی و خۆشبڕوای منداڵان، لە لایەن تیرۆریستانەوە بۆ بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، لە پێناوی هێنانەدیی ئامانج و مەبەستە گڵاوەکانیان. گەورەترین تاوانە،بەڵام کەی لە فەرهەنگی تیرۆریستان دا ڕەوشت و بەها و مرۆڤایەتی و سۆز و بەزەیی و هەق و ویژدان بوونی هەبووە و هەیە؟ ئەم تیرۆریستە تاوانبارانە، منداڵەکانیشیان بە ڕق و کینە و دوژمنکاری و کوشتن بڕین و زوڵم کردن و خوێنڕشتن و تاوان و دزی و جەردەیی گۆش و پەروەردە دەکەن.. بێگومان ئەمە پەروەردەیەکی هەڵە و سەقەت و زیانبەخشە و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە و زیانێکی زۆر بە ئایندە سەرجەمی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت.

گیانی ناسکی منداڵان، بیر و هۆشی بێ گەردیان، دڵپاکی و ڕاستگۆییان، بێ وەی و بەرائەتیان مەشوێنن.. پێویستە منداڵان بە خۆشەویستی و هاوڕێتی و جیاوازی نەکردن و یەکسانی و یەکتری قبووڵ کردن و پێکەوەژیان و هاوکاری کردن و ئاشتی و ئازادی و ڕێزگرتن و دادپەروەری و سۆز و بەزەیی و باشە و خێرخوازیی و... گۆش و پەروەردە و ڕێنماییان بکەن، کورد وتەنی: «چی بچێنن ئەوە دەدوورنەوە».

تیرۆریستان تاوانی لەوەش نامرۆڤانەتر و بەدڕەوشتر و قێزەوەنتریان لە عێراق دا ئەنجام دا، ئەگەر گەردێک

ئابڕوو و ویژدانیان ببوایە، تا ئەو ڕادەیە شۆڕنابوونەوە بۆ ناخی بێڕەوشتییان. ئەوەبوو چەند منداڵێکی کەم ئەندامی هۆش و لەشیان قۆزتەوە، بە تایبەتیش لە ناوچەی دیالەدا، بۆ کاری تیرۆریستی و خۆکوژی بەکاریان هێنان، بەبێ ئەوەی کە ئەو منداڵە بێ تاوان و بەسزمانە نەفوستانانە، بە خۆیان بزانن چیان لێ دێت یا تەقینەوە و خۆکوژی چییە، یا لە مەبەست و مەرامی نەگریس و گڵاوی تیرۆریستانی بە ناوە «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» دا، بزانن چییە و چی نییە.. ئەمە چ تاوانێکە؟

هەر لەلایەن تیرۆریستان و چەند گرووپێکی مافیا و جەردەوە لە عێراق دا، چەندین منداڵ و ساوایان ڕفاند و لە حەشارگەکانییان دا وەکو بارمتە دەیان شاردنەوە، بە هۆی تەلەفۆن یا نامەوە داوای پارەیەکی خەیاڵییان لە خێزانەکانیان دەکرد تا ئازادیان بکەن، هەندێک لەو منداڵە ڕفێنراوانە، لەبەر ئەوەی کە خیزانەکانیان ئەو پارە زۆرەی لێیانیان داواکربوو، نەیان بوو و بۆشیان پەیا نەکرا، تیرۆریست و ڕفێنەرەکان چەند منداڵێکیان کوشت و، تا ئەمڕۆش چارەنووسی هەندیکی تریان نەزانراوە.

ئەو تاوانانەی کە ناوم بردن، هەموویان دژی مافەکانی منداڵان و دژی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێو دەوڵەتین و،لە سۆز و لە ویژدانی مرۆڤایەتی بەدەرن.. ئەو جۆرە کارانە پیشەی بێ غیرەت و نامەردانە ، گەورەترین تاوانە لە بێ تاوانترین مرۆڤ دەکرێن کە منداڵانن.. تاوانێکن کە هەرگیز لێبووردنیان نییە.. پاراستن و چاودیریی منداڵان ئەرکێکی پێویستە تەنها لە ئەستۆی خێزان دا نییە،بەڵکو بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەوڵەت دایە.

بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی شیاوتر و کۆمەڵێکی تەندرووستر.. پێویستە بە ڕاستی و بە دروستی، پەروەردە و ڕێنمایی منداڵانە چاوگەشەکانمان بکەین.. ئۆباڵیان لە ئەستوی هەموو خەمخۆرێکی منداڵان و هەموو کورد و کوردستانپەروەرێکی دڵسۆزە.

لە ساڵی «١٩٨٧» دا، کە ئەو کاتە، ئامادەکەری بەرنامەی «جیهانی منداڵان» بووم لە تەلەفزیۆنی کەرکوک دا، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کەرکوک «محەمەد ڕەزا کازم» بوو، کە عەرەبێکی بەعسیی بەغدایی بوو، لەگەڵما دانیشت و پێی ڕاگەیاندم و وتی:

«پێویستە هەموو هەفتەیەک لە بەرنامەکە دا دوای" وتەی بەرنامە "کەت، بۆ ماوەی پێنج خولەک بەشێک لە(یور من المعرکە - چەند دیمەنێک لە جەنگەوە) پێشان بدەیت بۆ ئەم مەبەستەش دەرهێنەری بەرنامەکەت «لیبرۆن

سیمۆن» م ئاگادارکردۆتەوە، کە پێشتر فلیمەکانت بۆ ئامادە بکات «منیش بەبێ ترس و بەبێ سێ و دوو پێیم وت : من» ئامادە نیم لە بەرنامەکەم دا، شەڕ و کوشتن و بڕین و خوێن و سوتاندن و کاولکردن و بۆردوومان کردن و ترس و تۆقین و شتی سامناک پێشانی منداڵانی کوردمان بدەم.. من ئەمە بە ڕاست نازانم، چونکە کاردانەوەیەکی زۆر خراپ لە بیر و دەروونی منداڵان دا دروست دەکات، بۆ بیانکەین بە شەڕانگێز بۆ نەیانکەین بە ئاشتیخواز.. ئایا لە باتی شەر تۆی خۆشەویتی و تەبایی و ئاشتی بچێنین باشتر نییە..؟» بەڕێوەبەری تەلەفیۆن بەم وەڵامە و هەڵوێستەم، چارەی دا بەیەکا و یەکسەر وتی: «بەرنامەکەت بۆ ماوەی دوو مانگ ڕادەگرین..» دوای سێ مانگ خۆی تەلەفۆنی بۆم کردەوە، کە دووبارە دەست بە ئامادەکردنی بەرنامەکەم بکەم.. منیش یەکسەر وتم: « بە مەرجێک..مەرجم بۆ دانەنێن ».

٣٠ی جانێوێری ٢٠١١

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ - ٢٠١٣

## چۆن منداڵەکانمان هۆگری خوێندنەوەی پەرتووک دەکەین؟

خوێندنەوە زۆر گرنگ بۆ هەموو کەسێک، یەکێکە لە پێویسترین پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا.. لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و خواردنەوە و خواردن و نووستن و کارکردن، ریزبەندی دێتە سەر خوێندنەوە.. وەکو چۆن پێویستیمان بە خواردن و ئاوخوادنەوە هەیە بۆ ئەوەی بژین.. هەروەهاش پێویستیشمان بە خوێندنەوەی بەردەوامی بابەت هەمەڕەنگە هەیە، چونکە خوێندنەوە خۆراکی مێشکە و، هۆی گەشەکرن و دەوڵەمەندکردنی هۆش و گۆش و زەین و زیرەکی و بلیمەتی و زانایی و دانایی و پێشکەوتن و داهێنانمانە.. بڕوا ناکەم تام و چێژی هیچ

خۆشییەک بگاتە خۆشی و چێژی خوێندنەوە.

خوێندنەوە، لە بنەما هەرە سەرکییەکانی دروست کردنی کەسایەتییەکی تەواو و سەرکەوتووە.. هەر لە منداڵییەوە تا ئەو ڕۆژەی کە سەردەنێینەوە، پێویستیمان بە خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامەی بابەت هەمەرەنگە هەیە.. تا زیاتریش بخوێنینەوە و زیاتر وەربگرین.. هەست بەوە دەکەین، ئەوانەی خوێندوومانەتەوە و ئەوانەی وەرمان گرتوون و دەیانزانین.. دڵۆپێکن لە ئۆقیانووسێکدا.

پەرتووک باشترین هاوڕێیە.. پەرتووکخانەش جوانترین و قەشەنگترین باخچە و گوڵزاری پڕ گوڵ هەمەرەنگەیە.. پەرتووکخانە دەوڵەمەنترین باخ و بێستانی خۆشترین و بە تامترین میوەیە.. پەرتووکخانە باشترین شوێنی سوود وەرگرتن و خۆرۆشنبیرکردنە.

*پەرتووک، باشترین مامۆستایە، کە بەبێ چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و بەبێ لێدان فێرمان دەکا.. لە بارەی بایەخی پەرتووک و پەرتووکخانەوە، لە گۆشەنیگای ناودارانەوە:*

*تۆماس جیفەرسۆن: "من بە بێ پەرتووک، ناتوانم بژیم".*

*مارکۆس سیکەرۆ: "ئەگەر باخچەیەک و پەرتووکخانەیەکت هەبێ، واتە لە هیچت کەم نییە".*

*دیگۆن لایلی: " پەرتووکخانەکەت پڕ بێ لە پەرتووک، باشترە لەوەی کە جزدانەکەت پڕ بێ لە پارە".*

*گاندی: "ئەوەی رۆژانە رۆژنامەیەک نەخوێنێتەوە، من بە نەزانی دادەنێم".*

*فنست ستاریت: "کاتێ کە پەرتووک کۆدەکەینەوە، واتا بەختیاری کۆدەکەینەوە".*

*ئۆلیڤەر گۆڵدسمیس: "کە بۆ یەکەمین جار پەرتووکێک دەخوێنمەوە، واتە هاوڕێیەکی تازەم گرتووە، بەڵام ئەگەر بە ڕێکەوت بۆ جارێکی تر هەمان پەرتووک بخوێنمەوە، واتە بۆ جاری دووەم چاوم بە هاوڕێیەکەم دەکەوێتەوە".*

*ئەبراهام لینکۆڵن: "ئەو شتانەی کە من حەزدەکەم بیان زانم، لە پەرتووک دان. باشترین هاوڕێشم، ئەو کەسەیە کە پەرتووکێکم پێشکەش بکا، کە نەم خوێندۆتەوە".*

*فریدریک نیتشە: "هەوڵدەن بخوێننەوە، وەک راوچییەکی بە دەست و بردیش، بیر و بۆچوونی چاک راوبکەن و، لە هزرە بۆگەن و کۆنەکانیش دوور بکەونەوە".*

*ئۆمەر هانسینس: "تا پەرتووک زۆرتر بێت، زانست و زانیاریش زیاتر دەبێت".*

راستە کە ئینتەرنێت لە رۆڵی پەرتووک و گۆڤار و رۆژنامای کەمتر کردۆتەوە.. بەڵام بایەخ و چیژی خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤار و رۆژنامە هەرگیز کاڵ نابێتەوە.

منداڵان بە هۆی خوێندنەوەوە، حەز و ئارەزووەکانیان گەشەتر دەکا و، ئاسۆی زانست و زانیاری و رۆشنبیریی گشتییان فراوانتر دەبێ، فەرهەنگی وشە و رستە و زمانەوانیان دەوڵەمەنتر دەبێ، وەڵامی ئەو پرسیارانەشیان دەست دەکەوێ کە کە لەلایاندا بێ وەڵامن. هەندێ لەو گرێیانەش دەکەنەوە، کە رامانی کردوون.. هەر بە هۆی خوێندنەوەوە، منداڵان بنەما پێویستییەکانی کەسایەتییەکی دروست و راست فێردەبن، وەکو: کۆشش کردن و تێکۆشان، خۆڕاگرتن و کۆڵنەدان، راستی و راستگۆیی، هاوکاری و یارمەتیدان، گەشبینی و هیواداری، یەکسانی و ئازادی، دادپەروەری و رەواناسی، گەل و نیشتمانپەروەری، دڵسۆزی و خۆشەویستی، بڕوا بەخۆبوون، هەستی مرۆڤایەتی و ویژدان زیندوویی،... هتد.

لەم روانگەیەوە، ئەمڕۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، لە شار و شارۆچکە و لە گەرەک و دێهاتەکان و لە هەموو قوتابخانە و پۆلێکی خوێندندا، بەڵکو لە هەموو ماڵێک و هەموو ژوورێکی نووستنی منداڵانیشدا، پەرتووکخانەی گەورە و بچووکیان تیدا هەیە و، بە هەزاران پەرتووک و گۆڤار و سەرچاوەی هەمەڕەنگەیان بۆ هەموو قۆناخ و تەمەنێک تێدایە.. سەرەڕای ئەوەش چەندین پەرتووکخانەی گەڕۆکیان هەیە، کە دێهات و گەڕەک و شوێنانی تر بەسەر دەکەنەوە و.. تازەترین پەرتووک و گۆڤار دەخەنە بەردەستی شەیدایانی خوێندنەوە.. ئەمڕۆ ئەوەی رۆژانە نەخوێنێتەوە کەسێکی دابڕا و بێ ئاگایە و، ئەو رۆژە بە نرخانەشی بەفیڕۆ دەدات.. هەر ماڵێکیش پەرتووکخانەی تێدا نەبێت، وەک ئەوە وایە کە چێشتخانەی تێدا نییە.. با پەرتووک و پەرتووکخانەشمان، تەنها بۆ دیکۆر و رازانەوەی ماڵ و قوتابخانەکانمان و پەرتووکخانە گشتییەکانمان نەبێت، شوورەییە ئەگەر پەرتووکەکان نەکرابێتنەوە و تۆزیان لێ نیشتووبێ.

من هەر کاتێک ماوەم هەبێت زۆرترین کاتی پەرژان و پشووی خۆم لە پەرتووکخانەی گشتی (بێرگن) لە نەرویج ـ ئەو شارەی لێی دەژیم - بە خوێندنەوە بەسەردەبەم. ژمارەیەکی باشی پەرتووک و گۆڤاری کوردی لەم پەرتووکخانەیەدا لە بەشی کوردیدا هەیە، کە بەشێکیان بۆ منداڵانن.. پەرتووکی تازەشیان تێدایە. ساڵی پار لەگەڵ بەڕێوەبەری پەرتووکخانەکەدا قسەم کرد و گلەیی ئەوەم کرد، کە لە چاو ژمارەی کورد و بەشەکانی زمانەکانی تر، زۆر کەمتر پەرتووکی تازە بۆ بەشی کوردی دەکڕن.. بۆچی ؟ وەڵامی بەڕیوەبەری پەرتووکخانەی

بێرگن ئەوە بوو.. وتی ئێمە بەپێی خوێنەران و خوازیارانی پەرتووکەکانی هەر بەشێک پەرتووکی تازە دەکڕین. لە راستیدا قسەکەشی راستن.. بە داخەوە وەکو وتم کەس بە قەی من هاتووچۆی ئەو پەرتووکخانەیە ناکات، مەگەر بە دەگمەن کوردێک، یا منداڵێکی کوردمان ببینم، کە پەرتووک بخوێنێتەوە یان پەرتووکێک بخوازێ و بیباتەوە بۆ ماڵەوە.. کەچی رۆژی بە سەتان منداڵ و لاو و ژن و پیاوانی نەتەوەکانی ترم بەرچاو دەکەون، مەگەر لەکاتی تەوابوونی دەوام بەجێی بهێڵن، کە بەجێشی دەهێڵن، هەر یەکە چەند پەرتووکێکی خوازراو دەباتەوە بۆ ماڵەوە.

تا ئیستا بە تەواوی نەزانراوە، لە کەیەوە منداڵ هۆگری پەرتووک و خوێندنەوە دەبێت.. ئەمانە هەندێ پرسیارن یارمەتی دایکان و باوکان دەدەن، بۆ ئەوەی کە بزانن و بۆیان ئاشکرا بێت، کە منداڵەکانیان حەزیان لە پەرتووک خوێندنەوە هەیە:

** ئایە تێبینی ئەوە دەکەی کە، مناڵەکەت حەز دەکا سەیری پەرتووک و گۆڤار بکا؟*
** کە منداڵەکەت بە تەنها بێ، حەز دەکات جار و بار پەرتووک بە دەستەوە بگرێ؟*
** کە پەرتووکی لە بەردەستدا بێ، لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە.. سەیری وێنەکانی دەکا؟*
** هەندێ جار، وا خۆی دەردەخا، کە ئەو پەرتووکەی لە بەردستییە دەیخوێنێتەوە؟*
** ئایە منداڵەکەت حەز بەوە دەکا، کە یاری وشەسازی (ریزبەندی وشە) بکا؟*
** ئایا بایەخ و سەرنجی ئەو رستە نووسراوانە دەدا، ئەگەر پێشانیانی بدەی؟*
** هەندی لەو وشە و رستانەی کە لەو چیرۆکانەی بۆت خوێندۆتەوە، لەبەر خۆیەوە دووبارەیان دەکاتەوە؟*
** مانای وشەکانت لێ دەپرسێ ؟*
** کە خوشک و برای لە خوی گەورەتر، پەرتووکیان لە بەردەستدا بێ، دەچێت بە لایانەوە و، سەرنجیان دەدا؟*

ئەگەر زۆربەی وەڵامەکانی ئەو پرسیارانە بە (بەڵێ) بێ.. واتە منداڵەکەت حەزی لە خوێندنەوە هەیە و،

پێویستە ئەم حەزە بقۆزیتەوە و، بەپێی تەمەنی پەرتووک و گۆڤارە کوردییەکانی بۆ بکڕیت.. لە سەرەتاوە پەرتووکی وێنەداری رەنگاوڕەنگی ئاسانی بۆ دابین بکە.. هەر پەرتووک و گۆڤارێکیشی خوێندەوە، ستایشی بکە و ، خەڵاتێکی پێشکەش بکە.. خەلاتەکەت هەرزان بەهاش بێ.. دڵخۆشی دەکا.

**جا بۆ ئەوەی منداڵەکانتان، هۆگری خوێندنەوە بکەن و، بیان کەن بە هاوڕێی پەرتووک.. پێویستە رەچاوی کۆمەڵێک زانست و رێنمایی پێویست بکەن، وەک:**

* پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان، ببنە نموونە و لە بەرچاوی منداڵەکانتاندا پەرتووک و گۆڤار و رۆژنامە بخوێننەوە، تا منداڵەکانشیتان چاو لە ئێوە بکەن.

* بە دەنگێکی مامناوەندی و بە رەوانی و بە شێوەیەکی هونەری خۆش و سەرنج راکێش.. پەرتووکی چیرۆک و هۆنراوە و سەرگوزشتە و سەرکیشی بۆ منداڵەکانتان بخوێننەوە..بە تایبەتیش ئێواران پێش نووستن.. کۆمەڵێک پرسیاریش بوروژێنن بۆ ئەوەی منداڵەکانت لە مەبەستی چیرۆک و هۆنراوەکان تێ بگەن.

* لە ماڵەکانتاندا ، ئەگەر کرا لە ژووری منداڵەکانتان پەرتووکخانە دابنێن و بە پەرتووک و گۆڤاری منداڵان بیان ڕازێننەوە.

* پێویستە پەرتووکخانەکانی قوتابخانەکان، بە پەرتووک و گۆڤاری هەمەرەنگەی منداڵان دەوڵەمەند بکرێن و، پەرتووک بدرێت بە منداڵان بیبەنەوە و لە ماڵەوە بیان خوێننەوە.

* پێویستە مامۆستایانی زمانی کوردیمان ، رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە هاندان و رێنمایی کردنی قوتابیان ، بۆ خوودانە خویندنەوەی پەرتووک و گۆڤار.

* پێویستە مامۆستایانی زمانی کوردیمان، فێری منداڵان بکەن کە چۆن هاومانی ئەو وشانەی ماناکانیان نازانن ، لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بیان دۆزنەوە.

* پێویستە منداڵان بە خوێندنەوەی بێ دەنگ رابهێنن.

* ئەو منداڵانەی شەرمنن، پێویستە رایان بهێنن و، لەبەردەم هاوڕێکانیاندا بە دەنگەوە پەرتووک یا هەر بابەتێکی تر بێت بخوێننەوە.. تا شەرمیان بشکێ.

* بێگومان خوێندنەوە، منداڵان زیرەکتر وبلیمەتر دەکات. هەندێ لە منداڵان حەزی خۆدەرخستنیان هەیە لە بەردەم هاوڕێکانیاندا.. نابێ سەرکوتیان بکەن و، رێیان لێ مەگرن.. با ئەوەی دەیانەوێت پەنگ نەخواتەوە و دەری ببڕن.

* منداڵەکانتان لەسەر خێرایی خوێندنەوە رابهێنن.

* منداڵەکانتان رابهێنن، کە لە کاتی خوێندنەوەدا، رەچاوی خاڵبەندییەکانی رێزمان بکەن بۆ نموونە: کە گەیشتنە بۆر(،) کەمی بشوو یا هەناسەیەک بدەن، لە خاڵی کۆتایی رستەشدا (.)، پشوویەکی زیاتر یا هەڵوەستەیەکی لێ بکەن.

* ئەو منـداڵانەی لە خوێنـدنەوەدا لاوازن، نابێـت پەراوێـز بکـرێن.. پێویسـتە چارەسـەر هـۆی لاوازیـان بـکەن و، هۆیەکانی پێشکەوتنیان بۆ دابین بکەن.

* پێویسـتە رەچـاوی ئەوەش بـکەن، لە رووی توانـا و بیـر و زەیـن و بەهـرە و زیـرەکییەوە، جیـاوازی لە نێـوان منداڵاندا هەیە.

* منداڵان رابهێنن، لە مانا و مەبەستی ئەو بابەتانەی دەیان خوێننەو تێ بگەن.

* پێویسـتە منـدالەکانتان بەرن، بـۆ بەشی پـەرتووک و گۆڤـاری منـداڵان لە پـەرتووکخانەی گشتی شـارەکانتان.. هیواداریشین بەشی منداڵان زیاتر گرنگی پێ بدەن و بە پەرتووک و گۆڤاری تازە دەوڵەمەندیان بکەن.

پێنج مانگ بەر لە ئێستا سەردانی پەرتووکخانەی گشتی شاری کەرکوکی خۆشەویستم کرد، داوام لە خاتوو (شـادیە بەکر محەمەد) ی بەڕێوەبەری پـەرتووکخانەکەی گشـتی کەرکوک کرد کە بەشی منـداڵانم پێشـان بـدات.. بەداخەوە بەشی منداڵانیان تەنها بە نـاو بەشـە.. لە سـووچێکی هـۆڵێکی بچـووکی تـاریکـدا، لە سـەر رەفتێکی بەرزدا، چەنـد پەرتووکێکی منداڵان دانرابوون، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەستم کەمتر بوون.. ناویان لێ نـابوون بەشی منداڵان.. بڕوا ناکەم لە مانگێکدا چوار منداڵی کوردمـان روو لەم بەشە بکەن.. بێن چی بخوێننەوە ؟ نیگەران و دڵگران بووم.. خاتوو شادیە ش.. لە بەشی منداڵانیان رازی نەبوو.. گلەیی ئەوەی دەکرد کە وەکو پێویست ئاوڕ لە پەرتووکخانەکەیان نەدراوەتەوە و هاوکاری نەکراون.

داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان دەکەم، کە کۆمەڵێک پـەرتووک و گۆڤـاری کـوردی بـۆ منـداڵان، پێشکەش بە پەرتووکخانەی گشتی شاری کەرکوک بکەن.

هیوادارم کە ببینە هاندەری باشی منداڵەکانمان، بۆ ئەوەی خوو بدەنە خوێندنەوە و ببـنە ئاشـنای پـەرتووکخانە و ببنە هاوڕێی هەمیشەی پەرتووک. وەکو دەڵێن: "فێربوون بە منداڵی، وەک نەخشی سەر بەردە".

۲۷ی فێبریوێری ۲۰۱۲

## کاریگەریی ئینتەرنێت لەسەر منداڵان.

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە کاریگەرییەکانی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵان کرد. لەم بەشەدا، باس لە کاریگەرییە باش و خراپەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە سەر منداڵان دەکەین. کە چ ڕەنگدانەوەیەکییان لەژیانی ئەمڕۆ لە داهاتوویاندا دەبێت.

ئەمڕۆ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دەزگاکانی یارییە هەمەجۆرە ئەلیکترۆنییەکان، بوونەتە دەزگاکانی ماڵان، حەز بکەین و حەز نەکەین، بوونەتە پێویستییەکانی خێزان.. ئاخۆ لە ساڵانی داهاتوودا، دەبێت چ دەزگایەکی سەیر و سەمەرەتر بێنە کایەوە.. بێگومان داهێنان ناوەستی و ئەو شت و دەزگایانەی ئەمڕۆ بەلای ئێمەوە تازە و پەسەند و سەیرن.. لە سبەینێدا دەبنە ئاسایی و باویان نامێنێت و، نەوەی دوای ئێمە پێیان ڕازی نابن.. چونکە ڕۆژگار لە پێشبڕکێیەکی خێرادایە و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانکاری و تازەگەری و جۆرەها داهێنانی تازەتر و سەیرتر و جوانتر لە هەموو بوارەکاندا دەبینین.. مۆدێلی جوانتر و باشتر دروست دەکرێن.. مرۆڤیش بەپێ ئەو ڕۆژگارەی تێیدا دەژێت و ڕادێت و خۆی دەگونجێنێت.. ئەم داهێنان و گۆڕانکاری و تازەگەرییانەش هەر زادەی هزر و بیری مرۆڤ خۆین.. ئەگەر ئەم کێبڕکێ و ململانێیانەش نەبوونایە.. ئەگەر پێویستیمان بە پێویستی زیاتر و شتی باشاتر و تازەتر نەبوایە.. پێش نەدەکەوتین و داهێنان و تازەگەری و گۆڕانکاریش لە ژیانماندا روویان نەدەدا.. ئەم ڕاستییەش دەزانین کە، پێچکەی ڕەوڕەوەی ژیان و پێشکەوتن ناوەستێ و.. هەردەم بۆ پێشەوە دەخولێتەوە.

لە ئەمڕۆدا، ئینتەرنێت بۆتە دەزگایەکی سەرەکی و پێویستییەکی هەموو ماڵان.. شوێنی خۆی لە ناو خێزاندا کردۆتەوە.. گەورە و منداڵ هۆگری بوونە و ڕۆژانە ماوەیەکی زۆر بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەسەر دەبەن.. وای لێ هاتووە لە هەر ماڵێکدا هەر کەسەو ئینتەرنێتی تایبەتیی خۆی هەیە.. مۆدێلی هێندە بچووک و سووک و ئاسانیش دروستکراون، کە دەخرێنە ناو گیرفانەوە و بۆ هەر شوێنێک بڕۆین لەگەڵ خۆماندا دەیبەین و.. هەر کاتێکیش بمانەوێت، دەتوانین بەکاری بهێنین.. ئینتەرنێت یەکێکە لە دەزگا هەرە گرنگەکانی شۆڕشی پیشەسازیی نوێ.

هەموو ئەو ڕۆڵ و مەبەست و خەسڵەتانەی، کە لە دەزگاکانی ڕادیۆ و ڤیدیۆ و تەلەفزۆن و کامیرا و تۆمارکەر و تەلەفۆن و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و لە چەندین دەزگا و ئامێر و داهێنانەکانی تردا هەن.. ئینتەرنێت هەر هەموویانی لە لەخۆیدا کۆکردوونەتەوە.. بۆیە شایانی ئەوەیە کە ئینتەرنێت لەم سەردەمەدا بە شای داهێنانەکان و بە

گرنگترین و بەسوودترین دەزگای پێویستی گەشەگردن و پێشکەوتنی بوارەکانی ژیانمانی بزانین.. بە هۆی ئینتەرنێتەوە بە ئاسانی و بە کەمترین ئەرک و بەکورترین ماوە.. دەتوانین ئەنجام و مەرامێکی گەورە ئەنجام بدەین.. لە کورترین ماوەدا بە دەنگ و ڕەنگەوە پەیوەندی بە هاوڕێ و کەسوکار و کەسانی ترەوە بکەین.. دەتوانین بە خێراترین کات نامە بۆ یەکتری بنێرین و هەر بەو خێراییەش وەڵامەکانیان وەربگرینەوە.. ئینتەرنێت جیهانی بەرینی کردووە بە گوندێک و.. هەر کاتێک بمانەوێت.. بەبێ پاسپۆرت و بەبێ وەرگرتنی ڤیزە دەتوانین بەم جیهانە جەنجاڵەدا، بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆمان گەشت و پەی بکەین و، سەردانی هەر شوێنێک بکەین کە ئارەزوومان لێی بێت. لە ئەمڕۆدا ئینتەرنێت بووە بە قوتابخانەی هەموو قۆناخەکان و، بە مامۆستای پسپۆری هەموو بابەت و بوارەکانی ژیان.. بەبێ چاوسووركردنەوە و زلەلێدان زۆر زانست و زانیاریمان فێردەکات و پێمانی دەبەخشێت.. ئینتەرنێت دەریایەکی بێبنی زانیاری گشتیی هەمەڕەنگەیە.. گرنگترین سەرچاوەی وەرگرتنی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیرییە.. کە بە ئاسانی لە بەردەستی هەموومان دان.. سوودەکانی بە باشی بەکارهێنانی ئینتەرنێت هێندە زۆرن و هێندە هەمەجۆرە و هەمەڕەنگەن کە نایە ژماردن.. بۆیە لەم سەردەمەدا هیچ دەزگایەکی تر نییە خۆی لە شانی ئینتەرنێت بدا و ململانێی لەگەڵدا بکا.. ڕەنگە هەڵەش نەبین کە، دەشێ ئەم سەردەمە بە (سەردەمی ئینتەرنێت) ناوبەرین.

بێگومان هەر ئینتەرنێت بوو، تۆڕی (فەیسبووک) بوو، گەلانی ستەمدیدە و چەوساوە و ماف خوراوی عەرەبی ی خرۆشان و جۆشان.. بۆئەوەی یەکبگرن و ڕاپەڕن و، مافە زەوتکراوەکانیان وەربگرنەوە.. هەر فەیسبووک بوو کە توانی چەند دیکتاتۆرێکی ستەمکار و ملهوڕی عەرەبی ملکەچ بکا و بیان ڕووخێنێ.

بەڵام ئایا دەریای قووڵ و بەرینی ئینتەرنێت، هێمنە و دوور لە مەترسی نییە..؟ هەر کەسێ بیەوێ، دەتوانێت بە ئاسانی و ئاسوودەیی پەی بەم دەریایەدا بکات؟

ئایا گەشت کردنی منداڵان بەم دەریا بێ بنەدا، تا چ ڕادەیەک مەترسیدارە و، نیگەرانمان دەکا و، جێی دڵنیاییمان نییە..؟

گەلێ ڕاو سەرنج و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و تاقیکردنەوەی پراکتیکی ی جیاواز هەن، دەربارەی کاریگەرییە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤییەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن منداڵانەوە.. کە بیر و هۆشی زۆربەی دایکان و باوکان و پەروەردەکاران و خەمخۆرانی منداڵانی دامان و ڕامان کردوون.

حەزەدکەم لە پێشا ئەوە بڵێم ، کە ئینتەرنێت رووەکێک نییە بە سروشتی رووا بێ، یا دەعبایەکی رووح لەبەر نییە لە دەعبایەکی تر زابێ.. ئینتەرنێت دەزگایەکی بێ گیانە و لەلایەن مرۆڤەوە داهێنراوە و دروستکراوە.. مرۆڤ خۆی چۆنی بوێت، بە باشی یا خراپی، بەرنامەڕێژی دەکا.. ئینتەرنێت دەزگایەکی هەستیارە و مرۆڤ خۆی ئەو هەستەی پێ بەخشیوە.. چ بەرنامەیەکی بۆ دارشتووبێ، یا بۆی دابرێژێت.. هەر ئەوەی لە ئەقڵ وبیر دایە.. لەوە زیاتری پێ نییە.. کە واتە رادەی سوودەکان و زیانەکانی ئینتەرنێت لە چۆنییەتی بەرنامەڕێژیی ئەقڵەکەی و، لە چۆنیەتەتی بەکارهێنانی ئەو بەرنامەڕێژییە بۆ دانراوانەی دایە.. کە هەندێک کەس و لایەن، بۆ سوودی گشتی و پێشکەوتن و خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دایان دەرێژن.. کەسان و لایەنی تریش هەن، بۆ سوودی کەسایەتی و مادی و نیاز و مەرامی تایبەتیی خۆیان و، زیان گەیاندن و، لە رێ دەرکردنی مرۆڤ دایان دەڕێژن.. دیسان مرۆڤ ئەوەش بە دەستی خویەتی کە ئاشنای کام بەرنامە و کام ماڵپەڕ و، چ جۆرە بابەتێک بێت.. دەبێت ئەو بزانێت کە کامیان لە خشتەی دەبەن و زیانی پێ دەگەیەنن.. کامانەشیان سوودی پێ دەبەخشن.

منداڵان زیاتر لە گەورەکان هۆگری ئینتەرنێت بوونە و، خۆشی و چێژ و سوودی لێ وەردەگرن.. منداڵان بە ئازادی رۆژانە بۆ ماویەکی زۆرتر لە ماوەی گەورەکان ئینتەرنێت بەکار دەهێنن و.. شتی باش و خراپی لێوە فێردەبن.. سەیری شتی نامۆ و سەیر دەکەن، کە لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا بەدییان نەکردوون و نایکەن.. ئەو شتانەش کە دەیان بینن.. کاریگەریی و رەنگدانەوەی باش و خراپیان لە سەر ژیانی ئەمڕۆ و.. لەسەر ژیان و رەفتاری داهاتووشیان دەبێت..

بە پێ قسە و بەدواداچوونی، هەندێ لایەن و لێکۆڵەوەران، تا ئێستا زیاتر لە سەد هەزار ماڵپەڕ و شوێنی ئاشکرای هەوەسبازیی ناشیرین و هەڵخەڵەتاندن هەیە.. رۆژانەش پێنج سەد ماڵپەڕی ناشیرینی هەوەسبازی تازە دێنە ئاراوە.

هەر بە تۆژینەوەش، ئەوە زانراوە کە منداڵان زیاتر لە گەورەکان خوویان بە بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە گرتووە.. خەریکە کۆنترۆڵ کردنیان ئاسان نەبێ.

ئەی چی بکەین باشە بۆ ئەوەی منداڵەکانمان، بە راستی و دروستی ئینتەرنێت بەکاربهێنن..؟ چۆن وایان لێ بکەین کە لە ماڵپەڕە هەوسبازی و ناشیرینەکان..؟ خۆیان بپارێزن و خۆیان لابدەن..؟ بۆ هێنانەدیی ئەم مەبەستەش تا رادەیەک کلیلی کۆنترۆڵ کردنی منداڵان لە دەستی خێزان دایە.. لەسەر خێزانەکان پێویستە ئەرکی رێنمایی و چاودێری و ئامۆژگاریی کردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆبگرن.

بەکورتی باسی سوودەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێتمان کرد، بە دڵنیاییشەوە هەریەکە لە ئێوەی خوێنەریش، هەموو ئەو سوودە زۆر و زەبەندانە دەزانن کە ئینتەرنێت پێمان دەبخشێ کە چین.. بەڵام وەکو وتمان بە خراپی بەکارهێنانی ئینتەرنێت زیانمان پێ دەگەیەنێت.. فێربوونی ئاگر کردنەوە گەورەترین شت بوو لە ژیانی مرۆڤدا.. تا ئەمڕۆ و داهاتووش ئاگر گەورەترین دەسکەوت و هۆیەکی زۆر گرنگی پێشکەوتنمانە .. بەڵام هەر ئەم نیعمەتە، ئەگەر هاتو بە خراپی بەکاری بهێنین.. دەمان سووتێنێ و دەمان کوژێت.

زۆر بە کورتی هەندێک لە کاریگەرییەکان و زیانەکانی خووگرتنی منداڵان لە بە خراپی و نادروستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت باس دەکەین.. لەگەڵ هەندێ ڕێنمایی بەسوود بۆ سنووردارکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن منداڵانەوە.

هیوادارین دایکان و باوکان و پەروەردەکاران سوودیان لێ وەربگرن:

* ئەمڕۆ زۆر کەس هەن ناوی راستی خۆیان لە ئینتەرنێتدا نادەن و.. لەژێر ناوێکی خوازراودا پەیوەندی بە کاسانێکی ترەوە دەکەن وخۆیانیان پێ دەناسێنن.

لەوانەیە ئەم ناوە خوزراوانە گوزارشت لە ناخی راستیی ئەو کەسانە نەکەن.. بۆ مەبەستێکی تایبەتی و شاراوە و لە خشتەبردن ئەم ناوە خوازراوانە بەکاربهێنن.

بۆیە پێویستە هۆشیاری بە منداڵان بدەین.. کە نابێت بەبێ پرسی دایک و باوکیان لەگەڵ کەسانێکی نەناسراودا پەیوەندی بکەن و خۆیانیان بۆ ئاشکرا بکەن.

* خووپێوەگرتنی ڕۆژانەی منداڵان بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بۆ ماوەیەکی درێژ.. دەبێتە خوویەکی دەق گرتوو و ناتوانن وازی لێ بهێنن.. ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنیان لە خوێندندا.. تووشی لەشقورسی و سستی و گۆشەگیری دەبن. ئەوەش راست نییە، کە بەکارهێنانی ئینتەرنێتان لێ قەدەغە بکەین و، بڤە بێت لایان.. چونکە لەوانەیە بە بیانوویەکی دروستکراوەوە لە ماڵ بچنە دەرەوە و لە شوێنێکی تری وەکو چایخانە و قاوەخانە و کتێبخانەی گشتی یا لە هەر شوێنێکی تردا بێت بەکاری بهێنن.. بۆیە باشتر وایە ڕێیان لێ نەگرین لە ماڵەوە بەکاری بهێنن، بەڵام بۆ ماوەیەکی سنوردار و لەژێر چاودێریدا بن.. بۆ ئەوەی ماڵپەڕی ناشیرین و زیانبەخش نەکەنەوە..، ئەو سایت و

ماڵپەڕانە بەسەرکەنەوە و، ئەو بابەتانە بخوێننەوە و، گوێ لەو بابەتانە بگرن.. کە سوودیان پێ دەبەخشن و ئاسۆی زانست و زانیاری و رۆشنبیری گشتییان فراوانتر دەکەن و، بیر و هزریان بە بابەتی سوودبەخشی نوێ زاخاو دەدەن.

* پێویستە دایک و باوک یا خوشک و برای گەورە، لە چۆنییەتی بە کارهێنانی ئینتەرنێتدا نابەڵەد نەبن.. تا بتوانن کۆنترۆڵی سایت و ماڵپەڕە ناشیرینەکان بکەن یا فیلتەریان بۆ دابنێن و منداڵەکانیان نەتوانن پەیان پێ بەرن.. بە راشکاویش بە منداڵەکانیان بڵێن کە نابێت هێڵی سوور ببەزێنن.. با ئەو ترسەشیان لە دڵدا بێت کە لەژێر چاودێری دان و، کۆنترۆڵی ئەو بابەتانەیان دەکەن کە دەیان کەنەوە.

* پیویستە خێزان و قوتابخانە هەوڵی رۆشنبیری کردنی منداڵان بدەن.. رێنمایی و ئامۆژگاری پێویستیان بکەن.. فێری بە باشی و راستی و دروستی بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان بکەن.. تا جێی دڵنیایی و متمانەیان بن و.. تا منداڵان خۆشیان هەست بە سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بکەن و.. بەبێ چاودێری کردن خۆیان چاودێربن بەسەر خۆیانەوە.. خۆشیان خۆیان لە سایت و، لە سەیرکردنی شتە ناشیرین و زیان بەخشەکان لابدەن.

* هەندێ سایت و ماڵپەر و شوێن هەن کاریگەری خراپیان لەسەر رەوشتی منداڵان دەبێت.. بۆ نموونە کە سەیری یاری(قومارکرن) دەکەن، یان کارێکی گزی و دزی دەبینن.. دەشی لاسایی قومارکەرەکان یان گزیکەر و دزەکان بکەنەوە و، فێری ئەم کارە زیان بەخشانە ببن.. بۆیە پێویستە خێزانەکان ئەم راستییە بە هەن وەربگرن و، نەهێڵن منداڵەکانیان ئەو شوێنانە بکەنەوە.

* سەیرکردنی فیلم و درامای شەڕ و توند و تیژی و سەرکێشی و چەقاوەسوویی رەنگدانەوەیان لە ژیانی منداڵاندا دەبێت.. رەنگە لاسایی پاڵەوان و ئەکتەرەکانی ئەو فیلم و درامایانە بکەنەوە و.. ئەمیش چەقاوەسوو و شەڕانگێز و توندوتیژی لێ دەرچێت.. بۆیە نابێت بهێڵین سەیری ئەم جۆرە فیلم و ئەڵقە درامایانە بکەن.

* پێویستە خێزان پێویستییەکانی یاری کردن و وەرزش کردن بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن و، هانیان بدەن کە بەهرە و گوڕوتین و تواناکانی خۆیان لە چالاکییە وەرزشییەکانیاندا دەربخەن.. چونکە بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت.. منداڵان سڕ و وڕ و سست و گۆشەگیر دەبن.. پەیوەندییەکانی خێزانی و هاوڕێتی و کۆمەڵایەتییان بێ هێز دەبێت.

* سایته هەوەسبازییە ناشیرینەكان، كاریگەریی خراپیان لەسەر رەوشتی منداڵان دەبێت.. حەز و ئارەزووی رەگەزییان زووتر دەخرووشێنن.. لەوانەیە تووشی كاری ناشیرین و هەڵە ببن.. بۆیە پێویستە چاودێری و ئامۆژگارییان بكەین، تا سەردانی ئەو ماڵپەڕ و شوێنانە نەكەن، كە رەفتاری ناشیرین و قێزەوەن و زیان بەخش پێشان دەدەن.

* پسپۆران و شارەزایانی بواری تەندروستی.. ئاگادارمان دەكەنەوە، كە رێ بە منداڵان نەدەین، رۆژانە بۆ ماوەیەكی زۆر ئینتەرنێت بەكاربهێنن و، ببێتە خوویەكی دەق گرتوویان.. ئەگەر بێتو كورسییەكانی دانیشتنیان و مێزەكانی داتاكانیان گونجاو نەبن و ناڕەحەتیان بكەن، هێندەی تر ئازار و زیان بەچەستەیان دەگەیەنێنن.. بەتایبەتیش تووشی پشت ئێشە و كووڕیان دەكەن.. مەترسی ئەوەشیان لێ دەكرێت، كە تووشی گۆجی و ئیفلیجی و سەقەتی و سەرئێشە و كورتبینین ببن و شان وملیان رەق ببن.. بە هۆی نەجووڵانیشەوە تووشی قەڵەوی ببن.

ئەم شارەزایانە دەڵێن، لە بەریتانیادا ژمارەیەكی زۆری منداڵان بە هۆی ناڕێكی و ماوەی زۆر بەكارهێنانی ئینتەرنێتەوە. تووشی لەش شێواندن و گۆج بوون بوونە و، رێژەی تووشبووانێش لە زیاد بووندایە و، وڵاتانی تریشی گرتۆتەوە.. مەترسی ئەوەشیان هەیە، كە ببێت بە كێشەیەكی جیهانی.

بۆیە پێویستە ماوەی بەكارهێنانی ئینتەرنێت بۆ منداڵان سنووردار بكرێت.. كورسی و مێزەكانیشیان گونجا و ئیسراحەتبەخشبن.. بە تایبەتیش لە خوێندگاكاندا دەبێت كورسی و مێزەكان لەگەڵ تەمەن و باڵای منداڵانی هەر پۆلێكدا بگونجێن.. بەداخەوە تا ئێستا خوێندنگاكان، رەچاوی ئەمەیان نەكردووە و، بۆ گەورە و منداڵان هەر هەمان كورسی و مێزن.

* زۆربەی دەوڵەتان بۆ پاراستنی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت، چاودێری ماڵپەڕ و سایت و شوێنە زیان بەخشەكانی ئینتەرنێت دەكەن و، فیلتەریان بۆ دادەنێن.. بەڵام ئەوە ئەستەمیشە، كە بتوانن سانسۆر و كۆنترۆڵی ئەو هەموو سایت و شوێن و ماڵپەڕە ژمارە زۆرانە بكەن، كە نایەنە ژماردن.

**٢١ی ئەپریلی ٢٠١٢**

## کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵان.

لە ئەمڕۆدا، لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بەرینەدا. تەلەفزیۆن بۆتە دەزگایەکی سەرەکیی هەموو ماڵان.. کە تێکڕای ئەندامانی خێزانەکان ئالوودەی بوونە و، بە دەنگ و رەنگ و جووڵە، سەرنجی گەورەکان و منداڵانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. زۆربەی داناکان تەلەفزیۆن بە شاکارترین داهێنانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەزانن و، بە هۆیەکی زۆر گرنگی فێرکردن و وەرگرتنی زانست و زانیاری هەمەرەنگە و فراوانکردنی ئاسۆی روشنبیری گشتی و، دانەبڕان لە شارستانی و لە پێشکەوتن دادەنێن.. ئەوە زۆر ئەستەمە کە تەلەفزیۆن لە ماڵاندا نەبێ یا دووربخرێتەوە.. لە ماڵانی پارەدار و هەبوودا، سێ تا پێنج دەزگای تەلەفزیۆن هەیە.. لە هۆڵی میوان ، لە ژوورەکانی نووستندا، لە چێشتخانەدا، لە ژووری کتێبخانە و خوێندنەوەدا.

ئەگەرچی کۆمەڵێک دەزگا و داهێنانی تر هاتوونەتە کایەوە و، ململانێ لەگەڵ تەلەفزیۆندا دەکەن.. لەوانە ئینتەرنێت و، یارییە ئەلیکترۆنییەکانن.. بە تایبەتیش ئینتەرنێت، کە خەریکە پێشی تەلەفزیۆن بکەوێت.. ئینتەرنێت دنیایەکی بەرین و ئاسۆ فراوانی بێ بنی زانست و زانیاری هەموو بوارەکانی ژیانی لە خۆگرتووە. جیهانی مەزنی کردووە بە گوندێک و بەئاسانی دەتوانین تێیدا پەی بکەین و، ئارەزووشمان لەچی بێ لێی وەربگرین و، چیشمان بوێ پێی ببەخشین.. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا تەلەفزیۆن بایەخ و کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە. رۆژانە کاتێکی زۆرمان بە سەیرکردنی بەرنامەکان و هەواڵەکان و بابەتە هەمەجۆرەکانی تری تەلەفزیۆن بەسەر دەبەین.

ئایا تەلەفزیۆن تا چ رادەیەک کاریگەریی لەسەر منداڵان هەیە ؟ لەسەر ژیان و رەفتار و هەڵسوکەوت و گەشەکردنی هۆش و گۆش و بیر و زەین و، تەندروستی و باری دەروونی و خوو و رەوشت و، ئاستی فێربوونی لە قوتابخانە و، پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەی و تێکەڵ بوونی بەکۆمەڵگاکەی دەبێ؟ ئەی چ رەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی لە ژیانی ئەمڕۆ و لە داهاتوی منداڵاندا دەبێت.. ؟

پێش ئەوەی بێنە سەر وەڵامی ئەو پرسیارانە. پێویستە دان بەم راستییەدا بنێین، کە نە ئەمڕۆ دوێنێ یە و، نە منداڵانی ئەمڕۆش وەکو منداڵانی دوێنێن.. ناشکرێت لە هەموو لایەکەوە بەربەست لە بەردەم منداڵاندا دابنێین و،

لە خۆشی و چێژی داهێنانە سەیر و سەمەرەکانی ئەمڕۆ بێ بەشیان بکەین.. منداڵانیش خاوەنی هەست و نەستن دەیانەوێت بزانن چی هەیە و چی نییە ؟ بێ ئەوەی کە گوێ بە ئەوە بدەن ئەم شتە - بڤە - یە، ئارەزووی تاقیکردنەوەی هەموو شتێکیان هەیە. مەبەستیشم ئەوە نییە بەجاری بەرەڵایان بکەین و، ڕێنمایی و چاودێریان نەکین و بیان دەینە دەستی قەزا و قەدەر و، چارەنووسێکی نادیار.

ئەمڕۆ بەشێکی زۆری دایکان و باوکان داد و بێدادیانە لە تەلەفزیۆن. راماون و نازانن چی بکەن.. چونکە خەریکە کۆنترۆڵی منداڵەکانیان لەدەست بدەن .. گلەیی ئەوەیان هەیە، کە منداڵەکانیان رۆژانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەردەم تەلەفزیۆن یا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دەزگاکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکاندا دادەنیشن.. تەنانەت بۆ نان و ئاوخواردنەوە و نووستنیش بە زۆر هەڵیان دەستێنن.. خولیای یاری کردن و وەرزش و چوست و چالاکییان کزبووە و، ئەرکەکانی قوتابخانەشان جێبەجێ ناکەن و لە خوێندنیشدا دواکەتوون و، پەیوەندی هاوڕێتی و پەیوەندی نێوان خێزانیشیان سارد و سڕبووە.. ترسی دایکان و باوکان لەجێی خۆیدایە.

لێکۆڵەرەوان و دەروونناسان و پزیشکانی منداڵان و پسپۆر و شارەزایانی بواری پەروەردەی منداڵان.. تا رادەیەکی زۆر هەموویان لە را و بیر و بۆچوونەکانیاندا دەربارەی سوودەکان و زیانەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن و کاریگەریی لەسەر منداڵاندا.. هاوڕان و لە یەکەوە نزیکن.. هەندێ لەم لێکۆڵەرەوانە بە مەیدانی و پراکتیکی، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام داون.. بە زمانی ژمارە دەدوێن.

بەشێک لە زاناکان پێیان وایە کە تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی زۆر قووڵی باش و خراپی لەسەر منداڵاندا هەیە، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە تا دەبێتە مرۆڤێکی هەستیار و هۆشیار.. ئەم کاریگەرییەش بەپێی قۆناغەکانی منداڵی، لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە.

بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دانیشتنی رۆژانەی منداڵان لە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆندا بۆ ماوەیەکی زۆر دووچاری سۆزکزی و هەست لاوازیان دەکات و، پەیوەندی خیزانییان سارد و سڕ دەکا و، گۆشەگیر دەبن و پەیوەندی هاوڕێتیشیان لاواز دەبێت.

لەم رووەوە پرۆفیسۆر (گلین سپارکس) پسپۆر لە زانستی پەیوەندییەکان لە زانکۆی (بروود) لە هەرێمی ئەندیانا

لەئەمریکادا دەڵێت: "خووگرتنی خەڵکی بە سەیرکرنی تەلەفزیۆنەوە، زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێ.. بوار بۆ هاوڕێ گرتنی تازە ناهێڵێتەوە.. کە لە ژوورێکدا دادەنیشن و هەموو سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.. زۆر کەم دەدوێن و، تەنانەت سەیری رووخساری یەکتریش ناکەن.. لە جیاتی ئەو ماوە درێژەی کە بە دیاری تەلەفزیۆنەوە شەوارە دەگرن.. لە ماڵ دەربچن و بەپێ پیاسە بکەن یا وەرزش بکەن.. یا پێکەوە دابنیشن و پلانی داهاتوویان دابنێن.. گەلێ لە فیلم و ئەڵقە دراماییەکان ژەهراوین و، فاکتەرن بۆ لاوازکردنی پەیوەندیی خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.. گۆشەگیری دروست دەکەن و، سۆز و هەست و گوێدێری و رێزی منداڵان بۆ دایک و باوکیان لاواز دەکەن... "

بێجگە لەو زیانانەی کە پرۆفیسۆر سپارکس باسی لێ کردوون.. زۆر دانیشتنی منداڵان لە بەردەم تەلەفزیۆندا.. لەگەلێ رووی ترەوە زیان بە منداڵان دەگەیەنێت.

لە رووی تەندوستی یەوە (تووشی کورت بینین دەبێت، قەڵە و تەمەڵ و کەم جووڵە دەبێت، هەست بە ئازاری پشت و ملی دەکات، تووشی سەرئێشە دەبێت..) لە رووی دەروونی یەوە تووشی (گۆشەگیری دەبێت، توڕە و جیکڵدانە تەنگ دەبێت، پەیوەندی خێزانی و هاوڕێتی و کۆمەڵایەتی کاڵ دەبێتەوە، توندڕەو و توندوتیژ و خۆپەرست دەبێت، لە خۆبایی و سەرکێش دەبێت، کەلەڕەق و لاسار و چەقاوەسوو و شەراگێز دەبێت، ئازاری هاوڕێکانی دەدات...) لە رووی رەوشتیشەوە دیمەنی فیلمەکان (زووتر چێژ و حەزی جینسیان دەخرۆشێنن، دوور نییە کە تووشی خۆشەویستییەکی کاڵی زوو وەخت ببن و، پەیوەندی نەشیاو و رەفتاری سەقەتیان لێ بووەشێتەوە...).

بەڵام لە راستیدا سوودەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن منداڵانەوە زیاترن لە زیانەکانی، بە مەرجێ ماوەی سنووری دیاری کراو نەبەزێنن و، لە ژێر چاودێری و رێنماییدا سەیری بەرنامە و بابەت و فیلمە پەروەردەیی و بنیاتنەرەکان بکەن. پزیشکانی منداڵانیش، بە تاقیکردنەوە ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتووە.. کە لە کاتی پشکنینی منداڵاندا، بۆ نموونە وەکو خوێن وەرگرتن لێیان، ئەگەر لەم ساتەدا منداڵان سەیری تەلەفزیۆن بکەن، کەمتر هەست بە ئێش و ئازار دەکەن.

تیپێکی لێکۆڵەرەوان بە سەرۆکایەتی (ئالمی گوردان) لە مەڵبەندی(ئینێرک) لە هەرێمی (ڤیلادیلڤیا) لە ئەمریکادا.. تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر (١٨٠) منداڵ ئەنجامدا، کە تەمەنیان لە نێوان (٦ - ١٣)ساڵان بوون..

زۆربەیان رۆژانە بۆ ماوەی (سێ کاژمێر) سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.. کاتژمێرێکی زیاترە لەکاتی رێپێدراو.. پەیمانگای پزیشکی ئەمریکی بۆ منداڵان. تەنها دوو کاتژمێری دیاری کردووە بۆ منداڵان کە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بکەن.

*بۆ کەم کردنەوەی ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لە لایەن منداڵانەوە.. هیوادارم دایکان و باوکان سوود لەم رێنماییانە وەربگرن:*

* سنووردارکردنی ماوەیەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆ منداڵان.

* کە ئارەزووی سەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبێت، پێویست ناکات هەڵبکرێت.

* نابێت دەزگای تەلەفزیۆن لە ژووری منداڵاندا دابنرێن.

* کورتکردنەوە و سنووردیاری کردنی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، لە ماوەی رۆژانی خوێندندا.

* نابێت تەلەفزیۆن لە چێشخانەدا دابنرێت.. بۆ ئەوەی نانخواردن و سەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبێت بە خوویەکی دەق گرتوو.

* پێویستە چەند دەزگا و کەرەستە و ئامێرێکی تر بۆ منداڵان لە ماڵاندا دابین بکرێن، تا منداڵان پێیانەوە بخافڵێن و.. لە تەلەفزیۆن دوور بکەونەوە.

* فێرکردنی منداڵان بۆ ئەوەی لە دوورەوە سەیری تەلەفزیۆن بکەن.. تا زیان بە چاوەکانیان نەگەیەنێت.

* نابێت رێ بە منداڵان بدرێت بە ئارەزووی خۆیان تەلەفزیۆن بکەنەوە و.. بە ئارەزووی خۆشیان سەیری ئەو بەرنامە و درامایانە بکەن کە بۆ ئەوان ناشێن.

* دایک یا باوک لەگەڵ منداڵەکانیاندا دابنیشن و، پێکەوە سەیری تەلەفزیۆن بکەن و، مەبەستەکانی بەرنامە و فیلمەکانیان بە جوانی بۆ شیبکەنەوە و، وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە.

* لە یەک دەزگای تەلەفزیۆن زیاتر لە ماڵدا دانەنرێت.

* پێویستە ماوەی بەرنامەکانی منداڵان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانماندا، لەژێر چاودێری کەسانێکی پسپۆر و شارەزایانی پەروەردەی منداڵاندا بن.. ئەو بابەت و بەرنامانە و فیلمانەی پێشانیان دەدرێن.. پەروەردەیی و سوودبەخش بن.

* پێویستە هانی منداڵان بدەین بۆ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان.. تا لە ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆنیان کەمتر بکەینەوە.

* پێویستە هانی منداڵان بدەین کە خوو بدەنە وێنەکێشان، یا فێربوونی ئامێرێکی موزیک، تا لە ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆنیان کەمتر بکەینەوە.

* هانیان بدەین بۆ یاری و وەرزش کردن و چۆست و چالاکی.. تا بۆ ماوەیەک لە تەلەفزیۆن دوور بکەونەوە.

* پێویستە، جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیان، بکەین بە مەرجێک بۆ ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

* کە منداڵان پێبەندبوون بە رێنماییەکان و، ماوەی دیاری کراوی سەیرکرنی تەلەفزیۆن و، سەرپێچی نەکەن.. پێویستە خەڵات بکرێن و دیاریان پێشکەش بکەین، ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ زیاتر رێزگرتن لە رێنماییەکان.

شایانی باسیشە کە، تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دەزگاکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و موبایل و... هتد، لەوە زیاتر نین کە، هەریەکەیان دەزگایەکی تەکنەلۆژیای دروستکراون و، دەستەمۆی ئادەمیزادن.. کۆنترۆڵەکانیان لە دەستی خودی مرۆڤ خویدایە، کەواتە سوودەکانیان یا زیانەکانیان لە چۆنییەتی بەکارهێنانیانیان دایە.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٢

---

## وشەی ناشیرین و ناشایستە بە منداڵەکانتان مەڵێن.

منداڵە چاوگەشەکانمان.. جگەرگۆشە ناسک و جوانکیلەکانمان.. نەوەی ئەمرۆ و هیوای داهاتووی کوردستانی شیرینمانن.. داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر و خۆشتر.. ژیانێکی لەبارتر بۆ کورد و کوردستان.. لە بایەخدانمان بە گۆشکردن و پەروەردەکردن و رێنمایی و ئاراستەکردنی راست و دروستی منداڵەکانی ئەمرۆماندا دێنەدی.. گۆڕانی بنەڕەتی و چاکسازی و تازەگەری و چاندنی تۆی برایەتی و تەبایی و ئاشتی و ئاسوودەیی و.. رێزگرتن و پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵ کردن و.. بنبڕکردنی گەندەڵی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و... لە پەروەردەکردنێکی راست و دروستی هاوچەرخی منداڵانەوە دەست پێ دەکا.

پەروەردەکردنی راست و دروستی منداڵان، ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆی هەموومانە.. بە تایبەتیش دایک ئەرک و رۆڵێکی باڵا و کاریگەری لە بە جوانی پەروەردەکردنی منداڵدا هەیە.. نکووڵی لەم راستییەش ناکرێ، کە

منداڵ بە منداڵی سۆز و خۆشەویستییەکی زیاتری بۆ دایکی هەیە.. لە ئامێزی پیرۆزی دایکیدا چاو هەڵدێنێ و ژێردەبێتەوە و ئارام دەگرێ و پێ دەکەنێ و خەو دەیباتەوە.. منداڵ بەر لە هەموو کەسێکیش رەنگ و دەنگی دایکی شیرین و میهرەبانی دەناسێ.. بە زۆریش قسەکانی دایکی لە گوێ دەگرێ.. بۆیە رۆڵی دایک لە پەروەردەکردندا لە رۆڵی باوک و مامۆستا گرنگترە.. دایک بە یەکەمین مامۆستای منداڵ دەزانرێ.

لەم پێوەندیەوە، ئەوە دەزانین کە ئەرکی دایک ئەرکێکی قورس و زۆر هەستیار و کاریگەرە و.. رەنگدانەوەی لە ژیان و رەفتاری ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵدا هەیە.. تا دایک زیاتر هەست بەم ئەرک و بەرپرسییەتە گرنگەی ئەستۆی خۆی بکات.. زیاتر بە تەنگ داهاتووی منداڵەکەیەوە دێ.. بە پێچەوانەشەوە هەست نەکردن و نابەڵەدی دایک لە بە باشی پەروەنەکردنی منداڵ و بە سەقەتی پێ گەیاندنی، زیانێکی زۆر بە ئەمڕۆ و داهاتووی تاک و کۆی گەلەکەمان دەگەیەنێت. لەم ئەنجامە نەخوازراوەشدا، دایکانی بێ ئاگا و بێ ئەزموون و نەشارەزایانی بواری پەروەدەکردن و دەروونناسی منداڵان، پشکی شێری زیانیان بەردەکەوێت.

*پەروەردەکارێک دەڵێ: "پەروەردەکەرێکی سەرکەوتووم بدەنێ.. گەلێکی شارستانی و پێ گەیشتووتان دەدەمێ"*

دایکانی دڵسۆز، داواتان لێ دەکەین کە ئەو راستییانەی سەرەوە لە بەرچاو بگرن و ئەوە بزانن، کە رۆڵی ئێوەی دایک چەند گرنگ و هەستیار و کاریگەرە لەسەر منداڵەکانتان.. بەشێکی زۆری شانازییەکان بۆ ئێوە دەگرێنەوە.. لە پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستی سوودبەخش و خێردەرەوە.

دایکی خۆشەویست تکات لێ دەکەین.. وشە و رستەی ناشیرین و سووک و چرووک و ناشایستە بە منداڵەکەت مەڵێ.. ئەگەر بە گاڵتەشەوە بێ جوێنی پێ مەدە.. هیوادارم سوود لەم رێنماییانە وەربگری و، ئەم وشە و دەستەواژە و رستە زیان بەخشانە بە منداڵەکەت نەڵێی و هەستی نەڕووشێنی:

***یەکەم:*** لە کاتی تووڕەبوونت لە منداڵەکەت.. نابێ پێی بڵێی تۆ (گەمژەی).. چەند جارێک دووبارەکردنەوەی ئەم وشەیە.. منداڵەکەت بڕوا دەکات کە ئەو بە راستی گەمژەیە و، لە بەردەم هاوڕێکانی و کەسوکاردا، هەست بە کەموکوڕی دەکات.

***دووەم:*** (جوێندان و قسەی سووک) - ئەگەر بە سوعبەتیشەوە بێت - شتێکی ناشیرین و ناشارستانییە.. ناشبێ دایک و باوک جوێن و قسەی زەقی ناشیرین بە یەکتری بڵێن.. بە زۆری ئەو کەسانەی جوێندەرن، بە منداڵی ئەو جوێنانەیان لەماڵەوە پێداون، یان لە هاوڕێ و خەڵکی ترەوە گوێی لەو جوێنە قێزەوەنانە بووە.

***سێیەم:*** بە منداڵەکەت مەڵێ (تۆ دەبێ گوێدێری لە خۆت گەورەتر بیت) و نابێت بە قسەی گەورەکان نەکەیت، یا سەرپێچی بکەیت.. ئەگەر منداڵ وا رابهێنرێت کە هەمیشە کڕنۆش بۆ لە خۆی گەورەتر ببات و.. بە قسە نەکردنیان بێ ڕێزی و هەڵە و تاوان بێت.. ئەو منداڵە دەبێتە نێچیرێکی ئاسان، بۆ ئەو کەسانەی کە لەو گەورەترن و ، دەیانەوێ لە خشتەی بەرن و بە ئاسانی هەڵێ بخەڵەتێنن.

***چوارەم:*** بە منداڵەکەت مەڵێ (تۆ تەمەڵی).. ئەم رستەیە وا لە منداڵەکەت دەکا کە بڕوای بە خۆی نەبێ و، خۆی بخاتە باوەشی بێ ئومێدییەوە و.. هەوڵ نەدات.

***پێنجەم:*** لە کاتی تووڕەبووندا بە منداڵەکەت مەڵی (بریا تۆم نەبووایە) یان (خۆزگە سەگێک بوویتایە) یا (خۆزگە بمردیتایە) یا ئەگەر کوڕ بێت (خۆزگە کچێک بوویتایە) یا (خۆزگە هەر وجاخم کوێر بووایە) یا وشەو و رستەی تری لەم بابەتانە.. ئەم جۆرە رستانە داخ دەخاتە دڵی منداڵەکەتەوە و.. رقی لە خۆی دەبێتەوە.. تا ئێستا گەلێ منداڵ و مێردمنداڵ لەئەنجامی پێ وتنی ئەم جۆرە قسە سووک و ناخۆشانەدا، هەوڵی خۆلەناوبردنیان داوە.

***شەشەم:*** منەت بە سەر منداڵەکەتدا مەکە و پێی مەڵێ (من چیم بۆ نەکردووی) یا (من ژیانی خۆم لە پێناوی تۆدا دانا) یا (ئەگەر تۆ نەبوویتایە ژیانی ئێمە خۆشتر دەبوو) یا (تۆ ژیانت لێ تاڵ کردووین) یا هەر قسەیەک لەم جۆرە قسە زەق و ناشایستانە.. خۆ منداڵان داوای لە دایک بوونیان نەکردووە.. ڕووەکی سروشتیش نین کە لە زەویدا شین ببن.. بەخێوکردن و قوربانی دانی دایک و باوک ئەرکێکی پیویستە و.. ئەم ئەرکەش لە هەموو گیانەوەرەکاندا هەیە.. کە تا ئەو کاتەی بێچووەکانیان لە خەم دەرەخسێنن و، پشت بە خۆیان دەبەستن.. بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان ئەرکێکی پێویستی ئەستۆیانە.. چونکە بە ئارەزووی خۆیان ئەم منداڵ و بێچووانەیان هێناوەتە ژیانەوە.. کورد وتەنیش: *" دنیا وا هاتووە و وەهاش دەڕوات "*

***حەوتەم:*** نابێ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە منداڵەکەت لێت دەپرسێ، بە زۆری وشەی (نا) یا (نەخێر) یا (نازانم) بەکاربهێنی.. ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانیشت نەزانی خۆت بە نەزان دامەنێ و ، هەوڵ بدە بە شێوەیەکی تر قەناعەتی پێ بکەی بو نموونە: ***بە منداڵەکەت بڵێ ( من بزانم ئاوهایە...) یا ( بە بۆچوونی من....).. ئەم رستانە باشترە لەوەی کە بە (نازانم ، نەخێر، نا) وەڵامی بدەیتەوە.***

***هەشتەم:*** هیچ (جیاوازییەک لە نێوان کوڕەکەت و کچەکەتدا مەکە).. بە چاوێکی یەکسانییەوە لە هەردووکیان بڕوانە و، سۆز و خۆشەویستیشت بۆیان وەک و یەک بێ و.. لە دابینکردن و کڕینی پێویستییەکانیشیان بە هەمان شێوە.

***نۆیەم:*** بە منداڵەکەت مەڵێ (درۆدەکەی) یا (تۆ درۆزنی) ئەگەر قسەکەشی درۆش بێ.. لە هۆی درۆکردنەکەی بکۆڵەرەوە و، بە شێوەیەکی گونجا و بۆێ راست بکەرەوە.. بۆ نموونە پێی بڵێ من بزانم وایە ئەی تۆ دەڵێی چی ؟ دەشتوانی چیرۆکێکی لە بارەی زیانی درۆوە بۆ بگێڕیتەوە.. بۆ نموونە چیرۆکی (شوانێکی درۆزن و گورگێک) یا خۆت دەتوانی چیرۆکێکی سادەی ئاسانی لەم رووەوە بۆ هەڵبەستی و بۆی بگێڕیتەوە.. تا بە راستگۆیی رای بهێنیت.

***دەیەم:*** بە منداڵەکەت مەڵێ (خۆ کوێر نی) یا (کەڕ نی) یا (لاڵ نی) یا(خۆت کەرمەکە) یا (خۆت شێت مەکە) یا (خۆت ناشیرین مەکە) یا هەر دەستەواژە و رستەیەکی لەم جۆرە..

***یانزەیەم:*** ناو و ناتورەی ناشیرین لە منداڵەکەت مەنێ و قبووڵیش مەکە کەس بە ناوێکی ناشیرین و سووکەوە ناوی بەرێ بۆ نموونە: ***(فلانە... کەر) یا (فلانە... شێت) یا (فلانە... شەل) یا (فلانە... سەرپان).. چونکە ئەم جۆرە ناوانە دەبنە هۆی گرێی دەروونی و شەرمەزاری و تەریقی بۆ منداڵان.***

***دوانزەیەم:*** بە منداڵەکەت مەڵێ (دەتکوژم) یا ( باوکت بێتەوە دەبێ بتکوژێت)، چەند جارێک ئەم هەڕەشەیە دووبارە بێتەوە.. دەزانێ ئەم قسەیەت سواوە و تۆ نایکوژی و.. قسەکەت بە درۆ وەردەگرێت.

***سێنزەیەم:*** گوێ لە راز و قسەی منداڵەکەت بگرە و.. قسەکەی پێ مەبڕە و، پێی مەڵێ (بەسە... بیبڕەوە) یا (دەمت داخە).

**چواردەیەم:** بڕوا بە منداڵەکەت بکە و هێندە بە گومان مەبە لێی و.. مەڵێ (سوێندم بۆ بخۆ).. ناچاری مەکە بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنی پەنا بۆ سوێندی درۆ بەرێ.

**پانزەیەم:** پێی مەڵێ (تۆ خوێڕیت) و (فڵانە منداڵێشت تیا نابێ) یا (خوا بتکات بە قوربانی فڵانە منداڵ).. ئەم وشە و رستانە وای لێ دەکات کە ڕقی لەو منداڵانە ببێتەوە کە تۆ ناویان دەبەیت و، بە لەو باشتریان دەزانیت.

لە کۆتاییدا دەڵێین، منداڵ لە ماڵێکدا بە راستی و دروستی و باشی پێ دەگا و، دەبێتە مرۆڤێکی بەسوود و بەخشندەی داهاتوو.. کە باوک مێچی ماڵەکە بێت و دایکیش دڵ و کۆڵەگەی ماڵەکە بێت.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## منداڵی شەرمن و گۆشەگیر.



منداڵ یەکەمین خشتی بنیاتنانی مرۆڤی پێشکەوتووی داهاتووە.. هەر ئەم منداڵە روحسووک و دڵپاک و چاوگەشانەی ئەمڕۆمانن.. کە لە داهاتوودا دەبنە رابەر و بەڕێوەبەر و سەرکردەکانی گەلەکەمان.. ئەگەر بە شێوەیەکی راست و دروست پەروەردە و رێنمایی و ئاراستەیان بکەین.. ئەگەر پێداویستییەکانی پێشکەوتنیان بۆ دابین بکەین.. زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی بەهرە و توانا و ، بۆ حەز و ئارەزووەکانیان برەخسێنن.. ئەگەر پاڵپشت و هاندەریان بین.. ئەگەر دوور لە کولتووری زەبر و توندوتیژی و چاوسوورکردنەوە، بە هێمنی و بە زمانێکی نەرم و شیرین لەگەڵیاندا بدوێین و.. بە شێوەیەکی راست و دروستی پەروەردەیی و زانستی رەفتار و

مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.. بێگومان نەوەیەکی بەهێز و دروستیان لێدێتە کایەوە.. کە متمانە و باوەڕیان بە خۆیان دەبێت و، لە ئاستی بەرپرسێتی و بەڕیوەبردن و سەرکردایەتیدا دەبن.. دەبنە نەوەیەکی هۆشیار و زرنگ و پێشکەوتووخواز.. کە توانای داهێنان و بەرهەمهێنان و، وەرگرتن و بەخشینیان دەبێت.

پسپۆرانی بواری پەروەردە، هەموو هاوارِان لە بارەی گرنگی و هەستیاریی قۆناخی منداڵی.. لە دروست کردنی کەسایەتی مرۆڤی داهاتوودا.

ئەگەر بە نابەڵەدی و نادروستی و سەقەتی، منداڵەکانمان گۆش و پەروەردە بکەین و، ئاوڕیان لێ نەدەینەوە و، بیان دەینە دەستی قەدەر و چارەنووسێکی نادیارەوە.. هەڵبەت ئەنجامێکی خراپ و، داهاتوویەکی تاریک و، کەسایەتی سەقەت و بێ کەڵک و بەدبەختیان لێ دێتە کایەوە.. رەنگدانەوەیەکی خراپیشیان لەسەر ژیانی تاک و گۆمەڵگای کوردیمان دەبێت.. ئۆباڵ و گوناحی ئەم ئاکامە خراپە نەخوازراوەش لە ئەستۆی هەموومان دایە.. ***چونکە کورد وتەنی: (چی بچێنین.. ئەوە دەدوورینەوە..) وتراویشە: (شانازیی باخچەی گوڵ گەش و جوان.. بۆ دڵسۆزی و ماندووبوونی باخچەوانەکەی دەگەڕێتەوە..)***

ئەگەر ئێمەی باوکان و دایکان و مامۆستاکان.. نەبینە نموونەی باشی و دروستی و راستی بۆ منداڵەکانمان.. کەواتە نابێ چاوەڕێی ئەوەش لە منداڵەکانمان بکەین کە بە باشی و دروستی پەروەردە ببن.. چونکە منداڵان تا رادەیەک چاولێکەرین و لاسایی گەورەکان دەکەنەوە.. ***وەکو کورد دەڵێ: " گەورە ئاو دەڕێژێ و .. بچووکیش پێی تێ دەنێ .."***

***دێینە سەر سەرباسی بابەتی ئەمجارەمان.. منداڵی شەرمن و گۆشەگیر.***

***شەرم چییە..؟ بەپێی قسەکانی شارەزایان و تــوێژێنەرانی شەرم کردنی مرۆڤ.. بەم شێوەیە راڤەی شەرم دەکەن: شەرم جورێکە لە راڕایی و ترس و دوودڵیی کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەستێکی نێگەتیڤانە لە نێوان دوو دڵی و پەشۆکاندا.. کەسی شەرمن خۆی تەنگ بە خۆی هەڵدەچنێ و تێکەڵ بە خەڵکی نابێ و گۆشەگیر دەبێ.***

هەندێکی تر لە شارەزایان، شەرم بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەزانن، کە بەسەر کەسایەتی کەسێکدا زاڵ دەبێ و، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر بیر و هۆش و توانای داهێنانی دەبێ.. ناشتوانێ بە باشی مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی لێی دەژی بکا.

کەسانی زۆر شەرمن، کە بەجاری خۆیان پەراوێزدەکەن و تێکەڵ بە خەڵکی و کۆمەڵگا نابن.. بە تایبەتیش سڵ لە کەسانێکی نامۆ دەکەنەوە.. ئەم کەسانە بە (گۆشەگیر) ناودەبرێن.

کۆمەڵێکی تری توێژینەران، شەرم بە هەستێکی جیهانی دەزانن.. کە پێویستە هەموو مرۆڤێک، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت.. لە هەڵوێستێکدا تاقی بکاتەوە.

زۆرترین شەرم و، مەترسیدارترین شەرم.. ئەو شەرمانەن کە تووشی منداڵان دەبن.. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە، کە دایکان و باوکان هەست بەم کێشەیە نەکەن، یا بە هەندی نەزانن و گوێی پێ نەدەن.

## شەرمی منداڵان.

منداڵان لە قۆناخەکانی گەشەکردندا، بە تایبەتیش لە ساڵی یەکەمدا، بە سروشتی شەرم دەکەن، بە زۆریش لە کەسانێکی نامۆ.. لە ساڵەکانی دواتریشدا.. بە ڕێژەیەکی جیاواز شەرم دەکەن.. تا زیاتریش ئاشنای ژیانی کۆمەڵایەتی ببن.. زیاتر دەگونجێن و کەیی دەبنەوە و ڕوویان دەکرێتەوە و شەرمیان نامێنێت.

هەندێ لە منداڵان بە سروشتی زۆر هەستیارن و پتر تووشی شەرم دەبن.. کەچی هەندێ لە منداڵانی تر هەر لە قۆناخی منداڵیدا، کراوەن و کۆمەڵایەتین.. دەتوانین بە ئاسانی ئەم جیاوازییە بەدی بکەین.. منداڵی کۆمەڵایەتی، کە کەسانێکی نامۆ دەبینێ زەردەخەنە دەکا و، ڕووی خۆی خۆش دەکا و، هەندێ جموجووڵی سەیر دەکا، بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کەسانە بە لای خۆیدا رابکێشێ.. کەچی منداڵی شەرمن، کە میوانێکی نەناسراو ، یا کەسانێکی نامۆ دەبینێ.. دەترسێ و رادەکا بۆ باوەشی دایکی و، لە سەر سنگی دایکیدا، دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە، تا ئەو کەسانە نەیبینن یا نەیان بینێ.

بێگومان منداڵی شەرمن، دەبێتە کێشە بۆ خۆی و، بۆ خێزانەکەی و بۆ کەسوکاریشی.. چونکە ناتوانێ بە باشی رەفتار بکا و، ناشتوانێ بە ئاسانی تێکەڵ بە هاوڕێ و کۆمەڵ ببێت.. لەوانەشە تووشی گۆشەگیری خەمۆکی ببێت .. گەلێ لە هەل و دەرفەتەکانی ژیانیشی لەدەست دەدا، کە دەکرێ بیان قۆزێتەوە.. لەوانەشە شەرم ببێتە کێشە و گرێیەکی دەروونی و، بە درێژایی ژیانی ئەو کەسە لێی نەبێتەوە.. دەبێ ئەوەش بزانین، کە شەرم کردن سیمایەکی کەسایەتییە و، خەوشێکی رەوشتی نییە.. ئەگەر چارەسەری پێویست بۆ هۆیەکانی بکەین.. نابێتە پاشکۆی هەمیشەی مرۆڤ و لێی دەبێتەوە.. چەندین منداڵ کە منداڵی شەرمن بوون.. بەڵام دوایی بەرەبەرە روویان کراوەتەوە و شەرمیان نەماوە.

## نیشانەکانی شەرمی منداڵان.

### نیشانەکانی شەرم زۆرن.. ئەمانە هەندێ لە نیشانەکانی شەرمی منداڵانن:

١- منداڵی شەرمن، کە رووبەڕووی کەسانێکی نامۆ، یان مامۆستاکانی دەبێتەوە شەرم دەکا و دەشەڵەژێ و.. دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێ.

٢- لەگەڵ کەسانی نامۆ و میوانی نەناسراودا تەوقە ناکا.. لەوانەیە لە رووشی نەیا بێت بەخێرهاتنیان بکا.. لە شەرما دەچێتە ژوورێکەوە و نایەتە دەرەوە.

٣- ئەو توانا و ئازایەتییەی نییە.. کە بە ئاسنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا ببەستێ.. بە تایبەتیش لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆیدا.

٤- دوودڵە و دەترسێ.. هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی و دڵنیایی ناکا.

٥- منداڵی شەرمن، کە قسە لەگەڵ یەکێکدا دەکات بە تایبەتیش لەگەڵ کەسێکی نامۆدا یان لەگەڵ مامۆستاکانیدا .. شەرم دەکا و بە باشی قسەکانی بۆ نایەن.. یا دەمی تێک دەئاڵێ و، لێدانی دڵی زیاد دەکا و، دەستەکانی دەلەرزن.. هەندێ جار ئارەقیش دەکا و، تفی خۆی قووت دەدا.. لە کاتی قسەکردنیشدا چاو نابڕێتە چاوی بەرانبەرەکەی.

٦- حەز بە کۆگردی ناکا و.. لە ماڵ ناچێتە دەرەوە بۆ یاری کردن لەگەڵ منداڵانی تردا.. حەزی بە تەریکی و گۆشەگیرییە.

٧- هۆگری وەرزش و چالاکییە هەمەجورەکانی قوتابخانەکەی نییە و بەشداریش لە (تیپی سروود، شانۆ، تۆپێن، موزیک... هتد) ناکا.. ئەگەر بەشداریش بکات خاوە و شەرم دەکا و، بە هەموو حەز و توانایەکییەوە بەشداری ناکا.

٨- لە قوتابخانەدا، لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا.. یا لە پۆلدا دەمێنێتەوە.. یا دەچێتە گۆشە و پەنایەکی قوتابخانەکەی و.. تێکەڵ بە قوتابییەکان نابێ.

٩ ـ لە تاقی کردنەوەکانی خوێندندا.. حەز دەکات بە نووسین تاقی کردنەوەکان بکات.. شەرم دەکا و دەترسێ لەوەی، کە راستەوخۆ و رووبەڕوو لەگەڵ مامۆستکانیدا دابنیشێ یا راوەستی و، وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.. بۆیە حەزی لە تاقی کردنەوەکانی زاری نییە.

١٠- ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەشی نییە، کە ئەوانەی نایانزانێ.. لە پۆلدا لە مامۆستاکانی بپرسێ.. بە دەگمەنیش بەشداری لە دیالۆک و گفتوگۆکان دەکا.. حەزیش ناکا مامۆستا پرسیای لێ بکا.. یا بۆ سەر تەختەڕەش هەڵی بستێنێ.. یا لە بەردەم قوتابییەکانی پۆلەکەیدا رای بگرێ.

١١- زۆر جار کە میوانی نامۆیان دێ.. بە هەردوو دەستی چاوی خۆی دەگرێ.. یا گوێیەکانی دەگرێ.. بۆ ئەوەی نەیان بێنی و گوێی لە دەنگیان نەبێ.. چونکە وا هەست دەکا کە سەرنجی دەدەن و رەخنەی لێ دەگرن.

١٢- کە یەکێک پرسیارێکی لێ بکا.. بە کورتی و بە دەنگێکی نزم وەڵامی دەداتەوە.. زۆر جار تەنها بە "بەڵێ" یان "نا" وەڵام دەداتەوە.. لەوە دەترسێ، کە بەهەڵە وەڵام بداتەوە و شەرمەزار بێ.

١٣- کە جلوبەرگێکی تازە لەبەر بکا.. یا سەری بتاشێ، قژی ببڕێ.. شەرم دەکا.. واهەست دەکا کە جلە تازەکەی لێ نایە، یا جوان تەراش نەکراوە و.. خەڵکی سەرنجی دەدەن و گاڵتەی پێ دەکەن.

١٤- بەشداری لە زۆربەی چالاکی و خۆشییە کۆمەڵایەتییەکان ناکا وەکو (شایی و هەڵپەڕکێ، چەپڵەلێدان، ئاهەنگی جەژنی لە دایک بوون، سروود و گۆرانی، و سەیرا ن و گەڕان، بەزم و رەزم و،...).

١٥- شێوازی بە هەڵە پەروەردەکردنی، لە لایەن دایک و باوکییەوە، کە زۆر وشەی (شوورەییە) لە رووی دەدەن، بۆ نموونە ئەگەر کیژۆڵەیەک لەگەڵ کوڕێکدا ببینن، کە پێکەوە قسە یا یاری دەکەن.. یەکسەر سەرزەنشتی دەکەن کە ئەمە (شوورەییە) و نابێ دووبارەی بکاتەوە و.. دەبێ لەگەڵ کچاندا یاری بکا.

١٦- دەتوانین لە میانەی ئەو وێنانەی کە دەیانکێشێ.. منداڵی شەرمن بناسین.. بۆ نموونە: ئەگەر وێنەی خانوویەک بکێشێ.. لە گۆشەیەکی لاپەڕەی دەفتەری وێنەکێشانەکەیدا بە بچووکی دەیکێشێ.. دەرگا و پەنجەرە بۆ خانووەکە ناکا.. رەنگاوڕەنگیشی ناکا، یا رەنگی کەم بە کار دەهێنێ.. ئەم نیشانەیەش هەموو منداڵێکی شەرمن ناگرێتەوە.. منداڵی واهەیە شەرمنە و وێنەکێشێکی باشە.

١٧- کە گوزارشت لە خۆشیش بکا.. زەدەخەنە دەکا و.. زۆر کەم پێ دەکەنێ.

## هۆیەکانی شەرمی منداڵان.

*زۆر بە کورتی و بە چڕی، لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا، باس لە گرنگترین هۆیەکانی شەرمی منداڵان دەکەین:*

١- شەرمی زکماکی، یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی شەرمی منداڵان، منداڵ هەر لەدایک دەبێت شەرمنە.. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دایکی یا باوکی یا هەردووکیان شەرمنن.. ئەم خەسڵەتەشیان دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانیان.. پزیشکە دەروونناسییەکانیش بە شێوەیەکی زانستی و بە بەڵگە و بەراوردکردنەوە ئەم راستییە دەسەلمێنن.

٢- ئەو منداڵانەی بە هۆی کەم دەرامەتی خێزانییەوە، رووبەڕووی نەبوونی دەبنەوە.. وەکو منداڵانی هەبووەکان، پۆشتە و تێر و تەسەل و نازدار نازێن و.. وەکو ئەوان پێداویستییەکانیان بۆ دابین نەکراوە.. وەکو ئەوانیش دڵخۆش و.. بەختەوەر نین.. کە خۆیان بەراورد بەو منداڵانە دەکەن.. لە رووی جلوبەرگ و خۆراک و جێی نووستن و چارەسەری پزیشکی و، خەرجی و خەرجکردنیان..

دڵیان بە خۆیان دەسووتێ و، هەست بەوە دەکەن کە لەو هاوڕێیانەیان کەمترن.. شەرم دەکەن کە لێیان نێزگ ببنەوە و تێکەڵیان ببن.

٣- نابەڵەدیی دایکان و باوکان و، شێوازی نادروستییان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا کە رێزێکی ئەوتۆ لە کەسایەتی منداڵەکانیان ناگرن.. دەیانەوێ بە توندوتیژی و، بە چاوسوورکردنەوە هەموو شتێک بەسەر منداڵەکانیاندا بسەپێنن.. بیر لەوە ناکەنەوە کە سەردەمی ئەمڕۆ ئەو سەردەمە نییە کە ئەوان تیا ژیاون.. بە قسەی زەق و رەق و ناشیرین و رەخنە و لۆمە رووشکێنیان دەکەن.. بێگومان ئەم قسە ناشایستانە کار لە منداڵان دەکەن.. بە تایبەتیش ئەگەر لە بەردەم هاوڕێکانیاندا پێیان بوترێ.

٤- پاراستن و چاودێری پتر لە پێویستی منداڵان لە لایەن دایک و باوکیانەوە، لە ترسی ئەوەی تووشی هاوڕێی

خراپ نەبن و، گوێیان لە قسەی سوک و چرووک نەبێ و، خووی ناشیرین و قێزەوەن فێرنەبن.. ڕاستە کە چاودێری و ئاگاداریی منداڵان پێویستە.. بەڵام زیادەڕۆیی.. وا لە منداڵان دەکا کە باوەڕیان بە خۆیان نەبێ و.. شەرم دەکەن و گۆشەگیر دەبن و، بە گومان و دوودڵییەوە لە منداڵانی تر دەڕوانن.. شوێنی دڵنیاییش بۆ ئەوان تەنها ماڵەوە و پەنای دایک و باوکیانە.

٥- بەناز بەخێوکردنی منداڵ و، نازپێدانی زیاد لە پێویست لە لایەن دایک و باوکییەوە.. بۆ نموونە هەموو شتێکی لێ دەکەن بە (بڤەیە).. نایەڵن خۆی ماندوو بکا و، ئەو کارانە بکا کە دەتوانێ بیان کا، یا خۆی تاقی بکاتەوە لە کردنیاندا.. هەموو داخوزییەکانیشی بۆ دابین دەکەن.. ئەم زیاد ناز پێدانە، وا لە منداڵ دەکا کە پشت بە خۆی نەبەستێ.. کاتێ کە هاوڕێکانی دەبینێ زۆر کاریان لە دەست دێ.. لە بەردەمیاندا رادەمێنێ و شەرم لە خۆی دەکا و تەریق دەبێتەوە کە ئەم دەستەوستانە و، تەنها سەیریان دەکا.

لە لایەکی کەشەوە، گوایە ئەم دایک و باوکانە منداڵەکانی خۆیان زۆر خۆش دەوێ، چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکەن.. سەرزەنشتیان ناکەن و.. سزاشیان نادەن.. هەموو ئەم هەڵوێستانە بە زیانی ئەو منداڵە شەرمنانە دەشکێنەوە.

بۆ نموونە منداڵێکی بەناز بە خێوکراو.. ئەگەر لە شوێنێکی تردا، داوی شتێ بکا و بۆێ نەکەن.. شەرم دەکا و تەریق دەبێتەوە.. چونکە هەموو شوێنێ ماڵێ خۆیان نییە و.. هەموو کەسێکیش وکو دایکی و باوکی نازی راناگرن.

٦- بایەخ نەدان و پشتگوێ خستنی منداڵ و لێ نەپرسینەوەی، کە ئەمەیان بە پێچەوانەی خاڵی پێنجەمەوەیە.. ئەم منداڵە وا هەست دەکا، بێ کەسە و کەس خۆشی ناوێ و، کەسیش بایەخی پێ نادا و شایانی رێزگرتن نییە.. ئەم هەست کردنەش وا لە منداڵ دەکا، بڕوا و متمانەی بە خۆی نەبێ و.. گۆشەگیر دەبێ و شەرم دەکا کە تێکەڵی منداڵانی تر ببێ.

٧- گاڵتە پێ کردن و توانج لێ گرتن و تەریق کردنەوە و شەرمەزارکردنی منداڵ. کە قسەیەک بکا و قسەکانی بە دڵی گەورەکان نەبێ.. لێی توڕە دەبن و قسەکەی پێ دەبڕن و، گاڵتەشی پێ دەکەن و پێی پێ دەکەنن.. بۆ نموونە پێی دەڵێن:

*(فڵتەفڵت مەکە، لەوچە لەوچ مەکە، چەنەبازی مەکە. یا دەمت داخە،...)*

**بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاوبگرن، کە منداڵە و، زمانێکی منداڵانەی هەیە..**

***راڵف بۆس دەڵێ: " تا تەمەنی سیانزەساڵیم وام دەزانی کە ناوم دەمت داخەیە"***

**٨- ئەو منداڵانەی لە سۆز و خۆشەویستی دایک و باوکیان بێ بەشن (مردوون، یا لە یەکتری جیابوونەتەوە).. کزۆڵە و مات و مەلوول و هەناسەساردن.. بە زۆری شەرمن و گۆشەگیرن.**

**٩- زیاد نازدان بە منداڵی تاقانە.. یا کوڕێک لە نێوان چەند خوشکێکدا.. یا خوشکێک لە نێوان چەند برایەکدا .. زیادەڕۆیی لە نازپێدان و خۆشەویستی.. منداڵ شەرمن و گۆشەگیر و خۆپەرست دەکات.**

**١٠- هەست نەکردنی منداڵ بە ئاسوودەیی و دڵنیییای.. وا لە منداڵ دەکا کە متمانەی بە خۆی نەبێ و، ئازایەتی ئەنجامدانی کاری سەرکێشی نەبێ.**

**١١- رێبازی سەقەتی سستەمی فێرکردن.. تا ئەمڕۆش لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا، پەیڕەویی سستەمی سەد ساڵ پێش ئێستا دەکەن.. بە تەڵقین کردن و تووتی فێرکردن منداڵان فێردەکەن.. وا لە منداڵان دەکەن تەنها گوێ بگرن و وەربگرن و، قسەکانی مامۆستاکانیان دووبارە بکەنەوە.. رێک دابنیشن و نەجووڵێنەوە.. ئەم سستەم و رێبازە کۆنە، زۆر لە رۆڵ و تواناکانی منداڵان کەم دەکاتەوە.. بە درێژایی وانەکان، هەر مامۆستاکانن تەوەرەی سەرکین و.. هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆ و دەمەتەقێ و پرسیار و وەڵام و دیالۆگ ناهێڵنەوە.. منداڵان وەرست و بێزار دەبن.. بواریان بۆ نامێنێتەوە کە لە رێی گفتوگۆ و پرسیارکردن و وەڵامدانەوە گوزارشت لە توانا و بۆچوونەکانی خویان بکەن و.. ترس و شەرمی خۆیان بشکێنن.. زۆربەی مامۆستاکان گوێ بە رەچاوکردنی جیاوازی تاکیش لە رووی زیرەکی و زەین و هۆش و کەمئەندامیی جەستەییەوە نادەن.. وەک یەک لە ئاستی توانای منداڵان دەڕوانن.. بە داخەوە یارمەتییەکی ئەوتۆ بە منداڵی پێویست بە یارمەتی نادەن.**

**١٢- مامەڵە نەکردنی دروستی دەق گرتووی مامناوەندی لەگەڵ منداڵدا، لە لایەن دایک و باوکییەوە.. یا زۆر**

خۆشیان دەوێ و زۆر بە دەوریا دێن و، زیاد لە پێویست نازی پێ دەبەخشن و.. زۆر نەرم و رووخۆش دەبن لەگەڵیدا و.. رۆژی سەد جار بە ساقەی دەبن.. کەچی جاری واش هەیە بە پێچەوانەوە، زۆر بە توندوتیژی و بە رەقی و بە زەقی رەفتار و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و روویان لێی گرژدەکەن.. یا بە جارێ پشتگوێی دەخەن.. ئەم شێوازە مامەڵەکردنە ناگیرە.. منداڵ تووشی شۆک و دڵەڕاوکێ و بێ باوەڕی و شەرم دەکا.

١٣- لە رووداني هەندێ دەستەواژەی زەقی نەگونجاو بە منداڵان.. بۆ نموونە:

*(ژنت بۆ دەهێنم، دەتدەم بە شوو، ...)* ئەو منداڵانەی کە ئەم جۆرە قسانەیان لە روودەدرێ شەرم دەکەن و تەریق دەبنەوە، لەوانەیە ئەو جێیە بەجێ بهێڵن.

١٤- کەمئەندامی، وەکو: (شەل و گۆجی، کەڕی، لاڵی، نابینایی، کورتەبالایی، لاوازی و قەڵەوی، یا هەست کردنی بەوەی کە جوان نییە، لووتی ناشیرینە، یا چاوی یا گوێی یا لێوەکانی وان، یا گەنم رەنگە، رەش پێستە،... هتد (هەموو ئەو هەستانە ئەوەی لا دروست دەکەن.. کە ناتەوە و خۆی لە هاوڕێکانی بە کەمتر دەزانێ.. بۆیە شەرم دەکا و گۆشەگیر دەبێ.. هێندەش تێکەڵ بە منداڵان نابێ.. لەوە دەترسێ و شەرم دەکا، کە بە سووکەوە لێی بڕوانن و بە ناوی کەمئەندامییەکەیەوە ناوی بەرن.. *بۆ نموونە: (فڵانە کوێر، فڵانە شەل، فڵانە درێژ، فڵانە لووتە، فڵانە رەش، فڵانە قەڵەو،... هتد)*

١٥- ناکۆکی و شەڕی نێوان دایک و باوک و، ئاژاوەی خێزانی.. منداڵێک لە سایەی خێزانێکی ناتەبای وادا گەورەبێ.. هەست بە ژینگەیەکی ئاسوودە و بە ئارامی و شادی و بە بەختەوەری ناکا و.. دووچاری شەرم و ترس دەبێ و.. کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی خراپی لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووشیدا دەبێت.

١٦- زیادەڕۆیی لە چاودێری و تیشک خستنەسەر منداڵ، لەلایەن مامۆستاکان و گەورەکانەوە.. منداڵ تووشی شەرم و ترس و نا ئارامی و نا ئازادی دەکا.

١٧- شەرم کردن، منداڵ تووشی تەنگەژە و پاڵەپەستۆی دەروونی و، کێشەی فسیۆلۆژی دەکا.. وەکو: سەر ئێشە، سک ئێشە، هەناسە سواری، نەرمەکۆکە، دڵەخورپێ، بێزاری، کەم خواردن.

١٨- منداڵی شەرمن، هەر بە هۆی شەرمکردنەوە، رقی لە قوتابخانەیە، چونکە بۆ ئەو شوێنی ترس و نائارامی و شەرمەزارییە.

١٩- بەراوردکردنی منداڵ، لە لایەن دایک و باوکی و مامۆستاکانییەوە، بە منداڵانی لەو زیرەکتر و پشکەوتووتر و بەختەوەرتر هەڵەیە و.. کار دەکاتە سەر دەروونی منداڵ و، تووشی شەرم و خۆبەکەمترزانین لەو منداڵانە دەکا.

٢٠- زۆر رەخنە لێ گرتن و، زۆر لێپێچینەوە و، زۆر لۆمەکردن و، زۆر تەریق کردنەوە و، زۆر تووڕەبوون لێی بە تایبەتیش لە بەردەمی هاوڕێکانیدا.. منداڵ تووشی شەرم دەبێ و.. ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە ناتوانێت کارێکی راست و باش بکا.. هەمیشە لەوە شەرم دەکا و دوودڵە، کە کارێکی هەڵە بکا و رەخنەی لێ بگرن، یا پێی پێ بکەنن و توانجی لێ بدەن و شەرمەزاری بکەن.

٢١- ئەو منداڵانەی، کە زۆر شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەگۆڕێ و.. تێکەڵ بە کۆمەڵێک منداڵی نامۆ و نەسراو و، رووبەڕووی مامۆستایانی تازە دەبنەوە.. شەرم دەکەن و دەترسن.. رەنگە ئەمەیان شەرمێکی کاتی بێ و نەمێنێ.

## چارەسەرکردنی شەرمی منداڵان.

***ئەو چارەسەر و پێویستییانە چین.. بۆ ئەوەی منداڵی شەرمن و گۆشەگیر بکەن بە منداڵێکی ئاسایی و کۆمەڵایەتی .. زۆر بە کورتی لەم خاڵانەدا باسی چۆنییەتی چارەسەرکردنی منداڵانی شەرمن دەکەین:***

١- پێویستە جۆری ئەو شەرم کردنە بزانن کە توشی منداڵەکەتان بووە.. شەرمی تێکەڵبوونە لەگەڵ کەسانی نامۆدا، شەرمی بەشداری کردنە لە چالاکییەکانی پۆل و قوتابخانەکەیدا، شەرمی ترسی بەشداربوونە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، شەرمی پۆشینی جلوبەرگی تازەیە، شەرمی ترسی قسە بە هەڵەکردنە بە تەلەفۆن، شەرمی خوێندنەوەیە لە پۆلدا، شەرمی خۆبەکەمزانینە،... هتد.

٢- بە هیچ کلۆجێک نابێت دایک و باوک و مامۆستاکان، بە منداڵی شەرمن بڵێن تۆ (شەرمن)ی، لای خەڵکیش باسی شەرمکردنی مەکەن.

تۆژینەوەکانی تۆژێنەران، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن.. خستنە پاڵی ئەم جۆرە وشانە: (شەرمنۆک، گەمژە، لاسار، بێ دەسەلات، ترسنۆک، بێ کەڵک، تەمەڵ، دەمردوو، گەلحۆ، خوێڕی،... هتد) کاردانەوەیەکی خراپیان لەسەر هەست و دەروونی منداڵی شەرمن دەبێت و، شەرمنتر و گۆشەگیرتر دەبێت.

٣- پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستایان، ببنە پێشەنگ و نموونەی باشی کۆمەلایەتی و، خووجوانی و رەوشت بەرزی.. چونکە منداڵان چاولێکەر و لاساییکەرەوەن، لە ئەمانەوە گەلێ شت وەردەگرن و فێردەبن.. لەم رووەشەوە پسپۆرانی پەروەدە، ئامۆژگاریی دایکان و باوکان دەکەن، کە پەیڕەوی و بەرجەستەی ئەو جۆرە رەوشتە کۆمەلایەتییانە بکەن.. کە منداڵەکانیان بەرەو کرانەوەی کۆمەلایەتی وشەرم نەکردن و تێکەڵبوون دەبەن.. بۆ نموونە: با لە ئێوەوە فێربن و چاوتان لێ بکەن، کە بە کەسانێک دەگەن، دەست پێشکەربن لە (رۆژتان باش) یا (ئەم کاتەتان باش) .. وا رابهێنرێن کە بە روویەکی گەش و خۆشەوە، بە زمانێکی نەرم و شیرینەوە پێشوازی لە میوانان بکەن و بە گەرمی بەخێرهاتنیان بکەن.. بەشداری لە گفتوگۆ بکەن و.. قسە بەکەس نەبڕن و، بە هێمنی و بە دروستی، داکۆکی لە را و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.. ئەم جۆرە هەنگاوانە باشانە.. گیانی بەشداری کردن و لەیەک نێزگبوونەوە و تێکەڵبوونی کۆمەلایەتی، لە بیر وهەستی منداڵانی شەرمن و گۆشەگیردا دەڕوێنێ.

٤- پێویست دایک و باوک یارمەتیی منداڵەکەیان بدەن، بۆ ئەوەی بە باشی لە خۆی بڕوانێ و خۆی بەکەم نەزانێ، چونکە منداڵی شەرمن، متمانە و باوەڕی بە توانی خۆی نییە.. لەوە دەترسێ کە لە هەوڵە کۆمەلایەتییەکانیدا شکستی بهێنێ و رەتی بکەنەوە.

رۆڵی دایک و باوک و مامۆستاکان لەم رووەوە، ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەن، کە شکستهێنانی جارێ یا دوو جار، کۆتایی ژیان و جیهان نییە.. بەڵکو رێگەیەکە بۆ باوەڕ بەخۆبوون و درێژەدان بە تێکۆشان و سەرکەوتن، پێویستە مرۆڤ لە هەڵە و لە شکستییەکانی خۆی وانە و پەند وەربگرێ و، راستیان بکاتەوە.. دەتوانن نموونەی زیندووی مێژووی چەندین گەورە و کەڵەناوادارنی جیهانیان بۆ بگێڕنەوە.. کە هەردەم بێ هیوا نەبوونە و، لە سایەی بڕوایەکی بەهێز و ئیرادەیەکی پۆلایین و کۆڵنەداندا، دوای چەندین شکستی و.. لە دوای چەندین کەوتن و هەڵسانەوە.. توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

٥- نابێ دایک و باوک، لە بەردەم هاوڕێکانی و خەڵکی تردا، لە منداڵەکەیان گرژ و توڕە ببن و، رەخنەی لێ

بگرن و سەرزەنشت و لۆمەی بکەن و، قسەی زەق و رەقی پێ بڵێن و هەستی ئازاربدەن.. بەڵکو دەکرێ بە شێوەیەکی راست و دروست وای لێ بکەن کەخۆی هەست بە هەڵەکانی بکا و، لێیان پەشیمان بێتەوە و داوای لێبووردن بکا و، راستیان بکاتەوە.

٦- یارمەتیی منداڵەکەتان بدەن، بۆ ئەوەی جار لە دوای جار باشتر بە لای باشیدا بگۆڕێت.. فشاریش مخەنە سەری بۆ ئەوەی کارێک بکا، کە لە توانای ئەودا نییە، یا حەزی لەو کارە نییە و، نە توانین و ئەنجام نەدانی ئەو کارە، ببێتە هۆی شەرمەزاری و تەریق بوونەوەی.

لەگەڵیدا بەو هەنگاوانەش دەست پێ بکەن، کە کەمتر رامان و دامانی دەکەن.. بۆ نموونە: هانی بدەن بە زەدەخەنە و بە رووخۆشییەوە پێشوازی و بەخێرهاتنی میوانان بکا.. ئەگەر لە جاری یەکەمدا شەرم بکا و، ئارەزووی قسەکردن و، دانیشتنی لەگەڵیاندا نەبێ، زۆری لێ مەکەن.. بابمێنێت بۆ جاری دووەم و جاری سێیەم.. بەم شێوەیە هێدی هێدی شەرمی دەشکێ و رووی دەکرێتەوە و، تێکەڵ دەبێت و، لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیدا رادێ و ئاسایی دەبێتەوە.

٧- منداڵەکەتان هان بدەن، بۆ ئەوەی گەشە بە بەهرە و توانا و بە حەز و بە ئارەزووەکانی بکا.. ئارەزووەکانی خۆتان مەسەپێنن بە سەریدا.. یارمەتیی ئەوەی بدەن ، کە بەسەر هەستی خۆبەکەمزانین و بێ دەسەڵاتیدا زاڵ بێت.

٨- منداڵەکەتان سەرپشک بکەن، با بە سەربەستی و ئازادی هاوڕێکانی خۆی هەڵبژێرێ.. با جۆر و رەنگی جلوبەرگەکانیشی بە دڵی خۆی بن.. نەک ئێوە چیتان بە دڵە دەبێ ئەوەی بوێ و ئەوە لەبەربکا.. ئەوش ناڵێم نابێ شارەزایی و را و تاقی کردنەوەکانی خۆتان بۆی باس نەکەن.

٩- منداڵەکەتان لەسەر وەرگرتن و بەخشین رابهێنن.. هانی بدەن کە پەیوەندی لەگەڵ منداڵانی تردا ببەستێ.. کۆمەڵایەتی بێ و رووحی یارمەتیدان و هاوکاری هەبێ.. بە کۆمەڵ ژیان و پێکەوە کارکردنی هەنگ و مێروولەی بە نموونە بۆ بهێننەوە.. هانی بدەن هەردەم گەشبین بێ و رەشبین نەبێ.. هەموو ئەم جۆرە بیرۆکانە، دەبنە هاندەرەی و، دەبنە هۆی متمانە و باوەڕبەخۆبوونی.

١٠- کە منداڵەکەتان کار و سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنا.. ستایش و ئافەرین و دەستخۆشیی لێ بکەن و پێخۆشحاڵیی خۆتانی بۆ دەربڕن و.. خەڵاتی بکەن.. بەڵام خەڵاتەکەتان لە هەمان کاتدا بێ.. چونکە منداڵ لە کات تێ ناگا و ئارامی نییە و، ناتوانێت بۆ ماوەیەک چاوڕێ بکات.

١١- منداڵەکەتان هان بدەن، کە باوەڕی بە شەرم نەبێ.. با تێکەڵی کەسانێکی نامۆ ببێ.. تا کەسانی نامۆ بناسێ و بدوێنێ ترسی دەشکێ و شەرمی نامێنێت.

١٢- با دایک یا باوک، سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بۆ منداڵەکەی باس بکا.. کە چون بە منداڵی شەرمی دەکرد و.. دواتر شەرمی شکاوە و، بووە بە کەسێکی ئاسایی و کۆمەڵایەتی.. بە هۆی بەشداری کردنیشی لە چالاکییە وەرزشی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانەکەیان و لە دەرەوەدا.. چەندین دەسکەوت و سوودی لە سایەی کرانەوە و شەرم شکاندنەکەیدا بە دەست هێناون.

١٣- لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەتاندا، شانۆگەریی (میوان و خانەخوێ) ساز بکەن.. با منداڵە شەرمنەکەتان، ڕۆڵی خاوەن ماڵ وەربگرێ.. ئێوەی دایک و باوکیشی ڕۆڵی میوانتان هەبێ.. با شەرمی بشکێ و فێری ئەوەبێ، کە بە زەردەخەنە و بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە.. پێشوازی و بەخێرهاتنی میوانەکان بکا.. ئەگەر هەمان شانۆگەریتان دووبارە کردەوە.. ڕۆڵەکان بگۆڕن.. با ئەم جارەیان منداڵەکەتان ڕۆڵی میوانێک بنوێنێت.. ئەمە ڕێگایەکی زۆر باش و ئاسانە بۆ کرانەوە و چارەسەرکردنی شەرم و ترس و گۆشەگیریی منداڵەکەتان.

١٤- هانی منداڵەکەتان بدەن، ئەو ئازاییەتە ئەدەبییەی هەبێ، کە بەبێ ترس و شەرم بە ڕاشکاوی گوزارشت لە هەست و نەست و، لە ڕا و بۆچوونەکانی خۆی بکا، توانای خۆشی بسەلمێنێ و.. ئەو هەلانەش لە دەستی خۆی نەدات کە بۆ پشکەوتنی بۆی ڕەخساون یا دەرەخسێن.. لەوەش دڵنیابێ کە دایک و باوکی و مامۆستاکانی.. گوێی لێ دەگرن و ڕێز لە ڕا و بۆچوونەکانی دەگرن.

١٥- منداڵەکەتان، بە شێوەیەکی خراپ لەگەڵ منداڵانی لەو باشتر و زیرەکتر و بە تواناتر و بەختەوەرتر بەراورد مەکەن.. بۆ نموونە لە ڕووی مەدەن کە:

(دیلان لە تۆ باشترە، جوان لە تۆ زیرەکترە، نمرەکانی شڤان لە نمرەکانی تو بەرزترن، تۆش چاو لە گەشبین ی خوشکت بکە،... هتد) ئەم بەراوردکردنانە دەبنە هۆی شەرمکردن و خۆبەکەمزانی و هەست کردنی کەمتوانیی منداڵەکەتان.

١٦- خۆشەویستی و سۆزبەخشین و رێزگرتن لە کەسایەتیی منداڵەکەتان.. زۆر گرنگ و بەسوودن.. رێخۆشکەرن بۆ زانینی هۆکارەکانی شەرم و گۆشەگیریی منداڵەکەتان و.. رێگاکانی چارەسەرکردنیشیان ئاسانتر و کورتر دەکەنەوە.

١٧- پێویستە دایک و باوک، لایەنە بەهێز و بێ هێزەکانی منداڵەکەیان بزانن.. پاڵپشت و هاندەری خاڵە بەهێزەکانی بن و بەردەوام بێ لێیان و زیاتریش گەشیان پێ بکا.. چارەسەری پێویست و دروستیش بۆ خاڵە لاوازەکانی بدۆزنەوە.

١٨- مندالەکەتان هان بدەن، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکەی و، لە دەرەوەی قوتابخانەکەشیدا لە چالاکییە وەرزشی و هونەری و ئەدەبی و کۆمەلایەتییەکاندا بەشداری بکات.. واش بکەن کە لە چالاکییە تەنیاییەکانی دووری بخەنەوە، وەکو دانیشت بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەردەم تەلەفزیۆندا، یاری کردن بۆ ماوەیەکی درێژ بە ڤیدیۆ و ئەتاری و پلەیستێشن.. ئەگەر کرا لە ماڵەوە فێری هەڵپەڕکێ یا گۆرانی یا هەر چالاکییەکی تری کۆمەلایەتی بکەن.. بە مەبەستی رووکرانەوە و شەرم شکاندن و، هاوکاری و ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ.

١٩- هێندە لە پارێزی منداڵەکەتان مەبن و، زیادەڕۆیی لە وریابوونیدا مەکەن و هەموو کاتێکتان بە ئەوەوە بەسەر مەبەن.. وریاش بن کە لە مندالانی خەڵکی بە جیاوازتر و بە زیاتری مەزانن.. مەڵێن لە دڵمان نایەت و تاقانەیە و نابێ هیچ بکات.. ئەگینا لە دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانیدا پشت بە ئێوە دەبەستێ..

پێویستە وا رای بهێنن کە ئەو کارانەی بۆی دەکرێ با بیکا.. بۆ نموونە خۆی جلوبەرگەکانی لەبەربکا و خۆی خۆی برازێنێتەوە و خۆی جلەکانی هەڵواسێ..

پارەی بدەنێ با بچێ لە فرۆشگاکەی نێزگ ماڵتان کیلۆیەک پەتاتە یا ترێ بکڕێ.. با خۆشی رەنگی

جلوبەرگەکانی هەڵبژێرێ.. ئەم کارە بچووکانە، بڕوای بە توانای خۆێ پێ دەبەخشن و.. سەربەست دەبێ لە بنیاتنانی کەسایەتی خۆیدا.

٢٠- پێویستە بە چاوی یەکسانییەوە، مامەڵە لەگەڵ کچەکەتان و کوڕەکەتاندا بکەن و.. جیاوازی مەکەن لە نێوانیاندا.. وشەی (شوورەیی)ش، مەکەن بە کۆسپ و بەربەست لە ڕێی خواست و ئارەزووەکانی کچەکەتان.. یا هەر لەبەر ئەوەی کە مێینەیە، هەموو شتێکی لێ بکەن بە نابێ و بە (بڤە) یە.

٢١- بە تەنیای و بە پەنهانی، منداڵەکەتان لە هەڵەکانی ئاگادار بکەنەوە.. بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە رووشکێنی مەکەن و، ئازاری هەست و دەروونی مەدەن.

٢٢- ناکۆکی و کێشەکانی نێوان دایک و باوک و، مشومڕ و هاواریان لە بەردەم منداڵەکەیاندا.. کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەروونی منداڵەکەیان دەبێت و لە ژیانی داهاتوویدا بە خراپی رەنگ دەدەنەوە.

٢٣- هانی منداڵەکەتان بدەن کە بەشداری لە (ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون)ی هاوڕێکانیدا بکات و دیارییان پێشکەش بکات.. ساڵانەش لە یادی جەژنی ساڵڕۆژی لە دایکبوونی خۆیدا.. ئاهەنگ سازبکات و بانگی هاوڕێکانی بکات..

بەشداری کردنی لەم بۆنانەدا زۆر بەسوودن و، دەبنە هۆی ترس ڕەوانەوە و کرانەوە سارێژکردنی شەرم وگۆشەگیریی و. تێکەڵ بوونی بە منداڵانی تر.

٢٤- کە دایک و باوک بۆ میوانی دەچن، پێویستە منداڵەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەبێ ئەوەی کە پێش وەخت هەڕەشەی لێ بکەن و، کۆمەڵێک مەرجی بۆ دابنێن.. وەکو (لە شوێنێک دابنیشە و هەڵمەستە، دەست بۆ هیچ مەبە، قسە نەکەیت،...) لە جیاتیی ئەم هەڕەشانە.. با دایک و باوکی بە زەردەخەنەوە چەند ئامۆژگرییەکی بکەن، مەبەستیان لە سەردانەکەیان بۆ روون بکەنەوە.. ئەم سەردانانە شەرمی منداڵ دەشکێنێ و، تێکەڵ بە خزم و ئاشنا و هاوڕێکانی دایک و باوکی دەبێت و، تێکەڵی منداڵەکانیان دەبێت.

٢٥- پێویستە ژینگەی ماڵەوەی منداڵ، زەمینەیەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و خۆشی و ئاشتی و تەبایی و نەرم

و نیانی و ڕێزگرتن و لێبووردەیی بێ لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەیدا.. منداڵی شەرمن لە ماڵێکی وەهادا گەورە ببێ.. هەست بە دڵنیای و ئاسوودەیی دەکا و، شانازی بە خێزانەکەیانەوە دەکا.

٢٦- هانی منداڵەکەتان بدەن، لە ئاهەنگێکی قوتابخانەکەیدا، یا لە بۆنەیەکدا وتەیەک پێشکەش بکات، بۆ نموونە: *لە ڕۆژی دایکدا، لە ڕۆژی مامۆستادا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، لە ڕۆژی جیهانی منداڵاندا، لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا، یا لە هەر بۆنەیەکی تردا بێت..*
دەستخۆشی و ئافەرینی لێ بکەن و.. دیارییەکشی پێشکەش بکەن.

٢٧- هانی منداڵەکەتان بدەن، لە کاتی قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا، ئاسایی بێت و شەرم نەکات و، چاوی ببڕێتە چاوی.. بەم شێوەیە ڕووی دەکرێتەوە و ترس و شەرمی نامێنێ.

٢٨- کاتێ کە منداڵە شەرمنەکەتان، لەگەڵ خوشک و براکەیدا، گرژی دەکەوێتە نێوانیانەوە.. لێی گەڕێ و، بزانە خۆی چی دەکا و، چۆن چارەسەری دەکا.

٢٩- پێویستە دایک و باوکی منداڵی شەرمن و گۆشەگیر، پەیوەندییەکی باش و ڕاگۆڕینەوەی بەردەوامیان لەگەڵ گەڵ پسپۆڕی دەروونی و لەگەڵ قوتابخانەکەی و مامۆستای ڕابەری پۆلەکەیدا هەبێت.. تا پێکەوە و بە هاوکاری لە هۆکارەکانی شەرم کردنی منداڵەکەیان بزانن و.. چارەسەری پێویستی بۆ دابنێن.

٣٠- بێگومان ڕۆڵی قوتابخانە و مامۆستاکان.. لە ڕۆڵی ماڵەوە و دایک و باوکی منداڵ کەمتر نین و، هەردووکیان تەواکەری یەکترین.. پێویستە مامۆستاکان بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان قوتابییەکاندا، بە دڵێکی گەورەوە و، بە هەست کردن بەو پەیام و ئەرکە گرنگ و پیرۆزەی لە ئەستۆیاندایە.. بە خۆشەویستی و سۆزێکی دایک و باوکانەوە بیان لاوێنن، بە زەردەخەنەی ناسک و بە زمانێکی شیرین و بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە، مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیاندا بکەن.. بە منداڵی خۆیان، یا بە خوشک و برا بچووکی خۆیانیان بزانن.. ئەم منداڵانە ئامانەتن لە بەردەست مامۆستاکاندا.

پێویستە هەموو ساڵێک ڕۆژی یەکەمی دەست پێ کردنی خوێندن.. وەکو ڕۆژێکی جەژن بێت.. چەند چالاکییەکی

هەمەڕەنگەی کۆمەلایەتیی خۆش پشکەش بکرێن.. منداڵە تازەکانی پۆلی یەکەمینیش، کە یەکەمین ڕۆژی هاتنیانە بۆ قوتابخانە.. یەک یەک خۆیان بناسێنن وچەپڵەیان بۆ لێ بدەن.. شیرینیشیان پێ بدەن.. تا ئەوەی قوتابییە تازانە، قوتابخانە بەشوێنی ترس و بێزاری نەزانن.

نابێ مامۆستاکان منداڵانی شەرمن پشتگوێ بخەن و پەراوێزیان بکەن.. بەڵکو پێویستە زیاتر لێیان نێزگ ببنەوە و زیاتر هانیان بدەن و یارمەتیان بدەن.. وایان لێبکەن کە ترس و شەرمیان نەمێنێ و.. بەشداری لە چالاکییە هەمەجۆرەکان و لە تیپ وگرووپەکانی پۆلەکەیان و قوتابخانەکەیان بکەن و.. ڕۆڵیان هەبێت.. تا ئەو هەستەیان لا دروست بێت کە مامۆستاکان خۆشیان دەوێ و بایەخیان پێ دەدەن.. گۆشەگیرییان نامێنێ و لەتیپ و گرووپەکان و لە ناو پۆلەکەشیاندا، ئازایەتی و حەزی خۆدەرخستن و خۆبردنەپێشەوەیان لادروست دەبێت، پەیوەندی هاوڕێتی دروست دەکەن و.. بناغەی ژیانی کۆمەلایەتی بنیات دەنێن.

پێویستە ئاماژەی ئەوەش بکەین ، کە ئەو هەنگاوانەی سەرەوە.. تەنها چارەسەرن.. مەرج نییە هەموو منداڵێکی شەرمن، پێویستی بە هەموو ئەو چارەسەرانە هەبێت.. چونکە هەر منداڵێک تایبەتی مەندیی خۆی هەیە.. لەوانەیە شەرم کردن لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازی هەبێت.. بۆ نموونە لەوانەیە منداڵێک لە خوێندنەوەدا شەرم بکا.. بەڵام لە قسەکردن و لە گفتوگۆدا ئاسایی بێ و شەرم نەکا.. شەرم بکا هەڵپەڕێ.. بەڵام لە یاری دا شەرم نەکا.

## باشییەکانی شەرمی منداڵان:

*سەرەڕای لایەنە نێگەتیڤەکانی شەرمی منداڵان.. هەندێ لایەنی بەسوود و باشیشی هەیە:*

*١- منداڵی شەرمن، لە قوتابخانەدا، لە کاتی وتنەوەی وانەکانەکان لە پۆلدا.. گوێگرێکی باشە و بە وردی سەرنج دەدا و هۆش و بیری لای مامۆستاکەیەتی.*
*٢- منداڵی شەرمن، زۆر بە کەمی تووشی کێشە و گرفت و ئاریشە دەبێ.*
*٣- منداڵی شەرمن، لە لای گەورەکان خۆشەویستە.. چونکە مامەڵەکردن لە گەڵیدا ئاسانترە.*
*٤- منداڵی شەرمن، لەلای هاوڕێکانیشی خۆشەویستە.. چونکە بێ وەیە و شەڕانی نییە.*

لە کۆتاییدا، دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە.. کە هاوکاری کردن لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا، لە نێوان دایکان و باوکان و مامۆستاکاندا زۆر گرنگە و پێویستە.. بۆ ئەوەی پێکەوە پلانێکی یەکگرتوو دابنێن و نەخشەڕێگایەکی باشی کارکردنیان هەبێ.. بۆ چارەسەرکردنی شەرم و گۆشەگیریی منداڵەکانیان.

٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## ڕۆشنبیریی منداڵان.



***وشەی (ڕۆشنبیری) لە زمانی شیرینی کوردیماندا، هاومانای وشەی (کولتوور)ە لە زمانەکانی ئەوروپادا.***

***شارەزایانی بواری زمان دەڵێن: "ڕۆشنبیری، بریتییە لە زەینتیژی و، زیرەکی و، بلیمەتی و، زۆرزانی و، دانەمان".***

وەکو زاراوەش، ڕۆشنبیری بریتییە لە شارەزایی گشتی لە زانست و زانیاری و، لە هونەر و، لە کەلەپوور و، لە شێوازی باوی ژیان و، لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و، لە چاکسازی و لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

ڕۆشنبیری، بەرهەمی ساڵێک و دوو ساڵ نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆشش و چالاکییە هەمیشەییە لێکدانەبڕاوەکانی مرۆڤە، کە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو.. نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتریان گواستۆتەوە.. هەر نەوەیەکیش کومەڵێک دەستکاریان کردووە و کۆمەڵێک شتیان لە ڕۆشنبیریی نەوەی پێش خۆیان لابردووە و، کۆمەڵێک بابەتی تازەی پەسەند و پێویستی تریان خستۆتە سەری و.. بەرگێکی نوێیان لەبەرکردووە.

بنیاتنانی رۆشنبیری لە بنیاتنی قەڵایەکی بەرز دەچێت، کە هەر بەردێکی بۆ زیاد بکرێ قەڵاکە بەرزتر دەبێ و، هەر بەردێکیش لەو بەردانە، شوێنێکی گرنگیان لە قەڵاکەدا هەیە.. هەر بەم شێوەیەش قەڵای رۆشنبیری، بە چین لەسەر چینی رۆشنبیری، بەرز بۆتەوە، تا زانست و زانیاریی زیاتری بخەینە سەر بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە.. قەڵای رۆشنبیری، قەڵایەکی بەردین نییە، قەڵایەکی بنیاتنراوە لە زانست و زانیاری و، لە هونەر و، لە رۆشنبییریی گشتی، کە زادەی بیر و ئەندێشەی رۆشنبیرانە.

هەردەمیش رێز لەو راستییە دەگرین، کە ئەمڕۆمان لەسەر پەرگەمای دوێنێمان چنراوە.. سبەینێشمان درێژەدەری ئەمڕۆمان دەبێت.. بەڵام نە ئەمڕۆمان وەکو دوێنێمانە و.. نە سبەینێشمان وەکو ئەمڕۆمان دەبێت.. چونکە مرۆڤ هەردەم چاوی بڕیوەتە بەرهەم و وەدەستهێنانی زیاتر و باشتر و تازەتر و مۆدێرتر.. گەر وا نەبوایە ژیان دەچەقی و گۆڕانکاری و داهێنان نە دەهاتنە کایەوە.. چەقین و وەستانیش مردن و کۆتاییە.

هەر رۆشنبیرییە، مرۆڤی لە ئاژەڵەکانی تر جیاکردۆتەوە.. ئاژەڵەکان لە بوونیانەوە لەسەر زەوی و لە ناو ئاودا، تا ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ژیان و گوزەرانیاندا روویان نەداوە، کە شایەنی باسکردن بن.. بەڵام مرۆڤ بە بیرکردنەوە و بە هەوڵ و کۆششی لە شۆڕشێکی پێشکەوتن و داهێنانی هەمیشەییدایە.. بۆ باشکردنی ژیانی و، خۆشترکردنی گوزەرانی، بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی و ئاسانکاری لە شیواز و رێبازی ژیانیدا.. بۆیە مرۆڤ بە (گیانەوەرێکی رۆشنبیر) ناودەبرێت.

هەر کۆمەڵگەیەکیش، خاوەنی رۆشنبیریی خۆیەتی و، جیاوازە لەگەڵ رۆشنبیریی کۆمەڵگەیەکی تر. ئەم جیاوازییەش بۆ جیاوازی لە نێوان توخم و رەچەڵەکی نێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ زیادی و کەمی لە چەند و لە چۆنییەتی رۆشنبیری دەگەڕێتەوە.. بۆ شێواز و گواستنەوەی رۆشنبیری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ نەوەی دوای خۆی دەگەڕێتەوە.. بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییانەش، لە ئەمڕۆدا بە هۆی جیهانگیری و، پەیوەندی و لە یەک نزیک بوونە.. کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش و لە یەکچوونی رۆشنبیری لە نێو گەلاندا هەن.. جیاوازییەکانیش تا دێت کەمتر دەبنەوە.

رۆشنبیری بە گشتی، بریتییە لە فێربوون و، لە وەدەستهێنانی زانست و زانیاریی هەمەچەشنە و، شارەزایی مرۆڤ لە بارەی شێوەی ژیان و، لە بیر و باوەڕ و ، لە هەست و نەست و، لە ئاراستە و ئایدۆلۆژیی مرۆڤ، لە وەرگرتن

و لە بەخشین.

کە دەڵێین: فلانە کەس رۆشنبیرێکی شارەزا و بە توانا و باڵادەستە. واتا شارەزای بواری زانست و زانیاری و ئەدەب و هونەر و لایەنەکانی تری ژیانە.. ئاگای لە گۆڕان و تازەگەری و پێشکەوتن و داهێنان هەیە.. دەتوانێت بە جوانی و دروستی گوزارشت لە را و بۆچوونەکانی خۆی بکات و، تاوتۆیی بارودۆخەکان بکات و، تا رادەیەکیش توانای بۆچوون و پێشبینی کردنی لە گۆڕان و رووداوەکانی داهاتوودا هەبێت.. ئەمانە و کۆمەڵێک پێوەری رۆشنبیریی تر هەن، بۆ دانان بە ڕۆشنبیریی هەر کەسێکدا.

بابەتی رۆشنبیری گشتی، بابەتێکی فراوان و بەربڵاوە.. باسکردن و شیکردنەوەی، بە قووڵی و تەسەلی، کاری شارەزا و تۆژێنەر و پسپۆرانی ئەم بوارەیە.

من لە رێی ئەم کورتە پێشەکییەی سەرەوە.. ویستم بێمە سەر باسی رۆشنبیریی منداڵان.. کە بە کورتی و چڕی سەرنجی خۆم لەم بارەیەوە دەخەمەڕوو.

لەم روانگەیەوە کە، (منداڵان بەشێکن لە ئەمڕۆ و.. هەموو ئایندەشن..).

قۆناغی منداڵی، گرنگترین و، ناسکترین و، هەستیارترین قۆناغە، لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵدا.. زۆربەی تۆژێنەران و دەروونناسانی منداڵان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی ژیانی منداڵ، بە پیترین و گرنگترین قۆناغی منداڵییە.. هەر لەم قۆناغەدا سیماکانی کەسایەتی منداڵ دەردەکەون و، پێشبینی چۆن کەسایەتییەکی داهاتووی لێدەکرێت.

شایانی باسیشە، لە ئەمڕۆدا پەروەردە بریتی نییە، لە تەنها فێرکردنی زانست و زانیاری.. بەڵکو ئەم سنوورەی تێپەڕاندووە و، هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیان بە ژیانی منداڵەوە هەیە.. بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بەرز بێتەدی کە پەروەردە خوازیارێتی.. *لەم رووەوە، جۆن دیٚوی دەڵێ: "منداڵ ئەو خۆرەیە، کە هەموو دامودەزگا پەروەردەییەکان، بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.."، هەروەها سیمۆنز دەڵێ: "پەروەردەکردنی منداڵ، بیست ساڵ بەر لە*

*دایکبوونی دەست پێدەکات.. "مەبەستی سیمۆنز، لە پەروەردەکردنی دایک و باوکی منداڵە، کاتێ کە ئەوان منداڵ بوون و پەروەردە کران، ئێستاش نۆرەی ئەوانە کە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن.*

بەداخەوە، بە رادەی ئەو گرنگییەی قۆناغی منداڵی، وەکو پێویست ئاوڕێکی تەواو لە منداڵان نەدراوەتەوە.. تا ئەمڕۆش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بەشێکی زۆری منداڵان لە مافەکانیان بێبەشن و پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن و ژیانێکی ئاساییان بۆ دابین نەکردوون.. بە هەژاری و کوێرەوەری و هەناسەساردی دەژین.

رۆشنبیریی منداڵان، بەشێکی گرنگە لە رۆشنبیری گشتی.. بەڵام رۆشنبیریی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە منداڵان لە رووی جەستەیی و بیر و هۆشەوە، توانا و ئاستێکی دیاریکراویان هەیە.. منداڵان خاوەنی فەرهەنگی زمانی ساکاری خۆیانن.. شێوازێکی تایبەتیی خۆیان هەیە لە گوزارشتکردن و دەربڕینی هەست و سۆزیان .. رێگای خۆیان هەیە بۆ وەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان.. بە کورتی ئەوان خاوەنی جیهانی تایبەتیی خۆیانن، کە لەگەڵ جیهانی گەورەکاندا جیاوازی هەیە.

رۆشنبیریی منداڵان، بریتییە لە تێکەڵەیەک لەو شتانەی کە لە دایک و باوک و لە خێزانەکانیانەوە، یا لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانیانەوە وەری دەگرن، لەو داب و نەریتەی پێیان دەگا و چاوی لێدەکەن، لەو زانست و زانیارییانەی وەری دەگرن، لە کارتێکردنی هونەر، لەو شتانەی کە باوەڕیان پێی هەیە، لە سەرنج و تێڕوانین و، لە تاقیکردنەوەکانی ژیانی خۆیان.

رۆشنبیریی منداڵان، گرنگترین شێواز و کۆڵەکەی پەروەردەییە، بۆ گەشەکردن و پێشخستنی بیر و ئەندێشەی منداڵان، بۆ وروژاندنی تواناکانی ناخی دەروونیان.

بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی، رۆشنبیریی منداڵان، لقی لێدەبێتەوە و، بێگومان ئاستی رۆشنبیریی منداڵێکی تەمەن پێنج و شەش ساڵان، وەکو ئاستی رۆشنبیریی منداڵێکی تەمەن نۆ و دە ساڵان نییە.. چونکە جیاوازییان لە تەمەن و جەستە و لە بیر ئەندێشە و، لە زماندا هەیە.. جیاوازیان لە توانای فێربوون و وەرگرتن و بەخشیندا هەیە.. جیاوازیان لە دەربڕین و گوزارشتکردندا هەیە.. کەواتە ئاستی رۆشنبیریشیان لەگەڵ تەمەنەکانیادا دەگونجێت.

ئەمڕۆ گەلە پێشکەوتووەکان و تازەگەشەکردووەکان، بایەخێکی زۆر بە رۆشنبیریی منداڵان دەدەن، چونکە لەو راستییە دڵنیان، کە هیوا و ئامانج و خواستەکانیان و، دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی شیاوتر، لە سایەی پەروەردەکردن و رۆشنبیریکردنی دروستی منداڵانی ئەمڕۆدا دێنە دی.. منداڵانی ئەمڕۆن دەبنە بەڕێوەبەری دەهاتوو. بۆ دەستەبەرکردنی ئینتیمای منداڵان، بۆ بەهێزکردنی گیانی بەرپرسێتیان، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی دروست و باش لەگەڵ ئەم سەردەمە جەنجاڵەدا، هەڵبکەن و دەربەرن، بۆ ئەوەی بۆ ئایندەیەکی گەشتر و باشتر ئامادەبکرێن.. پێویستە پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی توانا و بەهرە و ئارەزووەکانیان بۆ دابین بکەین.. بە چاوێکی پڕ لە رێزەوە لە هەوڵ و چالاکییەکانیان بڕوانین.. هەمیشە پاڵپشت وهاندەریان بین و، خۆشەویستیی خۆمانیان پێ ببەخشین.

دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە منداڵانی ئەمڕۆ، منداڵانی سەدەی بیستەمی رابردوو نین.. منداڵانی ئەمڕۆ لە سایەی پێشکەوتن و داهێنانی سەیر و سەمەرەی تەکنۆلۆژیای تازەوە.. بە هۆی زۆربوونی میدیا و کتێبی رەنگاوڕەنگەوە.. بە هۆی ئینتەرنێتەوە.. رۆشنبیرتر، زۆرزانتر، چاوکراوەتر بوونە.. ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان روونا‌کتر و فراوانتر بووە.. فەرهەنگی وشە و زمانیان دەوڵەمەندتر بووە.. پێداویستییەکانیان زیاتر بوونە.. خەون و هیواکانیان گەورەتر بوونە.. بۆیە پێویستە گۆڕانکاری لە شێواز و لە رێباز و لە هۆکانی پەروەردەکردن و رۆشنبیریکردنی منداڵان بکرێن.. منداڵان تا رۆشنبیرتربن، زانیاری و زانستی زیاتر وەردەگرن و، باشتر گوزارشت لە هزر و لە ناخی خۆیان دەکەن و، زیاتریشمان پێ دەبەخشن.

ئەگەرچی چاودێریکردن و بایەخدان و هاندان و رۆشنبیریکردنی منداڵان، ئەرکێکی گشتییە و، لە ئەستۆی هەموو لایەنەکاندایە.. بەڵام چوارلایەن هەن کە گەورەترین لایەنی بەرپرسن و، زیاتر کاریگەرییان لە پەروەردەکردن و، لە رۆشنبیریکردنی منداڵاندا هەیە.. ئەم چوار لایەنەش: خێزان، قوتابخانە، میدیا و راگەیاندن، ژینگەی کۆمەڵایەتی.. چونکە منداڵان، قۆناغی منداڵییان لە سایەی ئەم لایەنانە بەسەردەبەن.. بۆیە هەریەکەش لەم لایەنانە شوێن پەنجەیان لە پەروەردەکردن و رۆشنبیریکردنی منداڵاندا دیارە و.. رەنگدانەوەی راستەوخۆیان لە رەوشت و رەفتار و هەڵسوکەوت و، لە بیرو بۆچوون و، لە رێڕەوی ژیانی ئەمڕۆ و، لە داهاتووی منداڵاندا هەیە.

وڵاتە پێشکەوتووەکان، بەر لە منداڵ بوون، زۆر بایەخ بە رۆشنبیریکردنی دایکان و باوکان دەدەن، تا بتوانن منداڵی رۆشنبیر و تەندروست پێبگەیەنن.. ئەلبێرت هۆبارد دەڵێ: "ئەگەر دەتەوێ منداڵی ژیر و زرنگت هەبێت،

زانا و رۆشنبیربە.."

### گرنگترین کۆڵەکەکانی رۆشنبیریی منداڵان:

*یەکەم:* خێزان، خێزان بناغەی پێکهێنانی کۆمەڵە.. خێزان، بە یەکەمین و گرنگترین کۆڵەکەی رۆشنبیریی منداڵان دادەنرێ.. خێزان بەرپرسیارێتییەکی گەورە و گرنگی لە ئەستۆدایە، ئەویش گۆشکردن و، بە دروستی پەروەردەکردن و، رێنماییکردن و، ئاراستەکردنی راستی منداڵانە.. ئەرکیانە کە بایەخ بە گەشەکردنی بەهرە و تواناکانی منداڵەکانیان بدەن، فێریان بکەن بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری.. منداڵان بە زۆری لە خێزانەکانیانەوە فێری خوو و رەوشتی باش و بەرز دەبن.. بۆیە دەبێ دایکان و باوکان، ببن بە پێشەنگ و بە نموونەی باش بۆ منداڵەکانیان.

*دووەم:* کتێب کتێبخانە، خوێندنەوە بووە بە یەکێک، لە هەرە پێویستییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە.. کە لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و خواردن و خواردنە و نووستن و یاری کردن، ریزبەندی دێتە سەر خوێندنەوە.. پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانمان بۆ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری هەمەجۆرە هان بدەین.. تا رابێن و خوو بە خوێندووەوە بگرن.. چونکە خوێندنەوە گرنگترین هۆی فێربوون و وەرگرتنە، یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی رۆشنبیریی منداڵان.. ئەمڕۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، لە هەر شار و شارۆچکە و گوندێکدا، لە هەر گەڕەکێکدا، لە هەر ماڵێکدا، کتێبخانە هەیە و، پڕن لە کتێب و گۆڤاری هەمەڕەنگە بۆ منداڵان.. بەڵکو لە ژووری نووستنی منداڵەکانیشیاندا کتێبخانەی قەنج هەیە و، ئەو کتێبانەیان تێدایە کە بۆ قۆناغەکانی منداڵی دەشێن.. لەم رۆژانەدا (چنوور)ی کچم، کە لە وڵاتی نەرویجە، کچێکی هەیە کە ناوی(مریەم) ە، تازە تەمەنی بووە بە (دە مانگ).. بۆ کونترۆڵکردنی تەندروستیی ئاسایی، بردبووی بۆلای پزیشکی منداڵانی تایبەتی خۆی، پزیشکەکە پێی وتبوو، پێویستە لە ئەمڕۆوە، کۆمەڵێک کتێبی وێنەداری ئاژەڵ و گیانەوەری تری بۆ بکڕیت.. وێنەکانی پیشان بدە و، ناوی ئاژەڵەکانی پێ بڵێ و، لاسایی دەنگی ئەو ئاژەڵانەی بۆ بکەوە.. رۆژانە بۆی دووبارە بکەرەوە.. تا دەیناسێ و ناویان فێردەبێ.

*سێیەم:* میدیا و راگەیاندن، بە تایبەتش (میدیای بینراو) وەکو تەلەفزیۆن و سینەمای منداڵان، میدیاکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریی منداڵاندا، بە مەرجێک ئەو بەرنامە و فیلمانەی پێشکەشیان

دەکرێن، سوودبەخشبن و، لەژێر چاودێریی و بەڕێوەبردنی کەسانێکی شارەزا و پسپۆری بۆاری پەروەردە و رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵاندا بن.

لە کۆتاییدا، داوە لە هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و، وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی باشووری کوردستان دەکەم، کە ئاوڕێکی جدی لە رۆشنبیریی منداڵانی کوردستان بدەنەوە، پێویستە کتێبخانە گشتییەکان و، کتێبخانەکانی قوتابخانەکان، بە کتێب و بە گۆڤاری هەمەچەشنە ی منداڵان دەوڵەمند بکەن، ماوەی بەرنامەکانی منداڵان لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستاندا، بە کەسانی شارەزای بۆاری رۆشنبیریی و دەروونناسی منداڵان بسپێرن.. ئەمەش ئەرکێکی پێویستی نیشتمانییە.

٧ی جوونی ٢٠١٣

## نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان.



منداڵانی ئەمڕۆ، هیوای دواڕۆژن.. گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی هەر گەل و وڵاتێکن.. چارەنووس و داهاتووی هەر گەلێک، بەندە بە رادەی گۆشکردن و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی راست و دروستی منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆیانەوە.

لە ئەمڕۆدا، رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان، ژمارەیەکی زۆری لە نووسەران و ئەدیبان و دەروونناسان و پسپۆرانی بواری پەروەردە و توێژێنەران و رەخنەگران و میدیاکان و گەلێ دامەزراوە و دامودەزگای جیهانیان بە خۆیانەوە

سەرقاڵ کردوون.

*نووسەری فەرەنسی (ڤیداڵ) دەڵێ: "نووسەرانی منداڵان ، دەتوانن تـام و چێژی جیهـان بگۆڕن.. بەڵکـو دەتوانن جیهان خۆشی بگۆڕن..".*

ئەدەبی منداڵان، بەر لە هەموو شتێ هۆنەر و ئەدەبە.. ئەدەبی منداڵان، بەشێکە لە ئەدەب و، گرنگترین کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەکانی رۆشنبیریی منداڵان.. پڕلەئاوترین و بەخوڕترین زێیە لە زێیەکانی رووباری رۆشنبیریی منداڵان. ئەدەبی منداڵان، شێوازێکە لە شێوازەکانی گوزارشتکردنی هونەری، کە دەستوور و بنەما و رێبـازی تـایبەتیی خۆی هەیە.. ئەدەبی منـداڵان کـاریگەرییەکی گرنـگ و بەهێـزی هەیە لە بنیاتنـانی کەسـایەتی دروسـتی منـداڵان و، لە وروژاندن و لە گەشەکردنی بەهرە و توانا و حەز و ئارەزووە هەمەچەشنەکانیان.. چونکە ئەدەبی منداڵان، سەرەڕای تـام و چێـژە ئەدەبییەکەی، چەنـدین ئـامانجی زانیـاری و، پەروەردەیـی و، رەوشت بەرزی و، دەروون دروسـتی و، نیشتمان پەروەری و، کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی.

لەم سەردەمەدا، ئەدەبی منداڵان تەنها هۆیەک نییە بۆ شادی و خۆشنوودیی منداڵان، بەڵکو هۆیەکیشە بـۆ داهێنـان و بۆ گەشەکردنی رۆشنبیری و، بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی منـداڵان و، بـۆ وەرگرتنـی زانسـت و زانیـاریی هەمەڕەنگەی نوێ.

لە ئەمڕۆدا، ئەدەبی منداڵان بۆتە پێویستییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی.. بووە بە مژدەبەخشی گزنگدانی ئاسۆیەکی روونـاکتر و، ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر.

ئەدەبی منداڵان، تەنها چیرۆک و هۆنراوە و سروود و لایلایە و گۆرانی و شـانۆ و رۆمـان و پەخشـان نییە.. بەڵکـو هەموو ئەو بابەتـانە دەگرێتەوە، کە منداڵان دەیان خۆیننەوە، دەیـان بیـنن، دەیـان بیسـتن، بەمەرجێـک لە جیهـانی پاک و سنووورداری منداڵییانەوە، نامۆ و دوور و بەدەر نەبن.

رەخنەگری ئەدەبی منداڵان (لینە گۆڵدبرگ) دەڵێ: "ئەدەبی منداڵان ، ئەو جۆرە ئەدەبەیە ـ پەخشان یا هۆنراوە ـ کە لە نـاوەڕۆک و شـێوازدا، لەگەڵ توانـا و درک و هەسـتکردنی منـداڵانی تـا تەمەنـی نزیکـی سیـانگزە سـاڵاندا

بگونجێت.. شێوازی ئەم ئەدەبەش دەبێ ئاسان و روون بێت، لە گرانی و پڕ لە گرفت دووربێت، بەپێی گەشەکردنیان بێت و، لە توانای تێگەیشتن وەرگرتنی منداڵان دوور نەبێت..".
لە بارەی بایەخی ئەدەبی منداڵانیشەوە، شاعیری بولگاری (ران بوسیلیک) دەڵێ: "ئەدەب بۆ منداڵان، وەکو شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن ..".

هەر لە بارەی پێویستی و گرنگیی ئەدەبی منداڵانەوە ، دکتۆر (ناسرەدین ئەلئەسەد) دەڵێ: "ئەدەبی منداڵان، وەکو ڤیتامینەکانە بۆ بیر و هۆش، کە هۆش و ئەندێشە، پێویستیان بە جۆرە جیاوازەکانی هەیە، هەر جۆرێکیش لایەنێکی بیر و هۆش و ئەندێشە مەست دەکات..".

(دۆن مورایە)ش دەڵێ: "ئەدەبی منداڵان، کاریگەرییەکی گرنگ و، بایەخێکی جیاوازی لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوودا هەیە..".

مێژووی ئەدەبی منداڵان، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا - ئەگەرچی ئەدەبێکی نەنووسراو بووە - بەڵام ئەدەبی منداڵان، بەم شێوە سەردەمییە و، لەم فۆرم و بەرگە تازەیەیدا، دەگەڕێتەوە بو سەدەی حەڤدەیەمین.. لە نووسینی داهاتوومدا، مێژووی ئەدەبی منداڵان بەسەر دەکەمەوە.

گرنگترین بنچینە و ئەو مەرجە بنەڕەتییانەی، کە پێویستە نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان بیانزانێ و، لەکاتی نووسینی هەر بابەتێکدا بۆ منداڵان لە بەرچاویان بگرێت، بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا، ریزبەندمان کردوون:

*یەکەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، بەر لە هەموو شتێک ، دەبێ ئەوە بزانێت کە بۆ منداڵان دەنووسێت و، پەیامەکەی ئاراستەی ئەوان دەکات.. دەبێت لە خەسڵەتەکانی قۆناغەکانی گەورەبوون و، لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی منداڵان لانەدات.

*دووەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە بایەخێکی زۆر بە لایەنی پەروەردەی سایکۆلۆژیای منداڵان بدات.. بەڵکو پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان پەروەردەکار بێت و، شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەی نوێدا هەبێت،

چونکە گرنگترین ئامانجی ئەدەبی منداڵان، پەروەردەکردنی دروستی منداڵانە.. وەکو دەڵێن:

*"منداڵان خۆشەویستن.. بەڵام پەروەردەکردنیان خۆشەویسترە.."*.

*سێیەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە شارەزاییەکی باشی لە قۆناغەکانی گەورەبوون و گەشەکردنی منداڵان و لە نیشانەکانیان هەبێت.. ئەم شارەزاییەشی توانای ئەوەی پێ دەبەخشێت، کە بۆ هەر قۆناغێکی منداڵی، چ بیرۆکەیەک بکات بە هەوێنی بابەتەکانی، بە چ شێوازێک بابەتەکانی دابڕێژێت، چ جۆرە وشە و رستە و زمانێکی ساکار و گونجاو هەڵبژێرێت.. چونکە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکان جیاوازن و، تایبەتمەندی و پێویستی و پێداویستیی خۆیان هەیە.. رادەی بڕکردنی بیر و هۆش و ئەندێشە و، رووبەری ئاسۆی بیرکردنەوە و، توانای رۆشنبیریی خۆیان هەیە.

*چوارەم:* کاری هونەری و کاری پەروەردەی دەروونی، دوو چمکی ئەدەبی منداڵانن، یا بڵێین هەردوو باڵی ئەدەبی منداڵانن.. ئەگەر باڵێکیان لە دەست بدات، دەکەوێ و ناتوانێت بفڕێت.. بۆیە پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، هاوسەنگییەک لە نێوان ناوەڕۆک و فۆرمدا دروست بکات.. هیچ لایەنێکیان فەرامۆش نەکات و، نەیکات بە قوربانی لایەنەکەی تریان.

*پێنجەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، نابێت خۆی راداو و، باڵادەستی و فەنتازی خۆی لە نووسینەکانیدا دەربخات و، چی دەوێت و چۆنی دەوێت و، بە هەوەس و بە میزاجی خۆی بنووسێت، بەڵکو پێویستە بیر لەوە بکاتەوە، کە منداڵان چییان دەوێت و، چیان پێخۆشە و، خولیا و تامەزرۆی چین و، تام و چێژ لە چ جۆرە بابەتێک وەردەگرن.

*شەشەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە نووسینەکانی، بە شێوازێکی ئاسان و، بە زمانێکی پەتی و، ناسک و شیرین و، روون و رەوان دابڕێژێت. وشەکانی سادە و ساکاربن و، رستەکانی کورت تەڕ و پاراوبن و، لە فەرهەنگی زمانی منداڵانەوە وەریان بگرێت.. بیرۆکەی نووسینەکانی بێ گرێ و گۆڵ بن و، وشک نەبن و، گرێ کوێرە و پێچ و پەنایان تێدا نەبن.. پێویستە لە ئاستی هۆش و گۆش و بیر و ئەندێشە و توانای منداڵاندا بن.. نووسینەکانی لە جیهانی پاک و سادە و ساکاری منداڵانەوە دوور نەبن.. کە جیهانی وەنەوشەیی پڕ لە خولیا و هیوا و خەونی سەوز و شیرینە، لەو بابەتانەبن کە سۆز و خۆشەویستی بخەنە دڵە قنجەکانیانەوە و، زاخاوی بیر و هۆشیان بدەن و،

هیوای ژیانێکی خۆشتر و، ئایندەیەکی باشتر و گەشتر بخەنە دڵیانەوە.. ئەگەر نووسینەکانی وانەبن، منداڵان لێیان لووتەلا دەبن و بە ئەدەبی خۆیان نازانن.. بۆیە نووسەری ئەدەبی منداڵان، ئەگەر بیەوێت لە نووسینەکانیدا سەرکەوتووبێت.. پێویستە ئەو راستییانە لەبەرچاوبگرێت.

*حەوتەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە رەچاوی جیاوازییەکانی نێوان منداڵان بکات، چ لە رووی تەمەنەوە، لە ئاستی رۆشنبیری و وەرگرتنەوە، لە رووی شوێن و ژینگەوە. بۆ نموونە: ئاستی رۆشنبیری و توانای وەرگرتنی منداڵانی تەمەن حەوت و نۆ ساڵان، لەگەڵ توانا و ئاستی رۆشنبیریی منداڵانی تەمەن یانگزە و، دوانگزە ساڵاندا، وەکو یەک نین و جیاوازیان هەیە.. هەروەهاش ئاستی زانین و رۆشنبیریی منداڵانی گوندنشینی ژینگە کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی تەسک و سنووردار، ناگاتە ئاستی رۆشنبیریی منداڵانی شارنشینی پێشکەوتووی شارستانیی ژینگەبڵاو و بەختەوەرتر.

*هەشتەم:* سەرەڕای بوونی بەهرە و توانای باشی ئەدەبی، پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، شارەزایەکی باشی بواری دەروونزانی منداڵان بێت.. ئەوە بزانێت کە منداڵان هۆگری چین.. دەبێ نووسەری منداڵان، هیوا و خەون و خەیاڵ و ئارەزووەکانی منداڵان بقۆزێتەوە و، ببن بە ئیلهام بۆ بابەتی نووسینەکانی.

*نۆیەم:* هەر وەکو چۆن بەرد و برونز کەرستەی پەیکەرن، رەنگەکان کەرستەی وێنەن، دەنگەکان کەرەستەی موزیکن .. هەروەهاش زمان گرنگترین کەرەستەی دەربڕین و گوزارشتکردن و گەیاندن و نووسینە.. بەڵام زمان کەرەستەیەکی رەق و مردوو نییە کە نەتوانرێت دەستکاری بکرێت.. زمان لە داهێنانی خودی مرۆڤە، لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردن و داهێنانی نوێدا.. زمانیش گەشە دەکات و پێش دەکەوێت و، وشەی تازە لەدایک دەبن.. پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، تا رادەیەکی باش شارەزای زمان و رێزمانی زمانی گەلەکەی بێت.. بە تایبەتیش زمان و فەرهەنگی منداڵان.. شارەزای وشەسازی و جوانسازییەکانی زمانەکەی بێت.. چونکە بە هۆی شارەزایی و توانای زمان پاراوییەوە، نووسەری ئەدەبی منداڵان، دەتوانێت بە جوانترین شێوە و لە فۆرمێکی رازاوەدا، نووسینەکەی پێشکەش بە منداڵان بکات.. ناوەڕۆکێکی باش، لە فۆرمێکی خراپدا، نووسین بێ پێز و لاواز دەکات و دەمرێت.

لە رێی ئەدەبی منداڵانیشەوە، فەرهەنگی زمانی منداڵان رەنگینتر ودەوڵەمەنتر دەبێت. منداڵان بە هۆی زمان پاراویشەوە، دەتوانن باشتر و جوانتر گوزارشت لە بیر و هزر و ئەندشە و، لە سۆز و خۆشی و خۆشەویستیی خۆیان

بکەن.

*دەیەم:* بەپێی پێوەرەکانی جوانسازی، بە جوانی داڕشتن و، رازانەوەی بابەتی نووسینەکان - هۆنراوە بن یا چیرۆک و شانۆ و پەخشان - کاریگەرییان لەسەر هۆگربوون و وروژاندنی حەزی خوێندنەوە و گوێگرتن و سەیرکردنی منداڵان هەیە.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە، نووسەری ئەدەبی منداڵان ناوەڕۆک بکات بە قوربانی فۆرم و تەکنیکی داڕشتن و جوانسازی.. پێویستە هاوسەنگییەک لە نێوانیادا دروست بکات.. شاعیرێک دەڵێ: "تا ئەمڕۆش نازانم، چۆن ئەدەب دەتوانێت لە خەمەکان شتی جوان دروست بکات..".

هەر ئەم نهێنییەشە، هەندێ چیرۆک و هۆنراوە هەن، کە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا وتراون و نووسراون کەچی تا ئەمڕۆش تام وچێژی خویان لە دەست نەداون و منداڵان لە گوێگرتن و لە خوێندنەوە ولە دووبارەکردنەوەیان بێزارنابن.

*یانزەیەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، دەبێ ئەوە بزانێت کە منداڵانی ئەمڕۆ منداڵانی دوێنی و پێری نین.. منداڵانی ئەمڕۆ زۆرزانتر و بلیمەتر و چاوکراوەترن.. منداڵانی سەردەمی داهێنانی شتی سەیر و سەمەرن، سەردەمی ئینتەرنێت و، گۆشکردووی پەروەردەی نوێن.. وەکو (کۆنفۆشیۆس) دەڵێ: "منداڵانمان، منداڵانی چاخی ئێمە نین.. منداڵانی چاخی خۆیانن.." .. ئەدەبی منداڵانیش نەچەقیوە و ریچکەی کۆنی شکاندووە و.. لە گۆڕانکاری و هاوچەرخی و پێشکەوتنداییە.. بۆیە نووسەری ئەمڕۆی ئەدەبی منداڵانیش، نابێت لاسایی شێوازی کۆن بکاتەوە، رێبازی تەڵقین ئاسایی بەسەرچوو، کە لە شێوەی فەرمان پێ کردن و ئامۆژگاریی وشکدا بیرۆکەی بابەتەکانی دادەڕشت.. شوورەی درکەزێی بە دەوریاندا دەکێش.. پێویستە سەردەمییانە بیربکاتەوە و، نووسینەکانی لە ئاستی خواست و رۆشنبیری و پێویستییەکانی، منداڵانی ئەم سەردەمەدا بن.

ئەمەو پێویستە، نووسینەکانی دووربن، لە شەڕانگێزی و شەڕخوازی، لە توندوتیژی و زەبر و زەنگ و لە ترس و تۆقین، لە رەشبینی و هیوابڕان و نائومێدی، لە فروفێڵ و تەڵەکەبازی، لە درۆ و دەلەسە و لەخشتەبردن، لە رق و کینە و بوغز، لە دژایەتی و دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە، لە ستەمکردن و زۆرداری و ئازاردان و بێ بەزەیی و چەوساندنەوە، لە چەقاوەسوویی و بێ رێزی و بەدڕەوشتی و،... هتد. بەڵکو بە پێچەوانەی ئەم خەسڵەتە نێگەتیڤانە.. پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، بە پرانسیپ و بەها جوانەکان و، بە رەفتاری باش و کاری

خێرخوازی و، بە پاکی و راستگۆیی و، بە باوەڕبەخۆبوون و گەشبینی و بە ژیری و هیواخوازی و تێکۆشان و کۆڵنەدان و، ئازادیخوازی و نیشتمان پەروەری و مرۆڤ دوستی و هاوڕێتی و یەکسانی و، بە دڵسۆزی خۆنەپەرستی و،... هتد. لە رێی نووسینەکانییەوە، منداڵانی ئەمڕۆمان گۆش و پەروەرە بکات.. بەزمانێکی نەرم و شیرینی لە گەزۆش شیرنتر، لەگەڵیاندا بدوێت.. تا ببنە تاکی سەرکەوتووی خێرەوەدەر و، کۆمەڵگایەی باش و دروست و بەختەوەریان لێ بێتە کایەوە.. پێویستە ئەدەبی منداڵان لە پێناوی هێنانەدیی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا بێت.

*(مەکسیم گۆرگی) دەڵێ: "دەتوانین بە زمانێکی شیرین و گونجاوی.. دوور لە شێوازی راپورتەزانیاری، بە راشکاوی بۆ منداڵان بدوێین.." .*

*دوانزەیەم:* لایەنی نیشتمان پەروەریی و سۆزی نەتەوەیی و، دڵسۆزی و ئێنتیمابوون بۆ نیشتمان و، رێزگرتن لە مرۆڤ و، دوستایەتی و پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردن و، رێزگرتن لە سەروەریی یاساکان و، زانین ئەرک و مافەکان، داکۆکیکردن لە راست و رەوا، لە ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵانن.. پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، لە نووسینەکانیدا ئەو ئامانجانە فەرامۆش نەکات و.. نووسەر خۆشی ببێ بە پێشەنگ و، بە نموونەنەیەکی باش لەم رووەوە.

*سیانزەیەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە لە نووسینەکانیدا بێ لایەن بێت و، لەژێر کاریگەریی هیچ ئایدیایەکی مەبەستداری سیاسیدا نەبێت.. بۆ بەرژەوەندییەکی تەسکی سیاسی، منداڵانی ساویلکە و دڵپاک، چاوبەست بکات و لاڕێیان بکاتەوە.

*چواردەیەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە رۆشنبیرێکی گشتیی باش بێ و، خوێنەرێکی بابەت هەمەڕەنگەی هەمیشەش بێت.. بە تایبەتیش زیاتر ئەو بابەتانە بخوێنێتەوە، کە پەیوەندییان بە رۆشنبیری و ئەدەب و پەروەردەکردنی منداڵانەوە هەیە.. داهێنەر بێت و، بیر لە داهێنان بکاتەوە.. وێڵی دوای بابەتی تازە بێت.

*پانزەیەم:* پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، زۆر دڵنیابێت لە دروستی و راستیی بیرۆکە و ناوەڕۆکی نووسینەکەی .. دڵنیابێت لە راستیی هەر وشە و رستەیەک، کە دەینووسێت.. چونکە هەر هەڵە و ناراستییەکی زانیاری و پەروەردەیی و ئەدەبی و زمانەوانی، لە هۆش و بیر و ئەندێشەی منداڵاندا دەچەسپێن و، راستکردنەوەیان ئاسان

نابێت.. ئەو هەڵانەش لەسەر نووسەری منداڵان زۆر دەکەون و، ئۆباڵی وەرگرتنی ئەو زانیيارييانەش بە هەڵە، لە لایەن منداڵانەوە، لە ئۆباڵی نووسەری ئەدەبی منداڵاندایە و.. داوای لێبووردن و پاکانەکردنیشی بۆ هوودەیە.

*شانزەیەم:* نابێت نووسەری ئەدەبی منداڵان، جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕاندا بکات و، تەنها کوڕان یا کچان بکات، بە پاڵەوان و کەسایەتی و کارئەکتەرەکانی نووسینەکانی.. بەڵکو پێویستە هەست و گیانی یەکسانی و هاومافی و هاوئەرکی و هاوکاری و هاوڕێزی و خۆشەویستی و خوشک و برایی لە نێوانیاندا بسەپێنێت.

*حەڤدەیەم:* پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، بە دڵێکی فراوانەوە، ئەو رەخنە و سەرنج و تێبینییە ئەدەبییانە وەربگرێت، کە لە نووسینەکانی دەگرن.. گەشە بە لایەنە باشەکانی خۆیً بدات و.. هەڵەکانیشی راست بکاتەوە و دووبارەیان نەکاتەوە.

*هەژدەیەم*: پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، لە رێی نووسینەکانییەوە، پردێکی خۆشەویستی لە نێوان خۆی و منداڵاندا دروست بکات.. تا بچێتە دڵی منداڵانەوە و، هۆگر و ئاشنای نووسینەکانی ببن.

*نۆزدەیەم:* پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان، ئەوەش بزانێت، کە بە چ هۆیەکی گەیاندنەوە، نووسینەکانی بە منداڵان دەگەیەنێت.. لە رێی کتێب و گۆڤاری چاپکراوەوە، لە رێی راگەیاندنی بینراوەوە (تەلەفزیۆن).. لە رێی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ، لە رێی سیدی و کاسێتەوە.. یا هەر هۆیەکی تر بێت، چۆنکە هەریەکە لەو هۆیانە، کومەڵێک مەرجی هونەری و پێویستیی تەکنیکیان هەیە.. مەرجەکانیش بە پێ جۆرەکانی نووسین بۆ منداڵان دەگونجێنرێن.. ئایا نووسینەکەی هۆنراوەیە، چیرۆکە، شانۆیە، زنجیرە درامایە.. یا هەر بابەتێکی تر بێت.

*بیستەم:* نووسەری ئەدەبی منداڵان، نابێت بیر لە دەسکەوتی مادی وسوودی تایبەتیی خۆی بکاتەوە، کە لە رێی نووسینی بابەتی ئەدەبی منداڵانەوە بەدەستی بهێنێت.

لە کڵاورۆژنەی ئەو مەرج و پێوەر و بنەڕەتییانەی سەرەوە، کە پێویستە لە نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵاندا هەبن.. کەواتە بواری ئەدەبی منداڵان، بوارێکی هێندە ئاسان نییە، هەر پێنووس بەدەستێک رووی لێبکات و خۆی تاقی بکاتەوە، بتوانێت بە ئاسانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، رووبارێکی هێندە تەنک و ئارام نییە، هەر خۆبەمەلەوانزانێک خۆی بخاتە ناوی، دەتوانێت بە هێمنی و ئاسانی مەلەی تێدا بکات و لێی

بپەڕێتەوە.

دەشێ نووسەرێکی سەرکەوتووی بواری ئەدەبی گەورەکان بێت.. بەڵام لە بواری ئەدەبی منداڵاندا سەرکەوتوو نەبێت .. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نابەڵەدیی لە بواری پەروەردە و دەروونناسی و، تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکانی پێ گەیشتنی منداڵان و، نەشارەزایی لە پرانسیپ و لە بنچینەکانی ئەدەبی منداڵان و، نابەڵەدیی لە خواست و خولیا و ئارەزوو و هیوا و خەونەکانی منداڵان. بە داخەوە ، لە ژێر ناوی (بۆ منداڵان) دا، نووسینێکی زۆری کالوکرچ و بێ تام و چێژ و لاواز، بڵاوکراونەتەوە یا بڵاودەکرێنەوە، بەڵام لە راستیدا بەشێکی زۆری ئەو نووسینانە، لە بیر و ناوەڕۆک و فۆرمدا، نە بۆ منداڵان دەشێن و، نە منداڵانیش بە نووسینی خۆیانیان دەزانن.

هەندێک پێیان وایە، پێویستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، دابەزن بۆ ئاستی منداڵی و خۆیان بکەنەوە بە منداڵان .. من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم.. چونکە ئەوان گەورەن و قۆناغی منداڵییان بەجێهێشتووە.. ناتوانن جارێکی کە، وەکو منداڵان ئاسایی رەفتار و گوزارشت بکەن.. ئەمە وەکو ئەوە وایە، کە گەورەیەک یارییەکی منداڵان بکات.. لە بەرچاوی منداڵاندا، دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنین.. چونکە نە یارییەکەی لێ دێت و، نە لاسایی کردنەوەکەشی لە رەفتاری سروشتیی منداڵان دەچێت.

دەربارەی ئەدەبی منداڵانی کورد، من تا ئێستا بە زمانی کوردی و بە عەرەبی، پێنج نووسینم لە گۆڤار و ماڵپەرەکاندا بڵاوکردۆتەوە.. بە نیازم لە دەرفەتێکی تردا، چەند سەرنج و رایەکی ترم، دەربارەی رەوتی ئەدەبی منداڵانی کورد بخەمەڕوو.

١ی جووڵای ٢٠١٣

# مێژووی ئەدەبی منداڵان.



**- بەشی یەکەم -**

**لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا.. لەگەک پێکهێنانی شیرازەی خێزانی و، بنیاتنانی ماڵدا.. منداڵانیش بوونیان هەبووە و، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، منداڵان زۆرینەی هەموو گەلان پێکدەهێنن.. بە رێژەی لە سەدا چلی هەموو دانیشتوانی جیهانن.**

**لەگەڵ داهێنانی زمان و، توانای دەربڕین و گوزارشتکردن لە زادەی بیر و هۆش و ئەندێشە و، لە سۆز و خرۆشی ناخی دەروون، بە وشە و بە رستە.. لەگەڵ لە یەکتری گەیشتن و پەیوەندی و پێکەوە ژیاندا.. لەگەڵ پێکهێنانی کۆمەڵگا و بنیاتنانی شارستانی و، داهێنان و پێشکەوتن و، گەشەکردن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.. ئەدەب و هونەریش سەریان هەڵدا و، چەندین لق و پۆپیان لێ بوونەوە.. لەوانەش ئەدەبی منداڵان هاتە کایەوە، ئەگەرچی ئەدەبی منداڵان، ئەدەبێکی - نەنووسراو و تۆمارنەکراوبووە ـ بەڵام نەوە لە دوای نەوە، دەماودەم (بە زاری) بۆ یەکتریان گێڕاونەتەوە، بە تایبەتیش لە شەوانی درێژی زستاندا، لە شەوارە و لە دانیشتنەکانی گوێی ئاگردانیدا .. لەگەڵ خواردنی شەوچەرەدا، باپیرە یا داپیرە گیان، بە تام و چێژەوە چیرۆک و مەتەڵ و ئەفسانە و داستانیان بۆ گوێگرەکانیان گێڕاونەتەوە.**

**دایکانی میهرەبان و دڵسۆزیش، لەگەڵ ڕاژەنینی لانک و بێشکدا، بۆ ژیرکردنەوە و خافڵاندن و خەوبردنەوەی جگەرگۆشەکانیان، بە دەنگی خۆش و ناسک بەسۆزیان، لای لایە و گورگانە شەوێ و گۆرانی و بەستەیان بۆ وتوون .. یا بەر لە نووستن، چیرۆکی خەیاڵئامێز و ئەفسانە و داستانیان بۆ منداڵە چاوگەشەکانیان گێڕاوەنەتەوە.. کە**

پاڵەوان و کارئەکتەرەکانی ئەم چیرۆکانە، بە زۆری (ئاژەڵ و باڵندە) یا (شتی بەرجەستەی گەردوون) یا شتی ئەفسانەیی بوو، وەکو: خێو و دێودرنج، ئەرژەنگ، سیمرخ، ئەژدیها، حەزیای حەوت سەر، ئەسپی باڵدار، پیرێژنی جادووکەر، بووکی دەریا، چەرخوفەلەکی ئەفسووناوی، پاڵەوانی بازیبەند لە قۆڵ، گۆڕنەتەڵە، چەتەوڵ، گەشتی حەوت ساڵەی مان و نەمان بۆ هێنانی ئاوی ژیان، پاڵەوانی سەرکێشی لە توانابەدەر، فریشتەی تەنگانە،... هتد. هەموو ئەم مەتەڵ و چیرۆکە ئەفسانەییانە و ئەم داستانانە، بەشێکی رەسەنن لە کەلەپووری دێرینی گەلان و.. بەشێکی گرنگیشن لە ئەندەبی منداڵان و، لە ئەدەبی گەورەکانیشدا.

ئەدەبی منداڵان بەو شێوە سەرەتاییە دێرینە ناوبراوەی، رەگ و ریشە و بوونی لە فۆلکلۆر و لە کەلەپووری زۆربەی گەلانی جیهاندا هەیە.. چەندین بەڵگەی مێژوویی و پاشماوەی دێرینی بەجێماو، ئەم راستییە دەسەلمێنن.

لە راستیشدا، هەندێ سەرچاوە و کتێبی مێژوویی کۆن هەن، کە باسیان لە ئەدەبی منداڵان، لە سەردەمەکانی کۆندا کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ساکار ئاماژەیان بە هەندێ چیرۆک کردووە، کە لە ناو گەلاندا باوبووە.. هەموو ئەم چیرۆکانەش پشتیان بە داب و نەریت و بە بەهاکانی کۆمەڵ و بە ئایین پەروەری بەستووە.. پاڵەوانی زۆربەی چیرۆکەکانیش ئاژەڵ و باڵندەن یا شتی خەیاڵی و ئەفسانەیین، بە زۆریش گوزارشت لە هێز و ئازایەتی و بەرگری و سەرکەوتنی تاک دەکەن.

لە شارستانییەکانی کۆندا، لە میانەی ئەو نەقش و نیگار و وێنانەی، کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و، دیواری پەرستگاکان و، کۆشک و تەلارەکانی پاشاکاندا دۆزراونەتەوە، یا لەسەر تاشەبەرد دا هەڵکۆڵراون، یا لەسەر خشتی سوورەوەکراودا یا لەسەر گەڵای پانی رووەک نەخشێنراون.. لە ناو ئەو وێنەکاندا، وێنەی منداڵ و چیرۆکی منداڵانیشیان تێدایە.. ئەم بەڵگە بەجێماوانە ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەو گەلانە منداڵ و ئەدەبی منداڵانیان فەرامۆش نەکردوون.. لەوانەش فەرعەونییەکان (میسرییە کۆنەکان)، سۆمەرییەکان، یۆنانییەکان، رۆمانییە کۆنەکان، چینییەکان، هیندییەکان، کوردەکان، فارسەکان، عەرەبەکان، ئینگلیزەکان، فەرەنسییەکان، ئەڵمانییەکان، روسسییەکان، ئیتالییەکان، یابانییەکان، گەلانی ئیسکندناڤیا،... هتد. کە هەریەکە لەم گەلانە زۆر یا کەم، شۆێن پەنجەیان لە ئەدەبی فۆلکلۆری و منداڵاندا دیارە.

لەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە لە فەرعەونییەکان بەجێماون و تا ئەمڕۆش بایەخ و خۆشییان کاڵ نەبوونەتەوە

و. منداڵانی ئەمڕۆش چێژیان لێ وەردەگرن، ئەفسانەی:

(دوورگەی مار) و (هەڵۆی جادوولێکراو) و (تاجی فەیروز) ن.

سۆمەرییەکانی نیشتەجێی میزەپۆتانیاش، یاسایەیەکی پێشکەوتووی پەروەردە و فێرکردنی منداڵانیان هەبوو، کە تا رادەیەک لە پەروەردەکردنی منداڵانی ئەمڕۆوە نزیک بوو.. هۆی ئەم پێشکەوتنەشیان، بۆ داهێنان و بڵاوبوونەوەی (نووسینی سۆمەری) دەگەڕێتەوە.. کە شۆڕش و وەرچەرخانێکی زۆ گرنگ بوو لە مێژووی مرۆڤدا.. سۆمەرییەکان خاوەنی کۆنترین ئەدەبن لە جیهاندا، گرنگترین شاکاری ئەدەبیشیان (داستانی گەلگامیشە) ە.. منداڵ و ئەدەبی منداڵان، لە چەند شوێنێکی ئەم داستانەدا، بە زمانێکی ساکارتر ناویان هاتووە.. باس لە شتە تایبەتمەندییەکانی منداڵانی تێدا کراوە.

بەڵام ئەمە راستییەکە و ناپۆشرێت، کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش، گرنگیدان و بایەخدان بە گۆشکردن و پەروەردەکردنی دروست و، ئاراستەکردنی پێویست و ئاوڕدانەوەیەکی جدی لە ژیانی منداڵان و، لە ئەدەبی منداڵانیش، بە رادەی پێویست نەدراوەتەوە.. وەکو پێویستیش ئەوە لەبەر چاو نەگیراوە، کە چارەنووسی داهاتوو دەکەوێتە دەستی منداڵانی ئەمڕۆوە، ئەم مرۆڤە بچکۆلانەی ئەمڕۆن.. کە سبەینێ جیهان بەڕێوەدەبەن.

ئەدەبی منداڵان لە چاو ئەدەبی گەورەکانەوە، تا ئەمڕۆش شانس و هەلی پێویستی گەشەکردنی بۆ نەرخساوە.. بەڵکو تا سێ سەدە لەمەوەبەر، ئاوڕدانەوە و خوودانە ئەدەبی منداڵان، شەرمەزاری و پایەنزمی و دابەزین بووە.. تا سەردەمێکی نزیک و تا رادەیەکیش ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە زۆر شوێنی جیهاندا، بە تایبەتیش لە سایەی رژێمە دیکتاتۆری و سەرکوتکەرەکاندا، منداڵان پەراوێز کراون و، بە ناڕەوایی دەچەوسێنرێنەوە و.. چێژی خۆشی منداڵێتی و ئازادی و ژیان نازانن و، لە سادەترین مافەکانیان و، لە سۆز و خۆشەویسی بێبەش کراون، کوێرەوەری و، نەبوونی و، برسێتی، ناچاریان کردوون کە کاری قورس و نەشیاو بکەن.. لە ئەمڕۆدا زیاتر لە دووسەد و پەنجا ملیۆن منداڵ لە جیهاندا، رۆژانە بەبێ نازی و برسێتی سەردەنێنەوە.

بۆیە کۆردڤاڵدهایم دەڵێ: "سەرلەبەری دنیا قەرزاری منداڵن" .. بەڵام بەداخەوە، کە تا ئەمڕۆش زۆربەی گەلان و وڵاتانی جیهان، ئەم قەرزەی منداڵانیان ئادا نەکردوون.

مێژووی ئەدەبی منداڵان، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لە قۆناغە سەرەتاییە کۆنەکاندا، مەتەڵ، چیرۆکی ئەفسانەیی، تەلیسم و جادوویی، داستانی ئازایەتی، سەرکێشی، ئایینرەوی، ئامۆژگاریی تەڵقین ئاسایی، ڕێنمایی، ڕێز و گوێدێری، شاسواری، شمشێربازی و تیربازی، خەیاڵکاری، باڵیان بەسەر ئەدەبی منداڵاندا کێشابوو.. تا دەگاتە قۆناغەکانی ئەدەبی منداڵان لە سەردەمی نوێدا، کە لە سایەی گۆڕانکاری و داهێنان و پشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و، پەروەردەیەکی نوێ و، پسپۆری و، مۆدێرن و، جیهانگیریدا، پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.. زیاتر لە هەموو سەردەمێک، لەم سەردەمەدا پێویستیمان بە ئەدەبی منداڵان و بە گەشەکردنی هەیە، چونکە پەروەردەی نوێ و، ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان، بوونەتە دووانە و، بە تەواوکەری یەکتری.

ئەدەبی منداڵان، بەر لە هەموو شوێنێکی تری جیهاندا، لە وڵاتانی ئەوروپادا گەشەی کرد و پێشکەوت، بە تایبەتیش لە وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلتەرادا.. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵێک نووسەری بە توانا، ئاوڕیان لە ئەدەبی منداڵان دایەوە و، چەندین بەرهەمی خۆش و بەسوودیان بۆ منداڵان نووسی و چاپیان کردن.. هۆیەکی گرنگی تریش، دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانی ئامێری چاپکردن و، دامەزراندنی چاپخانە و، دەزگای بڵاوکردنەوەی و چاپکردنی کتێبی منداڵان و، کردنەوەی کتێبخانەی تایبەت بە منداڵان.. سەرەڕای ئەمانەش حەز و پەرۆشی خودی منداڵان، بۆ خوێندنەوەی کتێب و ئەو بابەتانەی تایبەت بوون بە ئەدەبی منداڵانەوە.

یەکەمین کتێب کە بۆ یەکەمین جار بۆ منداڵان چاپکرا کتێبێک بوو کە کۆمەڵێک چیرۆکی لەخۆ گرتبوو.. ناوی کتێبەکەش (ئەفسانەکانی ئێسوب) ە کە لە ساڵی (١٤٨٤) دا، لە لایەن (ولیام کاکستۆن: ١٤٢٢ - ١٤٩١) ەوە، چاپکرا.. ئەم کارەی کاکستۆن بە دەستپێشکەری و بەهەنگاوێکی گرنگی مێژوویی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا دادەنرێت، ئەو (ئێسوب)ەش، کە ولیام کاکستۆن ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانەی داونەتە پاڵ.. وەکو دەگێڕنەوە کە کۆیلەیەکی یۆنانی بووە، لە نێوان ساڵانی (٦٥٠ - ٦٢٠) ی پێش زایینی ژیاوە، لەبەر زیرەکی و بلیمەتی، گەورەکەی ئازادی دەکات.. ئێسوب زۆر حەزی بە گەڕان و گەشتکردن دەبێت، بە گەڕان و گەشکردن و، بە نووسنی چیرۆک بە ناوبانگ بووە.. دەتوانین بەوە دایبنێین کە یەکەمین کەس بووە، کە چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە.. ئەمەش یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئێسوب (قەلەڕەش و گۆزە):

"لە دەشتێکی چۆڵدا، قەلەڕەشێک زۆر تینووی دەبێت، زۆر بە دوای ئاودا گەڕا.. تا گۆزەیەکی دۆزییەوە، کەمێک ئاو لە بنەکەیدا بوو.. بەڵام دەنووکی نەدەگەیشتە ئاوەکە.. قەلەڕەشەکە خەریک بوو لە تینیا بمرێت.. دەیڕوا

نییە ئاوی ناو گۆزەکە.. لە دواییدا بیرۆکەیەکی باشی بۆ هات.. بە دەنووکی یەک لە دوای یەک چەوی هەڵدەگرت و دەیخستنە ناو گۆزە ئاوەکەوە.. ئاوەکە بەرەبەرە سەرکەوت.. تا گەیشتە لێواری گۆزەکە.. ئەوسا قەلەڕەشەکە، دەنووکی تێنا و تێر ئاوی خواردەوە.".

ئەو مەبەستانەی کە لەم چیرۆکەدان: هەوڵدان و کۆڵنەدان، بیرکردنەوە، سەرکەوتن بەسەر تەنگانەدا.

ئەگەرچی کاکستۆن، کتێبەکانی بەو نیازەوە نەنووسیبوون، کە ئارەستەی منداڵانیان بکات.. بەڵام سێ لە کتێبەکانی بە درێژایی ساڵان.. بوون بە بابەتی منداڵان.. ئەو چیرۆکانەی کە لەم سێ کتێبەیدا بوون و، بۆ منداڵان لەباربوون و، منداڵانیش بە کتێبی خویانیان دەزانین و، تام و چێژیان لە خوێندنەوەیان وەردەگرت.. ئەم سێ کتێبە بوون: (ڕێوی رینارد) و (ئەفسانەکانی ئێسوب) و (مردنی ئارسەر).

لە ساڵی (١٦٥٧) دا، پەروەردەکاری چیکۆسلۆڤاکی (جان ئامۆس کۆمینۆس) کتێبێکی گرنگ و بەسوودی بۆ منداڵان لەژێر ناوی (جیهانی وێنەدار) دا، چاپکرد. ئەم کتێبە کتێبێکی زانیاری بوو، وەک لەوەی کە کتێبێکی ئەدەبی بێت .. بەڵام لەو سەردەمەدا هەر بابەتێکی تازە بۆ منداڵان بنووسرایە، بایەخ و سوودی خۆی هەبوو.

***(ئۆرئیل ئۆفیک) گەشەکردنی ئەدەبی منداڵان، بەسەر پێنج سەردەمدا دابەش دەکا:***

***سەردەمی کۆن:*** دەقە ئەدەبییەکانی ئەم سەردەمە، منداڵانیان بە گیانی ئازایەتی و، سەرکێشی و، شاسواری و، ڕەوشت بەرزی و، شەڕ و ڕووبەڕووبوونە و، ئینتیما بۆ هۆز و گەورەکانیان پەروەردە دەکردن.. لەسەر دیواری تەلار و پەرستگاکان و، لەسەر گەڵای ڕووەکدا، نموونەی ئەدەبی منداڵانی ئەم سەردەمە دۆزراونەتەوە.

***سەردەمی ناوەراست:*** لەم سەردەمەدا، قەشەکانی کەنیسەکان، لە شوێنە دوورەکاندا، دەستیان بە کۆکردنەوەی چیرۆکە کۆنەکان کرد و، بە جوانی و ڕێکی نووسییاننەوە و، پاراستیانن.. بە هۆی ئەمانیشەوە، ئەو چیرۆکان لە زۆر شوێندا بڵاوبوونەوە.

***سەردەمی چاپخانە:*** ئەم سەردەمە لە نیوەی سەدەی پانگزەمیندا دەستی پێ کرد، واتە لە دوای داهێنانی ئامێری

چاپکردن، کە لە لایەن ئەندازیاری ئەلمانی (گۆتەمبەرگ)ەوە داهێنرا.. دامەزراندنی چاپخانە و کتێب چاپکردن.. شۆڕشێکی رۆشنبیری و ئەدەبیی پەرپاکرد.. ئەوەبوو لە ساڵی (١٥٥٠) دا لە ئینگلتەردا کۆمەڵێک چیرۆک چاپکران.
*سەردەمی زانیاری:* ئەم سەردەمە، لە دەرچوونی کتێبی (ئیمیل) لە نووسینی مامۆستا و فەیلەسوفی فەرەنسی (جان جاک رۆسۆ) وە دەستی پێکرد.. ئەم کتێبەشی لە ساڵی ( ١٧٦٢) دا چاپکرد.

دوا بە دوای کتێبکەی رۆسۆ، چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی منداڵ و ئەدەبی منداڵان چاپکران، لەم سەردەمەدا ئەدەبی منداڵان، پشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. رابەری ئەم ئاراستەیەش (جۆن نیوبەری) بوو.

*سەردەمی نوێ (سەردەمی زێڕین):* ئەم سەردەمە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمینەوە دەستی پێکرد.. لەگەڵ دەرچوونی کتێبی (ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەدا) کە لە نووسینی (لویس کارول) ە .. بە دوای ئەم کتێبەشدا چەند کتێبێکی تریش چاپکران.

*بەڵام دکتۆر (عەلی ئەلحەدیدی) لە کتێبەکەیدا (لە ئەدەبی منداڵان دا) مێژووی نوێی ئەدەبی منداڵان، بە سێ قۆناغی سەرەکی دەستنیشان دەکات:*

*قۆناغی یەکەم:* لە ساڵی (١٦٩٧) ەوە دەست پێدەکا، بە دەرچوونی یەکەمین کتێبی ئەدەبی بۆ منداڵان، لەژێر ناوی (چیرۆکەکانی دایە قازم) لە نووسینی نووسەری فەرەنسی (چارلز پیرۆ).. چارلز، بوو بە دەستپێشکەر و ریچکەشکین.. بە دوای ئەمدا چەند نووسەرێکی تر هاتنە بوارەکەوە و، دەستیان بە نووسین بۆ منداڵان کرد.. هەر لەم سەردەمەشدا، لە نێوان ساڵانی (١٧٠٤ - ١٧١٤) دا، رۆژهەڵاتناس و، نووسەر (ئینتیوان گالان) بۆ یەکەمین جار چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو)ی گۆڕییە سەر زمانی فەرەنسی، کە چەند چیرۆکێکی شیاویان بۆ منداڵان تێدایە.

هەر لە فەرەنسادا لە ساڵی (١٧٤٧) دا، لە لایەن نووسەرێکی مەزنی منداڵدۆستەوە، یەکەمین رۆژنامە بۆ منداڵان لەژێر ناوی (هاوڕێی منداڵان) هاتە کایەوە.

بێجگە لە فەرەنسا، رەوتی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، رووسیا، ئەمریکا، لە وڵاتانی ئیسکندناڤیا و،

میسر، سەری هەڵدا و بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا.

*قۆناغی دووەم:* ئەدەبی منداڵان لە دوای (جەنگی جیهانی یەکەم)ەوە دەست پێکرد.. لە هەموو ئاستێکدا زیاتر بایەخ بە پەروەردەکردن و گەشەکردنی منداڵان درا و، بە شێوەیەکی نەخشەداڕێژراوی ئەکادیمیش بایەخ بە (زانیاری دەروونناسیی منداڵ ن) و بە سایکۆلۆژیای گەشەکردن درا.. وەکو مرۆڤێکی سەربەخۆش لە منداڵیان دەڕوانی.

*قۆناغی سێیەم:* لە دوای (جەنگی جیهانی دووەم) ەوە دەستی پێکرد.. تا دەگاتە قۆناغی ئێستای، کە بە (سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵان) ناودەبرێت.. گۆڕان و وەرچەرخانێکی نوێ هاتنە کایەوە و، بایەخدان بە منداڵان و بە ئەدەبی منداڵان، بوو بە پێویستییەکی گرنگی ئەم رۆژگارە.. بە تایبەتیش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کە هەل و مەرجێکی باش بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان رەخسا و.. چەندین کتێبخانەی منداڵان و، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی منداڵان دامەزران، بە ملیۆنان ژمارەی کتێب و گۆڤاری منداڵان چاپکران و بڵاوکرانەوە.. دەستوور و بنەما و ئاراستەی ئەدەبی منداڵان دیاری کران.. چیرۆک بوو بە وانەیەکی تایبەتی و، وەکو وانەکانی تری خوێندن، لە قوتابخانەکانە بنەڕەتییەکانی ئەمریکادا دەخوێنرێ.

لەم قۆناغەدا هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدان، کە نەوەیەکی نوێ بۆ داهاتوویەکی باشتر پەروەردە بکرێن.. نەوەیەک کە ئاشتیخواز و مرۆڤ دۆست و چاکەخوازبن.. نەوەیەک تاکەکانی رێز لە یەکتری بگرن و، پێکەوە ژیان و خۆشەویستی لە هۆش و دڵیاندا بڕوێن.. نەوەیەیەکی باوەڕبەخۆبن.. داهێنانخواز و پێشکەوتووخوازبن..

بێگومان ئەدەبی منداڵان، لە چوارچێوە کلاسیکییەکەیدا نەماوەتەوە، رۆژ لە دوای رۆژ، زیاتر پێشکەوتن و داهێنان بە خۆیەوە دەبینێت.. تا لە گەڵ هیوا و خواست و خولیا و خەونە شیرینەکانی منداڵانی زۆرزانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت.

(فیلیپ ئاریس) دەڵێ: "لە سەردەمەکانی پێش ئەم سەردەمەدا، بە چاوی ئێستاوە لە منداڵیان نەدەڕوانی.. منداڵێتی دیاردەیەکی تازەیە.. چونکە سەردەمەکانی کۆن، بەوە ناودەبرێن کە منداڵانیان پەراوێزکردبوون.. بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەداون.. بەڵکو دەشیان چەوساندنەوە..".

حەز دەکەین لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەین گەلێ دەق و بابەتی ئەدەبی هەن، بە تایبەتی بۆ منداڵان نەنووسراون و، بۆ گەورەکان نووسراون. بەڵام دوای دەستکاری کردن و کورتکردنەوە و دووبارە داڕشتنەوەیان، بە زمانێکی ئاسانتر، وایان لێ کردوون کە بۆ منداڵان بگونجێن و، منداڵان بە ئەدەبی خۆیانیان بزانن، تا ئەمڕۆش منداڵان لە هەندێ لەو دەقە دەستکاری کراونە بێزار نەبوونە و تام وچێژیان لێ وەردەگرن، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە کراون بە فیلمی کارتۆن یا بە فیلمی سینەمایی.. بۆ نموونە: رۆمانی (رۆبنسون کروزۆ) لە نووسینی (دانیال دیڤۆ) و، رۆمانی (گەشتەکانی گۆلیڤەر) لە نووسینی (جۆناسان سویفت: ١٦٦٧ - ١٧٤٥).. کە نووسەر و سیاسەتمەدارێکی (ئینگلیزی ـ ئیرلەندی) بوو.. کە نووسەری ناسراوی ئینگلیزی (جۆن نیوبەری) ئەم دوو رۆمانەی دەستکاری کردوون و، کورتیانی کردوونەتەوە و، بە زمانێکی ئاسانتر و گونجاوتر بۆ منداڵان، دووبارە دایڕشتوونەتەوە و، چاپی کردوون.

داستان و ئەفسانە و مەتەڵ و چیرۆکە میللیەکانیش بەشی منداڵانیان تێدایە، یا هەندێ لە چیرۆکی گەورەکان دوای کورتکردنەوە و ئاسانتر داڕشتنەوەیان، بۆ منداڵان دەشێن.

من لەم رۆژانەدا، بەشێکی زۆری چیرۆک و شانۆگەرییەکانی (ولیام شکسپیر) م بینی کە بە زمانی نەرویجی، بەبێ شێواندنی ناوەڕۆک و بیر و مەبەستی چیرۆکەکان، کورتر کراونەتەوە و، بە زمانێکی ئاسانتر دووبارە بۆ منداڵان دایان رشتوونەتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە (کتێبەکانی خوێندنەوە) بۆ پۆلەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان.. زۆربەی دەق و بابەتەکانیان بەشێکن لە ئەدەبی منداڵان و، کتێبەکانیش بە کتێبی منداڵان دادەنرێن.

چیرۆکەکانی کتێبی (کەلیلە و دیمنە) ش، کە لە بنەڕەتدا هیندین و، بە زمانی هیندی نووسراون.. (عەبدوڵڵا کوڕی موقەفەع) یش لە ساڵی (٦٥٩)ی زایینیدا لە زمانی فارسییەوە گۆڕیویەتە سەر زمانی عەرەبی.. چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بە زمانی ئاژەڵەوە نووسراون.. بەشێکی زۆریان بۆ منداڵان دەشێن.. (کەلیلە) و (دیمنە) ناوی دوو چەقەڵی بران.. کە کراون بە سەر ناوی کتێبەکە.. چیرۆکەکانی ئەم کتێبە گەلی بەهای رەوشت بەرزی و، وانە و پەندی بەسوود و، گاڵتەئامێزی خۆشیان تێدایە. مێژووی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بۆ (١٠٠ تا ٥٠٠) ساڵ پێش زایینی دەگەڕێنەوە. فەیلەسووفی هیندی(بەیدەبا) چیرۆکەکانی بۆ شا (دبشەلیم)ی هیندستان گێڕاونەتەوە.. کتێبی

(کەلیلە و دیمەنە) بە شاکارێکی نەمری جیهانی دادنرێ.. گۆڕپویانەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.

شایانی باسیشە، ژمارەیەکی زۆریش لە نووسەرە گەورەکانی جیهان (شاعیران، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسان) بەشێک لە نووسینەکانیان، بە زمانێکی ئاسانتر و شیرین، بۆمنداڵان نووسیون، وەکو: تۆڵستۆی، تشیخۆف، چارلز دیکنز، ڤیکتۆر هۆگۆ، ئۆسکار وایڵد، بۆشکین، تاگوور، لە شاعیرە خوالێخۆشبووەکانی خۆشمان: پیرەمێرد، بێکەس، زێوەر، هەژار، گۆران، قانع،... هتد.

## ئەدەبی منداڵان لە فەرەنسا دا:

لە (سەدەی سیانگزەمین و چواردەمین) دا، ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەدەبی منداڵان بریتیبوون: لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و چاکەخوازی و ڕەوشت باشی و شاسواری و پاڵەوانبازی و ئایینپەروەی.

هەر لەو سەردەمەدا، کۆمەڵێک نووسەر دەستیان بە نووسینی (ئەدەبی گەڕۆک) کرد.. لە شوێنە گشتییەکاندا چیرۆک و هۆنراوە و نووسینەکانیان بۆ خەڵکی دەخوێندنەوە.. بە هۆی دێوەرە و فرۆشیارە گەڕۆکەکانیشەوە، مەتەڵ و چیرۆک و هۆنراوەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڵاودەبوونەوە.

بەڵام ئەدەبی منداڵان، وەکو (ئەدەبێکی سەربەخۆ) و، لە سەردەمێکی تازەدا، لە (سەدەی حەڤدەمین) دا بەر لە هەموو وڵاتانی جیهان، بە شێوەیەکی فەرمی لە وڵاتی فەرەنسادا دەرکەوت و، گەشەی کرد و، هەنگاوی باشی بەرەوپێشەوە نا.

لەو سەرەمەدا، نووسەرە بە توانا و بەناوبانگەکان، شەرمیان دەکرد کە بە ناوی ڕاستیی خۆیانەوە بۆ منداڵان بنووسن، لەوە دەترسان کە لە ناوبانگ و پایەیان بێتە خوارەوە و، ڕووبەڕووی لۆمە و تانە و ڕەخنە ببنەوە.. تا شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی (چارلز پیرۆ: ١٦٢٨ - ١٧٠٣)، لە ساڵی (١٦٧٩) دا، کتێبێکی بۆ مندڵان چاپکرد لە ژێر ناوی (چیرۆکەکانی دایە قازم).. کە کۆمەڵێک چیرۆکی خۆشی لەخۆگرتبوو، لەوانە: (ساندرێلا) و (ڕیش شین) و (شۆخە نووستووەکە) و (جنۆکە) و (پشیلەی جزمە لەپێ).. بەڵام چارلز هێشتا ترسی نەشکابوو، ئەم کتێبەی بە ناوی خۆیەوە بڵاونەکردەوە، لە ترسی ناوبانگ و، پایە نزمبوونەوەی.. بۆیە بە ناوی

کوڕە بچووکەکەیەوە بڵاوی کردەوە کە ناوی (بیرودار مانکور) بوو.

ئەم کتێبە ناوبانگی دەرکرد و، پایەی ئەدەبی منداڵانی بەرزکردەوە.. بە یەکەمین کتێبی ئەدەبیی تایبەت بە منداڵان دادەنرێ.. دەرچوونی ئەم کتێبە بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی رەوتی ئەدەبی منداڵان دادەنرێ. ناودەرکردنی ئەم کتێبە، بوو بە مایەی دڵخۆشی و بە هاندەر بۆ چارلز، بە دوای ئەم کتێبەدا، کتێبێکی تری چاپکرد، بە ناوی (مەتەڵ و چیرۆکەکانی سەردەمی رابردوو) بەڵام ئەم کتێبەی بە ناوی خۆیەوە بڵاوکردەوە.

نووسین بۆ منداڵان لە فەرەنسادا، تا (سەدەی هەژدەمین) هێشتا رەگ و ریشەی بە تەواوی دانەکوتابوو.. تا فەیلەسوف و مامۆستای فەرەنسی (جان جاک رۆسۆ) کە لە ساڵی ( ١٧١٢ - ١٧٧٨) ژیاوە.. رۆسۆی خاوەن (بیردۆزی پەروەردەی سروشتی) بیر و بۆچوونەکانی دەربارەی فێرکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان، لە کتێبێکدا چاپکرد بە ناوی (ئیمیل).. ئیمیل ناوی کوڕەکەی بوو. رۆسۆ جەختی لەسەر ئەوە دەکردووە.. کە نابێت رێ لە منداڵ بگیرێت، با بە ئازادی و سروشتی گەشە بکات و پەروەردە ببێت.. ناشبێ بە تۆبزی فێربکرێت، با فێرکردنی کەمێک دوابکەوێت.. با منداڵ خۆی تاقیبکاتەوە و، سوود و پەند و وانە لە تاقیکردنەوەکانی وەربگرێت، کتێبی (ئیمیل) لە شێوازی چیرۆکێکە بۆ منداڵان، چیرۆکەکەش لەگەڵ بوونی (ئیمیل)ی کوڕی دەست پێدەکا تا دەگاتە تەمەنی (٢٥ ساڵان) کە هاوسەرگیری دەکات.. رۆسۆ داوای لە ئەمیل ی کوڕی کرد کە یەکەمین کتێب، کتێبی (رۆبنسون کروزۆ) بخوێنێتەوە.. چونکە بە رای ئەو، ئەم چیرۆکە باشترین تاقیکردنەوەی پەروەردەیی بە ئیمیل دەبەخشێت.. تا ماوەیەکی زۆر، کتێبی (رۆبنسون کروزۆ) تەنها کتێب بووە لە کتێبخانەکەی ئیمیل دا.

گەورەترین و بە ناوبانگترین نووسەری فەرەنسی، لە بواری نووسین بۆ منداڵان، شاعیری مەزن (لافۆنتین: ١٦٢١ - ١٦٩٥) بوو.. کە لە جیهاندا بە شای چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵان ناسراوە.. شای شاعیرانی ئەدەبی عەرەبیش (ئەحمەد شەوقی) کە ـ بە رەگەزکوردە ـ هۆگر و سەرسامی شیعرەکانی لافۆنتین دەبێ و، کاریگەریی هەبووە لەسەر نووسیناکانی بۆ منداڵان.

لە ساڵانی ( ١٧٤٦ - ١٧٩١) دا، لە لایەن نووسەرێکی گەورەی تری فەرەنساوە، بۆ یەکەمین جار یەکەمین رۆژنامەی بۆ منداڵان دەرکرد.. لە ژێر ناوی (هاوڕێی منداڵان) دا، کە لە نووسینی بابەتەکانیدا، زمانێکی شیرین و ناسک و ساکاری بەکاردەهێنا. سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە، لە جیاتی نووسینی ناوی راستیی خۆی، لەژێر

نازناوی(هاوڕێی منداڵان) دا دەینووسی.. ئەم ڕۆژنامەیە سەرەڕای خۆشی و شادی خستنە دڵی منداڵانەوە.. سوود و خزمەتێکی زۆریشی پێ بەخشین.. لە هەمان کاتیشدا، تەوژمێکی باشیشی بە گەشەکردنی ئەدەبی منداڵانی فەرەنسا دا.

گۆڕینی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو) یش، کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (ئینتیوان گالان) ەوە، کە لە ساڵی (١٧٠٤) دا، گوڕییە سەر زمانی فەرەنسی.. خوێندنەوە و بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو) بوونە مایەی ناوبانگ و دەستخۆشی لێکردنی لە فەرەنسادا، هەروەها بوون بە هاندەریش بۆ ئینتیوان گالان، سوودێکی زۆری لێیان بینی و، بوون بە ئیلهام بەخش، بۆ ئەو چەند چیرۆکەی کە بۆ منداڵانی نووسییانی. نووسینی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو) بەم شێوەیەی ئێستای، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٥٠٠)ی زایینی.. بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستا نەزانراوە، کە نووسەری ڕاستیی چیرۆکەکانی (هەزا و یەک شەو) کێیە.. بەشێک لە چیرۆکەکانی ئەم کتێبیە بۆ منداڵانی هەراش دەشێن.. ئەوەش ساغ بۆتەوە کە (چەند چیرۆکێکی کوردی) یش، لە ناو چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو) دان.

## ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا دا:

لە دوای فەرەنسا، ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرادا بایەخیان پێدا و گەشەی کرد.. ئەو چیرۆکە کلاسیکییانەی پێشتر، بریتیبوون لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ئاینیرەوی، بێ ئەوەی گوێ بە ئاستی بیر و هۆشی منداڵان بدەن یا خولیا و حەز و ئارەزووەکانیان لەبەرچاوبگرن، نموونەی ئەم کتێبانەش، کتێبی (بۆ کوڕان و کچان) ە، کە لە نووسینی (جۆناسان بان یان) ە.

لە ساڵی (١٧١٩) دا لە نووسینی (دانێل دیڤۆ: ١٦٦٠ - ١٧٣١) ڕۆمانی (ڕۆبنسون کروزۆ) چاپکرا.. دانێل بە دەستپێکەری چیرۆکی هونەری لە ئینگلتەرادا دادەنرێ.. دانێل زۆر حەزی لە گەشت و گوزەر بوو، هەموو وڵاتانی ئەوروپا گەڕا.. ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی (ڕۆبنسوون کروزۆ)، دەربارەی سەرگوزشتەی ژیان و سەرکێشییەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی (ڕۆبنسون کروزۆ)ی سەیر و سەرسوڕێنەرە.. ئەم چیرۆکە، لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی بەسەرهاتی پیاوێک بە ناوی (ئەلیکسەندەر سلکێرک)ەوە وەرگرتووە، کە نزیکی (٣٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا.. ئەو پیاوە وێڵ دەبێت و، دەکەوێتە دوورگەیەکی دووری دابڕاوەوە.. بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەو دوورگەیەدا ژیان بەسەر

دەبات.. بێ هیوا نابێ و کۆڵنادات و خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەگونجێنێت.. تا ئەو کاتەی هەلی گەڕانەوەی بۆ (ئوسکۆتلەندە)ی نیشتمانی بۆ دەرەخسێت.

دانێل دیڤۆ، ئەم چیرۆکە راستییەی وەرگرتووە و، بە شیوەیەکی ئەدەبی و هونەری لە رۆمانی (رۆبنسۆن کروزۆ) دا دایڕشتووە.. ئەم رۆمانە بە شاکارێکی ئەدەبی دادەنرێ. گرنگترین ئەو مەبەستانەش کە لەم چیرۆکەدان: کۆڵنەدان، خۆڕاگری، بیرکردنەوە و گونجان، هیواخوازییە لە کاتی تەنگانەدا.. لە راستیدا رۆمانی (رۆبنسون کروزۆ) بۆ منداڵان نە نووسراوە.. بەڵام نووسەری بە ناوبانگی ئینگلیزی (جۆن نیوبەری) دەستکاریی کردووە و کورتی کردۆتەوە، دووبارە بە زمانێکی ئاسانتر و گونجاوتر بۆ منداڵانی دایڕشتۆتەوە.. (رۆبنسون کروزۆ کراوە بە فیلمی کارتۆن) و، بە زۆربەی زمانەکانی جیهان دۆبلاج کراوە.. هێندەی تر، منداڵان هۆگری بوونە و، لە دووبارە کردنەوەی بێزار نابن.

هەر لە ساڵی ( ١٧١٩) دا، (رۆبەرت سامبر) (چیرۆکەکانی دایە قازم)ی گۆڕییە سەر زمانی ئینگلیزی و چاپی کرد .. کە ئەم چیرۆکانەی بوون: (ساندرێلا) و (شۆخە نووستووەکە) و (ریش شین) .. بە مەبەستی خۆشی بەخشین بە منداڵانی ئینگلتەرا.

لە ساڵی (١٧٢٠) تیشدا، (جۆناسان سویفت) کتێبێکی بەناوبانگی چاپکرد، لەژێر ناوی (گەشتەکانی گۆلیڤەر).. کە لەوەدوا (جۆن نیوبەری) بە شێوەیەکی کورتر و ئاسانتر دووبارە بۆ منداڵانی داڕاشتەوە و.. چووە چوارچێوەی ئەدەبی منداڵانەوە.

(جۆن نیوبەری) لە بواری ئەدەبی منداڵاندا نووسەرێکی بە توانابوو، کتێبێکی زۆری بۆ منداڵان چاپکرد و بڵاوی کردنەوە.. رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرادا.. خاوەنی یەکەمین کتێبخانەی منداڵانیشە لە جیهاندا.. نیوبەری داوای لە نووسەران کرد، کە کتێبی گەورەکان کورت بکەنەوە و ئاسانتر بۆ منداڵان بیان نووسنەوە.. نیوبەری نزیکەی (٢٠٠) کتێبی بچووکی بۆ منداڵان چاپکرد.. کە بریتبوون لە مەتەڵ و چیرۆکی ئەفسانەیی و داستان و چیرۆکە میللییەکان.. لەوانەش: (رۆبنسون کرۆزۆ) و (گەشتەکانی گۆلیڤەر) یان تێدابوون .. بۆیە (جۆن نیوبەری) بە (باوکی راستیی ئەدەبی منداڵان) لە ئینگلتەرا ناودەبرێت.

لە ساڵی (١٨٦٥) ز لە ئینگلتەرادا، خۆشترین چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵان بڵاوکرایەوە، لەژێر ناوی (ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەدا)، کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگ (لویس کارۆل: ١٨٣٢ - ١٨٩٨).. (لویس کارۆل) ناوێکی خوازراوە.. ناوی راستیی (چارلز لوتۆیدج دودسن) ە.

لویس کارۆل، چیرۆکنووسێکی بە توانا و زانایەکی ماتماتیک و وێنەگرێکی فۆتۆگرافی ئینگلیزیی ناسراوبوو.. چیرۆکی (ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرە دا)ی نووسی، کە بە یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی منداڵان دادەنرێت .. ئەم چیرۆکە ئەدەبی منداڵانی بردە قۆناغێکی زێڕینەوە.. بێجگە لەم چیرۆکە لویس کارۆل چەند چیرۆکێکی تریشی نووسی لەوانە: چیرۆکی (لە میانەی شووشەوە) و، چیرۆکی (چەنەبازی).

چیرۆکی (ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرە دا) ناوبانگێکی جیهانی هەیە و گۆڕیویانە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان و، کراوە بە فیلمی کارتۆن.

ئەم چیرۆکە، چیرۆکی کچێک دەگێڕێتەوە، کە ناوی (ئەلیس)ە.. لەپڕێکدا دەکەوێتە کونێکەوە و خۆی لە جیهانێکی خەیاڵیدا دەبینێتەوە.. دەڕوا و دەگەڕێت و.. بە سەرسامییەوە دەڕوانێت.. چاوی بە (داوڵێک، شێرێک، پیاوێکی ئاسنین) دەکەوێت.. هەموویان پێکەوە دەچن بۆ لای جادووگەرێک، تا یارمەتیان بدات.. شێرەکە ئازایی دەویست، پیاوە ئاسنینەکە دڵی دەویست، داوڵەکەش هۆشی دەویست، بەڵام ئەلیس گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە دەویست.. ئەم چیرۆکە بە چەندین سەرکێشیدا تێ دەپەڕێت.

ناشبێ (چارلز جۆن لامب: ١٧٧٥ - ١٨٣٤) لەیاد بکەین.. کە کۆمەڵێک چیرۆکی خۆشی بۆ منداڵان نووسیوە.

لە بەشی دووەمدا، باسی مێژووی ئەدەبی منداڵان لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و رووسیا و وڵاتانی ئیسکندناڤیا و عێراق لە هەندێ وڵاتی عەرەبی بە تایبەتیش لە میسردا دەکەین.

لە بەشی سێیەمیشدا، باسی مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد لە کوردستاندا دەکەین.

١٨ی جووڵای ٢٠١٣

## مێژووی ئەدەبی منداڵان.

### - بەشی دووەم -

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ، بە کورتی باسمان لە ئەدەبی منداڵان لە چاخەکانی کۆندا کرد.. دوایش باسمان لە گەشەکردن و پێشکەوتنی رەوتی ئەدەبی منداڵان، لە وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلتەرادا کرد.. لەم بەشەدا (بەشی دووەم)، درێژە بە مێژووی ئەدەبی منداڵان لە هەریەکە لە وڵاتانی: (ئەڵمانیا، روسیا، وڵاتانی ئیسکندناڤیا، ئەمەریکا، ئیتالیا، ئیسپانیا، هیندستان، بە کورتیش ئاماژە بە چەند وڵاتێکی تر دەکەین...).

### ئەڵمانیا:

بەر لە هاتنی دوو برا (یاکوب و ولیەم کارڵ گریم)، لە ئەڵمانیادا چیرۆکی ئەفسانەیی تەنها بۆ گەورەکان دەنووسران.. بەڵام ئەم دوو برایە (یاکوب و ولیەم گریم) دەستیان کرد بە کۆکردنەوە و، بە نووسینی چیرۆکی ئەفسانەیی و ئەندێشەیی و فۆلکلۆریی ئەڵمانی بۆ منداڵان.. بۆ هێنانەدیی ئەم مەبەستەشیان بە درێژایی ژیانیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تری ئەڵمانیا دەچوون و، گوند و ماڵان دەگەڕان و، لە دەمی دایکان و بە تەمەنەکانەوە ، لە دەمی کاسبکار و، فرۆشیارە گەڕۆکەکانەوە، ئەو مەتەڵ و چیرۆک و ئەفسانە و داستانە کۆنانەیان لێ وەردەگرتن، کە شەوان لە گوێی ئاگرداندا، بۆ منداڵەکانیان دەگێڕانەوە.. ئەمان بە دەستکاریکردن و، بە زمانێکی ئاسان و شیرین و رەوان، دووبارە بۆ منداڵانیان داڕشتوونەتەوە.

(یاکوب گریم: ١٧٨٥ - ١٨٦٣) براکەشی (ولیەم گریم: ١٧٨٦ - ١٨٥٩)ی زایینی لە شاری (کاسل)ی ئەڵمانیا لەدایکبوونە و، هەرلەم شارەشدا ژیانیان بەسەربردووە.. پێکەوە لە ژوورێکدا دەنووستن و، پێکەوەش یارییان دەکرد و، لە قوتابخانەی بنەڕەتی و زانکۆش هەر پێکەوەبوون، پێکەوەش لە بارەی ئەدەب دەمەتەقێیان دەکرد.. هەموو چیرۆکەکانیشیان پێکەوە کۆکردوونەتەوە و، پێکەوەش نووسیویانن و بڵاویان کروونەتەوە.. تەنها مردن لێکی دابڕین.

ئەم دوو برایە بڕوانامەی (لیسانس) یان لە یاسادا وەرگرت.. ئەدەبی کۆن و ئەدەبی ئەڵمانییان لە سەدەی ناوەڕاستدا خوێند و، وەکو دوو مامۆستای بە توانای وانەبێژیش لە زانکۆدا وانەیان دەوتەوە.

برایانی گریم زۆربەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانیان، لە شاری (کاسل) دا کۆکردوونەتەوە.. لە ساڵی (١٨١٢) دا (١٥٦) چیرۆکیان لە کتێبێکدا لەژێر ناوی (چیرۆک بۆ منداڵان و ماڵان) دا لە شاری (بەرلین) دا چاپیان کرد و بڵاویان کردەوە.. دەستپێکی هەموو چیرۆکەکانیشیان بە (هەبوو.. نەبوو..) دەستیان پێکردوون. تا برایانی گریم خۆیان لە ژیاندا بوون.. شەش جار ئەم کتێبە دووبارە چاپ کرایەوە.. هەرجارەش چەند چیرۆکێکی تازەی تریان دەخستنە سەری و، تیراژیان زیاتر دەکرد.. دیزاینی بەرگەکەیان جوانتر دەکرد.. تا ئەمڕۆش لە مۆزەخانەیەکی مێژوویی ئەدەبیدا لە شاری کاسل کە بەناوی (مۆزەخانەی برایانی گریم)ەوەیە.. دەقی ئەو چیرۆکانەیان بە دەستووسی خویان تێدایە، لەگەڵ ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی کە بەکاریان هێناون.. ساڵانە بە هەزاران گەشتیار سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن.

لە دوای مردنیشیانەوە تا ئەمڕۆ، لە ژمارە نایات کە چەندین جاری تر ئەم کتێبەیان بە زمانی ئەڵمانی و زمانەکانی تری جیهان چاپکراوەتەوە و بڵاویان کردۆتەوە.. ئەم کتێبە گۆڕیویانەتە سەر زیاتر لە (١٧٠) زمانی جیاواز لە جیهاندا.. زۆربەی چیرۆکەکانیشیان کروان بە فیلمی کارتۆن و ئەنیمەیشن و، بە چەندین زمان جیهانی دۆبلاج کراون.

لە چیرۆکە خۆشەکانی برایانی گریم: (کڵۆڵوانە سوور)ە کە زۆربەی منداڵانی جیهان، بە منداڵانی کوردیشەوە، لە ڕێی فیلمی کارتۆنی دۆبلاج کراوەوە، ئەم چیرۆکە دەزانن و دیالۆژەکانی بوونەتە وێردی سەر زمانیان.. لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی تری برایانی گریم (ساندریلا)، (پاشای چیای زێڕین)، (هۆل خانم)، (بووکە راستییەکە)، (ژنە جادووگەرەکە شەڕخوازەکە)، (رابونزل)، (کچەشازادەی نووستوو) یا (کچەپاشا و حەوت کورتەباڵا) یا (بەفرین): (بەفرین، کچەپاشایەکی زۆر سپی و جوان و ناسک دەبێت، دوای مردنی دایکی دەبێتە ژێرچەپۆکەی باوەژن، کە زۆر رقی لە بەفرین دەبێ و ئیرەیی بە جوانییەکەیدا دەبا و، هەوڵی لە ناوبردنی دەدا.. جارێکیان لە ژێر کاریگەریی جادووی باوەژنەکەیدا، بەفرێن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خەو دەیباتەوە و بە خەبەر نایات.. تا بە رێکەوت کوڕەپاشایەکی لاو دەیبینێت و، زۆر سەرسامی جوانییەکەی دەبێت.. ماچێکی بەفرین دەکا و جادووەکە بەتاڵ دەبێ و بەفرین خەبەری دەبێتەوە و.. زۆر سوپاسی کوڕەپاشاکە دەکات و، دەبێت بە دەزگیرانی...).

برایانی گریم، خزمەتێکی مەزنیان بە ئەدەبی منداڵان بەخشی و، شایانی ئەوەن کە هەتا هەتایە بە نەمری بمێننەوە.. هەموو چیرۆکەکانیان تا ئەمڕۆش، زۆر خۆشن و خۆشی و شادیان خستوونەتە دڵی هەموو منداڵانی جیهانەوە.. بوونە بە بەشێکی گرنگ و نەمریش لە کەلەپووری ئەدەبیی ئەڵمانیادا.. بۆیە ئەمساڵ (٢٠١٣) لە ئەڵمانیادا بە (ساڵی برایانی گریم) ناو دەبرێ.. بە بۆنەی یادی (چاپی یەکەم)ی کتێبەکەی برایانی گریم (چیرۆک بۆ منداڵان و ماڵان) کە بۆ یەکەمین جار لە بەرواری (٢٠ی دێسەمبەری ١٨١٢) دا چاپکرا.

یاکوب و ولیەم گریم، نەک هەر لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەڵکەوتووبوون، بەڵکو خزمەتێکی گەورەی زمان و مێژوو و کەلەپووری ئەڵمانیاشیان کرد.. مەرگ بواری نەدانێ ، کە پرۆژەی ئەو فەرهەنگە زمانەوانییە ئەڵمانییەی، کە ماوەی چەند ساڵێک بە ئامادەکردنییەوە سەرقاڵ و ماندووبوون.. تەواوی بکەن.

لە ساڵی (١٨١٩) دا، زانکۆی (ماربۆرگ)ی ئەڵمانی، (بڕوانامەی دکتۆرای رێزلێنانی) بە (برایانی گریم) بەخشی. لە دوای (رووخاندنی دیواری بەرلین: ١٨٨٩) دا و، یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا.. لە ساڵی (١٩٩٠) دا، لەسەر بەنرخترین پارەی کاغەزی ئەڵمانی (١٠٠٠ مارک) (وێنەی برایانی گریم) دانرابوو.. تا ساڵی (٢٠٠٢) دا، کە پارەی ئەڵمانیا و هەموو وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا، بوو بە (یۆرۆ).

ئەمەو تا ئێستا چەندین جار لەسەر (پوولی پۆست) دا. وێنەی برایانی گریم، یا پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانیان دانراون.. هەروەها وەکو رێزلێنان و هەمیشە بەرزڕاگرتنی ناوی برایانی گریم.. چەند قوتابخانە و شەقامێکیش، چەندین کۆگای فرۆشیاری لە شارەکانی ئەڵمانیادا بە ناوی (برایانی گریم)ەوە ناونراون.

ئەمڕۆ لە ئەڵمانیادا، بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵان لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە، زیاتر لە سێ هەزار نووسەری ئەدەبی منداڵان هەیە.. پانگزە دەزگای چاپکردن و بڵاوکردنەوەی تایبەت بە کتێبی منداڵان هەیە.. بۆ نموونە: لە ساڵی (٢٠٠٥ ) دا، (١٨٠٠) کتێبی چیرۆک و هۆنراوە و، (٥٥٩) رۆمان، بۆ منداڵان لە زمانەکانی ترەوە گۆڕییانە سەر زمانی ئەڵمانی.

لەپاڵ نووسەرە کلاسیکییەکاندا، کە لە دەرەوەی ئەڵمانیاشدا ناوبانگیان هەیە.. کۆمەڵێک نووسەری بە توانای تریش هاتنە بواری نووسین بۆ منداڵان.. کە بە ژمارەی کتێبە فرۆشراوەکانیان، توانیان نومرەی تازەی بالای

جیهـانی تۆمـاربکەن.. لە سـەروی هەموویـانەوە ، نووسـەری بە ناوبانـگ خـاتوو (کۆرنیلـیا فۆنـکە) یە، کە نووسەرێکی بەتوانای بواری ئەدەبی منداڵانە، لە کتێبەکانی (ئەژدیهای شاسوار) و (مەرەکـەبی دڵ) کە گۆڕیویانن بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و، زۆرتـرین ژمـارەیان لێ فرۆشراون.

هەروەها کەڵەنووسەری کۆچکردووی ئەڵمانی (ئۆتۆ گرید برۆیسلیر) کە لە ساڵی (١٩٢٣) لەدایک بووە، یەکێکە لە نووسەرە مەزنەکانی بواری ئەدەبی منداڵان لە جیهاندا.. (٣٢) کتێبی بۆ منداڵان چاپکردووە.. تا ئێستا گۆڕیویـانن بـۆ سـەر (٥٥) زمـانی جیهـانی و (٥٥) ملیـۆن دانەیـان لـێ فرۆشـتوون.. گرنگتـرین کتێبـی چاپکراویشـی: (دزەکە تیسنبلوشە) و (پیاوە بچکۆلەی ئاو)ە.

برویسلیر دەڵێ: "هەنـدێ جـار لـێم دەپرسـن: بەڕێـز برویسـلیر بـۆ بـۆ منـداڵان دەنووسی؟ بە ساکارییەوە وەڵامیـان دەدەمەوە: چونکە خۆشیی لێ دەبینم.. ئێوەش ئەی منداڵانی خۆشەویست، هیوادارم وەکو چۆن من لە نووسینەکانمدا بۆ ئێوە چێژیان لێ وەردەگرم.. هیوادارم ئێوە لە خوێندنەوەیاندا، چێژێکی زیاتریان لێ وەربگرن.."

## روسیا:

یەکەمین کۆمەکە چیرۆک کە لە رووسیادا بۆ منداڵان چاپکرا و بڵاوکرایەوە، لەژێر نـاوی (داسـتانەکانی روسیا) دا بوو.

چەنـدین چیرۆکنـووس و رۆمـاننووس و شـاعیری بەنـاوبـانگی روسی، منـداڵانیان فەرامۆش نەکـردوون و بەشێک لە نووسینەکانیان بۆ منداڵان تەرخان کردووە.. وەکو:

(پۆشکین: ١٧٩٩ - ١٨٣٨) ز. رۆماننووس و شانۆنووس و، شای شاعیرانی روسیا بوو.. پۆشکین کۆمەڵێک هۆنراوەی شیرین و ناسکی بۆ منداڵان هۆنیوەتەوە. یەکێک لە هۆنراوەکانی (راوکەر و ماسی) یە.

(مەکسیم گۆرگی: ١٨٦٨ - ١٩٣٦) رۆماننووسێکی بەناوبانگی جیهانییە و، خاوەنی رۆمانی بە ناوبانگ (دایک) ە .. مەکسیم گۆرگی، رۆڵێکی گرنگی لە گەشەکردن ئەدەبی منداڵان لە رووسیادا هەبوو.. گۆرگی دەڵێ: "منداڵ لە هەموو

سەردەمێکدا هێمای بێتاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە..".

گۆرگی، گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی منداڵا نی لە روسیادا دامەزراند.. ماڵەکەشی کردبووە ژوانگەی نووسەران.. زۆر جار لە ماڵەکەیاندا لەگەڵ نووسەرانی ئەدەبی منداڵاندا دادەنیشت و، گوێی لێیان دەگرت و، ئامۆژگاری و رێنمایی دەکردن.. چەند جارێکیش کێبڕکێی بۆ ئەدەبی منداڵان سازدا.. خەڵاتی رێزلێنانیشی بە نووسەرانی تێکستە سەرکەوتووەکان دەبەخشی.

لە تێڕوانینی گۆرگی یەوە، پێویستە ئەدەبی منداڵان هاوڕەوت بێ لەگەڵ پەروەردەی نوێدا، پەروەردەش پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، پەروەردەی کۆمەڵایەتیش بەلای گۆرگی یەوە، ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێرانە و، رزگارکردنی مێشکی منداڵانە لە خەیاڵپووچی و لەداب و نەریتی سواو.. دەبێت منداڵان بە شێوەیەک گۆش و پەروەردە بکرێن، کە زیاتر لە داهاتوو بڕوانن، وەک لەوەی کە ئاوڕ لە رابردوو بدەنەوە.. مەبەستی گۆرگی ئەوەش نییە کە هێڵی راست و چەپ بەسەر رابردوودا بهێنین و، لەبەرچاوی منداڵانی بخەین، یا لە رەگەوە بەها نەتەوەییەکانمان رەگکێش بکەین.. بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی راستگۆیانە و روون و بێ ئارایش، باسی رابردوویان بۆ بکەین.. لەم رووەوە گۆرگی دەڵێ: "پێویستە زانیاری لە خزمەتی ئەندێشەی منداڵاندا بێت.. منداڵانیش وا رابهێنین کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە..".

گۆرگی جەخت لەسەر بایەخی چیرۆکە کۆنە میللییەکان دەکاتەوە، لە گەشەکرنی هۆش و هزری منداڵان و، لە هەست کردن بە داهێنان لە هونەر و ئەدەبدا و دەوڵەمەندکردنی زمان.. گۆرگی تەنها پێبەندی ئەم بیروباوەڕانە نەبوو، بەڵکو لەگەڵ منداڵان خۆشیاندا دادەنیشت و، لە را و بۆچوونەکانیانی دەپرسی، تا بزانێ کە چییان بۆ بنووسرێت.. گۆرگی پێشنیاری خۆی لە دوو وشەدا چڕ کردۆتەوە: "هەموو شتێ".

(تۆڵستۆی: ١٨٢٨ - ١٩١٠) ز . بیرمەند و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی و داواکەرێکی سەرسەختی ئاشتی بوو، فەیلەسووفێکی بلیمەت و کەڵەڕۆمانووسێکی جیهانی بوو، یەکێک بو لە کۆڵەکەکانی ئەدەبی رووسی لە سەدەی نۆزدەمیندا، گرنگترین کاری ئەدەبی، دوو رۆمانی بەناوبانگن (شەڕ و ئاشتی: ١٨٦٩) و ( ئانا کارنینا: ١٨٧٣) یە.. تۆڵستۆی نزیکەی نەوەت چیرۆکی خۆش و ئاسان و مەبەستداری بۆ منداڵان نووسیوە و چاپی کردوون، ئامانجی چیرۆکەکانیشی بەرجەستەکردنی خۆشەویستی و ئاشتی و دڵسۆزی و هیوایە لە دڵی منداڵاندا.. ئەمانەش

ناوی هەندی لە چیرۆکەکانییێتی: (مراوی و مانگ)، (سێ هاوڕێ)، (دوو برا)، (بەردەکە)، (ئەسپە پیرەکە)، (سەگە پیرەکە)، (مریشک و جووجەڵەکانی)، (جووتیارەکە و خەیارەکانی)، (سەرەتایەکی زەحمەت)،... هتد.

(ئیڤان کریلۆف: ١٧٦٩ - ١٨٦٦)ز. شاعیرێکی ناسراوی روسییە، کۆمەڵێک چیرۆکی بە زمانی ئاژەڵەوە بۆ منداڵان نووسیوە.. کە گوزارشت لە باردۆخی روسیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قەیسەرەکان دەکەن.

(مایکۆفسکی: ١٨٩٣ - ١٩٣٠) شانزە هۆنراوەی بۆ منداڵان نووسیوە.

ئەمڕۆش لە رووسیادا، بە سەدان کتێبخانەی تایبەت بە کتێبی منداڵان هەن، ساڵانەش بە سەدان کتێب و گۆڤار بۆ منداڵان چاپ دەکرێن و بە نرخێکی هەرزان دەیان فرۆشن.

**وڵاتانی ئیسکندناڤیا (دانیمارک، سوێد، نەرویج):**

زۆربەی چیرۆکنووسان و رۆماننووسان و شاعیران و شانۆنووسە ناسراوەکانی وڵاتانی ئیسکندناڤیا سوودیان لە کەلپوور و فۆلکلۆر و لە داستان و مەتەڵ و ئەفسانە کۆنەکانی وڵاتەکانیان وەرگرتوون، لە نووسینەکانیاندا رەنگیان داونەتەوە.. بۆ نموونە خێو و دێودرنج، پەری، بووکی دەریا، پیرێژنی جادووگەر، جنۆکە، جانەوەر و دەعبا و، خەیاڵئامێزی پانتاییەکی زۆریان لە ئەدەبی منداڵاندا گرتۆتەوە.

ئەگەر چیرۆک و شانۆگەرییەکانی، کەڵە شانۆنووسی ناسراوی نەرویجی و جیهانی (هێنریک ئەبسن: ١٨٤٨ - ١٩٠٦) بخوێنیەوە، کاریگەریی ئەفسانەییان پێوە دیارە.. بە تایبەتیش لە شانۆگەری (ماڵێک بۆ بووکەڵە) دا.

## دانیمارک:

کەڵەنووسەری بەناوبانگی دانیمارکی و جیهانی، چیرۆکنووسی منداڵان، شانۆنووس، رۆماننووس، شاعیر (هانز کریستیان ئەندەرسن: ١٨٠٥ - ١٨٧٥) لە شاری ئۆدنیز لە دانیمارک لەدایک بووە، تاقانەی خێزانەکەی بوو.. منداڵێکی لەڕ و لاواز و هێمن بوو.. لە قوتابخانەدا، لە وانەی وەرزشدا، لە ترسی ئەوەی هانز نەکەوێتە بن

دەست و پێی هاوڕێکانییەوە، مامۆستاکەی دەستی دەگرت و ئاگای لێ دەبوو.. بەڵام تا بڵێی منداڵێکی خەیاڵ بڵاو و بیرتیژ و سەرنج وورد بوو.. باوکی شەوانە چیرۆک و مەتەڵ و ئەفسانە کۆنەکانی بۆ دەگێڕایەوە.. لە دار شانۆیەکی بچووک و چەند بووکەڵەیەکیشی بۆ دروست کردبوو، کە بەنی پێوە بەستبوون و دەیبزواندن و دەیدواندن.

هانز کریستیان ئەندەرسن، تەمەنی سیانگزە ساڵان بوو کە باوکی مرد، بۆ یەکجاری دایکی و شارەکەیان بەجێ دەهێڵێ و روو لە (کۆپنهاگن)ی پایتەختی دانیمارک دەکا.

بۆ مێردمنداڵێکی رەشوڕووتی گیرفان بەتاڵ، برسی و بێکار، بێ شوێنی حەوانەوە.. ژیان زۆر سەخت بوو.. بەڵام هانز ئەندەرسن، بڕوابەخۆ و، گەشبین و خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بوو.. هەلی خوێندن و کارکردنی لە بواری شانۆدا بۆ رەخسا.. توانی بگات بە هیوا و ئامانجەکانی.. دەستی بە نووسینی چیرۆک کرد.. خۆی بە قەرزاری چیرۆک و ئەفسانە و داستانە کۆنەکان دەزانێت، ئەو چیرۆک و ئەفسانە کۆنانە، بوونە هەوێنی نووسینی چیرۆک و شانۆگەرییەکانی بۆ منداڵان.

لە ساڵی (١٨٣٥) دا، هانز ئەندەرسن یەکەمین کتێبی خۆی بە ناوی (چیرۆکە ئەفسانەییەکان بۆ منداڵان) چاپکرد و بڵاوی کردەوە.. ژمارەی ئەو چیرۆکانەی کە هانز بۆ منداڵانی نووسیون (١٥٠) چیرۆکن.. ژمارە هەموو کتێبە هەمەڕەنگە چاپکراوەکانیشی (١٦٨) کتێبن.. ئەم ژمارەیەش بۆ ئەو سەردەمە، ژمارەیەکی پێوانەیی باڵا بووە، لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبدا.

هانز کریستیان ئەندەرسن، بیرەوەرییەکانی ژیانی رۆژانەی خۆشی، پێش مردنی لە سێ بەرگدا لە ژێر ناوی (داستانی ژیانم) دا، چاپکرد کە تێکڕای ژمارەی لاپەڕەکانیان (٤٥٠٠) لاپەڕن.. ئەمانەش ناوی هەندی لە چیرۆکەکانی (هانز ئەندەرسن) ە بۆ منداڵان: (تۆمالیزا) یا (پەنجەباڵا)، (شازادەی بەفر)، (دەریاچەی قازەکان)، (کچە شوانەکە)، (گوڵەکانی ئیلدای بچکۆلە)، (بێچوە مراوییە لاسارەکە)، (قالۆنچە)، (کراسە تازەکەی ئیمبراتۆر)، (پەرییە بچکۆلەی دەریا)، (داری سەروو)، (رۆژنامەنووس)، (دوو خۆشەویستەکە)، (بولبولەکەی ئیمبراتۆر)، (پاککەرەوەی کولێنە)، (پێڵاوی سوور)، (خێزانکی بەختەوەر)، (زەنگ)، (کچە شقارتەفرۆشەکە)، (سەربازی تەنکە)، (قازە کێوییەکان)، (سێبەر)، (چیرۆکی دایکێک)، ( شازادە و دەنکە فاسولیا)،... هتد.

چیرۆکی (پێڵاوی سووور) لەساڵی (١٩٨٥) دا وەکو شانۆگەرییەک بۆ منداڵان، لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرا، کە هونەرمەندی بە توانا کاک (رزگار کەریم سەعید) کە ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، گۆڕیبووی بۆ سەر زمانی کوردی و، دەریهێنابوو، هۆنەرمەندی گەورەی گەلەکەشمان، خاتوو (گەزیزە عومەر) رۆڵی پێڵاوفرۆشەکەی تیدا دەبینی.. من لە هەمان رۆژی تۆمارکردنی پێڵاوی سووردا، لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بووم و، بەرنامەی - جیهانی منداڵان - مان تۆماردەکرد، کە من ئامادەکەری ئەم بەرنامەیەم بووم.. لە بەرنامەکەماندا هەر ئەو رۆژە، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەو کوڕە منداڵەی کە رۆڵی تامەزرۆی پێڵاوی سووری دەبینی، سازکرد.. بۆ دڵنیابوون لە ساڵی تۆمارکردنی ئەو شانۆگەرییە، پەیوەندیم بە مامۆستا (گەزیزە) وە کرد، دیارە ئەویش ساڵی تۆمارکردنی لە تەلەفزیۆندا، لەیاد نییە کە بە تەواوی چ ساڵێک بوو.

چیرۆکەکانی هانز ئەندەرسن بۆ منداڵان، ئەگەر نەڵێم بۆ هەموو زمانەکانی جیهان، گۆڕیویانن بۆ سەر زۆربەی زمانەکان و، کراون بە فیلمی کارتۆن و ئەنیمەیشن و، بە چەندین زمانی جیهانی دۆبلاج کراون، چەند چیرۆکێکیان بە کوردیش دۆبلاج کراون، لەوانەش ( تۆمالیزا ـ پەنجە باڵا).. منداڵان خۆشی و چێژێکی زۆریان لێ وەردەگرن.

لە ساڵی (١٨٣٨) دا، وەکو رێزلێنان و پێزانین بۆ ئەو خزمەتە پیرۆزەی پێشکەشی منداڵانی دەکرد، (خەڵاتی شاهانەی دانیمارک) بە (هانز کریستیان ئەندەرسن) یان بەخشی.. خەڵاتەکەشی ئەوەبوو، کە تا لە ژیاندایە، لەسەر ئەرکی حکومەتی دانیماک هەر کاتێک خۆی بییەوێت و، ئارەزووی سەردانی هەر وڵاتێکی لە ئەوروپادا بکات .. گەشتکردنەکەی کراوەیە و، هەموو خەرجییەکی دانیمارک بۆی دەدا.. هانز سەردانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای کرد و، سوودیکی زۆری لەو گەشتانەی بینی و، چی جێی سەرنج راکێشان و دڵخۆشیی بووایە، بە هۆنراوە و پەخشان و وێنەکێشان گوزارشتی لێکردوون و، لە (داستانی ژیانم) دا، تۆماری کردوون.

هانز ئەندەرسن لە (٤ی - ٨ی - ١٨٧٥) دا، لە کۆپنهاگن، کۆچی دوایی کرد.. دوای ئەوەی کە سامانێکی زۆر بەنرخی بە منداڵانی جیهان بەخشی.. دوای مردنیشی هەموو چیرۆکەکانی بۆ منداڵان لە کتێبێکدا لەژێر ناوی (چیرۆکەکان) دا چاپکرا.. شایانی خۆشێتی هەتا هەتایە دانیمارک شانازی بەم کەڵە نووسەرەیەوە بکات.. کە پێشەنگی هەموو نووسەرانی ئەوروپا بوو لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.. هانز ئەدەرسن ئەوەشی شایانە کە بە (باوکی ئەدەبی منداڵان) ناویان دەبرد.

بۆ هەمیشە بەرزڕاگرتنی یادی هانز ئەندەرسن.. وڵاتی دانیمارک، هەر دوو ساڵ جارێک خەڵاتێک، بە ناوی (خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسن)، یا بە خەڵاتی (نوبلی بچوک) یش ناودەبرێت کە خەڵاتێکی جیهانییە و لە لایەن شاژنی دانیمارکەوە خاتوو (مارگرێت) لە ئاهەنگێکی فەرمیدا.. دەبەخشرێت بە نووسەرانی، (باشترین تێکست بۆ منداڵان) و.. بە (باشترین وێنەکێشی بواری کتێبی منداڵان) ش.

چەندین ساڵیش (وێنەی هانز ئەندەرسن لەسەر پوولی پۆست) دا دانراوە.. شەقامێکی سەرەکی لە کۆپنهاگن بە ناوی ئەمەوە ناونراوە و پەیکەرێکی شایستەشیان بۆ دروست کردووە.. ساڵی بە هەزاران کەسیش سەردانی ماڵەکەی دەکەن.

## سوید:

لە وڵاتی سوید دا، کەڵەنووسەری بەناوبانگی سویدی و جیهانی، ڕۆمانووسی ناسراو خاتوو (سەلمە لاگەرلۆف: ١٨٥٨ - ١٩٤٠) جێ پەنجەی لە ئەدەبی منداڵاندا دیارە.

سەلمە لاگەرلۆف، یەکەمین نووسەری ئافرەت بوو لە سوید دا، یەکەمین نووسەری سویدیشە کە (خەڵاتی نۆبڵ)ی وەرگرت، (یەکەمین ئافرەتیشە لە جیهان) دا، کە (خەڵاتی نۆبڵ)ی وەرگرت.

سەلمە لاگەرلۆف، لە شاری(موربکا) لە هەرێمی (ڤارملاند)ی سەر سنووری سوید و نەرویج لەدایک بووە و، لەوێدا ژیاوە.. بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی، بۆ ئەم دەڤەرە دەگەڕێنەوە.

سەلمە لاگەرلۆف، ماوەی دە ساڵ مامۆستا بووە و وانەی دەوتەوە، دوایی وازی لە وانە وتنەوە هێناو و، خووی بە نووسین و چاپکردنی نووسینەکانی دا.

یەکەمین ڕۆمانی لە ساڵی (١٨٩١) دا لەژێر ناوی (داستانی گۆستابرلینگ)دا چاپکرد. بە ناوبانگترین نووسینەکانی سەلمە: (گەشتەکانی نیلز)، (پەیوەندییە نهێنییەکان)، (ماڵە کۆنەکە)، (قودس)ە.

(گەشتەکانی نێلز)، یەکێکە لە ڕۆمانە نەمرەکانی سەلمە لاگەرلۆف، کە تا ئەمڕۆش منداڵان، بە کارە سەرکێشییەکانی نێلز سەسام و دڵخۆشن.. (نیلز)ی پاڵەوانی گەشتەکانی ئەم چیرۆکە، کوڕە منداڵێکی چەتوون و لاسارە، گێچەڵ و تەڵفیسی بە کورتە باڵایەک دەکا.. سزاکەی ئەوەیە ئەمیش دەبێت بە کوڕێکی (بستە باڵا) و، نایناسنەوە، نێلز زمانی ئاژەڵ و باڵندەکان فێردەبێت و، لەگەڵ پۆلێک قاز و مراویدا، کە لەوەپێش لە کێڵگەکەیاندا دەنیشتنەوە و، نیلز ئازاری دەدان.. دڵیان پێ دەسووتێ و سواری سەر پشتی یەکێک لە قازەکان دەبێت و، بۆ گەشتەکانیان هەڵدەفڕن.. تووشی گەلێ سەرکێشی و هەڵوێست و ڕووبەڕووبوونەوەی سامناک دەبن و دەربازیان دەبێت.. لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە و، نێلز دەبێتەوە بە کوڕە ئاساییەکە و بە نیشمانەکەی خۆی شاد دەبێتەوە.. ئەم چیرۆکە کراوە بە فیلمی کارتۆن و، بە زۆربەی زمانەکانی جیهان دۆبلاج کراوە.

وەکو ڕێزلێنانێک بۆ خزمەتەکانی ئەم نووسەرە، حکومەتی سوید، وێنەی سەلمە لاگەرلۆف ی، لە سەر پارەی (٢٠ کرۆن)ی سویدی داناوە.

نووسەر و سیناریۆنووسی بەناوبانگ خاتوو (ئەسترید لیندگرین: ١٩٠٧ - ٢٠٠٢) ز یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی سویدی و جیهانی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.. خاتوو ئەسترید لیندگرین، لە ریزبەندی هەژدەمیندایە لە جیهاندا، لە رووی ژمارە زۆری گۆڕینی کتێبەکانی بۆ سەر زمانەکای جیهان.. نزیکەی (١٤٥) ملیۆن دانە کتێب لە کتێبەکانی بۆ منداڵان لە هەموو جیهاندا فرۆشراون.. خاتوو ئەسترید لیندگەرین بە زنجیرە کتێبی (پیپی ی گۆرەوی درێژ) بە ناوبانگە.. خاتوو ئەسترید چەندین خەلاتی ڕێزلێنانی سویدی و جیهانیان پێ بەخشی.

## نەرویج:

لە نەرویجدا، لە هاوشێوەی (برایانی گریم)ی ئەڵمانی، دوو نووسەری هاوڕێی دڵسۆزی یەکتری (پێتەر کریستن ئاسبیورنسن: ١٨١٢ - ١٨٨٢) و (یورگن موا: ١٨١٣ - ١٨٨٥) لە سەدەی نۆزدەمیندا دەستیان بە کۆکردنەوەی ئەفسانە و مەتەڵ و داستان و چیرۆکە میللییەکانی نەرویج کرد، بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبیی گۆنجا، دووبارە بۆ منداڵان دایان ڕشتوونەتەوە و، لە چەند بەرگێکدا چاپیان کردوون ، دەستپێکی چیرۆکەکانیش بە دەستەواژەی و بە (جارێک لە جاران...) دەستیان پێکردوون.. ئەوچیرۆکەکانیش هەربە ناوی ئەم دوو هاوڕێ یەوە بڵوکراونەتەوە، بە ناوی (چیرۆکەکانی ئاسبیورنسن و موا) ناودەبرێن، کە بە بەشێک لە کەلەپووری ئەدەبیی نەرویج دەزانرێن..

چیرۆکەکانیان گوڕیون بۆ سەر چەندین زمانی جیهانی.

(جۆنستاین گاردەر) لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٢)ز، لە ژیاندایە، مامۆستایەکی فەلسەفە و مێژووە لە زانکۆدا.. لە بواری فێرکردن و ئەدەبدا، پێکەوە کاردەکات. نووسەرێکی بەناوبانگی نەرویجییە، لە بواری نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان.

## ئەمەریکا:

وەکو دەزانین، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە کۆتایی سەدەی پانگزەمیندا، لە ساڵی (١٤٩٨) دا، لە لایەن گەڕیدەی بەناوبانگی ئیتالی (کریستۆف کۆڵۆمبس) ەوە دۆزرایەوە.. بەڵام (هیندییە سوورەکان) زیاتر لە (دە هەزار ساڵ)ە لەوێدا دەژین و خەڵکی ڕەسەنی ئەو کێشوەرەن.. ئێمە لێرەدا مەبەستمان لەو نەتەوەانەی ترە، کە لە دوای دۆزینەوەی ئەمەریکادا، لە وڵاتانی ترەوە کۆچیان بۆ کرد.. بۆیە دەتوانین بڵێین داب و نەریتی ئەدەبی لە ئەمەریکادا، لە چاو وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقاوە.. ڕەگ و ریشە و، سیمایەکی تایبەتمەندی و مێژوویی ئەوتۆی نییە.. بەڵکو ئەمەریکا پشتی بە وڵاتانی تر دەبەست، کە لە هونەر و لە ئەدەبدا، زۆر پێشی کەوتبوون و، لەو پێشکەوتووتر بوون.

ئەدەب بە گشتی و، ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی زۆر بە خێرایی و بە باشی لە ئەمەریکادا گەشیان کرد، ئێستا ئەمەریکا زۆر لە پێشی ئەو وڵاتانەوەیە کە پێشتر پێشی کەوتبوون.

نووسەر (سمۆئیل جۆد ریتش) ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵان لە ئەمرکادا، ئەوەبوو (چیرۆکەکانی پێتەر بیلی)ی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی (١٨٧٦) بەدواوە، گرنگییەکی زیاتر بە گەشەکردنی ئەدەبی منداڵان درا.. لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی منداڵان لە ئەمەریکادا:

خاتوو (لویزا مەی ئالکۆت) و (فرانک تۆم) و (ئیلیانور پۆرتەر)، (جۆل هاریس)، (مارگرێت وایز براون)،

(راندال بنیان)، (هاریێت بیێتشەر ستاو) و، چەند نووسەرێکی تری ئەم بوارە.

(پۆل بنیان) کۆمەڵێک چیرۆک و مەتەڵی میللی بۆ منداڵان نووسیوە، زۆربەی چیرۆکەکانیشی گوزارشت لە پاڵەوانێتی و هێز و ئازایەتی دەکەن.. یەکێک لە چیرۆکە ناسراوەکانی (ئەمریکییەکی دارەوان)ە.

(جۆن هاریس) یش (سەرکێشییەکانی مامە ریمۆس)ی نووسیوە.

(هاریێت پیێتشەر ستاو)، بەناوبانگترین نووسەری ئەدەبی منداڵانە لە ئەمەریکادا.

نووسەری ناسروای ئەدەبی منداڵان خاتوو (سارا کۆن برنات) بوو (وانەی چیرۆک) یا (کاتژمێرێک بۆ چیرۆک)ی داهێنا.. وانەی چیرۆک بە فەرمی بوو بە بەشێک لە بەرنامەی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی ئەمەریکادا.. هەفتانە بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە پۆلدا، یا لە ژوورە تەرخانکراوی کتێبخانە تایبەتییەکانی منداڵاندا.. منداڵان بە جۆش و پەرۆشەوە لە دەوری مامۆستاکەیان، یا لە دەوری چیرۆکخواندا دادەنیشن و، گوێ لە چیرۆکێکی تازە دەگرن.. دوایش دەمەتەقێی لەسەردەکەن و، هەریەکەشیان سەرنج و رای خۆی دەربارەی چیرۆکەکە دەردەبڕێت.. بە پراکتیکی ئەوەش ساغبۆتەوە، بەلای منداڵانەوە، چێژی گوێگرتن لە چیرۆک، لە چێژی خوێندنەوەی کەمتر نییە.

شایانی باسیشە لە ساڵی (١٩٦٤) ەوە، لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا، راوێژکارێک بە ناوی (راوێژکاری کتێبی منداڵان) ەوە دانرا.. یەکەمین راوێژکاریش، خاتوو (زیلا جاکۆیش) بوو.. کە بەڕێوەبەری بەشی منداڵان بوو لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمەریکادا.

ئەمڕۆ لە ئەمەریکادا، ساڵانە چەندین کتێب و گۆڤاری بابەت هەمەڕەنگە بۆ منداڵان دەردەکرێن و، بە ملیۆنان دانەیان لێ چاپ دەکرێن و بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرێن، بایەخێکی زۆریش بە ڕەنگ و دیزایین و لایەنی هونەرییان دەدەن.. بە سەدان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان لەم بوارەدا خزمەت دەکەن.. بەشێکی زۆری ئەم گۆڤار و رۆژنامانەی منداڵان، منداڵان خۆیان سەرپەرشتییان دەکەن و، دەریان دەهێنن.. ئەمەریکا بایەخێکی زۆریشی بە کتێبخانەی تایبەت بە منداڵان داوە، بە سەدان کتێبخانەی گشتیی منداڵان، لە ئەم پەڕ تا ئەوپەڕی ئەمەریکادا هەن.. بە زۆریش منداڵان خۆیان بەڕێوەیان دەبەن.

پێویستە ئامەژەش، بە کەڵە هونەرمەند و داهێنەری فیلمی کارتۆن و ئینیمەیشن، دەرهێنەری بلیمەت و فیلمساز واڵت دیزنی: ١٩٠١ - ١٩٦٦) بکەین.. کە ڕۆڵێکی باڵای لە پێشخستن و بە نەمری کردنی چیرۆک و ڕۆمان و ئەفسانە نووسراوەکانی نووسەران هەبوو.. چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی، بە فیلمی کارتۆن دەرهێناوە.

## ئیتالیا:

بەشێکی زۆری نووسەرانی ئیتالیا ، لە نووسینی چیرۆکی ئەفسانەیی و داستان دوورکەوتنەوەوە.. بەڵام لە ئەمڕۆدا، چەند ئاراستەیەکی نوێ لە ئارادایە بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری ئیتالی.. پێشەنگی ئەم ئەم هەوڵەش ، نووسەری ناسراو (ئیتالۆ کالفینۆ) یە، کە لە هەموو دیالیکتە جیاوازەکانی ئیتالیاوە، چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی و میللی وەرگرت و، لە فۆرمێکی تازەی ئەدەبی و هۆنەریدا، بە زمانی نوێی ئیتالی دایڕشتوونەتەوە.. ئیتالۆ ئەو ڕاستییەی خستۆتە بەرچاو، کە ئادەمیزاد پێش ئەوەی ببنە نەتەوەی جیاواز و، سیما و تایبەتیی خۆیان هەبێ، لە کۆمەڵێک خەسڵەتی گشتیدا هاوبەشن.

ئەدەبی منداڵان لە ئیتالیادا، بەوە ناسراوە کە پەیوەندییەکی تەواوی بە ڕاستییەکانی سەردەمەوە هەیە.. بە ناوبانگترین نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان لە ئیتالیادا (جین روداری) یە. ئەم نووسەرە کتێبێکی بۆ منداڵان هەیە لەژێر ناوی (گیرفانێک لە ئامێری تەلەفزیۆن) دا.. کە کۆمەڵێک چیرۆکی خۆشی بۆ منداڵان لەخۆگرتووە.

نووسەرێکی کەی ئیتالی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا (داڤیدی کالی) یە، خاوەنی کتێبی (مالینا بالینا) یا (نەهەنگی مالینا) یە، کە کتێبێکە بۆ منداڵان، بێجگە لەم کتێبە داڤیدی، چەند کتێبێکی تریشی بۆ منداڵان چاپکردووە.

## یۆنان:

یۆنان، لانکی شارستانی و، وڵاتی فەیلەسووفان و بیرمەندە مەزنەکانی جیهانی.. لە ساڵی (١٤٨٤) دا، لە ژێر ناوی (ئەفسانەکانی ئێسوب) دا، کە بریتییە لە کۆمەڵێک چیرۆکی ئەفسانەیی و ئەندێشەیی.. لە لایەن (ولیام کاکستۆن) ەوە، چاپکرا و بڵاوی کردنەوە.. لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا ئاماژەمان بە ئێسوب بەم چیرۆکانە

کرد.

یۆنانییەکان بەو ئاراستەیە منداڵیان پەروەردە دەکرد، کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و پشت بە خۆیان ببەستن و، ببنە دەربەری ئاینده.

## هیندستان:

هیندییەکان، بایەخێکی زۆریان بە منداڵان و بە ئەندەبی منداڵان دەدا.. (چیرۆکەکانی پەنجا کنتا) کۆمەڵێ چیرۆکی میللی بوون بۆ منداڵان.. پێشتر ئاماژەمان بە چیرۆکەکانی (کەلیلە و دیمنە) کرد، کە لە نووسینی فەیلەسووفی هیندی (بەیدەبا)ن.

## ئێران:

لە کۆندا لە ئێران، لەسەر بنەمای ئەم سێ پرانسیپە منداڵانیان فێردەکردن و، رایان دەهێنان: (ئەسپ سواری، تیرهاویشتن، راستگۆیی).. دوایش وەکو جەنگاوەرێک دەخرانە ریزی جەنگاوەرانەوە و، لە تەمەنی پانگزەساڵیشدا (پشتێنی پیاوانە) یان لە پشتی منداڵ دەکرد.. ناسراوترین و بە ناوبانگترین نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان لە ئێراندا، چیرۆکنووسی منداڵان و شاعیر (سەمەدی بەهرەنگی: ١٩٣٩ - ١٩٦٣)یە کە لە شاری تەورێز لەدایک بووە، نووسەرێکی بە رەگەز ئەزەری یە.. یەکێک لە چیرۆکەکانی بۆ منداڵان (ماسییە رەشە بچکۆلەکە) یە، ئەم چیرۆکە گۆڕیویانەتە سەر زمانی کوردیش، سەمەدی بەهرەنگی چەند کتێبێکی تریشی نووسیوە، یەکێک لەو کتێبانەی (ئەفسانەکانی ئازربیجان)ە.

(هۆشەنگ مرادی کرمانی) نووسەرێکی ناسراوی ئێستای ئێرانە، لە (١٩٩٠) ەوە لە بۆرای نووسین بۆ منداڵاندا، دەستی بە نووسین کردووە.. چەند کتێبێکی بۆ منداڵان چاپ کردووە.. کتێبەکانی گۆڕیویانن بۆزیاتر لە (٢٠) زمانی جیهانی.

## ژاپۆن:

ژاپۆنییەکانیش شوێن پەنجەیان لە گەشەکردنی ئەدەبی منداڵاندا دیارە.. گەلێ نووسەری باشیان لەم بوارەدا هەیە .. ناسراوترینیان، خاتوو (کیوکو ئیواسکی)یە، کە چەند کتێبێکی دەربارەی ئاژەڵ و باڵندە و گوڵ بۆ منداڵان چاپکردووە.. ئامانجی خاتوو کیوکو بایەخدانە بە سروشت.

## ئیسپانیا:

نووسەرانی ئەدەبی منداڵان لە ئیسپانیادا، بۆ دابین کردنی بابەتی هەمەڕەنگەی ئەدەبیی پێویست بۆ منداڵانی قوتابخانەکانە بنەڕەتییەکان و، بۆ دەرەوەی قوتابخانە، بە لێشاو دەیانووسی.. بۆ داهێنانی و گەشەکردنی ئەم جۆرە ئەدەبەش، چەند یانەیەکی ڕۆشنبیریی ئیسپانی ی بەتەنگەوەهاتووی منداڵان، هانی نووسەرانیان دەدا و خەڵاتیان بۆ باشترین تێکست بۆ منداڵان تەرخان کردبوو، لەوانەش: (خەڵاتی یانەی کریکۆ) کە (٩٣) کتێبخانە ئەندامی ئەم یانەیەن.. (خەڵاتی یانەی کاڵتۆ) بۆ داهێنانی ئەدەبی منداڵان..(خەڵاتی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری)ی ناسراو بە (قەڵای دێرین).

نووسەری ئیسپانی (خستیە میرینۆ) خاوەنی ڕۆمانی (فرمێسکەکانی خۆر) چەندین نووسینی جوان و بەسوودی بۆ منداڵان نووسیوە.

هەریەکەش لە وڵاتانی (بولگاریا، چین، ڕۆمانیا) ڕۆڵیان لە گەشەکردنی ئەدەبی منداڵاندا هەبووە، بە تایبەتیش لە (بولگاریا) دا، ئەدەبی منداڵان پێشکەوتووە.

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## مێژووی ئەدەبی منداڵان.

### - بەشی سێیەم -

لەم بەشەدا، بە کورتی باس لەمێژووی ئەدەبی منداڵان لە چەند وڵاتێکی عەرەبی و، لە عێراقدا دەکەین.. بە کورتیش باس لە چەند نووسەرێکی ئەم بوارە، لەو وڵاتانەدا دەکەین، کە شوێن پەنجەیان لە گەشەکردنی ئەدەبی منداڵانی عەرەبدا دیارە.

نزیکەی هەزار و چوار سەد و پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، نیوچە دوورگەی عەرەبی نیشتیمانی رەسەنی عەرەبەکان بوو.. خێڵ و هۆزایەتی و پیاوسالاری و ئینتیما بۆ هۆز بۆ شیخ باڵی بەسەر کۆمەڵگای عەرەبیدا کێشابوو.. لەسەر لەوەڕ و پووش و پەڵاش و ئاو و فراوانکردنی سنوور و دەسەڵاتی خێڵایەتی، لە شەڕ و کوشتنی بەردەوامی یەکتریدا بوون.. منداڵەکانیشیان بە شمشێربازی و حوشترسواری و بە گوێدێری و دڵسۆزی بۆ شێخ و بۆ هۆز و لانەدان لە داب و نەریتی هۆزایەتی رایانیان دەهێنا ن و.. بە گیان و بە رووحیەتی چاونەترسی و شەڕخوازی و کوشتن و تۆڵەسەندنەوە و داگیرکردن و تاڵانی، گۆش و پەروەردەیانیان دەکردن.. بوونی منداڵی کچیشیان بە شوورەیی و بە شەرمەزاری دەزانی و، هەر بە زیندووی زیندەبەچاڵیانیان دەکردن.. ئەم تاوانە قێزەوەنەش تەنها لە نیو عەرەبدا هەبوو، لە نێو هیچ نەتەوەیەکی تری جیهاندا رووی نەداوە.

بە هاتنی ئایینی ئیسلامیش، عەرەبەکان لەژێر ناوی (جهاد) و (غنائم الحرب) دا. واتە حەڵاڵ کردنی (دەستکەوتەکانی جەنگ).. لە دوورگەی عەرەبییەوە، بە نیازی داگیرکردن و تاڵانی و کوشتنی خەڵکی، بەرەو چەند وڵاتێک ملیان نا و دەستیان لە هیچ کەسێک نەدەپاراست.. کورد و کوردستانی ئێمەش، لەوساوە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، زیاتر لە هەر وڵات و نەتەوەیەکی تر، بە دەستی عەرەب و ئیسلامەوە تاوانمان لێکراوە .. بە هەزاران خەڵکی سڤیلی کوردیان کوشت و، سەروەت و ماڵی کوردیان بە تاڵانی برد و بە حەڵاڵیان دانان، کوردستانیشیان کاول کرد.. بەڵگە و ئاسەوارەکانی ئەم ستەم و ناهەقیانەش کاڵ نەبوونەتەوە و، هێشتاش دەستیان لەم تاوان و ناهەقیانە دەرهەق بە ئێمەی کوردی ئازادیخواز هەڵنەگرتووە و.. درێژەی پێ دەدەن.

هەر ئەوەی ئەو ڕەچەڵەکەن، ئەوەی هەڵگرانی (ژات رساله خالده)ن لە عێراقدا، لەژێر هێرشەکانی (ئەنفال)ی بەدناودا.. پەلاماری باشووری کوردستانیان دا و.. ئەوەی نەکراوە و نەشیاوە، بە ئێمەی کوردی ئازادیخوازیان کرد .. تا ناقڕگەیان بە خوێنی کورد سوورە.. بە درۆش بانگەشەی ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری و برایەتی دەکەن .. ئەمڕۆش لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، جاشە ئیسلامییەکانی بەرەی نوسرە و ئیسلامییە ناپاک و بەکرێگیراوەکانی عێراق و وڵاتی شام و، عەرەبە شۆڤێنییەکان، ژینۆسایدکرنی کوردیان ڕەوا کردووە، داگیرکرنی ماڵ و سەروەت و سامان و ئافرەتی کوردیان حەڵاڵ کردووە.. مێژەر لەسەرەکانیان فتوای کورد کوشتن دەدەن و بەبێ شەرمانە هاواردەکەن: ئەوەی کورد بکوژێ و نامووسی کورد بەرێ، دەچێتە بەهەشتەوە.. دەبینیین بە بەرچاوی وڵاتانی ئیسلام و جیهانەوە، ئەم دڕندانە لەژێر ئاڵای (الله ڕکبر) دا، بە ئەوپەڕی دڕندایەتی و بێ ڕەوشتییەوە، پەلاماری منداڵ و ئافرەتی کورد دەدەن.. سەریان دەبڕن و، بە زیندووی دەیان سووتێنن.. ئەمەیە راستیی پەیامە پیرۆزەکەیان..! ئەمەیە بڕوا وئامانج و ناخی دڵی کرمێ و بۆگەنیان..! ئەم تاوانە قێزەوەنانەش نامۆ و تازەنین و، بەشێکن لە ڕەشت و لە داب و نەریت و، لە مێژووی ڕەشی پڕ لە تاوانی بۆ بەجێماویان.. کورد وتەنیش:

"خوویەکە گرتوویانە بە شیری ، تەرکی ناکەن بە پیری.." .. تا زیاتر چوکڵ لە رابردوو و لە ئەمڕۆشیان وەربدەین.. زیاتر پیسی و بۆنی بۆگەنیان دەردەچێت.

دێمە سەر باسی بابەتەکەمان، مێژووی ئەدەبی منداڵانی عەرەب.. بە پێی توێژینەویەک کە دەربارەی ئەدەبی منداڵانی عەرەب کراوە.. ئەوەی ئاشکرا کردووە ، کە ژمارەی نووسەرانی پسپۆری ئەدەبی منداڵانی عەرەب، لە (١٦٦) نووسەر تێناپەڕێ.. ئەم ژمارەیەش بەرانبەر بە (بیست و دوو ملیۆن منداڵی عەرەب) ە.

**میسر:**

لە کۆن و لە ئێستاشدا، وڵاتی میسر لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، پێشەنگی وڵاتانی عەرەبە.. لە (بەشی یەکەم) دا، بۆ نموونە ئاماژەمان بە سێ چیرۆکی ئەفسانەیی سەردەمی فەرعەونەکان کرد.. لەم باسەدا بۆ قۆناغێکی نوێی میسر دەگەڕێینەوە.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (محەمەد عەلی پاشا: ١٧٦٩ - ١٨٦٩) ز ، کە بە: (عەزیزی میسر) و بە (دامەزرێنەری

میسری نویّ) ناودەبریّت.. شایانی باسیشە محەمەد عەلی پاشا کوردە و خەڵکی شاری ئامەد (دیاربەکر) ە . محەمەد عەلی پاشا لە ساڵی ( ١٨٠٥) ەوە تا ( ١٨٤٨) ز ، فەرمانڕەوای میسر بوو.. سەردەمەکەی بە سەردەمی زێڕینی میسر ناودەبریّت.. میسر لە هەموو بوارەکاندا پیشکەوت.

لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، چەند نووسەرێکی باش و بە توانای میسری هەڵکەوتن و، کۆمەڵێک چیرۆک و شیعریان بۆ منداڵان نووسی، چەند چیرۆکێکیشیان لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە، گۆڕیانە سەر زمانی عەرەبی .. بێگومان ئەدەبی منداڵانی فەرەنسی و ئینگلیزی، کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر ئەم نووسەرانە هەبوو.. ناسراوترین نووسەرەکانیش: روفاعە تەهتاوی، محەمەد عوسمان جەلال، محەمەد سەعید عوریان، محەمەد هەڕاوی، محمەد عەتیە ئەبراشی، عەلی فکری، ئەحمەد شەوقی، کامیل گەیلانی، عەبدولتەواب یوسف،... چەند نووسەرێکی ناسراوی تر.

(روفاعە تەهتاوی: ١٨٠١ - ١٨٧٣) زمانی فەرەنسیی بە باشی دەزانی، یەکەمین نووسەری میسری بوو، کە بابەتی منداڵانی لە زمانی فەرەنسییەوە گۆڕی بۆ سەر زمانی عەرەبی.. کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانی (لافۆنتین)ی گۆڕی بۆ عەرەبی.

(ئەحمەد شەوقی: ١٨٦٨ - ١٩٣٢) ز لە شاری (قاهیرە)ی پایتەختی میسر لەدایک بووە.. شەوقی کە بە (شای شاعیران) ناوبراوە.. بە رەچەڵەک کوردە.. باوکی خەڵکی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستاندا بوو، دایکیشی تورک بوو.. ئەحمەد شەوقی بە دەمی خۆی کوردێتی خۆی دەسەلمێنێ و دەڵێ: "سمعت برژنی من ربی وهو قائل: من الکورد رِیلی.. جئت فی العرب ناشئا) بە کوردییەکەی: "بە گوێی خۆم گوێم لە باوکم بوو کە وتی: رەسەنم کوردە و، هاتم و لە ناو عەرەبدا گەورەبووم.".

ئەحمەد شەوقی، دوای تەواکردنی قوتابخانەی ئامادەیی لە میسر.. بۆ خوێندنی باڵا لەسەر ئەرکی (تۆفیق خدیوی) پاشا، دەنیررێت بۆ پاریس ی پایتەختی فەرەنسا.. بڕوانامەی لە یاسا و، لە زمانی فەرەنسیدا وەردەگریّت.. هەر لەوێشدا دەست بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی فەرەنسی دەکات.. بە تایبەتیش هۆگری چیرۆکەکانی (لافۆنتین) بۆ منداڵان دەبێت.. ئەم چیرۆکانە کاریگەریان لەسەر شەوقی هەبوو.. هەر لەسەر بیر و شێوازی چیرۆکەکانی لافۆنتین، ئەحمەد شەوقی، کۆمەڵێک چیرۆکەشیعر و سروود و گۆرانی بە زمانی عەرەبی بۆ منداڵان

نووسیوە.. ئەو چیرۆکەشیعر و گۆرانییانەی شەوقی تا ئەمڕۆش بایەخیان کاڵ نەبوونەتەوە و، منداڵان تام و چێژیان لێوەردەگرن.

هەر لەو کاتەشەوە (ئەحمەد شەوقی بە پێشەنگی ئەدەبی منداڵانی عەرەب) ناوبراوە. ئەحمەد شەوقی، چیرۆکە شیعرەکانی بۆ منداڵان بە زمانی ئاژەڵ و باڵندەوە نووسیون، لە هەندێکیشیاندا رۆڵی مرۆڤیشیان تێدایە.. ئەگەرچی فۆرمی چیرۆکەکانی لە شێوەی نوکتە و پێکەنیندان.. بەڵام لە ناوەڕۆک مەبەستدا رەخنە و تانە و توانج و پەلارن.

ئەحمەد شەوقی، لە دیوانەکەیدا، بەشێکی تایبەتیی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، بە ناوی (دیوانی منداڵان) کە زیاتر لە (٥٥) چیرۆکەشیعر و (٢٠) سروود و گۆرانیی بۆ منداڵان لەخۆگرتووە.. ئەمانە ناوی هەندێ لە چیرۆکەشیعر و هۆنراوەکانی شەوقین بۆ منداڵان: (رێوی و کەڵەشێر، راوکەر و چۆلەکە، عەلەشیش، مریشکی خۆماڵی، پشیلەکەم، شێر و بۆق، رێویی ناو بەلەمەکە، نیشتمان، دایکم، نەنکم، کەشتی و ئاژەڵەکان، قوتابخانە، بەزەیی بە ئاژەڵ، کۆتر، خۆشەویستیی نیشتمان، ... هتد.) ئەحمەد شەوقی، چیرۆکەشیعری (رێوی و کەڵەشێر)ی لە لافۆنتین دوە وەرگرتووە. شاعیری گەورەی کوردیشمان (پیرەمێرد)ی نەمر ئەم چیرۆکەشیعرەی گۆڕیوە بۆ سەر زمانی کوردی و زۆر بە جوانی و ناسکی بۆ منداڵانی کوردی هۆنیوەتەوە:

*رۆژێ مام رێوی ئەهات*
*دەم بە ویرد و سەڵەوات*
*دوایی ئەیگوت بە ئاواز*
*لەعنەتی خوا لە فێڵباز*
هتد ...

ئەحمەد شەوقی، لە پێشەکی دیوانەکەیدا (دیوانی شەوقیات) دا، دەڵێ: "لەسەر شێوازی لافۆنتین، بیری خۆم لە نووسینی چیرۆکەشیعرەکانمدا تاقیکردۆتەوە.. هەرکە دوو یا سێ دێڕم لێدەنووسین، دەچوومە لای کۆمەڵە منداڵێکی میسری و هەندێ لە نووسینەکانم بۆیان دەخوێندەوە.. یەکسەر لێیان تێدەگەیشتن و پێیان خۆش بوو.. زۆربەیان دەیهێنانە پێکەنین.. ئەمەش مژدەیەکی باش بوو بۆ من...".

ئەحمەد شەوقی، شاعیریکی نیشتمانی بوو، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ناکۆک دەبێت.. لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ساڵی (١٩١٤) دا، لە میسر دووری دەخەنەوە و، بۆ شاری (بەرشلۆنە)ی (ئیسپانیا)ی دەنێرن، بەڵام دووری زیاتر هەست و سۆزی نیشتمانی شەوقی دەخروشێنی.. تا لە ساڵی (١٩٢٠) دا، دەیگەڕێننەوە بۆ میسر.

کەڵە شاعیر ئەحمەد شەوقی، لە (١٣ - ١٢ - ١٩٣٢) لە قاهیرەدا کۆچی دوایی کرد.

وەکو ڕێزلێنانێک بۆ پایەبەرزی ئەحمەد شەوقی، لەسەر بڕیاری حکومەتی ئیتالیا، لە ساڵی (١٩٦٢) دا، لە بەناوبانگترین باخچەی ڕۆمای پایتەختدا (فیلا بۆرگیزی) پەیکەرێکی شیاوی ئەحمەد شەوقیان داناوە.

ماڵەکەشی لە قاهیرەدا، کراوە بە مۆزەخانە (مۆزەخانەی ئەحمەد شەوقی) کە زیاتر لە (٧٥٠) دەسنووس و ڕەشنووسی خۆی تێدایە.. لەگەڵ هەموو کتێبەکانی و وێنە و تابلۆکانی.. ئەو خەڵات و میدالییانەی پێشکەشیان کردووە.. بڕوانامە ڕێزلێنراوەکانی.

(کامیل گەیلانی: ١٨٩٧ - ١٩٥٩) نووسەرێکی بەناوبانگی میسری بوو، پسپۆر بوو لە بواری نووسینی چیرۆک و پەخشان و شانۆگەری بۆ منداڵانی عەرەب، بە پێشەنگی چیرۆکنووسانی عەرەب لەم بوارەدا ناسراوە.. گەیلانی، بە باشی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی.. بڕوانامەی (لیسانس)ی لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگرت.

کامیل گەیلانی، لە ساڵی (١٩٢٧) ەوە، بایەخی بە هونەری ئەدەبی منداڵان دا، دەستی بە (نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان) کرد.. هەر لەم ساڵەدا، یەکەمین چیرۆکی لەژێر ناوی (سیندبادی دەریایی) دا نووسی و چاپیکرد و بڵاویکردەوە.. لە چیرۆکە بڵاوبووەکانی تری: (چراکەی عەلائەددین، نوکتەکانی مەلا نەسرەددین، شەهرەزاد، هەزار و یەک شەو،... هتد.).. چیرۆکی (ڕۆبنسون کروزۆ) شی لە زمانی ئینگلیزییەوە گوڕیوێتیە سەر زمانی عەرەبی.
کامیل گەیلانی، یەکەمن کەس بوو لە میسردا، کە کتێبخانەیەکی تایبەتیی بۆ منداڵان دامەزراند.. یەکەمین نووسەریش بوو، لە رادیۆی قاهیردا، بابەتی منداڵانی پێشکەش بە منداڵان دەکرد.

کامیل گەیلانی، شێوازی داڕشتنی لە نووسینی چیرۆک بۆ منداڵاندا، ساکار و سووک و ئاسان بوو.. چیرۆکەکانی بە زۆری، بە ناوی ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەک و شتی بێ گیانەوە دەنووسین.. ئامانجیشی لە چیرۆکەکانیدا،

خۆشەویستکردنی خوێندنەوە و، بەهێزکردنی سۆز و، گەشەکردنی بیر و ئەندێشە و بەهرە و ئارەزووەکانی منداڵان بوو.. بێجگە لە چیرۆک، گەیلانی کۆمەڵێک هۆنراوەی ناسکیشی بۆ منداڵان نووسیوە.

کامیل گەیلانی، سەرجەم (٢٥٠) چیرۆک و شانۆگەریی بۆ منداڵان نووسیوە.. کە بەشێکیانی لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسییەوە گۆڕیون بۆ سەر زمان عەرەبی.. تێکراش (١٥٠) کتێبی بۆ منداڵان نووسیوە و چاپیکردوون.. بەشیکی زۆری چیرۆکەکانی گۆڕیویانن بۆ سەر زمانەکانی تری جیهان.

(عەبدولتەواب یوسف: ١٩٢٨)، نووسەرێکی بە توانا و ناسراوی میسرییە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.. لە ساڵی ( ١٩٧٥) ەوە تا ئەمڕۆش.. عەبدولتەواب یوسف هێشتا بەردەوامە لەم ئەرک و خزمەتە پیرۆز و هەستیارەدا.. هەروەهاش چەند بەرنامەیەکی لە رادیۆ و لە تەلەفزیۆنەکانی میسر بۆ منداڵان ئامادە دەکرد.

عەبدولتەواب یوسف، خاوەنی نومرەیەکی پێوانەییە، لە نووسینی کتێب بۆ منداڵان، تا ئەمڕۆ (٥٩٥) کتێبی بابەت هەمەڕەنگەی بۆ منداڵان نووسیوە و چاپی کردوون.. بێجگە لە بابەتی منداڵان (٤٠) کتێبیی بابەت هەمەڕەنگەشی بۆ گەورەکان نووسیوە.

**سوریا:**

(زەکەریا تامر: ١٩٣١) چیرۆکنووسێکی بەناوبانگ و رۆژنامەنووسێکی ناسراوی سورییە، هەڵکەوتوویەکی بواری ئەدەبی منداڵانە، تا ئەمڕۆ چەندین چیرۆکی کورت و درێژی بۆ منداڵان نووسیوە، ئەمانە ناوی هەندێ لە چیرۆکە چاپکراوەکانین، کە بۆ منداڵانی نووسیون: یەکەمین چیرۆکی (حیلەی ئەسپە سپییەکە - چەند چیرۆکێکە - لە ساڵی ١٩٦٠دا نووسیویێتی)، (گوڵەکە بە پەڕەسێلکەکەی گوت - هەژدە چیرۆکن)، (سی و حەوت چیرۆک بۆ منداڵان)، (بۆ رووبارەکە بێ دەنگ بوو - پەنجا و سێ چیرۆکن)، (کوللە لە شارەکەدا - کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکن بۆ منداڵان)، (هەورە تریشقە)، (ماڵ)، (وڵاتی کەروێشکەکان)،... هتد).. زەکەریا تامر تا ئێستا سەرجەم نزیکەی (١٠٠) چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە.. بەشێک لە چیرۆکەکانی گۆڕیویانەتە سەر زمانەکانی: فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی، رووسی، ئیتالی، بولگاری.. چەند چیرۆکێکیشی گووڕاونەتە سەر زمانی کوردیمان.. زەکەریا تامر سەرنووسەر و ئامادەکەری دوو گۆڤاری منداڵان بوو، گۆڤاری (رافع) و (ڕسامە).. لە چەندین گۆڤار و

ڕۆژنامەشدا لە سوریا و لە وڵاتانی عەرەبدا، ئامادەکەر و سەرنووسەری لاپەڕەی منداڵان بووە.. زەکەریا تامر، کورتەچیرۆکنووسێکی بە توانا گەورەکانە.. ڕەخنەگرێکی بوێر بوو، زۆربەی چیرۆکەکانی ڕەخنە و توانج و پەلارن.

زەکەریا تامر، لە ساڵی (١٩٨١) ەوە، لە شاری (لەندەن) لە (بەریتانیا) دەژی .. تا ئێستا چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانانیان پێ بەخشیوە.

(ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل) لە ساڵی (١٩٦١) لە شاری (قامیشلو) لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە.. چیرۆکنووس و شانۆنووس و نووسەرێکی بە توانای بابەت هەمەڕەنگەیە.. چەندین لێکۆڵینەوە و وتار و باس و بابەتی لە گۆڤار و لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان و لە کوردییەکاندا، بە زمانی عەرەبی دەربارەی دۆزی کورد نووسیوە. ئەحمەد ئیسماعیل مامۆستایە و، لە بواری پەروەردەدا کاردەکات.

ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، چیرۆکنووس و شانۆنووسێکی بەناوبانگە.. کورد و کوردستان پەروەرێکی ناسراوە.. نووسەرێکی بەناوبانگە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، بە تایبەتیش لە نووسینی شانۆگەریدا.. تا ئێستا چەندین شانۆگەریی بۆ منداڵان، بە زمانە عەرەبی نووسیوە.. لە چەند کۆڕ و سیمینارێکی نێودەوڵەتیدا دەربارەی شانۆی منداڵان بەشداری کردووە و.. چەند خەڵاتێکی ڕێزلێنانی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. ئەمانە ناوی چەند شانۆگەرییەکین کە بۆ منداڵانی نووسیون: (کێڵگە سەختەکە، قازی محەمەد، بەدلیسی، داوڵ، شوورە، تۆبەی ڕێوی، باڵندەیەکی دانا، ئەو ڕێوییەی فێڵی لە خۆی کرد،... هتد).

ئەمانەش ناوی چەند نووسەرێکی تری سوورین، کە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا (شیعر، چیرۆک، شانۆگەری) دا، بەرهەمی چاپکراوی بەسوودیان هەیە بۆ منداڵان:

(سلێمان ئەلعیسا، نزار نەجارٍ، عائیشە ڕەماش، د. عەلی حەداد، لینا گەیلانی، حەنان دەروێش، ماجدۆلین ئەلروفاعی، سەلیم بەرەکات، د.تاریق ئەلبەکری، سەناء ئەلعەتار، ڕەزا سافی ، نەسرەت سەعید، عەبدولکەریم حەیدەری،... هتد).

لە کورتە باسێکی وادا، ناتوانین باس لە ئەدەبی منداڵان لە هەموو وڵاتانی عەرەبدا بکەین و.. باسی یەک بە

یەکی نووسەرە ناسراوەکانی ئەم بوارە بکەین.

**عێراق:**

لە سەرەتادا پێویستە ئەوە بڵێم، ئەگەرچی ئەمڕۆ لە رووی سیاسییەوە، باشووری کوردستان بەشێکە لە حکومەتی عێراق.. بەڵام خاکی با شووری کوردستان بەشێک نییە لە عێراق، کورد و عەرەبیش دوو نەتەوەی جیاوازن و.. هەریەکەیان خاوەنی مێژوو و داب و نەریت و خەسڵەتی تایبەتمەندیی خۆیانن.. باشووری کوردستانیش بە زۆر و بە غەدرێکی مێژوویی نارەوا لکێنراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە.. بۆیە من لێرەدا تەنها باس لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی عەرەب، لە باشوور و لە ناوەڕاستی عێراقدا دەکەم.. کە بە زۆری عەرەبنشینن.. ئەگەرچیش زیاتر لە ملیۆنێک کوردی فەیلیمان لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا دەژین.

ئەدەبی منداڵان لە عێراقدا، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا سەری هەڵدا.. کۆمەڵێک لە شاعیرە گەورە و بەناوبانگەکانی عێراق، سوودیان لە شیعرەکانی ئەحمەد شەوقی بۆ منداڵان وەرگرت.. لەو شاعیرە ناسراوە عێراقییانەش، کە بناغەی ئەدەبی منداڵانیان لە عێراقدا دانا و، شوێن پەنجەیان دیارە:

(مەعروف رەسافی، جەمیل سدقی زەهاوی، مستەفا جەواد، محەمەد رەزا شبێبی، عەبدولموحسین کازمی،... هتد) .. مەعروف رەسافی و جەمیل زەهاوی کوردن.

راستییەکی چەسپاوە، کە پێشەنگی ئەدەبی منداڵان لە عێراقدا مەعروف رەسافی یە.

لە ساڵی (١٩٢٣ - ١٩٥٠) لە عێراقدا، چەند کۆڤارێکی وەرزی بە زمانی عەرەبی بۆ منداڵان دەردەکران.. لەوانە گۆڤاری: (قوتابی ی عێراقی: ١٩٢٣ز)، (دیدەوانی ی عێراقی)، (قوتابخانە)، (دنیای منداڵان)، (نەوجەوانان)، (نەوەی نوێ)، (دایک و منداڵ).. بە زووری بابەتی پەروەردەیی و زانستیان لەخۆگرتبوون. نووسەرانی بیستەکان لە روانگەیەکی نیشتمانییەوە لە منداڵانیان دەڕوانی و، ئەوەیان لە بەرچاو گرتبوو، کە منداڵانی ئەمڕۆن دەبنە نەوەی داهاتوو.

(د. جەمیل حەمداوی) دەڵێ: "لە راستیدا دیارە بەر لە شەستەکان، ئەدەبی منداڵان لە عێراقدا چالاک نەبوو، تا لە ساڵانی شەستەکاندا، گۆڤاری (مجلتی) و رۆژنامەی (المزمار) دەرکران، لەم کاتەوە ئەدەبی منداڵان لە عێراقدا، لە گەشەکردن و لە پێسکەوتندا بووە.. بەڵام بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، ئەدەبی منداڵان لە هەڵکشان و داکشاندا بووە..".

هەر د. جەمیل حەمداوی، رەوتی ئەدەبی منداڵان لە عێراقدا، لە رووی بابەتی و هونەری و جوانییەوە، بە چەند قۆناغێک دیاری دەکات، کە ئەم قۆناغانەن: قۆناغی گوڕین - لە زمانەکانی ترەوە، قۆناغی وەرگرتن، قۆناغی نووسین و دانان، قۆناغی تاقیکردنەوە، قۆناغی داهێنان، قۆناغی رەسەنایەتی. قۆناغە مێژوویەکانیشی بە سێ قۆناغ دیاری کردووە: قۆناغی سەرهەڵدان، لە بیستەکانەوە تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو، قۆناغی پێشکەوتن و گەشەکردن لە حەفتاکانەوە تا نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، قۆناغی پاشەکشێ و پیاچوونەوە، ئەم قۆناغەش لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمینەوە دەستی پێکراوە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسییە شۆڤێنییەکاندا، منداڵانی عەرەبیان لە عێراقدا، بە ئایدیۆلۆژییەکی عەرەبیی دەمارگیری، پەروەردە دە و رێنماییان دەکردن.. دیارە هۆیەکی سەرەکیی نەهامەتییەکانی ئەمڕۆی عێراق.. ئەنجامی رەنگدانەوەی ئەو پەروەرە سەقەتەیە کە بەعسییەکان پەیڕەوییان دەکرد.

لە بەرواری (٢٤ - ١٢ - ١٩٦٩) دا، یەکەمی ژمارەی گۆڤاری (مجلتی - گۆڤارەکەم) بۆ منداڵان دەرکرا.. دوای ساڵێکیش لە مانگی دیسەمبەری (١٩٧٠) دا، یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (المزمار ـ زوڕنا) دەرکرا، کە دوایی بوو بە گۆڤارێکی هەفتانە. لە ساڵی (١٩٧٧) دا (خانەی رۆشنبیریی منداڵان) دامەزرا.. لە ساڵی (١٩٧٩) دا، کۆمەڵە چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناوی (چیرۆکەکانی مجلتی و مزمار) چاپکرا.

شایانی باسیشە کەڵەهونەرمەندی (وێنەکێش و کاریکاتێرکێش)ی بەناوبانگی کوردمان، هونەرمەند (عەلی مەندەلاوی: ١٩٥٨) بۆ ماوەیەک وێنەکێشی سەرەکیی گۆڤاری مجلتی و مزمار بوو.. هونەرمەند عەلی مەندەلاوی، وێنەکێشێکی پسپۆری بواری منداڵانە.. تا ئێستا لە کوردستان و لە عێراق و لە چەند وڵاتێکی تردا، وێنە و دیزایینی بەرگی بۆ چەندین گۆڤار و کتێب بۆ چەندین چیرۆک کێشاوە، هەروەهاش وێنەی کاریکاتێری چەندین

کەسایەتیشی ناسراوی کێشاوە.. عەلی مەندەلاوی ئێستا لە شاری هەولێر دەژی.. هیوای تەندرووستی تەمەندرێژی بۆ دەخوازین.

(مەعروف رەسافی: ١٨٧٥ـ ١٩٤٥) کەڵەشاعیرێکی بەناوبانگ و پایەبەرزی عێراقییە.. ناوی تەواوی (مەعروف عەبدولغەنی مەحمود جەباری) یە.. کوردە و لە هۆزی جەباری یە، کە هۆزێکی کورستان پەروەی ناسراوی کوردمانە، لە پارێزگای کەرکوکدا دەژین.. دایکی مەعروف رەسافی تورکمان بوو، لە تیرەی قەرەغولی یە، کە دەچنەوە سەر هۆزی (بەرخی رەش) بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایی عێراقیان کرە.

مەعروف رەسافی، لە شاری بەغدا لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنیشی هەر لەم شارەدا تەواوکرد.. مامۆستایەکی بە توانای زمانی عەرەبی بوو، وانەبێژ بووە لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و خانەی مامۆستایاندا.

زانای مەزنی عێراقی (مەحمود شوکری ئالوسی) نازناوی (الرێافی) لە مەعروف عەبدولغەنی دەنێت، تا لە باشی و ناوبانگدا، هاوتای (معروف الکرخی) بێت.. لەو کاتەوە بە (معروف الرێافی) ناوبراوە و ناسراوە.

مەعروف رەسافی، دوو جار دەنێررێت بۆ ئەستەمبوڵ.. لە ساڵی (١٩٢٠) دا، بۆ ماوەی ساڵێک دەینێرن بۆ فەلەستین و لە خانەی مامۆستایان لە (قودس) دا، وانەی زمانی عەرەبی دەڵێتەوە.. لە ساڵی (١٩٢٣) دا، بە ئەندامی کارگێڕی (کۆڕی زانیاری زمانی عەرەبی ـ لە دیمەشق) هەڵی دەبژێرن.. ماوەیەکیش لە کۆلێجی شاهانەی عێراقدا، مامۆستای زمانی عەرەبی بووە.. رەسافی لە ساڵی (١٩٠٩) دا سەرنووسەری گۆڤاری (سبیل الرشاد) بووە.. دوایی خۆیّ گۆڤاری (الرمل)ی دەردەهێنا.. رەسافی چەندین پلە و پایەی پەروەردەیی لە عێرقادا بینیوە.. بۆ دواجار لە ساڵی (١٩٢٧) دا، مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە خانەی باڵای مامۆستایاندا.

تا ئێستا، چەندین کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە، بە زمانی عەرەبی دەربارەی لێهاتووی مەعروف رەسافی و، تاوتوێکردن و شیکردنەوەی شیعرەکانی نووسراون.

مەبەستی ئێمەش لەو کورتە تیشکەباسەی سەرەوەدا، یادهێنانەوە و، ناسێنی ئەم شاعیرە مەزنەیە، بە

**شیعردۆستانی نەوەی ئەمڕۆمان.**

**مەعروف رەسافی، دەستپێشکەر و پێشەنگی شاعیرانی عێراقە، لە بواری نووسینی شیعر و سروود بۆ منداڵان.. دیوانێکی بۆ منداڵان لە ژێر ناوی (تەواکەری پەروەردە و فێرکردن) دا چاپکرد، کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا، کۆمەڵێک هونراوە و سروودی پەروەردەیی و نیشتمانی بۆ منـــداڵان تێدایە.. بۆ نموونە لەم هــۆنراوەیەیدا دەڵـێ :**

*تۆ سەیری ئەو دارەکە - جوانی ئەو لقانەی کە*

*کە چۆن لە تۆوێکەوە - ئەو دارەی لێکەوتەوە*

*هتد...*

**مەبەستی رەسافی لە هۆنراوەکانیدا بۆ منداڵان ، پەروەردەیی و زانستی و رەوشتی و نیشتمانییە.. خۆشی ماوەیەک لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا مامۆستا بوو، لە زمان و لە خواست و ئارەزووەکانی منداڵان شارەزابوو.**

**مەعروف رەسافی، لە (١٦ - ٥ - ١٩٤٥) دا، لە شاری بەغدا، کۆچی دوایی کرد.. لە گۆڕستانی (خەیزەران) دا، بە خاک سپێردرا.**

**پەیکەرسازی ناسراوی عێراقی (ئیسماعیل فەتاح تورک: ١٩٣٤ - ٢٠٠٦) ز، پەیکەرێکی شایستەی بۆ شاعیری نەمر ئەحمەد شەوقی دروست کرد، کە لە شەقامی رەشید، لە (گۆڕەپانی ئەمین) لە نزیکی پردی شەهیدان لە بەغدا دانراوە.. ئێستاش هەر لەم شوێنەدایە.. ئەگەرچی ئەحمەد شەوقی بە زمانی عەرەبی شیعری هۆنیوەتەوە، بەڵام بە یەکێک لە ناودارانی گەلی کورد دادەنرێت.**

**١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣**

## مێژووی ئەدەبی منداڵان.

### - بەشی چوارەم -

*لەم بەشەدا، زۆر بە کورتی باس لە (مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد) دەکەین.*

داگیرکەرانی رەگەزپەرست، لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، لە داگیرکردنی کوردستانەوە تا ئەمڕۆ، لە قوتابخانەکاندا بە تۆبزی منداڵانی کوردمان فێری زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی دەکەن.. بۆیان نییە بە زمانی کوردیمان بخوێنن، تەنها لە باشووری کوردستاندا نەبێت.. داگیرکەرانی کوردستان هەوڵی ئەوە دەدەن کە منداڵانی کوردمان، زمانی شیرینی کوردیمان لەیاد بکەن، فریویان دەدەن بۆ ئەوەی پشت لە داب و لە نەریتە رەسەنەکانی گەلەکەمان بکەن.. بە هەڕەشە و بە چاولێسوورکردنەوە دەیانەوێ منداڵانی کوردمان هەڵگەڕێننەوە و، هەست و نەستی کوردایەتی و، سۆز و خۆشەویستیان بۆ کوردستان کاڵ بکەنەوە.. دەیانەوێت منداڵانی کوردمان بە زمان و بە کولتوورێک ئاشنایان بکەن، کە بەلای منداڵانی کوردەوە نامۆن و دوورن لە کولتووری رەسەنی کوردیمانەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵە گڵاوانەیاندا، نەیان توانیوە منداڵانی کوردمان لە خشتە بەرن.. نەیان توانیوە هەستی قووڵی کوردایەتی و، سۆز و پەرۆش و خۆشەویستی و ئینتیمابوون بۆ کوردستان لە دڵی منداڵانی کوردماندا دەربکەن.. نەیان توانیوە بەر لە خەبات و کۆڵنەدان و پێداگرتن و خۆڕاگریمان بگرن و، بێ هیوامان بکەن.

ئێمە لەژێر بۆردوومانی فڕۆکە و تۆپ و تانکدا، لە ناو ئەشکەوت و لە پەنای شاخە سەرکەشەکانی کوردستاندا، لەشۆڕشدا بووین و، بە دەستێکمان چەکمان هەڵگرتبوو، سەرسەختانە بەرگریمان لە کوردستان دەکرد و.. بە دەستەکەی کەشمان پێنووس و کتێبمان هەڵگرتبوو.. بە زمانی شیرینی کوردیمان، منداڵانی کوردمان فێری نووسین و خوێندنەوە و زانیاریی گشتی دەکرد.. بە کوردایەتی و کوردستان پەروەری گوشیانمان کردوون.. رۆژانەش پێکەوە سروودی (ئەی رەقیب) مان دەچڕی.

لە شاخیشدا، بایەخمان بە ئەدەب و هونەری منداڵانی کورد دەدا.. گۆڤاری منداڵانمان دەردەکرد و، منداڵانی کوردمان شانۆگەرییان پێشکەش دەکرد.. ئەم قسانە پەیامێکە بۆ داگیرکەرانی کوردستان، تا ئەوە بزانن کە خەیاڵیان خاوە، کە بتوانن خولانەوەی بۆ پێشەوەچوونی ڕەوڕەوەی کوردایەتی و کوردستان پەروەریمان بوەستێنن.

دڵنیام و گەشبینم، کە لە سایەی تێکۆشان و بەرخودانیدا، زووبێت یا درەنگ مافە ڕەواکانمان وەردەگرین و، بڕیار لە چارەنووسی خۆمان دەدەین.. ئەمەش خەون و وڕێنە نییە و، خواست و هیوای هەموو کوردێکی کوردستان پەروەرە.

لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییانەی کە بەسەر گەلی کوردماندا هاتوون، لەگەڵ ئەو بێ نازییەی منداڵانی کوردمانی تێدان.. دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە ڕووی زیرەکی و بلیمەتی و دانایی و هزر و بەهرە و زەینتیژییەوە، منداڵانی کوردمان، لە منداڵانی گەلانی تری جیهان ئەگەر زیاتر نەبن ئەوا کەمتر نین.. ئێمە نابێت ئەدەبی منداڵانی کورد، لەگەڵ ئەدەبی منداڵانی ئەو گەلانەدا بەراورد بکەین کە چەندین ساڵە ئازادن و، خاوەنی بڕیار و دەسەڵات و دەوڵەتی خۆیانن.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کورد لەسەر خاکی کوردستانی پیرۆزدا.. ڕەگ و ریشەی لە ئەفسانە و داستان و لە حیکایەت و چیرۆکە ئەندێشەیی و میللییەکاندا هەیە.. کورد خاوەنی بە سەدان ئەفسانە و داستان و چیرۆک و حیکایەت و مەتەڵ و، خاوەنی بە هەزاران بەیت و بالۆرە و گۆرانیی فۆلکلۆرییە.. ئەم ئەفسانە و داستان و چیرۆکانەش، دایکان و باپیران و داپیران، لە گوێی کوانگ و ئاگرداندا، بە تایبەتیش لە شەوارەکانی شەوانی درێژی زستاندا، بۆ جگەرگۆشەکانیان گێڕاونەتەوە.. نەوە لە دوای نەوەشمان دەماودەم بە زاری بۆ یەکتریان گێڕاونەتەوە.. هەندێ لەو داستان و مەتەڵ و چیرۆکە ئەندێشەیی و ئەفسانەییانەمان، تا ئەمڕۆش منداڵانی کوردمان، تام و چێژێکی زۆریان لێ وەردەگرن.. بۆ نموونە:

(تیتلە و بیبلە، مریشکە قوندە و مام هۆمەر، دەنکەهەنارە، ئەژدیها و کوڕە ئازاکە، قەڵای دمدم، دوانگزە سوارەی مەریوان، مشکە خان دەچێت بۆ شاری شووکردن، پیرێژنی جادووکەر و چەرخ و فەلەک، گۆڕنەتەڵە، سیمرخ، بەختیار و بەدبەخت، پاڵەوانی بازیبەند لە قوڵ،... هتد). بە دەیان چیرۆکی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێزیشمان هەن، کە پاڵەوانەکانیان، شتی خەیاڵین یا جەستەیی و سرووشتین، یا ئاژەڵ و باڵندەن..

وەکو: خێو، دیێوودرنج، لۆژەند، ئەرژەنگ، سیمرخ، پیرێژنی جادوکەر، ئەسپی باڵدار، ئەژدیها، حەزیای حەوت سەر، بووکی دەریا، جنۆکە، چەتەوڵ، شومقار، چەقەڵی دز، ڕێویی فێڵباز، فریشتەی خێران،... هتد. هەموو ئەو داستان و مەتەڵ و چیرۆکە ئەفسانەیی و خەیاڵییانەش ، بەشێکی گرنگن لە کەلەپوور و لە کولتووری ڕەسەنی گەلەکەمان.

زۆربەی کەڵەنووسەرانی جیهانی لە ئەدەبی منداڵاندا، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ سوودیان لە ئەفسانە و لە داستان و لە چیرۆکە خەیاڵی و فۆلکلۆرییەکانی گەلەکانیان وەرگرتوون و، ئیلهامی پێ بەخشیون و، کردوویانن بە هەوێنی چیرۆک و شیعر و شانۆگەرییەکانیان.. لەوانەش : هانز ئەندەرسن کریستیان، برایانی گریم، لافۆنتین، زەکەریا تامر، لەتیف هەڵمەت... هتد.

لای لایە و گۆرانیی دایکان بۆ کۆرپەکانیان، بەشێکی گرنگن لە ئەدەبی منداڵانی کورد.. دایکانی دڵسۆز و میهرەبانی کوردمان، لەگەڵ ڕاژەنینی لانکی ساواکانیاندا.. لەگەڵ زرەزری موتومووروو و پۆیلە و زەرتکە و پەتکەی هەڵواسراوی قەد کەمەری لانک و بێشکەکانی ساواکانیاندا.. لەگەڵ خڕوهۆڕی بازنگەکانی قۆڵە ناسکەکانیاندا.. لەگەڵ زرینگەی پلپلەی خڕخاڵی پێیە قنجەکانیاندا.. بە لای لایەی شیرین و بە گۆرانی خۆش بە لاواندنەوە ی پڕ لە سۆز، بە سەدا و سۆزێکی خۆشتر لە خۆشترین موزیک و ئاواز بەیتی کوردی و گۆرگانە شەوییان بۆ دەڵێن.. گوزارشت لە سۆز و لە خۆشەویستییان بۆ جگەرگۆشەکانیان دەکەن.. هەر بە لای لایە ژیریان دەکەنەوە و، بە خۆشییەوە دەیانکەنە خەو.. بە هەموو شێوە زارەکانی زمانی کوردی و، لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی بەریندا، بە سەدان لای لایە و بەیت و کۆپلە هۆنراوەی فۆلکلۆری و شیعری ناسکی تازەشمان هەن.. کە بەسەر زاری دایکانەوەن یا دایکان خۆیان دایان دەنێن و بە ئاوزەوە بۆ منداڵەکانیان دەیان ڵێن.. گەلی کوردمان، لە ڕیزبەندیی هەرە پێشەوەی گەلە دەوڵەمەندەکانی جیهاندایە لە بواری لای لایە و گۆرانی بۆ منداڵان.. هەندێ لەم لای لایانەمان نیشتمانین، یا تەوانج و تانە و پەلاری سیاسین.. ئەم دێڕانە چەند نموونەیەکن، لە لای لایە و گورگانە شەوێی کوردیمان بۆ منداڵان:

*لای لایە ، ڕۆڵە لای لایە*
*شەوگار درەنگە بۆ خەوت نایە*

-----

لای لایـــــه ، رۆڵـــه لای لایـــه

هیوای دوارۆژم ، له دەست تۆدایـــه

-----

لای لایــەت بۆ ئەکەم له ئێـــوارەوە

سەبەبـــکارت بــێ بە ســـێدارەوە

-----

لای لایـــه کۆرپــــەکەم بخـــەفێ

خـەو خـێر وەبان دیــدەی بکـــەفێ

-----

گورگــانه شـەوێ، گورگــانه شـەوێ

بەرخـه بچکۆلەم، خـەوی لێ بکەوێ

لوورەی تۆێ نـاوێ، لای لایـەی ئەوێ

ئـەڵێ له مـــاڵی ئێــــمه دوور کەوێ

چەندین گۆرانیی فۆلکلۆریشمان بۆ منداڵان هەن، کە منداڵانی کوردمان بە تاک یا بە کۆمەڵ، لەگەڵ یاری کردندا بە ئاوازەوە دەیان ڵێن.. ئەمانەش چەند نموونەیەکی ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانەمانن:

هەیـــاران و مەیـــاران

یاخـوا داکـــاتە بـــاران

بۆ فەقیـــر و هـــەژاران

-----

هــه ، وازی ، وازی ، وازی

ئـــەوەی نەیـــات بۆ وازی

خوشکی بـدەن بە قـــازی

-----

هەللور ، بللور تـەکـــامە

زەرد و سوور و شەمـــامە

*ئـــاوه بـەره ، دەنــکه زەره*

*مێخم کـوتـی ، مێخ هەڵبەزی*

*تیکەی راستم ، ئەمەی گەزی*

-----

*بـــــووکه به بـــــارانێ*

*سەعـــاتی جـــــارانێ*

*ئـــــاوی بن دەغـــــڵانێ*

له شـەوانی جەژنـی نەورۆزیشـدا، بە تـایبەتیش له رۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، منـداڵان بە کـۆمەڵ دەگەڕێـن و، له دەرگای ماڵان دەدەن و، داوای نەورۆزانە و شیرینی دەکەن:

*هەتــــەرێ و مەتــــەرێ*

*نـــەورۆزه وەرنـــه دەرێ*

*نـــــەورۆزانەمان دەرێ*

-----

*هەلاتـــران و مەلاتـــران*

*دایـک و بـاوکی جنۆکـــان*

*دایکم نـاردمی بۆ هێلکـــان*

ئەمانە و بە دەیان دێر و کۆپله هۆنراوە و گۆرانیی منـداڵانمان هەن، کە بە ئـاوازەوە بـوونەته وێـردی سـەر زمـانی منـداڵانی کوردمـان.. بە دڵنیـاییشـەوە، لە لای دایکـانی کوردیشمان، بە دەیـان دێـڕ و بەیتـی لای لایە و، گورگـانه شەوێ و، کەمتیاری سمپان و، چەندین گۆرانیی رەسەنی خۆشی کوردیمان بۆ منداڵان هەن.. پێویسته کـۆبکرێنەوە و بخرێنه بەر بـاس و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە.. پێش ئەوەی لە یـاد بچنەوە، چـونکە لای لایە بەشێکی گـرنگە لە ئەدەبی منداڵان و لە فۆلکلۆر و لە کەلەپووری گەلەکەمان.

ئەدەبی منداڵانی کورد، لە قۆنـاغی نوێدا، لەم شێوە مۆدێرنەی ئێستادا، ئەدەبێکی تـازەیە لە ئەدەبی کوردیماندا،

لە قۆناغی تاقیکردنەوە و دەق گرتنندایە، لە دەستپێکی ڕێگادایە و بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت.. ئەگەرچی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە بێ بەرنامە و بێ پلانە و بە شێوەیەکی کارناسی نییە.. تا ئێستا ڕەخنەگرمان لە بواری ئەدەبی منداڵانی کورد دا نییە، گەر هەشبن زۆر کەمن و، ڕەخنەگرانێکی ئەکادیمی و پیشەیی و پسپۆر نیین .. ئەو کتێب و کتێبۆکانەی کە وەکو لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەدەبی منداڵانی کوردەوە چاپکراون.. لە پەنجەکانی دەستەکانمان تێ ناپەڕن، زۆریشیان تەنها گوزارشت لە ڕا و بۆچوونی خودی نووسەر دەکەن.. ئەمڕۆ پێویستیمان بە نووسەرانی ئەکادیمی و ڕەخنەگرانی شارەزای بۆاری بەشەکانی ئەدەبی منداڵان هەیە.. پێویستە نووسینەکانیشمان بۆ منداڵانی کورد (هۆنراوە، چیرۆک، شانۆگەری، پەخشان،...) بەپێی پێوەر و بنەما و پرانسیپ و خواست و خولیای منداڵانی کورد و، ئینتیمابوون بۆ کوردستان و بۆ مرۆڤایەتی بن.. پێویستە لە ئەدەبی ئامۆژگاری تەڵقین ئاسایی و لە پەروەردەی کلیشەدار و ڕێنمایی وشک و سنووورداری داب و نەریتە نەشیاوەکانی سەردەمیانە و جیهانگیری لابدەین.. چونکە لە ئەمڕۆدا تەکنۆلۆژیای نوێ داهێنانی سەیر و سەمەرە هێناوەتە کایەوە.. هزر و بیر و هۆشی منداڵانیش گەشتر و فراوانتر بوونە.. بێگومان نە منداڵانی ئەمڕۆمان وەکو دوێنێن نە خواست و پێویستییەکانیشیان هەمان پێویستی و خواست و هیوای نەوەی پێش خۆیانن.. منداڵانی ئەمڕۆمان نەوەی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و ئینتەرنێتن، چاوکراوەتر و زۆرزاتر و هزر بڵاوترن و هیواخواسترن، بۆیە پێویستە ئاوڕێکی جیدی لە منداڵان بە گشتی و، بواری ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی بدەینەوە.. چونکە ئەوانەی تا ئێستا کراون و هەن، لە ئاستی گرنگی و هەستیاریی ڕۆڵی منداڵانماندا نین، ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە، کە کوردیلەکانی ئەمڕۆمان نەوەی داهاتوون و، دەبنە دەسەڵاتدار و بڕیار لە چارەنووسی کورد وکوردستان دەدەن.. کەواتە پێویستە ئەم ئامانجە لەبەرچاو بگرین.. لە پێناوی ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان.. لە ڕێی ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانەوە، کوردیلەکانمان بە ڕاستی و درووستی گۆش و پەروەردە بکەین.

مێژووی نوێی ئەدەبی منداڵانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەمی ڕابردوو، بە تایبەتیش بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو.. کۆمەڵێک لە شاعیرە ناسراوەکانی کوردمان، لە پاڵ نووسینی شیعر بۆ گەورەکان، منداڵانی کوردیشیان فەرامۆش نەکردوون و، بە شیعری ناسک و ئاسان، دڵی منداڵانیشیان خۆش کردووە.. بەڵام تا ئەمڕۆش هەندێ لە شاعیر و نووسەرانی ئێمە، وا بیر دەکەنەوە کە نووسین بۆ منداڵان، پایە و ناوبا گیان دێنێتە خوارەوە .. ئەمانە ناوی هەندێ لە شاعیرە نەمرەکانی کوردن، کە بە شیعرە ناسک و خۆشەکانیان بۆ منداڵان، خویان لای منداڵانی کوردمان شیرین کردوون: (پیرەمێرد، فایق بێ کەس، گۆران، هەژار موکریانی، زێوەر، موفتی پێنجوێنی، جگەرخوێن، قانیع، کامەران موکری، نەجمەدین مەلا، یونس دڵدار، نووری شێخ ساڵح، کامەران بەدرخان، عوسمان سەبری، دڵزار، تیرێژ، قەدری جان... هتد).

لەبەر نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەبەر دەستمدا لەم کاتەدا، بە باشم زانی پەلە نەکەم و، پۆلین کردنی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد بۆ دەرفەتێکی تر دوابخەم، تا زانیاری بە هەڵە بڵاونەکەمەوە.

کۆنترین کتێبی چاپکراو بۆ منداڵانی کورد، کتێبی (نووبەهارا بچووکان ـ نەوبەهاری بچووکان) ە، لە دانانی شاعیری نەمری کورد (ئەحمەدی خانی: ١٦٥٠ - ١٧٠٧) کە لە ساڵی (١٦٨٢) دا، چاپکراوە.. نەوبەهاری بچووکان بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی شیعری، وشەی عەرەبی و ماناکەی بە کوردی (عەرەبی - کوردی) یە، کە ئەحمەدی خانی بە شیعرەوە دایناوە.. بۆ ئەو منداڵە کوردانەی کە ئارەزووی فێربوونی زمانی عەرەبییان هەبووە، کە زما ی ئایین بووە. هەر لەم شێوەیەش، ناوداری کوردمان (شێخ مارفی نۆدێ: ١٧٥٢ - ١٨٣٧)، لە سلێمانی فەرهەنگۆکێکی شیعری (کوردی ـ عەرەبی) بە ناوی (ئەحمەدی) یەوە، بۆ (کاک شێخ ئەحمەد ـ سلێمانی) ی کوڕی دادەنێت تا فێری زمانی عەرەبی ببێت.. ئەم کتێبە جاران فەقێکان لە مزگەوتەکاندا دەیان خوێند.. هەروەها شەهیدی نەمرمان مامۆستا (شاکیر فەتاح: ١٩١٤ - ١٩٨٨) فەرهەنگۆکە شیعرێکی بۆ مندانی کورد داناوە (ئینگلیزی - کوردی).. ئێستاش چەند فەرهەنگۆکێکی تری فێرکردن بۆ منداڵان دانراون و چاپکراون، کە وشەی کوردی و وشەی زمانەکانی تریان لەخۆ گرتووە.

(نەوبەهاری بچووکان) و (ئەحمەدی).. لە چەندین شاری کوردستان و دەرەوەدا، دووبارە و دەبارە جوانتر چاپکراونەتەوە.. دوو کتێبی شیعری فێرکردنن بۆ منداڵانی کورد.. بەشێکن لە ئەدەبی منداڵانی کورد و لە کەلەپووری گەلەکەمان. زوریش لە شاعیرانی کورد و جیهانی، لە کۆن و لە ئەمڕۆشدا.. شیعری زانیاری و فێرکردنیان بۆ منداڵان نووسیوە.

شەهید مامۆستا (شاکیر فەتاح)، هەشت چیرۆکی بۆ منداڵان، لە زمانی عەرەبییەوە گۆڕیون بۆ سەر زمانی کوردی و، لە ساڵی (١٩٣٥) دا، لە کتێبێکدا لە شاری بەغدا چاپی کردووە، چیرۆکەکانی بە کوردییەکی پەتی و ئاسان داڕشتوون. دیزاین و وێنەکانی ناوەوەی کتێبەکە ڕەنگاوڕەنگن.. هەندێک لەم چیرۆکانە کرابوون بە بابەتی کتێبی خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی.. هەر مامۆستا شاکیر فەتاح، لە ساڵی (١٩٤٨) دا، کتێبی (هاوڕێ ی منداڵ)ی بە چاپ گەیاندووە. شایانی باسیشە مامۆستا شاکیر فەتاح، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، پرۆژەی گۆڕینی (سەد کتێب بۆ منداڵان) بۆ سەر زمانی کوردی ئامادە کردبوو، کتێبەکانیش بابەت هەمەجۆرە بوون، چەند کتێبێکی لێ چاپ کردن.. بە داخەوە ڕژێمی بەعسی شۆڤێنی بواریان نەدا پرۆژەکەی

تەواو بکات و، لەسەر رووبەڕووبوونەوە و هەڵویستی کوردایەتی و، را دەربڕینی بە راشکاوی و ئازایەتی شەهیدیان کرد.

مامۆستای کۆچکردوو (عەبدولواحید نووری)ش کتێبێکی بە ناوی (پیرۆزی منالّ) لە ساڵی (١٩٤٠) دا، لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی چاپ کردووە.. بە کوردییەکی جوان داڕشتووە.. بابەتی کتێبەکەش دەربارەی منداڵانە.

بزووتنەوەی ئەدەبی هاوچەرخی منداڵانی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا و خۆی سەلماند.. هەر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە قۆناغی زێڕینی ئەدەبی نوێی منداڵانی کورد سەری هەڵدا و، کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیر و شانۆنووس و هۆنەرمەندی وێنەکێشی بە توانی بواری منداڵان، خویان بە نووسینی ئەدەبی منداڵان و وێنەی منداڵان و شانۆی منداڵانەوە سەرقاڵ کرد.. شوێن پەنجەیان، لە لەدایک بوونی ئەم بزووتنەوەیەدا دیارە.. لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١) کەوە، تا ئەمڕۆ ، ئەدەبی منداڵانی کورد، وەکو بوارێکی ئەدەبی سەربەخۆ و گرنگ و هەستیار.. بایەخێکی زیاتری پێدرا و، نووسەرانی باشیش هاتوونەتە کایەوە.. چەندین کتێب و گۆڤاری منداڵان، دیزایین رەنگاوڕەنگی جوان چاپکران و چاپ دەکرێن.. ئەمەو دامەزراندنی بەڕیوەبەرێتی رۆشنبیری منداڵان ـ سەربە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و، خانەی رۆشنبیریی منداڵان، ماوەی منداڵان لە هەندێ لە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵییەکان و سەتەلایتەکانی کوردستاندا.. بوون بە هاندەر بۆ نووسەرانی ئەم بوارە.. ئەگەرچی هێشتا پشتگیری و هاندان و یارمەتیدانی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان وەکو پێویست نین و، هاوکاری مادی ناکرێن بۆ چاپکردنی نووسینەکانیان.. بەڵام من گەشبینم کە ئەم بزووتنەوەیە هەر بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت.. تابێت هەموو بەشەکانی رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کورد لە رووی چۆنی و چەندایەتییەوە زیاتر و زیاتر گەشەدەکات و رەسەنایەتی خۆی دەسەلمێنێت.

لێرەدا دەمەوێت ناوی ئەو شاعیر و نووسەرانەی باشووری کوردستان بهێنم، کە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، بەرهەمی چاپکراویان پێشکەش بە منداڵانی کوردمان کردوون (هۆنراوە، چیرۆک، شانۆنامە، ئۆپەرێت،... هتد)، هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە و، زۆربەشیان لە ژیاندان و بەردەوامن لە نووسین بۆ منداڵان.. ناوەکان:

(فەرەیدوون عەلی ئەمین، عەلی عەبدوڵڵا شەونم، عومەر عەبدولرەحیم، کاکەی فەلاح، رەمزی قەزاز، عومەر عەلی ئەمین، لەتیف هەڵمەت، دایکی سۆلاڤ، جەزا عەلی ئەمین، شکور مستەفا، عەتا قەزاز، محەمەد فەریق حەسەن، تاهیر ساڵح سەعید، روستەم باجەلان، رەزا ساڵح عەلی، کوردستان موکریانی، کازم کۆیی، هۆشیار حسەین، ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، محەمەد رەشید فەتاح، کەمال بورقای، نوری سەعید قادر، ریواس ئەحمەد، فەهمی کاکەیی، عوسمان دەرویش شکور، یاسین قادر بەرزنجی، عەلی مەندەلاوی، محەمەد ساڵح کلێسەیی، رزگار کەریم سەعید، کەریم شارەزا، بورهان قەرەداغی، کاوەی ئەحمەد میرزا، ئیبراهیم ئەمین باڵدار، سمکۆ ناکام، عەزیز مەلا رەش، سەعدوڵلا شێخانی، گرفتار کاکەیی، فازیل جاف، فازیل شەوڕۆ، عوسمان محەمەد هەورامی، عەلی حەمەرەشید بەرزنجی، عەزیز رەشید حەریری، بەدران ئەحمەد حەبیب، سەلام عەبدوڵڵا، کەریم مستەفا، ئیسماعیل رۆژبەیانی، نەجیبە ئەحمەد، سەبری بۆتانی،... هتد).

لە دوای باشووری کوردستان، کۆمەڵێک شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنووسی بەتوانا و ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵانمان، لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بایەخیان بەم بوارە دا.. کە هەندێکیان بە زمانی کوردی و فارسی بۆ منداڵان دەنووسن.. لەوانەش:

(سیمین چایچی، عەلیڕەزا محەمەدیان، کەلسووم عوسمان پوور، گوڵاڵە ستاوەند، سەحەر میهرەبانی، عەبدولڕەحمان فەهیمی، شیلان گەیلانی، سوغرا کەریمی، سەلاح نیساری، عەفیفە مەحموود زادە، سۆران حوسێنی، لەیلا ساڵحی، سەلام قادری، یونس رەزایی، عەلیڕەزا قاسمی، خاڵەند ئەحمەدی، ئەمین گەردیگلانی، سوارە فەتووحی، ئەحمەد بەهرامی، فایەق بەتاش، عەلی بیداخی، و... هتد).

ئەوەی جێی سەرنج راکێش و مایەی خۆشی و شادیمانە، لە نێو نووسەرانی ئەدەبی منداڵان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، رێژەیەکی باش لە خوشکانی نووسەرمان هەن.. بۆ نموونە ئەم چیرۆکە شیعرە (ماسی خانم) لە نووسینی (عەلیڕەزا محەمەدیان)ە:

*ماسی خانم ناو دەریا*
*چارشێوی دا بە سەریا*
*کەفتە رێگە خرتە خرت*

*شـــیرین شـــیرین وردە ورد*
*ماسـی خـانم کەوشی نــەوو*
*ماڵەکەیـــان حەوشی نـــەوو*
*وەختی چوو بۆ سەر کووجی*
*چــاوی کەفـتەو بە جی جی*
*جی جی زەردەواڵـــە بـوو*
*مـــناڵ ئـەو بەرمـــاڵە بوو*
*ماسی کەوشــی لە  پـــاکەند*
*وتـی ئـــیمڕۆ بۆ تـــۆم سـەند*
*ئیـــتر بەســـــە نەگیــری*
*با بێـــژن چـــەنێ ژیــــری*

بە پێویستم دەزانم کە زۆر بە کـورتی، ئـامەژە بە خزمەتـی لەبەرچـاوی هەنـدێ لە شـاعیر و نووسـەرانی ناسـراوی گەلەکەمان، لە بواری ئەدەبی منداڵانی کوردیمان لە هەر چوار پارچەی کوردستانی شیرینمان بکەم:

٭ فەرەیدوون عەلی ئەمین: شـاعیر و چیرۆکنووسێکی زۆر بە توانـا و شـارەزای ئەدەبـی منـداڵان و، جیهـانی پـاکی منداڵان بوو، تۆژەرێکی پەروەردەیی بـوو.. شیعر و چیرۆکەکـانی بـۆ منـداڵان زۆر ناسک و ئـاسـان و رەوانن، چەنـد کتێبێکـی بـۆ منـداڵان بە چـاپ گەیانـد لەوانەش: (پیـاوە بچکـۆلەکە)، (بـاخچە)، (پـاڵەوانی دوارۆژ - شیعر)ە، کتێبێکی چیرۆکی تـری خۆشی هەبوو کە گۆڕیبووی بۆ سـەر زمـانی کـوردی، بەداخـەوە سـەرناوی ئەم کتێبەیم لە یـاد نەماوە.. کتێبێکیشی هەیە بە ناوی (دنیای مناڵ و ئەدەبی منـاڵ)، لێکـۆڵینەوەیە لە ئەددبـی منـداڵانی کـورد، ئەم کتێبەیەم بۆ پەیـدا نەکرا تـا بـزانم مامۆسـتا فەرەیـدوون لەم رووە چـی نووسیوە، مامۆسـتا فەرەیـدوون عەلـی زۆر زیـاتری پێ مابوو، بەڵام مەرگ بواری نەدا، تـا ئەوەی پێی مابوو پێشکەشی منداڵانی بکات.

٭ عومەر عەبدولرەحیم: مامۆسـتا عـومەر عەبـدولڕەحیم، توانـایەکی بـاڵای هەبـوو لە نووسـینی شیعر و چیـرۆک و شانۆگەری و ئۆپەرێت بۆ منداڵان.. چەنـد شـانۆگەرییەکی جـوانی بـۆ منـداڵان نووسیوە، لە چاپکراوەکـانی مامۆسـتا عومەر عەبدولڕەحیم:

(پاڵەوانی دوارۆژ : ١٩٥٨) کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان لەگەڵ مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین پێکەوە دایان ناوە .. (شانۆگەری منداڵ - حەوت تێکستی شانۆییە) - لە سلێمانی ـ ١٩٧٢ چاپکراوە.. کە بە یەکەمین کتێبی دەقی شانۆگەریی چاپکراو بۆ منداڵان دادەنرێت.. (کچ و قوتابخانە) لە ساڵی (١٩٥٦) لە سلێمانی چاپی کردووە.. چەندین شانۆگەریی تریشی بۆ منداڵان نووسیوە.

* عەلی عەبدوڵڵا شەونم (ع. ع . شەونم)، یەکێکە لەو مامۆستا دڵسۆزانەی، کە ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی نووسینی شیعرە بۆ منداڵان.. تا ئێستا چەند کتێبێکی شیعری بۆ منداڵان چاپ کردووە، شیعرەکانی بوونەتە ویردی سەر زمانی منداڵانی کورد.. بۆ نموونە شیعری (بەبە بەبە بچکۆلە - مەگری مەگری بەرخۆلە)، ع . ع . شەونم خاوەنی سروودی (جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە...) یە. مامۆستا شەونم (خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد) یان پێ بەخشی.

* کاکەی فەلاح (حەمە حەمە ئەمین قادر: ١٩٢٨ - ١٩٩٠) مامۆستا کاکەی فەلاح نۆوسەرێکی هەڵکەوتووی بواری ئەدەبی منداڵان بوو، چەندین شیعری ناسک و شیرینی بۆ منداڵانی کورد نووسیوە و، لە چەند بەرگێکدا چاپی کردوون، چەند چیرۆکە شیعر و ئۆپەرێتێکی بۆ منداڵان نووسیوە، ئەمە ناوی هەندێ لە چاپکراوەکانین:

(جگەرگۆشەکان)، (چۆلەکەی پاساری ـ ١٩٨٣)، (سروود)، (ئۆپەرێتی قوتابخانە) و چەندین بەرهەمی تر.. مامۆستا کاکەی فەلاح خاوەنی شیعری: (شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم... هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم) کە هونەرمەندی کۆچکردوو خاتوو (مەرزییە فەریقی) کردوویە بە گۆرانی و، لە تەلەفزیۆندا تۆماری کردووە.

(نووسەر ئەم بابەتە: من پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ مامۆستا کاکەی فەلاح دا هەبوو.. کە شیعرێکی تازەی بۆ منداڵان بنووسیایە، بۆ بەرنامەی ـ جیهانی منداڵان ـ ی دەنارد، لە تەلەفزیۆنی کەرکوک، کە من ئەم بەرنامەیەم بۆ ماوەی دە ساڵ ئامادە دەکرد.. چەندین جاریش لە چاپخانەکەیدا - چاپخانەی کاکەی فەلاح - لە سلێمانی، پێکەوە دانشتووین و باسی شیعری منداڵانی بو دەکردم، لە چلەی ماتەمینیشیدا ئامادە بووم).

* مامۆستا رەمزی قەزاز: شوێن پەنجەی لە بواری ئەدەب و راگەیاندنی منداڵانی کوردا دیارە و کاڵ نەبۆتەوە، لە ساڵانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا، لە بەشی کوردی ی رادیۆی بەغدا دا،

بەرنامەی ( بەهەشتی منداڵان ) ی ئامادە دەکرد و پێشکەشی دەکرد.. خوالێخۆشبوو دوو کتێبی چیرۆکی چاپکراویشی بۆ منداڵان هەیە: (گۆڕنەتەڵە) و (ڕاستی و ئازایی).

(نووسەری ئەم بابەتە: من خۆم بە قەرزاربارى مامۆستا رەمزی قەزاز دەزانم.. منداڵ بوو لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی قوتابخانەی بنەڕەتیدا بووم لە شاری کەرکوک.. هەفتانە چاوەڕێی بەیانیی ڕۆژی هەینیم دەکرد، تا گوێ لە بەرنامەکەی مامۆستا رەمزی قەزاز بگرم.. لە ڕێی ئەم بەرنامەیەوە بوو، هۆگری خزمەتکردنی جیهانی منداڵان بووم و ، بڕیارم دا ئەگەر بتوانم لە داهاتوودا، خزمەتی بواری نووسین راگەیاندنی منداڵانی کورد دەکەم، بۆیە هەرگیز مامۆستا رەمزی قەزاز لەیاد ناکەم..).

* دایکی سۆلاڤ (سەبریە نووری قادر): یەکێکە لەو ئافرەتە شاعیرە کوردانەی، کە بە پەنجەکانی دەستمان هەژماردەکرێن. دایکی سۆلاڤ رۆڵێکی بەرچاوی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەیە و، تا ئێستاش بەردەوامە لەم خزمەتە پیرۆزەیدا، ئێستا لە شاری (ئۆپسالە - سوێد) دەژی - نووسەر: زوو زوو بە تەلەفۆن قسە دەکەین و شیعرە تازەکانی بۆم دەخوێنێتەوە ـ من پێشنیاری ئەوەدەکەم کە دایکی سۆلاڤ شایانی ئەوەیە (خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەدی) ساڵی (٢٠١٤)ی پێ ببەخشن.. دایکی سۆلاف تا ئێستا حەوت کتێبی شیعر و چیرۆکە شیعری بۆ منداڵانی کوردمان چاپکردووەن.. ئەمانەش ناوی شەش لە چاپکراوەکانین: (بەهەشتی منداڵان)، (سروودی خۆر)، (زەنگی ژیان)، (قاسپەی کەو)، (داپیرە و مام ڕێوی)، (چەپکێ وەنەوشە).

* عومەر عەلی ئەمین: خوالێخۆشبوو مامۆستا عومەر ناودارێکی تری کوردمانە، بە درێژایی تەمەنی لە بواری شانۆ و، بواری ئەدەبی منداڵانی کورد و، پەروەردەی منداڵاندا خزمەتێکی مەزنی کردووە.. چەند کتێبێکی چیرۆک و چەند شانۆنامەیەکی بۆ منداڵان چاپکردوە.. مامۆستا عومەر عەلی، باوکی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان دەرهێنەر و نووسەر و شانۆکار مامۆستا (گەزیزە) خانە.. کە کاریگەریی باوکی لەسەری هەبوو.. ئەمانە ناوی هەندێ لە بەرهەمە چاپکراوەکانی مامۆستا عومەرە کە پێشکەشی منداڵانی کوردی کردوون: کتێبی (مام یارمەتی) چیرۆکێکە بۆ منداڵان، کتێبی (دیاری بۆ شانۆی منداڵان ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٠) کتێبی (دیارییەکی تر بۆ شانۆی منداڵ - منداڵان - سلێمانی - ٢٠٠٦).

* لەتیف هەڵمەت: یەکێکە لە کەڵەشاعیر و لە نووسەرە گەورەکانی ئەم سەردەمە، لە بواری نووسینی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، شیعر و چیرۆکەکانی زۆربەیان بە زمانی ناسک و ساکاری منداڵەوە نووسراون و، بە کوردیەکی پاک و ئاسان و رەوان دارێژراون، بێ گرێ و گۆڵن، ترپە و سەرواى شیعرەکانی هێندە ناسک و سووک و شیرینن، منداڵان بە ئاسانی لەبەریان دەکەن ، بۆیە زۆربەی شیعرەکانی کراون بە گۆرانی و ، بە دەنگی منداڵان دەوترێنەوە، من لەتیف هەڵمەت، لە (هانز کریستیان ئەندەرسن)ی دانیمارکی و (زەکەریا تامر)ی عەرەب و (کرالچیف)ی بولگاری و (لافۆنتین)ی فەرەنسی، بە کەمتر نازانم .. لەتیف هەڵمەت تا ئێستا دوانگزە کتێبی شیعر و چیرۆکی بۆ منداڵان چاپ کردوون. (خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد) یان پێ بەخشی.. ناوی هەندێ لە کتێبەکانێتی بۆ منداڵان: (جوانترین دێ)، (هێلانەیەکی تر)، (پرسیار لە منالّ)، (کاتژمێر)، (پشیلەیەک پاسکیل لێدەخورێ)، (مانگ لە نێوانی هەزار و یەک ئەستێرە دەنوێ ـ لە عەرەبییەوە گۆڕیوێتی بۆ کوردی).

* محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان: نووسەرێکی زۆر بە توانا و ناسراوی باکووری کوردستانە، ئێستا لە (ئوستۆکهۆڵم ـ سوێد) دەژی تا ئێستا نزیکەی سی کتێبی شیعر و چیرۆکی بە کوردی بۆ منداڵان نووسیوە، ئەم ژمارەیەش ، ژمارەیەکی پێوانەییە و، تا ئێستا هیچ نووسەرێکی تری کوردمان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، نەگەیشتوونەتە نیوەی ئەم ژمارەیە.. (نووسەر: زۆر هەوڵم دا تەلەفۆنی بزانم و پەیوەندیی لەگەڵدا بکەم و ناوی هەندێ لە کتێبەکانی لێ وەربگرم ژمارەی تەلەفۆنەکەیم دەست نەکەوت).

* سیمین چایچی: لە دایکبووی رۆژهەڵاتی کوردستانە، شاعیرێکی ناسروای کوردە، خاتوو سیمین چایچی لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا شوێن پەنجەی دیارە، تا ئێستا چەند شانۆنامەیەکی شیعریی بۆ منداڵان نووسیوە، لەوانە (تیتل و بیبل)، کە چیرۆکێکی ئەندێشەیی فۆلکلۆریی کوردیمانە، خاتوو سمین بە شیعر دایڕشتوتەوە.. دوو کتێبی شانۆنامەی چاپکراویشی بۆ منداڵان هەیە.. ( شاری ئاشتی و خاڵخاڵۆکە)، دووەمیان (شای مشکان) لە (٢٠٠٧) لە سلێمانی چاپی کردوون.

* ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل: نووسەرێکی بە توانا و ناسراوی کوردمانە، لە ساڵی (١٩٦١) لە شاری (قامیشلو) ی پاڵەوان لە رۆژئاوای کوردستاندا لە دایک بووە.. بە زمانی عەرەبی دەنووسێ، چونکە رژێمی رەگەزپەرستی بەعس، جگە لە زمانی عەرەبی رێیان نەداوە منداڵانی گەلانی تر بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بە تایبەتیش منداڵانی کوردمان،.. مامۆستا (ئەحمەد ئسماعیل ئیسماعیل) یەکێکە لە قوربانیانی ئەو سیاسەتە

شۆڤێنییە.. مامۆستا ئەحمەد لە بواری نووسینی شانۆی منداڵاندا، توانایەکی باڵای هەیە، تا ئێستا ئەم شانۆنامانەی بۆ منداڵان چاپکردوون:

(توبه الپعلب - تۆبەی ڕێوی - ٢٠٠٠) چوار دەقی شانۆییە، (حیکایە الرشقیاء الپلاپە ـ چیرۆکی سێ چەقاوەسووەکە ـ ٢٠٠٩) دوو شانۆگەرییە، (رحلام الحمار الکسول - خەونەکانی گوێدرێژە تەمەڵەکە - ٢٠٠٠) شانۆگەرییەکە، (الگائر الحکیم ـ باڵندەیەکی دانا ـ ٢٠١٠)، (السور ـ شوورە)، ( الحقل المنیع - کێڵگەیەکی سەخت - ٢٠٠١)، (القاضی محمد - قازی محەمەد).. ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، چەند خەلاتییێکی سوری و نێودەوڵەتی وەرگرتووە .. لە چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی منداڵان بەشداری کردووە، لەوانەش لە وڵاتانی: شاریقە، فەلەستین، مەغریب، عێراق.

(هەورامان وریا قانیع) حەوت لە شانۆنامەکانی ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل ی لە عەرەبییەوە، گۆڕیون بۆ سەر زمانی کوردی بە ناوی (حەوت شانۆنامە بۆ منداڵان) لە ساڵی (٢٠٠٨) دا، لە سلێمانی چاپی کردووە.

ناوی ئەو گۆڤارە کوردییانەی کە بۆ منداڵان دەرکراون یا ئێستاش بەردەوام دەردەکرێن:

* گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد: ١٩٤٦) یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کوردە، لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد دا، بە زمانی شیرینی کوردیمان لە ساڵی (١٩٤٦) دا، لە سەردەمی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد دەردەچوو. گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد لە (چاپخانەی کوردستان) لە شاری مەهابادی شیرین چاپ دەکرا.. تەنها سێ ژمارەی لێ چاپ کرا.. ژمارەی (دووەم) و (سێیەم) لەلای مێژوونووسی کوردمان دکتۆر (کەماڵ مەزهەر) هەیە.. کۆپییەکانی هەر ئەم دوو ژمارەیە لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ لە بەغدا هەبوو.

* گۆڤاری (ئەستێرە: ١٩٧٢) ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە لە لە ساڵی (١٩٧٢) دا لە شاری بەغدا، لە لایەن بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری کوردییەوە دەرکرا، تەنها دوو ژمارەی لێ دەرکرا، ژمارەی یەکەم شەهید (ساڵح یوسفی - سەر نوسەر) ی بوو، بەڵام ژمارەی (دووەم) دکتۆر ( ئیحسان فوئاد - سەرنووسەر)ی بوو، حکومەتی عێراق دەستی بەسەر ژمارەی دووەمدا گرت، لە بەر ئەوەی سەرنووسەرەکەی دکتۆر ئیحسان لە پێشەکییەکەیدا (کەرکووکی بە شارە جوانەکەی کوردستان) ناوبردووە.. هەروەها بەعسییەکان، نیگەران ببوون، لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی شاعیر و

چیرۆکنووسی شەهیدمان (دڵشاد مەریوانی) کە لە ژمارەی دووەمی ئەستێرەدایە، دەقی چیرۆکەکەیم لە یاد نەماوە .. ئەوە دەزانم کە بابەتی چیرۆکەکەی ئەمە بوو (لە وڵاتانی دنیادا لە جەژن و بۆنەکاندا، فڕۆکەکانیان، نوقڵ و شیرینی و بووکە شووشە و دیاری بۆ منداڵان هەڵدەدەنە خوارەوە.. کەچی فڕۆکەکانی عێراق بۆمب و فیشەکی مەرگ بەسەر منداڵانی کورد دا دەبارێنن...).

دەمەوێت هەڵەیەکی کاک (بورهان قەرەداغی) راست بکەمەوە، کە لە لاپەڕە (٦٩)ی کتێبەکەیدا (شانۆی منداڵ - چاپی یەکەم: ٢٠١١ - سلێمانی) نووسیوێتی: (یەکەم گۆڤاری منداڵان کە لە سلێمانی دەرچوو بێت، گۆڤاری ئەستێرە یە کە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە، سەرۆکی نووسین - ساڵح یوسفی بووە) کاک بورهان قەرەداغی ئاماژەشی بەوە کردووە، کە ئەم زانیارییەی لە لاپەڕە (٣٧٨)ی (بەرگی سێیەم)ی کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم - نووسینی: جەماڵ بابان، ئاسۆ بابان، ئومێد خالید) وەرگرتووە.. هەڵەکە لە کاک بورهانەوە بێت یا لە مامۆستا جەماڵ بابان.. بۆ دڵنیابوونیان لەوەی کە لە سلێمانی دەرنەچووە و لە بەغدا دەرچووە.. لە هەردوو ژمارەکەشدا نووسینی منی تێدایە، هاورێیەکی هونەرمەندی وێنەکێشیشم (حمید) کە ئێستا لە ئیتالیایە، قوتابی بوو لە زانکۆی بەغدا، وێنەی چەند بابەتێکی هەردوو ژمارەکەی کێشاوە، ئەمەو شەهید (ساڵح یوسفی)یش لە بەغدا دەژیا و لە سلێمانی نەبووە، من هەردوو ژمارەکەیم هەبوو، لە کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) دا تیاچوون.

*** ناوی چەند گۆڤارێک کە ئێستا لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستاندا دەردەچن:***

(پەپوولە - منداڵپارێزی کوردستان دەری دەکات)، (منداڵانی باوە گوڕگوڕ - لە دەزگای ئاراس دەردەچێت)، (سمۆرە - خانەی سمۆرە دەریدەکات)، (گوڵەکان)، (هەنگ)، (جگەرگۆشەکان)، (نێرگز - رۆژهەڵاتی کوردستان)، (منداڵی سەردەم)، (دنیای منداڵان - منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکات)، (سروە - رۆژهەڵاتی کوردستان)، (هێلانەی منداڵان)، (خەندە)، (گۆران)، (بەرخەکەم)، (کەڤر)، (کۆلارە)، ( کوردیلەکان - کۆمەڵەی منداڵانی کورد - لە نەرویج - دەری دەکات)، (رووداوی منداڵان)، (دیلانا)، (کەناری)، (تۆم و جیری)، (شۆخ و شەنگ - لە رۆژ هەڵاتی کوردستان دەردەکریٚ)، (مشکە - دەزگای ئاراس دەری دەکرد)، (تاو تاو)... هتد. زۆربەیان تا ئەمڕۆش دەردەچن، هەندێکیان ئێستا وەستاون.

* (یەکەمین کۆنفرانسی ئەدەبی منداڵانی کورد) ئەمساڵ لە (٦ - ٧ - ٢٠١٣) لە شاری (دهۆک) سازکرا، کە

کۆمەڵێک لە چیرۆکنووسان و شاعیران و رۆشنبیرانی بواری ئەدەبی منداڵان، لە شارەکانی باشووری کوردستان و باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان تیا کرد.. هیوادارین کونفرانسی دووەم لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستانەوە سازبکرێت و ئامادەکارییەکی باشتری بۆ بکرێت و نووسەران و شاعیران و رەخنەگران و شارەزایانی پسپۆری بواری ئەدەبی منداڵانی کورد، لە کوردستان و دەرەوەدا بانگ بکرێن و، پرۆگرامێکی تۆخمەتری بۆ دابنرێت و.. تەسەلتر تاوتوێی بنەماکانی پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد بکرێت.

لە کۆتاییدا، داوای لێبووردن لەو نووسەر و شاعیرانە دەکەم، کە ناوەکانیانم لە یاد نەماون، یا نووسەرانی تازە هەڵکەوتوون و، لەگەڵ ئەو ناوانەی سەرەوەدا، ناوم نەبردوون، بە هۆی ئەوەی حەڤدە ساڵە لە دەرەوەی کوردستانم و، هەموو بەرهەمە چاپکراوە تازەکانم نەدیون.. ئێوەی خوێنەرانی دڵسۆزیش دەربارەی ئەم نووسینەم.. هەچ رەخنە و پێشنیار و گلەیی و تێبینییەکتان هەیە بۆ ئیمایلەکەم - لە خوارەوە یە - بینێرن، بە ئەوپەڕی خۆشحاڵی و بە دڵفراوانی و سوپاسەوە لێتانی وەردەگرم و.. لە نووسینەکانی داهاتوومدا لەبەرچاویان دەگرم.. هیوای گەشەکردن و پێشکەوتنی رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کوردمان دەخوازم.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## شادیی منداڵەکانمان.. شادیی گەلەکەمانە.

بێگومان هەموو دایکان و باوکان، لە ناخی دڵیانەوە، هیواخوازی ئەوەن، کە جگەرگۆشەکانیان بە ئەوپەڕی شادی و کامەرانییەوە بژین.. ژیانیان پڕبێت لە خۆشی و لە خۆشەویستی.. لە هیوا و لە خەونی شیرین و سەوز، لە خەندە و لە پێکەنین.

دایکان و باوکان ، بێ ئەوەی بیر لە ژیانی خۆیان بکەنەوە، بێ ئەوەی ژیانی سەختی رابردووی خۆیان بێنەوە بەرچاو.. بە ئەوپەڕی توانایانەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ، کە منداڵەکانیان بەختەوەر و شاد بکەن .. بە باشی و دروستی گەورەیان بکەن.. تا بتوانن ببن بە کەسانێکی ئاسایی و، لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا بسازێن و، بە باشی و

دروستی و سەردەمیانە ڕەفتاربکەن.. بێ ئەوەی هیچ گرێ و گرفتێکی دەروونی و، رق و کینە و بوغز لە دڵە پاک و قنجەکانیاندا شوێنیان هەبێت.. دایکان و باوکان بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە پیرۆزەیان.. ئامادەی ئەوەن، لە پێناوی شادی و کامەرانی و خۆشگوزەرانی منداڵەکانیان.. قوربانی بە خۆشی و بە ژیانی خۆشیان بدەن.

هەموومان ئەوە دەزانین، کە منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمانن، کە دەبنە تاک و بە کۆمەڵی کۆمەڵگای کوردیمان.. تا زیاتر بە دروستی و شیاوی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین.. تا زیاتر پێویستی و پێداویستییەکانی گەشەکردنیان جێبەجێ بکەین.. تا زیاتر هۆکانی شادی و خۆشیان بۆ دابین بکەین.. تا زیاتر هاوکار و پاڵپشتی گەشەکردنی بەهرە و خولیاکانیان ببین.. تا زیاتر ڕێز لە بیر و را و لە بۆچوونەکانیان بگرین.. تا زیاتریش ئازادی و سەرفرازیان پێببەخشین، زیاتر بە نەرم و نیانی و، ڕووخۆشی و بزە و پێکەنینەوە لە ئامێزیان بگرین.. ئەگەر سۆز و خۆشەویستیی زیاتریان پێ ببەخشین.. زەمینەیەکی ئەوتۆیان بۆ بڕەخسێنین، کە زیاتر بە هێمنی و ئاشتی و بە ئاسوودەیی و دڵنیاییەوە بژین.. تا زیاتر.. و.. زیاتر... هتد. منداڵەکانمان زیاتر بڕوا و متمانەمان پێدەکەن و.. زیاتریش دڵنیا دەبن لە دڵسۆزی و لە خۆشەویستیمان بۆیان.. ئێمەش دڵنیا دەبین، کە لە داهاتوودا، دەبنە تاک و کۆمەڵی کۆمەڵگایەکی کوردیی دروست و تەبا.. کەواتە چۆنییەتی گۆشکردن و پەروەردەکردن، چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵانی ئەمڕۆدا.. بە باشی و دروستی، یا بە خراپی و سەقەتی، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەمڕی منداڵەکانمان و.. لە داهاتووی گەل و نیشتمانەکەمان دەبێت.. لەم ڕوانگەیەوە، چارەنووس و داهاتووی کورد و کوردستان.. بەندە بە ڕادەی چۆنییەتی پەروەردەکرن و ڕێنمایی و ئاراستەکردن و ئامادەکردنی منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمانەوە.. کورد وتەنیش: " چی بچێنین.. ئەوە دەدوورینەوە.

تا زیاتریش دایکان و باوکان، وریا و شارەزابن، تا لەسەرخۆتر و دڵفراوانتربن.. بە خۆشەویستی و دروستییەوە، مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵەکانی منداڵەکانیاندا بکەن، تا زیاتر لە سروشت و لە سیماکانی قۆناغەکانی ژیانی منداڵێتی بگەن.. ئەوەش بزانن کە خواست و پێویستییەکانی منداڵانی ئەمڕۆ.. هەمان خواست و پێداویستییەکانی نەوەی پێشتریان نین.. یا بڵێین وەکو ئێمەی گەورە نین.. منداڵانی ئەمڕۆمان منداڵانی سەردەمی تەکنۆلۆژیای تازە و داهێنانی سەیر و سەمەرە و جیهانگیرین.. بۆیە خەون و خواست و پێویستییەکانیان لەگەڵ منداڵانی پێش خۆیاندا جیاوازن.. پێویستە دایکان و باوکانی ئەمڕۆمان ئەو ڕاستییانە لەبەرچاوبگرن، نابێ کۆنەپەرست و ڕابردووخواز بن.. نابێت شیوازی پەروەردە و گۆشکردنی کلیشەداری ڕابردوو دووبارە بکەنەوە.

دایکانی میهرەبان و باوکانی دڵسۆز، وا تێ مەگەن کە شادی منداڵەکانتان، تەنها بە پارە و سامان و، بە جلوبەرگی ئاڵاوواڵای جوان و، بە خواردنی خۆش و، بە پاک و تەمیزی و، بە دابین کردنی بابەتی سەیر و سەمەرەی یاری کردن و، بە رازانەوەی ژووری جوان.. دێتە دی. شادی شتێکی ماددی نییە، کە وەکو دیارییەکی قەشەنگی جوان پێچراوە پێشکەشی منداڵەکانتانی بکەن.. شادی پێویستییەکی دەروونی و رووحی منداڵانە.. شادی کلیلی ژیانێکی خۆشە.. شادی بە پارە و بە هەموو زێڕ و زیوی دنیا نایەتە دی.. چونکە لە زێڕ و زیویش زۆر گرنگتر و بەنرخترە.. دەبێ ئەوەش بزانین کە شادی لە ئاسمانەوە نابارێت.. بەڵکو ئێمە لە زەویدا دەیڕوێنین و بەرهەمی دێنین.. (جیان پاول) دەڵێ: " شادی باڵەکانمانن.. ناخۆشیش شوێن پێیەکانمانن ..".

رووخۆشی و کرانەوە و زەردەخەنە و پێکەنینی منداڵان.. گرژی و گریان و تۆران و گۆشەگیریی منداڵان.. ئەم دیاردانە رەنگدانەوەی شتە شاراوەکانی ناخی دڵ و دەروونی منداڵانن.. دەشێ منداڵان بە زەردەخەنەی ناسکیان، بە رووخۆشیان، بە چاوەکانیان، بەچەپڵەلێدان.. بە هەڵبەزینەوەیان.. گوزارشت لە شادی و خۆشیی خۆیان بکەن.

### چۆن دەتوانین منداڵەکانمان شاد بکەین؟

*(یەکەم):* گرنگترین هۆی شادی کردنی منداڵەکانمان، ئەوەیە کە پێویستە ئەوپەڕی خۆشەویستییان پی ببەخشین .. بە تایبەتیش خۆشەویستی لە لایەن دایکان و باوکانەوە.. هەر ئەوەش بەس نییە، کە لە ناخی دڵمانەوە خۆشیانمان بوێت.. بەڵکو پیویستە بە وشەی باش وجوان و، بە رستەی شیرین، بە لە ئامێزگرتنیان، بە ماچکردنیان، بە دەستهێنان بە سەریاندا.. خۆشەویستی و دڵسۆزی و سۆزی خۆمانیان بۆ دەربڕین و ئاشکرای بکەین .. دەربڕینی رووبەڕووی سۆز و خۆشەویستیمان، کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر منداڵەکانمان هەیە.. منداڵەکانمان هەست بەوە دەکەن، کە بە راستی خۆشیانمان دەوێن و.. شیرینن لەدڵماندا.. ئەم گوزارشتکردنەمان، وا لە منداڵەکانمان دەکات خۆیان و کەسانی تریشیان خۆشبوێ.. ئەم خۆشەویستییەش لەگەڵیدا گەورە دەبێت. (دیگۆن راسکن) دەڵێ: " گەر کەمێک خۆشەویستی بە منداڵەکەت ببەخشیت.. لە پاداشتی ئەم خۆشەویستییەت سوودێکی زۆرت پێدەگات..".

*(دووەم)* هۆیەکی گرنگی تری شادی منداڵان.. تەبایی و پێکەوسازانی ئەندامانی خێزانە.. بە تایبەتیش خۆشەویستی و پەیوەندی باشی نیوان دایکان و باوکان.. خێزان بەردی بناغە و بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە..

مـاڵیش یەکەمـین ژینـگە و یەکەمـین قوتابخـانەی منـداڵانە.. بـۆیە چـۆنییەتی پەیوەنـدی و ڕەفتـار و دوان و هەڵسوکەوتی نێوان ئەنـدامانی خێـزان، بە باشـی یـا خراپـی کاریگەریـان لەسەر ژیـانی ئەمڕۆ و، لە داهـاتووی منداڵان دەبێت.. کاریگەرییان لەسەر شادی و ناشـادییان دەبێت.. تـا دایکـان و بـاوکـان زیـاتر تەبـابن و یەکتریـان خۆشبوێ و، ڕێز لەیەکتری بگرن.. بە ڕووخۆشی و گەشی و زەدەخەنەوە پێشوازی لە یەکتـری بـکەن.. دوو هێنـدەش منـداڵەکانیان هەست بە شـادی و خۆشـی و کـامەرانی دەکەن، هەسـت بە ئـارامی و دڵنیـایی و ئـاسوودەیی دەکەن.. هەست بەوە دەکەن، کە لە سایەی خۆشەویستی و نازی دایکان و بـاوکانێکی ڕێک و تەبـادا بە شادی دەژین.. کەواتە دایکان و بـاوکان، پێویستە ئەم هۆیە گرنگە لە بەرچاو بگرن.

(نووسەری ئەم بابەتە: لە سـاڵی - ١٩٨٥ - دا ، کە مامۆسـتا بـووم، لە قوتـــابخانەی (عـائیشـه) ی تێکەڵاو، لە گەڕەکی ڕەحیماوە لە شاری کەرکوک ی کوردستان، وانەی بیرکاریم بە پۆلی شەشەم دەوتەوە و، ڕابەری ئەو پۆلەش بووم.. یەکێک لە کچە قوتـابییەکانم کە نـاوی (نیـان) بوو، تـا بڵێی کچێکی جوان و ژیر و سەلار و زیـرەک و هێمن بـوو، بەڵام هەمیشـه کـز و مـات و مەلـوول و گۆشـەگیر بـوو، لە دەموچاویـدا، لە قـووڵی هەناسـەکانیدا، لە کەم دووییدا، بۆ ئەوە دەچووم کە نیان خەمێکی گەورە لە نـاخی دڵیـدا پەنگـاوەتەوە و دەری نابڕێت.. ڕۆژێ لە پۆلـدا پسوولەی قوتابخانە - البطـاقة المدرسية - ی قوتـابییەکانی پۆلەکەم پڕ دەکردەوە کە ساڵانە، لە نزیک کۆتـایی سـاڵی خوێندنـدا پـڕ دەکرایەوە، بێجگە لە کۆمەڵێک زانیـاری و سەرنج و تێبینـی مامۆستای رابەر دەربـارەی هەر قوتـابییەک، کە بە نهێنـی پڕمـان دەکـردەوە، هەچ گـۆڕانێکیش لە بـاری خێزانیـدا لەو سـاڵەدا گۆڕانیـان بەسـەر بهاتــایە، بە ئاشـکرایی لە قوتـابییەکانمـان دەپرسـی و تۆمـار دەکـرد.. ئەوانەی کە - مامۆسـتان ـ دەزانـن ئەو زانیاریـان چی بوون لە (پسوولەی قوتـابخانە)دا هەبوون، ئێستا نەماوە.. (نیان) لە سەرەتای ساڵەوە لە بەغداوە گەڕابوونەوە بۆ کەرکوک، کە گەیشتمە سەر پڕکردنەوەی پسوولەکەی ئەو، لێم پرسـی: باوکت لە ژیانـدایە؟ نیـان وەڵامی دامەوە: "بـاوکم مردووە" کە لەوە پێشتر نووسرابوو (زینـدووە) منیش ڕەشم کـردووە و نووسیم (مردووە) کە زەنگی کۆتایی وانە لێدرا و پۆلم بەجێهێشت، نیـان بە دوامدا هـات.. ڕەنگی زەرد ببـوو.. پێی گـوتم: " مامۆسـتا ئەگەر کاتت هەیە حەزدەکەم، دووبەدوو کەمێ قسەت بۆ بکەم".

پێکەوە چـووین لە ژووری وێنەکێشـان دانیشـتین، نیـان زۆر بەکـوڵ دەسـتی بە گریـان کـرد و چـاوە گەشـەکانی لە فرمێسکدا نوقم بوون.. لێتانی ناشارمەوە منیش بەبێ ئەوەی بـزانم کە کێشـەی نیـان چییە، چاوەکـانم پڕبـوون لە فرمێسک، زانیم کە نیـان کێشـەیەکی گەورەی هەیە.. پێیم گـوت نیـان: " من بە بـرا گەورەی خـۆت دانـێ، تـۆ هەر

قوتابیم نیت، بە خوشکی خۆمت دەزانم.. کێشەکەت چییە ؟ بۆ دەگری..؟ بەڵێن بێ، بە ئەو پەڕی توانامەوە یارمەتیت دەدەم، نهێنییەکەشت دەپارێزم.. مەگری و قسەم بۆ بکە؟ " فرمێسکەکانی نیانم سڕی.. دوای ماوەیەکی گریان، بەدەم هەنیسک دانەوە.. نیان گوتی: "مامۆستا.. منیش نەک هەر مامۆستامی.. لە برایەک زیاتر خۆشتم دەوێی.. من درۆم کرد و، باوکم نەمردووە.. خۆزگە بمردایە.. باوکم پیاوێکی شەڕانی، دڵڕەق، بێ بەزەیی، گۆماناوی، ئیش نەکەر.. دڵپیس، جوێنپیس، ماڵمانی کردبوو بە دۆزەخ.. رۆژ نەبوو تێر و پڕ لە دایکم نەدات، هەر رۆژەی بیانوویەکی پێ دەگرت.. بڕوا ناکەم لە دنیادا ژنێک هەبێت.. هێندە دایکم دڵی گەورە بێت و، بەرگەی ئەو هەموو ناهەقی و ستەمە بگرێت... رۆژێک هاوڕێیەکی باوکم هات بۆ ماڵمان، بۆ لای باوکم هاتبوو، هاوڕێی خواردنەوەی بوو، لەوەپێشیش چەند جارێک، لەگەڵ باوکمدا هاتبوو بۆ ماڵمان، کورد بوو، دایکیشم فەرمووی لێکرد.. دانیشە لەوانەیە پاش کەمێکی تر بێتەوە.. کە باوکم هاتەوە و چاوی بە هاوڕێکەی کەوت.. دڵی لە دایکم پیس کرد.. هێندەی تر ماڵمان بوو بە ئاگر و دۆزەخ.. کەس وەکو دایکم و منی بەسەر نەیات.. زۆر جار بەبێ هۆ لەگەڵ دایکمدا تێر لە منیشی دەدا.. تا ساڵی پار باوکم هاوڕێکەی کوشت، دادگا بڕیاری بیست ساڵ بەندکردنی دا، ئێمەش هاتینەوە بۆ کەرکوک، من و دایکم لەگەڵ نەنکم لە ماڵی خاڵمدا دەژین.. جا مامۆستا، باوکێ وا بێت .. کەی باوکە.. بە شەرمەزارییەوە بە باوکم ناوی دەبەم؟ تاوانباری وا قەت بە باوکمی نازانم.. بۆیە بە تۆم گوت مردووە.. ببوورە مامۆستا.. ئەگەر زیانی بۆم نییە.. هەر بنووسە مردووە.. " نیان دیسان دەستی بە گریان و فرمێسک رشتن کرد.. ئەگەرچی مانگێک مابوو بۆ کۆتایی ساڵی خوێندن.. بەڵام هەموو رۆژێک چاوم بە نیان دەکەوت و، زۆر دڵیم دەدایەوە و، قسەم بۆ دەکرد و ئامۆژگاریم دەکرد و.. تا ورەی بەرز بکەمەوە.. چەند چیرۆکێک و سەرگوزشتەی ژیانی منداڵێتی پڕ لە نا خۆشی و کوێرەوەری و و خۆڕاگرتن و کۆڵنەدان و هیوانەبڕان و تێکۆشانی، هەندێ لە کەڵە ناودارانی جیهانم بۆ کرد.. کە لە سایەی بڕوابەخۆبوون و تێکۆشاندا توانیان زاڵبن و ژیان دروست بکەن.. توانیم تا رادەیەکی باش هیوا و ئومید بخەمە دڵی نیانەوە.. لە هەفتەی کۆتایی ئەو مانگەدا، دایکی نیان هات بۆ لام و زۆر سوپاسی کردم و.. گوتی: " بە راستی نیانت لە خەم و لە بێ ئومید رزگارکرد، ئێستا ئەو دڵی من دەداتەوە " ئ نازانم ئێستا نیان کەوتۆتە کوێوە و، چی لێ هاتووە.. بەڵام هەرگیز ئەو رۆژە و دیمەنی نیان و گریان و فرمێسکەکانیم لە یاد ناچن.. (تێبینی: نیان ناوێکی خوازراوە بۆ ناوە راستییەکەی ئەو قوتابییەم) ئەمەی بۆم گێڕانەوە.. چیرۆکێکی هەڵبەستراو نییە، بەڵکو راستییەکە.. بۆ ئەوەش باسم کرد.. تا بزانن کە ئاژاوەی نێوان دایک و باوک، چ کاریگەرییەکی خراپی دەروونی و جەستەیی لەسەر ژیانی منداڵان هەیە.. پەندێکی کوردیشمان دەڵێ: " نە پێڵاوی تەنگ.. نە ماڵی بە جەنگ ".

*(سێیەم)* رەخنە و سەرزەنشت و تەریقکردنەوە و لۆمەی زیاد لە پێویست و، بە شێوازێکی زەق و رەق و زمانێکی زبر .. وا لە منداڵان دەکات متمانە و بڕوایان بە خۆیان نەبێت و، خۆیان بە کەسانێکی بێدەسەڵاتی شکستخواردوو بزانن.. لە جیاتی رەخنە و لۆمە.. پێویستە هەڵەکانیان بە شێوەیەک بۆ روون بکەینەوە، کە هەستیان بریندار نەکەین و، سەرکوێریان نەکەین.. لە شیوەی خۆشەویستی و رێزگرتن.. بۆ نموونە بە منداڵی هەڵەکردوو بڵێین: تۆ خۆشەویست و بەڕێز و راستگۆی، ژیر و باش و دلۆڤانی.. لەو بڕوایەدا نەبووین، کە دووچاری ئەم هەڵەیە ببیت.. یا کارێکی وات بکردایە، هەموومان هەڵەدەکەین، بەڵام پێویستە هەڵەکانمان راست بکەینەوە.

*(چوارەم)* پێویستە، کەشوهەوایەکی وا بێنینە کایەوە، کە منداڵەکانمان هەست بە ئاسوودەیی بکەن.. شێوازی مامەڵەکردنمان لە گەڵیاندا دووربێت لە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە.. زۆر لە دایکان و باوکان، دەیانەوێ بە توند و تیژی و چاوسوورکردنەوە و لێدان، منداڵەکانیان ناچاری فەرمایشەکانیان بکەن، یا بە شێوازێکی هەڵە و نادروست ئازاری دەروونییان دەدەن.. بۆ نموونە: ئەگەر ئەوە بکەیت خۆشتم ناوێیت، ئەگەر بە قسەم نەکەیت.. قسەت لەگەڵ ناکەم.. بچیتە دەرەوە خوێڕی دەبیت، لەوە زیاتر چەنە بازی مەکە و دەمت داخە.. بۆیە (یۆنامات) دەڵێ: "تا تەمەنی سیازەساڵیم، وامدەزانی کە ناوم ـ دەمت داخە ـ یە.. "ئەو قسە نەشیاوانە و شیوە هەڵانە، منداڵان تووشی رەشبینی دەکات.. فێری ترس و دڵەڕاوکێیان دەکات، فێری کەلەڕەقی و دڵڕەقی و یاخی بوون و لاساریان دەکات.. هەست بە خۆشی و خۆشەویستی و شادی ناکەن.

*(پێنجەم)* ستایش و پیاهەڵدان و دەستخۆشی و ئافرین و سوپاس کردنیان لەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدەن، هۆیەکی گرنگی تری شادی و خۆشیی منداڵانن.. دەستخۆشی لێکردنیان دەبێتە هاندەر بۆ درێژەدان و بەردەوامبوون لە کارە پوخت و جوانەکانیاندا. شەکسپیر دەڵێ: "هیچ شتێک هێندەی ستایش و پیاهەڵدان، کار لە منداڵان ناکات. "

*(شەشەم)* پیویستە دایکان و باوکان کاتی گونجاویان هەبێت، کە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەسەری بەرن، کاتی یاری کردن، کاتی گەڕان و پیاسەکردن، چون بۆ باخچەیەک، چون بۆ شاری یاری، بۆ پارکێکی گشتی، بۆ سەیران لە سەیرانگایەکدا، بۆ ئاهەنگێک، بۆ ـ بەشی منداڵان ـ لە کتێبخانەیەکی گشتیدا... هتد . (جاکسۆن براون) دەڵێ: " کاتی گەڕان و یاری لەگەڵ منداڵەکانتدا دوامەخە.. ئەو کاتانە چۆن بۆ تۆ گرنگن، بۆ ئەوانیش ئەوها گرنگن.. ".

*(حەوتەم)* پێویستە ڕێ بە منداڵەکانمان بدەین، کە بە ئازادی و راشکاوی گوزارشت لە را و بیر و بۆچوونی خۆیان بکەن.. یا بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن.. چونکە ئەگەر بە تۆبزی و زۆر را و هەڵبژاردنی خۆمانیان بە سەریاندا بسەپێنین.. لە ڕووڕووماندا هەڵدەگەڕێنەوە و، سەرپێچی و رقەبەرایەتیمان لەگەڵدا دەکەن و، گوێ بە قسەکانمان نادەن، با لە دانانی نەخشە و پلان و پرۆژەکانیاندا، لە هەڵبژاردنی پێویستییەکانیاندا.. هاوڕێ و هاوکاریان بین، نەک خۆسەپێن و زۆرداریان بین.

*(هەشتەم)* گێڕانەوەی چیرۆک و مەتەڵ و نوکتە و سوعبەتی خۆش بۆ منداڵەکانمان، بە تایبەتیش لە شەواندا، پێش نووستنیان، بە مەرجێ ئەو چیرۆک و مەتەڵانەیان بۆ بگێڕینەوە کە دوورن لە ترس باشتریش وایە ئەو چیرۆک و مەتەڵانە بن کە پێکەنین و هەڵویستی خۆش و قسەی شیرینیان تێدایە، دەکرێت کە لە کتێبێکی چیرۆکی وێنەداری ڕەنگاوڕەنگدا، بە شیوازێکی خۆش، چیرۆکێک یا چیرۆکەشیعرێکیان بۆ بخوێنینەوە.. باشتر وایە بە شادی و دڵخۆشییەوە منداڵەکانمان بکەینە خەو.. (ڕووبارد کبلنک) دەڵێ: "جوانترین دیمەن لەژێر ئاسماندا.. دیمەنی منداڵێکە کە پێدەکەنێ ..".

*(نۆیەم)* ئەو منداڵانەی کە شاد و دڵخۆشن، دەتوانن گەشە بە بەهرە و تواناکانیان بدەن و، کەسایەتی خۆیان دەربخەن و، لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی دێنە ڕێیان و ئەنجامیان دەدەن، کەسایەتی خۆیان بنیات دەنێن.. دەشتوانن بە دروستی مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگاکەیاندا بکەن.. خووگرتنیان بە ئەم ڕەفتار و ڕەوتە باشانەی ئەمڕۆیانەوە، لە گەورەییشیدا ڕەنگدانەوەی باش و دروستیان دەبێت.

*(دەیەم)* ڕۆڵی تایبەتی دایک لە شادی و دڵخۆشی منداڵاندا.. منداڵ لە باوەشی دایکیدا چاو هەڵدێنێت و، بە شیری دایکی گۆش دەکرێت ، بۆیە بەهێزترین خۆشەویستی، خۆشەویستی نێوان دایکان و جگەرگۆشەکانیانە.. هەر دایکانن قوربانی بە خۆشی و شادی و ژیانی خۆشیان دەدەن، لە پێناوی شادی و خۆشیی منداڵەکانیاندا.. دایکان یەکەمین و دڵسۆزترین مامۆستان.. دایکان بە سۆزترین و میهرەبانترین مرۆڤن.. دایکان بەرخودانترین کەسن. (تۆماس ئەدیسۆن) دەڵێ: " دایکم دروستی کردم " .

*(شەکسپیر) دەڵێ: " لە جیهاندا سەرینێک نییە.. کە لە باوەشی دایک نەرمتر بێت " .*

دایکانی دڵسۆز و پیرۆز، قسە زۆر زۆرن دەربارەی میهرەبانی و شکۆداری و سۆز و خۆشەویستیی بێ سنووری ئێوە..

بۆیە پێویستە ئەم ڕۆڵە گرنگەی خۆتان لە بەرچاو بێت.. چونکە هەموو کەڵەپیاو و ئافرەتە ناودار و هەڵکەوتووەکانی جیهان قوتابی ی باوەشی تۆن و، دەرچووی قوتابخانەکەی تۆن.. (جان جاک ڕۆسۆ) دەڵێ: " ئەگەر جیهان لە چنگێکدا بێت و، دایکم لە چنگەکەی تریدا بێت، دایکم هەڵدەبژێرم ".. دایکان، ئێوە زۆر زیاتر لەم وتە و قسە و پیاهەڵدانانەش، شایستەتر و مەزنترن.. ئەی هەر دایک نەبوو، کە بەستەڵەکی ڕق و کینەی دڵی (تەیمور لەنگ)ی دڵڕەق و خوێنڕێژی توانەوە و، سەری پێ نەنواند.

*(یانزەیەم)* ڕۆڵ و کاری حکومەت لە شادی و کامەرانی منداڵاندا، لەسەر حکومەت پێویستە، بەبێ جیاوازی و تایبەتمەندی، هۆ و پێداویستییەکانی گەشەکردنی بەهرە و ئارەزووەکانی منداڵان دابین بکەن، هاوکار و پاڵپشت و زەمینەخۆشکەری هێنانەدیی خەون و خولیا و حەز و خۆزگە و ئارەزووەکانیان بن.. پیوستە ئاوڕێکی جیدیش لە منداڵانی خێزانە هەژار و کەمدرامەتەکان بدەنەوە و مووچەیان بۆ ببڕنەوە.. بایەخێکی تایبەتیش بە - منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان - بدەن.. پێویستە حکومەتی کوردستان منداڵەکانمان هەر بە منداڵانی ئێمە نەزانن.. بەڵکو بە منداڵانی حکومەت و بە گرنگترین سامانی کوردستانیان بزانن.. پێویستە مافە ڕەواکانی منداڵانمان فەرامۆش نەکەن و لە پێشەوەی هەموو مافەکانی تری بزانن.. چی تریش توندوتیژی بەرانبەر منداڵان نەکرێن و، کاری قورس و مەترسیداریان پێ نەکەن.. تا تەواکردنی پۆلی دەی بنەڕەتیش ئەرێنی بێت خسێندن بە زۆر بێ.. جێ بەجێکردنی ئەم پێویستییانە، دەبنە مایەی شادی و خۆشی منداڵەکانمان و، بە دروستی گەورە دەبن و خێردەدەنەوە.

*(دوانزەیەم)* نووسەران و هۆنەرمەندانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، لە شادی و خۆشی منداڵاندا.. چ بە نووسینی شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و ئۆپەرێتی خۆش و مەبەستدار بۆ منداڵان، کە لە کتێب و گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگی جواندا پێشکەشیانی بکەن.. یا بە کردنەوەی پێشانگای وێنەی منداڵان.. یا پێشکەش کردنی شانۆگەری، کە ئەکتەرەکان منداڵان خۆیان بن.. هەموو ئەمانە هۆیەکی گرنگن بۆ شادی و خۆشنوودی منداڵان.

*(سیانزەیەم)* ڕۆڵی یانە وەرزشییەکان لە شادی خستنە دڵی منداڵانەوە.. منداڵان بەبێ جیاوازی هەموویان حەز لە یاری دەکەن و، یاری پێویستییەکی زۆر گرنگی منداڵانە و بەشێکە لە ژیانیان، منداڵان لە ڕێی یاری کردنەوە توانا و حەزی خۆیان دەردەخەن و، گوزارشت لە شادی و لە خۆشی خۆیان دەکەن.. خۆزگە تیپە وەرزشییە فوتبۆڵەکانی ئێمەش لە کوردستاندا، لە کاتی یاریی کێبڕکێی نێوان دوو تیپی باڵادا.. وەکو تیپەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی

جیهان.. هەر یاریزانێک دەستی خونچە گوڵێک یا کاکەلەیەکی دەگرت و دەچوونە ناو گۆڕەپانی یارییەوە.

*(چواردەیەم)* ڕۆڵی میدیا و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و سەتەلایتەکانی کوردستان، لە شادی و دڵخۆشکردنی منداڵەکانماندا، کە پێویستە بایەخێکی زیاتر بە ماوەی بەرنامەکانی منداڵانمان بدەن و، بابەتی گاڵتەجاڕی و پێکەنین و خۆشیش فەرامۆش نەکەن.. تا بتوانن پێکەنین و خەنە بخەنە سەر لێوی منداڵانی کوردمان.

*(پانزەیەم)* جیابوونەوەی دایک و باوک لە یەکتری، کە بە زۆری منداڵان دەبنە قوربانی و، باجی ئەم جیابوونەوەیان دەدەن و.. لێیان دەشێوی و، دووچاری گرێ و ئازاری دەروونی و بێ نازی دەبن.. شادی وخۆشی و گەشی لە روخسارياندا بەدی ناکرێن.. هەروەها مردنی دایک یا باوک، هۆیەکە بۆ بێ نازی و ناشادی منداڵان.

*(شانزەیەم)* ڕۆڵی قوتابخانە و مامۆستاکان، پێویستە هەر قوتابخانەیەک ساڵانە چەند ئاهەنگ و چالاکییەکی خۆشی و هونەری سازبکەن، بۆ نموونە: ئاهەنگ گێران بە بۆنەی ساڵی خوێندنی تازەوە، ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی جەژنی جیهانی منداڵانەوە، سیمینارێک بۆ ئەدەبی منداڵان (شیعر - چیرۆک - پەخشان) کە لە لایەن منداڵانەوە پێشکەش بکرێن.. ساڵانە چەند شانۆگەرییەکی منداڵان پێشکەش بکەن.. سازدانی ئاهەنگێک بە بۆنەی یادی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.. سازدانی ئاهەنگێک بە بۆنەی کۆتایی ساڵی خوێندن و دەرچوونی قوتابیان.. ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی ڕۆژی دایکانەوە.. چەندین بۆن و یاد و ڕۆژی تر هەن، کە قوتابخانەکان دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن، ئاهەنگی شایستەی تیا بگێڕن و.. منداڵانیش توانا و بەهرەکانی خۆیان بنوێنن و، بە ئازادی گوزارشت لە خۆشی و شادی خۆیان بکەن.. لەرێی ئەم چۆست و چالاکییانەوە.. جگە لەوەی خۆشی و شادی دەخەنە دڵی منداڵەکانمانەوە و.. گیانی خۆشەویستی و ڕێز و کوردستان پەروەری و هاوکاری و قبوڵکردنی یەکتریش لە دڵە پاکەکانیاندا دەڕوێنین.. لە هەمان کاتیشدا گەلێ ئامانجی پەروەردەیی و دەروونی و زانیاری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی دێنە دی.

دڵنیام کە ئێوەی خوێنەری دڵسۆزیش، کۆمەڵێک را و بۆچوون و پێشنیار و سەرنج و تێبینی ترتان هەیە، بۆ شادی و خۆشی و کامەرانی و بەختەوەریی جگەرگۆشەکانمان.. پێویستە دریغی نەکەین و، بە ئەوپەڕی توانامانەوە هاوکاربین بۆ دابینکردنی شادی بۆ منداڵەکانمان.. ئەمەش بە ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆمانی بزانین.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

## ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی منداڵ دا.



جگەرگۆشەکان، وردیلە خوێن شیرین و چاوگەشەکانی ئەمڕۆ، کە نەوە و هیوای دواڕۆژی کوردستانن.. گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن.. تۆی ژیانن و، درێژەدەری مانن.

منداڵەکانمان سپاردەیەکی زۆر گەورە و هەستیارن، لە ئەستۆ و لە بەردەستی دایکان و باوکانداں.. چارەنووس و دواڕۆژێکی گەشتر بۆ کورد و کوردستان، پەیوەستن بە رادەی بایەخدانمان بە ئامادەکردن و بە راهێنانی منداڵانی ئەمڕۆمانەوە.

هۆشی ناسکی منداڵ، زەوییەکی بەیارە، نەکێڵراوە و تۆو نەکراوە.. لاپەڕەیەکی سپییە و هێشتا هیچ پیت و رستەیەکی لەسەر نەنووسراوە.. هەویرێکی نەرم و شلە و هێشتا نەکراوە بە هیچ.. چۆن گۆش و پەروەردە و ئاراستەی بکەین، ئەوەی لێدێتە بەرهەم.. کورد وتەنی: "چی بچێنین، ئەوە دەدوورینەوە".

بێگومان گۆشکردنی راست و پەروەردەکردنی دروستی منداڵان، کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان نین.. پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵان، تەنها دابینکردنی خۆراک و شوێن خەو و جلوبەرگ و بابەتی یاریکردن نییە.. بەڵکو

پەروەردەکردنی دروست، بنیاتنانی کەسایەتیی منداڵانە، کە گەورەکانی دواڕۆژن.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دابمێنین و نەتوانین بەسەر کۆسپ و ئاستەنگییەکانی ڕێی پەروەردەکرنی منداڵاندا سەربکەوین.. بە تێگەیشتن و بەڵەدبوون لە هەڵسوکەوت و، لە بنەماکانی نەشونما و گەشەکردن و پێشکەوتن و، بە شارەزاییمان لە قۆناغەکانی هەراشبوونی منداڵان و، پێویستییەکانی هەر قۆناغێک، دەتوانین هەل و دەرفەت بڕەخسێنین و کارئاسانی بکەین و، کۆسپ و کێشەکان لغاو بکەین و سەرکەوین بە سەریاندا.. بەر لە هەموو شتێ پێویستە دایکان و باوکان بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست.. ڕۆشنبیر و شارەزابن، خۆیان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆز و هەستیار و چارەنووسازە، ئامادەبکەن و رابهێنن.. چونکە دایک یەکەمین مامۆستای منداڵە و، ماڵیش (خێزان) یەکەمین قوتابخانە و ژینگەیەتی.

هەندێ لە دایکان و باوکان، هێمنی و بێدەنگی منداڵەکانیان، لە یەکەمین ساڵەکانی تەمەنیاندا، بە مایەی خۆشی و شادییان دەزانن، شانازی بە ئەوەوە دەکەن، کە هێمنی منداڵەکانیان بۆ پەروەردەکردنی ڕاست و باشی ئەمان دەگەڕێتەوە.. بەڵام بەبێ ئەوەی دایکان و باوکان هەست بەم ڕاستییە بکەن.. کە توێژەران و پزیشکە دەروونییەکان، جەختیان لەسەر ئەم ڕاستییە سەلمێنراوە کردوون، کە هێمنی و بێدەنگی و گۆشەگیری و شەرمکردن، زۆر مەترسیدارترن، لە لاساری و لە کەلەڕەقی و لە هاروهاجی.

مەبەستمان لە پەروەردەکردنی منداڵ، پەروەردەیە بە مانا زانستی و فراوانەکەی، هەندی کەس پەروەردەکردن، بە ملەکەچ بوونی منداڵ بۆ فرمان پێکردن و، بۆ گوێدێری بۆ ئامۆژگارییەکانیان و، ڕێزگرتن لە گەورەکان و، بێ دەنگی و دەم داخستن دەزانن، ترسیان خستۆتە دڵی منداڵەوە و، هەموو شتێکیان لە کردووە بە "بڤەیە"!

یۆنامات دەڵێ: (تا تەمەنی سیانزە ساڵیم.. وامدەزانی ناوم "دەمت داخە"یە)!

مەبەست لە پەروەردەی دروست، ئامادەکردن و ڕاهێنانی منداڵە بۆ ئەوەی لە هەموو لایەنێکەوە کەسایەتییەکی دروست و ئاسایی و سەرکەوتووی لێبێتە کایەوە، لایەنی جەستەیی، دەروونی، هۆشی، کۆمەڵایەتی.. پەروەردەکردنی ڕاست و دروستی منداڵان، نەوەیەکی هۆشیار و، داهاتوویەکی باشتر و گەشتر و، ژیانێکی شیاوتر دێنێتە ئاراوە.

هەموو خێزانێک، حەزدەکات کە بە ئەوپەڕی باشی و دروستییەوە منداڵەکانیان گۆش و پەروەردە بکەن.. ئەوەی کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵان، ئەوەیە کە پەروەداکار و ئامادەکەر، ئامانجەکانیان راستبن و شیاوی جێبەجێ کردن بن و، لەگەڵ پێویستییەکانی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵاندا لوا و گونجاوبن، نەک هەر خەیاڵئامێز و قسە و باسبن.. پێویستە ئەوەش لەبەرچاوبگرن، کە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و زەین و بیر و هۆشەوە جیاوازی لە نێوان منداڵاندا هەیە .

پێویستە منداڵانی ئەمڕۆمان وا پەروەردە بکەین و پێیان بگەیەنین.. کە شانازی بە ناسنامەی خۆیانەوە بکەن و، ئینتیما و دڵسۆزییان بۆ کورد و کوردستان هەبێت و، رێزیان بۆ کۆمەڵگاکانی تر و سەرجەم مرۆڤایەتی هەبێت و، بە سۆز و خۆشەویستی پێکەوە گرێ بدرێن و، یەکتری قبوڵ بکەن و، رێز لە را و بۆچونی جیاوازی یەکتری بگرن، خۆپەرست و خۆسەپێن نەبن و، دووربن لە دەمارگیریی ئایینی و رەگەزی و لە تایفەگەری و، لە خێڵ وعەشیرەتبازی، دووربن لە رکەبەرایەتی و توندوتیژی و لە رق و دووژمنایەتی و تۆڵە سەندنەوە.. هەردەم هیوا و گەشبینی و بڕوابەخۆبوون بخەینە دڵیانەوە، ئازادبن و تەگەر و کۆسپ نەخەینە بەردەم هیوا و خواست و ئارەزوو و خولیاکانیانەوە، لێیان بگەڕێین با خۆیان تاقی بکەنەوە.. با لە ئەزموونەکانیانی خۆیان فێربن و کەڵک وەربگرن.. با جیهانی وەنەوەشەیی و پاکی منداڵان نەشێوێنین، خەیاڵ و خەونە سەوز و شیرینەکانیان لێ تێکنەدەین.. رێز لە کەسایەتی و راکانیان بگرین. رەفتارەکانمان و مامەڵەکردنمان لەگەڵ منداڵەکانماندا راست و دروستبن.. هەڵسوکەوت کردنی دروستمان، دەبنە زامنی بەرجەستەبوونی ئەو هەموو ئەو ئامانجانەی سەرەوە و ئامانجی زیاتریش.. ئەمانەش ئەرکێکی پیرۆز و پێویستی سەرشانی هەموو لایەکمانە، بەر لە هەموو کەس و لایەک ئەرکی دایکە، ئەرکی خێزانە، ئینجا قوتابخانە و کۆمەڵ و میدیا و راگەیاندنەکان، دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان کە خەمخۆری راهێنان و پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵانن.. هەموو لایەکیشمان لە سایەی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزەماندا، رەنجبێوەر نابین و، سوودمەند و شاد دەبین.. راستیشیان وتووە: "باخچەی گوڵ گەش و جوان.. شانازی بۆ باخچەوانە دڵسۆزکەی دەگەڕێتەوە" دەبا ئێمەش پەروەردەکاری دڵسۆزی وردیلەکانمان بین و.. بۆ ئەوەی نەوەیەکی دروست و گەشبین پێبگەیەنین.. هاتنەدیی دوارۆژێکی گەشتر لە سایەی پەروەردەکردنی دروستی نەوەی ئەمڕۆماندا.. شانازییە بۆ هەموو دڵسۆز و خەمخۆرێکی ئەم بوارە.

پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ دایکیدا، پەیوەندییەکی سۆزدارییە زیاتر لەوەی کە پەیوەندییەکی پەروەردەیی بێت .. منداڵ لە هەناوی دایکیدا دروست دەبێ و، هەر لە باوەشی ئەویشدا چاوەکانی هەڵدێنێ و، منداڵ لە سایەی سۆز و

خۆشەویستی دایکیدا گەورەدەبێت.

دایکان ئەرکێکی گەورەیان لە سەرشانە و، ڕۆڵێکی گرنگییان لە پەروەردەکردنی منداڵدا هەیە و، کە لە ڕۆڵی هەموو کەس و لایەنەکانی تر گرنگتر و کاریگەرترە .. ئەمەو کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتی لە دایکاندا هەن، وەکو : سۆز و، خۆشەویستی و، بەزەیی و میهرەبانی و، ئارامی خۆڕاگرتن لە بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵاندا.. هەموو ئەم خەسڵەتە جوانانە، پیرۆزی و شانازی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و پێزانینیان بە دایکان بەخشیون و، پلە و پایەیەکی بەرزیان لە دڵی هەمووانـدا هەیە .. بەشێک لەو خەسڵەتە تایبەتییانە، لە دایکایەتی گیانەوەرەکانی کەشدا هەن.

ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت کە باوکان ڕۆڵیان نییە و، ئەرک و بەرپرسێتی پەروەردەکردنی منداڵانیان لە سەرشان نییە .. بەڵام نکووڵی لەوە ناکرێت، کە ڕۆڵی دایکان، لە گۆش کردن و پەروەردەکردنی منداڵاندا، لە ڕۆڵی باوکان گرنگتر و کاریگەرترن.

دایکانی ڕۆشنبیر و زانا و هۆشیاری کورد، سامان و سەرمایەیەکی گرنگی گەلەکەمانن، دەتوانن بە سەرکەوتوویی ماڵ بەڕێوەبەرن و، بە جوانی و بەدروستیش منداڵەکانیان گۆش و پەرورده بکەن.. (تۆماس ئەدیسۆن) دەڵێ: "دایکم دروستی کردم".

(ئەلبێرت هۆبارد) یش دەڵێ: "ئەگەر دەتەوێ منداڵی ژیر و زرنگت هەبێت.. زانا و ڕۆشنبیربە".. بەڵام دایکانی نابەڵەد و بێ ئاگا و نەزان، ڕۆڵێکی نێگەتیڤ و سەقەتیان لە پەروەردەکردنی منداڵان و، لە بەڕێوەبردنی کاروباری خێزاندا هەیە .. بۆیە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بایەخ بە ڕاهێنان و ئامادەکردن و ڕۆشنبیرکردنی دایکان دەدەن.. شای شاعیرانی عەرەب مارف ڕەسافی کە (بە ڕەچەڵەک کوردە "جەباری"یە) دەڵێ: "دایک قوتابخانەیەکە ئەگەر ئامادەت کرد... گەلێکی ڕەسەنزادە دێنێتە کایەوە".

منداڵ گەلێ شت لە دایکێوە وەردەگرێت و فێردەبێت.. چاو لە هەڵسوکەوتەکانی دایکی دەکات.. کەواتە ڕۆڵی دایک زۆر هەستیارە و، ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ئەمڕۆ و، لە داهاتووی منداڵەکانیدا هەیە و دەبێت.. کورد دەڵێ: "دایک ببینە و.. کچە بخوازە".. ئەگەرچی لەم پەندەدا ئاماژە بە دایکی کچ کراوە، با هەمان پەندی کوردی بە دیوەکەی

تردا وەربگێڕین و، بڵێین: "دایکی کوڕە ببینە و.. کچەی لێ مارە بکە".

هەر لەم رووەوە (جۆن ئادەمیز) دەڵێ: " شانازیی ئەو هەموو ناوبانگ و پایە بەرزییانەی پێیان گەیشتووم.. بۆ دایکم دەگەڕێنەوە".

دایکانی دڵسۆز و بە سۆز؛ زۆر بە کورتیی، کۆمەڵێک لە بنەما گرنگ و سەرەکییەکانی پەروەردەکردنی منداڵانم بۆ ریزبەند کردوون، هیوادارم سوودیان لێ وەربگرن:

*یەکەم:* چەخت لەسەر بنیاتنان و گەشەکردنی ویژدانی منداڵەکانتان بکەنەوە، لەرێی مەستکردنیان بە پێویستییە سروشتییەکانیان وەکو: ئاسایش و سەقامگیری و دڵنیایی، کە لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، ئارامی و ئاسوودەیی بە منداڵان دەبەخشن .. توێژێنەرە دەروونییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەو کەسانەی بە منداڵی لە سۆز و لە خۆشەویستی بی بەشبوونە، زۆر زەحمەتە کە کەسانێکی تریان خۆش بوێت، یا بڕوا بە کەسانی تر بکەن، کە ئەویان خۆش دەوێت.. بۆیە پێویستە لە یەکەمین رۆژی لەدایکبوونی منداڵەوە، هەموو ئەندامانی خێزان ( دایک و باوک، خوشک و برا، داپیرە و باپیرە) مەلۆتکەکەیان خۆش بوێت، ئەوەش سەلمێنراوە، کە ئەو کۆرپەلەیە گەرچی هێشتا لە گریان زیاتر، هیچ قسەیەیەک نازانێت، بەڵام هەست بەو سۆز و خۆشەویستییە دەکات.. دایکانی دڵسۆز و میهرەبان: دەتوانن لە رێی ئەم رەفتارانەوە، گوزارشت لە سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی خۆتان بۆ منداڵەکانتان بکەن:

- *ماچکردنی منداڵەکانتان.*
- *سوعبەت و پێکەنین و یاری کردن لەگەڵ منداکانتاندا.*
- *بە نەرمی دەستهێنان بە سەری منداڵەکانتاندا.*
- *لە باوەشکردنی منداڵەکانتان.. بە روویەکی خۆش و گەشەوە.*

*دووەم:* لە قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانتاندا، وشەکانی منداڵەکانتان و وشەی منداڵانە زۆر بەکارمەهێنن.. لاسایی دەنگیشیان دووبارە مەکەنەوە.. گەرچی منداڵەکانتان ناتوانن وەکو ئێوەی گەورە بدوێن.. بەڵام باش تێدەگەن.. بۆ نموونە گەر بە منداڵەکەت بڵێی (ئەو کەوچکەم بدەرێ) رەنگە نەتوانێت رستەکەت دووبارە بکاتەوە.. بەڵام

تێدەگات و دەچێت بۆت دێنێت.. تۆش ماچی بکە یا سوپاسی بکە یا چەپڵەیەکی نەرمی بۆ لێبدە، تێدەگات کە کارێکی باشی ئەنجامداوە.. خۆشی و شادی پێ دەبەخشێ و دەبێتە مایەی هاندان بۆ ئەنجامدانی کارێکی تر.. هیچ شتێکیش نییە کە بە قەی هاندان و ستاییش دڵی منداڵان خۆش بکات.

*سێیەم:* لە بەردەم ئەندامانی خێزانەکەت وکەسوکار و هاوڕێکانـدا.. هەر بە نـاوی خـۆیەوە نـاوی بەرە ، نەک (کورە)، (کچێ).. بۆ یەکەمین جاریش بە ناو، خزمان و هاوڕێکانی خۆت و باوکی پێ بناسێنە.

*چوارەم:* چیرۆکی ژیانی منداڵەکەت خۆی، یا ژیانی منداڵیی خۆت، یا ژیانی منداڵیی باوکی بۆ بگێڕەرەوە.. چونکە منداڵان زۆر حەز بەم جۆرە چیروکانە دەکەن.. کە پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆیەتی یا دایکێتی یا باوکێتی، نامۆ نین و ناسراون بە لایەوە.. بۆ ئەم مەبەستەش، دەتوانی سوود لە وێنەکانی ناو ئەو ئەلبوومە وەربگرێ.. کە لە کاتی منداڵیی خۆی یا خۆت یا باوکی گیراون.

*پێنجەم:* زۆر جار کە تۆ بۆ منداڵەکەت دەدوێی، ئەو ئەو بیر و خەیاڵی لای تۆ نییە و، لە شوێنێکی ترە.. جا بۆ ئەوەی وابکەیت گوێت لێ بگرێت، هەوڵبدە بە ساکاری و سادەیی و خێرایی و بێ گرێ و گۆڵ و، بە دەنگێکی ناسکی مامناوەندی بۆی بدوێی.

*شەشەم:* کە منداڵەکەت لە ژوورەوە لەسەر زەویدا دانیشتووە و وێنە دەکێشێ، یا ماڵە باجێنە دەکات.. تۆ بە پێوە لەگەڵیدا مەدوێ، لە گەڵیدا دابنیشە و بەشداریی لەگەڵ بکە و، سەرنجی بدە و بێدەنگ مەبە و، وا خۆت دەرمەخە کە نەزانیت، را و تێبینیەکانی خۆتی پێ بڵێ و، بە ئەنجامدانی کارەکەی، ئافەرین و دەستخۆشیشی لێبکە.

*حەوتەم:* هەوڵبدە پەیوەندییەکی باش و خۆش لەگەڵ منداڵەکەتدا بنیات بنێیت، رەفتار و هەڵسوکەوتت لەگەڵ منداڵەکەتدا باش و سەرکەوتووبێت، وەکو کەسێکی سەربەخۆ رێزی لێ بگرە و، هانی بدە کە خۆی بەبێ دەسەڵات نەزانێت و، پشت بە خۆی ببەستێت و، بڕوای بە توانای خۆی هەبێت.

*هەشتەم:* هەردەم رەخنە لە رەفتارەکانی منداڵەکەت مەگرە، بەڵکو بە نەرمی و بە دڵێکی فراوانەوە ئاراستەی بکە

و، هەڵەکانیشی بە هەڵە ڕاست مەکەرەوە.. با جارێک و دووجار و زیاتریش کارەکانی بێ ئەنجامیش بن.. هێوا و گەشبینی بخە دڵیەوە و، هانی بدە کە بەردەوامی بێت و کۆڵنەدات.. دەتوانیت چیرۆکێکی دەربارەی شکستی و کۆڵنەدانی بۆ بگێڕیتەوە.. (یوسف بۆبێرت) دەڵێ: "منداڵان زیاتر پێویستیان بە نموونە هێنانەوە هەیە، وەک لەوەی کە ڕەخنەیان لێبگرن".

*نۆیەم*: بە سەرکەوتن و ئەنجامدانی کارە باشەکانی منداڵەکەت، ستاییشی بکە و، پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێ بکە.. جاروبار خەڵاتیشی پێشکەش بکە.

*دەیەم:* زیاد لە پێویست ناز بە منداڵەکەت مەدە و ، واشی لێ مەکە تەنها پشت بە تۆ ببەسێت و، لێی گەڕێ با پشت بە خۆی ببەستێ و، کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

*یانزەیەم:* لە ژووری منداڵەکەتدا، یەک یا دوو تابلۆ هەڵبوواسە، کە منداڵەکەت خۆی کێشاوین و بۆیەی کردوون.. هەست بەوە دەکا، کە تۆ دان بە کارە جوانەکەیدا دەنێیت.

*دوانزەیەم:* شەوان بەر لە خەوتن چیرۆکێکی کورت بۆ منداڵەکەت بگێڕەرەوە.. لەو چیرۆکانە نەبن ، کە ترس بخەنە دڵیەوە.

*سیانزەیەم:* هەوڵبدە کە کتێبخانەیەکی قنج، لە ژووری منداڵەکەت دابنێیت، بە کۆمەڵێک کتێبی کوردی گۆنجاو بۆ منداڵا ن بیڕازێنەوە.. باشتر وایە ئەو گۆڤارانەشی بۆ بکڕێت کە مانگانە دەردەچن.. پێکەوە بابەتەکانی بخوێننەوە.

*چواردەیەم*: وەڵامی پرسیارەکانی منداڵەکەت بدەرەوە.. تەنانەت ئەگەر پرسیاری سەیر سەیریشی لێکردی.. بەڵام وریابە کە بە هەڵە وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدەیتەوە.. ئەو هەڵانە لە هۆش و بیری منداڵدا دەچەسپێن و، ڕاستکردنەوەیان ئاسان نابێت.

*پانزەیەم:* لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکدا، پەیڕەویی گرنگترین ئامۆژگاری و بنەماکانی پەروەردەکردنی دروستی

منداڵان بکە.. ئەگەرچی ئەمە کارێکی ئاسان نییە و، پێویستی بە ماندووبوون و ئارامی و پشوودرێژی و دانایی هەیە.

*شانزەیەم:* لە منداڵەکەت گەڕی با خوی ئەو جلانە هەڵبژێرێت، کە حەزدەکات لەبەریان بکات، بەمەش ئەوەی بۆ دەردەخەیت، کە رێز لە بڕیار و حەزەکەی دەگرێت.

*حەڤدەیەم:* لە (رۆژی جیهانیی منداڵان)دا، بە زەردەخەنە و ماچی منداڵەکەت بکە و، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بکە و، بەم بۆنەیەوە دیارییەکی جوانیشی پێشکەش بکە.

*هەژدەیەم:* لە رۆژی جەژنی نەتەوەیی کورد دا (جەژنی نەورۆز) جلی کوردی لەبەرمنداڵەکەت بکە و، پێکەوە بەشداریی ئاهەنگی نەورۆز بکەن.

*نۆزدەیەم:* بە شێوازێکی ساکار و ئاسان.. باسی کیمیاباران و مەرگەساتی (شاری هەڵەبجەی شەهید) و، جینۆسایدی کورد (ئەنفال)ی بەدناوی بۆ بکە.

*بیستەم:* دایکانی دڵسۆز: (کوردایەتی) رێبازمانە و، (کوردستان پەروەری) یش پیرۆزترین ئامانجامانە.. زۆر گرنگ و پێویستە، کە وردیلەکانی ئەمڕۆمان، بە سۆز خۆشەویستیی بۆ (کورد و کوردستان) گۆش و پەروەرد بکەن.

٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٤

---

## منداڵەکانی ئەمڕۆمان.. هیوای داهاتوومانن.

منداڵەکانی ئەمڕۆمان .. نەوەی داهاتووی کوردستانن .. هیوا و ئومێدی گەلەکەمانن .. بەردی بناغە و کۆڵەکەکانی کۆمەڵگای داهاتووی کوردستانن.. منداڵەکانمان گرنگترین سامان و سەرمایەی گەلی کوردمانن ..

کە لە سامانی نەوت و زێڕیش زۆر بە نرختر و گرنگترن.

کوڕیلەکانمان، تۆوی ژیان و مانمانن .. دەڕوێن و شین دەبن .. ساڵ لە دوای ساڵ گەورەتر دەبن .. دەبنە نەمامی تەڕ و ناسکی هیوامان.. تا زیاتر بەیاخ بەم شلکە نەمامانەی ئەمڕۆمان بدەین.. تا زیاتر خزمەتیان بکەین.. جوانتر دەرسکێن.. باشتر چرۆ و گەڵا دەکەن.. نایابتر بەر دەدەن.. دەبنە کەڵەداری بەهێز و رەگ داکوتراو.. دەتوانن لەبەر لیزمە و رەهێڵە و رەشەبا و زریان و تۆفانی رۆژگارە سەختەکاندا خۆیان بگرن و هەڵنەتەکێن.. دەتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم سەردەمە جەنجاڵە و، لەگەڵ داهاتووی جەنجاڵتردا دەربەرن.. لە کاروانی خێراڕەوی شارستانی و پێشکەوتن دوانەکەون.. لەگەڵ داهێنانە سەیر و سەمەرەکانی رۆژانەی تەکنۆلۆژیادا نابەڵەد نەبن.

لەم روانگەیەوە، دەستەبەرکردنی دواڕۆژێکی گەشتر و شیاوتر بۆ کوردستان .. ژیانێکی خۆشتر و شیرینتر بۆ گەلی کوردمان .. هێنانەدی هیوا و خواست و خەونەکای ئەمڕۆمان .. دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کە هیوا و خواستی هەموومانە .. هەموو ئەم هیوا و ئاواتانەمان، لە سایەی بیر و هۆشی گەش و، بە مەچەک و بازووی منداڵەکانی ئەمڕۆمان دێنە دی.

هەر ئەم منداڵە چاوگەشانەی ئەمڕۆمانن، لە سبەینێدا دەبنە شاسوار و شۆڕەسواری مەیدانی کوردایەتی و مەردایەتی .. دەبنە کورد و کوردستان پەروەری دڵسۆز .. دەبنە شۆڕشگێڕی چاونەترس، بە پێشمەرگەی چەک و پێنووس و کوردستان لە داگیرکەرانی رەگەزپەرست رزگاردەکەن و سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنن .. ئاڵای پیرۆز و رەنگینمان لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا هەڵدەکەن .. ئەمانن شکۆداری نەتەوە و نیشتمانەکەمان دەپارێزن .. هەرگیز سازش لەسەر مافە رەواکانی گەلەکەمان ناکەن.

منداڵەکانی ئەمڕۆمانن، دەبنە پاڵیۆز و بە نوێنەرانی کوردستان لە وڵاتانی جیهاندا .. دەبنە هەڵگری پەیامی ئازادی و، چڵە نێرگزی ئاشتی، بە هەموو گەلانی ئازادی و ئاشتیخوازی دنیا پێشکەش دەکەن .. ئەم کاکەڵە رووحسوکانەی ئەمڕۆمانن .. دەبنە کەڵەپیاوی مێرخاس و پاڵەوان .. دەبنە باوکانی هۆشیار .. ئەم خونچە گەشانەی ئەمڕۆمانن، دەبنە شێرەژنی قارەمان و ناودار .. دەبنە دایکانی بە سۆز و میهرەبان.

منداڵەکانی ئەمڕۆمانن لە سبەینێدا، دەبنە دەسەڵاتدار و کارمەند و فەرمانڕەوا.. دەبنە رابەر و سەرکردە و پێشەوا.. دەبنە نووسەر و رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و هونەرمەند.. دەبنە زانا و دانا و بیرمەند.. دەبنە پەرپاکەری شۆڕشێکی گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێخوازی.. ناهەمواریەکان و گەندەڵی و جیاوازی و ناداد پەروەری لەبن دێنن.

تا دروستر و پوختر و روختەتر منداڵەکانی ئەمڕۆمان پەروەردە بکەین .. تۆکمەتر فێریان بکەین .. راستر ئاراستەیان کەین .. باشتر رێنماییان بکەین .. گەشبینتر دەبین لەوەی کە رەنج بێوەر نابین .. دڵنیا دەبین لەوەی کە نەوەی ئەمڕۆمان ئایندەیەکی باشیان دەبێت و .. چارەنووس و داهاتووی کورد و کوردستانیش گەشتر دەبێت .. دڵنیا دەبین لەوەی، کە منداڵانی ئەمڕۆمان دەبنە تاکی بڕوابەخۆ و سوودبەخش .. دەبنە کاریتە و کۆڵەکە بەهێزەکانی کۆمەڵگایەکی خۆشبەخت و بەختەوەر و تەبای کوردیمان.

بۆ هێنانەدی ئەم هیوا و ئامانجانەشمان، پێویستە بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و زانایییەوە، بە ئەوپەڕی بەرپرسێتی و دوورئەندێشەییەوە .. بایەخ بە پەروەردەکردن و بە رێنمایی و بە ئاراستەکردن و، بە راهێنان و، بە ئامادەکردنی منداڵەکانی ئەمڕۆمان بدەین .. پێویستە بە هەستی کوردایەتی و، بە سۆز و خۆشەویستی و ئینتیمابوون بۆ کوردستان گۆشیان بکەین .. ئەمانەش گرنگترین و، پیرۆزترین ئەرکی ئەستۆی هەموومانن .. پێویسترین ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیمانن .. دەبێت ئەم راستییەش لەبەرچاو بگرین، کە نەوەی ئەمڕۆمان، لەگەڵ نەوەی سەدەی بیستەمدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە .. نەوەی ئەمڕۆمان، ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان فراوانتر و روونـاکترە .. هیوا و خەون و خواستەکانیشیان، هەمان خەون و خواستی نەوەی پێش خۆیان نین .. نەوەی ئەمڕۆمان، لە سایەی جیهانگیری و تازەگەری و پەروەردەی نوێ و، داهێنانە تازەکانی تەکنۆلۆژیادا .. بوونی بە هەزاران کتێب و گۆڤاری وێنەداری رەنگاوڕەنگی هەمەڕەنگەی منداڵانیش لە بەردەستیاندان .. بوونی ئینتەرنێت و چەندین ئامێری زەین تیژکردن و زیانیاری دەوڵەمەندکردن .. بوونی دایکان و باوکانی و خێزانانی رۆشنبیر و هۆشیار و بە تەنگەوەهاتووی ئایندەی کورد و کوردستان .. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی دروست بوونی نەوەیەکی چاوکراوەتر و رۆشنبیرتر و زۆرزانترن و بلیمەتر لە نەوەی پێشتریان .. لە رووەشە هەریەکە لە خێزان و قوتابخانە و راگەیاندن و میدیاکان و هەموو ئەو رێخراوانەش کە چاودێری کردنی جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵان دەکەن .. رووڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەریان لە پەروەردەکردنی دروست و لە ئاراستەکردنی راستی منداڵەکانماندا هەیە.

ئەگەر بە پێی بنەما راست و دروستەکانی پەروەردەی نوێ، منداڵەکانمان گۆش و پەروەردەیان بکەین .. بێگومان سەرکەوتوو دەبین و دوارۆژێکی باشتر و گەشتر بۆ کورد و کورستان مسۆگەردەکەین.
کەواتە دەبێت ئەوە بزانین، کە چ ئەرکێکی پیرۆز و هەستیار و چارەنووسازمان لە ئەستۆدایە .. هەر کەمتەرخەمی و ساردی و سرپییەک لە گۆش کردن و پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانی ئەمڕۆماندا بنوێنین .. بە زیانی چارەنووس و ئایندەی گەلەکەمان دەشکێنەوە .. کەسیشمان حەز بە ئاکامێکی نەخوازراوی وا ناکەین.

**٢٨ی مارچی ٢٠١٤**

## مافەکانی منداڵان.. فەرامۆش مەکەن.



جارنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵان، کە لە (٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩) دا، لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو.. بریتییە لە (٥٤) مادە، هەندێ لە مادەکان لە چەند برگەیەک پێک هاتوون، لەو کاتەدا (١٩١) وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان واژوویان لەسەر ئەم جارنامەیەیان کرد تەنها (ئەمەریکا) و (سۆمال) رەتیان کردەوە و، واژوویان نەکرد.

ئەم جارنامەیە لە (٢ی سێپتەمبەری ١٩٩٠)دا، چووە بواری جێبەجێ کردنەوە .. ئەو وڵاتانەی واژوویان کردبوو، بەڵێنیان دا، کە پابەندی ئەم رێکەوتننامەیە دەبن و، رێز لە هەموو منداڵانی جیهان دەگرن و، دەیان پارێزن و، مافەکانیان جێبەجێ دەکەن .. بەڵام بەداخەوە، هەندێ لە ئەندامانی ئەو وڵاتانە کە واژووی مافەکانی منداڵانیان کرد، نەک هەر پێ بەند نەبوونە بە بەڵێنەکانیان و بە جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵان، بەڵکو زۆر بە زەقی و

بە ئاشکرا و بە بێ شەرمانە، مافەکانی منداڵانیان پێشێل کردوون و، تا ئەمڕۆش پێشێلی دەکەن، رەفتار و کردارەکانیان بە تەواوی بە پێچەوانەی بەڵێنەکانیان و، بە پێچەوانەی گەڵاڵەنامەی مافەکانی منداڵانەوەن .. بە تایبەتی رەفتاری نامرۆیانەی هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق .. بە تایبەتیش پێشێل کردنی مافەکانی منداڵانی کوردمان، کە نەک هەر لە سادەترین ماف بێ بەشن بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەی رەگەزپەرستییانەش، دەیان چەوسێننەوە .. دوور لە رەوشت و لە بەزەیی و ویژدان .. دوور لە هەموو یاسا و رێسایەکی نێودەوڵەتی و، لە داب و نەریتێک.

منداڵ کێیە؟ وەکو لە (مادەی یەکەم )ی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان دا هاتووە.. وەکو پێوەر و ستاندەرێکی جیهانی بەم جۆرە پێناسەی منداڵ دەکات: (منداڵ ـ کچ و کوڕ ـ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێ نەپەڕیبێت، مەگەر یاسا و وڵاتەکەی تەمەنێکی کەی بۆ دیاری کردووبێت ..).

منداڵان، لە هەر شوێنێکی جیهاندابن هەر منداڵن .. لە هەر شوێنێکی جیهانیشدا بژین .. بە بێ جیاوازی هەموویان هەمان مافیان هەیە .. مافی ژیان و چاودێری و پارستنیان هەیە .. مافی خوێندن و چارەسەرکردن و یاری کردن و پێکەنین و، دابین کردنی پێداویستییەکانی گەشەکردن و نەشونماکردن و پێشکەوتنیان هەیە .. مافی... هتد.

لە ئەمڕۆدا زیاتر لە سێ ملیار منداڵ لە جیهاندا هەن، کە سێیەکی هەموو دانیشتوانی جیهان پێک دەهێنن .. بەڵام تا ئەمڕۆش بە ملیۆنان منداڵ لە جیهاندا بە برسێتی و ترس و بە هەناسەساری و بێ نازی سەردەنێنەوە .. بە ملیۆنان منداڵ توند و تیژیان دەرهەق دەکەن .. نە کەس گوێیان لێ دەگرن و نە خۆشیان دەوێن .. نە رێزیشیان لێ دەگرن .. ئێمە لە چەند نووسینێکی ترماندا، باسی مافەکانی منداڵان و، پێشێل کردنی مافەکانی منداڵانمان کردووە .. بەڵام بەداخەوە، کە لە راستیدا تا ئەمڕۆش، بە هۆی سیاسەتی رەگەزپەرستیی داگیرکەرانی کوردستانەوە .. بە هۆی ستەم لێکردن و چەوسانەوە و ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و کڵۆڵییەوە .. بەشێکی زۆری منداڵانی کوردمان نازانن کە مافەکانیان چین، بەڵکو بەشێکی زۆری دایکان و باوکان و تەنانەت مامۆستاکانیش نازانن مافەکانی منداڵان چین .. بۆیە بە پێویستمان زانی کە جارێکی کەش ئەم بابەتە گرنگە بەسەربکەینەوە .. باسکردن لە هەموو مادە و بڕگەکان و لە هەردوو پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکەی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵان

زۆری دەوێت .. بە کورتی باسی بەشێک لە مافە گرنگەکانی منداڵان دەکەین، بەو هیوایەی کە سوودیان لێ وەربگرن.

داواش لە وەزارەتی پەروەردە، لە حکومەتی باشووری کوردستان دەکەین، کە تێکڕای دەقی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان، بە زمانێکی سادە و ساکار و شیرین وەریان بگێڕنە سەر زمانی کوردی و، لە پەرتووکێکی قەشەنگ و جواندا، بە وێنەی جۆراوجۆری منداڵانی کورد بیڕازێننەوە و، چاپی بکەن و، بە خۆڕایی دابەشی سەر قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی بکەن .. بەشێکیش لە دەقەکانی مادە گرنگەکانی ئەم جاڕنامەیە .. بکرێنە بابەتێک لە بابەتەکانی کتێبی (خوێندنەوەی کوردی) بۆ پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی .. تا منداڵانی کوردمان بزانن کە مافە رەواکانیان چین .. پێویستە راگەیاندنەکان و میدیاکانی کوردستان و، رێکخراوەکانی منداڵانیش لەم رووەوە رۆڵێکی بەرچاویان هەبێت .. ئەمانەی دەیخوێننەوە بەشێکن لە جاڕنامەی مافەکانی منداڵان .. حەزیشم کرد بە زمانی منداڵەوە خۆیانەوە بڵێم (مافی ئەوەم هەیە کە):

*١- مافی وەرگرتنی ناسنامە:* لەو رۆژەوە کە لە دایک بوومە، دەبێ ناو و نازناوێکم هەبێ و، لە تۆماری لە دایک بوون تۆمار کرابێتم .. دەبێ ( شوناسنامە )ی کەسی و رەگەزنامەم هەبێ .. ئەمانە بۆ من زۆر پێویستن و گرنگن ، تا لە دواییدا بتوانم بچم بۆ قوتابخانە و، بایەخم پێ بدەن و، لە دژی نەخۆشییەکان بمکوتن و دەرزیم لێ بدەن .. تا گەورەش بووم بتوانم لە هەڵبژاردنەکاندا، مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنم هەبێت .. بە رێگای ئەم بەڵگانەوە، وڵاتێک هەیە کە لە سەریەتی پێشوازی و پارێزگاریم لێ بکات.

لە بۆلیڤیا، کە یەکێکە لە وڵاتەکانی ئەمەریکای باشوور، لە هەردوو منداڵ دا، منداڵێک لە دایکبوونی ئاشکرا ناکرێت .. کەواتە مافی چوونە قوتابخانە و، چارەسەری پزیشکی نییە و، کە گەورەش بوو، بە هۆی نەبوونی ناسنامەی کەسی و بەڵگەنامەوە، ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدات یا خۆی کاندید بکات.

لە رۆژئاوای کوردستانی خۆشەویستیشماندا، لە سایەی سوریا داگیرکەرەوە، تا ئەمڕۆ بەشێکی زۆری منداڵان و گەورەکانی گەلەکەمان، رەگەزنامە و شوناسنامەیان نییە و، لە مافی خوێندن و، لە زۆربەی مافەکانی منداڵان و، لە مافەکانی مرۆڤدا، بێ بەش کراون .. هەر لەبەر ئەوەی کە بە رەگەز کوردن.

*٢- مافی خۆشەویستی و ڕێزگرتن:* وەک هەر منداڵێک مافی ژیانم هەیە .. کۆمەڵێک کەس ( دایکم، باوکم، خێزانەکەم، کەسوکارم، یا ئەو کەسانەی کە هەندێ جار شوێنی ئەمانەم بۆ دەگرنەوە ) منیان خۆش بوێ و .. بایەخم پێ بدەن و .. ڕێزم لێ بگرن.

تا ئەمڕۆش (١٥٠) ملیۆن منداڵ لە جیهاندا، بەبێ خێزان، لەسەر شەقامەکانی شارە گەورەکانی هیندستان و بەرازیل و ڕوسیادا دەژین .. ئەم منداڵانە بوونەتە نێچیر و گاڵتە و گێچەڵ پێ کردن و دەستدرێژی گەورەکان.

*٣- مافی یەکسانی:* (کوڕ یا کچ) بم .. خاوەنی پێداویستیی تایبەتی بم یا تەندروست و باش بم .. لەسەر هەر ئاینێک بم .. یا ڕەنگی پێستم هەرچییەک بێت .. یا بە ڕەگەز لە چ نەتەوەیەک بم و .. بە چ زمانێک بدوێم .. هەژاربم یا دەوڵەمەند بم .. دایک و باوکم یا بەخێوکەری یاساییم هەچ بیر و باوەڕ و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسییان هەبێت .. نابێت جیاوازیم لەگەڵ دا بکەن .. منیش وەکو منداڵانی تر دەبێت هەمان مافم هەبێت.

لە گەلێ لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیادا .. ئاسان نییە کچانیان بۆ قوتابخانە بچن .. لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتانە، ئەوەیان پێ باشترە کە تەنها کوڕان بخوێنن .. کچەکانیان لەماڵەوەبن ، ئیشوکاری ماڵەوە و کێڵگە پێ بکەن.

*٤- مافی ژیان و تەندروستی:* مافی ئەوەم هەیە کە خواردنی باش و ئاوی پاکم بۆ دابین بکەن .. جێی حەوانەوە و حەسانەوەم هەبێت .. گەر نەخۆش کەوتم ببەن بۆ لای دکتۆر، یا بۆ نەخۆشخانەم بەرن و چارەسەرم بکەن .. مافە ئەوەم هەیە، کە لە دژی نەخۆشییەکان بم کوتن و دەرمانی پێویستی بەرگریم بدەنێ.

تا ئەمڕۆش، ڕۆژانە لە جیهاندا، زیاتر لە ( ٣٥) هەزار منداڵ بە نەخۆشی دەمرن .. کە ئاسانە لێیان دووربکەونەوە یا چارەسەریان بکەن .. منداڵێک لە پێنج منداڵدا، لە دژی سوورێژە و سیل و گەزاز ناکوترێن، چونکە ئەو وڵاتانەی لێیان دەژین، هەژارن و پارەی کڕینی دەرمانیان نییە.

*٥- مافی چوونە قوتابخانە:* مافی ئەوەم هەیە کە بچم بۆ قوتابخانە و، فێری خوێندنەوە و نووسین و بیرکاری و زانیاری ببم.

لە جیهاندا، لە هەر شەش منداڵ، منداڵێک کاردەکات و، ناچێت بۆ قوتابخانە، ئەمەش سروشتی نییە، بەڵام گەر مرۆڤ فێری خوێندنەوە و نووسین بێت، ئاسانترە بۆی، کە گوزەرانی ژیانی دابین بکات، دەتوانێت فێری ئەو پیشەیەش بێت کە بەلایەوە گرنگە و حەزی لێ دەکات ، دەتوانێت لە ڕووداوەکانی دەور و بەری خۆشی بگات.
لە وڵاتی مالی لە ئەفریقادا، لە هەر حەوت منداڵ دا، منداڵێک بەختی چوونە قوتابخانەی هەیە، بەڵام ئەو دوای نەزان و نابەڵدن، لە خوێندنەوە و نووسین و بیرکاری دا کڵۆڵن، .. ناتوانن ڕۆژنامەیەک بخوێنەوە و بۆ ئشێک بگەڕێن کە حەزی لێ دەکەن.

٦- *مافی خۆراک:* وەکو هەموو منداڵانی تر، مافی ئەوەم هەیە بخۆم و برسی نەبم .. ئاوی خاوێن بخۆمەوە .. بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەوم، پێویستە خواردنەکەم هەمەجۆرە و باش بێت، تا جەستە و هۆشم گەشە بکەن و گەورەبم.
لە ئەمڕۆدا، منداڵێکی زۆر لە ئەفریقا دا، بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن .. هەروەها لە فەرەنساشدا، هەندێ خێزان ناتوانن، ڕۆژی دوو جار منداڵەکانیان بەرن بۆ چێشتخانە، ژەمی نیوەڕۆیان بۆ ناکرن، تەنها ژەمی ئێوارەیان بۆ دەکرن.

٧- *مافی ئازادی و ڕادەربڕین:* ئەگەر هێشتا منداڵیش بم، دەبێت مافی ئەوەم هەبێت، کە لە ناو خێزانەکەم و لە پۆل و لە قوتابخانەکەم دا، بتوانم بە ئەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لە ڕای خۆم بکەم و، لەو پرسە گرنگانەش، کە پەیوەندیان بە ژیان و بە چارەنووسی منەوە هەیە، پەراوێزم نەکەن و، گوێ بۆ خواستەکانم بگرن و، دەنگ و ڕا و بۆچوونی منیش بە هەند وەربگرن و، بەڵکو پێویستە لە بڕیارەکانیشدا بەشداربم.

(ئەو ڕۆژە نەبینم) ئەگەر دایک و باوکم لەیەک جیابوونەوە، پێش ئەوەی دادوەر بڕیاری خۆی بدات، پێویستە پرسم پێ بکات کە حەزدەکەم لە لای کامیان بمێنمەوە .. ئەگەرچی ئەو بۆی هەیە داواکەی من ڕەت بکاتەوە، بەڵام لەسەریەتی کە گوێم لێ بگرێت، چونکە ئەو بڕیارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی منەوە هەیە.

٨- *مافی پاراستن لە توند و تیژی:* کەس مافی ئەوەی نییە کە لێم بدات، یا بە خراپی ڕەفتارم لەگەڵدا بکەن، یا لۆمەم بکەن و گاڵتەم پێ بکەن .. لە کوێ دا بژیم مافی ئەوەم هەیە کە بە ئارامی و ئاشتی بژیم و .. دووربم لە توندوتیژی و لە شەڕ و لە ئاژاوە .. کەسیش ئەو مافەی نییە بمنێرێت بۆ بەرەی شەڕ .. مافی ئەوەم هەیە دایکم و باوکم و کەسوکارم لە شەڕ و ئاژاوە و لە زەبر و زەنگ و ئەشکەنجە بم پارێزن.

تا ئەمڕۆ، نزیکەی (٤٠٠) هەزار منداڵ، کراون بە سەرباز و چەکدار، خراونەتە بەرەکانی جەنگەوە .. پێویستە بە زووترین کات ئەم پێشێلکارییە رابگیرێت.
لە (میانمار) و (سودان) و ( کۆنگۆ) و، لە چەند وڵاتێکی تردا، (مێردمنداڵان) ناچار دەکرێن، کە چەک هەڵبگرن و شەڕبکەن .. بە زۆری ئەمانە دەبنە پێشەنگی قوربانی.

*٩- مافی ناچاری نەکردن:* شوێنی من پۆل و قوتابخانەیە .. نەک کێڵگە و کارخانەیە .. شوێنی من یاریگا و شاری یارییە .. نەک قووڵی تونێلی کانی کانزاییە .. تەنانەت گەر باوکم و دایکم و خێزانەکەم زۆر هەژاریش بن، نە ئەوان و نە کەسانی تر، ناتوانن ناچارم بکەن دەبێت کاربکەم .. بە تایبەتیش گەر ئەو کارە قورس و مەترسیداربێت .. کە لە تواناما نەبێت وزیانم پێ بگەیەنێت، کەی بوشم بە شانزە ساڵان، کە لەوانەیە لەو تەمەنەدا باشتر رابێم و زیاتر تێ بگەم و قاڵ ببمەوە .. ئەوسا مامۆستاکانم دەتوانن مامەڵەی یاساییم لەگەڵدا بکەن.

لە پاکستان دا، هەر لە تەمەنی هەشت ساڵانەوە، هەندێ لە منداڵان فێری تەون و قالی چنین دەکرێن .. کە زۆر لەم پیشەیەدا بە توانان، چونکە پەنجە ناسک و بچووکەکانیان بە ئاسانی بەنەکان بە نێوان رایەڵی قالییەکانەوە رەت دەکەن و خێراتر گرێیان دەدەن .. هەروەها لە شوێنانی تریشدا ئیشی تریان پێ دەکەن .. وەکو دروستکردنی (تۆپ)ی پێ و پێڵاوی وەرزشی.

*١٠- مافی یاری و پێ کەنین و خەون:* هەندێ لە گەورەکانمان، ئەوەیان لە یاد نییە، کە من هێشتا منداڵم و گەورە نیم، وەکو هەموو منداڵانی تر مافی یاری و پێ کەنین و خەونی خۆشم هەیە، منداڵیم لێ تێک مەدەن، چونکە من هێشتا زۆرم ماوە گەورە ببم.

پشوو، بۆ ئەوەیە کە گەشەی تیا بکەم لەزەتی لێ ببینم .. ئایا لەوە خۆشتر و باشتر هەیە، کە لە کاتی پشوودانمدا، هەوای پاک هەڵبمژم و، هاورێ ی تازە بگرم و، لە جەنجاڵی شار کەمێ دووربکەومەوە .. تا ئێستاش لە فەرەنسادا، لایەنی کەمەوە، لە سێ منداڵ دا، منداڵێک هەرگیز لە پشووەکاندا بۆ هیچ شوێنێک ناڕوات.

١١- *مافی پێکهێنانی کۆمەڵەی منداڵان:* مافی ئەوەم هەیە کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانمدا ڕێ بکەوین و، کۆمەڵەی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین و، داوا و پێداویستییەکانمان بخەینە روو .. گۆڤاری منداڵانمان هەبێت و، بۆشم هەیە لە چالاکییە رۆشنبیری و هونەرییەکاندا بەشداری بکەم و، تواناى خۆم بسەلمێنم و، رۆڵم هەبێت.

١٢- *لە سێدارەنەدان و بەند نەکردنی تا هەتایی:* ئەگەر بە هەر بیانوویەک تاوانبار کرام، نابێت ئەشکەنجە و ئازارم بدەن و، رەفتاری نابەجێ دەرهەقم بکەن و، نابێت سزای قورسم و نامرۆیانەم بدەن و، نابێت لە سێدارەم بدەن و، ناشبێت بەندکرنی بە درێژایی ژیانم بە سەردا بسەپێنن ..ئەوەش بزانن کە من هەرگیز حەز بە تاوان و بە خراپی و کاری ناڕەوا ناکەم.

لە ئەمڕۆدا، لە ئێراندا مانگ نییە، بە توومەتی هەڵبەستراوی بێ بنەما، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەی بێ وێنە لە جیهاندا .. چەند مێردمنداڵێک لە سێدارە نەدەن .. پشکی شێری ئەم تاوانە دڕندانەیەش، بەر مێردمنداڵانی کوردمان کەوتووە.

١٣- *پاراستن لە دەستدرێژی:* پێویستە لە دەستدرێژی سێکسی بمان پارێزن و، زۆر بە توندی سزای ئەو بێ رەوشتانە بدەن، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان.

١٤- *خاوەنی پێداویستییە تایبەتییەکان:* گەر منداڵێکی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بم، دەبێ ئەوە بزانن کە منیش وەکو منداڵێکی تەندروستی ئاسایی، مافی ژیانم هەیە و، پێویستە پێداویستییە تایبەتییەکانی نەشونما و گەشەکردنم بۆ دابین بکەن و، زامنی رێز و شکۆداری و سەرووەریم بکەن و، پشتم لێ مەکەن و پشتیوانیم لێ بکەن، تابتوانم بە ئاسانی تێکەڵ بە کۆمەڵگاکەمان ببم و، وەکو تاکێکی ئاسایی رۆڵی بەرچاوم هەبێت.

١٥- *بیمەی کۆمەڵایەتی:* مافی ئەوەم هەیە سوود لە زەمانی کۆمەڵاتی وەربگرم، ئەگەر خێزانەکەم هەژار و دەست کورتبێت، پێویستە مووچەیەکی مانگانەمان بدەنێ.

١٦- *پاراستن لە مادە هۆشبەرەکان:* پێویستە لەسەرتان لە مادە هۆشبەرەکان و، هەر مادەیەکی سڕکەر و بێ هۆشکەری تر، کە کەسانێکی نەفس نزم و لە رێ دەرچوو، دەیانەوێت دڵپاکی و ساوێلکەییمان بقۆزنەوە و، هەڵمان

بخەڵەتێنن و، بۆ مەبەستی گڵاوی خۆیان و بۆ بازرگانی کردن بەم مادانە، ئێمەی منداڵان تووش بکەن، یا بە کارمان بهێنن، پێویستە ئەو کەسانەی کە منداڵان تووش دەکەن، سزای قورس بدرێن.

*١٧- مافی پەروەردەکردنی دروست:* گرنگترین و سەرەکیترین ئەرکی ئەستۆی دایکم و باوکم و بە خێوکەرم، ئەوەیە کە پێکەوە هاوکاری بکەن و، بە دروستی پەروەردەم بکەن .. بایەخەم پێ بدەن و، ئەو راستییە لە بەرچاوبگرن کە لە داهاتوودا من دەبمە تاکێکی کۆمەڵگاکەم .. هیوادارم تاکێکی تەندروست و سوودبەخش بم.

*١٨- گۆشکردنم بە کوردایەتی و بە کوردستان پەروەری:* ئەرکی دایکم و باوکم و خێزانەکەم و مامۆستاکانم و هەر دڵسۆزێکی دوارۆژێکی گەشترە، بۆ گەلەکەمان و، بۆ کوردستانەکەمان .. بە بیری کوردایەتی دوور لە دەمارگیری، بە سۆز و خۆشەویسی بۆ کوردستانی شیرینمان گۆشم بکەن و رام بهێنن .. ئەمەش ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی نیشتمانی هەموو لایەکتانە، گەر ئەو رێبازەم گرت، دەبمە مایەی شانازی بۆ هەمووتان.

*١٩- ئەرکەکانم و مافەکانم:* پێویستە دایک و باوکم و مامۆستاکانم، یان لە رێی میدیاکان و راگەیاندنەکانەوە، بزانم کە ئەرکەکانی ئەستۆم چین .. ئینجا مافەکانیشم چین بە جوانی بۆمی روون بکەنەوە .. چونکە ئەو دوو شتە بۆ من و بۆ هەموو منداڵان و، بۆ هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردیمان، زۆر گرنگن کە بیزانین چین.

*٢٠- فرۆشتن و رفاندن:* دەزانم هەژاری و نەبوونی، وای کردووە کە هەندێ خێزانی بێ دەرتان منداڵەکانیان پێ بە خێونەکرێت، وەکو کەلوپەلێکی بازرگانی دەیانفرۆشن .. یا هەندێ گرووپی مافیا و دز منداڵان دەرفێنن و، بۆ کاری ناهەموار گەورەیان دەکەن؛ یا ئەندامەکانی لەشیان دەفرۆشن، یا بۆ ئازاد کردنیان داوای پارەیەکی زۆر لە خێزانانی منداڵە رفێنراوەکان دەکەن بەرانبەر بە ئازاد کردنیان، زۆر جاریش درۆدەکە و دەیان کوژن .. گرووپە تیرۆریستییەکانیش منداڵان و هەرزەکارانی شێت و ناتەوا دەرفینن و، بۆ کار و مەرامی تیرۆریستی و تاوان و خۆتەقاندنەوە بە کاریان دەهێنن .. هەموو ئەم کارە نامرۆییانە، هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئێمەی منداڵان .. پێویستە لەم دز و گرووپە دڕندانە بمان پارێزن و، بە بێ بەزەییش، قورسترین سزای یاساییان بدەن.

*٢١- پاراستن لە دەمارگیری:* لە هەموو شێوازێکی دەمارگیری ئاینی و نەتەوەیی بم پارێزن، بە هەستێکی پاک رام بهێنن، بە رووحێکی برایانە و خوشکانە پەروەردەم بکەن، تۆوی هاوڕێتی و ئاشتی و لێبووردەیی و زمانی گفتوگۆ و

ڕێزگرتن و هاوکاری و هاوسۆزی و دڵسۆزی و چاکە و خێرخوازی و ئاشتیخوازی و ... لە دڵم دا بڕوێنن .. شین بوونی ئەم خەسڵەتە باشانە .. جیهانێکی ئاشتی و مرۆڤایەتی دۆستی دێننە کایەوە.

خوێنەرانی دڵسۆز: ئێوەی منداڵدۆستیش، کە ئەم بابەتەتان خوێندەوە .. دەبێ بە ئەوپەڕی تواناتانەوە، هاوکارمان بن و ببن بەشێک لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردنی ڕاست و دروستی منداڵانی کوردمان .. ڕێز لە مافەکانیان بگرن و، ببنە داکۆکیکەر و پاڵپشتیان .. چونکە کاردانەوەی هەموو پریشک و تیشکێکی داهاتووی ئەم منداڵانەمان .. بە باش و خراپییانەوە .. هەموو لایەکمان دەگرێتەوە.

٢١ی ئەپریلی ٢٠١٤

## زیرەکترین نۆ منداڵ لە جیهاندا.



زۆر دانا و زانا و بیرمەند و نووسەر و هونەرمەند و وەرزشوان و ئاشتیخواز و تێکۆشەر و داهێنەری زیرەک و بلیمەت لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا هەڵکەوتن و، ناو و ناوبانگیان دەرکرد و ناسران و، بە ئەوپەڕی ڕێزەوە ناویان لە (تۆماری کەڵەناودارانی جیهان)دا تۆمارکران و لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش لە باوەشی گرتن .. شایانی ئەوەن کە تا هەتایە بەنەمری بمێننەوە .. بوونە مایەی ڕێز و شانازیش بۆ گەل و وڵاتەکانیان.

ئێمە ئەمجارەیان باسی کەڵە ناودارانی گەورەکانی (بە تەمەن گەورە)ی جیهان ناکەین .. بەڵکو بە کورتی باسی (زیرەکترین و بەهرەمەندترین نۆ منداڵان لە جیهاندا) دەکەین، کە لە توانا بەدەرن و هەریەکەیان لە بوارێکدا

هەڵکەوت و دەرکەوت .. نۆ منداڵی بلیمەتی لە رادەبەدەر .. بێ گومان ئەم منداڵە بلیمەتانە داهاتوویەکی مەزن دەبێت .. یەکێک لەو زیرەکترین منداڵانەش خونچەگوڵێکی کوردە کە ناوی (بەفرین کەریمی)یە، لە وڵاتی نەرویج دا دەژین .. ئەو نۆ منداڵانەش ئەمانەن:

***١- ئەلیتا ئەندریا:*** بە بچوکترین کچە هونەرمەندی شێوەکاری جیهان دەزانرێت، ئەلیتا لە تەمەنی دوو ساڵیدا، چەند وێنەیەکی رەنگاوڕەنگی نایاب و جوانی کێشا .. تابلۆکانیان خستە پێشانگایەکی هونەریی بە ناوبانگاوە .. جێی سەرنج و سەرسوڕمانی بینەران بوون .. بۆیە ئەلیتا شایانی خۆیەتی کە وەکو منداڵێکی زیرەک بەدەر ناوی لەم (لیستی زیرەکترین منداڵان لە جیهان)دا تۆمار بکرێت.

***٢- جادلین سمیس:*** کوڕی ئەکتەری سینەمایی بە ناوبانگ (ویل سمیس)ە، ئەم کوڕە منداڵە لەگەڵ باوکیدا، لە فیلمی ( گەڕان بە دوای شادی) دا، بەشداری کرد و رۆڵی پاڵەوانێتی لەم فیلمەدا هەبوو، بە هۆی رۆڵی سەرکەوتووی (جادلین) نەوە .. ئەم فیلمە زۆرترین داهاتی بە دەست هێنا .. هەروەها جادلین پاڵەوانی فیلمی (کوڕە کاراتێکە) ش بوو کە لەلایەن ئەکتەری بە ناوبانگ جیهانی (جاکی شان) نەوە راهێنرابوو .. جادلین بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕێنەر رۆڵەکەی ئەنجام دەدا.

***٣- ئیلینا سمیس:*** بچووکترین پێشکەشکەری بەرنامەی تەلەفزیۆنی یە لە جیهاندا .. کە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، بە شێوەیەکی جوان و بە زمانێکی شیرین و، بە روویەکی گەشەوە، بەرنامەیەکی راستەوخۆی (ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوە)ی هەفتانەی لە تەلەفزیۆندا پێشکەش دەکرد .. کە لە میانەی بەرنامەکەیەوە راستەوخۆ ئامۆژگاریی هەزاران بینەران و گوێگرەکانی دەکرد .. خەڵکییەکی زۆر هەفتانە چاوەڕیی پێشکەشکردنی ئەو بەرنامەیەیان دەکرد، کە ئیلینا پێشکەشی دەکرد.

***٤- ئەکرێت جایسواڵ:*** ئەکرێت جایۆ کە بە (ئەکرێت جایسواڵ) ناسراوە .. بە (زیرەکترین منداڵی جیهان) ناودەبرێت .. ئەکرێت کوڕێکی هیندی یە، تێکڕای زیرەکی گەیشتە (١٤٦) پلە .. ئەکرێت لە تەمەنی (حەوت ساڵ)یدا، نەشتەرگەرییەکی گرنگ و گەورەی ئەنجامدا .. لە تەمەنی (یانزە ساڵ) یشدا، هێندەی نەمابوو کە چارەسەری شێرپەنجە بدۆزێتەوە.

*٥- کیلۆپاترا ستران:* بە بچووکترین ئەستێرەی هونەری گۆرانی لە جیهاندا ناسرا .. ئەم خونچە گوڵە لە تەمەنی (سێ ساڵ)یدا، یەکەمین ئەلبوومی گۆرانییەکانی خۆی تۆمار کرد و، لە گەڵێ لە وڵاتانی جیهاندا بڵاوکرایەوە .. کیلۆپاترا بچووکترین هونەرمەندە لە جیهاندا، کە زیاترین پارەی لە فرۆشتنی سیدیی گۆرانییەکانی دەسکەوت، ژمارەیەکی پێوەری جیهانی لە ناوبانگ و لە دەسکەوتدا بەدەست هێنا .. هەروەها کیلۆپاترای سترانبێژ، بچوکترین هونەرمەندە لە جیهاندا، کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بەبێ وەستان و پشوودان.. لەسەر شانۆدا، بە ئامادەبوونی خەڵکییەکی یەکجار زۆر گۆرانی پێشکەش کرد .. بچوکترین گۆرانبێژیشە کە خەڵاتی (ئێم تی ڤی) یان پێ بەخشی، لە ریزبەندی هونەرمەندەکانی وڵاتەکەشیدا، بە یەکەمین هونەرمەند تۆمارکراوە.

*٦- سیسیلیا کاسینی:* خونچەگوڵ سیسیلیا، بچووکترین دیزاینسازی جلوبەرگی ژنانە لە جیهاندا، ئەم نەشمیلەیە لە تەمەنی (یانزە ساڵ)یدا، ناوی لە لیستی (بە ناوبانگترین منداڵانی جیهان) دا تۆمارکرا، لەم دواییەدا سیسیلیا کۆمەڵێک مۆدێل تازەی جلوبەرگی ژنانی لە نیویۆرک نمایش کران.

*٧- کاتیا ترۆشیڤا:* کچۆلەیەکی ئێسک سووکی روسی یە، ئەمساڵ تەمەنی سیانزە ساڵە و، لە پۆلی حەوتەمی قوتابخانەی بنەڕەتیدایە .. کاتینا لە سەرەتای ئەمساڵدا (٢٠١٤)دا، نموونەی خێراترین کەشتی ئاسمانی دروست کرد و، ناوی لێناوە (ئەستێرەی زەوی)، کە جێی سەرسوڕمانی زانایانی بواری ئاسمانین .. بۆچوونی زانایان تا ئەمڕۆ ئەوە ئەوەیە، کە خێراترین رۆکێت و کەشتی ئاسمانی دەتوانێت بە (٥٠) هەزار ساڵ ئینجا بگاتە یەکێک لە ئەستێرە نزیکەکان لە زەوییەوە .. بەڵام ئەم کەشتییە داهێنانەی کاتیا دەتوانێت بە (٤٢) ساڵ بگاتە ئەستێرەیەکی نزیکی زەوی .. کاتیا ترۆشیڤا لە بارەی کەشتییەکەی خۆیەوە دەڵێ: "کەشتییەکەم خێرایییەکی زۆر لە رادەبەدەری هەیە.. لە هەموو ئەو رۆکێت و کەشتییە ئاسمانییانەی تا ئێستا دروست کراون چەندین جار خیراتر و تیژترە.

*٨- بەفرین کەریمی:* خونچەگوڵ (بەفرین شادۆست کەریمی)، لە رۆژی (٢٦ - ٦ - ١٩٩٨) ز، لە شاری کەلار لە باشووری کوردستاندا، لە خێزانێکی کورد و کوردستان پەروەر لە دایک بووە . دایک و باوکی خەڵکی ناوچەی کرماشانن لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا ئەم خێزانە کوردەمان لە شاری (ئۆسلۆ)ی پایتەختی نەرویج پەنابەرن .. تەمەنی بەفرین چوار ساڵان بوو هاتنە نەرویج . بەفرین بە ماوەیەکی زۆر کورت لە باخچەی ساوایاندا، بە قسەکردن و بە خوێندنەوە و نووسین پێرفێکت فێری زمانی نەرویجی بوو .. بەفرین لە تەمەنی (هەشت ساڵ)یدا

چەند شانۆگەرییەکی بە زمانی نەرویجی نووسی و، لەسەر شانۆی قوتابخانەکەیاندا نمایش کران .. هەر لەم تەمەنەوە، تا ئەمڕۆ لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنە کوردییەکان و جەژنی نەورۆز و لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا .. لە شاری ئۆسلۆدا، بە زمانی نەرویجی وتە و پەخشانی پێشکەش کردووە و، سەرنجی هەمووانی راکێشاوە .. بەفرین کورد و کوردستان پەروەردەیی ناسراوە، شانازیش بۆ باوک و دایکی دڵسۆزیان دەگەڕێتەوە، کە بە کوردایەتی و خۆشەویستی بۆ کوردستان گۆشیان کردووە .. بەفرین کەریمی لە لە تەمەنی (دە ساڵ) یدا بە زمانی نەرویجی رۆمانێکی نووسی و، لە ساڵی (٢٠١٠)دا چاپی کرد، رۆمانەکەشی لەژێر ناوی (ماریا و زڕدایکەکەی) دایە، کە باس لە کێشەیەکی ئەمڕۆی ئەوروپی، بەڵکو کێشەیەکی جیهانیشە، کە دایک و باوک لە یەک جیادەبنەوە، منداڵەکانیان دەبنە قوربانی و باجی ناکۆکیی نێوان دایک و باوکیان دەدەنەوە، سەرگەردان و بێ دەرتان دەبن و، سۆزی دایک و باوکیشیان کاڵ دەبنەوە، لەوانەشە بکەونە ژێر دەستی زڕدایکەوە، دەبێت چارەنووسی و دوارۆژی ئەم منداڵانە بەچی بگەن .. بە چ لایەکدا بکەون ..؟ بەفرین رۆمانەکەی بە زمانێکی پاراو و پەتی و ناسکی نەرویجی و، بە شێوە و فۆرمێکی ئەدەبی زۆر رێک و جوان دارشتووە .. بۆتە مایەی سەرنج راکێشان و سەرسوڕمانی خوێنەرانی نەرویجی .. کە منداڵێکی کورد لە تەمەنی دە ساڵاندا رۆمانێکی وا جوان و، بە زمانی نەرویجی بنووسێت .. لە لایەن گەلێ کەس و لایەنی نەرویجی و کوردی ی ناسراوەوە، ئافەرینێکی زۆر و دەستخۆشیان لێ کرد .. بەفرین لە تەمەنی (پانزە ساڵ) یدا، رۆمانی دووەمیشی لە ژێر ناوی (خەونێکە و دێتە دی) هەر بە زمانی نەرویجی نووسیوە .. نیاز وابوو لە ساڵی (٢٠١١)دا، چاپ بکرێت .. بەڵام لەبەر کێشەی ئابووری چاپ نەکراوە.

بەفرین کەریمی ئەندامی (کۆمەڵەی منداڵانی کورد - لە نەرویج)، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کوردیلەکان)یشە، کە بە زمانی نەرویجی نووسینەکانی خۆی لەم گۆڤارەدا بڵاودەکاتەوە .. تا ئێستاش چەند چیرۆکێکی بە نەرویجی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە.

بەفرین ئێستا لە (پۆلی دە) دایە، نمرەکانی لە هەموو وانەکاندا لە لە شەشدا شەشن، واتا سەد لە سەدان، ساڵی داهاتووش دەچێتە، قۆناغی ئامادەییەوە .. من پێشبینی ئەوە لە نەشمیلەی رووخۆش و بلیمەت بەفرین کەریمی) دەکەم، کە دوارۆژێکی مەزن و، پلە و پایەیەکی گەورەی دەبێت و، دەبێتە مایەی رێز و شانازی بۆ کورد و کوردستان.

**٩- نەوا رێنجەر:** هۆی تۆمارکردنی ناوی نەوا رێنجەر لە (تۆماری زیرەکترین منداڵانی جیهان) دا هەر ئەوە نییە

کە لە تەمەنی هەشت ساڵاندا وەکو ئەکتەرێکی بە توانای سینەمای ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی (لاست ئایەربێندەر)دا هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو تەمەندا خەڵاتی (پشتێنی ڕەشی)ی لە هونەری کاراتێدا وەرگرت.

(پیاژە) لە بارەی زیرەکی منداڵانەوە دەڵێ: "منداڵ فەیلەسووفێکە، لە ڕێی تاقیکردنەوەوە جیهانی دەوروبەری دەناسێت".

**١٢ی مای ٢٠١٤**

## ئەدەبی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



زۆر بە کورتی و بە چڕی باس لە (ئەدەبی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەکەین. سەرەڕای ئەوەی داگیرکەری ئێرانی، بە زۆرداری زمانی فارسییان بەسەر گەلی کوردماندا سەپاندووە، خوێندن لە قوتابخانەکاندا تەنها بە زمانی فارسییە، خوێندن بە زمانی زگماکی کوردی قەدەغەیە .. ئەمەش بە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤەوەیە و، بەڵگەیەکی زەقیشە بۆ ڕەگەزپەرستی ڕژێمی ئێرانی .. بێگومان ئەم غەدرە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی، لەسەر بیر و دەروون و هەست و چێژی منداڵانی کوردمان بەجێهێشتووە، چونکە بەزۆر بە زمان و بە کەلتوورێک ئاشنایان دەکەن .. کە نامۆن بە لای منداڵانی کوردەوە و، دوورن لە تام و چێژی زمانی کوردی و لە کەلتووری ڕەسەنی کوردیمان، بۆیە بەشێکی زۆر کەمی منداڵانی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بە زەحمەتی دەتوانن چیرۆک و شیعر و بابەتینووسراوی منداڵانبە زمانی کوردی بخوێننەوە .. زیاتر پشت بە دەزگاکانی بیستراو و بینراو دەبەستن .. وەک گوێگرتن لە ڕادیۆ و لە سیدی و لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانمان.. بەمەش ناتوانن مەستی حەز و ئارەزووەکانیان ببن.. بەڵام سەرەڕای ئەم تاوان و ناهەقی و نادادپەروەرییەش.. ئێمەی کورد گەلێکی خۆڕاگر و چاوقایمین و، هەردەم داکۆکی لە مانەوە و لە سەلماندنی خۆمان دەکەین ..ئەوە مەحاڵە کە خۆمان

بدەین بە دەستی داگیرکەرانەوە .. تا ئێستا کۆمەڵێک لە شاعیران و نووسەرانی ناسراو و دڵسۆزی کوردمان، لە ڕۆژهەڵاتی خۆڕاگری کوردستان دا، منداڵانیان فەرامۆش نەکردوون، بە چیرۆک و شیعر و شانۆ و پەخشانی جوان و شیرین باخچەی ئەدەبی منداڵانیانی کوردیانرازاندۆتەوە .. مژدەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا راگەیاندووە .. ئەگەر وبوارێکی باشیان بۆ بڕەخسێت، دەتوانن زیاتر گەشە وتەکان بەم بزووتنەوەیە بدەن و پێشی بخەن .. ئەمە و کورد چ لە باکور یا لە باشوور یا لە ڕۆژهەڵات یا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا بژین، کوردستان یەک کوردستانە و، هەمووشمان ڕۆڵەی گەلێکین و،هەر هەموومان یەک چارەنووس و یەک ئایندەمان هەیە .. گەشبینم کە ئایندەیەکی گەشمان دەبێت .. لە راستیدا (ئەدەبی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا، لە سەردەمی (کۆماری کوردستان)دا گزنگی دا، دەرچوونی (گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، بوو بە هەوێن و، بە بەردی بناغەی ئەم بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کورد.

(گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد - ١٩٤٦): گەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان لە ساڵێک کەمتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەم تەمەنە کورتەشەدا، سەرەڕای هەڕەشە و ئەو کۆسپ و تەگەرەکانەی کە لە لایەن ڕژێمی شای گۆڕ بە گۆڕی ئێرانەوە دەخرانە ڕێی گەشەکردن و پێشکەوتنی .. سەرەڕای سنوورداری توانای ئابووری، بەڵام کۆماری کوردستان لەو تەمەنە کورتەی دا، لە هەموو بوارەکاندا گەشە و پێشکەوتنێکیگەورە و بەرچاوییە خۆیەوە بینی .. یەکێک لەو بوارە گرنگانەش، بواری پەروەردەی منداڵان و خوێندن بە زمانی زگماکی کوردی و، بایەخدان بوو بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی .. دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پێشەوای هەمیشە نەمر (قازی محەمەد) و کابینەی کۆماری کوردستان .. لە هۆڵی گۆشکردن و پەروەردەکردنی دروست و، ئاراستەکردنی راستی منداڵانی کورد دا بوونە .. چونکە ئەوەیان لە بەرچاو گرتووە، کە منداڵان نەوەی داهاتوون و ڕۆڵ و کاریگەرییان لە ئایندەی کورد و کوردستان دا دەبێت و، درێژەبە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەدەن .. بۆیە بە هەستێکی کوردایەتی و مەردایەتی و، بە سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستانی شیرینمان، گۆش و پەروەردەیان دەکردن .. ئەو ڕەنجەشیان بێ بەر نەبوو، چەندین ڕۆڵەی تێکۆشەر و قارەمانی ناسراوی ئەمڕۆمان، چەندین سەرکردەی شەهیدی ڕێی ڕزگاری کوردستانمان، لە قوتابخانەی کوردایەتی کۆماری کوردستان دا، ئەلفوبێی کوردایەتی و کوردستان پەروەری و، خەبات و سیاسەت فێربوون .. هەر لەو کاتەدا بەڵێنیان دا و، سوێندیان خوارد کە درێژە بە ڕێبازە پیرۆزەکەی پێشەوای قارەمان و دڵسۆز(قازی محەمەد) بدەدەن.

گۆڤاری کڕوگاڵی منداڵانی کورد، یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کوردە، کە بە زمانی شیرینی کوردیمان لە ساڵی

(١٩٤٦)دا، لە شاری (مەهاباد)دەرکراو، لە (چاپخانەی کوردستان) دا چاپ کرا .. لەلایەن (قادر مودەرسی) یەوە سەرپەرشی دەکرا،کە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچوو .. ژمارەکانی ئەم گۆڤارە گەلێ بابەتیهەمەڕەنگەی ئەدەبی و پەروەردەیی و رێنمایی و رۆشنبیری و زانیاریی بە سوودی بۆ منداڵانی کوردمان لەخۆگرتبوون .. لە (لاپەڕەی دووەم)ی (ژمارەی یەکەم) ی گۆڤاری گڕوگاڵ، دەقی ئەم نووسراوەمان بەرچاو دەکەوێت: " پێشکەش بە تاقە گوڵی هیوای کوردستان پێشڕەوی منداڵانی کورد بۆ رێی زانستی و هونەری ئاغای علی قازی رۆڵەیشیرینی حزرت پێشەوای بەرزی کوردستان " .. هەر لە (ژمارەی یەکەم)دا، لە (لاپەڕەی کۆتایی) ئەم گۆڤارەدا، دەربارەی ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری گڕوگاکاڵی منداڵانی کورد نووسراوە: " ئەو مەجەللەیە تەنیا بۆ رووناککردنی بیری خوێندەوارانو منداڵانی کوردە "وەکو لە بەشێک لە بابەتەکانی ژمارەکانی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) دا دەردەکەوێت، ئامانجی گڕوگاڵ منداڵانی کورد، قووڵکردنی هەستی کوردایەتی و کوردستان پەروەری و، زیاتر شیرین کردنی زمانی کوردیمان بووە، لە لای منداڵانی کوردمان .. گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد، بۆئەو سەردەمە بایەخ و گرنگییەکی زۆریهەبووە، بۆ گەشەکردن و زاخاودانی هۆش و بیر و سۆز و هەستی منداڵانی کوردمان.. ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان دا، ژمارەیەکی زۆری گۆڤاری رەنگاوڕەنگی مانگانە بۆ منداڵانی کورد دەردەکرێن .. بەڵام هەردەم بە شانازیشەوە یادی دەرچوونی یەکەمین گۆڤاری کوردی بۆ منداکان ( گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد ) دەکەنەوە .. هیوادارینکە دەزگای رۆشنبیری منداڵان لە باشووری کوردستان دا، سەرلەنوێ هەرسێ ژمارەکەی دووبارە چاپ بکەنەوە و، لە ئەرشیفی مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد دا،وەکو بەڵگەیەکی مێژوویبمێنێتەوە.

کۆپی ژمارەی (١، ٢) لە ئەرشیفی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەبوو .. کۆپی هەر ئەم دوو ژمارەیە لە لای مێژوونووسی کوردمان دکتۆر ( کەماڵ مەزهەر ) هەیە، کە ئێستا لە هەولێر دەژی.

*ئێستاش چەند گۆڤارێک مانگانە و وەرزی بۆ منداڵانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوەرددتان دەردەچن، لەوانە: (دنیای منداڵان ـ منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکات)، (نێرگز)، (سروە)، (شۆخ و شەنگ).*

ئەمانە ناوی هەندێ لەو شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەرە دڵسۆزانەن، کە لەم بوارەدا بەپێی توانایان خزمەتی منداڵانی کوردیان کردووەو دەکەن،لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا: (هەژار موکریانی، عەبدولڕەحمان فەهیمی، عەلیڕەزا محەممەدیان، سیمین چایچی، سوغرا کەریمی، گوڵاڵە ستاوەند، ئەمین گەردیگلانی، شیلان گێلانی، سەلاح نیساری، کولسوم عوسمانپوور، ئەحمەدی بەهرامی، عەبدولقادر قادری، فایق باتەش، سەلام قادری، سەحەر

میهرەبانی، عەفیفە مەحمودزادە، لەیلا ساڵحی، خاڵەند ئەحمەدی، سۆران حوسێنی، یونس ڕەزایی، سوارە فەتوحی، یوسف فازلی، عەلیڕەزا قاسمی فەڕ، عەلی سەهامی، رەزا مەوزوونی مەنوچێهر پۆردێل، سەلام پارسا، فەریبا کەڵهوڕ) ئەمانە و چەندین نووسەری تری کوردمان لەم بوارەدا نووسینی هەمەڕەنگەیان هەیە..شایانیباسە و مایەی دڵخۆشییە، ڕێژەیەکی باشی ئەم نووسەرانە لە خۆشکانن .. زۆر بە کورتی نموونە لە نووسینی هەندێ لەو ناوانە دەخەینە بەرچاو:

(هەژار موکریانی: ١٩٢٠ - ١٩٩١) ناوی ( عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی)یە، لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و (هەژار) نازناویێتی.. مامۆستا هەژار موکریانی شاعیرێکی گەورە و ناوداری کوردمانە، زمانزانێکی بلیمەت و فەرهەنگسازێکی زیرەک ووەرگێڕێکی زۆر بە توانا بوو، کورد و کوردستان پەروەرێکی تێکۆشەر و ناسراو بوو، چەندین کتێبی لە هەموو بوارەکاندا نووسیوە و چاپی کردوون.. مامۆستا هەژار کۆمەڵێک شیعر و چیرۆکە شیعری جوانیشی بۆ منداڵانی کوردمان نووسیوە، کە بە شێوازێکی شیرین و ناسک، بە کوردییەکی پەتی و ئاسان و ڕەوان و پاراو، بۆیانیداڕشتوون .. ئەمەش دوو نموونەن لە شیعرەکانی مامۆستا هەژار بۆ منداڵان:

*بەهار.*

*زستان نەما ، بەهــار هات*
*خۆشی بۆ گوند و شار هات*

* * *

*بولـبول گەیی بە مـرادی*
*دەخـــوێنێ بە ئـــازادی*

* * *

*پەپــولە لە چڵ بۆ چڵ*
*دەچن بۆ سەیرانی گوڵ*

* * *

*جـوانە ئەم چیا و دەشتە*
*کوردستان وەک بەهەشتە.*

یاری.

تۆپی یـاریم زۆر خۆش دەوی یـاریم لەبـەر چـاو ناکەوێ
پیاو بە وەرزش بە هێـز دەبێ لای مەردەم خاوەن ڕێز دەبێ
وەرزش مـــرۆ ئـــازا دەکا ئـــازا وڵات ئـــاوا دەکا
من لە وەرزشپـــاڵەوانم ڕۆڵەی ئـازای کوردســـتانم.

(ئەمین گەردیگلانـی) لە دێـی (گەردیگـلان) ی سـەر بە شـاری (سـەقز) لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە دایـک بـووە، نووسەرێکی ناسراو و، وەرگێڕێکی بە تواناشە، تـا ئێسـتا چەندشـاکارە ڕۆمـانێکی لە زمـانی بێگـانەوە وەرگێـڕاوەتە سەر زمانی کوردیمـان .. ئەمـانەش تەنهـا نـاوی ئەو کتێبـانەن کە کـاک ئەمین گەردیگلانـی بـۆ منـداڵان کـورد وەری گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و چاپی کردوون : (دار و پەپوولە و رووبار، کەڵەشێری ورگن، تەپڵـی ئـاور) . تـا ئێستا کۆمەڵێک شیعری جوانی بۆ منداڵان داناون .. ئەمە یەکێکە لە شیعرەکانی کـاک ئەمین گەریگلانـی، بە نـاوی (پشیلە)وە:

پشیلە.

پشیلەی جـوانی خـاڵ خـاڵ
تـووک نەرم و نۆڵـی چاوکـاڵ
* * *
گـوێ کورت و سمـێڵ قیتـی
وریـــا و بەهـۆش و زیـتـی
* * *
خۆشـــە میـــاوە میـــوات
جـــوانە بریقـــەی چـــاوت
* * *
بە ڕۆژ هـــەتا ئێـــواران

*لەبـــن دار و دیـــواران*

** * **

*خۆت مات دەدەی لە مشکان*

*لە جووجـــەڵەی مریشکان*

** * **

*دایـــم خـــەریکی راوی*

*سمـــێڵ قیـــتی فـێڵاوی.*

**(عەلیرەزا محەممەدیان) بە شێوە زاری ئەردەلانی (سنەیی) دەنووسێ، نووسەرێکی ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵانی کوردە، چیرۆکە شیعرە چاپکراوەکەی بۆ منداڵان بە ناوی (ماسی خانم)، چەند جارێک دووبارە چاپکراوەتەوە، زیاتر لە (٨٠)هەزار دانە لەم کتێبەی فرۆشراوە .. ئەمەش بەشێکە لە چیرۆکەشیعری (ماسی خانم)ی شاعیر عەلیرەزا محەممەدیان:**

*ماسی خانم.*

*ماسی خـــانم نـــاو دەریا*

*چارشــــێوی دا بە سەریا*

** * **

*کەفــتە رێـگا خـرتە خرت*

*شـیرین شـیرین وردە ورد*

** * **

*ماسی خـــانم کـەوشی نـەوو*

*ماڵەکەیـــان حـەوشی نـەوو*

** * **

*وەختێ چوو بۆ سەر کووچی*

*چـاوی کەفـتەو بە جی جی*

* * *

جی جی زەدەواڵـــــە بوو

منـــاڵ ئەو بەرمـــاڵە بوو

* * *

وتـی قـــــەزاو لە گیـــانم

ڕێـگەی هـەس و ئـــەزانم

* * *

ماسی کـەوشی لە پـا کـەند

وتـی ئیمـڕۆ بۆ تـۆم سـەند

* * *

ئیـتر بەســـیە نەگـــری

با بێــژن چـــەنی ژیـــری.

(عەبدولڕەحمان فەهیمی: ١٩٥٥ - لە ژیاندایە کە بە نازناوی (دەرویش) سەقزی ناسراوە، لە شاری (سەقز) لە دایک بووە .. یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی بواری نووسینی چیرۆک و شیعر بۆ منداڵان .. تائێستا چەند کتێبێکی بۆ منداڵان چاپ کردووە، لەوانەش : ( شادی بۆ منداڵان ـ١٩٩٦ ـ شیعرە، ئاشتی بۆ منداڵان ـ ١٩٩٨ـ شیعرە ، دنیای بێگەرد بۆ منداڵان ـ ٢٠٠٠ـ شیعرە، ئازار ـ چیرۆکە) ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی کاک عەبدولڕەحمان فەهیمی بۆ منداڵان، لەژێر ناوی ( دایە گەورە)دا، کە لە کتێبی (خۆر و لاولاو)دا بڵاوی کردۆتەوە:

دایە گەورە.

دایـە گـەورەم زۆر جـوانە

قـــژی دەکـەم بە شـانە

* * *

پەلکەکـــانی دەبەســــتم

لە یاریـــدەی ناوەســـــتم

* * *

چاویلـــــکەی بۆ دەسڕم

چی پێویست بێ بۆی دەکڕم

* * *

دەیشـێلم هێـدی و هێـمن

ئەویش هەڵنـــاکا بێ مـن

* * *

بۆم دەڵێ چیــرۆکی خۆش

خەمـان دەکـا فــەرامۆش

-----

بە لایلایەی خــۆشی ئەو

شەو چـاوم دەچێـتە خەو.

(سیمین چایچی) لە شاری (سنە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە .. خاتوو سیمین، نووسەر و شاعیرێکی نوێخواز وناسراوی کوردە ..لە بواری ئەدەبی منداڵان دا توانایەکی باڵای هەیە و، شوێن پەنجەی بە تۆخی لەم بوارەدا دیارە، تا ئێستا کۆمەڵێک شیعر و چیرۆکە شیعر و شانۆگەرییجوانی بە شیعرەوە بۆ منداڵاننووسیون .. خۆشی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا وەکو ئەکتەرێکی منداڵ لەسەرشانۆدا لە شاری (سنە) دابەشداری لە نواندا کردووە .. سیمین چایچی وەک لە شانۆگەری (تیتیل وبیبیل) دا دەردەکەوێت، تا ڕادەیەک سوودی لە چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییەکانمان وەرگرتووە ..سەرەڕای زمانی کوردیش، بە زمانی فارسیش شیعر دەنووسێ و بڵاوی دەکاتەوە .. ئەمانە ئەو کتێبانەن کە خاتوو سیمین بۆ منداڵانی نووسیون و چاپی کردوون:

١- گۆرانییەکان ـ کۆمەڵە شیعریەکە بۆ منداڵان.

٢- (تیتیل و بیبیل) شانۆگەرییەکە ـ کە لە دەقە چیرۆکە ئەندێشەییە کوردییەکەوە(تیتلە و بیبلە) وەری گرتووە و، ئەم بە شیعر دووبارە دایڕشتۆتەوە .. لە لایەن منداڵانی شاری هەولێرەوە لەسەر شانۆدا پێشکەش کرا و، لە تەلەفزیۆندا چەند جارێک نیشان درا.

٣- (شاری ئاشتی و خاڵخاڵۆکە) و (شای مشکان) دوو شانۆنامەن بۆ منداڵان، لە سلێمانی لە ساڵی ( ٢٠٠٧) دا،چاپیکردووە .. کە (لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم) ە.

٤- چیرۆکی جووجەڵە زەرد.

خاتوو سیمین لە ساڵی (٢٠٠١) دا، ئامادەکەری یەکەمین (زنجیرە درامایەکی بووکەڵەیی) بوو، بە ناوی (خرتۆڵ و سەرچۆڵ) کە لە (تەلەفزیۆنیکوردستان) لە (سنە) پێشکەش دەکرا.

دڵنیاین لەوەی کە خاتوو سیمین درێژە بەم خزمەتە پیرۆزەی دەدات، لە بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان ..چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکەین، کە بە بەرهەمی رەنگینتر دڵی منداڵانمان خۆش بکات.

٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان.

لەو رۆژەوە کە کەمال ئەتاتورک بوو بە فەرمانڕەوای تورکیا، ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت،کەمالییەکان و رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیای داگیرکەری باکووری کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆییانە، بە ئاگر و بە ئاسن پەلاماری کوردستانیان دا، مەرامی گڵاویان کوردقڕان بوو، لە چەندین شوێنی باکووری کوردستاندا، رەشەکوژی کوردیان کرد و، بە هەزاران رۆڵەی بێ تاوانی کوردیان بە ناڕەوا شەهید کرد، دەستیان لە منداڵ و لە ژن و لە پیریش نە پاراستووە، مەبەستیانسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان بوو، هەموو رێگایەکیان لە کورد گرتبوو، هەموو دەرگایەکیان لەسەر داخستبوو، نووسین و خوێندنەوە و قسەکردنیان بە کوردی قەدەغەکردبوو، بەڵکو دانیان بە بوونی نەتەوەی کورددا نەدەنا .. ئەوان دەیانەویست جینۆسایدی کەلتوور و داب و نەریتی رەسەنی کوردیشمان بکەن، دەیانەویست زمانی شیرینی کوردیمان لە بەرچاوی منداڵانی کورد بخەن و،سۆز و خۆشەویستیو هابەستەبوونیان بۆ کورد و کوردستان کاڵ بکەنەوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە منداڵەکانمان لە گەلەکەمان هەڵبگەڕێننەوە، تەنانەت ئەوەشیان قەدەغەکردبوو، کە ناوی کوردی لە منداڵانی کورد بنێین، لە دایرەی لەدایکبوون و سەرژمێریدا ناوی کوردییان تۆمار نەدەکرد، بە زۆر و زۆرداری زمان و کەلتووری نەریتی تورکییان بەسەر گەلی کوردماندا سەپاندبوو، کە بە لای منداڵانی کوردمانەوە کەلتوورێکی نامۆیە .. هەر بەم تاوانانەشەوە نەوەستان .. تورکیا بۆ پشتگوێ خستنی باکووری کوردستان،سیاسەتێکی نامرۆییانەیان دەرهەق بە

گەلی کوردمان پەیڕەوی دەکرد، سیاسەتی برسی کردن و بێکاری و هەژاری و نەخوێندەواری و بێ خزمەتگوزاری و پەراوێزکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی باکووری کوردستان .. کە تا ئەمڕۆش ڕەنگدانەوە و ژەنگی ئەم پەراوێزکردن و سیاسەتەناڕەوا و نایەکسانی نادادپەروەرییەی تورکیا،بە زەقی بە هەموو شار و شارۆچەکانی باکووری کوردستانەوە دیارن، کە دەستی خزمەتگوزاری وئاوەدانی و خۆشگوزەرانی وپێشکەوتنیان بۆ درێژ نەکردوون .. زۆریش بە زەحمەت لە گوندەکانی باکووری کوردستاندا قوتابخانەیان دەکردەوە .. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردمان فێری خوێندن و نووسین نەبن و چاویان نەکرێتەوە .. تا ئەم زووانەش بە زۆرداری، لە کاتی ریزبوونی دەستپێکردنی خوێندنی رۆژانەدا، دەبوایە منداڵانی کورد دەقی ئەم دروشمە رەگەزپەرستییەی تورکیایان، بە زمانی تورکی بوتایەتەوە: *(من تورکم.. دایکم تورکە.. باوکم تورکە.. داپیرەم تورکە.. باپیرەم تورکە.. بنیادەم تورکە .. کۆماری زۆر بژی.. بژی.. بژی.. بژی.. کۆماری زۆر بژی)..* ئەمەو هەر لە پۆلی یەکەمینی سەرەتاییەوە، دەبوایە منداڵانی کورد بە زمانی تورکی فێری ئەم رستەیە ببوونایە و، شانازییان بەوەوە بکردایە، کە تورکن و رۆژانە لە پۆلدا چەندین جار پێیان دووبارە دەکردنەوە: " شاد ئەوکەسەیە کە بڵێت من تورکم " مەبەستی کەمالیزم و شۆفێنیزم و تورانیەت ئەوە بوو، کە منداڵانی کورد بە تورک بکەن و، هەستی کوردایەتی و سۆز و پەرۆش و خۆشەویستییان بۆ کوردستان، لە دڵی منداڵانی کورد کاڵبکەنەوە و، زمانی شیرینی کوردییان لەبەرچاو بخەن، لە کەلتوور و لە داب و نەریتی رەسەنی کوردیمانهەڵیان بگەڕێننەوە و،نکوڵی لە کورد و کوردستان بوونی خۆیان بکەن .. تورکیا چەندین مێردمنداڵ و لاوی کوردیان کوشت و لە سێدارەیان دان، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کە دروشمە رەگەزپەرستتەی سەرەوەیان نەدەوتەوە..بە سەدان لاوی کوردیشیان بە تومەتی هەڵبەستراوی (ناپاکی لە دەوڵەت )یا (تاوانی جوداخوازی) لە سێدارە دان، بە هەزاران لاو و منداڵ و هەرزەکاری کوردیان گرت و، لە زیندانییە سامناکەکانی تورکیادا، رۆژانە بە درندەترین شێوە، ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونیان دەدان، تەنها لەبەر ئەوەی کە کوردن و، تامەزرۆی ئازادی و ئاشتی بوون .. تا ئەمڕۆش ئەمڕۆش، بەندیخانەکانی تورکیا پڕن لە منداڵ و مێردمنداڵی کورد، بەشێکی زۆریان تووشی نەخۆشی دەروونی و جەستەیی بوونە .. تورکیا تا ئێستا رێی بە تیمەکانی مافەکانی مرۆڤ نەداوە، کە سەردانی گرتووخانەکانیان بکەن، تا ئەو تیمانە راستییەکان بۆ جیهان ئاشکرا بکەن.. تورکیا تۆقی لە منداڵانی کورد چووە، لەوەی کە گەورە ببن و ببنە کوردستان پەروەر و، رێی کوردایەتی بگرنەبەرە .. بۆ نموونە منداڵێکی کوردی تەمەن (١٢) ساڵانیان لەسەر ئەوە زیندانی کرد، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو منداڵە کوردە، دوو پەنجەی دەستي راستی لە شێوەی ژمارە (٧) دا بەرزکردبۆوە، وەکو تاوانبارێک سزای ئەم منداڵە دڵپاکەیان..؟!

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانە، سەرەڕای هەڕەشەکانی تورکیا.. نەیان توانی چۆک بە گەلی کوردمان دادەن، نەیان توانی سوڕانەوەی رەوڕەوەی بۆ پێشەوەچوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد رابگرن، بەڵکوبە پێچەوانەی نیازگڵاوی ئەوانەوە، کورد سوورتر بوو لە خەبات و تێکۆشان و،لە خۆڕاگری و کۆڵنەدان،لە بەرگریکردن و بەرخودانی.. تا ئەو رۆژەی گەلی کوردمان دەگات بە مافە رەواکانی خۆی،وچان نادات و درێژە بە خەبات و شۆڕشی رزگاریخوازی دەدات .. بە دڵنیاییە هیچ گەلێک رەنجبێوەر نابێت، ئەگەر تێ بکۆشن و قوربانی بدەن و، سووربن لەسەر هێنانەدی مافەکانیان .. ئەمڕۆبێت یا سبەی بەدەستی دەهێنێت .. گەشبینم و باوەڕم بە خۆمان هەیە، کە ئێمەی کورد رۆژ لە دوای رۆژ، زیاتر لە هێنانەدیی هیوا خواستەکانمان نزیک دەبینەوە .. سەرکەوتن بۆ کورد و کوردستان دەبێت .. ملکەچکردن و رسوابوونش بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەبێت..

دەبێ تورکیا خۆی گێل نەکات و، ئەوە بزانێت کە کێشەی کورد، کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەییە، کێشەی گەلی کوردی ماف زەوتکراو و،کێشەی داگیرکردنی نیشتمانەکەی کوردستانە .. تا دەست لە کوردستان هەڵنەگرن و، ئەو مافە زەوتکراوانە بۆ کورد نەگەڕێننەوە .. نە تورکیا و نە ئێران و نە سوریا و نە عێراق، ناتوانن بە ئارمی بژین .. بە چارەسەرکردنی ئەو دووکێشەیە، هەموو کێشەکانی تریش چارەسەر دەبێت .. تورکیا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە هەرگیز ناتوانی لە رێی لەشکرتاری و بە کارهێنانیهێزەوە، کۆڵ بەکورد بدات .. کێشەی کورد بە دیالۆک و، بە دانان بە مافەڕەواکانی، بە بەڕێوەبردنی کوردستان لە لایەن کوردە، بە رێزگرتن لە خواست و ئیرادە نزیکەی (٢٥) ملێۆن کورد لە باکووری کوردستاندا چارەسەر دەکرێت .. جواهیر لال نەهرۆ لە کتێبەکەیدا (چاوپێخشانێکبە مێژووی جیهاندا) ئامۆژگاری ئەتا تورکی کرد، کە گەلێکی وەکو گەلی کورد کە ئامادەی قوربانی دان بێت، ئەوە مەحاڵە بە زەبر و هێز لەناوببرێت .. گەلی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە پیاوەتی و چاکەیەکیزۆری بەسەر گەلانی تورک و عەرەب و فارسەوە هەیە .. بەڵام زۆر بەداخەوە رژێمە رەگەزپەرست و دیکتاتۆرەکانی ئەم گەلانە، لە جیاتی پێزانین و سوپاسی گەلی کوردمان بکەن ..زۆر بە ناپیاوی و بە داگیرکردنی خاکی کوردستان و، بە چەوسانەوە، بە گرتن و بە کوشتن، بەبە تالانی بردیسامانمان،بە راگواستنەوە، بە کاولکردنی کوردستان، بە کیمیاباران، بەئەنفال کردن، رەشەکوژی و کۆمەڵکوژی،بە ئاگر و ئاسن، بە هەموو شتێکی ناشیرین و ناڕەوا و قێزەوەن و نەشیاو .. پاداشتی پیاوەتی و چاکەکانمان دەدەنەوە .. ئەمەیە رەوشتی پێنەزان و سپڵەکان.

دێینە سەر مەبەستی نووسینەکەمان، کە چاوپێخشاندنێکە بە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کوردمان لە باکووری کوردستاندا .. لە کۆن و لە ئەمڕۆدا، بە دەیان کەڵە شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و رۆماننووس و رۆژنامەنووس

و هونەرمەند و رۆشنبیری گەورە و بە ناوبانگ، بە دەیان کورد و کوردستان پەروەری ناودارمان، لە باکووری کوردستاندا هەڵکەوتوون، کە بەزمانی شیرینی کوردی بابەتەکانیان نووسیون، تەنها بەشێکی کەمیان نەبێت، کە بە زمانی تورکیدەنووسن، تەنانەت ئەم بەشەش بە هەستێکی کوردانەوەدەنووسن و، ناوەڕۆکی بابەتەکانیشیان دەربارەی کوردن .. هەندێ لەم شاعیر و نووسەرانەمان کۆچیان کردووە، بەڵام بەرهەمە نایابەکانیان نەمری و شانازی و رێزی پێ بەخشیون .. بەشێکی زۆریشیان لە ژیاندان و .. درێژە بە نووسین و بە داهێنانی ئەدەبی دەدەن، ئەمانە ناوی بەشێکە لەو شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانەی باکووری کوردستانی شیرینمان:

(فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری، مەلا مەحموودی بایەزیدی، مەلا ئەحمەد نامی، ،ئەمین عالی بەدرخان،جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، رەوشەن بەدرخان، سەعید نەورەسی (بدیع الزمان)، میقداد مەدحەت بەدرخان، قەدری جەمیل پاشا، ئوسمان سەبری، فورات چەلەبی، یەشار کەمال، سەبری بۆتانی، مەحموود باکسی، محەمەد ئوزون، محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، فورات جوری، سلێمان دەمیر، موسا عەنتەر، حوسین مەتی، یلماز گۆنای، رەمەزان ئالان، رۆژن برناس، ئەسما ئوچاک، حامید ئامەدی ( یەکەمین خۆشنووسی جیهان)،یلماز ئۆداباشی، ئەحمەد قایا ، فلیت توتانی، ئەمینە ئێڤدال، ... ئەمانە و بە دەیان شاعیر و نووسەر و رۆشنبیری و هونەرمەند وناوداری ترمان لە باکووری کوردستاندا هەن) .

هەر باسێک، کە دەربارەی رەوتی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەری و کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان و شۆرش لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا بکرێت .. پێویستە بە ئەوپەڕی شانازی و رێزەوە، باس لە رۆڵی گرنگ و،لە بەرخودانی ( بنەماڵەی بەدرخانییەکان ) بکرێت، لە راستیداهەموومان قەرزاری رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری و تێکۆشانی رابەرانی تێکۆشەر و دڵسۆزی بەدرخانییەکانین .. ئەوان پێشڕەو و چراهەڵگریبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوون .. ئەوان بناغەی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری و راگەیاندنی کوردییان دانا، تا ئەمڕۆش کارتێکردنی رۆڵی بەدرخانییەکان، لە بە بزووتنەوەی رۆشنبیری و رزگاریخوازی کورد دا دیارە .. نەوەی ئەمڕۆمان شانازییان پێوە دەکەن و بە ئەوپەڕی رێزەوە رۆڵ و تێکۆشان و قوربانیدانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە بەرچاو دەگرن و، هەردەم یادیان دەکەنەوە .. ئەوان شایانی زۆر لەوەش زیاترن.

(میر بەدرخانی بۆتان: ١٨٠٣ - ١٨٦٨)یەکەمین دامەزرێنەری بنەماڵەی بەدرخانییەکانە .. لەم بنەماڵە تێکۆشەری کوردمان، بە دەیان سەرکردە، شاعیر، نووسەر، رۆشنبیر، سیاسەتمەدار، رۆژنامەنووس، زمانەوانی،

فەرهەنگساز، چالاکوانی ژنان، دیبلۆماسی، هونەرمەند، تێکۆشەر، شۆڕشگێڕ، مامۆستای بەرز و ئەکادیمی ناودار و پایە بەرزیان تیا هەڵکەوتوو، کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە هەموو بوارەکاندا هەبووە، خزمەتێکی زۆری دۆزی کوردیان کردووە..ئەگەر دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتنی بەدرخانییەکان نەبوایە، زمان و نووسین و کەلتووری کوردیمان بەرەو کاڵبوونەوە دەچوون .. بەدرخانییەکان رۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی زمانی کوردی و لە گەشەکردنی رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردیدا هەبوو، بۆ یەکەمین جار چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکیان بە زمانی کوردی لە ئەستەمبوڵ و،لە دیمەشق دەردەکرد، لەوانە: (گۆڤاری کوردستان: ١٩١٩ـ ١٩٢٠)، (رۆژنامەی رۆژا کورد: ١٩٤٣ـ ١٩٤٦)، (رۆژنامەی ژین - ١٩١٩)، (گۆڤاری رووناهی: ١٩٤٢ـ ١٩٤٥)، (گۆڤاری هاوار : ١٩٣٢ـ ١٩٤٣)، (رۆژا نو : ١٩٤٣ - ١٩٤٦)، (رۆژنامەیستێر: ١٩٤٣ - ١٩٤٥)، (گۆڤاری ئومێد) ..(کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی) شیان، دامەزراند . بە دەستپێشخەری بەدرخانییەکان ( کۆمەڵەی هیواـ لە ئەستەمبوڵ) دامەزرا، هەر لەسەر دەستی ئەمانیش بوو، بۆ یەکەمین جار، یەکەمین رۆژنامەی کوردی کە "رۆژنامەی کوردستان" بوو .. یەکەمین ژمارەی لە (٢٢ - ٤ - ١٨٩٨) لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسردا لە لایەن رۆژنامەنووس میر (مەدحەت بەدرخان) ەوە دەرکرا.. رۆڵی بەدرخانەییەکان لە پێشخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردیمانلەو سەردەمەدا،رۆڵێکی گرنگ و، پێویستییەکی پیرۆزی نەتەوەییمان بوو .. پێویستە لە لایەن کەسانێکی ئاکادیمی و شارەزاوە، بە وردی باس و لێکۆڵینەوە لە رۆڵی رۆشنبیری و راگەیاندن و زمانەوانی و پەرەپێدانی هەستی کوردایەتی بەدرخانییەکان بکرێت و بنووسرێتەوە، ئەوەی تا ئەمڕۆ نووسراوە لە بارەی رۆڵی بەدرخانییەکانەوە، لە ئاستی گرنگی رۆڵ و قوربانیدانی بەدرخانییەکاندا نین .. دەبوایە تا ئیستا لە لایەن خوێندکارانی کوردمانەوە، چەند ماستەرنامە و دکتۆرانامە، لە بارەی رۆڵی بەدرخانەییەکان و، دەستپێشخەرییان لە سەرهەڵدان و، لە پێشخستنی رۆشنبیری و، رۆژنامەگەری کوردی و، لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا بیان نووسیبایە.

ئەمانە ناوی بەشێکن لەو تێکۆشەرە بەدرخانییانە، کە هەر یەکەیان لە بوارێک یا زیاتردا، رۆڵیان لە خەبات و،لە خزمەتەی گەلەکەماندا هەبووە، لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی پڕ لە شانازی و شکۆداری کورد و کوردستان دا ناویان تۆمارکراوان : (ئەمین عالی بەدرخان، جودەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، سورەیا بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان، میقداد میدحەت بەدرخان، رەوشەن بەدرخان، عەبدولڕەزاق بەدرخان، یوسف کامیل بەدرخان، میقداد مەدحەت بەدرخان، لەیلا بەدرخان، عەلی بەدرخان، عەبدولوەهاب بەدرخان، حەمید بەدرخان، ... هتد )تەنهاش بۆ بە بیرهێنانەوە ئاماژەمان بەو کورتە باسەکرد .. دێینە سەر ناوی ئەو شاعیر و چیرۆک

نووسانەی، کە بابەتی شیعر و چیرۆکیان بۆ منداڵانی کوردمان نووسیوە و، بەردی بناغەی ئەدەبی منداڵانی کوردیانلە باکووری کوردستان داناوە.

(ئەحمەدی خانی : ١٦٥٠ - ١٧٠٧) کە خاوەنی شاکاری جیهانی، چیرۆکی(مەم و زین) ە، ناوی تەواوی (ئەحمەد ئەلیاس رۆستەم) ە، کەڵەشاعیر و دانا و بیرمەند و زمانزانێکی هەمیشە نەمری کوردە، خانی لە ساڵی ( ١٦٨٢) دا، کتێبێکی بە ناوی (نوبارا بچووکان) واتا (نۆبەری بچووکان) کە لە زۆر سەرچاوەشدا، بە (نوبەهارا بچوکانـ نەوبەهاری بچووکان) و بە (نوبهارا بچوکان) ناوی دەبەن، بەڵام نووسەری کوردمان (محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان) بە (نوبارا بچوکان) واتە (نۆبەرەی بچووکان) ناوی بردووە. هەریەکەش لە دکتۆر (کەماڵ فوئاد) و پرۆفیسۆر (عیزەدین مستەفا رەسول) یش، لەسەر ئەو رایەن کە (نوبارا)ە .. لە دەقی پێشەکییەکەی(نوبارا بچوکان) دا، کە ئەحمەدی خانی، خۆی (نوبارا بچوکان)ی نووسیوە .. مەبەست و واتاکەی ئاشکرا و روونە کە (نۆبەرەی بچووکان) ە، نەک (نوبهارا بچووکان).

(نوبارا بچوکان)ی ئەحمەدی خانی، بریتییە لە فەرهەنگەشیعرێکی فێرکردنی زمان، بۆ منداڵانی کورد، کە لە (٢١٦) دێرە شیعر و، لە (١٣) پارچەدا پێکهاتوە، کە بریتییە لە (وشەی عەرەبی) و ماناکەی بە (وشەی کوردی)، لە نزیکەی (٩٠٠) وشەی عەرەبی و (٧٠٠) وشەی کوردی پێکهاتووە. خانی بۆیەش بە شیعر دایناوە، چونکە لەبەرکرنیان ئاسانتر و خۆشترە بۆ منداڵان، پێشەکی و کۆتاییەکەشی بە پەخشانی سەروادار داڕشتوون .. کتێبی (نوبارا بچوکان) یەکەمین فەرهەنگەشیعری عەرەبی و کورییە بۆ منداڵان، رەنگە ئەحمەدی خانی لەو روانینەوە لە زمانی عەرەبی روانی بێت، کە زمانی قورئان و زمانی ئایینی ئیسلام بووە .. ئەحمەدی خانی شاعیرێکی نەتەوەی کوردە و، کورد و کوردستان پەروەرێکی ناسراو بوو، لەو سەردەمەدا، ئەو خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بووە، گەلی کوردی لە گەلانی تورک و عەرەب وفارس بە کەمتر نەزانیوە .. وەکو ئەوان دەبێ کوریش خاوەنی ماف و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت .. هەر وەکو لە پێشەکی (نوبارا بچوکان) دا هاتووە، ئەحمەدی خانی ئەم کتێبەی بۆ ئەو منداڵە کوردانە داناوە، کە ئارەزووی فێربوونی زمانی عەرەبییان هەبوو، هەروەها بە خوێندنەوەی وشە کوردییە هاوماناکانی وشە عەرەبییەکان، زمانە کوردییەکەشیان بە هێزتر و دەوڵەمەنتر بووە، سامانی وشەکانیشییان زیاتر بووە، ئەم کتێبە پڕە لە ئامۆژگاری و لە رێنمایی بەسوود و لە رەوشت و لە ئاکاری جوان، بۆ ئاراستەکردنی باشیمندڵانی کوردمان .. (نوبارابچوکان)بوو بە کتێبی خوێندنەوەیفەقێکان، لە مزگەوتەکان و لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستاندا دەخوێندرا و بڵاودەبۆوە .. ئەحمەدی خانی خۆشی مەلا و مامۆستایەکی شارەزا

و زانا و دانا بوو، لە مزگەوت و لە قوتابخانە ئایینییەکانی شاری ( بایەزید ) دا، وانەی کوری و عەرەبی بە فەقێکان و بە منداڵانی کورد دەوتەوە.

کتێبی (نوبارا بچوکان) بە دەستپێکردنی شیعری فێرکردنی نووسراوی ئەدەبی منداڵانی کورد دیاری کراوە .. بە یەکەمین کتێبی شیعری فێرکردن بۆ منداڵانی کورد دادەنرێت، (شیعری فێرکردن) یش بە بەشێک یا بڵێین بە لقێک لە لقەکانی شیعر بە گشتی و، شیعری منداڵان بە تایبەتی دادەنرێت .. بە بۆچوونی دکتۆرە (شوکریە ڕەسوڵ) یش، (نوبارا بچوکان): " کۆنترین شیعری فێرکردنە لەئەدەبی منداڵانی کورد دا".

کتێبی نۆبارا بچوکان، چەندین جار و لە چەندین شوێندا، دووبارە و چەند بارە، جار لە دوای جاریش باشتر و جوانتر چاپ کراوەتەوە .. ئەمانە ناوی هەندێ لەو شوێنانەن لەگەڵ ساڵی چاپکردنی کتێبی نوبارابچوکان: (ئەستەمبوڵ : ١٨٩٢)، (بەرلین : ١٩٠٣)، (دیمەشق : ١٩٤٥)، (بەغدا : ١٩٧٩) .. بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی (١٩٢٦) دا، لە باشووری کوردستاندا، لە چاپخانەی (ڕەواندوز) لە لایەن بەهەشتی (حوسێن حوزنی موکریانی) یەوە چاپ کرا، لە ساڵی (١٩٣٦) دا، لە لایەن شاعیر و فەیلەسوفی گەلەکەمان (پیرەمێرد) ی نەمرەوە، لە چاپخانەی (ژین)لە شاری (سلێمانی) دا چاپکرایەوە .. لە چەند شوێنی تریشدا چاپکراوەتەوە .. ئێمە تەنها ئامژە بە سێ دێری پێشەکییەی نوبارا بچوکان دەدەین:

*ژ پاش حەمد و صەلەواتانان*
*ئەم چەند کەلیمەتە ژ لوغاتان*

* * *

*ڤێک ئێخستن ئەحمەدی خانی*
*ناڤی نوبارا بچوکان لێ دانی*

* * *

*نە ژ بۆ صاحب ( رواجان )*
*بەلکو بۆ بچوکێت کرمانجان.*

ئەحمەدی خانی، هانی منداڵانی كورد دەداو داوایان لێ دەكات كە بخوێنن و هەوڵدەن، چونكە بەبێ كۆشش كردن و خۆماندوونەكردن، ناگەن بە مەرام و ناناسرێن و ناوبانگ دەرناكەن .. دەڵێت:

*حەتتا تو دەور و دەرسان نەكەی تكرار و مصروف*

*د دنیایی تو نابی نە مەشهوور و نە مەعروف.*

ئەگەر ئەم كتێبەی ئەحمەدی خانی (نوبارا بچوكان) بۆ منداڵان، بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی منداڵانی كوردمان لە كوردستاندا دابنێین، كەواتە ئێمەی كورد لە مێژووی ئەدەبی تازەی منداڵان لە جیهاندا، (ئەدەبی منداڵانی كورد) ئەوەندە لە (ئەدەبی منداڵانی وڵاتانی ئەوروپا) دوا نەكەوتووین، بەڵكو هاوسەردەمین لەگەڵ ئینگلتەرا، دانیمارك، بولگاریا، لەگەڵ میسریشدا، كە لەم وڵاتانەشدا، لە ساڵانی (١٨٠٠ تا ١٩٠٠) بە دواوە، ئەدەبی منداڵان،لێیاندا سەری هەڵداوە.

ئەگەرچی نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسی (چارلز پیرۆ: ١٦٢٨ - ١٧٠٣) لە ساڵی (١٦٧٩) دا، لەژێر ناوی (چیرۆكەكانی دایە قازم) دا، كتێبێكی بۆ منداڵان بڵاوكردەوە، كە بە یەكەمین كتێبی منداڵان دادەنرێت، ئەم كتێبە كۆمەڵە چیرۆكێكی خۆشی لە خۆگرتووە وەكو: (ساندرێلا، شۆخە نووستووەكە، ریش شین، پشیلەی چەكمەلەپێ، جنۆكە)، بەڵام چارلز پیرۆ، لە رووی نەهات كە بە ناوی راستی خۆیەوە بڵاوی بكاتەوە، لە ترسی ناوبانگ زڕان و، تانە و توانجی خەڵكی و، پایەنزم بوونەوەی ئەدەبی ـ كە تا ئەو كاتە، نووسین بۆ منداڵان پایە نزمی و شەرمەزاری و كات بە فیڕۆدان بووە ـ بۆیە بە ناوی (بیرودار مانكور) ی كوڕە بچووكەكەیەوە بڵاوی كردەوە ، ئەم كتێبە یەكەمین نۆبەری چاپكراوی چارلز پیرۆ بوو بۆ منداڵان، ئەم كتێبە نەك هەر لە فەرەنسادا بەڵكو لە زۆر لە وڵاتانی كەشدا، ناوبانگێكی زۆری دەركرد و، پایەی ئەدەبی منداڵانی زۆر بەرزكردەوە، بۆیە چارلز پیرۆ دووەمین كتێبی بۆ منداڵان لە ژێر ناوی (مەتەڵ و چیرۆكەكانی رابردوو)ی بە ناوی تەواوی خۆیەوە بڵاوكردەوە . بەڵام شاعیری كوردستان (ئەحمەدی خانی) بە شانازییەوە كتێبەكەی (نوبارابچوكان)ی بە ناوی خۆیەوە بڵاوكردەوە، چونكە ئەحمەدی خانی، منداڵانی بە بەشێكی گرنگی گەلەكەی دەزانێ، ئەو كتێبەی بە تایبەتی بۆ دانان .. هەریەكەش لە (شێخ مارفی نۆدێی: ١٧٥٢ - ١٨٣٧)، كە فەرهەنگەشیعری (ئەحمەدی) یبە زمانی (عەرەبی - كوردی) داناوە .. هەروەها نووسەری شەهیدیشمان مامۆستا (شاكیر فەتاح : ١٩١٤ - ١٩٨٨) فەرهەنگەشیعرێكی

وشەی (ئینگلیزی ـ کوردی) بۆ منداڵان داناوە، هەردووکیان لە هاوشێوەی (نوبارا بچوکان)ی ئەحمەدی خانی دایان ناون.

(ئەمین عالی بەدرخان: ١٨٥١ - ١٩٢٦) ناوی تەوای (محەمەد ئەمین عالی بەدرخان) ە، زیاتریش بە (ئەمین بەگ عالی بەدرخان) ناسراوە، کوڕی (میر بەدرخان)ە، باوکی (سورەیا وجەلادەت و د. کامەران بەدرخان)ە. (مێجەر نۆئیل) کە دوستایەتی لەگەڵ ئەمین بەدرخان دا هەبووە، دەڵێت: " ئەمین عالی بەدرخان، لە پیاوە دیارەکانی ماڵباتی بەدرخانەییەکانە و، پیاوێکی باڵابەرز و سوور و سپی بوو، دووربین بوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوردەکان هەبوو، بە تایبەتیش کوردەکانی بۆتان " .. دکتۆرە (شوکریە رەسول) یش دەڵێت: " ئەمین عالی بەدرخان مامۆستای بیانی دەهێنایە ماڵەوە، تاوەکو منداڵەکانی فێری زمانی بێگانە بن و، لایەنی هزری و رۆشنبیرییانی فراوان دەکرد، چونکە خۆی زمانی بێگانەی دەزانی و حەزی لە کەلتوور و مێژوو و ئەدەبیات بوو، وەک دەڵێنجاروبار دەستی نووسینی لە شیعر داناندا هەبووە". ئەمین بەدرخان قوتابخانەی کردۆتەوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری خوێندن ببن و، بە سۆز و هەستی نەتەوایەتی گۆش و پەروەردەیان بکەن .. هەر ئەمیش بوو کە (کۆمەڵەی هاوکاری و گەشەپێدانی کوردستان ـ جمعية تعاون و ترقي كوردستان) ی دامەزراند .. ئەمین عالی بەدرخان، شیعری بۆمنداڵان، نووسیوە، پارچە شیعرێکی هەیە بە ناوی (دەلالیا زاروان: دەلالیا زارۆکان)واتا (نازی منداڵان) کە لە حەوت کۆپلە پێک هاتووە، کەئەمین عالی بەدرخان، لە ساڵی (١٩٠٦) دا لە (ئەسپارتە) ی یۆنانی نووسیوێتەوە، چونکە باوکی لەسەر چالاکی کوردایەتی و کوردستان پەروەری دوورخرابۆوە بۆ یۆنان ..ئەم لاواندنەوە بە پیتی لاتینی نووسیوێتی .. بۆ یەکەمین جار شیعری (دەلالیا زاروان) لە ژمارە (٦)ی (گۆڤاری کوردستان) کە لە رۆژی (٢٢ - ٤ - ١٩١٩) دەرچووە، بە ناوی (زینۆ) وە، بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دەقی هەمان شیعر لە ژمارە (٥)ی ( گۆڤاری هاوار ) دا، کە لە رۆژی (٢٠ - ٧ - ١٩٣٢) دەرچووە، هەر بە هەمان ناونیشان (دەلالیا زاروان) ئەمجارەیان بە ناوی تەواوی (ئەمینعالی بەدرخان) ەوە بڵاوکراوەتەوە، کەواتە (زینۆ) ناوێکی خوازراوی ئەمین عالی بەدرخان بووە،هەر لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری هاواردا، پارچەپارچە شیعرێکی تری ئەمین عالی بەدرخان هەیە بە ناوی (لۆریا بەدرخان) واتە (لاوانەوەی بەدرخان).. کە لە شێوەی لایەلایە و لاواندنەوەدایە .. دەشێ (ئەمین عالی بەدرخان) ئەم پارچە شیعرەی، بۆ لاواندنەوەی (کامەران بەدرخان) ی کوڕە بچووکی نووسیبێت.. (گۆڤاری هاوار) لە ساڵی (١٩٣٢ - ١٩٤٣) لە شاری (دیمەشق - سوریا) دەردەچوو، خاوەن و سەرنووسەری هاوار (جەلادەت بەدرخان) بوو .. (٥٧) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەگەر (شیعری فێرکردن)ی لێ دەربکەین .. ئەم پارچە شیعرەی(ئەمین عالی بەدرخان)، بە سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی بۆ منداڵانی کورد دادەنرێت و

.. بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کورد لە کوردستان دا دادەنرێت .. دوابەدوای ئەم شیعرە، لە لایەن شاعیران و نووسەرانی تری کوردەوە، لە گۆڤار و لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و، بە دواوە، چەندین شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان نووسراون و بڵاوکراونەتەوە .. بەڵکو زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکان، پانتاییەکی باشیان بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخان کردبوو. ئەمەش دوو کۆپلەی یەکەم و دووەمی ئەو حەوت کۆپلە شیعرەی (لۆریا بەدرخان)ە، لە دانانی میر (ئەمینعالی بەدرخان)ە:

*بنڤە خوشییا دل و دوو چاڤان*
*دادێ ژ تە هەر روو نەگەهبان*
*وا زوو مەزن ببی بەدرخان*
*بنڤە کەزیا من بنڤە لۆ لۆ*

* * *

*هشیار مەبە نهۆ نە قنجە*
*مەهدک ژ تەرا بزانە گەنجە*
*بێخەو مەبە باشییا وێ رەنجە*
*بنڤە کەزیا من بنڤە لۆ لۆ.*

(میر جەلادەت بەدرخان : ١٨٩٣ - ١٩٥١ )نووسەر و رۆژنامەنووس و زمانزان و دیبلۆماسی و شۆڕشگێڕ و کورد و کوردستان پەروەرێکی ناسراوی گەلەکەمان بوو،بێجگە لە زمانی دایکی زمانی کوردی، ئەم زمانانەشی بە باشی دەزانی: تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، رووسی، یۆنانی .. سەرنووسەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری هاوار بوو کە لە ساڵی ( ١٩٣٢ - ١٩٤٣) دەردەچوو، تێکڕا (٥٧) ژمارەی لێ دەرچووە، بە پیتی لاتینی و ئارامی کوردی و عەرەبی، بەشێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو و بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەکرا، گۆڤاری هاوار رۆڵێکی گەورەی رۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و نەتەوەیی هەبوو .. لە دوای گۆڤاری هاوار، میر جەلادەت عالی بەدرخان، سەرنووسەر و بەڕێوەبەری (گۆڤاری رووناهی: ١٩٤٢ - ١٩٤٥) بوو .. کە (٢٨) ژمارەی لێ دەرچوو .. هەر لە دیمەشق دەردەکرا.

گۆڤاری هاوار لە زۆربەی ژمارەکانیدا، پانتاییەکی باشی بۆ بابەتی منداڵان تەرخان کردبوو، چەندین بابەتی

هەمەجۆرەی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە . لە هەمــوو ژمارەکـانی ( گۆڤـاری هـاوار) دا، سەرجەم (١٣) چیرۆک و (١١) شیعری بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە .. بە کورتی نـاوی ژمارەکـانی گۆڤـارەکە و نـاوی ئەو بابەتـانەی کە بۆ منداڵان (شیعر، چیرۆک) لە(گۆڤاری هاوار) دا، بڵاوکراونەتەوە.. لەگەڵ نـاوی شـاعیر و نووسەرەکانیاندا،کە ئەم ژمارانە و، ئەم شاعیر و نووسەرانەن:

* ژمارە (١) لە ( ١٥ - ٥ - ١٩٣٢) دا دەچووە، لە لاپەڕەی (٤)، ( بوهـارا: بەهـارە ) شیعرێکە بۆ منداڵان، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان)ە.

* ژمارە (٢) لە (١ - ٦ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، لە لاپەڕەی(٢)، (تولا ولات: تۆڵەی وڵات)، شیعرێکە بۆ منداڵان، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) ە .. هەر لەم ژمارەیەدا لە لاپەڕەی (٥) دا چیرۆکێکی تری بۆ منداڵان تێدایە، بە ناونیشانی (دوو میرخاس: دوو پاڵەوان) لە نووسینی دکتۆر(کامەران بەدرخان: ١٨٩٥ - ١٩٧٨)ە.

* ژمارە (٣) لە ( ١٥ - ٦ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، چیرۆکێکی بۆ منداڵان تێدایە بە ناونیشـانی (شەڤا وە خۆش: شەوتان خۆش) لە نووسینی (کامەران بەدرخان)ە.

* ژمارە (٤) لە (٣ - ٧ - ١٩٣٢) دا، کۆمەڵێک وشەی کوردی تێدایە، بۆ منداڵان راڤە کراوە.

* ژمـارە (٥) لە (٢٠ - ٧ - ١٩٣٢) دا دەرچـووە، شـیعری (دەلالیـا زاروان: نـازی منـداڵان)، شـیعرێکی (جەلادەت بەدرخان) ە .. هەر لەم ژمارەیەدا شیعرێکی تر (لۆریا بەدرخان: لاواندنەوەی بەدرخان) کە شیعرێکی (ئەمین عالی بەدرخان) ە بڵاو کراوەتە.

* ژمـارە (٦) لە (٨ - ٨ - ١٩٣٢) دا دەرچـووە، چەنـد چیرۆکێکی بۆ منـداڵان بڵاوکـراوەتەوە، لەوانەش: (مـارو مرۆڤ)، (کەڵەشێر و رێوی)، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) ە ، کە بە ناوی (چیرۆکبێژ)ەوە بڵاوی کردۆتەوە .. شیعری (لوریـا بەدرخـان) شیعرێکی شـاعیری ناسـراوی گەلەکەمـان (قەدری جـان: ١٩١١ - ١٩٧٢)ە، شیعرێکە بۆ منداڵان، ستایشی شیعرەکەی (ئەمین عالی بەدرخان)، (لوریا بەدرخان) دەکات.

* ژمـارە (٩) لە (٣٠ - ٩ - ١٩٣٢) دا دەرچـووە، چیرۆکێـک بـۆ منـداڵان (میـر و مـار) لە نووسـینی (جەلادەت بەدرخان) ە، کە لەژێر ناوی (کۆچەرێ بۆتـان) دا بڵاوی کردۆتەوە.

* ژمارە (١٠) لە (٢٧ - ١١ - ١٠٣٢) دا دەچووە، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناوی (میرو کوند: میر و کوندەپەپوو)، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان)ە، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (١٢) لە (٢٧ - ١٢ - ١٩٣٢) دا دەرچـووە، چیرۆکێـک بـۆ منـداڵان (کەو و کیتیـک) لە نووسـی (مستەفا ئەحمەد بۆتی) بڵاولراوەتەوە .. چیرۆکێکی تر (کەر و گورگ ورێوی) ناوی خاوەنەکەی نەنووسراوە ، بە زۆری بەوە

دەکات لە نووسینی جەلادەت بەدرخان بێت .. چیرۆکێکی تریش بە ناونیشانی (مانگ و ئەستێرە) لە نووسینی (کامەران بەدرخان)، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (١٥) لە (٢٣ - ١ - ١٩٣٣) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٤) دا، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناونیشانی (کەروێشک و کیسەڵ) لە نووسینی (بەکری قوترەش)، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (١٨) لە (٢٣ - ١ - ١٩٣٣) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٤) دا، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناونیشانی (شێر و گایەکی زەرد) لە نووسینی (مستەفا ئەحمەد بۆتی)، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (٢٤) لە ( ١ - ٤ - ١٩٣٤) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٨) دا، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناونیشانی (چۆلەکە و فیل) لە نووسینی (مستەفا ئەحمەد بۆتی)، بکاوکراوەتە.

* ژمارە (٢٨) لە ( ١٥ - ٥ - ١٩٤١) دا دەرچووە، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناویشانی (شوان و بەران) ، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) بەڵام بە ناوی (چیای ئاگری) یەوە بڵاوی کردۆتەوە.

* ژمارە (٢٩) لە (١٠ - ٦ - ١٩٤١) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٨) دا، شیعرێکی بۆ منداڵان تێدایە، بە ناونیشانی (ڕێوییەکی پیر) لە نووسینی (ئوسمان سەبری)یە.

* ژمارە (٣١) لە (١ - ٨ - ١٩٤١) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٥) دا، شیعرێک بۆ منداڵان تێدایە بە ناونیشانی (کەڵەشێر و ڕێوی) لە نووسینی ( ئوسمان سەبری)یە، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (٤٩) لە (١٥ - ٩ - ١٩٤٢) دا دەرچووە، سێ هۆنراوەی (ئوسمان سەبری) بۆ منداڵان تێدایە، ناونیشانیان: (دیبستان: قوتابخانە)، (بوهار)، (تەڤدیرا مشکان: تەگبیری مشکان).

(ئوسمان سەبری: ١٩٠٥ - ١٩٩٤) لە دێی (نارنج)ی سەر بە شاری (مێردین) لە باکووری کوردستان لە دایک بووە .. ئوسمان سەبری شاعیر و نووسەرێکی شۆڕشگێڕ و ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەرێکی دلێر و سیاسەتمەدارێکی قارەمانی کورد بوو، لە (شۆڕشی دیاربەکر - ١٩٢٥ - شێخسەعیدی پیران) بەشداری کرد، دوو جار لەسەر کوردایەتی و هەڵوێستی نیشتمانی بەند کرا، ڕژێمی تورکیا تەنگیان پێ هەڵچنی، ناچار خۆی و هەر شەش براکەی، لە ساڵی (١٩٢٨) دا، چوون بۆ سوریا و، لە شاری(دیمەشق) نیشتەجێ بوون .. هەر لەم دیمەشق کۆچی دوایی کرد .. شاعیر هاپۆ (ئوسمان سەبری) بێجگە لە دیوانی شیعرەکانی، چەن کتێبێکی کەشی چاپکرد .. یەکێک لە کتێبەکانی (ئەلفوبای) زمانی کوردییە، کە لە ساڵی (١٩٥٥) دا، چاپی کردووە.. ئەمەش شیعری (دبستان)ی هاپۆ (ئوسمان سەبری)یە، کە لە (گۆڤاری هاوار) دا، بڵاوکراوەتەوە:

*دەستپێک ب ناڤی یەزدان*
*ئەڤە دچم دبســـــتان*
*دڤێ ئیــدی بخــــوێنم*
*بۆ راسـتیی ببــــــینم*
*دا هەر تشـتی بـــــزانم*
*هەیــا کــوپێ بــــکانم*
*بــەری ڤێ گەلێ مـــن*
*نەزان ما بوون میر و ژن.*

* ژمــاره (٥١) له (١٥ - ١٢ - ١٩٤٢) دا دەرچــووه، له لاپەڕەی (٢) دا، چیرۆکێکــی بــۆ منــداڵان تێــدایه، به ناونیشانی (میر و نیچیرڤان: میر و راوچی) له نووسینی (محەمەد ئەمین سلێمان) ە.

* ژماره (٥٢) له ( ٢٠ - ٢ - ١٩٤٣) دا دەرچووه، له لاپەڕەی (١٠) شیعرێکی بۆ منداڵان تێدایه، به ناونیشـانی (رێوییەکی کەڕ) له نووسینی ( ئوسمان سەبری) یه.

دەشێ گۆڤار و رۆژنامه کوردییەکانی کەش له باکووری و رۆژئاوای کوردستاند بابەتی شیعر و چیرۆکیان بۆ منـداڵان بڵاوکردبێتەوه، بەڵام نەگەیشتوونەته پایەی بابەتەکانی گۆڤاری هاوار.

(محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان: ١٩٣٤) شاعیر و نووسەرێکی بەتوانـا و ناسراوی کوردمـانه، به تـایبەتی له بـواری ئەدەبـی منداڵانـدا، کـورد و کوردسـتان پەروەرێکـی ناسـراوه .. له سـاڵی (١٩٧٩) وه له شـاری (ئوسـتوکهۆڵم)ی پایتەختی (سوید) دەژی .. تـا ئێستا زیـاتر له (٣٠) کتێبـی شیعر و چیرۆکـی به پیتـی لاتینـی کوردی به شێوەی کرمانجی ژووروو بۆ منداڵانی کورد نووسیوه و چاپی کردوون، محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان به هەردوو زمانی کوردی و تـورکی دەنووسێت، بەڵام بابەتەکـانی دەربـارەی کـوردن (نووسـەر: سـاڵی پـار که له سوید بـوو، به مەبەسـتی زانیاری زیـاتر هەوڵمدا پەیوەندی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو به سـەردانی گەڕابـۆوه بـۆ بـاکووری کوردستان، وادیـاره ژمـارەی تەلەفۆنەکەشی گـۆڕویه).. (میـر زۆرۆ) که بـریتییه له کـۆمەڵە چیرۆکێکـی فۆلکلـۆری کـوردی بـۆ منـداڵان، یەکێکه له بەرهەمه شیرینەکانی محەمەد ئەمین بـوز ئەرسـەلان بـۆ منـداڵان، ژمـارەی چیرۆکەکـانی ئەم کۆمەڵەیه

(١١) چیرۆکن، (میر زۆرۆ) یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەو یانزە چیرۆکە، محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، لە زمانی کوردەوە لە باکووری کوردستاندا وەری گرتوون .. بە زمانێکی ساکار و شیرینی ئەدەبی بۆ منداڵان، بە شێوەیەکی ساکار دووبارە داینڕشتوون و، لە ساڵی (١٩٨١)دا، لە سوید چاپی کردووە .. هاوشێوەی گێڕانەوەی زۆربەی چیرۆکە و مەتەڵ و ئەفسانە کوردییەکانمان بە پەرگرافی: (هەبوو نەبوو جارەک ژ جاران رەهمە ل دێ و باڤین گوهداران) سەرەتای چیرۆکەکانی دەست پێ کردوون.. نووسەر کاک (سەگڤانیوسفی) دووبارە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی (محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان)، (میر زۆرۆ)ی بە ـ پیتی کوردییباشووری کوردستان - نووسیوەتەوە و لە ساڵی (١٩٨٧) لە بەغدا چاپی کردووە .. محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان نووسەرێکە، لە هەموو بورەکانی ئەدەب دا دەنووسێ و، شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی کوردی دا هەیە .. زمانی سویدیش باشی دەزانێت .. دەژی و بەردەوامە لە نووسیندا.

(سەبری بۆتانی : ١٩٢٧ - ١٩٩٨) شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس و تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردە، لە دێی (شوش)ی سەر بە شاری (وان) لە باکووری کوردستاندا لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە، هەستی کوردایەتی و سۆز و خۆشەویستیی بۆ کوردستان لە دڵیدا دەبزوی.. هێشتا مێردمنداڵێک بوو، رژێمی تورکیا تەنگیان پێهەڵچنی، ناچار دێت بۆ باشووری کوردستان و، لە شاری (زاخۆ) دا نیشتەجێ دەبێت .. لەسەر شیعرە نیشتمانییەکانی رژێمی عێراقی دەیگرن و، لە شاری (موسڵ) بەندی دەکەن.. سەبری بۆتانی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) دا، لە باشووری کوردستان بەشداری کرد. سەبری بۆتانی روو لە هەندەران دەکات، لە ساڵی (١٩٩١) دا، دەبێتە پەنابەر لە وڵاتی (نەرویج) و، لە شاری (ئۆسلۆ)ی پایتەختەکەیدا نیشتەجێ دەبێت.. تا لە رۆژی (٢٥ - ١٠ - ١٩٩٨) هەر لەم شارەدا ئەم شاعیرە کورد و کوردستان پەروەرەمان کۆچی دوایی دەکات .. سەبری بۆتانی بێجگە لە کوردی، زمانی عەرەبی و تورکی و نەرویجیشی دەزانی. وەکو نووسەر و رۆژنامەنووس و وەرگێڕێک بە زمانی عەرەبی و کوردی لە رۆژنامەی (التآخی) و لە رۆژنامەی (برایەتی) دا کاری کردووە .. لە بەرهەمە چاپکراوەکانی بە زمانی کوردی: (شینو شادی)، (دڵستان)، (دەنگی مەتین)، رۆمانێک و کۆمەڵە چیرۆکێکی بۆ بەجێهێشتووین کە تا ئێستا چاپ نەکراون .. سەبری بۆتانی ( کۆمەڵێک شیعری ناسک و ساکار و شیرینی بۆ منداڵان) نووسیوە، کە زۆربەیان کراون بە گۆرانی، شیعری (خاڵخاڵۆک) یەکێکە لە شیعرەکانی بۆ منداڵان:

*شیرینێ خالخالۆکێ*

*رەنگینێ دەلالۆکێ*

*خالخالۆکێ بلەزینە*
*دەشت و چیا بهەژینە*
*ها بگرە ڤێ پسیارێ*
*ئەڤینا دلێ یارێ*
*هەرە مالا خالێ من*
*گازی کە هەڤالێ من*
*ژ مالێ بێتن دەرێ*
*خاترى دلێ دلبەرێ*
*بێتن هان و هاوارێ*
*سەر کانیکا قەسارێ.*

**(فورات جوری: ١٩٥٩) شاعیر و نووسەرێکی ناسراوی کوردە.. لە باکوری کوردستان لەدایک بووە.. نیشتەجێی وڵاتی سویدە، (١٩)کتێبی هەمەجۆرەی چاپکراوی هەیە.. فورات جوری لە ساڵی (١٩٨٣)دا، لە ژێر ناوی (دایک) دا، کۆمەڵە شیعرێکی بۆ منداڵان چاپ کردووە.**

**باسی ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان، بە چاوپێخشاندن و بە کورتە باسێکی سەرپێی وادا، مافی خۆی نادرێتی و زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت .. پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر هەیە.**

**هیوادارم بەشێک لەو کتێبانەی کە بۆ منداڵانی کورد لە باشووری کوردستان دا، نووسراون و چاپ کراون .. دووبارە بە پیتی لاتینی کوردی و بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بنووسرێنەوە و چاپیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی منداڵانی کوردمان لە باکووری کوردستانیشدا چێژ و سوودیان لێ وەربگرن. ئاواتەخوازی ئەوەشین، کە بە زوترین کات (گۆڤارێک بۆ منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان) دا، بە زمانی شیرینی کوردیمان و بە پیتی لاتینی کوردی دەربکرێت.**

**٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان.

لەو رۆژەوە کە کەمال ئەتاتورک بوو بە فەرمانڕەوای تورکیا، ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت،کەمالییەکان و رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیای داگیرکەری باکووری کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆییانە، بە ئاگر و بە ئاسن پەلاماری کوردستانیان دا، مەرامی گڵاویان کوردقڕان بوو، لە چەندین شوێنی باکووری کوردستاندا، رەشەکوژی کوردیان کرد و، بە هەزاران رۆڵەی بێ تاوانی کوردیان بە ناڕەوا شەهید کرد، دەستیان لە منداڵ و لە ژن و لە پیریش نە پاراستووە، مەبەستیانسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان بوو، هەموو رێگایەکیان لە کورد گرتبوو، هەموو دەرگایەکیان لەسەر داخستبوو، نووسین و خوێندنەوە و قسەکردنیان بە کوردی قەدەغەکردبوو، بەڵکو دانیان بە بوونی نەتەوەی کورددا نەدەنا .. ئەوان دەیانەویست جینۆسایدی کەلتوور و داب و نەریتی رەسەنی کوردیشمان بکەن، دەیانەویست زمانی شیرینی کوردیمان لە بەرچاوی منداڵانی کورد بخەن و،سۆز و خۆشەویستیو هابەستەبوونیان بۆ کورد و کوردستان کاڵ بکەنەوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە منداڵەکانمان لە گەلەکەمان هەڵبگەڕێننەوە، تەنانەت ئەوەشیان قەدەغەکردبوو، کە ناوی کوردی لە منداڵانی کورد بنێین، لە دایرەی لەدایکبوون و سەرژمێریدا ناوی کوردییان تۆمار نەدەکرد، بە زۆر و زۆرداری زمان و کەلتووری نەریتی تورکییان بەسەر گەلی کوردماندا سەپاندبوو، کە بە لای منداڵانی کوردمانەوە کەلتوورێکی نامۆیە .. هەر بەم تاوانانەشەوە نەوەستان .. تورکیا بۆ پشتگوێ خستنی باکووری کوردستان،سیاسەتێکی نامرۆییانەیان دەرهەق بە گەلی کوردمان پەیڕەوی دەکرد، سیاسەتی برسی کردن و بێکاری و هەژاری و نەخوێندەواری و بێ خزمەتگوزاری و پەراوێزکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی باکووری کوردستان .. کە تا ئەمڕۆش رەنگدانەوە و ژەنگی ئەم پەراوێزکردن و سیاسەتەناڕەوا و نایەکسانی نادادپەروەرییەی تورکیا،بە زەقی بە هەموو شار و شارۆچەکانی باکووری کوردستانەوە دیارن، کە دەستی خزمەتگوزاری وئاوەدانی و خۆشگوزەرانی وپێشکەوتنیان بۆ درێژ نەکردوون .. زۆریش بە زەحمەت لە گوندەکانی باکووری کوردستاندا قوتابخانەیان دەکردەوە .. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردمان فێری خوێندن و نووسین نەبن و چاویان نەکرێتەوە .. تا ئەم زووانەش بە زۆرداری، لە کاتی ریزبوونی دەستپێکردنی خوێندنی رۆژانەدا، دەبوایە منداڵانی کورد دەقی ئەم دروشمە رەگەزپەرستییەی تورکیایان، بە زمانی تورکی بوتایەتەوە: *(من تورکم.. دایکم تورکە.. باوکم تورکە.. داپیرەم تورکە.. باپیرەم تورکە.. بنیادەم تورکە .. کۆماری زۆر بژی.. بژی.. بژی.. بژی.. کۆماری زۆر بژی)..* ئەمەو هەر لە پۆلی یەکەمینی سەرەتاییەوە، دەبوایە منداڵانی کورد بە زمانی تورکی فێری ئەم رستەیە ببوونایە و، شانازییان بەوەوە بکردایە، کە تورکن و

ڕۆژانە لە پۆلدا چەندین جار پێیان دووبارە دەکردنەوە: " شاد ئەوکەسەیە کە بڵێت من تورکم " مەبەستی کەمالیزم و شۆفێنیزم و تورانیەت ئەوە بوو، کە منداڵانی کورد بە تورک بکەن و، هەستی کوردایەتی و سۆز و پەرۆش و خۆشەویستییان بۆ کوردستان، لە دڵی منداڵانی کورد کاڵبکەنەوە و، زمانی شیرینی کوردییان لەبەرچاو بخەن، لە کەلتوور و لە داب و نەریتی ڕەسەنی کوردیمانهەڵیان بگەڕێننەوە و،نکوڵی لە کورد و کوردستان بوونی خۆیان بکەن .. تورکیا چەندین مێردمنداڵ و لاوی کوردیان کوشت و لە سێدارەیان دان، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کە دروشمە ڕەگەزپەرستتەی سەرەوەیان نەدەوتەوە..بە سەدان لاوی کوردیشیان بە تومەتی هەڵبەستراوی (ناپاکی لە دەوڵەت )یا (تاوانی جوداخوازی) لە سێدارە دان، بە هەزاران لاو و منداڵ و هەرزەکاری کوردیان گرت و، لە زیندانییە سامناکەکانی تورکیادا، ڕۆژانە بە دڕندەترین شێوە، ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونیان دەدان، تەنها لەبەر ئەوەی کە کوردن و، تامەزرۆی ئازادی و ئاشتی بوون .. تا ئەمڕۆش ئەمڕۆش، بەندیخانەکانی تورکیا پڕن لە منداڵ و مێردمنداڵی کورد، بەشێکی زۆریان تووشی نەخۆشی دەروونی و جەستەیی بوونە .. تورکیا تا ئێستا ڕێی بە تیمەکانی مافەکانی مرۆڤ نەداوە، کە سەردانی گرتووخانەکانیان بکەن، تا ئەو تیمانە ڕاستییەکان بۆ جیهان ئاشکرا بکەن.. تورکیا تۆقی لە منداڵانی کورد چووە، لەوەی کە گەورە ببن و ببنە کوردستان پەروەر و، ڕێی کوردایەتی بگرنەبەرە .. بۆ نموونە منداڵێکی کوردی تەمەن (١٢) ساڵانیان لەسەر ئەوە زیندانی کرد، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو منداڵە کوردە، دوو پەنجەی دەستي ڕاستی لە شێوەی ژمارە (٧) دا بەرزکردبۆوە، وەکو تاوانبارێک سزای ئەم منداڵە دڵپاکەیان..؟!

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانە، سەرەڕای هەڕەشەکانی تورکیا.. نەیان توانی چۆک بە گەلی کوردمان دادەن، نەیان توانی سوڕانەوەی ڕەوڕەوەی بۆ پێشەوەچوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕابگرن، بەڵکوبە پێچەوانەی نیازگڵاوی ئەوانەوە، کورد سوورتر بوو لە خەبات و تێکۆشان و،لە خۆڕاگری و کۆڵنەدان،لە بەرگریکرن و بەرخودانی.. تا ئەو ڕۆژەی گەلی کوردمان دەگات بە مافە ڕەواکانی خۆی،وچان نادات و درێژە بە خەبات و شۆڕشی ڕزگاریخوازی دەدات .. بە دڵنیاییە هیچ گەلێک ڕەنجبێوەر نابێت، ئەگەر تێ بکۆشن و قوربانی بدەن و، سووربن لەسەر هێنانەدی مافەکانیان .. ئەمڕۆبێت یا سبەی بەدەستی دەهێنێت .. گەشبینم و باوەڕم بە خۆمان هەیە، کە ئێمەی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر لە هێنانەدیی هیوا خواستەکانمان نزیک دەبینەوە .. سەرکەوتن بۆ کورد و کوردستان دەبێت .. ملکەچکردن و ڕسوابوونش بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەبێت..

دەبێ تورکیا خۆی گێل نەکات و، ئەوە بزانێت کە کێشەی کورد، کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەییە، کێشەی گەلی

کوردی ماف زەوتکراو و،کێشەی داگیرکردنی نیشتمانەکەی کوردستانە .. تا دەست لە کوردستان هەڵنەگرن و، ئەو مافە زەوتکراوانە بۆ کورد نەگەڕێننەوە .. نە تورکیا و نە ئێران و نە سوریا و نە عێراق، ناتوانن بە ئارمی بژین .. بە چارەسەرکردنی ئەو دووکێشەیە، هەموو کێشەکانی تریش چارەسەر دەبێت .. تورکیا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە هەرگیز ناتوانی لە ڕێی لەشکرتاری و بە کارهێنانیهێزەوە، کۆڵ بەکورد بدات .. کێشەی کورد بە دیالۆک و، بە دانان بە مافەڕەواکانی، بە بەڕێوەبردنی کوردستان لە لایەن کوردە، بە ڕێزگرتن لە خواست و ئیرادە نزیکەی (٢٥) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستاندا چارەسەر دەکرێت .. جواهیر لال نەهرۆ لە کتێبەکەیدا (چاوپێخشانێکبە مێژووی جیهاندا) ئامۆژگاری ئەتا تورکی کرد، کە گەلێکی وەکو گەلی کورد کە ئامادەی قوربانی دان بێت، ئەوە مەحاڵە بە زەبر و هێز لەناوببرێت .. گەلی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە پیاوەتی و چاکەیەکیزۆری بەسەر گەلانی تورک و عەرەب و فارسەوە هەیە .. بەڵام زۆر بەداخەوە رژێمە رەگەزپەرست و دیکتاتۆرەکانی ئەم گەلانە، لە جیاتی پێزانین و سوپاسی گەلی کوردمان بکەن ..زۆر بە ناپیاوی و بە داگیرکردنی خاکی کوردستان و، بە چەوسانەوە، بە گرتن و بە کوشتن، بەبە تالانی بردیسامانمان،بە راگواستنەوە، بە کاولکردنی کوردستان، بە کیمیاباران، بەئەنفال کردن، رەشەکوژی و کۆمەڵکوژی،بە ئاگر و ئاسن، بە هەموو شتێکی ناشیرین و ناڕەوا و قێزەوەن و نەشیاو .. پاداشتی پیاوەتی و چاکەکانمان دەدەنەوە .. ئەمەیە رەوشتی پێنەزان و سپڵەکان.

دێینە سەر مەبەستی نووسینەکەمان، کە چاوپێخشاندنێکە بە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کوردمان لە باکووری کوردستاندا .. لە کۆن و لە ئەمڕۆدا، بە دەیان کەڵە شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و رۆماننووس و رۆژنامەنووس و هونەرمەند و رۆشنبیری گەورە و بە ناوبانگ، بە دەیان کورد و کوردستان پەروەری ناودارمان، لە باکووری کوردستاندا هەڵکەوتوون، کە بەزمانی شیرینی کوردی بابەتەکانیان نووسیون، تەنها بەشێکی کەمیان نەبێت، کە بە زمانی تورکیدەنووسن، تەنانەت ئەم بەشەش بە هەستێکی کوردانەوەدەنووسن و، ناوەڕۆکی بابەتەکانیشیان دەربارەی کوردن .. هەندێ لەم شاعیر و نووسەرانەمان کۆچیان کردووە، بەڵام بەرهەمە نایابەکانیان نەمری و شانازی و رێزی پێ بەخشیون .. بەشێکی زۆریشیان لە ژیاندان و .. درێژە بە نووسین و بە داهێنانی ئەدەبی دەدەن، ئەمانە ناوی بەشێکە لەو شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانەی باکووری کوردستانی شیرینمان:

(فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری، مەلا مەحموودی بایەزیدی، مەلا ئەحمەد نامی، ،ئەمین عالی بەدرخان،جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، رەوشەن بەدرخان، سەعید نەورەسی (بدیع الزمان)، میقداد مەدحەت بەدرخان، قەدری جەمیل پاشا، ئوسمان سەبری، فورات چەلەبی، یەشار کەمال، سەبری بۆتانی،

مەحموود باکسی، محەمەد ئۆزون، محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، فورات جوری، سلێمان دەمیر، موسا عەنتەر، حوسین مەتی، یلماز گۆنای، رەمەزان ئالان، رۆژێن برناس، ئەسما ئوچاک، حامید ئامەدی ( یەکەمین خۆشنووسی جیهان)،یلماز ئۆداباشی، ئەحمەد قایا ، فلیت توتانی، ئەمینە ئێڤدال، ... ئەمانە و بە دەیان شاعیر و نووسەر و رۆشنبیری و هونەرمەند وناوداری ترمان لە باکووری کوردستاندا هەن) .

هەر باسێک، کە دەربارەی رەوتی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەری و کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان و شۆڕش لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا بکرێت .. پێویستە بە ئەوپەڕی شانازی و رێزەوە، باس لە رۆڵی گرنگ و،لە بەرخودانی ( بنەماڵەی بەدرخانییەکان ) بکرێت، لە راستیداهەموومان قەرزاری رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری و تێکۆشانی رابەرانی تێکۆشەر و دڵسۆزی بەدرخانییەکانین .. ئەوان پێشڕەو و چراهەڵگریبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوون .. ئەوان بناغەی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری و راگەیاندنی کوردییان دانا، تا ئەمڕۆش کارتێکردنی رۆڵی بەدرخانییەکان، لە بە بزووتنەوەی رۆشنبیری و رزگاریخوازی کورد دا دیارە .. نەوەی ئەمڕۆمان شانازییان پێوە دەکەن و بە ئەوپەڕی رێزەوە رۆڵ و تێکۆشان و قوربانیدانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە بەرچاو دەگرن و، هەردەم یادیان دەکەنەوە .. ئەوان شایانی زۆر لەوەش زیاترن.

(میر بەدرخانی بۆتان: ١٨٠٣ - ١٨٦٨)یەکەمین دامەزرێنەری بنەماڵەی بەدرخانییەکانە .. لەم بنەماڵە تێکۆشەری کوردمان، بە دەیان سەرکردە، شاعیر، نووسەر، رۆشنبیر، سیاسەتمەدار، رۆژنامەنووس، زمانەوانی، فەرهەنگساز، چالاکوانی ژنان، دیبلۆماسی، هونەرمەند، تێکۆشەر، شۆڕشگێڕ، مامۆستای بەرز و ئەکادیمی ناودار و پایە بەرزیان تیا هەڵکەوتوو، کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە هەموو بوارەکاندا هەبووە، خزمەتێکی زۆری دۆزی کوردیان کردووە..ئەگەر دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتنی بەدرخانییەکان نەبوایە، زمان و نووسین و کەلتووری کوردیمان بەرەو کاڵبوونەوە دەچوون .. بەدرخانییەکان رۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی زمانی کوردی و لە گەشەکردنی رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردیدا هەبوو، بۆ یەکەمین جار چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکیان بە زمانی کوردی لە ئەستەمبوڵ و،لە دیمەشق دەردەکرد، لەوانە: (گۆڤاری کوردستان: ١٩١٩۔ ١٩٢٠)، (رۆژنامەی رۆژا کورد: ١٩٤٣۔ ١٩٤٦)، (رۆژنامەی ژین - ١٩١٩)، (گۆڤاری رووناهی: ١٩٤٢۔ ١٩٤٥)، (گۆڤاری هاوار : ١٩٣٢۔ ١٩٤٣)، (رۆژا نو : ١٩٤٣ - ١٩٤٦)، (رۆژنامەیستێر: ١٩٤٣ - ١٩٤٥)، (گۆڤاری ئومێد) ..(کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی) شیان، دامەزراند . بە دەستپێشخەری بەدرخانییەکان ( کۆمەڵەی هیوا۔ لە ئەستەمبوڵ) دامەزرا، هەر لەسەر دەستی ئەمانیش بوو، بۆ یەکەمین جار، یەکەمین رۆژنامەی کوردی کە "رۆژنامەی کوردستان" بوو .. یەکەمین ژمارەی لە

(٢٢ - ٤ - ١٨٩٨) لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسردا لە لایەن ڕۆژنامەنووس میر (مەدحەت بەدرخان) ەوە دەرکرا.. ڕۆڵی بەدرخانەییەکان لە پێشخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیمانلەو سەردەمەدا، ڕۆڵێکی گرنگ و، پێویستییەکی پیرۆزی نەتەوەییمان بوو .. پێویستە لە لایەن کەسانێکی ئاکادیمی و شارەزاوە، بە وردی باس و لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و زمانەوانی و پەرەپێدانی هەستی کوردایەتی بەدرخانییەکان بکرێت و بنووسرێتەوە، ئەوەی تا ئەمڕۆ نووسراوە لە بارەی ڕۆڵی بەدرخانییەکانەوە، لە ئاستی گرنگی ڕۆڵ و قوربانیدانی بەدرخانییەکاندا نین .. دەبوایە تا ئیستا لە لایەن خوێندکارانی کوردمانەوە، چەند ماستەرنامە و دکتۆرانامە، لە بارەی ڕۆڵی بەدرخانەییەکان و، دەستپێشخەرییان لە سەرهەڵدان و، لە پێشخستنی ڕۆشنبیری و، ڕۆژنامەگەری کوردی و، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا بیان نووسیبایە.

ئەمانە ناوی بەشێکن لەو تێکۆشەرە بەدرخانییانە، کە هەر یەکەیان لە بوارێک یا زیاتردا، ڕۆڵیان لە خەبات و،لە خزمەتەی گەلەکەماندا هەبووە، لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی پڕ لە شانازی و شکۆداری کورد و کوردستان دا ناویان تۆمارکراوان : (ئەمین عالی بەدرخان، جودەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، سورەیا بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان، میقداد میدحەت بەدرخان، ڕەوشەن بەدرخان، عەبدولڕەزاق بەدرخان، یوسف کامیل بەدرخان، میقداد مەدحەت بەدرخان، لەیلا بەدرخان، عەلی بەدرخان، عەبدولوەهاب بەدرخان، حەمید بەدرخان، ... هتد )تەنهاش بۆ بە بیرهێنانەوە ئاماژەمان بەو کورتە باسەکرد .. دێینە سەر ناوی ئەو شاعیر و چیرۆک نووسانەی، کە بابەتی شیعر و چیرۆکیان بۆ منداڵانی کوردمان نووسیوە و، بەردی بناغەی ئەدەبی منداڵانی کوردیانلە باکووری کوردستان داناوە.

(ئەحمەدی خانی : ١٦٥٠ - ١٧٠٧) کە خاوەنی شاکاری جیهانی، چیرۆکی(مەم و زین) ە، ناوی تەواوی (ئەحمەد ئەلیاس ڕۆستەم) ە، کەڵەشاعیر و دانا و بیرمەند و زمانزانێکی هەمیشە نەمری کوردە، خانی لە ساڵی ( ١٦٨٢) دا، کتێبێکی بە ناوی (نوبارا بچووکان) واتا (نۆبەری بچووکان) کە لە زۆر سەرچاوەشدا، بە (نوبەهارا بچوکان نەوبەهاری بچووکان) و بە (نوبهارا بچوکان) ناوی دەبەن، بەڵام نووسەری کوردمان (محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان) بە (نوبارا بچوکان) واتە (نۆبەرەی بچووکان) ناوی بردووە. هەریەکەش لە دکتۆر (کەماڵ فۆئاد) و پرۆفیسۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسول) یش، لەسەر ئەو ڕایەن کە (نوبارا)ە .. لە دەقی پێشەکییەکەی(نوبارا بچوکان) دا، کە ئەحمەدی خانی، خۆی (نوبارا بچوکان)ی نووسیوە .. مەبەست و واتاکەی ئاشکرا و ڕوونە کە (نۆبەرەی بچووکان) ە، نەک (نوبهارا بچووکان).

(نوبـارا بچوکـان)ی ئەحمەدی خـانی، بـریتییە لە فەرهەنگەشیعرێکی فێرکردنـی زمـان، بـۆ منـداڵانی کـورد، کە لە (٢١٦) دێڕە شیعر و، لە (١٣) پارچەدا پێکهاتوە، کە بریتییە لە (وشەی عەرەبی) و ماناکەی بە (وشەی کوردی)، لە نـزیکەی (٩٠٠) وشـەی عەرەبـی و (٧٠٠) وشـەی کـوردی پێکهـاتووە. خـانی بـۆیەش بە شیعر داینـاوە، چـونکە لەبەرکرنیان ئاسانتر و خۆشترە بۆ منداڵان، پێشەکی و کۆتاییەکەشی بە پەخشـانی سەروادار داڕشتوون .. کتێبی (نوبارا بچوکان) یەکەمین فەرهەنگەشیعری عەرەبی و کوریە بۆ منداڵان، رەنگە ئەحمەدی خانی لەو روانینەوە لە زمانی عەرەبی روانی بێت، کە زمانی قورئان و زمانی ئایینی ئیسلام بووە .. ئەحمەدی خـانی شـاعیرێکی نەتەوەی کوردە و، کورد و کوردستان پەروەرێکی ناسراو بـوو، لەو سەردەمەدا، ئەو خوازیـاری سەربەخۆیی کوردستان بـووە، گەلی کوردی لە گەلانی تـورک و عەرەب وفـارس بە کەمتر نەزانیـوە .. وەکو ئەوان دەبـێ کـوریش خـاوەنی مـاف و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت .. هەر وەکو لە پێشەکی (نوبارا بچوکان) دا هاتووە، ئەحمەدی خانی ئەم کتێبەی بۆ ئەو منداڵە کوردانە دانـاوە، کە ئـارەزووی فێربـوونی زمـانی عەرەبییـان هەبـوو، هەروەهـا بە خوێنـدنەوەی وشە کـوردییە هاوماناکـانی وشـە عەرەبییەکـان، زمـانە کوردییەکەشـیان بە هێزتـر و دەوڵەمەنتـر بـووە، سـامانی وشەکانیشییان زیاتر بووە، ئەم کتێبە پڕە لە ئامۆژگاری و لە رێنمایی بەسوود و لە رەوشت و لە ئاکاری جوان، بۆ ئاراستەکردنی باشیمندڵانی کوردمـان .. (نوبـارابچوکـان)بـوو بە کتێبـی خوێنـدنەوەیفەقێکان، لە مزگەوتەکـان و لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستاندا دەخوێندرا و بڵاودەبۆوە .. ئەحمەدی خانی خۆشی مەلا و مامۆستایەکی شـارەزا و زانا و دانا بـوو، لە مزگەوت و لە قوتـابخـانە ئایینییەکـانی شـاری ( بایەزیـد ) دا، وانەی کوری و عەرەبـی بە فەقێکان و بە منداڵانی کورد دەوتەوە.

کتێبی (نوبـارا بچوکـان) بە دەستپێکردنی شیعری فێرکردنـی نووسـراوی ئەدەبـی منـداڵانی کـورد دیـاری کـراوە .. بە یەکەمین کتێبی شیعری فێرکردن بۆ منداڵانی کورد دادەنرێت، (شیعری فێرکردن) یش بە بەشێک یا بڵێین بە لقێک لە لقەکانی شیعر بە گشتی و، شیعری منداڵان بە تـایبەتی دادەنرێت .. بە بۆچوونی دکتۆرە (شوکریە رەسوڵ) یش، (نوبارا بچوکان): " کۆنترین شیعری فێرکردنە لەئەدەبی منداڵانی کورد دا".

کتێبی نۆبارا بچوکان، چەندین جار و لە چەندین شوێندا، دووبـارە و چەنـد بـارە، جـار لە دوای جـاریش باشتر و جـوانتر چـاپ کـراوەتەوە .. ئەمـانە نـاوی هەنـدێ لەو شـوێنانەن لەگەڵ سـاڵی چـاپکردنی کتێبـی نوبـارابچوکـان: (ئەستەمبوڵ : ١٨٩٢)، (بەرلین : ١٩٠٣)، (دیمەشق : ١٩٤٥)، (بەغـدا : ١٩٧٩) .. بـۆ یەکەمین جـاریش لە سـاڵی (١٩٢٦) دا، لە باشووری کوردسـتاندا، لە چاپخـانەی (رەوانـدوز) لە لایەن بەهەشتی (حوسێن حوزنی موکریـانی)

یەوە چاپ کرا، لە ساڵی (١٩٣٦) دا، لە لایەن شاعیر و فەیلەسوفی گەلەکەمان (پیرەمێرد) ی نەمرەوە، لە چاپخانەی (ژین)لە شاری (سلێمانی) دا چاپکرایەوە .. لە چەند شوێنی تریشدا چاپکراوەتەوە .. ئێمە تەنها ئامژە بە سێ دێری پێشەکییەی نوبارا بچوکان دەدەین:

*ژ پاش حـەمد و صەلەواتـانان*
*ئەم چەند کەلیمەتە ژ لوغـاتـان*

*** 

*ڤێک ئێخستن ئەحمەدی خـانی*
*نـاڤی نوبـارا بچـوکان لێ دانی*

***

*نە ژ بـۆ صاحب ( رواجــان )*
*بەلکو بۆ بچوکێت کرمانجـان.*

ئەحمەدی خانی، هانی منداڵانی کورد دەداو داوایان لێ دەکات کە بخوێنن و هەوڵدەن، چونکە بەبێ کۆشش کردن و خۆماندوونەکردن، ناگەن بە مەرام و ناناسرێن و ناوبانگ دەرناکەن .. دەڵێت:

*حەتتا تو دەور و دەرسان نەکەی تکرار و مصروف*
*د دنیـایی تو نـابی نە مەشـهوور و نـە مــەعروف.*

ئەگەر ئەم کتێبەی ئەحمەدی خانی (نوبارا بچوکان) بۆ منداڵان، بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی منداڵانی کوردمان لە کوردستاندا دابنێین، کەواتە ئێمەی کورد لە مێژووی ئەدەبی تازەی منداڵان لە جیهاندا، (ئەدەبی منداڵانی کورد) ئەوەندە لە (ئەدەبی منداڵانی وڵاتانی ئەوروپا) دوا نەکەوتووین، بەڵکو هاوسەردەمین لەگەڵ ئینگلتەرا، دانیمارک، بولگاریا، لەگەڵ میسریشدا، کە لەم وڵاتانەشدا، لە ساڵانی (١٨٠٠ تا ١٩٠٠) بە دواوە، ئەدەبی منداڵان،لێیاندا سەری هەڵداوە.

ئەگەرچی نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسی (چارلز پیرۆ: ١٦٢٨ - ١٧٠٣) لە ساڵی (١٦٧٩) دا، لەژێر ناوی (چیرۆکەکانی دایە قازم) دا، کتێبێکی بۆ منداڵان بڵاوکردەوە، کە بە یەکەمین کتێبی منداڵان دادەنرێت، ئەم کتێبە کۆمەڵە چیرۆکێکی خۆشی لە خۆگرتووە وەکو: (ساندریلا، شۆخە نووستووەکە، ریش شین، پشیلەی چەکمەلەپێ، جنۆکە)، بەڵام چارلز پیرۆ، لە رووی نەهات کە بە ناوی راستی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، لە ترسی ناوبانگ زڕان و، تانە و توانجی خەڵکی و، پایەنزم بوونەوەی ئەدەبی ـ کە تا ئەو کاتە، نووسین بۆ منداڵان پایە نزمی و شەرمەزاری و کات بە فیڕۆدان بووە ـ بۆیە بە ناوی (بیرودار مانکور) ی کوڕە بچووکەکەیەوە بڵاوی کردەوە ، ئەم کتێبە یەکەمین نۆبەری چاپکراوی چارلز پیرۆ بوو بۆ منداڵان، ئەم کتێبە نەک هەر لە فەرەنسادا بەڵکو لە زۆر لە وڵاتانی کەشدا، ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و، پایەی ئەدەبی منداڵانی زۆر بەرزکردەوە، بۆیە چارلز پیرۆ دووەمین کتێبی بۆ منداڵان لە ژێر ناوی (مەتەڵ و چیرۆکەکانی رابردوو)ی بە ناوی تەواوی خۆیەوە بڵاوکردەوە . بەڵام شاعیری کوردستان (ئەحمەدی خانی) بە شانازییەوە کتێبەکەی (نوبارابچوکان)ی بە ناوی خۆیەوە بڵاوکردەوە، چونکە ئەحمەدی خانی، منداڵانی بە بەشێکی گرنگی گەلەکەی دەزانێ، ئەو کتێبەی بە تایبەتی بۆ دانان .. هەریەکەش لە (شێخ مارفی نۆدێی: ١٧٥٢ - ١٨٣٧)، کە فەرهەنگەشیعری (ئەحمەدی) یبە زمانی (عەرەبی - کوردی) داناوە .. هەروەها نووسەری شەهیدیشمان مامۆستا (شاکیر فەتاح : ١٩١٤ - ١٩٨٨) فەرهەنگەشیعرێکی وشەی (ئینگلیزی ـ کوردی) بۆ منداڵان داناوە، هەردووکیان لە هاوشێوەی (نوبارا بچوکان)ی ئەحمەدی خانی دایان ناون.

(ئەمین عالی بەدرخان: ١٨٥١ - ١٩٢٦) ناوی تەواوی (محەمەد ئەمین عالی بەدرخان) ە، زیاتریش بە (ئەمین بەگ عالی بەدرخان) ناسراوە، کوڕی (میر بەدرخان)ە، باوکی (سورەیا وجەلادەت و د. کامەران بەدرخان)ە. (مێجەر نۆئیل) کە دوستایەتی لەگەڵ ئەمین بەدرخان دا هەبووە، دەڵێت: " ئەمین عالی بەدرخان، لە پیاوە دیارەکانی ماڵباتی بەدرخانەییەکانە و، پیاوێکی باڵابەرز و سوور و سپی بوو، دووربین بوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوردەکان هەبوو، بە تایبەتیش کوردەکانی بۆتان " .. دکتۆرە (شوکریە رەسول) یش دەڵێت: " ئەمین عالی بەدرخان مامۆستای بیانی دەهێنایە ماڵەوە، تاوەکو منداڵەکانی فێری زمانی بێگانە بن و، لایەنی هزری و رۆشنبیرییانی فراوان دەکرد، چونکە خۆی زمانی بێگانەی دەزانی و حەزی لە کەلتوور و مێژوو و ئەدەبیات بوو، وەک دەڵێنجاروبار دەستی نووسینی لە شیعر دانانددا هەبووە". ئەمین بەدرخان قوتابخانەی کردۆتەوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری خوێندن ببن و، بە سۆز و هەستی نەتەوایەتی گۆش و پەروەردەیان بکەن .. هەر ئەمیش بوو کە (کۆمەڵەی هاوکاری و گەشەپێدانی کوردستان ـ جمعية تعاون و ترقي كوردستان) ی دامەزراند .. ئەمین عالی

بەدرخان، شیعری بۆمنداڵان، نووسیوە، پارچە شیعرێکی هەیە بە ناوی (دەلالیا زاروان: دەلالیا زارۆکان)واتا (نازی منداڵان) کە لە حەوت کۆپلە پێک هاتووە، کەئەمین عالی بەدرخان، لە ساڵی (١٩٠٦) دا لە (ئەسپارتە) ی یۆنانی نووسیویێتەوە، چونکە باوکی لەسەر چالاکی کوردایەتی و کوردستان پەروەری دوورخرابۆوە بۆ یۆنان ..ئەم لاواندنەوە بە پیتی لاتینی نووسیویێتی .. بۆ یەکەمین جار شیعری (دەلالیا زاروان) لە ژمارە (٦)ی (گۆڤاری کوردستان) کە لە رۆژی (٢٢ - ٤ - ١٩١٩) دەرچووە، بە ناوی (زینۆ) وە، بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دەقی هەمان شیعر لە ژمارە (٥)ی ( گۆڤاری هاوار ) دا، کە لە رۆژی (٢٠ - ٧ - ١٩٣٢) دەرچووە، هەر بە هەمان ناونیشان (دەلالیا زاروان) ئەمجارەیان بە ناوی تەواوی (ئەمینعالی بەدرخان) ەوە بڵاوکراوەتەوە، کەواتە (زینۆ) ناوێکی خوازراوی ئەمین عالی بەدرخان بووە،هەر لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری هاواردا، پارچەپارچە شیعرێکی تری ئەمین عالی بەدرخان هەیە بە ناوی (لۆریا بەدرخان) واتە (لاوانەوەی بەدرخان).. کە لە شێوەی لایەلایە و لاواندنەوەدایە .. دەشێ (ئەمین عالی بەدرخان) ئەم پارچە شیعرەی، بۆ لاواندنەوەی (کامەران بەدرخان) ی کوڕە بچووکی نووسیبێت.. (گۆڤاری هاوار) لە ساڵی (١٩٣٢ - ١٩٤٣) لە شاری (دیمەشق - سوریا) دەردەچوو، خاوەن و سەرنووسەری هاوار (جەلادەت بەدرخان) بوو .. (٥٧) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەگەر (شیعری فێرکردن)ی لێ دەربکەین .. ئەم پارچە شیعرەی(ئەمین عالی بەدرخان)، بە سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی بۆ منداڵانی کورد دادەنرێت و .. بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کورد لە کوردستان دا دادەنرێت .. دوابەدوای ئەم شیعرە، لە لایەن شاعیران و نووسەرانی تری کوردەوە، لە گۆڤار و لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و، بە دواوە، چەندین شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان نووسراون و بڵاوکراونەتەوە .. بەڵکو زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکان، پانتاییەکی باشیان بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخان کردبوو. ئەمەش دوو کۆپلەی یەکەم و دووەمی ئەو حەوت کۆپلە شیعرەی (لۆریا بەدرخان)ە، لە دانانی میر (ئەمینعالی بەدرخان)ە:

*بنڤە خوشییا دل و دوو چاڤان*
*دادێ ژ تە هەر روو نەگەهبان*
*وا زوو مەزن ببی بەدرخان*
*بنڤە کەزیا من بنڤە لۆ لۆ*

* * *

*هشیار مەبە نهۆ نە قنجە*
*مەهدک ژ تەرا بزانە گەنجە*

*بێخەو مەبە باشییا وێ ڕەنجە*

*بنڤە کـەزیا من بنڤە لـۆ لـۆ.*

(میـر جەلادەت بەدرخـان : ١٨٩٣ - ١٩٥١ )نووسـەر و ڕۆژنـامەنووس و زمـانزان و دیبلۆماسی و شۆڕشگێڕ و کـورد و کوردسـتان پەروەرێکی ناسراوی گەلەکەمـان بـوو،بێجگە لە زمـانی دایکی زمـانی کـوردی، ئەم زمانانەشی بە باشی دەزانی: تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، رووسی، یۆنـانی .. سەرنووسەر و بەڕیوەبەری گۆڤـاری هـاوار بوو کە لە سالّی ( ١٩٣٢ - ١٩٤٣) دەردەجوو، تێکڕا (٥٧) ژمارەی لێ دەرچوو، بە پیتی لاتینی و ئـارامی کـوردی و عەرەبی، بەشێوەزاری کرمـانجی سـەروو و خـواروو و بە زمـانی کـوردی و عـەرەبـی دەردەکرا، گۆڤـاری هـاوار رۆڵێکی گەورەی رۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و نەتەوەیی هەبوو .. لە دوای گۆڤاری هاوار، میر جەلادەت عالی بەدرخان، سەرنووسەر و بەڕێوەبەری (گۆڤاری رووناهی: ١٩٤٢ - ١٩٤٥) بوو .. کە (٢٨) ژمارەی لێ دەرچوو .. هەر لە دیمەشق دەردەکرا.

گۆڤاری هاوار لە زۆربەی ژمارەکانیدا، پانتـاییەکی باشی بـۆ بـابەتی منـداڵان تەرخـان کردبـوو، چەنـدین بـابەتی هەمەجۆرەی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە . لە هەمـوو ژمارەکـانی ( گۆڤـاری هـاوار) دا، سـەرجەم (١٣) چیـرۆک و (١١) شیعری بـۆ منـداڵان بڵاوکـردۆتەوە .. بە کـورتی نـاوی ژمارەکـانی گۆڤـارەکە و نـاوی ئەو بـابەتـانەی کە بـۆ منـداڵان (شیعر، چیرۆک) لە(گۆڤاری هاوار) دا، بڵاوکراونەتەوە.. لەگەڵ نـاوی شـاعیر و نووسـەرەکانیانـدا،کە ئەم ژمـارانە و، ئەم شاعیر و نووسەرانەن:

* ژمـارە (١) لە ( ١٥ - ٥ - ١٩٣٢) دا دەچـووە، لە لاپەڕەی (٤)، ( بوهـارا: بەهـارە ) شیعرێکە بـۆ منـداڵان، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان)ە.

* ژمارە (٢) لە (١ - ٦ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، لە لاپەڕەی(٢)، (تولا ولات: تۆڵەی وڵات)، شیعرێکە بۆ منداڵان، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) ە .. هەر لەم ژمارەیەدا لە لاپەڕەی (٥) دا چیرۆکێکی تری بـۆ منـداڵان تێـدایە، بە ناونیشانی (دوو میرخاس: دوو پاڵەوان) لە نووسینی دکتۆر(کامەران بەدرخان: ١٨٩٥ - ١٩٧٨)ە.

* ژمارە (٣) لە ( ١٥ - ٦ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، چیرۆکێکـی بـۆ منـداڵان تێـدایە بە ناونیشـانی (شـەڤا وە خـۆش: شەوتـان خۆش) لە نووسینی (کامەران بەدرخان)ە.

* ژمارە (٤) لە (٣ - ٧ - ١٩٣٢) دا، کۆمەڵێک وشەی کوردی تێدایە، بۆ منداڵان راڤە کراوە.

* ژمارە (٥) لە (٢٠ - ٧ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، شیعری (دەلالیا زاروان: نازی منداڵان)، شیعرێکی (جەلادەت بەدرخان) ە .. هەر لەم ژمارەیەدا شیعرێکی تر (لۆریا بەدرخان: لاواندنەوەی بەدرخان) کە شیعرێکی (ئەمین عالی بەدرخان) ە بڵاو کراوەتە.

* ژمارە (٦) لە (٨ - ٨ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، چەند چیرۆکێکی بۆ منداڵان بڵاوکراوەتەوە، لەوانەش: (مارو مرۆڤ)، (کەڵەشێر و ڕێوی)، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) ە ، کە بە ناوی (چیرۆکبێژ)ەوە بڵاوی کردۆتەوە .. شیعری (لوریا بەدرخان) شیعرێکی شاعیری ناسراوی گەلەکەمان (قەدری جان: ١٩١١ - ١٩٧٢)ە، شیعرێکە بۆ منداڵان، ستایشی شیعرەکەی (ئەمین عالی بەدرخان)، (لوریا بەدرخان) دەکات.

* ژمارە (٩) لە (٣٠ - ٩ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، چیرۆکێک بۆ منداڵان (میر و مار) لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) ە، کە لەژێر ناوی (کۆچەرێ بۆتان) دا بڵاوی کردۆتەوە.

* ژمارە (١٠) لە (٢٧ - ١١ - ١٠٣٢) دا دەچووە، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناوی (میرو کوند: میر و کوندەپەپوو)، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان)ە، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (١٢) لە (٢٧ - ١٢ - ١٩٣٢) دا دەرچووە، چیرۆکێک بۆ منداڵان (کەو و کیتیک) لە نووسی (مستەفا ئەحمەد بۆتی) بڵاولراوەتەوە .. چیرۆکێکی تر (کەر و گورگ ورێوی) ناوی خاوەنەکەی نەنووسراوە ، بە زۆری بەوە دەکات لە نووسینی جەلادەت بەدرخان بێت .. چیرۆکێکی تریش بە ناونیشانی (مانگ و ئەستێرە) لە نووسینی (کامەران بەدرخان)، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (١٥) لە (٢٣ - ١ - ١٩٣٣) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٤) دا، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناونیشانی (کەروێشک و کیسەڵ) لە نووسینی (بەکری قوتڕەش)، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (١٨) لە (٢٣ - ١ - ١٩٣٣) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٤) دا، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناونیشانی (شێر و گایەکی زەرد) لە نووسینی (مستەفا ئەحمەد بۆتی)، بڵاوکراوەتەوە.

* ژمارە (٢٤) لە ( ١ - ٤ - ١٩٣٤) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٨) دا، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناونیشانی (چۆلەکە و فیل) لە نووسینی (مستەفا ئەحمەد بۆتی)، بکاوکراوەتە.

* ژمارە (٢٨) لە ( ١٥ - ٥ - ١٩٤١) دا دەرچووە، چیرۆکێک بۆ منداڵان بە ناویشانی (شوان و بەران) ، لە نووسینی (جەلادەت بەدرخان) بەڵام بە ناوی (چیای ئاگری) یەوە بڵاوی کردۆتەوە.

* ژمارە (٢٩) لە (١٠ - ٦ - ١٩٤١) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٨) دا، شیعرێکی بۆ منداڵان تێدایە، بە ناونیشانی (ڕێوییەکی پیر) لە نووسینی (ئوسمان سەبری)یە.

* ژمارە (٣١) لە (١ - ٨ - ١٩٤١) دا دەرچووە، لە لاپەڕە (٥) دا، شیعرێک بۆ منداڵان تێدایە بە ناونیشانی (کەڵەشێر و ڕێوی) لە نووسینی ( ئوسمان سەبری)یە، بڵاوکراوەتەوە.
* ژمارە (٤٩) لە (١٥ - ٩ - ١٩٤٢) دا دەرچووە، سێ هۆنراوەی (ئوسمان سەبری) بۆ منداڵان تێدایە، ناونیشانیان: (دیبستان: قوتابخانە)، (بوهار)، (تەڤدیرا مشکان: تەگبیری مشکان).

(ئوسمان سەبری: ١٩٠٥ - ١٩٩٤) لە دێی (نارنج)ی سەر بە شاری (مێردین) لە باکووری کوردستان لە دایک بووە .. ئوسمان سەبری شاعیر و نووسەرێکی شۆڕشگێڕ و ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەرێکی دلێر و سیاسەتمەدارێکی قارەمانی کورد بوو، لە (شۆڕشی دیاربەکر - ١٩٢٥ - شێخسەعیدی پیران) بەشداری کرد، دوو جار لەسەر کوردایەتی و هەڵوێستی نیشتمانی بەند کرا، ڕژێمی تورکیا تەنگیان پێ هەڵچنی، ناچار خۆی و هەر شەش براکەی، لە ساڵی (١٩٢٨) دا، چوون بۆ سوریا و، لە شاری(دیمەشق) نیشتەجێ بوون .. هەر لەم دیمەشق کۆچی دوایی کرد .. شاعیر هاپۆ (ئوسمان سەبری) بێجگە لە دیوانی شیعرەکانی، چەن کتێبێکی کەشی چاپکرد .. یەکێک لە کتێبەکانی (ئەلفوبای) زمانی کوردییە، کە لە ساڵی (١٩٥٥) دا، چاپی کردووە.. ئەمەش شیعری (دبستان)ی هاپۆ (ئوسمان سەبری)یە، کە لە (گۆڤاری هاوار) دا، بڵاوکراوەتەوە:

*دەستپێک ب ناڤی یەزدان*
*ئەڤە دچم دبستان*
*دڤێ ئیدی بخوێنم*
*بۆ راستیی ببینم*
*دا هەر تشتی بزانم*
*هەیا کوپێ بکانم*
*بەری ڤێ گەلێ من*
*نەزان ما بوون میر و ژن.*

* ژمارە (٥١) لە (١٥ - ١٢ - ١٩٤٢) دا دەرچووە، لە لاپەڕەی (٢) دا، چیرۆکێکی بۆ منداڵان تێدایە، بە ناونیشانی (میر و نیچیرڤان: میر و راوچی) لە نووسینی (محەمەد ئەمین سلێمان) ە.

* ژمارە (٥٢) لە ( ٢٠ - ٢ - ١٩٤٣) دا دەرچووە، لە لاپەڕەی (١٠) شیعرێکی بۆ منداڵان تێدایە، بە ناونیشانی (ڕێوییەکی کەڕ) لە نووسینی ( ئوسمان سەبری) یە.

دەشێ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی کەش لە باکووری و ڕۆژئاوای کوردستاند بابەتی شیعر و چیرۆکیان بۆ منداڵان بڵاوکردبێتەوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە پایەی بابەتەکانی گۆڤاری هاوار.

(محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان: ١٩٣٤) شاعیر و نووسەرێکی بەتوانا و ناسراوی کوردمانە، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، کورد و کوردستان پەروەرێکی ناسراوە .. لە ساڵی (١٩٧٩) وە لە شاری (ئوستوکهۆڵم)ی پایتەختی (سوید) دەژی .. تا ئێستا زیاتر لە (٣٠) کتێبی شیعر و چیرۆکی بە پیتی لاتینی کوردی بە شێوەی کرمانجی ژووروو بۆ منداڵانی کورد نووسیوە و چاپی کردوون، محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەنووسێت، بەڵام بابەتەکانی دەربارەی کوردن (نووسەر: ساڵی پار کە لە سوید بووو، بە مەبەستی زانیاری زیاتر هەوڵمدا پەیوەندی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو بە سەردانی گەڕابۆوە بۆ باکووری کوردستان، وادیارە ژمارەی تەلەفۆنەکەشی گۆڕیوە) .. (میر زۆرۆ) کە بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی بۆ منداڵان، یەکێکە لە بەرهەمە شیرینەکانی محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان بۆ منداڵان، ژمارەی چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە (١١) چیرۆکن، (میر زۆرۆ) یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەو یانزە چیرۆکە، محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، لە زمانی کوردەوە لە باکووری کوردستاندا وەری گرتوون .. بە زمانێکی ساکار و شیرینی ئەدەبی بۆ منداڵان، بە شێوەیەکی ساکار دووبارە دایڕشتوون و، لە ساڵی (١٩٨١)دا، لە سوید چاپی کردووە .. هاوشێوەی گێڕانەوەی زۆربەی چیرۆکە و مەتەڵ و ئەفسانە کوردییەکانمان بە پەرگرافی: (هەبوو نەبوو جارەک ژ جاران رەهمە ل دێ و باڤین گوهداران) سەرەتای چیرۆکەکانی دەست پێ کردوون.. نووسەر کاک (سەگڤانیوسفی) دووبارە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی (محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان)، (میر زۆرۆ)ی بە ـ پیتی کوردییباشووری کوردستان - نووسیوەتەوە و لە ساڵی (١٩٨٧) لە بەغدا چاپی کردووە .. محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان نووسەرێکە، لە هەموو بورەکانی ئەدەب دا دەنووسێ و، شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی کوردی دا هەیە .. زمانی سویدیش باشی دەزانێت .. دەژی و بەردەوامە لە نووسیندا.

(سەبری بۆتانی : ١٩٢٧ - ١٩٩٨) شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردە، لە دێی (شوش)ی سەر بە شاری (وان) لە باکووری کوردستاندا لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە، هەستی کوردایەتی و

سۆز و خۆشەویستیی بۆ کوردستان لە دڵیدا دەبزوێ.. هێشتا مێردمنداڵێک بوو، رژێمی تورکیا تەنگیان پێهەڵچنی، ناچار دێت بۆ باشووری کوردستان و، لە شاری (زاخۆ) دا نیشتەجێ دەبێت .. لەسەر شیعرە نیشتمانییەکانی رژێمی عێراقی دەیگرن و، لە شاری (موسڵ) بەندی دەکەن.. سەبری بۆتانی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) دا، لە باشووری کوردستان بەشداری کرد. سەبری بۆتانی روو لە هەندەران دەکات، لە ساڵی (١٩٩١) دا، دەبێتە پەنابەر لە وڵاتی (نەرویج) و، لە شاری (ئۆسلۆ)ی پایتەختەکەیدا نیشتەجێ دەبێت.. تا لە رۆژی (٢٥ - ١٠ - ١٩٩٨) هەر لەم شارەدا ئەم شاعیرە کورد و کوردستان پەروەرەمان کۆچی دوایی دەکات .. سەبری بۆتانی بێجگە لە کوردی، زمانی عەرەبی و تورکی و نەرویجیشی دەزانی. وەکو نووسەر و رۆژنامەنووس و وەرگێڕێک بە زمانی عەرەبی و کوردی لە رۆژنامەی (التآخی) و لە رۆژنامەی (برایەتی) دا کاری کردووە .. لە بەرهەمە چاپکراوەکانی بە زمانی کوردی: (شینو شادی)، (دڵستان)، (دەنگی مەتین)، رۆمانێک و کۆمەڵە چیرۆکێکی بۆ بەجێهێشتووین کە تا ئێستا چاپ نەکراون .. سەبری بۆتانی ( کۆمەڵێک شیعری ناسک و ساکار و شیرینی بۆ منداڵان) نووسیوە، کە زۆربەیان کراون بە گۆرانی، شیعری (خاڵخاڵۆک) یەکێکە لە شیعرەکانی بۆ منداڵان:

*شیرینێ خالخالۆکێ*
*رەنگینێ دەلالۆکێ*
*خالخالۆکێ بلەزینە*
*دەشت و چیا بهەژینە*
*ها بگرە ڤێ پسیارێ*
*ئەڤینا دلێ یارێ*
*هەرە مالا خالێ من*
*گازی کە هەڤالێ من*
*ژ مالێ بێتن دەرێ*
*خاترێ دلێ دلبەرێ*
*بێتن هان و هاوارێ*
*سەر کانیکا قەسارێ.*

(فورات جوری: ١٩٥٩) شاعیر و نووسەرێکی ناسراوی کوردە.. لە باکوری کوردستان لەدایک بووە.. نیشتەجێی وڵاتی

سویدە، (١٩)کتێبی هەمەجۆرەی چاپکراوی هەیە.. فورات جوری لە ساڵی (١٩٨٣)دا، لە ژێر ناوی (دایک) دا، کۆمەڵە شیعرێکی بۆ منداڵان چاپ کردووە.

باسی ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان، بە چاوپێخشاندن و بە کورتە باسێکی سەرپێی وادا، مافی خۆی نادرێتی و زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت .. پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر هەیە.

هیوادارم بەشێک لەو کتێبانەی کە بۆ منداڵانی کورد لە باشووری کوردستان دا، نووسراون و چاپ کراون .. دووبارە بە پیتی لاتینی کوردی و بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بنووسرێنەوە و چاپیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی منداڵانی کوردمان لە باکووری کوردستانیشدا چێژ و سوودیان لێ وەربگرن. ئاواتەخوازی ئەوەشین، کە بە زوترین کات (گۆڤارێک بۆ منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان) دا، بە زمانی شیرینی کوردیمان و بە پیتی لاتینی کوردی دەربکرێت.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## ئەدەبی منداڵانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان.

ژیان و گوزەرانی گەلی کوردمان، لە رۆژئاوای کوردستاندا، لە سایەی داگیرکەری شۆڤێنی عەرەبی لە سوریادا، ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، لە ژیان و گوزەرانی کورد لە باکوور و لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خراپترە .. رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی سوریا، لە ئاستی گەلی کوردماندا،هەر هەموویان یەک لە یەکتری شۆڤێنیتر و ستەمکارتر و دیکتاتۆریتر بوونە، تا ئەمڕۆش حکومەتی سوریا،بە فەرمی دانی بەناسنامەی نەتەوەیی کوردا نەناوە، زۆربەیان ناسنامەی باری کەسییان نییە و، لە سادەترین مافی هاوڵاتی بوون بێ بەشکراون .. تا ئەمڕۆش شۆڤێنی عەرەبی و (چەتەدرندە و خوێنڕێژەبەکرێگیراوەکانی داعش) ی بێڕەوشت و، (بەرەی نوسرە ی هاوشێوە و هاونیاز و هاوکردەوە گڵاویان، بە هاوپشتی و هاوکاری ئاشکراو و تەواوی رژێمی تورکیای رەگەزپەرست، کە تا ناقرگەیان ناحەزی سەرسەختی گەلی کوردە، لە لایەکەوە، لەلایەکی تریشەوەرژێمی بەعسی دەسەڵاتداری سوریا و، دەستێکی

نـــاوچەیی شـــۆڤێنیعەرەبی،کە هەر هەموویـــان هاوکـــارنلە پـــیلان گیـــڕان لە دژی گەلـــی کوردمـــان و هێنـــانەدی خواستەکانمان، بە پێی پیلانێکی گڵاوی نەخشەدارێژراو، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامەردانە و دوور لە بەزەیی و،لە ویژدان و، لە هەموو سۆزێکی مرۆیی، گەلەکۆمەیـان لە کـورد کـردووە، بە چەکـی قـورس و بە چەکـی کیمیـای پەلامـاری گەلـی کوردمانیـان لە رۆژئـاوا و لە باشووری کوردستان داوە، هەر لەبەر ئەوەی، کە کـوردین و گەلێکـی ئازادی و ئاشتیخوازین.. پەلاماردانی دڕندانەی شاری کۆبانی قارەمان و پـاڵەوان (هێمـای بەرگـری و بەرخـودان).. بەشێکە لە جێبەجێکردنی پیلانەگڵاوەکانیان بۆ رەشەکوژی و جینۆسایدکردنی کورد .. بە هەزاران خێزانی کوردمان، لەبەر دڕنـدەیی و بێـویژدانی ئەم چەتە بێڕەوشـتانە، لە شـەنگال و زەمـار و کۆبـانی و موسڵ و جەلـولا و، چەنـد شـوێنێکی تـر، مـاڵ و سـامانی خۆیـانیـان بەجێشـتوون و،دەربەدەر و ئـاوارە بـوونە.. لە بـاردۆخێکی زۆر سـەخت و نـاهەمواردا دەژیـن.. منـداڵەکانیان لە خوێنـدن دابـڕاون و، لە بـارێکی سـایکۆلۆژیای زۆر خـراپ دان.. ئەم دڕنـدە شۆڤێنییانە، ئەم شەمشەکوێرە تاریکپەرستانە، تەنانەت دەست لە منداڵی نـاو لانکیشمان ناپـارێزن .. خۆیـان بە خوای سەر زەوی دەزانن و، سەر و ماڵ و موڵک و ئافرەتی کوردیان حەڵاڵ کردووە.. ئەم چوار دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردسـتان، (تورکیـا، ئێـران، عێـراق، سـوریا) هەرچواریـان رەگەزپەرسـت و دڕنـدەن، بە ئەوپەڕی دڕنـدەیی و بێویژدانی و بێبەزەییانەوە، هێرشیان کردۆتە سەر کورد.. تا ئێستا لە چەندین ناوچەی کوردستاندا، چەندین جار دڵڕەقـانە رەشـەکوژی و کۆمەڵکوژیـان لە کـورد کـردووە و.. سـەروەت و سامانی کوردیـان بە تـاڵان بـردوون، تەڕ و وشـکیان سـوتاندووین،هەرگیز دەسـتیان لە کوشـتنی ئـاژەڵ و، سـوتاندنی دار و دەوەن و، پیسـکردنی ژینـگەی کوردستانیش نەپاراستووە.. ئەوان دژی هەموو شتێکی کوردن.. لە کاتێکدا کە گەلی کوردمانلە کۆن و لە ئەمڕۆشدا، لە هەمـوو بوارەکانـدا چـاکە و پیـاوەتییەکی زۆری بەسـەر ئەم نەتەوانەوە هەیە،بەڵام بە داخەوە هەر هەموویـان سپڵە و پێـنەزان دەرچـوون ..لە جیـاتی ئەوەی پاداشتی چاکەکـانو پیاوەتیمـان بـدەنەوە، خـراپە و ناپیـاوی و نـامەردییەکی زۆریـان لەگەڵـدا کردووین و دەیکەن.. ئەمەیە سیفەت و رەوشت و نـامەردی نـامەردان وداگیرکەرانی دڕنـدە و سپڵە.. ئەوەی ئەم داگیـرکەرە رەگەزپەرست وخـوێنڕێژانە، بەسـەر ئێمەی کوردیـان هێنـاون، بەسـەر هیچ نەتەوەیەکـی تـر، لە هیچ شـوێنێکی جیهـان نەهـاتووە.. هەر چـوار داگیـرکەرەکەی کوردسـتان، بەهەمـوو شێوەیەک هاوکـار و هـاوڕان، سیاسـەتی کـوردقڕان و سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد و، گـۆڕینی دیموگرافیـای کوردستان،خاڵێکی هاوبەش و، نیازی سەرەکی گڵاوی هەموویانە.. هەرچواریان لە دژایەتـی کردنـی کـوردا، هـاوڕا و هاونیاز و هاوپیلان گڵاون، کە دێنە دژایەتی کردنی کورد، هەمـوو ناکۆکییەکـانی نێوانیـان بەلاوە دەنێن و،مـوو بە نێوانیانەوە ناچێت.. پێکەوە گەلەکۆمە لە کورد دەکەن..بەڵکو ئامادەن دەست بخەنە ناو دەستی شەیتانیشەوە لە دژی کوردمان.

ڕۆژئاوای کوردستان خاکی عەرەب نییە، هەزاران هەزار ساڵە کورد لەوێدا دەژی و، شوێنەوار و ئاسەوار و بەڵگە مێژووییەکان، بەڵگەن و گەواهی ئەم ڕاستییەن، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان، هەردەم هەوڵی ئەوەیان داوە و دەدەن، کە ڕاستییەکان چەواشەبکەن و، نکوڵی لە مێژووی کورد بکەن و، بەڵام "بەری تیشکی خۆر بە بێژنگ ناگیرێت"و، مەحاڵیشە کە بتوانن پەردەپۆشی ڕاستییە مێژووییەکان بکەن و هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر مێژووی گەلی کوردا بهێنن.. بە قسەی مێژوونووسان و نەتەوەناسان، گەلی کورد ئەگەر دێرینترین گەلی جیهان نەبێت، بێگومان یەکێکە لە گەلە هەرە دێرینەکانی جیهان، ئەم قسەیەشمان دوورە لە دەمارگیرییەوە، بەڵکو بە پێی چەندین کەرەستە و بەڵگەی جێماو و شوێنەواری دێرین، کە گەواهی هاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییانەن، ئەگەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە ویژدان و، دوور لە دەمارگیری و چەواشەکردن، مێژووی کورد و کوردستان بخوێننەوە.. ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە،کوردیەکەمین نەتەوەیە، کە بەردی بناغەی یەکەمین شارستانی داناوە و کوردستانیش یەکەمین لانکی کۆنترین و ڕەسەنترین شارستانی و ئاوەدانی بووە لە هەموو جیهاندا، تا ئەمڕۆش لە گەلێ شوێنی کوردستاندا، بەڵگەی ئەم ڕاستییانە ماونەتەوە و گەواهی سەرکەشی دەست بەسینگەون.. ئەگەرچی داگیرکەرانی کوردستان بەشێکی زۆری بەڵگە و کەرەستە دێرینە بە جێماوەکانی کوردستانیانیان، بە تاڵ بردوون،کە ئێستا لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی داگیرکەر و، لە چەند مۆزەخانەیەکی جیهانی دانراون و،کردوویانە بە موڵکی خۆیان.. ئەمە و زۆر شوێنەواری دێرینی کوردستانیشیان بە ئەنقەست وێران کرد.. بۆ ونکردنی بەڵگەکانی شارستانی و مێژووییەکانی کورد و کوردستان.

ژمارەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، نزیکەی چوار ملیۆن و نیو بۆ پێنج ملیۆن کوردن.. گرنگترین هەرێمەکانیان ئەم هەرێمانەن: جەزیرە (بۆتان)، عەفرین، چیای کورداان (جبل الكورد)، حەسەکە، حەلەب و... چەند شوێنێکی تر.. گرنگترین شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیششاری (قامیشلو، سەری کانی، عامودا، کۆبانی، حەسەکە، دەرباسییە، عەفرین، دێرکا هەمکۆ، گێری سپی،ئەزاز،... چەند شار و شاروچکەی تر).

دەوڵەتی میتانی کوردی کە پایتەختەکەی (واشۆکانی) بوو، دەکەوێتە سەر ڕووباری فیشخابوور، لە سەدەی شانزەمین دا، لە دەوروبەری ساڵی ( ١٥٠٠ - ١٢٥٠) ی پێش زایینی، لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بوو، فەرمانڕەوایی بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستانی دەکرد.. ئەم بەڵگانەش وەڵامێکە بۆ ئەو شۆڤێنییە عەرەبانەی کە دەڵێن، بوونی کورد لەم ناوچانەدا تازەیە و، بۆ سەردەمێکی کورت دەگەڕێتەوە.. قەڵا دێرینەکەی کورداان (قلعة الأكراد) کە دەکەوێتە ناوەندی شاری (حەلەب) ەوە، تا ئەمڕۆش بە سەرکەشی ماوەتەوە، یەکێکی ترە لە

بەڵگەکانی بوون و، دەسەڵاتی کورد لە دێر زەمانەوە لێرەدا، هەروەها گۆڕەکەی پاڵەوانی کوردمان (سەلاحەدینی ئەیوبی) کە لە مزگەوتی ئەمەوی، لە شاری (دیمەشق) دایە، بەڵگەیەکی تری هاشاهەڵنەگرە، بۆ بوونی کورد و، بۆ دەم داخستنی شۆڤێنییەکان.

لە هەموو بوارەکاندا، چەندین سەرکردەی قارەمان و، کەسایەتی ناودار و تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی سەرسەخت و شاعیر و نووسەر و رۆشنبیری ناسراو و زانا و دانای مەزن وسیاسەتمەداری ناودار و، هونەرمەندی لێهاتووی کوردیان لێ هەڵکەوتوون، کە خزمەتێکی گرنگ و بەرچاویان، لە داکۆکیکردن و لە خزمەتکردنی سوریادا هەبووە .. لە کاتی داگیرکردنی سوریا لە لایەن (فەرەنسا) وە .. گەلی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستاندا، چەکیان هەڵگرت و، قارەمانانە بەرگریان لە سوریا کرد و، بۆیە فرۆکە جەنگییەکانی فەرەنسا لە ساڵی (١٩٣٧)دا، شاری (عامودا) ی رۆژئاوای کوردستانیان بۆردومان کرد.. سەرسەختانە بەرگریان کرد و، چەندین شەهیدیانلە پێناوی رزگاری و ئازادی سوریادا داوە، تا ئەمڕۆش ناو و داستانی قارەمانی کوردمان (ئیبراهیم هەنانۆ) لەسەر زاری هەموو سورییەکە.. کە سەرکردە و شۆڕشگێڕێکی جوامێر و دلێر و نەبەرد و قارەمانیکورد بوو، لە دژی فەرەنسای داگیرکەری رۆژئاوای کوردستان و سوریادا، قارەمانانە بەرگری دەکرد.. نا (ئیبراهیم هەنانۆ) بوو بە سونبلی بەرگری و قارەمانی، سورییەکان زۆر بە شانازی و رێزەوە ناوی دەبەن.. ئازایەتی و بەرگریی کەم وینەی، ئەم پاڵەوانە کوردەمان، بوو بە هەوێنی بەرگری و راپەین بۆ گەلی کورد و بۆ سورییەکان.

ئێمە لێرەدا کەمێک لە سەرناوی بابەتەکەمان لادەدەین و، زۆر بە کورتی ئاماژە بە چوار تاوانی رژێمە شۆڤێنییە یەک لە دوای یەکەکانی سوریای داگیرکەری رۆژئاوای کوردستان دەدەین، کە مشتێکن لە چەندین خەرواری تاوان و ستەمکاری و ناهەقیلە دژی گەلی کوردی بێ تاوانمان:

*یەکەم:* تاوانی (تراژیدیای سووتاندنی منداڵانی کوردمان لە شاری - عامودا)ی جەرگسوتاو،لە رۆژئاوای کوردستاندا، ئەم تاوانە بە بیری نەوەی ئەمڕۆمان دێنینەوە.. تا بزانن هیچ داگیرکەرێک لە جیهاندا هەیە، رق وقینی خۆی بە منداڵانی دڵپاک و بێ تاوان، بە پەپوولە و خونچە دەربکات ؟! لە رۆژی یەک شەممەی رێکەوتی (١٣ - ١١ - ١٩٦٠) لە ( شاری عامودا: کە شارێکی خنجیلانەی رۆژئاوای کوردستانە،بەرانبەر بە شاری (قامیشلو) وە و، تەنها ( ٢٨ ) کیلۆمەتر لێوەی دوورە).. لەو رۆژەدا بۆ پشتگیرن و،کۆکردنەوەی پارە بۆ (شۆڕشی جەزائیر)، لە سینەما بچووکەکەی عامودا (سینەما شەهرەزاد) فیلمێک دەربارەی شۆڕشەکەی جەزائیر نمایش دەکرا، کە

داهاتەکەی بۆ شۆڕشەکەی جەزائیر بوو.. سینەمای شەهرەزاد، بە ئاسن و بە دار و حەسیر سەری گیرابوو.. جێگای (٢٥٠) کەسی دەگرت.. بەڵام لەو ئێوارەیەدا (٥٠٠) منداڵیان تێ ئاخنی بوو، کە لە سەدا (٩٥) یان کورد بوون و، لە سەدا (٥) یان ئاشووری بوون، هەموو منداڵەکان قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی بوون.. ئەو ئێوارەیە لە جیاتی فیلمەکەی شۆڕشی جەزائیر، فیلمێکیتریان بە ناونیشانی (تاوانێک لە نیوەشەودا)نمایش کرد، کە (مەحموود ملیجی) رۆڵی پاڵەوانێتی دەبینی.. لە پڕێکدا ئاگر لە سینەماکە بەربوو، لەگەڵ ئاگرکەوتنەکەشدا، ئەنجامدەرانی پیلانەکە،دەرگای سینەماکەیانداخست، بە پێی کۆمەڵێک بەڵگە، ئەم تاوانە لە لایەن دایرەی ئەمنی سوریاوە داڕێژرابوو، هەر خۆشیان جێبەجێیان کرد، لەم تاوانەدا زیاتر لە (٢٨٥) منداڵی کوردمان، دووسەد و هەشتا وپێنج پەپوولەمان، لە چەند خوولەکێکدا، سووتان و خنکان و،بوون بە خەڵووز، ناناسرانەوە.. زیاتریش لە (١٠٠)منداڵی ترمان چەستەیان هەڵقرچان و بریندار بوون و شێواون، لەم دۆزەخەدا، کە ئەو ژمارەیەی منداڵانی کوردمانتێیدا شەهید بوون.. شیوەنی خستە هەموو ماڵێکی عاموداوە، دڵی هەموو دایک و باوکانی هەڵقرچان، خەڵکی شاری عامودا، جگە لەوەی کە کوردن، زۆربەشیان، خزم و کەسوکاری یەکترین، بۆیە ئەم تاوانە تراژیدیایە، بوو بە کارەساتی شارێک و، شیوەن و ماتەمینی و رەشپۆشی هەموو ماڵەکانیعامودای گرتەوە، تاوانی ( (سینەمای شەهرەزاد) تاوانێکی کۆمەڵکوژییە، برینێکی هەمیشە بەسۆیە و، هەرگیز ساڕێژ نابێت.. لە هەمان کاتیشدا، پەڵەیەکی قێزەوەنی زەقە بە تەوێڵی رژێمی شۆڤێنی عەرەبی لە سوریادا.. تێکڕای خەڵکی عامودا لە رۆژی دوای ئەورۆژەدا، واتا لە ( ١٤ - ١١ - ١٩٦٠)دا، خۆپێشاندانێکی ناڕەزایی تووڕەیی زۆر گەورەییان سازکرد و، رژێمی سوریایانپرۆتستۆ و تاوانبارکرد، بە ئەنجامدانی ئەو پیلانە گڵاوەیان دەرهەق بە منداڵانی پاک و بێ تاوانی کورد.. بۆ یەکەمین جاریش لەو خۆپێشاندانەدا، خۆپێشاندەرانی شاری عامودا، ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە و بە هەموو شارەکەدا گێڕایان و، هاواریشیان دەکرد، بژی کورد.. بژی کوردستان.. عامودا شکۆمەندی و شانازی ئەوەی پێ بەخشێنرا، کە یەکەمین شاری رۆژئاوای کوردستانە، کە بۆ یەکەمین جار (ئاڵای کوردستان) ی لێ هەڵکرا. ئەگەر ئەو منداڵە چاوگەشانەی کوردمان بمانایە.. دەشیاچەندین کەسایەتی ناودار و تێکۆشەریان لێ هەڵبکەوتایە.. (دکتۆر جەمشید عەبدولکەریم) و (دکتۆر زنارشێخموس)دووانن لەو منداڵانەی کە لەو دۆزەخە رزگاریان بوو.. شاری عامودا نەوەیەکی پێشکەش بە شۆڕشی جەزائیر کرد.. بەڵام بەداخەوە کە جەزائیر پێی نەزانی و سپڵە و بێ ئەمەک دەرچوون، جەزائیر رۆڵێکی گڵاوی هەبوو لە (رێکەوتنامەی جەزائیری: ١٩٧٠)ی نێوان (سەدامی گۆڕبەگۆڕو شای ئێرانیرسوابوودا) ئەو رێکەوتنامەیە، باشتر وایە بڵێین ئەو پیلانە، پیلانێکی دوو قۆڵی گڵاوبوو، لە دژی گەلی کوردمان و، پیلانێک بوو، بۆ لە ناوبردنی(شۆڕشی ئەیلول)ی ساڵی(١٩٦١) لە باشووری کوردستاندا.. لە ئێستادا شوێنی(سینەماشەهرەزاد) کراوە بە پارکێک و، پەیکەرێکی لێ دانراوە، کە بریتییە لە

کۆمەڵە منداڵێکی کورد لە قوربانیانی ئەو تاوانە، کە ئاڵای جەزائیریان هەڵگرتووە.. کە گوزارشتە لەوەی کە بوونە قوربانی شۆڕشەکەی جەزائیر.

*دووەم:* (پشتێنەی عەرەبی): بە (پشتێنەی سەوز) یش ناویان بردووە، کە پشتێنەیەکی شۆڤێنی عەرەبییە، کەحیزبی رەگەزپەرستی بەعس لە ساڵی (١٩٦٣) دا، بوو بە دەسەڵاتداری سووریا، بە پێی پلان و پیلانێکی دارێژراو، بە ئەوپەڕی درندەیی و دڵڕەقییەوە، دەستیان بەگرتن و ئازاردان وئەشکەنجە و بە چەوسانەوە و توقاندن و تەنگپێهەڵچنینی گەلی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستانداکرد و، لە هەموو مافێکدا،کوردیان بێبەش کرد .. رژێمی بەعسی شۆڤێنی لە سەرەتا دەستیان بە گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردییەکان کرد، بۆ دابڕینی رۆژئاوا و باکووری کوردستان لە یەکتری، دوای ئەوەی لە ناوچەی جەزیرەدا، کە هەموو دانیشتوانەکەی کوردن، نەوت و گاز دۆزرایەوە، لە ساڵی (١٩٦٥) دا، رژێمی بەعس دەستیان بە جێبەجێکردنی پرۆژەی (پشتێنەی عەرەبی) کرد، باشتر و راستر وایە کە بە (پشتێنەی شۆڤێنی) ناوی بەرین، رژێم دەستی بە دەرکردنی زیاتر (٢٥) هەزار خێزانی کورد لە زێدی رەسەنی باوباپیرانیانن لەم ناوچانە کرد، چی زەوی زارێکی کوردیش هەبوو داگیریان کردن، و، دابەشیان کردن بەسەر هۆز و خێڵە عەرەبە شۆڤێنییە هاوردەکاندا.. ئەم خێلانەشیان چەکدار کردن، بۆ گێچەڵکردن و شەڕفرۆشتن و تەنگهەڵچن بە کورد و، تالانکردنی سامانی کورد.

درێژی پشتێنەی شۆڤێنی (٣٠٠)کیلۆمەترە و، پانییەکەشی (١٥) کیلۆمەترە، بە دەوری باکووری رۆژئاوای کوردستاندا،زیاتر لە (١٠) هەزار خێزانی شۆڤێنیی عەرەبیان لە شوێنی خێزانە کوردە بە زۆردەرکراوەکان نیشتەجێکردن کردنو.. زیاتریش لە (یەک ملیۆن) دۆنمی زەوی زاری کشتوکاڵی کوردیان بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا، تاپۆکرد.. دێهات و کۆمەڵگایان بۆ ئەم خێزانە عەرەبە هاوردانە دروست کرد و، ئاو وکارەباشیان بۆ راکێشان.. هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین کردن، تا جێی نەهێڵن.. رژێمی سوریا ناسنامەی کەسیشیان لە (٢٥٠)هەزار هاوڵاتی کورد وەرگرتنەوە و، لە هەموو مافێکی مرۆیی بێبەشیان کردن و، بەمەش داهاتووی خێزان و منداڵاکانیان لە ناوبردن.. تا ئەمڕۆش ناسنامەکانیان بۆ نەگەڕاندوونەتەوە.. وەنەبێ بە ئاسانی ئەم پرۆژەیەیان جێبەجێکردووبێت.. بەڵکو بە هێزی سوپا و پۆلیس و ئەمنی سوریا، بە هێزێکی زۆرەوە هەڵیان کوتایە سەر ئەم ناوچانە و، بە ئەوپەڕی توندوتیژی و، بە ئازاردان و، بە گرتن و بە ئەشکەنجەدانی سەدان کورد جێبەجێیان کرد .. لە بەندەکانی ئەم پرۆژە گڵاوە شۆڤێنییەدا، ئەم خاڵانەشی تێدایە:

* سیاسەتی نەخوێندەوارکردنی کورد) واتە نابێت قوتابخانە و پەیمانگا لە ناوچە کوردییەکان بکرێنەوە.. تا بەشێکی زۆری منداڵانی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستاندا، لە مافی فێربوون و خوێندن بێبەش، کە ئەمەش تاوانە و ناهەقییەکی گەورەیە و، پێشێلکردنی جاڕنامەی مافەکانی منداڵانە.. کە یەکێک لە بەندەکانی ئەوەیە کە بەبێ جیاوازی: (هەموو منداڵێک مافی چوونەقوتابخانە و خۆندنی هەیە).

* (گۆڕینی ناوی دێ و گەڕەک و شارەکانی رۆژئاوای کوردستان)، بە ناوی عەرەبییەوە، بۆ نموونە: ناوی (کۆبانی) یان گۆڕی بە ناوی (عین العرب)، (سەری کانی)، بە (رأس العین) ،(گیری سپی) بە (تل أبیض)، (گەڕەکی کوردان) کە یەکێکە لە گەڕەکە دێرینە کوردنشینەکانی شاری (دیمەشق) بە (رکن الدین)، ناوی گەلێ شوێنی کەشیان لە کوردییەوە کردووە بە عرەبی.

* (قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی کوردی) و رێ نەدان بە گەشەکردنی رۆشنبیری کوردی و، رێگرتن لە چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی و، قەدەغەکردنی ئەو کتێبانەش کە بە زمانی عەرەبی، دەربارەی کورد نووسراون، یا دەنووسرێن .

* (وەرنەگرتنی کورد لە دایرەکان) دا و، دانەمەزراندنیان بە مووچە و، داخستنی دەرگاکانی کارکردن لە رووی کورد دا.. بە مەبەستی برسیکردن و هەژاریکردن و کوێرەوەریکردنی کورد.

* (نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوانکوردا) واتە کورد بە بەگژی کوردا بکەن.. سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) .. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە گڵاوەشیان، گەلی پیلانیان جێبەجێ دەکرد.

* (بێ سەر و شوێن کردن و کوشتنی کەسایەتی و چالاکوانان و تێکۆشەرانی کورد) بۆ نموونە کوشتنی زانا و تێکۆشەر و کەسایەتی ناودار و،کورد و کوردستان پەروەری کوردمان شەهید، دکتۆر (محەمەد مەعشوق خەزنەوی: ١٩٥٧ - ٢٠٠٥)، کە لەلایەن دەزگای ئەمنی سوریاوە بە ناهەق شەهید کرا، هەروەها بە دەیان چالاکوان و لاوی کوردمانیان گرت و بێسەر و شوێن کراون.

* (قەدەغەکردن و رێنەدان بە هیچ کار و چالاکییەکی سیاسی کوردی ..) تا ئێستا بە توومەتی کاری سیاسی نهێنی بە دەیان تێکۆشەر و رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و خوێندکاری کوردیان گرت و، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆریان

دەدان، کە تا ئەمڕۆش هەندێکیان لە بەندیخانەکانی سوریادان.

*سێیەم:* (کۆمەڵکوژییەکەی شاری قامیشلو) لە ڕۆژی ( ١٢ - ٣ - ٢٠٠٤) دا، لە یاریگای شاری قامیشلو دا، کە لە نێوان تیپی تۆپی پێی قامیشلو (الجهاد) و، تیپی تۆپی پێی دیر الزوور (الفتوه) یاری کرا، کۆمەڵێک هاندەری عەرەبی بەعسی شۆڤێنی و توندڕەوی سوری و عێراقی، کە وێنەی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕ (سەدام حوسێن) یان هەڵگرتبوو.. دەستیان کرد بە جوێندانی کورد و، بە سەرکردەکانی کورد.. دیاربوو کە خۆیان بۆ ئەم شەڕ پێفرۆشتنە بە هاندەرانی تیپی قامیشلو، ئامادەکردبوو، چونکە چەقۆ و دار و بەردیان لەگەڵ خۆیاندا، هەڵگرتبوو، هاندەرانی کوردیش، وەڵامی جوێنەکانیان دایەوە.. پۆلیس و ئەمنی سوریش پاڵپشتی هاندەرانی تیپەکەی دیر الزور بوون و ئەوانیش تەقەیان لە کورد دەکرد.. ئەم تاوانە، پروتستۆکراو تووڕەیی و ناڕەزایی هەموو کوردی لێکەوتەوە و، لە هەمووشارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و، زۆربەی شارەکانی تری کوردستان، بۆ ماوەی شەش ڕۆژ خۆپێشاندانی ناڕەزایی و سەرکۆنەکردن سازکرا، لە ڕۆژی ( ١٣ - ٣ - ٢٠٠٤) دا، لە کاتی بردنی شەهیدەکانی قامیشلو کە هەموو خەڵکی شارەکە،بە تووڕەی و ماتەمینییەوە، بە ڕێوڕەسمێکی شایستە بەرەو گۆڕستان بردیانن، دووبارە ئەمنی سووری تەقەی لە خەڵکییەکە کرد و، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە.. لە قامیشلو و عەفرین و سەریکانی و عامودا و حەلەب زیاتر لە (٥٠) کورد شەهید کران و، بە سەدان کەسیش بریندار بوون، بە دەیان لاوی کوردیشیان گرت و، پیسترین ئازار و ئەشکەنجەیان دەدان، لە نێو بەندکراوەکاندا، ژمارەیەک منداڵی بێتاوانیش هەبوون، بۆ نموونە (ئەیوب شاکیر عوسمان) منداڵێکی تەمەن (١٣) ساڵان بوو.

*چوارەم:* (خوێناوی کردنی نەورۆزی ساڵی ـ ٢٠٠٨) لە کاتێکدا، کە ڕۆڵەکانی گەلێ کوردمان لە خۆشی و شادی و شایی و ئاهەنگێڕان و پیرۆزبایی کردنی جەژنی نەتەوەییمان (جەژنی نەورۆز) بوون، ڕژێمی دڵڕەق و شۆڤێنی سوریا، جەژن و خۆشیان لێ تاڵ و خوێناوی کردن، بە ئەنقەست دەستڕێژیان لە ئاهەنگ گێڕان کرد و، چەند کەسێک شەهید بوون و بە دەیان کوردیش بریندار بوون، ئەمەش تاوانێکی قێزەوەنیترە، لە تاوانەکانی ڕژێمی سوریا، دەرهەق بە گەلی کوردمان.

مەبەستمان لە باسکردنی ئەو تاوانانەی ڕژێمی شوڤێنی عەرەبی، لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، ئەوەیە ئایا دەکرێت ئەدەبی منداڵانی کورد، لە سایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرست و دڕندەی وادا، ئەدەبی منداڵانی کورد

گەشەبکات و پێش بکەوێت.. ؟؟ بەلای رژێمی شۆڤێنیی سوریاوە قسەکردن بە زمانی کوردیمان، بە تاوان دادەنرا ..؟؟ بەڵام زۆر جار رووەک لەژێر بەردیشدا چەکەرە دەکات و رێی خۆی دەکاتەوە و لە تەنیشتەوە سەردەردەهێنێت و گەشەدەکا.. (ئەدەبی منداڵانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان) دا، ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا لە ئاستی خواست و پێویستدا نییە.. بەڵام زۆر پاکەم بوونی هەبووە و هەیە.

لە رۆژئاوای کوردستاندا، تا ئێستا بە دەیان شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندی ناسراوی کوردمان، بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسین و بەرهەمەکانیان، چاپ کردوون و، بڵاویان کردوونەتەوە، ئەمانە ناوی کۆمەڵێک لەو ناسراوانەی کوردمانن لەو بوارانەدا:

*(جگەرخوێن، د. نورەدین زازا، تیرێژ، قەدری جان، عوسمان سەبری، رەشید کورد، عومەر لەعلە، فەرهاد چەلەبی، سلێمان عوسمان (کونی رەش)، یوسف بەرازی (بێ بەهار)، سەیدایی گلش، سەلیم بەرەکات، رۆژ ئاوسی، مەشعەل تەمۆ، ئبراهیم مەحمود، باڤی نازی، ئیبراهیم یوسف، لاوکی هاجی، ساڵح حەیدەر، مەحمود سەبری، دڵدار میدی، قادۆ شیرین، تەها خەلیل، ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، خالید محەمەد، عەلی جەزیری، قەدری جەمیل پاشا، دیلان خەمگین، فەتحوڵڵا حوسێن، محەمەد شێخۆ، شاهین بەکر سورگولی، ماهین شێخانی، عەفدالی زینکی، جان دۆست، خەلیل ساسۆنی، دیا جوان، خاتوو دڵشاد یوسف، فەرهاد عەجمو، لۆرین تلداری، خاتوو بێوار ئیبراهیم، وەزنە خەلیل، ساڵح، عەلی جەزیری، دکتۆرمحەمەد بەکر،عەبدولڕەحمان ئالوجی، خالید جەمیل، دلبرین بابی خالید، پەیمان قاسم، باڤی هۆزان، شیار عومەر لەعلە، جوان نەبی، باڤی سۆلین، ئەحمەد سۆفی، فەواز عەبدی، دڵدار میدی، وەزنە حامید، دەرویش دەرویش، مونا واسیف، مەلەک سوکەر، نیهاد قەلعی،فەرید شەوقی، سلێمان حەلەبی، سوعاد حوسنی، عەبدولرەحمان کەواکیبی، ئەدیب شیشەکلی، خالید بەرازی، محۆ ئیبۆ شاشۆ، ئیبراهیم هەنانۆ، حوسنی زەعیم، خالید بەکتاش، نورەدین ئەتاسی، عەلی بۆزۆ، ئەحمەد مەلا، نەجاة سەغیرە، ئەحمەد باراڤی، تنکزار ماردینی، عەبدولڕەحمان، خەیرەدین زەرکەلی، ئیبراهیم شێخانی..* ئەمانە و بە دەیان ناودار و ناسراوی تری کوردمان، لە رۆژئاوای کوردستاندا، کە رۆڵێکی گرنگیان لە هەموو بوارەکانی شارەستانیدا لە سوریادا هەبووە و، هەیە...)هەندێ لە ناودارانە، لە باکووری کوردستان لە دایک بوونە، رژێمی تورکیا تەنگی پێ هەڵچنیون و، روویان لە رۆژئاوای کوردستان کردووە و، لێرەدا ژیاون.. کوردستانی شیرینمان، بە باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆئاواویەوە، یەک کوردستانە و، نیشتمانی شیرینی هەموو کوردانە.

*مەهاباد و کەرکووک و دیاربەکەر و قامیشلوو*
*چوار گوڵن لە دڵی منـــداڵانی کورد، هەموو.*

سـەرەڕای ئەو هەمـوو گوشـار و سـتەم و نـاهەقی و چەوسـانەوە و بێـویژدانییەی، دەرهەق بە گەلـی کوردمـان لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکران، بەڵام داگیرکەران نەیانتوانی هەستی کوردایەتی و سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستان، لە دڵ و دەروونی کوردا کز و کاڵ بکەنەوە، نەیان توانی بەر لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان بگرن و، کۆڵیـان پـێ بـدەن.. بەڵکـو ئەو سـتەم و زۆرداری و ناهەقییـانە، زیـاتر ئـێمەی کـوردی دەوروژانـدوون و، زیـاتر سووری کـردووین، لە تێکۆشـان، لە پێنـاوی گەیشـتن بە ئامـانج و بە مـافە رەوا زەوتکراوەکانمـان و، سـوورین لە بەدەستهێنانی ئازادی و ئاشتی.

نزیکەی هەشتا ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، لە سایەی کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسـەتمەداری تێکۆشـەری کـورد و کوردسـتان پەروەرمـان، بزووتنەوەیەکـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی و ڕۆژنـامەیی کـوردی جوقەرەی داو، نەمری و دووبـارە سەرهەڵدانی کوردایەتییـان سـەلماند.. پێویسـتە ئاماژەش بە ڕۆڵی گرنگ و بە کاریگەری و دڵسۆزی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بکەین .. کە لە بواری ڕۆشنبیری وڕۆژنامەگەریدا، دەست پێشکەربوون، نە ئەوسا و نە ئێستاش، لە بەردەم هەستی کوردایەتی و کوردستان پەروەریدا، سنوورێک نییە کە کـورد لە یەکتـری دابڕێـت و سـنوور بخـاتە نێـوان کوردسـتانەوە، ئەمـانە دەسـتکردی دەوڵەتە زلهێزەکـان و، داگیرکەرانـی کوردسـتانن، تـاوان و غەدرێکـی گەورەیەکە لە کوردیـان کـرد، کـورد گەلـێکە و کوردسـتانیش یەک کوردستانە.. با داگیرکەرانی کوردستان ئەمە باش بزانن، کە تا گەلی کوردمان ئازاد نەبێت و کوردستانمان رزگاری نەبێت.. گەلان و وڵاتـانی داگیرکەری کوردستان، ناحەسێنەوە و ئـارامی و سـەقامگیری و ئاشتیش بەرقەرار نـابن.. تا زووتـرش کوردستان رزگـاری بێت و کورد ئـازاد بێت.. لە بەرژەوەنـدی هەموو گەلانی نـاوچەکەدایە و، زیـان و قوربـانییەکان کەمتر دەبن.

دەرچوونی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی، هەفتانە و مانگانە و وەرزی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، وەکو گۆڤاری: *(هـاوار)، (ڕوونـاهی)، (ڕوژا نـو)، (ستێر)، (دەنگـی کوردستان)، (پێشـەنگ)، (گوڵستان)، (کل) (گەلاوێژ)، (ئاگـاهی) و، چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی لۆکاڵی تر..* هەروەها دامەزراندنی (پارتیـدیوکراتی کوردسـتان ـ ١٩٥٧) و (کۆمەڵەی خۆیبـوون) لە ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا، بـوونە مـایەی گەشـەکردن و پێشـکەوتنی ڕەوتـی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و

ڕۆژنامەگەری و چاپکردنی کتێب لە ڕۆژئاوای کوردستاندا.. چەندین شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و نیشتمان پەروەری کوردمان پێ گەیشتن و هاتنە کایەوە.

بە کورتی ناوی چەند نووسەر و شاعیرێکی کوردمان دەهێنین، کە بە شیعر و بە چیرۆک و بە شانۆگەری، بناغەی ئەدەبی منداڵانی کوردیان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا دانان، لەوانەش:

*(جگەرخوێن: ١٩٠٣ - ١٩٨٤) ناوی تەواوی (شێخ موس حەسەن محەمەد)ە*، بە (جگەرخوێن) ناسراوە، لە ساڵی (١٩٠٣) لە گوندی (هەسار) لە نزیکی شاریماردینلە باکووری کوردستان لە داک بووە، بە منداڵی شوانی و گاوانی کردووە، ڕژێمی تورکیا تەنگی پێهەڵئەچنن، بۆیە لە ساڵی (١٩١٤) دا، ڕوو لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و، دەچێتە شاری عامودا، لە ساڵانی (١٩٣٧ - ١٩٣٨) دا (کۆمەڵەیەکی کوردی لە شاری عامودا) دادەمەزرێنێت بەڵام لە لایەن فەرەنسییەکانەوە داخرا.. لە ساڵی (١٩٤٦) دا، ڕوو لە شاری (قامیشلو) دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لە ساڵی ( ١٩٥٩ - ١٩٦٢) وەکو مامۆستایەکی زمانی کوردی، لە کۆلێجی ئاداب، بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا وانەبێژ بووە، لە ساڵی ( ١٩٦٨)دا، لە شاری قامیشلودا، بە نهێنی گۆڤارێکی کوەردی بە ناوی (گولستان) ەوە دەردەکات، لە ساڵی (١٩٧٣) دا دەچێت بۆ لوبنان، هۆنراوەی (کیمە ئەز؟) لەوێ دەنووسێت، کە هونەرمەندی گەورە (شڤان پەروەر) کردوویە بە گۆرانی.. جگەرخوین لە ساڵی (١٩٧٩)دا، بە ناچاری ڕووی لە وڵاتی (سوید) دەکات و، لە شاری (ستۆکهۆڵم) وەک پەناهەندەیەکی کورد دەژی، تا لە ڕۆژی (٢٢ - ١٠ - ١٩٨٤) کۆچی دوایی دەکات و، لەسەر ڕاسپاردەی پێشتری خۆی، تەرمەکەیان بردەوە بۆ (قامیشلو) و، لە حەوشەی ماڵەکەیدا بە خاکیان سپارد، ڕۆژانە کوردێکی زۆر سەردانی گۆڕەکەی دەکەن و، بە شوێنێکی پیرۆزی دەزانن.. مردنی جگەرخوێن زیانێکی گەورەی بوو بۆ ئەدەبی کوردیمان.

جگەرخوێن، شاعیرێکی گەورە و تێکۆشەر و کوردستان پەروەرێکی گەورەی گەلەکەمانە، لە زمانی کوردی و عەرەبیدا زۆر بە توانا بوو، لە نێوانی ساڵانی ( ١٩٤٥ - ١٩٨٥) لە (٨) بەرگدا، دیوانی شیعرەکانی لە دیمەشق و لە ستۆکهۆڵم چاپ کردوون، شەش بەرگیان لە ژیاندا بوو چاپ کرا ، دوو بەرگیان لە دوای کۆچکردنی منداڵەکانی چاپیان کرد.. لە ساڵی (١٩٦١) دا، لە (بەغدا) کتێبێکی بە ناوی (دەستورا زمانی کوردی) چاپ کردووە.. مێژووی کوردستانی نووسیوە و، لە دوو بەرگدا چاپی کردووە.. لە ساڵی (١٩٦٢)دا، لە دووبەرگدا (فەرهەنگی جگەرخوێن) لە بەغدا چاپ کردووە.. چەند ڕۆمانێکیشی نووسیوە. ئەگەرچی جگەرخوێن شیعری تایبەتی بۆ منداڵان نەنووسیوە،

بەڵام هەندێ لە شیعرەکانی منداڵانیش چێژی لێ وەردەگرن، بۆ نموونە ئەم شیعرەی (شام شەکرە، وەڵات شیرینترە)ی، کراوە بە باتێکی (کتێبی خوێندنەوەی کوردی) لە قۆناغی سەرەتاییدا.. کە ئەمە دەقی ئەو شیعرەیەتی:

*وەڵاتێ من تووی بووکا جیهانی*
*هەمی باغ و بەهەشت و مێرگ و کانی*
*شەپاڵ و شەنگ و شۆخ و ناز و گەوری*
*گەلەک شیرین و رند و پڕ جوانی*
*سەرێ تاجا سەلاحەدینی کوردی*
*ئەنی رۆژە د بورجا ئاسمانی*
*دوو بورهێن تە کەڤانی رۆستەمێ زال*
*دو زولفێن تە ژ تیرێن قەهرەمانی*
*رووێ تە ئاگرێ زەردەشت و مەزدەک*
*ژ تە هێستر شەرابا کامیرانی*
*دوو چاڤێن تە وەکی دەریایێ هورمز*
*کەپوو ئەلماسە کاری مووش و وانی*
*دوو لێڤێن تە کتێبا حاجی قادر*
*زمانێ تە ژ بەندا شێخێ خانی*
*سەروپا زەند و بازن تەڤ بجنە*
*هەمی سۆرن ژ رەنگێ ئەرخەوانی*
*جگەرخوێنە کورێ تە هەر دنالی*
*ژ بەر ژانا نەزانی و خەزانی.*

شیعری(کیمە ئەز؟) یەکێکە لە شیعرە نیشتمانییەکانی جگەرخوێن و، سەرناوی بەرگی سێیەمی دیوانەکەیەتی.. هونەرمەند شڤان پەروەر کردوویە بە گۆرانی، هونەرمەند گوڵستانیش دەیڵێتەوە.

**کیمه ئــەز؟**

کــوردێ کوردســـــتان

تەڤ شۆڕش و ڤولکان

تەڤ دینامێتم

ئاگــر و پێتم

سۆرم وەک ئێتوون

ئاگر گــها قــەپسوون

گاڤـــا بتەقـــم

دنیـــا دهـــەژی

ئەڤ پیت و ئاگر

دوژمن دکـوژی

کیمه ئــەز...؟

**لە شیعری (کوردستانم کا... !)دا، دەڵێت:**

بــاغ و بستانم

ئــاخ گولستانم کا

دوژمن تەڤ گرتن ئاخ

ئــاغ کوردستان کا.

لە شیعرێکی تریدا هەر بە ناوی (کوردستان) ەوە، کە هونەرمەند خاتوو ( گوڵستان ) کردوویە بە سروود، دەڵێت:

کوردســـتانێ کوردســـتان

بەخچێ گولا ، دەردێ دلا

ئیــرۆ مایە بن دەســـتان

*کوردســـتان بلـــندی*

*هەمی بـاژار و گونــدی*

*هەچی کەس بخوازی دڤێ جانێ خۆ بتەدنی.*

**بەشێکی زۆری شیعرەکانی جگەرخوێن بە لای منداڵانی کوردمانەوە گرانن نین و لێیان تێدەگەن.. زۆریشیان لە لایەن هونەرمەندای ناسراوی کوردمانەوە، کران بە سروود و بە گۆرانی.**

***(دکتۆر نورەدین زازا : ١٩١٩ - ١٩٨٨):*** **لە قەزای (مەعدەن)کە دەکەوێتە نێوان شاری (ئامەد) و (عەزیز) ەوە، لە خێزانێکی، کورد و کوردستان پەروەر لە دایک بووە، باوکی زانایەکی ئایینی بوو. لە شۆڕشەکەی ساڵی (١٩٢٥) لە باکووری کوردستاندا، باوکی و (دکتۆر نافیز) ی برای بەشداریان لە شۆڕشەکەدا کرد، دوای سەرکوت کردنی شۆڕشەکە، روویان لە رۆژئاوای کوردستان کرد و، لە شاری (حەلەب) نیشتەجێ بوون، لەو کاتەدا تەمەنی نورەدین لە (١١) ساڵ کەمتر بوو.**

**دکتۆر نورەدین زازا، (کۆلێجی پزیشکی) لە لوبنان تەواوکرد و، لە ساڵی (١٩٦٥) دا، بڕوانامەی (دکتۆرا)ی لە (زانیارییەکانی پەروەردە) دا، لە زانکۆی لۆزان لە سویسرا وەرگرت، هەر کچێکی سویسریشبە ناوی (گیلیر ڤاڤۆ) کە دۆستێکی دڵسۆزی کورد بوو، بوو بە هاوسەری و تەنها کوڕێکیان هەیە بە ناوی (شەنگۆ ڤالیری)..نورەدین زازالە ساڵی (١٩٣٧) کۆمەڵەی (هیڤی) دامەزراند.. لە ساڵی (١٩٣٩) دا، لە قامیشلو (تیپی تۆپی پێی کوردستان)ی دامەزراند، کە لە ساڵی (١٩٤٠) دا، بوون بە پاڵەوانی سوریا.. لە ساڵی (١٩٤٦) بوو بە سەرۆکی (کۆمەڵەی خۆیبوون).. هەر لەو ساڵەشدا، قوتابخانەیەکی ئێوارانی کردەوە، بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی.. لە ساڵی (١٩٤٩) دا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکاری کوردی، لە ئەوروپادا(یەکێتی قوتابیانی کورد) یان لە ئەوروپادامەزراند.. نوردەین بوو بە سەرۆکی ئەم یەکێتی یە.. گۆڤارێکیشی بە ناوی (دەنگی کوردستان) ەوە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەردەکرد.. لە ساڵی (١٩٥٧) دا، لە گەڵ شاعیر (عوسمان سەبری) و، چەند سیاسییەکی تێکۆشەری تردا (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە رۆژئاوای کوردستانداداەمەزراند، بۆ ماوەیەک سەرۆکی ئەم پارتییە بوو.. لە ساڵی (١٩٤٤) دا، بە نهێنی هات بۆ باشووری کوردستان، تا چاوی بە تێکۆشەری نەمری گەلەکەمان (مستەفا بارزانی) بکەوێت.. بەڵام لە لایەن رژێمی عێراقەوە گیرا و، بۆ ماوەی ساڵێک لە موسڵ و چەند شوێنێکی تردا بەندیان کرد.. نورەدین لە ساڵی (١٩٦٠) دا، خۆی چەند هاوڕێیەکیلەسەر**

چالاکی سیاسی لە لایەن رژێمی سوریاوە گیرا، سزای لە سێدارە دانیانبۆ دەرکرد، بەڵام لە ئەنجامی ناڕەزایی و گوشاری چەندین دەوڵەت و، کەسایەتی ناسراوی جیهانی، رژێمی سوریایان ناچارکرد کە سزاکەیان گۆڕێ، بە ساڵ و نیوێکی زیندانی.. لە زینداندا، پیسترین ئەشکەنجە و ئازاریان داوە.

نورەدین زازا، تێکۆشەرێکی سەرسەخت و، سیاسیەکی ناسراو و، رۆشنبیرێکی گەورە و بلیمەت و، نووسەرێکی بە توانا بوو، بە دەیان وتار و نووسینی لە گۆڤاری (هاوار)و (روناهی) دا، بڵاوکردوونەتەوە، لە نووسینی کورتە چیرۆکی نوێشدا، دکتۆر نورەدین زازا، بە (تیشخۆفیکورد) ناسراوە.. دکتۆر نورەدین زازا، لە رۆژی (٧ - ١٠ - ١٩٨٨) دا، لە (نەخۆشخانەی لۆزان ) لە(سویسرا) کۆچی دوایی کرد، هەر لەویش بە خاکیان سپارد.. بە مردنی ئەم تێکۆشەرە قارەمانەمان، زیانێکی گەورەلە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و، لە بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی کەوت.. بەڵام هەمیشە نەمرە لە دڵی کوردا و، بە شانازییەوە یادی دەکەینەوە.

نورەدین زازا، لە ژیاننامەکەی ( ژیانی کوردەواریم ) دا، کە چیرۆکی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، باس لە چیرۆکی ئەو دەوڵەتە زلهێز و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە دەکات، کە چ تاوانێکیان لە کورد کردووە و، چۆن کوردیان چەوساندۆتەوە و، ئەشکەنجەیان داون.

دکتۆر نورەدین زازا، لە ژمارە (٣٠)ی گۆڤاری (هاوار )دا، چیرۆکێکی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی ( (کورد یەکەن) لەم چیرۆکەدا، هەستی رێز و خۆشەویستی و یەکبوونی کورد دەخاتە دڵی منداڵانی کوردەوە، چیرۆکەکە باس لە کوڕە منداڵێکی ئاوارەبووی کوردی باکووری کوردستان لە شاری (مووش) دەکات، روو لە جەزیرە (بۆتان) دەکات، دەچێتە قوتابخانەیەیەک، مامۆستا داوا لە قوتابییەکانی دەکات، کە وەکو نامۆیەک لێی نەڕوان، ئەویش وەکو ئێوە منداڵێکی کوردە و خەڵکی شاری (مووش) ە، لەسەر نەخشەش شوێنی شاری (مووش) یان، پێشان دەداتت،گەر بە چاوی ئەو سەردەمە لەم چیرۆکەی نوردین زازا بۆ منداڵان بڕوانین، گرنگترین بنەمای چیرۆکی منداڵانی تێدایە، ئەویش ئەویە، کە منداڵان بە هەستێکی کوردانە و بە سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستان، بە گیانی برایەتی، منداڵانی کورد گۆش و پەروەردە دەکات.. چیرۆکی دووەم (شێری تەین ئەحمەدیخانی) کە لە ژمارە (٣٠)ی، گۆڤاری (هاوار) دا بڵاوکراوەتەوە، باس لە مەزنی کەڵەشاعیری گەلەکەمان (ئەحمەدی خانی) دەکات و، منداڵاننی کورد خۆیان بە نەوەی ئەم شێرە بلیمەت و قارەمانە دەزانن.. هەردوو چیرۆکەکە بە ناوی (فورات جەوەری) یەوەیە، کە ناوێکی خوازراوی نوردین زازایە.. ئەم دوو چیرۆکە کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی

رابـردوودا، بڵاوکـراونەتە، توانـا و دووربینـی دکتـۆر نـوردەین زازا دەردەخەن، کە پێویسـتە منـداڵانی کوردمـان بە هەستی کوردایەتی و سۆزی نیشتمانی گۆش و پەروەردە بکەیـن.. دەتـوانین ئەوە بڵێین کە ئەو دوو چیرۆکە بەردی بناغەی قۆناغی تازەی ئەدەبی منداڵانی کوردن لە رۆژئاوای کوردستاندا.

*(کـونی رەش: ۱۹۵۳)نـاوی (سلێمان عوسمان) ە،* لە گونـدی (کـونی رەش) ی سـەر بەشـاری قامیشـلو، لە رۆژئـاوای کوردسـتان لە خێزانێکـی کوردسـتان پەروە و رۆشـنبیر و ئەدەبدۆسـتی کـورد دایـک بووە،نازناوەکەشـی لە نـاوی گوندەکەیانەوە هاتووە، کونی رەش شاعیر و نووسەرێکی ناسراو و رۆژنامەنووسێکی چـالاکی کوردمـانە، لە زۆربەی گۆڤارە کوردییەکانی ناو کوردستان و، ئەو گۆڤارانەی لە هەندەراندا دەردەچن، کونی رەش بە کوردی و بە عەرەبـی شیعر و نووسینەکانی بڵاوکردوونەتەوە.. کونی رەش ئاشقێکی سەرسەختی ئازادی و ئاشتی و نیشـتمانییە.. تـائێسـتا چەند کتێبێکی شیعری بە کوردی و عەرەبی چاپکردووە و بڵاوی کردۆتەوە، لەوانە:

** دەروازەی ژیان و خۆشەویستی ـ بە عەرەبی ـ ساڵی ـ ۲۰۰۱. چاپی کردووە.*

** کتێبێک دەربارەی شاری قامیشلو، لە ساڵی ـ ۲۰۰۳. دا، چاپی کردووە.*

** رووداوەکانی شۆڕشی ئارارات ـ۱۹۳۰، لە ساڵی ـ ۲۰۰۰ ـ لە هەولێر چاپ کراوە.*

** ئەی نیشتمان، لە ساڵی ـ ۱۹۹۸ ـ چاپی کردووە.*

کـونی رەش، منـداڵانی کوردیشـی لە یـاد نەکـردوون.. ئاراسـتەی منـداڵانی کوردمانـدەکات و، هانیـان دەدات، بە تایبەتیش منداڵانی کورد لە رۆژئاوی کوردستاندا، کە فێری زمانی کوردی ببن، چونکە زمان ناسنامەیە و، یەکێکە لە کـۆڵەکە گرنگەکـانی نەتەوەیـی.. کوردستانیشـیان خـۆش بوێـت، چـونکە نیشـتمانمانە.. گەلـێ هەڵبەسـت و چیرۆکەهەڵبەستی بۆ منداڵان نووسیوە و، چاپی کردوون، لەوانە:

** کۆمەڵە شیعری یەکەمی بە ناوی (سیبان و جین) لە ساڵی (۱۹۹۳) دا، چاپی کردووە.*

** کۆمەڵەی شیعری دووەمی بە ناوی (شاگری بەدرخانم) لە ساڵی (۱۹۹٦) دا، چاپی کردووە.*

** لە رۆژنامە و گۆڤارە کوریيەکانیشدا.. گەلێ شیعری بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە.*

کونی رەش، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە ساڵی (۲۰۰۰) دا، لە یادی رۆژی رۆژنامەگەری کوردیدا،

لە لایەن وەزیـری ڕۆشـنبیری کوردسـتان خوالێخۆشـبو (فەلەکەدیـن کـاکەیی) یەوە، وەکـو نووسـەر و شـاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی چالاکوان، خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشی.

لەم کاتەدا شیعرەکانی (کونی ڕەش بۆ منداڵان) لە بەردەستماندا نییە، کە ئاماژەیـان پـێ بدەین.. بەڵام حەزمان کرد، کە ئەم کە ئەم شیعرە جوانەی، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، وەکو نموونەیەک لە لە شیعرە نیشتیمانییەکانی کونی ڕەش، کە بۆ منداڵانیش گران نییە:

*ئەی نیشتمان!*

*داهێنان بەبێ ئـازادی*

*داهێنان نییە،*

*ئـازادی بەبێ نیشتمان*

*ئـازادی نییە*

*بـــــڕوانە !*

*ئایا نیشتمان هـــەیە*

*بەبـی خـــــــۆر؟!*

*ئایا ئاینـــدە هـــەیە*

*بەبێ نیشتمان یا شوێن؟!*

*ئەی نیشتمان*

*تۆ داهێنان و ئـازادیمی*

*بوونـــم و نەبـوونمی...*

(*ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل:* ١٩٦١)لە شـاری (قامیشـلو)لە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لە دایـک بـووە، مامۆسـتایەکی پەروەردەیە، نووسـەرێکی ناسـراوی کوردمـانە، بە تـایبەتیش لە بـواری نووسـینی کـورتە چیـرۆک و شـانۆگەری و لێکـۆڵینەوەی شـانۆییدا، ئەنـدامی کـۆمەڵەی شانۆنووسـانە لە یەکێتـی نووسـەرانی سـوریا.. بە زمـانی عەرەبـی دەنووسێت، چـونکە تـا ئەمڕۆش ڕژێمی شۆڤێنی عەرەبـی سـوریای داگیـرکەری ڕۆژئـاوای کوردسـتان، دانی بە هـیچ مافێکی نەتەوەی کورد و بە زمانی کوردیدا نەناوە، ڕێی بە منداڵانی کوردمان نەداوە، کە بە زمانی کوردی بخوێنن

و بنووسن.. بۆیە ئەحمەد ئیسماعیل و بە دەیان نووسەر و رۆشنبیری کوردمان، لە رۆژئاوای کوردستاندا، قوربانیی ئەم تاوانەن.. بەشێکیان بە زمانی عەرەبی دەنووسن.. ئەحمەد ئیسماعیل، لە چەندین کۆڕ و سیمیناردا لە سوریا، شاریقە، فەلەستین، ئیمارات، مەغریب، عێراق، دوبەی، بەشداری کردووە و، دەربارەی ئەدەب و شانۆی منداڵان، لە سوریا و لە چەند وڵاتێکی تردا، وەکو بابەت پێشکەشکەر بەشداری کردووە، چیرۆک و شانۆگەرییەکانی لە گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکاندا - کە بە عەرەبی دەردەچن ـ- بڵاوکردۆتەوە.. تا ئێستا چەندین خەڵاتیشایستە وچەند بڕوانامەیەکی رێزلێنانیانلە سوریا و لە وڵاتانی تردا پێ بەخشیوە.. بە زۆریش لەو شانۆگەرییانەی کە بۆ منداڵانی نووسیون.. ئەحمەد ئیسماعیل تا ئێستاش بەدەوامە لە نووسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی تازەیدا.. ئەمانە ناوی بەشێکن لە بەرهەمەچاپکراوەکانی کە بە زمانی عەرەبی نووسیونی:

١- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی شانۆی کوردی ـ ساڵی ٢٠٠٠.
٢- شانۆگەرییەکانی ساڵی ـ ١٩٩٩.
٣- شانۆگەری تۆبەی ڕێوی ـ چوار دەقی شانۆییە بۆ منداڵان ـ ٢٠٠٠.
٤- سەمای عاشق ـ کۆمەڵە چیرۆکێکە ـ ساڵی ـ ٢٠٠١.
٥- بەدلیسی ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان.
٦- بارزانی نەمر ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان ـ ٢٠٠٣.
٧- پێشەوا قازی محەمەد ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان.
٨- کێڵگەیەکی سەخت ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان ـ ٢٠٠١
٩- گوناهی ئەسپێک ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان ـ ٢٠٠٦.
١٠- کەسایەتی لە شانۆگەری منداڵان دا ـ لێکۆڵینەوەیە ـ ٢٠٠٦.
١١- کورد لە شانۆی سوریدا ـ لێکۆڵینەوەیە ـ ٢٠٠٦.
١٢- داوڵ ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان.
١٣- چیرۆکی سێ چەقاوە سوەکە ـ دووشانۆگەرییە بۆ منداڵان ـ ٢٠٠٩.
١٤- کەلەبەر ـ شانۆگەرییەکە بۆ مێردمنداڵان ٢٠٠٤.
١٥- خەونەکانی گوێدرێژە تەمەڵەکە ـ شانۆگەرییەکە بۆ منداڵان ـ ٢٠٠٠.
١٦- باڵندەیەکی دانا ـ شانۆگەرییەکەبۆ منداڵان ٢٠١٠.
١٧- شوورە ـ شانۆگەرییەکە.

١٨- بە پیرییەوەچوونی شانۆ لە لایەن منداڵاوە ـ لێکۆڵینەوەیەکە ٢٠٠٥.

١٩- ببورن مەم و زین ـ شانۆگەرییەکی رەخنەسازی تەوسە.

٢٠- بچووکەکە پێ دەکەنێ چیرۆکێکە.

ئەوانە ناوی هەموو نووسین و بەرهەمەکانی ئەحمەد ئیسماعیل نین.. چەندین کورتە چیرۆک و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی تری نووسیون و بڵاوی کردوونەتەوە.

(هەورامان وریا قانیع) حەوت لە شانۆنامەکانی (ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل)ی، لە زمانی عەرەبییەوە، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و، بە ناوی (حەوت شانۆنامە بۆ منداڵان)، لە ساڵی (٢٠٠٨) دا، لە سلێمانی چاپی کردووە.

(نووسەر: دووجار بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە مامۆستا (ئەحمەد ئیسماعیل)ەوە کرد، کە ئێستا لەشاری (قامیشلو)دەژی، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی ژیان و نووسینەکانی، بەڵام بەداخەوە، تۆڕی پەیوەندییان تەواو نییە و، بە باش گوێمان لە دەنگی یەکتری نەدەبوو).

٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

## راگەیاندنی منداڵان، گۆڤارەکانی منداڵان.



- بەشی یەکەم -

مەبەست لە واتای گشتی راگەیاندن: (گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە بۆ کەسانی تر، بە هۆی ...).

راگەیاندنی منداڵانیشن، بەشێکی گرنگە لە راگەیاندنی گشتی، لە رێی چەند هۆیەکەوە دەگەیەنرێتە منداڵان، هۆیەکانیش وەکو: (رۆژنامەی منداڵان، گۆڤاری منداڵان، گۆڤار و رۆژنامە و پەخشنامەی قوتابخانە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەمای منداڵان، ئینتەرنێت، شانۆی منداڵان) هەریەکەش لەم هۆیانە لقیان لێدەبێتەوە، هەریەکەشیان شێوازی تەکنیکی و هونەریی خۆیان هەیە بۆ گەیاندنیان بە منداڵان.

راگەیاندنی منداڵان بابەتێکی زۆر گرنگ و فراوانە.. بۆ ئەوەی بە تەسەلی لە جۆر و لە لق و،لە هۆیەکانی بدوێین پێویستی بە شارەزایی و بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی وردی زانستییانە هەیە.. پێویستە کەسانی پسپۆر و شارەزا خۆیان لەم دەریا قووڵ و بەرینە بدەن و، بە سەرکەوتووی لێی بپەڕنەوە.. تا ئێستا لە جیهاندا، بە زمانەکانی هەموو گەلان، بە سەدان کتێبی زل و لێکۆڵینەوە و ماستەرنامە و، دکتۆرانامە، دەربارەی راگەیاندنی

منداڵان نووسراون و چاپکراون. ئێمە لەم چاوخشاندنەدا، زۆر بە کورتی باس لە چەند هۆیەک لە هۆیەکانی راگەیاندنی منداڵان دەکەین ..(رۆژنامەی منداڵان) زاراوەیەکی گشتییە.. مەبەستمان لەو رۆژنامە و لە گۆڤارە گشتییەکانەنکە تایبەتنبە منداڵانە.

*رۆژنامە چییە..؟* بە پێی وتەی (بۆرک) ی ئینگلیزی: (رۆژنامە دەسەڵاتی چوارەمە).. رۆژنامە رۆڵێکی سەرەکی و زۆر گرنگی هەیە لە چارەنووسی گەلان و، لە رۆشنبیری کردن و، لە وریاکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ .. گەلان هەر لە کۆنەوە درکیان بە گرنگی رۆژنامە کردوە .. رۆژنامەی راستیئاوێنەیەکە بۆ گوزارشتە لە قسە و لە خواستەکانی گەل .. رۆژنامە بە خۆراکی رۆژانە دادەنرێت، کاریگەری ئەرێنی هەیە لە رۆشنکردنی هۆشی خەڵکی و، ئاگادارکردنەوەیان لە رووداو و لە هەواڵی زانیاری ولە باسوخواسی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری.

رۆژنامەی رۆژانەی، کە رۆژانە دەربچێت و، بابەتەکانی تایبەتبن بە منداڵان، لە کوردستان و، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیشدا بوونی نییە .. تەنها لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکاندا هەیە، کە خاوەنی دامودەزگایەکی زۆر و خێرای راگەیاندن و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەن.. بە سەدان پسپۆران و نووسەران و هونەرمەندان و کادیرانی پێشکەوتووی بواری نووسین و پەروەردە و دەروونناسی منداڵان و،رۆشنبیران و هونەرمەندانی منداڵان کاریان تێدا دەکەن و، سەرپەرشتیی رۆژنامەکانی رۆژانەی منداڵان دەکەن .. بوودجەیەکی زەبەلاحیشیان لە بەردەستدایە، هەروەهاش منداڵەکانیان رۆژانە دەیان خوێننەوە و، ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنیان بەرزە .. بە زۆریش بە خۆڕایی و بە خێرایی و بە ئاسانی رۆژنامەکانیان پێدەگەنن.. لە ئەمڕۆدا ئەو توانا و پێویستییانە، لە زۆربەی وڵاتاندا نین .. بەڵام هەندێک لەو رۆژنامە رۆژانەی کە بۆ گەورەکان دەردەکرێن، لاپەڕەیەک یا گۆشەیەکیان لە رۆژنامەکانیاندا بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی منداڵان تەرخان کردوون، یا هەندێ گۆڤار و رۆژنامەی گشتی پاشکۆیەکی رۆژانە یا هەفتانە، یا دوو هەفتانە یا مانگانە یا وەرزی بۆ منداڵان دەردەکەن، کە بابەتەکانیان لە لایەن گەورەکانەوە دەنووسرێن و ئامادە دەکرێن و دەردەهێنرێن.. لە ئەمڕۆژدا بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێتەوە، چەندین سایت و ماڵپەڕی تایبەت بە منداڵان هەن، کە رۆژانە یا هەفتانەبابەتی هەمەڕەنگە بۆ منداڵان،لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا بڵاودەکەنەوە.

لەبەر ئەوەی کە راگەیاندنی منداڵان، بەشێکی کارتێکەر و زۆر گرنگە لە رۆشنبیری و لە ئەدەبی منداڵاندا، زۆر بە

**کورتی باس لە چەند هۆیەکی راگەیاندنی منداڵاندەکەین:**

**گۆڤارەکانی منداڵان:**

**گۆڤارەکانی منداڵان، ئەو گۆڤارە نووسراو و چاپکراوانەن، کە بە پێی قۆناغەکانی تەمەن و گەشەکردنی منداڵان، لە لایەن گەورەکانەوە، بابەتەکانییان بە تایبەتی بۆ منداڵان دەنووسرێن و ئامادەدەکرێن و دەردەهێنرێن و چاپ دەکرێن، دەشێ منداڵان خۆشیان لە هەندێ گۆشە وبابەتی سووک و کورت و ئاساندا بەشداریان تێدا بکەن .. هەرچۆنێ بێت، گۆڤارەکانی منداڵان لە لایەن گەورەکانەوە ئامادە دەکرێن و دەردەهێنرێن .. بە مەبەستی هێنانەنەدی ئامانجەکانی پەروەردە، و ئامادەکردن و ئاراستەکردنی منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمانن،بۆ ژیانێکی باشتر و خۆشتر و،بۆ دوارۆژێکی گەشترو شیواتر .. بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی بەختەوەرتر لە نەوەی ئەمڕۆمان.**

**گۆڤاری منداڵان، یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی راگەیاندنی منداڵان.. ناوەند و سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی رۆشنبیری کردنی منداڵان.. کە بە زمانێکی ساکار و شیرین، بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری ناسک و جوان، بابەتەکانی ئامادەدەکرێن و دەڕازێنرێنەوە، ئەم تایبەتمەندییەش وای کردووە کە لەگەڵ سەرچاوەکانی تری رۆشنبیری منداڵاندا، جیاوازیان هەبێت، چونکە گۆڤارەکانی منداڵان بە ئاسانی دەتوانن سەرنجی منداڵان رابکێشن و، منداڵان چێژ لە خوێندنەوەی بابەتەکانیان وەربگرن وبە سەیرکردنی وێنە جوان و رەنگاورەنگەکانیاندیدەیان رۆشن بکەن، واش لە منداڵان بکەن، کە هۆگر و هاورێی هەمیشەی گۆڤارەکانی منداڵانبن و لایان شیرین ببنن.**

**(عەبدولفەتاح ئەبو ئەلمەعال) دەڵێت: " گۆڤارەکانی منداڵان، ئەو گۆڤارانەن کە تایبەتن بە ئەدەب و زانیاری و رۆشنبیری منداڵان .. کە لەلایەن کەرتی گشتی یا تایبەتییەوە سەرپەرشتییان دەکەن".**

**(عەبدولتەواب یوسف)یش لە بارەی گۆڤاری منداڵانەوە، دەڵێت: "ئەو گۆڤارانەن کە ئاراستەی منداڵ دەکرێن، لەلایەن گەورەکانەوە دەردەکرێن بۆ رۆشنبیری کردنی منداڵان، ئەمانە لەگۆڤارەکانی قوتابخانەکان زیاتر بڵاودەکرێنەوە".**

**گۆڤارەکانی منداڵان ناوەندێکی گرنگن بۆ پاراستن و بۆ گواستنەوەی رۆشنبیری و بەها و داب و نەریتە رەسەن و**

جوانەکانی کۆمەڵ بۆ نەوەی داهاتوو.. هۆیەکی زۆر گرنگیشن لە هۆیەکانی پەروەردەکردن و فێرکردن و ئاراستەکردنی ناڕاستەوخۆی منداڵان، - گۆڤارەکانی منداڵانی کورد - هۆ و هاندەرێکی گرنگیشن بۆ گۆشکردنی مندان بە هەستی کوردایەتی و بە کوردستان پەروەری و بە خۆشەویستی مرۆڤایەتی.. هۆیەکی گرنگن بۆ ئاشناکردنی منداڵان بە مێژووی پڕ لە سەروەری گەلەکەمان و بە جوگرافیا و بە سروشتی جوانی کوردستان.. هۆیەکن بۆ ناساندنی سەرکردە و کەڵە تێکۆشەران و ناودارە نەمرەکانی گەلەکەمان بە منداڵە چاوگەشەکانمان.. هۆیەکی زۆر گرنگیشن بۆ فێرکردنی منداڵانی کوردمان، بە خۆشەویستی و شانازی کردن بە بەرگریکردن و، بە پاڵەوانێتی و گیان فیدایی پێشمەرگە و گەریلا قارەمانەکانی کوردستان، کە بوونەتە هێما و سیمبولی ئازایەتی و پاڵەوانێتی لە هەموو جیهاندا.. گۆڤارەکانی منداڵان، گەشە بە بەهرە و حەز و ئارەزووەکانی منداڵان دەکەن و، ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان فراوانتر و گەشتر دەکەن .. سامانی وشە و رستە و فەرهەنگی زمانەوانیشیان زەنگینتر و رەنگینتر دەکەن.

لەبەر گرنگی و هەستیاری رۆڵی گۆڤارەکانی منداڵان، گۆڤارە جیهانییەکانی منداڵان لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر، لە بواری نووسین و ئەدەب و رۆشنبیری و پەروەردە و دەروونناسی و هونەری منداڵان و هونەری وێنەکێشانی بابەتەکانی منداڵانەوە، دەنووسرێن و ئامادەدەکرێن و سەرپەرشتی دەکرێن و دەردەهێنرین.. گەلێ مەرج و پێویستی هونەری و،شێوەی چاپکردن لە دەرهێنانی گۆڤارەکانی منداڵاندا رەچاودەکەن، وەکو: جۆری کاغەزەکان، قەوارەی لاپەڕەکان، دیزایینی بەرگ و، قەوارەی پیتەکان، گونجانی وێنە و رەنگان، تیراژ و نرخی گۆڤارەکان،... هتد.

پێویستە لە کوردستانی ئێمەشدا، ئەرکی نووسین و ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردن و، چاودێریو زمانەوانی و، وێنەکێشانی بابەتەکان و، رازاندنەوە و،دەرهێنانی گۆڤارە کوردییەکانمان بۆ منداڵانی کورد، بە نووسەران و هونەرمەندان و رۆشنبیران و شارەزایانی زمانزانانی کوردی و، شارەزایانی قۆناغەکانی هەراشبوونی منداڵان بسپێردرێن، لەژێر چاودێری و ئامادەکردنی نووسەرانی شارەزای بواری ئەدەب و رۆشنبیری منداڵاندا بن.. بە داخەوەلە ئەمڕۆدا بەشێک لە گۆڤارە کوردییەکانمان بۆ منداڵان، کەسانێک بەڕێوەی دەبن و بابەتەکانیان ئامادە دەکەن، کەسانێکی نابەڵدن لە بواری ئەدەب و رۆشنبیری و قۆناغەکانی گەشەکردن و زمانینووسین بۆ منداڵان، رەنگە وابزان کە ئەمە کارێکی ئاسان و هەڕەمەکییە، ئەمانە بوونەتە هۆی لاوازی و کاڵوکرچی و ئاست نزمی بابەتەکانی گۆڤارەکانی منداڵانی کورد،لە راستیدا بەشێکیان لە ئاستی پێویست و ئارەزووەکانی منداڵاندا نین ..

کورد وتەنی با - نان بە نانەوا و گۆشت بە قەساب - پسپێرین.

### سوود و ئامانجەکانی گۆڤارەکانی منداڵان:

سەرەڕای ئەوەی کە گۆڤارەکانی منداڵان هۆیەکی سەرەکی و گرنگی رۆشنبیری منداڵانن .. هەموو منداڵێکیش لە ناخیدا، هەستێکی شاعیرانەی ناسکی هەیە، دەتوانێت بە جوانی وێنەی هەموو ئەو شتانە دەوروبەری،کە سەرنجی رادەکێشن .. لە ناخیدا بیان کێێشێت.. بە کورتی و بە چڕی لەم خاڵانەی خوارەوەدا، باس لە گرنگترین سوود و ئامانجەکانی گۆڤارەکانی منداڵان دەکەین:

١- گۆڤارەکانی منداڵان، هۆ و سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ رۆشنبیری کردنی منداڵان، لە رێی ئەو بابەتە ئەدەبی و زانستی و زانیارییە هەمەڕەنگە ئاسانانەی بڵاویان دەکەنەوە.

٢- لە رێی ئەم گۆڤارانەوە، هەندێ لە کێشە و لە خووە ناپەسەندەکانی منداڵان، کە لە قۆناغەکانی ژیانیاندا فێریان بوونە چارەسەر دەبن، وەکو: لە خۆبایی بوون، خۆپەرستی، خۆهەڵکێشان،درۆ، بێزاری، کەللەڕەقی، لاساری،... هتد.

٣- ئەو منداڵانەی گۆڤارەکانی منداڵان دەخوێننەوە، رۆشنبیرتر و زیرەکتر و هۆشیارتر و زۆرزانتر و بەهرەدارتر دەبن .. ئاسۆی رۆشنبیرییان فراوانتر دەبێ، زانیاری و زانستی گشتییان زەنگینتر دەبێ.

٤- منداڵان لەسەر ئەوە رادێن، کە بوێرانە و بە راشکاوی، بەزاری و بە نووسین، بە دروستی را و بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕنو، گوزارشت لە توانا و لە بەهرەکانیانو، لە هزری خۆیان بکەن.

٥- توانانی بیرکردنەوە و داهێنان و تازەگەریان گەشە دەکەن.

٦- منداڵان بە خوێندنەوە رادین و، تێدەگەن کە تەنها سەیرکردنی تەلەفزیۆن و سینەما بەس نییە.

٧- ئەو منداڵانەی کە گۆڤاری منداڵان دەخوێننەوە، توانای زمانەوەنیان و دەربڕینیان گەشەدەکەن .

٨- لە رێی خوێندنەوەی ئەو بابەتە بەسوودانەی کە حەزیان لێیانە، زیاتر زاخاوی بیر و هۆشیان دەدەن و، ئاسۆی ئەندێشە و سەرنجدانیان فراوانتر دەکەن .

٩- خولیا وبەهرە و ئارەزووەکانیان گەشەدەکەن، وەکو : وێنەکێشان، جواننوسین و نەخشەسازی.

١٠- نەریت و بەها جوانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەیان لا دروست و شیرین دەبێت.

١١- ئاشنای داب و نەریت و بەها جوانەکانی گەلەکەیان دەبن و، دەیان پارێزن.

١٢- لە کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان دەگەن و، چاویان دەکرێتەوە، کە گەورەشبن .. ئەم کێشانە دەبنە جێی بایەخدانیان.

١٣- سۆز و هاوبەستەبوونیان "ئینتیمابوونیان" بۆ نیشتمانەکەیان دەبێت، هەست بەوە دەکەن کە بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیان و، لە بەها پیرۆزەکانی نەتەوەکەیان، ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆیان دەبێت.

١٤- هیوا و گەشبینیان پێ دەبەخشن .. بۆ هێنانەدی هیوا و خۆزگە و خەونە شیرینەکانیان.. بۆ هێنانەدی ژیانێکی خۆشتر و .. داهاتوویەکی گەشتر.

١٥- منداڵان بە مافە رەواکانیان ئاشنا دەکەن.

١٦- گۆڤارەکانی منداڵان، هاندەرێکی باشن بۆ ئەوەی منداڵان خووبدەنە خوێندنەوە و لێی دانەبڕێن و خوی پێوەبگرن.

١٧- لە گۆڤارەکانی منداڵانەوە، منداڵان فێری ئەوە دەبن کە رێزگرتن لە سەرووەری یاسا بگرن.

١٨- گۆڤارەکانی منداڵان، رەوشتی بەرز و جوان لە دڵی منداڵاندا دەڕوێنن، وەکو: برایەتی، یەکێتی، هاوڕێتی، ئازایەتی، بەرخودانی، بەرگری، خۆڕاگری، هاوکاری، هەرەوەزی، دڵسۆزی، سۆزداری، هێمنی، رێزگردن، راستگۆیی، ناپاکی نەکردن، خۆشەویستی، رێزگرتن لە یاسا، پاراستنی ژینگە، چاکەخوازی، دادپەروەری،جیاوازی نەکردنی رەگەزی، هەست و باوەڕی بەرزی مرۆڤایەتی، ئەمانەو گەلێ ئامانج و بەهای بەرز و پیرۆزی تر.

١٩- گۆڤارەکانی منداڵان، کاتی پەرژانی منداڵان پڕدەکەنەوە.

٢٠- گۆڤارەکانی منداڵان بزووتنەوەی نووسین بۆ منداڵان زیندوودەکەنە .. هەل بۆ نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان دەڕەخسێنن، بۆ ئەوەی نووسینەکانیان بڵاوبکەنەوە و، لە رێی بابەتە جوانەکانیانەوە، خۆیان بە منداڵان ئاشنا بکەن.

٢١- گۆڤارەکانی منداڵان دەرگایەکی ئەفسووناوین، بە رووی جیهانی فراوانی خوێندنەوە و فێربووندا.. منداڵان سەربەستن و بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆیان،گوڵبژێری بابەتەکانی گۆڤارەکاندەکەن و دەیان خوێننەوە .. لە خوێندنەوەداشدا پشت بە خۆیان دەبەستن.

٢٢- منداڵان لە رێی خوێندنەوەی گۆڤارەکانی منداڵانەوە، ئاگاداری هەواڵەکان و باسی گەلەکەیان و نیشتمانەکەیان و جیهان دەبن .. ئاگایان لە داهینانە تازەکانی تەکنولۆژیای سەردەمەکەیان دەبێت.

٢٣- بە کەلەپوری رەسەن و، بە مێژوو و بە سەروەرییەکانی گەلەکەیان، ئاشانا دەبن.

٢٤- منداڵان وا ئاراستە دەکەن، کە لاوانی داهاتوون و، دەبنە بڕبڕەپشی نیشتمانەکەیان و، ئەمانن لە داهاتوودا دەبنە دەسەڵاتدار و، کاروباری گەل و نیشتمانەکەیان بەڕێوەدەبەن.

٢٥- گۆڤارەکانی منداڵان، منداڵان رادەهێنن، کە رەخنە بگرن و، رەخنەش قبووڵ بکەن.

## جۆرەکانی گۆڤارەکانی منداڵان:

گۆڤارەکانی منداڵان دەبنە چەند جۆرێکەوە، گرنگترینیان سێ جۆرن: *(گۆڤاری گشتی)* و *(گۆڤاریتایبەتی)* و *(گۆڤاری کۆمیکس)*، بە کورتی باسیان دەکەین:

١- *گۆڤاری گشتی:* ئەم جۆرە گۆڤارە، باوترین و بڵاوترین گۆڤاری منداڵانە لە هەموو جیهاندا، گۆڤاری گشتی منداڵان، بە بابەتی هەمەچەشنە و هەمەڕەنگەی ئەدەبی و زانیاری و هونەری و زانستی خۆش، بە زمانێکی ناسک و ئاسان و شیرین دەڕازێنرێتەوە.. وەکو چیرۆکی، زنجیرە چیرۆکی وێنەدار، چیرۆکی سەرکێشی، زانست و زانیاری گشتی، هۆنراوەی کورت و ناسک، وێنەی فۆتۆگرافی منداڵان،... هتد.. بێگومان وێنە کێشراوە رەنگاوڕەنگەکانیش بەشێکی سەرەکی و گرنگی گۆڤارەکانی منداڵانن.. گونجانی بابەتەکان و وێنەکان پێکەوە، و دەرهێنانی گۆڤارەکە بە شێوەیەکی جوان و سەرنج راکێش، دەبێتە کارێکی ئەدەبی و هونەری بەسوود بۆ منداڵان.. دەبێتەگۆڤارێکی رازاوە و قەشەنگ و .. دەبێتەهاوڕێو بە خۆشەویستی منداڵان .. پێویستە لە گۆڤاری گشتیدا، رەچاوی قۆناغەکانی هەراشبوون و، فەرهەنگی زمانی منداڵان و، خواست و ئارەزووەکانی منداڵان لەبەرچاو بگیرێن و، بابەتەکانیش نامۆ نەبن و لە ژیان و ژینگەی منداڵانەوە دوور نەبن، پێویستە بابەتەکانی کورت و ئاسان بن .. تا منداڵان لە خوێندنەوەیان بێزار نەبن.

گۆڤاری گشتی منداڵان، بە پێی ماوەی دەرچوونیان، دەبنە: گۆڤاری مانگانە، گۆڤاری دوو هەفتانە، گۆڤاری وەرزی، هەندێ گۆڤاریش هەن ساڵی جارێک دەردەکرێن، وەکو ئەو گۆڤارە گشتییانەی کە لە قوتابخانەکاندا دەردەکرێن، کە لە شێوەی کتێبێکی بابەت هەمەجۆرەدان.

هەندێ رۆژنامە و گۆڤاری مانگانە، کە بۆ گەورەکان دەردەچن، پاشکۆیەکی رۆژانە، یا هەفتانە، یا مانگانە بۆ منداڵان دەردەکەن و، بە بابەتی هەرەنگەی ئاسان و خۆش دەیان رازێننەوە.

لە ئەمڕۆدا ژمارەی ئەو گۆڤارە بابەت گشتییانەی، کە لە هەموو جیهاندا بۆ منداڵان دەردەچن، زیاتر لە (٥٥٠٠)

گۆڤاری لۆکاڵی و جیهانین.. تەنها لە فەرەنساد، مانگانە (١٠٥) گۆڤاری گشتی بۆ منداڵان دەردەکرین و، بە هەزاران ژمارەیان لێ بڵاودەکەنەوە.

٢- *گۆڤاری تایبەتی:* گۆڤاری تایبەتی بابەتی ئەو گۆڤارانەن کە بابەتەکانیان هەمەڕەنگە و گشتی نین، بەڵکو تایبەتن بە بوارێکی تایبەتی ئەدەب و رۆشنبیری یا هونەری یا وەرزشی بۆ منداڵان.. بۆ نموونە گۆڤاری منداڵان هەیە تایبەتە، بە هۆنەری (سینەما وفیلمی منداڵان)، یا (شانۆی منداڵان)، یا (گۆڤاری زانیاری بۆ منداڵان) .. (گۆڤاری وەرزشی بۆ منداڵان) .. (گۆڤاری کۆمیدی) ..(گۆڤاری ئاینی بۆ منداڵان)... هتد . ئەمەو لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا، گۆڤاری تایبەتی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیش دەردەکرێن بۆ (نابیناکان، لاڵەکان، کەڕەکان).. لە وڵاتی (ژاپۆن) دا، گۆڤارێکی مانگانە بۆ تەمەنی منداڵانی دووساڵان دەردەکەن.

٣- *گۆڤاری کۆمیکس:* بەو گۆڤارانە دەڵێن کە بۆ منداڵان دەردەچن و، بابەتەکانی، چیرۆکەکانی، بە زنجیرە وێنەی کێشرا و، لە گەڵ سیناریۆی کورتدا بڵاودەکاتەوە، واتا سیناریۆ و وێنەکان پێکەوەن.. سەرهەڵدانی (گۆڤاری کۆمیکس) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٩٦) ز، کە هونەرمەندی وێنەکێش (هوگراس) لە گۆڤاری (کۆمبس) دا،کە سەرپەرشتی بابەتی لاپەڕەکانی منداڵانی دەکرد، چیرۆکەکانی بە (سیناریۆی کورت و وێنە دەستکرد) دەکێشا و دەیڕازاندەوە .. لەوەدوا، بوو بە رێباز و چەندین گۆڤار بەم شێێوەیە دەرکران و، لە ئەمڕۆشدا دەردەکرێن.

هەندێ لە توژێنەران دەڵێن، کە گۆڤاری کۆمیکس،لە سەدەی نۆزدەمیندا، لەسەر دەستی وێنەکێشە (وەتەری) یەکان سەری هەڵداوە.. لە ئەمڕۆشدا چەندین گۆڤاری کۆمیکس دەردەچن، بۆ نموونە گۆڤاری: (میکی ماوس)، (دوناڵدوک)، (تەڕەزان)، (سۆپەرمان)(پیاوی ئاسنین)... هتد.

بێجگە لەو جۆرە گۆڤارانەی کە باسمان کردن، قوتابخانەکانیش گۆڤار و بڵاوکراوەی سەر دیوار دەردەکەن، بەڵام بڵاوبوونەوەیان سنووردارن و، تا رادەیەک تایبەتین بەو قوتابخانانەی کە دەریان دەکەن.. پێویستە ئەو راستییەش فەرامۆش نەکەین، لە زۆربەی وڵاتادا، لە سەرەتادا گۆڤارەکانی منداڵان، لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی قوتابخانەکانەوە، بە هاوکاری قوتابییەکان گۆڤارەکان ئامادە دەکران و دەردەهێنران و بڵاودەکرانەوە .. بە زۆری بابەتەکانیان پەروەردیی و فێرکاری و زانیاری گشتی و رێنمایی ئامۆژگاری بوون بۆ قوتابیان.

**چەند پێویستییەک لە گۆڤارەکانی منداڵاندا:**

*١- پێویستە باس و رووداو و بابەتەکانی گۆڤارەکانی منداڵان، لە چوارچێوەی شارەزایی و توانا و هۆشی منداڵاندا بن.*

*٢- پێویستە هەڵبژاردنی بابەتەکان، لەسەر بنەمای پێویستییەکانی منداڵان و، لەبەرچاوگرتنی سیاکۆلۆژی و بایۆلوژی منداڵاندا بن.*

*٣- لە ئامۆژگاری وشک و رێنمایی سواو و، ئاراستەی توندوتیژی و دەمارگیری بەدووربن.*

*٤- گوزارشت لە بیر و لە کێشەکانی منداڵان بکەن.*

*٥- بیرۆکەی بابەتەکانی تەواو و روون و ئاشکرابن.*

*٦- وشە و رستەکانی ئاسان و کورت و باوبن، بەلای منداڵانەوە بەکارهێنرابن و،لێیان تێبگەن.*

*٧- زمانی پەتی کوردی لە دارِشتنی بابەتەکانی گۆڤارەکانی منداڵاندا بەکاربهێنن.*

*٨- نابێت بابەتەکان درێژبن و، منداڵان بە خوێندنەوەیان وەرستبن و تەواویان نەکەن.*

*٩- پێویستە بایەخ و گرنگییەکی زۆر، بە رازانەوەی بەرگی یەکەم و دووەمی گۆڤارەکان بدرێن.*

*١٠- کێشانی وێنەی رەنگاوڕەنگی گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکاندا، زیاتر بابەتەکان خۆشەویست و ئاسانتر و شیرین دەکەن لە لای منداڵان.*

**بایەخی وێنە لە گۆڤارەکانی منداڵاندا:**

وێنە چ فۆتۆگرافی بێت یا وێنەی بەدەست کێشراوبێت لە لایەن وێنەکێشانەوە، بۆ رازا دنەوە و روونکرنەوەی بابەتە نووسراوەکانی گۆڤارەکانی منداڵان، زمانێکی هونەرییە وەکو زمانی قسەکردنە.. وێنە هۆیەکی گرنگی گوزارشت کردنە و، بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی گۆڤارەکانی منداڵانە.. وێنە و نووسین تەواکەری یەکترین، بایەخی وێنەی جوان و رەنگاوڕەنگ، لە بایەخی وشەی ناسک و شیرین کەمتر نییە .. گرنگی چێژی وێنە و دیزایین و رەنگ و تابلۆکان لە کتێب و لە گۆڤارەکانی منداڵاندا، ئەوەندەی ناوەڕۆک و دارِشتن گرنگ و بایەخدار و کاریگەرن.. وێنەی قەشەنگ و جوان و رەنگاوڕەنگزۆر گرنگن و دەتوانن زۆر لە کەموکوڕی و لاوازییەکانی نووسینەکانو دارِشتنیاندا پۆشن.. کەواتە وێنە تەنها بابەتێک نییە لە بابەتەکانی رازاندنەوە و،لە دەرهێنانی گۆڤارەکانی منداڵان، بەڵکو بابەتێکی بنەڕەتی و سەرەکییە لە گۆڤارەکانی منداڵان.. وێنە بایەخێکی رۆشنبیری و

ڕاگەیاندن و گەیاندنی گەورە و گرنگی هەیە.. هەندێ جار وێنەکان، زیاتر لە خودی نووسینەکان، ناوەڕۆکی بابەتەکان ڕوون و ئاسان دەکەنەوە.. ئاسانتریش مەبەستەکان بەدەستەوە دەدەن.. زیاتر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشن و.. تام و چێژێکی زیاتر بە خوێندنەوەش دەبەخشن و.. خۆشییەکی زیاتریش بە دیدە و دەروونی منداڵان دەگەیەنێنن .. منداڵان لە ڕێی وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوانەوە، چێژی هونەری و هەستی جوانیان لا دروست دەبن.. چونکە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ کارتێکردنێکی گەورەی هەیە لە بنیاتنانی هۆش و، هەست و، چێژی منداڵاندا.

دەبینین لە بەشێکی زۆری گۆڤارەکانی منداڵاندا، بۆ ڕاهێنانی دیدە و، بۆ زاخاودانی بیر و هۆشی منداڵان، بۆ تیژی سەرنجدانیان .. دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگی لەیەکچووی جیاواز، یا لە دوو وێنە زیاتر، بڵاودەکەنەوە .. منداڵان خۆشی و زۆر دەبینن لە دۆزینەوەی جیاوازییەکانی نێوان وێنەکان.

*(ماری بارڵت) دەڵێت: " زۆربەی منداڵان، پێش چوونە قوتابخانە، لە تەمەنی دوو ساڵییەوە، شارەزاییان لە وێنە هەیە، لەوانەیە کتێبی وێنداری تایبەتییانهەبێت، لێوەی فێردەبن و، ئاماژە بە وێنەی شتە ناسراوەکان بە لایانەوە دەدەن، بۆ نموونە، وێنەی: منداڵ ، تۆپ ، پشیلە،...".*

**مێژووی داهێنانی گۆڤارکانی منداڵان:**

گۆڤاری منداڵان هونەرێکی ئەدەبی تازە بابەتە، مێژووی سەرهەڵدانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بۆ قۆناغێکی نزیک دەگەڕێتەوە.. بۆ یەکەمین جار لە جیهاندا، لە سەدەی هەژدەمیندا، لە وڵاتی (فەرەنسا) لەدایکبوو ..یەکەمین گۆڤاری منداڵان، لە نێوان ساڵانی (١٧٤٧ - ١٧٩١) دا،لە (فەرەنسا) دا بە ناوی (هاوڕێ ی منداڵان) ەوە دەرچوو.. بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە، نووسەرێکی ئەدەبدۆستی منداڵان بوو، ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، بە ناوی خوازراوی (هاوڕێ ی منداڵان) ەوە گۆڤارەکەی دەرکرد.. کە بە زمانێکی ئاسان و شیرین و، بە شێوازێکی ناسک و ڕەوان بابەتەکانی دادەڕشتن . دەرکردنی ئەم گۆڤارە هەنگاوێکی دەستپێکی تازە بوو، لە بواری ڕاگەیاندن و ئەدەبی منداڵاندا، هاندەرێکی باشیش بوو بۆ نووسەرانی ئەدەبی منداڵان.. ئەم گۆڤارە چەندین چیرۆکی منداڵانی لە وڵاتانی ترەوە وەرگرت و، وەری گێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و، پێشکەشی بە منداڵانی فەرەنسا کرد.. (هاوڕێ ی منداڵان) توانی بۆشاییەکی گەورە لە حەز و ئارەزووەکانی منداڵان پڕبکاتەوە، چێژێکی زۆریانلە خوێندنەوەی بابەتە هەمەڕەنگ و خۆش و بەسوودەکانی وەردەگرت.. بەڵام لە سەرەتادا، بە زۆری منداڵانی ڕۆشنبیری چینی

برجوازی توانای کڕین و خوێندنەوەی ئەم گۆڤارەیان هەبوو.. لەبەر گرانی نرخەکەی، بەشێکی زۆری منداڵان کەم دەرامەتی فەرەنسا، توانای کڕینیان نەبوو، بێ بەش بوون لە خوێندنەوەی.

هەندێ لەو کەسانەی کە باس لە مێژووی سەرهەڵدانی گۆڤاری منداڵان دەکەن، دەڵێن یەکەمین گۆڤاری منداڵان لە جیهاندا، لە ساڵی (١٨٣٠) دا لە فەرەنسا دەرچوو.. بەڵام بەشێ هەرە زۆری سەرچاوەکان، زۆرتر چەخت لەسەر مێژووی نێوان ساڵانی (١٧٤٧ - ١٧٩١) دەکەنەوە.

لە (ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) شدا، رۆژنامەنووس، (جۆزیف پولیتزەر) بەڕێوەبەر و سەرنووسەری رۆژنامەی (ورلد: جیهان) لە ساڵی (١٨٩٨) دا، پاشکۆیەکی تایبەتی ئەم رۆژنامەیەی بۆ منداڵان دەردەکرد، لەم پاشکۆیەدا، بە زنجیرە وێنەیەکی کێشراوی جوان، کە وێنەکێشی بەناوبانگی ئەمریکی (ئۆتکوڵت) دەیکێشان، لەگەڵ سێناریۆدا، لە شێوەی چیرۆکدا، گەشتەکانی منداڵێکی سەرکێشی ئەمریکی، لە شەقامەکانی شاری (نیویۆرک) دەگێڕایەوە .. دەرچوونی ئەم پاشکۆیە، لەو سەردەمەدا، بە باتێکی تازەی ئەدەبی ناوزەندکرا.. دوا بە دوای ئەم پاشکۆیە لە ئەمریکادا، چەندین گۆڤاری گشتی و تایبەتی بابەت هەمەڕەنگە بۆ منداڵان دەرکران.

لە ولاتی (ئینگلتەرا) شدا، خاتوو ( پەری ) لە ساڵی (١٩١٥) دا، یەکەمین گۆڤاری لە ئینگلتەرادا بۆ منداڵان دەرکرد، بە ناوی (باخچەی قوتابخانە)ەوە .. ئەو چێژ و خۆشی و سوودەی منداڵانی ئینگلتەرا لە خوێندنەوەی ئەم گۆڤارە وەریان دەگرت، لەکتێبە تەڵقین ئاسایی و وشکە رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی قوتابخانەدا نەبوون.

لە (یەکێتی سۆڤیەتی)ی پێشوودا، گۆڤارەکانی منداڵان، بریتی بوون لەو گۆڤارانەی کە پارتی کومۆنیست دەری دەکردن، گرنگترینیان گۆڤاری (پێشڕەوان) بوو، کە بە بیری سۆشیالیستی و بە هزری کۆمۆنیستی منداڵانیان گۆش و ئاراستە دەکرد.. هیچ لایەنێکی تر، مافی ئەوی نەبوو کە گۆڤار بۆ منداڵان دەربکات.

لە (ئەفریقا) دا، یەکەمین گۆڤاری منداڵان، لە ساڵی (١٩٤٤) دا، لە ولاتی (نەیجیریا) دەرچوو، کە پاشکۆیەکی مانگانەی رۆژنامەی (نەیجیریای تازە) بوو.

لە ئەمڕۆدا، ژمارەی ئەو گۆڤارە مانگانانەی کە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ منداڵان دەردەچن، نزیکەی

(٤٥٠) گۆڤاری مانگانەن، لە ئینگلتەراشدا، زیاتر لە (١٠٩) گۆڤار بۆ منداڵان دەردەچن، لە (ئەڵمانیا) شدا، (خانەی مزو بۆ چاپەمەنی) بە تەنها مانگانە (١٨) گۆڤار بۆ منداڵان دەردەکات.

## گۆڤارەکانی منداڵان لە وڵاتانی عەرەبیدا:

لە (وڵاتانی عەرەبی) دا، بۆ یەکەمین جار، لە وڵاتی (میسر) دا، یەکەمین گۆڤار بۆ منداڵانی عەرەب، بە ناوی (روضة المدارس: باخچەی قوتابخانەکان) ەوە، لە نێوان ساڵانی ( ١٨٧٠ - ١٨٧٧) دا، مانگی دوو جار دەردەچوو، سەرنووسەری ئەم گۆڤارە (عەلی فەهمی) بوو، لە لایەن نووسەری ناسراوی میسری (روفاعە تەهتاوی) یەوە، سەرپەرشتی دەکرا.. ئەم گۆڤارە لە بەرهەمهێنانی قوتابیان بوو، بابەتی چیرۆک و شیعر و زانیاری لەخۆگرتبوو ..گۆڤاری (السندباد: ١٩٥٢) لەلایەن نووسەری بواری منداڵان (محەمەد سەعید ئەلعوریان) ەوە دامەزرا و بە ڕێوەی دەبرد.. لە ساڵی (١٨٩٣) دا، سەرکردەی نیشتمانی میسری (مستەفا کامیل) گۆڤارێکی بۆ منداڵان دەردەکرد بە ناوی (المدرسة : قوتابخانە) ەوە .. مستەفا کامیل بە بابەتی ئەدەبی و نیشتمانی و زانیاری دەیڕازاندەوە.. هەر لە میسر ئەم گۆڤارانەش بۆ منداڵان دەردەچوون، گۆڤاری (سەمیر: ١٨٩٧)، (ئەنیس: ١٨٩٨)، (المدرسة : قوتابخانە: ١٩٠٣)، (الاولاد - منداڵان: ١٩٢٣).

لە (سوریا)، لە (٩ - ٤ - ١٩١٣) دا، گۆڤاری (الناشئە: تازە پێگەیشتوو) لە (دیمەشق) دا بۆ منداڵان دەرچوو .. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی (١٩٤٦) دا، گۆڤارێک منداڵان بە ناوی (الطفل :منداڵ) ەوە، لە شاری (حەلەب) دەردچوو.. کە بە یەکەمین گۆڤاری منداڵان لە سوریا ناودەبرێت، لە ساڵی (١٩٤٧) دا لە شاری (دیمەشق) دا گۆڤاری (العندلیب - بولبول) بۆ منداڵان دەرچوو .. لە (١ - ٢ - ١٩٦٩)دا گۆڤاری (ئوسامە) دەرچوو، کە سەرنووسەر و دەرهێنەرەکەی، شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵان (زەکەریا تامر) بوو.

تا ئێستادا لە وڵاتانی عەربیدا نزیکەی (١٠٠) گۆڤاری بۆ منداڵان دەرچوونە و بڵاوکراونەتەوە، ئەمانەی خوارەوە ناوی هەندێ لەو گۆڤارانەن کە لە وڵاتانی عەرەبیدا دەرچوونە، یا دەردەچن:

*لە میسر:* (سمیر : ١٨٩٧)، (أنیس الصغیر: ١٨٩٨)، (مجلة المدرسة : ١٩٠٣)، (سندباد: ١٩٥٢)، (کروان: ١٩٦٤)، (میکي: ١٩٥٦)، (صندوق الدنیا: ١٩٧٧)، (المسلم الصغیر: ١٩٨٢)، (الفردوس: ١٩٩٠)، (علاءالدین: ١٩٩٤)،

(البلبل: ١٩٩٨)، (خطوه)، (زمزم )، (سەمیری بچکووک: ١٩٥٦)... چەند گۆڤارێکی تریش).

**لە سوریا:** (الطفل: ١٩٤٦، العندليب: ١٩٤٧، أسامه: ١٩٦٩، الطليعي: ١٩٨٣، القمر الصغير، نيلوفر).

**لە سعودیە:** (الروضه، حسن، باسم: ١٩٨٧، الشبل، الرواد، سنان، فراس، أطفال اليمامه)

**لە کوەیت:** (العربي الصغير: ١٩٨٦، سعد: ١٩٦٩، براعم الايمان: ١٩٨٠، سدره، إفتح يا سمسم، سلام، شاهين، العصافير).

**لە لوبنان:** (سامر: ١٩٧٩، أحمد، بساط الريح، سندباد، توته توته: ٢٠٠٠، هزار، طرزان، أسامه، لولو، سوبرمان، الوطواط ).

**لە ئوردن:** (فراس، سامر، وسام، براعم عمان).

**لە قەتەر:** (حەمەد و سحر: ١٩٨٧، مشاعل، زهرات و زهور، راشد و نوره).

**لە تونس:** (عرفان: ١٩٦٦، الشيماء، شهلول: ١٩٨٤، قوس قزح: ١٩٨٤).

**لە مەغریب:** ( أزهار، براعم، مناهل الاطفال).

**لە یەمەن:** (الهدهد، أسامه، الطفوله).

**لە جەزائیر:** (جريدتي، أمقيدش).

**لە سودان:** (الصبيان : ١٩٤٦، مربود).

**لە ئەبو زەبی:** (ماجد: ١٩٧٩، فرسان).

**لە دبەی:** (خالد).

**لە ئیمارات:** (ماجد: ١٩٧٩).

**لە لیبیا:** (الامل).

**لە عومان:** (البراعم).

**لە فەلەستین:** (ينابيع).

لە دەرەوەی وڵاتانی عەرەبیشدا، ئەم گۆڤارانە بۆ منداڵان بە زمانی عەرەبی دەردەکرێن: (السنابل - لە ئەمریکا، مرحبا - لە ئیتالیا، ئەم گۆڤارانەش لە بەریتانیا لە لەندن دەردەچوون: باسم: ١٩٨٦، فراس: ١٩٩٦، الرواد: ١٩٩٦، بناة المستقبل، سامر، أحمد، سندباد، بساط الريح).

**گۆڤارەکانی منداڵان لە عێراق:**

مێژووی داهێنانی گۆڤاری منداڵان لە عێراقدا بۆ سەردەمێکی نزیک دەگەڕێتەوە، لێرەدا، مەبەستمان لە عێراق، ناوەڕاست و باشووری عێراقە، چونکە باشووری کوردستان بەشێک نەبووە لە عێراق و ، بە غەدر و بە زۆر و، بە پیلانێکی دەوڵەتە زلهێزەکان لکێنرا بە عێراقەوە.. ئەمانە ناوی ئەو گۆڤارانەن کە لە عێراق دەردەچوون، لەوانە گۆڤاری (مجلتي) و (المزمار) ئێستاش دەردەچن..

١- ***گۆڤاری (التلميذ العراقي: قوتابی عێراقی)***، یەکەمین گۆڤاری منداڵانە، کە بە زمانی عەرەبی لەعێراقدا دەرچوو، یەکەمین ژمارەی لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی (١٩٢٣) دا دەرچوو، گۆڤارێکی قوتابخانەیی پەروەردەیی بوو هەفتانە بوو، خاوەنی ئیمتیاز (سەعید فەهیم) بوو، بەڕێوەبەرەکەشی (مستەفا عەلی ئەفەندی) بوو.

٢- ***گۆڤاری (الكشاف العراقي: دیدەوانی عێراق )*** لە (١٥ - ٦ - ١٩٢٤) دا، یەکەمین ژمارەی لێ دەرچوو، خاوەنەکەی (مەحمود نەدیم) بوو، گۆڤارێکی زانیاری و ئەدەبی و ڕێنمایی بوو، بە تایبەتیش زۆربەی بابەتەکانی پەیوە دییان بە دیدەوانییەوە هەبوو، مانگی دووجار دەردەچوو.

٣- ***گۆڤاری (المدرسە: قوتابخانە)*** یەکەمین ژمارەی لە (١٥ - ٥ - ١٩٢٦) دا دەرچوو، خاوەنەکەی (مەحمود نەدیم) بوو.

٤- ***ڕۆژنامەی (التلميذ : قوتابی)*** لە ساڵی ( ١٩٢٩) دا، یەکەمین ژمارەی لێ دەرچوو.

٥- ***گۆڤاری (الطلبە: قوتابی، خوێندکار)*** یەکەمین ژمارەی لە مانگی یانواری ساڵی (١٩٣٢) دا دەرچوو، خاوەنەکەی (عەباس فەزڵی خەماس) بوو .. گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی هەفتانە بوو.

٦- ***گۆڤاری (الفتوە: نەوجەوانان)*** لە ساڵی ( ١٩٣٤) دا دەردەچوو.

٧- ***گۆڤاری (دنيا الاطفال: دنیای منداڵان)*** یەکەمین ژمارەی لە مانگی جۆزەردانی (١٩٤٥) دا دەرچوو، لە لایەن زەکی حەسەنی (عەمو زەکی) و (حەمید ئەلمحەل) ەوە دەردەکرا.

٨- ***گۆڤاری (روضة الاطفال: باخچەی منداڵان)*** لە نێوان ساڵانی چلەکان بۆ پەنجاکان دەردەچوو.

٩- گۆڤاری *(سند و هند)* لە ساڵی (١٩٥٨) دا، یەکەمین ژمارەی دەرچوو.

١٠- گۆڤاری *(صندوق الدنیا: سەنووقی دنیا)* یەکەمین ژمارەی لە مانگی گوڵانی (١٩٥٩) دا دەرچوو، خاوەنەکەی (حەمید ئەلمحەل) بوو.

١١- گۆڤاری *(جنة الاطفال: بەهەشتی منداڵان)* یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (١٩٦٠) دا دەرچوو، خاوەنی ئیمتیاز (سەلمە محەمەد ئەلنائیب) بوو، بەڕێوەبەر و دەرهێنەرەکەشیی، پارێزەر (ناسرکەمالەدین) بوو، لە لایەن (عەمو زەکی) یەوە، سەرپەرشتی دەکرا.

١٢- گۆڤاری *(المدارس: قوتابخانەکان)* یەکەمین ژمارەی، لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٦١) دا دەرچوو، گۆڤارێکی وەرزی بوو، لە لایەن (هاشم خەیات) ەوە دەردەهێنرا.

١٣- گۆڤاری *(مجلتي: گۆڤارەکەم)* یەکەمین ژمارەی ،لە مانگی گوڵانی (١٩٦٣) دا دەرچوو.. گۆڤارێکی مانگانەی گشتی بوو، لە لایەن کۆمپانیای نیشتمانی بۆ رۆژنامە، دەردەکرا.

١٤- گۆڤاری *(ألف ليلە وليلە: هەزار و یەک شەس)*، یەکەمین ژمارەی لە (مانگی یانواری) ساڵی (١٩٦٤) دا دەرچوو .. رێبیان پێدا، کە لە قوتابخانەکاندا بڵاوبکرێتەوە.

١٥- گۆڤاری *(الظريف: زەریف)* یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (١٩٦٨) دا دەرچوو، گۆڤارێکی هەفتانە بوو، خاون و سەرنووسەر و دەرهێنەرەکەی، خاتوو (رابیحە جومەیلی) بوو .. بەڕیوەبەرکەشی (ئیبراهیم شێخلی) بوو.

١٦- گۆڤاری *(الجيل الجديد: نەوەی تازە)* یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (١٩٦٨) دا دەرچوو، لە لایەن (عەمو زەکی) یەوە، دەردە کرا.

١٧- گۆڤاری *(مجلتي: گۆڤارەکەم)* یەکەمین ژمارەی لە ( ٢٤ - ١٢ - ١٩٦٩) دا دەرچوو .. گۆڤارێکی هەمەڕەنگەی گشتی مانگانەیە، لە سەرەتادا لە هەر ژمارە (١٠٠٠٠) هەزاری لێ چاپ دەکرد.. لە دواییدا گەیشتە (٢٥٠٠٠٠) هەزار دانە لە هەر مانگێکدا.. کەچی لە ئێستادا، مانگانە (٧٠٠٠) دانەی لێ چاپ دەکەن.. دەرچوونی گۆڤاری (مجلتي) وەرچەرخانێک بوو لە بواری گۆڤاری منداڵان و گەشەکردنی رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان لە عێراقدا.

١٨- گۆڤاری *(المزمار: زوڕنا)* لە پێشا رۆژنامەیەکی رۆژانە بوو بۆ منداڵان، یەکەمین ژمارەی لە لە مانگی دێسەمبەری (١٩٧٠) دا دەرچوو .. لە دواییدا بوو بە (المزمار) بوو بە گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی بۆ منداڵان، بۆ هەر ژمارەیەکی (١٠٠٠٠) هەزا دانەیان لێ چاپ دەکرد، تا گەیشتە (٢٥٠٠٠٠) بۆ هەر دانەیەک .. ئێستاش دەردەچێت، بەڵام مانگی (٧٥٠٠) دانەی لێ چاپ دەکەن. دکتۆر (جەمال ئەلعەتابی) سەربەرشت نووسین و دەرهێنانی ئەم گۆڤارەی دەکرد.

*١٩- هەر یەکە لەم ڕۆژنامانە، لاپەڕەیەک، یا پاشکۆیەکی تایبەتییان بۆ منداڵان دەردەکرد لەوانەش: (ڕۆژنامەی الصباح: بەیانی )، (ڕۆژنامەی طریق الشعب: ڕێگای گەل).*

لە ساڵی دەرچوونی هەندێ لە گۆڤارەکانی منداڵاندا، لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر، کەمی جیاوازی هەیە.. بۆ نموونە، گۆڤاری (التلمیذ العراقی : قوتابی عێراقی) لە هەندێ سەرچاوەدا، نووسیوێتی لە ساڵی (١٩٢٢) دەرچووە، بەڵام بەشێکی تری سەرچاوەکان، لەوانەش، دکتۆر جەمیل حەمداوی، ساڵی (١٩٢٣) بە ڕاست دەزانێت .. هەروەها لە گۆڤارە عەرەبییەکانی تردا بۆ منداڵان، کەمێک جیاوازی لە ساڵەکاندا هەیە.

## گۆڤاری ئەلیکترۆنی بۆ منداڵان:

شۆڕشی تەکنۆلۆجیا و داهێنان و پێشکەوتن بەردەوامە و وەستانی نییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شتی تازەتر و سەیر و سەمەرەتر دادەهێنرێن و دەیان بینین و دەکەونە خزمەتی مرۆڤەوە.. تیشکی داهێنان و پێشکەوتن، بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤاریشی گرتووە.. لە ئەمڕۆدا، لە جیهاندا، ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی ئەلیکترۆنی دەردەچەن و بڵاودەکرێنەوە.. لە ئەمڕۆدا گۆڤاری ئەلیکترۆنی و گۆڤاری کاغەز لە ململانێیدا، دڵنیام سەرکەوتن بۆ گۆڤاری ئەلیکترۆنی دەبێت.. ئاخۆ دوای دە ساڵی تر دەبێت چ گۆڕانکاری وچ تازەگەرییەک لەم بوارە و، لە هەموو بوارەکانی تردا ڕوربدەن.. چونکە ئارەزووەکان و پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ پێشکەوتن و داهێنان ناوەستێت؟

با لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە، شەپۆلی ئەلیکترۆنی نەمان باتە قووڵایی دەریای پان و بەرینی ئەلیکترۆنییەوە.. کە بۆ نابەڵەدێکی وەکو ئێمە، نەتوانین بە باشی و دروستی مەلەی تێدا بکەین.

گۆڤاری ئەلیکترۆنی منداڵان، ئەو گۆڤارانەن کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاودەکرێنەوە، لە شێوەی گۆڤارێکی چاپکراودا، کە لەسەر پەردەی کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی، بە وێنە و دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جوڵاو بڵاودەبنەوە.. یاخود دەقی وێنە و کۆپی گۆڤارەچاپکراوەکانن.

تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری سایت و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کوردیمان هەیە، کە بە زمانی کوردی بابەتەکانیان

بڵاودەکەنەوە.. بەڵام بە داخەوە، کە زۆربەیان، بابەتەکانی منداڵان پەراوێز دەکەن و، بە شایانی بایەخپێدان و بڵاوکردنەوە نازانن.. هەڵبەتە خاوەنی ئەم سایت و ماڵپەڕانە، ئەوە نازانن کە منداڵان هەموو شتێکن و، گرنگترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن و، زۆر لە سامانی نەوت و زێڕیش بەنرختر و گرنگترن.. کوردیلەکانی ئەمڕۆمانن کە هیوای داهاتووی کورد و کوردستانن.. چارەنووس وداهاتووی گەلەکەمان، لە رادەی چۆنییەتی گۆشکردن و پەروەردەکردن و رێنمایی و ئاراستەکردنی ئەمڕۆی منداڵەکانماندا بەدی دەکرێن.. چی بچاندین ئەوە دروێنە دەکەین.

گەلی جیاوازی لە نێوان گۆڤاری کاغەز و گۆڤاری ئەلیکترۆنیدا هەیە، بۆ نموونە تەنها باس لە دوو جیاوازی دەکەین، لە رووی دارایییەوە، گۆڤاری کاغەز پارەیەکی باشی دەوێت بۆ درێژەدان و، پێشکەوتن و جوانتر رازانەوەی .. بەڵام گۆڤاری ئەلیکترۆنی هەر وەکو ئەوەیە کە بە خۆڕایی بێت .. نووسەر بە ئەوپەڕی ئازادییەوە و بەبێ سانسۆر، دەتوانێت لە گۆڤارە ئەلیکترۆنییەکاندادا، را و بۆچوون و نووسینەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەم ئازادییەی لە گۆڤاری کاغەزدا سنووردارە.

هیوادارم، ئەو دڵسۆزانەی توانا و شارەزاییان لە دامەزراندنی ماڵپەڕ و سایتی منداڵاندا هەیە و، دەتوانن سەرکەوتووبن لە بەڕێوەبردن و درێژەپێدانی، دڵسۆزی خۆیان بنوێنن و، خۆیان لای منداڵانی کوردمان و، لای نووسەرانی بواری رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان شیرین بکەن و، دەست پێشکەری بکەن بۆ کردنەوەی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە منداڵانی کوردمان . پێشڕە و دەست پێشکەربن بۆ دەرهێنانی گۆڤارێکی کوردی ئەلیکترۆنی بۆ منداڵانی کوردمان.. دڵنیابن لەوەی، کە زۆر نووسەر و رۆشنبیری بواری ئەدەبی منداڵان، زۆر خەمخۆری منداڵان هەن، پێشوازی و دەستخۆشیتان لێدەکەن و، هاوکارتان دەبین و، بەشداری لە سەرکەوتن و لە پێشکەوتنی پرۆژەیەکی پێویستی وادا دەکەین.. سەرەتای هەمووکارێکیش بیرۆکە و قسەکردنە.. ئینجا نەخشەدانانو جێبەجێکردنە.. دەڵێن (بڕینی ماوەی هەزار کیلۆمەتر.. بە هەنگاوێکی سەرەتا دەست پێدەکات).

٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٥

# ڕاگەیاندنی منداڵان، گۆڤارە کوردییەکانی منداڵان.

## - بەشی دووەم -

سەرهەڵدانی گۆڤاری کوردی بۆ منداڵانی کوردمان، بۆ مێژوویەکی نزیک دەگەڕێتەوە، ئەوەبوو لە ساڵی ( ١٩٤٦) دا، یەکەمین ژمارەی، یەکەمین گۆڤاری کوردی، بە زمانی شیرینی کوردیمان بۆ منداڵانی کورد، بە ناوی ( گڕوگاڵی منداڵانی کورد ) ەوە، لە پایتەختی ( کۆماری کوردستان )،لە شاری ( مەهاباد) ی شیرین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا .. لایەن کەسانێکی دڵسۆز و خەمخۆریمنداڵانەوە دەرچوو .. کە تەنها (٣) ژمارەی لێ دەرچوو، لەگەڵ جوانەمەرگ کردنی کۆماری کوردستاندا، ئەستێرەی گڕوگاڵی منداڵانی کوردیش ئاوا بوو.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان مێژووی دەرچوونی یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کورد لە کوردستاندابکەین،لەگەڵ مێژووی دەرچوونی یەکەمین گۆڤار بۆ منداڵان، لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا، دەبینین ئێمەی کورد لە کوردستاندا، زۆر لە دواوە نین، بەڵکو لە پێشەوەی چەندین وڵاتیش داین.. شانازیش بۆ کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە .. کە یەکەمین گۆڤاری کوردییان بۆ منداڵانی کوردمان دەرکرد.. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان، کە دڕندەترین و ڕەگەزپەرسترین ئیمپریالیزمن، دژی هاتنەدی هەموو خواست و هیوایەکی گەلی کوردمانن.. نەیانهێشت (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بێتە قسە و، زمان بگرێت، بە ساوایی تاساندیان.. بەڵام نەیانتوانی و هەرگیز ناشتوان، هیوای و ئومێدی منداڵانی کوردمان بتاسێنن.. لە ئەمڕۆدا، بە دەیان گۆڤاری کوردی بۆ منداڵان کورد دەردەکرێن.. داوا لە (خانەی ڕۆشنبیری منداڵان) دەکەم، کە سەر بە (وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان) ە،بۆ بەرزراگرتنی ناو و یادی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) هەر بەمناوەوە، سەر لە نوێ درێژە بە دەرکردنی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بدەن.. یەکەمین ژمارەی تازەش ( ژمارەی - ٤) بێت.. وەکو نیشاندانی بەڵگەیەک، بە درێژەدان بە ژمارەکانی گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد.. وەکو مژدە و گوزارشتێک، بۆ درێژەدان بە هێنانەدی هیوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانلە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کورد دا.. کە حکومەتی باشووری کوردستان، وەکو میراتگر و ڕێبازگری کۆماری کوردستان،ئەمیش درێژە بە هێنانەدیی هیوا و ئامانج و خەونەکانیکۆماری کوردستان دەدات.. هەر سێ ژمارە دەرچووەکەی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) یش، کە لە ساڵی (١٩٤٦) دا دەرچوونە، دووبارە بە جوانی چاپ بکرێنەوە و، لە ئەرشیفی کۆڤارەکانی منداڵانی کورد و، لە بەشی منداڵان ـ لە

کتێبخانە گشتییەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دابنرێن و بپارێزرێن، تا ببن بە سەرچاوەیەک بۆ ئەو نووسەرانەی، کە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، لە بارەی سەرهەڵدانی گۆڤاری منداڵانی کوردمان دەکەن..هەروەهاش داوا لە (وەزارەتی پەروەردەی کوردستان) دەکەین، کە باخچەیەکی ساوایان، لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستاندا بکەنەوە، بە ناوی (باخچەی گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بۆ بەرزڕاگرتن و، وەبیرهێنانەوەی منداڵانی ئەمڕۆمان، لە ناوی(یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کورد) لە کوردستاندا.

لە دوای گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانەوە، تا ساڵی (١٩٧٢) لە هیچ شوێنێکی تری کوردستاندا، گۆڤاری تایبەت بە منداکانی کوردەوە، دەرنەکراون .. بەڵام لە دوای رێکەوتننامەکەی رۆژی (١١) ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) دا.. لە دوای دامەزراندنی (کارگێڕی رۆشنبیری کوردی) لە بەغدا، بواری باش رەخسا بۆ گەشەکردنی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، کە تیشکی بواری ئەدەبی منداڵانیشی گرتەوە.. لە ساڵی ( ١٩٧٢)دا، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ئەستێرە) بە کوردی بۆ منداڵانی کورد دەرچوو.

بە کورتی ناوی ئەو گۆڤارە کوردییانە دێنین، کە لە کوردستاندا، بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی کوردمان دەرکراون، کە هەندێکیان لە ئەمڕۆشدا دەردەچن .. هەندێکیشیان بە یەکجاریێ وەستاون، وەستانی هەندێکیشیان کاتییە، وەستانەکەیان پەیوەندی بە بارای نائاسایی ئابووری کوردستانەوە هەیە.. رەنگە ئەمانە ناوی هەموو گۆڤارەکانیش نەبن کە دەرچوونە یا دەردەچن.. ئەمەو ئێمەی دوور لە کوردستان هەموو سەرچاوەیەکمان لە بەردەستدا نییە، تەنها ناوی ئەم گۆڤارانەمان لایە:

*١- گۆڤاری( گڕوگاڵی منداڵانی کورد):* یەکەمین گۆڤاری کوردییە لە هەموو کوردستاندا،کە تایبەت بوو بە منداڵانی کوردەوە، بە زمانی شیرینی کوردیمان دەرچوو، تەنها ( سێ ژمارەی) لێدەرچوو، یەکەمین ژمارەی لە رۆژی یەک شەممە رێکەوتی (٢١ - ٤ - ١٩٤٦) دەرچوو، هەرسێ ژمارەکەی گڕوگاڵ لە ساڵی (١٩٤٦)دا،لە شاری( مەهاباد )ی پایتەختی (کۆماری کوردستان) دەرچوون، کە لە لایەن کارکەرانی (چاپخانەی کوردستان) ەوە دەرکران.. لە لاپەڕەی کۆتایی ژمارەی یەکەمینی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) دا،نووسراوە: (ئەو مەجەللەیە تەنیا بۆ رووناککردنی بیری خوێندەواران و منداڵانی کوردە).. لە ژمارەکانی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) دا، گەلێ بابەتی هەمەرەنگەی رۆشنبیری و ئەدەبی و پەروەردەیی و رێنمایی و زانست و زانیاری گشتی بەسوودیان بۆ منداڵان لەخۆگرتووە.. ئامانجی ئەم گۆڤارە قووڵکردنی هەستی نەتەوەیی و سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستان و، زیاتر شیرین کردنی

زمانی کوردیمان بووه.. دەرچوونی گۆڤارێکی وا بۆ منداڵانی کورد لەو سەردەمەدا، کاریگەری و بایەخێکی زۆر گرنگی هەبوو لە زاخاودانی بیر و هۆش و هەستی منداڵانی کوردمان .. کۆپی ژمارەی (یەکەم و دووەم)ی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، لە کۆڕی زانیاری کوردی لە بەغدا هەبوون.. کۆپی هەر ئەم دوو ژمارەیەش لە لای مێژوونووسی کوردمان دکتۆر (کەمال مەزهەر) هەن، کە ئێستا لە شاری هەولێر دەژی.

لە ساڵی (١٩٧٩) دا، لە شاری (کرماشان) لە لایەن کاک (محسن شاسواری)یەوە گۆڤارێک بۆ منداڵان بە ناوی (گڕوگاڵ) ەوە دەرچوو، بەڵام تەنها دوو ژمارەی لێدەرچوو، ژمارەی یەکەمی بە کوردی و، ژمارەی دووەمی بە زمانی کوردی و زمانی فارسی یە.

٢- *گۆڤاری (ئەستێرە):* پاشکۆی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بوو، یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد، لە باشووری کوردستان، لە شاری (سلێمانی) دا دەرچوو.( یەکەمین ژمارە) ی (ئەستێرە)، لە مانگی مایسی ساڵی (١٩٧٢) دا، بە هەوڵی کۆمەڵێک مامۆستای دڵسۆز و خۆبەخش، بەبێ یارمەتی دارایی و، بە خەرجکرن لە گیرفانی خۆیان، لە دایک بوو . بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ئەستێرە مژدەیەکی خۆشی بە منداڵانی کوردمان بەخشی، لە خۆشیا هەر ئەوە نەبوو گەشکە بیان گرێت .. بە تامەزرۆیی و پەرۆشەوە، نووسانیانە سنگیانەوە.

پیرۆزبایی و دەستخۆشییەکی زۆریش لە دەستەی نووسەرانی کرا، کە دەست پێشکەریان لەم ئەرکە پیرۆزەدا کرد.. بە ئەوپەڕی ڕێز و شانازییەوە، ناویان لە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەمین گۆڤاری منداڵان لە باشووری کوردستاندا تۆمارکران.. ئەستێرە هیوا و خەون و خۆزگەی منداڵانی کوردی هێنایەدی، ئەگەرچی بێ نازی و دەستکورتی پێوە دیار بوو.. بەڵام وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کورد، بوو بە سەرەتای بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کورد. یەکەمین ژمارەی ئەستێرە بەرگەکەی لە بەغدا چاپ کرا، بەڵام لاپەڕەکانی ناوەوەی لە چاپخانەکەی کاکەی فەللاح لە سلێمانی چاپ کراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٢٦) لاپەڕەیە، نرخەکەشی (٨٥) فلسە.. بابەتەکانی هەمەڕەنگە و گشتی بوون،گۆڤارێکی مانگانە بوو. (نووسەر ئەم بابەتە: ژمارەییەکی ئەستێرەم،هەبوو لە کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١)دا، لەگەڵ سەرجەم کتێبەکانم لە کەرکوک، لە لایەن دڕندەکانی ڕژێمی بەعسی فاشستییەوە سوتێنرابوو)

(ژمارە دووی) گۆڤاری (ئەستێرە) لە مانگی سێپتەمبەری (١٩٧٢) دا دەرچوو، کە لە ژمارە یەک ڕەنگینتر و ڕازاوەتر بوو.. لە (چاپخانەی کامەرانی) لە سلێمانی چاپ کراوە، (٣٠) لاپەڕەیە، نرخەکەشی (٦٥) فلسە.

(ژمارە سێ)ی (ئەستێرە) کە دوا ژمارەی ئەستێرەیە، لە شاری سلێمانی دەرچووبێت، لە ڕۆژی (١٨ - ٣ - ١٩٧٤) دەرچووە،(٣٠) لاپەڕەیە، نرخەکەشی (٧٥) فلسە. سەرۆک و دەستەی نووسەران و دەرهێنەری هونەریی ئەستێرە، ئەم دڵسۆزانە بوون:

*سەرۆکی نووسین (شەهید): ساڵح یوسفی.*

*دەستەی نووسەران: مامۆستایان (ڕزگار شەوقی، ئەحمەد عەلی بەرزنجی، عەبدولکەریم مەحمود شێخانی، سدیق مەحمود بەرزنجی) بوون.*

*دەرهێنانی هونەری: لالە عەبدە بوو.*

بە هۆی دەست کورتی دارایی و، بە هۆی ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی گەلی کوردمان، لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستەوە.. دەستەی نووسەرانی ئەستێرە، نەیانتوانی ژمارەی چوارەمی دەربکەن.

لە ساڵی (١٩٧٥) دا، دەستەیەکی دڵسۆز، لە نووسەرانی (کارگێڕی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا) بە هاوکاری کۆمەڵێک وێنەکێشی خوێندکاری لاوی کوردمان لە بەغدا دووبارە دەستیان بە دەرکردنی گۆڤاری (ئەستێرە) کرد، وەکو پاشکۆیەکی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) .(ژمارەی یەکەم) یان لە مانگی مایسی ساڵی (١٩٧٥) دا، لە بەرگ و ناوەڕۆکێکی زۆر ڕەنگینتر و هەمەڕەنگتر و قەشەنگتر و ڕازاوەتر لەو سێ ژمارە ئەستێرەیەی پێشوو کە لە شاری سلێمانی دەرچوون و بڵاوکرانەوە.. هاوڕێیەکم هەیە، کە ناوی (حەمید محەمەد) ە و، خەڵکی کەرکوکە، وێنەکێشێکی ناسراوە، ماوەیەکی زۆرە لە ئیتالیا دەژی.. ئەو کاتە خوێنداکاری کولێجی هونەرە جوانەکان بوو لە بەغدا.. بۆی گێڕامەوە، کە چەند خوێندکارێکی وێنەکێشی کورد بوون لە بەغدا، دوای دەوامی خۆیان، ئێواران خۆبەخشانە دەچوون لە گۆڤاری ئەستێرەدا،زۆر بە دڵسۆزی و بە دڵخۆشییەوە کاری هونەرییان دەکرد، هەر کاک حەمید بۆی گێڕامەوە و، گووتی: (هەندێ نووسەر و وێنەکێشی عەرەب، کە لە گۆڤاری مجلتي - کە بە زمانی عەرەبی بۆ منداڵان لە بەغدا دەردەچوو - کاریان دەکرد، پیان گوتین: "کاکە ئێوە بە ڕاستی زۆر زیرەکن بە دەرهێنانی یەک ژمارەی گۆڤاری ئەستێرە گەیشتنە حەوت ساڵی تاقیکردنەوە و شارەزایی ئێمە لە دەرهێنانی گۆڤاری مجلتي دا..").

(ژمارەی دووەمی) گۆڤاری (ئەستێرە) لە بەغدا، لە مانگی مایسی (١٩٧٥) دا، چاپ کرا، بەڵام بڵاوکردنەوەی قەدەغە کرا.. لەبەر دوو بابەت کە لەم ژمارەیەدا بڵاو کراونەتەوە، بەکرێگیراوەکانی بەعس، ئەم دوو بابەتەیان، بە دژی رژێم و، بە بەزاندنی هێڵی سوور دەزانی.. بابەتی یەکەمیانپێشەکییەکەی سەرۆکی نووسین، دکتۆر (ئیحسان فوئاد) بوو، دەقی نووسینەکەیم لە یاد نەماوە، بەڵام ئەوەی من بزانم نووسیبووی: " منداڵە جوانکیلەکانی کوردستان، کە نزیکی شارە جوانەکەی کوردستان، کەرکوک دەبنەوە، هەر لە دوورەوە چاوتان بە مەشخەڵە هەمیشەییەکەی باوەگوڕگوڕ دەکەوێت و ..) بابەتی دووەم لەسەر چیرۆکێکی شاعیر و چیرۆکنووسی شەهید (دڵشاد مەریوانی)بوو، کە بۆ منداڵانی نووسیوە، بە داخەوە دەقی چیرۆکەکەی ئەمیشم لە یاد نەماوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم، کە لە چیرۆکەکیدا، تەوانج و پەلاری لە رژێمی بەعسی درندەی گرتووە. (کە فرۆکەوانەکانی وڵاتانی جیهان، لە جەژن و بۆنە خۆشەکاندا، لە فرۆکەکانیانەوە، نوقڵ و بووکە شووشە و دیاری جوان بۆ منداڵەکانیان دەخەنە خوارەوە.. بەڵام فڕۆکەکانی عێراق، بێ بەزەییانە بۆمب و موشەک و فیشەکی مەرگ بۆ منداڵانی کوردمان دەبارێنن...).. دوو بارەش داوای لێبووردن دەکەم، کە دەقی نووسینەکی دکتۆر ئیحسان فوئاد و، دەقی چیرۆکەکەی دڵشاد مەریوانیم لە یاد نەماوە.

لە لایەن برای بەڕێزمان، نووسەر و رۆژنامەنووسکاک (جەمال خەزنەدار) ەوە، کە سکرتێری نووسینی ئەستێرە بوو لە بەغدا، سێ دانەی لە ژمارە دووی قەدەغەکراوی دامێ،(نووسەری ئەم بابەتە: لە ژمارەی دووەمی قەدەغەکراودا، چیرۆکیکی منی بۆ منداڵان تێدایە، بەناوی - تاجەکەم شایانی کێیە؟ - کە دەقی دەستخەتەکەی خۆم و، دەقی وێنەکانی چیرۆکەکەش،کە خوشکی هونەرمەندمان(سوعاد سالەیی) بۆی کێشاون.. لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە.. بەداخەوە هەر سێ دانەکەی ژمارەی دووەم، لە کۆڕەوەکەی - ١٩٩١ - دا، تیاچوون) سەرۆک و سکرتێری نووسینی ئەستێرە لە بەغدا:

*سەرۆکی نووسین: دکتۆر ئیحسان فوئاد، سکرتێری نووسین: جەمال خەزنەدار.*

من لەگەڵ ئەو گلەییەی دەستی نووسەرانی ژمارە ( ١، ٢، ٣)ی گۆڤاری ئەستێرەم، کە لە سلێمانی دەریان کردن.. دەبۆایە دەستەی نووسەرانی ئەستێرە لە بەغدا لە (١٩٧٥) دا، مادام هەر بە ناوی (ئەستێرە) وە، گۆڤارەکەیان دەرکرد، نەیان نووسیایە ژمارەی یەکەم و، ژمارەی دووەم.. بەڵکو وەکو درێژەدا بە ناوی گۆڤاری ئەستێرە، لە جیاتی ژمارەی یەکەم بیان نووسیایە (ژمارە چوارەم)، لە جیاتی ژمارەی دووەمیش، بیان نووسیایە (ژمارەی

پێنجەم)، هەروەها دەبوایە لایەنی کەمەوە ئاماژەیان بە دەستپێشخەری و ماندووبوونی دەستەی نووسەرانی پێشووی ئەستێرە بکردایە، کە لە سلێمانی سێ ژمارەیان لێدەرکرد.

لە ساڵانی (١٩٨٢ - ١٩٨٣) لە سەردەمی شۆڕش لە شاخدا، هەر بە ناوی (ئەستێرە) وە، تەنیا یەک ژمارەی گۆڤاری ئەستێرە یان بۆ منداڵان دەرکرد، بە قەوارەیەکی بچووک و ساکار و سادە.

لە بەهاری ساڵی (١٩٩٦) یشدا، مامۆستای ئامادەیی هەڵکەوت (عەلی کەمال) لە شاری سلێمانی.. چەند چیرۆک و سیناریۆیەک و، لەگەڵ چەند بابەتێکی هەمەڕەنگەی ساکاریئامادەکردووە و، لە بەرگێدا هەر بە ناوی (ئەستێرە) وە بە ئۆفسێتی رەنگاوڕەنگ لە (سوید) بۆیان چاپ کردووە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، لە شاری (سنە)ی جواندا، گۆڤارێک بۆ منداڵان، بە زمانی کوردی هەر بە ناوی (ئەستێرە)وە (شەش ژمارە)ی لێ درچووە ، ژمارە (٦)ەمینی لە (٢٢ - ٥ - ١٩٧٩) دا دەرچووە.

لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی (٥ - ٣ - ١٩٩١) لە باشووری کوردستاندا، بارودۆخێکی گونجا و، هەلێکی زێڕین هاتنە کایەوە، شۆڕشێکی نوێ و پێشکەوتن و،وەرچەرخانێکی گرنگ و بەرچاو هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە ..ئەم پێشکەوتنە رەنگدانەوەی لەسەر هەموو شوێنێکی کوردستان هەبوو.. کاریگەریلەسەر هەموو تاکێکی کورد هەبوو.. ئەم شۆڕش و وەرچەرخانە مەزنە بۆاری رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کوردیشی گرتەوە.. هەلێکی باش بۆ شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی بواری ئەدەبی منداڵان رەخسا، بۆ بەرەودان بە توانکانیان.. بە دەیان نووسەری بەهرەمەند و بە توانا هاتنە بواری نووسین بۆ منداڵان.. بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووی رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری منداڵان سەری هەڵدا و گەشەی کرد.. بە سەدان کتێبی شیعر و چیرۆک و بابەت هەمەجۆرەی تری نووسران و چاپ کران، بە دەیان کتێبی بابەت هەمەڕەنگەی منداڵان لە زمانەکانی بێگانەوە، وەریان گێڕاونەتەسەر زمانی کوردی و، بە ئۆفسێتی رەنگاوڕەنگ بۆ منداڵان چاپکران.. ژمارەیەکی زۆری گۆڤاری کوردی گشتیش بۆ منداڵان دەرچوون. بەشێکیان بە یەکجاری وەستان، بەشێکی تری گۆڤارەکانی منداڵان، بە هۆی قەیرانی دارایی کوردستانەوە، بە شێوەیەکی کاتی وەستاون.. بەشێکی کەشیان خۆڕاگرن و تا ئەمڕۆش بەردەوام دەردەچن، تیراژیان کەمتر کردوونەتەوە.. پێش ئەوەی بێینە سەر ناوی ئەو گۆڤارە کوردییانەی کە بۆ منداڵان دەدەچن، یا پێشتر دەردەچوون.. لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو گۆڤارانە شکدەبم، ژمارە یەکەمی تەنها تەنها سێ

گۆڤارم لابوو.. بۆ ئەم مەبەستە، بە پێی ئەو ئیمایلانەی کە لەسەر هەندێ لە گۆڤارەکانی منداڵاندا هەن، بە ناردنی نامە، داوام لە سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی زۆربەی گۆڤارە کوردییەکانی منداڵان کرد، بەڵام تەنها چوار سەرنووسەر وەڵامیان داومەتەوە.. کە ئەم چواربرا دڵسۆزەن: کاک (یاسین قادر زرگوێزی) سەرنووسەری گۆڤاری (پەپولەکان) و، کاک ( ئازا یوسف) سەرنووسەری گۆڤاری (جۆلانێ) و، کاک (رەهێل رەشید) سەرنووسەری گۆڤاری (رووداویمنداڵان) و، کاک (سەلام بالآیی) سەرنثیسکاری گۆڤاری (سڤۆرە) پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی هەرچواریان دەکەم. ئەمانەش ناوی زۆربەی ئەو گۆڤارە کوردییانەن کە لە دوای راپەڕینەکەی سالّی (١٩٩١)ەوە، بە کوردی بۆ منداڵانی کورد دەرچوونە و، دەردەچن.. ئەگەر مێژووی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی هەر گۆڤارێکمان بزانیبایە.. بە پێی مێژووی دەرچوونیان ریزبەندیانم دەکردن:

*٣- گۆڤاری (پەپولە):* گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیرییە بۆ منداڵان.. منداڵپارێزی کوردستان دەری دەکات.. یەکەمین ژمارەی لە بەهاری ساڵی (١٩٩٢) دا بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارێکی بابەت هەمەڕەنگەی گشتتییە. لە ئێستاشدا دەردەچی لە هەر ژمارەیەکی (٥٠٠٠) دانەی لێ چاپ دەکەن.

*خاوەنی ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.*
*سەرنووسەر: یاسین قادر زرگوێزی.*
*شوێنی دەرچوون: شاری سلێمانی.*
*تا نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە.. دوا ژمارەی لە ساڵی (٢٠١٥) دا ژمارە (٢٠٧)ە.*

*٤- گۆڤاری (پەرەسێلکە):* گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیری منداڵان بوو. ژمارەی یەکەمینی لە ساڵی (١٩٩٢) دا دەرچوو.

*دەستەی نووسەرانی: (مولود ئیبراهیم، ئیدریس لاوە، هەڵگورد عەبدولوەهاب) بوون.*
*شوێنی دەرچوونی: شاری هەولێر.*

*٥- گۆڤاری (جگەرگۆشەکان):* گۆڤارێکی پەروەردەیی مانگانەیە بۆ منداڵان. یەکەمین ژمارەی لە مانگی ئەوگوستی ساڵی ( ١٩٩٣) دا دەرچووە.

*خاوەنی ئیمتیاز: حامد محەمەد عەلی.*

*سەرنووسەر: زیاد رەشاد قادر.*

*شوێنی دەرچوون: شاری سلێمانی.*

*دوا ژمارەی لە لای من (٢٢٤)ی ساڵی (٢٠١٤) یە.. ئاگام لە ژمارەی تازەی نییە.*

**٦- *گۆڤاری (هەنگ):* گۆڤارێکی مانگانەیە بۆ منداڵان. وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان دەریدەکات. یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (١٩٩٢) دا دەرچوو.**

*خاوەنی ئیمتیاز (خوالێخۆشبوو): سامی شۆڕش (کە وەزیری رۆشنبیری کوردستان بوو).*

*سەرنووسەر: حەمەساڵح فەرهادی.*

*شوێنی دەرچوونی: شاری هەولێر.*

**٧- *گۆڤاری (هێلانەی منداڵان):* گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیریی پەروەردەیی منداڵانە. پاشکۆی رۆژنامەی (خەبات)ە.**

*خاوەنی ئیمتیاز: عەلی عەبدوڵلا.*

*سەرنووسەر: سەلام عەبدوڵلا.*

*شوێنی دەرچوون: شاری هەولێر.*

**٨- *گۆڤاری (جریوە):* گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە.. یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (١٩٩٨) دا، دەرچوو، نۆ ژمارەی لێ دەرچووە و لە (١٩٩٩) ە وەستاوە.**

*خاوەنی ئیمتیاز: جەمال عەبدول.*

*سەرنووسەر: تاهیر ساڵح سەعید.*

*شوێنی دەرچوون: شاری سلێمانی.*

٩- گۆڤاری (منداڵی سەردەم): گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات.

خاوەنی ئیمتیاز (خوالێخۆشبوو): شێرکۆ بێکەس (یەکەمین وەزیری رۆشنبیری کوردستان بوو).
سەرنووسەر: هەڵکەوت عەبدوڵلا.
شوێنی دەرچوون: شاری سلێمانی.

١٠- گۆڤاری (سمۆرە): گۆڤارێکی رۆشنبیری وپەروەردەیی منداڵانە. بەڕێوەبەرایەتی خانەی سمۆرە لە هەر وەرزێکدا ژمارەیەکی لێدەردەکات. یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (٢٠١٠) دەدا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: بەڕێوەبەرایەتی خانەی سمۆرە.
سەرنووسەر: تریفە محەمەد ئەحمەد.
شوێنی دەرچوون: شاری سلێمانی.

١١- گۆڤاری (منداڵانی باوە گوڕگوڕ): گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە. دەزگای شەفەقی رۆشنیری لە کەرکووک دەریدەکات.

خاوەنی ئیمتیاز (خوالێخۆشبوو): فەلەکەدین کاکەیی (وەزیری رۆشنبیری کوردستان بوو).
سەرپەرشتیاری ئەنجومەنی کارگێڕی: بەدران ئەحمەد حەبیب.
سەرنووسەر: یوسف لەتیف.
بەڕێوەبەری نووسین: گرفتار کاکەیی.
دەستەی نووسەران: عەلی دەروێش.
بەڕێوەبەری هونەری: فەهد شوانی.
شوێنی دەرچوون: شاری کەرکوک.

پاش حەو ساڵ لە دەرچوونی باوەگوڕگوڕ، ناوەکەی گۆڕا بە (حاجیلە) و هەمان بەرنامە و رێبازی باوەگوڕگوڕی هەبوو، تا ئێستا حاجیلە بەردەوامە و دەردەچێت، یەکێکە لە گۆڤارە پێشکەوتووەکانی منداڵانی کورد.

١٢- *گۆڤاری (مشکە):* گۆڤارێکی مانگانەیە بۆ منداڵان. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس دەری دەکات.

*خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب.*

*سەرنووسەر: ئەمیر حاجی داود.*

*بەڕێوەبەری نووسین: ڕەهێل ڕەشید عەزیز.*

*شوێنی دەرچوون: شاری هەولێر.*

١٣- *گۆڤاری (گزنگی بچووکان):* گۆڤاری (گزنگ - ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک) تایبەت بوو منداڵان لە شاخدا دەریدەکرد.. یەکەم ژمارەی لە ئاداری ساڵی (١٩٨٥) دا، بە (٥٢) لاپەڕە بە زمانی کوردی دەرچوو، سێ ژمارەی لێ دەرچوو هەر لە هەمان ساڵدا بوو.

١٤- *گۆڤاری (گوڵەکان):* گۆڤارێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتی منداڵانە. سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوانی چەمچەماڵ دەری دەکات.

*شوێنی دەرچوون: قەزای چەمچەماڵ.*

١٥- *گۆڤاری ( پێشەنگی منداڵان):* گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە. ڕێکخراوی پێشەنگی منداڵانی کوردستان دەریدەکات.

*خاوەنی ئیمتیاز: تاریق خورشید.*

*سەرنووسەر: شێرزاد ڕەسووڵ فەقێ.*

*شوێنی دەرچوون: شاری هەولێر.*

١٦- *گۆڤاری (جۆلانێ):* وەرزە گۆڤارێکی پەروەردەییە.. بەردەوامە لە دەرچوون. شاری یاریی راین مۆڵ دەری دەکات. یەکەمین ژمارەی: لە بەهاری ساڵی ( ٢٠١٣) دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد حوسێن باپیر.

سەرنووسەر: ئازا یوسف.

شوێنی دەرچوون: هەولێر.

١٧- گۆڤاری (رووداوی منداڵان): گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە. کۆمپانیای رووداو دەری دەکات. یەکەمین ژمارەی لە مانگی مای ساڵی (٢٠١٣) دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو.

سەرنووسەر: رەهێل رەشید عەزیز.

شوێنی دەرچوونی: شاری هەولێر.

١٨- گۆڤاری (ژینوار): گۆڤارێکی وەرزیی منداڵانە.

خاوەنی ئێمتیاز: شەرمین حەمەد رەشید.

سەرنووسەر: کاروان رەشید.

١٩- گۆڤاری (دنیای منداڵان): گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە. منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکات. لە باشووری کوردستان دەردەچێت.

٢٠- گۆڤاری (سڤۆرە): گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە.. بەردەوامە لە دەرچوو دا. دەزگای خانی بۆ رۆشنبیری و راگەیاندن دەری دەکات. یەکەمین ژمارەی لە (٢٢ - ٤ - ١٩٨٨) دەرچووە. لە (٦ - ١ - ٢٠١٥) دا، ژمارە (١٨٦)ی لێ دەچوو. مانگانە لە هەر ژمارەیەکدا (٣٥٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرێت. یەکەمین گۆڤاری منداڵانە لە شاری دهۆک کە تا ئێستا بەردەوام دەچێت.

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای خانی.

سەرنڤیسکار: سەلام باڵایی.

*سکرتێرا ڤیسینێ: ژیان عەبدولحەمید بەرواری.*

*شوێنی دەرچوون: شاری دهۆک.*

**٢١- *گۆڤاری (نێرگز)*، لە ساڵی (٢٠٠٥) لە ناحیەی (تەکیە)ی سەربە چەمچەماڵ دەردەچوو.**

*نازانین سەرنووسەر و دەستەی بەڕێوەبەری کێ بوون.*

**٢٢- *گۆڤاری (پێلستانک):* گۆڤارێکی مانگانەیە بۆ منداڵان. پێلستانک تیڤی دەریدەکات.**

*خاوەنی ئیمتیاز: پێلستانک تیڤی.*

*سەرنووسەر: مەعاف مەناف.*

**بێجگە لەو گۆڤارانەی سەرە ئەم گۆڤارە کوردییانەش بۆ منداڵان دەرکران، هەندێکیانلە ئێستاشدا دەردکرێن، بەڵام زانیاری تەواومان لە سەریان نییە.. بۆیە تەنها ناوەکانیان دەنووسین:**

**(کاروانی منداڵان - ١٩٩٠، ئاوات و هیڤی - ١٩٩٦ - سلێمانی، پەریستان - ١٩٩٢ - سلێمانی ، هێڤی ١٩٩٥- سلێمانی - پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو، پەلکەزێڕینە - ١٩٩٩- سلێمانی، نێرگز: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سروە: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤار - ١٩٩٨ - سلێمانی، منداڵی کورد - ١٩٩٩ - سلێمانی، خەندە، دیلانا، کۆلارە، حاجیلە، گۆران، کەڤر: لە دهۆک دەردەچێت، کەناری، تاو تاو، شۆخ و شەنگ: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شلک و شا: پاشکۆی ڕۆژنامەی هەواڵە ـ لە کەرکوک دەردەچێت.**

**لە دەرەوەی کوردستاندا، تا ئێستا نە بیستوومانە و نەبینیومانە کە گۆڤارێک بۆ منداڵان دەرکرابێت یا دەربکرێت .. تەنها گۆڤار کە لە هەندەران بۆ منداڵانی کورد دەرکرابێت گۆڤاری (کوردیلەکان) ە.**

**٢٣- *گۆڤاری (کوردیلەکان):* وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی یە بۆ منداڵان. (کۆمەڵەی منداڵانی کورد - لە نەرویج) بە زمانی کوردی و نەرویجی دەری دەکات. یەکەمین ژمارەی کوردیلەکان لە (٢١ - ٣ - ٢٠٠٧) دا بڵاوکرایەوە.. تا ئێستا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە.. بە هۆی نەبوونی کادری هونەرییەوە.. لە ئێستادا بە شێوەیەکی**

کاتی وەستاوە. (کوردیلەکان) یەکەمین گۆڤاری مناڵدنە، کە لە دەروەی کوردستاندا، بۆ منداڵانی کورد دەرچووبێت .. ژمارەی (٥) بەخۆڕای لە کوردستاندا بڵاو کرایەوە.

*سەرنووسەر: ڕەزا شوان.*

*جێگری سەرنووسە و بەڕێوەبەری هونەری: کوردین کازم.*

*بەرێوەبەری بەشی نەرویجی: بەفرین شادۆست کەریمی.*

*شوێنی دەرچوون: وڵاتی نەرویج ـ شاری بێرگن.*

* ئەگەرچی گۆڤاری (منداڵی کورد) لە لایەن (کۆمەڵگەی کورد - لە لەندن) ئامادە دەکرا، تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچوو، بەڵام هەردوو ژمارەکەی لە سلێمانی چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە.

گۆڤاری (کوردیلەکان) یەکەمین گۆڤاری منداڵانە، کە لە دەروەی کوردستان بۆ منداڵانی کورد دەرچووبێت، تا ئێستا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە.

هونەرمەند عەلی مەندەلاوی:

لە بواری باسکردن لە گۆڤارەکانی منداڵان بە پێویستی دەزانین کە بە شانازی و بە ئەوپەڕی ڕێزەوە بە کورتی باسی هونەرمەندی وێنەکێشی بە ناوبانگی کوردستانی و جیهانی.. هونەرمەندی کوردمان (عەلی مەندەلاوی) بکەین .. کە خزمەتێکی زۆری هەیە لە بواری وێنەکانی گۆڤارەکانی منداڵان و، دیزایینی بەرگی کتێبی منداڵاندا.. هونەرمەند عەلی مەندەلاوی لە ساڵی (١٩٥٨)، لە شارە جوانەکەی (مەندەلی)ی کوردستانی، لە باشووری کوردستان لە دایک بووە.. هەر لە منداڵییەوە خولیا و هۆگری وێنەکێشان بووە.. بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە ئەکەدیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا - پسپۆری لە نەخشەسازای گرافیک داوەرگرتووە . عەلی مەندەلاوی، نووسەر و، نەخشاز و، وێنەکێشێکی ئازایە، دیزاینسازی کتێب و گۆڤارەکانە، کاریکاتێرکێشێکی پۆرتۆرییە.. مەندەلاویلە ماوەی چل ساڵی ژیانی هونەرییدا، وێنەی بۆ دەیان گۆڤار و کتێبی منداڵان و گەورەکان کێشاوە.. لە چەندین شاری کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئەورووپی و عەرەبییدا پێشانگای تایبەتی خۆی بۆ وێنەی منداڵان و کاریکاتێر کردۆتەوە و، جێی سەرنج ڕاکیش و سەرسامی بینەران بوونە. عەلی مەندەلاوی دەڵێت : " هەر لە منداڵییەوە، من

جادوبەندی ئەم هونەرە بووم، بۆیە نووسام پێوەی و، بڕیارم دا بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە بیخوێنم، چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە، لە ماوەی خویندنمدا وەکو وێنەکێشێک لە گۆڤاری (مجلتي) دا کارم دەکرد.. ئا لێرەوە رووم لە نووسین کرد، کاتێک کە چەند چیرۆکێکی میللی کوردیم هەڵبژارد و، سیناریۆم بۆ نووسین و، لە شێوەی زنجیرە چیرۆکی وێنەدار (کۆمیکس)وێنەم بۆ کێشان، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٧٧) دا لە هۆڵی (کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی) لە بەغدا، پێشانگایەکم کردووە و، ئەو وێنانەم تێیدا نمایش کرد.. ئەوە یەکەمین پێشانگا بوو، لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، کە بۆ ئەم هونەرە - وێنەی منداڵان - بکرێتەوە.. بە گشتیشی ژیانی پیشەیی من، ژیانی وێنەکێش و هونەرمەندێکە زیاتر لەوەی ژیانی نووسەرێک بێت.." مەندەلاوی، دیزایینی بەرگی بۆ نزیکەی (٥٠) کتێبی عەرەبی و کوردی کێشاوە، کە بەشێکیان کتێبی منداڵانن.. وێنەشی بۆ بابەتە هەمەرەنگەکانی چەندین گۆڤاری منداڵانی عەرەبی و کوردی کێشاوە.. لەوانەش گۆڤاری: (ئەستێرە) و (هەنگ)ی کوردستانی، (مجلتي) و (المزمار)ی عێراقی، (العربي الصغير)ی کوەیتی، (ماجد)ی ئەبو زەبی.. مەندەلاوی، لە کوردستان، بەغدا، هۆڵەندا، بەریتانیا، تونس ژیاوە.. لە ساڵی (٢٠٠٥ - ٢٠٠٦) راوێژکاری هونەری و، بەڕێوەبەری رۆشنبیری منداڵان بووە، لە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان.. مەندەلاوی ئازادانە و، بەبێ ترس و گوێدان بە رەخنە و بە گلەیی،چۆن خۆی ویستوویێتی.. وێنەی کاریکاتێری بۆ چەندین کەسایەتی ناسراوی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسی و سەرکردەکانی عێراقی و کوردستانی و جیهانی کێشاوە.. یەکەمین وێنەی کاریکاتێری پۆرتۆری، وێنەیەکی وەرزشکار و راهێنەری تۆپی پێی عێراقی، خوالێخۆشبوو (عەمو بابا) بوو.. وێنەی کاریکاتێریشی بۆ چەند نووسەر و شاعیر و کەسایەتییەکی کوردیشمان کێشاوە، لەوانەش وێنەیەکی چیرۆکنووسی ناسراوی کوردمان (حوسێن عارف)ە.

لە ساڵی (٢٠١٤) دا، کتێبێکی عەلی مەندەلاوی بە ناوی (وجوه: دەموچاوەکان) ەوە دەرچوو، کە لە شاری (دهۆک) چاپکرا، ئەم کتێبە (١٨٠) وێنەی کاریکاتێری پۆرتۆری لە خۆ گرتووە.

(نووسەر: بۆ یەکەمین جار لە ساڵێ ١٩٧٣دا، لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا، عەلی مەندەلاویم ناسی، کە ئەو کاتە خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو ـ لە بەغدا).لە کورتە پێناسەیەکی وادا، ناتوانین بە تەسەلی باس لە هەموو کارەکانی ئە م هونەرمەندە بلیمەت و مەزنەی کوردمان بکەین.. کە بە یەکێک لە کاریکاتێرکێشە ناسراوەکانی جیهان دەناسرێت.. تەندروستی و تەمەنێکی درێژی بۆ مەندەلاوی دەخوازین..

هیواداریش خۆی یا لەڕێی دەزگایەکی راگەیاندنەوە ژیان و کارە زەبەندەکانی هونەرمەند عەلی مەندەلاوی بە ئەرشیف بکرێن.

٣ی مارچی ٢٠١٥

## راگەیاندنی منداڵان، رادیۆ.. تەلەفزیۆن.. ئینتەرنێت.

- بەشی سێیەم -

### رادیۆ:

رادیۆ وەکو دەزگایەکی بیستن، رۆڵێکی گرنگی لە گەیاندنی رۆشنبیری و زانستی و زانیاری گشتی و هەواڵی هەمەڕەنگەدا هەبووە و، هەیە.. بەڵام لە ئەمڕۆدا، کەلێ دەزگای راگەیاندنی گرنگتر و زۆر پێشکەوتووتر هاتوونەتە کایەوە.. کە بە دەنگ و رەنگ و جووڵەوە، بابەتەکان و هەواڵی رۆژانە دەگەیەنێن.. لە ساڵانی سییەکاندا تا حەفتاکانی سەدەی رابردوو، رادیۆ دەزگایەکی هەرە سەرەکی راگەیاندن بوو،لە هەموو ماڵێکدا رادیۆ هەبوو.. رۆڵیکی گرنگی هەبوو لە پێشکەوتنی رۆشنبیری و ئەدەبی وهونەری و زانستی و زانیاری هەمەرەنگەی گشتیدا.منداڵانیش پشکیانلە بەرنەمەکانی رادیۆداهەبوو، بەرنامەی هەفتانەی تایبەتیان بۆ ئامادە دەکردن و پێشکەشیان دەکردن.. بە دەیان گۆرانی و سروودی منداڵان، لە رادیۆدا تۆمارکران و لێدەدران.

لە رۆژی (١ - ٧ - ١٩٣٦) دا، بۆ یەکەمین جار (ئیستگەی رادیۆی عێراق) لە (بەغدا) کرایەوە. لە ساڵی (١٩٣٧) یشدا(بەشی کوردی لە رادیۆی عێراق) دا کرایەوە، دوایی بوو بە ئیزگەیەکی کوردی سەربەخۆ. لە ساڵی (١٩٥٨) دا لە بەشی عەرەبی لە ئیزگەی رادیۆی بەغدا، بۆ یەکەمین جار بەرنامەیەکی هەفتانە بۆ منداڵانبە ناوی (مرحبا یا أطفال).. لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (زەکی حەسەنی) بوو، کە بە (عەمو زەکی) ناسرابوو.

لە بەشی کوردی رادیوی بەغدا، لە ساڵی (١٩٥٨) دوە، بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ، خوالێخۆش ماموستا (رەمزی قەزاز) بە زمانی کوردی،بەرنامەی (باخچەی منداڵان) بیۆ منداڵان ئامادە و پێشکەش دەکرد، بەرنامەیەکی هەفتانە بوو، سەر لە بەیانیانی رۆژانی هەینی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پێشکەشی دەکرد. ماموستا رەمزی بە زمانێکی کوردی پەتی و، بە شێوازێکی زۆر ناسک و شیرین و خۆش بابەتە هەمەڕەنگەکەنی (باخچەی منداڵان)ی پێشکەش دەکرد.. هەر حەزت دەکرد گوێت لێبگرتایەو، کۆتایی بە بەرنامەکەی نەهێنایە (نووسەر: من ئەو کاتەمنداڵ بووم، بە جوانی گوێم لەم بەرنامەیە دەگرت و، چێژ و سوودێکی زۆرم لێوەرگرت، لە رێی ئەم بەرنامەیەوە، رووم لە نووسینی ئەدەبیاتی منداڵان کرد.. بۆیە هەردەم خۆم بە قەرزارباری ماموستای بەهەشتی رەمزی قەزاز دەزانم).. دوای کۆچکردنی ماموستا رەمزی قەزاز ..لە ساڵی (١٩٧٠) دا، ماموستا (نەژاد شەوقی) درێژەی بە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی بەرنامەی (باخچەی منداڵان) دا، ئەمیش زۆر بەجوانی دەیڕازاندەوە و پێشکەشی دەکرد. من بزانم دواتریش بەرنامەی تری منداڵان، لە ئیستگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا پێشکەش دەکرا.

## تەلەفزیۆن:

لە هەموو شوێنێکی، جیهاندا، تەلەفزیۆن بۆتە دەزگایەکی پێویست و سەرەکیی ماڵان، بە دەنگ و رەنگ و جووڵە، سەرنجی گەورە و منداڵانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، زۆربەی داناکان تەلەفزیۆن بە شاکارترین داهێنانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەزانن، تەلەفزیۆن شۆڕش و وەرچەرخانێکی لە بواری فێرکردن و رۆشنبیری و زانستی و هونەری و کۆمەڵایەتی و زانیاری گشتیدا پەرپاکرد.. منداڵان رۆژانە بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، بە تایبەتیش ئەو کەناڵانەی کە تایبەتن بە منداڵانەوە.. توێژینەرەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە (٩٨٪) ئەو زانستییانەی وەری دەگرین، لە رێی چاو و گوێوە وەریان دەگرین.. وەرگرتنی هەر کەسێ لە رێی (وێنە و دەنگەوە) لە(٣٠٪) زیاتر دەبێت.. ماوەی ئەو زانیارییانەی کە وەرشیان دەگرین،لە (٥٥٪)لە یادمانەوەیانزیاتر دەبێت ..تەلەفزیۆن کاریگەرییەکیئەرێنی و قووڵی لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و ژیانی داهاتووی منداڵاندا هەیە، زانایانی دەروونناسی دەڵێن: لە زانیاری پەروەردەی نوێدا، لە دوای رۆڵی دایک و باوکەوە رۆڵی تەلەفزیۆن دێت.. تەلەفزیۆن سوود و زیانیشی هەیە.. بەڵام سوودەکانی بۆ ژیان زیاترن لە زیانەکانی.. لە بارەی زیانی تەلەفزیۆنەوە، پرۆفیسۆر (گلین سپارکس) کە پسپۆرە لە زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ماموستایە لە زانکۆی ( برود )ی ئەمریکی لە هەرێمی (ئەندیانا)دەڵێت: "خووگرتنی خەڵکی بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە.. زیان

بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێت.. بوار بۆ هاوڕێ گرتنی تازە ناهێڵێتەوە.. کە لە ژوورێکدا دادەنیشن و، هەموو سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.. زۆر بە کەمییێکەوە دەدوێن.. تەنانەت سەیری رووخساری یەکتریش ناکەن .. لە جیاتی ئەو شەوارە درێژەی کە بە دیاری تەلەفزیۆنەوەبەسەری دەبەن.. باشتر وایە لە ماڵەوە دەربچن و.. بە پێ بڕۆن و پیاسە بکەن.. یا وەرزش بکەن.. یاپێکەوە دابنیشن و پلانی داهاتوویان دابنێن.. گەلێ لە فیلم و لە ئەڵقە درامییەکانی تەلەفزیۆن ژەهراوین.. فاکتەرن بۆ لاوازی کردنی پەیوەندیە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.. گۆشەگیری دروست دەکەن.. سۆز و هەست و گۆیدێریو رێز بۆ دایکان و باوکان لای منداڵەکانیان لاواز دەکەن...".

لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوادا، کە خێزانێک ببێت بە میوانی خێزانێکی تر، ماڵە خانەخوێەکە، تەلەفزیۆنەکەیان دەکوژێننەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە قسەی خۆش و سوعبەت و دەمەتەقێ بکەن و پێبکەنن.. باسی راز و نیازی خۆیان بکەن.. ئەمەش بووە بە بەشێک لە کەلتووریان.. بەڵام لە لای ئێمە بە پێچەوانەوە.. کە میوانمان بێت ..تەلەفزیۆن هەڵدەکەین و دەنگیزیاتر دەکەین.. کەمتر دەدوێن و.. کەمتر لە رووخساری یەکتر دەڕوانین.. باس لە نەهامەتییەکانمان دەکەین.

سەیرکردنی تەلەفزیۆن لە لایەن منداڵانەوە، پێویستە لەژێر رێنمایی و چاودێری خێزاندا بێت، ئەو بابەت و بەرنامە و فیلمانەی کە سەیریان دەکەن.. پێویستە پەروەردەی و سوودبەخشبن و، لە گەڵ حەز و نیاز و ئارەزووەکانی منداڵاندا بگونجێن.. باشە و چاکەخوازی لە هۆش و دڵیاندا بڕوێنن . چونکە زۆر فیلمی کارتۆن بازرگانی زیانبەخش هەن.. کە کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی خراپ و نەرێنییان لەسەر ژیان و رەفتاری ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵاندا هەیە و دەبێت.. لە رێ دەریان دەکەن و، لاسایی رۆڵی زیان بەخشی پاڵەوان و کارەکتەرەکانیان و کاری بەدەر دەکەنەوە.

تەلەفزیۆنی عێراق :تەلەفزیۆنی عێراق، رەش و سپی، بۆ یەکەمین جار لە رۆژی (٢ - ٥ - ١٩٥٦) دا، بە وتەیەکی مەلیکی عێراق (فەیسەڵی دووەم) کرایەوە و دەستی پێکرد.. ئەو رۆژە یادی (٢١)ی ساڵرۆژی جەژنی لەدایکبوونی مەلیک فەیسەڵی دووەم بوو.

## تەلەفزیۆنی کەرکوک:

تەلەفزیۆنی کەرکوک، کە لە رۆژی (١٨ - ١١ - ١٩٦٧) دا، کرایەوە.. تا رووخانی رژێمی بەعس لە (٢٠٠٣) دا، بە

ناوی (ئیستگەیتەلەفزیۆنی تەئمیم)ەوە بوو، کە بۆ یەکەمین جار بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی پەخشی دەکرد.. لە ساڵی (١٩٧٤) ەوە بەشە کوردییەکەی بوو بە کەناڵێکی سەبەخۆی کوردی، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی بە عەسدا بوو، هەموو بەڕێوەبەرەکانیشی هەر عەرەب بوون.. تا ساڵی (٢٠٠٣) هەر بەو ناوەوە مایەوە.. بەڵام لە ڕۆژی (١ - ٩ - ٢٠٠٣) دا، ناوەکەی بوو بە (تەلەفزیۆنی کەرکوک) لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ.. لە لایەن (یەکێتی نیشتمانیکوردستان) ەوە سەرپەرشتی دەکرێت.. بە زمانی کوردی و تورکمانی و عەرەبی و سریانی.. ڕۆژانە پەخش دەکات. ناوی ئەو بەرنامانەی کە بە زمانی کوردی، لە (تەلەفزیۆنی کەرکوک) دا، بۆ منداڵانی کورد پێشکەش دەکران.. ئەم بەرنامانە بوون:

١- بەرنامەی (گۆڤاری منداڵان)، ئەگەر بە هەڵەدا نەچم خوشکێک بە ناوی (پەخشان کۆیی)یەوە ئامادە و پێشکەشی دەکرد .. بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم بوو.

٢- بەرنامەی (کۆلکە زێڕینە) لە لایەن مامۆستا (نەجات کارسول) ەوە، ئامادە و پێشکەش دەکرا، کە بە زۆری لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری هەولێردا تۆمار دەکرا، گۆزارشت بوو لە چالاکییەکانی قوتابخانەکای شاری هەولێر.. بەرنامەیەکی سەرکەوتوو و تەمەندرێژ بوو.. مامۆستا نەجات بە جوانی و ڕێکی پێشکەشی دەکرد.. هەروەها کاک نەجات ڕەسول بۆ ماویەکی کەمیش بەرنامەیەکی کاری هونەری دەستی ئامادە و پێشکەش دەکرد.. ناوی بەرنامەیەی نایەتەوە یادم.

٣- بەرنامەی (جیهانی منداڵان: ١٩٨٤ - ١٩٩٤): بەرنامەیەکی هەفتانە بوو، ڕۆژانی هەینی بۆ ماوەینیو کاتژمێر پێشکەش دەکرا، (. نووسەر . ڕەزا ساڵحئامادەکەری ئەم بەرنامەیە بووم). یەکەمین پێشکەشکەری ئەم بەرنامەیە کیژۆڵە (نازەنین حەمەلاو) بوو.. بۆ ماوەی دوو مانگیش (سەمیرە حەمەلاو) پێشکەشی کرد. بۆ ماوەی چوار ساڵیش کچەکەی خۆم (سۆزان ڕەزا ساڵح) کە تەمەنی هەشت ساڵ بوو،زۆر بە جوانی و بە زمانێکی ناسک و شیرین پێشکەشی دەکرد.. ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە ژمارەیەکیدا خونچەگوڵ . سۆزان ڕەزا ـ ی بە بچووکترین پێشکەشکەری بەرنامەی کوردی بۆ منداڵان لە تەلەفزیۆندا ناوبردووەوە.. چیرۆکەکانی بەرنامەکەش،لە لایەن کاکەلەی خوێن شیرین (هەڵۆ هاشم جەباری) یەوە، بە جوانی پێشکەشی دەکردن.. بۆ ماوەی دوو ساڵێکیش دوو قوتابییم، ناوەکانیان (شەهلە فارس و سوهیلە عەبدولعەزیز) زۆر بە سەرکەوتووی پێشکەشیان دەکرد.. بۆ ماوەی دوو ساڵیش کێژووڵەی ڕوخسار شیرین(نویلە سدیق) زۆر بە جوانی و بە ڕووخۆشی و بە شیرینی پێشکەشی دەکرد.

تایتلی بەرنامەکەشمان بە موزیک و سروودی (ئێمە منداڵین جوانین) دەکرایەوە و پێشکەش دەکرا:

ئێمە منـــداڵین جوانـــــین
ئـــــاواتی نیشـــــتمانین
کامەرانـــین شادمـــــانین
کە نـــەوەی کوردســـتانین.
----
ڕۆڵـــەی خـــاکی پیـــرۆزین
بۆیـــە هێـــندە بە ســـۆزین
شـــەو و ڕۆژ تێدەکۆشـــین
بـــۆ وڵات بە پـــەرۆشـــین.

من وەکو ئامادەکەری بەرنـامەی (جیهـانی منـداڵان)، شـانازی بەم بەرنـامەیەوە دەکەم، چونکەبـۆ مـاوەی(دە سـاڵ).. هەفتـانە بە خۆشترین و شیرینترین و بەسوودترین بـابەتی هەمەڕەنگە، دەم رازانـدەوە .. ئەوەی لە دڵمدا بـوو توانیم بەبێ ترس و چەکەرە،بیگەیەنمە منداڵانی کوردمان و، بە هەستێکی کـوردایەتی و.. بە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون ـ ئینتیما بوون ـ بۆ کوردستان گۆش و پەروەردەیـان بکەم .. هەر ئەمەش بـوو، کـوردێکی بەعسی خۆفرۆش و دۆڕاو، سیخوڕی لەسەر بەرنامەکەمان دەکرد و، دوو جار بۆ مـاوەی دوو مانگ رایـان گـرت، بە بیـانووی کوردایەتی بەرنـامەکەوە.. بەرنـامەی (جیهـانی منـداڵان) تەمەنـدرێژترین بەرنـامەی منـداڵان بـوو لە تەلەفزیـۆنی کەرکوکـدا.. هـۆی بە یەکجـاری راگرتنیشی جیهـانی منـداڵان ئەوەبـوو، داوایـان لێکـردم، کە ئەڵقەیەکـی تـایبەتی لەسەر رۆژی جەژنی لەدایکبوونی دیکتـاتۆری گۆڕبەگۆڕ(سەدام حوسێن) ئـامادەبکەم، بەڵام نەمکرد و،تـا مـاوەیەک خۆم شـاردەوە، بە یەکجـاریش بەرنـامەکەیـان راگـرت.. هەڕەشەشیان لێکردم .. ئەگەر سەریشم تیـا بچوایە ئـامادە نەبووم بە شان و بـاڵی دیکتاتۆر سەدام دا هەڵبدەم.

هەروەها، دوو ئەڵقەی بەرنامەیەکی ترم بۆ منـداڵان ئـامادەکرد، بە نـاوی (چرۆکـان)ەوە، هەفتـانە بـۆ مـاوەی نیـو کاتژمێر، کە لە هەر ئەڵقەیەکدا منداڵێکی بەهرەمەندی کوردم دەردەکرد.. کە ئەم دوو منداڵە بـوون، لە ئەڵقەی یەکەمدا (ئاسۆ عەبدولحەمید عەزیز. ئێستا دکتۆرە) لە ئەڵـقەی دووەمیشـدا (هێمن حوسین گەرمیـانی - کە ئێستا مـوزیکژەن و گـۆرانبێژ و ئـاوازدانەرە) تەنهـا ئەم دوو ئەڵـقەیەی (چرۆکـان) پێشکەش کـران.. کە لە نـاوەڕۆکی بەرنامەکەیان کۆڵیییەوە، بە بیانووی ئەوەی کامیرای وێنەگرتنمان کەمە.. بۆ تۆمارکردنی ئەڵقەی سێیەم کە چوومە

سلێمانی و منداڵێکی بەهرەمەندی تری کوردمان بکەمە بەهرەمەندی ئەڵقەی سێیەم.. رۆژێکی تەواو پرۆڤەمان پێ کرد.. بەڵام سەرۆکی دەرهێنەران تەگەری خستە رێم، بۆ ئەوەی ناچارم بکەن، کە وازم لەم بەرنامەیە بهێنم.

بە رێزیشەوە ناوی برای دڵسۆزمان کاک (هاشم جەباری - بەرپرسی بەشی رێکخستنی بەرنامەکان لە تەلەفزیۆنی کەرکوک) دێنم و، زۆر سۆپاسی دەکەم.. کە زۆر پشتی بەرنامەکەمانی دەگرت.

٤- بەرنامەی (جگەرگۆشەکان) بەرنامەیەکی هەفتانە بوو، نزیکەی کاتژمێرێکی دەخایاند.. لە لایەن مامۆستا (محەمەد رەحیم رەمەزان) ەوە، ئامادە دەکرا و پێشکەشی دەکرد.. وابزانم لە ساڵی (١٩٨٥) دا دەستی پێ کرد، بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک بەردەوام بوو.. چالاکییەکانی قوتابخانەکانی سلێمانی پێشکەش دەکرد.. بەرنامەیەکی رازاوە و رەنگاوڕەنگی زۆر سەرکەوتوو بوو.. وەکو زانیم زۆڵە کوردێکی گۆڕبەگۆڕی بەعسی، داوای لێ کردبوو، لە هەر ئەڵقەیەکی بەرنامەکەیدا، بۆ ماوەی پێنج خولەک بە شان و باڵی گۆڕبەگۆڕ سەدام حوسێن دا هەڵبدەن، بەڵام مامۆستا محەمەد رەحیم رەمەزان داواکەیانی رەتکردەوە.. بۆیە بە یەکجاری بەرنامەی جگەرگۆشەکانیان راگرت.

٥- بەرنامەی (چیرۆکی هەفتە)بەرنامەیەکی هەفتانە بوو.. لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی کاکە (هەڵۆ هاشم جەباری) بوو، کە تەمەنی لە نێوان دە و پانزە ساڵاندا بوو.. هەر هەفتەی چیرۆکێکی بە زمانی کوردیپێشکەشی بە منداڵان دەکرد.. لە دواییدا، ئەم بەرنامەیە خرایە پاڵ جیهانی منداڵان و، بوو بە بەشێک لە بەرنامەی جیهانی منداڵان.. چیرۆکەکانی بەرنامەکەشهەر لەلەن کاکە(هەڵۆ جەباری) یەوە .. بۆ ماوەی پێنج خولەک،چیرۆکێکیخۆشی پێشکەش بە منداڵان دەکرد.

دواتر تەلەفزیۆنی کەرکوک، کە بەڕێوبەرەکەی عەرەبێکی بەعسی بوو،(محەمەد رەزا کازم )بوو، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی بەرنامەکوردییە راگرتووەکانی منداڵانی کورد ( کۆلکەزێرینەـ نەجات کارسول، جیهانی منداڵان - رەزا ساڵح، جگەرگۆشەکان - محەمەد رەحیم رەمەزان).. چەند بەرنامەیەکی نارەسەنی لاوازیان ئامادە و پێشکەش دەکرد، تەنانەت بۆ رقەبەرایەتی و دژایەتی کردن،هەر بە ناوی (جگەرگۆشەکان) وە، کەسێکی تری سەر بە ئەوان،بەرنامەیەکی ئامادە و پێشکەش دەکرد، بەڵام ئەم بەرنامە نارەسەن و لاوازانە، بەپێی ویست و رێنماییەکانی بەعس ئامادە دەکرانبۆیە هیچ تام و چێژ و خۆشییەکیانبۆ منداڵانی کوردمان تێیاندا نەبوون، بە

شایانی ئەوەیان نازانم باسیان بکەم و، لەگەڵ بەرنامە رەسەنە کوردییەکانی منداڵانی کورد دا، ریزبەندییان بکەم.

لە ئیستاشدا، لە بەشێکی زۆری کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستاندا، ماوەی منداڵان هەیە، هەروەها سێ کەناڵی تایبەتیش بۆ منداڵان هەن، کە ئەم کەناڵانەن: (پێلستانک، پەپوولە، زارۆکتیڤی) لە سەرەتادا کۆمەڵێک چالاکی باشیان تۆمارکرد، کە تا ئێستاش هەر پێشکەشیان دەکەن، تا رادەیەک بوونەتە دەنگ و رەنگی منداڵانی کورد.. چاوەنوارٍ و هیواداری ئەوەبووم، مانگ لە دوای مانگ، بە چالاکیهەمەڕەنگەی تازەتر و خۆشتر کەناڵەکانیان بڕازێننەوە، تەنهاش هەر گۆرانی نەبن، بەڵکو بە شانۆ و ئۆپەرێت و بەبابەتی هەمەڕەنگەی تر و، بە دۆبلاجکردنی فیلمی کارتۆنی بەسوود بیان رازێننەوە.. هەر هەفتەی فیلمێکی منداڵانی جیهانیش پێشکەش بکەن و، چەند بەرنامەیەکی جیهانیش بە کوردی دۆبلاج بکەن، هەروەهاش چالاکییەکانی منداڵانی هەموو کوردستان پێشان بدەن، نەک تەنها چالاکییەکانی ناوچەیەک یا دوو ناوچەی باشووری کوردستان، پێویستە لە باشووری کوردستانیشدا، لە زاخۆ وە بۆ مەندەلی چالاکی منداڵان پێشکەش بکەن، چالاکییەکانی هەموو منداڵانی کوردستانیش فەرامۆش نەکەن.. بۆ ئەوەی لە لای منداڵانی کوردمان هەستێکی نەتەوەیی و یەک کوردستانیان لا دروست بێت.. هەست بەوەش بکەن کە ئەو کەناڵە کوردییانە، کەناڵی هەموو منداڵانی کوردن.. لە باکوورە بۆ باشوور .. لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوای کوردستان.. من وا هەست دەکەم کە ئەم کەناڵانە زۆر خاوبوونەتەوە و، بابەتەکانیشیانسواون، رۆژانە چەند جارێک دووبارە دەبنەوە.. هەر هەمان گۆرانی و فیلمی کارتۆن دووبارە و سەد بارەی دەکەنەوە.. ئەمەش بێزاری لای منداڵانی کوردمان درووست کردووە.. پێویستە ئەم کەناڵانە لە لایەن کەسانێکی نووسەر و هونەرمەند و شارەزایانی بواریئەدەب و هونەر وموزیکی کوردییەوە بەڕێوەببرێن و سەرپەرشتی بکرێن.. پێویستە حەز و ئارەزووەکانی منداڵانی کوردمان بهێننە دی.. لە ئێستادا هەست بەوە دەکەین، کە نابەڵەدی و نا پیشەیی بە کادرە هونەرییەکان و ئیدارییەکانی ئەم کەناڵانەوە دیارن.. پارەیەکی زۆر بە فیڕۆدەدەن و.. ماوەیەکی زۆریش بەسەردەبەن .. بینەرانی منداڵانیشلێیان بێزاربوونە و لە کەمبوونەوەدان. .هیوادارینبەرپرسانی ئەم کەناڵانە دەست بەسەر خاڵە لاوزەکانیاندا بگرن و بە خۆیان و بە بەرنامەکانیاندا بچنەوە.. بانگهێشتی کادیرانی شارەزا و پسپۆری بواری رۆشنبیری و ئەدەب و هونەری منداڵان بکەن .. بەرنامەڕێژییەکی باشتر و تۆکمەتر و پێشکەوتووتر دابڕێژن.

شایانی باسیشە سێ و چوار ساڵ پێش ئێستا (ماوەی منداڵان - لە کەناڵی کوردسات) کە لایەنی هونەری و

دەرهێنانی، لە لایەن هونەرمەند کاک (فوئاد مەولانای) یەوە بەڕێوەدەبرا و ئامادە دەکرا.. کۆمەڵێک چالاکی زۆر جوانیان تۆمارکردن و پێشکەشیان کردن .. بەڵام وا زیاتر لە دوو ساڵ تێدەپەڕێت.. کوردساتیش پشتی لە منداڵان کردووە و، چالاکییەکی تازەی ئەوتۆیان پێشکەش بە منداڵانی کوردمان نەکردوون، کە شایانی باس و ستاییش و دەستخۆشی بن.. بۆ؟

## ئینتەرنێت:

ئینتەرنێت یەکێکە لە دەزگا هەرە گرنگەکانی شۆڕشی پیشەسازی نوێ .. سەیرترین و بەسوودترین داهێنانە، جیهانیبچووک کردۆتەوە و بە ئاسانی دەیهێنێتە بەرچاومان ..ئینتەرنێتجیهانێکی سەیر و سەمەرەی لەبنەهاتووی زانست و زانیاری هەمەڕەنگەیە .. دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان و بەبێ سانسۆر لێی وەربگرین و پێی ببەخشین .. لە ئەمڕۆدا ئینتەرنێت بووە بە دەزگایەکی زۆر پێویستی هەموو کەسێک و، هەموو ماڵان و، شوێنی خۆی لە ناو خێزاندا کردۆتەوە، گەورە و بچووکمان رۆژانە و شەوانە بۆ ماوەیەکی زۆر بە کاری دەهێنین .. بووشە بە ئامرازێکیپێویست و سەرەکی هەموو دایرە و فەرمانگاکان و دەمودەزگا فەرمییەکان .. بەبێ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ئیش و کار بەڕێوە ناچن و دەوەستێن.

ئینتەرنێت کاریگەری باش و خراپی لەسەر منداڵان هەیە، بە بیر و هۆشی زۆربەی دایکان و باوکان و پەروەردەکاران، ئینتەرنێت منداڵانی دامان و رامان کردوون .. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین، کە ئینتەرنێت رووەکێکی خۆڕسک نییە،کە بە سروشتی روابێت، یان گیانەوەرێکی رووح لەبەر نییە، کە لە گیانەوەرێکەوە لە دایک بووبێت .. ئینتەرنێت دەزگایەکی بێ گیانە، لە داهێنانی زادەی بیر و هۆشی مرۆڤە، راستە ئینتەرنێت دەزگایەکی هەستیارە، بەڵام مرۆڤ خۆی ئەو هەستەی پێ بەخشیوە .. مرۆڤ خۆی بە بابەتی جوان و بەسوود، یا بە بابەتی ناشیرین و زیانبەخش بەرنامەڕێژی کردووە و دەیکات،بۆ مەبەست و سوودی گشتی و خزمەتی مرۆڤایەتی، یا بۆ مەبەستی مادیو سوودی تایبەتی خۆی و، لە رێ دەرکردنی مرۆڤ .. چونکە مرۆڤ چ بەرنامەک بۆ ئینتەرنێت دابڕێژێت، هەرئەو زانیاری و بەرنامەیەیەلە هۆشی ئینتەرنێتدایە، ئەگینا ئینتەرنێت دەزگایەکی ئەفسووناوی نییە .. جڵەوی ئینتەرنێت بە دەستی مرۆڤەوەیە، هەر ئەمیشدەتوانێت لغاوی بکات .. هەرخوێنەر و بینەرێکیش لە دەستی خۆی دایە، سەردانی چ ماڵپەڕ و سایتێک و،چ شوێنێکی باش یا خراپ بکات .. کامانەیان سوودی پێ دەگەیەنن و .. کامانەشیان لە خشتەی دەبەن و، لەڕێ دەری دەکەن.

بە پێی بە دواداچوونی هەندێ لایەن، تا ئیستا زیاتر لە سەد هەزار، ماڵپەڕ و شوێنی ئاشکرای هەوسبازی و ناشیرین و لە خشتەبردن هەن.. ڕۆژانەش پێنج سەد ماڵپەڕی هەوسبازیی تازەدێنە ئاراوە .. جا بزانن ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی ئەم ماڵپەڕ و شوێنە زیانبەخشانە دەگەنە چەند..؟!

بە توێژینەوەی مەیدانیش، ئەوەدەرکەوتووە کە منداڵان زیاتر لە گەورەکان، خوویان بە بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە گرتووە .. خەریکە کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نەبێت و، لەدەست دەربچن .. منداڵان چێژ و خۆشییەکی زۆر لە بابەتەکانی ئینتەرنێت وەردەگرن .. شتی باش و خراپیشی لێوە فێردەبن .. زۆر یا کەم،بە باشی و بە خراپیش، کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووشیان دەبێت.

ئەی چی بکەین بۆ ئەوەی منداڵەکانمان فێربن، بە دروستی ئینتەرنێت بەکاربهێنن ..؟ چۆن وایان لێبکەین لە ماڵپەڕ و سایت و شوێنە هەوەسبازی و ناشیرینەکان خۆیان بپارێزن و خۆیان لابدەن..؟
بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش، تا ڕادەیەکی زۆر، کلیلی کۆنترۆڵکردنی منداڵان لە دەستی خێزان دایە ..پێویستە خێزان ئەرکی ڕێنمایی و چاودێری و ئامۆژگاریکردن و ئاراستەکردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بگرن .. لە زۆر دەوڵەتاندا، بۆ پاراستنی بە باشی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن منداڵان و کەسانی گەورەشەوە .. بە ووردی چاودێری ئەو سایت و ماڵپەڕ و شوێنە زیانبەخشەکانی ئینتەرنێت دەکەن و، فیلتەریان بۆ داناون .. بەڵام ئەوە ئەستەمە کە بتوانن سانسۆر و کۆنترۆڵی ئەو هەموو سایت و ماڵپەڕ و شوێنە زۆرە زیانبەخشانە بکەن .. کە لە ژمارە نایەن .. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ژمارەیان لە زیادبووندایە.

## سینەمای منداڵان:

سینەما منداڵان، هۆکارێکی گرنگی تری بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی منداڵانە .. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بایەخێکی زۆر بە سینەمای منداڵان دەدەن و، ساڵانە چەند فیلمێکی سینەمایی تایبەت بە منداڵان بەرهەم دێنن و نمایشیان دەکەن .. فیلمەکانیش، فیلمی کارتۆن بن، یا فیلمی ئەنیمەیشن بن .. چەندین نووسەر و سیناریۆنووس و ئەکتەر و دەرهێنەر و سینەماکاری بە توانا و وێنەگر و کامیرامەندی شارەزای بواری حەز و ئارەزووەکانی منداڵان سەرقاڵی دەرهێنانی فیلمی سینەمایی منداڵان دەبن.

ئەم راگەیاندن و هونەرە هێشتا لە کوردستان و بەشێکی زۆری وڵاتانیجیهاندا پێیان نەگرتووە.

تەنها فیلمی کوردی کە من بینیومە، فیلمی (بێکەس) بوو، کە دوو منداڵی برا رۆڵی پاڵەوانێتی لەم فیلمەدا دەبینن و، خەو بەوەوە دەبینن بگەنە ئەمریکا .. من ئەم فیلمەم لە سینەمایەکی شاری (ستۆکهۆڵم - لە سوید ) بینی .. ئێستا ئەم فیلمە بە زمانی نەرویجیش دۆبلاج کراوە.

لە فیلمی (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان)ی (بەهمەنی قوبادی) شدا، (ئەیوب و مەهدی و ڕێژە) کە سێ منداڵان و رۆڵی پاڵەوانێتی سەرەکیی فیلمەکەن دەبینن، ئەگەرچی منداڵان بەشێکی سەرەکین لە کێشەکاندا .. بەڵام فیلمەکە تایبەت نییە بە منداڵانەوە، هەروەهاش لە فیلمی (کیسەڵەکان دەفرن)ی هەر (بەهمەنی قوبادی)دا، منداڵان رۆڵی سەرەکی و پاڵەوانێتی فیلمەکە دەبینن.. ئەوەی زیاتر سەرکەوتنی بەم دووفیلمەی دەرهێنەری سینەمایی، هونەرمەندی گەورەی کوردمان (بەهمەنی قوبادی)بەخشیوە .. ئەوەیە، کە قوبادی سوودی لە توانای منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان وەرگرتووە، وەکو منداڵانی ئاسایی هێناوینێتە کایەوە .. هیوایەکی دەروونی و جەستەیی زۆر دەخاتە دڵی منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتمەندییەکانەوە.. لە زۆربەی فیلمەکانی بەهەمەنی قوبادی دا، منداڵان رۆڵیان هەیە.. رەنگە هونەرمەند قوبادی .. لەم راستییەوە بایەخی بە رۆڵی منداڵان داوە کە .. منداڵان بەشێکن لە ئەمڕۆ و.. هەموو داهاتووش.

ئەم ئەزموونە سەرکەوتووانە، بە سەرەتایەکی باشی سەرهەڵدانی فیلمی منداڵانی کوردی دەزانم و، مژدەیەکی خۆشن و، بە هیوایەکی گەشی دەزانم بۆ سەرهەڵدانی (سینەمای منداڵانی کوردستان ..) بێگومان هەموو کارێکی گەورەش بە هەناوێکی بوێرانەی دەستپێکەوە دەست پێدەکات و، دێتەدی.

**٢٣ی مارچی ٢٠١٥**

## مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی منداڵان.



جوانترین وتە کە دەربارەی شانۆ وترابێت: "شانۆم بدەرێ.. گەلێکی مەزنت دەدەمێ" یان "نان و شانۆم بدەرێ.. گەلێکی رۆشنبیرت دەدەمێ.." (شەکسپیر) دەڵێت: "دنیا شانۆیەکیگەورەیە.. پیاوان و ژنان هەر ئەوەن کە ئەکتەرن لەسەر ئەم شانۆیەدا..".

شانۆ سیما و دیاردەیەکی شارستانییە و، پەیوەندی بە پێشکەوتن و پایەبەرزی نەتەوەکانەوە هەیە، شانۆ بە باوکی هونەرەکان ناوزەد دەکرێت .. شانۆ دەنگ و رەنگ و جوولانی هەست و خۆشییەکان و ناخۆشییەکانی هەموو ئادەمیزادێک دەخاتە روو.. لە پێناویسەرکەوتنی وشەی بەررز و پیرۆزی مرۆڤایەتییدا. شانۆی هونەرێکی درامی نواندنە،بەر لە هەموو شوێنێک، بە پێی توێژینەوەکان، بەر لە زایینی لە وڵاتی (یۆنان) سەری هەڵداوە .. لە پێشا بۆ مەبەستی سەربازی بووە، بە پلەی یەکەمیش پێشکەش بە پاشاکان و فەرمانڕەواکان و دەوڵەمەندەکان دەکران. شانۆگەرییەکانیشبە نمایيشێکی راستەوخۆ پێشکەش دەکران.. ئازایەتی و غیرەت و خۆڕاگرییاندەخستنە دڵی جەنگاوەرە یۆنانییەکانەوە، بابەتەکانی شانۆگەرییەکان، بیر و فەلسەفە و دۆزە کۆمەڵەیەتییەکانی کۆمەڵگاکەیان نمایش دەکردن.

(شانۆی منداڵان): (مارک تووەین) لە بارەی شانۆی منداڵانەوە دەڵێت: " بڕوام وایە کە شانۆی منداڵان، یەکێکە لە گەورەتین داهێنراوەکانی سەدەی بیستەم، کە بلیمەتی ئادەمیزاد رێی پێبرد.. بە هێزترین مامۆستای رەوشتە .. باشترین داکۆکیکەرە لە رەوشتی باش..".

شانۆی منداڵان، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵان .. شانۆی منداڵان ئەو شانۆیەیە کە لە خزمەتی منداڵاندایە،

لە لایەن منداڵانەوە یا گەورەکانەوە سازبکرێت.. یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی رۆشنبیریی منداڵان، هۆکارێکی گرنگیشە لە هۆکارەکانی پەروەردەی منداڵان و، گەشەکردنی کەسایەتی، چونکە منداڵ لە ساڵانی یەکەمی تەمەنییەوە، پەیوەندییەکی ماکیلەگەڵ نواندا هەیە.. زۆر جار ئەوەی لە ئەندێشە و خەیاڵیدایە، بە یاری و نواندن دەریدەبڕێت، بنچینەی درامای منداڵان یاری و گەمەیە، کە ئەمەش شانۆگەرییەکی خەیاڵئامێزە.. جیهانی منداڵان، جیهانێکی وەنەوشەیی سەیر و سەمەرەی مندڵان، پڕە لە خەون و خەیاڵ، لە خۆزگە و هیوا.. پڕە لە یاری و پێکەنین و لە خۆشی و شادی.. گوزارشت لە دڵپاکی و سادەیی و ساوێلکەییاندەکات..(ئاناتۆل فرانس) دەڵێت:" بە ئەندێشە و خەون نەبێت گەورە نابین".

پەروەردەکاری بە ناوبانگ (جان جاک رۆسۆ) فێرکردنی منداڵ لە رێی یاری خۆش و نواندنەوە، بە باشترین شێوازی فێرکردنی دەزانێ، ئەوەشی راگەیاند، کە شانۆی منداڵان، رێبازێکە بۆ فێرکردنی منداڵ .. هەریەکەش لە پەروەردەکارانی بە ناوبانگ (ماریا مینتسۆری، جۆن دێوی، دوکرۆلی،بستۆلۆزی، سۆزان ئیسحاق، کلاربارید، فۆشیە، جۆن لۆک، کرشتنر، پێتەر سلید)سوودیان لە بیر و بۆچوونی جان جاک رۆسۆ وەرگرتووە و، هەمان بۆچوون و رێبازی ئەویان لە پەروەردەکردنی منداڵاندا گرتەبەر ..هەروەها خاتوو (دی گیلنس) سوودی لە فەلسەفەی و رێبازی پەروەردەیی رۆسۆ وەرگرت و، ئەویش جەختی لەسەر گرنگی یاری و شانۆی منداڵان کرد، بەوەی دانان کە دوو دەرگای سەرەکین بۆ فێرکردن و،بۆ فێربوونی رەوشتی بەرز و جوان.

لە شارستانییە کۆنەکاندا، بەر لە زایینی، زۆربەی نەتەوەکان، بە رادە و بە شێوەیەکی دیارکراو، شانۆی منداڵانیان زانیوە، لە بناغەشدا پشتیان بە شانۆی بوکەڵە و سێبەری بوکەڵە بەستووە، بۆ نموونە، چینییەکان، یۆنانییەکان، سۆمەرییەکان، بابلییەکان، هیندییەکان، میسرییەکان، رۆمانییەکان، یابانییەکان، ئەڵمانییەکان، ئیتالییەکان، ئیسپانییەکان، بایەخیان بە منداڵێتیداوە، لە نێو گۆڕ و لە شوێنەواری پەرستگاکان و، لە کۆشکەکانی شاکاندا، چەندین بوکەڵەی لە بەرد تاشراو، لە دار دروستکراو، لە قوڕی سوورەوەکراو، دۆزراونەتە، کە بۆ شادی و خۆشنوودی منداڵان دروستیان کردوون، ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە لە کۆنەوە، ئاوڕییان لە منداڵان داونەتەوە، ئەگەرچی ئەو بوکەلانە، بە زۆری بۆ منداڵانی شا و فەرمانڕەواکان و دەوڵەمەندەکان دروست دەکران.

شانۆی منداڵان لە چاو شانۆی گەورەکانەوە تازە پێگەیشتووە. دەربارەی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی شانۆی منداڵان،

لەم شێوازەی ئەمڕۆیدا.. بۆچوونی جیاواز هەن، بە کورتی ئاماژە بە سەرهەڵدانیشانۆی منداڵان لە چەند وڵاتێکی جیهان دەکەین و .. دواتر دێینە سەر شانۆی منداڵان لە کوردستان.

### ئینگلتەرا:

ئینگلتەرا یەکێکە لەو وڵاتانەی بایەخێکی بەرچاوی بە گەشەکردنی شانۆی منداڵان و، بە ئامانجە پەروەردەییەکانی داوە.. یەکەمین (تیپی نواندنی منداڵان)لە ساڵی (١٥٣٧) دا لە وڵاتی ئینگلتەرا لە لایەن شازادە (ئەدواردی شەشەم) ەوە دامەزرا، یەکێک لەو شانۆگەرییانەی،کە ئەم تیپە پێشکەشیان کرد، بە ناوی (یەعسوبی نامۆ) ەوە بوو.. لە ساڵی (١٥٦٦) دا شانۆگەریەک بە ناوی (بالیمۆن وارکبت)ەوە، بۆ منداڵان، لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەکانەوە، بە ئامادەبوونی شاژن ئینگلتەرا (ئەلیزابێس) لە (هۆڵی کەنیسەی مەسیح) دا، نمایش کرا. لە ساڵی (١٩٥٩) دا (رێکخراوی منداڵی بەریتانیا) دامەزرا، لە دەستوورەکەیدا ئەو نووسراوە، بەرزترین ئامانجی ئەم رێکخراوە، پەروەردەکردنی منداڵە لە رێی دراما و شانۆوە، هەروەها هاندانی حەز و چێژوەرگرتن و رێزگرتنی منداڵانە لە هونەری شانۆ.

### فەرەنسا:

هەندێک پێیان وایە، کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٧٨٤) دا، لە پاریس لە فەرەنسادا، شانۆی منداڵان سەری هەڵداوە.. شانۆگەری (میوان ـ یا ـ گەشتیار) یان پێشکەش کرد . بەشێکی زۆری توێژێنەران، ئەو نمایشە بە دەستپێکی شانۆی منداڵان ناودەبەن .. لە ساڵی (١٧٨٠) شدا، خاتوو (ستیڤانی دی گینلنز) کتێبێکی لە چوار بەرگدا، بە ناوی (شانۆی فێرکاری) دا، کە چەندین شانۆگەری لەخۆگرتبوو، کە هەندێ لە چیرۆکەکانی لە، لە چیرۆکەکانی لە کتێبی (ئەنجیل)ەوە وەرگرتبوون، بەشی زۆری شانۆگەرییەکانی لە باخچەیەکی قەشەنگ، لە نزیکی شاری پاریسدا نمایش کران، شازادەکان لە یەکەمین شانۆدا، بەشداریان لە شانۆگەرییەکەدا کرد .. کە بە یەکەمین نمایشی شانۆی منداڵان لە ئەوروپادا دادەنرێت و.. بە هەنگاوێکی گرنگی مێژووییش دەزانرێت.

### دانیمارک:

لە سەدەی نۆزدەمیندا، کەڵەنووسەری دانیمارکی و جیهانی (هانز کریستیان ئەندەرسن)، کە بە رابەری

راستەقینەی نووسەرانی شانۆی منداڵان دەزانرێت، چیرۆک و شانۆگەرییەکانی بۆ منداڵان، ناوبانگێکی جیهانییان دەرکرد، زۆربەشیان وەریان گێڕاونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.. لەوانەش: (پەرییە بچکۆلەکە، پەنجە باڵا. تۆما لیزە، جلوبەرەگە تازەکانی قەراڵیچە - ئیمبراتۆر - ،پێڵاوی سووور) نووسەری ئەمریکی (هانز جۆزێف سمیس) چیرۆکی (پێڵاوی سوور)ی بۆ شانۆ ئامادەکرد و دەریهێنا. شانۆگەری (پێڵاوی سوور) هونەرمەندیشانۆکار (رزگار کەریم سەعید) کە ئێستا لە لەندەن دەژی، وەری گێڕایە سەر زمانی کوردیو دەریهێنا، وابزانم لە ساڵی (١٩٨٦) دا بوو، لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا تۆماریان کرد.. هونەرمەند و نووسەری ناسراوی کوردمان خاتوو (گەزیزە) رۆڵی پێڵاوفرۆشی لە شانۆی (پێڵاوی سوور) دا، دەبینی ( نووسەر ـ من ئەو رۆژە لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بووم، ئاگام لە تۆمارکردنیـ پێڵاوی سوور ـ بوو بەڵام بە تەواوی ساڵەکەیم لە یاد نەماوە، پرسیارم لە مامۆستا گەزیزە ش کرد، ئەویش ساڵی تۆمارکردنەکەی لە یاد نەماوە).

## روسیا:

نووسەران و هونەرمەندانی (یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە) گرنگییەکی زۆریان بە شانۆی منداڵان دەدا، شانۆی منداڵان لە روسیادا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) بەدواوە سەریهەڵدا.. بە دیاریکراویش لە ساڵی (١٩١٨) ەوە ..کە لەلایەن کۆمەڵێ نووسەرانی شارەزا لە بواری ئەدەبی منداڵان و پەروەدەی منداڵاندا، سەرپەرشتی بابەتەکانی منداڵانیان دەکرد.. ئەوەی شارەزای شانۆگەرییەکانی منداڵانی روسیا بێت، دەزانێت کە بە زۆری شانۆگەری ئایدۆلۆژی بوون، تەنها بەربەرەکانی سەرمایەدارییان دەکرد و، سۆشیالیستی مارکسیشیان بەرز دەنرخاند.. هەر وەکو (ئەلیکسەندەر پۆشکین) دەڵێت: "لە پێویستییەکانی ئەستۆماندا بوو، کە بە شێوەیەکی خۆش و شیرین چیرۆک بۆ منداڵەکانمان بگێڕینەوە، پێویستیشە ئەم چیرۆک و شانۆگەرییانەی پێشکەشیان دەکەین، قێزەوەنی سەرمایەداری بەرجەستە بکەن و، قورخەکەر رسوابکەن..".

## ئەمریکا:

لە ساڵی (١٩٠٣) دا، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لە لایەن (ئەلیس مینی هێرتس) ەوە، یەکەمین شانۆی تایبەت بە منداڵان لە شاری نیویۆرک بە ناوی ( شانۆی فێرکاری منداڵان ) ەوە، لە قوتابیانی ئەو شارە دامەزرا.. لە یەکەمین نمایشدا، ئەم شانۆگەرییانە نمایش کران: (شازادە وهەژار،کچە شازادە بچکۆلەی پایتەخت، گەرداو،

لۆرد فۆنتلیری) ئەمە و لە ساڵی (١٩٢٥) یشدا، (شانۆی منداڵان) یان، لە بەشی زمانەکانلە زانکۆی (نورسویسرن) کردەوە.

هەروەها لە ساڵی (١٩٤٧) دا، هۆڵی (شانۆی جیهانی) شیان لە ئەمریکادا دامەزراندا.. لە ئەمڕۆداشانۆی منداڵان و شانۆی پەروەردەیی لە زۆربەی زانکوکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەخوێنرێن و، بڕوانامەی بەرزیش بە خوێندکارنی دەدرێن.

## لوبنان:

شانۆ بە گشتی و شانۆی منداڵان بە تایبەتی، ئەزموونێکی تازەیە لە وڵاتانی عەرەبیدا، عەرەبەکان لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەمینداهۆنەری شانۆیان زانی، بە شێوەیەکی گشتیش ئەم ئەزموونە، بە شانۆی قوتابخانەکان دەستی پێکرد.. یەکەمین کەسیش، کە شانۆی هێنایە نێو ئەدەب و هونەری عەرەبییەوە.. (مارون نەقاش: ١٨١٧ - ١٨٥٥) بوو، کە بە رابەری شانۆی عەرەبی دەزانرێت.. مارون نەقاش لە ساڵی (١٨٤٨) دا، یەکەمین تیپی شانۆیی لە (بیروت - لوبنان) دامەزراند.. یەکەمین شانۆگەریشکە ئەم تیپە پشکەشی کرد،بە ناوی (پیسکە) ەوە بوو، کە لە نووسینی نووسەری فەرەنسی (مۆلێر)ە، مارون نەقاش وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبی و دەرهێنا و، لە (بەیروت) دا، نماییشی کرد.

## میسر:

شانۆی قوتابخانە لە میسردا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٧) کە لەسەر دەستی (عەبدوڵڵا نەدیم) دەستی پێکرد .. لە ساڵی (١٩٤٣) شدا، وەزارتی زانیاری میسر، بڕیارێکی دەرکرد، کە دەبێت لە هەر قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە (قاهیرە) دا، تیپێکی نواندن هەبێت.. لە لایەن ئارەزوومەندێکی قوتابخانەکەوە سەرپەرشتی بکرێت.. بەڵام دامەزراندنی شانۆی منداڵان لە میسر بە فەرمی، لە ساڵی (١٩٦٤)دا بوو، وەزارەتی رێنمایی نەتەوەیی میسر، دو هۆبەی بۆ شانۆی منداڵان دامەزراند یەکێکیان لەشاری (قاهیرە) و، ئەوی تریان لە شاری (ئەسکەندەرییە) دا بوو .. یەکەمین ئەزموونی شانۆییان، شانۆگەری (سەرەکێشی گەشتیارێک) بوو، کە لە ئەسکەندەرییە نمایش کرا.

## عێراق:

توێژێنەر (ئیڤۆن رۆزنگارین)، لە توێژینەوەیەکدا، لە ڕێی بەڵگە و هەندێ دیاردەی شانۆیی لە شارستانییەتی کۆنی عێراقدا، هەوڵی ئەوەیداوە، ئەوە بسەلمێنێت کە مێژووی شانۆ لە عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ (٣٢٠٠) ساڵ پێش زایینی .. زانای ئەڵمانیش (زیتا) هەمان بۆچوونی هەیە.

سەرهەڵدانی شانۆ لە عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٨٠)، کە لەو سەردەمەدا نووسەر و هونەرمەند عێراقی (شەماس حەنا حەبەش) کە پیاوێکی ئایینی مەسیحی بوو، لە شاری موسڵ دەژیا، سێ شانۆی کۆمیدی نووسی و، لە قوتابخانەکانی شاری موسڵدا نمایشی کردن، بۆ نووسینی ئەم شانۆگەرییانە سوودی لە (ئینجیل) وەرگرتبوو.. شانۆگەرییەکانیش ئەمانە بوون: (ئادەم وحەوا، یوسف حەسەن، توبیا) بوون .. ئەم دەستپێشکەری و ئەزموونەی شەماس حەنا حەبەش بە سەرهەڵدانی (شانۆی قوتابخانە) لە عێراقدا دەزانرێت.

نکووڵی لەوەش ناکرێت، هەر لە سەرەتاوە، قوتابخانەکانی عێراق، رۆڵێکی گرنگیان لە پێشکەوتنی شانۆدا بینیوە، بە تایبەتیش برایانی مەسیحی لە شاری موسڵدا، رۆڵێکی بەرچا و بالآیان لە سەرهەڵدانی شانۆی قوتابخانەدا بینی .. شایانی باسیشە لەو سەردەمەدا هونەرمەند (حەنا رەسام: ١٨٩٠ - ١٩٥٨) بە دەیان شانۆی نووسی و لە قوتابخانەکانی شارێ موسڵ دا نمایش کران .. حەنارەسام سوودی لە چیرۆکە فۆلکلۆرییە میللییەکان وەرگرتبوو.

لە بەلگەنامەی عێراقیدا، ئەوە هاتووە، کە یەکەمین تیپی شانۆ لە عێراقدا، لە ساڵی (١٩٢٢)دا بە سەرۆکایەتی (ماهیر حەمدی) دامەزرا.. بەڵام (فازڵ عەباس بەهرام) دەڵێت، یەکەم تیپی شانۆ لە عێراقدا، لە ساڵی (١٩٢٠) دا دامەزرا.

لە راستیدا، هونەرمەند (حەقی شبلی) بە رابەری شانۆی عێراقی دەزانرێت، ئەوەبوو شبلی لە ساڵی (١٩٢٧) دا، تیپێکی نواندنی بە ناوی (تیپی نواندنی نیشتمانی)یەوە دامەزراند، حەقی شبلی دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٣٤، ئەم تیپە - ١٢٠ - چیرۆکی جیاوزیان نمایش کرد، یەکەمین شانۆکەریش کە نمایشیان کرد (سزای سەربەرزی) بوو، دوای ئەوەش ئەم شانۆگەرییانەیان نمایش کرد: (لە پێناوی تاج دا، سەلاحەدینی ئەیوبی،

یۆلیۆس قەیسەر، فرمێسکی بێ ئومێدی، ژن - یا - کچە تەنیاکە..".

لە نێوان ساڵانی (١٩٥٣ - ١٩٥٥) دا، هونەرمەند (عەبدولقادر رەحیم) بە سوود وەرگرتن لە چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) و، لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، کۆمەڵێک شانۆی بۆ منداڵان نووسین و دەرهێنان .. ئەم ئەزموونەی عەبدولقادر رەحیم، بوو بە سەرەتایەکی باش بۆ شانۆی منداڵان لە عێراقدا، ئەمانەش ناوی شانۆگەرییەکانین:

١- شای رەنگەکان ـ ١٩٥٣.
٢- ئەنجامی چاوچنۆکی ـ ١٩٥٤.
٣- ئەبو قاسمی تەنبوری ـ ١٩٥٤.
٤- خەلیفەیەک لە خەیاڵدا ـ ١٩٥٤ ـ (یەکێکە لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو).
٥- چۆلەکەیەک لە بابیل ـ ١٩٥٥.

لە هەندێ سەرچاوەشدا، سەرهەڵدانی شانۆی منداڵان لە عێراقدا، بۆ ساڵی (١٩٦٨) دەگەڕێننەوە، بە نمایش کردنی شانۆگەری (عەلی خانی تەوریزی)، کە لە نوسینی نووسەری ناسراوی میسری (ئەلفرێد فەرەج) ە، هونەرمەند (فەوزی مەهدی) دەریهێناوە و، لە لایەن (تیپی نواندنی نەتەوەیی) ەوە، بۆ ماوەی (٢٤) رۆژ لە بەغدا نمایش کرا.. هەر ئەم شانۆگەرییە، دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، وەکو درامایەکی رادیۆیی، لە (٢ - ٨ - ١٩٧٩) دا، لە لایەن (تیپی نواندنی سلێمانی)، لە ستۆدیۆی لە دەرهێنانی هۆنەرمەندی ناسراوی کورد و جیهانی دکتۆر (فازیل جاف) ەوە بۆ بەشی (تیپی موزیکی سلێمانێ) کوردی لە رادیۆی بەغدا تۆمارکرا.

(دەزگای سینەما و شانۆی عێراقی) رۆڵێکی گەورەی هەبوو، لە گەشەکردن و پێشکەوتنی شانۆ و سینەما لە عێراقدا، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠ - ١٩٩٥) دا.. لە رووی چۆنێتی و چەندێتییەوە، بە سەردەمی زێڕینی شانۆی منداڵان لە عێراق دەزانرێت، لە نێوان ئەوو ساڵاندا، چەندین شانۆگەری تریان بۆ منداڵان نمایش کرد .. وەکو:

١- گەنجینەی سوور: ١٩٦٤، لە نووسینی (جیرالدین سکس)، دکتۆر (عەبدولجەبار موتەلیبی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دەرهێنانی شانۆیی هونەرمەند (سامی عەبدولحەمید)ە.
٢- عەلائەدین و چرا ئەفسووناوییەکەی: ١٩٦٨، لە نووسینی (جێمس نۆردین)ە .

٣- مەلی ئاوات: ١٩٧٠، نووسین و دەرهێنانی (قاسم محەمەد)ە، لە چیرۆکی (مەلی شین)ی کە لە نووسینی (مترلنگ)ە، وە وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.. ئەم شانۆگەرییە، بۆ ماوەی (٢٧) رۆژ، لە (هۆڵی شانۆی نەتەوەیی) لە بەغدا نمایش کرا .. (یَنانی هونەرمەند (قاسم محەمەد) ە، بۆ ماوەی (٢٥) رۆژ لە بەغدا نمایش کرا.١١) هەزا، بینەر بینیان.

٤- منداڵە دارینەکە: ١٩٧٢ لە چیرۆکی (بینوکیۆ)ی نووسەری ئیتاڵی (کارلۆ کالودی) یەوە وەرگیراوە، دەرەوە.

٥- کچە جۆلا: ١٩٧٧، لە شانۆگەری (کورتە بالا و کچە ئاشەوان)ی نووسینی (مار جوریئەفرەندن) ەوە وەرگیراوە .. کە ئەویش لە چیرۆکێکی (برایانی گریم) ەوە وەری گرتووە .. دەرهێنانی (بەهنام میخائیل)ە.

٦- کچەشازادە و نێرگز -: ١٩٧٨

٧- مانگی مانگەکان و پیتەکانی رووناکی: ١٩٨٧ لە نووسینی نووسەری میسری (رەووفمەسعەد)ە، دەرهێنانی (مونتەها محەمەد رەحیم)ە .

٨- ساندریلا: ١٩٩٤.

لە ماوەی (٢٠) ساڵی رابرووودا، بە هۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی، و ناسەقامگیری، شانۆی منداڵان لە عێراقد پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە.. بە قۆناغێکی سارد و سڕ و کەم بەرهەم و کاڵ وکرچیدا تێپەڕیوە.. لە عیراقی ئەمڕۆشدا، ئایدۆلۆژیای ئایینی و تایفەگەری بوونەتە هەوێنی شانۆی منداڵان، کە دووره لە خواست و حەز و نیازپاکی منداڵانەوە.

## ئامانجەکانی شانۆی منداڵان:

*گرنگترین ئەو ئامانجانەی لە سایەی ئەدەبی شانۆی منداڵان دێنەدی، بە کورتی ئەمانەن:*

١- توانای دەرربڕین و گوزارشتکردنی منداڵان گەشە دەکات.

٢- خۆشی و شادییەکی زۆر بە منداڵان دەبخشێت.

٣- فەرهەنگی وشەی زمانەوانییان دەوڵەمەنتر و رەنگینتر دەبێت.

٤- بیر و هۆش و زەین و ئەندێشە و تێگەیشتن و، هەست و سۆزیان، گەشتر وفراوانتر دەبن.

٥- زیاتر بڕوایان بە توانای خۆیان دەبێت، بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی بەشداری لە نواندندا دەکەن.

٦- گۆشکردن و، پەروەردەکردنی منداڵان، بە چەمکە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی، وەک:
(پیاوەتی و چاکە، یەکسانی، ڕێزگرتن، لێبووردن، تەبایی و پێکەوەژیان، دوورکەوتنە لە رق و دەمارگیری و رەگەزپەرستی، دوورکەوتنە لە خووی بەد ،لە رەفتاری ناشیرین و، لە شەڕخوازی).
٧- گەلێ گرێ و گوشار و کێشە دەروونییەکانی منداڵ چارەسەر دەکات، وەک: (گۆشەگیریی، شەرم، زمانگرتن، ترس، ڕاڕایی، دۆشدابردن، پەشێویی، خەمۆکییکی.. هتد).
٨- هۆیەکی گرنگە بۆ گەشەکردنی هۆش و دەروونی منداڵان و، وەرگرتنی زانیاری گشتی.
٩- ئایندەی ئەدەبی گەورەکان مسۆگەر دەکات.
١٠- منداڵانلەسەر بوێری و ئازایەتی ئەدەبی رادێن.
١١- تێبینی و هەستی رەخنەگرتنیان گەشەدەکەن.
١٢- چێژی هونەری و جوانناسییان گەشەدەکەن.
١٣- گەلێ داب و نەریتی پەسەندی کۆمەڵایەتی و، بەهای بەرزی رەوشتی فێردەبن.
١٤- هیوادار و گەشبین و بڕوابەخۆ دەبن و، ژیانیشیان لا شیرینتر دەبێت.
١٥- حەزی خۆدەرخستن و، دەربڕینی توانا و چالاکییەکانیان زیاتر دەبن.
١٦- رووحی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و سازانیان گەشەدەکات.
١٧- ئەزموونی تازەیان پێ دەبخشێت، کە لە ژیانی رۆژانەیان سوودیان لێوەردەگرن .
١٨- نەوەیەکی تەندروست و رۆشنبیر بەرهەمدێنێت و، دەیانکات بە هاوڕێ کتێب و کتێبخانە.
١٩- حەز و ئارەزووەکانیان گەشەدەکەن و، سوود لە کاتی پەرژان و پشووەکانیان وەردەگرن.

## پێکهاتەکانی درامی شانۆی منداڵان:

***پێکهاتە سەرەکییەکانی بینای درامی شانۆی منداڵان، بریتین لە:***

### ١- بیرۆکە:

بیرکردنەوە سەرەتای هەموو کارێکە.. هەڵبژاردنی بیرۆکەی تێکستی شانۆی منداڵان، گرنگ و هەستیارە، پێوستە پەیوەندی بە گەشەکردن و پەروەردە و ئاراستەکردنی دروست و بە کێشەکانی منداڵانەوە هەبێت، لە گەڵ

قۆناغەکانی گەشەی تەمەنیاندا بگونجێت، ئاسان و روون بێت، لە توانای تێگەیشتنی منداڵان بەدەر نەبێت.

**٢- بابەت:**

پێویستە بابەتەکانی تێکستەکانی شانۆی منداڵان، پەروەدەیی بن و، خۆشەویستی و جوانی و رەوشت و بەهای بەرز بەرجەستە بکەن، پەیوەندییان بە خواستەکانی منداڵانەوە هەبێت و، هیوا گەشبینی و بڕوا و سەرکەوتن، بخەنە دڵییانەوە، بابەتەکانیش بەپێی قۆناغەکانی منداڵی بن.

**٣- تەکنیک (داڕشتن):**

واتە چنین و شێوازی داڕشتنی کارە ئەدەبی و هونەرییەیەکەیە، کە پێویستە رووداوەکانی نێو تێکستەکان، یەک لە دوای یەک بن، دەستپێک، سەرکەوتن، لووتکە، شیکردنەوە، چارەسەر، کۆتایی، لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵیشدا بگونجێن .. بەهای رۆشنبیری و ئەدەبی لەدەست نەدەن، لە رووی زمانیشەوە، پێویستە وشەکان و رستەکان و دیالۆگەکان، لە توانای تێگەیشتنی منداڵاندا بن .. بواریش بۆ جوڵە و یاری و گۆرانی منداڵان بڕەخسێنێت و، خۆشی و شادی و گەشیان پێبەخشن .. کۆتایەکانشیان بە سەرکەوتنی باشە بە سەر خراپەدا کۆتایی بێت.

**٤- کەسێتییەکان:**

کەسێتیەکانی شانۆیمنداڵان، مرۆڤ بن (منداڵ، گەورە)، یا (ئاژەڵ، باڵندە، شتی تر) بن، یا هاوبەشبن، پێویستە کەسێتییەکان نموونەی باشبن، و رۆڵەکانیان لەگەڵ کەسێتییان و، ئاستی رۆشنبیرییاندا بگونجێن، منداڵان بە زۆری چاولێکەرین .. لەوانەیە بە رۆڵەکان سەرسام بن.

**٥- ململانێ:**

ململانی و کێشمەکێش، توخم و پێکهاتەیەکی تری شانۆی منداڵانە، پێویستە ململانێکی گونجاوبێت لەگەڵ هۆش و ئاستی تێگەیشتن و تەمەنی منداڵاندا، پێویستە ململانێ دوور بێت لە توند و تیژی و هەست بریندار کردن ..

بەڵکو لایەنی باشە لە خۆبگرێت و، سوودبەشبێت نەک زیان پەخش، پەروەردەیی و بنیاتنەربێت، نەک تێکدەر و روخێنەر .. کوتاییەکی خۆش و مەبەست ئەنجام بێت.

**٦- دیالۆگ**:

دیالۆگ، پێکهاتەیەکی تری تێکستی شانۆی منداڵانە،هەست و هۆشی منداڵان دەوروورژێنی و گرنگی و بایەخ و سەنگی خۆی هەیە .. پێویستە دیالۆگەکان پەیوەندییان بە بابەتەکانەوە هەبێت، زمانی دیالۆگ ساکار و سووک بێت و، لەگەڵ تەمەنی منداڵاندا بگونجێت، پێویستە دیالۆگەکان لەگەڵ ئاستی جیاوازی رۆشنبیری کەسێتیەکان بگونجێن.

نووسەرانی تێکستی شانۆی منداڵان، بۆ ئەوەی لە نووسینی دەقە شانۆییەکانیاندا سەرکەوتووبن، پێویستە رەچاوی ئەو هەموو پێویستییانە بکەن، کە لە سەرەوە ناویانمان بردن، لە بارەی گرێچنی تێکست و، قۆناغەکانی منداڵی و، زمانی گونجاوی منداڵان و، ئاسۆی تێگەیشتن و، گەشەکردنی سایکۆلۆژی منداڵان و، هیوا و حەز و ئارەزوکان و، خەیاڵ و خەونەکانی منداڵان.

*(مارکس) دەڵێت: "ئەو هونەری کە زۆربەی خەڵک لێی تێناگەن، پێویستە نەمینێت".*

*بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبی شانۆی منداڵان دەبێتە دوو بەشی سەرەکییەوە:*

***١- شانۆگەری زکماکی:*** ئەم شانۆیە بە مەگیزی (غەریزە) لەگەڵ بوونی منداڵاندا هەیە، کە نواندن و یاری و، قسەی راگوزاری و دەربڕینی کوتوپڕ و.. وەک: (یاری بوک و زاوا، ماڵە باجێنە، دونگە مەڕانێ، بووکە بە بارانە ، .... هتد) کە بەبێ تێکست و بەبێ راهێنان ودەرهێنان دەکرێن .. (پاپلۆ بیکاسۆ) دەڵێت: "هەموو منداڵێک هونەرمەندە .. کێشەکە لەودایە کە گەورە دەبێت چۆن بە هونەرمەندی بمێنێتەوە .. ".

***٢- شانۆی فێرکاری:*** ئەو جۆرە شانۆییانەیە، کە قوتابیان بە سەرپەرشتی پەروەردەکار یا راهێنەر یا مامۆستای هونەر، بە بوونی تێکستی ئامادەکراوی لەوە پێشتر، کە قوتابخانە بڕیاری لەسەر داوە،شانۆگەری نمایش دەکەن

.. بە زۆریش لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و، لە چالاکییەکانی ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندندا.

**شانۆی قوتابخانە:**

لە بارەی گرنگی و کاریگەری شانۆی قوتابخانە (سیلید) دەڵێت: " شانۆی قوتابخانە، فاکتەرێکیگرنگە بۆ بنیاتنانی تاکێکی شاد و هاوسەنگ " .. شانۆگەری قوتابخانە، بەشێکی گرنگی دانەبڕاوە لە شانۆی منداڵان، منداڵانی قۆناغی قوتابخانەی بنەڕەتی،منداڵانی تەمەن (٦ - ١٤) ساڵان.

شانۆگەری قوتابخانە، بریتییە لەو چالاکییە شانۆییانەی، کە لە لایەن قوتابییانی قوتابخانەکانەوە، یا بە هاوکاری لە گەڵ هەندێ لە مامۆستاکانیان، بە راهێنان و سەرپەرشتی مامۆستای شانۆکار و دەرهێنەر،یا گەر پەدپۆریش نەبێت، شارەزای و توانای لەم بوارەدا هەبێت.. لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، یا لە کاتی کۆنفراسی دایکان و باوکان و مامۆستاکان، یا لە کۆتایی ساڵی خوێندندا، شانۆگەرییەکانی قوتابخانە نمایش دەکرێن.. شانۆی قوتابخانە گەلێ ئامانجی گرنگ وەدی دێنێت، لەوانەش: پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، هونەری.. شانۆی قوتابخانە فاکتەرێکیگرنگ و پاڵپشتێکی بەهێزی پەروەردە و راهێنان و فێرکردن و ئاراستەکردنی دروستی منداڵانە، کانیاوێکە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری هەمەڕەنگەی بەسوود، هۆیەکە بۆ دەرخستنی بەهرە و توانا و حەز و ئارەزووەکانی منداڵان و گەشەکردنیان، هۆیەکە بۆ پەروەردەکردنی هەست و سۆزیان، بۆ فراوانکردنی هۆش و هزر و ئەندێشەیان، بۆ بنیاتنانی کەسێتییەکی دروست و ئاسایی .. لە رووی دەرونییەوە، زۆربەی زاناکان هاوڕان، کە شانۆ و نواندن هۆیەکە بۆ چارەسەری تەگەژە و کێشە دەروونییەکانی منداڵان، وەک: شەرم، گۆشەگیری، ترس،رارایی، گرژی، دڵتەنگی، نا ئارامی، ئیرەیی... هتد. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، گەلێ شارەزایی کۆمەڵایەتی فێردەبن، فێری ئەوە دەبن، بە جوانی و رێکی گفتوگۆ بکەن و، وەڵامی دروست و راست بدەنەوە، فێری پێکەوە سازان و هاوکاری وکاری هەرەوەزی دەبن، رێز لە داب و نەریت و لە بەها جوانە کۆمەڵایەتییەکان دەگرن، لە رووی هونەریشەوە، ئاستی حەز و چێژی هونەری و جوانناسیان گەشە دەکات.. لە رووی رۆشنبیرییەوە، شانۆی قوتابخانە، یەکێکە لە کەناڵەکانی رۆشنبیری منداڵان، لە بارەی فێرکردنیشەوە، شانۆی قوتابخانە، مامۆستایان سوودیکی باش لە شانۆ و نواندن وەردەگرن، بۆ فێرکردنی بابەتی وانەکان، ئەگەر ئەو بابەتانە بە شێوازێکی درامی دابڕێژرێن و، لە پۆلدا یا لە هۆڵ و گۆڕەپانی قوتابخانەدا، بە نواندنی شانۆیی پێشکەشیان بکرێن، زۆر بە ئاسانی و بە خۆشی وەریان دەگرنو فێریان دەبن و، زیاتر لە

وتنەوەیەکی ئاسایی، چێژیان لێ وەردەگرن و، بۆ ماوەیەکی زیاتریش لە یادیان دەمێنێتەوە، کورد وتەنی: " دەتوانینبە بەردێک دوو چۆلەکە بپێکین".

*(مارون نەقاش) دەڵێت: "شانۆ ئامانجێکی فێرکردنی هەیە، لەوانەش گواستنەوەی وانەیەکی رەوشتییە، لەمیانەی هەڵوێستێکی درامی دیاری کراودا.."*.

تایبەتمەندی شانۆی قوتابخانە لەوەدایە، کە بریتییە لە نمایش کردنی بابەتە پەروەردەییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە لە ماوەی خوێندندا، هۆیەکی گرنگی یارمەتیدەر و ئاسانکارییە بۆ فێربوونی گەلێ لە بابەتەکانی خوێندن و، سوود و خۆشەیەکی زۆر بە قوتابییان دەبەخشێت .. رادەی سوود وەرگرتنیش لە شانۆی قوتابخانە، دەکەوێتە سەر توانای مامۆستای وانەبێژ.

*گرنگترین جۆرەکانی شانۆی منداڵان ئەمانەن: (شانۆی ئاسایی، شانۆی قوتابخانە، شانۆی شانۆی فێرکاری، شانۆی پەروەردەیی، شانۆی بوکەڵە: سێبەری بوکەڵە - بوکەڵەی دەستکێش - بوکەڵەی دەزوودار- بوکەڵەی پەنجەوانە - بوکەڵەی دارینە - بوکەڵەی سەرشانۆ -، شانۆی کۆمیدی) .. بەڵامجۆرەکانی شانۆی پەروەردەیی ئەمانەن: (شانۆی کۆمیدی، شانۆیتراژیکۆمیدی، شانۆتراژیدی ـ کارەسات ـ شانۆی گۆرانی)بۆ باسکردن لە هەریەکە لەو چڵ و لقانەی شانۆی منداڵان، پێویستە با تەسەلی باسیان لێ بکرێت .. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژەمان پێ کردن.*

### سەرهەڵدانی شانۆی منداڵانی کورد:

بەشێک لە نووسەران و هونەرمەندانی کوردمان، پێیان وایە، کە شاعیری گەورەیگەلەکەمان مامۆستا (گۆران: ١٩٠٥ - ١٩٦٢)ی نەمر، یەکەمین کەس بوو کە وشەی (شانۆ)ی لە بری وشەی (مسرح) و (تمپیل)ی عەرەبی و وشەی (تیاتر)ی ئینگلیزی بەکار هێناوە، لە هۆنراوەی (جلیوەی شانۆ .. بۆ پەری سەما) دا، لە دیوانی (فرمێسک و هونەر) دا، کە لە ساڵی (١٩٥٠) دا، لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغدا چاپ کراوە.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئەدەب و هونەری شانۆی منداڵان، هونەرێکی تازەپێگەیشتووە.

شانۆی منداڵان لە کوردستاندا، قۆناغێ ئەزموونی ڕەتداوە، تا رادەیەک مۆرک و ناسنامەی و رەسەنایەتی و ڕێبازی خۆی دیاری کردووە و، دەناسرێتەوە .. بەراود بە چەندین وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا، ئێمەی کورد لە بواری شانۆی منداڵاندە هێندە لە دواوەی ریزبەندیدا نین.

شانۆی سادە و ساکاری منداڵانی کورد، بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، چەندین یاری و بەزمی منداڵانمان هەن، کە منداڵانی کورد بە جووڵە و بە یاری لە شێوەی شانۆی ئاساییدا، منداڵانی دەیانکردن و دەیان کەن .. بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و تەوەری باسەکەمانە، سەرهەڵدانی شانۆی هونەریی منداڵانی کوردە .. شایانی باسیشە، بزووتنەوەی شانۆی کوردی بە گشتی و، شانۆی منداڵانی کورد بە تایبەتی، لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستاندا سەریان هەڵدا و گەشەیان کرد .. چونکە شاری سلێمانی لە دروستبوونییەوە لە ساڵی (١٧٨٤) ەوە،تا ئەمڕۆلانکە و مەڵبەندی سەرهەڵدان و گەشەکردنی داهێنانی رەسەنترین رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و سیاسی کوردستان بووە .. جا شایانی خۆیەتی کە سلێمانی کرا بە (پایتەختی رۆشنبیری کوردستان).

دەربارەی سەرهەڵدانی شانۆی منداڵانی کورد، مامۆستا (حەمەکریم هەورامی) لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (ئەدەبی منداڵانی کورد) نووسیویێتی: "سەرهەڵدانی ئەو ئەدەبە بۆ منداڵانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی بڵاوبوونەوەی ئەو یەک دوو هەوڵەی کە بەسەر دەستی (شاکر فەتاح) دا، لە ساڵی (١٩٤٨) دا بزووتن، ئەگەرچی سەرهەڵدانەکە لەژێر کاریگەری ئەدەب و هونەری عەرەبیدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوهەوڵەی کردنەوەی پەنجەرەیەکی تر بوو، کە ئەدەب و هونەری پیایدا بەرەو ئاسۆیەکی تر چاوهەڵبڕێ " .. شەهیدی نەمرمان مامۆستا شاکیر فەتاح، لە ساڵی (١٩٤٨) دا، لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغدا، (هاوڕێی منداڵی) و شانۆنامەی (مام ڕێوی)ی لە پێنج پەردەدا، بۆ منداڵانی کورد چاپ کرد.

بەڵام لە راستیدا، سەرهەڵدانی شانۆی منداڵانی کورد، بۆ بەر لەو ساڵە دەگەڕێتەوە و، چەند شانۆگەرییەک بە زمانی کوردی لە لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەکانی شاری شاری سلێمانییەوە نمایش کراون.

ئەدەب و شانۆی منداڵانی عەرەبیش، بە قۆناغێکی لاسایی کردنەوە و پشت بەستن بە تێکستی بیگانەدا تێپەڕی، لە ژێر کاریگەری ئەدەب و شانۆی منداڵانی فەرەنسا و ئینگلتەرادا، سەریان هەڵدا.. نووسەرانی عەرەب، چەندین چیرۆک و تێکستی شانۆییان لە ئەدەب و شانۆی منداڵانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە وەرگرت و، وەریان گێڕایە سەر

زمانی عەرەبی بۆ منداڵانی.. ئەوەش نەگی نییە کە ئێمەی کوردیش تا رادەیەک سوودمان لە ئەزموونی گەلانی تر وەربگرتوویێت،دەتوانین بە بەڵگەوە بیسەلمێنین کە گەلانی تریش زۆر و کەم، سوودیان لە ئەدەب و رۆشنبیری و هونەر و فۆلکلۆری گەلی کوردمان وەرگرتوون.

*دکتۆر (فازیل جاف) نووسەر و دەرهێنەری پسپۆری کوردمان لە شانۆ دا، دەڵێت: " شانۆی منداڵ لە شاری سلێمانی لە حەفتاکاندا، ببوو بە مەشخەڵی شانۆی زارۆک نەک تەنیا لە کوردستاندا بگرە، مەشخەڵێک بۆ سەرانسەری شانۆی عێراقی..".*

ئێمەیەکی پەنابەری دوورە کوردستان، نە سەرچاوە و نە بیبلۆگرافیای ئەو شانۆ کوردییانەمان لە بەردەستدایە، کە لە مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی منداڵانەوە تا ئەمڕۆ نمایش کراون، تا بە پێی ساڵەکان پۆلێن و ریزبەندیان بکەین . تەنها سەرچاوە کە باس لەم بوارە بکات دوو کتێبم لایە کتێبی (ئەدەبی منداڵانی کورد) ی مامۆستا حەمە کریم هەورامی و، کتێبی (شانۆی منداڵان) لەنووسینی کاک (بورهان قەرەداغی) هەردوو کتێبەکە بە تایبەتیش (شانۆی منداڵان) تەنها باس لە سەرهەڵدانی شانۆی منداڵانی کورد لە پارێزگای سلێمانیدا دەکەن .. نە ئەوان و نە منیش تا ئەمڕۆ، بەرچاومان نەکەوتووە، کە کتێبی تر هەبن باس لە شانۆی منداڵانی کورد لە شارەکانی تری کوردستان بکەن .. ئەگەر هەبوایە یان هەبێت، بە دڵنیاییەوە کاک بورهان قەرەداغی و مامۆستا حەمەکریم هەورامی باسیان دەکردن .. جا دووبارە دەڵێین کە شانۆی مندانی کورد بەر لە هەموو شارەکانی تری کوردستان لە شاری سلێمانییدا سەری هەڵداوە .. ئەوەش ناڵێین کە لە شارەکانی تری کوردستاندا، هیچ جۆرە شانۆییەک بۆ منداڵان پێشکەش نەکراوان، مەبەستمان لە ساڵانی پێش راپەڕینە .. شایانی باسیشە هەرچەن ساکاریش بن، چەند شانۆگەرێیەک بۆ منداڵان لە سەردەمی خەبات وشۆڕشی شاخدا لە لایەن قوتابییانی قوتابخانەکانی لە دێیەکانی کوردستانەوە نمایش کراون.

بێگومان شانۆی منداڵانی کورد، لە قوتابخانەکاندا دەستی پێکرد و گەشەی کرد، یا بڵێین لە سەرەتاوە بە (شانۆی قوتابخانە) دەستی پێکرد و، ساڵ لە دوای ساڵ لە گەشەکردن وداهێناندا بووە.. لە لایەن قوتابخانەکانی کوڕان و کچان و باخچەی ساوایانی شاری سلێمانی چەندین شانۆی منداڵان نماییش کران .. بەرەبەرەش چالاکییەکان لە دەرەوەی قوتابخانەکان و، سەرەڕای ئەو کۆسپانەیا کە دەخرانە رێی گەشەکردنی لە لایەن دەسەڵاتدارانی رەگەزبەرستی عێراوەوە.. بەشدارییان لە فێستەڤاڵەکانی چالاکی قوتابخانە سەرەتاییەکانی عێراقدا کردووە،

چوار ساڵ شانۆی منداڵانی کوردستان، پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە.. شایانی باس و ڕێزگرتنن، کە کۆمەڵێک نووسەری دڵسۆز و ناسراو، کۆمەڵێک دەرهێنەری مەزنی کورد و، کۆمەڵێک موزیک ژەن، ڕۆڵێکی گەورەیان لە سەرهەڵدان و پێشکەوتنی شانۆی منداڵانی کوردمان هەبوو .. شایانی ئەوەن کە بە شانازییەوە ناویان بەرین:

*(شاکر فەتاح، عوسمان چێوار، سمکۆ ناکام، سمکۆ عەزیز، عومەر عەبدولڕەحێم، عومەر عەلی ئەمین، کاکەی فەللاح، رزگار کەریم سەعید، هیوا عەزیز، کاوەی ئەحمەد میرزا، دلێرئیبراهیم، حەسەن عەلی، موفەق عارف لهۆنی، فازیل عەلی جاف، شێخ سەلام، سیمین چایچی، جیهاد دڵپاک، خالید سەرکار، ئەنوەر قەرەداغی، فەرەنسیس داود یوسف، رەفیق چالاک، گۆران، شێرکۆ بێکەس، گوڵزار عومەر، گەزیزە، نەسرین نەجمەدین، ولیەم یوحەنا، تەها خەلیل، عەبدولقادر مستەفا، غازی بامەڕنی، محەمەد رەزا، ئەمین میرزا کەریم، مەحمود زامدار، وەزیرە عومەر سدیق، دڵشاد مەریوانی، فازیل قەساب، عەبدول حەمە جوان، حەمە فەریق حەسەن، حەسەن جەباری، فەرەیدون دارتاش، شەماڵ عەبدوڵلا رەش، حەمەڕەشید هەرەس، بەدیعە دارتاش، سەلاح رەوف، بورهان مەسرەف، فوئاد حەمەئەمین ئاغا، بورهان قەرەداغی، تالیب بەرزنجی، کەماڵ سابیر، فاروق هۆمەر، محەمەد حوسین، سالار عومەر، سەباح محەمەد ئەمین ، تەلار هیرانی، هیوا ئەحمەد، تارا عەلی، زاهیر غەریب، کامەران عەلی مەجۆل، جەزا عەبدولڕەحمان فەتاح، وەفا عەبدوڵلا، شەفیق محەمەد، عەبدوڵلا میدیا، ساجید ئاوارە، جەبار محەمەد، شیرزاد شەوقی، عەباس عەبولڕەزاق، عوسمان هەورامی، فایەق نوری سەعید، ع.ع . شەونم، ئازاد جەلال، فەرید عیسا، عومەری کەریم ئاغا، قادرۆک، ئاراس محەمەد، کامەران ئەحمەد فەتاح، برایم مەولود، ئەحمەد باڵخی، تاهیر عەبدوڵلا، ئومید رەباتی، سارا محەمەد، هیوا رەوف، ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، گونا حەمە ساڵح، هیوا جاف، فاروق هۆمەر، ئاواز عەبدولڕەحمان، ستار ژیان، جەبار حەسەن، ئاڤان کاکە حەمە، شیرکۆ محەمەد سەعید، رۆشنا رەحیم،نەوزاد عەبدول ، فوئاد مەولانای ... کە هەریەکە لەو خوشک و برادڵسۆزانە وەکو، نووسەر، دەرهێنەر، موزیکژەن، وەرگێڕ، ئاوازدانەری سروود و گۆرانی، هەر یەکەیان بە پێی توانایان خزمەتی بواری شانۆی منداڵانی کوردیان کردووە .. داوی لێبووردنیش لەو خوشک و برایانە دەکەم کە لەم بوارەدا خزمەتیان کردووە و، ناویان نەزانم.*

زۆربەی ناوەکانیشم لە کتێبی ( شانۆی مناڵ ) ی کاک بورهان قەرەداغی یەوە وەرگرتوون.

یەکەمین تیپی شانۆی منداڵانی کورد، لە ساڵی (١٩٩٠) دا، لە شاری سلێمانیدا دانرا بە ناوی (تیپی شانۆی مناڵان

- سلێمانی)، لە ساڵی (١٩٩٤)دا، ناویان گۆڕی بە (تیپی هونەری مناڵان - سلێمانی)، لەساڵی (١٩٩٦) دا ناوەکەی بووە بە (کۆمەڵەی هونەری مناڵان).. ئەم تیپە لە دروست بوونییەوە تا ئێستا چەندین شانۆگەرییان بۆ م داڵان لە سلێمانیدا نمایش کردووە.

لە دەدووەی کوردستانیش، لە وڵاتی سوید، د. فازیڵ جاف، دوو شانۆگەری بۆ منداڵان نووسیون و دەری هێناون، (گەلاوێژو گورگ)و ( نازە و ورچ )، ئەم دوو شانۆگەرییەکە جار و بار لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوریییەکاندا پێشکەش دەکرێن، دوو شانۆگەری خۆشن بۆ منداڵان.

گروپی هونەری کوردی و بەشی هونەری منداڵان ـ لە نەرویج:

بۆ یەکەمین جار لە دەروەی کوردستاندا، لە ئەوروپادا، لە وڵاتی (نەرویج) دا، لە لایەن پێنج مامۆستای کوردەوە (گروپی هونەری کوردی و بەشی هونەری منداڵان) لە (١٥ - ١ - ٢٠٠٢) دا، لە شاری (بێرگن) کە دووەمین گەورەشاری(نەرویج)ە دامەزرا .. مامۆستایانیدامەزرێنەریش ئەمانە بوون: (- سدیق عەزیز - شانۆکار، کویستان جەمال ـ- وێنەکێشی شێوەکار، هیوا ئەحمەد - شانۆکار، تارا عەلی - شانۆکار، رەزا ساڵح - نووسەری بواری منداڵان).. بەڵام دوای مانگێک لە دامەزراندنی گروپەکە هەریەکە لە مامۆستا (سدیق عەزیز و کویستان جەمال) بە هۆی تایبەتی خۆیانەوە خۆیان کشانەوە.. گروپەکە مایەوە سەر ئەو سێ ناوەی تری .. منداڵە بەهرەمەندەکان، کە ئەندامی کارای هەمیشەی گروپەکەبوون ئەم کچ و کوڕانە بوون : ( ماردین کازم، کەژۆست عاسی، شڤان رەزا ساڵح، لادێ عاسی، بازیان محێدین خێلانی، بەیار عاسی، ژیار ئەیوب،ئاکار ئەیوب، دنیا خەلیل شوانی، ئیڤان عومەر، کاشمە عومەر، شێنێ حەمەرەشید، رۆژە داود، دەریا داود، ئەڤین نەوزاد، کۆچەر نەوزاد، ژینۆ ئازاد کەلاری، میلانۆ هیوا) .. بێجگە لەم ناوانە لە هەندێ چالاکیدا، منداڵانی کەش لە چالاکییەکاندا بەشداریان دەکرد.

گروپی هونەری کوردی ـ بەشی هونەری منداڵان ـ لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢ ـ تا ـ ٢٠٠٦) چەندین چالاکی شانۆیی و هەڵپەڕکێی کوردی و چالاکی تریان پێشکەش کرد، کە سەرنج راکێشانی رەوەندی کورد و نەروێجییەکان بوون .. لە چەند گۆڤارێکی هونەری نەرویجیدا، وێنەی چالاکییەکانی منداڵانی ئەم گروپەیان بڵاوکردەوە و.دەستخۆشی و ستایشی کارەکانیان کردن و، دیمانەیان لەگەڵ منداڵەکان و لە گەڵ نووسەر و دەرهێنەری شانۆکان و، راهێنەری

هەڵپەرکێکاندا سازکرد.

***ئەمانەش ناوی هەندێ لە کار و چالاکییەکانی بەشی منداڵانی گوپی هونەری کوردییە لە نەرویج:***

١- لە رۆژی (٦ - ٥ - ٢٠٠٣) دا.. لەسەر شانۆی (بێرگن ئینتەرناشیۆناڵ کولتوور سەنتەر) دا .. شانۆگەری (تیتلە و بیبلە) بە زمانێکی تێکەڵی (کوردی و نەرویجی) بۆ ماوەی پێنج رۆژ، رۆژی دوو جار (سەر لە بە بەیانی و دوای نیوەروان) نمایش دەکەرا .. هەر رۆژی منداڵانی چەند باخچەیەکی ساوایانی شاری بێرگن بۆ سەیرکردنی نمایشی شانۆیەکە دەهاتن.. بە گوێی خۆم گوێم لە مامۆستاکانیان دەبوو.. کە بە کارێکی جوان و گونجاو بۆ منداڵان باسیان دەکرد.. ئەم شانۆیە لە ئامادەکردنی مامۆستا (هیوا ئەحمەد) بوو، کە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی (تیتلە و بیبلە)ەوە وەری گرتبوو.. لە دەرهێنان و راهێنانی مامۆستا (تارا عەلی) بوو.

٢- شانۆی (گورگ و رێوی) شانۆیەکی (بوکەڵان) بوو، لە ساڵی (٢٠٠٣) دا نمایش کرا، کە لە چیرۆکێکی فۆلکلۆری نەرویجەوە وەرگیرابوو، وەرگێڕان و ئامادەکردنی مامۆستا (هیوا ئەحمەد) دەرهێنانی مامۆستا (تارا عەلی) بوو.

٣- ئۆپەرێتی (مەرگەساتی هەڵەبجە) ئامادەکردنی مامۆستا (هیوا ئەحمەد) و راهێنان و دەرهێنانی مامۆستا (تارا عەلی) بوو.. لە رۆژی (٦ - ٣ - ٢٠٠٤) دا، لە هۆڵی کولتوور سەنتەردا لە شاری ببێرگن نمایش کرا.

٤- لە رۆژی (١٧ - ٥ - ٢٠٠٤) کە رۆژی نەتەوایەتی نەرویجە (ناشیۆناڵ داگ) .. مامۆستاکان و منداڵانی ئەم گروپە، بە جلی کوردی بە بەرزکرد ەوەی ئاڵای کوردستان و، بە چەن هەڵپەرکێیەکی کوردی بەشدارییان لەم رۆژەدا کرد.. سەرنجی هەموو لایەکیان راکێشا و چەپڵەباران کران.

٥- ئۆپەریتی (ژوان) لە رۆژی (٢٠ - ٥ - ٢٠٠٤) دا لە سەر شاننۆی هۆڵی ئینتەرناشیۆناڵ کولتوور سەنتەر ـ لە بێرگن ـ نمایش کرا.. نووسینی: مامۆستا هیوا ئەحمەد، دەرهێنانی مامۆستا تارا عەلی بوو.

٦- لە ساڵی (٢٠٠٥) دا کۆڕێکی (خوێندنەوەی چیرۆکی کوردی بۆ منداڵان).. کە لەلایەن مامۆستا (رەزا ساڵح) ەوە پێشکەش کرا.. کە چەند چیرۆکێکی خۆی بۆ منداڵان خوێندەوە.

٧- لە ساڵی (٢٠٠٥) دا.. منداڵانی ئەم گرووپە بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە.. لە ڕۆژی کولتووری (شاروچکەی ئاسکۆ)دا .. بە چەند هەڵپەڕکێیەکی کوردی بەشداریان کرد .. لە نێو چەندین گروپ و تیپی گەلانی تردا .. هەڵپەرکێکانی منداڵانی کورد بە باشترین چەلاکی باس کرا.

٨-شانۆی (دواین دەنگەکان) لە (٢٠٠٦) دا لە هۆڵی کولتوور سەنتەردا لە شاری (بێرگن) دا نمایش کرا.. نووسین و دەرهێنانی مامۆستا هیوا ئەحمەد و ڕاهێنانی مامۆستا تارا عەلی بوو.

٩- گفوپی هونەری کوردی (بەشی هونەری منداڵان) لە ساڵانی (٢٠٠٢ تا ٢٠٠٦) لە هەموو ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە (شاری بێرگن - لە نەرویج) بە پێشکەشکردنی سروود و هەڵپەرکی کوردی و بەشداریان لە جەژنی نەورۆز کردووە.

١٠- (بەشی هونەری منداڵان) هەموو ساڵێک.. لە ساڵرۆژی یادەکانی (کیمیاباران هەڵەبجە) و لە یادی (ئەنفال) دا، بە چالاکی نیشتمانی بەشداریان کردووە.

بەڵام ئێستا ئەم منداڵانە زۆربەیان وا خەریکن خوێندنی زانکۆ لە نەرویجدا تەوابکەن.

شایانی باسیشە بەر لە دامەزراندنی (گروپی هونەری کوردی و بەشی هونەری منداڵان)، هەردوو هونەرمەند، مامۆستا (هیوا ئەحمەد) و مامۆستا (تارا عەلی) کە (هاوسەری یەکترین) .. بۆ یەکەمین جار لە وڵاتی نەرویجدا شانۆی کوردیان پێشکەش کرد .. لە ساڵی (١٩٩٩) دا، لە شاری بێرگن لە سەر شانۆی هۆڵی (گریک هاڵن) کە گەورەتین هۆڵە لەم شارەدا، شانۆی (پەپولەکانیپایز) یان نمایش کرد.. لە نووسین و دەرهێنانی مامۆستا (هیوا ئەحمەد) بوو .. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠١) دا، شانۆی (سەمایەک لە پاش مەرگ) یان پێشکەش کرد.

***شانۆ و ئۆپەرێتە تۆمارکراوەکان لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تا ڕاپەڕینی ١٩٩١.***

ئەمانە ناوی هەندێ لەو شانۆیانەن کە بە کوردی، لە (تەلەفزیونی کەرکوک) دا، بۆ منداڵان تۆمارکران و، پێشکەش دەکران:

١- شانۆی (بەیتی ڕێزانکێ): ١٩٧٦. (نووسینی: سمکۆ ناکام، دەرهێنانی: عوسمان چێوار، ئاوازی گۆرانییەکان: دلێر ئیبراهیم) موزیک ژەنین و نواندانی، چوار چرۆ شەهیدەکانمان: (کارزان، فەرمان، ئازاد، ڕێبوار) بوون. شایانی باسیشە، ئەم شانۆیە بەشداری لە (فێستیڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانە سەرەتاییەکانی عێراق) لە بەغدا کرد، خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکەی بردەوە.. لە دوای نمایشەکەش، نەقیبی هونەرمەندانی عێراق (حەقی شبلی) بە سەرسامی و لە بارەی شانۆی (بەیتی ڕێزانکێ) وە، گوتی:" ئەمە شانۆی منداڵانی ڕاستەقینەی سەردەمی وڵاتەکەمانە".

مامۆستا سمکۆ ناکام نووسەری بەیتی ڕێزانکێ دەڵێت: " یەکەم بەرهەم من وەک نووسەر و چێوار ـ عوسمان چێوار ـ وەک کارگێڕ ڕاستەوخۆ گەیاندمانە بینەران شانۆگەریی منداڵانی بەیتی ڕێزانکێ بوو (١٩٧٦) سەرکەوتنە شانۆگەرییەکە هەموو سنورێکی بەزاند و لە فێستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکانی سەرەتایی عێراقدا، پلەی یەکەمی بەدەست هێنا".

٢- ئۆپەرێتی (سەوزە): ١٩٨٤. نووسینی: فازیل قەساب، دەرهێنانی : کامەران ئەحمەد فەتاح، مۆزیک: تیپی موزیکی شنروێ. نواندنی: تیپی شانۆی منداڵانی هەڵەبجە، (نووسەر: من کە ئامادەکەری بەرنامەی - جیهانی منداڵان بووم .. لە تەلەفزیۆنی کەرکوک ـ لە ڕۆژی تۆمارکردنی ئۆپەرێتی - سەوزە - دا، دیمانەیەکمان لەگەڵ خونچەگوڵ - فاتمە عەلی - دا کرد، کە ڕۆڵی سەوزەی هەبوو).

٣- شانۆی (پێڵاوی سوور): ١٩٨٥. نووسینی: هانز کریستیان ئەندەرسن، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی:... دەرهێنانی: ڕزگار کەریم سەعید. ڕۆڵی پێڵاوفرۆش: گەزیزە عومەر عەلی ئەمین. هۆنراوەی گۆرانییەکان: خانم ڕەسوڵ. ئاوازی گۆرانییەکان: هاودەم محەمەد ساڵح جاف.

٤- شانۆی (بەلەمی ئەفسوناوی): ١٩٨٤. نووسینی: لاوشە، شیعرەکانی: حەمە فەریق حەسەن، دەرهێنانی: کامەران ئەحمەد فەتاح. ئاوازی: ولیەم یۆحەنا لە ڕۆڵی باپیرە کوردۆ: عومەری کەریم ئاغا. دەرهێنانی بۆ تەلەفزیۆن: سەباح ڕەشاد.

٥- شانۆی (هێلینا خۆ بەرنادەم): وابزانم لە ساڵانی دوایی هەشتاکاندا بوو، تۆمارکرا. پێشکەش کردنی: تیپی

منـدالانی دهـۆک بـوو.. بەڵام نـاوی نووسـەر و دەرهێـنەرەکەی نـازانم ئەم شـانۆیەش لە سـاڵی ئامادەکردنیـدا، لە فیستیڤاڵی ساڵانەی فوتابخانەکانی عێراقدا بەشداری کرد، خەڵاتـی یەکەمی وەرگـرت.. لە راستیدا بـابەتی ئەم شانۆییە زۆر بەهێزە، مەبەستی نووسەرەکەی لە چیرۆکەکەیدا، پەلاماری دڕندا ەی داگیرکەرانە بـۆ سەر کوردستان .. بەرگریکردنی کوردە،لە خاکی پیرۆزی کوردستانیکە نیشتمانی خۆشەویستمانە.

لە دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)دا، لە تەلەفزیـۆنییە لۆکـاڵی و سـەتەلایتەکانی باشووری کوردسـتاندا، چەنـدین شانۆ و ئۆپەرێت و چالاکیی هەمەڕەنگەی منداڵان تۆمارکران.

٢٧ی مارچی ٢٠١٥

## دەربارەی چیرۆکی منداڵان.



چیـرۆک کـۆنترین و گرنگتـرین لـقە لە لقەکـانی ئەدەب، لە هەمـوو جۆرەکـانی تـری ئەدەب، بـاوتر و بڵاوتـرە .. چیرۆک هونەرێکی جوان و بەچێژ و خۆشە و، سوودێکی زۆر بە مرۆڤ دەگەیەنێت. چیرۆک لە هەموو کارە ئەدەبی و هونەرییەکـانی تـر زیـاتر رەنگدانەوە و کـاریگەری لەسەر ژیـانی مرۆ لە ئەمڕۆ و لە داهـاتوودا هەیە .. چیـرۆک هۆکارێکی گرنگە لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و زانست و زانیـاری و فەلسـەفە و رووەکـانی شارستانی و پێشکەوتن، زیـاتر لە هەمـوو جۆرەکـانی تـری ئەدەبی، هەست و نەست و دەروون و ویـژدان و ئەندێشـەی مـرۆڤ دەبزوێنێت.

مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆک، بۆ مێژووی بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ خێزانی پێکهێنا و، لە ناو ئەشکەوت و لە پەنای کەندەلان و شاخەکان و، لەسەر دارە ئەستوور و بەرزەکاندا دەژیان و، رۆژانەش تا ئێوارە خەریکی راوکردنی نێچیر و کۆکردنەوەی بەری دار و گیاوگۆڵ بوونە، بژێوی ژیان و گوزەرانی خۆیان دابین کردوون، رۆژانە رووبەڕووی چەندین ئاژەڵی دڕندەی کێوی دەبوونە.. رووبەڕووی سروشتی سەخت دەبوونەوە .. بە داهێنانی وشە و زمانێکی ساکار و سەرەتایی و، بە جووڵە و بە ئاماژە و بە نواندن، لە یەکتری گەیشتوونە و، گوزارشتیان لە هەست و سۆزی خۆیان کردوون و، چیرۆکی چالاکی و بەسەرهاتی رۆژانەی خۆیان بۆ یەکتری گێڕاوەنەتەوە .. ئالێرەوە چیرۆک سەری هەڵدا . بە زاری نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکترییان گێڕاونەتەوە .. تا ئەو سەردەمەی کە نووسینی وێنەیی و، هێڵکاری و مێخی و هیرۆگلۆفی داهێنران .. گەلێ چیرۆکی وێنەکێشراو، یا هەڵکۆڵراو و تاشراو، لەسەر دیوارەکانی ئەشکەوتەکان و پەرستگاکان و گۆڕەکان و، لەسەر تەختەقوڕی سوورەوەکراو و، گەڵای رووەکی بەردیدا، لە میزۆپۆتامیا و لە میسردا دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان بۆ هەزاران ساڵ پێش زایینی دەگەڕێنەوە .. کە لە نێوانیاندا، چیرۆکی منداڵانیشیان تێدایە .. ئاخۆ دەبێت بن، کە زەوی داپۆشیون و نەدۆزراونەتەوە .. ئەم بەڵگانەش بە سەرەتای چیرۆک و، چیرۆکی منداڵان و، بایەخدان بە منداڵی دادەنرێن.

شانازی مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان، بۆ گەلێکی دیاریکراو ناگەڕێتەوە، هەموو گەلانی دنیا، لەڕێی ئەدەبی سەرزارییەوە، چیرۆکی منداڵانیان هەیە و، شانازی بە فۆلکلۆر و کەلەپووری رۆشنبیریی خۆیانەوە دەکەن .. گەرچی لە ئەمڕۆدا، گەلی چیرۆکی فۆلکلۆریێ و داستان و ئەفسانە وحەقایەت هەن، رەسەنایەتی و شوێنی سەرهەڵدانیان دیارنین و،هەر گەلێکبە مۆڵکی خۆیانی دەزانن و، شانازی بەوەوە دەکەن، کە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری و رۆشنبیری ئەوانەوە وەریان گرتوون، بەڵام لە ئەمڕۆدا بوونە بە کەلەپوورێکی جیهانی و، ناسنامەیەکی نێونەتەوەیی جیهانیان هەیە .. هەر گەلێکیش زۆر یا کەم، پشکی شانازی لەم کەلەپوورە رۆشنبیرییە جیهانییەدا هەیە.

گەلێ لەو چیرۆکە فۆلکلۆرییانەیکە بۆ منداڵانیان دەیانگێڕنەوە، لە بنەڕەتا چیرۆکی گەورەکانن، بەڵام بە شێوە و شێوازێکی ئاسانتر و بە زمانێکی سووکتر و ساکارتری دەستکاری کراو، کە لەگەڵ توانای تێگەیشتنی منداڵاندا بگونجێن بۆ منداڵانیان گێڕاونەتەوە .. ئەوەی لێرەدا مەبەست و ئامانجی ئێمەیە چیرۆکی منداڵانە.

چیرۆکی منداڵان، گرنگترین لقە لە لقەکانی ئەدەبی منداڵان و بە پلەی یەکەم دێت، کە لە ڕێی وشەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرجەستەدەکرێت .. چیرۆکی منداڵان، گرنگترین سەرچاوەی ڕۆشنبیری و، گەورەترین بەشیشە لەو بابەتە ڕۆشنبیرییانەی پێشکەش بە منداڵان دەکرێن.

لەم سەردەمەدا چیرۆک، گرنگترین هۆکاری پەروەردەیە، یارمەتییەکی زۆری پێگەیاندنی منداڵان دەدات و، ئاسۆیەکی ڕۆشنبیری و زانیاریی نوێیان بۆ واڵا دەکات .. بە کورتی لەم خاڵانەدا، باس لە بایەخی چیرۆک بۆ منداڵان دەکەین:

١- هۆکارێکی گرنگە بۆ بۆ گەشەکردنی زەین و هۆش و، وشە و ڕستەی تازە و، دەوڵەمەندکردنی فەرهەنی زمانیان و، بۆ چێژی هەستجوانی و ویژدان بەرزی و، بۆ دروستبوونی کەسێتی منداڵ.

٢- منداڵ لەسەر سەرنجی وردو وریای و بیرکردنەوەی قووڵ و لێکدانەوە وشی کردنەوە رادێت.

٣- ئەندێشەی منداڵ گەشەدەکات و، ئاسۆی روانینی فراوانتر دەبێت و، ئارەزووی بە دواداچوون و مەیلی زانیاری زیاتر دەکات و، دەیەوێت راستییەکان بزانێت.

٤- چیرۆک یارمەتیدەر و شێوازێکە بۆ فێربوون، فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لە قوتابخانەدا.

٥- شێوازێکە بۆ ئاراستەکردن و ڕێنمایی منداڵان بۆ هێنانەدی هیوا و ئامانجەکانی کۆمەڵ.

٦- چیرۆک یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی لە خۆی و لە جیهانەکەی بگات و کەسانی تر بناسێت و، لەگۆڕان و ڕووداوەکان و، لە سروشتی دەور و بەرەکەی بگات.

٧- چیرۆک دەرگاکانی ژیان لەسەر منداڵ دەکاتەوە، بە هەموو جوانییەکانییەوە.

٨- یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی بڕوای بە خۆی زیاتر بێت و، ڕووبەڕوی کێشەکانی ببێتەوە.

٩- هۆش و هەست و دەروون وبەهرە و خەون و خولیاکانی منداڵ دەبزوێنێت و، کۆمەڵێک پرسیار و رامانی لا درووست دەبن، چیرۆک دەبێتە پاڵنەری، بۆ گەڕان بە دوای وەڵامەکانیان دا.

١٠- چیرۆک منداڵ، بە مێژووی گەلەکەی و، بە کەڵەپیاوانی پاڵەوان و،بە باباپیرانی و، بە ئافرەتە ناودارەکانی گەلەکەی، ئاشنا دەکات، چیرۆک و چیرۆکنووسەکانی جیهانیشی پێدەناسێنێت.

١١- منداڵان لە ڕێی چیرۆکەوە، فێری کۆمەڵێک بەهای جوان و بەرز دەبن وەکو : ئازایەتی، هیواخوازی، پیاوەتی، چاکەخوازی، دادپەروەری، ڕاستگۆیی، ئارامی، نیشتمان پەروەری، دڵسۆزی، هاوڕێتی، خۆشەویستی، ڕێزگرتن،

ناپاکی نەکردن، خۆنەپەرستی، هاوکاری، تێکۆشان، کۆڵنەدان، خۆبەختکردن، قبوولکردنی رای جیاواز، ژینگەپارێزی، ئەزێتنەدانی ئاژەڵان، ...هتد.

١٢- مەیلی خوێندنەوە و گوێگرتنیان گەشە دەکات و، زیاتر خوی پێوەدەگرن.

*جۆرکانی چیرۆکی منداڵان: بە شێوەیەکی گشتی چیرۆکی منداڵان دەبێتە دوو جۆری سەرەکییەوە:*

١- چیرۆکەکانی منداڵان بچووک،لە (٣ - ١٢) ساڵان: ئەو چیرۆکانەن کە ئارەستەی منداڵانی بچووکی لە سەرەوەی سێ ساڵان دەکرێن، کە پێویستییەکانی ئەم قۆناغە دەهێننەدی، خۆشی و ئامۆژگاری پێکەوەن، پێویستە چیرۆکەکان ئاسان بن و بە شێوەیەکی ساکار دارێژرابن، وشە و رستەکانیان سادە و ئاسان و باوبن و، لە فەرهەنگی زمان و توانای ئەم قۆناغەوە هەڵهێنجرابن، بیرۆکەی چیرۆکەکان روونبن .. بۆ ئەم تەمەن ئەو چیرۆکانە لەبارن، کە دەربارەی سروشتن، چیرۆکی سەرکێشی باڵندەکان، یا ئەو چیرۆکانەی باس لە هاورێتی ئاژەڵ لەگەڵ مرۆڤ دەکەن، بەشێکی زۆری ئەم چیرۆکانە بایەخ بە ئامۆژگاری و فێرکردن دەدەن، زۆربەشیان خەیاڵئامێزن .. پێویستە چیرۆکەکان لە خوو و رەوشتی بەد و ناپەسەند و زیانبەخش دووربن، وەک : چاوچنۆکی، لە خۆبایی، ترس، ناپاکی، کوشتن، شەڕانگێزی، رق و کینە، درۆ و ساختەکاری، هەڵخەڵەتاندن،گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیمان هەیە کە بۆ منداڵانی ئەم تەمەنە دەگونجێن، بۆ نموونە چیرۆکی (تیلە و بیبلە)، لە چیرۆکە جیهانییەکانیش ( چیرۆکە ئەندێشەییەکانی ئیسوپ)... هتد.

٢- چیرۆکەکەکانی منداڵانی هەراش،لە تەمەنی (١٢) ساڵان و بەسەرەوە: چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە هەمەجۆرەن و ناوەرۆک دەوڵەمەنترن، ئارەزووەکانی ویژدان و هۆش و سۆز منداڵانن دەهێننەدی، خەیاڵی منداڵان دەبزوێنن بۆ بیرکردنەوە و داهێنان، بۆ نموونە: چیرۆکی مێژوویی و نیشتمانی و پاڵەوانێتی، چیرۆکەکانی داهێنان و داهێنەران، گەشتە جوگرافییە سەرکێشییەکان، داستانە قارەمانێتیەکانی پێشمەرگەی کوردستان، گەلێ چیرۆکی جیهانیش هەن کە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە نووسراون، یا چیرۆکی گەورەکانن و، دەستکاری و ئاسانتر کراون و بۆ منداڵان دەگونجێن.

**بنەماکانی چیرۆکی منداڵان.**

*١- بابەت یان (بیرۆکەی سەرەکی):* هەڵبژاردنی بیرۆکەی چیرۆک، بە هەنگاوی یەکەمی چیرۆک دادەنرێت،

پێویستە لە هەڵبژاردنی بیرۆکەی چیرۆکدا، تایبەتمەندییە دەروونییەکان و، سۆزداری و، ئاستی توانای وەرگرتن و، تێگەیشتن و گەشەکردنی قۆناغەکانی منداڵێتی لەبەرچاوبگرین.

*٢- دارشتن و گری:* دارشتن و بنیاتنان، بە برپرەپشتی چیرۆکدادەنرێت، دەبینین لە زۆرچیرۆکدا بیرۆکەی چیرۆکەکە جوان و بەهێزە، بەڵام دارشتنەکەی لاوازە. چیرۆکنووس بیرۆکەی چیرۆکەکەی بەسەر زنجیرەیەکی رووداو و بەسەرهاتدا دابەش دەکات، کە سەرجەم هەموو بەشەکانی بە شێوەیەکی لۆژێکی پێکەوەیان گرێدەدات و .. بەرەو لووتکەی کێشەکە هەنگاو دەنێت، ئینجا هەنگاو بە هەنگاویش کێشەکە بەرەو کۆتایی دیاری کراو دەبات و، گرێی چیرۆکەکە دەکاتەوە .. پێویستە ئەنجام و کۆتایی چیرۆکەکانی منداڵان، بە خۆشی و سەرکەوتن و رازیبوون و هیوابەخشین کۆتاییان پێبێت .. بەڵام هەندێ لە چیرۆکنووسەکان، هێندە بایەخ بە کۆتایی چیرۆکەکانیان نادەن، لەو رووەوە دەڕوانن، کە یاساکانی ژیان و کارەکان هەمیشە لە تازەبوونەوەدان، کۆتاییان نییە..

پێویستە چیرۆکی منداڵان، یەک کێشە، یا یەک گرێی تێدابێت، ژمارەی کەسایەتی یا پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەش زۆرنەبن، چونکە منداڵ ئەو توانایەی نییە، کە لە کێشەیەک یا گرێیەک زتاتر لە چیرۆکێکدا بگات، یا بە ئاسانی لە بیرەوەری و لەو رووداو و بەسەرهاتانە بگات کە لە شوێنێکی نەزانراو، یا لە سەردەمێکیکۆندا روویان دابێت .. پێویستە چیرۆکنووس یا چیرۆکخوان وریای ئەم راستییانە بێت لە کاتی دارشتن و، هەڵبژاردنی چیرۆک و گێڕانەوەیان یا خوێندنەوەیان بۆ منداڵان.

چەند خاڵێکی گرنگ و بەسوودیش هەن، کە پێویستە چیرۆکنووسانی منداڵان، لە کاتی دارشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانیدا، لەبەرچاویان بگرن:

١- پێویستە رووداوەکانی چیرۆکەکان، ئاسانبن، وێنەداربن، وێنەکانیش رەنگاورەنگ و گەورەبن.
٢- چیرۆکەکان لە زەبروزەنگ، لە توندوتیژی، لە ترس و تۆقین، لە کوشتن و برین، .. بە دووربن.
٣- بیرۆکەی چیرۆکەکە روون و زانراوبێت.
٤- وەڵامی ئەو رووداوانە لەخۆبگرن، کە لە دەوروبەری منداڵان روودەدەن.
٥- ناونیشانی چیرۆک زۆر گرنگە، پێویستە، کورت، ئاسان، خۆش، سەرنج راکێش بێت.. نابێت ناونیشانی چیرۆکەکان گوزارشت لە، ترس، بێ ئومێدی، کۆڵدان، بێزاری،... بکەن.

٦- هەنگاوەکان، پایە بە پایە سەرکەون، تا منداڵان توانای ڕێکخستن و ریزبەندیی ڕووداوەکانیان هەبێت و، تا کۆتایی چیرۆکەکەش لەگەڵیاندابن.

٧- بایەخدان بە دیالۆگلە نێوان کەسانی چیرۆکەکە گرنگە.

٨- لە چیرۆکی منداڵاندا، زۆر گرنگە، بایەخ بە لایەنی زانیاری بدرێت.

٩- ململانێ، بنەمایەکی گرنگ و هەمیشەییە لە چیرۆکدا، بەڵام پێویستە چەخت لەسەر سەرکەوتنی: چاک بەسەر خراپدا، ئاشتی بەسەر شەڕدا، خۆشەویستی بەسەر ڕقدا، ئازایی بەسەر ترسدا، یەکێتی بەسەر دووبەرەکیدا، دڵسۆزی بەسەر ناپاکیدا، ئازادی بەسەر دیلێتیدا،... هتد، بکرێت.

١٠- باشتتر وایە چیرۆکی منداڵان درێژ نەبێت، فەنتازی تێدا نەبێت و، بە کورتی و پوختی و ئاسانی دابڕێـژرێن، ڕەچاوی گەشەی زمانی منداڵان، لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیدا بکرێت.

٣- *رووخسار (فۆرم):* لێرەدا مەبەستمان لەو چیرۆکانەن، کە لە کتێبی چاپکراودا پێشکەش بە منداڵان دەکرێن، کە پێویستە لە چاپکردنی کتێبی چیرۆکی منداڵاندا، ئەم مەرجانە لەبەرچاو بگیرێن:

١- پێویستە بەرگی کتێبی چیرۆکی منداڵان ئەستووربێت، بە وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ رازابێتەوە.. ڕەنگەکان گەش و جوانبن، چونکە بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و جوان، سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێت.

٢- جۆری کاغەزی لاپەڕەکان ئەستوور و باش بێت، بەرگەی ئەوە بگرن، کە منداڵان چەندین جار ئەو کتێبە بەکار دەهێنن و، لاپەڕەکانیشیزۆر هەڵدەدەنەوە.

٣- پێویستە پیتەکانی چاپی کتێبی منداڵان، گەورە و ڕوون بن.

٤- پێویستە ناونیشانی کتێبەکە گونجاو و سەرنج ڕاکێشبێت.

٥- پێویستە بەپێی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی گونجاو لاپەڕەکانی بڕازێنرێتەوە.

٦- دەکرێت لە گەڵ کتێبی چیرۆکی چاپکراودا، سیدییەک هەبێت، کە بە دەنگێکی ناسک و بە شێوازێکی خۆش چیرۆکەکەی لەسەر تۆمارکرابێت، لە ئێستادا، لە وڵاتانی ئەورووپا و زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەشێکی زۆری کتێبە تازەکانی چیرۆکی منداڵان، سیدیشیان لەگەڵدایە.

ڕاستە لە ئەمڕۆدا لەبەر دەسکورتی چیرۆکنووسانی کوردمان لە بواری چیرۆکی منداڵاندا، ناتوانن بەشێکی زۆری ئەو مەرجە پێویستییانە جێبەجێ بکەن، چونکە هیچ لایەنێک بە پارە یارمەتییان نادەن و خۆشیان ئەو توانایەیان

نییە، کە ئەو مەرجانە جێبەجێ بکەن، بەڵام منداڵان ئەمە نازانن.

### جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان:

١- *چیرۆکی فۆلکلۆری( میللی):* ئەو چیرۆک و مەتەڵ و حەقایەتانەن، کە لە زمانی خەڵکییەوە، دەماودەم باسکراون و تا ئەمڕۆ و، لە ئایندەشدا باس دەکرێن، خاوەنی ئەم چیرۆکانە نادیارن، بوونە بە سامان و موڵکی میللەت .. کەسایەتی و پاڵەوانی ئەم چیرۆکانە مرۆڤ و گیاندار و، رووەک و شتی ترن لە سروشدا .. ئەگەرچی ئەم چیرۆکانە لە رووداا سادە و ساکارن، بەڵام لە ناوەڕۆکدادەوڵەمەندن، بیرۆکەی جوانیان تێدایە، گەلێ مەبەست و ئامانجی بەرزیان پێکاوە، وەکو:

(ئازایەتی، راستگۆیی، چاکەخوازی، تێکۆشان، کۆڵنەدان، هاوکاری، یارمەتیدان، دڵسۆزی،... هتد) ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییانە بە (چیرۆکە میللییەکان) و (چیرۆکەکانی بەر ئاگردان) یش ناودەبرێن.

چونکە جاران، داپیرەکان و باپیرەکان یا دایکان لە شەوانی زستانی سارد و درێژدا، لە گوێی کوانگ و ئاگرداندا، ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییانەیان بۆ جگەرگۆشەکانیان دەگێڕانەوە و، دەیانکردنە خەو.

گەلی کوردمان، یەکێکە لە گەلە دەوڵەمەندەکانی جیهان لە بواری چیرۆکی فۆلکلۆریدا .. سامانێکی لەبنەهاتوی چیرۆکی فۆلکلۆریمان هەیە، کە تا ئێستا بەشێکی زۆر کەمیان لێ تۆمارکراون. نموونەی ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییانەمان بۆ منداڵان: (تیتلە و بیبلە، مشکە خان دەچێت بۆ شاری شووکردن، داپیرە و رێوی، مریشکە قوندە و مام هۆمەر، دەنکە هەنارە،... هتد) لە ئەدەبی جیهانیشدا (چیرۆکەکانی برایانی گریم ـ ئەڵمانیا) کە لە دەمی خەڵکەوە وەریان گرتوون.

ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییانەمان بە پەرگرافی: (هەبوو .. نەبوو) یا (جارێک لە جاران) دەست پێ دەکەن و .. بە (چەپکی گوڵ و چەپکی نێرگز... مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز) یان (منیش هاتمەوە و، کڵاشەکەم (کەوشەکەم)دڕا.. هیچیشم پێ نەبڕا) کۆتاییان دێت .. ئەمەش نموونەیەکە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیمان بۆ منداڵان کە بە (هەبوو .. نەبوو) دەست پێدەکات:

هەبوو، نەبو،

کەس لە مرۆڤ سەرسەختتر نەبوو.

هەڵیانگرت، جێگای نەبوو.

دایاننا، ڕێگای نەبو،

خستیانە بنمیچ، دانی چوو بە ریچ.

خستیانە ناو تاق، چاوی چوو بە زاق.

خستیانە سەر کەڵەک، کەڵەک رووخا .وتیان : کەڵەک بۆ رووخای ؟وتی : ئەی بۆچی گیا لە بنمدا دەڕوێ؟

وتیان : گیا بۆچی لە بنیدا دەڕوێی؟

وتی: ئەی بۆچی بزن سەرقرتم دەکات؟

وتیان: بزن بۆچی سەرقرتی دەکەی ؟وتی : ئەی بۆچی گورگ چاوم لێ زەق دەکاتەوە ؟وتیان: گورگ بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟

وتی: ئەی بۆچی شوان حەلەلەم لێ دەکات؟

وتیان: شوان بۆچی حەلەلەی لێ دەکەیت ؟وتی: ئەی بۆچی داپیرە ناهێڵێ بدۆشم؟

وتیان: داپیرە بۆچی ناهێڵی بدۆشێ ؟وتی : ئەی بۆچی مشک سەردۆڵەم دەخوات؟

وتیان: مشک بۆچی سەردۆڵەی دەخۆیت؟

وتی: ئەی بۆچی پشیلە چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟

وتیان: پشیلە بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟

پشیلە وتی: کەتنەکەی ئەلە بە ریشم

ئەگەر لێرە بنیشم.

دەچم بۆ شاری تاران،

جگەرەی قوت قوت دەکیشم.

**٢- *چیرۆکی جنۆکە و جادوو:* ئەم چیرۆکانە خەیاڵی و پڕوپووچن، دەربارەی، جنۆکە، دێوودرنج، مەڕنەمووکە، رمووزن، ئەژدیها، لۆژەند، ئەرژەنگ، شەوە، سیمرخ، ئەسپی باڵدار، جادووباز، گۆڕنەتەڵە، چەتەوڵ، چەرخ وفەلەکی ئەفسووناوی، ماری حەوت سەر، شومقار، قەقنەس، دەعبای سەیری تر .. منداڵان بە زۆری خەیاڵبازن و زۆر حەز لەم جۆرە چیرۆکانە دەکەن، بۆ نموونە چیرۆکی ( چەرخ و فەلەکی ئەفسووناوی ) کە چیرۆکێکی فۆلکلۆری**

رەسەن و کۆنی کوردییە، لە چیرۆکە جیهانییەکانیش،سەرکێشییە خەیاڵییەکانی ( دۆن کیشۆت )کە لە لایەن نووسەری ئیسپانی ( میگویل سیرمانێس ) ەوە نووسراوە، لەوانەش ( ئاسیاوە هەواییەکان ).

**٣- چیرۆکی گیانداران:** کەسایەتی و پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکانە، بە زۆری ئاژەڵ و باڵندە و درەخت و گیانەوەری ترن، بە تایبەتیش ئەو ئاژەڵ و باڵندە و جانەوەر و درەختانەی کە بە لای منداڵانەوە، بینراو و ناسراون و لە ژینگەیانەوە نزیکن، لەوانەیە رۆژانەش بیان بینن، وەکو پشیلە و سەگ و ئەسپ و مانگا و مەر و بزن و، مریشک و کەڵەشێر و چۆلەکە و کۆتر و قەلەڕەش و،... هتد.منداڵ حەزی لە لاسایی کردنەوەی دەنگی گیانەوەرانە .. لە کۆنیشەوە پەیوەندییەکی تەواو هەیە لە نێوان و مرۆڤ و بەشێک ئاژەڵان و باڵندەکان و گیانەوەرەکاندا، وەک : مەر و بزن و مانگا و مایین و گوێدرێژ و ئەسپ و مریشک و هەنگ وسەگ وپشیلە... هتد، هەردوولا سوودیان لە یەکتری وەرگرتووە. هەندێ لە ئاژەڵ و باڵندەکان لەبەر سیفەتی بەهێزی و ئازایەتی و سوودیان، بوونە بە دروشمی ولاتان بۆ نموونە: دروشمی (لۆگۆی) حکومەتی کوردستان (هەڵۆیە)، دروشمی ولاتی ئینگلتەرا (شێر و ئەسپ)ە، دروشمی ئوسترالیا (کەنغەرە) .. نموونەی ئەم چیرۆکانەش، چ فۆلکلۆری و چ تازە زۆرن، لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ نموونە چیرۆکی: مریشکە قوندە و رێوی، گورگ و بەرخۆلە، مارەکەی مام هۆمەر، رێوی و پیرێژن، رێوی و لەقلەق، رێوی گەرمیان و کوێستان، چەقەڵ و مریشک،چەقەڵ و قەلەڕەش، کەو و داو... هتد . لە ئەدەبی جیهانیشدا، چیرۆکەکانی (ئێسوپ)، چیرۆکەکانی (لاڤۆنتین)، چیرۆکەکانی ( کلیلە و دیمنە).

**٤- چیرۆکی پاڵەوانێتی نیشتمانی:** ئەم چیرۆکانە هەست و سۆزی نیشتمان پەروەری لە دڵی منداڵاندا دەڕوێنن، لە نموونەی ئەم چیرۆکانە لە ئەدەبی کوردیدا : دوانزە سوارەی مەریوان، قارەمانێتی پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانانی گەل.

**٥- چیرۆکیمێژوویی (داستانی):** ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە، کە دەربارەی ئەو پاڵەوان و تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و سەرکردانە و کەڵە ناودارانە، کە کاریگەرییان لەسەر مێژووداگەلەکەیان هەبووە، یا دەربارەی رووداوێکی مێژوویی دیاریکراون، نموونەی ئەم چیرۆکانەش :کاوەی ئاسنگەر، فەقی ئەحمەدی دارشمانە، قەڵای دمدم، خانزادی سۆران، سەلاحەدینی ئەیوبی، دوانزە سوارەی مەریوان ،قەدەمخێر، خولە پیزە، زێرینی ئامێدی، بە دەیان چیرۆکی مێژوویی تری تێکۆشەر و قارەمان و سەرکردەکانی کوردمان.

٦- *چیرۆکی پاڵەوانێتی لە توانا بەدەر:* ئەم چیرۆکانە باس لە پاڵەوانێتی ئەو کەسانە دەکەن، کە کاری لە توانا بەدەر و رووداوی سەیر ئەنجام دەدەن .. بۆ نموونە : چیرۆکی رۆستەمی زاڵ، هەرقل، تەڕەزان. پیاوی ئاسنین.

٧- *چیرۆکی سەرەکێشی:* ئەم چیرۆکانە سەرەکێشی و چاوقایمین، منداڵان حەز لەم چیرۆکانە دەکەن و، حەزی خۆدەرخستنیان دەبزوێنن، دەبنە پاڵنەر بۆ ئەوەی منداڵان بە دوای دۆزینەوەی هەموو شتێکی نامۆدا بچن، وەک: گەشتەکانی سندباد، گەشتەکانی ئۆلیڤەر، لە کوردیداشدا گەشتی کوڕەی بازیبەند لە قوڵ، هێنانی ئاوی ژیان، هێنانی سەری دێوەکە، کوڕە ئازاکە و ئەژدیهاکە،... هتد.

٨- *چیرۆکی ئەندێشەیی زانیاری:* بەشێکە لە چیرۆکی ئەندێشەیی، کە سنووری ئەمڕۆ و کات دەبەزێنێت، پێشبینی تێدایە و بە خەیاڵ ئایندەیەکی نوێ دێنێتە بەرچاو، رەنگە هەندێ رەخنەگر بە وڕینەی زانیاری بزانن، بەڵام هەر خەون و خەیاڵن دێنەدی، دەشێ خەونەکانی ئەمڕۆمان بێنەدی یا نەیەنەدی.. زانای ئینگلیزی (رۆجەر باکۆن) دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا، کە هێشتا فرۆکە دروست نەکرابوو، گوتی لە ئایندەدا مرۆڤ دەتوانێت، ئامێرێک دروست بکات و پێی بفڕێت، کەچی گاڵتەیان پێکرد و بە وڕێنەکەر و شێت ناویان برد و بە هەڵگەڕانەوەش لە کەنیسە تاوانبار کرا، دەبزانە کە چۆن پێشبینییەکەی رۆجەر هاتەدی و چ جۆرە فرۆکە و کەشتێکی ئاسمانی دروستکران و، مرۆڤ چۆن پێی خستە سەر مانگ . هەندێ کەس لە ئەمڕۆدا گەیشتن بە ئەستێرەی مەریخ بە خەیاڵ پڵاو دەزانێت.. بەڵام ئەم خەونە و، هەموو خەونێک دێتەدی،ئەگەر مرۆڤ هەوڵی هێنانەدیان بدات.

٩- *چیرۆکی جەفەنگ (گاڵتە ئامێز):* ئەم چیرۆکانە لە شێوەی گاڵتەئامێز و پێکەنین دان، خۆشی دەخەنە دڵە قنجەکانی منداڵانەوە، مەبەستی ئەم چیرۆکانە خۆشی و شادی بەخشینە، هۆکارێکیشە بۆهێورکردنەوەی گرژی و ناڕەحەتی و خەمۆکی، بۆ چارەسەرکردنی گەلی نەخۆشی و گرفتی دەروونی .. لە هەندێ وڵاتاندا، کەسانی گاڵتارجاڕ و سوعبەتباز و قۆشمەچی دەبەن بۆ نەخۆشخانەکانی جەستەیی و دەروونی، ئاهەنگی قسەی خۆش و چیرۆکی پڕ لە پێکەنین بۆ نەخۆشەکان سازدەکەن و دەگێڕنەوە .. ئەدەبی منداڵانیش بەبێ چیرۆکی گاڵتەئامێز ناتەواوە .. چونکە لە پاڵ خۆشی و پێکەنیندا، گەلی مەبەست و ئامانج و بەهای بەرز دێنەدی وکو : خۆشەویستی، دڵنەرمی، دڵسۆزی، رووخۆشی، راستگۆیی، هاوسۆزی ...هتد. بە مەرجێ ئەم چیرۆکانە، تانە وتەشەر و گاڵتەکردن بە کەسانێک نەبن و، هەستی هیچ کەسیش بریندار نەکەن.

لە نموونەی چیرۆکەکانی گاڵتەئامێز، لە ئەدەبی کوردیدا،چیرۆکە میللیەکانی پێنج بەرگی کتێبی رشتەی مرواری (عەلائەدین سجادی)، مەلا مەزووره، لالە سەرحەد، خاڵەرەجەب، ئەحۆل، لە جیهانیشدا، چیرۆکەکانی چارلی چاپلن، میستەر بین،... هتد.

١٠- *چیرۆکی ریالیزمی (رووداوی راستی):* ئەو چیرۆکانەن کە رووداو و بەسەرهاتەکانی منداڵان، دەبنە ئیلهام بۆ چیرۆکنووس و، دەبن بە هەوێنی چیرۆکەکانیان، بیرۆکەی چیرۆکەکان لە ژیان و لە ژینگەی منداڵانەوە وەردەگیرێن، لەوانەیە بەشێکیان بە راستی روویان دابن، چیرۆکنووسەکان تەنها لە فۆرمێکی هونەریدا دایان دەرێژن .. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەندێشە و خەیاڵ، لەم جۆرە چیرۆکانەدا شوێنیان نەبێت، بەڵکو خەیاڵ هەوێنی هەموو بابەتە ئەدەبی و زانیارییەکانە .. هەر خەون و خەیاڵن دەبنە راستی و بەرجەستە دەبن .. تۆلستۆی دەڵێت: " کاری هونەری دوو مەرجی سەرەکی هەیە: راستی و، درۆ .. تۆ رووداوێک دەگێڕیتەوە وەک خۆی رووی نەداوە، گێڕانەوەکە هەستێکی هونەریی راستە، درۆکەش خەیاڵەکەیە".

پێویستە چیرۆکی ریالیزمی، دووربێت لە شێوازی ئامۆژگاری وشک .. لە ئەدەبی نوێی منداڵانی کورد دا، گەلێ چیرۆکی ریالیزمی هەن .. بۆ نموونە، بەشێک لە چیرۆکەکانی مامۆستا جەزاعەلی ئەمین و، لەتیف هەڵمەت.

١١- *چیرۆکی خۆشەویستی (دڵداری):* ئەم چیرۆکانە بۆ دوا قۆناغی منداڵی دەشێن، قۆناغی باڵق بوون، بەڵام پێویستە زۆر بە وریای و هەستیارییەوە، مامەڵە لەگەڵ منداڵانی ئەم قۆناغەدا بکەین، کچان و کوڕان لەسەر هاوڕێتی و خۆشەویستییەکی پاک و بێ گەرد رایان بهێنین، تا بەرەو هەڵە و کاری نەشیاو و زیان بەخش نەخلیسکێن، لە هەر هەڵەیەک کە دەیکەن ئاگاداریان بکەینەوە و،راستییان بخەینە بەرچاو، تا بە دروستی و بە ئاسوودەیی ئەم قۆناغە هەستیارە تێپەڕێنن .. بۆ نموونە چیررۆککەکانی: مەم و زین، شیرین و فەرهاد، دەنکە هەنارە، خورشید و خاوەر،... هتد. ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەم چیبرۆکانە بە تراژیدیا کۆتاییان هاتووە.. بەڵام چەند چیرۆکێکی شەکسپیریش بۆ منداڵ کورت و ئاسان و سوکراونەتەوە .. کۆتاییەکانیان بە تاژیدیا دێن. وەکو: رۆمیۆ و جۆلێت، ماکبێس.

١٢- *چیرۆکە شیعر:* ئەم چیرۆکانە بنەما سەرەکییەکانی چیرۆک و شیعریان تێدایە، وەکو چیرۆک: بریتییە لە پێشەکی، رووداو، رووخسار، ناوەڕۆک، گرێ، کۆتایی .. وەکو شیعریش : بریتییە لە جوانی زمان، کێش و قافییە،

شێوازی ناسکی هۆنینەوە .. گەلی چیرۆک و داستانی کوردیمان لە شێوەی چیرۆکەشیعردا دارێژراون.. بۆ نموونە مەم و زین، شیرین و فەرهاد، لاس و خەزال، ناسر و ماڵ، رۆستەم و زۆراب، خورشید و خاوەر، قەڵای دمدم،... هتد.

*گەلێ لە شاعیرە کلاسێکی و شاعیرە نوێیەکانمان چیرۆکە شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە، لەوانەش:*

***پیرەمێرد، فایق بێکەس، گۆران، عومەر عەبدولرەحیم، عەلیرەزا محەمەدیان، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، کاکەی فەللاح، عەلی عەبدوڵلا شەونم، قانیع ، دایکی سۆلاف،... هتد.***

میری شاعیرانی ئەحمەد شەوقی - بە رەسەن کوردە - گەلێ لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی فەرەنسی (لافۆنتین)ی بە چیرۆکەشیعرەوە وەریانی گێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی.. هەریەکەش لە شاعیرانی کوردمان پیرەمێرد و فایق بێکەسو هەژار موکریانی و چەند شاعیرێکی تری کوردمان، کۆمەڵێک لەو چیرۆکەشیعرانەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەریان گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.. بەڵام بە شێوەیەکی هێندە جوان و ناسک دایان ڕشتوون، زۆر لە دەقە فەرەنسی و عەرەبییەکان خۆشتر و شیرینترن .. لەو چیرۆکەشیعرانەش: (پیرەمێرد: ڕێوی و کەڵەشێر، قەلەباچکە و باخەوان)،(فایق بێکەس: جووتێ کۆتر و بۆقێک، دوو پشیلە)، (هەژار: زەنگی مشکان).

**١٣ی ئەپریلی ٢٠١٥**

---

## *دەربارەی شیعری منداڵان.*

شیعر جوانترین و ناسکترین هونەرە، گرنگترین لقی ئەدەبە.. هەست و خۆشییەکی تایبەتی بە دڵ و دەروون و هۆشی مرۆڤ دەبەخشێت.. ئێمەی کورد بە سروشتی گەلێکی دڵپاک و هەست و نەست ناسکین و سۆزدارین، ڕووخۆش و گوفت ولوفت شیرینین.. هەر لە کۆنەوە ئالۆدەی خۆشی و شادی و، بەزم و گۆرانی و گۆڤەند و هەڵپەڕکێ و زەماوەند بووینە.. لەگەڵ داهێنانی زماندا، لەگەڵ پێکەوەنانی رستەی شیرین و، ترپە و سەروادا، چریینیان بە دەنگێکی ناسک و بە ئاوازێکی خۆش و پڕ لە خرۆش، گۆرانی و شیعر سەریان هەڵداون.. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ،

ئێمەی کوردله هەموو میللەتێکی تر زیاتر رموده و هۆگری گۆرانی و شیعر و سروود بوینه .. جوانی و ئەفسووناوی سروشتی کوردستانی رەنگین و قەشەنگمان، زیاتر کاری له هەست و سۆز و دەروونمان کردووه، رەنگدانەوەیان له گۆرانی و شیعر و سروودی کوردیدا هەبووه و هەیه .. به گۆرانی و به شیعر گوزارشتمان له خۆشییەکان و، له ناخۆشییەکانی ژیانمان کردوون، ناخی دڵی خۆمان به شیعر و گۆرانی و ئاوازی خۆش دەربڕیوه .. هەر له کۆنەوه شیعر و گۆرانی بوونه به بەشێک له ژیانمان .. تێکەڵاوی خوێنمان بوونه، هەستیان بزواندووین، بوونەته خۆراکی دەروونمان، به ویردی سەر زمانمان، به چەکی بەرگریمان، کاریگەرییان له رووحی رەوانمان کردوون .. کەم گەل هەیه، به قەی ئێمەی کورد، هێنده جوانی پەرست و شیعردۆست بن .. سەرەڕای ئەو هەموو کوێرەوەری و هەژاری و نەهامەتییانەی که داگیرکەرانی کوردستان به سەری ئێمەی کوردیان هێناون و دەهێنن، بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان، بۆ کاڵکردنەوەی فۆلکلۆرمان، بۆ کوێرکردنەوەی کەلتوور و کەلەپووری رەسەنی کوردیمان .. بۆ قەدەغەکردنی جەژنی نەورۆزمان .. بەڵام شکستیان هێنا و، نەیانتوانی فۆلکلۆر و داب و نەریتی خۆڕاگری گەلەکەمان له ناوبەرن، ئەگەرچی دزییەکی زۆریان لێکردووین و، به دەیان گۆرانی فۆلکلۆری کوردییان کردوون به موڵکی خۆیان، بەڵام به زەقی رەسەنایەتی و مۆرکی کوردییان پێوه دیارن .. کورد یەکێکه له گەله هەره دەوڵەمەندەکانی جیهان، له سامانی گۆرانی و بەیتی فۆلکلۆریدا.. خاوەنی گەنجینەیەکی زەبەند و لەبنەهاتوی فۆلکلۆرین .. که بۆته مایەی شانازیمانه.

له ئەمڕۆدا، تەکنۆلۆژیا و داهێنان و گۆڕان، خەریکه زۆر شت کاڵ بکەنەوه .. جا بۆ پاراستن وله ناوەچوونی ئەم سامانه بەنرخەمان، که بەشێکی گرنگه له گەنجینەی سامانی فۆلکلۆری کوردیمان.. پێویسته کۆبکرێنەوه و، به ئەرشیف بکرێن و، بپارێزرێن.

(شیعر) یا (هۆنراوه) یا (هەڵبەست) یا (هۆزان) چوار وشەی هاومانا و هاوەمەبەستن، له ئەدەبی کوردیدا هەر چوار وشەکه بەکاردەهێنین.. بەڵام (شیعر) زیاتر دەقی گرتووه و زۆرترله ئاخاوتن و له نووسیندا بەکاری دەهێنین ..بێگومان بایەخی شیعر له بایەخی چیرۆک کەمتر نییه، شیعر ختووکەی هەست و نەست و سۆزمان دەدات .. چێژ و خۆشی و شادییەکی زۆر به هۆش و دەروونمان پێ دەبەخشێت... شیعر ئەندێشه و خەیاڵمان گەشتر دەکات، ئاستی رۆشنبیری و زانستی و زانیاریی گشتیمان فراوانتر دەکات.. گەشبینتر و هیوادارترمان دەکات.

شیعری منداڵان، بەشێکی گرنگه له ئەدەبی منداڵاندا، نزیکترین هونەره له دەروونیانەوه، گرنگترین کاریگەری

هەیە، لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوویان .. هەر لە کۆنەوە دایکانی میهرەبان و بەسۆزی کوردمان، بە لای لایە و گۆرانی و لۆرین و لاواندنەوە، بە دەنگێکی ناسک و، بە ئاوازێکی بەسۆز و شیرین، کۆرپەکانیان لاواندوونەتەوە، بە دەم لای لایە و گورگانە شەوێ، لانکەکانیان راژەندوون و، کۆرپەکانیان ژێرکردوونەتەوە و، کردوویاننە خەو.

تێکڕای منداڵان حەزیان لە گۆرانی و شیعر و سروود هەیە، بە تایبەتیش ئەو شیعر و گۆرانییانەی کە خۆشی و شادییان پێ دەبەخشن، باسی ژیان و ژینگەیان دەکەن، باسی باڵندە و ئاژەڵ و یاری و شادی و، خۆشی و ئازادی و، ئازایی و سەرچڵییان بۆ دەکەن، باس لە هیوا و خواست و ئارەزوو و حەز و خەونەکانیان دەکەن، بە ئاسانی لێیان تێدەگەن و، ژیانی خەیاڵی خۆیانی تێیاندا دەبیننەوە.

ئەو ئامانجانەی کە شیعری ناسک و جوانی منداڵان دەیان هێننەدی، زۆر لەو ئامانجانە زیاترن کە تا ئەمڕۆ باسیان لێکردوون .. بایەخ و گرنگی شیعر لە سەر سۆز و دەروونی منداڵان، پێویستی بە توێژینەوەیەکی قووڵ و ورد هەیە .. ئێمە بە چڕیو بە کورتی باسی هەندێ لە ئامانجە گرنگەکانی شیعری منداڵان دەکەین، لەوانەش:

شیعری منداڵان کاریگەرییەکیباشی هەیە، لە فراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشە و خەیاڵی منداڵاندا، لە گەشەکردنی زەین و هۆشیان، لە قووڵترکردنی بیریان، لە ختووکەدانی هەست و سۆزیان، چێژ و خۆشییەکی زۆریان پێدەبەخشێت، گەلێ گرێ و کێشەی دەروونی منداڵان چارەسەردەکات، بەشێک لە هەڵەکانیان راست دەکاتەوە، لە رێی شیعری جوانەوە گەلێ لە ئامانجەکانی پەروەردەیەکی دروست دێنەدی .. شیعری منداڵان هۆکارێکە بۆ فێرکردن و فێربوون، منداڵان بە تاک و بە کۆمەڵ، بە دەنگ و ئاواز وجووڵەوە، شیعر و سروود و گۆرانی دەڵێن، شەرمیان دەشکێ و، ئازایەتی ئەدەبییان دەبێت .. شیعر هۆکارێکی گرنگە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست، بۆ رواندنی رەوشتی بەرز و خووی جوان و بەهای پیرۆز، بۆ فێربوونی نەریتی رەسەن و رەفتاری باش و هەڵسوکەوتی راست، بۆ زاخاودانی هۆش و هەست و دەروونی منداڵان، بۆ زیاتر خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ گەل و نیشتمان..ئەوە شیعرەوە، کوردیلە چاوگەشەکانمان بە کوردایەتی و کوردستان پەروەری گۆش و پەروەردە دەکات ..فێریان دەکات کە هەمیشە دڵسۆزی گەل و نیشتیمانەکەیان بن، پاک و راستگۆ و ئازا و قارەمان بن، خێزان و کەسوکار و هاورێکانیان خۆشبوێ .. ئەوە شیعرە، فێری خەبات و تێکۆشان خۆڕاگری و بەرگری و کۆڵنەدانیان دەکات .. فێری ئازادیخوازی،ئاشتیخوازی، هاورێتی، چاکەخوازی، دادپەروەری و، مرۆڤایەتییان دەکات .. ئەوە شیعرە، فێری خۆشەویستی و پەیوەندی خوشک و برایی و، یەکێتی و تەبایی و، هاوکاری ویەکرێزی و سەرکەوتنیان دەکات ..

ئەوەشیعرە، فێریان دەکات، زمانی شیرینی کوردیمان لایان شیرینتر بێت ، کوردستانیان لا پیرۆزتربێت، ئاڵای کوردستانیان لا جوانتربێت، پێشمەرگەیان لا خۆشەویستربێت، شەهیدەنەمرەکانی کوردستانیان لا شکۆدارتربێت، پاڵەوانێتی و رۆڵی سەرکردە و کەسایەتییە ناودارەکانمان و، کەڵە ئافرەتە قارەمانەکانمانیان لا بەرزتربێت .. بۆیە بە چاوێکی رێزەوە لە شاعیرانی منداڵان دەڕوانرێت .. چونکە شاعیرانی منداڵان دراوێکی گرانبەهای دەگمەنن.. ئەرکێکی زۆر پیرۆز و هەستیاریان لە ئەستۆ گرتووە، بەرپرسێتییەکی مەترسیداریانهەڵبژاردووە .. پێویستە زۆر بە دڵسۆزییەوە، بە ئەوپەڕی وریای و ئەمانەتەوە، ئەرکی سەرشانیان جێبەجی بکەن و، پەیامی پیرۆزی شیعری رەسەنی منداڵان بهێننەدی .. هەر هەڵە و کەموکوڕییەک لە شیعرەکانیاندا هەبن، کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان دەبێت .. دەبنە بەشێک لە رەفتار و ژیانیان، راستکردنەوە و رەگ هەڵکێشانیان ئاسان نابێت، باجێکی زۆری ئەو هەڵانە دەدەینەوە .. ئەم گوناه و زیانەش لە ئەستۆی شاعیری منداڵانی نابەڵەد و دوور نەبیندایە.

نووسینی شیعر بۆ منداڵان، کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان و ساکار نییە، لە نووسینی شیعر بۆ گەورەکان گەلێ گرانترە، چونکە شیعری منداڵان، هەر ئەوە نییە، کە شاعیر چەند دێڕێکی کێش و سەروادار رێکبخات و ناوی لێبنێت ( شیعر بۆ منداڵان )، شیعری منداڵان بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پێویستە شاعیر لە نووسینی شیعرەکانیدا بۆ منداڵان رەچاویان بکات .. پێویستە شیعری منداڵان، وشەکانی ئاسان و رەوان و تەڕ و پاراو بن، وەک گوڵ جوان و گەش و بۆنخۆشبن، هیچ گرێ و گۆڵێک لە شیعرەکاندا نەبن، لە ئێستادا باوی کێشی عەروزی شیعر نەماوە .. پێویستە کێشی شیعرەکانخۆماڵیبن( پەنجەیی ـ برگەیی ) و کورت بن . زۆربەی شاعیرانی منداڵان، شیعرەکانیان بە کێشی پەنجەییدادەڕێژن کێشی ( ٥ ، ٦، ٧، ٨، ١٠) برگەیی .(کێش) و (ترپە) و (موزیک) سێبنەمان لەبنەماکانی شیعر، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و، تەواکەری یەکترین، یا بڵێن گیانێکن و لە سێ جەستدان .. گونجانی هەرسێکیان پێکەوە.. جوانی و شیرینی و چێژێکی خۆش بە شیعر دەبەخشن .. ریتم و تەکنیکیش پێویستە بە پێی پێوەرەکانی شیعری منداڵان بن .شاعیری منداڵان، کاتێ دەتوانێ شیعری بە سوود و کاریگەر بۆ منداڵان بنووسێت، کە شارەزاییەکی تەواوی لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لە رووی دەروونی وکۆمەڵایەتی و ژیری و سۆزی و زمانی و بیردا هەبێت .. پێویستە شارەزابێت، لە زانستی دەروونناسی و جوانناسی و پەروەردەی نوێی منداڵدا، ئەوە بزانێت کە هەریەکە لە قۆناغەکانی گەشەکردن و هەراشبوونی منداڵ، ئاستی تێگەیشتن و توانای بیرکردنەوە و، ئاسۆی بڕکردنی خەیاڵ و، فەرهەنگی زمان و، حەز و ئارەزوو و پێویستی و پێداویستیی خۆیان هەیە. ئەوە بزانێت کە شیعری منداڵان،دەبێت وەکو منداڵان پاک و سادە بێت.

شاعیره كورده رابەرەكانمان تا نزیكی ساڵانی حەفتاكان وەكو جۆرێكی سەرەكی لە ئەدەبی كوردیدا، مامەڵەیان لەگەڵ شیعری منداڵاندا كردوون، كەم و زۆر شیعر و چیرۆكەشیعری ناسک و جوانیان بۆ منداڵانی كورد نووسیون، كە بەشێكی زۆری ئەو شیعرانە، وەكو زێڕی خاوێن وان، تا ئەمڕۆش ئەو تام و چێژەی هەیان بوو، هەمان چێژیان هەیە و بوونەتە ویردی سەر زمانی منداڵان،كراون بە گۆرانی و سروود .. پێشتر ناوی بەشێک لەو شاعیرانەمان هێنا، لەگەڵ نموونەی شیعرەكانیان بۆ منداڵان، لەوانەش: *(ئەحمەدی خانی، شێخ مارفی نۆدێی، ئەمین عالی بەدرخان، پیرەمێر، زێوەر، فایق بێكەس، موفتی پێنجوێنی، گۆران، قانیع، دڵزار، هەژار، كامەران موكری، ... هتد..)*. پۆلێن كردنی قۆناغ و ناوی شاعیرانی منداڵان، تێكهەڵكێشن، چونكە شاعیری وەهامان هەیە، لە چەند شیعرێک زیاتریان بۆ منداڵان نە نووسیون، هەشمانە بە دەیان شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە، هەمانە لە ساڵانی شەستەكانەوە، تا ئەمڕۆ، كانیاوی شیعریان بڵقەدا و لێی دەڕوا و وشكی نەكردووە، هەشمانە تەنها بۆ ماوەیەكی دیاری كراو شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە.

شیعر وەک هەر بابەتێكی تر، پێویستی بە داهێنان و گەشەكردن هەیە، پێویستی بە تەكنیكی تازە و بە ستایلی تازە و بە شێوە گوزارشتی تازە هەیە .. لە ئەمڕۆدا، گوڵزاری گوڵ هەمەڕەنگەی شیعری منداڵانی كورد، لە فراوانتر و رەنگینتردایە، چەندین شاعیری تازەی ناسراوی كوردمان، هاتوونەتە ئاراوە،، چەندین بەرهەمی شیعری هەمەڕەنگەی جوانیان بۆ منداڵانی كوردمان نووسیون و، لە كتێبی قەشەنگ و رەنگیندا، پێشكەشیان بە منداڵانی كورد كردوون ..لە ئەمڕۆدا چەندین گۆڤار بە زمانی كوردی بۆ منداڵان دەردەچن .. لە رووی چەندێتی و چونییەتییەوە،لە رووی ناوەڕۆک و فۆرم و تەكنیكەوە، پێشكەوتنێكی باش و هیوابەخش بەدی دەكرێت ..نووسین و بەرهەمهێنان بۆ منداڵانی كوردمان لە زۆربوون و پێشكەوتن و نوێخوازیدایە .. گومان لەودا نییە كە لە چۆنێتی و چەندێتیدا، كەموكوڕییەكی زۆرمان لە ئەدەبی منداڵان بە گشتیی و شیعری منداڵان بە تایبەتی هەیە، ئەم كەموكورتییانەش هۆی خویان هەیە، چ لە رووی مادییەوە، یا لە رووی هونەرییەوە، یا لە رووی نابەڵەدی خودی نووسەر و شاعیری منداڵانەوە، یا كەموكوڕیلە رازانەوە و چاپكردندا .. لە رووی چۆنییەتییەوە، ئێمە ـ كەم و پوخت ـ مان پێ باشترە لە ـ زۆربێ و بۆربێ ـلە رووی چەندێتیشەوە، كتێب و گۆڤارە چاپكراوەكان بۆ منداڵانی كورد .. لە ئاستی پێویستی ژمارەی منداڵانی كوردا نین، بۆ نموونە لە باشووری كوردستاندا، نزیكەی دوو ملیۆن منداڵام هەیە كە تەمەنیان لە نێوان (٨ - ١٥)ساڵاندان، كە دەتوانن كتێب و گۆڤارە كوردییەكانی منداڵان بخوێننەوە .. بەڵام تێكڕای تیراژی هەریەكە لە گۆڤارە كوردییەكان بۆ منداڵان لە ئێستادا مانگانە لە هەر گۆڤارێكدا لە (٢٠٠٠) ەوەبۆ (٥٠٠٠)دانە زیاتریان لێ چاپ ناكرێت .. لە چاو ژمارەی منداڵانی كوردەوە زۆر كەمن

.. سەرەڕای ئەوەش نرخەکانیان بۆ منداڵان گرانن، چونکە لە لایەن حکومەتەوە وەکو پێویست بە پارە یارمەتییان نادەن، بەشێکیش لە گۆڤارەکانی منداڵان تەنها لەو شارانەدا دەفرۆشرێن کە لێیان دەردەچن، ناگەنە دەستی منداڵان کوردمان لە شارەکانی تری کوردستاندا، هەموو کتێبخانە گشتییەکانی شارەکانی کوردستانیش،وەک پێویست هەموو ژمارکانی گۆڤارەکانی منداڵانناکرن، تا لە بەشی منداڵاندا هەبن و،، منداڵان بتوانن بیان خوێننەوەو، سوودیان لێیان وەربگرن.

هەر بەم شێوەیەش ئەو کتێبە چاپکراوانەی کە چیرۆک و شیعری منداڵانیان لەخۆگرتوون .. لە رووی چۆنێتی و هونەری و مەرجەکانی کتێبی منداڵان و،لە رووی چەندێتیدانین و، بێ مەرجی وکەم و کورتییەکی زۆریان پێوە دیارە .. تیراژی چاپکراوی هەر کتێبکی منداڵان لە (٥٠٠) دوە بۆ (١٠٠٠) دانەیە .. لە چاو ژمارەی منداڵانەوە کەمە و نرخەکانیشیان گرانن .. بە بۆچوونی من هۆی هەرە سەرکی دەگەڕێتەوە بۆ دەستکورتی و یارمەتی نەدانی نووسەرانی ئەو کتێبانەیە.. تا ئەمڕۆش لە باشووری کوردستاندا، دەزگایەک یا کۆمپانیایەک نییە،کە تایبەت بێت بە چاپ کردن و بە بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤارەکانی منداڵان.

شاعیرانی منداڵانی کوردمان، لە هەموو بابەتەکاندا شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە، وەکو شیعری : نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، فێرکاری، زانیاری، وەرزشی، کۆمیدی، دەربارەی ئاژەڵ و باڵندە و دار و درەخت و گوڵ و پەپوولە، دەربارەی پیاهەڵدان بە سروشتی جوان و رەنگینی کوردستان، شیعر بۆ خۆشەویستی دایک و باوک و مامۆستاکان، بۆ پێشمەرگەی دلێر و پاڵەوان کە بووونە بە سیمبولی بەرگری و قارەمانێتی لە جیهاندا، بۆ ئافرەتە قارەمانەکانمان، بۆ بەرگریو کۆڵنەدان، بۆ ئازادی و ئاشتی، بۆ ئاڵای رەنگینی کوردستان، بۆ قەد و باڵای شاخە سەرکەشەکانمان، بۆ زمانی شیرینی کوردیمان، بۆ ئازایی و، بۆ ئاوادارانی گەلەکەمان، بۆ پاک وخاوێنی،بۆ یاری و خۆشی،... هتد.

شایانی باسە زۆربەی ئەوانەی شیعر و سروود و گۆرانی بۆ منداڵان دەنووسن، مامۆستا بوون و یا مامۆستان، چونکە مامۆستایان زیاتر لە جیهانی وەنەوشەیی و لە هیوا و حەز و خەونە سەوزەکانی منداڵانەوە نزیکن، زیاتر لە راز و نیاز و ناخی دڵی پاکیان، لە ئارەزوو و لە هیواکانیان دەگەن، زیاتر گوێیان لە زمانی شیرینیان دەبێت، زیاتر گوێیان لە راز و نیازی پاکیان دەبێت، بۆ نموونە ئەم شاعیر و نووسەرانە کە شیعر و چیرۆکیان بۆ منداڵانی کورد نووسیون .. مامۆستا بوون، یا مامۆستان: *(فایق بێکەس، زێوەر، گۆران، عەلی عەبدوڵڵا شەونم، عومەر*

عەبدولڕەحیم، فەریدوون عەلی ئەمین، عوسمان محەمەد هەورامی، جەزا عەلی ئەمین، حەمە کەریم هەورامی، کەریم شارەزا، عومەر عەلی ئەمین، ڕەزا ساڵح، ڕۆستەم باجەلان، جگەرسۆز پێدرۆیی، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، کازم کۆیی، ئیبراهیم ئەحمەد شوان، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، عەبدولڕەحمان فەهیمی، ئەحمەد ئسماعیل ئیسماعیل، ڕۆستەم باجەلان،... هتد).

بەڵام ئەمە مەرج نییە، چونکە کەڵە شاعیرانی منداڵانی وەکو: *لەتیف هەڵمەت، کاکەی فەللاح، سەبریە نوری قادر (دایکی سۆلاڤ )، محەمەد بەرزی،* ئەمانە مامۆستا نین، بە ڵام سۆزێکی هەستێکی مامۆستاییان هەیە، لە میانەی شیعرە ناسکەکانیانەوە بۆ منداڵان، وا هەست دەکەین کە چەندین ساڵ مامۆستا بوونە و، تەمەنیان لە ناو منداڵاندا بەسەر بردوونن.

**پۆلێنکردنی شیعری منداڵان:**

**١- *شیعری فۆلکلۆری:*** ئەو شیعرە میللییانەن، کە خاوەنەکانیان نەناسراون، گەل بە خاوەنی ئەو شیعرانە دەزانرێت، زۆربەیان کراون بە گۆرانی .. لە نێو گەنجینەی دەوڵەمەندی شیعری فولکلۆری کوردیدا، بە سەدان گۆرانی و شیعری فۆلکلۆری سادە و ناسکیان تێدایە، پشکی منداڵانیش کەم نین لەم سامانەدا، بە دەیان لای لایە و شیعری فۆلکلۆری و گۆرانیمان هەیە، کە بە تایبەتی بۆ منداڵان وتراون، هەندێکیان تایبەتن بە کچانەوە، هەندێکی تریان تایبەتن بە کوڕان، بە زۆریش هاوبەشن بۆ کچان بۆ کوڕان دەشێن، منداڵان بە گۆرانی و جووڵە و یارییەوە ئەم گۆرانییانە دەڵێنەوە.

**٢- *شیعری فێرکردن (فێرکاری):*** جۆرێکە لە شیعری منداڵان، بە مەبەستی فێرکردنی منداڵان نووسراون، لەوانەش (نوبارا بچوکان)ی ئەحمەدی خانی و، (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێی، فەرهەنگوکەکەی شەهید شاکر فەتاح، بە دەیان پارچە شیعری فێرکردنی تری شاعیران ترمان.

*ئەم شیعرەی (زێوەر) بە ناوی (ژمارە) نموونەیەکە لە شیعری فێرکاری:*

*یـــەک و دوو .... داری سـێو و داری تـوو*
*سێ و چـوار .... هاتـم بۆ مەکـتەب بە غـار*

پێــنج و شــەش .... هەستامە سەر تەختەی ڕەش
حەوت و هەشت .... چووم بۆ هەورامان بە گەشت
نـــــــۆ و دە .... یارمــەتی هـــــاوڕێت بــدە.

٣- *شیعری نیشتمانی:* پانتــاییەکی زۆری لە شیعر و سـرووودی منـداڵانی کـوردا گرتـۆتەوە.. گۆشـکرنی منـداڵانی کوردمان، بە هەستی کوردایەتی و بە کوردستانپەروەری .. گرنگترین ئامانجی شاعیرانی کوردمانە، چونکە بەشێکی زۆری کوردستـان، تـا ئەمڕۆش لە لایەن داگیرکەرانـی ڕەگەزپەرستەوە داگیرکـراوە، بـۆیە بەر لە هەمـوو ئامانجێک شاعیرانی منداڵانی کوردمـان، تەنـانەت ئەو شـاعیرانەی بـۆ گەورەکـانیش دەنووسن. خۆشەویستی و شیرینترکردنی کوردستان لە دڵی منداڵانی کوردا بە پێویست و بە ئامـانجێکی پیـرۆز دەزانـن .. شـاعیرانی نیشتمانیمان، منـداڵان هاندەدەن کە تێبکۆشن بۆ ئازادی کورد و بۆ ڕزگـارکردنی کوردسـتان لە داگیـرکەران، گەشبینی و هیـوای سـەرکەوتن دەخەنە دڵـی منـداڵانی کـوردەوە .. شـیعری بەرگـری و ئەو شـیعر و سـروودانەش کە بـۆ قـارەمـانێتی پێشـمەرگەی کوردسـتان نووسـراون، بەشـێکی گـرنگن لە شـیعری نیشـتمانی .. تـا ئەمـڕۆش شـان بە شـانی خەبـاتی سیاسـی و ڕۆشنبیری، پیویستیشـمان بە چەک هەیە .. بـۆ پاراسـتنی خـاکی کوردسـتان لە دوژمنـان .. ئەمە کـۆپلە شیعرێکی نیشتمانی جوانە، ناوی نووسەرەکەی نازانم:

خەریتەی هەمـوو خــاکیکوردســـتان
دایــک بە دەرزی و دەزوو و درومـان
بکێشێت لەسـەر، سەربێـشکەی منـاڵ
هــەر بە کوردســتان بێــتە گـڕوگــاڵ
لە بێشـکەی وایا چـاو هـەڵ نەهێـنێ
درۆیــە هەســتێ و تۆڵـــە بسێنێ.

ئەمەشە پارچە شیعرێکی (لەتیف هەڵمەت)ە لە ژێر ناوی (نیشتمان):

وەک چــــــۆن باڵـــــدار
لانــــەی هەیــە لەســەر دار

*وەک چۆن پەپوولەی جوان جوان*
*لانـــە دەکـــەن لە نـــاو گوڵان*
*وەک چـــۆن مانـــگی تابـــان*
*ماڵـــی هەیـــە لە ئاسمـــان*
*وەک چـۆن مـاسی و حەزیـــا*
*ماڵـیان هەیـە لە نـاو دەریـــا*
*منیش نیشـتمانم هەیە نیشـتمان*
*نیشتمانم کوردستانە کوردسـتان.*

کەڵە شـاعیری گەورە و نەمـری گەلەکەمـان، خوالێخۆشبوو (شـێرکۆ بێـکەس) هەسـتی بەرگـری بە چەک لە دڵـی منداڵانی کوردا دەڕوێنێ .. کە گەورەبوون نەک هەر بە پێنـووس و سیاسـەت بەرگری لە خـاکی کوردسـتان بکەن .. بەڵکو پێویستە ئامادەشبن کە چەک هەڵبگرن و درێـژە بە شۆڕش بـدەن تـا کوردستان لە داگیـرکەران رزگـاردەکەن ..ئەوەتا لە شیعری (وێنـەیەک) دا، منـداڵی کـورد چەک دەکەنە شـانی پیـاوانی کـورد، بـۆبەرگری کـردن لە خـاکی پیرۆزی کوردستان:

*چوار منداڵی تـورک و فـارس و عـەرەب و کـورد*
*بە هەر چواریان وێنەی پیاوێکیان دروست کرد*
*یەکەم: سـەری*
*دووەم: دەسـتی*
*سێیەم: لەشی و قاچـەکانی*
*چوارەم: چەکی کردە شـانی.*

*٤- شیعری پەروەردەیی:* بەشێکی گرنگە لە شیعری منداڵان،وەکو: پەروەردەیـی کۆمەڵایەتی، مرۆڤـایەتی، ژینگەیـی، وەرزشی، ئایینی، تەندروستی، دەروونی، بەزەیـی بە ئـاژەڵ و بـاڵنـدە ...هتـد، لەسـەر هەریەکە لەم جۆرانەش،بە دەیـان نمـوونە شـیعری پەروەردەیـی جـوان وخۆشـی کوردیمـان بـۆ منـداڵان هەیە.. ئەمەشـنموونەیەکە، لە شـیعری پەروەردەیی بە نـاوی (درەخت)، لە نووسینی شاعیر و چیرۆکنووسی بە توانـای بواری منداڵان،ئەندازیـار (محەمەد

بـەرزی) کە تـا ئێستا کۆمەڵێک شیعر و چیرۆکیخۆشی لە پێنج کتێبدا بۆ منداڵان چاپ کردوون:

*درەخـــتم زۆر خۆشـــدەوێ*
*بۆم دەگـرێ سێو و هـەرمێ*
*هەڵـــوژە و قـــۆخ و قەیســی*
*ئـای چـەند خۆشـە گێلاسـی*
*هەنـــار و گوێـــزی زۆرە*
*لانـــــەیە بۆ ســــمۆرە*
*بۆ ریشـــۆڵە و پاســـاری*
*بەهەشـــتێکە پــڕ یـــاری*
*بۆ ئێـــــمەی بچـــکۆلانە*
*خـۆی دەکـات بە جـــۆلانە*
*مەرجـــە تـاکـــو بمـــێنم*
*لــق و پــۆپینەشکـــێنم.*

١٨ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان.

لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەویـدا.. وێنە بـوونی هەبـووە.. مرۆڤی سـەرەتایی بە هـۆی هێلکـاری و وێنەکێشـانەوە، گوزارشتیان لە مەبەست و لە نیاز و راز و لە هیواکانیان و، لە توانا و لە پێویستییەکان و، لە کێشەکانی خۆیـان کردوون و، بە کەسانی دەوروبەری خۆیان گەیاندوون. هەنـدێ لە زانایـان، سـەرهەڵدانی وێنەکیشـان بـۆ زیـاتر لە پانزە هەزار ساڵ بەر لە زاینی دەگەڕێننەوە.. لە زۆر شوێنی جیهاندا لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان و پەرستگاکان

و تاتەبەردی هەڵکۆڵراودا .. بە سەدان وێنە و هێما و نەقشی بابەت و مەبەست جۆراوجۆریان دۆزیونەتەوە .. کە مێژووەکانیان بۆ چەند هەزار ساڵێک بەر لەم سەردەمە دەگەڕێنەوە .

پێش ئەوەی مرۆڤ وشە و رستە و زمان و نووسین دابهێنێت.. مرۆڤی سەرەتایی بە هۆی هێلکاری و وێنەکێشانەوە لە یەکتری گەیشتوون و خواست و مەبەستەکانیان گەیاندوون.. تا گەیشتوونەتە داهێنانی نووسینی مێخی و هیرۆگلیفی و داهێنانی پیت.

وێنە هۆیەکە لە هۆیەکانی دەربڕین و گەیاندن .. گوزارشت لە سۆز و هیواکان و، لە هەڵچوونەکانی ناخی مرۆڤ و، لە سەرنج و تێڕوانین و، لە زادەی بیر و هۆشی و، لە رەفتارەکانی و، لە ئاست و لە رێژەی توانا و زیرەکی مرۆڤ و، لە هاوسەنگیی دەکەن.

## وێنە ئاوێنەی ژیانی مرۆڤە.

زانای مەزن و بلیمەت (سیگمۆند فرۆید) دەڵێت: *" لە دوای خەون، هونەر و وێنە، رێگایەکی دانپێنراوە، بۆ چوونە قووڵایی ناخی زۆر ئاڵۆزی مرۆڤەوە .. ".*

لە ئەمڕۆدا، زاناکان لە رێی شیکردنەوەی هێلکاری، کە بە (زانیاری گرافۆلۆژی) ناو دەبرێت.. واتا لێکدانەوە و شیکردنەوەی شێوە و وێنە دەگرێتەوە.. لە زۆر رووەوە کەسێتی و، گەلێ لە مەبەست و هیوا و، لە نهێنییەکان و، لە گرفت و گرێ و کێشە و ململانییە دەروونییەکانی ناخی مرۆڤ شیدەکەنەوە .. نامانەوێت لە کرۆکی باسەکەمان زیاتر دوور بکەوینەوە.. کە (سایکۆلۆژیای وێنەی منداڵان)ە، کە بابەتێکی زۆر گرنگ و بەسوودە، بۆ دایکان و باوکان و بۆ مامۆستاکان.. تا کوێرانە و بە نابەڵەدی بڕیار لە مەبەستەکانی وێنەکانی منداڵان نەدەن .. بێگومان وێنە بەشێکی گرنگە لە هونەرە شێوەکارییە جوانەکان. لە ئەمڕۆ و لە ئایندەدا کاریگەری راستەوخۆی لە سەر ژیان و رەفتاری مرۆڤدا هەیە.

جیهانی منداڵان، جیهانێکی ئاسۆ فراوانی سەیر و سەمەرەیە.. پڕە لە راز و لە نیازی پاک .. جیهانێکی وەنەوشەیی پڕ لە هیوای بەرز و، لە خەونی سەوز و شیرینە.. بۆ تێگەیشتن و چوونە ناو جیهانی منداڵان ..

پێویستە ئەو زانیارییانە بزانین کە لە ڕێی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی مەیدانی و پراکتیکی و بینینەوە هەڵهێنجێنراون و بنیاتنراون.. یەکێک لەو زانیارییانەی کە لە ڕێگایەوە دەتوانین، لە جیهانی منداڵان و، لە راز و لە هیواکانیان و، لە گرێ و گرفت و کێشە دەروونییەکانیان تێ بگەین .. شیکردنەوەی ئەو هێلکاری و وێنەکێشراوانەی منداڵان کە بە راستی دەیانکێشن .. وێنەکانیان گوزارشتن لە نیازپاکی و لە دڵپاکی و لە رەفتارەکانیان .. کە زۆر بە سادەیی و ساوێلەیی و بەبێ شاردنەوە دەریان دەبڕن .. هەر وەکو چۆن قسەکردن هۆیەکە بۆ دەربڕین و گەیاندن، هەر ئاوهاش وێنە هۆیەکی گەیاندنە، پێویستە بە وردی لە وێنەکانی منداڵان بڕوانین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راست هێماکان شیبکەینەوە و لە واتا و مەبەستەکانیان بگەین.

وێنەکانی منداڵان بریتین لە ئەو هێلکاری و شێوانەی دەیانکێشن.. کە زۆرجار بە هەڵە و بە تێ نەگەیشتن بە ئاڵۆز و باڵۆز و بە شتی تورەهات یا بە (هێلکاری شەڕە پشیلە) ناویان دەبەین.. وێنەی منداڵان ئەو وێنانەن کە منداڵان بە پێنووس و فرشە و رەنگ دەیانکێشن و دەیانڕازێننەوە، کە گوزارشت لە زادەی بیرو هۆشیان و لە ناخی دەروون و دڵەفتجەکانیان دەکەن.. وێنەکانی منداڵان هەر ئەوەنییە کە شتێکی جوانی رازاوەیان کێشابێت، بەڵکو زمانێکی گوزارشتکردنیشە.. پێویستە لە راستیی ناوەڕۆکی وێنەکانی منداڵان بگەین.. لە رووی چۆنێتییەوە لێیان بڕوانین.. پێویستە تەوەری بایەخدانمان ئەمە بێت (منداڵان چۆن وێنەکانیان دەکێشن..؟) نەک (چی دەکێشن..؟).

با هەست بەوەش بکەین، ئەو کەسایەتییە منداڵێتییانەی لەسەر لاپەڕەکاندان .. ئەمە سەرەتای دەستپێکی منداڵانن، بۆ ئەوەی وێنەی دواڕۆژیان بکێشن .. نابێت رێگرییان لێ بکەین و کۆسپ بخەینە رێیان .. بە ڵکو یارمەتییان بدەین و هانیان بدەین بۆ ئەوەی بە ئەوپەڕی ئازادییەوە، گوزارشت لە وەی دەیانەوێت بکەن .. پێویستە پێنووس و تێنووس و بۆیەی پێویستیان بۆ ئامادە بکەین .. هانیان بدەین بۆ ئەوەی بە راشکاوی و بە جوانی گوزارشت لە راز و و نیاز و، لە کەف و کوڵی زادەی بیر و هۆشیان و، لە توانا و لە نهێنییە پەنگاوەکانی ناخی دەروونیان بکەن.

نابێت منداڵان بە کەم بزانین، چونکە هەست و نەستی منداڵان زیاترە، لە هەست و لە درکپێکردنی گەورەکان .. باشترین هۆش بۆ دەربڕینی هەست و سۆزیان بە شێوەیەکی راستەوخۆبێت یا ناراستەوخۆبێت .. وێنەکێشانە بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆیان.

وێنەکانی منداڵان گەلێ هێما و مەبەست و مەتەڵیان بۆ هەڵبێنین تێدایە، کە پەیوەندییان بە ژیانی خۆیانەوە هەیە .. چی لە قووڵایی هۆش و لە ناخی دەروونیاندا هەیە، بە راشکاوی لە وێنەکانیاندا رەنگیان داونەتەوە .. وێنەکێشان یارمەتیدەرە بۆ منداڵان بۆ دەرکردنی ئەو وزە زیادە ئەرێنی و نەرێنییانە کە لە دەروونیاندا هەن .. بە مەبەست و بە بیرۆکەی جوان و لە وێنەی جواندا بەرجەستەیان بکەن .. تا گەشە بە ئەرێنییەکان بکرێن و .. شتە نەرێنییەکانیشی چارەسەریان بۆ بدۆزرێنەوە و راست بکرێنەوە.

وێنەکانی منداڵان ئاوێنەی بێگەردی هۆش و خەیاڵ و دەروونی منداڵانن.. پەیوەندییان بە جیهانی پاک و، بە بیری سادە و، بە ساوێلکەیی و، بە شێواز و، بە رادەی توانای گوزارشتکردنیانەوە هەیە.. منداڵان لە میانەی کێشانی وێنەکانیانەوە، هەستەکانیان دەربارەی (خۆیان) دەخەنەڕوو، گوزارشت لە چۆنییەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەندامەکانی (خێزانەکانیان) و (کەسانی) دەوروبەریان دەکەن .

بە رای هەندێ کەس وێنەکانی منداڵان، کوتوپڕ و راگوزاری و یەکسەرین.. بەڵام من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم .. منداڵان کە دەست بۆ پێنووس وفرشە دەبن، بۆ ئەوەی وێنە بکەن.. بیرۆکەی ئەو بابەتانەی کە وێنەیان دەکێشن، لە بیر و هۆشیاندان.. گەر لەو کاتەدا بۆی بێت یا پێشتر لە خەیاڵیدا بووبێت.. ئەگینا بۆ وا وێنەکانیان دەکێشن و.. وا نایان کێشن.. تەنانەت ئەو هێلکاری و وێنانەی کە بە شەڕە پشیلەش ناویان بردوون.. شتی پڕ و پووچ و تورەهات نین و، پڕن لە واتا و مەبەست.. رەنگە ئێمە نەتوانین لە هەموو مانا و مەبەستەکانیان بگەین .. هەروەکو چۆن لە هەموو هەڵبەستێکی هێمادار ناگەین و دەڵێین (واتای هەڵبەستەکە.. لە دڵی هەڵبەستدانەرەکە دایە).. رەنگە بۆ هەندێ راز و مەبەستی نا روونوون لە وێنەکانی منداڵاندا، داوا لە خۆیان بکەین، تا ماناکان و مەبەسەکانی بیرۆکەی تابلۆکانیان بۆمان روون بکەنەوە.. بەڵام کەسانی پسپۆر و شارەزای ئەوتۆ هەن، کە دەتوانن بە ئاسانی دڵ و هۆش و دەروونی منداڵان بخوێننەوە و.. دەتوانن بەشێکی زۆر لە مەبەست و تاکانی وێنەکانی منداڵان بە جوانی شیبکەنەوە.. بەڵکو توێژێنەر و شارەزا و دەروونناسی وا هەن.. هەر وەکو کتێبێکی کراوەی بەردەستیان بە ئاسانی بەشێکی زۆری مەبەست و وردەکارییەکانی وێنەکانی منداڵان دەخوێننەوە. بۆ زانین و پێوانەکردنی لایەنەکانی رەفتاری منداڵان، لە گەلێ رووە وە، تاقیکردنەوی منداڵان بە وێنەکێشان، هۆیەکی ئاسان و لە بارە.

وێنەکانی منداڵان، بە پێی تەمەن و قۆناغەکانی منداڵییەتی و گەشەکردن و پێشکەوتنیان جیاوازیان هەیە .. بۆ

نموونە: ئەو وێنانەی منداڵێکی تەمەن دوو ساڵان دەیانکێشێت، لەگەڵ وێنەکانی منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان یا زیاتر، جیاوازیان هەیە.

## سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان.

سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان، لقێکە گرنگە لە لقەکانی دەروونناسی، کە بە دوای دۆزینەوەی راستتە سایکۆلۆژییەکاندا دەگەڕێت، کە پەیوەندییان بە وێنەکانی منداڵانەوە هەیە .. لەگەڵ گەشەکردنی وێنەکانیان لە قۆناغە جیاکانی گەشەکردندا .. دەیانەوێت نهێنی ئەو رێگایانەش بزانن کە منداڵان بە وێنەکردن گوزارشتیان لێ دەکەن .. واتا زانیارییەکە لە هەموو روویەکی دەروونی و هۆشی و هونەریی منداڵان دەکۆڵێتەوە .. پەردەش لەسەر هۆکارەکان و پاڵنەرەکان لادەدات، کە لە وێنەکانی منداڵاندا رەنگیان داوەتەوە .. زانایانیش دەتوانن سوودێکی باشیان لێ وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرێ و نەخۆشییە سایکۆلۆژییەکانی منداڵان.

ئەم تۆژینەوە و لێکۆڵینانەوە ، بایەخێکی زۆریان بۆ پەروەردەکاران و بۆ شیکارانی دەروونی و بۆ نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان هەیە.

- بۆ پەروەردەکاران: گرنگن تا بە نابەڵەدی و بە هەڵە وێنەکانی منداڵان هەڵنەسەنگێنن  بشتوانن بە شێوەیەکی راست و دروستی پەروەردەیی منداڵان ئاراستە بکەن.

- بۆ زانایانی شیکارانی دەروونی:  گرنگن بۆ لێکدانەوەی کەسێتییەکانی منداڵان، بە تێگەیشتن و بە شیکردنەوەی ئەو وێنانەی کە منداڵان دەیانکێشن .. بە تایبەتیش پێش ئەوەی فێری قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین ببن. وێنەکانی منداڵان گەنجینەیەکی تۆمارکراون بۆ زانینی مێژووی ژیانی ئەو منداڵە وێنەکێشانە .. پسپۆرانی شیکاری دەروونناسی دەتوانن لە میانەی هێلکاری و وێنەکانیانەوە، دەستنیشانی ململانێ و،  نەخۆشییە دەروونییەکانیان بکەن، کە دووچاریان بوونە .. پێشنیاری چارەسەری گونجاویشیان بۆ دەکەن .

- زانیارییانە ببەستن بۆ پێوانەکردنی ئاستی زیرەکی منداڵان و، بۆ زانستی جیاوازی تر لە نێوان منداڵاندا.. چونکە وێنەکانی منداڵان بۆ زانایانی دەروونناسی: زانیارییەکان دەربارەی وێنەکانی منداڵان، بۆ زانایانی

دەروونیش بەسوودن .. دەتوانن پشت بەم رەنگدانەوەی کەسێتی منداڵانن .. بەڵگەی زیندوون بۆ زانینی باری دەروونی و، بۆ هۆش و بۆ توانەکانی ئەندامەکانی لەشی منداڵان .

- بۆ نووسەرانی ئەدەبی منداڵان: زانیارییەکان دەربارەی وێنەی منداڵان، سوودێکی باش بە نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان دەبەخشن .. دەتوانن لە سروشت و لە بەهرە و لە گەشەکردنی منداڵان تێ بگەن .. تا یارمەتیدەر و هاندەریان بن بۆ ئەوەی بە جوانی گوزارشت لە توانا و لە هەست و سۆزی خۆیان بکەن .

هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەو راستییە گشتییانە ئاشکرا دەبن .. کە منداڵان خاوەنی هونەری تایبەتیی خۆیانن .. دەستوور و رێباز و نیشانە و ستایلی خۆیان هەیە .. پەیوەندییان بە بنەماکانی هونەری کۆن و تازەوە نییە .. منداڵان لە تابلۆکانیاندا، کۆن و نوێ و، رێبازی هەموو قوتابخانە هونەرییەکانی وێنەکێشان بەرجەستەدەکەن .. ئازادن چۆن خۆیان حەزبکەن و بیانەوێت، ئاوها تابلۆکانیان دەکێشن و بۆیەیان دەکەن .. بۆیە نادروست و نابەجێیە، گەر بە پێوەری ئەکادیمی پێوانەی وێنەکانی منداڵان بکرێن .

هەر لە میانەی وێنەکانیانەوە، دەتوانین منداڵانی بەهرەمەند بناسین، کە جیاوازیان لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە .. ئەمە جیاوازییەش لە جوا ن نووسین و وێنەکێشان و گۆنجاندنی رەنگەکان و هەڵبژاردنی بابەتەکانی وێنەکان و لە بیرۆکە و لە فراوانی ئەندێشەیاندا دەردەکەون .. خەسڵەتە باش و سەرکەوتووەکانیان، جیاوازی کردوون لەگەڵ هاوارێکانیان.

بۆیە پێویستە منداڵانی بەهرەمەند و زیرەکمان، بە سامانێکی بەنرخ و بە دراوێکی گرانبەهای گەلەکەمان بزانین .. بێگومان لە ئایندەدا رۆڵییان دەبێت لە راپەڕین و لە بزووتنەوەی پێشکەوتنی نیشتمانەکەماندا .. ئەم کوردیلە بەهرەمەندانەی ئەمڕۆمان دەبنە ئەندامانی سەرکوتووی کۆمەڵگای کوردیمان .. شایانی ئەوە دەبن کە ببنە سەرکردەی دانا و زانا و، بە رابەرانی تێکۆشەری گەلەکەمان.

لە ساڵی ( ١٨٨٢) دا، شاعیری ناسراوی ئیتاڵی (کارودو ریتشی) وێنەکانی منداڵان سەرنجی راکێشان .. دەستی بە لێکۆڵینەوە لە وێنەکانی منداڵان کرد.

راستییەکانی وێنەکانی مندان: گەلێ لەو توێژینەوە مەیدانییانەی کە دەربارەی هونەری منداڵان ئەنجام دراون .. چەند راستییەکی گشتی دەربارەی هونەری منداڵان گەلاڵە بوونە، کە پەیوەندییان بە دەربڕین و گوزارشتکردنی منداڵان هەیە و، لە وێنەکانیاندا رەنگیان داونەتەوە .. بە کورتی ئەمانە هەندێ لەو راستییانەن:

١- وێنە بە لای منداڵانەوە زمانە، بۆ گوزارشت کردن لە هۆش و لە ناخی دەروونیان .

٢- منداڵان لە ساڵەکانی قۆناغی یەکەمی تەمەنی ژیانیاندا، وێنەی ئەو شتانە دەکێشن کە دەیان زانن، نەک ئەوانەی کە دەیان بینن.

٣- لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیاندا، بە پێی هەڵچوونە جیاوازە دەروونییەکانیان، بەشەکانی وێنەکانیان دەکێشن.

٤- هەر لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیاندا، بە شێوەیەکی رووکەشی، لە گوزارشت کردن لە ژیانی خۆیاندا، زیادە رۆیی دەکەن.

٥- ئاکامی تاقیکردنەوەکان دەربارەی وێنەکانی منداڵان، ئەویان سەلماندووە، کە لە نێوان وێنەکێشراوەکانی کوڕان و، وێنە کێشراوەکانی کچاندا جیاوازی هەن.

٦- تا نزیکی تەمەن دە ساڵان، منداڵان بە زۆری حەز بە وێنەکیشانی کەسان دەکەن.

٧- تاقیکردنەوەکان ئەوە دەگەیەنن وەکو لە وێنەکانی هەموو منداڵاندا بەدی دەکرێن .. سەرەڕای جیاوازی ژینگە .. پەیوەندییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئاراستەکانی منداڵاندا.

٨- لە یەکچوونێک و نزیکییەک هەن، لە نێوان وێنەکانی منداڵانی ئەم سەردەمە و، وێنەکانی مرۆڤەکانی سەرەتای ژیان .. یان وێنەکان ئەو گەلانەی پێش زاینی دەژیان .

٩- پەیوەندی لە نێوان زیرەکی و لە نێوان پێشکەوتنی وێنەکانی منداڵان هەیە.

١٠- بە پێی تەمەنەکانی ژیانی منداڵان، جیاوازی لە نێوان وێنەکانی منداڵان هەیە.

***وێنەکانی منداڵان لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنیاندا.***

ئەو زانا دەروونناسانەی کە لە بواری (پەروەردەی هونەری منداڵان) دا کاردەکەن، دیاردەکانی گەشەکردنی وێنەکانی منداڵانیان بە چەند قۆناغێک دابەشکردوون، کە هەریەکەش لە قۆناغەکان کۆمەڵێک خەسڵەتیان هەیە .. ئێمە تەنها ئاماژە بە ناوی ئەو قۆناغانە دەدەین .. هیوادارم لە دەرفەتێکدا بە درێژی باسی هەریەکە لە

قۆناغەکان بکەم .. ئەمانەش ناوی قۆناغەکانن:

١- قۆناغی پێش هێلکاری: لە تەمەنی (لە دایکبوونەوە - بۆ - دوو ساڵان).

٢- قۆناغی هێلکاری: لە تەمەنی (٢- ٥) ساڵان.

٣- قۆناغی ئامادەکردنی هەستکردنی شێوە: لە تەمەنی (٥- ٧) ساڵان.

٤- قۆناغی هەستکردنی شێوە: لە تەمەنی (٧- ٩) ساڵان.

٥- قۆناغی هەوڵدانی گوزارشتکردنی راستی: لە تەمەنی (٩ - ١٢) ساڵان.

٦- قۆناغی گوزارشتکردنی راستی: لە تەمەنی (١٢- ١٤) ساڵان.

٧- قۆناغی هەرزەکاری: لە تەمەنی (١٤ - ١٧ و ١٨) ساڵان.

## سوود و ئامانجەکانی وێنەکانی منداڵان.

ئەو ئامانج و سوودانەی کە لە سایەی وێنەکێشاندا بۆ منداڵان دێنەدی، راستەوخۆبن یا ناراستەوخۆبن زۆر زۆرن .. بە کورتی و بە چڕی باسی چەند سوودێکیان دەکەین :

١- هونەرەکانی شێوەکاری، کە یەکێکیان وێنەیە، گەشە بە توانای داهێنان دەدات لەو بوارە جیاوازانەی کە پەیوندییان بە ژیانی رۆژانەی منداڵانەوە هەیە.

٢- لە میانەی وێنەکانی منداڵانەوە، دەتوانین جیاوازییەکانی نیوان منداڵان بزانین، لەگەڵ ئەو گرفت و کێشە دەروونییانەی کە تووشیان بوونە .. لەگەڵ زانینی ئارەزوو و بەهرە و توانا هونەرییەکانیان .. لەگەڵ پێویستی و پێداویستییەکانیان ... هتد.

٣- وێنە کاریگەرییەکی گەورە و ئەرێنی هەیە، لەسەر گۆڕینی رەفتارەکانی منداڵان و، ئامادەکردنیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی، ئەو تەنگەژانەی لە ژیانیانی کارکردندا دێنە رێیان، چۆن زاڵبن بە سەریاندا، لەگەڵ جیهانی دەوروبەریاندا چۆن هەڵبکەن و، چۆن خۆشیان بۆ گۆڕانکارییەکان و تازەگەرییەکان داهاتوو ئامادەبکەن .. رۆژ لە دوای رۆژ گۆڕانکاری تازە و باشتر لە بۆاری هونەری و ئابووری و کۆمەڵایەتی دێنە کایەوە.

٤- وێنە زانیاری هونەری و مێژوویی بە منداڵان دەبەخشێت دەربارەی هونەری کۆن و تازە لە جیهاندا.

٥- وێنە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە، لە بەدیهێنانی هاوکاری و خۆشەویستی و سازان و راگۆڕینەوە و، بتەوکردنی گیانی یارمەتیدان لە نێوان منداڵاندا.

٦- لە ڕێی وێنەوە، لە میانەی گفتوگۆ و دیالۆگ و گوزارشت کردن لە را و سەرنجدا .. کەشوهەوایەکی دیموکراتی لە نێوان قوتابیان و مامۆستاکانی هونەردا دێتەدی .. کە مەبەستی سەرەکیش هاندانە بۆ گەشەکردنی کارە هونەرییەکانیان و فێربوونی رەخنە.

## شیکردنەوەکانی وێنەکانی منداڵان.

زانایانی پسپۆری دەروونناسی و توێژینەران و شیکارانی بواری وێنەکانی منداڵان دوای چەندین باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و تاقیکردنەوەی پراکتیکی و مەیدانی لە بواری وێنەکانی منداڵاندا .. توانیان تا رادەیەکی زۆر وێنەکانی منداڵان شیبکەنەوە و، واتا و مەبەستە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان و، راز و نیازیان لە وێنەکانیاندا بزانن .. بە کورتی باس لە هەندێ لە راز و نیاز و مەبەست و، لە واتاکانی وێنەکانی منداڵان دەکەین:

* پیاو: بۆچی منداڵان بە زۆری وێنەی (پیاو) دەکێشن ؟ توێژینەوە پراکتیکییەکان ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە .. کێشانی وێنەی (پیاو) یان شێوە و رووخساری مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی .. زۆرترین وێنەی باو و بڵاون لە نێوان منداڵاندا .. منداڵان لە ماڵ و لە شەقام و لە بازاڕ لە تەلەفزیۆن و لە کار و لە گەلێ لە شوێنانی تردا، بە زۆری بە پیاوان دەگەن و لە بەرچاویانن، بۆیە پیاوان زیاتر لە شتەکانی تر لە وێنەکانی منداڵاندا رەنگیان داونەتەوە .. بەڵام کچان زیاتر مەیەیلی وێنەکێشانی کچان و ژنان دەکەن.

* کێشانی وێنە بەگەورەیی: کێشانی وێنەی کەسێک بە گەورەیی لە لایەن منداڵانەوە .. بە زۆری گوزارشتە لە دوژمنکاری و شەڕانگێزی .. یا لە دەسەڵات و زاڵبوون .. بۆ نموونە گەر وێنەی دایکی لە باوکی گەورەتر بکێشێت، مەبەستی لەوەیە لە ماڵدا دایکی زاڵە و قسەی دەڕوات .. یا مەبەستی لەوە بێت، کە دایکی زیاتر خۆشدەوێت .. یا گوزارشتە لە خۆبایی بوون و خۆبەزل زانین .. یا خۆشەویستی و رێزی ئەومنداڵەیە بۆ ئەو کەسە وێنە زلکێشراوە .. یا گوزارشتە لە توانا و لە چالاکییەکی جیاواز .. یا خۆی بە شایەنی زیاتر دەزانێت و .. چاوی بڕیوەتە پایە و داهاتوویەکی باش و گەشتر یا هێنانەدیی هیوای بەرزتر .. بەڵام ئەو منداڵانەی کە نارێک و ناهاوسەنگن، زیادەڕۆیی لە کێشانی وێنەکانیاندا دەکەن .. بۆ نموونە ئەگەر بەخۆیە بنازێت و شەڕانی بێت .. وێنەکەی خۆی زۆر گەورە دەکێشێت .. یا ملێکی درێژ بۆخۆی دەکێشێت .. هۆی ئەم هەڵەیەش بۆ خێزان دەگەڕێتەوە .. لەوانەیە ئەو منداڵە لە ماڵدا، رۆڵ و پێگە و دەسەڵاتێکی زیاتر لە پێویستی هەبێت .. وایا لێکردووبێت، کە

تا رادەی زۆر لە خۆی بایی بێت و، شانازی بە خۆیەوە بکات .. پێویستە دایکان و باوکان بە ئاگابن و، نەهێڵن ئەم نەخۆشی و دیاردە نەرێنییە درێژە بکێشێت .. چارەسەری پێویستی بۆ بکەن .

* کێشانی وێنە بە بچووکی: کێشانی وێنەی کەسێک زۆر بە بچووکی و لاوازی و، دەموچاو کاڵ و نادیار لە لایەن منداڵانەوە . هەستکردنی منداڵان بە نەبوونی و بە کەموکوڕی .. یا بەبێ توانایی .. یا خۆ بەکەم زانین .. یا دڵەڕاوکێ .. ترسنۆکی و شەرمکردن .. گۆشەگیری و دەرنەکەوتن .. بۆ نموونە ئەگەر وێنەی خۆی لە تابلۆکەیدا بکێشێت و دووچاری ئەو نەخۆشییە دەروونییانە هاتووبێت . وێنەکەی خۆی لە گۆشەی سەرەوەی لاپەڕەکەدا بە زۆر بچووکی و بە داماوی دەیکێشێت .. مەبەستی ئەوەیە کە شەرم دەکات و دەیەوێت گۆشەگیربێت، ڕەنگە مەبەستیشی لەوەش بێت، کە سۆزی نادرێتی و خۆشیان ناوێیت و هیچ پێگە و رۆڵی لە ناو خێزانەکەیدانیە، یا لە ناو پۆل و قوتابخانە و هاوڕێکانیدا نییە و، پەراوێز کراوە .. هەروەها وێنەی بچووک گوزارشتە لە خەمۆکی .. لە پشت نەبەستن بەخۆ .. لە دەست نەڕۆیی و بێ دەسەڵاتی و لە بێ پێگەیی .. لە بێ بڕوایی و بێ متمانەبوون بەخۆ ... هتد .

* ***کێشانی وێنە لە شوێنە جیاوازەکانی لاپەڕەکانی وێنەکێشاندا:***

١- لە چەپەوە بۆ لای راست یا بە پێچەوانەوە: ئەگەر منداڵێک لە لای چەپەوە بۆ لای راستی لاپەڕەکە، دەست بە کێشانی وێنەکانی بکات .. بە زۆری ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە ئەو منداڵە، نەخۆشی دەروونی هەبێت، یا پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی و بە ئاوڕدانەوە و دەست بە سەرهێناندا هەبێت لە لایەن خێزانەکەی و مامۆستاکانییەوە .. مەبەستێکی کەش، ئەوەیە کە ئەو منداڵە پەیوەستە بە رابردووەوە .

٢- بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هات منداڵ لە لای راستەوە بۆ لای چەپ: هێڵکاری و وێنەکانی بکێشێت .. ئەوە گوزارشە لەوەی کە ئەو منداڵە، هەردەم لە داهاتوو دەڕوانێت .. هەروەها خۆشەویستی منداڵ بۆ باوکی دەگەیەنێت.

٣- کێشانی وێنە لە ئەوپەڕي سەرەوەی لاپەڕەکاندا: ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو منداڵە تا رادەیەک خەیاڵبازە و، بە خەیاڵ و بە ورێنە ئامانجەکانی دەهێنێتە دی .

٤- بەڵام ئەگەر منداڵێک لە ئەوپەڕی خوارەوەی لاپەڕەکاندا وێنەکانی بکێشێت: واتا ئەو منداڵە، هەست بە دڵنیایی و بە ئارامی ناکات .

٥- ئەگەر منداڵێک لە ناوەڕاستی لاپەڕەکاندا، وێنەکانی کێشا: ئەوە دەگەیەنێت، کە منداڵێکی زیرەک و بەهرەمەندە و، لە ئایندە دەڕوانێت.

* وێنەی ئاژەڵ لە وێنەکانی منداڵاندا: ئەو منداڵەی کە وێنەی ئاژەڵ دەکات .. واتا ئەم منداڵە حەز بە یارمەتیدانی کەسانی تر دەکات .. گەر هات منداڵێک چەند جارێک وێنەی بێچووە ئاژەڵێک لە باوەشی دایکەکەیدا کێشا .. واتا ئەم منداڵە لە سۆزی دایکایەتی بێ بەشە و .. پێویستە دایکی لە ئامێزی بکات و، بیگوشێت بە خۆیەوە و، ماچی بکات و بایەخی پێ بدات و لە ئارەزووەکانی تێری بکات .. کە گەورە دەبێت ڕەنگدانەوەیەکی خراپی نەبێت. چونکە بێ سۆزی و خۆشنەویستن گەورەترین کاریگەریی خراپی هەیە.

بەڵام ئەو منداڵەی کە وێنەی ئاژەڵ و دەعبای دڕندە لە وێنەکانیاندا دووبارە دەکاتەوە .. منداڵێکە ترساوە و دەترسێت .. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو منداڵەی کە وێنەی ماسی لە وێنەکانیاندا دووبارە دەکاتەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو منداڵە دڵخۆش و ئاسوودەیە .

* دایک و باوک لە وێنەکانی منداڵاندا : منداڵان لە وێنەکانیاندا، بایەخ و نرخێکی تایبەتی بە کێشانی وێنەی دایک و باوکیان دەدەن، ئەگەر هات و پەیوەندییان لە گەڵیاندا باش بێت.. بەڵام ئەگەر پەیوەندیان خراپ و ناکۆک و ململانێ و ئاژاوە بێت، لە گەڵ باوک یا دایک، یا لەگەڵ هەردووکیاندا.. ئەو منداڵانە وێنەکانی دایک و باوکیان، لە شوێنێکی لاوەکی و پەنای سەر لاپەڕەکاندا دایان دەیانکێشن.. لەوانەشە بە شێوەیەکی ناشیرین و ناشایستەش وێنەیان بکێشن.. یا لە شێوەی ئاژەڵێکی دڕندەدا بیانکێشن و گوزارشتیان لێبکەن . لەوانەیە ئەم رقە دەروونیەش هۆی هەبێت.. دەشێ لێی بدەن و ئازاری پێ بگەیەنن .. زۆر لێی تووڕەبن .. قسەی نەشیاوی پێ بڵێن و هەستی بریندار بکەن.. بە توند و تیژی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن .. خۆشیان نەوێت .. لە گەڵ خوشک و براکانیدا بە هەمان چاو لێی نەڕوانن .. پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکەن... هتد. ئەو منداڵانەی کە ئەم ڕەفتارە نەرێنییانەیان لە گەڵدا دەکەن.. پەنا بۆ وێنەکێشان دەبەن بۆ ئەوەی تۆڵەیان لێ بکەنە.. بە رووخسارێکی ناشیرینەوە وێنەکانیان دەکێشن.. بۆیە پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، نەهێڵن بۆشایی و درز بکەوێتە نێوان خۆیان و منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان.. لە سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی بێبەشیان نەکەن .. بەڵام بە پێچەوانەوە گەر خۆشەویستی و سۆز و ڕێز و خەندە و خۆشی باڵیان بەسەر خێزان کێشابن.. ئەم خۆشەویستی و ڕێزگرتن و شانازییە.. لە تابلۆکانی منداڵان ڕەنگ دەدەنەوە و، هەوڵ دەدەن بە ئەپەڕی جوانی و قەشەنگییەوە،

لە ناوەڕاستی لاپەڕەکاندا، وێنەی دایک و باوکیان، بە رووخسارێکی جوان و شیرینەوە و شایستەوە بڕازێننەوە.

* شەفافی (بێ پەردەیی) لە وێنەکانی منداڵاندا: ئارەزووی منداڵ بۆ گەیاندنی ئەو مەبەست و بیرۆکانەی کە دەیەوێت لە رێگای وێنەکانییەوە بیانگەیەنێت بە کەسانی تر، تایبەتمەندییەکی هونەری تریان هەیە، ئەویش شەفافییەتە، واتە بێ پەردەپۆشی و نەشاردنەوەیە.. دەبینین منداڵێک کە وێنەی رووبارێک یا دەریاچەیەک دەکێشێت.. هەموو ماسییەکانی ناو ئاوەکە دیارن.. یان کە وێنەی ئۆتۆبیسێک دەکێشێت، هەر هەموو سەرنشینەکانی دیارن، هەر وەکو ئەو ئۆتۆبیسە لە شووشە دروست کرابێت.

(*) خۆشی لە وێنەکانی منداڵاندا: کە منداڵێک دەیەوێت لە وێنەکانیدا، گوزارشت لە خۆشی و شادی بکات .. بۆ نموونە گەر وێنەی خانوویەک بکات بە بابەتی جوانکاری دەیڕازێنێتەوە، ئەو خۆشی و شایی و ئاهەنگەی کە لە ژوورەوەی خانووەکەشدا هەیە دەیانکێشێت، هەروەکو دیوارەکانی ئەو خانووە لە شووشە دروست کرابن.. چونکە ئەم دەیەوێت تابلۆکەی گوزارشت لەو خۆشی و شادی ناو خانووەکە بکات.

* دووبارە کێشانەوەی وێنە: زۆر جار منداڵ دووبارە و سێ بارە لە قۆناغەکانی ژیانیدا وێنەکان دەکێشێتەوە.. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە منداڵ هەست بەوە دەکات، کە توانی ئەوەی هەیە، کە بە جوانی و جوانتر وێنەی هەندێ شت دووبارە بکاتەوە.. لە ئەنجامی مەشقکردن و دووبارەکردنەوە و بیرۆکەی باشترەوە دێت.

* کە منداڵ وێنەی چەند شێوەیەکی ئەندازەیی (هەندەسی) دەکێشت: گەلێ لێکدانەوەیان سایکۆلۆژیای هەیە، دۆخەکانی دەروونیی منداڵ دەردەخەن:

١- چوار گۆشە: گوزارشت لە رووبەرێکی هەڵکەوتن و توانای دیاری کراو دەکات لە، بەڵام سنووردار و بەندە .. واتە هەست بە نائارامی دەکات .. بە تایبەتیش ئەگەر، بە پێنووسەکەی بە تۆخی و دەست داگرتن چوارگۆشەکەی بکێشێت.

٢- بازنە: گەر منداڵێک لە وێنەکانیدا بازنە بکێشێت .. واتە ئەو منداڵە تا رادەیەکی زۆر هاوکارە و لێبووردەیە .. بەڵام ئەگەر تووڕەبێت، تۆڵەی خۆی دەکاتەوە .. ئەم منداڵە بە زۆری ئارەزووی رەنگی شین دەکات.

٣- سێ گۆشە: گوزارشتە لە منداڵێکی نموونەیی زیرەک و ڕێک .. ئەرک و کارەکانی بە جوانی رادەپەڕێنێت .. بەرپەرسێتی لە ئەستۆ دەگرێت .. پشت بەخۆی دەبەستێت.

٤- ئەستێرە: گوزارشتە لە منداڵێکی هەڵەشە و پەلەکەر لە بڕیارەکانیدا.. زوو تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت .. میزاجییە.. لە راکانیدا جێگیر نییە.. بە زۆری لە تابلۆکانیدا رەنگی سوور بەکاردەهێنێت .

* تاریککردن (رەشکردنی وێنە): ئەگەر منداڵێک کەسێکی کێشا و هەموو گیانی رەش کرد.. یا بە تۆخی وێنەکەی کێشا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم منداڵە نائارامە و تووشی دڵەڕاوکێ بووە.. بەڵام ئەگەر بەشێکی دیاریکراوی لە وێنەکەدارەش کرد.. واتا دڵەڕاوکێیەکەی پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە .

* دەست داگرتن و دەست دانەگرتن لە پێنووس (تۆخ یا کاڵ کێشانی وێنەکان): ئەگەر منداڵێک، زیاتر لە پێویست دەست لە پێنووس دابگرێت و هێڵەکانی وێنەکەکانی تۆخ بکێشێت.. ئەوە گوزارشتە لەوەی کە ئەم منداڵە .. زیاد لە پێویست سکیچ و ماسولکە گرژە و، نا ئارامیی لێ بەدی دەکرێت.. بەڵام دەست دانەگرتن لە پێنووس و کاڵ کێشانی وێنە.. گوزارشتە لەوەی، کە ئەم منداڵە توانای لەشی و هەستی دەروونی دابەزیوون و، نائارامی پێوە دیارە.. ئەم دوو دیاردەیەش لە وێنەکانی کوڕاندا زیاتر رەنگیان داونەتەوە .. بەڵام لە وێنەکانی کچاندا کەمتر بەدی دەکرێن .

بەڵام گەر هات منداڵ بەپێی پێویست و، بە دڵنیاییەوە وێنەکانی کاڵ یا تۆخ بکات.. ئەمە گوزارشتە لە هاوسەنگی و نەرمی و گونجان.

* لابردن و زیادەڕۆیی: لە وێنەکانی منداڵدا، بە تایبەتیش منداڵانی تەمەن هەشت بۆ نۆ ساڵان، دیاردەی لابردن و، زیادەڕۆیی بەدی دەکرێن.. کە لە منداڵێکی ئەم تەمەنە داوابکەیت، کە وێنەی وەرزشوانانی تیپێکی تۆپی پێ بکێشێت.. لەوانەیە دەستەکانی یاریزانەکان نەکێشێت.. بەڵام زیادەڕۆیی لە وێنەکێشانی پێیەکانیان دەکات، زیاد لە پێویست گەورە دەیانکێشێت.. ئەمەو لە وێنەکێشانی، دەستەکانی گۆڵچییەکەدا، زیاد لە پێویست گەورە دەیان کێشێت.. ئەمەش پەیوەندی ئەم منداڵە دەسەلمێنێت بە زانستی و زانیارییەکانی دەربارەی یاسا و ڕێساکانی تۆپی پێ.

* گۆشەگیری: چۆن بە پێی وێنەکان دەزانین، کە منداڵێک گۆشەگیری بووبێت.. شێوەکانی ناو وێنەکانی بە بچووکی دەیانکێشێت.. وێنەکەکان لە لایەکی لاپەڕەکانەوە دەکێشێت.. زۆر جاریش وێنەکانی تەواو ناکات.. نارێکی و نەگونجاوی لە وێنەکانیدا بەدی دەکرێن.. بە زۆریش چوارچێوە بۆ وێنەکانی دەکێشێت.

* شەڕانگێزی: چۆن بە پێی وێنەکان دەزانین کە خاوەنی ئەم وێنانە شەڕانگێزە ..
دەستەکانی کەسەکان درێژ و گەورە دەکێشێت .. دەمیان گەورە و ددانەکانیان گەورە دەکێشێت ..هێلی راستی گۆشەتیژ دەکێشێت .. وێنەکانی لەسەر لاپەڕەکاندا رێک نین .. پێنووسەکەی قایم دەجوڵانی و، قایم و بەسەر لاپەڕەکاندا دەیهێنێت و دەیبات .. هەر وەکو لە شەڕ و هێرشدا بێت .

* دوودڵی (دڵەڕاوکێ): بە شیکردنەوەی وێنەکان چۆن بۆت دەردەکەوێت، ئەگەر منداڵێک دوودڵ بێت ..؟ وێنەکان چەوت دەکێشێت و تێکیان دەدات .. زیاد لە پێویست لێیان لا دەبات و، تۆخیان دەکات .. وێنەکێشراوەکانی رەق و بێ جووڵەن .. دەستەکانی مرۆڤ بو ئاسمان دەکێشێت .. یا بۆ خوارەوە شۆڕیان دەکاتەوە.

* چەند رێگایەکی نا ئاسایی تر لە وێنەکانی منداڵاندا:

١- شێوەی پێچ پێچ (مار ئاسایی): گوزارشە لە دڵنیا نەبوون و شاردنەوە و ترس.
٢- وێنەی لار: نەبوونی هاوسەنگی و .. نەبوونی دڵنیایی دەگەیەنێت.
٣- جادووکەر و دڕندە: گاڵتەجاڕی و تەوس و سووکایەتی کردنە بە کەسان.
٤- لابردن و سڕینەوە: گوزارشتە لەوەی.

*ئەو کەسە بوونی نییە لە ژیانی ئەو منداڵەدا.*

* بیرکۆڵ (کەم هۆش): بە شیکردنەوەی وێنەکان منداڵ کەم بیرکۆڵ دەزانرێت.. پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان شێوەکانی وێنەکانیدا نییە.. بۆ نموونە (دەستەکانی کەسەکانی واکێشاون کە لە سەریانەوە دەرچوون).. هاوڕێژەیی لە وێنەکانیدا نین.. دووبارەکردنەوەیان زۆر تێدان.. لە وێنەکانیدا روونکردنەوەی زۆریان تێدا نییە.

* منداڵ ستەملێکراو: گەر منداڵێک دووچاری ستەم و خراپە بووبێت.. وێنەی کەسانێکی ئەندام بڕاوە دەکات .. گونجان لە نێوان ئەندامانی لەشی کەسەکانی وێنەکانی نین.. کێشەی خۆی دەردەخات، کە توانای خۆپاراستنی لەو لەو ستەمکارییانە کە دەرهەقی دەکرێن نییە.. ڕەنگی سوور و ڕەش لە وێنەکانیدا دووبارە دەبنەوە .

*بە شێوەیەکی گشتی و بە پێی خەسڵەت و ئەو وێنانەی دەیان کێشن، منداڵانی وێنەکێش:*

١- منداڵی هاوسەنگ: هێلکارییەکانی ڕێک و روونن .. ڕەنگەکانی تابلۆکانی گەش و گونجاون لە گەڵ وێنەکاندا .. لە چوار بۆ شەش ڕەنگ بەکاردێنێت.. لە ناوەڕاست لاپەڕەکاندا وێنەکانی دەکێشێت.

٢- منداڵی زۆر بزێو : لاپەڕەی زیاتری دەوێت.. هەموو وێنەکانیشی تەواو ناکات .. ڕەنگی زۆریش بەکار دەهێنێت.. بە تایبەتیش سوور و پرتەقاڵی و زەرد و سپی.

٣- منداڵی شەڕانی: بە زۆری وێنەکانی دەدڕێنێت و پارچە پارچەیان دەکات .. بەی زۆریش وێنەی ئەو کەسانە دەکێشێت کە (شەرانین، دزن، چەتەن) دەمیان گەورە دەکێشێت و دانەکانیان بە دەرەوەن .. ئەم منداڵانە بە زەحمەتی دەتوانن هێلەکان بکێشن زۆر بە توندی و قایمی پێنووسەکانیان بەسەر لاپەڕەکاندا دەهێنن .. دەبێتە هۆی ئەوەی کە لاپەڕەکان کون ببن.

٤- منداڵی نەخۆش یا خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان: ئەم منداڵانە لە وێنەکانیاندا، ڕەنگی تۆخ و خەمناک بەکاردەهێنن.. بۆ نموونە گەر منداڵێکی کەڕ، لە تابلۆکانیدا وێنەی کەسانێک بکێشێت، بە زۆری گوێیەکانیان بۆ ناکێشێت .. یا گوێیەکانیان زۆر گەورە دەکێشێت.

* زمانی شتە وێنەکێشراوکانی منداڵان: هەر وەکو هێلەکان و ڕەنگەکان .. هەموو ئەو شتانەی کە منداڵان وێنەیان دەکێشن (دەدوێن) بۆ نموونە:

* خانوو لە ناوەڕاستی لاپەڕەکاندا: گەر ئەو خانووە پەنجەرەی هەبێت .. نیشانەی هاوسەنگی منداڵە وێنەکێشەکە دەگەیەنێت.. بەڵام گەر منداڵێک دوو خانوو لە هەمان لاپەڕەدا بکێشێت .. گوزارشتە لە جیابوونەوەی دایک و باوکی .. کە هەریەکەیان لە خانوویەک یا لە ماڵێکدا دەژین.. بەڵام منداڵی (بێ باوک و بێ دایک) وێنەی خانوویەک دەکێشێت بەبێ دەرگا یا بەبێ پەنجەرە و دەلاقە دەیکێشێت، کە گوزارشت لەوە دەکات، کێشەی ئەوەی هەیە، پەیوەندی کە لەگەڵ خەڵکی دەرەودا باش نییە.

* خۆر: بە زۆری باوک دەگەیەنێت.. کاتێ کە منداڵێک لە تابلۆکانیدا وێنەی خۆرێکی گەش و تیشکدار دەکێشێت .. ئەمە گوزارشتە لەوەی، کە پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا باشە و خۆشیدەوێت.

* ئاو: ئاو لە وێنەی ئەو منداڵانەدا دووبارە دەبێتەوە، کە میز بە خۆیاندا دەکەن.

* ئۆتۆمبیل: گەر منداڵان وێنەی ئۆتۆمبیل و فڕۆکەیان کێشا، گوزارشتە لەوەی کە حەزیان لە گەشتە و گەڕانە.

* پەیژە: پەیژە لە وێنەی منداڵاندا، گوزارشتە لە گەشبینی و بەرزڕوانین.

* ڕەنگەکان و وێنەکانی منداڵان: ڕەنگەکان بایەخێکی گەورەیان بە لای منداڵانەوە هەیە.. لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگدا دەژین و، ڕەنگەکان تێکەڵی ژیانمان بوونە.. ئەوەش ئاساییە کە ڕەنگەکان کارتێکەربن لە وێنەکانی منداڵاندا.. ڕەنگەکان و فرەڕەنگی، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی منداڵان و گەورەکانیشدا هەیە.. گەر ژیان یەک ڕەنگ بوایە.. سارد و سڕ دەبوو .. چێژێکی ئەوتۆی نابوو .

هەر لە دایانگەوە منداڵان ڕەنگەکان دەناسن و تاقییان دەکەنەوە، بێ ئەوەی ڕەنگێک لە ڕەنگێکی تر بە زیاتر بزانن.. لە پۆلی دووەمی بنەڕەتیدا منداڵان ڕەنگی دیاری کراو هەڵدەبژێرن.. لە چوار ڕەنگەوە بۆ شەش ڕەنگ هەڵدەبژێرن.. ڕوانینی منداڵان بۆ ڕەنگەکان جیاوازە لەگەڵ ڕوانینی گەورەکاندا.. منداڵان بە پێی لێکدانەوەی خۆیان ڕەنگەکان هەڵدەبژێرن.. منداڵان بە پێی خەسڵەتەکانی ڕەنگەکان، ڕەنگ هەڵدەبژێرن .. بۆ نموونە (ڕەنگی سوور) بە لای منداڵانەوە، گوزارشت لە جووڵە و هەڵچوون و خوێن ناکات، بەڵکو گوزارشتە لە گەشی و خۆشی و شادی.. زۆربەی منداڵان لە بۆیەکردنی وێنەکانیاندا ڕەنگی سوور لە هەموو ڕەنگەکانی تر زیاتر بە کاری دەهێنن.

منداڵان ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێت، بە ڕەنگی گەش و جوان بۆیەیان دەکەن.. بەڵام ئەو کەسانەی کە خۆشیان ناوێت، بە ڕەنگی ناشیرین و تێکەڵ و پێکەڵ ڕەنگیان دەکەن.. ئەمەش لە ئەنجامی سۆز و خۆشەویستی و شادی، یا ڕق و بوغزی دایک و باوک و مامۆستاکانیان یا کەسانی خێزانەکانیان یا هاوڕێکانیان بەرجەستە بووە.. بە باشی یا خراپی هەستی خۆیان بەو ڕەنگانە بەرانبەریان دەردەبڕن.. واتە خۆشەویستی و سۆز یا ڕق و بوغز.. لە ڕەنگەکانی وێنەکانی منداڵاندا ڕەنگدانەوەیان هەیە.

* لایەنە ئەرێنییەکان (پۆزەتیڤەکان) لە وێنەکانی منداڵاندا: ئێمە لە سەرەوە بە زۆری باسمان لە لایەنە نەرێنییەکانی سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان کرد.. بەڵام بەرانبەر بەو لایەنە نەرێنییانە، منداڵانی هاوسەنگ لە وێنەکانیاندا گوزارشت لە گەلێ لایەنی ئەرێنی و پۆزەتیڤ و مژدەبەخش دەکەن.. گەلێ ڕاز و هیوای بەرز و

خەونی شیرین و بەهرە و توانا لە تابلۆکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە.. بۆ نموونە: کە دەبینین منداڵێک کە لە وێنەکانیدا، وێنەی خۆی وەکو پزیشکێک یا ئەندازیارێک یا مامۆستایەک یا هونەرمەندێک یا... هتد. دەکێشێت.. یا کە منداڵێک کە دەیەوێت گوزارشت لە سۆز و دڵسۆزی و لە خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمانەکەی و، نیشتمان پەروەری و خۆی بکات.. بۆ نموونە منداڵێکی کورد: کە گوزارشت لە کوردستان پەروەری خۆی بکات، وێنەی ئاڵای کوردستان و، پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان و سەرکەوتنەکانیان، وێنەی چەند پێشمەرگەیەکی کورد لەسەر دەبابەن یا لەپشت تۆپەوەن، یا لوولەی تفەنگەکان و تۆپەکانیان ئاراستەی نەیاران کردوون و، دوژمنانی کوردستان بە شکستی و تێکشاوی و سەرشۆری و بەزین وێنەدەکێشێت.. یا سروشت و دیمەنە جوانەکانی کوردستان و، ئاهەنگێڕانی ڕۆژی جەژنی نەورۆز و،.. دەکێشێت ئەمانە ڕەنگدانەویان لە وێنەکانیاندا هەبێت.. ئەمەشیان دەکەوێتە سەر دایکان و باوکان و سەر مامۆستایانی وانەی پەروەردەی هونەری.. کە پێویستە بە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کورد و کوردستان کوردیلەکان گۆش و پەروەردە بکەن.. تا پەروەردە دروستیان لە وێنەکانیاندا ڕەنگ بدەنەوە و گوزارشت لە کوردستان پەروەریی خۆیان بکەن.

### شیکردنەوەی ئەندامانی لەش لە وێنەکانی منداڵاندا:

منداڵان بە پێی بارودۆخی دەروونیان، لە خۆشی و شادی و لەخۆشەویستیدابن .. یا لە ناخۆشی و خەمۆکی و ئازار و گرفتی دەروونیدا دابن .. لە ڕێی وێنەکێشانی ئەندامانی لەشی کەسێتییەکانی وێنەکانیانەوە، گوزارشت لە ناخی دەروون و لە هۆشیان و لە بیر و باوەڕ و بیرۆکەکانیان دەکەن و .. مەبەست و پەیامەکانیان بە ئێمە دەگەیەنن.. بە کورتی دێینە سەر شیکردنەوەی وێنەکانی ئەندامانی لەشی کەسانی وێنەکانی منداڵان:

١- سەر: وێنەکیشانی سەری گەورە، گوزارشتە لە خۆپەرستی و لە خۆ بە زلزانین .. گوزارشتە لە هەستکردن بە خۆکەمزانین و، بە بێتوانایی جەستەیی.. بەڵام لە وێنەکانی منداڵانی زیرەکدا، وێنەیکێشانی سەری گەورە، گوزارشتە لە بیرۆکەی گەورە.. وێنەی سەری بچووکێش، گوزارشتە لە شەرم کردن، لە نکووڵی کردن، لە بیرۆکەی بە ئازار. لە وێنەکانی منداڵانی هاوسەنگدا، وێنەی سەر لە گەڵ ئەندامەکانی لەشدا گونجاوە.

٢- چاوەکان: ئەو منداڵانەی کە وێنەی چاوەکانی کەسێتییەکان بە گەورەیی و، بە گومانـاوییەو دەیانکێشن .. گوزارشتە لە نا ئارامییان و، وا هەست دەکەن کە هەمیشە لەژێر چاودێریدان.. بەڵام ئەگەر چاوەکانیان بە

نووقاوی بیانکێشن، یا چاوێلەکەی ڕەشیان لە چاوە بکەن، ئەمە گوزارشتە لە حەزکردن بە گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە دیمەنەکان یا نیشاندانی ئازار و بێزاری.. بەڵام ئەگەر چاو بۆ کەسەکانی وێنەکانیان نەکێشن، نیشانەی ئەوەیە کە حەز بە تێکەڵبوونی خەڵکی ناکەن .. ئەو منداڵانەش کە لە شێوەی بازنەی بچووکدا چاوەکان دەکێشن، گوزارشتە لە هەڵچوون و پشت بەست بە کەسانی تر و بێ بڕوابەخۆبوونیان.

٣- لووت: منداڵانی هاوسەنگ، لووت وکونەلووتەکانی کەسێتییەکانی وێنەکانیان بە ئاسایی دەکێش .. بەڵام وێنەکێشانی لووتی گەورە، گوزارشتە لە دوژمنایەتی.

٤- دەم و ددان: دەمی زل و کراوە، گوزارشتە لە زۆر بلێی و چەنەبازی .. یا کێشەی زمان و قسەکردنی هەیە .. یا پشت بەستن بە کەسانی تر .. بەڵام دەمی گەورە و ددانی گەورە، گوزارشتە لە شەڕانگیزی و گێچەڵ .. هەر وەکو وا خۆی دەربخات کە ئامادەی پەلاماردان و گازکردن و بچڕینە.

٥- مل: ئەو منداڵانەی ملی کەسێتییەکانی وێنەکانیان زیاد لە پێویست درێژیان دەکێشن .. گوزارشتە لەوەی تەگەرە لە ڕێیاندایە، بۆ گەیشتن و مەستبوونیان لە ئارەزووەکانیان .. ئەو منداڵانەی کە ئازاری دەروونی دەچێژن .. لە وێنەکانیاندا مل بۆ کەسەکان ناکەن و سەریان دەنووسێنن بە سنگیانەوە.

٦- دەستەکان: دەستەکان لە وێنەکانی منداڵاندا، بەپێی کێشانیان گوزارشت لە زۆر شت دەکەن .. (دەستی گەورە ) گوزارشتە لە دزیکردنی ئەو منداڵانەی کە دەیانکێشن .. (دەستی درێژ بۆ دەرەوە)، ئارەزووی منداڵان دەگەیەنێت بۆ پەیوەندی کردن بە کەسانی ترەوە، یا ئارەزووی یارمەتیدانی و تێکەڵ بوونیان هەیە.. (دەستی گەورە و بەهێز) گوزارشتە لە تەماح و ئارەزووی زاڵبوون و دەسەڵات.. هەندێ جاریش شەڕانگێزی دەنوێنێت.. (دەستی کورت) گوزارشتە لە دڵەڕاوکێ و نائارامی.. ئەگەر دەستەکان (درێژ و لاوازبن) گوزارشتە لەوەی کە پێویستییان بە لایەنگرتن و پاڵپشتی و، بە یارمەتیدانی دەوروبەرەکەیان هەیە.. ئەگەر دەستەکانیان کورت وێنەکێشابن، واتە هەوڵنادەن و، هەست بە کەم توانایی دەکەن.. ئەگەر بێتو (دەستەکان بۆ سەرەوە) یا (بۆ ناوەوە) کێشرابن .. گوزاشتن لە دڵەڕاوکێ .. بەڵام گەر منداڵێک بە بەردەوامی لە وێنەکانیدا (دەستەکان و قاچەکانی کەسانی وێنەکانی لە بیربکات و نەیانکێشێت) ئەمە گۆزارشتە لە گۆشەگیری و بێزاری ئەو منداڵە، نازانێت چۆن لە ژیانیدا ڕەفتار بکات.

٧- دەموچاو: ئەگەر منداڵێک لە وێنەکانیدا (دەموچاوەکانی کەسەکانێ وێنەکانی ناشیرین بکێشێت) گوزارشتە لە رق و ناکۆکییەکانی ناو ئەوخێزانەی لەگەڵیاندا دەژیت.. (دەموچاوی ترش و خەمگین) یش، گوزارشتە لە هەستی ئەو منداڵە لەو کاتەدا.

## وانەی (پەروەردەی هونەری) لە قوتابخانەکاندا:

وانەی (پەروەردەی هونەری) کە یەکێکە لە وانەکانی پرۆگرامی خوێندن، لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی.. بەڵام بەداخەوە، تا ئەمڕۆش لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا، وەکو پێویست گرنگی و بایەخ بەم وانەیە نەدراوە.. تا رادەیەک پشتگوێ خراوە و، وەکو وانەیەکی سەرکی لێی ناڕوانن، بەڵکو بە وانەیەکی لاوەکی دادەنێن. یا هەندێ لەو مامۆستایانەی کە وتنەوەی ئەم وانەیەیان پێ سپاردوون زۆر نابەڵەدن لە ئاستی (ئامانجەکانی پەروەردەی هونەری) و لە هونەری وێەکێشان و لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای وێنەکانی قوتابییەکانیان.. تەنانەت ئەو مامۆستایانەی کە پسپۆر و شێوەکارن، لە (دەرچووانی پەیمانگا یا کولێژی هونەرەجوانەکانن - بەشی شێوەکاری)، تەنها بایەخ بە قوتابییانی بەهرەمەند دەدەن و، ئەودوای قوتابییەکانیان پشتگوێ دەخەن.. یا بە نابەڵەدی و تێنەگەیشتن لە مەبەستی وێنەکانیان (نمرەیەکی نزم) بۆ قوتابییەکان دادەنین، کە کارتێکردنێکی خراپی دەبێت لە لەسەر دەروونی ئەو منداڵانە.. ئەمەش هۆیەکە لە هۆیەکانی دواکەوتنی پەروەردەی هونەری و، تۆرانی بەشێک لە منداڵان لەم وانەی پەروەردەی هونەری.. بۆیە پێویستە جەخت لەسەر گرنگی و بایەخ پێدان بە وانەی پەروەردەی هونەری بکرێت.. ئەمەو بە سەرپەرشی کەسانی پسپۆر و شارەزا لە (سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان) ساڵانە لە لایەن (بەڕێوەبەرێتی چالاکییەکانی قوتابخانەکان) ەوە کە سەر بە بەڕیوەبەرێتی شارەکانن بۆ مامۆستایانی وانەی پەروەردەی هونەری (کۆرسی راهێنانی پەروەردەی هونەری) بکرێتەوە.. بە تازەترین زانیاری و شارەزایی و داهێنان و تاقیکردنەوەکان لە بواری پەروەردەی هونەری منداڵاندا رایان بهێنن.. ئەو مامۆستایەنەش کە ئەم وانەیە دەڵێنەوە پێویستە ئامانجەکانی پەروەردەی هونەری لەبەرچاوبگرن، پێویستیشە بەگراوندێکی رۆشنبیری هونەرییان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرچاوەی پێویست بخوێننەوە کە پەیوەندییان بەم بوارەوە هەیە.. تا نابەڵەد نەبن لە بارەی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان و، لە بارەی شیکرددنەوەی سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان.

ئەم بابەتە باس و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەڵدەگرێت.. چونکە منداڵان هیوای داهاتوون.

٢٦ی جوونی ٢٠١٥

## زۆر نازپێدان بە منداڵ.. لە ڕێی دەردەکا.

منداڵان زۆر خۆشەویستن.. منداڵان تۆی ژیانن.. هیوای داهاتووی گەلانن.. منداڵان گرنگترین سامان و سەرمایەن .. کە لە نەوت زێڕیش بەنرخترن.

تا دروستر کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان گۆش و پەروەردە بکەین.. تا باشتر ئاراستەیان بکەین.. جوانتر ڕێنمایی و ئامۆژگاریان بکەین.. زیاتر دڵنیا دەبین لە هێنانەدی ژیان و ئایندەیەکی خوازراوی خۆشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان. کوردیلەکانمان دەبن بە کەسایەتی و بە تاکی دروست و سوودبەخشی بڕوا و متمانەبەخۆی کۆمەڵگای کوردیمان.. سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستانی شیرینمان دەبێت.. دەتوانن بەرگەی بەرهەڵست و کێشە و تەنگەژە و گۆڕانکاری و کارەساتەکانی ژیان بگرن .. بە ئەوپەڕی ئازایی و بە بڕوا و متمانەوە، بوێرانە ڕووبەڕوویان ببنەوە.

منداڵان ئەو شوولکە تەڕ و ناسکە نەمامانەن، کە پێویستە بە جوانی پیان بگەیەنین، تا ببنە کەڵەداری قەد ئەستوور و ڕەگ داکوتراوی بە ناخاچوو، خۆڕاگربن و بێ باکبن و، بە هەڵکردنی ڕەشەبا و زریان و تسۆنامی ڕوودا و کارەساتاکانی ژیان هەڵنەتەکێن.

ڕاستە سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی دایکان و باوکان بۆ جگەرگۆشەکانیان، لە ڕادەبەدەر و بێ سنوورن .. بەڵام پەروەردەکردنیان بە دروستیی شیرینتر و لە پێشترە.

*(ئەرستۆ) دەڵێت: "ڕەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە".*

*(لۆدڤیج ڤان بتهۆڤن) دەڵێت: "ئامۆژگاری باش فێری منداڵەکانتان بکەن .. ئەمە ئەو شتەیە کە بەختەوەریان دەکات نەک زێڕ".*

خێزان یەکەمین دەزگای پەروەردەییە .. بنەمایەکی سەرکییە لە پێگەیاندنی و پێکهێنانی کەسایەتی منداڵدا ..

منداڵ لە باوەشی خێزاندا چاوهەڵدێنێ و، دەژیت و، وەردەگرێت و، فێردەبێت .. تا گەورە دەبێت و دەتوانێت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت .. لە دوای ماڵ و خێزان، منداڵ ماوەیەکی زۆریش لە دەزگای دووەمدا کە قوتابخانەیە و تەواکەری ماڵەوەیە، بەسەردەبات .. بەڵام زۆربەی خەسڵەتەکانی رەوشتی و رەفتارەکانی و ئەو شتانەی منداڵ فێریان بووە .. لە پێنج ساڵەی یەکەمی تەمەنیدا، لە ماڵەوە لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە، لە دایک و باوک و خوشک و برا و کەسوکارییەوە وەری گرتوون .. یا لە دایەن و پەروەردەکارەکەی و دادەکانی باخچەی ساوایانەوە وەری گرتوون .. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان هەموویان جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکەن کە ئەم قۆناغە گرنگترین و، ناسکترین و، هەستیارترین و، مەترسدارترین قۆناغە، لە ژیان منداڵدا . ( فرۆید ) دەڵێت: "بەشی زۆری کەسایەتی هەر تاکێک لە تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێت .. بە تایبەتیش تا شەش ساڵان".

***(ماریا مەنتسۆری) هەر لە بارەی ئەم قۆناغەوە دەڵێت: "گرنگترین قۆناغ لە ژیانی مرۆڤدا، قۆناغی خوێندنی باڵای زانکۆ نییە، بەڵکو یەکەمین قۆناغی ژیانە، کە لە دایکبوونەوە تا تەمەنی شەش ساڵانە".***

زۆربەی خەسڵەت و بنەماکانی ژیان و کەسایەتی مرۆڤ، لەم پێنج ساڵەدا دەق دەگرن و دەچەسپێن .. دروستبن یا نادروست، کارتێکردن و رەنگدانەوەیان لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵدا دەبێت .. بە سەرنجدان و خوێندنەوەی خەسڵەت و هەڵس و کەوت و رەفتارەکانی ئەمڕۆی منداڵ لەم قۆناغەدا .. دەتوانین پێشبینی ئەو بکەین و ئەوە بزانین کە ئەم منداڵە لە داهاتوودا چ کەسایەتییەکی لێ دێتە کایەوە .. تا خێزان رێک وپێک و تەبا و رۆشنبیر و وریابن .. تا زیاتر شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ بن .. تا زیاتر کەش و هەوای خێزانی و رەفارەکانیان لەبار و دروست بن .. منداڵەکانیان مەستی پێویستییە بایۆلۆژی سایکۆلۆژیاکانیان ببن .. منداڵەکانیان بە دروستی و بە سروشتی گەشە دەکەن و، تاک و کەسایەتی هاوسەنگ و کۆمەڵایەتییان لێ دێنە کایەوە.

بێگومان دایکان و باوکان لە هەموو کەسێ سۆزدارتر و، بە بەزەییتر و، دڵسۆزترن بۆ منداڵەکانیان، میهرەبانی و خۆشەویستیان لە رادەبەدەر و بێ هاوتا و بێ سنوورە .. ئەم سۆز و خۆشەویستییەش ماکییە (غەریزییە) تەنها لە مرۆڤدا نییە، بەڵکو لە زۆربەی گیانەوەرەکانی تریشدا هەیە.

پێویستە دایکان و باوکان ئەم زۆر خۆشەویستییەیان بۆ منداڵەکانیان، لە دڵی خۆیاندا بهێڵنەوە .. چونکە

ئاشکراکردنی ئەو هەموو سۆز و خۆشەویستیەی دایک و، زۆر نازدان بە منداڵەکانی و، زیادەڕۆیی لە ئاگاداری و چاودێری و پاراستن و پیاهەڵدانیان، زیانێکی زۆر بە منداڵەکانی دەگەیەنن و، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی نەرێنی و خراپیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوویان دەبێت .. ئێمە ئەوە ناڵێین کە دایکان و باوکان سۆز و بەزەییان بۆ جگەرگۆشەکانیان نەبێت .. بە پێچەوانەوە سۆز و خۆشەویست و بەزەیی پێوستن بۆ منداڵان و، ئاسوودەیی و شادی بە دەروونیان دەبەخشێت .. بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی هاوسەنگی بێت و، زیادەڕۆیی لە گوزارشت کردن لە سۆز و خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان نەکەن .. کورد وتەنی : " هەموو شتێ بە خوێ، خوێش بە مانا " واتا هەموو شتێک پێوەر و ئەندازەی خۆی هەیە، کە لەو ئەندازەیە تێپەڕی خراپ دەبێت .. وەکو دەڵێن (باشرین ئەوەیە کە مامناوەندی بێت) .. هەندێ لە دایکان و باوکان شانازی بەووەوە دەکەن کە منداڵەکانیان بە ناز بەخێودەکەن، بێ ئەوەی کە بزانن ئەو بە نازبەخێوکردنە، چ ئاکامێکی خراب بە ژیانی منداڵەکانیان دەگەیەنێت.

منداڵی نازپێدراو و، زۆر هەڵنراو، ئەو منداڵەیە کە کۆمەڵێک ڕەفتار و خووی خراپ و ناپەسەندی هەیە .. منجڕ و بێزارکەرە، ئێرگزی و خۆپەرستە، لاسار و ملهوڕە، چاونەزێڕ و داگیرکەر و شەڕانگێزە .. بە کورتی دیکتاتۆرێکە .. ئەم کێشەیەش لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبوونیدا، گەشەدەکات و، تابێت خراپتر دەبێت و، کۆنترۆڵ ناکرێت .. چونکە ئەو ڕەوشت و ڕەفتارە ناپەسەندانە، دەبنە خوویەکی هەمیشەیی لە ژیانی ئەو منداڵانەدا، وەک کورد دەڵێت: "خوویەکی گرت بە شیری، وازی لێناهێنێت بە پیری".

بۆیە پسپۆرانی بواری پەروەردە و دەروونناسان و پزیشکانی منداڵان، ئاگادارمان دەکەنەوە و داوامان لێدەکەن، کە زۆر ناز بە منداڵەکانمان نەدەین و زیاد لە ئەندازە نەیان لاوێنینەوە .. تا خوو بە ڕەوشت و ڕەفتاری نادروستەوە نەگرن و، نەبنە تاک و هاوڵاتی سەقەت و ناهاوسەنگ .. چەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە .. کە زۆر بێزارکردن باشترە لە زۆر نازپێدان و زیاد ئاگاداری و پاراستن و لامێژی.

دایکان و باوکان واتێدەگەن، کە نازپێدان شتێکی ئاسایی و ئاسان و ساکار و کاتییە .. بەڵام ئەوە نازانن کە ڕەنگدانەوە و ئەنجامەکانی زۆر خراپ و زیانبەخش بۆ ئەومنداڵە نازپێدراوانە و بۆ هەموو ئەوانەی دەوروبەریان، لە پێش هەمووشیانەوە دایکان و باوکان گیروودە و مەفتەلا دەبن، باجی ئەم زۆر نازپێدانە بە منداڵەکانیان دەدەنەوە .. بە تایبەتیش لە قۆناغی هەرزەکاریدا .. ئەم منداڵانە سەقەت پێگەیشتووانە، زوو هەڵدەچن و یاخی و بەلەسە و سەرەڕۆ دەبن .. زوو هەڵدەخەڵەتێن و دەبنە نێچیر بۆ ئەو منداڵانی کە لە ڕێ دەرچوونە و ڕەوشت

بەد و بەرەڵا و چەقاوەسوون .. فێری جگەرەکێشان و مەی خواردنەوەیان دەکەن و، لەوانەشە تووشی مادە هۆشبەرەکانیشیان بکەن.

بە کورتی نابێت زیادەڕۆیی لە نازپێدانی منداڵ بکەین و .. ناشبێت پەراوێز و پشتگوێیان بخەین .. باشترین ڕێگا مامەڵەکردنی مامناوەندی و هاوسەنگییە لە گەڵیاندا.

## زیانەکانی زیادەڕۆیی لە نازپێدان.

خەسڵەتەکان و، زیانەکانی زیادەڕۆیی لە نازپێدان و ملکەچکردن بۆ هێنانەدی هەموو فرمان و داواکانی منداڵ زۆرن .. بە باس لە هەندێ لەو خەسڵەت و زیانانە دەکەین:

١- منداڵی نازپێدراو، ناتوانێت بەرپرسێتی لە ئەستۆ بگرێت و، ڕووبەڕووی کێشە و تەنگەژەکانی ژیان ببێتەوە، چونکە بە تاقیکردنەوەی پێویستدا تێ نەپەڕیوە، بۆ ئەوەی فێربێت و، دەربەرێت و بتوانێت بە سەرکەوتووی لەگەڵ کێشەکاندا مامەڵە بکات.

٢- ناتوانێت بەرگەی شکستی و نوشستییەکانی ژیانی بگرێت و، زوو خۆی بەدەستەوە دەدات .. چونکە ئەو وا ڕاهاتووە کە بەبی هەوڵدان هەموو داواکانی بۆ دابین بکرێن.
٣- نازپێدراو لامێژە و پشت بە خۆی نابەستێت، پشت بە کەسانی تر دەبەستێت، وەک دایک و باوکی .. تەنانەت لە قوتابخانەشدا، ئەو ئازایەتییەی نییە کە بەبێ پرس و ڕای دایک و باوکی بڕیاربدات .. بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەش هەر پشت بە کەسانی تر دەبەستێت .. بۆیە زۆر جار پەنا بۆ درۆ و گزی دەبات و کێشەی لەگەڵ مامۆستاکانیدا دەبێت.
٤- نازپێدراوی مەست، لە داوکاری و دیاری و شتە سەیرە زۆرەکانی، لە ناو کۆمەڵدا توشی شۆک و شکستی دەکات .. چونکە کەس ئامادە نییە کە نازی هەڵبگرێت و، چی بخوازی و داوابکات، بۆ دابین بکەن.
٥- نازپێدراو دەبێتە کەسایەتییەکی نێرگزی و خۆپەرست و کەس نەویست .. لە خۆی زیاتر کەسێکی تر بە هاوتای خۆی نازانێت .. کەلەڕەقە و سوورە لەسەر سەپاندنی ڕاکانی خۆی .. بەرگەی ڕەخنە و لۆمەکردن ناگرێت و، گوێ لە ئامۆژگاریش ناگرێت .. خەڵکی بە لەخۆبایی و ڕەوشت بەدەری دەزانن .. نازپێدراو وا هەست دەکات کە

جیهان لە بەرچاویدا تەسک بۆتەوە و نایگرێتە خۆی، دەبێتە کەسایەتییەکی شەڕانگێز ملهوڕ.

٦- نازپێدراو، گۆشەگیر و تەنیاخوڕە و دوورەپەرێزە و، کۆمەڵایەتی نییە و، تێکەڵ بە کۆمەڵ نابێت .. بە کەمیش لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و یاری بە کۆمەڵ بەشداری دەکات.

٧- فێری چاوەڕوانی و ئارامی و ئۆقرەگرتن نییە .. دەیەوێت لە هەموو شتێکدا ئەو یەکەمین کەس و لە پێشتر بێت و.. هیچ یاسا و رێسا و دەستووریکیش رێی پێ نەگرن.

٨- لە ماڵەوە ئازادی و دەسەڵاتێکی رەهای هەبووە و لێپێچینەوەیان لەگەڵ نەکردووە، قسەی سواربووە و، داواکانیان رەتنەکردوونەتەوە .. بەڵام لە ناو کۆمەڵدا ئەو ئازادییە رەهایە نییە.. یاسا سەروەرە و دەستوور جێبەجێ دەکرێت و سنوور و لێپێچینەوە هەیە .. بۆیە دەبێتە دوژمنی یاسا و دەستوور و، یەکسانی و دادپەروەری.

٩- نرخی شتەکانی نازانێت، چونکە بۆ دابینکردنیان هیچ ئەرک و ماندووبوونێکی نەکێشاوە .. چاکەی ئەو کەسانەشی لەبەرچاو نییە کە بۆیان دابین کردوون.

١٠- زۆر جار گریان دەکات بە چەکێکی سەرکەوتوو ، بۆ فشار خستنەسەر دایک و باوکی بۆ جێبەجێکردنی داواکانی .. وڕک دەگرێت و، مان لە نان خواردن دەگرێت و، خۆی بە زەویدا دەدات و دەگرێت و نوزەنوز دەکات .. بۆ خۆشکردنی ئەم هەڵوێستەشی هەندێ فرمێسک دەڕێژێ و، دەست بە کۆکینی دروستکراو دەکات.

١١- زۆر جار غیرە لە خوشک و براکانی دەکات .. واهەست دەکات کە ئەوان لە ئەم خۆشەویسترن .. ئەم دەیەوێت دەسەڵاتی بە سەریاندا هەبێت و، ملکەچی فرمانەکانی بن .. ئەم هەستە هەڵەیە وای لێدەکات، کە لە داهاتوودا تۆڵە لە گەورەکان بکاتەوە.

١٢- گوی بە وشەی (نا) نادات .. بۆ نموونە کە پێی دەڵێت نابێت شەڕ لەگەڵ کەسدا بکەیت .. نابێت لە رووی مامۆستاکاندا هەڵبگەڕێیتەوە .. نابێت هاوڕێتی منداڵی خراپ بکەیت .. نابێت ... هتد . بەڵام ئەم وادەزانێت بایەکە و بە لای گوێیدا تێپەڕێ.

١٣- وڕک و پەڵپی زۆر دەگرێ و، داواکارییەکانی سنووریان نییە .. حەز بە داگیرکردن و زەوتکردن و خاوەندارێتی دەکات .. ئیرەی دەبات و، حەز ناکات منداڵێکی تر، شتی جوانتر و باشتری لە شتەکانی ئەو هەبێت.

١٤- رەخنە لەە هەموو شتێ دەگرێت و، لە کەسیش رازی نییە و، رێز لە رای کەسیش ناگرێت .. کەلەڕەقە و هەمیشە دەیەوێت رای خۆی پسەپێنێت.

١٥- جیاوازی لە نیوان پێویستییەکانی و ئارەزووەکانی ناکات.

١٦- هەمیشە هەست بە بێزاری دەکات.

١٧- لە قوتابخانە لەگەڵ قوتابییەکانی تر و مامۆستاکانیدا هەڵناکات و ناسازێت .. شەڕانی و جوێندەرە .. خۆپەرست و لاسار و چەتوونە .. لەبەر ئەم رەفتارە بەدانەی، خۆشیان ناوێت و لێی دووردەکەونەوە.

١٨- زۆر نازپێدراوەکان، رووبەڕوی باردۆخێکی کوتوپڕی چاوەنوارنەکراو دەبن، کە ئەوان لەسەری رانەهاتوون، ئەمەش ئاساییە، چونکە کۆمەڵگا زامنی ئەوەیان بۆ ناکات کە خواستەکانیان بۆ دابین بکات و چاودێری تایبەتییان بکات، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە شایانی هاوکاری و یارمەتیدانن .. بۆیە دەبنە دوژمنی کۆمەڵ و لە هیچ شتێک رازی نابن و .. تووشی جۆرە بێ ئومێدی و دڵڕاوکی دەروونی دەبن .. بڕواشیان بە خۆیان نامێنێت .. ورەیان دەڕووخی و دەچنە قۆناغی شکتییەوە.

١٩- نازپێدراو، ئاژاوەچییە و، گوێ بە هێچ ئامۆژگاری و رێنماییەک نادات و .. گوێ بە دەستتوور و بە بنەماکانی رەوشت بەرزی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان نادات.

٢٠- بەڵام (لە سەدا سەد) مەرج نییە ئەو خەسڵەت و کاردانانەوە نێگەتیڤانە لە ئەنجامی زۆر نازپێدانەوە بەرجەستە بووبن .. دەشێ بە پێچەوانەوە، لە ئەنجامی پەروایزکردن و خۆشنەویستن و لۆمەکردن و توند و تیژی و نەبوونی و .. یا بەهۆی ترەوە دووچاری منداڵی ناهاوسەنگ و رەفتار ناپەسەند بووبن.

### دایکان چی بکەن پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت و کۆنترۆڵ لە دەست بدەن؟

بۆیە دەڵێین دایکان چی بکەن .. چونکە لە ماڵەوەدا دایک زیاترین کات لەگەڵ منداڵەکانیدا بەسەردەبات و، خۆشەویستیشی بۆیان بێ ئەندازەیە .. بۆیە ئەم رێنمایی و خاڵانە دەخەینە بەرچاوی دایکانی بەرێز .. بۆ ئەوەی دور لەسۆز و لە بەزەیی و لە خۆشەویستی، بە شێوەیەکی دروست و سەرکەوتوو، هەڵس و کەوت بکەن و، رێ لە رەفتارە ناشیرین و ناپەسەندکانی منداڵەکانیان بگرن.

١- دایکی بە سۆز و دڵسوز، سوود لە هەندێ ئیشوکاری ناوماڵ وەربگرە و، منداڵەکانت بەشداربکە و، فێری یارمەتیدان و هاوکاری بکە .. ئەوەش مەڵێ ناسکن و دڵم نایات ئیشیان پێ بکەم .. شینبوونی رووحی هاوکاری و یارمەتیدان لە دڵی منداڵەکانتدا، بە درێژایی ژیانت شاد ودڵخۆشت دەکات .. منداڵەکانت فێری ئیش و بەرپرسێتی و پشت بە خۆبەستن دەبن . بەری رەنج و ماندووبوون دەزانن .. رێز لە تۆ و کەسانی تر دەگرن.

٢- کە کارێکی باش ئەنجام دەدەن بە روویەکی خۆشەوە (سوپاس)یان بکە .. ئەم سوپاس کردنە، بە دڵنیایی و رێز و رازیبوون و پێزانینی دەزانن .. نەک بە قسە، بەڵکو بە کردار تۆ خۆت نموونە بە لە سوپاس کردندا، بۆ

نموونە گەر لە چێشخانەیەکی دەرەوەی ماڵ، کە شاگردەکە خوردنەکانتان بۆ دادەنێت - سوپاس - ی بکە .. فێری منداڵەکەت بکە کە بە نووسین سوپاسنامە بۆ هاوڕێکانی بنێرێت، کە بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونییەوە، پیرۆزباییان لێکرد و دیارییان پێشکەش کرد.. تا ئەم وشە جوانە ببێت بە مایەی پێزانین و درێژەپێدان.

٣- کە منداڵەکەت سنووری کۆمەڵایەتی دەبەزێنێت، پێویستە چاوپۆشی لێ نەکەیت و رایبگریت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەیت.. تێیبگەیەنە کە پێویستە بە دروستی رەفتار بکات، تا ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتیی دروست و هاوسەنگ رەفتار.. تەمێکردن و لێپرسینەوە و ئامۆژگاری و رێنمایی.. منداڵەکەت لە ناز و زیادەڕۆیی دەپارێزێت.

٤- منداڵەکەت لەسەر کاری باش و رەفتاری جوان و سۆز و بەزەیی و سازان و رێز و یارمەتیدان و هاوکاری خێرخوازی و مرۆڤایەتی و لێبووردن رابهێنە .. فێری بکە کە چۆن بە سەرکەوتوویی لە گەڵ کەسانی تردا هەڵس و کەوت بکات .. چۆن دەستی یارمەتی بۆ داماو و لێقەوماو درێژبکات .. فێری بکە ئەو بابەت و کەرەستانەی یارییەکانی کە لێیان بێزاربووە، بێ بەخشێت بەو منداڵانەی کە پێویستییان پێیان هەیە.

٥- زیادەڕۆیی مەکە لە هەڵنان و پیاهەڵدان و ستایشی منداڵەکەت، کە شایستەی ئەو هەڵنانە نەبێت .. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکەت، لە کێبڕکێیەکی وەرزشیدا، کە خۆی حەزی لێبووە کە بەشداری بکات، ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا .. نە خەڵاتی بدەرێ و نە پیرۆزبایی و لێبکە .. بە شان و باڵیشیدا هەڵمەدە .. بەڵکو ئەوەی پێ بڵێ تۆ بە رووحێکی وەرزشییەوە بە شداریت لە کێبڕکێکەدا کرد، ئەو رەفتارەشت زۆر جوانە کە پیرۆزباییت لە هاوڕێ سەرکەوتووەکانت کرد .. نابێت ئەم شکستییە کۆڵت پێ بدات .. راهێنانی زیاتر بکە، بۆ ئەوەی لەجارەکانی داهاتوودا، سەربکەویت و ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنیت .. دەبێت ئەوەش بزانین کە لە ژیاندا شکستی و سەرکەوتن هەیە.

٦- بۆ پاراستنی هەستی دەروونی و غیرەنەکردنی منداڵەکەت ... نابێت منداڵەکەت بە منداڵانی تر بەراورد بکەیت .. بۆ نموونە فلانە منداڵ لە تەمەنی تۆدایە، بڕوانە چەند زیرەک و وریایە .. کچەکەی فلان لە هەموو وانەکاندا نمرەکانی دەیە... هتد.

٧- چەخت لەسەر ئەوە بکە، کە منداڵەکەت فێری نەریتە جوانە کۆمەڵایەتییەکانمان بێت .. بۆ نموونە ( بەیانیتان باش، رۆژتان باش، ئێوارەتان باش، بەخێرهاتنی میوان، دوای نان خواردن وتێربوونی دەستخۆشی و سۆپاست بکات.

٨- فێری منداڵەکەت بکە کە نرخی پارە بزانێت .. فێری پاشەکەوت کردنیشی بکە.

٩- منداڵەکەت وەکو چەکێک و چەشنێک لە ناز، ئەگەر پێشتر سەری گرتووبێت، مان لە نان خواردن دەگرێت و، دەست بە گریان و نوزەنوز دەکات، بۆ ئەوەی بتخاتتە داوەوە و، سۆز و بەزەییت رابکێشێت و، ناچارات بکات بۆ

ئەوەی داواکەی بۆ دابین بکەیت .. ئەو ئەوە لە مێشکیدا جێگیربووە، کە مانگرتن لە خواردن و گریان، ڕێگـایەکی بـاش و سـەرکەوتووە بـۆ قـایلکردن و سـۆز و دڵنەرمـی و بەزەیـی هـاتنەوەی دایـک و بـاوکی، بـۆ جێبەجێکردنـی خواستەکانی .. زۆر جاریش لە بەردەم میواندا ئەم مانگرتنە دەگرێت، بۆ ئەوەی دایک و باوکی لە ڕوودامێنن.

چیرۆکی منداڵێکی مانگرتوو لە خواردنتان بـۆ دەگێـڕمەوە .. (ڕۆژی ماڵێـک میوانیـان دێت، ماڵەکە کـوڕێکی شـەش ساڵانیان دەبێت .. کە خـواردن لە سـەر خـوانی نـانخواردن دادەنێن، منـداڵەکەیان کـاتە بە هەل دەزانێـت، داوای کڕینی شتێکی لە دایکی کرد .. دایکی وتی بۆت ناکڕم .. منداڵەکەی مانی لە نانخواردن گرت و، دەستی بە گریـان کرد .. دایکی یەکجار پێی وت وەرە نانەکەت بخۆ، لێی دووبـارە نەکردەوە، منداڵەکە وتی نان ناخۆم .. درێـژەی بە گریـان دا، جار و باریش سەری هەڵـدەبڕی، تـا بزانێت بە دەنگییەوە دێن و بەڵێنـی پێ دەدەن کە بـۆی بکـڕن .. بەڵام کەس لێی نەپرسییەوە.. نان خورا و هیچ خواردنێکیان بۆ منداڵەکە نەهێشتەوە، لە چێشتخانەکەشیاندا، چی بۆ خواردن دەشیا لێیان شاردەوە.. دوای ئێوارە هەریەکە چوون بە لایەکدا.. منداڵ دەگریا.. لە برسا سکی دەهـوڵ زوڕنای لێدەدا.. بە ماتەمات چووە چێشتخانەکەوە.. هیچی نەدۆزییەوە کە بیخوات.. لە (سـاردکەرەوە) کەشیـاندا، تەنها ئاوی سارد و خاوێن هەبوو.. چوو بە دایکی وت: "برسیمە.." دایکی پێی وت: "هیچ خواردنێک نەماوەتەوە .." ناچاربوو بەرەو نووستن مل بنێت.. بەڵام برسێتی زۆری بۆ هێنا و خەوی لێ ناکەوت.. ئەمجارەیـان بە کوڵ دەگریـا .. نەک بۆ ئەو شتەی داوای کرد، بەڵکو لە تـاو برسێتی.. بەڵام دایکی بە لایدا نەچوو).

ئەو دایکە زیرەک و دووربین بوو، سۆز و بەزەیـی و خۆشەویستیی بـۆ منـداڵەکەی بە لاوەنـا.. ژەمێکـی خـواردنی لە منداڵەکەی بڕی.. بەڵام وانەیەکی ئەوتۆی فێرکرد کە هەرگیز ئەو منداڵە ئەو ڕەفتارە دووبـارە نەکاتەوە و مان لە خواردن نەگرێت.. ئەوەی فێری منداڵەکەی کـرد، کە وڕگـرتن و مـانگرتن لە خـواردن و گریـان و پـاڕانەوە هـۆیەکی پەسەن نین بۆ هێنانەدی داواکانی.. ئەم دایکە ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کرد.. گەر بهاتـایە تەنهـا بە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستیی بێ سنووری مامەڵەی لەگەڵ بکردایە.. منـداڵەکەی دەبـوو بە منـداڵێکی نازپێـدراو.. مانگرتن لە نان خواردن دەبوو بەخوویەکی . کە گەورەش بێت ڕێز لە فرمانەکانی دایکی ناگرێت.. بەڵێ بە بڕینی تەنهـا ژەمە خواردنێک.. نەیهێشت ئەو ڕەفتـارەی منـداڵەکەی ببێت بە خـوویەکی هەمیشـەی و لە ژیـانی ئەمـڕۆ و داهاتوویدا ڕەنگ بداتەوە.. وەکو دەشڵێن هەمیشە: خۆپاراستن .. باشترە لە چارەسەرکردن.

١٠- دایـک و بـاوک نابێت، جیـاوازی لە نێوان منداڵەکانیانـدا بکەن .. بە شێوەیەکی یەکسـانی لێیـان بـڕوانن .. کەسیان لەوەی تریان بە زیاتر نەزانن.. نابێت لە نێوان کوڕ و کچدا جیاوازی بکەن.. یا بەراوردکردنیـان لە ڕووی

زیرەکی و جوانی.. یا ئەمەیان دوا بۆڵە و لە هەموویان خۆشەویستر و شیرینترە.. چونکە جیاوازی کردن، هەستی غیرەکردن و رق لێبوونە، لە دەروونی منداڵاندا دەچێنێت.

١١- منداڵەکەت مەکەرە ژێر دیارییەوە.. یا بە کراسی جوان و جلوبەرگی گرانبەها و یاریی ئەلیکترۆنی و شتی سەیر و سەمەرە ئیغرای بکەیت و، هەموو نازەکانی هەڵبگریت.. چی بوێت بۆ دابین بکەیت.. ئەم مامەڵەکردنە هەڵەیە.. چونکە بوار بۆ منداڵەکەت ناهێڵنەوە، کە تاقیکردنەوە بکات و وانە و پەندی ژیان فێربێت و، ئەوەش بزانێت کە پارەی ئەو شتانە چۆن پەیدا دەکرێن.. یا چۆن پاشەکەوت دەکرێت.

١٢- پێویستە منداڵەکەت فێری چاوەڕوانی و ئارامگرتن و خۆڕاگرتن بکەیت.

١٣- ئازادی و دەسەڵاتێکی رەهای مەدەرێ، ئەمە وای لی دەکات زیاتر خۆپەرست بێت.

١٤- ئەگەر خۆت و هاوسەرەکەت کاردەکەن یا فەرمانبەرن.. ئێوارە کە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، خۆتان بە گونهبار مەزانن، کە لە بەیانییەوە منداڵەکەتان بە جێ هێشتووە.. هەوڵی ئەوەش مەدەن کە تۆڵەی ئەو لێدابڕانەی بۆ بکەنەوە و.. نازبارانی بکەن و، هەموو داوایەکی بۆ جێبەجێ بکەن.

١٥- دایکی بەڕێز، ئەگەر منداڵەکەت (تاقانە) نەشبێت زیاد لە پێویست نازی مەدەری .. زیادەڕۆییش لە ئاگاداری و چاودێری و پاراستنی مەکە و، هێندەش ترست لێ نەبێت.

١٦- کاتێ کە لەگەڵ یەکێکدا دەدوێ.. رێ بە منداڵەکەت مەدە کە قسەکەتان پێ ببڕێت .. ئەگەر چاوەڕێی نەکرد تا تەوادەبەن.. چاوێکی لێداگرە .. ئەگەر چاوداگرتنەکەشت سوودی نەبوو.. دوایی هەرخۆت بیبەرە ژوورێکەوە و بە هێمنی و زانایی لۆمەی بکە و، لێبپێچینەوەی لەگەڵدا بکە.. تا دان بە هەڵەکەیدا دەنێت و، بەڵێن ئەوەت دەداتێ کە ئەم رەفتارە ناپەسەندەی دووبارەی نەکاتەوە.

١٧- دەکرێت لە هەندێ پرسدا، رای منداڵەکەت وەربگریت .. وەکو: حەزت لە چ جۆرە خواردنێکە.. حەزت لە خوێندنەوەی چ جۆرە کتێبێکە.. حەزت لە چ یارییەکە.. حەزت لە کام رەنگە.. حەزت لە چ جۆرە جلوبەرگێکە.

ئەوەی پێ بڵێ کە ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو شتانەی کە لەگەڵ دەستوور و، رەوشتی دیاریکرادا دژەباو نین .. بواری هەڵبژاردنی تێدایە.

١٨- ئەگەر زانێت منداڵەکەت هاوڕێتی منداڵێکی لە رێ دەرچووی بەدڕەوشت دەکات و رەفتارەکانی هاوڕێکەیت بە دڵ نییە.. منداڵەکەتی لێ دووربخەرەوە.. بە راشکاویش پێی بڵێ کە هاوڕێکەت بەدڕەفتارە و نابێ هاوڕێتی بکەیت .. تا داکۆکی لێ نەکات.

١٩- لە هەموو شتێکدا داوای لێبووردن لە منداڵەکەت مەکە.. با نەبێتە خوویەکی جێگیر و دەقگرتوو .. لە هەموو شتێکدا داوای لێبووردن بکات.

٢٠- پێویستە دایکان و باوکان جار و بار داواکانی منداڵەکەیان بە (نا) یا (نەخێر) ڕەتبکەنەوە .. ئەوەش بخەنە پێش چاویان کە منداڵەکەیان بە (نا) تووڕە دەبێت.. بەڵام ئەم تووڕەبوونەی ماوە کورتە، پێویستە جدیش بن لەم هەڵوێستەیان چونکە منداڵ دایک و باوکی تاقی دەکاتەوە .. ئەگەر نا یەکەیان نەبردەسەر.. دەبێتە قسەیەکی بێ کردەوە.

٢١- ڕێ بە منداڵەکەت مەدە پێچ و پەنا بدات و.. لە ماڵەوە کۆمەڵێک دەستووری بۆ دابنێ کە پێویستە پابەندیان بێت.. تا لە ئایندەدا ڕێز لە یاساکان و دەستوورەکان بگرێت و، سەرپێچی نەکات.

٢٢- پێویستە منداڵەکانتان ڕێزتان لێ بگرن و، ئەوەیان تێ بگەیەنن کە چۆن ئەوان مافیان بەسەر ئێوەوە هەیە .. ئێوەش مافتان بەسەر ئەوانەوە هەیە.. ناشبێت دایک و باوک مامەڵەکردنتان لەگەڵ منداڵەکانیان، دوو شێوەی جیاوازی دژ بە یەکتربن.. بۆ نموونە : دایک نەرم بێت و باوک ڕەق بێت.. ئەوەی دایک بنیاتی دەنێت.. باوک بیڕووخێنێت.. یا بە پێچەوانەوە.. پێویستە یەکدەنگ و هاوڕا و هاومامەڵەبن، لە بڕیارەکانتان بەرانبەر بە منداڵەکانتان.

٧ی جوولای ٢٠١٥

## چۆن دەزانی کە منداڵەکەت بەهرەمەندە؟

ئەگەر زەوی خاکی بە پیت و زێڕ و ئەلماس و نەوت و کانزای بەنرخی هەبێت .. ئەگەر دەریا گەوهەر و مەرجان و دوڕ و مرواری گرانبەهای هەبێت .. ئەگەر ئاسمان خۆری گەش و مانگی تابان و ئەستێرەی جوان و ورشەداری هەبێت .. ئەوا ئادەمیزادیش ڕۆڵەی بەهرمەند و زیرەک و بلیمەت و داهێنەری هەیە .. کە بە سامان و سەرمایەی ڕاستی نەتەوە دادەنرێن .. بەها و گرنگیان لە زێڕ و نەوت و لە هەموو سامانێکی تر بەنرخترن .. نەتەوەکان هەر ڕەگەز و ڕەنگ و زمانێکیان هەبێت .. قەرزاری زادەی هۆش و بیر و داهێنانی بلیمەتەکان و بەهرەمەندەکانن، زیندووبن یا مردووبن .. بەبێ ئەنجامدانی داهێنانەکانی ئەم داهێنەرە هەڵکەوتووانە، نە شارستانی و نە پێشکەوتن و نە داهێنان و نە تازەگەری دەهاتنە کایەوە .. بەراورد بە ئەمڕۆ، کە ژیان و گوزەرانی مرۆڤ ئاسان و خۆشە .. بەڵام لە دوێنێدا ژیان و گوزەرانی مرۆڤ زۆر سەخت و پڕ لە کوێرەوەری بوو .. ئەم شارستانی و

پێشکەوتنەی ئەمڕۆمان، لە هەموو بوارەکاندا، بەرهەمی زادەی بیری قووڵ و گەشی زانایان و بەهرەمەندان و داهێنەرانە .. بۆیە ئەم داهێنەر و بلیمەتە هەڵکەوتووانە، زەخیرەی نیشتمانین و، سەرچاوەی بەختەوەری و شادین .. دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان کە دەربارەی منداڵانی بەهرەمەندە .

لە زمانی کوردیدا، چەند وشەیەکی ترمان هەیە، کە هاومانا و هاومەبەستن، یا نزیکن لە وشەی (بەهرەمەند) ەوە وک (هەڵکەوتوو، زیرەک، بلیمەت، دانەمێن، بیرتیژ، زەینتیژ، سەرکەوتوو، زۆرزان، هۆشمەند) ئێمە لە نێوان (هەڵکەوتوو) و (زیرەک) و (بەهرەمەند) دا، وشەی (بەهرەمەند) مان هەڵبژارد.. گومان لەوەدا نییە، کە هەموو خێزانێک، هەموو دایک و باوکێک پڕ بە دڵ حەزدەکەن کە منداڵەکانیان لە داهێنان و جیاوازیدا، لە بە دەستهێنای پلەی ئەکادیمی دا، بەهرەمەند و، بلیمەت و، داهێنەر بن و، جیاواز و باڵاتربن لە منداڵانی تر.. تا ببنە مایەی شانازی بۆیان.. بەڵام حەز و خۆزگە شتێکە و، توانا و بەهرە و زیرەکی و ژیری شتێکی ترن.

تا ئێستا لە لایەن پسپۆران و توێژەران و، کۆمەڵە و دەزگاکانی پەروەردەییەوە، گەلی پێناسەی جیاواز هەن، دەربارە راڤەکردن و مەبەست لە (منداڵی بەهرەمەند).. هەندێ لەم پێناسانە، جەختیان لەسەر هۆشمەندی (توانای ئەقڵی) کردۆتەوە، هەندێکی تریان لەسەر بەدەستهێنانی ئاستی ئەکادیمی بەرز کردۆتەوە، هەروەها هەندێکی کەشیان، بواری داهێنانان و، مۆرک و تایبەتمەندییەکان و دیاردە کەسێتی و ئەقڵییەکانیان کردوون بە پێوەر و بە سەنگی مەحەک بۆ ناساندنی منداڵی بەهرمەند.

بەڵام پێناسە کلاسیکییەکان کە (سیکۆتۆرییەکان) ناو دەبرێن پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووە، کە توانای هۆشی، تەنها پێوەرە بۆ پێناسەکردنی منداڵی بەهرمەند، کە زیرەکی گوزارشتی لێدەکات، ئەمەش پێناسەی هەریەکە لە ( (هۆلنج وۆرس و تیرمان: ١٩٥٢) ە ، کە پێداگرییان لەسەر توانای ئەقڵی گشتی کردووە.. کە (تاقیکردنەوەکانی زیرەکی) دەی پێوێت.. ئاست و رێژەی زیرەکیشیان بە (١٤٠) داناوە، ئەمە ئاستی دیاریکراوی نیوان منداڵی بەهرەمەند و منداڵی ئاساییە.. هەر یەکەش لە (دیهان و هافگەرست) لە ساڵی (١٩٥٧) دا، هەمان ئاراستەیان گرتەبەر بۆ پێناسەکردنی منداڵی بەهرەمەند، ئەمان توانای دواندن و توانای خەیاڵی و توانای میکانیکی و موزیکی و... هتد، بە پێوەریان زانی.. لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوودا، گەلی پێناسەی تریش هاتنە ئاراوە کە جەختیان لەسەر (توانای ئەقڵی) کردۆتەوە.. بەڵام بۆ پێناسەی منداڵی بەهرەمەند، هەندێ بەهرە و توانای زیاتریان بۆ تواناکان زیادکردوون، لەوانەش توانای ئەنجامدانی کاری جیاواز، بە

تـایبەتیش لە بەهـرەی مـوزیکی و هـونەری و لە نووسـین و لە وێنەکێشـان و میکـانیکی و، لە سـەرکردەکردنی کۆمەڵایەتیدا.

بەڵام لە ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی پێناسە کلاسیکییەکان کران.. چەندین پێناسەی تازە بۆ پێناسەکردنی منداڵی بەهرەمەند دانران.. پێناسە تازەکان، بـۆ پێناسـەی منداڵی بەهرەمەنـد، پشتیان تەنها بە توانای ئەقڵی بەرز نەبەست، وەکو تەنها پێوەرێک بێت، بـۆ پێناسـەکردنی منـداڵی بەهرەمەنـد، بەڵکو هەندی شتی تریان لە بەرچاوگرتوون، لە بە دەستهێنانی ئەکادیمی و، بیرکردنەوە و، بەهرە تایبەتییەکان و خەسڵەتەکانی کەسێتی، وەکو پێوەرێکی سەرەکی بۆ پێناسەکردنی منداڵی بەهرەمەند.. *(مارنلەد) ئەوە دەڵێت: " منـداڵی بەهرەمەنـد، ئەوە کەسەیە، کە لە بە دەستهێنای ئەکادیمیدا هەوڵێکـی جیـاواز دەنـوێنێ، لە هەموو ئەم لایەنانەشدا، تـوانایەکی گشتی ئەقڵی هەیە لە، ئامادەیی ئەکادیمی پسپۆری، بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوە و داهێنـان، تـوانـای پێشڕەوی و سەرکردەیی، بەهرە هونەرییەکانی، بەهرە جموجووڵییەکانی "*

بە کـورتی چۆن پێناسـەی منداڵی بەهرمەنـد دەکرێت: منـداڵی بەهرمەنـد، ئەو منـداڵەیە کە بە تەواوی جیـاوازە لەگەڵ ئەو منـداڵانەی کە لە تەمەنـی ئەودان.. ئەم جیـوازییەش لە کۆمەڵێک نیشـانە و دیـاردە و تـایبەتمەندیـدا خـۆی دەنوێنێت.. ئـاسـانیش نییـە کە بتـوانین لە لیسـتێکی دیـاری کـراودا، هەمـوو تـایبەتمەنـدیەکان و دیـاردە و نیشـانەکانی منـداڵی بەهرمەنـد دیـاری بکەیـن.. بەڵام دەتـوانین بگەیـنە دیـاردە گشـتییەکان، کە لە منـداڵانی بەهرەمەندا هەن.

***بەهرە***: لە توانایەکی دیاری کراوی جیاواز پێکهاتووە، یا ئامادەییەکی خۆڕسکییە و، لە ئاستی ئـاسایی زیـاترە لە کەسێکدا، دەشێ بەهـرە (بۆمـاوە) بێت یـا (وەرگیـراو) بێت.. توانـایەکی ئەقڵی بێت یـا جەسـتەیی بێت.. وەکو: بەهرەی وێنەکێشان، بەهرەی جوان نووسین، بەهرەی لەبەرکردنی ژمارە،... هتد.

**داهێنان**: مەبەست لە داهێنان، هێنانەکـایەی تـازە و، پێویسـتییەکانی تـازەیە، کە پێشـتر بـاو نەبـوونە.. منـداڵی بەهرەمەند، منداڵێکی زیرەک و بیرقووڵە، توانـای دەرخستنی بەهرەکانی هەیە لە هەر بـوارێکی ژیـانـدا بێت، بەر لەوەی بچێتە قوتـابخانە یا لە ساڵانی یەکەمی خوێندندا، بە شێوەیەکی بەردەوامی جیـاوازە لە هاوڕێکـانی.. وێڵـی داهێنانە. وشەی هەڵکەوتوو و زیرەک و بەهرەمەند زۆر جار لە جیاتی یەکتری بەکاردەهێنرێن، بۆ ستایش و باسی

ئەو منداڵانەی کە خاوەنی توانایەکی بەرز و بەدەرن و، جیاوازی دەنوێنن و، خێرا پێش دەکەون و، زورتر و زیاتریش لە چاو منداڵانی ئاساییییەوە فێردەبن، لە هەر بوارێکدا بێت.

زانایانی بەریتانی لە زانکۆی (کەمبریج) و زانایانی ئەڵمانی لە زانکۆی(دوسلدۆرف)، کە پسپۆرن لە بواری ناسین و پێوانەی زیرەکیدا، بە بەکارهێنانی ئامێر و دەزگای زۆر پێشکەوتوو بۆ زانین و دیاری کردن و پێوانەکردنی زیرەکی، گەیشتنە دیاری کردنی ناوچەیەکی دیاری لە مێشکی مرۆڤدا، کە ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە زیرەکی مرۆڤدا.. توێژینەوەکە کە لە گۆڤارێکی زانیاریدا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: زاناکان بەشێکیان لە مێشکی مرۆڤ دۆزییەوە، کە تەنها ناوچەیە لە مێشکدا، کە زیاتر پاڵ بە خوێنەوە دەنێت، ئەم ئەنجامەش لە کاتی ئەو تاقیکردنەوانە دەرکەوت کە دەربارەی پلەی زیرەکی ئەنجامیان دان.

دکتۆرە (دیبوارا رۆف) کە پسپۆری زیرەکی و بنەماکانی فێرکردنە، ئاماژە بەوە دەکات، کە پێنج ئاستی جیاوازی بەهرەمەندی هەیە، لە نێوان (١ - بۆ - ٥) کە (٥) لە پلەی یەکەم دایە.. ئەم پلانەش بە پێی دابەشکردن، لەسەر بنەمای ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەندییان بە زیرەکی و، چاونەزێڕی(تەماح) و، سیما کەسێتییەکان و، رادەی تێکڕای زیرەکییەوە هەیە، کە منداڵ بە دەستی هێناون.

### بایەخی ئەوە چییە، کە بزانیت منداڵەکەت بەهرمەندە یا بەهرەمەند نییە؟

کۆمەڵەی یەکگرتووی بەریتانی بۆ منداڵانی بەهرەمەند، ئاماژە بەوە دەکەن، کە منداڵانی بەهرەمەند، زۆر تینووی زانیارین .. گرنگ ئەوەیە کە درک بە ئەوە بکەین، کە لە تەمەنێکی زووی منداڵیدا پێویستییان بۆ زا نستی و فێربوون هەیە. بۆ ئەوەی دایکان و باوکان هەلێکی زۆر بۆ منداڵە بەهرەمەندەکانیان بڕەخسێنن تا بەهرەکانیان گەشەبکەن. بۆ نموونە: باوکی موزیکژەنی ناسراوی جیهانی (مۆزارت)، بۆی دەرکەوت کە کوڕەکەی بلیمەتە، وازی لە ئیشەکەی هێنا و دوای کوڕەکەی کەوت، ئەگەرچی ئەو منداڵە دەکرا ببوایە بە بەهرەمەندێک، بەڵام گەر لە لایەن باوکییەوە بە راستی و بە دروستی ئاراستە نەکرایە، لەوانە بوو کە بڕوای بە خۆی نەمایە، یا هەستی بە بێزاری بکردایە و وازی لە بەهرەکەی بهێنایە و، نەبوایە بەو مۆزارتە بە ناوبانگە.

(تۆماس ئەدیسۆن)ی داهێنەری وزەی کارەبا و، گرامافۆن و، بروسکە و، بە دەیان داهێنانی تر.. هەر ئەم منداڵە

بوو، کە لە قوتابخانەدا، مامۆستاکەی بە نابەڵەدی و بە ناڕەوا، ئەدیسۆنی بە بیرکۆڵ و گەمژە و گێل ناو برد و، لە قوتابخانەش دەریان کرد.. ئەگەر هاوکاری و پاڵپشتی و هاندانی دیاکی دڵسۆزی نەبوایە.. رەنگە ئەدیسۆن نەبوایە بەو کەڵە زانایەی کە تا هەتایە مرۆڤ قەرزاری ئەون.

### سێ فاکتەری کارتێکەر هەن، لە بەرزبوونەوەی ئەقڵی منداڵدا:

١- *ژینگە ماڵ و قوتابخانە:* کە هانی منداڵان دەدەن بۆ فێربوون و خۆشی وەرگرتن .
٢- *دایک و باوک و ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەرین:* کە خویان نموونەیەک بوون لە بایەخ پێدان و پەیوەستبوون .. منداڵانیش چاو لەوان دەکەن.
٣- *راهێنانی خێزان:* راهێنانی زووی منداڵ لە لایەن خێزانەوە، کارتێکەرە بۆ ئەوەی ئارەزوو و بەهرەکانی منداڵ گەشەبکەن و، پێشبکەون و بەرهەمیان هەبێت .

ئەگەر ئەو سێ فاکتەرە لە منداڵێکدا کۆببنەوە، کە توانا بایۆلۆژییەکانی بۆ فێربوون، مامناوندی بن یا لە سەروی مامناوندییەوە بن، ئەو منداڵە لە ئەقڵ بەرزی و زیرەکیدا سەرکەوتوو دەبێت.

### ئەوەی لەسەر دایک و باوک پێویستە:

پێویستە ئەوە بزانن، کە بایەخدان بە منداڵ.. بایەخدانە بە ئایندە.. منداڵەکەتان بریتییە لە کاغەزێکی سپی و خاوێن.. چیتان بوێ دەتوانن لەسەری بنووسن.. منداڵەکەتان بریتییە لە زەوییەکی بە پیت.. دەتووان هەموو بەها جوانەکانی لێ تۆوبکەن، کە دەبنە هاندانێکی باش و پاڵنەر بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهێنان لە تەمەنی منداڵییەوە.

وەکو دەڵێن، لە دوای هەموو منداڵێکی بەهرەمەندەوە.. باوک و دایکێکی وریا و بەڵەد هەیە، کە یارمەتی و پشتگیری و هانی منداڵەکەیان دەدەن بۆ گەشەکردنی بەهرە و تواناکانی.. ئەم درکردن و پشتگیری کردن و هاندانانەی ئێوەی دایک و باوک، هۆیەکی سەرەکی و کاریگەرە، بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردن و پێشکەوتنی توانا و بەهرەکانی جگەرگۆشەکەتان.. دەبێت ئەوەش بزانن کە لە هەموو منداڵێکدا زۆر یا کەم توانا و بەهرە هەیە،

بەڵام جیاوازیش لە توان و بەهرەکاندا هەیە.. بە سەرنجدان و لێزانین و شارەزاییتان دەتوانن هەست بە ئەم بەهرانە بکەن.. بەهرەی منداڵان، وەکو شوولکە نەمامێکی تەڕ و ناسک وایە.. ئەگەر خزمەتی نەکەین و پێویستی گەشەکردنی بۆ دابین نەکەین (ئاو نەدرێ و پەین نەکرێت) وشک دەبێتەوە و، دەمرێت.. ئەوەش دەزانین کە پەروەردەکرنی منداڵی بەهرەمەند و جیاواز، زیاتر لە منداڵێکی ئاسایی دایک و باوک پێوەی ماندوو دەبن، چونکە گەشەکردن و پێویستییەکانی منداڵی بەهرەمەند جیاوزن.. بەڵام داهاتووی گەش دەبێت و، دوور نییە کە ببێتە.. ناودارێکی مەزن و ناسراو، ببێتە زانا و دانا و بلیمەتێک.. پشکی شێری شانازیش بۆ ئێوەی دایک و باوک دەگەڕێتەوە.

منداڵانی زیرەک و بەهرەمەند، خاوەنی پێداویستییە تایبەتییەکانن و، لەگەڵ منداڵانی ئاساییدا، لە رووی زیرەکی و بەهرەمەندی و کۆمەڵێک خەسڵەت و دیاردەی تر کە باسیان لێدەکەین، جیاوازیان هەیە.. پێویستییان بە بەخێوکردن و پەروەردەکردن و ئاراستە کردن و، بە قوتابخانەی تایبەتی و، بە مامۆستایانی راهێنراو و، بە پەیڕە و پرۆگرامێکی فێرکردن و خوێندنی تایبەتی و، بە چاودێری و ئاگادارییەکی زیاتر هەیە.. تا زیاتر بەهرەکانیان گەشە بکەن و پێشبکەون و لە ئایندەدا بەرێکی زۆر بدەن.

(جیفەرسۆن) کە سەرۆکێکی پێشووی ئەمریکا بوو، ئیلهامی لە بیرۆکەی (ئەفلاتوون) وەرگرت، پێشنیاری ئەوەی کرد، کە بەبێ جیاوازی هەموو منداڵە زیرەک و بلیمەتەکانی هەژاران و دەوڵەمەندەکان لە هەرێمی (فەرجینیا)، لە قوتابخانەیەکی تایبەتیدا کۆبکرێنەوە.. بۆ ئەوەی بایەخێکی زیاتر و، وانە و بابەتی تایبەتییان فێربکەن، کە لە ئاستی زیرەکی و بلیمەتی و چاونەزێڕییان دابن.

***شەش پێشنیاری بەسوود.. ئەگەر منداڵەکەتان بەهرەمەندە:***

***١- هەوڵ بدەن بە ئەوپەڕی تواناتانەوە، بخوێننەوە و هەموو ئەوانە تیۆرییانە بزانن کە دەربارەی بەهرە و تایبەتمەندییەکان و جیاوازییەکانی منداڵانی بەهرەمەند نووسراون.. بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرن و، شارەزایی و زانیاریتان هەبێت، تا پێویستییەکانی منداڵە بەهرەمەندەکەتان بزانن و بۆیان دابین بکەن.***

***٢- بە دوای ئەو گروپ و کۆمەڵانەدا بگەڕێن، کە لە پێناوی یارمەتیدان و هاوکاری خێزانەکانی منداڵانی بەهرەمەندا دامەزراون.. دەشێ یارمەتی پێویستیتان بدەن.***

٣- بڕوا و هیوا بخەنە دڵی منداڵەکەتانەوە.. دڵنیای بکەن، کە ئەوە نەنگی و شووره‌یی و شتێکی خراپ نییە، کە لە هاوڕێکانیان جیاوزن و، لەوان بە تواناتر و زۆرزانترین.

٤- مامۆستاکانی ئاگادار و دڵنیا بکەنەوە.. تا بزانن کە منداڵەکەتان لە بەهرەمەندانە.. تا بتوانن ئەوپەڕی یارمەتی بدەن.. مافی خۆشتانە کە چەخت لە سەر ئەوە بکەنەوە کە پێویستە مامۆستاکان یارمەتی تەواوی بدەن.

٥- پانتایەی باشی خۆشەویستی و پاڵپشتی بە منداڵەکەتان ببەخشن، کە پێویستیی پێیان هەیە.. ئەوەشتان لە بیربێت کە هێشتا منداڵە.. وەک هەر منداڵێکی ئاسایی پێویستی بە خۆشەویستی و یاری و بە دابین کردنی پێویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن هەیە.

٦- فشار مەخەنە سەری و داوای لێ مەکەن کە ئەنجامێکی لە توانای بەدەر بهێنێتەدی، بەرنامەیەکی چڕوپڕیش مەسپێنن بە سەریدا، یا بە هەڵبژاردن و ئارەزووی ئێوە، دەبێ کۆرسی موزیکی یا وەرزشی یا وانەی زیاتر، یا داوای تری لەم شێوەیەی لێ بکەن، ئەگەر منداڵەکەتان خۆی نەیەوێت، یا خۆی ئارەزووی لێیان نەبێت، وازی لێبێنن.

چەند نیشانەیەک هەیە کە وەک کلیلێک وان، بۆ ئەوەی دایک و باوک، پێش تەمەنی قوتابخانە، ئەوە بزانن کە منداڵەکەیان زیرەک و بەهرەمەند و جیاوازە.. ئەمانەن:

ئایە منداڵەکەتان لە قۆناغی پێش خوێندن، بە وردی و بە ئاسانی دەخوێنێتەوە ..؟ ئایا لە چاو تەمەنەکەیەوە، پێگەیشتووە ..؟ ئایا بە رادەیەکی گەورە زمان بەکاردەهێنێت و (زمان پاراوە) و قسەکانی زل ن و بە گوێرەی خۆی نین..؟ ئایا بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانێت بە وشە و رستەی تەواو گوزارشت بکات و، دەیەوێت سەربەست بێت لە خوێندنەوەدا..؟ ئایا ئەوە تاقی دەکاتەوە، کە گرفت و ئەو کێشەکانەی کە دێنەڕێی چارەسەریان بکات..؟ ئا زیاتر حەزی بەوەیە لەگەڵ منداڵی لە خۆی گەورەتر یاری بکات..؟ ئایا هەست دەکەن کە هەستیارە..؟ ئەی مەیل و حەزی ئەوەی هەیە کە بیرۆکان بزانێت و شییان بکاتەوە..؟ ئایا سۆزداری دەنوێنێ بەرانبەر بە خەڵکی و بە ئاژەڵان..؟ ئایا حەزی لە هەڵهێنانی مەتەڵ و شتی خۆش و نوکتە و ژمارە هەیە..؟ ئایە رەخنە دەگرێت و ناڕازی دەبێت..؟ ئایا بە خێرایی بێزار دەبێت..؟ ئایە زۆر دەپرسێت و پرسیاری سەیر و ناباوتان لێ دەکات..؟ ئایا خێرا وەڵام دەداتەوە...؟؟ ئەمانە و بە دەیان هاوشێوەی ئەم پرسیارانە، کە پەیوەندیان بە درکردن و نیشانەکان و ناسینی (منداڵی بەهرەمەند) ەوە هەیە.

## ڕۆڵی مامۆستا لە دركردن و ناسینی بەهرەمەندان:

مامۆستای ڕاهێنراو، وەكو سەركردە و دینەمۆی فێركردن و پەروەردەكردنی منداڵان و ئاراستەكردنیان بە دروستی، تا ڕادەیەكی زۆر دەتوانێت دانایی و تواناكانی داهێنان و توانای فێربوونی قوتابیی بەهرەمەند بزانێت.. لە میانەی ئەم خاڵانەوە:

*١- لە میانەی ئەو بەرهەمانەی كە قوتابی بە دەستیان دەهێنێت.*
*٢- لە میانەی ئەو نمرە بەرزانەی كە لە وانەكاندا وەریان دەگرێت.*
*٣- چاودێری و زانینی ڕەوشتی قوتابی.. باشتر وایە تێبینییەكانی تۆمار بكات.*
*٤- وەرگرتنی ڕای خێزان و كەسوكار و هاوڕێكانی منداڵ.*
*٥- دیمانەی تایبەتی لەگەڵ قوتابی دا.*
*٦- ئەو مامۆستایەی كە هانی قوتابییەكانی دەدات بۆ داهێنان و بۆ دۆزینەوەی تازە.. بوار و هەلێكی لە باریان، بۆ بیركردنەوە و داهێنان بۆیان دەرەخێنێت.*

## گرنگترین تایبەتمەندی و نیشانەكانی منداڵانی بەهرەمەند:

هەر وەكو لە لێكۆڵینەوەكەی (كۆكس: ١٩٢٦) و، توێژینەوەكەی (ماكینۆن) دا دەردەكەوێت.. كە منداڵانی بەهرەمەند، كۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندییان هەیە. خاتوو (ماریان شیڤل: ١٩٥٣) لیستێكی پێشكەش كرد.. كە كۆمەڵێك لە نیشانە و تایبەتمەندییەكانی منداڵانی بەهرەمەندی لە خۆ گرتوون.

## بە كورتی گرنگترین تایبەتمەندییەكانی منداڵانی هەڵكەوتوو و بەهرەمەند ئەمانەن:

### تایبەتمەندییە جەستەییەكان:

جاران وا باوبوو، كە بەهرەمەندەكان و بلیمەتەكان و، بیرمەندەكان، لەڕ و لاوازن.. بەڵام ڕاكانی ئێستا بە پێچەوانەی ئەو ڕایەوەن.. لەڕووی جەستەییەوە:

❊ ئاستی گەشەكردنی لەشی و، تەندروستی گشتیی بەهرەمەند، لە ئاستی ئاسایی باشترە.. منداڵی بەهرەمەند لە تەمەنێكی زوودا دەتوانێت پێ بگرێت و، زووتر فێری قسەكردن ببێت، زووتر و زیاتریش لە منداڵانی ئاسایی هاوتەمەنی دەزانێت و دەناسێت.

❊ بەهرەمەند تا رادەیەك كێشی لەشی زیاترە و باڵاشی بەرزترە.

❊ تا رادەیەك دەمارگرژ و هەڵچوو نیییە.

❊ باش خواردن دەخوات.

❊ ئێسكەكانی كەمی زووتر لە هاوتەمەنەكانی گەشە دەكەن.

❊ لەشی لە چاو تەمەنەكەیەوە زووتر پێ دەگات.

### تایبەتمەندییە هۆشییەكان (ئەقڵییەكان):

❊ تەمەنی ئەقڵیی (ژیریی).. لە تەمەنی ماوەیی (لە دایكبوونییەوە) زیاترە.

❊ بیری تیژە و، حەز بە زانینی شتی زیاتر دەكات.

❊ وریایە و توانایەكی زۆر و وردی تێبینی و سەرنجدانی هەیە.

❊ دانامێنێت و بە خێرایی وەڵام دەداتەوە.

❊هەر لە منداڵییەوە توانایەكی زۆری هەیە لە دركردن بە پەیوەندییە هۆیەكانەوە.

❊ حەز بە یارییەكانی هەڵوەشاندنەوە و پێكەوەنان دەكات.. حەزیش دەكات لە بابەتە كۆنەكانی یارییەكانی سوود وەربگرێت و، شتی تازەیان لێ دروست بكات.

❊ بە جوانی بیر دەكاتەوە و، بە باشی لە وانە و مەبەستەكان دەگات.

❊ توانایەكی باشی بۆ لێكدانەوە و شیكردنەوە و هەڵسەنگاندن هەیە.

❊ هەڵەشە نییە و، لیهاتووە و توانای چارەسەركردنی كێشەكان و ئاڵۆزییەكانی هەیە.

❊ حەز و ئارەزوو و هیواكانی زیاترن، لە منداڵانی ئاسایی.

❊ حەز بە سەربەخۆیی دەكات لە ئەنجامدانی كارەكانیدا، دەیەوێت پشت بە بیركردنەوە و لێكدانەوەی خۆی ببەستێت و، ئەقڵی خۆی لە داهێنان و دانان دا، بەكاربهێنێت.

❊ دەتوانێت چەند رێگایەك و، چەند چارەسەرێك.. بۆ كێشەكان بە كاربهێنێت.

❊ بڕوا بە خۆیە و، دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و، بەرپرسێتی هەڵبگرێت.

* پرسیاری زۆر دەکات و زۆریش لێکدەداتەوە.
* خۆشی لە چالاکییە زەینییەکاندا دەبینێت.

## تایبەتمەندییە زانستییەکان:

* خەیاڵی فراوانە و توانای داهێنانی هەیە.
* وردبینە لە تێبینی کردن و سەرنجدا.
* خۆهەڵقورتێنە و، دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت.
* زۆر گرنگی بە زانیارییەکان دەدات.
* سەرنجی دەوروبەری دەدات.
* توانایەکی بەرزی هەیە، لە بیرکردنەوە و سەلماندن دا.
* بە ئاسانی و خێرا دەتوانێ بیرۆکەکان و ڕووداوەکان و هۆکارەکان پێکەوە ببەستێت.
* حەز لە خوێندنەوەی ئەو گۆڤار و کتێبانە دەکات، کە بۆ تەمەنێکی گەورەتر لە تەمەنی ئەو دانراون.. حەزی بەو بەرنامە تەلەفزیۆنییانەش دەکات، کە دەربارەی گەردوون و، نەژادی مرۆڤ و، ئەستێرەناسی و، داهێنان و دۆزینەوەن.
* حەزی لە یاری قورس و گران هەیە.. ئەو یارییانەی یاسا و دەستووریان هەیە.
* حەزی لەو چالاکییانەیە کە بیرکردنەوەیان دەوێت. خۆشیش لە شتی تازە دەبینێت.

## تایبەتمەندییە ویژدانی و کۆمەڵایەتییەکان:

* لە تەمەنێکی بچووکدا، بایەخ بە دەمەتەقێ و باسی فەلسەفە و کۆمەڵایەتی دەدات.
* زاڵە بەسەر ئەو دەمەتەقێ و گفتوگۆیانەی دەیان کات.
* زۆر هەستیار و سۆزدارە.. زۆر ڕقیشی لە ڕۆتینە.
* حەز بە گۆشەگیری دەکات.
* بە ستەم و بە بێ ویژدانی و زۆرداری و نادادپەروەری.. زۆر نیگەران دەبێت.
* حەز بەوە دەکات، کە کار بە تەواوی ئەنجام بدرێت و بە ناتەواوی بەجێنەهێڵرێت.

* توانایەکی زۆری لە جووڵەکردن و قسەکردن دا هەیە.
* پەیوەندی باشە لەگەڵ دایک و باوک و مامۆستاکانی و گەورەکاندا، بە گشتی.
* بەوە ناسراوە، بە گومانە و، رەخنە دەگرێت و رووداو و شتەکان تاوتوێ دەکات.
* رووحێ خۆدەرخستن و سەرکردەکردەیی و پێشڕەویی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە.
* حەزی لە گەشت کردنە و، ئامادەییەکی باشی هەیە بۆ رێکخستنی گەشتەکان.
* رێز لە هەست و لە مافەکانی کەسانی تر دەگرێت.
* بەشداری لە ململانی و دەمەتەقێ دەکات و، بە بیر و راکانی دەوڵەمەندی دەکات.
* دژەباوە و سنووری یاسا و رێسا و دەستوور و ئاگادارییەکان دەبەزێنێت.
* رووخۆشە و، حەز بە سوعبەت و بە نوکتە و خۆشی و پێکەنین دەکات.
* گەشبین و، هیواخواز و، کۆڵنەدەرە.
* خۆپەرست نییە و رووحی یارمەتیدانی هەیە.

**تایبەتمەندییە زمانییەکان:**

* زمان پاراوە و، سەرمایە و سامانێکی زمانیی دەوڵەمەندی هەیە.
* لە تەمەنێکی بچووکدا، فێری خوێندنەوە دەبێت.
* لە تەمەنێکی بچووکدا رستەی درێژ و گران بەکار دەهێنێت.
* بە خێرایی و بە شێوەیەکی نا ئاسایی دەخوێنێتەوە و دەدوێت.
* بە جوانی دەتوانێت گوزارشت لە بیر و هەست و، لە را و بۆچوونەکانی بکات.
* پرسیاری نا ئاسایی و دژەباو دەپرسێت.. وەک: ئەگەر هاتو ؟ ئەمە چۆن؟
*زمانی شیرینە و، شێوازێکی دیبلۆماسی و پێشکەوتوو بەکاردەهێنێت، بۆ باوەڕپێهێنان و قاییل کردنی بەرانبەرەکەی.

**تایبەتمەندییە رەوشتییەکان (ناکارییەکان):**

* ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکدا دابنیشێت و ئۆقرەبگرێت.. ئەگەر بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک

ڕانەسپێردرابێت، کە پێویستی بە توانایەکی زۆر هەبێت.

* زوو لە کارێکدا بێزار دەبێت، کە بە دڵی نەبێت و حەز و تواناکانی نەبزوێنێت.

ماوە ئەوەش بڵێین، کە زەحمەتە ئەو هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتانە لە منداڵێکی بەهرەمەندا کۆببنەوە.. بەڵام بڕواتان بەوە هەبێت، کە بەهرە بۆ ئەوەی دەرکەوێت و بەرچاو بکەوێت ماندووبوون و هەوڵێکی زۆر و ئەوتۆی ناوێت.. گرنگ ئەوەیە کە لە لە منداڵەکانمان بگەڕێین، با گوزارشت لە هەست و نەست و لە تواناکانی خۆیان بکەن.. با بە ئارەزووی خۆشیان تێر و تەسل بە خۆشی گەمە و یاری بکەن، ئەوەش مافی ڕەوای خۆیانە.. ئەوە جیهانی ئەوانە.. ئەوەی لەسەر ئێمەش پێویستە ئەوەیە، کە چاودێریان بکەین و، بە دروستی ئاراستەیان بکەین و، هەڵەکانیان ڕاست بکەینەوە.

١٢ی جووڵای ٢٠١٥

## پێویستە منداڵەکانمان بە کوردستان پەروەریی گۆشبکەین.



کوردستانی ڕەنگین و جوان، لە ئەوپەڕی باکوورییەوە تا ئەوپەڕی باشووری.. لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتییەوە تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوای.. نیشتمانی پیرۆز و شیرینی ئێمەی کورد و هەموو ئەو نەتەوانەی لە کوردستاندا وەکو برا دەژین و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن و، کوردستان بە نیشتمانی خۆیان دەزانن و هاوبەستەبوونیان (ئینتیمایان) بۆی هەیە.. کوردستان جێی هەزاران هەزا ساڵەی باو و باپیرانمانە.. کوردستان جوانترین وپیرۆزترین هەستە لە ناخی دڵمان دایە.. کوردستان شیرینترین وشەیە، کە هەمیشە ویردی سەر زمانی هەموومانە.. کوردستان جوانترین

هۆنراوەیە، لە دیوانی دڵ و دەروونمانە.. کوردستان خۆشترین ئاواز و سروود و بەستە و گۆرانیمانە.. کوردستان شابۆکی جیهانە.. بەهەشترین بەهەشتی دنیایە.. کوردستان دڵمانە.. چاوەکانمانە.. خوێنمانە.. هەناسەمانە.. شوێنی ژیانمانە و ئارمگانە.. کوردستان هەست و سۆز و خرۆشی دڵ و هەناومانە.. کوردستان جوگرفیا و مێژوو و پێناسەمانە.. ئابڕوومانە و شکۆداری و سەروەری و شانازیمانە.. خاک و خۆڵی کلی رشتنی چاوکانمانە.. دۆڵ و دەشتی و گوڵزاری رەنگینی و نێرگزەجاڕی و چیمەنی سەوزی فەرش و سەرینمانن.. چیای بڵند و سەرکەش و دارستانی چڕی، سێبەر و سەنگەرمانە و پەنامانن.. چەم و باخ و رەز و بێستانی.. گەرمیان و کوێستانی.. بەهار و هاوین و پاییز و زستانی.. کانی و تاڤگە و جۆگەلە رووباری.. ماڵ و گوند و شارۆچکە و شاری.. کوچە و کۆڵان و گەڕەکەکانی.. خۆری گەشی و مانگی تابان و ئەستێرەکانی و ئاسمانی.. هەموو ئەمانە و، هەموو خێر وبێرێکی سامانمانن.. کوردستان دایک و باوک و خوشک و برا و کەسوکار و خزم و هاوڕێمانە.. کوردستان خۆشتری خەون و، بەرزترین هیوا و، پیرۆزترین ئامانجی هەموومانە.. کوردستان گوڵی چوار وەرزەی ساڵمانە و، رەگی لە ناو ئینجانەی دڵمانە.. ئێمە بەبێ کوردستان گیانین بەبێ دڵین.. باڵندەین بەبێ باڵین.. ماسین بەبێ ئاوین.. بەبێ کوردستان هەڵناکەین.. ناژین.. دەمرین.. چونکە کورد و کوردستان دووانەین و لێک جیاوانابین.. بۆیە (کوردستان یا نەمان) بۆتە دروشمی پیرۆزی هەموومان.. بۆتە سروود و گۆرانیی سەرزاری هەموو تێکۆشەرانمان.. بە ویردی سەرزاری خوشکان و برایانی پێشمەرگەی کۆڵنەدەر و دلێر و قارەمانمان.. هیچ وشەیەک نییە، کە بە قەی وشەی کوردستان، هێندە بە چێژ و شیرین بێت لە دڵمان و لەسەر زمانمان.. هێندەش لامان بەرز و پیرۆزبێت.

راستە ماڵ و سامان، خوێن و گیان و ژیانمان، زۆر شیرین و بەنرخن.. بەڵام لەمانە زۆر شیرینتر و بەنرختر و لە پێشتر کوردستانە.. کوردستان.. کوردستان هەناسەمانە.. خۆشەویستی کوردستان تێکەڵی خوێنمان بووە.. تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش لە یادمان ناچێت..

***شاعیری گەورە و نەمری گەلەکەمان (عەبدوڵڵا گۆران) دەڵێت:***

***کوردستان: جێگامی جێی هەزار ساڵەم***
***پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەر لووتکە و یاڵەم***
***عەشقی تۆ ، ئەی دایکی خۆم و هاوخوێنم***
***هەر لە پشتی باوکا چووە خوێنم***

*ئەشچێتە هــەوێنی کــوڕ و کــوڕەزا*
*تا تــاقێ کــورد مــابێ لە چیــای بــەرزا*

گەورەترین و بەنرخترین بەرخودانی.. لووتکەی دڵسۆزی و قوربانیدان.. بێگومان گیان بەخشینە بە کوردستان.. شەهیدبوونە لە پێناوی پاراستن و، رزگارکردنی لە داگیرکەران.. خۆشەویستیی کوردستان.. قسەی رووت و بەڵێن و پەیمان و دروشمی بریقەدار نییە.. خۆشەویستیی کوردستان، کردار و، خزمەتکردن و، تێکۆشان و، گیان بەخشینە.. دڵسۆزییە.. پێویستە بە کردار و بە رەفتاری کردەوەیی و راستی ئەم ئەرکە پیرۆزانەمان بسەلمێنین..

*شاعیری کوردستان پەرەوەرمان (کامەران موکری) دەڵێت:*

*ژیـن لە لای دڵســۆز هـەر تێکۆشــانە*
*هــەوڵە بۆ خــاکی ئــەم کوردستـانە*

کوردستان، لە کوردستان بین یا لە هەر شوێنێکی هەندەران.. هەردەم لە یادمانی.. لە ناو دڵمان و هەناومانی.. لەبەر چاومانی.. بەڵەش لێت دووریش بین بە دڵ لە لاتین.. کوردستان چی بڵێین.. چی بنووسین.. چی هەڵبەستین.. ناتوانین بە قسە و نووسین و بە هۆنراوە، گوزارشت لە خۆشەویستی و سۆز و خرۆشی رادەبەدەرمان بۆ تۆ بکەین.

کوردستان زۆر زۆرت پێ بەخشیوین.. خێر وبێری لەبن نەهاتووت.. ئاوی شیرینت.. هەوای بێگەرد و پاکت.. ئاسمانی شینت.. دیمەنی قەشەنگ و رەنگینت،... هتد. پێویستە ئێمەی رۆڵە دڵسۆزەکانی تۆش.. سپڵە نەبین و پێزان بین.. ئەرکە پێویستی و پیرۆزەکانی ئەستۆمان بەرانبەر بە تۆ بەجێبهێنین.. ئێمەش گیانمان بە تۆ دەبخشین..

ئەو کوردەی نامەرد و ناپاکە.. خۆفرۆش و جاشە.. هەڵخەڵەتاوە و بەکرێگیراوە.. نۆکەر و سیخوڕە و دۆڕاوە.. حاشا ئەوە کورد نییە و زۆڵە.. هەزار تف و نەفرەتی لێبێت.. شەرمەزار و سەرشۆڕ و رسوابێت.. رووڕەش و بە پەنی دنیابێت.. لێیان ناگەڕێین.. چونکە ناپاکان شایانی لێبووردن نین.. کوردستان، ئەو ناپاکانە شایانی ئەوە

نین کە لە ئاوی تۆ بخۆنەوە.. هەوای پاکی تۆ هەڵمژن.. لە خێر و بێری و لە سامانی تۆ تێربن.. یا لە ئامێزی گەرمی تۆدا بنوون.. بەڵکو شایانی ئەوەش نین کە لە خاکی پیرۆزی تۆدا بنێژرێن.. چونکە ئەوانە گڵاون و بۆگەنن هەرگیز پاکەوە نابن.

خۆشەویستیمان بۆ کوردستان، هەستێکە نابێت تەنها لە قوڵایی دڵماندا بمێنێتەوە.. پێویستە بەکردار و بە رەفتاری کردەوەیی بەرجەستەی بکەین.. کوردستان داومان لێدەکات کە بە کردەوەیی.. خۆشک و برابن.. بۆ یەکتری پشت و پەنابین.. یەکڕیزی و یەکێتی و تەبابین.. داوامان لێدەکات یەک رەنگ و یەکدەنگ و یەک هەڵوێست بین .. خاوەنی یەک وتاری سیاسی بین.. جیاوزی نەکەین و دادپەروەربین.. بەرژەوەندیی باڵا و چارەنووسی کورد و کوردستان، لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی حیزبی و لایەنی و کەسێتییەوە بێت.. فرە کوێخا و ئاغا نەبین و.. دەسەڵات قورخ نەکەین و.. کەسی شایستە و شیاو لە شوێن و پلە و پایەی شیاودا دابنێین.. لە دزی و گەندەڵی نا هەقی چاوپۆشی نەکەین و نەبوورین.. لە خۆخۆیی و خزم خزمێنە و، عەشیرەتگەری و، مەنسوووبیەت و مەحسووبیەت و،... هتد، بە دوور بین.. کوردستان دەیەوێت بە کردار و بە رەفتار ئەم بەها و پرەنسیپانە بسەلمێنین نەک تەنها بە قسەی رووت و بە دروشم .. بە کردار و بە خزمەت و قوربانیدان خۆشەویستیمان بۆ کوردستان بنوێنین.

***شاعیری گەورەی خوالێخۆشبوومان (هەژار موکریانی) دەڵێت:***

*کوردستان، نیشتمانی کورد*
*بەرز و پیرۆزی سوێندت پێ ئەخۆم*
*بە سەربەخۆیی بە خوێن و بە گیان*
*بە ماڵ و منداڵ بە قوربانی تۆین*
*کوردستان، کوردستان*

با لە خوشک و برا پێشمەرگە و شەڕڤانە دڵسۆز و قارەمانەکانمانی کوردستان بڕوانین.. کە لە ئازایەتی و خۆڕاگری و بەرگریدا بێوێنەن.. بوونەتە سیمبولی قارەمانێتی و گیان بەخشین لە هەموو جیهاندا.. زۆر کەمە لە هاوتای دڵسۆزی و خۆشەویستیان بۆ کوردستان.. ئەوان دەستیان لە ژیان و لە خۆشیی خۆیان هەڵگرتوون و.. لە

پێناوی بەرگری کردن و پاراستن و رزگارکردنی کوردستاندا.. چاو نانێنە خەو و، شەو رۆژ پەنجەیان لە سە پیتکەی چەکەکانیان دایە.. سنگیان کردوون بە قەڵغانی بەرگری و.. سڵ لە مردن ناکەنەوە.. بە ئەوپەڕی راستی و شانازییەوە دەڵێن.. شەهیدبوونمان لە پێناوی کوردستاندا.. شانازی و شکۆدارییە بۆ هەموو کوردستان پەروەرێک .. با بڕوانینە دایک و باوک و خوشک و براکانی شەهیدەکانمان.. کە ئەوپەڕی شانازی دەکەن بە گیان بەخشینی رۆڵەکان و خۆشک و براکانیان، لە پێناوی پاراستنی خاکی کوردستاندا.. ئەمەیە لووتکەی دڵسۆزی و کوردستان پەروەری.. ئێمە.. ئێوە.. چیمان کردووبێت و.. چی دەکەین و.. چیتریش بکەین.. یەکسان نییە بە دڵۆپێ لە خوێنی ئەو شەهدانەمان، گیانی خۆیان بەخشی بە کوردستان.. چەند شکۆداری و سەربەرزییە، کە شەهیدبین یا مردین.. شایەنی ئەوەبین، کە تەرمەکەمان بە ئاڵای رەنگینی کوردستان داپۆشرێت.. بە شانازی و رێزیشەوە، خاکی پیرۆزی کوردستان، لە ئامێزی خوێمان بگرێت و.. لە ئارامگای ناخی دڵیدا، بۆ تا هەتایە ئارام بگرین.

ژیان بە ترسنۆکی و بە سەرشۆڕی و کڕنۆشبردن.. هەموو رۆژێکی مردنە.. بەڵام شەهیدبوون و مردن.. لە پێناوی کوردستاندا شانازی و نەمرییە تا هەتایە.. یەکێک لە دروشمە جوانەکانی کورد.. کە وتەیەکی شەهیدی سەرکردەی نەمرمان (خاڵە شەهاب) بە.. (کەم بژی و کەڵ بژی) یە.. هەروەها شاعیر و سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسی نەمری گەلەکەمان مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) دەڵێت:

*مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان*
*چۆن قازانجەکەی تا نەکەی زیان*

دێنە سەر سەرناوی باسەکەمان.. گۆش و پەروەردەکردنی کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمانە، کە هیوا و نەوەی داهاتووی کوردستانن.. پێویستە بە بیری کوردایەتی و مەردایەتی و.. بە خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی شیرینمان گۆش و پەروەردەیان بکەین.. ئەمەش ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆی هەموومانە.. دایک و باوک و خوشک و برا و خێزان.. مامۆستاکان و قوتابخانە.. راگەیاندنەکان و میدیاکان.. سایت و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان.. نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان.. دامودەزگا مەدەنی و حکوومییەکان.. پارت و رێخراوە سیاسییەکان.. هەر کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەر.. لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان. پێویستە هەموومان هاوکاربین لە گۆش کردن و پەروەردەکردنی دروست و، ئاراستەکردنی راست و، رێنمایی باشی کوردیلەکانمان.. بە بیری کوردایەتی و بە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ

کوردستان گۆش و پەروەردەیان بکەین و، رایان بهێنین.. ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە هەرە سەرەکی و گرنگەکانی پێشەوەی پەروەردەکردنی کوردیلەکانمان.. هەر یەکە لە ئێمە، لە بواری شارەزایی و پسپۆریمان، دەتوانین رۆڵ و پشکمان لەم ئەرکە پێویستە و، خزمەتە پیرۆزەدا هەبێت.

سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستان، هەستێکی ماکییە هەر لە منداڵییەوە، تێکەڵی خوێن و هەست و سۆز و ویژدانمان بووە.. هەرگیز لە دڵ و لە هۆشی کوردستان پەروەری دڵسۆزدا، ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستییە قووڵەی ناخی دڵی کاڵ نابنەوە. لەوانەیە لەش و پێیەکانمان لە کوردستان دووربکەونەوە.. بەڵام بیر و هۆش و دڵمان هەمیشە لە کوردستانن.. کوردستان لە پێش چاومانە.. لە هەموو خرۆکەیەکی خوێنماندایە.. بەڵکو گرووپی خوێنی کوردستان پەروەران جیاوازە، گرووپی: (ک) کوردستانییە.

*(ئۆلیڤەر وندل هۆڵمز) دەڵێت: "نیشتمان ئەو شوێنەیە کە خۆشمان دەوێت، ئەو شوێنەیە لەوانەیە بە پێیەکانمان لێی دوور بکەوینەوە.. بەڵام دلمان هەر لایەتی.."*.

*(ئەفلاتوون) دەڵێت: "هیچ خۆشەویستییەک.. ناگاتە خۆشەویستی نیشتمان.."*.

*(بومارشە) ش دەڵێت: "جوانە مرۆڤ لە پێناوی نیشتمانەکەیدا بمرێت.. بەڵام لەوە جوانتر ئەوەیە کە لە پێناوی ئەم نیشتمانەدا بژێت.."*.

خۆشەویستیی کوردستان، پێویستە یەکەمین و گرنگترین ئامانجمان بێت لە فێرکردن و پەروەردەکردنی کوردیلەکانماندا.. زانایانی دەروونناسی ئاماژە بەوە دەکەن، کە هاندان و راهێنانی منداڵانی بچووک، بەو کارانەی کە خۆشەویستی نیشتمان بەرجەستەدەکەن، ئەمە باشترین شتە بۆ چاندنی بەها و ئامانجە بەرزەکان لە دڵ و دەروونی منداڵاندا. دەتوانین کوردیلەکانمان ئاراستە بکەین، بۆ ئەوەی لە نێو خۆیاندا، لە کاری خۆبەخشیدا بەشداری بکەن.. گەلێ هۆ و شێواز و رێگا هەن، کە بە هۆیانەوە دەتوانین سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان، لە دڵی کوردیلەکانماندا بڕوێنین.

*شاعیری گەورەی گەلەکەمان (لەتیف هەڵمەت) لە شیعرێکیدا (نیشتمان) بۆ منداڵان:*

وەک چـــۆن باڵـــــدار
لانــــەی هەیـە لە سـەر دار
وەک چۆن پەپوولەی جوان جوان
لانـــە دەکەن لە نـــاو گـــوڵان
وەکـو چـۆن مانـــگی تـابـان
مـــاڵی هـــەیە لە ئـاسـمان
وەکو چـۆن مـاسی و حـــەزیا
ماڵـیان هەیـە لە نـــاو دەریـــا
منیش نیشتمانم هەیە نیشـتمان
نیشتمانم کوردستانە کوردسـتان

لەوانەیە باوکان و دایکان وا هەست بکەن، کە پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانیان بە خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بـۆ کوردسـتان، تەنهـا بە قسـە و بە پێـدانی زانیـاری تیـۆری دەگەیەنرێـت، وەکـو پێیـان بڵـێن: (کوردسـتانتان خۆشبوێت) بەبێ ئەوەی ئەم پێوتن و پەروەردەکردنە، بە پراکتیک و بە کردەوەیی بسەلمێنرێت و بەرجەستە بێت .. لە ڕستیدا پەروەردە، تەنها زانیاری تیۆری نییە، بەڵکو پراکتیزەکردنی کردەوەیی ئەو تیۆر و زانیاری و هیوا و خواستەکانە.. وەرگێڕانـی وتە و تیۆرەکـانە بـۆ کـار و ڕەفتـاری کردەوەیـی.. کەواتە پێویستە خێـزان لە میـانەی ڕەفتـاری ڕەوشـتی و کـارەوە منـداڵەکانیان فێـربکەن و رابهێـنن و، خۆشەویسـتیی کوردسـتان لە دڵیـانـدا بـڕوێنن.. پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانمان بە کوردسـتان پەروەری گۆش و پەروەردە بکەیـن و.. بە پراکتیکی و ڕەفتاریش لەسەر ئەم خۆشەویستییە رایان بهێنین.. چونکە لە ڕاستیدا منداڵان زیاتر چاو لە کردەوە و ڕەفتارەکـان دەکەن و.. کەمتـر گـوێ لە قسـەکان دەگـرن. شـاعیرێکی کوردمـان - نـاویم لە یـاد نەمـاوە - لە کـۆپلە شیعرێکیدا دەڵێت:

خەریتـەی هەمـوو خـــاکی کوردســـتان
دایـــک بە دەرزی و دەزوو و درومـــان
بکێشـێت لەسـەر سەرپێشـکەی منـــاڵ
هەر بە کوردســـتان بێــتە گــڕوگـــاڵ

*لە بێشکەی وایا چــاو هـەڵ نەهێـــنێ*
*درۆیــــە هەســـتێ و تـــۆڵە بســـێنێ*

نموونەیەکی جوان خۆشەویستی کردنی کۆردستان، ئەوەیە کە لە جەژنەکان و، لە بۆنە نەتەوایەتییەکانمان، کە دایکان جلوبەرگی تازە لەبەر منداڵەکانیان دەکەن.. با نەخشەی ڕەنگاوڕەنگی خاکی کوردستان، یا ئاڵای کوردستان لە یەخەی منـداڵەکانیان بـدەن .. یـا لە ڕۆژی جیهـانی منداڵانـدا، ئـاڵای کوردسـتان لە ڕوومەتە ئاڵەکـانی منداڵەکانیان بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ بکێشن.. یـا ئـاڵایەکی بچووکی کوردستان بدەنە دەستیانەوە.. یـا دایکێک لە شێوەی ڕەنگەکـانی ئـاڵای کوردسـتان، کراسێک بـۆ خونچەگـوڵەکەی دەدوورێـت.. یـا نەخشـەی کوردسـتان لە مـاڵەوە هەڵدەواسن.. ئەمانە و بە سەدان شێوازێ تر هەن، بۆ چاندنی هەستی خۆشەویستی بۆ کوردستان، لە دڵی کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆماندا.

کەلتـوورێکی جـوان و بـاوی سـەرنج ڕاکـێش، لە (وڵاتـی نەرویــج) دا هەیە.. لە نێـو بـاخچەی پێشـەوەی زۆربەی خانووەکانیانـدا، یـا لە قەد دیـواری پێشـەوەیاندا، هەر مـاڵی بـۆڕییەکی زۆر بەرزیـان چەقانـدوون.. لە بـۆنە نیشتمانی و نەتەوەکانیاندا، ئاڵایەکی گەورەی نەرویجی، بەو بۆڕییەوە هەڵدەواسن و بەرزی دەکەنەوە.. لە هەموو ڕۆژە ئاساییەکانیشدا بە درێژایی ساڵ.. ئاڵایەکی سێگۆشەیی درێژوولکەی نەرویجی بەو بۆڕییەوە دەشەکێتەوە.. لە (١٧جــۆزەردانی) هەمــوو ساڵێکیشــدا کە ڕۆژی نەتەوایەتــی (ناشــیۆناڵ داگ) ی نەرویجــیە.. دار و دیــوار و شەقامەکانیان بە ئاڵاکەیان دەڕازێننەوە.

با ئەوەش بزانین کە (کوردستان پەروەری) زۆر قوڵترە لە (کوردستانی) .. بە هەر هاوڵاتییەکی خەڵکی کوردستان دەوترێت کوردستانی و ناسنامەی کوردستانی هەیە.. بەڵام کوردستان پەروەری مەرج نییە هەر لە کوردستان بێت یا ناسنامەی کوردستانی هەبێت.. دەشێت کوردێک لە وڵاتی سوید یا نەرویج یـا لە ئەڵمانیـا یـا لە بەریتانیـا یـا لە ئەمریکـا یـا ئوسـترالیا یـا لە هەر شـوێنێکی تـری جیهـان لە دایـک بووبێـت.. سـەرەڕای ئەوەی کە هـاوڵاتیی ئەو وڵاتـانەن.. بەڵام سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بـۆ کوردسـتان هەبێـت.. کوردسـتان پەروەری، هەست و خۆشەویستییەکی قووڵی ناخییە.. بە ڕەفتاری جوان و، بە کردەوەی پێویست و، بە خزمەتکردنباش و، بە بەخشین گیان و سامان لە پێناوی کوردستاندا دەسەلمێنرێت و.. بەرجەستە دەبێت.

ئەوەش هەر هەست و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونە بۆ کوردستان، کە لە هەندەراندا، لێمان دەپرسن.. ئێوە خەڵکی کوێن.. ؟ بە شانازییەوە دەڵێین .. خەڵکی کوردستانین.

***چین ئەو سوودانەی لە سایەی کوردستان پەروەریی منداڵەکانماندا دێنەدی:***

١- پاراستنی منداڵەکانمانە، لە بیر و لە ئایدۆلۆژیای چەوتی دژ بە خواستەکانی کورد و کوردستان.. یا هەڵخەڵەتاندن و لە ڕێ دەرکردنیان و، مێشک شۆرینەوەیان.. لە ئەمڕۆدا دوژمنانی کورد و کوردستان، بە ئایدۆلۆژیای بۆگەن و بە خەیاڵی پڕوپوچ.. بە بەڵێنی بێبنەما پوچ و خەیاڵی ئەستەمی بێ مانا.. دەیانەوێت منداڵان و گەنجانە کوردمان بە ئاراستەیەکدا بەرن.. کە هیچ هاوبەستەبوونێکیان بۆ کورد و کوردستان نەبێت.. بەڵکو بشیان کەن بە دژی گەلەکەمان، ئەمەش زور زیان بە ئەمڕۆ و، بە ئایندەی گەلەکەمان دەگەیەنێت.. بۆیە پێویست ڕێ لەم ئایدۆژیا سەقەتانە بگیرێت.

٢- پەروەردەکردن و راهێنانی منداڵەکانمانە بە خۆشەویستیی بۆ کوردستان.. بۆ ئەوەی ئەو بڕوایەیان لا دروست ببێت.. کە هەردەم ئامادەبن، بە سامان و بە گیان بەخشین لە پێناوی پاراستنی کوردستان.. هەموو توانایەکی خۆشیان بەگەر بخەن بۆ دابین کردنی ئاشتی وشادی بۆ هەموو کوردستانییان.. بەبێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی.

٣- راهێنانیانی منداڵەکانمانە، بە پەروەردەی کردەوەیی.. بۆ بەرجەستەکردنی هەست و خۆشەویستییان بۆ کوردستان.. وا لە کچان و کوڕانمان بکەین، کە هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستانی نیشتمانمان هەبێت.. تا هەست بەوە بکەن، کە ئەوان لە خۆشی و ناخۆشیدا.. لە شێنەیی و لە تەنگانەدا.. بەشێکن لە کوردستان.. وەکو چۆن خێزان و ماڵی خۆیان خۆش دەوێت.. ئاوهاش کوردستانیان خۆش بوێت.. چۆن سامان و ماڵی خۆیان دەپارێزن.. ئاوهاش کوردستان بپارێزن.. تێبگەن کە سامانەکەیان و خۆشی و شادییان لە سایەی کوردستنادا هاتوونەتە دی.

***لە ئامانجە گشتییەکان و هۆکارەکانی راهێنانی کوردیلەکانمان بە کوردستان پەروەری:***

١- بە هێزبوونی (هاوبەستەبوونیان) بۆ کوردستان و کورد.

٢- بەرژەوەندیی گشتی و باڵای کوردستان.. دەخەنە سەر بەرژەوەندیی خۆیانەوە.

٣- لەسەر ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی و ، کار و چالاکی بە کۆمەڵ رادێن.

٤- لە گفتوگۆ و دیالۆگدا، شیوازێکی ئەقلانی و بڕوا پێهێنان بە کاردەهێنن.

٥- دەتوانن بەرپرسێتی هەڵبگرن.

٦- ئەرک و پێویستییەکانی ئەستۆیان بەرانبەر بە کوردستان جێبەجێ دەکەن و.. داوای مافەکانی خۆشیان دەکەن.

٧- بڕوایان بە پرەنسیپی دادپەروەریی کومەڵایەتی و یەکسانی دەبێت.

٨- رەوشت بەرز و لەسەرخۆ دەبن.. فێری ئەوە دەبن کە بە جوانی بدوێن و.. فێری رەخنەگرتن و، رەخنەقبوولکردن دەبن.. رێز لە رای جیاوازی کەسانی تر دەگرن.

٩- قارەمانەکان و کەسایەتییەکان و ناودارانی کوردستان دەناسن.. لە میانەی گەشت و سەردان و بینینی مۆزەخانە و، شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان و.. گوێگرتن لە گێڕانەوەی چیرۆک و سەرگوزشتەی هەریەکە لەو شوێنەوارە دێرینانە.. بە مێژووی پڕ لە شانازی کوردستانمان ئاشنا دەبن.

١٠- مامۆستایانی پەروەردەی هونەری، دەتوانن هەست و خۆشەویستیی کوردستان لە دڵی منداڵەکانماندا، بقۆزنەوە .. بۆ نموونە لە قوتابخانەکاندا لە وانەی(پەروەردەی هونەری) دا.. داوایان لێ بکەن کە وێنەی دیمەنێکی کوردستان بکێشن.. نەخشەی کوردستان بکێشن.. یا وێنەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی قارەمان بکێشن... هتد.

١١- مامۆستایانی زمانی کوردی لە بەشی (داڕشتن) دا.. یا داوا لە قوتابییەکانیان بکەن بابەتێک لەسەر (خۆشەویستیی کوردستان) بنووسن.. مامۆستایانی وانەکانی کەش، دەتوانن بابەتەکانی وانەکانیان، بە خۆشەویستیی کوردستانەوە ببەستنەوە.

١٢- پێویستە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و یادی کارەساتەکانی کوردستانمان بقۆزینەوە وەکو (جەژنی نەورۆز، رۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، رۆژی ئاڵای کوردستان، رۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە، رۆژی ئەنفال، رۆژی راپەڕینی باشووری کوردستان، رۆژی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، رۆژی شەهیدان ، کۆمەڵکوییەکەی دێرسیم، روژی رزگارکردنی کۆبانی، رۆژی... هتد. پێویستە لە یادکردنەوەی ئەم بۆنە و روژە کوردستانیانەدا، منداڵەکانیشمان بەشداری پێ بکەین.. بۆ دروستبوونی هەستی خۆشەویستیی کوردستان.. لە دڵی منداڵانی کوردماندا.

١٣- لە قوتابخانەکانی بنەڕەتیدا، رۆژانە لە کاتی ریزبوونی قوتابییەکاندا.. پێویستە سروودی (ئەی رەقیب) و سروودەکانی تر، بە کۆمەڵی بوترین.. ئەو هەڵبەست و بەخشانانەش کە گوزارشت لە خۆشەویستی کوردستان و، لە قارەمانێتی پێشمەرگە و، لە گیان بەخشینی شەهیدەکانمان دەکەن، لە لایەن قوتابییەکانەوە پێشکەش بکرێن.

١٤- لە رۆژانی پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەکدا، کە لە کاتی ریزبوونی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، کە ئاڵای

کوردستان بەرز دەکرێتەوە.. وتاری نیشتمان و سروود و هۆنراوە لە لایەن مامۆستاکان و قوتابییەکانەوە پێشکەش بکرێن.

١٥- راگەیاندنەکان و میدیاکان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کوردستان و، رادیۆکانی قوتابخانەکانیش - ئەگەر هەبن - ئەو بەرنامانە و ئەو بابەتانەی پێشکەشی منداڵانی کوردمانی دەکەن.. پێویستە بەرنامەدارێژراو و مەبەستداربن و.. بە ئاراستەی چاندنی خۆشەویستی بۆ کوردستان لە دڵی کوردیلەکانماندا، ئامادەکرابێن و، دارێژرابێن.

١٦- سازدانی پێشانگای ساڵانەی منداڵان کە وێنە و تابلۆکانیان تایبەت بن بە گوزارش کردن لە خۆشەویستی کردنی کوردستان و.. لە دلێری و قارەمانێتی پێشمەرگەکانمان.

١٧- سازدانی فیستیڤاڵی ساڵانە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ موزیک و سروود و گۆرانی و هەڵپەڕکێی منداڵان .. بە جلوبەرگی ئاڵاواڵای کوردییەوە.

١٨- سازکردنی پێشبڕکی ئەدەبی بۆخوێندنەوەی هۆنراوە و پەخشانی نیشتمانی لە لایەن منداڵانەوە .. کە گوزارشت لە خۆشەویستی بۆ کوردستان و، بۆ نەبەردی و ئازایەتی پێشمەرگەکانمان بکەن .. خەڵاتیش پێشکەش بە منداڵە بەشداربووەکان بکرێن.

١٩- پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانمان لەسەر ژینگەپارێزی و ژینگەخاوێنی کوردستان رابهێنین .. ئەویان فێربکەین .. کە کوردستان ماڵە گەورە و نیشتمانی جوانی هەموومانە .. کوردستانێکی پاک و خاوێن .. هێمایە بۆ ئێمەی کوردی پاک و خاوێن.

٢٠- پێویستە فێریان بکەین، کە رێز لە یاساکان و لە دەستووری کوردستان بگرن.

٢١- پێویستە منداڵەکانمان فێربکەین، کە سەرکردە تێکۆشەر و دڵسۆزەکانمان و ناودارانی کوردیان خۆشبوێت، چ ئەوانەی مردوون و، چ ئەوانەی زیندوون.

٢٢- بەرجەستەکردنی رووحی خۆشکایەتی و برایەتی و هاوڕێتی و، پێکەوەگونجان و هاوکوردستانی لە سەر بنەمای رێز و خۆشەویستی لە نێوان منداڵانی کوردمان.

٢٣- پێویست پەیڕە و پرۆگرامی (وانەی پەروەردەی نیشتمانی) بەر لە هەموو ئامانجێکی پەروەردەیی تر.. چاندنی هەست و سۆز و خۆشەویسیی کوردستان لە دڵی منداڵانی کوردمان، یەکەمین و گرنگتری ئامانج بێت لە ئامانجەکانی .. خۆشەویستی و بە پیرۆز زانینی کوردستان، دژ ئایین نییە.. وەکو هەندێ نەزان و مێشک بۆگەن وای لێک دەدەنەوە.. بەڵکو: (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئایینەوەیە).

٢٤- منداڵەکانمان وا رابهێنین، کە هەر کار و خزمەتێک پێشکەش بە کوردستان دەکەن، بە ئەرکی سەرشانیانی خۆیانی بزانن و.. چاوەڕێی پاداشت نەبن.

٢٥- پێویستە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی شیرینمان.. ببێت بە پردێکی پەڕینەوەی منداڵان، بۆ قۆوڵکردن و جێگیردنی پێناسەی کوردستانی بوون .

٢٦- پێویستە زمانی کوردییان لا شیرین بکەین.. چونکە زمان یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەی نەگۆڕیی و.. هۆیەکە بۆ گوزارشت کردن و گەیاندن.

٢٧- پێویستە نمایشەکان و کەرنەڤاڵییە وەرزشییەکان، بە چەندین چالاکی قوتابخانەکان بڕازێنینەوە.. کە گوزارشت لە خۆشەویستی کوردستان بکەن.

٢٨- نووسەرانی ئەدەبی منداڵان (هۆنراوە، چیرۆک، شانۆ) دەتوانن لە میانەی بابەتەکانی نووسینە مەبەستدارەکانییانەوە.. هەست و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان لە دڵی کوردیلەکانماندا بڕوێنن.

٢٩- رێزێکی تایبەتی لە منداڵانی شەهیدانی کورددتان بگیرێت.. لە رۆژانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە قوتابخانەکاندا.. دەریان بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن.

٣٠- ساڵانە بەڕێوەبەرێتی چالاکی قوتابخانەکان (پێشبرکێی رۆشنبیری و هونەری) بۆ منداڵانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کچان و کوڕان سازبکەن.. بە ناوی (کوردستان نیشتمانی پیرۆزمانە).. منداڵان هۆنراوە و پەخشان و شانۆیی پێشکەش بکەن.. کە دەقەکانیان گوزارشت بن لە خۆشەویستییان بۆ کوردستان بکەن.

٢٧ی جووڵای ٢٠١٥

## ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵدا.



هەر لە کۆنەوە، بە چاوێکی پڕ لە ئەوپەڕی ڕێز و شکۆدارییەوە، لە مامۆستایان ڕوانیوە .. چونکە بە درێژایی سەردەمەکانی مێژوو مامۆستا خاوەنی پەیامێکی زۆر پیرۆز و گرنگ بووە .. هەر ئەم پەیامەشە کە ڕێز و پیرۆزی بە مامۆستا بەخشیوە.

میری شاعیرانی عەرەب (ئەحمەد شەوقی) - کە بە ڕەچەڵەک کوردە - لە ستایش و گەورەیی مامۆستادا دەڵێت: " هەستە بۆ مامۆستا شکۆدارییە... هێندەی نەمابوو کە مامۆستا ببێت بە پێغەمبەر " مەبەستی ئێمە لێرەدا مامۆستای کوردە .. مامۆستا چرایەکی هەمیشە داگیرساوی گەشە .. تیشکی گەشی زانست و زانیاری، بە نەوەی نوێی ئەمڕۆمان دەبەخشێت.. خۆرێکی تیشک زێڕینە، ڕێگا بۆ کەسانی تر ڕووناک دەکاتەوە.. مامۆستا گوڵێکی گەش و بۆنخۆشی هەمیشە بەهارە، بە گوڵاوی بۆن و بەرامە خۆشی زانیاری مەستمان دەکات.. مامۆستا هەنگ ئاسایی لە جوانترین گوڵزاری گوڵ هەمەڕەنگدا، شیلەی هەڵاڵەی زانست و زانیاری هەمەچەشنە دەمژێ و، هەنگوینی زانست و زانیاریان لێ دروست دەکات و، پێشکەشی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی دەکات.. مامۆستا گرنگترین کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەکانی بنیاتنانی تاکی سوودبەخش و، کۆمەڵگایەکی دروست و بەختەوەردا .. مامۆستا گرنگترین کارتێکەرە، لە ژیانی ئەمڕۆ و، لە داهاتووی نەتەوەکەماندا.

مامۆستا، پێشمەرگەیەکی جەنگاوەری خۆڕاگر و کۆڵنەدەری گۆڕەپانی جەنگە، کە بە چەکی بڕوا و دڵسۆزی، بە چەکی زانست و زانیاری شەڕی نەزانین و دواکەوتن دەکات.. هەمیشە لەم شەڕەیدا براوە و سەرکوتووە.. مامۆستا، ڕابەرە، پێشەنگە، پێشڕەوە، بەخشندەیە.. مامۆستا، دایکە، باوکە، خوشکە، برایە، دڵسۆزترین هاوڕێیە.. مامۆستا چێنەری تۆی شادی و ئاشتی و بەختەوەرییە.. هەردەم گەشبین و هیوابەخشە.. مامۆستا دوژمنی نەزانین و

دواکەوتنە.. هەڵگری ئاڵای گەشەکردن و پێشکەوتنە.. هاندەری داهێنان و گۆڕانکاری و تازەگەرییە.. بۆیە چارەنووس و داهاتووی هەر نەتەوەکەمان لە دەستی مامۆستادایە.. چونکە ئەو قوتابیانەی کە مامۆستا بە راستی و بە دروستی پەروەردە و رێنمایی و ئاراستەیان دەکات و، بە جوانی فێریان دەکات و رایان دەهێنێت.. هەر ئەم قوتابییانەن کە دەبنە سەرکردە و بە رابەر و بە پێشەوا و بە کاربەدەست و، بە سیاسەتمەدار.. هەموو کاروبارێکی کوردستانمان بە رێوە دەبەن.

خزمەت و چالاکی مامۆستا، تەنها لە ناو پۆل و قوتابخانەدا نییە، مامۆستا رۆڵێکی گرنگی لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵدا هەیە.. مامۆستا جۆکەرێکە و لە هەموو بوارەکانی تێکۆشان و ژیاندا رۆڵی بەرچاوی هەیە.. ئەوە مامۆستایە کە ئەلفوبێی کوردایەتی و کوردستان پەروەری فێری قوتابییەکانی دەکات.. فێریان دەکات کە کوردستانیان خۆشبوێت و، پارێزگاری لێ بکەن.. فێری خوشک و برایی و تەبایی و یەکێتی و یەکریزییان دەکات.. فێری هەرەوەزی و هاوکاری و کاری جوانیان دەکات.. ئەوە مامۆستایە، لەسەر ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی قوتابییەکانی رادەهێنێت.

ئەگەر شارستانییەتی نوێ، بە دانا و زانا و داهێنەران و کەڵەناودارانییەوە بنازێت.. دەبێت رۆڵی مامۆستا فەرامۆش نەکەن و، ئەو راستییە لە بەرچاوبگرن، کە ئەم داهێنەر و ناودارانە، قەرزاری مامۆستان، قوتابی مامۆستا بوونە.. ئەو فێری کردوون و هانیداون بۆ داهێنان و دۆزینەوە.. ئەو بە جوانی پەروەردە و رێنمایی کردوون.. ئەو بە زانست و زانیاری هەمەچەشنە هۆشی زاخاوداون و.. هیوای پێ بەخشیون.

لە داهاتووشدا، هەر داهێنان و پێشکەوتن و گەشەکردنێک بێتە ئاراوە.. پشکی شێری شانازی بۆ دڵسۆزی و رۆڵ و ماندووبوونی مامۆستا دەگەڕێتەوە.

*(یاکس) دەڵێت: "جیهانی بەیانی.. کوڕی مامۆستای ئەمڕۆیە".*

چی بڵێین.. چی بنووسین.. گەر بەنرخترین خەڵاتیش بە مامۆستا ببەخشین.. بێگومان هاوتای رۆڵی پیرۆز و ماندووبوون و، دڵسۆزی مامۆستا ناکەنەوە.. هەر هەموومان قەرزاری چاکە و ماندووبوونی مامۆستاین.

مامۆستا بەرپرسیارییەتییەکی زۆر گرنگ و هەستیار و مەترسیداری لە ئەستۆ گرتووە .. گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانی لە بەردەست دایە .. کە منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمانن .. هیوا و نەوەی داهاتووی کوردستان .. چونک ماموستایە پەروەردەیان دەکات و بنیاتیان دەنێت .. بێگومان بنیاتنانی مرۆڤی دروست .. زۆر گرانترە لە دروستکردن و بنیاتنانی کۆشک و تەلاری ئاپارتمانی باڵابەرز.

وەکو دەزانین فێرکەر (مامۆستا) و فێرخواز (قوتابی) دوو تەوەری کرداری زانیارین.

مامۆستایان (ئافرەت - یا - پیاو) رۆڵێکی بنەڕەتییان لە دروستکردنی پەروەردەیی و دەروونی منداڵاندا هەیە.. وەکو وتمان رۆڵی مامۆستا تەنها فێرکردن نییە.. فێرکردن بەبێ پەروەردەیەکی دروست، ناتوانین بە فێرکردن ناوی بەرین .. سوودی فێرکردن چییە، گەر منداڵ تەنها بخوێنێتەوە و بنووسێت.. بەڵام نابەڵەد بێت و، کەموکوڕییەکی زۆری لە بەهاکان و، لە رەوشتە بەرزە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت.. ئەگەر وا پێ بگات.. ئاکامەکەی لە ئەستۆی مامۆستای بێ ئەزموون و، نابەڵەدە لە ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن.. قوتابی لە زۆربەی رەفتار و هەڵس و کەوتەکانیدا، چاولێکەرە و، چاو لە مامۆستاکەی دەکات .. بۆیە پێویستە مامۆستا هەردەم پێشەنگێکی نموونەیی باش بێت، بۆ قوتابییەکانی.. دڵسۆزی پیشەکەی و قوتابییەکانی بێت.. وەکو منداڵی خۆی یا خوشک و برای خۆی قوتابییەکانی بلاوێنێت و، بە دروستی رەفتاریان لەگەڵدا بکات.. لەسەر بنەمای خۆشەویستی و رێزگرتن و بە جوانی گفتوگۆکردن و، راوێژکردن لەگەڵ کەسانی تردا فێریان بکات و رایان بێنێت.. فێری پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردنیان بکات.. وەکو دەڵێن گۆڵی گەش و جوانی باخچە.. بۆ خزمەت کردن و بۆ دڵسۆزی باخچەوانەکەی دەگەڕێتەوە.. مامۆستاش باخچەوانی زانست و زانیاری و فێرکردنە، ساڵ لە دوای ساڵ نەوەی هۆشیار و رۆشنبیر و زانست و زانیاری پەروەر و نیشتمان پەروەر و مرۆڤ دۆست پێ دەگەیەنێت.

بە تایبەتیش (مامۆستای رابەری پۆل) لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا، لە قۆناغی یەکەمی پەروەردە و فێرکردندا، کە ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ قوتابییەکانیدا دەمێنێتەوە.. دەتوانێت بەهرە و توانا و حەز و ئارەزووەکانیان دەستنیشان بکات.. پاڵپشت و هاوکار و هاندەر و ئاراستەکەریان بێت، بۆ گەشەکردنی توانا و بەهرەکانیان بە دروستی و بە راستی.

لە ئەمڕۆدا لە سایەی پێشکەوتن و داهێنانی نوێی تەکنۆلۆژیادا، وەکو تەلەفزیۆن و داتە و ئینتەرنێت و

تەلەفۆنی پێشکەوتوو و، بە دەیان بابەتی تازە.. ساڵانەش بە دەرچوونی بە سەدان گۆڤار و کتێبی ڕەنگاوڕەنگ بۆ منداڵان .. کە هەرەیەکە لەو بابەتانە، ڕۆڵیان هەیە لە فراوانکردنی ئاسۆی خەیاڵ و، گەشەکردنی توانای وەرگرتنی منداڵاندا .. هەریەکە لەو داهێنانانە بوونە بە مامۆستایەکی سوودبەخش ـ ئەگەر بێتو بە دروستی و بە جوانی ئەم داهێنانانە بەکاریان بهێنن ـ جیهان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێشکەوتندایە.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داهێنانی سەیری تەکنۆلۆژیا دێنە ئاراوە.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیۆر و بیردۆزی نوێی پەروەردەیی دێنە ئاراوە .. پێویستە پەروەردەش بەم داهێنانانە و گۆڕانکارییانەوە ببەسترێت.. سەردەم سەردەمی پەروەردەی منداڵانە .. پەروەردەی منداڵان بۆتە جێی بایەخ و خەمی هەمووان .. زۆربەی وڵات پێوەی سەرقاڵ بوونە .. بۆیە لە ئەمڕۆدا، ڕۆڵی مامۆستا قورستر بووە.. چونکە نە منداڵانی نەوەی ئەمڕۆ وەک منداڵانی نەوەی سەدەی ڕابردوون، نە خواست و هیوا و پێداویستییەکانیشیان هەمان خواست و هیوایە پێداویستییەکانی منداڵانی جارانن .. کەواتە پێویستە مامۆستای ئەمڕۆش لەم ئاستەدا تازەیەدا بێت و، ببێت بە پەروەردەکار و فێرکارێکی تازەی سەردەمییانە.. ڕاستییەکی هاشا هەڵنەگریشە، سەرەڕای ئەم هەموو پێشکەوتن و ئەم هەموو داهێنانانەش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.. تا ئەمڕۆش ڕۆڵ و پێگەی مامۆستا نزم و کاڵ نەبوونەتەوە، بەڵکو تا بێت پێویستییەکی زیاتریان بە مامۆستایان هەیە.. چونکە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لە بنیاتنانی ئەقڵ و هۆشی منداڵاندا، لەچاندنی ئاراستەکان و نەریتەکاندا، لە ئەستۆی مامۆستا دایە.. هەرچەندە هۆیەکانی فێرکردن پێشش بکەون.. بەڵام ناتوانن جێی مامۆستا بگرنەوە یا بتوانن ڕۆڵی ئەو ببینن.

دەبێت ئەم ڕاستییەش بخەینە بەرچاو، هەرچەند مامۆستا بەتوانا و لێهاتووش بێت، ناتوانین ئەوە بڵێین، کە مامۆستا گەیشتۆتە لووتکەی شارەزایی و توانا و زانیاری، هیچ پێویستییەکی تازەی بە ڕاهێنان و وەرگرتن و و بە دواداچوون نەماوە.. بەڵکو هەمیشە پێویستی بە دواداچوون هەیە و، هەردەم پێویستی بە وەرگرتنی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری زیاتر و زیاتر هەیە.. پێویستە نەچەقی و ئاگای لە شارەزایی و بیردۆزە تازەکانی فێرکردن و پەروەردەی تازە هەبێت.. بە تایبەتیش لە بواری پیشەکەی خۆیدا، کە کارە سەرەکییەکەی فێرکردن و پەروەردەکردنە.. بۆیە پێویستە ئاستی خوێندنی مامۆستایان بەرزتربکرێتەوە، لە ئاستی (پەیمانگاوە) بگۆڕێت بۆ ئاستی (زانکۆ) پێویستە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتیش دەرچووی زانکۆکان بێت و، بڕوانامەی بەکەلۆریۆسیان هەبێت.. ساڵانەش کۆرسی تایبەتی ڕاهێنانیان و شارەزایی تازە بۆ مامۆستایان بکرێتەوە، بە تایبەتیش بۆ مامۆستایانی تازەی کەم ئەزموون و، کەم شارەزای بواری پەروەردە و، ڕێبازە سەرکەوتووەکانی فێرکردنی بابەتەکانی وانەکان.. بۆ ئەوەی کادیرانی پەروەردە و فێرکردنی بە توانا پێ بگەیەنن.. کە لەگەڵ پێشکەوتن و

داهێنانەکانی ئەم سەردەمەدا دەربەرن ودانەمێنن.. لە ئاستی بە دیهێنانی پێویستی و هیوا و ئامەنجەکانی ئەمڕۆ و، داهاتوودای گەلەکەمان بن.

لە ئەمـــڕۆدا، رادەی پێشـــکەوتنی نەتەوەکـــان و کۆمەڵگاکـــان، بەوە دەپێورێـــت، کە تـــا چەنـــد ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانە، بایەخیـان بە پێشکەوتن و بە یاسا و، بە پەیـڕە و پروگرامی پێشکەوتووی پەروەردەی منداڵانیان داون.. تـا لەگەڵ گۆڕانکـاری و تازەگەرییەکـان و داهێنانەکـان و گۆڕانکارییەکـانی سەردەمدا بگونجێن.. (جوبـران خەلـیل جوبـران) دەڵێت: "نیشتمان لەسەر ئەستۆی سێ کەسدا بنیـات دەنرێت: جووتیارێک خواردنی دەداتێت.. سەربازێک دەیپارێزێت.. مامۆستایەکیش پەروەردەی دەکات".

لێرەدا ئەرک و رۆڵی کاریگەری مامۆستایانی (بـاخچەی ساوایان) لەبەرچـاو دەگرین، کە بە تـایبەتی بە خوشکان سپێرراون و، بە (دادەکـان) نـاودەبرێن، هۆی پـێ سپاردنی ئەم ئەرکە پیـرۆزەش بە خوشکان.. لەبەر ئەوەیە کە ئەوان شایستەی ئەم ئەرکەن، چونکە بە سۆز و دڵ نەرم و نەرم ونیـان و میهرەبـانن.. لێـو بەخەنـدە و رووگەشـن.. زمان شیرینن.. کە لە لای پیاوان ئەم تایبەتمەدیانە بەو رادەیە نین.. دادەکان، تا رادەیەکی بـاش دەتـوانن جێی سۆز و خۆشەویسـتی و میهرەبـانی دایکـان بگـرنەوە.. بێگومـان تەمەنـی قۆنـاغی (بـاخچەی سـاوایان) گرنگتـرین و هەستیارترین قۆناغە لە ژیانی منداڵییەتیدا.. کە بەشی هەرە زۆری خەسڵەتەکانی کەسێتی مرۆڤ لەم قۆنـاغەدا دروست دەبن.. بۆیە ئەم قۆناغە، بە قۆناغی دروستبوونی کەسێتی مرۆڤ ناوزەند دەکرێت.. ئەو مامۆستا و دادانەی کە لە (باخچەکانی ساویـان)ی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەرکـی پەروەردەکردنـی منداڵانیان پـێ دەسپێرن، لە ئاستێکی بەرزی زانیاری و شارەزایی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و سۆزداری و ئەکادیمیدان.

وەکـو پێـوەر بـۆ هەڵبژاردنـی (دادەکـان)ی باخچەکـانی سـاوایان، کۆمەڵێـک خەسڵەت و تـایبەتمەنـدی کەسێتی و، ئاستی پەروەردەیی و زانستی و رۆشنبیری هەن، کە پێویستن لە دادەکان و لە مامۆستایانی باخچەکـانی سـاوایاندا هەبن، چونکە دادەکان بە شێوەیەکی سەرکی بەشداری خێزان دەکەن، لە دانانی بنـاغەی دەروونی و زانستی مرۆڤدا .. کە منداڵانی ئەمڕۆمانن و.. هیوای داهاتووی گەلەکەمانن.

رۆڵـی (دادەکـان) تەنهـا فێرکـردن و، گەیانـدنی زانست و زانیـاری نییە بە منداڵان، بە شێوەی تەڵقین ئـاسایی، بەڵکو رۆڵێکی زۆر هەستیار و گرنگیان لە ئەستۆدایە.. بەر لە هەموو شتێک، پێویستە بە سۆز و خۆشەویستییەکی

راستی دایکانەوە، رەفتار لە گەڵ منداڵانی باخچەکەیدا بکەن.. چونکە ئەو منداڵانە لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانیاندا، دایکیان و ماڵییان بە جێ دەهێڵن.. هەروەها پێویستە دادەکان رۆڵێکی سەرەکییان لە کاری پەروەردەییدا هەبێت.. چونکە ئەوان لەگەڵ منداڵاندا تێکەڵ دەبن و، ئەرک و کاری سەرەکیشیان پەروەردەکردنی دروست و فێرکردن و ئاراستەکردنی راستە.. منداڵانیش چاو لە کارەکان و لە رەفتارەکان و لە هەڵس و کەوتەکانی ئەوان دەکەن.. کاریگەری و رەنگدانەوەیان لە ژیانی ئەمڕۆ و لە داهاتوویاندا دەبێت.

دادەکان دەتوانن، توانا و بەهرە و ئارەزوو و حەزی منداڵانی باخچەکەیان دیاری بکەن و.. توانا و بەهرە و ئارەزووەکانیان بقۆزنەوە و، بە راستی پەروەردەیان بکەن و، بە جوانیش ئاراستەیان بکەن.. هاندەریان بن بۆ گەشەکردنی بەهرە و تواناکانیان.

مامۆستا دڵسۆزەکان، دادە خۆشەویستەکان.. منداڵان ئەمانەتێکی زۆر گەورەن و، بە ئێوە سپێرراون.. چارەنووسیان لە ئەستۆی ئێوەدایە.. هەرگیز نابێت پشتگوێیان بخەن.. بەڵکو بە ئەوپەڕی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە پەروەردەیان بکەن، بە زانست و زانیاری هەمەڕەنگەی بەسوود، زاخاوی بیر و هۆشیان بدەن.. بە تایبەتیش لەم سەردەمە چارەنووسازەی گەلەکەماندا، کە لە گەلێ لاوە دوژمنانی کورد و کوردستان، پیسترین و گڵاوترین پیلان لە دژی هیوا و خواستەکانی گەلەکەمان دەگێڕن و، هەڕەشە لە داهاتووی کورد و کوردستان دەکەن.. بەڵام گەشبین و دڵنیاین، کە سەرکەوتن بۆ ئێمەی کوردی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر دەبێت.. مامۆستایان، دادەکان، ئەی پێشمەرگە دلێر و دڵسۆزەکانی گۆڕەپانی پەروەردە و فێرکردن.. ئێوەن ئایندی کورد و کوردستان دیاری دەکەن.. بڕوا و هیوامان پێتانە، کە ئێوەی دڵسۆز، هەرگیز درێغی ناکەن و.. بە ئەوپەڕی تواناتانەوە هەوڵدەدەن.. بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پەیامە پیرۆزەکەتان.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە تا ئەمڕۆش لە کوردستاندا، وەکو پێویست ئاورێکی ئەرێنی لە مامۆستایان نەدراوەتەوە و، رۆڵی گرنگ و پیرۆز و هەستیاریان لەبەرچاو نەگرتوون.. بە تایبەتیش (باری دارایی) مامۆستایان، لە ئاستێکی خراپ و نزمدایە و، ناتوانن وەکو پێویست، بە بە جلوبەرگێکی جوانەوە، لە بەردەم قوتابییەکانیدا دەربکەون.. بەڵام مووچەکەمی یا بێ مووچەیی، لە دڵسۆزیی مامۆستایانیان کەم نەکردوونەتەوە.

ماموستاکان، ئەی هەڵگرانی پیرۆزترین پەیام، ئێوەن شەوەزەنگی تاریکی نەزانینتان گۆڕی بە بە رۆژی رووناکی زانیاری.. ئێوەن هەمیشە هێمای دڵسۆزی و بەخشینن.. ئێوەن و.. هەر ئێوەن شایانی ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستی و شکۆدارین.

*(فیلۆکس ئەلستیری) دەڵێت: "ئەوە ماموستاکانمانن.. رێگامان پێشان دەدەن.. تا ژیانێکی باش بژین".*

*(فەیسەڵی یەکەم) کە یەکەمین شای عێراق بوو، دەڵێت: " ئەگەر نەبوومایە بە شا .. دەبووم بە ماموستا ".*

*(لیۆناردۆ داڤنشی) ش دەڵێت: "ئەوەی لە ماموستکەی زیاتر نەبێت.. قوتابییەکی بێ کەڵکە"* مەبەستی داڤنشی ئەوەیە، کە پێویستە قوتابی سەرەڕای ئەو زانیاری و شارەزاییەی لە ماموستاکەیەوە وەری گرتوون.. پێویستە شارەزایی و ئەزموونی و داهێنانی خۆشی بخاتە سەری و.. لە ماموستاکەی زیاتر بە دەست بهێنێت.

١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---

## *گرنگیی ستایش و هاندان بۆ منداڵان.*

*نووسەر و پزیشکی ناسراوی دەروونی (رۆدلف دریکۆس) دەڵێت: "منداڵ پێویستی بە هاندان هەیە.. هەر وەکو چۆن رووەک پێویستی بە ئاو هەیە.."* ستایش و هاندان، دوو وشەی هاومەبەستن، بە جیا بێن یا پێکەوە، یا کامیان پێش ئەوەی تریان بکەوێت. مەبەست لە ستایش و لە هاندان، بریتیە لە بە جوانی ناوهێنان و، لەبەرچاوگرتنی باشییەکان و، بەرزکردنەوەی ورە و تواناکانی مرۆڤن.. هاندانی مرۆڤە بۆ درێژەپێدان و گەشەکردن و چەسپاندنی کار و رەفتار و هەڵس و کەوتە دروست و ئەرێنییەکانیانن. هاندان و ستایش پێویستییەکی سەرەکین و، گرنگییەکی گەورەیان لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی مرۆڤدا هەیە.. بە ستایش و هاندان، مرۆڤ هەست بە خۆشی و شانازی و دڵنیایی و پێزانین دەکات.. وشە و رستە شیرین و جوانەکانی ستایش و هاندان، دەبنە هاندەر و پاڵپشتێکی بەهێز بۆ درێژەدان و گەشەکردنی کاری جوانتر و ئەنجامی باشتر.

منداڵ و گەورە پێویستیان بە ستایش و هاندان و پیاهەڵدان هەیە.. هاندان و ستایش گوڕ و تینێکی زیاتر بە

مرۆڤ دەبەخشن و .. هاندەرن بۆ درێژەدان بە کار و بە رەفتارە باشەکانیان.. ستایش و هاندان و خەڵاتکردن، زیاتر تواناکانی مرۆڤ دەوروژێنن و.. زیاتریش دەیانەوێت خۆیان دەربخەن و، ئەوەی لە باریان دایە بگەیەنن.. ستایش و هاندان زاخاوی بەهرە و تواناکانی مرۆڤن دەدەن.. ئاسودەیی و بڕوابەخۆبوون و، هیوا و گەشبینی دەخەنە دڵی مرۆڤەوە.. هەمیشە وشە شیرین و جوان و باشەکان، هێزێکی ئەفسووناوی گەورەیان هەیە، بۆ گەیاندنی خۆشەویستی و، رێز و پیزانین.. وشە و رستەکانی هاندان و ستایش و پیاهەڵدان، ئە گەر لە ناخی دڵەوە دەربچن، هەموویان گوزارشت لە واتایە دەکەن کە: (من گرنگیی بە تۆ دەدەم..) ئەگەر وشە و رستەکانی هاندان لە کات و شوێنی کارە ئەنجامدراوە باشەکاندا، بە خێرایی بوترێن.. یا ئەو کەسە بە خێرایی خەڵات بکرێت.. ئەو وشە و خەڵاتانە بە خێرایی لە یاد ناچنەوە.

زانایانی دەروونی جەخت لەسەر گرنگیی و کاریگەری هاندان و ستایش دەکەنەوە، بە لای ئەوانەوە ستایش و هاندان، بزوێنەر و پاڵنەرن، بۆ درێژەدان و گەشەکردنی کار و رەفتارەی پەسەند و، بەها جوانەکان و، رەوشتی بەرز و، شکۆداری و شانازی و پیاوەتی و مرۆڤایەتی و رێز و خۆشەویسی و، بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.. ئەم بەها بەرز و جوانانە لە دڵە قنجەکانی منداڵاندا دەڕوێنن.. *(شەکسپیر) دەڵێت: "هیچ شتێک هێندەی ستایش و پیاهەڵدان .. کارناکاتە سەر منداڵ".*

ئێمەی مرۆڤ، بریتین لە کۆمەڵە هەست و نەستێک، هەر بە هەستی جوان و، بە سۆزداریش، هەستمان زاخاودەرێت .. دەتوانین بە وشە و رستەی شیرین و جوان و شیاو.. بە هاندان و ستایش.. گوزارشت لە هەستی ناخی خۆمان بکەین و.. رێز لە هەستی کەسانی تر بگرین.. *(مارک تویـن) دەڵێت: "بێگومان، من بە قسەیەکی خۆش.. دەتوانم سێ مانگ بژیم".*

گرنگترین چین کۆمەڵگاش کە پێویستییەکی زیاتریان بە هاندان و ستایش و خەڵاتکردن هەیە منداڵانن، کە هیوا و نەوەی داتوومانن.. ستایش و هاندانی منداڵان هیچی تێناچێت.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستییەکی گرنگە و، سوودێکی زۆر گەورە و، کاریگەرییەکی ئەرێنییان هەیە، لە ژیانی ئەمرۆ داهاتووی منداڵاندا.

ستایش و هاندان، خۆشی و شادی و دڵنیایی و ئاسوودەیی و هیوا و گەشبینی بە منداڵان دەبەخشن.. ئەو هەستەشیان لا دروست دەبێت، کە ئەوان لە لایەن دایک و باوک و مامۆستاکانیان و، کەسانی ترەوە گرنگییان پێ

دەدەن و، پێزانینیان بۆ کارە باش و ڕەفتارە جوان و نایابەکانیان هەیە.. ڕێزیان لێ دەگرن و، پێگەیان هەیە و، پەراوێز نەکراون.. بڕوایەکی بەهێز و متمانەیەکی زیاتریشیان پێ دەبەخشن .. بۆ درێژەدان بە کارە باش و دروست و پەسندەکانیان.. *وەک دەڵێن: " فێربوون لە منداڵیدا.. وەکو نەقشی سەر بەرد وایە".*

پەندێکی کوردیشمان هەیە کە *دەڵێت: "دەمە، چیت لێ کەمە"* واتە نابێت مرۆڤ لە قسەی باش و شیرین و جواندا ڕەزیل بێت.. گەر مرۆڤ قسەیەکی باش بکات لە دەمی کەم نابێتەوە.. هەر بە هەمان مەبەست پەندێکی تری کوردیمان، دەڵێت: *"بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر"* واتە تا دەتوانیت، زمانت شیرین بێت و قسەت خۆشبێت، لە گەڵ مرۆڤدا .. بەڵام بە داخەوە، تا ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لە دایکان و باوکان و لە مامۆستاکان، زۆر بە کەمی هەست بە گرنگیی و کاریگەریی هاندان و ستایش و، قسە و ڕستەی جوان و شیرین و سوودبەخش دەکەن.. کەچی بە ڕیزە وشە و ڕستەی هەست بریندارکەر و ناشیرین بە منداڵەکانیان دەڵێن.. یا لەسەر ڕەفتار و هەڵەیەکی بێ مەبەست.. بە قسەی ناشیرین و نەشیاو، هەستیان دەتەزێنن و، رووشکێنیان دەکەن.. کورد دەڵێت: (زامی خەنجەر سارێژ دەبێت.. بەڵام زامی قسەی ناخۆش هەرگیز سارێژ نابێت) قسەش لە دەم دەرچێت.. ناگەڕێتەوە.

کارتێکردنی ستایش و هاندان لەسەر منداڵان، روون و زانراوە.. لەم بارەیەوە، چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پراکتیکی و مەیدانی، لە لایەن پسپۆران و دەروونناسان و شارەزایانی پەروەردەی منداڵانەوە، ئەنجام دراون .. کە هەر هەموویان چەخت لەسەر گرنگیی و کاریگەرییەکانی هاندان و ستایش لە ژیانی ئەمڕۆ داهاتوی منداڵان دەکەنەوە . هاندان و ستایش بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن لە دروستکردنی کەسایەتییەکی دروست و سەرکەوتوودا.. هۆکارێکی گرنگیشە بۆ درێژەپێدان و گەشەکردنی، رەوشتی بەرز و کاری جوان و، کۆڵنەدان و درێژەدان، بە لایەنە ئەرێنییەکانی سەرکەوتن و داهێنان.

دایکان و باوکانی ئازیز، مامۆستا دڵسۆزەکان، خەمخۆرانی منداڵان و داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان.. لە ئەمڕۆدا، ستایش و هاندانی دروست و، بەکارهێنانی وشەی جوان و شیرین و شیاو.. بۆ بەرزکردنەوەی ورەی قوتابیان.. بوونەتە پێویسی و، بە هۆکارێکی گرنگی پەروەردەی نوێ و فێرکردن .. هۆکارێکن بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتارەکانی منداڵان.. پاڵپشتێکی بەهێزن بۆ درێژەپێدان و گەشەکردنی ئاکارە باشەکان و، کارە ئەرێنییەکان.. بۆیە پێویستە درێغی نەکەن و، بە ستایش و بە هاندان، ورەی منداڵەکانتان بەرزبکەنەوە.. هەردەم دڵە پاک و قنجەکانیان پڕبکەن، لە خۆشەویستی و هیوا و گەشبینی .. بە وشە و بە ڕستەی ناشیرین، هەستی

ناسکیان بریندار مەکەن و، ورەیان مەڕووخێنن.. *وەکو دەڵێن: "دڵ لە گوڵ ناسکترە".*

نموونەیەکی بەرزی هاندان و ستایشتان لە ژیان (تۆماس ئەدیسۆن) بۆ دەهێنینەوە.. ئەدیسۆن کە منداڵ بوو، سێ مانگ بوو کە چووبووە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی بنەڕەتی ، لە سەرەتای فێربوون و وەرگرتندا بوو.. مامۆستاکانی و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی، بە گەمژە و بیرکۆڵیان دەزانی.. تا ڕۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی دەری کرد و، پەیامێکی بۆ دایکی پیا نارد، کە تێیدا وتبوویان: " باشتر وایە کوڕەکەت لە ماکەوە دابنیشێت، چونکە گەمژەیە " (ماری ئەدیسۆن)ی دایکی، لە وەڵامی ئەو پەیامەدا وتی:

*" کوڕەکەم گەمژە نییە، بەڵکو ئەوان گەمژەن " ئەدیسۆنی لە ئامێز گرت و، پێی وت:*

" ئەگەر هەموو کەسێک نکوولّی لە زیرەکی تۆ بکەن، کوڕە بچکۆلەکەم، بۆ تۆ ئەوە بەسە، کە من بڕوام بەوە هەیە تۆ کوڕە زیرەکەکەمی .. لێیان گەڕێ چی دەڵێن با بیڵێن، تۆ گوێ لەمن بگرە: تۆ زیرەکترین منداڵی لە جیهاندا " بۆیە (ئەدیسۆن) خۆی بە قەرزای دایکی دازانێ و، دەڵێت: "دایکم بوو کە فێری کردم، چونکە ڕێزی لێ دەگرتم و، بڕوای پێم هەبوو.. ئەو هەستەی پێ بەخشیم، کە من گرنگترین کەسم لە بووندا، بوونی منیش، بوو بە پێویستییەکی گرنگ لە پێناوی ئەودا.. بەڵێنم بە خۆم دا، کە شەرمەزاری نەکەم، وەک چۆن ئەو هەرگیز شەرمەزاری نەکردم" بەڵی ئەدیسۆن بە هۆی پشتگیری و ستایش وهاندانی دایکییەوە، پێگەیی و، وزەی کارەبا و بە سەدان داهێنانی داهێنان.. بوو بەو کەڵە داهێنەرە، کە تا هەتایە، مرۆڤ قەرزاری ئەون.

ئەدیسۆن، لە دڵسۆزی و پێزانینی چاکەی دایکیدا، *دەڵێت: " لە ژیانمدا هەر زوو ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە بە رەهایی، دایک باشترین بوونەوەرە ".*

کەواتە هیچ شتێک، بە قەی هاندان و ستایش و پشتگیری، دروستکەر و کاریگەرنین.. پێویستییەکن، کە هیچ پێویستییەکی تر ناتوانێت شوێنیان بگرێتەوە .. هاندان و ستایش بە هەستێکی تەواو و، بە تێگەیشتن و بڕوا پێکردنەوە.. پاڵپشتن بۆ بزواندنی سۆز و هەستی منداڵان.. بەڵکو خۆشی و شادی، بە گیانیشیان دەبەخشن.. زەردەخەنەی خۆشی دەکەوێتە سەر لێویان و.. روویان گەشتر و.. چاویان روونتر.. دەبنەوە.

*هاندان و ستایش، دەتوانن ئەم ئامانجانە بهێننەدی:*

١- شیرینکردنی سەربەخۆیی و بەرپرسێتییە، لە لای خودی منداڵان.
٢- منداڵان بڕوایان بە خۆیان بە هێزتر دەبێت .. ڕێزێکی زیاتریشیان بۆ خۆیان دەبێت.
٣- هۆکارن بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشیی دەروونی، وەکو : شەرم کردن و ترس.
٤- یارمەتیدەرن، بۆ ئەوەی منداڵان، بە هیوا و گەشبینییەوە، لە داهاتوویان بڕوانن.
٥- ئەو هەست و نەستەیان لا دروست دەبێت، کە ئەوان لە لای کەسانی تر پەسەندن.. ئەمەش لەخۆڕازیبوون و، ئاسوودەیی و دڵنیاییەکی زیاتر بە دەروونیان دەبەخشن.
٦- گۆڕینی روانینی منداڵان، لە دەرەوە بۆ ناوەوەی خۆیان.
٧- هەڵنان و لەبەرچاوگرتنی کارە باشەکانی منداڵان .. بۆ درێژەدان بە گەشەکردنیان.
٨- شیرین کردن و پێزانین .. بۆ کارە باشەکان و، رەفتارە جوانەکانی منداڵان.
٩- ئەو ئامانجانە و، بە دەیان ئامانجی تریش، کە لە سایەی ستایش و هاندانەدا دێنە دی.

پێویستە ئەوەش بزانین، کە بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و، بە پێی قەوارە و گرنگیی کارە باشە ئەنجامدراوەکان .. ستایش و هاندان و خەڵاتکردن، پایە بە پایە سەردەکەون .. ئەبێت ستایش و هاندانەکان پڕ بە پێستی کارە جوانەکان بن و، گونجان و، هاوسەنگییەک لە نێوان ستایش و پاداشت و، کارە ئەنجامدراوەکاندا هەبێت .

دووبارەی دەکەینەوە، کە ستایش و هاندان و ستایشی منداڵان، لە سەر ئەنجامدراوە ئەرێنییەکانن.. پێویستییەکی زۆر گرنگن و، کارتێکردنێکی گەورەیان لەسەر رەوشت و رەفتار و، دروستکردنی کەسایەتی منداڵان هەیە.. بۆ ئەوەی ستایش و هاندان بە جوانی و بە دروستی بەربگرن و.. بە باشیش مەبەست و ئامانجەکانیان بپێکن .. پێویستە بە وردی، ئەم هۆکارە سەرەکییانە لەبەرچاو بگرین:

١- پێویستە هاندان و ستایش و خەڵاتکردن، لەسەر ئەنجامدانی کارە باشەکانی منداڵان بن، نەک لەسەر خودی منداڵان .. بۆ نموونە:

کاتێک کە منداڵێک لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەدا، بە نمرەیەکی باشەوە دەردەچێت.. پێویستە دایک و باوکی، ستایشی ئەو کۆشس و هەوڵدان و ماندووبوونەی بکەن، کە منداڵەکەیان بۆ ئەم سەرکەوتن و ئەنجامە باشەی لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەکەی دای.. وەکو پێی بڵێن: "دەستخۆش، تۆ کۆششێکی باشت کرد بۆ ئەوەی دەربچیت و ئەم نمرە بەرزانە بە دەست بهێنیت.. " ئەم شێوە ستایش و هاندانانە، یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ درێژەپێدان و گەشەکردن و، راهاتن لەسەر کار وکۆشش، بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامی باشتر.. کەواتە پێویستە جەخت لەسەر کارە باش و ئەرێنییە ئەنجامدراوەکان بکەیینەوە، نەک لەسەر خودی کەسەکان.. هەر لەم بارەیەوە نموونەیەکی تر:

(جوان) کە کچێکی هەشت ساڵانە.. بە باشی حەوشەی ماڵەکەیانی گسک دا.. گەڵا وەریوەکانی دارەکان و هەموو خۆڵ و خاشاکێکی حەوشەکەیانی ماڵی و، کۆی کردنەوە و کردییە ناو سەبەتەی زبڵەکەیانەوە.. هەموو شتەکانی حەوشەکەیانی، بە جوانی لە شوێنی خوایاندا دانا.. ئەم کارە جوانەی کە جوان ئەنجامی دا.. بووە هۆی دڵخۆشی دایکی.. دایکی دەربارەی ئەم کارە جوانەی کچەکەی.. بەم جۆرە گۆزارشتی لە پێزانین و، لە پێخۆشحاڵی خۆی کرد:

***دایک:*** *"حەوشەکەمان زۆر پیس بوو.. لەو بڕوایەدا نەبووم کە بە رۆژێک، ئەوها جوان پاک بکرێتەوە."* .

***جوان:*** *" من وا پاکم کردەوە"* .

***دایک:*** *"حەوشەکەمان پڕبوو، لە گەڵا و خۆڵ و خاشاک و شتی تر"* .

***جوان:*** *"من هەموویم ماڵی و، پاکم کردەوە و، کردمە ناو سەبەتەی زبڵەکەوە"* .

***دایک:*** *"بێگومان تۆ هەوڵێکی گەورەت داوە و.. ماندووبوویتە"* .

***جوان:*** *"بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمەم کرد"* .

***دایک:*** *"حەوشەکەمان زۆر پاکە.. مایەی دڵخۆشییە کە مرۆڤ، بەم پاکییە بیبینێت"* .

***جوان:*** *"زۆر پاک و، رێک و پێکە"* .

***دایک:*** *"رووخۆشیت و، دەموچاوی گەشت.. ئەوەم بۆ دەردەخەن، کە تۆ چەند شانازی بەم کارەتەوە دەکەیت.. زۆر سۆپاس بۆ ئەم کارە جوانەت"* .

***جوان*** *(بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە): "سۆپاس دایکە گیان"* .

جوان هەستی بە خۆشی و، بە شادییەکی زۆر کرد، دەربارە وشە جوانەکانی دایکی و پێزانینی بۆ ئەو ئیشانەی

ئەنجامی دان.. چاوەڕێی ئێوارەشی دەکرد، کە بـاوکی بێتەوە و حەوشەکەیان بەو پـاکییە ببینێت و .. بـۆ جـاری دووەم شانازی بەم کارەیەوە بکات .

لە بەرانبەر ئەو وشانەدا، گەر دایکی و شە و، رستەگەلێکی ستایشی وەک ئەم وشانەی بەکار بهێنایە: " تۆ کچێکی چەند مەزنـی "یـا" کچە بچکۆلەکەم جوانەکەم، تـۆ بە راستی یارمەتیـدەری منـی "یـا" دایکت بەبـێ تـۆ هیچـی پـێ ناکرێت " یا هەر رستەیەکی تری لەم جۆرانە.. ئەم رستانە ئاراستەی خودی کچەکەی دەکرد.. نەک کارە باشـەکانی .. ئەمەش راسـت نیـیە و (هەڵەیە).. ئەم زیادەڕۆییـانە لە سـتایش کردنـی خـودی منداڵـدا.. ناراسـتی لای منـداڵ دروست دەکەن و، بێزاری دەکەن.. لەوانەیە وا هەست بکـات، کە ئەو هێنـدە مەزن نییە و، شـایانی ئەو سـتایش و پیاهەڵدانە نییە و.. ئەوە فوودانە .

***(برولمـان) دەڵێت: "ستایش کردنـی منـداڵ بە رستەی وەکـو: تـۆ هونەرمەنـدێکی مەزنـی "یـا (لە تـۆپی پێدا: تـۆ ئەستێرەی ئەستێرەکانی)..*** بەم نازناو و ستایشە زیادە رۆییانە.. منداڵ هەست بە شـەرمەزاری دەکـات.. خۆ ئەگەر هاتوو لە جاری داهاتوودا نەتوانێت وێنەیەیەکی جوانتر بکێشێت.. یا گۆڵێک تۆمار بکات .. زۆری پێی شەرمە، کە بە نازنـاوی "تـۆ هونەرمەنـدێکی مەزنی"یـا" تـۆ ئەسـتێرەی ئەسـتێرەکانی" چـونکە ئەم ستایشـانە ئاراسـتەی خـودی منداڵان دەکەن، لەوانەیە لە راستیدا، لە ئاستی ئەو ستایش و پیاهەڵدانانە نەبن، هەست بە تەریق بـوونەوە و، بەشەرمەزاری بکەن.. راستر ئەوەیە، کە پێویستە ستایشی کارە ئەنجامدراوەکانیان منداڵان بکەن.. بۆ نموونە: "تۆ وێنەیەکی جوانت کێشاوە"، "تۆ یارییەکی جوانت کرد"، "تۆ بە رووحێکی وەرزشیی بەرزەوە.. یاریت کرد".

٢- ستایشی هەوڵدانەکانی منداڵان بکەن.. ئەگەر بە ئەنجامیش نەگەیشـتووبن، ئەو بڕوایەیـان لە دڵ بـڕوێنن، کە شکستی جارێک و دوو جار کۆتـایی کارەکان نیین.. هەموو شکستییەک، پەند و وانەیەکی نوێ بە مرۆڤ دەبەخشـن، بـۆ دۆزینـەوەی رێگـایەکی باشـتر و، هەنگاونـان بـۆ سـەرکەوتن.. ***(ئەدیسـۆن)ی کەڵە زانـا، دەڵێت: " تەنهـا ئەو کەسانە شکست دەهێنن، کە واز لە کۆشش و لە هەوڵدان دەهێنن " .***

(ئەدیسـۆن) بـۆ دۆزینـەوەی وزەی کارەبـا، هەزار تـاقیکردنەوەی ئەنجامـدا، لە(٩٩٩) یانـدا شکسـتی هێنـا، لە هەزارەمین تـاقیکردنەوەیدا سەرکەوتنی بە دەستهێنا.. بەڵام یەدیسۆن هەرگیز هەوڵ و تـاقیکردنەوەکانی بە شکستی ناو نەبردوون، بەڵکو دەیوت: " نۆ سەد و نەوت و نۆ تـاقیکردنەوە بۆ سەرنـەکەوتن هەیە ".

٣- ستایشی منداڵەکانتان بکەن و بە باشی هانیان بدەن.. چونکە دڵنیایی و ئاسوودەییان پێ دەبەخشن و، بەڵای ئەوانەوە، ستایش و هاندان بەڵگەیە بۆ ئەوەی.. کە پەسەندن و بایەخیان پێ دەدەن.

٤- بە راستی و بە بڕوابوونە ستایشی منداڵەکانتان بکەن و، ناراست مەبەن و سازشیان لەگەڵدا مەکەن.. چونکە منداڵان، وریا و زیرەکن.. باش دەزانن کە ئەو ستایش کردن و پیاهەڵدانەتان، راستن و دڵتانەوە دێن.. یا سازش و رووکەشی و هەڵخەڵەتاندنن.. یا زیادەڕۆیی دەکەن و زیاد لە پێویست ستایشیان دەکەن.. زۆر کەس هەیە بۆ مەرام و مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی، *کورد وتەنی: "ماستاو سارد دەکاتەوە" و "مامە حەمەیی دەکات" و لە خۆتەن، بە شان و باڵ و، لەش و لاری کەسێکدا هەڵدەدات.*

٥- شێوازەکانی راستی هاندان و ستایش بگرنەبەر.. چونکە رێبازە راستییەکانی ستایش و هاندان.. منداڵان بە سەرکەوتن دەگەیەنن.. لەم بارەیەوە، *تۆیژێنەری مەزن (ئیدی برولمان) لە (زانکۆی ئۆتریشت) لە (نیوزلەندە) دەڵێت: " گرنگ شێوازی ستایش کردن و هەڵنانە، لە تواناکان یا بەهرەکانی منداڵان" .*

٦- ئامادەی ستایش و هاندان بن و دوامەکەون.. چونکە خۆشتر و کاریگەرتر ئەوەیە، لە کاتی ئەنجامدانی کارە باشەکاندا، گەرماوگەرم، ستایش و خەڵاتی کەسە شایستەکان بکرێن.. چونکە لەو کاتەدا خۆشی و تام و چێژێکی زیاتر بەو کەسانە دەبەخشن.. کاریگەرییەکی زیاتریشیان دەبێت.

٧- پێشوەخت ستایشی کارێکی منداڵ مەکەن و.. پێشتریش خەڵاتی مەکەن بۆ کارێک کە نیاز وایە بیکات.. بەڵام هێشتا ئەنجامی نەداوە.

٨- وریابن، هەرگیز ستایشی کار و رەفتاری خراپ و چەوتی منداڵان مەکەن و، هانیان مەدە.. تا لەسەر ئەو کار و رەفتار و هەڵس و کەوتە هەڵە و زیان بەخشانە، رانەیەن و درێژەیان پێ نەدەن.. بۆ نموونە: کە منداڵەکەتان لە منداڵێک دەدات، بێ رێزییەک دەکات، بەرد لە ئاژەڵێک دەگرێت، لقی دارێک دەشکێنێت، مان لە خواردن دەگرێت، گاڵتە بە مامۆستاکانی دەکات، بەبێ پرس پارە لە گیرفانت دەردەکات، جوێن دەدات،... هتد. پێویستە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و، بە هێمنی تێی بگەیەنن و پێی بڵێن: " باشتر وایە وا بکەیت.. " هەر بەقسەش وایان لێ بکەن کە دان بەوەدا بنێت هەڵەی کردووە، داوای لێبووردنتان لێ بکات.. بەڵێن و بڕیاریش بدات، کە

دووبارەیان نەکاتەوە.. دایکان و باوکانی وریا و، مامامۆستا دڵسۆزەکان، دەزانن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵانی هەڵەدا دەکەن و.. چ شێوازێکی سەرکەوتوو دەگرنەبەر، بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانیان.. هەرگیز ناکرێت کە (هەڵە بە هەڵە) راست بکرێتەوە.

٩- هەوڵدەن وشەکانی هاندان و ستایشتان هەمەجۆرەبن چونکە زۆر دووبارەکردنەوەی هەمان جۆرە وشە و رستە، لە لای منداڵان چێژیان نامێنێت و، بایەخیان کاڵ دەبنەوە.. هەندێ لە مامۆستاکان، زۆر ئەم وشانە دووبارە دەکەنەوە : (ئافەرین، بژی، باشە، زۆر باشە، نایابە، چەپڵەیەکی بۆ لێدەن) مەرجیش نییە کە هاندان تەنها بە وشە و بە رستە بێت.. مامۆستا دەتوانێت، ئەو قوتابییەی کە ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنێت، وێنەیەکی لە سەر (تابلۆی شکۆداری)ی قوتابخانەکەی دابنێت، یا ئالایەکی بچووکی کوردستان، یا نەخشەی کوردستان، لە بەرۆکی هەڵواسی، یا کتێبێکی منداڵانی پێشکەش بکات،... هتد. یا لە لایەن دایک و باوکییەوە، وەکو خەڵاتێک، بیبەن بۆ (چاڤی لاند، یا پارکی ئازادی، یا پارکی منارە، یا... هتد).

### جیاوازی لە نێوان ستایش راست و ستایشی ناراست:

لێکۆڵینەوە دەروونییەکان، ئەویان پشت راست کردەوە.. کە ستایش کردن و هاندانی راستەقینەی هەوڵ و کارە باشە ئەنجامدراوەکانی منداڵان، لە لایەن دایکان و باوکانەوە زمانێکی شیرینی پێویستن و، هاندەر و پاڵنەرێکی باش و بەهێزن و، ناکرێت بەلاوە بنرێن، بۆ ئەوەی منداڵان هەوڵێکی زیاتر بدەن و، ئەنجامێکی باشتر بهێننەدی .. بەڵام پێویستە بە شێوازێکی راست و دروست و زانستییانە، پەیامەکەیان بە منداڵەکانیان بگەیەنن.. بۆ ئەوەی بە راستی ئامانجەکانی ستایش و هاندان و هەڵنان بپێکن .

زیادەڕۆیی لە لە ستایش و هاندان و پیا هەڵدان، یا ستایشی ناڕاست و بۆش و بێ بنەما.. زیانیان هەیە و سوودیان نییە.. زۆر منداڵ تووشی شەرمەزاری دەبێت، چونکە توانا و بەهرە و کار و بەرهەمە ئەنجامدراوەکانی، لە ئاستی ئەو هەموو ستایش و، پیاهەڵدانەدانەی دایک و باوکیدا نین.. دەشێ وا هەستیش بکات کە سەرکەوتن ئاسانە و.. دواتریش وا هەست دەکات کە ژیانیش بۆ ئەو ئاسانە .. ئەمانە هەمووی وای لێ دەکەن کە ببێت بە کەسێکی بێ دەسەڵات و.. ئامادە نەبێت کە رووبەڕووی کێشە و بەرهەڵستییەکان و راستییەکان ببێتەوە، کە لە ژیانیدا رووبەڕووی دەبنە.

### زیادەڕۆیی لە ستایش و هەڵنان.. هۆی تووشبوونی منداڵە بە نێرگزی:

هەندێ لە پسپۆرانی بواری پەروەردەی منداڵان، مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا، بەم شێوازە هەڵە و نادروستە.. بە هۆیەکی تووشبوون بە (نیرگزی) دەزانن لە نەوەی تازەدا.. هەر وەکو چۆن لە بەشێکی لاوانی ئەمڕۆدا بەدی دەکرێت.. کە کەمتر کاردەکەن و، چاوەڕێی دەسکەوتی زیاتر دەکەن.. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە، دەشێ بە راستی زیان بە منداڵ بگەیەنێت و، نەتوانێت، بەهرە و تواناکانی دروست بکات، کە پاڵپشتن بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی و پێشکەوتنیان.. هەر ئەم منداڵە تووشی لە خۆبایی بوون و، خۆبەزیاتر زانین و، خۆ بە جیاواز لە منداڵانی تر دەبێت .. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە راستیدا، لەسەر بنەمایەکی پووک هەڵنراوە.. بەهرە و تواناکانی لەوە کەمترن کە وا هەست دەکات هەیەتی.. هۆی سەرەکی ئەم تووشبوونەی منداڵ بە (نێرگزی) یەت دەگەڕێتەوە بۆ نابەڵەدی دایک و باوک، کە زیادەڕۆیی لە ستایش و، لە هەڵنانی بەردەوامی منداڵەکەیان دەکەن، کە لەو ئاستەدا نییە .. بێ ئەوەی زیانەکان و ئەنجامە خراپەکانیان لەبەرچاوبگرن.. ئەو منداڵەی کە تووشی نێرگزی دەبێت.. دەبێتە کەسایەتییەکی زۆر هەستیار و هەمیشە شانازی بە خۆیەو دەکات.. تا ئەو رادەیەی کە بە هاوڕێکانی بڵێت (من لە ئێوە باشترم).. کێشەکانی منداڵی توشبوو بە نێرگزی ئەوەیە، کە ناتوانێت پەیوەندییەکی بەهێز و بەردەوامی لەگەڵ کەسانی تردا هەبێت.

توێژینەوەیەکی هۆڵەندی کە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (ئیدی برولمان) ئەنجام درا.. کۆمەڵێک لە دەروونناسان و پەروەردەکارانئەنجامیان دا.. توێژینەوەکە لە ماوەی دوو ساڵدا، هەر شەش مانگ جارێک، لەسەر (٥٦٥) منداڵی کوڕ و کچ، کە تەمەنیان لە نێوان (٧ - ١١) ساڵ بوون، لەم توێژینەوەیەدا، پرسیار لە دایکان و باوکانیش دەکرا .. لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی.. کە زیادەڕۆیی هەمیشەیی، لە ستایش و هەڵنانی منداڵ، هۆخۆشکەرە بۆ تووشبوون بەنێرگزی.. هەر لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی بە نێرگزی ناودەبران.. ئەو منداڵانە بوون، کە باوک و دایکیان وەک منداڵێکی جیاوازی زیاتر لە منداڵانی تر، هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردوون.

ستایش وەک (پەنسلین) وایە.. نابێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش بکرێت.. کۆمەڵێک زانیاری و ئاگاداری هەن بۆ بەکارهێنانی دەرمانی بەهێز.. زانیاری دەربارەی کات و رادە و، دەربارەی زیانە ئەگەرییەکانی هەن.. وەکو

تووشبوون بە خروشت و سووربوونەوەی لەش.. هەر بەم شێوەیەش، زانیاری و ئاگاداری دەربارەی چۆنییەتی دابەشکردنی دەرمانی (سۆزداری) هەیە.

گرنگترین و دروسترین و تەنها دەستووریش ئەویە، پێویستە ستایش ئاراستەی کۆشش و کارە ئەنجامدراوەکانی منداڵان بکرێن.. نەک ئاراستەی خودی منداڵان بکرێن.

**جۆرەکانی ستایش و هاندان و پاداشت و خەڵاتکردنی منداڵان:**

**١- *ستایش و پاداشتی کۆمەڵایەتی (ورەیی: مەعنەوی)*: کە ئاسانترین و باشترین ستایشە.. لە خەڵاتی ماددی زیاتر کاریگەریی لەسەر دەروونی منداڵان هەیە.. پاداشتی کۆمەڵایەتیش، بەپێی گونجانی کارەکان و تەمەنی منداڵان جیاوازییان هەیە.. لەوانەش: (زەدەخەنە، رووگەشی، ماچکردن، لە ئامێزگرتن، دەست بەسەردا هێنان، دەست خستنە سەر شان، دەست کردنە مل، چەپڵەلێدان، روانین بە شانازییەوە، دەستخۆش، دەمخۆش، هەر بژی، ئافەرین، تەمەن درێژبیت، هیوای داهاتوویەکی باشت بۆ دەخوازم،... ئەمانە و، بە دەیان وشەی جوان و شیرین و ناسکی تری کوردیمان هەیە.. ئەم وشە و رستانە، گوزارشتێکی ئاسایی سۆزدارین بۆ بەرزکردنەو ورە و هاندانی منداڵان بۆ درێژە پێدان و گەشەکردنی کارە ئەرێنییەکانیان و، بە دیهێنانی ئەنجامێکی باشتر.**

**٢- *پاداشتی ماددی:* بەرانبەر بە رەفتار و کارە باشە ئەنجامدراوەکانی منداڵان، وەکو پێزانین هەندێ جار خەڵاتی ماددیی منداڵان دەکرێت . گەر خەڵاتێکی ساکاریش بێت . بۆ درێژەدان بە کارە و ئەنجامە باشەکانی و، بە رەفتارە جوانەکانی بدات .. وەک:**

**(نوقڵێک، بابەتێکی یاری، کتێبێکی رەنگاورەنگی منداڵان، تۆپێکی قنج، پێنووسێکی جوان، بووکە شووشەیەکی جوان، لە یەخەدانی ئاڵایەکی کوردستان، بردنی بۆ چاڤی لاند، بۆ پارکی منارە، هەڵواسینی وێنەیەکی جوانی لەسەر (تابلۆی شکۆداری)ی قوتابخانەکەی،... هتد.. لە کۆتاییدا، ئەوە دووبارە دەکەینەوە، کە ستایش و هاندان و پاداشتی ورەیی و ماددی، پێویستە لە کات و لە شوێنی خۆیاندا بوترێن.. یا پێشکەش بکرێن.. چونکە لەو کاتەدا، خۆشی و تام و چێژێکی زیاتر بە منداڵان دەبەخشن و، کارتێکردنێکی دەروونی قووڵتریشیان دەبێت.**

**٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥**

## سایکۆلۆژیای ڕەنگەکان لەسەر منداڵان.



بزانین یا نەزانین، لە لەدایکبوونەوە تا مردن، ڕەنگەکان ڕاستەوخۆ کارتێکردن و ڕۆڵێکی سەرەکییان بە ئەرێنی و بە نەرێنی لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە.. کارتێکردنیان لەسەر جەستە و هۆش و دەروون و چێژ و ڕەفتارەکانمان هەیە.. ڕەنگەکان بیناییمان ڕووناک دەکەنەوە و، ڕووحمان ڕەوان دەکەن و، دەمارەکان و ماسوولکەکانی لەشمان خاودەکەنەوە.. زاخاوی هەستمان دەدەن.. تێیاندا هەیە خۆشی و شادیمان پێدەبەخشن و گەشی دەخەنە ڕوومانەوە .. هەشیانە مشەوەشمان دەکەن و گرژ و بێزارمان دەکەن.. هەیانە گەشبینی و گەرم و گوڕی و تین و چالاکی و هیوای سەرکەوتنمان پێدەبەخشن.. هەشیانە ورەمان نزم دەکەنەوە و، بێزارمان دەکەن و ساردمان دەکەنەوە و، دڵتەنگ و بێ ئومێدمان دەکەن.

بێگومان تێڕوانین و حەز و خۆشیمان بۆ ڕەنگەکان وەکو یەک نییە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێک یا کەسانی تر جیاوازە.. دەشێ من ڕەنگێک لە ڕەنگەکان خۆشییەکی زیاترم پێ ببەخشێت و لە هەموو ڕەنگەکانی تر بەلامەوە جوانتربێت.. تۆ ڕەنگێکی ترت بەلاوە جوانترە.. ئەو ڕەنگێکی تر.. سروشتیش بە ڕەنگاوڕەنگی لەدایکبووە و.. بە هەموو ڕەنگەکان خۆی ڕازاندۆتەوە.. سەرچاوەی ڕەنگەکانیش هەر سروشتە.

هەریەکەش لە ئێمە لە دید و لە ڕوانینی خۆمانەوە، پێناسەی ڕەنگەکان دەکەین.. ئەمە ڕەنگێکی جوانە و دڵم پێی دەکرێتەوە.. ئەو ڕەنگە ناشیرینە و، بە دڵم نییە و دڵمە گوشێت.. ئەم ڕەنگە ئارام بەخشە.. ئەوەیان دڵتەنگ کەرە.. ئەوەیان سارد و سڕ و بێ چێژە .. ئەمەیان ڕۆمانسی و شاعیرانەیە،... هتد.

ئاڵاکانی وڵاتانی جیهانش، بە ئاڵای ڕە گین و جوانی کوردستانیشەوە.. ڕەنگاوڕەنگن.. هەر ڕەنگێکش هێمایەکی

شانازییە و گوزارشتە، لە واتا و لە مەبەستێک و، لە تایبەتمەندییەکی ئەو گەل و وڵاتانە.

ڕەنگ، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تیشک، لە ڕاستیدا تیشکی سپی وەکو لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەدا دەیان بینین.. لە حەوت ڕەنگی جوان پێکهاتووە کە ئەمانەن: (سوور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، ئەرخەوانی، وەنەوشەیی)

ڕەنگەکان، ناوێکن بۆ تیشکە بینراوەکان.. لێکدانەوەی بینایی چاوەکانی مرۆڤن، بەرانبەر بە جیاکردنەوەی شەبەنگەکان.. ڕەنگەکانیش بە گوێرەی بەرزی و نزمی لەرەلەری شەپۆلەکانی کارمۆگناتیسی، کە هێزێکی دیارییان هەیە، جیادەکرێنەوە.

منداڵ لە تەمەنی سێ مانگانەوە، هەست بە ڕەنگەکان دەکات، بە تایبەتیش ڕەش و سپی دەناسێتەوە.. ڕەنگەکان کارتێکردنێکی سایکۆلۆژیان لەسەر گەشەکردن هەیە .. منداڵی ساوا لەو کەرەستە جوان و ڕەنگاوڕەنگانەی بابەتەکانی یارییەکانی دەڕوانێت، سەرنجی ئەو شتە ڕەنگاوڕەنگانە دەدات، کە لە ژوورەکەیدا دانراون یا هەڵواسراون یا ئەو شتە جوانانەی کە لانک و بێشکەکەیان پێ ڕازاندوونەتەوە، سەرنجی ڕەنگەکانی پەردەکان و سەرچەف و پێخەفەکانی دەدات، ئەو جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگانەی لە بەریان کردووە.. هەموو ئەم شتە ڕەنگاوڕەنگانە زانیاری و شارەزایی و بەهرە بە هۆشی دەبەخشن.

بە دڵنیاییەوە تا ڕادەیەک، جیاوازی لە نێوان حەزی کچان و کوڕان بۆ ڕەنگەکان هەیە.. کچان بە زۆری حەزیان بە ڕەنگە ئارامەکان هەیە وەک ڕەنگی پەمەیی و سەوز، کە یارمەتیی لە یەک نزیکبوونەوەی هەستەکانیان دەدەن .. بەڵام کوڕان ئارەزووی ڕەنگی شین دەکەن، ڕەنگێکی ساردە، هێمنی و خاوبوونەوەیان پێ دەبەخشێت و، ڕۆڵی هەیە لە هێورکردنەوەی هەڵچون و گرژییەکانیان .. بۆیە ئەم ڕەنگە بۆ منداڵانی لاسار و بزێو باشە، تا ڕادەیەک هەڵچوونەکانیان هێور و خامۆش دەکاتەوە.. ئەو منداڵەی کە کەم چالاکیشە، باشتر وایە کە ژووری نووستنەکەی بە ڕەنگی زەرد بۆیە بکرێت.. چونکە ڕەنگێکی هاندەرە بۆ هۆشیاری و چالاکیی بیر و هۆشی، یارمەتیدەریشە بۆ خەیاڵ فراوانی و داهێنان.. بە لێکۆڵینەوەش ئەوە دەرکەوتووە کە، منداڵان بە ڕێژەیەکی زۆر، حەزیان لە ڕەنگە گەش و ڕوونەکانە.. نەک لە ڕەنگە بۆر و تاریک و تۆخەکان.

لە ئەمڕۆشدا، ڕەنگەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ فێرکردن و فێربوون.. مامۆستایان، بە تایبەتیش مامۆستایانی

قوتابخانە بنەڕەتیەکان، تا رادەیکی زۆر، وەکو هۆکارێکی گرنگی هۆیەکانی روونکردنە و فێرکردنی بابەتەکانی وانەکانیان، سوودێکی زۆر لە بەکارهێنانی رەنگەکان بۆ روونکردنەوە وەردەگرن.. رازاندەوەی دیوارەکانی پۆلەکان و قوتابخانەش بە وێنەی رەنگەکان، هێمنی و خۆشی و ئارامی بە قوتابیان دەبەخشن.

ماڵ ئەو شوێنەیە کە زۆرترینی کاتەکانی ژیانمانی تێدا بەسەردەبەین .. بۆیە هەڵبژاردنی رەنگە گونجاوەکان بۆ بۆیەکردنی دیوارەکانی ژوورەکان و.. رەنگەکانی کەلوپەلەکان و کەرەستەکانی ناوماڵ .. دیکۆر و دیزاین و رازانەوەی شتومەکەکان.. پێوست و گرنگن بۆ ئەوەی، ئارامی و دڵخۆشی و دەروونخۆشی و چێژمان پێ ببەخشن.

زۆر گرنگە، کە دایک و باوک ئەوە بزانن، کە چ جۆرە رەنگ و دیزاینێک بۆ ژووری ساوا و منداڵەکانیان هەڵبژێرن و.. چۆن ژوورەکانیان و جێ خەوەکانیان بە دیکۆرێ گونجا و، بە شتی رەنگاوڕەنگی جوان و سەرنج راکێش برازێننەوە.. ئەوەش بزانن کە سایکۆلۆژیای رەنگەکان کارتێکردنی راسەوخۆیان لەسەر جەستە و دەروون و هۆش و زەین و بیر و رەفتارەکانی منداڵەکانیان هەیە.. ئەو رەنگانە هەڵبژێرن کە دەروونیان ئاسوودە دەکەن و، رەفتارەکانیان ئاسایی و باشتر دەکەن و، حەز و توانای بیرکردنەوە و جوانیخوازی و داهێنانیان پێ دەبەخشن.

لێکۆڵینەوە پراکتیکییە تازەکان، کە بایەخێکی زۆر بە تەندروستی دەروونی منداڵان دەدەن.. ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە زۆربەی منداڵان حەز بەوە دەکەن کە رەنگی ژوورەکانیان و پێخەفەکانی جێ خەوەکانیان و شتومەکەکانی ناو ژوورەکانیان و، رەنگی دیوارەکانیان و، پەردەکانیان.. رەنگەکانیان گەش و کاڵبن، وەک: سەوزی کاڵ، زەردی کاڵ، پەمەیی کاڵ، وەنەوشەیی کاڵ.. شتەکانیش پێکەوە بگونجێن و لە یەکتری بێن.

دەروونناسانی منداڵان.. زۆر جەخت لەسەر، کارتێکردنی رەنگەکان لە سەر منداڵان دەکەنەوە.. کە تا رادەیەکی زۆر کارتێکردنێکی خێرایان هەیە لە گەشە و لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵان و، لە ڕەفتارەکانیاندا.. تا ئەمڕۆش لیکۆڵینەوە لەسەر سایکۆلۆژیای رەنگەکان و کارتێکردنیان، لەسەر دەروون و بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ بەردەوامە.

گەلێ کارڕێگا هەیە بۆ ئەوەی بزانن کە منداڵەکانتان زیاتر حەز بە چ رەنگێک دەکەن.. بۆ نموونە: بۆ چەند جارێک کۆمەڵێک نوقڵی رەنگاوڕەنگی هەمان تام و چێژ بخەرە بەردەستی منداڵەکەت.. لێی بڕوانە و بزانە زیاتر

دەست بۆ کام ڕەنگیان دەبات.. یا پاکەتێک پێنووسی داری یا ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ و پەڕەیەک کاغەزی سپی لە بەردەمی دابنێ بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی وێنە بکێشێت و بۆیەی بکات.. با چەند جارێکی تر دووبارەی بکاتەوە .. سەرنجی وێنەکانی بدە و بزانە بە زۆری کام ڕەنگی بەکارهێناوە.. یان کە لەگەڵ خۆتدا دەیبەیت بۆ فرۆشگایەکی جلوبەرگ فرۆشتن.. دەتەوێت فانیلەیەکی تی شێرت، یا کراسێکی بۆ بکریت.. خۆی سەرپشک بکە و بزانە کام ڕەنگی بە دڵە.. گەلێ کارڕێگای تر هەن، بۆ ئەوەی بزانیت کە منداڵەکەت بە زۆری هۆگری چ ڕەنگێکە .. ڕاسەوخۆش لێی بپرسە، کە حەز بە چ ڕەنگێک دەکات منداڵەکانتان لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگەکان ڕابهێنن، بۆ ئەوەی لە دەرگا فراوانەکەیەوە، بچنە نێو جیهانی ڕەنگەکانەوە.. بە کورتی ئەمانە چەند سوودێکی ڕەنکردنن لە لایەن منداڵانەوە خۆیانەوە.. سوودیان لە بنیاتنانی کەسایەتیان:

- ❊ گەشەکردنی بیر و خەیاڵی منداڵ.
- ❊ دەرکەوتنی بەهرەکانی منداڵ.
- ❊ لە تەمەنی منداڵییەوە فێری ئەوە دەبێت کە شتەکان پێکەوە بگونجێنێت.
- ❊ فێری ستراتیژییەتێکی نەخشەکێشان و هێڵکاری دەبێت.
- ❊ هۆشی ناوەوەی منداڵ پێشدەکەوێت.
- ❊ منداڵ هەموو بەشەکانی هۆشی بەکاردەهێنێت.
- ❊ ڕاهاتنی منداڵ لەسەر بیرکردنەوە.
- ❊ گەشەکردنی زوو وەرگرتن و، خێرا لێکدانەوە، لە لای منداڵەوە.
- ❊ منداڵ چێژ لە جوانی ڕەنگەکان وەردەگرێت و ڕەنگەکان دەبن بە بەشێک لە ژیانی.
- ❊ فێری بەکارهێنانی کەرەستەکانی دەروە دەبێت.
- ❊ گەشەکردنی هەستی منداڵ و ڕاهێنانی لەسەر بە دواداچوون و فێربوون و داهێنان.
- ❊ فێری ئەوە دەبێت کە هەرشتێک و، هەر ڕەنگێک سنووری هەیە.
- ❊ فێری بەڕێوەبردنی کارەکان دەبێت و.. کارەکان تێکەڵ ناکات.
- ❊ ڕەنگ، لە تەمەنێکی بچووکدا، زاخاوی بەهرەی زیرەکی منداڵان دەدات.
- ❊ ئەمانە و ڕەنگردن لە لایەن منداڵانەوە .. چەندین سوودی تریان پێ دەبەخشێت.

### تایبەتمەندییەکانی ڕەنگەکان:

**ڕەنگی شین:** لە هەموو ڕەنگێک زیاتر، یارمەتیی بەرهەمهێنان دەدات.. چونکە یارمەتیی هۆش و لەشی مرۆڤ دەدات، بۆ هێمنی و خاوبوونەوە و ئارامی و دڵنەوایی و، بیر و خەیاڵی فراوان دەکات.. حەزی دەستپێشخەریی دەوروژێنێ.. حەزی هاوکاری و پیاوەتیی دەبێت.. یارمەتیی داگرتنی پاڵەپەستۆی خوێن و، دڵەکوتێ دەدات.. بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکرێت کە ژووری نووستن و گەرماوی خۆشۆوشتن، بە ڕەنگی شین، بە تایبەتیش بە ڕەنگی شینی کاڵ (ئاسمانی) بۆیە بکرێن.

**ڕەنگی زەرد:** ڕەنگی ڕووناکییە وگەشبینییە، ڕەنگی ڕێکپۆشییە.. بۆ چاو خۆشە و، سەرچاوەی داهێنانە.. ڕەنگی باوەڕبەخۆبوون و ئازاییە.. ڕەنگی حەزکردنە لە دەسەڵات.. بە زۆریش ڕەنگی چێشتخانەی ماڵەوەی پێ بۆیە دەکرێت.. ئامۆژگاریش دەکرێت، کە ژووری منداڵ بە زەرد بۆیە نەکرێت.. چونکە زیاتر گرینۆکیان دەکات.

**ڕەنگی سەوز:** ڕەنگێکی دیاری سروشتە و.. ڕەنگێکی تەندروستی و ئارام بەخشە.. ڕەنگی باوەڕبەخۆبوون و بەرەنگاربوونەوەیە.. ڕەنگی لاساری و پێداگرتنە.. ڕەنگی دادوەرییە.. لە هەموو ڕەنگەکان زیاتر خۆشی بە چاو و بە دڵ دەبەخشێت.. یارمەتیی جێگیربوونی باری دەروونی مرۆڤ دەدات.. ڕەنگێکی سەرەکییە لە ئێکسوارەکانی ماڵدا .. بۆیە ئامۆژگاری دەکرێت و، هەڵبژاردنێکی باشە، کە ژووری نووستن سەوز بکرێت.. زانکانیش پێیان وایە کە ڕەنگی سەوز، ڕەنگی گەشبینی و هیوایە.. سەرچاوەی شادییە و.. ڕەنگی خۆشەویستیی ژیانە.

**ڕەنگی سوور:** ڕەنگێکی گەرمە و، کراوەیە بە ڕووی خەڵکیدا.. ڕەنگی خۆشەویستی و سۆز و لاوی و دڵتەڕییە.. ڕەنگێکی چالاکی و ڕۆمانسییە.. ڕەنگی ئاگر و شۆڕش و ڕاپەڕین و قوربانیدانە.. ڕەنگێکی بەهێزە و، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر مرۆڤ.. هێز و گوڕ و چالاکی بە مرۆڤ دەبەخشێت.. توانای ڕوو بەڕووبوونەوە و حەزکردنە لە دەسەڵات.. ڕەنگی خێرایی تووڕەبوونە.. پاڵەپەستۆی خوێن و لێکدانی دڵ زیاد دەکات.. بە زۆریش سوور بۆ وریاکردنەوە بەکار دەهێنرێت.. هەروەکو لە سێ ڕەنگەکەی ترافیکدا دەیبینین.. ئامۆژگاری دەکرێت کە ژووری چێشتخانەی پێ بۆیە بکرێت.. چونکە ئارەزووی خواردن زیاد دەکات.. بۆیە دەبینرێت کە زۆربەی چێشتخانە و ڕێستورانەکان، سوورکراون.. یا بەشێکیان لێ سوورکردوون.. منداڵان لە هەموو ڕەنگی زیاتر مامەڵە لەگەڵ ڕەنگی

سووردا دەکەن.. لە دوای سووریش مەیلێکی زۆریان بۆ ڕەنگی سەوز هەیە.

**وەنەوشەیی (مــۆر: بنەوشەیی):** ڕەنگێکی جوانی پڕ لە ڕۆمانسی و ئارامی و دڵنیاییە.. خۆشی بە چاوەکان بە و بە دڵ و.. بە دەمارەکانی لەشمان دەبەخشێت.. منداڵانیش زۆر حەزیان بەم ڕەنگە جوانە هەیە.. ئامۆژگاری دەکرێت، کە پێویستە لە ئێکسوارەکانی هۆڵی دانیشتن و لە ژووری نووستندا ڕەنگی وەنەوشەیی بوونی هەبێت.. ڕەنگێکی لەبارە بۆ بۆیەکردنی ژووری منداڵان.. بەڵام ڕەنگی مۆر بۆ بە تەمەنکان ڕەنگە ڕەنگێکی دڵتەنگی بێت .

***ڕەنگی پەمەیی (گوڵەباخی):*** ڕەنگی هێمنی و دڵنیاییە.. ڕەنگێکی کچانەیە و، بە زۆری کچان حەزیان بەم ڕەنگەیە .. ڕەنگی پەمەیی هێمایە بۆ وردبینی و قووڵی.. هێمایە بۆ ئاشتی و سازان.. یارمەتیی خاوبوونەوەی ماسوولکەکان دەدات.. ڕەنگێی باشە بۆ شەڕانگێزان و توندوتیژان.. بۆ ئەوانەش کە لە خۆبایین.. چونکە کەشێکی ڕۆمانسی لە ماڵدا دروست دەکات و.. یارمەتیدەرە بۆ هێورکردنەوەی توندوتیژی و گرژی و هەڵچوون و، بۆ خاوبوونەوەی ماسوولکەکان و لۆچەکانی گرژی.. ئامۆژگاری دەکرێت، کە ژووری نووستن و گەرماوی خۆشووشتنی ماڵەوە، پەمەیی بکرێن.

***ڕەنگی پرتەقاڵی:*** ڕەنگێکی گەرمە.. گەلێ سوودی بۆ تەندروستی هەیە.. سووڕی خوێن چالاک دەکات.. چالاکی بە هۆش و، بە دەزگا دەمارییەکان و، دەزگای هەناسەدان دەبەخشێت.. کارە فسیۆلۆژییەکانی گەدە و پەنکریاس و میزڵدان و سپڵ و سییەکان ئەکتیڤ دەکات.. لێدانی دڵ بەهێز دەکات.

***ڕەنگی ڕەش:*** ڕەنگێکی فەرمی و سەرەکی جوان و سەنگینە.. ڕەنگی ڕێک و پێکی و ئاراممییە.. ڕەنگی ڕاستگۆیی و خزمەتکردنە.. دەبینین ئەو شتانەی کە پارەدارەکان رادەکێشێت.. بە زۆری بە ڕەش بۆیە دەکرێن .. بۆ نموونە ئۆتۆمبیلی (جاکوار). سەرەڕای ئەوەی کە ڕەش لە لای زۆربەی گەلان بۆتە، هێمای تاریکی و ماتەمینی.. کەسانێکی زۆریش هەن کە حەز لە ڕە نگی ڕەش دەکەن و.. بە هێمای پاکی و.. ڕێکی و سەنگینی و هێمنی دەزانن.

**ڕەنگی سپی:** هێمای ڕووناکی و خۆشی و دڵنەواییە.. ڕەنگێکی بێ لایەنە.. ڕەنگی هێمنی و لەسەرخۆییە.. خۆ بە دوورگرتنە لە ژاوە ژاو.. بە زۆری سپی دەکرێت بە بەکراوندی ڕەنگەکانی تر.. لەگەڵ هەموو ڕەنگەکانی تری ژووری منداڵدا دەگونجێت.. هەستی پاکی و، نموونەیی بەمنداڵ دەبەخشێت.. سپی ڕەنگی پاکی و بێ تاوانییە..

ڕەنگی ئاشتی و پێکەوە سازانە.. ڕەنگی کراسێ بووکێنییە .. ڕەنگی سپی لە هەموو ڕەنگەکانی تر زیاتر ئارامی بە دەروونمان دەبەخشێت .. لە هەندێ وڵاتیشدا، وەکو وڵاتی چین و کوریا، سپی ڕەنگی ماتەمینییە.

***ڕەش و سپی:*** بوونەتە دوو جەمسەرە دژەکەی ڕەنگەکان، لە هەستی مرۆڤدا.

ڕەنگەکان لە هەموو شتێ زیاتر لە بەرچاوی منداڵانن.. تەمەنی منداڵ هەرچەندێ بێت.. ڕەنگەکان گرنگترین هۆکاری هەست بزوێنی و درکێن، لە دەروونی منداڵاندا.

منداڵانی ئاسایی بە زۆری حەزیان بە ڕەنگی گەش و ڕوونە.. بەڵام منداڵانی شەڕانی و لاسار، بە زۆری حەزیان بە ڕەنگی توخ و تاریکە.

سەرەڕای ئەوەی کە (١٥٠)ساڵ، بەسەر دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، دەربارەی کارتێکردنی ڕەنگەکان لەسەر دەروون و جەستە و هۆشی مرۆڤ تێپەڕیوە، بە تایبەتیش لەسەر چارەسەرکردن بە ڕەنگەکان بە شێوەیەکی زانیاری و زانستی.. بەڵام تا ئەمڕۆش لەسەرخۆ و زانستیانەتر، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون بۆ کارتێکردنی ڕەنگەکان درێژەی هەیە و.. تیۆری تازە دێنە ئاراوە.

لە وڵاتی بەریتانیادا، دامەزراوەیەکی ناحکوومی پەیوەندیدار، بە چارەسەرکردن بە ڕەنگەکان، بە ناوی (دامەزراوەی ڕاهێنان بۆ چارەسەرکردن بە ڕەنگ) چالاکیی هەیە.. چەندین کۆمەڵە و دامەزراوەی تریش لە شوێنانی تری جیهاندا هەن .. دەیانەوێت بە ئەنجامدانی کاری پراکتیکی و مەیدانی .. چارەسەری بە ڕەنگەکان بەلمێنن.

بەڵام مێژوو ئەوەشمان پێ دەڵێت، ئەمە هەوڵێکی تازە نییە.. بەڵکو لە سەردەمەکانی کۆنەوە چارەسەر بە ڕەنگەکان لە لایەن شارستانییە کونەکانەوە زانراوە، بە تایبەتیش لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، لە وڵاتانی (چین، هیندستان) باوبووە.. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا (لە ولاتانی نێوان دوو ڕوبار)، لە سەردەمی (فرعەونییەکانی میسر) و، لە (یۆنان - گریکەکان) یشدا.. بایەخیان بە چارەسەرکردن بە ڕەنگەکان داون.

پزیشکە دەروونییەکان، بۆ تووڕەیی و گرژی و هەڵچوون و دوو دڵی و نائارامی و، ماندوون و مشەوشیی هۆش..

چەخت لە چارەسەرکردنیان بە ڕەنگەکان دەکەنەوە.

دکتۆر (مۆرتۆن) لە کتێبەکەیدا (هێزی ڕەنگەکان)، *دەڵێت: " دەشێت ڕەنگەکان لە بەندیخەنەکان لە بەندیخەنەکان و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوە و، مەڵبەندەکانی چارەسەری تووشبووانی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان و، کەسە شەڕانییەکان بەکار بهێنرێت .. بۆ ئەوی هێور و ئارام و خاویان بکەنەوە".*

(سیو)ش، دەڵێت: لە تاقیکردنەوەیەکدا، کە لە لایەن پۆلیسەوە ئەنجام درا.. *دوو ژووریان بۆیە کرد.. یەکێکیان بە (ڕەنگی سەوزی کاڵ).. ئەوی تریان بە (ڕەنگی سووری تۆخ).. گومان لێکراوەکان، لەو ژوورەی کە بە سووری تۆخ بۆیە کرابوو.. بە ئاسانی و زیاتر دانیان بە تاوانەکانیان دەنا، نەک لە ژووره سەوزە کاڵەکەدا.*

**چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان بە ڕەنگەکان:**

لە ڕووی فیزیکییەوە، ڕەنگەکان بەوە راڤە دەکرێن، کە گەردیلەن لە تیشک، کە لە شەپۆلێ جیاوازی خێرایی پێکدێن .. هەر ڕەنگێکش شەپۆل و لەرەلەری سنووورداری خۆی هەیە.

چارەسەریش بە ڕەنگەکان، ئەوەیە کە لەشی تووشبوو بە نەخۆشی، بخرێتە بەر لەرەلەرەی ڕەنگ و تیشکە گونجاوەکان .. کە یارمەتیی چاکبوونەوەی دەدات.

زانیارییە نوێیەکانیش سەلماندیان.. کە ڕەنگەکان هێز بە لەش دەبەخشن، ئەم هێزەش تێکچوونی باری دەروونی و هەست و سوزداری ڕاست دەکاتەوە.. لەوانەش ڕەفتاری سیکۆپاتی (کە لەریزی مەیلی دوژمنکاریدا ریزبەندی دەکرێت.. تا رادەیەکی زۆریش دووره لە پێنەگەیینی سۆزداری).

باس لە تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکی دەکەین کە لە (لەندەن) ی پایتەختی ئینگلتەرا، لەسەر پردی (بلاک فرایار) ئەنجام درا، کە بە پردی (خۆکوژی ناودەبرێت.. چونکە زۆربەی خۆکوژەکان، لەسەر ئەم پردەدا خۆیان کوشت .. ڕەنگە ( خۆڵاوییە تاریکەکە ) یان گۆڕی بە ڕەنگێکی (سەوزی جوان) .. ئەم ڕەنگە بووە هۆی ئەوەی کە رێژەی خۆکوشتن لەسەر ئەم پردەدا زۆر دابەزێت .. ڕەنگی سەوز خۆشی و گەشی و رۆشنی و ئاسوودەیی بە چاوەکان دەبەخشێت.. چونکە گۆڕەپانی بینایی ڕەنگی سەوز بچووکترە لە گۆڕەپانی بینایی ڕەنگەکانی تر، هەروەها درێژیی

شەپۆلەکەشی مامناوەندییە، نە وەک شەپۆلی سوور درێژە، نە وەک شەپۆلی شین کورتە.. سەوز ڕەنگێکە کە بە ڕێژەی لە (سەدا سەد) ئەرێنی و تەندروستیە

دکتۆر (س . با کوست) لە ساڵی (١٨٧٧) دا، لە کتێبێکیدا بە ناوی (تیشکی سوور و شین)، بە وردی باسی لە کارتێکردنی تیشکی سووری ورووژێنەر و، تیشکی شینی ئارم بەخش، لەسەر جەستەی مرۆڤ کردووە.

زانای ناسراویش (دی . بی . غادیلی) لە ساڵی (١٨٦٨) دا، ئەوەی دۆزییەوە، چۆنییەتی و هۆکاری کارتێکردن، بە تیشکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر گیانلەبەر، غادیلی لە تیۆرەکەیدا دەڵێت: "هەر گیانلەبەرێک و یاسایەک لە یاساکانی لەش.. ڕەنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەیوروژێنی و ئاگاداری دەکاتەوە.. ڕەنگییی تریش هەیە کاری ئەو ئەندامە یا یاسایە پەک دەخات.. لە میانەی زانینی کارتێکردنی ڕەنگەکان لەسەر ئەندامانی لەش و یاساکانی .. دەتوانرێت ڕەنگی دروست بەکاربهێنرێت کە دەبێتە هۆی بە دیهێنانی بەلانسی کاری ئەندامەکە یا یاساکە کە بە شێوەیەکی سروشتی و دروستی بەڕێوە دەچێت " (غادیلی) لە ساڵی (١٩٣٣) دا، دوای چەند ساڵێک لە لێکۆڵینەوە .. زنجیرە نووسینێکی زانیاریی بڵاوکردەوە، لە ژێر ناوی (هونەری پێوانەی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە) و، بەکارهێنانیان لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان.

دکتۆر (ئیدوین بابیت) یش، لە ساڵی (١٨٨٧) دا، کتێبێکی لێکۆڵینەوەی دەربارەی کارتێکردنی ڕەنگەکان بڵاوکردەوە، بە ناوی (بنەماکانی تیشک و ڕەنگەکان) کە تێیدا ڕای سپاردووە.. بە هۆی ئامیری تایبەت و، شێوازی بەکارهێنانەوە، ڕەنگەکان بۆ چارەسەر بەکاردەهێنرێن.

زانای ئەڵمانیش (مەندل) لە ساڵی (١٩٨٠) دا، ئەویش زنجیرە نووسراوێکی زانیاری تری دەربارەی ڕەنگە سەرەکییەکان و، ئەو ڕەنگانەش کە یەکتری تەواو دەکەن بڵوکردەوە.. چۆنیش ئامێری چارەسەر بە ڕەنگەکان، بۆ چارەی نەخۆشییەکان بەکاری دەهێنن.

ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێت.. ئێمە زۆر بە کورتی و چڕی.. ئاماژە بە هەندێ لەو نەخۆشییانە دەدەین، کە بە هۆی ڕەنگەکانەوە، تا ڕادەیەک باش چارەسەر دەکرێن:

**سەوز:** ڕەنگی سروشتە.. لە هەموو ڕەنگەکانی تر زیاتر خۆشی بە دیدە و دەروون دەبەخشێت.. بۆ چارەسەری

ئاڵۆزبوون، کێشەکانی دڵ، ڕەقبوونی دەمارە خوێنبەرەکان، بۆ ئەنفلونزا، بۆ تا، بۆ دۆخی هەڵچوون و توورەبوون، بۆ سییەکان، بۆ هێمنی و هێورکردنەوەی توندوتیژی و شەرفرۆشی، بۆ هەموو جۆرەکانی ئازار بەکاردەهێنرێت.

**سوور:** بۆ چارەسەری دڵ، بۆ شکاوی، بۆ برین، بۆ شێرپەنجە، بۆ پێست، بۆ هێز و گوڕبەخشین و چالاکی بە لەش.. بۆ وریاکردنەوە و ئاگاداری.. بۆ چارەسەری کەم خوێنی، بۆ زیادکردنی لێدانی دڵ، بۆ چارەسەری ساردوسڕی لە کاری جووتبووندا.. بۆ تووشبوونی میزڵدان.. نابێت ژووری نووست بە ڕەنگی سوور بۆیە بکرێت.. ناشبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دووچاری پاڵپەستۆی بەرزی خوێن بوونە بەکاربهێنرێن.

**زەرد:** بۆ چارەسەری دڵتەنگی، بۆ نەخۆشی جگەر، گورچیلەکان، دەزگای هەرس، بۆ ئەکزیما، بۆ دەزگای دەماری، بۆ شەکرە، بۆ باداری، ئازارەکانی گورچیلە، ڕزگارکردنی لەش لە مادده ژەهراوییەکان، بۆ کێشە هۆرمۆنییەکان.. بۆ زیادکردنی ڕێژەی زیرەکی.

شین: بۆ نەهێشتنی ئازار، بۆ وەستاندنەوەی بەربوونی خوێن، بۆ باداری، بۆ ڕەقبوونی دەمارە خوێنبەرەکان، بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، سەر ئێشە، نەخۆشیی پێست، بۆ بۆ خامۆشکردنی تووڕەیی و هەڵچوون و کێشە دەروونییەکان، بۆ پەستی و دڵتە گی و بێزاری.

وەنەوشەیی: بۆ چارەسەری نەخۆشیی جگەر، بۆ بێ هێزبوون، بۆ تێکچوونی بارودۆخی دەروونی و هەست و سۆزداری، بۆ هێورکردنەوەی ئازاری منداڵ بوون، بۆ دان ئێشە، بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جمگەکان، بۆ ئازاری میزڵدان، بۆ ئێسک، بۆ سپڵ، بۆ چەندی دۆخێکی تریش.

پرتەقاڵی: بۆ کەمکردنەوەی ماندوویی، بۆ ورووژاندنی ماسوولکەکان، بۆ نەخۆشی جگەر، بۆ زراو، بۆ نەخۆشییەکانی چاو، بۆ قەدەغەکردنی خەوەنووتکێ.

سپی: هێمای ئارامی و دڵنیایی و ئاشتی و پاکییە.. بۆ ڕاگرتنی بەلانسی هێز لە لەشدا، بۆ شێرپەنجە ، بۆ بەهێزکردنی خڕۆکە سپییەکانی خوێن، بۆ چارەسەری نەخۆشی نەرمبوونی ئێسک، بۆ نەخۆشی سییەکان، بۆ چارەسەری زەردوویی، بە تایبەتیش بۆ ئەو منداڵە تازە لەدایکبووانەی، تووشی زەردوویی دەبن، کە تیشکێکی

سپیی بەهێز دەخرێتە سەر ناوچەی جگەری.. چاک دەبێتەوە.

ڕەش: بۆ زیاتر هەستکردن بە هێز، بۆ باوەڕبوون بەخۆ، بۆ کەمکردنەوەی گەرمایی بەرز لە لەشدا، ئارەزووی خواردن کەمتر دەکاتەوە، بۆ داگرتنی کێشی زیاد.

خۆڵەمێشی: بۆ نەخۆشی سییەکان و، بۆ تووشبووانی خووگرتوو بە جگەرەکێشان.

تەنانەت ڤیتامینەکانیش پەیوەندییان بە ڕەنگەکانەوە هەیە، دەبینین ئەو خواردنانەی کە ڕەنگیان زەرد یا سەوزە، وەک: لیمو، هەڵوژەی زەرد، کاهوو، بیبەری سەوز، دەوڵەمەندن بە ڤیتامین "سی".. ئەو خواردنانەش کە سوورن وەک: تەماتە، سێوی سوور دەوڵەمەندن بە ڤیتامینی "بی، بی : ١٢ " خواردنی وەنەوشەیش ڤیتامین "ئی" سەوزەشدەوڵەمەندە بە ڤیتامین " دی " .

نەخۆشییەکیش هەیە بە ناوی (کوێری ڕەنگەکان)، نەخۆشییەکە تووشی مرۆڤ دەبێت، کە ناتوانێت جیاوازی لە نێوان چەند ڕەنگێک یا هەموو ڕەنگەکاندا بکات.. بە هۆی تێکچوونێ تۆڕی چاوەوە، یا بە هۆی تێکچوونی دەماری چاو، یا تێکچوونی خانەکانی بینایی لە مێشکی مرۆڤدا.. یەکەمین کەسیش کە ئەم نەخۆشییەی دۆزییەوە، زانای کیمیاوی ئینگلیزی (جۆن دالتۆن) بوو، کە باسێکی دەربارەی (کوێری ڕەنگەکان) بڵاوکردەوە.. شایانی باس و سەیریشە، کە ئەم زانایە خۆی تووشی ئەم نەخۆشییە ببوو.

لە ئەمڕۆدا، دکتۆر پسپۆری ڕەنگەکان و، کەسانی شارەزا هەن، لە بواری چارەس بە ڕەنگەکان.. ئەگەرچی لە لای ئێمە بایەخ ئەوتۆ بە گرنگی و کاریگەری ڕەنگەکان و، بە چارەسەر بە ڕەنگەکان نەدراوە، کە شایانی ئاماژە و باسکردن بن.

لە کۆتاییدا هیوادارم، کە خوێنەرانی ئازیز سوود لەم بابەتە وەربگرن.. بە تایبەتیش دایکان و باوکان و مامۆستاکان و، هەموو ئەوانەی کە دڵسۆز و خەمخۆری منداڵانن.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## سایکۆلۆژیای توندوتیژیی دژی منداڵان.

دیاردەی توندوتیژیی دژی منداڵان، یەکێکە لە گەورەترینی ئەو کێشانەی کە لە ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی جیهان بۆتەوە .. چونکە بە پێی ڕاپۆرتەکانی "یۆنسیف" و ڕاپۆرتەکانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە پاڵپشت و، داکۆکیکەرن لە مافەکانی منداڵانن، ئەوەیان خستۆتە بەرچاو، کە بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ژمارەی منداڵانی قوربانیانی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی و زەبروزەنگ لە جیهاندا، زۆر لە زیادبووندایە.. هیچ کۆمەڵگایەکیش، پێشکەوتووبێت یا دواکەوتوو بێت، لە تاوانی توندوتیژیی دژی منداڵان بەدەرنین.. لە ئێستاشدا، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە شەڕ و ئاژاوەیان تێدایە، یا خاکەکانیان لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیراون .. یا ئەو دەوڵەتانەی بە دەستی هەژاری و بێکاری و برسێتییەوە دەناڵێنن.. وەکو: (عێراق، سوریا، یەمەن، فەلەستین، سۆماڵ، ئەفغانستان، نەیجیریا، لیبیا، مالی، سودان، میسر، مەغریب.. بەشێکی زۆری کوردستانیش،... هتد) چەوسانەوە و توندوتیژیی دژی منداڵان، لە ئاستێکی پێشێلکاریی مەترسیدار دایە.. بە هەزاران منداڵی پاک و بێتاوان بوونەتە سووتەمەنی شەڕ و، بە زۆر چەکیان پێ هەڵدەگرن و، ڕەوانەی شەڕیان دەکەن، یان دڵڕەقانە و بێویژدانانە، لە شەڕدا دەیانبەنە پێشەوە و، دەیانکەن بە قەڵغانی خۆپاراستن .. یا پاکییان دەشێوێنن و فێری کاری سەربڕین و، پیاوکوژییان و خۆتەقینەوەیان دەکەن ـ هەر وەکو چۆن دەبینین داعشی بەکرێگیراوی بەدڕەوشت بە بەزۆر منداڵانی شوێنەکانی ژێردەستیان، بەم کردەوە قێزەوەنانە گۆش دەکەن و ڕایان دەهێنن ـ لەم وڵاتانەدا بە هەزار منداڵ کوژران، بە هەزاران منداڵ دەستدرێژی کرایە سەریان و ئەتکران، بە ملیۆنان منداڵان ئاوارە و سەرگەردان بوونە و، ڕەش و ڕووت و برسین و، لە مافی خوێندن و شادی و یاری و، لە چێژ و خۆشییەکانی تافی منداڵیان بێبەشن.

توندوتیژیی و زەبروزەنگ دژی منداڵان چیرۆکێکە کۆتایی نایات.. لە ئەنجامی نابەڵەدی و بە هەڵە تێگەیشتن لە پەروەردەی دروستی منداڵان،ساڵی بە هەزاران منداڵانی پاک و بێ تاوان لە جیهاندا، بە ناڕەوا دەبنە قوربانی .. لە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی توندوتیژیی دژی منداڵان، ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئەمڕۆش لە قوتابخانەکانی زیاترلە (١٠٠) دەوڵەت لەجیهاندا، مامۆستاکان بەدارو بە قامچی مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیاندا دەکەن.. تەنانەت لە ئەمریکاشدا، ساڵانە زیاتر لە (٥) ملیۆن منداڵ ڕووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە، لەم ژمارەیەش ساڵی زیاتر لە (٥) هەزار منداڵ، لە ئەنجامی توندوتیژیی و لێداندا، دەمرن.

بەپێی راپۆرتێکی تر، لە وڵاتی نەیجیریادا لە (١٠) منداڵ، (٦) منداڵیان رووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە، بە تایبەتیش کچان دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەریان.

توندوتیژیی دژی منداڵان تەنها لێدان و تێ هەڵدان نییە، بەڵکو زۆر شێوازی تریشی هەیە، وەک : هەڕەشەکردن، ترساندن، سوکایەتی و بێڕێزی کردن، جوێن و قسەی ناشیرین پێوتن، توانج و تانە و تەشەر، گاڵتە پێکردن، تف لێکردن، چەمۆڵە لێنان، پشتگوێ خستن، دەستدرێژی کردنە سەریان، رووشکاندن و تەریقکردنەوەیان، زەوتکردنی ئازادییان، بە دکردن و ئەشکەنجەدانیان،... هتد.

پێناسەی توندوتیژیی ئەمەیە: " هەموو کارێکی بەرچاو یا شارەوە، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، ماددی یا مەعنەوی، بۆ گەیاندنی ئازار بە خۆ یا بە کەسێکی تر، یا بە کۆمەڵە کەسێک، یا بە سامانی کەسێکی تر، ئەم کارە دژی یاسایە، ئەنجامدەریش رووبەڕووی یاسا و سزادان دەبێتەوە".

لە رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ مافەکانی منداڵ کە لە رێکەوتی رۆژی (٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٩) دا دەرچووە، لە ماددەی (١٩) دا، بەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژیی کراوە: "هەموو دەوڵەتە لایەندارەکان، هەموو کارێکی یاسایی و بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتی گونجاو دەگرنەبەر، بۆ پاراستنی منداڵ لە هەموو شێوەکانی توندوتیژیی، یا زیان پێگەیاندن، یا خراپی جەستەیی، یا هۆشی و گوێ پێنەدان، یا ئەو مامەڵەکردنەی کە گوێ پێنەدانی لە خۆگرتووە، یا مەمەڵەکردنی خراپ، یا قۆستنەوە ، لەوانەش دەستدرێژیی بۆ سەر کچان، کە لەژێر چاودێریی باوکی (باوکی و دایکی) دایە، یا راسپێڕاوی یاسایی (راسپێراوە یاساییەکان) یا هەر کەسێک بێت، پێویستە بەڵێنی ئەوە بدات، کە منداڵەکە بەخێو دەکات..".

هەندێ کەسیش، توندوتیژیی بەوە پێناسە دەکەن، کە بەکارهێنانی هێز و رقلێبوونەوەی مەبەستداری بە ئەنقەستە، دژی کەسانی تر، کە وێرانی و، زیانی ماددی و دەروونی بە دوای خۆیدا دێنێت.

پێناسەی سایکۆلۆژیش بۆ توند و تیژی ئەوەیە: "مەودایەکی فراوانی رەوشتییە، گوزارشت لە دۆخێکی هەڵچوون دەکات، کە بە ئازار و زیان گەیاندن بە کەسانی تر و بە شتێک کۆتایی دێت.. یا بە شکاندن و وێرانکردنی موڵکی کەسانێکی تر.. لەوانەشە بگاتە هەڕەشەی کوشتن و، کوشتنیشی لێ بکەوێتەوە " بە بۆچوونی دەروونناسان،

توندوتیژیی رەوشتێکی ماکییە - غەریزە - یە، کە رق و حەزی وێرانکاریشی لەگەڵ دایە، ئامانجیش دەربڕینی ئەو دوژمنکارییە شاراوەیە، بەرانبەر بە بە خەڵکی.. یان توندوتیژیی لە ئەنجامی شکستییەکی گەورە، خۆڕانەگرتنی ئەو کەسە".

لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە، دەتوانین توندوتیژیی دژی منداڵان وا پێناسە بکەین: "هەموو شێوەیەکی رەوشتێکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، بە قسە یا بە قسە نەبێت، ئاشکرا یا شاراوە بێت، ماددی یا مەعنەوی بێت، نەرێنی یا نەرێنی نەبێت، کە دەبنە هۆی ئازاردان و زیان گەیاندن، یا خراپیی رەفتارکردن بەرانبەر بە منداڵان .. یا دەستدرێژیی سێکسی و هەست برینداركردن، کە دەبنە هۆکاری ئازاری جەستەیی و دەروونیی منداڵان.. شوێنەوارێکی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری و فێربوونی خراپ و مەترسیداریان لێدەکەوێتەوە.. ئەم توندوتیژیی و دەستدرێژییانە، بە پێچەوانەی بەها ئایینییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و یاساکانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان و دژی بەڵگەنامە نەتەوەییەکانن.. چونکە تەنیا هەست و رەوشتە، کە مرۆڤیان لە گیانەوەرەکانی تر جیاکردۆتەوە.

توێژینەوەیەکی زانیاری ئەوەی سەلماند، کە ئەو منداڵانەی رووبەڕووی توندوتیژیی و زەبروزەنگ و مامەڵەکردنی خراپ و زیان گەیاندنی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە ، ئەمانە زۆترینی ئەو کەسانەنە دەبن، کە لە داهاتوودا تووشی نەخۆشی دەروونی و ترس دەبنەوە، هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی کارتێکردنێکی نێگەتیڤیان لەسەر ئەمڕۆی منداڵییان هەیە، کە گەورەش دەبن رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤ و مەترسیداریان لەسەر ژیانی خۆیان و خەڵکیش دەبێت.. نموونەی مێژوویش لەم بارەیەوە زۆرن.. ئەگەر ئاوڕێک لە ژیانی (ستالین) بدەینەوە کە سەرکردەیەکی روسیا بوو.. گەر بە قۆناغی منداڵیدا بچینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، توندتیژییەکانی باوکی لەگەڵیدا، رۆڵ و کارتێکردنێکی نێگەتیڤیان هەبووە، لەوەی کە ستالین ببێت بە کەسایەتییەکی تۆندڕەو و توندوتیژ و دڵڕەق.. باوکی رۆژی چینێ ستالینی دارکاری دەکرد.. هەروەها گۆڕبەگۆڕە خوێنڕێژەکەی عێراقیش (سەدام حوسێن)ی دیکتاتۆر.. سەدام دوای لە دایکبوونی کەوتە بەردەستی زڕباوکەکەی کە (ئیبراهیم ی مامی بوو، کە رۆژانە زۆری لێدەدا، لەلای (خەیروڵا تولفاح) ی خاڵیشی کەمی لێ نادرا.. بۆیە سەدام بوو بەو دەسەڵاتدارە خوێنڕێژ و پیاوکوژ و دڵڕەقەی، کە عێراق بە تایبەتی و کوردستانی خڵتانی خوێن کرد.

ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە توندوتیژیی، هەر توندوتیژیی بە بەرهەم دێنێت.. توندتیژی دوژمنایەتی

خۆش دەکات و، ئارەزووی تۆڵسەندنەوە دەڕوێنێ و، پاکانەش بۆ وێرانکاری و کاولکردن دەکات.. پەندێکی کوردیشمان هەیە کە دەڵێت:

*"بە توڕەیی کار نابێت مەیسەر.. بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر".*

بۆیە تکامان لە دایکان و باوکان و لە مامۆستاکان هەیە، بە خۆیاندا بچنەوە و، بە شێوەیەکی راست و دروست جگەرگۆشەکانیان گۆش و پەروەردە بکەن، بە نەرم و نیانی و خۆشەویستییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بە زمانی گوڵ لەگەڵیاندا بدوێن.. چونکە لە منداڵەکانتان گرنگتر و شیرینتر و جوانتر نییە.. منداڵەکانتان، بە نرخترین سامان و سەرمایەی خۆتان و گەلەکەمانن.. با دروشمی جوانی پەروەردەییتان ئەمە بێت: *"نا بۆ رق و توندوتیژیی .. بۆ خۆشەویستی و نەرم و نیانی".*

پاراستنی منداڵان، بەڵگەیە بۆ هۆشاری شارستنی و.. بۆ پەروەردەیەکی پێشکەوتووی هاوچەرخ.. بۆ جێبەجێکردنی مافە رەواکانی منداڵان.. بۆ داهاتوویەکی باشتر و گەشتر .. منداڵانی ئەمڕۆمان هیوای داهاتوومانن.. کۆڵەکەکانی بەیانینمان.. پێشکەوتنی کورد و کوردستان بەندن بە رادەی پەروەردەکردن و رێنمایی کردنی دروستی کوردیلەکانمان.

### لە کوێدا توندوتیژیی دژی منداڵان دەکرێ؟

#### ١- توندوتیژیی خێزانی (لەماڵەوە):

خێزان باوەشی دڵنیایی هەموو ئەندامەکانی خێزانە، بە بچووک و گەورەوە، بە کچ و کوڕەوە، چونکە خێزان بۆ رۆڵەکانی ئاسوودەیی و دڵنیایی و پاراستن و بەخێوکردن و چاودێری دابین دەکات.. ماڵ پەنایەکی خۆش و فراوانە، بۆ تێپەڕاندن و چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کیشانەی دێنە رێی منداڵان.. ئەرکی دایکان و باوکانە، کە پێویستییەکانی منداڵەکانیان دابین بکەن و، بە جوانی و بە دروستی گۆش و پەروەردەیان بکەن.. تا بە جوانی گەشە بکەن و بێنە بەرهەم.. لە رووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵاتی و رۆشنبیرییەوە پێیان بگەیەنن، تا بە بڕوای تەواویان بەخۆیان هەبێت و بە گەشبینییەوە رووبەڕووی ژیان و داهاتوویان ببنەوە.. کەواتە خێزان

بەرپرسێتی و رۆڵی سەرەکیی و گەورەیان لە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵدا هەیە.. بەڵام هەندێ لە خێزانەکان رووبەڕووی بەرهەڵستی گەورە بوونەتە، وەکو: توندوتیژیی نێوخێزان، جیابوونەوە و دابڕان و هەڵوەشاندنەوە بوونەی شیرازەی خێزانی، کێشەی هەژاری و نەبوونی، ناکۆکی و نەسازان.. بە پلەی یەکەمیش منداڵان بوونەتە قوربانی و، باجی ئەو هەموو کێشانەی خێزانەکانیان دەدەنەوە.. ناچارن یان ناچار دەکرێن پەرتەوازە ببن و، روو لە شەقام و، لە چارەنووسێکی نادیار بکەن.. ناچارن، بۆ بژیوی ژیانی خێزانەکانیان یا خۆیان، پەنا بۆ هەر کارێکی نەخوازرا و نەشیاو و مەترسیدار بەرن.. لە لایەن کەسانی چاوچنۆک و بازرگانانی منداڵانەوە، بە ئاسانی دڵپاکی و سادەیی و ساوێلکەییان دەقۆزنەوە و، رووبەڕووی دەستدرێژی و ئەتکردن دەبنەوە .. فێری خواردنەوەی مەی و، جگەرەکێشان و، مادده هۆشبەرەکان و، سواڵکردن و دزی دەبنەوە.. لەوانەشە بۆ گەوادی و کاری لەشفرۆشی لە رێ دەریان بکەن.. بە بێ نان و بە بێ ئاو، بێ شوێنی پشوودان و حەوانەوە، بێ سەرپەرشتی و چاودێری و، بێ پاراستن،... هتد. هەموو ئەم بارووددۆخە نەشیاوانە، کە شایستەی منداڵان نین.. پێشێلکردنی زەقی مافەکانی منداڵانن.. کاریگەرییەکی مەترسیدار و نێگەتیڤیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی خۆیان و گەلەکەیان دەبێت.. هەر خێزانیش بەرپرسیارنین لەم ئەنجامە نەخوازراوە.. بەڵکو بەرپرسێتیی گەورە و، لۆمەیەکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتەکانیان، رێکخراوە مەدەنییەکان، میدیا و راگەیاندنەکان.. ئەنجامێکی مەترسیداری وەها، لە ئەستۆی هەمووماندایە.. بیانوو و پاساو هێنانەوە و پاکانەکردنیش لە کەس قبووڵ ناکرێت و.. هەمووومان بەرپرسیارین و باجی ئەم ئەنجامە نەخوازاراوە دەدەینەوە.. ماددەی (١٩) لە جاڕنامەی مافەکانی منداڵ، بە توندی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە نابێت خێزان، بە خراپی مامەڵە لە گەڵ منداڵەکانیاندا بکەن.. ناشبێت لە نێو خێزاندا پشتگوێیان بخەن.

### ٢- توندوتیژیی لە قوتابخانەکاندا:

سەرەڕای ئەوەی کە قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، پێش ئەوەی مەڵبەندێ فێرکردن بێت.. بەڵام بە داخەوە تا ئەمڕۆش لە زۆربەی قوتابخانەکاندا، توندوتیژیی و مامەڵەکردنی نادروست و رەفتاری ناپەسەند، دژی منداڵان کاڵ نەبوونەتەوە.. زۆرن ئەو مامۆستایانەی، دووچاری فشاری دەروونی و گرفتی جیاوازی ژیان بوونەتەوە، ئەم گرفت و کێشانەیان ئابووری بێت، تەندروستی بێت، کۆمەڵایەتی بێت، سیاسی بێت.. ئەم مامۆستایانە زۆر جار داخی خۆیان بە قوتابییەکان هەڵدەرێژن و، بێویژدانانە و بە شێوەیەکی نارەوشتی و نامرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیان دەکەن.. لێیان دەدەن، ئازاریان دەدەن، تفیان لێدەکەن، گوێ و قژیان رادەکێشن، فەلاقەیان

دەکەن، قسەی ناشیرین و نەشیاویان پێدەڵێن.. بە هەزاران قوتابی بە هۆی مامۆستایانی دڵڕەق و توندوتیژ و نابەڵەد لە بواری پەروەردەدا، وازیان لە قوتابخانە و لە خوێندن هێنا.. ئەم هەڵس وکەوتە ناشیرینانە هەموو مامۆستیان ناگرنەوە، مامۆستای شارەزا و لێهاتووی بواری پەروەردەی دروستی منداڵانمان زۆرن، کە شایەنی ئەوپەڕی ڕێز و شانازین.

بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ و سزای جەستەیی و دەروونی، گوزارشتە لە کەسایەتییەکی دۆژمنکاری و ڕقاوی، پڕلە نەنوشستی و کەموکوڕی، بەکارهێنانی سزای جەستەیی و دەروونی و قسەیی، بەهەموو جۆرەکانییەوە، گۆزارشتە لە بێتوانایی ئەوکەسەی کە پێی هەڵدەستی، ئەوەش دەگەیەنێت کە توانای ئەوەی نییە بە ڕێگەیەکی ڕاست بگات بە ئامانجەکانی، بۆیە وای لێدەکات کە داخ و کەموکوڕییەکانی خۆی بە کەسانی تر دەربکات، بە شێوەیەکی ناڕەوا و نامرۆڤانە مامەڵە بکات.

#### ٤- توندوتیژیی لە شەقامدا:

وەکو لە توندوتیژیی لە ماڵەوەدا باسمان کرد، لە ئەمڕۆدا، بە ملیۆنان منداڵان، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، شەقام بۆتە شوێنی حەوانەوەیان، لە خۆشەویستی و شادی و لە خۆشییەکانی تافی منداڵییان و، لە فێربوون و یاری و پێکەنین و پەروەردە بێبەشن.. بە کوێرەوەری و هەناسەساردی سەردەنێنەوە، ناو بەرمیلیەکانی پاشماوی خۆراکی ماڵە دەوڵەمەندەکان دەگەڕێن بۆ ئەوەی شتێک بدۆزنەوە و بیخۆن.. سەرەڕای ئەوەش لە ڕێ دەرچوونە و.. دووچاری بەدڕەوشتی و، دوژمنکاری و شەڕانگێزی بوونەتەوە .. ئەمەش پەڵەیەکی قێزەوەنە بە تەوێڵی مرۆڤایەتی و ویژدانی جیهانییەوە.. ئەو پارەیەی لە ساڵێکدا لە شەڕ و کوشتن و کاولکردندا بە فیڕۆ دەچێت.. بەو پارەیە هەموو منداڵان و هەژارانی جیهانی پێ تێر و پۆشتە دەکرێت..!

#### ٥- توندوتیژیی لە شوێنی کارکردنی منداڵاندا:

وەکو وتمان لەبەر هەژاری و نەبوونی، لە ئەمڕۆدا، نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن منداڵ لە هەموو جیهاندا، ڕۆژانە لە کاری هەمەجۆرەدا کاردەکەن، هەندێ لەو کارانەش قورسن و، لەگەڵ توانا و جەستەی ناسکی منداڵاندا ناگونجێن .. ئەمەو بە کەمترین پارەش کاریان پێدەکەن .. یا لەسەر شەقامەکان و سەنتەرەکاندا شت دەفرۆشن ..

ژمارەیەکی زۆری ئەو منداڵە کارکەرانە، ڕووبەڕووی توندوتیژیی و ئازاردانی جەستەیی و دەستدرێژی بوونەتەوە .. کارپێکردنی منداڵان، دژی مافەکانی منداڵە .. تا ئەمڕۆش ئاوڕێکی ئەرێنی نەدراوەتەوە بۆ دابین کردنی گوزەرانی هەژاران و منداڵەکانیان.

**جۆرەکانی توندوتیژیی دژی منداڵان:**

زۆر بە کورتی و بە چڕی پۆلێنی بەشێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی و زەبروزەنگ و خراپەکاری و مامەڵەی نادروست دژی منداڵان دەکەین، گەلێ شێواز و جۆری هەیە:

**١- توندوتیژیی و ئازاردانی جەستەیی:**

ئازاردانی جەستەیی، هەموو لێدان و زەبروزەنگێک و، دەستدرێژیەک دەگرێتەوە، کە ئازار بە جەستەی منداڵ بگەیەنێت، بە بەکارهێنانی دەست و قاچ، ددانەکان و سەر، یا هەر هۆیەکی تریێت، وەکو دار و بەرد و قامچی و چەقۆ و،... هتد. کە دەبێتە هۆی رووشاندن، زام و برینداركردن، شکاندن ئەندامانی جەستەی ناسکی منداڵ.. لە شێوەکانی تری ئازاردانی جەستەی منداڵان: داخکردن، نوقورچ لێگرتن، قژ و گوێ راکێشان، بەندکردن، برسی کردن، فەلاقەکردن، گازلێگرتن، زۆر جاری وەهاش بووە سزادانی منداڵ گەیشتۆتە ئەوەی کە بیخنکێنن، یا بیکوژن.

جۆرێکی تر لە ئازاردانی جەستەیی منداڵان، (خەتەنەکردنی کچان)ە، بەپێی راپۆرتێکی (یۆنسکۆ) سەرەڕای پەسەندکردنی کۆمەڵێک یاسای دژ بە خەتنەکردنی کچان، بەڵام نەتوانراوە رێ لەم دیاردە ناپەسەندە زیانبەخشە بگیرێت.. بەداخەوە تا ئەمڕۆش لە چەندین وڵاتدا، لە نێو هۆز و کۆمەڵە دواکەوتووەکاندا، ساڵانە بە هەزاران کچانی منداڵ، دەبنە قوربانی ئەم دیاردە ناشارستانییە.. بڕینی ئەندامێکی هەستیاری مێینەی کچان، لە تەمەنێکی منداڵیدا، رەنگدانەوە و ئاسەوارێکی نێگەتیڤی لەسەر قۆناغەکانی ژیانی کچاندا بەجێ دەهێڵێت.. کاریگەرییەکی خراپی جەستەیی و دەروونی دەبێت.

**٢- توندوتیژیی (سێکسی):**

دەستدرێژی و، توندوتیژیی سێکسی و، زیان گەیاندن بە لەشی کچان، مەترسیدارترین شێوەی توندوتیژیی و

دەستریژی و ئازار پێگەیاندنە، کە ئەو منداڵە پاکیزانە، دەبنە قوربانی ئارەزووی سێکسی کەسانێکی گەورەی، دڕندەی ئاژەڵ ئاسایی، ئەمەش چ لە رووی جەستەییەوە، یا دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، شوێنەوارێکی زۆر خراپ و مەترسیدار لەسەر ژیانی منداڵ بەجێ دەهێڵێت، کە بە درێژایی ژیانی پێوەی دەناڵێنێت.. چونکە ئەمە بە ئەتک و بە دەستریژییەکی رەوشتی و کۆمەڵایەتی و بە سوکایەتی کردن و، بە سنووربەزاندنی رەوشتی و بەها مرۆییەکان دەزانرێت.

مادەی (٣٤) لە جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی منداڵ جەخت لەوە کراوە: "دەوڵەتە لایەندارەکان، بەڵێنی پاراستنی منداڵ دەدەن، لە هەموو توندوتیژییەکی پێشێلکردن و دەستدرێژی کردنە سەر مێیینە".

### ٣- ئازاردانی دەروون و هەست و سۆز:

لێرەدا مەبەست لە زیان پێگەیاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، لە رێی دوژمنایەتی و رق لێبوونەوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە هەڕەشە بۆ سەر تەندروستیی منداڵ، کە دەبێتە هۆی دواکەوتن و کەموکوڕی لە کەسایەتی و، تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسانی تردا.. لە شێوەکانی توندوتیژیی هەست و سۆزداری: بێبەشکردنی منداڵە لە خۆشەویستی و سۆزداری، لە لاواندنەوەی، لە پاراستن و چاودێری، بێ بەشکردنی لە ئاسوودەیی و دڵنیایی، بێ بەشکردنی منداڵە لە مافی فێربوون، لە یاری و شادی، لە هەر شێوەیەکی خۆشەویستی و سۆزداری و نازپێدان.

*زۆر نازپێدان و زیادەڕۆیی لە چاودێری و ئاگاداریش، بەشێکن لە ئازار دانی دەروونی.*

### ٤- پەراوێزکردنی منداڵ:

پەراوێزکردن یا پشتگوێخستنی منداڵان، شێوازێکی هەڵەی رەوشتییە، دەگەڕێتەوە بۆ شکستی و لاوازی و نابەڵەدی خێزان و قوتابخانە لە شێوازی پەروەردەی منداڵدا، بۆ دابین کردنی پێویستییە بایۆلۆژییەکانیان، وەک: (خۆراک، خواردنەوە، جلوبەرگ، جێی حەوانەوە، تەندروستی) هەروەها دابین نەکردنی پێویستییە سایکۆلۆژییەکانیان، وەک: (دڵنیایی و ئاسوودەیی، گوێ نەدان بە تەندروستیی، تێرنەکردنی لە خۆراکی پێویست، گوێ نەدان بە

پێداویستییەکانی فێربوونی زانیاری و پەروەردەیی و وەرزشی منداڵ، پەراویزکردنی لەوەی کە وەکو کەسێکی درووستی کۆمەڵایەتی پێ بگات).

## ٥- بە زۆر بەشوودانی کچانی منداڵ:

ژمارەی ئەو کچانەی لە خوار (١٨) ساڵانەوەن، کە بەبێ حەز و خواستی خۆیان بە شوویان داون، یا بەزۆر و بە هەڕەشەی کوشتنیان بەشوویان داون، لە جیهاندا زیاتر لە (٧٥) ملیۆن کچن.. کە تێیان دا هەیە تەمەنی (٧) ساڵانە.. زۆربەشیان لە باشووری ئاسیا و، لە ئەفریقا و، لە ناوەڕاست و باشووری ئەمریکا دان.. هەژاری یا پیاوسالاری، هۆی کۆمەڵایەتی، هۆکاری گرنگی بە شوودانی کچانی منداڵانن.. بۆ نموونە: (بەسمە) منداڵێکی یەمەنییە، تەمەنی (٧) ساڵە لە پیاوێکی یەمەنی مارەیان بڕی و گواستییەوە، کە لە تەمەنی باپیری نەسمە دایە. ئایا ئەمە بە پێچەوانەی هەموو یاساکان و هەموو ڕەوشتێکەوە نییە..؟ تەنانەت لە نێو ئاژەڵەکانیشدا شتی وا نییە.

## ٦- بازرگانی کردن بە فرۆشتنی منداڵان:

تا ئەمڕۆش، بە نهێنی و بە ئاشکرا، لە هەندێ لە وڵاتانی جیهاندا، لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای باشووردا، هەر وەکو سەردەمی کۆیلایەتی، هەروەکو کاڵایەکی بازرگانی بەهۆی هەژارییەوە، خێزانە هەژارەکان منداڵەکانیان دەفرۆشن، بە تایبەتیش کچەکانیان.. بازرگانە چاوچنۆکەکانیش بۆ سوود و مەبەستی خۆیان، بەبێ لێپێچینەوە ئەم منداڵانە بەکاردەهێنن، یان دەیان فرۆشنەوە، یا بۆ کاری ناڕەوا و لەشفرۆشی گەورەیان دەکەن.

## ٧- منداڵ رفانــدن:

دیاردە و تاوانێکی تری ئەم سەردەمەیە لە دژی منداڵان.. بە تایبەتیش لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی (داعش) و، کەسەنێکی نەفس نزمی بێڕەوشت و بێ بەها، لە پێناوی وەرگرتنی پارەدا، منداڵان دەڕفێنن و وەک بارتمەیەک، تا پارەیەکی زۆر لە خێزانەکانیان وەرنەگرن ئازادیان نکەن، جاری واش هەبووە، پارەشیان وەرگرتووە و، منداڵەکەشیان کوشتووە.. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، تا ئەمڕۆش، ئەم تاوانە لە چەند شارێکی

عێراقیشدا سەری هەڵداوە.. لە زۆر شوێنی جیهاندا ساڵانە بە هەزاران منداڵ دەبنە قوربانیی ئەم تاوانە قێزەوەنە.

### ٨- بەکارهێنانی منداڵان لە بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان:

بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان، دڵپاکی ساویلکەیی منداڵانی شەقامیان قۆستوونەتەوە، بە پارە هەڵیان دەخەڵەتێنن و، مادده هۆشبەرەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر پێدەگوێزنەوە، یا بۆیان دەفرۆشن.. بەشێکی زۆری ئەو منداڵانە خۆشیان ئاڵوودەی مادده هۆشبەرەکان بوونە. ساڵانەش منداڵێکی زۆر لە جیهاندا لە نێوان (١٠ بۆ ١٥) ساڵان، تووشی ئاڵوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەبن و، دەکەونە داوی بازرگانە بێویژدانەکانی مادده هۆشبەرەکان.. ئەمەش بەپێی ماددەکانی مافەکانی منداڵ، تاوانە، دەبێت بە توندی سزای یاسایی ئەو بازرگانانە بدەن، کە منداڵانیان تووش کردوون.

### ٩- بەکارهێنانی منداڵ بۆ گەوادی و لەشفرۆشی:

ئەمەش تاوانێکی مەترسیدار و ئەنجام خەراپی ترە لە تاوانەکانی دژی منداڵان، گەلی منداڵ لە جیهاندا لە ڕێ دەرکراون و بە پارە هەڵخەڵەتێنراون، بۆ گەوادی و کاری لەشفرۆشی بەکاریان دەهێنن، بێگومان ئەمەش دژی مافەکانی منداڵانە، تاوانێکی مەترسیدارە و، هەموو یاساکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان دژی ئەم تاوانەن.. ژمارەی خەمڵێنراو، زیاتر لە (٧٥) ملیۆن کچ و (١٨) ملیۆن کوڕی خوار تەمەنی (١٨) ساڵان، دووچاری گەوادی و لەشفرۆشی بوونە.. ژمارەی ئەو منداڵانەش کە ساڵانە دەچنە بواری لەشفرۆشییەوە، دەگاتە نزیکەی (٢) ملیۆن منداڵ لە جیهاندا.

### ١٠- توندوتیژیی هەژاری:

(گاندی) دەڵێت: "هەژاری خراپترین شێوەی توندوتیژییە".. هەژاری گرنگترین هۆکاری دەربەدەری و سەرگەردانی و سەرهەڵگرتنە لە جیهاندا.. بەشێکی زۆر لە منداڵان بە هۆی هەژاری و نەبوونییەوە، لە خوێندن بێبەشن، یا وازیان لە خوێندن هێناوە و کەوتوونەتە سەر شەقامەکان.. یا بەهۆی مردنی دایکیان یا باوکیانەوە، بێناز بوونە

و، بە ناچاری ماڵیان بە جێهێشتوون.. بوونە بە نێچیریَ ئاسان بۆ بازرگانانی چاوچنۆک و، بێڕەوشتان، هەژاری و دڵپاکییان قۆزتوونەوە و، لە ریَ دەریان کردوون.

### ١١- جیابوونەوەی دایک و باوک:

دیاردەی جیابوونەوەی دایک و باوک لە زیادبووندایە، گەلێ هۆکاری هەیە، لەوانەش هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی.. بەڵام قوربانیی سەرەکی لە جیابوونەوەیان منداڵەکانیان، ئەمان باجی ئەو جیابوونەوەیان دەدەن.. ئەمانن لە خۆشەویستی و لە ناز و سۆزداری بێبەش دەبن، سەرلێشێواو و سەرگەردان دەبن، سویَ و ئازار، ئازاری دەروونیان دەدەن.. لەوانەشە بکەونە ژێر چەپۆک و رقی زڕدایک و زڕباوک.. ئەوسا دەبێت ژیان و گوزەرانی ئەم منداڵە بێتاوانانە چیَ بێت و چارەنووسیان بە کویَ بگات؟

### ١٢- ئازاردانی منداڵ لە سواڵکردندا:

هەر چەندە هەژاری هۆیەکی سەرەکیی سواڵکردنە و، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا سواڵکردن بە شێوەیەک لە شێوەکان هەیە.. بەڵام بەداخەوە لە لای هەندیَ نەفس نزم و لات و تەمەڵ و ئیشنەکەر بۆتە پیشەیان.. ئەگینا کورد وتەنی دەبینین سواڵکەری وەها هەن، مل و ملقەوین و توانای کار و کاسبییان هەیە.. لە ئەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و لە کچانی منداڵ و گەورەش هەیە، سواڵ دەکەن، کە هەندێکیان رووبەرووی دەستدرێژی بوونەتەوە .. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، بە کارهێنانی منداڵانە لە سواڵکردندا، چەندین جار لەسەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و عێراق و لەبەردەم مزگەوتەکان و، لەسەر شۆسەی شەقامەکاندا و، شوێنە گشتییەکاندا، ئافرەتی سواڵکەرم بینیوە منداڵێکی ساوا یازیاتریان، بە رووتی و بە پیسی لە بەردەمی خۆیاندا داناون، بۆ ئەوەی سۆز و بەزەیی خەڵکیان پیَ رابکێشن، بە گەرما و بە سەرما، ئازاری جەستەیی و دەروونی ئەو منداڵانە دەدەن، تەنانەت ئەوەشم بیست کە هەندیَ ژنە سواڵکەر هەن رۆژانە، منداڵ بەکریَ دەگرن بۆ ئەوەی سواڵیان پێوە بکەن.. ئەمەش دیاردەیەکی زەقی توندوتیژیی و ئازاردانی منداڵانن.

### ١٣- رۆڵی نێگەتیڤی میدیا و راگەیاندنەکان:

بەشێکی زۆری راگەیاندنەکان بە تایبەتیش تەلەفزیونەکان، زنجیرە درامای توندوتیژیی و شەڕ پێشان دەدەن، کە

پڕن لە کوشتن و بڕین و خوێن ڕشتن و، و شمشێربازی و، زەبروزەنگ، لە پێناوی پایە و دەسەڵات و داگیرکردندا .. خۆ ئەگەر لە پێناوی ئازادی و رزگاریشدا بن ئەم دیمەنانە زیان بە منداڵان دەگەیەنن.. لە لایەکی ترەوە بڵاوبوونەوەی پلەیستێشن و سیدی و فیلمی توندوتیژیی و سەرکێشی بەبێ سانسۆر.. هەموو ئەم فیلم سیدی و درامایانە زیان بە منداڵان دەگەیەنن و، لە ڕێ دەریان دەکەن.

***داوا لە سەتەلایتەکانی کوردستان دەکەین، کە درمای توندوتیژیی و شەڕ پێشان نەدەن.***

پێویستە هەموو جۆرەکانی میدیاکان و ڕاگەیاندنەکان (نووسراو، بینراو، بیستراو، ئەلیکترۆنییەکان) ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بۆ ڕاگرتن و بنڕبنکردنی تاوانەکانی توندوتیژیی و دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان.. ئەمەش لە ڕێی بەرنامەکانیان و کارە دراماییەکانیان و، دیمانە لەگەڵ کەسانی پسپۆر شارەزای ئەم بوارەدا.

### ١٤- قۆستنەوەی پاکیی منداڵان لە لایەن حیزبەکانەوە:

بەداخەوە، کە هەندێ لە حیزبەکان بە شێوەیەکی زەق، لە بانگەشەی حیزبایەتی و لە هەڵبژاردنەکان و، لە خۆپیشاندانەکاندا، یا لە بۆنە حیزبییەکانیاندا.. پاکیی منداڵان دەقۆزنەوە، ئاڵای حیزبەکەیان دەدەنە دەستی منداڵان و، فێری دروشمە سیاسییەکانی حیزبەکانیان دەکەن.. دەیانەوێت بە ئایدۆلۆژیای حیزبەکانیان گۆشیان بکەن.. مزایدە بە دڵپاکیی منداڵانەوە دەکەن.. تا ئێستا چەندین منداڵ لە خۆپیشاندانەکاندا شەهید و بریندار بوون.. نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە زۆر شوێنی تری جیهانیشدا.. هەر لە عێراقدا لە بۆنە ئاینییە تایفییەکاندا، منداڵانیش ڕەشپۆش دەکەن و، لە شیوەن و خۆلێدان و، لە هەی ڕۆدا، بەشداریان پێدەکەن و، بە ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەوی ئایینی و تایفی گۆش و پەروەردەیان دەکەن.. لە ئایندەدا، ئەم منداڵانە کە گەورە دەبن، هێندەی هاوبەستەبوونیان بۆ ئەو تایفانە و ئەو حیزبانە دەبێت.. نیو هێندە هاوبەستەبوونیان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان نابێت.

### ١٥- بەکارهێنانی منداڵان لە شەڕدا:

لە زۆر شوێنی جیهاندا، کە شەڕ و ئاژاوە و بشێوێنییان تێدایە، ڕێکخراو و گرووپە چەکدارەکان و میلیشیاکان،

منداڵان دەخەڵەتێنن یا بەزۆر، مەشقیان پێدەکەن و، چەکیان پێ هەڵدەگرن و، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان دەکەن، لەوانەش: لە عێراق، لە سودان، لە ئەفغانستان، لە نەیجیریا، لە یەمەن، لە سۆمال، لە فەلەستین، لە گەلێ شوێنی تردا.. لە ئەمڕۆشدا، جاشە ئیسلامییە ڕووڕەشە بەکرێگیراوەکانی ڕێکخراوی (داعش)ی تیرۆریست و بێڕەوشت، بێ شەرمانە و بەزۆر، بە قسەی پڕوپوچ و بێبنەما، مێشکی منداڵانی ناوچەکانی ژێردەستیان، بە ئایدۆلۆژیایەکی کۆنەپەرستی و بۆگەن، بە ڕق و دوژمنکاری و خوێنڕشتن و وێرانکاری و کاری بێڕەوشتی منداڵان گۆش و پەروەردە دەکەن.. بە زۆر چەک و شمشێریان پێهەڵگرتوون و، دەیانێرن بۆ شەڕ، یا بۆ کاری تەقینەوە و خۆکوژی بەکاریان بهێنن.. دەیانەوێت نەوەیەکی پیاوکوژ و خوێنڕێژ پێبگەیەنن.. ئەمەش یەکێکە لە کارە قێزەوەن و مەترسیدارەکانی داعشی بێڕەوشت.. ئەم نەوە هەڵخەڵەتاوە، سەقەت پەروەردە کردووە.. لە ئایندەدا، مەترسییەکی زۆری دەبێت دژی سەقامگیری و ئاشتیی جیهانی.

ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرپرسێتییەکی یاسایی و ڕەوشتیی لە ئەستۆدایە، بۆ ڕاگرتنی توندوتیژیی دژی منداڵان لە شەری چەکداریدا، پێویستە دادپەروەری جێبەجێ بکات و، لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات یا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە فەرمانیان پێکردوون، بۆ ئەوەی ئەم پێشلکارییانە ئەنجام بدەن.

### ١٦- کوشتن و گرتن و بەندکردن و ئەشکەنجەدانی منداڵان:

وەکو وتمان بە شێوەیەکی خۆحەزی بێت، یا بە هاندانی گەورەکان بێت، بە هۆی بەشداری کردنی منداڵان، لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکاندا، تا ئیستا چەندین منداڵ بە تەقەی پۆلیس و میت و پاسداران و هێزی سوپای دەوڵەتە داگیرکەرەکان کوژراون.. بە هەزاران منداڵ و مێردمنداڵیش گیراون و لە گرتووخانە سامناکەکاندا، زۆر بێ بەزەییانە ڕۆژانە ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونیان دەدەن، تا ئیستاش بە سەدان مێردمنداڵی کوردمان بە ناڕەوا و بەبێ تاوان - تاوانباران، بوختان و تاوانی بێ بنەمایان بۆ ئەم منداڵانە هەڵبەستوون - داگیرکەرانی چەندین م داڵی کوردستانیان کوشت، چەندین مێردمنداڵی کوردیان لە سێدارەدان.. داگیرکەرانی ڕەگەزپەرستی کوردستان، لە تاوانی توندوتیژیی و ئەشکەنجەدان و کوشتنی منداڵانی بێتاوانی کوردمان، ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، پشکی شێریان هەیە.. شایەنی ئەوەن کە داگیرکەرانی کوردستان، ناویان لە تۆماری - گیتس - تۆماربکرێن.. چونکە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە، ئەم ژمارە پێوانەییەی ئەم وڵاتە داگیرکەرانەی کوردستان، لە ئەشکەنجەدان و کوشتنی منداڵاندا بشکێنێت.. ئەم داگیرکەرانە تا بێت نومرەی پێوانەیی بەرزتر

تۆماردەکەن لە کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانی منداڵان و مێردمنداڵی کورد.

### ١٧- منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان:

بە داخەوە، تا ئەمڕۆش ، لە زۆر شوێنی جیهاندا، ئاوڕێکی پێویست و ئەرێنی و، نەخشەدارێژراوی توکمە، لە منداڵانی خاوەن پێویستییە تایبەتییەکان نەدراوەتەوە.. بەڵکو لە زۆر شوێنیشدا، هەستیان بری دار دەکەن و،ئازاری دەروونیان دەدەن، بە ناوی ئەو کەم ئەندامییەی جەستەی ناوی دەبن.. خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان .. وەکو: (نابینایان، کەڕەکان، لاڵەکان، ئەوانەی سەرزمان دەگرن، نەبوونی یا لەدەستدانی ئەندامێکی لەشی، کورتەباڵاکان، بیرکۆڵەکان، یا کەموکورپییەکی زگماکی) ئەمانەش نەنگی و شوورەیی نین.. بەڵام شوورەیی بۆ ئەو کەسانەن کە بە کەمتریان دەزانن.. لە نێو ئەم خاوەن پێداویستییە تایبەتییانەدا، کەسایەتیی وا هەڵکەوتوون کە بوونەتە مایەی ڕێز و شانازی لە جیهاندا، بۆ نموونە: (هێلین کیلەر، د. تەها حوسێن، د. کامیل بەسیر،... بە سەدانی کەش) لە لێکوڵێنەوە و هەژمارکردنێکی نوێدا، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە توندوتیژیی دژی منداڵان بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، ساڵانە زیاتر لە (٤٠) ملیۆن منداڵ لە جیهاندا، ڕووبەڕووی چەندین جۆری توندوتیژیی دەبنەوە.. ئەمەش ژمارەیەکی کەم نییە .

### پاراستنی منداڵان لە هەموو شێوەکانی توندوتیژیی:

منداڵێتی هێمای پاکی و بێتاوانین.. توندوتیژیی و دەستدرێژی کردنە سەریان، تاوانن و نابێت چاوپۆشییان لێبکرێت، پێویستە تاوانباران سزای یاسایی پێویستیان بدرێت.

پاراستنی منداڵەکانتان.. پاراستنی ئایندەتانە.. ڕێزگرتن لە مافەکانی منداڵان.. ئاوێنەیە بۆ کۆمەڵگایەکی دەروون دروست و پێگەیشتوو و هۆشیار و ڕۆشنبیر و بەڕێز.

پاراستنی منداڵان پێویستییەکی مرۆڤایەتییە، بۆ دڵنیابوون لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەک، دوور لە توندوتیژیی و ئەو نێگەتیڤانەی لە ئەنجامی توندوتیژییەوە سەرهەڵدەدەن.

پێویستە لە ئاستی توندوتیژیی دژی منداڵان بێدەنگ نەبین.. هەموومان لە پێناوی کۆمەڵگایەکی دوور لە توندوتیژیی و شەڕفرۆشتن دژی منداڵان، قسە و هەوڵەکانمان یەکبخەین.. چونکە ئەم منداڵانە، لاوانی سبەینێن، دەبنە کۆڵەکەکانی داهاتوویەکی باشتر و گەشتر.. دەبنە گرنگترین فاکتەری بەرهەمهێنان و پێشکەوتن و داهێنان.

ڕێکخراوی یۆنسیف، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە هەموو لایەنەکان، پەیوەستبن بە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ و، یاسا مرۆڤایەتییە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی مافەکانی مرۆڤ.

توندوتیژی دژی منداڵان بابەتێکی کەم نییە، تا ئێستا زۆری لەسەر وتراوە و زۆریشی لەسەر نووسراوە.. لە ئەمڕۆشدا بۆتە کێشە و خەمێکی گەورەی جیهانی و.. هەوڵی داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی دەدرێت، بۆ ڕێگرتن و کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژیی دژی منداڵان لە جیهاندا.

١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

---

## گرنگیی و سوودەکانی پێکەنین بۆ منداڵان.

*بایرۆن دەڵێ: " تا دەتوانیت پێبکەنە... ئەمە دەرمانێکی هەرزانە... "* هەر هەموومان وێڵی دوای هێنانەدیی خۆشی و شادین و کامەرانین.. هەوڵەکانیشمان بە زۆری بەم ئاراستەیەدان.. لە ئەمڕۆدا، رۆژانە لە هەموو لایەکی جیهاندا بە هەزاران دۆلار بۆ کڕینی دەرمان، بۆ چارەسەری نەخۆشییە جەستەییەکان و دەروونییەکان خەرج دەکرێن.. بەڵام زۆربەمان ئەو دەرمانە سروشتییەمان، ئەو هۆیە ماکییەمان لە یاد نییە کە لە ناخی دەروونمان دایە.. لە لەشی مرۆڤدا کارگەیەک هەیە کە دەتوانێت باشترین دەرمان بە بەرهەم بهێنێت.. ئەم کارگەیەش لە مێشکمان دایە و، دەرمانەش (پێکەنین)ە.. کە کارتێکردنێکی یەکسەری و.. لە ئایندەشدا دەبێت.

پێکەنین دیاردەیەکە، لە ناخی مرۆڤەوە دێتە دەرەوە.. شێوەیەکە لە شێوە ڕاستییەکانی گوزارشتکردن لە خۆشی و لە شادی.. چەقی پێکەنین لە مێشکی مرۆڤدایە و، مێشک ڕێکی دەخات.. پیکەنین شێوازە ڕەوشتێکی مرۆڤایەتییە

.. گرنگترینی ئەو هۆکارانەیە کە باری دەروونی مرۆڤ ئاسوودە و باشتر دەکات.

لەوانەشە پێکەنین دیاردەیەکی تەشەنەکراوبێت.. هەروەکو چۆن پەتای ئەنفلونزا، کەسێک لە کەسێکی ترەوە دەیگرێت.. بەم شێوەیەش کەسێک کە پێدەکەنێت، کەسانی دەوروبوریشی دێنە پێکەنین.. پێکەنین هۆیەکی گرنگە لە هۆیەکانی پاکردنەوەی هۆشی مرۆڤ، لە هەموو بیر و لیکدانەوە و خەیاڵێکی بەد و نیازێکی خراپ، کە دەشێ مرۆڤ پێش ئەوەی تێبکەوێت، لێیان پەشیمان ببێتەوە.

پێکەنین، تەنها تایبەت نییە بە مرۆڤەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری ئاژەڵان و باڵندەکانیش شێوازی پێکەنین و گوزارشتکردنیان لە خۆشی و شادی خۆیان هەیە.. لەوانەش:

مەیمونی شەمپازی، گۆریلا،، دۆلفین، سەگ، فیل، تووتی، لەقلەق، مشک،... هتد.. پێکەنین و گوزارشتی ئەوان جیوازن، لەگەڵ پێکەنین و گوزارشتی ئێمەی مرۆڤدا .

پیکەنین هۆیەکی گوزارشتکردنە لە نیازپاکی مرۆڤ.. نیشانەیەکی ئەرێنیی رازیبوون و قبوڵکردن و، لەیەک نزیکبوونەوە و، تێکەڵبوونێکی دروستی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ کەسانی تردا.. گوزارشتە لە هاوسۆزی و هاوتێگەیشتن لە نێوان ئادەمیزادا .

### هۆکارەکانی پێکەنین:

هۆکارەکانی پێکەنین زۆرن و هەمەجۆرەن.. وا باس دەکرێت، کە پێکەنین کاردناوەیەکی فسیۆلۆژییە، لە ئەنجامی تێپەڕبوونی شارەزاییەک، وەک بیستنی نوکتەیەک، بینینی دیمەن و بابەتێک، هەڵوێستێکی کۆمیدی،، یان کەسێکی تر ختووکەی شوێنێکی هەستیاری جەستەی بدرێت، یا هەر شتێکی تر، کە مرۆڤ هەستی پێ بکات و، ببێتە مایەی خۆشی و پێکەنین بە لایەوە.

لیکۆڵینەوە و تۆژینەوە دەربارەی پێکەنین و، کارتێکردنی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی لەسەر جەستە و دەروونی مرۆڤ، بە زانیاری (گیلۆتۆلۆگی) ناودەبرێت.

پێکەنین ڕەگێکی مێژوویی هەیە و، لە جۆرەکانی ئەدەب و لە جۆرەکانی هونەر و لە فۆلکلۆری گەلان و لە پەند و لە وتەکانی ناودارانی جیهاندا ڕەنگدانەوەی هەیە.. ئەدەبی گاڵتەجاری ( هۆنراوە، پەخشان، شانۆگەریی بابەت کۆمیدی مەبەستدار، وێنەی کاریکاتێری، ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە پێکەنین ) کە مەبەستیان ئەوەبووە، خۆشی و شادی بخەنە دەروونی مرۆڤەوە.. خەندە و پێکەنین بخەنە سەر لێوەکانی خوێنەر و بیستەر و، بینەر.. یا ئەو دراما کۆمیدییانەی، کە تەنها بۆ مەبەستی خۆشی و پێکەنین پێشکەش دەکرێن، واتە (پێکەنین بۆ پێکەنین) ئەمەش خۆی لە خۆیدا هونەرێکە و فەلسەفە نییە.

نموونە ئەدەبی گاڵتەجاڕی و توانج و پلاری کوردی، و کتێب و، گۆڤار و، کەسانی قسەخۆش و نوکتەزان و قۆشمەچی و خۆشمەشرەبمان زۆرن، لەوانەش : هۆنراوە خۆشەکانی تونجەکانی شاعیری گەورەی گەلەکەمان (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، نوکتە کوردەوارییەکانی (پێنج بەرگی کتێبی ڕشتەی مرواری - مامۆستا عەلائەدین سەجادی) سەرگوزشتەکانی (مەلای مەزبووره)، گۆڤاری کومیدی (سوخرمە)، چیرۆکەکانی ئەحەی کۆڕنوو، نوکتە و قسەخۆشەکانی خاڵە ڕەجەب، نوکتەکانی ئەحۆل، تا دەگاتە بەزم و جولانەوە سەیر و خۆشەکانی عیرفانی وەستا محەمەد کە بە (حەمە دەمبڵ) ناسراوە.. لە جیهانییەکان و عەرەبییەکانیش، کورتە فیلمە کۆمیدییەکانی هونەرمەندان: چاڕلی چاپلن، میستەر بین، ئیسماعیل یاسین، عادیل ئیمام... هتد .

لە فۆلکلۆری کوردیشدا، بۆ مەبەستی توانج و وپلار و پێکەنین خۆشی و شادی بە دەیان دێڕە هۆنراوەمان هەیە.. بۆ نموونە:

*قوربانی باڵات بم، باڵا خەرتەلە*
*هیچ عەیبت نییە، دانێکت کەلە*
*خاڵێک هاوەبان گۆنای یارەوە*
*دەڵێی پشقلە بە دیوارەوە*

هەموو کەسێک دەتوانێت پێبکەنێت.. پێکەنین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە.. لە بزە و زەردەخەنەوە.. بۆ قاقالێدان و بەکوڵ پێکەنین.. بەندە بە ڕادەی هەستکردنی ئەو کەسە بە خۆشی.. کەسانێک هەن بە سروشتی ڕووخۆش و لیو بەخەندە و دەم بە پێکەنینن.. زیاتر لە کەسانی تر پێدەکەنن.. دەشێ ئەمە بۆ

كاریگەری هۆیە جینییەكان بگەڕێتەوە.. بەهەرەیەكی ماكی بێت لەو كەسانەدا.. لە نێوان پێكەنینی ئافرەتان و پیاونیشدا جیاوازی هەیە.. پێكەنینی ژنان بە كوڵە و ئاوازێكی نەرم و شیرینی تێدایە.. بەڵام پێكەنینی پیاوان تا رادەیەک قەبە و ناڕێكە.

*(رۆجر فریتس) دەڵێ: " ئەو كەسەی كە بڕوای بە خۆی هەیە پێكەنینەكەی لەگەڵ پێكەنینی كەسانێكی تردا جیاوازە، تەنانەت هەناسەدان و جوڵەكانیشی شێوەیەكی جیاوازیان هەیە".*

*(كانت) یش دەڵێ: "سێ شت یارمەتیی خۆڕاگرتن دەدەن، لە بەردەم سەختیەكانی ژیاندا : هیوا و نووستن و پێكەنین".*

*(چارلی چاپلن) دەڵێ: "رۆژێكی بێ پێكەنین.. رۆژێكی ناخۆشە".*

*(ئابراهام لینكۆڵن) دەڵێ: "ترسەكان گەورە مەكەنەوە.. پێیان پێكەنن.. پێكەنین باشترین چارەیە".*

*(عەزیز نەسین) دەڵێ: "زاناكانی سەدەی بیستەم، نەیان توانی لە بەرد زێڕ دروست بكەن.. بەڵام من توانیم، لە فرمێسكەكانی خۆم پێكەنین دروست بكەم..".*

*(بن دی جۆنسۆن) دەڵێ: " گەورەم.. پێبكەنە و.. قەڵەوبە".*

*(جاكسۆن براون) دەڵێ: "لە هەر بارودۆخێكدا بووی.. دەم بە پێكەنین بە.. بە ئەرێنی بیربكەرەوە.. هیواداریش بە ..".*

*هەندێ لە پزیشكەكان، بۆ تەمەندرێژیمان، بەم شێوەیە ئامۆژگاریمان دەكەن:*

*"نیوەی ئەوە بخۆ، كە لەسەری راهاتووی بیخۆی .. دوو بەقەی ئەوە بنوو، كە لەسەری راهاتووی بنووی .. سێ بەقەی ئەوە بخۆرەوە، كە لەسەری راهاتووی بیخۆیتەوە .. چوار بەقەی ئەوە پێبكەنە، كە لەسەری راهاتووی كە*

پێبکەنی .. ".

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دان بە (زانیاری دەروونی پێکەنین) دا، نرا.

لەبەر گرنگی پێکەنین لە ژیانی مرۆڤدا، وڵاتە پێشکەوتووەکان بایەخێکی زۆریان بە پێکەنین داوە.. لە ساڵی (٢٠٠٠) دا چوارەمین کۆ نگرەی جیهانی بۆ پێکەنین سازکرا .. لە ساڵی (٢٠٠٢) دا، بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی ئەوروپادا، لە ئەڵمانیادا، یەکەمین پەیمانگا بۆ راهێنانی قوتابیانی ئارەزوومەند لەسەر پێکەنین کرایەوە.. وەکو هۆیەکی سروشتی بۆ چارەسەری نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان مرۆڤ، کە لەم روانگەیەوە لە پێکەنین دەڕوانن (جەستەی تەندروست.. لە پێکەنینی دروست) دایە. قوتابییە دەرچووەکانی ئەم پەیمانگایە.. بۆیان هەیە وەکو (مامۆستای راهێنەری پێکەنین) لەهەر پەیمانگایەک لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، ئەم مادە بڵێنەوە.

لە ئەمڕۆشدا لە جیهاندا، چەندین یانە هەن، بۆ فێرکردن و راهێنانی ئەندامەکانیان لەسەر پێکەنین و زەردەخەنە و رووخۆشی و رووگەشی.. بۆ نموونە، لە ئەمریکادا (١٨٠) یانە هەیە، لە هیندستان دا (١٥٠) یانە هەیە، لە وڵاتانی ئەوروپاشدا، زیاتر لە (٥٠٠) یانە هەیە بۆ راهێنانی ئەندامەکانیان لەسەر پێکەنین.

ناوە بە ناوەش لەژێر ناوی (تەنها بۆ پێکەنین) ئاهەنگی شیاو و خۆش سازدەکەن.

بۆ ئەوەی زیاتر لە سەرناوی باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، زۆر بە کورتی و بە چڕی، باس لە گرنگی و لە سوودەکانی پێکەنین بۆ منداڵان دەکەین.

*(رووبارد کیلنک) دەڵێ: "جوانترین دیمەن لەژێر ئاسماندا.. دیمەنی منداڵێکە کە پێدەکەنێ..".*

*(نیلسون ماندێلا)ش دەڵێ: "خۆشەویستی و پێکەنین و ئاشتی بە منداڵ بدەن.. نەک ئایدز..".*

بێگومان هەموومان حەزدەکەین کە هەمیشە جگەرگۆشەکانمان لێو بە خەندە و پێکەنین و.. لە خۆشی و شادی و کامەرانیدا بیان بینین.. بە خۆشنوودیان ئێمەش دڵخۆش دەبین.. بە کزی و مات و مەلوولیان.. ئێمەش دڵتەنگ و

خەمبار دەبین.. چ دیمەنێک هەیە.. چ خۆشییەک هەیە.. کە لە (دارە دارە)ی منداڵان جوانتربێت.. ؟ لە (زاق و زیق و) لە (تریقە تریق)ی پێکەنینی جگەرگۆشەکانمان خۆشتربێت..؟ گەر خەم بەقەی کێوی قەندیل لامان باربێت .. بە پێکەنین و بە گۆزان گۆزانی جگەرگۆشەکانمان ئەو کێوە خەمە لەبن دێت.. زەردەخەنە و پێکەنینی منداڵەکانمان ئەفسوونێکی گەورەیە و دڵی هەموومان خۆش و شاد دەکەن.. کە زەردەخەنە و پێکەنین لەسەر لێوە ئاڵەکانی منداڵەکانمان دەبینین.. وا هەست دەکەین کە دنیا و، هەموو سامانی هی ئێمەیە.

گەلێ لێکۆڵینەوە و بەڵگە هەن، ئەوەیان سەلماندوون، کە منداڵان لەدایک دەبن ئارەزوویەکی ماکی (غەریزی) ناوەوەی بەرنامە دارێژراوی سروشتییان هەیە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ کەسانی دەوروبەریاندا بکەن.. پێش ئەوەی زەردەخەنە و پێکەنین بکەن، بە چاوەکانیان و بە جووڵەی دەست و پێیە قنجەکانیان گوزارشت لە خۆشی و شادییان دەکەن، بۆ ئەو کەسانەی کە لێیان دەڕوانن و قسەیان بۆ دەکەن.. بەر لە هەموو کەسێکیش بەرانبەر بە دایکیان.

منداڵ دوای (١٧) رۆژ زەردەخەنە دەکات و، دوای (٦) هەفتەش پێدەکەنێت.. منداڵ لە رۆژێکدا (٤٠٠) جار پێدەکەنێت.. بەڵام گەورە لە رۆژێکدا (١٥) جار پێدەکەنێت.. ئەمەش تێکڕایەکی ناوەندییە.. ئەم ژمارەیەش لە چاو گرنگی و سوودەکانی پێکەنینەوە، ژمارەیەکی کەمە.. پێویستە زیاتر پێبکەنین.. بە زەردەخەنە و پێکەنین پێشوازی لە رۆژە سەختەکانی ژیانمان بکەین.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە لە لایەن زانایەکی ئەڵمانییەوە ئەنجام دراوە.. ئەوەی سەلماندووە کە پێکەنینی منداڵان لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر گەشەکردنی.. بەشێکی زۆری زاناکانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردووە، کە بایەخ و گرنگی پێکەنین بۆ منداڵان، لە بایەخی خۆراک کەمتر نییە، بۆ رێکخستنی گەشەکردنی منداڵ.. پێکەنین وا لە منداڵان دەکات، کە زیاتر هاوسەنگ بن و.. زیاتریش گەشبین بن و.. زیاتریش هیوادار بن و.. بە گوڕتریش بە پیری ژیان و داهاتوویانەوە بچن.

بیرۆکەی پێکەنین واتایەکی گرنگ بە منداڵان دەگەیەنێت، ئەویش هەستکردنە بە ئاسوودەیی و دڵنیایی، ئەم هەستکردنەش کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەیە لە پێکهێنانی دەروونی و، لە هەڵس و کەوتەکانیدا لەگەڵ خەڵکیدا .. پێکەنین بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ کاردەکاتە سەر دەزگای دەماری منداڵ.. چونکە دەزگای دەماری منداڵ لە دوو

بەش پێکهاتووە، یەکێکیان تایبەتە بە کارتێکردنی گرژی و هەڵچوون و رارایی و نارەحەتی.. ئەوی تریان تایبەتە بە هێمنی و ئاسوودەیی و خاوبوونەوە.. هەر کاتێک یەکێک لەم دوو بەشە کاربکات.. ئەوی تریان لە کارەکانی دەوەستێت.

جاران لە نەخۆشخانەکانی منداڵاندا، بۆ خامۆشکردنی ئێش و ئازارەکانی منداڵە نەخۆشەکان.. (دامەزراوەی لووت سوورەکان) - کە لاستیکێکی سووریان لە لووتیان دەکرد - نمایش و ئاهەنگی کومیدی و گاڵتەئامزیان پێشکەش بە منداڵە نەخۆشەکان دەکرد.. بەڵام لە ئێستا هەندێ لە پزیشکەکان خۆیان ئەم رۆڵە دەبینن و جلی سەیر لەبەر دەکەن و نواندن و جووڵانەوەی کۆمیدی و، نوکتە و قسەی خۆش پێشکەش بە نەخۆشەکانیان دەکەن.. یان بانگی قۆشمەچی و گاڵتەجاڕ دەکەن بۆ نمایشی کۆمیدی لە بەردەم منداڵە نەخۆشەکاندا، بۆ ئەوەی بیان هێننە پێکەنین و شادی.. خۆشی بخەنە دڵیانەوە و لە ئازارەکانیان کەمتر بکەنەوە و، هێوای چاکبوونەوەیان پێببەخشن.

گەلێ شێواز و رێبازی تر هەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بهێنینە پێکەنین و خۆشی.. وەک: ختووکەدانیان، یاری خۆش لەگەڵیاندا، گێڕانەوەی نوکتەی خۆشی گونجاو بۆیان.. نواندن و جووڵەی کومیدییانە لە بەردەمیاندا.. یا هەر شێواز و جووڵەیەک کە بیان هێننە پێکەنین.. منداڵان خۆشیان بەشدار بکەین و.. لەگەڵیانیشدا پێبکەنین.

### سوودەکانی پێکەنین بۆ منداڵان:

***سوودی پێکەنین هەر ئەوە نییە کە خۆشی و گەشی دەخاتە رووی منداڵان و، شادی و خۆشی دەخاتە دڵیانەوە.. بەڵکو سوودەکانی پێکەنین زۆر لەوەش زیاترن:***

١- پێکەنین، منداڵ لە دڵتەنگی و بێزاری و ترس رزگار دەکات.

٢- پێکەنین هۆرمۆناتی گەشەکردن زیاد دەکات.. کە یارمەتیدەرە، بۆ ئەوەی منداڵ بە خێرایی و بە سروشتی گەشە بکات.

٣- پێکەنین، هێمنی و دڵنیایی و ئاسوودەیی و خاوبوونەوە بە منداڵ دەبەخشێت.

٤- پێکەنین بە شێوەیەکی ئەرێنی کاردەکاتە سەر دەزگا دەمارییەکان.. کۆمەڵێک هەستی پۆزەتیف دەبەخشێ.. دەبنە یارمەتیدەر بۆ پێکهێنانی کەسایەتیەکی دروست.

٥- پێکەنین، سوڕی خوێن لە دڵ و لەشدا بەهێز دەکات.. یارمەتی دڵ دەدات و، ئەگەری تووشبوون بە لێدانی دڵ کەمتر دەکاتەوە.

٦- پێکەنین، یارمەتیی کۆئەندامی هەرس دەدات.

٧- پێکەنین، خۆشی و شادی بە منداڵ دەبەخشی و.. چالاکییەکانی زیاتر دەکات.

٨- پێکەنین، ماسوولکەکان و هەناسەدان و کارەکانی هۆش چالاکتر دەکات.

٩- پێکەنین، توانای دەزگای بەرگری زیاتر دەکات.. چونکە دوای چەند پێکەنینێک ڕێژەی خانە خڕۆکە سپییەکانی لە خوێندا زیاتر دەبێت.

١٠- پێکەنین، یارمەتیی ماسولکەکانی دەموچا و سک دەدات.. گەشی دەخاتە دەموچاو.

١١- کە منداڵ یا گەورە پێبکەنن (١٧) ماسوولکە لە دەموچاویان و (٨٠) ماسوولکەش لە هەموو لەشیاندا دەبزوێن و، هەناسەدان خێراتر دەکەن.

١٢- پێکەنین، هۆیەکە لە هۆیەکان، کە هۆش لە هەموو بیرۆکەیەکی نیاز نێگەتیڤانە پاک دەکاتەوە.

١٣- پزیشکەکان پێکەنین، بە چارەسەرێکی باشی (ئەنفلۆنزا) دەزانن.

١٤- لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی لە (زانکۆی بالتیمور)ی ئەمریکا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە یەک خولەک پێکەنین بە قەی چل و پێنج خولەکی خاویە.

١٥- پێکەنین، هۆکارێکی گرنگە لە پێکهێنانی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان دایک و باوک و ئەندامانی تری خێزاندا.

١٦- پێکەنین، چارەسەرە بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەروونی.

لە کۆتاییدا، داوا لە دایکان و باوکان دەکەین، کە هەردەم بە ڕوویەکی خۆش و بە زەردەخەنە و پێکەنینەوە پێشوازی لە جگەرگۆشەکانیان بکەن.. تا لەسەر زەردەخەنە و پێکەنین رابێن.. تا ئەوانیش بەزەردەخەنە و پێکەنینەوە وەڵامتان بدەنەوە.. ئەمەش دەبێتە مایەی دڵخۆشی و شادیتان.. ژیان و پەیوەندیی خێزانیتان خۆشتر دەکات.. جا بۆ ئەوەی منداڵەکانتان تەندرووستیان باش بێت.. بۆ ئەوەی کراوە و رووخۆش بن.. بۆ ئەوەی کۆمەڵایەتی بن.. بۆ ئەوەی ئەو سوودانەی سەرەوە بێنەدی.. ڕۆژانە تاوێک یا زیاتر.. بەهەر شێوەیەک بێت.. منداڵەکانتان بهێننە پێکەنین.. هەروەکو چۆن خواردن و خواردنەوە و خەو پێویستن بۆ گەشەکردن و درێژەدان.. پێکەنینیش لەم پێویستییانە کەمتر نییە بۆ منداڵان.

***با بۆ پێکەنین و خۆشیتان، ئەم دیالۆگەی نێوا ئەم دوو منداڵەتان بۆ بگێڕینەوە:***

***منداڵی یەکەم: باوکم هێندە دەوڵەمەندە.. دەتوانێت شاری (مۆسکۆ) بکڕێت.***

***منداڵی دووەم: دەسا بە باوکم دەڵێم شاری (مۆسکۆ) بە باوکت نەفرۆشێت.***

**٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥**

---

## گرنگیی هاوڕێیەتی لە ژیانی منداڵاندا.

***فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ) دەڵێ: "گەر دەربارەی هاوڕێیەتی لەمن دەپرسی، ئەوەیە کە گیانێکە و لە دوو جەستەدایە..".***

**هاوڕێیەتی راستەقینە، واتا هاوبەشیکردن و لەیەکگەیشتن و هاوبڕوایی و هاوسۆزی و هاوخۆشەویستی و هاودڵسۆزی و هاوڕێزییە، لە نێوان دوو کەس یا زیاتردا.**

**هاوڕێیەتی راستەقینە، پیرۆزترین و جوانترین و بەسوودترین و پاکترین و بەرزترین پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە لە نێوان ئادەمیزاد دا .. کە لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژان و ساڵاندا، هاوڕێیەتیش رەسەنتر و بەهێزتر و قووڵتر دەبێتەوە .. زیاتریش رەگ ئەستوور دەبێت.**

**مرۆڤ هەر بە ماکی (غەریزی) و سروشتی، کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بە تەنها بژی.. گەر وابوایە نەیدەتوانی خێزان و کۆمەڵگا و شار و شارستی و پێشکەوتن پێکبهێنێت.**

**هاوڕێیەتی راستەقینە رووەکێکە، کە بە دڵسۆزی و بە خۆشەویستی و بە هاوڕێزی و بە نیازپاکی ئاو دەدرێ و،**

لەسەر خۆی دەڕوی و باڵا دەکات.

هاوڕییانی دڵسۆز ئەو هاوڕێیانەن، کە لە خۆشی و لە ناخۆشیدا، لە شایی و لە شیندا، لە شێنەیی و لە تەنگانەدا.. یەکتری بەسەربکەنەوە و، فریای یەکتری بکەون.

لە لای منداڵان، بیرۆکەیەکی سەرەتایی دەربارەی واتای هاوڕێیەتی گەڵاڵە بووە.. ئەوان وای لێکدەدەنەوە کە هاوڕێ، هەر مرۆڤێکە کە خۆشیانی بوێ.. هەر کەسێکە یاری و بەزمی خۆشیان لەگەڵدا بکا.. سەرەتای هاوڕێیەتی لە لای منداڵان، بە خۆتەنی دەست پێدەکات، بە خاکی و، بە سادەیی و، بە نیازپاکی، وەک دڵە پاکەکانی خۆیان، بە نزیک بوونەوە لە یەکتری و، بە گوزارشتکردن و دەربڕینی سۆزداری و، بە رۆژ باش و بە چاکوچۆنی و رێزگرتن و رۆخۆشی و، بە جۆرێک لە تایبەتمەندی هاوڕییەتی لە نێوان منداڵانی هاوتەمەن یا نزیک هاوتەمەندا، چەکەرە دەکا و دەڕوێت.. لەگەڵ کاتدا، ئەم پەیوەندییە پێشدەکەوێت و، بەهێزتر دەبێت و، تا دەبێتە هاوڕێیەتییەکی راستەقینەی گیانی بە گیانی.. بۆیە بەهێزترین و پاکترین هاوڕییەتی، ئەو هاوڕێیەتییەیە کە لە قۆناخی یەکەمی تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێت.. کە رەنگدانەوەی دڵپاکی و نیازپاکی منداڵانی پێوە دیارە.. دەشێ ئەم هاوڕییەتییەش رێکەوتی بێت، بە هۆی پێکەوە یاریکردن دروست بوویێت، یا لە رێی پەیوەندیی خزمایەتییەوە، یا پەیوەندی دراوسێتی، یا تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵانی گەڕەک یا قوتابخانەدا، یا بە هۆی هاوڕییەتی منداڵانی هاوڕێکانی دایکان و باوکان و، خوشکان و براکان و، تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵانی خێزانانی تردا، یا بە هۆی هەر رێکەوتێکی تر.. بە ئازادی و بە ئاسانی هاوڕییەتی لە نێوان منداڵاندا دروست بووبێ.. ئەوەش بزانن کە هاوڕییانی خراپ، چاوگەی ئازار و زیان و لە رێ دەکردنی منداڵانی ترن.. کورد دەڵێ: " هاوڕێی بەدخوو، نەشت سووتێنێت رەشت دەکات".

هاوڕێیەتی زۆر گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا، بە تایبەتیش زۆر گرنگترە لە ژیانی منداڵاندا.. گرنگترینیش ئەوەیە، کە هاوڕێ و دۆستی راست و دڵسۆز و دڵپاک هەڵبژێرن.. هاوڕێیانی دڵسۆز و راستەقینە ئەگەر لەبەر چاویش نەبن، بەڵام لە ناخی دڵدا دەژین.

*(دیل گارنگی) دەڵێ: "تا دەتوانیت هاوڕێیانی دڵسۆز پەیدابکە چونکە تا دۆستت زیاتربێت.. لە ژیاندا سەرکەوتووتر دەبیت".*

*فەیلەسووف و شاعیری گەورەی گەلەکەشمان (پیرەمێرد)ی نەمر دەڵێ: هەزا دۆستت بێ هێشتاکو کەمە تەنها دوژمنێ زۆر زۆر ستەمە*

سەرجەم دەروونناسان و زانایانی پەروەردەش، جەخت لە گرنگیی و لە سوودەکانی هاوڕێیەتی لە نێوان منداڵان دەکەنەوە، چونکە هاوڕێیەتی لە گەلێ تەگەژە و لە نەخۆشییە دەروونییەکان منداڵان دەپارێزێت.. ئەمەو لەبەر ئەوەش کە پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی ئارەزوومەندانەیە و لەسەر بڕوا بە یەکتری و لێبووردن و هاوبەشیکردن و هاوسۆزی بنیاتنراوە.. کەسایەتی منداڵ بەهێز دەکات و، یارمەتیشی دەدات، بۆ پێشخستنی پێوەرە رەوشتییەکانی وەکو واتای: یەکسانی و دابەروەری و هاوبەشی کردن و یارمەتیدان.

## گرنگترین سوودەکانی هاوڕێیەتی بۆ منداڵان:

١- یارمەتییەکی زۆری گەشەی دەروونی و جووڵەیی و کۆمەڵایەتی منداڵان دەدات.

٢- کارتێکەرە لە دروستبوونی کەسایەتی ئاسایی و دروست و بەهێزی منداڵان.

٣- سوودێکی گرنگیی هاوڕێیەتی ئەوەیە، کە منداڵان لە گۆشەگیری و لە دابڕان دووردەخاتەوە.. گۆشەگیریش زۆر مەترسیدارە، چونکە منداڵ دەگۆڕێت و، دەبێتە کەسایەتییەکی لاواز و بێنموود.. مەترسی ئەوەشی لێدەکرێت کە تووشی نەخۆشی (شیزۆفرینیا: نەخۆشییەکی هۆشییە، لە ئەنجامی ترس و بڕوابەخۆنەبوون) ەوە تووشی دەبێت.. کە چارەسەرێکی درێژخایەنی دەوێت.

٤- هاوڕێیەتی بەسەر کێشەکانی قسەکردن و کەمدوویی دا زاڵ دەبێت.

٥- هاوڕێیەتی بەسەر شەرم و ترس و ترسی کۆمەڵایەتیدا سەردەکەوێت.

٦- وزە زیادە پەنگخواردووەکانی منداڵان، لە رێی یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانی دا و، بە دەرخستنی توانا و بەهرە و ئارەزووەکانی ئەو وزە زیادەیە بەتاڵ دەبێتەوە.

٧- منداڵان لەڕێ بڕوا و متمانەبوونیان بە هاوڕێیەتی راستەقینە.. راز و نیازە پاکەکانی خۆیان بۆ یەکتری باس دەکەن و .. سوود لە را و بۆچوونەکانی یەکتری وەردەگرن.

٨- هاوڕێیەتی منداڵان لە خۆپەرستی و لە خۆبایی و لە نێرگزییەت رزگاردەکات.

٩- دوور لە رق و لە توندوتیژی، منداڵان گوزارشت لە توانا و، لە چالاکییەکانی خۆیان لە ململانێی ئەرێنیدا، لەگەڵ هاوڕێکانیاندا دەکەن.. بە رووحێکی وەرزشیشەوە ئەنجامەکان قبوڵ دەکەن.

١٠- منداڵان لە میانەی هاوڕێیەتییەوە، فێری قبووڵکردنی یەکتری دەبن و، ڕێز لە را و لە بۆچوونە جیاوازەکانی یەکتری دەگرن.. نایانەوەی تەنها رای خۆیان بسەپێنن.. بەڵکو سوودیش لە بەهرە و لە شارەزایی و، لە تاقیکردنەوەکانی یەکتری وەردەگرن.

١١- هاوڕێیەتی وا لە منداڵان دەکات کە بڕوایەکی زیاتریان بە خۆیان هەبێت، هەست بەوە دەکەن کە کەسانێکی نزیک پاڵپشتیانن و لێیان تێدەگەن و.. دڵنیاشن گەر پێویست بکات راوێژیان پێدەکەن و یارمەتیان دەدەن.

١٢- بوونی هاوڕێیەتی لە نێوان قوتابیان لە قوتابخانەدا.. کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە. چونکە قوتابخانە ژینگەیەکی فراوانترە.. دەتوانن بەشێکی زۆری چالاکییەکانیشیان بە کۆمەڵی و لە گروپدا ئەنجام بدەن.. ئەمەش مەودا و هەلێکی زیاتریان، بۆ هاوڕێیەتی و بۆ گرتنی هاوڕێی تازە بۆ دەرخسێنن.. زۆربەی هاوڕێیەتیش دەگەڕێتەوە بۆ رۆژان و ساڵانی قۆناخەکانی خوێندن.. بە تایبەتیش قۆناخی قوتابخانەی بنەڕەتی.

١٣- تێکەڵبوونی منداڵان لەگەڵ هاوڕێکانیان دا.. سەرقاڵبوونیان بە چالاکییەکان و بە یاریکردن.. لە لاڕێ بوونەوە و، لە خەیاڵکردنی بەد و لە بیری خراپ دەیان پارێزێت.

١٤ هاوڕێیەتی، منداڵان فێری هاوکاری و هەرەوەزی و خێرخوازی و پیاوەتی دەکات.

١٥- هاوڕێیەتی لە نێوان کوڕان و کچاندا، لە هەستی جیاوازی دووریان دەخاتەوە و، بڕوایان بە یەکتری زیاتر دەبێت و، هەرەس بە کوڕسالاری دەهێنێت.. لەم رووەوە قوتابخانە تێکەڵەکان (کچان و کوڕان) کە پێکەوەن.. رۆڵێکی سەرەکییان هەیە.

لە راستیدا گرنگیی و سوودەکانی هاوڕێیەتی لە نێوان منداڵاندا، زۆر لەو پانزە خاڵەی سەرەوە زیاترن.. ئەم بابەتەش زۆر لەم کورتە باسە زیاتر هەڵدەگرێت.. ئەگەرچی تا ئێستا بە دەیان کتێب بە زمانەکانی جیهان، دەربارەی گرنگیی و سوودەکانی هاوڕێیەتی نووسراون. لە لایەن دەروونناسان و شارەزایانی پەروەردەشەوە بە دەیان توێژینەوەی پراکتیکی ئەنجام دراون.. بەڵام هێشتا پێویستیمان بە توێژینەوەی زیاتر هەیە.

## رۆڵی دایکان و باوکان:

دایکان و باوکانی بەڕێز و دڵسۆز، ئێوە ئەرکێکی پیرۆز و بەرپرسیێتییەکی هەستیارتان بەرانبەر بە گۆشکردن و پەروەردەکردنی دروست و ئاراستەکردنی راست و ئامۆژگاری و چاودێریکردنی جگەرگۆشەکانتان لە ئەستۆدایە.. جا

بۆ ئەوەی منداڵەکانتان، بە شێوەیەکی ئاسایی و دروست گەشەبکەن و، ببنە کەسانێکی کۆمەڵایەتی و، لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانی و ژیان دوانەکەون و دانەبڕێن. پێویستە بە دروستی پەروەردە و ڕێنمایی منداڵەکانتان بکەن.. بۆ ئەوەی پشکی شێرتان لە دەستخۆشی و لە شانازیدا بەربکەوێت.. ویژدان ئاسوودە بن لەوەی کە ئەرک و بەرپرسێتی خۆتان بەدی هێناوە.

ڕێ لە منداڵەکانتان مەگرن و هانیان بدەن، با بە ئازادی هاوڕێکانیان هەڵبژێرن.. مافی خۆشتانە کە بزانن منداڵەکانتان هاوڕێیەتی کێ دەکەن و، هاوڕێکانیان چونن.. بێگومان ئەوەش خواست و هیوای هەموو دایکان و باوکانە.. کە منداڵەکانیان هاوڕێی باش و نیازپاک و راستگۆ و دڵسۆزیان هەبێت.. بەڵام ئەگەر زانیتان هاوڕێکانی منداڵەکانتان بەدخوو و بەدرەوشت و بەرژەوەندی مەبەست و پەروەردە سەقەتن و لە ڕێ دەرچوون و، منداڵەکانتان لەرێ دەردەکەن.. پێویستە بە هێمنی لە ڕێی گفتوگۆ و ئامۆژگارییەوە زیانەکانی درێژەدان بە هاوڕێیەتی هاوڕێیانی خراپ، قەناعەت بە منداڵەکانتان بکەن و، تا واز لە هاوڕێیەتی ئەو منداڵانە بهێنن و لێیان دوور بکەونەوە.. ئەگەرچی گوناهی ئەو منداڵانەش، دەگەڕێتەوە بۆ نابەڵەدی دایکان و باوکانیان، کە بە سەقەتی و نادروستی پەروەردە و ئاراستەیان کردوون.. یا بە هەر هۆیەکی ترەوە دووچار بووبێتن.

دایکان و باوکان، پێویستە ئێوەش خۆتان نموونە و پێشەنگ بن، لە هاوڕێیەتی کەسانی دڵسۆز و نیازپاک و دڵپاک.. تا منداڵەکانیشتان چاو لە ئێوە بکەن.. پێویستە بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە پێشوازی لە میوانداری هاوڕێکانی منداڵەکان بکەن.. بە گەرمی بەخێرهاتنیان بکەن.. هەوڵێش بدەن دۆستایەتی لە گەڵ خێزانەکانی هاوڕێکانی منداڵەکانتان هەبێت و.. پردێکی پەیوەندیی ئاشنایەتی و دڵسۆزی دروست بکەن.

لە (جەژنی لە دایکبوون)ی منداڵەکانتان، ڕێیان لێ مەگرن با هاوڕێکانیان بانگ بکەن و ئاهەنگی خۆشیان بگێڕن .. ڕێش لە منداڵەکانتان مەگرن با ئەمانیش بچن بۆ جەژنی لە دایکبوونی هاوڕێکانیان.. بۆنەیەکی باشە بۆ بەهێزکردن و شیرین کردنی هاوڕێیەتی.

هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان، لە چالاکییە هەمەجۆرە بە کۆمەڵییەکان و لە تیپەکانی قوتابخانەکانیاندا، چ وەرزشی بن، هونەری بن، یا تیپی نواندن، یا تیپی سروود و گۆرانی بن، تیپی شایی و هەڵپەڕکی بن.. یا هەر چالاکییەکی تر بێت.. لە دەرەوەی قوتابخانە و ماڵەوەشدا، گەلێ چالاکی بە کۆمەڵ هەن

.. بەشداری کردنی منداڵە چاوگەشەکانتان لە چالاکییەکانی ئەم تیپانەدا.. بوارێکی باشن بۆ ئەوەی هاوڕێیانی تازە بگرن.. کۆمەڵێک سوودی تازە و شارەزایی نوێیش بەدەست دەهێنن.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## پرسیارەکانی منداڵەکانتان پشتگوێ مەخەن.

منداڵ کە لە دایک دەبێت هیچ نازانێت.. لە جیهانێکی فراوانی زۆر سەیر و سەمەرەی جەنجاڵ و سیخناخدا، چاوەکانی هەڵدێنێت و، گەشتی ژیانی دەست پێدەکات.. بە هەموو لایەکدا دەڕوانێت.. رۆژ لە دوای رۆژیش گەشەدەکات و، ئاسۆی بیر و هۆش و خەیاڵی فراوانتر دەبێت.. دەجووڵێت و هەڵپەدەکات.. ئەندامە هەستەوەرەکانی بەکاردەهێنێت.. بە چاوەکانی شتەکان دەبینێت و.. بە گوێیەکانی قسەکان دەبیستێت و.. بە دەستەکانی شتەکان دەگرێت.. بە هۆش و ئەندێشەی شتەکان لێک دەداتەوە.. وشە و رستە و زمان فێردەبێت.. دەدوێت و دەپرسێت.. رۆژانە دایک و باوک و کەسوکار و دادەکان و مامۆستاکانی پرسیارباران دەکات: بۆچی؟ چۆن؟ کەی؟ لە کوێ؟ بۆ؟ کام؟ کێ؟ چەند؟ چما؟ لۆ؟ ئایا؟... هتد. ئەم پرسیارانەش سروشتین، چونکە منداڵ دەیەوێت دەربارەی دەوروبەرەکەی و رووداوەکانی ئەم جیهانە بپرسێت و، بزانێت و، بناسێت و، شارەزایی لە بارەیانەوە هەبێت.. مەبەستیش لە پرسیارەکانی منداڵ، بریتییە لە شرۆڤەکردن، کە منداڵ لە شێوەی پرسیاردا گوزارشتیان لێدەکات.. لە کەسانی گەورە دەپرسێت، کە پرسیارەکانی پێویست بە وەڵامدانەوە و شیکردنەوە و گفتوگۆ دەکەن.

منداڵ بەوە ناسراوە، کە زۆر دەپرسێت و، هەموو جۆرە پرسیارێکیش دەکات.. منداڵی زۆرپرسیش منداڵێکی زیرەک و بلیمەت و بەهرەمەند و هەڵکوتوو و داهێنەرە، چونکە خۆش هیوایە و، دەیەوێت دەربارەی شتەکانی دەوروبەری زۆرترین زانیاری بزانێت.

منداڵ بەرهەمی رۆشنبیری دەوروبەرەکەیەتی، لە میانەی وەڵامی پرسیارەکان لە دایک و باوکی یا بەخێوکەر و

هاوڕێ و دادەکان و مامۆستاکانییەوە فێردەبێت و دەزانێت.. کورد وتەنیش: (کەس لە سکی دایکیدا فێری شتێک نەبووە).

پێویستە هەردەم هانی منداڵەکانتان بدەن کە شەرم نەکەن و بە ئەوپەڕی ئازادییەوە بپرسن و.. بپرسن.. هەر هۆشێک کە بە بەردەوامی بپرسێت.. هۆشێکە کە توانای چارەسەری داهێنانەی ئەو گرفت و کێشانەی هەیە کە دێنە ڕێی.. داهێنانیش کاتێک گەشەدەکات، کە هۆش و بیرکردنەوە رووماڵی هەموو لایەنەکان بکەن.. لە گۆشەی جیاوازیشەوە لە کێشەکان بڕوانن و.. بە دوای چارەسەری نابادا بگەڕێن.. توانای پرسیارکردنیش ئەم مەبەستە دەهێنێتەدی.. مێشکی منداڵان و گەورەکانیش پڕن لە پرسیار، هەر بۆیەش نیشانەی پرسیارکردن (؟) لە سەر شێوەی سەری مرۆڤ دایە.

پرسیارەکانی منداڵانیش بەپێی ئەو کۆمەڵگایەی لێی دەژین و، بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە دەوروبەرییانەوە وەریان دەگرن جیاوازیان هەیە.. ئەگەر لە منداڵانی لادێی و کۆچەرییەکان بڕوانین، دەبینین ئاستی زانستی و شارەزاییان سنووردارن، تەنها سەرچاوەی رۆشنبیرییان خێزانەکانیان و هاورێکانیانن لەو ژینگە تەسکەی لێیدەژین. بە پێچەوانە منداڵانی شار و شارستانی، کە لە ئاستێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی فراوانتردا دەژین و.. کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و سەتەلایت و پلەیستێشن و ئایفۆن و جۆرەها بابەتی تەکنۆلۆژیای تازە لە بەردەستیان دایە و سوودیان لێوەردەگرن.. دیارە ئەمان لە منداڵانی لادێنشین و کۆچەرییەکان زۆرزانترن و چاوکراوەتر و رۆشنبیرترن.

کۆمەڵێک پرسیاری کلاسیکی باو هەن، کە نەوەکانی ئەمڕۆش ئەو پرسیارانە دەکەن و دووبارەیان دەکەنەوە.. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاری و تەکنۆلۆژیای تازە و سروشتی ژیانی ئەم سەردەم و رۆژگارەدا، پرسیاری تازەش دێنە کایەوە.. پرسیارەکانی منداڵانی نەوەی ئینتەرنێت و سەتەلایت و ئایفۆن و فەیسبووک و... هتد. جیاوازییان لەگەڵ پرسیارەکانی منداڵانی حەفتاکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو و پێشتریش هەیە.. بێگومان منداڵان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، بە قۆناغی پرسیارکردندا تێدەپەڕن.. بێ ئەوەی کە بێزاربن پرسیار لە دوای پرسیار دەکەن.. چونکە هۆگر و وێڵی دوای زانست و زانیاری و شارەزایین.. بۆ وەڵامی پرسیارەکانیشیان پشت بە دایک و باوک و دادەکان و مامۆستانیان دەبەستن.. بە تایبەتیش منداڵان لە دوو ساڵییەوە تا پێنج ساڵی کە قۆناغی پێش قوتابخانەی بنەڕەتییە و، بە (قۆناغی پرسیار) یش ناودەبرێت، چونکە منداڵان لەم قۆناغەدا زۆر دەپرسن، دواتر بەرە بەرە پرسیارەکانیان کەمتر دەبنەوە.

منداڵان لاسایی کوێرانەی هەموو ئەو شتانە دەکەنەوە کە دەیان بینن، لە نێوان لاسایی کردنەوە و بیرکردنەوەدا، بە سەدان پرسیار دێنە کایەوە.. لە قۆناغی منداڵیدا، منداڵان خەیاڵیان فراوانە و، راستی و خەیاڵ تێکەڵ دەکەن.. لە ناخی دڵە پاکەکانیانەوە، رۆژانە بە دەیان پرسیاری سەیر و رامانـاوی و هەلەق و بەلەق دەپرسن.. بەڵام لە راستیدا ئەم پرسیارانەیان زۆر گرنگن.. لەسەر بنەمای وەڵامە راست و دروستەکانی ئەم پرسیارانە هۆشی منداڵان پێکدێن و، داهاتووی هۆشیان دیاری دەکرێن.. تا وایان لێدێت ئیتر زۆر بە کەمی پرسیار لە دایک و باوکیان دەکەن.

*(ئۆروک) دەڵێت: " لەوەوە بزانە، کە منداڵەکانت گەورە بوونە، کە چیتر دەربارەی چۆنییەتی هاتنیان بۆ ژیان پرسیارت لێناکەن و.. پێشت ناڵێن کە بۆ کوێ دەڕۆن" .*

### منداڵ بۆ دەپرسێت..؟

*زاناکانی بواری پەروەردەی منداڵان، پرسیارەکانی منداڵان بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێننەوە:*

١- ئارەزوو و شەیدایی منداڵان بۆ زانین و دۆزینەوە.. چونکە دەربارەی ژینگەکەیان و رووداوەکانی دەوروبەریان نەشارەزان و.. دەیانەوێت دەربارەیان بزانن و بیاناسن و زۆرترین زانین و شارەزاییان لە بارەیانەوە هەبێت .. پرسیارکردن و زانینیش مافێکی سروشتیی منداڵانە.. گەر لە لایەن گەورەکانەوە وەڵام نەدرێنەوە، هەست بە رامان و بە نائارامیی دەروونییان دەکەن.

٢- منداڵان پێویستییان بە تێگەیشتن و شارەزایی هەیە.

٣- پێویستیی منداڵان بۆ بەشداری کردن و خۆدەرخستن و خۆسەلماندن.

٤- ئارەزووی منداڵان بۆ چاولێکردن لە گەورەکان.

٥- گەشەکردنی توانـای زمانی منداڵان و، هەست کردنیان بەوەی کە دەتوانن بە باشی گوزارشت بکەن و لەگەڵ کەسانی تردا گفتوگۆ بکەن و تێبگەن و وەرگرن و ببەخشن.

٦- ترس و دڵەڕاوکێی منداڵان : زیاتریش دەربارەی ئەو شتانەی کە لێیان دەترسن دەپرسن.. داوای هەست کردن بە دڵنیایی و ئارامی و ئاسوودەیی دەکەن لە مەترسییە نادیارەکان.. بۆ نموونە: کە هەورە تریشقە چەخماخە دەدات و شریقەی دێت.. منداڵان دەترسن و دەپرسن.. حەزدەکەن دڵنیایان بکەنەوە کە هەورە تریشقە ئازاریان

نادات و زیانیان پێ ناگەیەنێت.. زۆربەی منداڵانیش لە سەگ و گورگ و لە دز و تاوانبار و سۆاڵکەر و شێت دەترسن.. تەنانەت کە هیچ ئازارێکیشیان پێنەگەیاندووبن.

٧- بۆ ئەوەی سەرنجی کەسانی تر بۆ لای خۆیان رابکێشن و ئاوڕیان لێبدەنەوە و بایەخیان پێبدەن و بە هەندیان بزانن و، شوێنیان لە شیکردنەوەدا هەبێت.

٨- منداڵان هێزێکی تێبینی و سەرنجدانی ورد و بەهێزیان هەیە.. بە باشیش خۆیان دەردەخەن و دەپرسن.. ئەوان دەربارەی راستییەکانی ژیان دەپرسن و، بیر لە ناخی ئەم راستییانە دەکەنەوە.

٩- منداڵان خاوەنی خەیاڵێکی فراوانن.. بەبێ سنوور و سانسۆر، بە سەدان پرسیار بە خەیاڵیاندا دێت.. ئەو منداڵانەش کە زۆر دەپرسن سروشتین، بەڵکو زیرەک و گەشبین و داهاتوو گەش و روونن.. بێگومان هەندێ لەو پرسیارانەی کە دەیان کەن.. جێی سەرسووڕمان و ڕامان و دامانن بە لای گەورەکانەوە.. جاریش واش هەیە بەشێک لە پرسیارەکانیان لە گوێرەی خۆیان زیاترن.. یا پرسیاری فەلسەفی و بوونی و چۆنییەتی دەکەن، کە وەڵامدانەوەیەکی ژیرانەیان دەوێت.. وەکو:

من لە کوێوە هاتووم؟ خوا لە کوێیە ؟ بۆ خوا خۆی پێشانمان نادات ؟ ئاسمان بۆ شینە ؟ ژمارەی ئەستێرەکان چەندن ؟ باڵندە چۆن دەفڕێ ؟ ئێمە زیندووین یا خەونە ؟ بۆ پیاو منداڵی نابێت ؟ لە بەهەشتدا گەزۆی سلێمانی هەیە ؟ باپیرەم بۆ مرد ؟ رووح چییە ؟ چۆن لە لەش دەردەچێت ؟ دایکە من لە شاییەکەی تۆدا لە کوێ بووم؟ بۆ ئۆتۆمبیل ناتوانێت وەکو فرۆکە بفڕێت ؟ ئەی ئەو هەموو خەڵکە زۆرە چۆن لەو تەلەفزیۆنە بچووکەدا جێیان دەبێتەوە ؟ ئەمانە و بە سەدان پرسیاری سەیری لەم جۆرە.

١٠- زۆر جاریش منداڵان بە پرسیارکردن دەیانەوێت گەورەکان تاقیبکەنەوە.

ئەو هۆیانە و بە دەیان هۆی تر هەن، بۆ ئەوەی کە منداڵان بپرسن و وەڵام بدرێنەوە.

بەداخەوە هەندێ لە دایکان و باوکان و مامۆستایانی نابەڵەد و بێ ئەزموون.. منداڵی زۆرپرس، بە منداڵێکی چەنەباز و بێزارکەر ناودەبەن و.. وەڵامی پرسیارەکانیان نادەنەوە و بێدەنگ دەبەن، یا بە ئەنقەست بە (نازانم) وەڵامیان دەدەنەوە.. یا لێیان تووڕە دەبن، بۆ ئەوەی واز لە پرسیارکردن بهێنن.. بێ ئەوەی کە ئەوە بزانن کە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە هەڵە و نادروستەیان، چ زیانێکی دەروونی و، چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی نەرێنی و خراپی

لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵەکانیان دەبێت.

بێگومان هەمووومان ناوبانگی کەڵە زانا و داهێنەری ئەمریکی (تۆماس ئەدیسۆن)ی داهێنەری گڵۆپی کارەبایی و بە سەدان داهێنانی تر، بیستوومانە.. ئەدیسۆن منداڵێکی زۆرپرس بوو.. کە منداڵ بوو لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیان دادەنیشت.. هەر کەسێک بە بەردەمیدا رەتبوایە ئەدیسۆن پرسیارێکی لێدەکرد.. تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە خەڵکی لێی بێزاربوون و بە (نازانین) وەڵامیان دەدایەوە.. بەرانبەر بەم وەڵامە هەڵەیەش، دیسان ئەدیسۆن لەو کەسانەی دەپرسی: "ئەی بۆ نازانن..؟ ".

ئەدیسۆن کە چووە قوتابخانەش، بەردەوام بوو لەسەر پرسیارکردن.. تا مامۆستاکانی لێی بێزار بوون و بە گەمژە و مێشک بۆگەن ناویان برد.. تەنها چەند رۆژێکی کەم لە قوتابخانەدا بوو.. رۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی دەری کرد و پەیامێکی بۆ دایکی پێادا نارد کە تێیدا نووسیبووی: "باشتر وایە کە کوڕەکەت لە ماڵەوە دابنیشێت چونکە گەمژەیە "دایکی لە باوەشی کرد و وتی: " کوڕەکەم گەمژە نییە.. بەڵکو ئەوان گەمژەن "وتیشی: " بچکۆلەکەم گەر هەموو کەسێک نکووڵی لە زیرەکی تۆ بکەن، ئەوە بۆ تۆ بەسە کە من بڕوام بە زیرەکی تۆ هەیە، تۆ منداڵە بلیمەتەکەمی.. لێیان گەڕێ چی دەڵێن بابڵێن.. گوێ لەمن بگرە کە چی دەڵێم، تۆ زیرەکترین منداڵی لە جیهاندا".

*بۆیە ئەدیسۆن دەڵێ: "دایکم بوو کە فێری کردم، چونکە ئەو رێزی دەگرتم و باوەڕی پێم هەبوو، ئەو هەستەی پێبەخشیم، کە من گرنگترین کەسم لە بووندا، بوونی من بوو بە پێویستییەک لە پێناویدا.. بەڵێنم بە خۆم دا، کە شەرمەزاری نەکەم، هەر وەکو ئەو کە هەرگیز شەرمەزاری نەکردم"* شایانی باسیشە کە هۆی داهێنانی گڵۆپیش لە لایەن ئەدیسۆنەوە، هەر دایکی بوو.. چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە: شەوێکیان دایکی زۆر نەخۆش دەکەوێت.. ئەدیسۆن دەیبات بۆ لای پزیشکێک.. پزیشکەکە پێی دەڵێت: "دایکت پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە، بەڵام ئێستا شەوە و تاریکە، ناتوانم بەم تاریکییە نەشتەرگەریی بۆ بکەم، پێویستە چاوەڕێی بەیانی بکەین".. ئا لێرەوە کەڵکەڵەی داهێنانی دروستکردنی ئامێرێک کەوتە خەیاڵی ئەدیسۆنەوە، کە بتوانێت ئامێرێکی ئەوتۆ دروست بکات تاریکی روو اک بکاتەوە. ئەوەبوو لە (٩٩٩) جاری تاقیکردنەوە بۆ دروستکردنی گڵۆپ شکستی هێنا.. بەڵام ئەدیسۆن بڕوابەخۆ بوو، کۆڵی نەدا و سووربوو لەسەر دروستکردنی گڵۆپ.. نەشی دەوت شکستم هێناوە، دەیوت: " لە (٩٩٩) تاقیکردنەوەمدا، نەبوونە هۆی دروست کردنی گڵۆپ "دوای هەر شکستییەکیش، ئەدیسۆن دەیوت : "

ڕێگـایەکی تـر بـۆ سـەرکەوتن هەیە "درێـژەی بە تـاقیکردنەوەدا.. تـا لە (١٠٠٠) ڕەمین جـاری تاقیکردنەوەکانیـدا سەرکەوت و، گڵۆپی دروست کرد.. شۆڕشێکی تەکنۆلۆژیا و وەرچەرخانێکی نەمری مێژوویی پەرپاکرد.

بەڵێ ئەو تۆماس ئەدیسۆنە زۆرپرسەی، کە مامۆستاکانی بە گەمژەیان دەزانیێ.. بوو بەو کەڵە داهێنەرەی کە تـا هەتـایە مرۆڤ قەرزاری داهێنـانەکەی ئەون و.. تـا هەتـایە بە نەمـری دەمێنێـتەوە و، سـەرجەم ئـادەمیزادیش بە ڕێزەوە ناوی دەبەن و یادی دەکەنەوە.

مەبەستیشم لەو کـورتە باسـە دەربـارەی ئەدیسـۆن ئەوەیە، کە ئێـوەی دایکـان و باوکـان و مامۆسـتایانی کـورد.. پێویسـتە پرسـیارەکانی منـداڵەکانتان پشـتگوێ نەخەن و، بە دڵێکـی فـراوانەوە وەڵامیـان بـدەنەوە.. منـداڵانی زۆرپرسیش بە جەنەباز و بە گەمژە مەزانن.

پرسیارەکانی منداڵانیش، بەپێی قۆناخەکانی تەمەنیان جیاوازیان هەیە.. بۆ نموونە:

لە پرسیاری: ئەمە چییە؟ بۆ پرسیاری: ئەمە چۆن ؟ بـۆ پرسیاری: ئەمە بـۆچی ؟ بـۆ پرسیاری: ئەی دوای ئەوە ؟ پرسیارەکانی منداڵانی قۆنـاغی پێش چوونە قوتـابخانە و، منـداڵانی مێردمنـداڵ و هەرزەکـار جیاوازییـان هەی .. وەڵامی پرسیارەکانیش، پێویستە لەگەڵ قۆناخەکانی منداڵیدا بگونجێن.

گرنگی دان بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵان گەلی سوودی پەروەردەییـان هەیە.. منـداڵان هەست بەوە دەکەن کە ڕێـز لە راکانیـان دەگـرن و، پێیـان خۆشە کە بەشداری لە گفوگۆدا بـکەن.. منـداڵان زیـاتر بڕوایـان بە خۆیـان دەبێـت، وەڵامـی دروست یارمەتیـدەرە بـۆ گەشـەکردنی دەروونـی دروسـت ، بـۆ گەشـە و توانـای زمـانی، بـۆ سـازانی کۆمەڵایەتی.

***بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵەکانتان ئەم ڕاستییانە لەبەرچاو بگرن:***

١- نابێـت وەڵامـی پرسـیارەکانیان بە درۆ یـا بە نـاتەواوی یـا بە شـێوازێکی دیبلۆماسـی ناراسـت بـدەنەوە.. چـونکە منداڵان هەستیارن ئەگەر بۆیان دەربکەوێت کە ئێـوە ڕاستان پێنەوتـوون.. بە درۆزنتـان دەزانـن و، بڕوایـان پێتـان

نامێنیت و، وەڵامە هەڵەکانیشتان لە ئەمڕۆ و لە ئایندەشدا زیانیان پێدەگەیەنن، ئێوە و ئەوانیش باجی ئەو هەڵانە دەدەنەوە.

بۆ نموونە: ئەگەر منداڵێک لە دایکی پرسی: "من لە کوێوە هاتووم ؟ "نابێت دایکی وا وەڵامی بداتەوە: " تۆمان لە سوپەرمارکێتێک کڕی "زوو ئەم وەڵامە درۆیە، بۆ منداڵەکەی ئاشکرا دەبێ و دایکی بە درۆزن دەزانێت و بڕوای بە وەڵامەکانی نامێنێت.

٢- پێویستە وەڵامەکانتان بە پێی تەمەنی مندالەکانتان بن.. بۆ منداڵانی قۆناغی یەکەم سادە و ساکار بن و وشە و رستەکانتان بەپێی فەرهەنگی زمانی ئەو قۆناغە بن.
٣- هەرگیز لە زۆرپرسینی منداڵەکانتان بێزار مەبەن.. بەڵکو زۆر دڵخۆشبن، چونکە زۆرپرسین نیشانەیەکی زیرەکی و دۆزینەوە و داهێنان و ئایندە گەشییە.
٤- ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان لەو کاتەدا نەزانی.. دەتوانی بە منداڵەکەت بڵێیت: پرسیارەکەت جوانە.. بۆیە دەمەوێت وەڵامێکی جوانت بدەمەوە.. مۆڵەتم بدەری با بیربکەمەوە، یا با سەیری کتێبێک بکەم و.. وەڵامەکەت بۆ بدۆزمەوە.. بەڵێنت دەدەمێ کە وەڵامت دەدەمەوە و.. لە بیری ناکەم.. یان پێی بڵێ : با باوکت بێتەوە لەوانەیە ئەو وەڵامێکی باشی پرسیارەکەت بداتەوە.
٥- هەندێ لە دایکان و باوکان پێیان وایە، کە زانینی راستییەکان لە تەمەنێکی بچووکدا کاریگەرییەکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە.. بەڵام ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە.. لە جیاتی ئەم بۆچوونە هەڵەیە.. با بە شێوازێکی ئەرێنیی گونجاو و، بەپێی تەمەن و ئاستی زیرەکیی منداڵەکانتان راستییەکانیان بۆ روون بکەنەوە.
٦- ئەو پرسیارە رامانهێنەرانەی کە منداڵان دەربارەی رەگەزی (جینسی) دەیان کەن.. نابێت پشتگوێ بخرێن و.. ناشبێت ئەو منداڵانەی پرسیاری جینسی دەکەن بە بێ ئەدەب و بە بێ ئابڕوویان بزانن.. پێویستە هەر لە منداڵییەوە، پەروەردەیەکی جینسی دروست بکرێن.. چونکە ژیانی جینسی بەشێکی بنەڕەتییە لە ژیانی گەورەکاندا .. بەڵام زۆر جار گەورەکان لە روو دادەمێنن لە باسکردنی ئەم بابەتانە لەگەڵ منداڵەکانیاندا.. لەوە دەترسن کە کاردانەوەی لە گەشەکردنی منداڵ و لە ژیانی جینسیی داهاتوویان هەبێت.

من (نووسەری ئەم بابەتە) لە بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی شاری (بێرگن) لە نەرویج، بە دەیان کتێبی رەنگاورەنگی وێنەدارم دەربارەی ئەندامنی لەشی نێر و مێ و چۆنییەتی دووگیان بوون و لە دایک بوون بۆ منداڵانی

قۆناغەکان هەن.. هەن کە بە شێوە و بە زمانێکی ساکار و سادە بۆ منداڵان چاپکراون.. رۆژانەش منداڵانی چەند باخچەیەکی ساوایان یا قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، تەنانەت خێزانەکانیش لەگەڵ منداڵەکانیان کە هەر هەموویان تێکەڵاون، دەیان هێنن بۆ بەشی منداڵانی کتێبخانەکە و، ئەو کتێبانە جینسییانە دەخەنە بەردەستیان و وێنەکانی ئەندامانی لەشی نێر و مێیان پێشان دەدەن.. تا لە منداڵییەوە لە بارەی جینس و دووگیان بوون و، لە دایکبوون، منداڵان نابەڵەد نەبن و بزانن.. هەروەها چەندین فیلم و سیدی و کاسێتی ڤیدیۆیی و میمۆری لە هەمان کتێبخانەدا و، دەربارەی هەمان بابەت هەن. دایک و باوکان دەیان خوازن و لە ماڵەوە پێشانی منداڵەکانیانی دەدەن.

٧- وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵان لە لایەن دایکان و باوکانەوە.. مایەی بەخشینی پێخۆشحاڵییە بە منداڵەکانیان.. منداڵەکانیان ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت، کە دایک و باوکیان فەرامۆشیان نەکردوون و، بەشداریی هەست و سۆز و ویژدانیان دەکەن.

٨- هەندێ جار دایکان و باوکان دەتوانن بە وێنەی رەنگاوڕەنگی دووتوێی کتێبەکان یا وێنەی گەورەی پەیوەند بەم بابەتە.. وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانی منداڵان بدەنەوە.

٩- پێویستە دایکان و باوکان و بەخێوکەر و دادەکان و مامۆستاکان، هەردەم بە باشی ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵەکانیان بن .. تا منداڵان بە نەزانیان نەزانن و پەنا بۆ کەسانی تر نەبەن.. ئەوەش لەبەرچاوبگرن کە ئەم منداڵانە لەسەر رۆشنایی ئەو وەڵامانەی کە ئێوە دەیان دەنەوە، باوەڕ و هەست و هەڵویستەکانیان بنیات دەنێن. لەم روانگەیەوە، ئەوە بزانن کە وەڵامدانەوەی راست و دروستی پرسیارەکانی منداڵان چەند گرنگن و، چ رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی ئەرێنییان لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵە چاوگەشەکانی کوردستانی شیرینمان دەبێت.

بۆ نموونە: کە منداڵێک لە دایکی دەپرسێت: " دایکە من لە کوێوە هاتووم ؟ " دایکی ژیر و وریا پرسیاری منداڵەکەی پشتگوێ ناخات.. دەتوانێت بە شێوازێکی ساکاری لۆژیکی و راست و دروست وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.. بۆ نموونە دەتوانێت بەم شێوەیە وەڵامی منداڵەکەی بداتەوە:

ئازیزم، لە دنیادا هەموو گیان لەبەران نێر یا مێن.. مرۆڤیش (ژن یا پیاو)ن .. یا (کچ یا کوڕ)ن .. کە عازەب و گەورە دەبن.. کچ و کوڕ هاوسەرگیری پێکدەهێنن.. واتا دەبنە بووک زاوا و یەکتریان خۆشدەوێت.. من و باوکیشت هاوسەرگیریمان کرد و یەکتریمان خۆشدەوێ.. لە شوێنێک لە سکمدا کە پێی دەڵێن "منداڵدان" تۆ دروست بوویت..

ماوەی نۆ مانگ لە سکمدا گەورەبوویت و.. کاتی ئەوە هات کە لە دایک بیت.. بە هۆی کەناڵێکەوە کە (بۆڕییەکی گۆشتینە) پێی دەڵێن (کەناڵی لە دایک بوون) تۆ لە دایک بووی.. شیر و خواردنم دایتێ تا بووی بەم منداڵە جوانکیلە خۆشەویستەم. خۆ ئەگەر منداڵەکەی لێی پرسی: ئەی من چۆن لە منداڵدانی تۆدا دروست بووم؟ دایکی دەتوانێ پێی بڵێت: "بە هۆی تنۆکێکی شل لە لەشی من و تنۆکێکی شلی تر لە لەشی باوکت، لە منداڵدانمادا هەردوو تنۆکەکە یەکیان گرت و تۆیان لێ دروست بوو".. دەشتوانێت بە هۆی وێنەی روونکردنەوەی رەنگاوڕەنگی نێو کتێبە جینسییەکانەوە، زیاتر وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ منداڵەکەی روون بکاتەوە.. یان بە هەر شێوازێکی تر کە کە ئەم دایکە خۆی بە باشی بزانێت، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە.

لە کۆتاییدا دووبارەی دەکەمەوە، پێویستە پرسیارەکانی منداڵەکانتان پشتگوێ نەخەن و خۆتان لێیان نەدزنەوە .. هەرگیز بە هەڵەش وەڵامیان مەدەنەوە.. هەردەمیش هانیان بدەن بۆ ئەوەی کە پرسیاری زیاتر بکەن.. بەبێ پێچ و پەنا و، بەبێ شەرمکردنیش بە روونی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە.. بە تایبەتیش ئەو پرسیارانەی کە رامان و دامانتان دەکەن.. یا ئەو پرسیارە جینسییانەی، کە بە زەق و رووتیان دەزان.. چونکە گەر ئێوە وەڵامیان نەدەنەوە.. لەوانەیە لە کەسانی تر یا لە منداڵێکی لە رێ دەرچوو بپرسن و، کۆمەڵێک وەڵامی هەڵە و گوماناوی زیانبەخشیان بدەنەوە و کاریان تێبکەن.. ئۆباڵی ئەم ئاکام و ئەنجامە نەخوازراوەش، لە ئەستۆی ئێوەی دایکان و باوکان و بەخێوکەر و فێرکەر و پەروەردەکار دایە.. هەردەمیش پێویستە ئێوەی دایکان وباوکان و دادەکان و مامۆستاکان، ببنە نموونەیەکی باش و بەرز بۆ منداڵەکانتان، چونکە منداڵان چاولێکەرن و میراتگری رەفتار و هەڵسوکەوت و کارە جوانەکانی ئێوەن.

٥ی دێسەمبەر ٢٠١٥

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

## پێگەی سروود لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا.




بێگومان هەموومان ئەو سرووده نیشتمانییە رەسەن و خۆشە کوردییانەمان لە یادماون و دەمێنن، کە لە تەمەنی منداڵیماندا، لە قوتابخانە و لە دەرەوەی قوتابخانەدا بە ئاوازەوە فێریان بووین و، بوون بە وێردی هەمیشەی سەر زارمان.. پڕبەدەم و هێندەش بە کوڵ و تین و جۆشەوە دەمان چڕین.. سوور دەبووینەوە و، هەموو تووکەکان و دەمارەکانی لەشمان زیت دەبوونەوە، ئەو سرووده خۆشە کوردییانەمان لە گەزۆ و نوقڵ لە لامان شیرینتربوون.. هەر لە رێگای ئەو سرووده نیشتمانییانەوە هەستی کوردایەتی و کوردستان پەروەری لە هۆش و دڵ و دەروونماندا روان و بەرجەستەبوون و، بوون بە بەشێکی گرنگ لە رووح و گیانمان و، لە بیرەوەرییەکانمان.. ئەو سروودانە تا ئەمڕۆش هەمان چێژ و خۆشیان لامان هەیە، لەو بڕوایەشدام لە لای نەوەکانی داهاتووشمان چێژ و خۆشیان کاڵنابنەوە و، نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتری دەگوێزنەوە.

***لەو سرووده کوردییە نیشتمانییانەشمان:***

*"وەتەنی من کوردستانە - زێوەر"،: ئەی کوردینە.. ئەی مردینە - زێوەر"،"ئەی رەقیب - دڵدار"، "خوایە وەتەن*

ئاواکەی - فایق بێکەس"،

"نەورۆز - پیرەمێرد"، "کوردم ئەمن - هێمن موکریانی"، "بەری بەیانە - گۆران"،

"بە کوردی دەژیم ـ هەژار موکریانی"، "پێشمەرگەین بە هەڵمەتین - خالید دلێر"، "خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم - کاکەی فەلاح"، "جەژنە جەژنی کوردستانە ـ ع .ع . شەونم" و... هتد. گەرچی ئەم سروودانەمان، بە تایبەتی بۆ منداڵان نەنووسراون، بەڵام گەورەکان و منداڵانیش دەیان چڕین و جێژ و خۆشیان لێوەردەگرتن.. لە ئەنجامی چەندین جاری دووبارەکردنەوەشیان، منداڵان لە واتای وشە و رستە و مەبەست و ناوەڕۆکی ئەم سروودانە تێگەیشتن.. ئەم سروودانە بوونە بە بەشێکی نەمر لە کولتووری رەسەنی کوردیمان.. بوونە بە هەوێنی جۆشدانی هەستی کوردایەتی و کوردستان پەروەریمان.. بوون بە هاندەر و پاڵنەرمان، بۆ تێکۆشان و بەرگری و گیانبەخشین لە پێناوی رزگاری کوردستانی نیشمانی شیرینمان.

ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، داگیرکەرانی رەگەزپەرستی کوردستان، خۆشیان بەم سرووده کوردییانەمان نایەت و، بە بیستنی گرژ و قەرس دەبوون و دەبن.. چەندین مێرمنداڵ و گەنجی کوردمان لەسەر چڕینی ئەم سروودانە لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی داگیرکەرانی کوردستانەوە، تاوانبارکران و گیران و ئازار و ئەشکەنجە دران.. تا ئەمڕۆش داگیرکەرانی کوردستان، بە زەبروزەنگ و تۆبزی هەوڵدەدەن لە قوتابخانەکانیاندا، کولتوور و سروود گەلێکی خۆیان فێری منداڵانی کوردمان بکەن، هەوڵدەدەن کە بە زۆرداری بە کولتوور و ئایدۆلۆژیایەکی بۆگەن و نامۆ گۆش و پەروەردەیان بکەن، کە زۆر دوورن لە خواست و هەست و نەستی منداڵانی کوردمانەوە و.. بە هیچ کلۆجێک ناتوانن ئەو کولتوور و ئایدیییانە هەرس بکەن.. مەبەستی گڵاوی داگیرکەران ئەوەیە کە منداڵانی کوردمان لەڕێ دەربکەن و، هەستی کوردایەتی لە دڵیاندا دەربکەن و، دڵسۆزی و پەرۆش و سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستە بوونیان بۆ کوردستانی خۆشەویستمان کاڵبکەنەوە.. بەڵکو داگیرکەران ە سووکایەتیش بە بەها پیرۆزەکانمان دەکەن و، هەوڵی گڵاویان سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمانە.

بەڵام هەوڵەکانیان شکستی هێنا و دەهێنێت.. چونکە ئەوە ئەستەمە کە بتوانن هەستی کوردایەتی و سۆز و خۆشەویستی کوردستان لە دڵی منداڵانی کوردمان دەربکەن.

سروودە کوردییەکانمان بۆ منداڵان، ئەو هۆنراوانەن کە بەرگێکی کوردستانیان بە بەردا کراون و گوزارشت لە خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان دەکەن، تێکۆشان و قوربانیدان لە پێناوی ئازادی و رزگاری کوردستان و

ئاشتیدا بەرز و پیرۆز رادەگرن و، جەختیش لەسەر کوردایەتی و دڵسۆزی و برایەتی و یەکێتی و تەبایی و یەکتری قبووڵکردن و... هتد، دەکەنەوە.. ئەم سروودانە ئەم هەستە جوانانە و، ئەم بەها و پرەنسیپە نیشتمانییانە لە هۆش و دڵی کوردیلەکانماندا دەڕوێنن و و رایان دەهێن.. ئەم سروودانە بوونەتە کولتووری قوتابخانەکان، منداڵان لە قوتابخانەکاندا فێری ئەم سروودانە دەبن و، رۆژانەش لە کاتی ریزبوون لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا پێکەوە دەیانڵێننەوە.

سروودی منداڵان ئەو هۆنراوە جوانانەن، کە لە رووی رووخسار و فۆرمەوە، بە شێوازێکی ئاسان و سووک و رەوان داڕێژراون .. وشە و رستەکانیان ئاسانن و واتاکانیان روونن و بێ گرێ و گۆڵن لە ئاستی زمانی منداڵاندان، ترپە و سەرواکانیان ئاوازدارن، کێشدارن و، بە زۆری لەسەر کێشی خۆماڵی سووک دانراون.. ئاوازدانەرانیش دەتوانن بە ئاسانی ئاوازیان بۆ دابنێن.. منداڵان دەتوانن بە ئاسانی لەبەریان بکەن و، بە ئاوازەوە بە تاک یا بە کۆمەڵ بە دەنگ و جووڵەوە بیان چڕن.. لە رووی بابەت و ناوەڕۆکیشەوە، سرووده کوردییەکانمان بۆ منداڵان، جەخت لەسەر زاخاودانی هۆش و دڵ و دەروونی کوردیلەکانمان دەکەن و، بە هەستی کوردایەتی و بە کوردستان پەروەری و بە تێکۆشان و قوربانیدان لە پێناوی ئازادی و رزگاری کوردستان رایان دەهێنن.. ئەو بەها و پرەنسیپە بەرزانە لە هۆش و دڵ و دەروونی منداڵانی نەوەی داهاتووماندا دەڕوێنن.

سروودی ئاوازدار گرنگترین هونەرە کە منداڵان لە قۆناغێکی زووی تەمەنیاندا دەتوانن فێری ببن، یارمەتیدەرێکی باشیشە بۆ ئەوەی کە بە خێرایی ئەو هۆنراوانە لەبەربکەن و لەیادیان نەچێتەوە.. لەگەڵ چڕینی سروود دا، بەشێک لە ئەندامانی لەشی منداڵانیش دەکەوێتە جووڵە و خرۆش، وەکو: سەرلەقاندن، چەپڵەلێدان، ئاماژەکردنی گوزارشتی بە دەست و پەنجەکان، ئەم جووڵانانەش واتای وشەکان و مەبەستی سروودەکان ئاسانتر دەکەنەوە.

سروودی منداڵان، تەوەرێکی گرنگە لە تەوەرەکانی رۆشنبیری منداڵان و، لقێکی گرنگیشە لە لقەکانی هۆنراوە بۆ منداڵان .. رۆڵێکی کاریگەریشی لە گۆشکردن و پەروەردەکردنێکی دروست و، لە رواندنی بەها بەرز و پیرۆزە نیشتمانییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و رەوشتییەکان لە هۆش و دڵ و دەروونی کوردیلە چاوگەشەکانماندا هەیە.

سرووده نیشتمانییەکانمان، شێوازێکی ئاسان و گرنگە لە شیوازەکانی فێرکردن، لە میانەی ئەم سروودانەوە دەتوانرێت بە ئاسانی مەبەست و ئامانجە نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و زانیارییەکان بە منداڵان بگەیەنرێن.. شایانی

باسیشە منداڵان هەر بە خۆڕسکی ئارەزووی ئاواز و ترپەیان هەیە.

هەر لە کۆنەوە درک بە گرنگی سروود کراوە و، کراوە بە وانەیەک لە وانەکانی خوێندن.. سروود شێوازێکی بەرنامەڕێژی گرتەبەر کاتێ کە خرایە ریزی بابەتەکانی کتێبەکانی خوێندنەوە بۆ پۆلەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان.. بۆ هێنانەدی ئامانجە پەروەردەیی و نیشتمانییە خوازراوەکان.

مامۆستای سروودبێژ و سروودفێرکەری زیرەک و هۆزان و بە توانا، دەتوانێت بەهرە و ئارەزووی خۆرسکی منداڵان (قوتابییەکانی) بقۆزێتەوە و، بە ئاراستەی هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکان و زمانەوانی و رۆشنبیری کومەڵایەتیەکان رایان بهێنێ و، ئەو بەها و پرەنسیپانە لە دڵیاندا بڕوێنێ.

پێویستە ئەوەش بزانین کە جیاوازی لەنێوان سروود و گۆرانیدا هەیە.. سەرەڕای بوونی چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا.

گرنگترین جۆرەکانی سروودی منداڵان ئەمانەن: سروودی نیشتمانی، سروودی کۆمەڵایەتی، سروودی خۆشی، سروودی پیاهەڵدان بەسەر جوانی سروشت، سروودی جووڵەیی، سروودی ئاینی.. لە ئەمرۆشدا، چەندین سروودی شۆڕشگێڕی بە سەر پێشمەرگە قارەمانە گیانبەخشەکانمان و، بەسەر شەهیدە نەمرەکانمان هەڵدراون.. کە بوونەتە وێردی سەر زاری گەورەکان و منداڵان.. پێشمەرگە و شەهیدانمان، شایانی ئەوەن کە جوانترین سروودیان پیاهەڵدەین.. لە جێی خۆیدایە کە ئەم سروودانە بە (سروودی پێشمەرگە و شەهیدان) یا (سروودی شۆڕشگێری) ناوزەند بکەین و، لە ریزی پێشەوەی ریزبەندی جۆرەکانی سرووردی منداڵانیش دایان بنێن.

### گرنگترین سوود و ئامانجەکانی سروودی منداڵان:

١- گەشەکردنی حەزی سروود و ئاواز و چێژی ئەدەبی لەلای منداڵان و، درکردن بە مەبەستەکانیان.

٢- سرووده نیشتمانییەکانمان هەستی کوردایەتی و کوردستان پەروەری لە دڵی منداڵانمان دەڕوێنن.

٣- سروود یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردن و راهێنانی کۆئەندامە دەنگییەکانی منداڵان.

٤- سروود بوارێکە بۆ ئەوەی منداڵان خۆیان دەربخەن و، گوزارشت لە توانا و بەهرەکانیان بکەن.

٥- سروود هاوکاری منداڵان دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە نێرگزی و خۆپەرستی و گۆشەگیری.
٦- سروود یارمەتی و هانی ئەو منداڵانە دەدەن کە سەر زمان دەگرن.. بۆ ئەوەی بەبێ ترس و شەرم و دڵەڕاوکی بەشداری لە تیپی و کورسی سروودی قوتابخانەکەیان بکەن.
٧- سروود باشترین بوارە بۆ شەرمشکاندنی ئەو منداڵانی شەرم دەکەن.. بەبەشداریکردنیان لە وتنی سروود لەگەڵ منداڵانی تردا، بەرەبەرە شەرمیان دەشکێت و بە کۆمەڵایەتی دەبن.
٨- سروود، منداڵان بە چەندین وشە و رستەی تازە ئاشنا دەکا.. زمان پاراوتر و رەوانتر دەبن و .. ئاسۆی ئەندێشە و بیرکردنەوەیان فراونتر دەبن و، دەتوانن باشتر وجوانتریش گوزارشت بکەن.
٩- سروود، یارمەتی منداڵان دەدات، بۆ ئەوەی بڕوا و متمانەیکی زیاتریان بە خۆیان هەبێ و، بە ئەوپەڕی ئازایەتیەوە رووبەڕووی ژیان و، هەموو ئەو کێشە و تەگەرانە ببنەوە کە دێنە رێیان.
١٠- سروودەکان ، خۆشی و شادی و گەشی و گەشبینی بە منداڵان دەبەخشن .. یارمەتیدەریشن بۆ ئەوەی منداڵان بەسەر گەلێ کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا زاڵبن.

## لە شاعیرە سروود نووسەکانی کوردمان بۆ منداڵان:

بەشێکی زۆری شاعیرانی کوردمان، بواری سروودی منداڵانیان فەرامۆش نەکردوون، کەم یا زۆر سروودیان نووسیوە، هەندێکیان بە تایبەتی لە سایەی هۆنراوە و نووسینەکانیان بۆ منداڵان، ناو و ناوبانگیان دەرکردوون و ناسراون، لەوانەش: (*زێوەر، فایق بێکەس، پیرەمێرد، میر جەلادەت بەدرخان، دڵدار، گۆران، عەبدولواحید نوری، شەوکەت هۆشیار، محەمەد رەسول هاوار، ئەحمەد دڵزار، بەختیار زێوەر، محەمەد ساڵح دیلان، ا.ب. هەوری، مەدحەت بێخەو، کەریم شارەزا، عەلی عەبدوڵڵا شەدونم، فەرەیدون عەلی ئەمین، کاکەی فەلاح، کامەران موکری، دایکی سۆلاڤ، سەبری بۆتانی، عوسمان هەورامی، روستەم باجەلان) تا دەگاتە (لەتیف هەڵمەت، کازم کۆیی، محەمەد داریاس، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، موئەید تەیب، جگەرسۆز پیندرۆیی، عەبدولڕەحمان فەهیمی، محەمەد بەرزی) و.. چەندین شاعیری کەشمان کە هۆنراوەی نیشتمانییان بۆ منداڵان نووسیون.*

سروودی کوردی بۆ منداڵان، بە شێوەیەکی فەرمی، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوودا، لە باشووری کوردستان دا سەری هەڵدا.. لەسەر دەستی شاعیری نیشتمان پەروەری ناسراومان مامۆستا (عەبدوڵڵا زێوەر : ١٨٧٥ـ ١٩٤٨ ) دەستی پێکرد.. زێوەر کە ماوستای قوتابخانە بوو، شەش سروودی بۆ منداڵان نووسی، یەکەمین سروودی (وتەنی

من کوردستانە..) دووەمین سروودیشی (ئەی کوردینە.. ئەی مەردینە..) کە دوو سروودی نیشتمانی زۆر بەرزن.

سروودی فەرمی نیشتمانی کوردستان، سروودی (ئەی رەقیب) ە، کە لە ساڵی ( ١٩٤٠) دا، شاعیری نیشتمان پەروەرمان ( یونس دلدار: ١٩١٨ - ١٩٤٨) داینا.. بۆ یەکەمین جاریش لە بەرواری (١٧ - ١٢ - ١٩٤٥) دا، لە کاتی بۆ یەکەمین جار هەڵکردنی (ئالای کوردستان) لە شاری مەهاباد، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئالاکەماندا، سروودی (ئەی رەقیب) بە ئاوازەوە پێشکەش کرا.

لەو رۆژەوە (ئەی رەقیب) بوو بە سروودی نەتەوایەتیمان (سروودی مارسیلزمی) کوردی.. کە لە بەرواری (٢٢ - ١ - ١٩٤٦) دا، لە لایەن (سەرۆک کۆماری کوردستان) پێشەوای نەمرمان (قازی محەمەد) لە گۆڕەپانی (چوارچرا) لە (مەهاباد) دا، (کۆماری کوردستان) راگەیاندرا، دووبارە لەم رۆژە مێژووییەدا لەگەڵ هەڵکردنی ئالای کوردستان دا لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەکانی شاری مەهابادەوە، بە دەنگێکی زوڵاڵ سروودی (ئەی رەقیب) پێشکەش کرا.. لە ئەمڕۆشدا سروودی (ئەی رەقیب)، سروودی فەرمی هەرێمی کوردستانە.. لە بۆنە هەموو نیشتمانییەکان و، لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستان دا لە کاتی ریزبوونی لە گۆڕەپانەکانی قوتابخانەکاندا، پێش دەستپێکردنی خوێندن، وەکو نەریتێکی رەسەن قوتابیان پێکەوە و بە دەنگ و ئاوازاوە سروودی ئەی رەقیب دەڵێنەوە و هۆنراوەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیش پێشکەش دەکەن.. هەروەها لە پێش دەستپێکردنی یارییە وەرزشییەکان، لە گۆڕەپانەکانی یارییەکاندا، یاریزانانەکانمان بە ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستی و شانازییەوە، پێکەوە (سروودی رەقیب) دەڵێنەوە.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## هۆكارەكانی خەونە ناخۆشەكانی منداڵان.



زۆر جاردایک و باوک، بە تایبەتیش دایک دەبینێ كە كۆرپە خۆشەویستەكەی بەدەم خەوەوە زەردەخەنەیەكی گەورە دەكات یا پێدەكەنێ.. لە كوردەواری و لە لای گەلانی تریشدا، هەر وا باوە، كە دەڵێن: "كۆرپەكەم بەدەم مەلائیكەوە پێدەكەنێ "یا دەڵێن: "مەلائیكەكانن ختووكەی كۆرپەكەم دەدەن و یاری لەگەڵدا دەكەن" رەنگە ئەم قسەیە زیاتر گوزارشت بێ لە بێتاوانی و لە پاكی منداڵان.

بێگومان گەورە و بچووک خەودەبینن.. تەنانەت بەشێكی زۆریش لە شاعیران و لە نووسەرانی ناسراوی جیهانی، بۆ گوزارشت كردن لە ناخیان پەنایان بۆ خەون بردووە.. وەكو دەزانین كە یەكەمین چیرۆكی نووسراوی كوردی لە نووسینی (جەمیل سائیب) بە ناوی (لە خەوما) یە، كە لە ساڵی (١٩٢٥) دا نووسیویتی.. یەكێكیش لە شاكارە شانۆگەرییەكانی (ولیام شەكسپیر) لە ژێر ناوی (خەونی نیوەشەوێكی هاوین)ە.

### خەون چییە؟

تا ئەمڕۆش را و لێكدانەوە و شرۆڤەكانی زانا دەروونییەكان دەربارەی سروشت و هۆكارەكان و شێوەكان و راستییەكانی خەونەكانی منداڵان هاوڕانین و بۆچوونی جیاوازیان هەیە.. تا ئێستا پێوەر و پێناسەیەكی جێگیر بۆ خەونەكانی منداڵان نییە.. بەڵام زاناكان لە هەندێ خاڵ و بۆچووندا، لێكەوە نزیک یا یەكدەگرنەوە.. زانایانی پەروەردە، سەرەڕای ئەوەی كە پێیان وایە كە خەوبینین (خەون) لە ئەنجامی هەڵوێستە خۆش و ناخۆشەكاندا كە دووچاری منداڵ دەبن.. كەچی هەر ئەم زانایانە لە بەردەم پرسیارگەلێكدا راماو و داماون.. بۆ وەڵامدانەوەی راستی خەونەكانی ئەو منداڵانەی كە تەمەنیان لە سێ مانگ كەمترن.. كە لە تەمەنێكدا هێشتا بە باشی هەست بە

دەوروبەری خۆیان ناکەن.. ئەم منداڵانە بۆ خەون دەبینن ؟ ئاخۆ دەبێ خەو بە چییەوە ببینن؟ دەبێ لە خەونەکانیاندا چ رازێک هەبن؟ ئەی چۆن ئەو زەردەخەنەیەی منداڵێکی تەمەن چەند رۆژی کە لە شیرینی خەودا دەیکات لێکیبدەنەوە..؟

*دکتۆر (جودی مەنل) دەڵێ: "مادام هێشتا منداڵ زمانی نەگرتووە، خەونەکانیان خەیاڵی بێ گفتوگۆن".*

زۆر جار ئەم قسەیەمان لە دەمی دایکان و باوکانی کوردمان گوێ لێبووە کە دەڵێن: "منداڵ بە رۆژ چی بێتەرێی .. بۆ شەوەکەی ئەو رۆژە ئەو بەسەرهاتانە دێنەرێی..".

لە ئەمڕۆدا زانایانی دەروونناسی بە تەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دایکان و باوکانی کوردان.. ئەمانیش پێیان وایە کە منداڵ بە رۆژ چی ببینێ بۆ شەوەکەی دێنە خەونی.. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ئارەزووەکانی منداڵ زۆری لێدەکەن کە ئەو زیندەخەونانەی بە راستی لە رۆژدا بۆی نەهاتنەدی.. لە خەونەکانیدا بیان هێنێتەدی .. یا دەشێ لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا شکستی هێنابێ، دەیەوێ لە خەونەکانیاندا بە سەریاندا زاڵبێ و چارەسەریان بۆ دابنێ.. یا دەشێ لە لایەن خێزانەکەیەوە، یا لە لایەن مامۆستاکەیەوە، یا هەر کەسێکی ترەوە، لۆمە و رسوا و رووشکێن و دڵشکێن کرابێ، یا هەڕەشەیان لێکردووبێ و نەیتوانیوە بەرگری لە خۆی بکات.. خەون بەوەوە دەبینێ کە لە خەونەکەیدا، لەوان بەهێزترە و، تۆڵەی رسواکردنەکەی لەو کەسانە دەکاتەوە.. یا خەون بە بابەتێکی یارییەوە دەبینێ، بە پاسکیلێک، بە بووکەڵەیەک، بە تۆپێکی قنج، بە جلوبەرگێکی جوان، بە سەیران و گەڕان، بە چوون بۆ شاری یاری(چاڤی لاند)، بە شایی و هەڵپەڕکێوە،... هتد.. یا خەون بە یارمەتیدانی کەسێکی داماوەوە دەبینێ، بەزەیی بە زۆرلێکراوێکدا دێتەوە، دەستی یارمەتی بۆ گەدایەک درێژ دەکات...هتد.

یا چیرۆکێکی خوێندۆتەوە یا گوێ لێبووە، سەرسامی پاڵەوانی چیرۆکەکە بووە و، لە خەونیدا واهەست دەکات کە بە راستی بووە بە ئەو پاڵەوانە سەرکێشییەی چیرۆکەکە یا داستانەکە.. ئەمانە و بە دەیان خەونی بێسنووری تری منداڵان.

زانایانی دەروونناسی جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە.. کە خەونی منداڵان هەمیشە پەنجەرەیەکە بۆ جیهانی دەروونیان.. دەتوانن لە میانەی خەونەکانیانەوە، ئەوە بزانن کە چی لە هۆشی ناوەوەی منداڵاندا هەیە.. یا لە

ژیانیاندا گرفتاری چی بوونە.

شارەزایانی خەونەکانی منداڵان، ئامۆژگاری دایکان و باوکان دەکەن، کە خەونەکانی منداڵەکانیان پشتگوێ نەخەن و، بە شتی پڕوپوچ و هەلەق و مەلەق و بێ مانا ناویان نەبەن.. چونکە ئەو خەونانە ئاوێنەن بۆ زانینی هەستە جیاوازەکانی منداڵەکانیان.. تا تووشی خەمۆکی نەبن.. خەمۆکیش نەخۆشییەکی بڵاوی نێو منداڵانە.. منداڵانیش وەکو گەورەکان دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن و، هەست بە ئازارەکان دەکەن.

## جۆرەکانی خەونەکانی منداڵان:

١- *خەونی سادە و راسەوخۆ:* وەکو ئەوەی کە منداڵ خەون بە بوونی شتێکی جوانەوە ببینێ، بە ملوانکەیەکی جوان، بابەتێکی یاری،... هتد. دەکرێ ئەم خەوانە بهێنرێنەدی.

٢- *خەونی ترسناک:* وەک ئەوی کە منداڵ لە خەونیدا، ئاژەڵێکی دڕندە پەلاماری دەدا.. یا وا هەست دەکات کە دایک و باوکی لێی دابڕاون و، بە بێکەسی ماوەتەوە.. یا شەڕانگێزێکی چەقاوەسوو شەڕی لەگەڵ دەکا.. یا دایکی ترساندووبی و پێی وتووبێت ئەگەر نە خەوي بانگی: گورگ، کەمتیار، سەگ، دێودرنج، چەقەڵ، شومقار،... هتد بۆ دەکەم، کە بێن حەپەلۆشت بکەن. ئەم ترساندن و هەڕەشانە دێنە خەونەکانی و وا هەست دەکات کە بە راستی پەلاماری دەدەن و توانای بەرگریکردنی نییە.. بەدەم زیڕان و گریانەوە لە خەو رادەپەڕێ و هەڵدەسێ.. پێویستە دایک ئاگای لەم خەونانە بێ و، هەوڵی هێورکردنەوەی منداڵەکەی بدا و دەست بە سەریدا بێنێ و سۆز و خۆشەویستی پێببەخشێ و.. دڵنیای بکاتەوە و پێی بڵێ ئەی ئەوە نییە من لێرەم.. لە راستیشدا ئەم جۆرە خەونانە تا رادەیەک ترسناکن، چونکە گوزارشت لە دۆخێکی خراپی منداڵ دەکەن کە پێیدا تێدەپەڕێ.. رەنگە کاردانەوەیەکی خراپیشیان لەسەر ئایندەی منداڵ هەبێت، یا لەوانەیە تووشی نەخۆشی دەروونی بکەن.. زۆر لەو نەخۆشییە دەروونییانەی کە تووشی گەورەکان بوونە، دەگەڕێنەوە بۆ ترس و تۆقین و ئەو بەسەرهاتە ترسناکانەی کە لە قۆناغی منداڵییاندا دووچاری بوونە.. کەواتە دایک و باوک رۆڵێکی نەرێنییان لە ترساندنی منداڵەکانیاندا هەیە.

زۆر جاریش منداڵان لە میانەی هێزی هۆشیانەوە، خەونی خەیاڵی خۆش و باش بە داهێنانەوە دەبینن..

تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو ئەنجام دەدەن.. یا پیاوەتی و چاکە دەکەن.. بەزەییان بە کەسانی بێدەرتان دێتەوە و، یارمەتی داماوان دەدەن.. یا بیر لە ئازایەتی و قارەمانێتی دەکەنەوە و بەرگری لە زۆرلێکراو دەکەن.. یا دەبن بە لە خەونەکانیاندا دەبن پێشمەرگە و پارێزگاری لە کوردستان دەکەن.. ئەم خەونانە زۆر بەسوودن و ئەرێنین.. گوزارشتن لە خۆشنوودی و لە دڵنیایی و ئاسوودەیی و متمانە بەخۆبوونی منداڵان.. لەوانەشە خەونەکان بوون بە ئیلهام و بنەما بۆ بەرجەسەکردن.

پێویستە لەگەڵ منداڵاندا باسی خەوبینین بکرێت.. تا ببێتە بابەتێکی ئاسایی و خەیاڵیان بۆ دوور نەچێت.. کە منداڵێک خەون دەبینێ و دەیگێڕێتەوە، تەنانەت گەر خەونەکەی مایەی پێکەنینیش بێ، یا ترسناکیش بێت.. هەرگیز نابێت گاڵتەی پێبکەن.. چونکە هەستکردنی منداڵ بە دڵنیایی و ئاسوودەیی و ڕێزگرتن، لە نێوان خێزانەکەی لە ماڵەوەدا زامنن بۆ ئەوەی پەنا بۆ جیهانی منداڵی پاک و خۆشبڕوایی بەرێت.

**خەونەکانی منداڵان بە پێی تەمەنیان:**

منداڵ تا گەورەبێت، خەونەکانیشی دەگۆڕێن.. بە هۆی زیاتر شارەزایی و هەستکردنی و پێگەیشتنی سۆزداری و زیاتر تێگەیشتن و چاوکراوەیی.. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە خەونەکانیشی قووڵتر و ئاڵۆزتربن.

١- ***خەونەکانی منداڵان لە تەمەنی دوو بۆ پێنج ساڵان:*** لەم تەمەنەدا ئاژەڵە ماڵی و کێوی و دڕندەکان کاریگەرییەکی زۆریان لە خەونەکانی منداڵاندا هەیە.. ئەم خەونانەش دڵخۆشکەرنین.. منداڵان دووچاری ناخۆشی و دڵتەنگی دەکەن.. چونکە ئاژەڵ بە لای منداڵانی ئەم تەمەنەوە هۆی ئازاردانی مرۆڤن.. بۆیە خۆشیان ناوێن.. یان لەوانەیە کەسانێک ئازاریان دابن، یا هەڕەشەیان لێکردوون، ئەو کەسانە لە شێوەی ئاژەڵێکی دڕندەدا دێنە خەونیان.. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی باشیان لەگەڵ ئەم کەسانەدا نەبێت.

٢- ***خەونەکانی منداڵان لە تەمەنی پێنج ساڵیدا:*** خەونەکانی منداڵان لەم تەمەنەدا، پەیوەندییان بە خودی کەسێتی خۆیانەوە هەیە، لە خەونەکانیاندا خۆیان بە تەوەر و بە پاڵەوان و کاراکتەری خەونەکانیان دەزانن.. لە خەیاڵیاندا بە گەلێ شێوە خۆیان دێتە بەرچاو، خۆزگەی ئەوە دەخوازن کە بەو شێوەیە بن.. منداڵان لەم تەمەنەدا هەست بە دەوروبەریان دەکەن و بەو شتانەش کە پەیوەستن بە کەسایەتییانەوە.. دەشێ خەون بە چەند

تاقیکردنەوەیەکەوە ببینن.. هەر بە تاقیکردنەوەش لەو کەسانە بگەن و بناسن کە کاریگەریان لە سەریان هەیە.

*٣- خەونەکانی منداڵان لە دوای تەمەنی پێنج ساڵییەوە:* لەم قۆناغەدا منداڵان بە زۆری پەیوەندییان بە ژینگەی دەوروبەری خۆیانەوە هەیە.. خۆیان تەوەری خەونەکانیان نین.. لەوانەیە وەک بینەر دەرکەون و، بەشداریکردنیان نەبێت.. جیاوازی ئەم قۆناغەش لەوەدایە، کە خەونەکانیان بزوێنەر نین.. بە زۆری لەو دیمەنانە دەڕوانن کە تایبەتن بە ژینگەکەیانەوە.. زۆربەی خەونەکانیشیان ترسناکن، دەربارەی ئەو شتانەن کە لە دەمی گەورەکانەوە دەیان بیستن، کە هەندێکیان بوونیشیان نییە و منداڵان بە چاوی خۆیان نەیان بینیون، لە شێوەی دڕندەی ئازاردەردا، لە خەیاڵیاندا بەرجەستە دەبن و، لێیان دەترسن: وەکو دێوودرنج، جنۆکە، شومقار، ئەژدیها، دز، و کەسانی چەقاوەسوو. یان ئاژەڵی ئازاردەری وەکو: گورگ، کەمتیار، ورچ، سەگ، پشیلەی بەرەڵا،.. هتد. کە دێنە خەونیان و پەلاماریان دەدەن.. دووچاری ترس و ناخۆشی و خەیاڵ ئاڵۆزییان دەکەن.. لە باخچەی ساوایانی وڵاتانی رۆژئاوا هەر لە منداڵییەوە.. منداڵان لە ئاژەڵەکان نزیک دەکەنەوە و دەیان چەند جارێک دەیان بەن بۆ باخچەی ئاژەڵان بۆ ئەوەی هەر لە منداڵییەوە ترسیان لەم ئاژەڵانە نەبێت.. بگرە من بە چاوی خۆم بینیم دادەکانیان سەگ و پشیلەیان دەبردە پۆلەوە و، یەک بەیەکی منداڵەکان دەستیان بە پشتی سەگەکە و، پشیلەکە دەهێنا و، بناغەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەدا دادەنا.. نە سەگ بە منداڵان دەوەڕێن و.. نە منداڵانیش بەردیان تێدەگرن.

*٤- خەونەکانی منداڵان لە تەمەنی هەشت بۆ دە ساڵان:* جیاوازی ئەم قۆناغە لەگەڵ قۆناغەکانی تردا، خەونەکانی منداڵان بریتین لە مۆتەکە (کابوس: وشەی کابوس کە عەرەب بەکاری دەهێنن لە وشە رەسەنە یۆنانییەکەوە وەرگیراوە) ترسەخەونێکن زیاتر لەوەی کە خەونی ئاسایی بن، منداڵان لە خەونەکانیاندا، وا هەست دەکەن کە لە لایەن کەسانێکی ئازاردەر، یا ئاژەڵێکی دڕندەوە راودەنرێن و.. دەیانەوێت لێیان دەربازبن.. توانای راکردن و دەربازبوونیشیان نییە.. یا هەست بە نائومێدی و شکستی دەکەن.. هەموو ئەمانە مۆتەکە و ئازاردەرن.. بە زۆریش لە دوای پێنج کاتژمێری یەکەمی نووستندا، مۆتەکەی ناخۆش دێنە خەونیان.. بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی کە لەسەر لا دەخەون، ئەگەرچی نووستن لەسەر لا، باشترین شێوەی نووستنە.

*٥- خەونەکانی منداڵان لە دوای تەمەنی دە ساڵان تا چواردە ساڵان:* خەونەکانی منداڵان لە دوای دە ساڵییەوە، بەوە زانراوە کە سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی خودی منداڵان دان، لە شتەکانی دەوروبەریانەوە دێن.. کاریگەرییان

لەسەر بیر و شارەزاییان هەیە.

## مۆتەکە چییە؟

ڕەنگە ئەمە بەسەری هەمووماندا هاتوویێت، کە چەند جارێک لە خەونەکانماندا، وا هەستمان کردووە کە شتێک یا تارماییەک خۆی بەسەر سنگماندا داوە و، ترساوین و توانای جووڵەکردنمان نەبووە.. تا خەبەرمان بۆتەوە .. ئەم ترسەش مۆتەکەیە.

مۆتەکە، خەونێکی ترسێنەر و ناخۆشە، لە کاتی نووستندا تووشی مرۆڤ دەبێت، بە زۆریش لە کۆتایی خەوتندا.. لە نیشانەکانی مۆتەکە، چاوەکان بە خێرایی دەبزوێن و، هەست بە ترس و بە دڵڕاوکێیەکی بەهێز دەکرێ. لە (٥٠ ./.)ی گەورەکان، زیاتریش ژنان دووچاری مۆتەکە دەبن.. پزیشکە دەروونییەکان پێیان وایە یەکێک لە هۆیەکانی مۆتەکە نانخواردنێکی زۆرە لە پێش نووستندا.. مۆتەکە پێویستی بە چارەسەر نییە.

مۆتەکەش لە خەونەکانی منداڵاندا بڵاوە.. تا باڵق و گەورەتربن کەمتر دەبێتەوە.. مۆتەکەی منداڵان، کەمێک جیاوازی هەیە لەگەڵ مۆتەکەی گەورەکاندا، لە رووی هۆیەکان و ناوەڕۆک و رێگاکانی چارەسەرکردن و خۆپاراستن.

مۆتەکە لە لای منداڵان، خەونێکی ترسناکە، کە منداڵان لە کاتی نووستندا دەیبینن، دەبێتە هۆی ترس و ناڕەحەتی و ناتوانن درێژە بە خەوەکانیان بدەن، لە خەو رادەپەڕن و هەڵدەستن.. تا هێور دەکرێنەوە و ترسەکەیان دەڕەوێتەوە.. پزیشکەکان دەڵێن لە چوار منداڵدا، منداڵێک لە هەفتەیەکدا جارێک یا زیاتر، بە شێوەیەک لە شێوەکان دووچاری خەونی ترسناک و بێزارکەری شەو دەبێت، بە زۆریش لە نێوان کاتژمێری چوار بۆ شەشی بەیانی .. منداڵ بەدەم هاوار و گریانەوە، یا بەبێ گریان، لە خەو رادەپەڕێ و، هەست بە ترس و بێ ئارامی دەکات.. زۆر جاریش ژوورەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت و، روو لە ژوورەکەی دایک و باوکی دەکات.. بۆ ئەوەی لە پاڵ ئەواندا هەست بە پاراستن و دڵنیایی و ئاسوودەیی بکات و، بەبێ ترس و بە دڵنیایی بنوێت.

ئەوەی لەم کاتەدا لەسەر دایک و باوک پێویستە و سوودی زۆری بۆ منداڵەکەیان هەیە ، ئەوەیە کە دەست بەسەر منداڵەکەیاندا بهێنن و، سۆزی خۆشەویستی پێببەخشن.. بە دڵنەرمی و شیرینی لەگەڵیدا بدوێن، نەک لێی توڕەبن

و بە ترسنۆک ناوی بەرن.

لەوانەیە منداڵەکەیان خەونەکەی بۆ دایک و باوکی بگێڕێتەوە.. بۆ ئەوەی ترسی خۆی پێشان بدات و، نەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ جێخەوەکەی خۆی.. بۆ ئەوەی دووبارە تووشی هەمان مۆتەکە و ترسەشەو نەبێت.

پێویستە دایکان و باوکان نە باسی مۆتەکە و، ئەو دەعبایانەی کە هاتوونەتە خەونی منداڵەکانیان نەکەن.. بەڵکو قسەی شیرین و خۆش و پێکەنینیان بۆ بکەن.. تا هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن و.. بگەڕێننەوە بۆ ژوورەکانی خۆیان هەندێ لە زانایانی دەروونی، مۆتەکەی منداڵان بەوە دەزانن، کە جۆرێکە لە(فۆبیا) واتە (نەخۆشی ترس) کە لە میانەی ئەم خەونانەوە دەردەکەون.. لەوانەیە فۆبیا لە ئاژەڵ و لە تاریکی و لە بەرزایی بێت.. کە منداڵان لە میانەی خەونە ناخۆشەکانیاندا، لە شەودا بیان بینن.

## هۆیەکانی ترسەشەو و مۆتەکەی منداڵان:

١- کەمی خۆشەویستی و سۆزداری و بایەخپێدان بە منداڵ.

٢- لۆمەکردن و شکاندنەوە و تەریقکردنەوەی منداڵ.. یا توڕەبوون و نەڕاندن بە سەریدا.. یا لێدانی بە دڵڕەقییەوە لە لایەن دایک و باوکی یا لە لایەن مامۆستاکەیەوە.

٣- ناکۆکی و دەمەقاڵێیە زۆرەکانی نێوان دایک و باوکی.

٤- ململانێی دەروونی منداڵ و، رکەبەرایەتی لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

٥ تووشبوونی منداڵ بە هەندێ نەخۆشی، وەکو: تا و، هەرسکردنی بەزەحمەت.

٦- کارتێکردنی منداڵ بە بینینی فیلمی کارتۆنی توندوتیژ، لە تەلەفزیۆنەکاندا.. یا بینینی ئەو دراما و فیلمانەی توندوتیژی و شەڕ و کوشتن و بڕینیان تێدان.

٧- ترساندنی منداڵ بە شتی ترسناک یا ئاژەڵی دڕندە، وەکو: گورگ، کەمتیار،... هتد.

### *چەند هەنگاوێک بۆ چارەسەری ترسەشەو و مۆتەکەی منداڵان:*

١- پێویستە هەمیشە چاودێری منداڵەکانتان بکەن.. تا بزانن لە چی دەترسن.

٢- دوورخستنەوەی منداڵەکانتان لە سەیرکردنی فیلمی کارتۆن ترسناک و لەو فیلم و درامایانەی، کە توندوتیژی و شەڕ و ئاژاوە و کوشتن و بڕینیان تێدایە.

٣- وا لە منداڵەکانتان بکەن کە لە دڵەڕاوکی و شڵەژان و مشتومڕ دوور بکەونەوە.

٤- لۆمە و رووشکێنی منداڵەکانتان مەکەن و، لێیان مەدەن بە تایبەتیش پێش نووستن.

٥- لە نزیکەوە بە نەرم و نیانی گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانتاندا بکەن.. بۆ ئەوەی وایان لێبکەن کە باسی ئەوەتان بۆ بکەن کە رۆژانە لە چی ترساون و دەترسن.

٦- بەر لە نووستن بە شێوازێکێ خۆش چیرۆکی خۆشیان بۆ بگێڕنەوە، یا بخوێننەوە.

٧- هەڕەشە لە منداڵەکانتان مەکەن و.. بە ناوهێنانی ئاژەڵی دڕندە و دەعبا و شتی ترسناک مەیان ترسێنن.

٨- لە ژووری نووستنی منداڵەکانتاندا.. رووناکییەکی کز هەڵبکەن.

٩- زانایان بە باشیان زانیوە.. کە منداڵان بەر لە نووستن چەند چالاکییەکی هێمنانە ئەنجام بدەن و.. دووشێک بکەن.

١٠- ترسی منداڵەکانتان مەشارنەوە و پێیان مەڵێن: "ئەمان خەونن و هیچی تر نین" بەڵکو پێیان بڵێن: "ئێمە دەزانین مۆتەکە واتان لێدەکات کە هەست بە ترس بکەن.. بەڵام لە راستیدا ئەمە روونادات.. بەڵگەش ئەوەیە لە خۆتان بڕوانن.. تووشی هیچ ئازار و شتێک نەبوونە.. ئێمەش وەکو ئێوە منداڵ بووین و مۆتەکە دەهاتە خەونمان .. ئەوەتاین ئێمەش هیچمان لێنەهاتووە" بەم قسانە دڵنیایی بە منداڵەکانتان دەبەخشن.

١١- هەندێ جار مۆتەکە رەنگدانەوەی ترس و ململانییەکانی ژیانن.. لە منداڵەکانتان بگەڕێن با چییان لە خەونەکانیاندا بینیون بۆتانی بگێڕنەوە.. ئەمە واتان لێدەکات کە چیبکەن و، چۆن یارمەتی منداڵەکانتان بدەن و، بیر لە چارەسەرکردنیان بکەنەوە.. بۆ ئەوەی بەسەر ئەم ترسەشەو و مۆتەکانەدا زاڵبن.

١٢- کە منداڵەکانتان لە خەونەکانیاندا لە ترسان خەبەریان دەبێتەوە.. بە زۆر مەیان خەوێنن.. بۆ ماوەیەک لەگەڵیاندا بمێننەوە و بە زمانێکی شیرین و نەرم و نیان قسەی خۆشیان بۆ بکەن.. تا هەست بە دڵنیایی و ئارامی و ئاسوودەیی بکەن.

١٣- کە منداڵەکانتان دەترسن.. مەیان بەن بۆ ئەوەی لە لای خۆتان بیان خەوێنن.. ئەمە وایان لێدەکات، وا بزانن کە جێی خەوەکانیان ترسناکە.

١٤- کە منداڵەکانتان دووچاری ترسەشەو و مۆتەکە دەبن.. ژوورەکانیان رووناک مەکەنەوە.. چونکە ئەمە وایان لێدەکات کە لە تاریکی بترسن.. با ئەو رووناکییە گزە لە ژوورەکانیاندا وەکو خۆیان بمێننەوە.

١٥- کە منداڵەکانتان لە ترسان خەبەریان بۆوە، خواردنیان پێمەدەن.. بۆ ئەوەی ئێوە تێربن و زووتر بگەڕێنەوە

بۆ ژوورەکانیان.. ئەگینا منداڵەکانتان لەسەری رادێن و، هەموو شەوێک هەست بە برسێتی دەکەن.. بەڵام قەیناکە کەمێک ئاویان بدەنێ.

١٦- گەر منداڵەکانتان چەندین جار دووچاری ترسەشەو و مۆتەکە بوون.. پشتگوێیان مەخەن، پێویستە بیان بەن بۆ لای پزیشکی پسپۆری دەروونی.. بۆ ئەوەی چارەسەری پێویستان بۆ دەستنیشان بکات و، کۆنترۆڵی ترسەکانی منداڵەکانتان بکەن. لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر (دیتەر ۆوک) دەڵێ: "مۆتەکە و ترسەشەو لە ناو منداڵاندا بڵاوە.. بەڵام دووبارەبوونەوەی لە قۆناغی منداڵیدا، ئاگادارییەکە بۆ شتێکی زیاتر ترسناک"

١٧- لە بیریشتان نەچێت، کە منداڵەکانتان دەچن بۆ نووستن.. بە روویەکی گەشەوە ماچیان بکەن و.. شەو شادیان لێبکەن و.. هیوای خەوێکی خۆشیان بۆ بخوازن.

١٨- هەردەمییش ئەوە دەوترێت: "خۆپاراستن.. باشترە لە چارەسەرکردن".

## ترس دەرکردن لە کۆندا لە ناو کوردەواریدا:

لە کۆندا لە کوردەواریدا، رەنگە لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا، بە شێوەیەک لە شێوەکان دایکان ترسی منداڵەکانیان دەردەکردن: من دوو نموونەی ترس دەرکردنی کوردەواریتان بۆ دەگێڕمەوە.. کە بە منداڵی بە چاوی خۆم بینیومن.. منداڵ بووم ماڵمان لە دێی "گۆگجە" لە ناوچەی "شوان" ی سەر بە کەرکوک بوو.. لە دایکانی دێیەکەمان.. چەند جارێک بینیم بەم دوو شێوەیە، دایک ترسی منداڵەکەی دەردەکرد:

١- *توانەوەی قورقۆشم:* جاران قورقۆشمی (رەساس)ی خڕ هەبوو کە بە قەی دەنکە نۆکێک دەبوو .. دایکی منداڵە ترساوەکە، دەنکێ قورقۆشمی دەهێنا و، دەیخستە ناو تاوەیەکەوە و، دەیخستە سەر پەرەمێسێکی داگیرساو.. تا بە تەوای ئەو قورقۆشمەکە دەتوایەوە و دەبوو بە (شلە).. ئینجا جامێک ئاوی ساردی دەهێنا و.. لە بان سەری کۆرپەکەی - ئەو ساوایە لە هیچ شتێک ناگەیشت - (بسم الله)ی دەکرد و قورقۆشمەی دەکردە ناو ئاوە ساردەکەوە .. چزەیەکی قایمی لێوە دەهات.. قورقۆشمەکە یەکسەر دەبووەوە بە قەوارەیەکی رەق.. بەڵام وەکو پێشتر خڕ نابوو .. شێوەیەک دەردەچوو.. ئیتر دایکی منداڵەکە دەیوت.. ئەوە شێوەی سەگە بۆرەیە ، کۆرپەکەم لە حەپە حەپی سەگە بۆرە ترساوە.. یا پشیلەکەیە.. یا مانگا زەردە.. ئەگەرچی لە راستیدا لە شێوەی هیچیانی نەدەکرد .. ئینجا دایکەکە سێ جار لەسەر یەکتری دەیوت: " ترسی کورپە جوانەکەم دەرچێ .. " ئەم کارە سێ ئێواران لەسەر یەکتری بە هەمان شێوە، دووبارە دەکرایەوە .. ئەو دایکە بڕوای وابوو کە بە دڵنیاییەوە، ترسی کۆرپەکەی

دەرکردووە.

***٢- بازدانی دایک بە منداڵەکەیەوە بەسەر جۆگەلە ئاو یا ئاگردا***: دایک دەمەو ئێوارە کۆرپەی ترساوی لە باوەش دەکرد و.. سێ جار لەسەر یەکتری بەسەر ئەو جۆگەلە ئاوەی ناو حەوشەکەیاندا.. لەگەڵ وتنی "بسم الله" دا، بازی دەدا.. لە کۆتاییدا لە گەڵ ئەوانەی لە دەوروبەری بوون "حەلەلالاا.. حەلەلالا اا .. حەلەلالا ااا.. "یان دەکرد.. ئەم کارەش سێ ئێواران لەسەر یەکتری دووبارە دەکرایەوە.. دایکەکە بڕوای وابوو کە ترسی منداڵەکەی، کەوتە ناو جۆگەلە ئاوەکە و.. ئاوەکەش ترسەکەی لەگەڵ خۆیدا برد.. یان لە جیاتی جۆگەلە ئاو .. بە هەمان شێوە بەسەر ئاگرێکی بچووکدا سێ جار بازی دەدا.. بڕوای وابوو کە ترسەکە کەوتە ناو ئاگرەکەوە و سووتا.

تا ئەمڕۆش لە زۆر شوێنی کوردستاندا، بە تایبەتیش لە باکووری کوردستاندا.. لە ئێوارەی جەژنی نەورۆزدا.. کە ئاگری نەورۆز دەگرێتەوە .. بە تایبەتیش پیاوان چەند جارێک بەسەر ئاگری نەورۆزدا بازدەدەن .. بڕوایان وایە کە هەموو گوناهەکانیان دەکەوێتە نێو ئاگرەکەوە و، لە گوناهەکانیان پاک دەبنەوە.. یا گەنجان بۆ هێنانەدی نیاز و مەرازیان باز بەسەر ئاگری نەورۆزدا دەدەن.

لە هاوشێوەی ئەم جۆرە نەریتانەی کوردەواری.. لە ناو گەلانی تریشداهەیە.. بۆ نموونە هێندییەکان لە ئاوێ رووبارێکدا خۆیان دەشۆرن و چەند جارێکیش خۆیان نوقم دەکەن.. بڕوایان وایایە کە رووبارەکە لە هەموو گوناهەکانیان پاکی کردونەتەوە.

٣ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## *قۆستنەوی منداڵان بۆ مەبەستی سیاسی تاوانە.*

لە ئەمڕۆدا سیاسەت بووە بە بەشێک لە ژیان و لە رۆشنبیریمان و، لە باس و خواسی رۆژانەمان.. بمانەوێت یا نەمانەوێت .. حەزبکەین یا حەزنەکەین .. سیاسەت چۆتە هەموو ماڵێکەوە، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە

ئازادی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بوونیان نییە.. کوردستانی ئێمەش کە تا ئەمڕۆ کۆڵۆنیای چەند دەوڵەتێکی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و دڕندەیە.. نەک هەر دان بە ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی و بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و، بە مافەکانی گەلی کوردماندا نانێن.. بەڵکو بێشەرمانەش نکووڵی لە بوونی پەنجا ملیۆن کورد و لە کوردستانیش دەکەن.. ئەم دەوڵەتە خوێنڕێژ و داگیرکەرانەی کوردستان سادەترین مافمان پێ ڕەوانابینن.. ئەوان لە دژایەتیکردنی کورددا، هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان بە لاوە ناوە و گەلەکۆمەیان لە کورد کردووە.

مەبەستیش لە سیاسەت تەنها حیزبایەتی نییە، مەودای سیاسەت زۆر لە حیزبایەتی بەرفراوانتر و هەمەلایەنترە .. سیاسەت هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.. بەڵام لە ئەمڕۆدا سیاسیەت وەکو زاراوەیەک، زیاتر دەخرێتە پاڵ حیزبەکانەوە.. بە هەزاران سیاسی هەن کە بێلایەنن و سەر بەهیچ حیزبێک نین و، ڕۆڵێکی سیاسی بەرچاویشیان هەیە - لەگەڵ ڕێزمدا بۆ سیاسییەکان - ئەوەش پێوەر نییە کە هەر ئەندام حیزبێک بە سیاسی بزانین.. ئەندام حیزبی وەها هەن کە لەولای هیچەوە لۆقە دەکەن.. سی شەو و سێ ڕۆژ لە مەنجەڵێکدا بیان کوڵێنین.. تنوکێک سیاسەتیان لێنایەتە ئەنجام.

لە ئەمڕۆدا تەلەفزیۆن وەک گرنگترین و بڵاوترین هۆی ڕاگەیاندن، لە هەموو ماڵێکدا هەیە.. گەورە و منداڵ ڕۆژانە و شەوانە کاتێکی زۆر بە گوێگرتن و سەیرکردنی بابەتە هەمەجۆرەکانی تەلەفزیۆن بەسەردەبن . ناشتوانین بە تەواوی کۆنترۆڵی منداڵان بکەین و گوێ و چاویان بگرین و نەهێڵین سەیری هەواڵەکان و ڕووداوەکان و هەموو بەرنامە و دراما تەلەفزیۆنییەکان نەکەن.. منداڵان ڕۆژانە هەواڵی شەڕ و ئاژاوە و کوشتن و بڕین و توندوتیژی و خۆپیشاندان و کارەساتە تراژیدییەکان لە تەلەفزیۆنەکاندا دەبینن.. گوێگرتن و سەیرکردنی ئەم هەواڵ و ڕووداوانە لە لایەن منداڵانەوە.. کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنییان لە سەر ژیان و لە ڕەفتارەکانی ئەمڕۆ و داهاتوویان دەبێت.

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە، قۆستنەوەی دڵپاکی و ساوێلکەیی منداڵانە لە لایەن بەشێکی زۆری حیزبەکان و ڕاگەیاندنەکانەوە، کە بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنینن.. بە تایبەتیش لە خۆپیشاندانە نارەزاییەکانی دژ بە یەکتری.. منداڵان فیت و هاندەدەن بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژیی نەشیاو و تێکدەرانە.. ئەوە گەورەکانن کە بەردیان دەدەنێ.. بۆ بەردبارانکردنی پۆلیس و ئاسایش و پاراستن و پاسەوانان، یا شقارتە و نەوتیان دەدەنێ بۆ سوتاندنی بارەگاکانی یەکتری و وێرانکردنی دایرە فەرمییە حکوومییەکان .. فێری

وتنەوەی دروشم و قسەی ناشیرین و نەشیاویان و هۆیهایان دەکەن.. کە ئەمانە لە منداڵانی دڵپاک و بێئاگا ناوەشێنەوە.. تێشناگەن کە مەبەستی حیزبەکان لە بەکارهێنانیان لەم کارە توندوتیژییانەدا چییە.. وەکو دەزانین تا ئێستا چەندین منداڵ لەم خۆپیشاندان و ڕووداوانەدا شەهید و بریندار بوون .. چەندین مێردمنداڵیش بە تووەمەتی تێوەگلانیان و گیرەتێکدان لەم ڕووداوانە بەندکراون.. گەورە فێرکەرەکانیشیان خۆیان بە بێتاوان و بێئاگا دەزانن و، تاوانەکان دەکەوێتە سەر منداڵانی بێتاوان.. ئەم تاوان و کارانەش تەنها حیزبەکانی کوردستان ناگرێتەوە.. بەڵکو هەموو حیزبە تایفی و مەزهەبییەکانی شیعەکان و عەرەبییەکان و ئەفریقاییەکانیش دەگرێتەوە .. کە بۆ مەبەستی سیاسی و مەزهەبی و تایفی منداڵانیان بەکارهێناون.. هەریەکەش لە ڕێکخراوی داعشی تیرۆریست و بێڕەوشت، بوکۆ حەرامی حەرامزادە، بەرەی نوسرەی جاشی بەکرێگیراو، قاعیدە، دڵپاکی و ساوێلکەیی منداڵانیان بۆ ئامانجی گڵاوی خۆیان قۆستوونەتەوە.. بە زۆر چەک دەدەنە دەستی منداڵان و ڕەوانەی شەڕیان دەکەن.. یان بۆ کاری تیرۆریستی و خۆکوژی و بەدکاری بە کاریان دەهێنن، دوای ئەوەی کە بە ئایدۆلۆژیایەکی ئاینی و ڕەگەزپەرستیی بۆگەن و، بە قسەی پڕوپووچی بێ مانا و بێ بنەماش ئەقڵیان دەشۆرنەوە و، دەیان خەڵەتێنن.. بە خواردنەوەی مادده کحوولییەکان و مادده هۆشبەرەکانیش سەرخۆش و بێهۆشیان دەکەن.. ئاراستەی کاری خۆکوژی و خراپەیان دەکەن.. یا وەکو قەڵغان بۆ پاراستنی خۆیان بەکاریان دەهێنن.. هەموو ئەم کارە نامرۆیی و قێزەوەنانە، تاوانن دەرهەق بە منداڵانی دڵپاک و بێتاوان و خۆشباوەڕ.. پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی منداڵانن.. منداڵان نازانن بۆ ئەم کارانەیان پێ ئەنجام دەدەن.. ئەوەش نازانن ئەو کارانەی دەیکەن، چ ئەنجامێکی خراپیان لێدەکەوێتەوە..

بێگومان قۆناخی منداڵی گرنگترین و هەستیارترین و مەترسیدارترین قۆناخە لە ژیانی مرۆڤدا.. ئەم کارانە ئاسەوارێکی خراپی دەروونی و جەستەییان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ ئایندەی منداڵان دەبێت.. ئۆباڵیشیان لە ئەستۆی ئەو لایەن و ڕێکخراوە تیرۆریستییانە دایە کە دەیان خەڵەتێنن و، لە ڕێ دەریان دەکەن و، تاوانیانی قێزەوەنیان پێ ئەنجام دەدەن.. تاوانبارانی ڕاستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستانە و، ئەو حیزبانەن کە دڵپاکی و ساویلکەیی و نەزانی منداڵان دەقۆزنەوە.. بە لاشیانەوە گرنگ نییە کە منداڵان دەبنە قوربانی تاوانەکانیان.. گرنگ بە لای تیرۆریستانەوە ئەوەیە کە نەوەیەکی تیرۆریست و توندڕە و دڵڕەق و دڕندە و پیاوکوژ بۆ داهاتوو دروست بکەن و .. کاری تیرۆریستی درێژەی هەبێت.. بێگومان ئەمە زەنگ و پێشینەیەکی مەترسیدارە و، هەڕەشەیەکی ئاگادارکردنەوەیە.. بۆ تێکدانی ئاسایش و ئاشتی لە جیهاندا.

لە وڵاتانی ئەوروپادا، لە هیچ ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی و ئاسایی و هێمنیشدا منداڵان بەشداری پێناکەن، چونکە لەم وڵاتانەدا یاسای پاراستنی منداڵان هەیە کە دژی قۆستنەوەیانە، هەچ حیزبێکیش سەرپێچی یاساکە بکا و، منداڵان بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربهێنێ.. ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و دادگایی و سزادان دەبێتەوە.. هەر خۆشیان لە ئاستێکی ڕۆشنبیری و هەستیاری ئەوتۆدان کە دڵپاکی و بێتاوانیی منداڵ و منداڵێتی ناشێوێنن.. منداڵان بە سامانی گەلەکانیان دەزانن.. وەکو چۆن بە سۆز و بە پەرۆشن بۆ منداڵەکانی خۆیان .. ئاوهاش بە تەنگی هەموو منداڵانی گەلەکانیانەوە دێن.

با ئێمەی کوردیش، کوردیلەکانمان فێری خۆشەویستی و خوشک و برایی و هاوڕێتی و یەکێتی و سازان و تەبایی و یەکڕیزی و هاودەنگی و هاوکاری و یەکتری قبووڵکردن و ئاشتی و مرۆڤایەتییان بکەین.. نەک فێری ناکۆکی و ململانێ و مشتومڕ و دوژمنایەتی دژایەتی و بەربەرکانی و سووکایەتی و ڕق و کینەیان بکەین.. با منداڵەکانمان فێری گوڵباران بکەین.. نەک فێری بەردبارانیان بکەین.. با فێریان بکەین بە زمانی گوڵ بدوێن و گفتگۆ بکەن.. نەک بە زمانێکی زبر و بە قسەی ڕەق و زەق و ناشیرین و نەشیاو.. با بە هەستێکی پاکی کوردایەتی گۆشیان بکەین و، رایان بهێنین، بە سۆز و ڕێز و خۆشەویستی و بە کوردستان پەروەری پەروەردەیان بکەین و، بە دروستیش ڕێنمایی و ئاراستەیان بکەین.. نەک بە حیزبایەتی و خۆپەرستی و کەس پەرستی.. با فێریان بکەین کە هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستان هەبێ .. نەک بۆ حیزبەکان .. با ئاڵای کوردستان بدەینە دەستیانەوە.. نەک ئاڵای حیزبی .. با فێری ئاشتی و هاوسۆزی و لێبووردنیان بکەین.. نەک فێری شەڕ و قین و تۆڵسەندنەوە.. شوێنی منداڵان قوتابخانە و یاریگا و شاری یارییە.. نەک گۆڕەپانی بەردەباران و شەقامەکانی خۆپیشاندانی توندوتیژی و توڕەیی و جوێندان و هۆیهاکردن و.. هێرشکردنە سەر یەکتری.. با فێریان بکەین نیشتمانەکەمان، گەلەکەمان، پێشمەرگە قارەمانەکانمان، شەهیدەکانمان، سەرکردە دڵسۆزەکانمان، مامۆستاکانیان، پۆلیسەکانمان و هەموو ئەو دڵسۆزانەش کە دڵسۆزانە خزمەتی کوردستانی شیرینمان دەکەن.. خۆشیان بوێن.. با فێری ڕەوشتی جوان و داب و نەریتە ڕەسەنەکانی کوردەواریمان و، بەها پیرۆزەکانی گەلەکەمانیان بکەین.. نەک فێری داب و نەریتێکی سەقەت و، کولتوورێکی نامۆی بێگانەیان بکەین.. مەبەستیشم ئەوە نییە کە داخراوبین و .. سوود لە شتە جوانەکانی گەلانی تر وەرنەگرین.. بەڵام هەموو گەلیکیش داب و نەریت و تایبەتمەندییەکانی خۆیان هەیە و خۆشیان دەوێن و.. شانازییان پێوە دەکەن و.. دەیانپارێزن.. نەوەی ئەمڕۆ بۆ نەوەکانی داهاتوویان دەگوازێتەوە.. چونکە ئەوە بەشێکە مێژو و کولتوور و کەلەپوریان.

زۆر جاریش راگەیاندنەکان و میدیاکان، دڵپاکی و ساوێلکەی و خۆشبڕوایی منداڵان دەقۆزنەوە و وەکو ماددەیەکی چەور و هەرزان و ئاسان دەیان کەن بە تێشووی راپۆرت و هەواڵەکانیان بۆ مەبەستێکی سیاسی و تایبەتی خۆیان، یان بۆ ئەو لایەنانەی کاریان بۆ دەکەن.. یان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ریکلام و بانگەشە و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن.. خۆکاندیدەکانی حیزبەکان بۆ مەبەستی سیاسی و حیزبی و، تایبەتیی خۆیان، منداڵانیان وەکو کەرەستەیەکی ئاسان و سەرنج راکێش بەکارهێناون.. بەبێ ئەوەی کە منداڵان لە مەبەست و لە ئامانجی بەکارهێنانیان بزانن چییە.

داوا لە هەموو حیزبەکان و لایەنەکان دەکەین، چیتر دڵپاکی و ساوێلکەیی کوردیلەکانمان نەقۆزنەوە و، لە هیچ رێپێوان و خۆپیشاندانێکی نارەزایی و توندوتیژی و، ئاساییشدا بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان نەهێنن.. واز لە منداڵان بێنن و چیتر منداڵی و دڵپاکییان مەشێوێنن.. خۆشی و چێژی قۆناخی منداڵییان تاڵ مەکەن.. خەیاڵخۆشی و خەونە سەوزەکانی جیهانی وەنەوشەییان لێ تێکمەدەن.. سەریان لێ مەشێوێنن و.. فێری دژایەتی و دوژمنایەتییان مەکەن.. با بە ئاسوودەیی و هێمنی و خۆشی و ئاشتی بژین.. لە زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، قۆستنەوەی منداڵان بۆ مەبەستی سیاسی و حیزبایەتی و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان.. هێڵی سوورە و، دەچێتە چوارچێوەی تاوان دژ بە منداڵان.. یا بازرگانی کردن بە منداڵان.. سزایی یاساییان بۆ داناون.




لە کۆتاییدا، بە توندی ئیدانەی گۆڤاری (شارلی هیبدۆ) دەکەین.. لەو سۆکایەتی و بێڕێزییەی کە بە کاکەلەی شەهید (ئالانی کورد) کردی.. کە لە هەفتەی رابردوودا لە وێنەیەکی کاریکاتێریدا لە ژێر ناوی (چارەنووسی ئالان چی دەبوو ئەگەر گەورە بوایە).. نووسیبوویان گەر ئالان لە ژیاندا بمایا و گەورە بوایە.. لە ئەڵمانیادا دەستدرێژیی بۆ سەر ئافرەت دەکرد.. بڵاوکردنەوەی ئەم کاریکاتێرە، کارێکی رەگەزپەرستی و قێزەوەن و بێڕەوشتییە.. سوکایەتی کردنە بە سەرجەم منداڵانی جیهان، بە تایبەتیش بە منداڵانی کورد.. چونکە لە جیهاندا لە منداڵان دڵپاکتر و بێتاوانتر نییە.. منداڵان هێمای دڵپاکی و بێتاوانین.. شایەنی ئەوە نین کە سوکایەتی و بێڕێزییان پێبکرێ.. ئەی ئەم گۆڤارە بۆ پێشبینی ئەوەی نەکردووە، ئەگەر ئالان کوردی بمایا و گەورە بوایە، رەنگە ببوایە بە پارێزەرێک و داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان و، لە

ستەملێکراوان و، لە ماف خراوان بکردایە.. یا ببوایە بە مامۆستایەک و ساڵانە بەدەیان منداڵی فێربکردایە.. یا ببوایە بە زانایەکی داهێنەر و مرۆڤی خەنی بکردایە.. یا ببوایە بە هاوڵاتییەکی دڵسۆزی ئەڵمانیا و، خۆشەویستی و هابەستەبوونی بۆ ئەڵمانیا ببوایە.. ئێمەی کورد رێز و خۆشەویستییەکی تایبەتیمان بۆ گەلی فەرەنسی هەیە.. هەردەم خۆمان بە قەرزاری خانمە ئازادیخواز و مافدۆستی فەرەنسی.. دۆستی زۆر دڵسۆزی کورد، خاتوو (دانیال میتیران)ی نەمر دەزانین.. کە هێندەی نەمابوو ببێت بە قوربانی کورد.. بۆیە پەیوەندی نێوان کورد و فەرەنسا زۆر لەوە بەرزترە.. کە بە کاریکاتێرێکی قێزەوەنی (شارلی هیبدۆ) درز بکەوێتە نێوانمانەوە.. راستە کە ئەو کاریکاتێرە هەستی هەموو کوردێکی بریندار کرد.. بەڵام ئەگەر بووش بە مایەی سوکایەتی و بێڕێزی و شەرمەزاری و رق لێبوونەوەو و بێزکردنەوە لە خودی گۆڤارەکەی خۆیان شارلی هیبدۆ.. چونکە تا ئێستا لە هەموو دنیاوە، بە هەزاران تف و نەفرەتیان لێکردووەن و، بە کارێکی رەگەزپەرستی و قێزەوەنی دەزانن.

**٢١ی جانێوێری ٢٠١٦**

---

## *بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵ.*



مرۆڤ هەر بە سروشتی گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.. چونکە ناتوانێت بە تەنها و دوورەپەرێز بژی.. بەبێ هاوکاری و هەمەنگیش ناتوانێت هەموو پێداویستییەکان و پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خۆی دابین بکات.. بنیاتنانی خێزان و دێهات و شاران و کۆمەڵگا و، پێکەوە ژیان، وەرچەرخانێک بوون لە مێژووی ئادەمیزاد دا، هۆکارێکیش بوون بۆ داهێنان و پێشکەوتن و بنیاتنانی شارستانییەکان.

بەشێکی زۆری گیانەوەرەکانی تریش، کۆمەڵایەتین و بە کۆمەڵ دەژین و، کارەکانیان لە نێوانیان خۆیاندا دابەش کردوون لەوانەش: هەنگ، مێرووله، زەرەواڵە، مەیموون، بەشێکی زۆری باڵندەکان و ئاژەڵە کێوییەکانیش.

هەر تاکێکی سەر بە کۆمەڵێک یا گەلێک، فێری داب و نەریت و، بەها جوانەکانی گەلەکەی دەبێ و... هەر لە منداڵییەوە بە پێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و رەنگوبۆی گەلەکەی کەسێتی خۆی بنیات دەنێ و.. رادە و پایەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت.

منداڵ هەر لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێت.. سەرنجی دەوروبەری خۆی دەدا، مانگ لە دوای مانگ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەشە دەکەن. لەگەڵ کەسە نزیکەکان لێوەی بە تایبەتیش دایک و باوکی پەیوەندی سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت.. هەر لە مانگی یەکەمدا، دەبین منداڵ گەر کەس لە دەوری نەبێت.. هەست بە تەنیای و نائارامی دەکات و دەگری.. گەر دایکی یا هەر کەسێکی تر لە باوەشی بکەن یەکسەر ژیردەبێتەوە و زەردەخەنە دەکات و رووی گەش دەبێتەوە.. کە کە گوزارشتە لەوەی کە بە تەنها نییە.. تا تەمەنی منداڵ بەرەو پێشەوە بچێت .. زیاتر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات.. هەموو توانایەکی خۆی بەکاردەهێنێت، زەردەخەنەی ناسک دەکات و پێدەکەنێ و دەزروقێتەوەو، دەستەکان و پێیەکانی دەبزوێنێ، بۆ ئەوەی سەرنج و سۆز و خۆشەویسی کەسانی دەوروبەرەکەی بە لای خۆیدا رابکێشێت.

بە پێی قۆناخەکانی هەڕاشبوونی منداڵ، خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانیش جیاوزیان هەیە، هۆی جیاوازییەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ توانای جەستەی و هۆش و، شێوازی گۆشکردن و پەروەرەکردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی. ئێمە لە کورتە باسێکی وادا.. ناتوانین بە وردی و تەسەلی باس لە قۆناخەکانی منداڵی و گەشەکردنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ لە هەر یەکە لە قۆناخەکان باس بکەین.. لە چەند نووسینێکی پێشتردا، باسمان لە قۆناخەکانی گەشەکردنی منداڵ کردووە.. بۆیە لەم باسەدا بە شێوەیەکی گشتی، تەنها باس لە بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵ دەکەین.

زۆر جار دایک و باوک نیگەرانن و داد و بێدادیانە، کە منداڵەکەیان گۆشەگیر و شەرمن و کەم دوو و دڵتەنگە و، خۆي لە میوانان دەشارێتەوە و، لە کەسانی نامۆ و نەناسرا و دەترسێ و، یاری ناکا و تێکەڵ بە منداڵان نابێ و هاوڕێتی ناگرێ و... هتد، تا ئەمڕۆش ئەم کێشانە بوونیان هەیە و، دایکان و باوکان بە دوای چارەسەردا

دەگەڕێن.. کە چۆن منداڵەکانیان تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن و.. لە توونێلی گۆشەگیری و شەرم و خۆشاردنەوە دەریان بهێنن.. گومان لەوەدا نییە کە هەموو دایک و باوکێک خوازیاری ئەوەن کە منداڵەکەیان ببێت بە کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی و، جێی ڕێز و شانازی بێت. (کوڕەکەیان) ببێت بە پیاوی ناو پیاوان و، (کچەکەشیان بە ژنی ناو ژنان) بەڵکو لە کوردەواریدا، *باوک دەڵێت: (حەزدەکەم.. کە کوڕەکەم لە خۆم پیاوتر بێت)*.

شایانی باسیشە، هەندێ لە منداڵان هەر بە سروشتی گۆشەگیر و شەرمن و کەم دوون، حەز بە تەنیایی دەکەن.. هەندێ منداڵی تر بە هۆی هەندێ هەڵوێستی نێگەتیڤی دیاری کراوی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو هۆیانە کاری تێکردوون و، بوونەتە هۆی گۆشەگیرییان، وەک: رووشکاندن و لۆمەکردن و تەریقکردنەوە و، هەست برینداركردنی بۆ چەند جارێک، بە تایبەتیش لە بەردەمی خەڵکیدا.. ئەم رەفتارە هەڵانەی دایک و باوک، وا لە منداڵ دەکەن، کە لە رووداپمێنێ و، ترسی دووبارەکردنەوەیان بچێتە دڵییەوە.. بێجگە لەم هۆیانەش، هەندێ خێزان هەن داخراون و، تێکەڵی خێزانانی تر و خەڵکی نابن.. ئەمەش بە خاڵێکی نێگەتیڤ دەزانرێ.. چونکە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی سەرەکییان لەسەر منداڵان دەبێت.. بۆ ئەوەی کە نەبن بە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و کراوە.

پێویستە دایکان و باوکان ئەوە بزانن، کە بۆ بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵەکانیان، تەنها پێویستییان بە فێرکردن و بە راهێنان و بە یارمەتیدانیان هەیە، بۆ ئەوەی لە نەخۆشی گۆشەگیری و تەنیاخوازی و شەرم و خۆشاردنەوە رزگاریان بکەن و، وەکو منداڵانی ئاسایی تێکەڵ بە کەسانی تر ببن، چونکە گونجانی ژیانی کۆمەڵایەتی تەنها لە رێی فێربوون و راهێنانەوە دەق دەگرێ و بەرجەستەدەبێت.. مەرجێکی گرنگ و پێویستیشە کە خودی دایکان و باوکان کۆمەڵایەتی بن و، ببن بە نموونەیەکی باش و دروست بۆ منداڵەکانیان.. چونکە منداڵان بە زۆری چاولێکەرن و، لاسایی کار و رەفتارەکانی گەورەکانیان دەکەنەوە، بە باش و بە خراپییانەوە.. بەشێکی زۆری ئەو رەفتار و نەریت و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییانەی کە منداڵان فێریان دەبن، لە دایک و باوکیانەوە یا لە کەس و کار و خزمانیانەوە وەریان دەگرن.. پەندێکی کوردی جوانمان هەیە، *کە دەڵێت: " گەورە ئاو دەڕێژێ و.. بچووک پێی تێ دەخا"* واتە ئەی گەورەکان لە کاری جوان و رەفتاری باشدا، ئێوە سەرمەشق بن بۆ منداڵەکانتان چونکە ئەوان چاو لە ئێوە دەکەن.

زۆربەی زاناکان هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە قۆناخی منداڵی، گرنگترین قۆناخە لە ژیانی مرۆڤدا، لەم قۆناخەدا بنەماکانی کەسێتی دروست دەبن و، پێشبینی ئەوەشیان لێدەکرێ کە لە ئایندەدا،چ کەسێتییەکیان لێ دێتە کایەوە

.. لە قۆناخی منداڵیدا، منداڵ فێری سازان و تێکەڵبوون و هاوڕێتی و، چۆنیەتی پەیوەندی و ڕەفتار لەگەڵ کەسانی تردا دەبێت.

***چۆن منداڵێکی گۆشەگیرخواز دەکەینە بەشداریخواز و کۆمەڵایەتی:***

١- پێویستە دایک و باوکی منداڵی گۆشەگیر، هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دیاری بکەن کە دەیانەوێت منداڵەکەیان لە میانەیدا کۆمەڵایەتی بێت، وەک : بەشداری نەکردنی منداڵەکەیان لە یاریی بە کۆمەڵ لەگەڵ منداڵانی تردا، لەماڵەوە، لە گەڕەک، لە باخچەی ساوایان، لە قوتابخانەدا، یا لە یانەی وەرزشیدا. چارەسەری ئەم کێشەیە لە کوتوپڕێکدا ناکرێت، ناتوانیت لە ڕۆژ و شەوێکدا منداڵەکەتان بگۆڕن.. پێویستە پشوودرێژبن و بە ئارامی و زانستییانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن.. هەنگاو بە هەنگاو.. لە ئاسانەوە بۆ بەرز و بەرزتر .. بۆ باش و بۆ باشتر هەنگاوبنێن.. لە سەرەتاوە لە منداڵانی کەسوکار و خزمانتانەوە نزیکیان بکەنەوە و، تێکەڵی منداڵەکانیان بکەن.. دوایی لەگەڵ منداڵانی هاوڕێکانتان و دراوسێکانتان.. دواتر لەگەڵ باخچەی ساوایاندا پەیوەندی ببەستن تا لەگەڵ دادەکاندا، پێکەوە بەرەو ئاسایی کردنەوەی ببەن.. کە چووشە قوتابخانەی بنەڕەتی زیاتر هانی بدەن کە هاوڕێی هەبێت و.. زەمینەیەکی باشتریشی بۆ بڕەخسێنن کە گۆشەگیری لە بیربکات و، تێکەڵی منداڵان بێت و.. لە چالاکییە هەمەجۆرەکانی قوتابخانەکەیدا بەشداری بکات.

٢- لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و، خواردنەوە ئاوی خاوێن و، خواردنی بەسوود و، نووستن، ریزبەندی دێتە سەر پێویستی یاری بۆ منداڵان، یاری هۆیەکی زۆر گرنگە بۆ تێکەڵ بوون و بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان.. بۆیە پێویستە ئەو بابەتە یارییانە بۆ منداڵەکەتان بکڕن کە بە منداڵی زیاتر دەکرێن.. تا پێکەوە یارییان پێ بکەن .. بۆ نموونە یاری کردن بە کۆمەڵێک شەش پاڵو، یا بە کۆمەڵێک میکانوو، کە لەگەڵ منداڵێکی تر یا زیاتر لە دوو منداڵ، پێکەوە شتی لێ دروست بکەن.. یا یاری (پەیژە و مار) کە بە دوو منداڵ دەکرێ.. بابەتی یاریی زۆر هەن، کە بە دوو منداڵ یا زیاتر دەکرێن.

٣- گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکەتان.. چیرۆک ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیاتنانی چەمکەکانی کۆمەڵایەتی و بەرجەستەبوونیان لە لای منداڵ.. بۆیە زۆر وریابن و، ئەو چیرۆکانەیان بۆ هەڵبژێرن، کە بە چەمکە کۆمەڵایەتییەکانیان هەوێن کراون.

٤- لەوانەیە منداڵەکەتان گرفتێکی کەسێتی هەبێت.. یا لە شتێک بترسێت و بووە بە هۆیەکی نەگەتیڤ، بۆ ئەوەی کە بووە بە کەسێکی ناکۆمەڵایەتی.. بە نەرمی بیدوێنن و گوێی لێبگرن، با گرفتەکەیتان بۆ بگێڕێتەوە.. پێکەوە چارەسەری کێشەکەی بکەن.

٥- بە زۆر منداڵەکەتان ناچار مەکەن کە لە گەڵ منداڵ گەلێک، یا کەسانێکدا یاری بکا، کە خۆشیانی ناوێ و، هەست بە خۆشی و ئارامی ناکات لە گەڵیاندا.

٦- بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، وەک: زەماوەن و شایی و ئاهەنگ، سەیران، میوانداری، بۆ شاری یاری، بۆ ئاهەنگی رۆژی جەژنی نەورۆز، بۆ هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی تر گەر بۆتان لوا، منداڵەکەتان بەرن و، هانیان بدەن بۆ بەشداری کردن لەو بۆنانەدا.

٧- لە ماڵەوە جەژنی لە دایکبوونی بۆ منداڵەکەتان سازبکە و، با بە ئارەزووی خۆی هاوڕێکانی بانگ بکات.. فێری بکەن کە چۆن پێشوازیان لێبکات.. گۆرانی کوردییان بۆ لێدەن و، هانیان بدەن بۆ گۆرانی وتن و، هەڵپەڕکی و سەماکردن و، پێکەنین و قسەی خۆش.. با لە کۆتاییدا خۆی قسە بکا و سوپاسی ئامادەبوونی هاوڕێکانی بکات.

*(روبارد کبلنگ) دەڵێت: "جوانترین دیمەن لە ژێر ئاسماندا.. دیمەنی منداڵێکە کە پێدەکەنێ..".*

٨- منداڵەکەتان هەر هەنگاوێکی ئەرێنیی کۆمەڵایەتی نا.. لە یادتان نەچێت ئافەرین و دەستخۆشی لێبکەن و پاداشتی بکەن.

*ئەم رەفتارە جوانانە فێری منداڵەکانتان بکەن:*

١- مۆڵەت وەرگرتن و سوپاس کردن: هەندی وشەی جوان و باوی کوردیمان هەیە.. لەو وشانەش: (بە یارمەتیت ، گەر رێم پێبدەی، سوپاس، زۆر سوپاس) ئەگەر دایکان و باوکان و کەسوکار، بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەم وشە جوانانە لەگەڵ یەکتری و، لە گەڵ خودی منداڵەکانیاندا بەکاریان نەهێنن.. منداڵەکانیشیان بایەخیان پێ نادەن .. بۆ نموونە پێویستە منداڵەکانتان کە داوای شتێکیان لە کەسێک کرد، یان شتێک لە هاوڕێیەکیان، لە هەر کەسێک بخوازن. جوان نییە کە بە شێوەی فەرمان داوای لێبکەن.. جوانتر وایە بەم شێوەیە داوای بکەن: (بە یارمەتیت.. دەتوانم ئەوەت لێبخوازم..؟ .. زۆر سوپاست دەکەم) فێرکردن و راهێنانی منداڵەکانتان لەسەر ئەم

ڕەفتار و وشە جوانانە، دەبنە مایی ڕێز و خۆشەویستییەکی زیاتر لە لای هاوڕێکانی و مامۆستاکانی.. بەشێکی شانازیش بۆ هاندانی ئێوەی دایکان و باوکانی دڵسۆز دەگەڕێتەوە.

٢- فێری منداڵەکانتان بکەن کە قسە بە کەس نەبڕن: کە منداڵەکانتان پرسیارێکتان لێدەکەن.. ڕەنگە چاوەڕێی ئەوە نەکەن، کە بە تەواوی وەڵامی پرسیارەکەیان تەواو بدەنەوە، قسەکەتان پێ ببڕن .. هەندێ لە دایکان و باوکان بەر لەوەی قسەکانیان تەواو بکەن، مل کەچی داوا و ئارەزووی منداڵەکانیان دەبن.. ئەم شێوازە هەڵەیە و نابێت دایک و باوک ڕێ بە منداڵەکانیان بدەن کە قسەکانیان پێ ببڕن.. چونکە ئەو منداڵانە فێری ئارام نەگرتن و خۆپەرستی و ڕێزنەگرتن لە کەسانی تر دەبن .. تەنها چارەش ئەوەیە کە منداڵ فێری ئارام گرتن بکرێت .. تا دایک و باوکی یا هەر کەسێکی تر قسەکەیان تەواو دەکەن .. پێویستە فێری ئەوەش بکرێن کە ڕێز لە گەورەکان بگرن.

٣- ڕێزگرتن لە خوانی نانخواردن: بەر لە تەمەنی شەشساڵان، ئاسان نییە کە منداڵان دەستووری نانخواردن جێبەجێ بکەن.. بەڵام چەند دەستوورێکی ساکار هەن پێویستە منداڵان لەسەریان رابهێنرێن، لەوانەش: سەرزەنشتکردنی منداڵان گەر هاتو لە کاتی نانخواردندا زۆر قسەبکەن، بە تایبەتیش ئەگەر خواردن لە دەمیاندا بێت.. فێریان بکەن کە چۆن کەوچک و چەتاڵ و چەقۆ و پەرداخ و کەرەسەکانی تر بەکاربهێنن.. فێریان بکەن کە ڕێز لە نەریتی باوی دانیشتنی خێزان بگرن، بە دەوری خوانی نانخواردندا.. دەبێت لەو شوێنەدا دابنیشێ کە بۆی دیاری کراوە.. گەر خواردنەکەشی بەدڵ نەبوو نابێت خوانی نانخواردنەکە بەجێبهێڵێت.. لە دوایشدا دەستخۆشی و سوپاسی دایکی و هەموو ئەوانە بکات، کە ئەرکیان لە دروستکردن و ئامادەکردنی ئەو خواردنەدا بینی.

٤- ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکان : بۆ ئەوەی منداڵان فێری ئەوە بن ڕێز لە تایبەتمەندیی گەورەکان بگرن.. پێویستە دایکان و باوکان یەکەمین جار ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی منداڵەکانیان بگرن، بۆ نموونە : بەبێ لێدانی دەرگا و مۆڵەت وەرگرن نابێ دەرگای ژوورەکانیان بکەنەوە.. خۆتان لە گفتوگۆکانیان هەڵمەقورتێنن، گوێ لە قسەکانیان مەگرن کە بە تەلەفۆنەکانیان قسەدەکەن، شتەکانی ناو ژوورەکانیان مەپشکێنن، چونکە ئەم ڕەفتارانە هەستی بێ بڕوایی و بێ متمانەیی لە لای منداڵەکانتان دروست دەکەن.

٥- نا بۆ دوژمنایەتی: شتێکی سروشتییە گەر مشتومڕ و چەند و چون لە نێوان دوو منداڵدا ڕوویدات.. بەڵام ئەوەی

کە نابێت چاوپۆشی لێبکەن و بێدەگ بن لێی ئەوەیە کاردانەوەیەکی خراپ لە ناکۆکی و مشتومڕەکەیاندا بکەویتەوە.. وەکو توندوتیژی و شەڕ و لێدان و ئازاردان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ منداڵانی تردا.. بە تایبەتیش ئەگەر هاتو منداڵێک چەند جارێک لە منداڵێکی تر بدا.. پێویستە دایک و باوکی ئەو منداڵە لێدەرە، بە خێرایی چارەسەری گرفتەکە بکەن .. منداڵەکەیان بە هەڵە بزانن و، لەم رەفتارە ناپەسەندەی پەشیمانی بکەنەوە.. داوای لێبکەن کە چیتر دووبارەی نەکاتەوە و، یەکسەر بچێت داوای لێبووردن و بەخشین لە منداڵە لێدراوەکە بکات.

خۆ بە هەڵەزانین و هونەری لێبووردن.. منداڵ فێری ئەوە دەکات کە لە داهاتووشدا گێچەڵ بە کەس نەکەن و فێری لێبووردن و دڵ گەورەیی بن.. بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی نەخوازراویش، پەنا بۆ هۆشیان بەرن و، بە ئاشتی چارەسەریان بکەن.

٦- رەتکردنەوەی فڕوفێڵ : منداڵان هەندێ جار فڕوفێڵ دەکەن، ئەمەش لە زیرەکی و لە زۆر زانییانەوە دێت.. بەڵام ئەگەر لە ئاستی فێڵەکانیان بێدەنگ و سەرسام بن، ئەمە بۆ منداڵان دەبێتە هاندان بۆ ئەوەی درێژە بە فڕوفێڵ و بە هەڵخەڵەتاندنی کەسانی تر بدەن.. دەشبێتە خوو و رەفتارێکی ناپەسەند و نەخوازراو، لەوانەیە کە گەورەشبن درێژەی پێبدەن.. بۆیە پێویستە ئاگاداری منداڵەکانتان بکەنەوە، کە فڕوفێڵ شتێکی خراپ و ناشیرینە و، جۆرێکە لە درۆ، دەبێ رووبەڕووی راستییەکان ببنەوە.. نابێت نە لەگەڵ منداڵان و نە لەگەڵ گەورەکاندا، لە قسەکانیان و لە رەفتارەکانیاندا فێڵ و درۆبکەن.

***بوزەر جەمهەر دەڵێ: "بە مامۆستاکەم وت: چی بکەم تا خەڵکی خۆشیان بوێم..؟ وتی : درۆ مەکە و بە زمانت کەس مەڕەنجێنە".***

٧- رێزگرتن لە کەسانی تر: پێویستە منداڵەکانتان فێری ئەوە بکەن کە رێز لە کەسانی لە خۆیان گەورەتر بگرن .. بە جوانیش ناویان بەرن.. لە زمانی شیرینی کوردیماندا وشەی جوانمان هەیە کە رۆژانە بەکاریان دەهێنین.. کە گوزارشتن لە خۆشەویستی و لە رێز، وەکو: (باوکە، دایکە، کاکە، دادە، تاتە، براژن، پووریَ، هاورِیَ، نەنە گیان، باپیرە گیان، خۆشکانم، برایانم ، بەرێزان، دڵسۆزان، خۆشەویستان،... هتد) فێری ئەوەشیان بکەن کە بە وشەی جوان و شیرین پێشوازی و ماڵئاوایی لە یەکتری بکەن، وەکو: (بەیانیتان باش، رۆژ باش، ئێوارەتان باش، زۆر بەخێربین، خواتان لەگەڵ، تا دیدارێکی تر، ماڵتان ئاوابێ، شەو شاد،...)، (تەوقەکردن - دەست خستنە

ناو دەست) نەریتێکی جوانە و هەست و ڕێزێکی دەروونییش بە منداڵان و بە گەورەکان دەبەخشێ. ئەم شتانەش منداڵان بە جارێک فێریان نابن، بە ڕاهێنانی بەردەوام فێریان دەبن.

٨- رووحی یارمەتیدان: منداڵەکانتان فێربکەن، کە یاری دەکەن شتەکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا بەش بکەن و پێکەوە یاری بکەن، ئەگەر نەهێڵن هاوڕێکانیان یاری بە شتەکانی ئەمان بکەن.. ئەمانیش بۆیان نییە یاری بە شتەکانی هاوڕێکانیان بکەن.. ئەوسا هەست بەوە دەکەن، ئەگەر درێژە بە قورخکردن و خۆپەرستی و کەسنەویستی و کەلەڕەقییان بدەن، زەرەرمەند دەبن.. بۆیە پێویستە لە سەرەتاوە رووحی یارمەتی و بەشداری لە دڵە قنجەکانی کوردیلەکانمان خۆش بکەین.

*زۆر بە کورتی و بە چڕیش باسی ئەو لایەن و، دامودەزگایانە دەکەین، کە کارگەرییان لەسەر بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵاندا هەیە:*

١- خـێزان: سازکردنی کەشوهەوایەکی خێزانی تەبا و، پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و ڕێز، نهێنی دروستبوونی کەسێتی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووە، خێزان یەکەمین ژینگە و یەکەمین قوتابخانەی منداڵانە، ئەلفوبێی ژیان و، زۆربەی خەسڵەت و رەفتار و خوو و داب و نەریتەکانیان، لە خێزانەکانیانەوە وەریان دەگرن و فێریان دەبن.. خێزانەکان کارتێکردنێکی گەورەیان لەسەر رەوتی ژیانی منداڵان هەیە.. ئەرکی خێزانەکان، تەنها دابین کردنی گرنگترین پێداویستییەکان و پێویستییەکانی گەشەکردنی جەستەیی و دەروونییەکانی منداڵەکانیان نییە، بەڵکو پێویستیشە بە جوانی و بە دروستی گۆش و پەروەردە و ئاراستەشیان بکەن.. تا هەریەکەیان ببێت بە تاکێکی کۆمەڵایەتی و لە کۆمەڵگاکەیدا رۆڵی هەبێت.. زاناکان زۆر جەخت لەسەر گرنگی سۆز و خۆشەویستی نێوان منداڵان و دایکانیان دەکەنەوە.. دایکان دینەمۆی خێزانەکانن.. بێگومان سۆز و میهرەبانی دایکان بێ سنوورن.. دایک یەکەمین مامۆستا و پەروەردەکارە.

*جۆن ئادەمیز دەڵێ:" شانازی ئەو هەموو ناوبانگ و پایە بەرزییەی پێیان گەیشتووم.. دەگەڕێنەوە بۆ دایکم".*

٢- قوتابخـانە: قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمییە، ئەرکی پەروەردەکردن و فێرکردن و ڕاهێنان و، گواستنەوەی زانیاری و رۆشنبیری پێشکەوتووە بۆ منداڵان.. مامۆستاکان دینەمۆی قوتابخانەکانن.. پەروەردە و

فێرکردنیش هونەرێکە و پێویستی بە مامۆستای هونەرمەندی لێهاتوو هەیە.. پێویستە هەلومەرجێکی لەبار سازبکەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی گەشە بە لەش و هۆش و بە رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابییەکانیان بکەن.. چونکە قوتابخانە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە فێرکردن و لە گەشەکردنی توانا و بەهرەکانی منداڵان.. قوتابخانە کارگەیەکی پەروەردەییە و، نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوومان دروست دەکا.. پێویستە هەمووومان سەر بۆ مامۆستایان دانەوێنین و، لە ئاستی ئەرکی پیرۆز و بەخشندەیی و شکۆداری و دڵسۆزییاندا دەست بە سنگەوە بین.

٣- کەسوکار و خزمان: کەسوکار و خزمان کە هاتوچۆیەکی زیاتری یەکتری دەکەن.. کارتێکردنێکی ئەرێنییان لەسەر گەشەکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵان هەیە.. بە ئاسانیش سۆز و ریز و دڵنیایی و هاوڕێتی لە نێوانیان منداڵەکانیاندا دروست دەبن.

٤- هۆیەکانی راگەیاندن: راگەیاندنەکان زانیاری هەمەڕەنگە بڵاودەکەنەوە، چالاکی و بەرنامەی هەمەجۆرەش پێشکەش بە منداڵانی کوردستان دەکەن.. بێگومان بەرنامە ئاراستەکراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان، سوودێکی زۆر بە منداڵان دەبەخشن.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هۆیەکانی راگەیاندن، زۆر مەترسیداریشن، هەڕەشەن لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵان، بە تایبەتیش تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت.. چونکە زۆر لە داب و نەریتە رەسەنەکان و، لە بەها پیرۆزەکان دەشێوێنن و، فێری کۆمەڵێک بەهای تر دەبن کە نامۆن بە کولتووری کوردیمان.. کۆتاییش بە گێڕانەوەی چیرۆک و نەزیلە و هەقایەتەکانی باپیرە کوردۆ و، نەنە گیان دەهێنن.. منداڵان دەگۆازنەوە بۆ سەردەمی فیلمی کارتۆن و ئێنیمەیشن.. کە بەشێکیان کاریگەریی خراپیان لەسەر رەفتارەکان و ژیانی منداڵان هەیە و دەبێت.. بۆیە پێویستە ئەو فیلمانەی پێشکەشی منداڵان دەکرێن بە وردی کۆنترۆڵ بکرێن، گەر بۆ منداڵانی کورد نەشیان نمایشکردنیان قەدەغەبکرێن.

٥- باردۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا: تا هێمنی و ئارامی و ئاشتی زیاتر باڵ بەسەر کۆمەڵدا بکێشن، لە رووی ئابووری و بژێوی ژیانەوە خەڵکی کێشەیان نەبێت.. ئەمانە زیاتر و باشتر لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵاندا هاوکاری دەکەن.. بەڵام تا ئاژاوە و نائارامی و ململانێی سیاسی لە ئارادابن، تا باری ئابووری و بژێوی خراپ بێت .. گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش سست و سڕدەبێت.. کاریگەری ئەرێنیشیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان دەبێت.

لە کۆتاییدا دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە پێویستە منداڵەکانمان هان بدەین، بۆ پەیوەندی بەستنی هاوڕێتی و کۆمەڵایەتی، چونکە هەرکەسێک لە هەست و ئارەزووی کەسانی تر بگا.. مەودایکی زیاتری بۆ دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی تردا بگونجێت و یەکتری قبوڵ بکەن و ڕێز لە یەکتری بگرن و، بە کامەرانی و خۆشی بژین.. با فێری خۆشەویستی و لێبووردەنیان بکەین.. فێری ئەوشیان بکەین کە هەردەم بە رووحێکی وەرزشییەوە لەگەڵ یەکتریدا هەڵبکەن.

٥ی فێبریوێری ٢٠١٦

## سوودەکانی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان لە پێش نووستندا .



چیرۆک کۆنترین و گرنگترین لقە لە لقەکانی ئەدەب، لە هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب باوتر و بڵاوترە.. لە هەموو هۆکارە ئەدەبی و هونەرییەکانیش زیاتر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی ئەمرۆ و داهاتووی مرۆڤدا هەیە. چیرۆکی منداڵانیش ، گرنگترین سەرچاوەی رۆشنبیریی منداڵانە، گرنگترین هۆکاری پەروەردە و فێرکردن و فێربوونیشە، یارمەتیی منداڵان دەدات، بۆ ئەوەی بە دروستی زووتر پێبگەن و، خێراتر و باشتریش بیر و هۆش و ئەندێشە و بەهرەکانیان گەشە بکەن.. هۆکارێکی ئاسانیشە بۆ چاندنی ڕەوشتی بەرز و ڕەفتاری ڕاست و دروست.

ئێمە لە ( ٣ - ٤ - ٢٠١٥) دا لە سایتەکاندا لە ژێر ناوی (دەربارەی چیرۆکی منداڵان) بە شێوەیەکی گشتی، باسمان لە سوود و لە گرنگییەکانی چیرۆکی منداڵان کردووە. لەم نووسینەمدا، زۆر بە کورتی باس لە گرنگترین

سوودەکانی گێڕانەوە یا خوێندنەوەی چیرۆک و هەقایەت بۆ منداڵان لە پێش نووستندا دەکەین.. بەو مەبەستەی کە دایکان و باوکانی خۆشەویست سوودی لێوەربگرن. ئەگەرچی تەکنۆلۆژیا لە هەموو بوارەکاندا، لە شۆڕشێکی داهێنانی دانەبڕاو دایە و.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داهێنانی سەیر و سەمەرەتر دەبینین.. بێگومان بواری منداڵانیش، تیشک و پشکی لە داهێنان و پێشکەوتن بەرکەوتووە.. لەوانەش ئامێری پلەیستێشن و ئەتاری و مینی ئاییات و، بە دەیان دەزگا و بابەتی دروستکراوی تری یاری بۆ منداڵان. بەڵام تا ئەمڕۆش، چیرۆک و نەزیلە و هەقایەت و داستان و ئەفسانە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانمان خۆشی و چەژیان کاڵ نەبوونەتەوە.. ئەم چیرۆکانە، لە کوردەواریدا بە (چیرۆکەکانی گوێئاگردان) یش ناودەبرێن. گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەند و ڕەنگینی چیرۆک و هەقایەتی فۆلکلۆریمان بۆ منداڵان هەیە.. لەوانەش: تیتلە و بیبلە، دەنکە هەنارە، کاکۆڵ زێڕین، ئەحەی کۆڕنۆ، مریشکە قوندە و ڕێوی، پیرەژنی جادووباز و چەرخ و فەلکە ئەفسووناوییەکەی، کوڕە ئازاکە و ئەژدیهاکە و... هتد.. کە چیرۆکخوان داپیرە یا باپیرە یا دایک یا باوک بۆ منداڵەکانیان یا بۆ منداڵانی کوڕەزا یا کچەزاکانیان بە شێوازێکی شیرین و خۆشەوە بۆیان دەگێڕانەوەوە.. بە دەستەواژەی (هەبوو نەبوو) یا (ڕۆژێک لە ڕۆژان) یا (ساڵێک لە ساڵان) یا (دەگێڕنەوە و دەڵێن:..) کۆتاییەکەشی بە (چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز.. مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز) یا(منیش هاتمەوە و کلاشەکانم دڕا.. هیچیشم پێ نەبڕا).. بە پێی هەڵسەنگاندنی ئەمڕۆ بۆ چیرۆکی منداڵان، بەشێکی زۆر لە چیرۆک و لە هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان لە ڕووی بیرۆکە و ئەنجامەوە، بۆ منداڵان ناشێن و بنەماکان و مەرجە پێویستییەکانی چیرۆکی منداڵانیان تێدا نین.. یا ئەنجامەکانیان بۆ منداڵانی ئەم سەردەمە لەبارنین.

بۆ نموونە چیرۆکی (دەنکە هەنارە) کە جادووی تێدایە و، کۆتایی چیرۆکەکەش بە ژیانێکی خۆش بۆ دەنکە هەنارە و بە کۆتایی ژیانی باوەژنەکەی دەنکە هەنارە دێت.. ئەمە وا لە منداڵ دەکات کە بڕوای بە جادووکردن هەبێت.. هەر هەمان بیرۆکە، لە چیرۆکی (پیرەژنی ئەفسوون باز و چەرخ و فەلەکەکەی).

چیرۆکی منداڵان گەوهەرێکی زۆر گران بەهایە.. جیهانێکی پڕ لە خۆشی و شادییە.. جیهانێکە پڕە لە ئەندێشەی ناسک و لە داهێنان.. کە منداڵان لێی بچنە ژوورە.. ئیتر حەز ناکەن لێی دەربچن.. چیرۆک گرنگییەکی زۆری لە ژیانی منداڵاندا هەیە. زانایانی سایکۆلۆژیای منداڵان و پەروەردەکاران و پزیشکانی پسپۆری منداڵان، چیرۆک بە گرنگترینی هۆکارەکانی پەروەردەی کارتێکەر دەزانن.. داواش لە دایکان دەکەن، کە زۆر پێویستە بگەڕێنەوە، بۆ گێڕانەوە یا خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکانیان لە پێش نووستندا.. بۆ ئەوەی بە دڵنیایی و دڵشادییەوە بنوون

و.. خەونی ناخۆش نەبینن.

بۆچی چەخت لەسەر ئەوە دەکرێت، کە دایکان چیرۆکەکان بۆ منداڵان بخوێننەوە یا بگێڕنەوە؟ بێ لایەنگیری و بێ کەم کردنەوەی ڕۆڵی باوکیش لەم بوارەدا، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە و زۆربەمان هاوڕاین لە گەڵیدا، ئەو سۆز و ناسکی و هێمنی و نەرمی و شیرینی و چەژە سروشتییەی، کە لە دەنگی دایکاندا هەن.. لە دەنگی باوکاندا نین.. زاناکانش دایکان بە توانتر و سەرکەوتووتر دەزانن لە گێڕانەوە و خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان.. لە ڕاپرسییەکی مەیدانیدا، کە لە نێوان ژمارەیەکی زۆری منداڵاندا ئەنجام درا.. لە (٦٢ %) ی منداڵان دەنگیان بۆ ئەوە دا، کە دایکان لە خوێندنەوەی چیرۆکدا باشترن لە باوکان.. لە (٣١ %) یش دەنگیان بۆ باوکان دا.. لە (٧ %) یش دەنگیان بۆ یەکسانی هەردوو لا دا.. لەم ڕاپرسییەدا، ڕێژەی دەنگەکانی دایکان، دوو هێندەی ڕێژەی دەنگەکانی باوکانن.

نووسەری ناسراوی ئەدەبی منداڵان (مایکل روزبن) دەڵێ: "هەر لە منداڵیمەوە، دایکم چیرۆکی بۆ دەخوێندمەوە .. کتێبێکی زۆرم هەن کە دایکم بۆمی خوێندوونەتەوە، داواشم لێدەکرد، کە هەندێکیان دووبارە و چەند بارە بۆم بخوێنێتەوە" نامەوێت لەمە زیاتر لە سەرناوی نووسینەکەم دوور بکەومەوە، دێمە سەر گرنگترین سوودەکانی گێڕانەوە یا خۆێندنەوەی چیرۆک و هەقایەت بۆ منداڵان لە پێش نووستندا:

١- لە دوای ڕۆژێکی درێژی پڕ لە کۆشش و لە یاریکردن و لە هەڵبەزینەوە و شەکەت بوون.. لە لۆمە و تووڕەبوونی گەورەکان لە منداڵ.. گێڕانەوە یا خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵ، کارتێکردنێکی ئەفسوونی هەیە.. کە لە حەبی (ڤالیۆم) زیاتر کپی دەکاتەوە، ماسوولەکەکانی و دەمارەکانی و پێڵووی چاوەکانی خاودەبنە.. بە دەنگە پڕ لە سۆز و شیرینەکەی دایکی.. بە خۆشی و بە دڵنیاییەوە دەنوێت و.. خەونی خۆشیش دەبینێت.

٢- ئەمە یەکەمین هەنگاوی ئەرێنییە.. بۆ ئەوەی هەر لە منداڵییەوە حۆشەویستی و ئارەزووی خوێندنەوە لە دڵە قنج و پاکەکانی منداڵاندا بڕوێن و، خوو بەخوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەوە بگرن و، ببن بە هاوڕێی کتێب و.. بە خووگرتووی خوێندنەوە.

٣- لە گێڕانەوە یا خوێندنەوەی چیرۆکدا بۆ منداڵان .. منداڵان فێری ئەوە دەبن کە بە باشی گوێ بگرن و، بیر و

هۆش و چاو و گوێیان لە لای چیرۆکخوێن بێت.

٤- دەتوانن لە ڕێی گێڕانەوە یا خوێندنەوەی چیرۆکەوە.. پەیامێکی بە سوود و پیرۆزی دیاری کراو بە منداڵان بگەیەنن، بۆ نموونە چاندنی (کوردستان پەروەری) و دڵسۆزی و هاوبەستەبوون بۆ کورد و کوردستان.. هەستی خۆشەویستی و مرۆڤایەتی.

٥- چیرۆکەکانی پێش نووستن یەکەمین هەنگاوە، کە بتوانن لە میانەیانەوە کەسێتییەکی دروستی منداڵان بنیات بنێن و، بەها ڕەوشتییە بەرزەکان و جوانەکان لە دڵیاندا بڕوێنن. بۆ نموونە: چیرۆکێ دەربارەی (ڕاستگۆیی)، چیرۆکێ دەربارە (دڵسۆزی)، چیرۆکێ دەربارەی (نیشتمان پەروەری)، چیرۆکێ دەربارەی (قارەمانێتی پێشمەرگە) ... هتد.

٦- لە ڕێی خوێندنەوە و گێڕانەوەی چیرۆکەوە، زمانی منداڵان گەشە دەکات و کۆمەڵێک وشە و ڕستەی تازە فێردەبن و، فەرهەنگی وشەکانیان دەوڵەمەنتر و ڕەنگینتر دەبێت، لە وانەکانی قوتابخانەشدا، سوودێکی باش لەم وشە و ڕستە تازانەیان وەردەگرن.. بە تایبەتی گەر لە وانەی کوردیدا داوایان لێبکەن دارِشتنێک دەربارەی بابەتێک بنووسن.

٧- بە بەخشینی کاتێکتان بە خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکانتان.. ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت کە خۆشەویستن و بایەخیان پێدەدەن و ڕێزیان لێدەگرن.

٨- چیرۆک هێزی ئەندێشە و بیرکردنەوە لە لای منداڵان بەهێز دەکات.. چونکە چیرۆک و هەقایەتەکان، پڕن لە پەندی خۆش و بەسوود و لە مەتەڵ و لە مەبەست و گرێ.. وا لە منداڵان دەکەن کە بە قووڵی بیر بکەنەوە، شیبکەنەوە و وەڵامی مەتەڵەکان بزانن و، گرێکان بکەنەوە و لە چارەسەرکردنی کێشەکان را و بۆچوونیان هەبێ.. بۆیە بە وردی و بە ئارامی، تا کۆتایی لەگەڵ چیرۆکەکاندا دەڕۆن و گوێ دەگرن.. تا بزانن دوایی و دوایتر چی ڕوودەدات و، بەسەرهاتەکان دەگەن بە کوێ و بە چی..؟ ئەمەش یارمەتیی منداڵان دەدات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەی لۆژیکی بیر لە زنجیرەی ڕووداوەکان بکەنەوە.

٩- گەلێ لە هەقایەت و چیرۆکەکانی پێش نووستن کە دەربارەی کەسایەتییە ناودارەکان و وڵاتان و شوێنە مێژوویەکان و قارەمانانن، وەکو گەنجینەیەکی زانیاریی گشتی وان بۆ منداڵان، وەکو سەرچاوەش وان، بۆ ئەوەی ببن بە ئیلهامیان لە داهاتوودا.. بۆ نموونە: چیرۆکی (بەردە قارەمان) کە بۆتە شیوێنەوارێکی نیشتمانی پیرۆز و، بە سومبلێک بۆ شۆڕشگێڕێکی کوردستانی، بۆ یەکەمین مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموود)ی نەمر یا (ئەشکەوتی چەمی ڕێزان) وەکو یەکەمین بنکەی پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، یا چیای قەندیل، چیای ئاگری داغ، چیرۆکی نەبەردی پێشەوای نەمر (قازی محەمەد) لە بەردەم سێدارەدا.. پاڵەوانێتی سەرکردەی شۆڕشگێڕ، شێرەژن (قەدەمخێر)ی کوردستان پەروەر.. داستانی (دوانگزە سوارەی مەریوان) و... هتد.

١٠- خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکان بۆ منداڵان لە پێش نووستندا، تێکەڵ بوونی نێوان ئێوەی دایکان و منداڵەکانتان خۆشتر و بەهێزتر دەکەن.. کە لەگەڵ چیرۆکەکەدا بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە دەست بە سەریاندا دەهێنن.. بەم سۆز و گوزارشت کردنە تەزوویەکی سۆز و خۆشی و شادی و خۆشەویستی بە جەستە و دەروونیان دەبەخشن.

١١- گەر چیرۆک خوێندنەوە و گێڕانەوەی پێش نووستن، ببێت بە کارێکی شەوانەی ڕاهاتووی ئاسایی.. منداڵان لەسەری ڕادێن.. گەورەشبن خوێندنەوە لە پێش نووستندا دەبێت خوویەک و بە ئارەزوویان.. دواتریش لە هەر کاتێکی گونجاودابێت دەخوێننەوە.

١٢- خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکانی پێش نووستن.. منداڵان فێری ڕۆتین دەکەن، بە پێی کات، نەخشەدارێژی بۆ ژیان و کارە ڕۆتینییەکانی ڕۆژانەیان دەکەن.

١٣- توێژینەوە پراکتیکییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان لە پێش نووستندا، دەروون خۆشی و زەین تیژی و خەیاڵ فراوانی و گەشبینی و بڕوابەخۆبوون و هیواداری و توانای داهێنانیان پێدەبەخشن.. پەیوەندی نێوان دایک و باوک و مامۆستاکانیش زۆر بەهێز دەکەن. پزیشکی سایکۆلۆژیای ئەمریکی (ریتشارد ولفسون) کە چەندین کتێبی بۆ منداڵان نووسیوە، دەڵێ: لە وانەیە ئاسان نەبێت کە باوکان و دایکان، هەموو شەوێک کاتی ڕەخساوی تەواویان بۆ خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکانیان هەبێت.. بەڵام ئەوەی کە پێویستە بیزانن.. کە ساتەکانی چیرۆکی پێش نووستن ، یارمەتیی دروست بوونی پەیوەندییەکی بەهێز دەدەن،

لەگەڵ منداڵەکانیاندا.. ڕۆڵێکی گرنگیشیان لە گەشەکردنی ڕۆشنبیری و هۆش و دەروونی منداڵاندا هەیە.

١٤ هەندێ کەس وا دەزانن کە چیرۆکەکانی پێش نووستن تەنها هۆکارێکن بۆ خۆشی خستنە دڵی منداڵان و خاوبوونەوە و خەولێکەوتنیان.. بەڵکو ئەم چیرۆکانە ئاسۆی ڕۆشنبیری و ئەندێشەیی و بیری منداڵان فراوانتر دەکەن.. منداڵان وەکو ئیسفەنج وان، زۆر لەو شتانەی کە دەیان بینن یا لە گەورەکانەوە دەیان بیستن هەڵیان دەمژن.

١٥- چیرۆکەکانی پش نووستن توانای دەربڕین و گوزارشتکردنی منداڵان بەهێز دەکە توانای گفتوکۆ و دیالۆگ و ڕەخنە و سەرنج و بۆچوونیان بەهێز دەبن.

١٦- هۆکارێکی باشن بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی منداڵان بەرەو باشتر.. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک گۆشەگیر بێ.. وای لێدەکات لەگەڵ کەسانی تردا گفتوگۆ بکات.. یا ئەگەر منداڵێکی بزێو و زۆر جووڵە بێ، هێمن دەبێت و دادەنیشێ و گوێ لە چیرۆک دەگرێت.

١٧- چیرۆکەکانی پێش نووستن هاندەرەن بۆ ئەوەی کە منداڵان ئەرکەکانی قوتابخانەیان جێبەجێ بکەن، تا بە خۆشییەوە گوێ لە چیرۆکەکان بگرن و.. بە دڵنیاییشەوە بنوون.

١٨- گەر دایکان و باوکان بتوانن سوود لە چیرۆک و، لە داڕشتنی چیرۆکدا ببینن.. دەتوانن یارمەتی منداڵەکانیان بدەن و گرانترین بابەتیش لە بۆتەی چیرۆکدا دابڕێژن و، بە ئاسانی منداڵەکانیان تێبگەیەنن.. من وەکو مامۆستایەک، کە سێ ساڵ لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا، بە تایبەتیش وانەی (بیرکاری) م دەوتەوە.. تا ڕادەیەکی زۆر، سوودم لە داڕشتنی بابەتەکانی بیرکاری لە چوارچێوەی چیرۆکی ئاسان و ساکاردا، گرێدانیان بە ژیان و ژینگەی خودی قوتابییەکانم وەرگرت.. گرانترین بابەتی بیرکاری کە دەمخستە چوارچێوەی چیرۆکێکەوە.. قوتابییەکانم زۆر بە خۆشی و بە شەوق و بە پەرۆشەوە گوێیان لێدەگرتم و، بابەتەکەیان بە لاوە زۆر ئاسان دەبوو.. هەر خودی قوتابییەکانم و کەسانی سادەی گەڕەکەکەیان و ژینگەی نزیکی خۆیانم دەکردن، بە هەوێنی چیرۆکەکانم و، بە پاڵەوان و کەسێتییەکانی چیرۆکەکانم.. ئەم ئەزموونەشم بۆ وانەکانی تریش بەکاردەهێنا بۆ (کوردی، مێژۆ، زانیاری، جوگرافیا).. چیرۆک هۆکارێکی باش بوون.. بۆ منی مامۆستای فێرکەر و، بۆ قوتابییە

فێرخوازەکانم.

١٩- گـوێگرتن لە چیـرۆک لە لایەن منـداڵانەوە.. ئـارەزووی نووسـینیان دەخرۆشـێنێ لەوانەیە بە چیرۆکێـک یـا پەخشانێک.. گوزارشت لە بیرۆکەکانی خەیاڵیان بکەن.

٢٠- ئەو شتانەی کە ناوین و قەوارە و جەستەیـان نییە و نابینرێن.. دەتوانرێت لە میانەی چیرۆکەوە مناڵان لێیان تێبگەن.. بۆ نموون : ئـازایەتی، سەرکەوتن، دڵسۆزی، خۆشەویستی، راستگۆیی، دادپەروەری، یارمەتی، ئـازادی و ... هتد.

## چۆن چیرۆک هەڵـدەبژێرین؟

***١- ئەو چیرۆکانەی هەڵیان دەبژێرن و بۆ منـداڵەکانتان دەیـان خوێننەوە یـا دەیـان گێڕنەوە لە پێش نووستندا، پێویستە لە رووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە بە پێی تەمەنی منداڵان بن:***

* منداڵانی (٣ - ٦) سـاڵان، کە قۆنـاغی پێش چوونە قوتابخـانەیە.. یـا قۆنـاغی بـاخچەی سـاوایانە، پێویستە چیرۆکەکانیـان ئـاسـان و سـاکـاربن، لە رووی زمـان و دارِشـتنەوە.. ئەگەر کتێبێکـی چیرۆکتـان بـۆ ئەم قۆنـاغە هەڵـبژارد.. پێویسـتە وشـە و رسـتەکانی کەمبن.. زیـاتر بە وێـنەی رەنگاوڕەنـگ و جـوان رازانـرابێتنەوە.. لە ئامۆژگـاری و شکیشـەوە دووربـن.. منـداڵانی ئەم قۆنـاغە، حەز بە چیـرۆکە ئەندێشـەییەکان دەکەن، کە دەربـارەی ئـاژەڵ و بـاڵـندەن.. پێویستە چیرۆکەکان کورتبن و لە (٦ - ١٠) خولەک تێنەپەڕن.

* منداڵانی (٦ - ١٠) سـاڵان، حەزیـان لەو چیرۆکە ئەندێشـەییانەیە، کە پـاڵەوانەکانیـان سـەرکێش و، لە توانـا بەدەرن.. حەزیش بە چیـرۆکی وەرگێـڕاو لە زمانەکـانی تـرەوە دەکەن، کە سەرنـج راکێشـن و، زانیـاری بە سوود و خۆشیان لێوەردەگرن.

* منداڵانی (١٠ - ١٢) ساڵان، حەزیان بە چیرۆکی ریالیستی و ئەو چیرۆک و هەقـایەتانەیە، کە پـاڵەوانەکانیان کەسانێکی ئازا و جیدین.. حەزیش لە چیرۆکی سەرکێشی و لە داستانە فۆلکلۆری و میللی و مێـژووییەکانیش دەکەن .. بۆ نموونە چیرۆکەکانی: دوانگزە سوارەی مەریـوان، قەڵای دمـدم، کـوڕە ئـازاکە و ئەژدیهـاکە، کـاوەی ئـاسنگەر، داستانەکانی پێشمەرگەکانی کوردستان و... هتد.

٢- هەموو دایک و باوکێک چیرۆکنووس نین، تا بە پێی مەرجەکانی چیرۆکی منداڵان چیرۆکی شیاو بۆ جگەرگۆشەکانیان دابڕێژن.. دەتوانن لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا، چیرۆکی گونجاو و بەسوود هەڵبژێرن.. بە داخەوە تا ئێستا لە ئینتەرنێتدا، بە زمانی کوردی سایتێکی تایبەتیمان بۆ منداڵانی کوردمان نییە.

٣- دەتوانن لە بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکانی شارەکاندا، کتێبی چیرۆک بۆ منداڵەکانتان بخوازن باشتریش وایە (پسوولەی خواستنی کتێب) بۆ خۆتان یا بۆ منداڵەکانتان وەربگرن.. دەتوانن چەند کتێبێکی چیرۆکی منداڵان بۆ ماوەیەک بەرنەوە بۆماڵەوە. لە کتێبخانەکانی ئەوروپادا بۆ ماوەی مانگێکە دەشتوانن دووجار لەسەر یەکتری هەرجارەی بۆ مانگێکی تر تازەی بکەنەوە.

٤- دەتوانن لە نەنکان و باپیرەکان و کەسانی بە تەمەن، چیرۆک و هەقایەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکانمان وەربگرن و، بۆ جگەرگۆشەکانتانی بگێڕنەوە.

٥- لە زۆربەی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، کتێبخانە هەیە، کە مامۆستای زمانی کوردی سەرپەرشتی دەکا.. پێویستە قوتابخانەکان قوتابییەکانیان هانبدەن بۆ ئەوەی کتێبی چیرۆکی هەمەچەشنە بخوازن، یا خۆیان بۆیانیان بخوێننەوە.

٦- پێویستە لە هەر ماڵێکدا کتێبخانەیەک هەبێت.. بەڵکو پێویستە لە ژووری تایبەتی منداڵانیشدا، کتێبخانەیەکی قنج هەبێت.. بە کتێبی چیرۆکی خۆش بۆ منداڵان و بە گۆڤاری منداڵان و، بە کتێبی هەمە بابەتی ئاسان و ڕەنگاوڕەنگ بۆ منداڵان بیڕازێننەوە.. تا لە منداڵییەوە منداڵان هۆگری خوێندەنەوە ببن و، کتێب ببێت بە هاوڕێیان و.. بە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری و زانیارییان.

٧- ئەو چیرۆک و هەقایەتانە بۆ منداڵەکانتان هەڵبژێرن، کە بڕوا و متمانەبەخۆبوون و هیوا و گەشبینییان پێدەبەخشن و.. بە کۆتاییەکی خۆش و بە سەرکەوتن کۆتاییان دێن، فێری ئەوەیان دەکەن کە لە ژیاندا شکستی و سەرکەوتن هەیە.. فێریان دەکەن کە لە کۆشش و خەباتی بێوچان و خۆڕاگری و کۆڵنەداندا، شتێک نییە کە ناوی ئەستەم بێت.

٨- ناشبێت دایکان و باوکان تەنها هەقایەت و چیرۆکە کلاسیکی و فۆلکلۆرییەکان بکەن بە سەرچاوەیان.. بە سەدان چیرۆکی ریالیستی و جیهانی سەردەمیانەی تازەش هەن.. کە لەگەڵ ئارەزوو و توانا و حەز و خواستەکانی منداڵانی ئەم سەردەمەدا دەگونجێن.

٩- پێویستە بابەتەکانی چیرۆکە هەڵبژێراوەکان: چاکەخوازی، راستگۆیی، دەستپاکی، نیشتمان پەروەری، دڵسۆزی، رێزگرتن، یاسا سەروەری، پیاوەتی، هاوڕێتی، بەها بەرزەکان، رەوشت بەرزی، نەریتە جوانەکان، ئاراستە پەسەندەکانیان لە خۆگرتووبن.  سوکرات دەڵێ: "پەروەردەی رەوشتی بۆ مرۆڤ.. کرنگترە لە نان و لە جلەکانی.

١٠- بۆ لە کۆڵکردنەوە.. بە چیرۆکە تۆمارکراوەکانی سەر کاسێت و سیدی..  یا چیرۆکەکانی یۆتوب.. لە پێش نووستندا، بەو چیرۆکانە منداڵەکانتان هەڵمەخەڵەتێنن.

١١- هەردەمیش ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵەکانتان هەڵبژێرن.. کە هیوا و گەشبینییان پێدەبەخشن.. نەک ئەو چیرۆکانەی کە رەشبینی و بێ ئومێدیان پێدەبەخشن. رەچاوکردنی چەند فاکتەرێک لە خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکان.

***بۆ منداڵان.. لە پێش نووستندا:***

١- ئێوە لە هەموو کەسێک باشتر منداڵەکانی خۆتان دەناسن، کە لە چی دەترسن و لە چی قارس دەبن و رقیان لێدەبێتەوە.. بۆیە پێویستە ئەو چیرۆک و هەقایەتانەیان بۆ هەڵبژێرن کە خۆشی و شادی دەخەنە دڵییانەوە.. چیرۆکی ترسناک و توندوتیژییان بۆ هەڵمەبژێرن، یا ئەو چیرۆکانەی ئاژەڵ و دەعبای دڕندە و ترسناکیان تێدایە .. با خەونی ناخۆش نەبینن و، دووچاری ترس و مۆتەکە نەبن.. ئەگینا ترسنۆکیان لێدەردەچن.

٢- خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکانی پێش نووستن بۆ منداڵان.. پێویستە دایکان و باوکان یا هەر چیرۆکخوێنێکی تر.. بە شێوەیەکی هونەری و فەنتازی چیرۆکەکان و هەقایەتەکان پێشکەش بکەن. بە پێی رووداوەکانی چیرۆکەکان و رۆڵی کەسێتییەکان، بە پێی پێویست گۆڕانکاری لە دەنگەکانتاندا بکەن، دەستپێکی خوێندنەوەی چیرۆکەکان، بە هێمنی و نەرمی و هێواشی و، بەرەبەرەش دەنگەکانتان بەرز بکەنەوە.. لە کۆتایی

چیرۆکەکانیشدا دەنگەکانتان خاو بکەنەوە.. تا منداڵان هەست بەوە بکەن کە چیرۆکەکە لە کۆتاییەوە نزیک بۆتەوە.. ئەمەو جۆڵەی دەست و سەرتان و گۆڕینی دەموچاویشتان کاریگەری و جەژ بە منداڵانی سەیرکەر و گوێگر دەبەخشن. بۆ نموونە کە ڕووداوێکی ناکاوی دێتە پێشەوە.. چاوەکانتان بکەنەوە .. یا کە ڕستەیەکی وەک (بەرخە جوانەکە باعاندی).. دەتوانن ئێوەش لاسایی دەنگی بەرخ بکەنەوە و، بباعێنن.. بە کورتی پێویستە ئێوەی چیرۆکخوێن یا گێڕەرەوە، وەکو ئەکتەرێکی شانۆیی.. نواندن بکەن.

٣- باشتر وایە لە ژوورەکانی نووستنی منداڵەکانتاندا، چیرۆکەکانیان بۆ بخوێننەوە یا بگێڕنەوە.. دەبێت ژوورەکانیش ئارام بن.. تەلەفزیۆن و رادیۆ و ئینتەرنێت و هەر ئامێرێکی تری دەنگی بکوژێننەوە.. دەرگاکانی ژوورەکانیشیان بگرن.. بۆ ئەوەی منداڵەکانتان روانین و بیریان لە لاتان بێت لە کاتی پێشکەشکردنی چیرۆکەکاندا.

٤- ئەگەر منداڵەکانتان، لە هەندێ شەواندا، حەزیان لە خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆک نەکرد.. یا حەزیان لە جۆرە چیرۆکانێک نەکرد.. زۆریان لێمەکەن و ناچاریان مەکەن.. بە هەر حاڵ خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆک لە هەموو شەوێکدا لە پێش نووستن، دەبێتە خوویەکی دەق گرتووی و بە حەزێکی ئاسایی و رۆتین بە لای منداڵەکانتانەوە.

٥- چاوەڕوانی ئەوەش بکەن، کە لە کاتی خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا.. منداڵەکانتان دەربارەی رووداوەکان یا کەسێتییەکانی چیرۆکەکان پرسیارتان لێبکەن.. ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە.. ئەوە دەگەیەنێت.. کە تێکەڵ بە چیرۆکەکان بوونە و، بیر و هۆشیان لای ئێوەیە.. یا خۆتان لە میانەی خوێندنەوەی چیرۆکەکاندا پرسیاریان لێبکەن.. بۆ نموونە: لە دوای ئەوە.. لە منداڵەکانتان بپرسن، بە را و بۆچوونی ئێوە دوای ئەوە چیدەبێت..؟ یا قەلەڕەشەکە بیری لە چی دەکردەوە.. ؟.. لەم جۆرە. ئافەرین و دەمخۆشیش لە منداڵەکانتان بکەن .. کاتێک کە را و وەڵامێکی باش و جوان دەدەنەوە.. بەڵام زیادەڕۆیش لە ستایش و لە دەستخۆشی و ئافەرین کردنیان مەکەن.

٦- جار و بار لە هەندێ شوێنی چیرۆکەکاندا.. بە ئەنقەست راوەستن و بێدەنگ بن.. تا منداڵەکانتان پێتان بڵێن، درێژە بە خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکان بدەن.

٧- وریابن، ئەو جۆرە چیرۆکانەیان بۆ مەخوێننەوە، کە درۆ و فڕوفێڵ و ناپاکی و ترس و دوژمنکاری و چەقاوەسوویی و دزی و زیدەڕۆیی لە رادەبەدەریان تێدان.. چۆنکە لە جیاتی سوود و بنیاتنان.. زیانیان پێدەگەیەنن.. کاردانەوەیەکی نەرێنیان دەبێت و، لە رووی دەروونی و رەوشتیشەوە.. منداڵان لە رێ دەدەکەن و.. دەیان رووخێنن.. بۆ نموونە زنجیرە کارتۆنی خەیاڵی (گرین دایزەر) یا (بەرماڵی با) یا (پیاوی هەڵفڕ) یا (سوپەرمان) یا (عەلی بابا و چل دز) یا (دێوەکە و گۆڕنەتەڵە و براکانی) و... هتد.

٨- ئەگەر منداڵەکانتان، داوای دووبارە خوێندنەوەی یا گێڕانەوەی چیرۆکێکیان لێکردن.. بێزار مەبن.. بە پێخۆشحاڵییەوە، بە کەمێک گۆڕانکای لە خوێندنەوە و گێڕانەوەیان.. بە چەژ و تامێکی شیرینترەوە.. هەر وەکو ئەوەی کە چیرۆکێکی تازەیان بۆ بخوێننەوە یا بگێڕنەوە.. دووبارە و چەند جارە.. پێشکەشیان بکەنەوە.

٩- لەگەڵ پێکەنین و رووخۆشی و گەشی منداڵەکانتاندا.. ئێوەش وەکو ئەوان پێبکەنن و، رووی خۆتان خۆش و گەش بکەن.. تا منداڵەکانتان وا هەست بکەن، کە ئێوەش بەشداری هەست و نەست و خۆشی و ویژدان و دەروونیان دەکەن.

١٠- کۆتایی هەقایەت و چیرۆکەکانتان بە خۆشی و نەرمی و ناسکی کۆتایی پێبهێنن. داواش لە منداڵەکانتان بکەن.. کە ئەو مەبەستانە بدۆزنەوە کە ئامانجی چیرۆکەکە بوون.. پەندە جوانەکان و مەبەستە باشەکانیش، بە ژیانی منداڵەکانتانەوە گرێ بدەن.

١١- چەند جارێک لە کاتی خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بە ئەنقەست باوێشک بدەن و.. دەست بە دەمتانەوە بگرن.. وەکو ئەوەی کە خەوتان بێت.. ئەم شێوازە کاردەکاتە سەر منداڵەکانتان و.. لەوانەیە ئەوانیش خاوببنەوە.

١٢- لە کۆتایی چیرۆکەکاندا.. لە منداڵەکانتان بپرسن.. ئایا ئەگەر ئێوە لە شوێنی پاڵەوان یا کەسیەتییەکانی چیرۆکەکە بوونایە چیتان دەکرد..؟ سەرسامن بە کامیان..؟ لە کۆتاییدا.. وەکو دەڵێن: "فێربوون لە منداڵیدا.. وەک نەخشی سەر بەرد وایە.

١٠ی مارچی ٢٠١٦

## منداڵەکانتان بە گەشبینی پەروەردەبکەن.

لەوە جوانتر نییە کە رۆژەکانمان، بە زەردەخەنەیەکی گەشبینی ناسک دەستپێبکەین، بۆ ئەوەی ناخۆشی و ئازاراکانمان لە یادبکەین.. گەشبینی گوڕ و توانایەکی زیاترمان پێدەبەخشێت.. مژدەی داهاتوویەکی جوانتر و گەشتر و مەزنترمان دەداتێ.. گەشبینی هاندەر و پاڵنەرمانە بۆ کار و داهێنان و بەرهەمهێنان.. بڕوابەخۆبوونمان زیاتر دەکا..

وامان لێدەکات کە هەرگیز بێ هیوا نەبین و کۆڵنەدەین و.. درێژە بە رەوتی ژیانمان بدەین و، هەرگیز خۆمان بە دەستی بێزاری و بێ ئومێدییەوە نەدەین.

هەردەم گەشبین و کۆڵنەدەربن، گەر دوێنێتان لە دەستچووە، ئەمڕۆتان لە بەردەستدایە.. ئەمڕۆش بارگەی دەپێچێتەوە و دەڕوات.. پێویستە پێشوازی لە بەیانی بکەن.. خەم لە دوێنێ مەخۆن، رۆیی و ناگەڕێتەوە، بۆ ئەمڕۆش دڵتەنگ مەبن، ئەمڕۆش دەڕوات.. خەون بە خۆرێکی گەشەوە ببینن کە لە بەیانیدا هەڵدێت.. ئەوەش بزانن ژیان بەبێ خۆشەویستی و گەشبینی و هیوا، ژیان نییە.. گەشبینی کلیلێکی هەمیشەی شادی و ژیانێکی سەرکەوتووە.. گەشبینی بەشێکی گرنگە لە پێشکەوتنی بایۆلۆژیمان، لە پێناوی مانەوە لە ژیاندا، ئەمەش ئەوەیە کە زانای دەروونناسی (تیگەر) لە کتێبەکەیدا (بایۆلۆژی هیوا: ١٩٧٩) دا ئاماژەی پێکردووە.. جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە گەشبینی یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گۆنجان و یەکلایکەرەوە بۆ بوونی مرۆڤایەتی.. هەر بەپێی توێژینەوە دەروونییەکان ئەوە دەردەکەوێت، کە گەشبینی پەیوەندی بە گەلێ لایەنی ئەرێنی ژیانەوە هەیە، وەک: تەمەندرێژی، تەندروستی گشتی، تەندروستییەکی باشی دەروونی، بە دەستهێنانی سەرکەوتنێکی زیاتر لە کار و لە وەرزشدا، لە زووتر چاکبوونەوەی نەشتەرگەریی دڵ، لە ستراتیژییەکی کارا و بەهێز لە رووبەڕووبوونەوەی تەنگانە دەروونییەکان.. گەشبین هیچ شتێک بە ئەستەم نازانێت و.. لە تەنگانەترین کاتیشدا هیوای بە سەرکەوتن و رزگاربوون هەیە.. تەنانەت پێوندی دەستەکانیشی، بە بازنگی زێڕ دێتەبەرچاو.. گەشبین لە ناوەڕاستی تاریکیدا، تروسکەیەکی رووناکی دەبینێت.. هەردەمیش لە پێشی خۆی دەڕوانێت و.. ئاوڕ لە دواوە نادات .. گەشبین ئەگەر بکەوێتە دەریایەکیشەوە، خۆی بە پووشێکەوە دەگرێت و هیوای بە رزگاربوون هەیە.

بە کورتی گەشبینی هیوای لێدەبێت.. هیواش کاری لێدەکەوێتەوە.. کارییش ژیانی لێدەبێت.. گەشبینی و هیواش هاودەمی هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤن.

*(هیلین کیلەر) دەڵێ: گەشبینی ئەو باوەڕەیە کە بەرهەمی دەبێت، هیچ شتێکیش بەبێ هیوا و بڕوا نایەتەدی.*

***گەشبین دەڵێ: نیوەی پەرداخەکەم پڕە.. ڕەشبینیش دەڵێ: نیوەی پەرداخەکەم بەتاڵە. ڕەشبین سڵ لە گوڵ دەکاتەوە کە دڕکی هەیە، گەشبین لە گوڵی سەر دڕکەکە دەڕوانێت.***

**(جین هاوەرد) دەڵێ: گەشبین گوڵ دەبینێت.. ڕەشبینیش دڕک دەبینێت.**

گەشبینی لەوە زیاترە کە تەنها بیرۆکەیەکی ئەرینی بێت.. بەڵکو خووگرتنە بە بیرۆکەی ئەرێنییەوە.. گەشبینی بریتییە لە ئارەزوو و لە پەرۆشی بۆ روانین لە باشترین دۆخ و رووداوەکان، لە پێشبینی کردنی باشترین ئەنجامیش.. بێگومان گەشبینی باوەڕێکی ناخی و ڕەوشتێکی گرنگی هەموو سەرکەوتوویەکە.. ڕەوشتێکە کە پیاوانی شکۆدار بنیات دەنێت.. گەشبینی رووناکییە لە تاریکیدا.. دەروازەی دەربازبوونە لە تەنگانەدا.. هیوا لە شکستیدا .. ئەوە گەشبینییە کە گرێکان دەکاتەوە و، کێشەکان چارەسەر دەکات و.. خەمەکان خامۆش دەکات و.. ئازارەکان سارێژ دەکات.

**ئەوە گەشبینییە کە پێمان دەڵێ: لە پاش تەنگانە خۆشییە.**

زۆر لە توێژەران ئەوەیان سەلماندووە، کە مرۆڤی گەشبین کەمتر هەست بە تەنگەژە دەکات و، زیاتر سەرکەوتووە و، تەندوستیشی باشترە و، لێو بەخەندە و رووخۆش و دڵخۆشە.. بە پێچەوانەی مرۆڤی ڕەشبینەوە، هەردەم دڵتەنگ و رووگرژە و، کورد وتەنی: دەڵێی بارە ترشی کەوتۆتە ئاوەوە، بە چاوێلکەیەکی تاریکەوە لە ژیان دەڕوانێت.. لاوازە لە رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و، بەرگەی تەنگانە ناگرێت و تا رادەیەکیش دوودڵ و ترسنۆکە و دەشەڵەژێ.

*(نیکۆلاس ماری بوتلیر) دەڵێ: گەشبینی بنەمای ئازاییە.*

دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان "منداڵەکانتان بە گەشبینی پەروەردە بکەن.

منداڵان کە لەدایک دەبن، پڕن لە گەشبینی.. منداڵان لە میانەی پەیوەندییەکانیان بە دایک و باوکیانەوە، بە تایبەتیش بە دایکیانەوە.. فێری گەشبینی و ڕەشبینی دەبن. پەروەردەکردنی منداڵان بە گەشبینی، وا لە منداڵەکانتان دەکات کە هەردەم باوەڕیان بە سەرکەوتن هەبێت و درێژە بە سەرکەوتنەکانیان بدەن.. بە چاوی هیواوە لە ئاینده بڕوانن.. لە بڕیاردانـدا، ئەوە دەردەخەن کە بەهرە و توانایەیان تێدایە، ئەو ئیرادە بە هێزەیان هەیە کە ڕووبەڕووی تەگەژە و بەرهەڵستییەکان ببنەوە.. منداڵانی گەشبین شادترن و، تەندروستییان باشترە و، ئازاتر و بڕوابەخۆترن لە هاوڕێیانی ڕەشبینیان.

*(لویس ئەمۆجین) دەڵێ: منداڵان کە لە دایک دەبن کەسانێکی گەشبینن.. ئێمە تێڕوانینی گەشبینیان بۆ ژیان، خاودەکەینەوە و دەگۆڕین.*

بۆیە پێویستە لەسەر دایکان و باوکان، هەوڵێکی تایبەتی بدەن بۆ ئەوەی تۆی گەشبینی و هیوا لە دڵی منداڵەکانیاندا بڕوێنن. فێریان بکەن کە هەمیشە بە ئاسایی و ئاسانییەوە، ڕووبەڕووی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان ببنەوە.. پێویستە خۆیان هەردەم گەشبینبن و، ببنە نموونەیەکی گەشبینی باش بۆ منداڵەکانیان.. تەنانەت ئە گەر خرۆشی گەشبینی ڕەمەکیش لە منداڵاندا نەبێت.. دەتوانن گەشبینی وەرگرن و فێربن.

هەندێ لە دایکان و باوکان هەڵدەکەن و، لە بڕوا و توانای منداڵەکانیان کەم دەکەنەوە، وەک پێیان دەڵێن: خوێندنی ئەمساڵتان لە پار قورسترە، بە چاوتاندا دیارە کە ئەمساڵ دەرناچن، مردوو لە گۆڕستان زیندوو بێتەوە، ئێوە دەرناچن، چونکە ئێمە لە ئێستاوە دەزانین کە لە تاقیکردنەوەکاندا دەرناچن.. لەم شێوە رستانەی کە هەندێ لە دایکان و باوکان دەیڵێن.. کاریگەرییەکی نەرێنی خراپیان لەسەر منداڵان هەیە و، توانا و وەرەیان دەڕووخێنن و، تووشی بڕوابەخۆنەبوون و ڕەشبینی و بێ هیواییان دەکەن.

پزیشکی بە ناوبانگ، توێژەنەر و زانای دەروونناسی، دکتۆر (مارتن سیلگمان)ی نووسەری کتێبی "منداڵی گەشبین" دەڵێ: گەشبینی تەنها وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی خودی نییە.. بەڵکو دەشێ گەشبینی جۆرێک بێت لە دەروونپارێزی لە دژی کۆمەڵێک لە کێشەکانی ژیان "لە بارەی ڕەشبینیشەوە سیگمان دەڵێ: نەخۆشییەکە دەبێتە هۆی تووشبوون بە

خەمۆکی.

(مارتن سیلگمان) توێژینەوەیەکیشی لەسەر سێ هەزار منداڵ ئەنجامدا، کە تەمەنیان لە نێوان (٩ - ١٤) ساڵان بوون.. ئەوەی بۆ دەرکەوت کە (لە سەدا نۆ)ی منداڵان دانیان بەوەدانا، کە تووشی خەمۆکی بوونە.. ئەو منداڵانە بوون کە ڕەشبین بوون.

(مارتن سیگمان) ئاماژەشی بەوە کردووە، کە زیاتر لە هەزار لێکۆڵینەوە - کە لەسەر نیو ملیۆن منداڵ و گەنج ئەنجام دراون - ئەوە دەرکەوتووە کە خەڵکانی گەشبین، کەمتر تووشی خەمۆکی دەبن و.. خولیای سەرکەوتنی زیاتریشیان هەیە.

ای مای ٢٠١٦

## نێرگزی چییە و ؟ چون منداڵەکانتان لە نێرگزی دەپارێزن؟



لە ئەمڕۆدا، زۆر دەربارەی (نێرگزی) دەبیستین، دەڵێن فڵان کوڕ یا فڵانە کچ نێرگزییە.. زیاتریش لە نەخۆشییەکانی تر، پزیشکانی دەروونی و دەروونناسان پێوەی سەرقاڵن.. بە دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پراکتیکی و تاقیکردنەوەی زانیاری لە لایەن پسپۆران و شارەزایانی ئەم بوارەوە ئەنجام دراون.. جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە کە تووشبووان بە نێرگزی لە جیهاندا لە زیادبووندایە.. بە زۆریش لە نێو لاواندا، بە تایبەتیش لە نێو لاوانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا.. شارەزەییان ڕێژەی تووشبووان بە نێرگزی لە (١ %) دادەنێن.. ئەم

رێژەیەش بە پێی وڵاتان و چۆنییەتی گۆشکردن و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی و رێنمایی و ئاراسەکردنی منداڵان و، باردۆخی خێزانی و، ژینگەی کۆمەڵایەتی و، ئابووری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە.. تەنانەت پلەی تووشبوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیوازی هەیە.

## نێرگزی چییە..؟ ئەم زاراوەیە لە چییەوە هاتووە..؟:

نێرگزی زاراوەیەکە، بە واتا زیادەڕۆیی لە خۆخۆشەویستی و سەرسامبوون بە خود، تا رادەی خۆئەویندارى.. زیادەڕۆییە لە بە خۆنازین و لە گەورەکردنی چەمکی خود.. نێرگزی هێندەش خۆی بە باڵا و گەورە دەزانێت تا ئەو رادەیەی کە بە (شێتی گەورەیی) ناودەبرێت.. زەقترین دیاردەی تووشبووش بە نێرگزیش (خۆپەرستی) و (کەس نەویستی) یە. سەر زمان و بن زمانی نیرگزی، لە قسە و باس و وتەکانیدا، دووبارەکردنە و دەبارەکردنەوەی وشەی (من) ە.. (من و دوایش هەر من.. منی باڵا.. منی نموونەیی.. منی پێشەنگ.. منی هەموو شتێک و... هتد) .. کەسی نێرگزی لە هەموو شتێدا خۆی بە: جوانترین، یەکەمین، باشترین، گەورەترین، بلیمەترین، داناترین، بە تواناترین، شارەزاترین، جیاوازترین، بێوێنەترین و... هتد، کەس دەزانێت.. نێرگزی کەسێکی ئیرەیببەر و، هەلپەرست و، بەرژەوەندیپەرست و، دووڕوو و، درۆزن و، سفلەیە و، بێشەرمە و، هەڵەشەیە و، خەیاڵبازە و، هەرزەگۆیە.. رێز بۆ کەس دانانێت، هەمووان لە خۆی بە نزمتر و، بە کەمتر و، بە خزمەتکاری خۆی دەزانێت.

دەبێت دان بەو راستییەشدا بنێین، کە کەم یا زۆر، لە بوارێکدا یا زیاتر، نێرگزی لە هەمووماندا هەیە.. نێرگزی بەشێکی سروشتییە لە دەروونی هەموو مرۆڤێکدا.. خۆخۆشەویستی و بڕوا بەخۆبوون بۆ هەموو کەسێک پێویستە.. بەڵام پێویستە تەنک و بچووک بکرێتەوە و، لە خۆبایبمان نەکات و لووتی خۆمان بە کێوی (قەندیل) دا نەکێشین .. پێویستە گرێدراوبێت بە لۆژیکی کۆمەڵایەتی و رەوشتییەوە.. چونکە زیادەڕۆیی لە خۆخۆشەویستیدا خۆپەرستییە، لە رادەبەدەر بە خۆنازین و خۆبەگەورەزانین، هۆکارن بۆ دروستبوونی کەسێتی نێرگزی، کە توانای بە کۆمەڵایەتی بوونی نییە.

نێرکزی یەکێکە لە قۆناغەکان و، هەموو کەسێک بەم قۆناغەدا تێدەپەڕێت.. لە ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا.. منداڵانی بچووک خۆیان بە تەوەر و ناوەندی بایەخپێدان و خۆشەویستی دەزانن، بە ئەوان بێت هەمووان ئاوڕ لێبدنەوە و خۆشیان بوێ و لە خزمەتیدابن. بەڵام دوای چەند ساڵێک ئەم حەزیان کاڵدەبێتەوە و.. خەڵکانی تر

بە تەوەر و ناوەند دەزانن و، خۆشیان بە تاکێکی کۆمەڵ دەزانن.. واتا مرۆڤ بە خۆخۆشەویستی دەستپێدەکات و، لە دوایش کەسانی تری خۆشدەوێت.

ریـژەی نێرگـزی لە نێـو کچانـدا لە قونـاغی هەرزەکاریـدا، لە کـوڕان زیـاترە.. رۆژانە کچـانی ئەم قۆنـاغە دەچـنە بەردەم ئاوێنە و لە خۆیان دەڕووان.. بەڵام لە دوای شووکردن و منداڵبوونیان، نێرگزیان نامێنێت.. ئاسیی دەبنەوە .. کەمتر لە کوڕان مۆرکی نیرگزیان تێدا دەمێنێتەوە.

یەکەمـین کەس کە لە رووی دەروونیـیەوە، زاراوەی نێرگـزی بەکارهێنـا، شـرۆڤەکاری دەروونـی، زانـای نەمسـاوی (سیجمۆند فرۆید) بوو، لە ساڵی (١٩٠٥) دا، فرۆید دامەزرێنەری قوتابخانەی شیکارە دەروونییەکانە.. فرۆیـد هەر لە ئەفسانە یۆنانییەکەوە زاراوەی نێرگزی وەرگرتووە.

فرۆیـد بە واتـایەکی دیـاریکراو نێرگـزی بەکارهێنـاوە، ئەوەیە کە هەر هەمووومـان ئـارەزووی نێرگـزی یـا خۆخۆشەویسـتیمان هەیە.. ئەمە حەزێکـی سروشـتییە و پێویسـتە تێربکرێـت.. ئەمە قۆنـاغێکە لە قۆناغەکـانی گەشەکردن.. لە دواییدا پێشدەکەوێت بۆ خۆشەویستی کەسانی تر.

سایکۆلۆژیای خودیش لە هیچە ناڕویت، چونکە دەروون (نـاخ) بەبـێ دەرەوە هیـچ قەوارەیەکـی نییە، خـودیش لە میـانەی تـێکەڵاوی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکـات.. بەڵام کـاتێ کـار بگـاتە ئەوەی، کە ئەو کەسـە هەمـوو جیهـانی دەرەوە لە خۆیدا بەدیبکات.. تەنهاش بەرژەوەندی خۆی بوێت.. ئەم کارە دەگۆڕێت بۆ زیادەڕۆیی و خۆبەگەورەزانین و دەرچوون لە قەوارەی خۆی لەسەر حیسـابی کەسـانی دەوروبەردا، بەبـێ هیـچ بنەمـایەکی بـابەتی.. لەم دۆخەدا دەشێ ئەم کەسە بە کەسێتیەکی نێرگزی ناوبەرین.

کەسێتی: بـریتییە لە لە کۆمەڵە خەسڵەتێکی جەستەیی و دەروونـی (بۆمـاوە و وەرگیـراو)، لە داب و نەریتەکـان، بەهاکان، سۆزداری، پاڵنەرەکان، ئارەزووەکان، ئامادەباشییەکان، بیرورِا، باوەڕەکان، بیرۆکەکان، تواناکان، هۆش .. بە تێکەڵبوونی ئەم پێکهاتانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کەسێتی مرۆڤی سروشتی پێکدەهێنن.. یـا بە واتـایەکی تـر، کەسێتی تـاک، لە هەڵویستە جیاوازەکانـدا و، لە سیما بایولۆژییەکـانی کەس و، لە رەوشـتە گشـتییەکان و، تایبەتییەکان پێکدێت.. لەم رووەشەوە هەریەکە لە پێگەیاندنی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی دروست لە منداڵیدا،

ژینگەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانی و... هتد. کاریگەری و رەنگدانەوەیان لە بنیاتنانی کەسێتیدا هەیە.. بۆ نموونە ئەوەی کە لە ئەورووپادا دەژی، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەژی، لە رووی زمان، نەریت، هەڵسوکەوت، کولتوور، ئازادی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و شتی تر.

ئەگەر پێکهاتەیەک یا چەند پێکهاتەیەکی مرۆڤ تێکبچن، ئەو مرۆڤە تووشی شەڵەژان و نەخۆشی دەبێت.. رەفتاری جیاواز و دژەباو سەریان لێ هەڵدەدەن.. کارێکی ئاسانیش نییە، کە بتوانین بە ئاسانی رەفتار و هەڵسوکەوتە ناسروشتی و ناباوەکانی مرۆڤ هەڵبسەنگێنین.

## وشەی نێرگزی لە چییەوە هاتووە؟

(زاراوەی (نێرگزی) لە یەکێک لە ئەفسانە یۆنانییە کۆنەکانەوە هاتووە، ئەفسانەکەش بە چەند شێوەیەک دەگێڕنەوە و بە چەند شێوەیەکیش دارێژراوە، بەڵام هەموویان لە مەبەستێدا یەکدەگرنەوە، بە کورتی شێوە باوەکەی ئەفسانەکەتان بۆ دەگێڕینەوە.. تا بزانن کە نێرگزی لە چییەوە هاتووە.

(کیفیسۆس) ی رووبار و، پەرییەکی شین بە ناوی (لیرۆب) هاوسەرگیرییان کرد، کوڕێکیان بوو، ناویان (نارسیسۆس) یا (نێرگیسۆس).. کوڕێکی زۆر جوان نازدار و شیرین بوو.. بەڵکو لە جوانیدا لە رادەبەدەر بێوێنە بوو.. ژنە فاڵچییەک کە ناوی (تریزیاس) بوو، ئاگاداری کردنەوە ئەگەر نێرگیسۆس بیبەوێت تەمەنێکی درێژ بژیت.. نابێت بە هیچ کلۆجێک لەسەر رووی ئاودا سەیری رووخساری خۆی بکات.. ئەگینا دەستبەجێ دەمرێت.

کە تەمەنی (نێرگیسۆس) گەیشت بە شانزە ساڵان، بوو بە هەرزەلاوێکی جوانی ئەوتۆ.. بە دەیان کچ ئەویندارى بوون.. لە ناو ئەو کچانەدا، پەرییەک بە ناوی ئیکۆ :دەنگدانەوە" کە کچێکی زۆر جوان بوو.. ئیکۆ لە رادەبەدەر ئاشق و شەیدای خۆشەویستی نێرگیسۆس بوو.. بەڵام نێرگیسۆسی لەخۆبایی، خۆشەویستییەکەی رەتکردەوە و ئاوڕی لە ئیکۆ نەدایەوە.. ئیکۆ لە سوێدا، رۆژ لە دوای رۆژ لەڕ و لاواز وبێهێز دەبوو.. تا رۆژێ کەوت و مرد.

بەڵام (ئیفرۆدێت)ی خواوەندی خۆشەویستی و جوانی ، سزایەکی سەختی نێرگیسۆسی دا، بەوەی کە نێرگیسۆس

کەوتە داوی خۆشەویستیی خۆیەوە، لە رادەبەدەر سەرسام و ئەویینداری خۆی بوو.. ئاگای لە دنیا نەما.. رۆژی چووە دیار گۆلە ئاوێک و وێنەی رووخساری خۆی لەسەر ئاوەکە بینی هێندەی تر هۆگر و سەرسامی خۆی و وێنەکەی بوو .. ویستی باوەش بە وێنەکەیدا بکات.. کەوتە ناو گۆلەئاوەکەوە و خنکا.. بەڵام خواوەندەکان بۆ بیرەوەری، لاشەکەی نێرگیسۆسیان کرد بە گوڵێکی پەلک سپی و چاوزەردی زۆر جوان و بۆنخۆش، لە رۆخی گۆلەئاوەکەدا رووا و، خۆی لارکردەوە لە ئاوەکەی دەڕوانی، ئەم گوڵە هەر بە ناوی نێرگیسۆسەوە بە (نێرگز) ناودەبرێت.

لە کوردستانی شیرینی ئێمەش، نێرگز بە شاگوڵ و بە سیمبول و بە مژدەبەخشی بەهاری رەنگین و قەشەنگی کوردستان ناسراوە.. جوانترین گوڵێ کوردستانە.

بۆیە ئێستاش هەرکەسێک، زیادەڕۆیی لە خۆخۆشەویستی و، لە خۆهەڵنان و، لە خۆهەڵکێشان بکات و، پۆز لێبدات و، هەر خۆی بە شایانی هەموو شتێک بزانێت و.. کەسانی تر بە کەمتر لە خۆی بزانێت.. لە راستیشدا شایەنی ئەم ستایش و هەڵنانە نەبێت.. پێی دەڵێن کەسێکی نێرگزییە.

## دیاردەکانی تووشبوون بە نێرگزی:

١- کەسێتی نێرگزی لە رادەبەدەر سەرسامی خۆیەتی و ، خۆی زۆر خۆشدەوێ و خۆهەڵکێشە و لەخۆباییە و خۆپەرست و کەس نەویستە و لووت بەرزە و خۆی لە هەموو کەسێ بە زیاتر دەزانێت.
وشەی (من) پانتاییەکی زۆر لە قسەکانیدا دەگرێتەوە.
٢- وا دەزانێت لە هەموو کەسێک جوانتر و شۆخ و شەنگترە.. بە ڵکو خۆی بە شاجوانی جیهان دەزانێت.. وا هەست دەکات هەموو جوانی جیهان لە ئەودا کۆبۆتەوە.
٣- هەست بەوە دەکات کە ئەم تەوەری هەموو باسەکانە.. پێویستە هەموو کەسێ رێزی لێبگرێت.
٤- وا هەست دەکات کە هەموو شاعیران و پەخشاننووسان و نووسەران تر ئیلهام لە جوانی و لە بەهرەکانی ئەمەوە وەردەگرن.. بیرۆکەکانی ئەمەیان کردۆتە هەوێنی نووسینەکانیان.
٥- خۆی بە بلیمەترین و بە شارەزاترین کەس لە هەموو بوارەکاندا دەزانێت.. دان بەوەدا نانێت کە کەس لەم زیرەکتر و بلیمەتر و شارەزاتر و داناتر هەبێت و، بتوانن شان لە شانی ئەم بدەن.
٦- زۆربڵی و چەنبازە.. قسە بە بەرانبەرەکەی دەبڕێ و.. قسەش هەردەبێ قسەی ئەم بێت.

٧- زیادەڕۆیی لە هەڵنانی بەهرە و توانا و کارەکانی دەکات.. گەر شتێکی ساکار و ئاسایشی ئەنجامدابێت.. زیاد لە پێویست هەڵی دەنێت.. هەردەم شتەکانی خۆی بە باشتر دەزانێت.

٨- خۆی بە جیاواز دەزانێت.. وا هەست دەکات لە هەموو کەسێ جیاوزتر و تایبەتی ترە.

٩- بەرژەوەندی پەرستە و، پەیوەندییەکانی و زمانلووسی لە پێناوی مەرامەکانیدایە.. یەگینا لە دڵەوە ئەو لەخۆی زیاتر کەسی تری خۆشناوێت.

١٠- کەسێتی نێرگزی، چکۆسییە (حەسوودە).. ئیرەیی بە هەموو کەسێک دەبات.. حەز بە سەرکەوتن و پێشکەوتن و هەبوونی کەس ناکات.

١١- نیرگزی سەرکەوتوو نییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، تەنها ئەوکەسانەی دەوێت کە دەستەمۆی بیر و باوەڕی ئەمن.

١٢- نێرگزی وشک و سارد و سڕە و، کەم پێدەکەنێ و، سۆز و بەزەیی بۆ کەس نییە.

١٣- هەڵەشە و هەرزەگۆیە و قسەی زەق و ناخۆشە.. بۆیە کەس بە ئاسانی هاوڕێتی ناکەن.

١٤- خەیاڵبازە و لە جیهانێکی خەیاڵی و زیندەخەوندا دەژی، بە خەیاڵ دەیان پرۆژە بنیات دەنێت.

١٥- وا هەست دەکات کە نموونەییە و دەبێت هەردەم یەکەمین بێت و لە پێشەوەی پێشەوەدا بێت.. دەبێت هەردەم سەرکەوتووبێت و، دۆڕاندن و شکستی قبوڵ ناکات.. رووحێکی وەرزشی نییە.

١٦- هەرگیز گلەیی و رەخنە و لۆمە لە کەس قبووڵ ناکات و کەلەڕەقە و دان و هەڵەکانیشدا نانێت.

١٧- ئامۆژگاری و رێنمایی لە کەس وەرناگرێت.. تەنانەت گەر نزیکترین کەسیشی بن.. چونکە ئەمە بە نەنگی دەزانێت و.. خۆی لە ئاستێکدا دەزانێت کە لە هەموو کەسێ زاناتر و داناترە.

١٨- حەز بە خۆدەرخستن وخۆبردنە پێشەوە دەکات.. بۆ ئەوەی سەرنجی بدەنێ و لێیبڕوانن.

١٩- شەیدای پایە و پلە و دەسەڵاتە.. بۆ ئەم مەبەستەش رێگای چەوتیش بێت دەیگرێتەبەر.

٢٠- رووگرژ و مۆنە و.. تا رادەیەک رەشبین و بێ هیوایە.

٢١- هۆشیاری دەروونی نییە، تا بتوانێت رووبەڕووی کێشەکانی بێتەوە.

٢٢- سفڵەیە و چاکە و پیاوەتی لەبەرچاو نییە.

٢٣- رەزیل و چاوچنۆکە و بەخشندە نییە.. هەمیشە دەیەوێت وەردەبگرێت و نەبەخشێت.

٢٤- حەز بە زیانی کەسانی تر دەکات.. حەزدەکات نەخۆش بکەون، بمرن.. بە بۆچوونی ئەو، تا کەسانی جیاوازی وەکو ئەو هەڵنەکەوێت.

٢٥- بێ بەڵێن و درۆزن و فشەکەریشە.. جێی بڕوا و متمانەی خەڵکی نییە.

٢٦- بۆ ئەوەی جێی سەرنجی کەسانی تربێت.. ئارایش دەکات و خۆی جوان دەڕازێنێتەوە و.. جلوبەرگی جوان لەبەردەکات و..  بۆنی خۆش بە خۆیەو دەکات.

٢٧- ئەگەرچی نێرگزی لە رووکەشدا وا خۆی دەردەخات کە باوەڕی بە خۆی هەیە.. بەڵام لە راستیدا هەست بە بێ نازی و بە بێ خوشەویسی و بێ دڵنیایی دەکات.

٢٨- لە پاڵ نێرگزیشدا ، هەندێ نەخۆشی تر و، تووشبوونی نەخوازراوی تر سەری لێهەڵئەدەن وەکو: خەمۆکی، دوودڵی، گۆمان، خووگرتن بە مەی خوارنەوە، بە مادده هۆشبەرەکان، گۆشەگیری.

٢٩- نێرگزی کەسێتییەکی هەستیارە و بە سادەترین شت تووڕە دەبێت.

## چۆن منداڵەکانتان لە تووشبوون بە نێرگزی دەپارێزن؟

هەموو منداڵان لە قۆناغەکانی یەکەمی گەشەکردنی تەمەنیاندا نێرگزیان تێدایە، بەڵام ئەم جۆرە نێرگزییە کە لە قۆناغی منداڵیدا هەیە، ئاسایی و سروشتییە، ئەمەش ئاماژە نییە کە ئەم منداڵە تووشی نێرگزی بووە.. منداڵان لەم قۆناغەدا هەست بە گرنگی خۆیان دەکەن و، واش هەست دەکەن کە تەوەری هەموو شتێکن و، جیهان بە دەوری ئەوەندا دەخولێتەوە.. منداڵان لەم قۆناغەدا، شتەکانی خۆیان زۆر خۆشدەوی و دیان پارێزن، حەزیش دەکەن ببن بە خاوەنی هەموو شتێک، بە خاوەنی دایک یا باوکیان، بە بابەتەکانی یارییەکانیان، دەبینین دەڵێ: هەر هەموو شتێک هی منن، ئەمە و ئەوە، هی منن،...) بە هەرشێوەیەکیش بێت حەزدەکەن کە سەرنجی دەوروبەرەکانیان بە لای خۆیاندا رابکێشن.. لەم قۆناغەدا (من) لایان بەهێزە، خۆیان زۆر خۆشدەوێت.. لەگەڵ گەورەبوونیاندا دوای چەند ساڵێک، رادەی خۆخۆشەویستییان کاڵدەبێتەوە و، تێگەیشن و هەست و سۆزداریان گەشەدەکات و، بازنەی سۆزداری و خۆشەویستییان فراونتر دەبن و، خۆخۆشەویستییان دەگۆڕێت بۆ گشتخۆشەویستی، لە سەرەتاوە دایک و باوک و خوشک و برا و، خزم و کەسوکاریان  خۆشدەوێت.. ئینجا دراوسێ و هاوڕێ و کۆمەڵگا و نیشتمان و، هەموو جیهانیان خۆشدەوێت.

گۆڕانیش لە سۆزداری و خۆشەویستییان، دەگەڕێتە و بۆ گەشەکردنی هۆش و هەستیان، بۆ تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵ و، بە کۆمەڵایەتی بوونیان، زۆر رەفتار و شت لە کۆمەڵگاوە وەردەگرن.. ئەم دیاردانەش دەبنە خەسڵەتە سروشتییەکانی کەسێتییان.

بەپێی (تیۆری رەوشتی تازە) کە هەریەکە لە (دۆلار و میلەر) قسەیان لەسەر کردووە، لە بارەی پکهێنانی رەفتارەکانی منداڵان، ئاماژەیان بە گرنگی ساڵانی یەکەمی ژیانی منداڵان کردوون، چونکە قۆناغەکانی یەکەمی ژیانی منداڵی زۆر گرنگن بۆ پێکهێنانی کەسێتی ئایندە. لێرەدا (دۆلار و میلەر) هاوڕان لەگەڵ تیۆری شیکاری دا، جیاوازیشن لە گەڵ (فرۆید) دا، پەیوەندی بەوەوەشەوە هەیە کە دەکرێ رەوشت لە ئایندەدا راست بکرێتەوە. مەترسی لەوەدایە، لە ئەنجامی چەند هۆکارێکی نەرێنی و، پەروەردەیەکی سەقەتدا، ئەو نێرگزییە سروشتی و ئاساییەی منداڵان، درێژەی پێبدەن و بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغەکانی هەرزەکاری و کامڵی و، ببێتە نەخۆشی نێرگزی و، دروستبوونی کەسێتی نێرگزی.

## هۆکارەکانی بە نێرگزی بوونی منداڵان:

ئاماژە بە گرنگترین ئەو هۆکارە نەرێنییانە دەدەین کە دەبنە هۆی بە نێرگزی بوونی منداڵان:

١- هۆکاری پەروەردەیی: نابەڵەدی و نادروستی لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، لە ماڵەوە و لە قوتابخانەدا کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر ژیانی منداڵان لە ئەمڕۆ و لە داهاتوویان دەبێت.. توندوتیژی و سەرکوتکردن و سەرکوێرکردن، لۆمە و سەرزەنیشتی نابەجێ و، بڕوانەکردن بە توانای منداڵان.. ئەمانە رەفتاری نەرێنین و منداڵان هەست بەوە دەکەن کە کەس خۆشیان ناوێن و رێزیان لێناگیرێت.. دەبێتە هۆی ئەوەی پێویستییان بە ستایش و هەڵنان هەبێت.. بەشێکی زۆری منداڵان قوربانی پەروەردەیەکی سەقەتن.. بە تایبەتیش لە لایەن دایکان و باوکانەوە.. تا ئەمڕۆش بەشێکی زۆری خێزانەکان پەیڕەوی (پەروەردەی سەپێنەر) دەکەن.. دایک و باوک و مامۆستاکان چییان بوێت، دەبێت منداڵەکان و قوتابییەکانیان ئەوە جێبەجێ بکەن.. گوێ بە خواست و ئارەزوو و توانای جەستەیی و دەروونییان نادەن.. کاتێک کە منداڵان بڕوایان بە خۆیان نەمێنێ و رێز لە حەز و بەهرە و تواناکانیان نەگرن.. کوێرانە گوێدێری داواکارییەکانی گەورەکانیان دەبن و، ناچاردەبن جێبەجێیان بکەن.. دەترسن و هەست بە کەموکوڕی دەکەن و.. هەموو دەسەڵاتدارێکیش بە خۆسپێن دەزانن.. لەم شێوازە پەروەردە نادروستەدا، هەموو شێوازەکانی توندڕەوی لێدەکەوێتەوە.

بۆیە پێویستە هاوسەنگی لە پەروەردەکردنی منداڵاندا پەیڕەوی بکەن، بەپێی توانا راستییەکانیانی منداڵەکانتان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و بواری گەشەکردن و پێشکەوتنیان بۆ بڕەخسێنن.. بۆ ئەوەی منداڵەکانتان بڕۆیان بە

خۆیان و، بە توانا و بە بەهرەکانیان هەبێت و، بتوانن بە هەوڵ و بە کۆششی خۆیان هەندێ لە کارەکانیان راپەڕێنن.. پێویستە پانتاییەکی ئازادی باشیان بدەنێ.. تەنانەت ئەگەر ئەنجامێکی هەڵەش بەدەست بهێنن.. تاقیکردنەوە و ئەزموون فێری زۆر شتیان دەکەن.. بەڵام گەر دایکان و باوکان، هەر بە چاوی بێدەسەڵاتی و دەستەوستانییەوە لە منداڵەکانیان بڕوان.. لە هەموو شتێکدا پشت بە ئەمان ببەستن و چاویان لە دەستی ئەمان بێت کە پاروویان بۆ بکەن.. لە داهاتوودا منداڵەکانیان دووچاری کێشەی ئەقڵی دەبن.

٢- هۆکاری دەروونی: زۆر لە دایکان و باوکان زیادەڕۆیی لە ستایش و لە هەڵنانی منداڵەکانیان دەکەن، زیاد لە پێویستیش ناز و نوزیان هەڵدەگرن و، زیادەڕۆییش لە هەڵنانی زیرەکی و توانا و بەهرەکانیان دەکەن، بە جیاواز لە هاوڕێکانیان ناویان دەبەن.. بەبێ هۆیەکی بەجێ دەستخۆشی و ئافەرین بارانیان دەکەن.. چیان بوێ و، وڕک لە چیبگرن بۆیان دابین دەکەن.. بە تایبەتیش لەگەڵ منداڵی یەکەمیاندا، یا دوا منداڵیان، یا منداڵی تاقانە، یا کوڕێک لە ناوا چەند کچێکدا، یا کچێک لە ناو چەند کوڕێکدا، کە مامەڵەیەکی تایبەتییان لەگەڵدا دەکەن.. هیچ داوایەکیان بە (نا) رەتناکەنەوە. ئەم جۆرە پەروەردە و رەفتارە هەڵەیە.. وا لەو منداڵان دەکەن کە لامێژبن و تەنها پشت بە دایک و باوکیان ببەستن.. ئەم دایک و باوکە دوورنەبین و بیرتەسکانە چاوپۆشی لە هەڵەکانی منداڵەکانیان دەکەن.. لێیان ناپێچنەوە.. (رۆژێک دادەیەک لە باخچەی ساوایان وتی: یەکێک لە کوڕەکانی باخچەکەمان فێرببوو رۆژانە لە کچێکی هاوتەمەنی خۆی دەدا.. ئێمەش ناردمان بە دوای دایکی کوڕەکەدا و، ئەم رەفتارەی کوڕەکەیمان پێوت.. دایکی کوڕە منداڵەکە.. وتی: جا با لێیبدات، ئەم کچە ئامۆزای خۆیەتی و، بەشی خۆیەتی، با لە ئێستاوە، بە سەریا زاڵبێت..) ئا ئەم جۆرە ئەقڵییەت و پەروەردە سەقەتەی چەشنی ئەم دایک و باوکە نابەڵەدانەیە، کە منداڵەکانیان دووچاری لە خۆبایی و خۆبەزیاترزانین و خۆبەجیاوززانین و حەزی زاڵبوون و نێرگزی دەکەن.. منداڵەکانیان لەسەر ئەم رەفتارە نادروستانە رادێن و، داوای ستایش و هەڵنان و نازپێدانی زیاتر و زیاتر و پشتگیری زیاتر دەکەن.. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تووشبوونی منداڵان بە نێرگزی.

زانای دەروونی (لۆک هاید) دەڵێ: کاردانەوەی ئەرێنی و زیادەڕۆیی، پێویستە پەیوەستبن بە رەفتاری باشی منداڵەوە.. لە جیاتی ئەوەی کە بە شێوەیەکی ناهەستی و خۆتەنی هەڵبچنرێت، هەر لەم بارەیەوە زانای دەروونناس (برۆمیلمان) دەڵێ: دایکان و باوکان، کە پشت بە شێوازی زیادەڕۆیی لە پەروەردەی منداڵەکانیان دەبەستن، لەو باوەڕەدان کە منداڵەکانیان زۆر زیرەکن، بەڵام لە راستیدا لە منداڵانی تر زیرەکتر نین، پێویستە ستایش یەکسان بێت بەو کارە جوانانەی کە منداڵ ئەنجامی دەدات و، بە راستی کارەکەی شایەنی ئافەرین و

دەستخۆشی بێت، زیادەڕۆیی لە ستایشکردنی نەکرێت و، کارە ئەنجامدراوەکەشی زیاتر لە قەوارەی خۆی گەورە نەکرێتەوە. کورد وتەنی: هەموو شتێ بە خویێ خوێش بە مانا. بە پێچەوانەشەوە، فشاری دەروونی و بێبەشکردنی منداڵ لە خۆشەویستی و سۆزداری و ئازادی و ناز و ڕێز.. توند وتیژی و ئازاردانی جەستەیی منداڵان، ئەم منداڵانە تینوی سۆز و خۆشەویستی و ئازادی دەبن، ئەم ڕەفتارە نابەجێیانەش لە دەروون و هۆش و ژیانیانی منداڵاندا ڕەنگدەدەنەوە و، ڕقیان لە هەموو کەسێک دەبێتەوە و، دەیانەوێت تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و، ڕق و تووڕەییان بەسەر دایک و باوک و کەسانی تردا ببارێنن.

٣- هۆکاری چاولێکردن: دەڵێن: (دایکان ئاوێنەیەی منداڵانن) دەوترێ: لە پشت هەر منداڵێکی لە خۆبایی و نێرگزییەوە.. دایکێکی نێرگزی هەیە.. ".. بێگومان لە زۆر کار و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ڕەوشت و خوودا، منداڵان چاو لە دایک و باکیان دەکەن و زۆر شت لەوانەوە فێردەبن، بە تایبەتیش کچ چاو لە دایکی و، کوڕیش چاو لە باوکی دەکات.. بۆیەش وتراوە: (دایک ببینەوە و، دۆتە بخوازە)، (کوڕی باوکی خۆیەتی)، (دایک و باوک گوناه دەکەن، فرزندە گیرودە دەبێ.

منداڵان هەمیشە دایک و باوکیان بە نموونە و بە پێشەنگی خۆیانیان دەزانن.. دەشێ دایکێک یا باوکێک تووشی نێرگزی بووبێت.. یا دایک و باوکێکی سارد وسڕ و وشک.. ئەم دایکە یا باوکە نیرگزییانە، کاریگەرییان لەسەر منداڵەکانی بێت.. دەشێ منداڵەکەشیان لە ئەنجامی سەرسامبوون و چاولێکردن لە دایک یا باوکیان تووشی نێرگزی ببێت.. ئەگەرچیش ڕەمەکی (ویراسە: جینات) هۆکارێکی لاوازە لە گواستنەوەی نیێرگزیدا.. بەڵام لێرەدا بە ڕێگای (وەرگرتن و چاولێکەری) یەوە منداڵ تووشی نێرگزی دەبێت.

٤- (کێشەیەکی ناکاوی): دەشیش هۆکاری نێرگزی منداڵان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە پێشتر دووچارت خراپە یا (کێشەیە ناکاوی) هاتووبێت، بۆ نموونە لە لایەن دایک و باوکییەوە، یا خزمەکانییەوە، یا مامۆستاکانییەوە، یا هاوڕێکانییەوە، ئازار درابێت و نەتوانێت لە یادی بکات.. ئازاری دەروونی دەدات و.. بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکات.

٥- جێگیرکردنی چەمکی (لە هەڵە بەدەرن): ئەو دایک و باوکانەی، کە منداڵەکانیان بە جیواز و لە منداڵانی تر دەزانن و، لە هەموو شتێکدا بە یەکەمین و پێشەنگ و بە نموونەییان دەزانن و پێیان دەڵێن (ئێوە لە هەڵە بەدەرن) و (ئێوە خەتابارنین).. ئەم هەڵانە، منداڵان تووشی لە خۆبایی و خۆپەرستی و لووتبەرزی و خۆ بە

جیاوازانین دەکەن.. هەرگیز ئامادە نین دان بە هەڵە و بە شکستییەکانیان بنێن و.. گلەیی و لۆمە و رەخنە و ئامۆژگاریش لە کەس قبووڵ ناکەن و، نابێت کەسیش پێیان بڵێت: (کل بە بەری چاوتانەوە هەیە) ئەم شێوازە پەروەردەییەی منداڵان، سەقەتە و بەرەو خۆبەگەورەزانین و نێرگزی دەیانبات.

دەشێش دایک و باوکان بێ ئەزموون و نابەڵەدبن و، باگراوندێکی رۆشنبیریی ئەوتویان لەم بوارەدا نەبێت و.. هەستیش بەوە نەکەن کە زیادەڕۆیی لە ستایش و هەڵنان و نازپێدانی منداڵەکانیان، چ ئاکامێکی نێگەتیڤیان لێدەکەوێتەوە.. یا شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی کەسێتی نێرگزی نەبیستبێت..

پێویستە ئەوەش بڵێین، تەوای بەرپرسێتی تەنها لە ئەستۆی دایکان و باوکان دا نییە، لەم رووەوە تەنها لۆمەی ئەوان ناکرێت.. چونکە خۆپەرستی و نێرگزی لە خەسڵەتەکانی کەسێتی مرۆڤن و، لە ئەنجامی چەندین هۆکاری تێکەڵبوو بەیەکتری پێکدێن.. لەوانەش هۆکاری ژینگەیی و رەمەکی، بەڵام دەشێ رەوشت و رەفتاری دایکان و باوکان ئەم خەسڵەتانە گەورەتر بکەنەوە.. لە جیاتی ئەوەی کە پلەی (رێزگرتنی خود) لە لای منداڵ بەرزبکەنەوە.. ئەمان بەبێ مەبەست و بەبێ درکردن بەشداری لە بەرزکردنەوەی پلەی (خۆپەرستی)ی منداڵەکانیان دەکەن.. بۆیە هەردەم پشکی شێری تووشبوونی منداڵان بە نێرگزی دەخرێتە ئەستۆی دایکان و باوکان.

## گرنگترین توێژینەوەی پراکتیکی دەربارەی نێرگزی منداڵان:

گرنگترین توێژینەوە کە دەربارەی سەرچاوە و هۆکارەکانی نێرگزی منداڵان ئەنجامدراوە.. ئەو لێکۆڵینەوە پراکتیکییەیە، کە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری دەروونناسی (ئیدی برۆمیلمان) لە زانکۆی (ئەمیستیردام) و زانکۆی (ئۆتریخت)ی هۆڵەندی، و توژێنەری دەروناسی پرۆفیسۆر (براد بۆشمان) مامۆستای پەیوەندییەکان و زانیاری دەروونناسی لە زانکۆی (ئۆهایۆ)ی ئەمریکی ئەنجامییان ئەنجام دران.. لێکۆڵینەوەکەش لە گۆڤاری (بروسیدنگس)ی سەر بە ئاکادیمییەی ئەمریکی بۆ بۆ زانیاری بڵاوکرایەوە.. پرسیارەکان دەربارەی سەرچاوە و هۆکارەکانی (هەستی خۆبەزیاترزانین لە لایەن منداڵان) بوو.. پرسیار (٥٦٥) منداڵی کوڕ و کچ کرا، کە تەمەنیان لە (٧) ەوە بۆ (١٢) ساڵان بوون.. هەروەها دەربارەی هەمان بابەت پرسیار ئاراستەی دایک و باوکی ئەو منداڵانە کران، لێکۆڵینەوەکەش لە کۆمەڵێک پرسیاری دیاریکراو پێکهاتبوو، پرسیارەکانیش دەربارەی چۆنییەتی گۆشکردن و

پەروەردەکردنی منداڵان بوون.. ئەو هۆکارانەش کە یارمەتی گەشەکردنی خەسڵەتی نێگزی لە منداڵاندا دەدەن وەکو (چەند جیاوازتری لە منداڵانی تر؟).. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر شەش مانگ جارێک دەکرا و، بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژەی هەبوو.. لێکۆڵینەوەکە ئاماژەشی بەوە کردووە، کە منداڵانی ئەم قۆناغە دەتوانن خۆیان هەڵبسەنگێنن.

پرۆفیسۆر (براد بۆشمان) وتی: حەوت ساڵان، ئەو تەمەنەیە کە منداڵان توانای هەڵسەنگاندنی خۆیان و، ئەوشییان هەیە، کە خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا بەراورد بکەن.. پێش ئەم تەمەنە منداڵ ناتوانێت لە نێوان خۆی و هاوڕێکانیدا جیاوازی بکات.

پرۆفیسۆر (ئیدی برۆمیلمان) وتی: منداڵانی نێرگزی، هەست بەوە دەکەن، کە زیاتر جیاوازن، هەوڵی ئەوەش دەدەن کە جێی سەرسامی کەسانی تربن "وتیشی: ئەو منداڵانەی کە سەرنج و سەرسامی و ستایش بەدەست ناهێنن، کە هەوڵیان بۆ دەدەن، یا رووبەڕووی رەتکردنەوە و لۆمە دەبن، بە زۆری مەیلی رەفتاری دوژمنایەتیان هەیە.

بە وتەی توێژەران سەرەتای حەزی خۆبەگەورەزانین لە لای منداڵان، لە نزیک هەشت ساڵان دەست پێدەکات.. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوەشیان بۆ دەرکەوت و ئاشکرایان کرد، کە ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان پێیان وتوون: ئێوە لە کەسانی تر باشترن.. ئێوە لە ژیاندا، شایانی شتی زیاتر لە ئاساین "ئەم منداڵانەی کە دایک و باوکیان زیادەڕۆییان لە هەڵنان و جیاوازیاندا کردبوون، دووچاری نێرگزی ببوون و، زۆریش هەستیاربوون بەرانبەر بە رەخنە، ئاستی بەشداریکردنی ویژدانییان نزمتر بوو، لە چاو منداڵانی ترەوە.
(برۆمیلمان) وتی: کەسوکاریان لەو باوەڕەدان کە ئەوە شتێکی باشە کەبە منداڵەکانیان دەڵێن ئێوە جیاوازن.. بەڵام لە راستیدا نێرگزیان لا گەورەتر دەکەنەوە"، "کاکڵەی ئەم لێکۆڵینەوەش ئەوەیە کە وشەی راست و دروست بە منداڵەکانتان بڵێن.

(برۆمیلمان) وتیشی: کاتێک کە لەم بوارەدا دەستم بە توێژینەوە کرد، وام دەزانی کە پێویستە بە منداڵ بوترێ کە ئەو زۆر لە کەسانی تر جیاوازە.. بەڵام هەستم کرد کە ئەمە هەڵەیە.

لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوەش ساغ بۆتەوە، کە ئەو منداڵانەی لە جیاتی زیادەڕۆیی لە هەڵنان و ستایش، باوکیان خۆشەویستی و سۆز و رێزیان بە منداڵەکانیان بەخشیون، ئاستی هەستکردنیان بە بایەخی خود بەرزتربوون.

توێژینەوەکە جەختی لەسەر ئەوەش کردووە، کە (نێرگزی)، (زیاد هەستکردن بە بەهای خود) ناگرێتەوە.. ناشبێت ئەم دوو شتە تێکەڵ بە یەکتری بکرێن.

لێکۆڵینەوەکە بەوە کۆتایی هاتووە، کە هاندان باشترە لە زیادەڕۆیی لە هەڵنان و ستایش و گەورەکردن.. پێویستیشە ڕێز لە خودی منداڵان بگیرێ، دایکان و باوکان ڕاستگۆبن و، زیادەڕۆیی لە ستایش و نازپێدانی منداڵەکانیان نەکەن، بۆ ئەوەی دووچاری نێرگزی نەبن.. چونکە کەسێتی نێرگزی زیان بە خۆی و، بە کەسانی تر و، بە کۆمەڵگاکەی و، بە نیشتمانەکەشی دەگەیەنێت.

## چارەسەری نێرگزی:

کیشەکە لەوەدایە کە کەسێتی نێرگزی دان بەوەدا نانێت کە دووچاری نێرگیزی بووە.. لە ڕاستیشدا، چارەسەری نێرگزی ئەوەیە، کە خۆی بناسێت و، لە خۆی ڕازی بێت، ڕاستیی خۆی قبووڵبکات و، خۆی بە جیاواز نەزانێت، خاکی و کۆمەڵایەتی بێت، گەشبین بێت و ڕەشبین نەبێت، بە شێوەیەکی ئاسایش لە ڕەوتی ژیان بڕوانێ.. پەروەردەیەکی دروست و هاوسەنگ بکرێت و، دایک و باوک چاوپۆشی لە هەڵە و ڕەفتارە نابەجێیەکانی ناکەن، بە شێوەیەکی دانایی لەسەر کارە جوانەکانی ستایش بکرێت و، لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵەکانیشی سزا بدرێت.. لە لایەن خێزانەوە بە باشی چاودێری بکرێت و، ڕێنمایی و ئاراسەی ڕاست و دروستی بکەن، دوور لە تووڕەیی و توندوتیژی.. ئەگینا هیچ دەرمانێکی تایبەتی نییە، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی نێرگزی دروستکرابێت.

## دایکان وباوکانی دڵسۆز و میهرەبان:

وەکو دەڵێن هەردەم (خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن) بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکانتان، دووچاری نەخۆشی نێرگزی نەبن و، ناهۆزە نەبن و لە هاوڕێکانیان و کۆمەڵگاکەمان دانەبڕێن.. زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.. زیادەڕۆیی لە ستایش وهەڵنان و نازپێدانیان مەکەن.. لە خۆتەن ئافەرین و دەستخۆشیان لێ مەکەن.. پاداشتەکانیان بە پێی کار و ڕەفتارە باشەکانین بن، پێیان مەڵێن: (ئێوە لە کەسانی تر جیاوازترن)، (ئێوە نموونە و پێشەنگی هاوڕێکانتانن)، (ئێوە زیرەکترین و ئازاترین کەسن)، (ئێوە جوانترین و شیرینترین کەسن و بێوێنەن)، (دەبێ ئێوە پێشکەون و منداڵانی تر دواتان بکەون)، (دەبێت ئێوە یەکەمینی قوتابخانەکەتان بن و لە

هەموو وانەکاندا بەرزترین نومرە وەربگرن)،(ئێوە.. ێێوە.. هتد).. بە کۆمەڵایەتیان بکەن.. هانیان بدەن کە پەیوەندی هاوڕێتی لە گەڵ منداڵانی بگرن، بە پێچەوانەشەوە.. ئازادییان لێمەگرن و چێژی خۆشی و شادی منداڵییان لێ تاڵ مەکەن، سەرکۆنەیان مەکەن و، خۆشەویستییان پێببەخشن و، رێز لە را و لە بۆچوونەکانیان بگرن.. مافەکانیان و پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی توانا و بەهرە و ئارەزووەکانیان بۆ دابین بکەن .. باشتر لە هەموو ئەوانە، خۆتان پێشەنگ و نموونەیەکی زۆر باشبن، لە هەموو رەفتار و هەڵسوکەوتەکانتاندا، چونکە منداڵەکانتان چاو لە ئێوە دەکەن و.. ئێوە ئاوێنەی ئەوانن و.. خۆیان لە ئێوەدا بەدیدەکەن.

## نێرگزی دوولایەنیشە:

لێکۆڵینەوەیەک، کە لەلایەن زانکۆیەکی ئینگلتەراوە ئەنجامدراوە.. گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی، بەشێک لە زیرەکەکان و سەرکەوتووە بالا ئەکادیمییەکان، کەسێتی نێرگزین، لەو کەسانەن کە خۆیان خۆش دەوێت.. خۆخۆشەویستی خودیش لە لەیەن کەسەوە، بڕوا بەخۆبوونی بەهێزتر دەکات.

## هەموو دەسەڵاتپەرستە دیکتاتۆرەکان نێرگزین:

ئەگەر بە ژیاننامە و کردەوە خوێناوییەکانی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرە فەرمانڕاواکاندا بچینەوە.. ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموویان تووشی نەخۆشی نێرگزی بوونە.. کورسی پەرست و لە خۆبایی بوون.. لەوانەش: ستالین، هیتلەر، ئەتاتورک، بسمارک، سەدام حوسێن، موعەمەر قەزافی، زین ئەلعابدین، حوسنی موبارەک، عەلی عەبدوڵلا سالح، بەشار ئەسەد، کیم جۆنگ ئۆن.

کتێبێکیش بە ناوی (دەسەڵاتپەرستان) لە نووسی نووسەری ئەمریکی خاتوو (مۆریال میراک ڤایسباخ) دەرچووە، نووسەر باس لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە دژی چوار لە سەرکردە ستەمکارەکانی عەرەب دەکات ئەوانەش (حوسنی موبارەک، موعەمەر قەزافی، زین ئەلعابدین عەلی، عەلی عەبدوڵلا سالح).. کتێبی (دەسەڵاتپەرستان) شیکارێکی دەروونی بۆ ئەو چوار سەرکردەیە دەکات کە لابردنیان ئامانجی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ساڵی (٢٠١١) بوون.

(مۆریـال میـراک ڤایسـباخ) لە میـانەی شـرۆڤەکاری دەروونـی بـۆ کەسـێتی ئەو سـەرکردە نـاوبراوانە و زۆر دەسەڵاتپەرستیان، پرسیار گرنگ دەکات پرسیارەکەش ئەوەیە: ئایا تێکچوون و ناتەواوییەک لە کەسایەتییاندا هەیە.. کە بە هـۆی بەرکەوتە ناکاوییەکـانی منـداڵێتییان تووشـبوونە..؟ یـان بە کـارتێکردنی خێزانەکانیـان و دەوروبەری کۆمەڵایەتییانەوە..؟ یان ئەمانە هەموویان لە بنەڕەتدا تەندروستن، بەڵام دەسەڵاتپەرستی تێکیدان و لەڕێ دەریکردن..؟ بۆ ئەوەی بە باشی لە باری سایکۆلۆژییانەوە تێبگەین.. پێویستە رەوانەی پزیشکی دەروونی بکرێن.. بۆ ئەوەی بە وردی و بابەتییانە کەسێتیان هەڵبسەنگێنرێن.

نووسەر ئاماژە بە ئەوەش دەکات، کە سەرۆک کۆماری لیبیا (موعەمەر قەزافی) زیاد لە پێویست کەسێتییەکی نێرگزی و هیستیریا و شێتی گەورەیی بوو.. بە پلەی دووەمیش حوسینی موبارەک دێت.. نووسەر لەسەر بەرگی یەکەمی یەکەمی کتێبەکەیدا وێنەی ئەو چوار دیکتاتۆرە عەرەبەی داناوە، بەڕیزەوە (موعەمەر قەزافی، حوسینی مبارەک، زین ئەلعابدین، عەلی عەبدوڵڵا سالح) نووسەر بە درێژی باس لە هۆکارەکانی نێرگزی و دەسەڵاتپەرستی یەک بە یەکی ئەو چوار دیکتاتۆرە عەرەبە دەکات.. دەبوایە نووسەر لە سەرووی هەموویانەوە وێنەکەی گۆڕبەگۆڕ سەدام حوسێنی دابنایە و، باسی لە نێرگزی و دەسەڵاتپەرستی ئەم دیکتاتۆرەش بکردایە.. کە لە هەموویان زیاتر نێرگزی و دەسەکاتپەرست و دڕندە و خوێنڕێژ بوو.. تەنانەت نزیکتری کەس و هاوڕێی خۆشی لە ناوبرد.. نێرگزی سەدام حوسێن دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی، کە کۆمەڵێک هۆکاری خێزانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی تووشی نێرگزی و لە خۆبایی و دوژمنکاری کردن.. ئەوە بوو تۆڵەی خۆی لە بێتاوانان کردەوە.. بە تایبەتێ ژینۆسایدکردنی گەلی کوردمان و وێرانکردنی کوردستان.

خوێنەرانی بەڕێز.. نێرگزی باسێکی فراوان و فرە لایەنە.. ناتوانین لە کورتە باسێکی وادا بە تەسەلی باس لە هەموو لایەنەکانی بکەین.. گەر حەزبکەن دەتوانن شتی زۆرتر و زۆرتر دەبارەی کەسێتی نێرگزی و هۆکاری زیاتری تووشبوون بە نێرگزی بخوێننەوە.

٥ی جوونی ٢٠١٦

## هونەری پەروەردەی منداڵان.



کوردیلە شیرین و چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان. هیوای داهاتووی کوردستانن. بەنرخترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن. کە لە سامانی نەوت و زێڕ و لە هەموو لە سامانێکی تریش زۆر گرنگترن و بەنرخترن.

لە هەموو جیهاندا و لە هەموو سەردەمێکدا، منداڵان هێمای جوانی و بێتاوانی و دڵپاکی و راستگۆیین، ئەوەی کە لە دڵیان دایە هەر ئەوەیە کە لەسەر زاریان دایە. جیهانی منداڵان جیهانێکی زۆر سەیر و سەمەرە و پاک و بێگرد و بێ تەمە. جیهانێکی بێ فڕوفێڵ و بێ پێچ و پەنایە. منداڵان رق و کینە و بوغز و دوژمنایەتی نازانن. درۆ و دەلەسە و هەڵخەڵەتاندن نازانن. جیهانێکی زۆر سادە و ساکاری خاکییان هەیە. جیهانێکی وەنەوشەیی پڕ لە سۆز و لە رێز و لە خۆشەویستی و خۆشبڕواییان هەیە. جیهانێکی پڕ لە رازی شیرین و لە نیازی پاک و لە خەیاڵی فراوان و لە خەون و لە هیوای سەوز و لە گەشبینییان هەیە. جیهانێکی پڕ لە زەردەخەنەی ناسک و پێکەنینی شیرین و لە بەزم و رەزم و یاری و خۆشییان هەیە.

پێویستە گەورەکان بەر لە ئازادی منداڵان نەگرن و، ئەم جیهانە خۆشەیان لێ تاڵ نەکەن و لێیانیان تێکنەدەن. بێگومان خۆشترین قۆناغ لە ژیانی مرۆڤدا قۆناغەکانی منداڵین.

ئامانج لە پەروەردەی منداڵان ئەوەیە کە یارمەتی منداڵان بدەین، بۆ ئەوەی بە دروستی گەشەبکەن و بە جوانی پێبگەن و بە باشی رەفتار و هەڵسوکەوت بکەن و، کۆمەڵایەتی بن و، کەسێتیی دروستی بڕوا و متمانە بە خۆیان لێبێنە ئاراوە، بتوانن پشت بە توانا و بە بەهرەکانی خۆیان ببەستن و، هەست بە بەرپرسێتی بکەن و،

پەیوەندبن بە بەها جوان و پیرۆزەکان و، بە دەستوورەکانی ژیانەوە. دووربکەونەوە لە شتە نەرێنییەکان و نزیک ببنەوە لە ئەرێنییەکان. تا لە داهاتوودا ببن بە تاکی دروست و سودبەخشی کۆمەڵگاکانیان.. زۆربەی تیۆرە پەروەردەییەکان بۆ ئەم ئاماجانە هاتوونەتە کایەوە.

*جۆن دێوی دەڵێ: منداڵ ئەو خۆرەیە کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.*

پەروەردەی منداڵان، هونەر و زانستییە، ئەرکێکی یەکجار گرنگ و پیرۆز و هەستیارە.

*ئەفلاتوون دەڵێ: هونەرێکی تر بوونی نییە کە لە پەروەردە بەرزتر و پیرۆزتر بێت.*

ئەوەش دەزانین کە پەروەردەی منداڵان کارێکی هەڕەمەکی ئاسان و بەڕێکردن نییە.. بێ ئەرک و ماندووبون نییە.. بەڵام کارێکی ئەستەمیش نییە.. گەر بە دڵسۆزی و بە بەڵەدی و بە پشوودرێژییەوە ئەم ئەرک و خزمەتە گرنگ و پیرۆزە لە ئەستۆبگرین.. سەرکەوتوو دەبین و دەتوانین لە هەموو روویەکەوە نەوەیەکی دروست و رۆشنبیر و خێربەخش پێبگەیەنین. داهاتوویەکی باشتر و شایستەتریش دەستەبەربکەین. گەر بمانەوێت شۆڕشێکی چاکسازی و گۆڕناکاری و تازەگەری بەرپابکەین. پێویستە لە کوردیلەکانمانەوە دەست پێبکەین. پرۆگرامەکانی فێرکردن و پەروەردەکردن بگۆڕین. مامۆستاکان بە پەروەردەی نوێ و بە رێبازە تازەکانی وتنەوەی وانە ئاشنا بکەین.

*ئەرستۆ دەڵێ: رەگی پەروەردە تاڵە. بەڵام بەرەکەی شیرینە.*

*کوردیش دەڵێ: منداڵ شیرینە.. بەڵام پەروەردە شیرینترە.*

شایەنی باسیشە هەردەم جەخت لەسەر ئەوە راستییە دەکرێتەوە، کە بە پلەی یەکەم پەروەردەکردنی منداڵان لە ئەستۆی دایکاندایە.. دایکان گرنگترین و کاریگەرترین رۆڵیان هەیە لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵەکانیاندا، زیاتریش لە باوکان دەتوانن نازی منداڵەکانیان بکێش.. دایکان یەکەمین مامۆستایانی منداڵانن.. ئەوەی لە باوەشی دایکانیاندا فێریان دەبن، ئەوەی لە دایکانیانەوە وەریان دەگرن هەرگیز لە یادیان ناچنەوە.. بۆیە پشکی شێری شانازی و پێزانین، لە پەروەردەکردنی دروست و لە پێگەیاندنی منداڵان بە باشی، لە رووی لەشساغی،

دەروون ئاسایی، کۆمەڵایەتی، رەوشتی و رەفتارییەوە، بەر دایکان دەکەون.

*کیم ئیل سۆنگ دەڵێ: مرۆڤە هەڵکەوتووەکان، هەمیشە ئەوانەن کە لە لایەن دایکانیانەوە بە باشی پەروەردە کراون.*

*ناپلیۆن یش دەڵێ: داهاتووی منداڵ. بەندە بە دایکییەوە. مەبەستیش ئەوە نییە کە رۆڵی باوکان بە کەم بزانین. نەک تەنها لە مرۆڤدا، بەڵکو لە هەموو بوونەوەرەکانی کەشدا ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردن بێچووەکان لە ئەستۆی دایکانیان دایە.*

پەروەردە کەسایەتی و نەوەی داهاتوو بنیات دەنێت. منداڵان بۆ ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوو لە هەموو بوارەکاندا ئامادە دەکات. بۆ داهاتوویەکی گەشتر و بۆ ژیانێکی خۆشتر و بۆ جیهانێکی ئاسوودەتر. بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی و سازان لەگەڵ یەکتریدا.

ماڵەوە یەکەمین قوتابخانەی منداڵە، خێزانیش یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە و بەردی بناغەی کۆمەڵگایە. منداڵ لە ناو خێزاندا چاوهەڵدێنێ و فێردەبێ و وەردەگرێ تا ئەو کاتەی پشت بە خۆی دەبەستێ و تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات و، بەهرە و تواناکانی خۆی دەسەلمێنێت. کەواتە خێزان رۆڵێکی سەرکیی هەیە لە فێرکردن و لە گەشەکردن و لە پەروەردەکردنی منداڵاندا. دواتر رۆڵی دامەزراوەی پەروەردەیی دووەم دێت کە قوتابخانەیە، دینەمۆی قوتابخانەش مامۆستاکانن، کە تەواکەری پەروەردەی ماڵەوە و خێزان. هەندێ لە مامۆستایان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، بایەخێکی زیاتر بە فێرکردن دەدەن و کەمتر بایەخ بە لایەنی پەروەردەیی دەدەن. لە کاتێکدا پەروەردە لەپێشترە لە فێرکردن. باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتییەکان رۆڵێکی زۆر گرنگ و سەرەکی و کاریگەریان هەیە لە پەروەرەکردنی دروست و لە ئاراستەکردنی راست و لە راهێنانی پێویستی منداڵاندا، کە بە پێی پرۆگرام و سیستم و رێبازە تاقیکراوە سەرکەوتووەکان، منداڵان فێردەکەن و پەروەردەیان دەکەن. رۆڵیان لە رۆڵی ماڵەوە و خێزان کەمتر نییە.

*نووسەری بە ناوبانگ (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەڵێ: ئەوەی دەرگای قوتابخانەیەک بکاتەوە.. دەرگای گرتووخانەیەک دادەخات.*

بێجگە لە خێزان و لە قوتابخانە هەریەکەش لە، شەقام، کتێبخانە، کۆمەڵگا، راگەیاندن و میدیاکانیش رۆڵ و کارتێکردنیان لەسەر پەردوەردە و رۆشنبیریکردنی منداڵان هەیە. لە پەروەردەی نوێدا، منداڵان تەوەری سەرکین، ئازادیکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی بەهرە و تواناکانیان دەربخەن و، خۆیان تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن و، پەند و وانە لە سەرکەوتنەکانیان و لە هەڵە و شکستییەکانیان وەربگرن و هەڵەکانیان راستبکەنەوە.

لەم سەردەمەدا، رۆشنبیری و زانستی و زانیاری و بلیمەتی و زۆرزانی و داهێنان، بوونەتە چەکێکی ستراتیژی جیهانی و رۆڵێکی گرنگیان هەیە، لە جەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی و فێرکاری و پەروەردەیی و کێبڕکێ پێشکەوتن و رۆشنیرکردنی منداڵان بە دروستی.. هەموو ئەمانە دەبنە مایەی ژێرخانی گەشەکردن و داهێنان و پێشکەوتن.

لە ئەمڕۆدا، پێشکەوتنی گەلان بەوە پێوانە دەکرێت، کە تا چ رادەیەک بایەخیان بە گرنگی فێرکردن و بە پەروەردەی دروست و بە راهێنان و ئامادەکردنی منداڵەکانیان داون، لە پێناوی ئایندەیەکی باشتر و گەشتردا.. ئەوان لەم روانگەیەوە لە منداڵەکانیان دەڕوانن کە: (منداڵان بەشێکن لە ئەمڕۆ و.. هەموو داهاتووشن..)

منداڵانی ئەمڕۆمان لە سایەیەی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی بە دەیان بابەتی سەیر و سەمەرەی وەکو (ئینتەرنێت، پلەیستێشن، ئایفۆن، ئایپاد، کتێب و گۆڤاری رەنگاوڕەنگ، سینەمای منداڵان،... هتد) لە منداڵانی سەدەی بیستەم، جیاوازترن و بەختەوەرترن، ژیر و بلیمەت و چاوکراوە و زۆرزانتر و رۆشنبیرترن، خەیاڵ بڵاوتر و بیر قوڵترن، خەون و هیوا و خواستەکانیشیان هەمان خەون و هیوا و خواستەکانی منداڵانی پێش خۆیان نین.. بۆیە پێویستە ئەو کەس و دەزگایانەی ئەرگی فێرکرد و پەروەردەکردنی منداڵانیان لە ئەستۆ گرتوون، ئەو راستییانە لەبەرچاو بگرن و، لە ئاستی پەروەردەی نوێدا بن.

لەم پێۆدانگە، پێویستە هەموو ئەو کەسانە و لایەن و دەزگا پەروەردەییانەی کە منداڵان فێردەکەن و پەروەردەیان دەکەن و، بە هێزی بەرز و سوودبەخش زاخاوی هۆشیان دەدەن و رۆشنبیریان دەکەن، وکو (دایکان و باوکان، مامۆستاکان، نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، راگەیاندکاران، میدیاکان،...هتد) هەست بەوە بکەن کە چ ئەرکێکی پیرۆز و قورس و هەستیاریان لە ئەستۆ گرتوون، هەر هەڵەکردنێک لە پەروەردەکردنی منداڵاندا کارەساتێکی نەخوازراو بە دوای خۆیدا دێنێت.

*ئەلیزابێت ماخ دەڵێ: لە کاتی ئەنجامدانی پەروەردەی منداڵاندا، هەر هەڵەیەک بکەین دەبێتە هۆی دۆڕاندنی جەنگێک کە لە پێناوی دوارۆژێکی باشتردا دەستمان داوەتێ.*

پێویستە دڵسۆزانە و کوردانە و سەردەمییانە کوردیلەکانی ئەمڕۆمان پەروەردەبکەین، بە کوردایەتی گۆشیان بکەین، تا شانازی بە ناسنامەی خۆیانەوە بکەن، بە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی نیشتمانی شیرینمان پەروەردەیان بکەین.. هەمیشەش گەشبینی و بڕوا و هیوای سەرکەوتن بخەینە دڵە قنجەکانیانەوە.. ئەمانەش لە ئامانجە گرنگەکانی پەروەردەی دروستی منداڵانن.. کوردیلە چاوگەشانەی ئەمڕۆمانن، کە لە سبەینێدا دەبنە: شاسوار و شۆڕەسواری مەیدانی کوردایەتی و مەردایەتی و، ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان بەرزدەکەنەوە.. ئەم کاکەلە روحسووکانەی ئەمڕۆمانن لە سبەینێدا، دەبنە پیاوانی مێرخاس و جوامێر و دلێر و بوێر، بە باوکانی دڵسۆز. ئەم خونجەگوڵە گەشانەی ئەمڕۆمانن لە سبەینێدا، دەبنە شۆڕەژنانی خان و مان و، بە شێرەژنانی ناوداران و، بە دایکانی میهرەبان و بەسۆز. هەر کوردیلەکانی ئەمڕۆمانن کە لە سبەینێدا، شکۆداری نەتەوە و نیشتمانەکەمان دەپارێزن. کوردیلەکانی ئەمڕۆمانن لە سبەینێدا، هەموو کاروبارێکی کوردستان دەگرنە دەست و بەڕێوەیان دەبن. کوردیلەکانی ئەمڕۆمانن، دەبنە، دەسەڵاتدار و کارگێڕ و فەرمانڕەوا.. دەبنە رابەر و سەرکردە و پێشەوا.. دەبنە نووسەر و شاعیر و رۆشنبیر و راگەیاندنکار و سیاسەتمەدار و هونەرمەند.. دەبن بە زانا و دانا و بیرمەند. دەبن بە پەرلەمانتار و وەزیر و بەڕێوەبەر. دەبنە باڵیۆز و نوێنەری کورد و کوردستان و، دەنگ و رەنگی کورد بە جیهان دەگەیەنن و، چەپکە نێرگزی خۆشەویستیش پێشکەش بە گەلان دەکەن و، پەیامی ئازادی و ئاشتیخوازی گەلی کوردمان بە هەموو گەلانی جیهان دەگەیەنن.

تا دروستر و پوختەتر کوردیلەکانی ئەمڕۆمان گۆش و پەروەردە بکەین.. تا جوانتر و باشتر فێریان بکەین.. راستر ئاراستە و رێنماییان بکەین.. هێندەی تر دڵنیا و گەشبین دەبین کە رەنجبێوەر نابین و، دوارۆژێکی گەشتر و خۆشتر بۆ کورد و کوردستانمان دێنەدی.. کوردیلەکانی ئەمڕۆمانن، دەبنە تاکی سوودبەخشی کورد و، هەر لە سایەی پەروەردەی دروستی ئەمانیشدا کۆمەڵگایەکی کوردیی بەختەوەر و تەبا دێتە ئاراوە.

پێویستە رێز لە کەسێتی و ئازادی و لە را و بۆچوونەکانی کوردیلەکانمان بگرین.. وەکو مرۆڤێکی بچووک لێیان بڕوانین و، بە جوانیش رەفتاریان لەگەڵدا بکەین.. سۆز و رێز و خۆشەویستییان پێببەخشین.

گەر هاتو بە سەقەتی و نادروستی کوردیلەکانمان گۆش و پەروەردە بکەین، بە خراپی ئاراستە و ڕێنماییان بکەین.. پشتگوێیان بخەین و بایەخیان پێنەدەین و، بیان دەینە دەست قەدەرێکی نادیارەوە.. دوور نییە کە لاڕێ ببنەوە و، نابەڵەدانە مل بە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارەوە بنێن و، دووچاری چارەنووسێکی ڕەش و نوتەک ببنەوە.. ئۆباڵی ئەم ئاکامە نەخوازراوەش لە ئەستۆی هەمووان دەبێت و، هەر هەمووشمان باجێ ئەم گوناهەمان دەدەینەوە.. پەشیمانیش بێهودەیە و، پاکانەش لە کەسمان قبووڵ ناکرێت و مێژووش لێمان نابوورێت و، بەر لۆمە و نەفرەتی نەوەی داهاتووشمان دەکەوین.

*کورد زۆر ڕاستی وتووە کە: چی بچێنین.. ئەوە دەدوورینەوە.*

دامەزراوەیەکی ئەمریکی کە بایەخ بە تەندروستی هۆشی منداڵان دەدا، لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ پەنجا لە دایکان و باوکانی ئەمریکی ئەنجامدا کە لە بواری پەروەردەی منداڵاندا سەرکەوتووبوون.. بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو دایک و باوکانە ئەم دامازراوە ئەمریکییە چەند ئامۆژگارییەکی باشیان ڕاگەیاند بۆ پەروەردەکردنی دروستی منداڵان.. ئێمەش بۆ ئەم ئامۆژگارییانەی خوارەوەمان بۆ پەروەردەی دروستی منداڵانی کوردمان، تا ڕادەیەک سوودمان لە ئامۆژگارییەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە وەرگرت، بە کورتی:

١- سۆز و خۆشەویستییەکی زیاتر بە منداڵەکانتان ببەخشن، چونکە ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە.. بۆ ئەوەی منداڵەکانتان هەست بە ئاسوودەیی و بە دڵنیایی بکەن، بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکانتان خۆشەویستی و هاوبەستەبوونی خێزانییان بۆتان هەبێت.

٢- ڕۆژانە کاتێکی دیاریکراوتان هەبێت.. کە بەخۆشی و شادی و بە قسەی خۆش و بە پێکەنین لەگەڵ منداڵەکاتان بە سەربەرن.. فێری هەندی بەهرە و شارەزاییان بکەن.. یاریش فەرامۆش، پێویستییەکی گرنگی منداڵانە و، شێوازێکی ئاسانی پەروەردەییە.

٣- منداڵەکانتان فێربکەن، ڕاست لە هەڵە، باش لە خراپ جیابکەنەوە.. فێری بەها جوانەکان و بنەما ڕەوشتییەکانیان بکەن.. تا لە منداڵییەوە دەقیان پێوەبگرن.

٤- ڕێزگرتنی دوولایی لە نێوان خێزندا زۆر گرنگە، پێویستە هەموو ئەندامانی خێزان، گەورە و بچووک ڕێز لە یەکتری بگرن و، رووحی لێبووردەیی باڵ بکێشێ بەسەریاندا.

٥- مافێکی ڕەوای منداڵانە کە بە ئازادی گوزارشت لە را و لە بۆچوونەکانیان بکەن، بە تایبەتیش لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە خودی خۆیانەوە هەیە.. پێویستە دایکان و باوکان ڕێز لە راکانیان بگرن و، گوێیانیان لێبگرن و لێیان تێبگەن و گرنگییان پێبدەن.

٦- پێویست ئێوەی دایکان و باوکان بە هەڵە وەڵامی هەڵەکانی منداڵەکانتان نەدەنەوە.. گەر هەڵەیان کرد.. بواریان بدەنی با بیربکەنەوە و خۆیان هەڵەکانیان راست بکەنەوە.

٧- دەرەوەی ماڵ و شەقام کاریگەریان لەسەر منداڵەکانتان دەبێت.. دەشێت فشارێکی زیاتر بخەنە سەر ئێوەی دایکان و باوکان، چونکە لە سنووری دەرەوەی ماڵ و خێزان پەروەردە و ڕەفتاری جیاواز هەن.. بۆیە پێویستە بە باشی چاودێرییان بکەن.

٨- بەرجەستەکردنی رووحی سەربەخۆیی، پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان پایە بە پایە رووبەرێکی فراوانی ئازادی و سەربەخۆیی بە منداڵەکانتان بدەن.. ئەمەش ئەو هەستە لە لای منداڵەکانتان دروست دەکات، کە ئێوە دڵسۆزیانن و بە تەنگیانەوەدێن و ڕێزیان لێدەگرن و بڕوا و متمانەتان پێیان هەیە.. بۆیە خۆیان بەختەوەر و ڕێزدار دەزان.

٩- پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان، لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵەکانتان هاوڕا و هاوپلان و هاوبڕیاربن.. پێویستیشە هەندێ یاسای ئاسانی سنوورداری خێزانیش بۆ منداڵەکانتان دابنێن.. با وا تێنەگەن کە ئازادی بەرەڵاییە و بێ لێپێچینەوەیە.. ناشبێت لەبەردەم کەسانی تردا، سزای منداڵەکانتان بدەن.. ناشبێت زەبر و توندوتیژی لە گەڵ لەگەڵ منداڵەکانتان بەکاربهێنن.. بە وشەی نەشیاوش هەستیان بریندار مەکەن.

١٠- منداڵەکانتان وا فێربکەن کە راستییەکان چەند ڕوویەکیان هەیە.. پێویستە ڕێز لە هەموو رایەک بگیرێت گەر جیاوازیشبن لەگەڵ رایەکانیاندا.. مافی هەر مرۆڤێکە کە بە ئازادی گوزارشت لە را و لە سەرنج و لە بۆچوونەکانی خۆی بکات.

١١- هاندان و ستایش و پیزانین و پاداشت و خەڵاتکردن، بە زاری بن یا بە ماددی بن، کاریگەری ئەرێنییان بۆ منداڵەکانتان هەیە، کە منداڵەکانتان کاری باش ئەنجام دەدەن یا نمرەی بەرز لە وانەکانیاندا بەدەستدەهێنن، یا ڕەفتاری جوان دەنوێنن، شایەنی ئەوەن کە ئاماژەیان پێبدەن و پێزانینتان بۆیان هەبێت و ڕێزیان لێبگرن.. گەلێ شێوازی هاندان و پێزانین هەن، وەکو (ماچیان بکەن)، (چەپڵەیان بۆ لێبدەن) یان بە وشەگەلێکی جوانی وەکو (هەی ئافەرین، دەستخۆش، هەر بژی، نایابە، زۆر جوانە و... هتد) یا خەڵاتێکی ماددییان پێشکەشبکەن وەکو( نوقڵ، بابەتێکی یاری، کراسێکی جوان و... هتد)

١٢- زۆر پێویستە کە ئێوەی دایکان و باوکان هەردەم پێشەنگ و نموونەی باشیبن بۆ منداڵەکانتان.. چونکە منداڵەکنتان بە زۆری چاو لە ئێوە دەکەن و لاسایی کار و رەفتار و هەڵسوکەوت و قسەکانی ئێوە دەکەنەوە، بە باشیبن یا بە خراپیبن.. *وەکو کورد دەڵێ: " گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووک پێی تێدەخا"*

**٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦**

---

## *پێویستە راستگۆبن لەگەڵ منداڵەکانتان.*



راستگۆیی بریتییە لە وتنی قسەی راست و رەوا، پێویستە هەموو مرۆڤێک راستگۆبێت لە قسەکانی و لە کردارەکانی و لە بیروباوەڕی و لە نیازپاکی و لە دڵپاکی و لە بەڵێنەکانی و لە دڵسۆزی و لە خۆشەویستی و لە هاوبەستەبوونی بۆ گەل و نیشتمانەکەی. بە کرداریش ئەم راستییانە بسەلمێنێت. راستگۆیی یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، گەورەترین دەرگای شادیی تاک و نەتەوەیە.

راستگۆیی باشترین و جوانترین وشە و خەسڵەتە کە ستایشی مرۆڤی پێبکرێت و بناسرێت.. رێز و پێگە و پایەی مرۆڤ لە نێو کەسوکار و هاوڕێکانی و کۆمەڵدا بەرزتر دەکاتەوە.. چونکە راستگۆیی جوانترین خەسڵەت و بەهای مرۆڤە، بەهێزترین کۆڵەکەی رەوشت بەرزییە، مرۆڤی راستگۆ و راستکردار هەمیشە رووسپی و خۆشەویست و سەربەرز و رێزدارە و، جێی بڕوا و متمانەیە.

راستگۆیی زمانی رەوایە، فاکتەرێکی گرنگی بڕوابەخۆبوون و، دەروون و ویژدان ئاسوودەیی و، ئازایی و بێباکییە لە

رووبەڕووبوونەوەدا .. کورد دەڵێ: راستبە و بە لای شێردا بڕۆ.

هەموو ئایینە ئاسمانییەکانیش جەخت لەسەر گرنگی راستگۆیی و لەسەر ئاکامەکانی درۆ دەکەنەوە.

*راستی (راستگۆیی) بە لووت بۆن ناکرێت، بەڵکو بە دڵ هەستی پێدەکرێت و لە کرداردا دەبینرێت.*

بە پێچەوانەی راستییەوە، درۆ یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە ناشیرینەکانی مرۆڤ.. درۆ نەخۆشییەکی زۆر ترسناکە، لەوانەیە هەر لە منداڵییەوە تووشی مرۆڤ بێت و تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا بێت و لێی نەبێتەوە.. وەکو کورد دەڵێ: خوویەکی گرت بە شیری.. تەرکی ناکات بە پیری.

*درۆ پێچەوانەی قسە و کردارە راستییەکانی مرۆڤە.. چەواشە و پەردەپۆشی راستییەکان دەکات.*

درۆزن کەسێکی خۆدۆڕاوە، خەڵی خۆشیان ناوێت و بە چاوێکی سووکەوە لێی دەڕوانن و هیچ بڕوا و متمانەیەکیشیان بە قسەکانی نییە.. درۆزن تەنها زیان بە خۆی ناگەیەنێت بەڵکو زیان بە خەلکی تریش دەگەیەنێت.. جاری وەها هەبووە کە بە هۆی درۆیەکی هەڵبەستراوەوە، کارەساتێکی جەرگبڕ روویداوە و پیاوی تیا کوژراوە.. بۆیە نەفرەت لە درۆ و لە درۆزن کراوە.

*(فریدریک نیتشە) دەڵێ: ئەوەی کە بێزارم دەکا ئەوە نییە کە درۆت لەگەڵمادا کرد، بەڵکو ئەوە بێزارم دەکات کە ناتوانم لەمەودوا بڕوات پێبکەم.*

*کوردیش دەڵێ: درۆزن ئاگر لە ماڵکەی بەربوو، بەڵام کەس بە هانا و هاوارییەوە نەچوو.*

چونکە رەنگە هەر جارێک بڕوا بە درۆزن بکرێت، دواتر کەس بڕوا بە قسەکانی ناکات.
*کەواتە مردن لەگەڵ راستیدا.. باشترە لە ژیان لەگەڵ درۆدا.*

دێینە سەر سەرناوی باسەکەمان (پێویستە راستگۆبن لەگەڵ منداڵەکانتان).. منداڵان مرۆڤێ بچووکن و لە نێو

کۆمەڵگایەکی تازەدا چاوهەڵدێنن، نازانن کە ئەم کۆمەڵگایە چۆن رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن، بەشێکی هەرەزۆری ئەو شتانەی کە بە باش و خراپییانەوە کە منداڵان فێریان دەبن، لە دایکان و باوکان و لە ئەندامانی خێزانەکانیان یا لە مامۆستاکانیانەوە وەریان دەگرن.. بێگومان دەوروبەریش بە ئەرێنی و بە نەرێنییەوە، کەم یا زۆر کاریگەریی لەسەر گوزارشت و لەسەر کردارەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان هەیە و دەبێت.

لەبەر رۆشنایی ئەو گرنگییانەی سەرەوە، کە لە سایەی راستگۆیی وراستکرداری لەگەڵ منداڵاندا دێنەدی.. پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵان بە راستگۆیی و براشکاوی و بە راستکرداری گۆش و پەروەردەیان بکەن و رایان بهێنن.. بۆ ئەوەی دەق بە راستگۆییەوە بگرن و ببێت بە بەهایەکی پیرۆزیان و بە بەشێک لە ژیانیان، بڕوا متمانەیەکی زیاتریشیان بە خۆیان هەبێت و دەروون و ویژدان ئاسوودەبن و بە ئەوپەڕی ئازایی و ئازادیی و راستیشەوە رووبەڕووی تەگەرەکانی ژیانیان ببنەوە.. تا لە درۆ و لە دۆزنانیش دووربکەونەوە.. بە پێچەوانی منداڵی راستگۆوە، منداڵی درۆزن ترسنۆک دەبێت و بڕوا و متمانەی بەخۆی نییە و، دەروون و ویژدان ئاسوودە نییە.

***زانایانی پەروەردە و دەروونناسی منداڵان،جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەو ئەرێنییانەی لە سایەی راستگۆییدا دێنەدی، هەرگیز بە سزادان و بە لۆمەکردن و توڕەیی و توندوتیژی نایەنەدی.***

راستی رەمەکییە و لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدایە، بەڵام درۆ خەسڵەتێکی فێربوون و وەرگرتنە.. جاری وەهاش هەیە، منداڵ کە کارێکی هەڵە دەکات، لە ترسی سزادان و لۆمەکردن، بۆ پاکانەکردن و نکووڵیکردن، پەنا بۆدرۆ دەبات و راستی دەشارێتەوە.

هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانتان لەسەر راستگۆیی و راستکرداری پەروەردە بکەن و رایان بهێنن.. لە منداڵییەوە لە درۆ دووریان بخەنەوە، ئەگەر درۆشیان کرد بە ( درۆزن ) ناویان مەبەن بەڵکە و بە ( هەڵە ) ناویان بەرن.. هۆکاری هەڵەکانیان بزانن و، هەر بە منداڵی چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە، گەر پێویستیش بوو، پرس و رای شارەزایانی دەروونناسی منداڵان وەربگرن بۆ ئەوەی درۆ نەبێت بە نەخۆشی و خووی منداڵەکانتان.. بێگومان ( خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن)

## چۆن ڕاستگۆیی فێری منداڵەکانتان دەکەن..؟

١- پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان، بە ڕاستی و دروستی ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکانتان بکەن.. ئێوە ببن بە پێشەنگ و بە سەرمەشق بۆ منداڵەکانتان.. گەر ئێوە ڕاستگۆ و ڕاستکردار و بەڵێن ڕاستبن بێگومان منداڵەکانیشتان وا دەردەچن.. کورد دەڵێ: گەورە ئاو دەڕێژێت.. منداڵیش پێی تێدەنێت.

بەداخەوە ـ لە گەڵ ڕێزم بۆ دایکان وباوکان ـ هەندێ لە دایکان و باوکان، خۆیان منداڵەکانیان فێری درۆدەکەن، بۆ نموونە کە یەکێ لە دەرگایان دەدات، ڕەنگە خۆیان مەزەندەی ئەوە بکەن کە کێیە و بۆ چ مەبەستێک هاتووبێت، بە منداڵەکەیان دەڵێن: تۆ بڕۆ دەرگاکە بکەرەوە و هەر کەسێ بێت بڵێ: باوک و دایکم لە ماڵ نین ـ لە کاتێکدا کە لە ماڵیشدان - .. لێرەدا منداڵ دایک و باوکی بە درۆزن دەزانێت، لەوانەیە ئەمیش فێری درۆبێت و، بۆ ڕایکردنی کار و مەبەستێکی خۆی درۆبکات.

٢- پێویستە بە ڕاستی و بە دروستی، بە پێی تەمەن و هۆشیان، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منداڵەکانتان بدەنەوە.. دیارە کە منداڵ زۆر دەپرسێت، جاری واش هەیە کە پرسیاری سەیریش دەپرسێت.. چونکە زۆر شت هەیە کە منداڵ نایزانێت و دەیەوێت بیزانێت.. بە هیچ شێوەیەک بە درۆ مەیانخەڵەتێنن، یا وەڵامی ناتەوایان مەدەنەوە، بۆ ئەوەی لە کۆڵی خۆتانیان بکەنەوە.. بیر لە وەڵامێکی ڕاست و گونجاو بکەنەوە، کە لەگەڵ تەمەن و هۆش و توانی تێگەیشتنیان لەباربێت.

٣- وریای ئەوەبن کە منداڵەکانتان چی دەڵێن و، چۆن لەگەڵ درۆکانیاندا مامەڵەی گونجاو دەکەن..
بە درۆزنن ناویان مەبەن،، بەڵکو پێان بڵێن ئێوە هەڵەن و، پێویستە هەڵەکانتان ڕاست بکەنەوە.

٤- بەڵێنی ئەوتۆ بە منداڵەکانتان مەدەن کە لە تواناتاندا نییە بیانهێننە دی.. بۆ نموونە بڵێن بەیانی دەتانبەین بۆ (چاڤی لاند) یا (پارکی منارە) یا هەر بەڵێنێکی لەم شێوەیە.. گەر بەڵێنەکەتان جێبەجێ نەکەن، منداڵەکانتان بە درۆزنتان دەزانن و، چیتر بڕوا و متمانەیان بە بەڵێنەکانتان نامێنێت.

هاوڕێیەکم لە گەڵ هاوڕێیەکی (نەرویجی) یدا یەکماڵن و هاتوچۆی ماڵی یەکتری دەکەن، هاوڕێکەی خوشکێکی منداڵی بچکۆڵەی ڕووخۆش و ئێسک سووکی هەیە، گاڵتە و قسەی خۆش لەگەڵ ئەم منداڵەدا دەکا، جارێکیان بەڵێنی بەو منداڵە دا، کە هەفتەی داهاتوو، دیارییەکی جوانی بۆ دێنێت، هاوڕێکەم وتی: ئەو بەڵێنەم دا و لە بیرم کرد، کە هەفتەی داهاتوو چووم بۆ ماڵیان، هەر لە دەرگاوە دایکی هاوڕێکەم پێی وتم، دیارییەکەت بۆ کچەکەمان هێناوە؟ وتم لە بیرم چووە، پێی وتم بگەڕێ دواوە و بڕۆ بیکڕە و بیهێنە، با کچەکەم بە درۆزنت نەزانێت، حەزناکەم بەڵێنی درۆ بدەیت.

٥- کە منداڵەکانتان بە ڕاستگۆیی و بە ڕاشکاوی دەدوێن، پێویستە ستاییش و ئافەرینیان بکەن، ئەم ستایشکردنە دەبێتە فاکتەرێکی هاندان و، زیاتر گرنگی بەو لایەنانە دەدەن کە ئێوە پێتان خۆشە، فێری ئەوەش دەبن کە بە ئازادییەوە دان بە هەڵەکانیاندا بنێن و درۆتان لەگەڵدا نەکەن.

(جۆرج واشنتەن) کە ـ یەکەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو ـ کاتێ کە منداڵ بوو، دارێکی شیلان لە باخچەکەیاندا دەبێت.. بە تەورێک لە ناوقەدەوە دارەکە دەشکێنێت.. کێشەی لەوەدا نەبوو کە دارەکەی شکاند، بەڵکو ئەوەبوو کە باوکی زیاتر حەزی لەو دارە بوو.. جۆرج دوچاری ئەم کێشەیە بوو، کە باوکی بەمە بزانێت زۆر تووڕە دەبێت.

لەوانەیە بە ڕەمەکیی یەکەم، لە دۆخێکی وادا، منداڵ درۆ بکات و پاکانە بکات و نکووڵی لێبکات. بەڵام ئەم منداڵە سەرۆکە ـ جۆرج ـ بەرپرسێتی کارەکەی هەڵگرت و بە ڕاشکاوی لە بەردەم باوکیدا دانی پێدانا و وتی: ناتوانم بە درۆ بڵێم من نەبووم.

٦- ئەگەر منداڵێکتان چەند جارێک درۆکانی دووبارە بکاتەوە، پێویستە سزای بدەن.. بۆ نموونە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو قسەی لەگەڵدا مەکەن، دوای ئەو ماوەیە، هۆی قسەنەکردنتان لەگەڵیدا بهێننەوە یادی، جەخت لەسەر ڕاستی بکەنەوە و، ئەوەشی پێ بڵێن: ئێمە لە قسەی درۆ تووڕە و دڵگران دەبین.. دەتوانن چیرۆکی ( شوانێکی درۆزن )ی بۆ بگێڕنەوە، کە وەکو فیلمێکی کارتۆنیش تۆمارکراوە، دەتوانن پیشانی بدەن، تا پەند لەو شوانە درۆزنە وەربگرێت.. کە جاری یەکەم بە درۆ هاواری کرد گورگ پەلاماری مەڕەکانی داوم، کە خەڵکی بەهانایەوە چوون، پێیان پێکەنی.. بەڵام لە جاری دووەمدا، کە بە ڕاستی گورگ پەلاماری مەڕەکانی دان و هاواری کرد

خەڵکینە فریام بکەون، گورگ پەلاماری مەڕەکانی داوم، بەڵام کەس بڕوای پێنەکرد وایانزانی وەکو جاری پێشوو درۆ دەکا.

٧- ئەو چیرۆکانی کە دەربارەی راستین و بۆ منداڵان نووسراون، بۆ منداڵەکانتانی بخوێننەوە یان بە جوانی بۆیان بگێیڕنەوە.. شارەزایانی بواری پەروەردەی منداڵان دەڵێن: ئەو چیرۆکانەی کە جەخت لەسەر لایەنی ئەرێنی دەکەنەوە و، خەسڵەتە جوان و باشەکانی وەکو راستگۆییان لەخۆگرتوون، رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر منداڵان هەیە.. توێژێنەران ئەو راستییەشیان بۆ دەرکەوتووە، کە لە دوای بیستنی ئەو چیرۆکانەی کە بەها و بایەخی راستییان لەخۆگرتوون، تێکڕای درۆ لە لای منداڵانی گوێگرتووی ئەو چیرۆکانە زۆر دابەزیوە.

٨- ڕێ لە ئازادیی منداڵەکانتان مەگرن، با بە راستگۆیی و بە راشکاوی گوزارشت لە راو بۆچوونی خۆیان بکەن بکەن و، بەبێ ترس ئەوەی لە ناخی دڵ و هۆش و خەیاڵیاندایە دەریان بڕن.

٩- هەموو منداڵێک فۆبیای دەرزی لێدانی هەیە.. ئێمەش کە منداڵبووین لە دەرزی لێدان دەترساین، کە منداڵێک لەو پزیشکە بپرسێت کە دەیەوێت دەرزیی لێبدات.. دێشێت یا نایەشێت؟ پێویستە پێی بڵێت: بەڵێ دێشێت. بەڵام ئەگەر پێی بڵێت نا نایەشێت.. کە دەرزییەکەی لێدا و ئێشی هات.. منداڵەکە بە پزیشکە دەڵێت: تۆ بۆ درۆت لە گەڵمدا کرد و وتت نایەشێت.. ئەی ئەوە نییە دێشێت.

١٠- هەندێ درۆ ناویان لێناوە ( درۆی سپی ) رەنگە بۆ هەندێ کات و دۆخ لەباربێت.. بۆ نموونە کە شرووبێکی تاڵ و ناخۆش دەدەن بە منداڵەکەتان، بۆ ئەوەی کۆکەکەی چاکبێتەوە.. منداڵەکەتان دەگری و نایخواتەوە.. دەتوانن بڵێن پزیشکەمان وتی: منداڵێک دەکۆکی لەم شرووبەی خواردەوە کۆکەی چاکبۆوە.. دەی ئافەرین تۆش ئازای دەتوانیت بیخۆیتەوە و وەکو ئەو منداڵە چاکبیتەوە.. منداڵەکەشتان کە کۆکەکەی بێزاری کردووە و حەز بە چاکبوونەوە دەکات.. رەنگە بڕوا بەو درۆ سپییەی دایکی بکات و، بە ناچاری و نابەدڵیش بێت، شرووبە تاڵ و ناخۆشەکە بخواتەوە.

٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## گرنگییەکانی ئازادی لە پەروەردەکردنی منداڵان.



ئازادی تەنها وتنی وشەیەکی سەرزارەکی و راگوزاری نییە، ئازادی ئەو هەوا پاک و بێگەردەیە کە هەڵیدەمژین. ئازادی ئەو هەست و نەستە جوان و پیرۆزەیە، کە هەمیشە لە هۆش و لە ناخی دڵ و دەروونماندایە. ئازادی بناغەی ژیانە و، مافێکی بنەڕەتی و سەرەکییە لە مافەکانی هەموو کەسێک، لەگەڵیدا لەدایک دەبێ و لەگەڵیدا دەژی. ئازادی شیرینترین و پێویسترین شتە لە ژیاندا. ژیان بەبێ ئازادی زیندانێکی تاریک و تەنگە و، هیچ واتایەکی نییە. چونکە ژیان و ئازادی یەکن، دوو گیانن لە یەک جەستەدا. ژیان بەبێ ئازادی لەشێکە بەبێ گیان. جان جاک رۆسۆ دەڵێ: وازهێنان لە ئازادی. وازهێنانە لە ژیان. ئازادی مافێکی سروشتی مرۆڤە. کەس بۆی نییە ئازادی لە کەسێکی تر زەوت بکات. ئەگەر بە دروستی ئەم مافەی خۆی بەکاربهێنێت و، دژی ئازادی و مافەکانی هیچ کەسێکی تر نەبێت.

*میخایل نەعیمە دەڵێ: ئازادی بەنرخترین شتە. بۆیە نرخی گرانە.*

*نووسەرێکی رۆژئاوایی - ش دەڵێ: گەر تۆ هەموو شتەکانت لەدەست بدەیت، تەنها ئازادی نەبێت، تۆ هێشتا دەوڵەمەندیت.*

*ئەبراهام لینکۆڵن یش دەڵێ: کەس حەزی بە پێوەن نییە، گەر لە زێڕیش بێت.*

ئازادی چەکێکی دوو دەمە، ئازادی پێویستییەکی بەسوودە، ئەگەر بێت بە راستی و بە دروستی بەکاری بهێنن. بەڵام ئەگەر بە هەڵە لە چەمکی ئازادی تێبگەین و، بە خراپی بەکاری بهێنین.

زیـان بە خۆمـان و بە کاسـانی دەوروبەرمـان دەگەیەنـین. بـۆ نمـوونە: تـۆ ئـازادی کە لە مـاڵەکەی خۆتانـدا تەلەفزیۆنەکەتان هەڵبکەیت دەنگی بدەیتێ و گوێی لێبگری. بەڵام ئازاد نیت، کە دەنگی تەلەفزیۆنەکەت زیـاد لە پێویست بەرزبکەیت و هاوسێکانت بێزاربکەیت و پێشێلی ئازادییان بکەیت.

بێگومان لە هیچ شوێنێکی جیهاندا، ئازادییەکی ڕەها نییە.. لە هەموو وڵاتێکدا ئازادی سنووردار و کۆنترۆڵکراوە، بە پێـی دەسـتوور و یاسـا و ڕێسـاکانی ئەو وڵاتە و، بە پێـی پرانسـیپەکانی ئـازادی. چـونکە ئـازادی بەرەڵایـی و ئاژاوەگێڕی و بێسەرەوبەرەیی و پێشێلکردن نییە. ئازادی بەرپرسێتییە. بەبێ بەرپرسێتیش ئازادی بوونی نییە. تـۆ تا ئەو کاتە ئازادی کە پێشێلی ئازادی و مافەکانی کەسانی تر نەکەیت. کەواتە مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە ڕێـز لە ئازادی خۆی و کەسانی تـریش دەگرێت. ئـازاد ئەو کەسەیە کە ڕێز لە پرانسیپەکانی مرۆڤـایەتی و، لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و، لە ڕەوشتە جوانەکان و، لە بەها بەرز و پیرۆزەکان دەگرێت.

ئازادی هۆکارێکی گرنگ و ڕێگایەکە، بۆ بەستنی پەیوەندی و تێکەڵ بوون لەگەڵ کەسانی تردا.

دێیـنە سـەر کرۆکـی باسـەکەمان کە گرنگییەکـان و کـارتێکردن و کـاردانەوەی ئـازادییە لە پەروەردەکـردن و، لە بنیاتنانی کەسێتی و لە ڕەفتارەکانی منداڵان دا.

شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونـاسی و گەشەکردنی منداڵان جەخت لەسەر پێویستی و گرنگی ئـازادی دەربڕینـی منداڵان دەکەنەوە. چونکە ئـازادی پێویستییەکی زۆر گرنگە و، ڕۆڵێکـی ئەرێنـی و کـاریگەری هەیە لە گەشەکردنی هۆش و زەین و زیرەکی و توانا و داهێنان و بەهرەکانی منداڵان.

پێویسـتە منـداڵەکانتان سـەرکوت و پەراوێـز نەکەن و، بەری ئازادییـان لێمەگـرن، بـا بە ئەوپەڕی ئـازادی و ڕاشکاوییەوە گوزارشت لە نـاخی خۆیـان بکەن و. ئەوەی لە دڵیانـدایە دەریببڕن. بـا بە کـامی دڵیـان یـاری بکەن و ڕاکەن و پێکەنن، با ئازادبن لە هەڵبژاردن دا، بە ئارەزووی دڵی خۆیان ڕەنگەکـانی جلوبەرگەکانیـان هەڵبژێـرن. بـا لە گفوگـۆ و بڕیارەکـانی خێزانیتـان بە تـایبەتیش لەوانەی کە پەیوەنـدییان بە خـودی منـداڵان هەیە، ڕا و بۆچوون و پێشنیارەکانیان فەرامۆش مەکەن، بەڵکو هانیان بدەن کە ڕا و هەڵوێستیان هەبێت. هەموو شتێکیشیان لێمەکەن بە بڤەیە، با خۆیـان شتەکان تـاقیبکەنەوە. تێکیـان بـدەن و، پێکوەیـان بنێـنەوە، گەر هەڵەشیان کرد،

لۆمە و سەرکوێریان مەکەن، تا هەڵە نەکەن راستیش فێرنابن، لە هەڵەکانیان و لە سەرنەکەوتنەکانیان وانە و پەند وەردەگرن. ئێمە و ئێوەش، ئەگەر قۆناخەکانی منداڵیمان بە بیری خۆمان بهێنینەوە، رەنگە بە دەیان هەڵەی بێمەبەستمان کردووبێت بە دەیان شتمان شکاندووبێت و بە دەیانیش شتمان لێکهەڵوەشاندووبێتەوە.

منداڵ مرۆڤێکە و مافی ئازادی هەیە. ئازادیش پێویستییەکی گرنگی پەروەردەی ئەم سەردەمەیە. سەردەمی لێدان و چاوسوورکردنەوە و شەقزالە و گوێڕاکێشان و فەلاقەکردن و دەمگرتنی منداڵان بەسەرچوو. بۆ ئەوەی منداڵان بە دەروون دروستی و تەندورستی پێبگەیەنین و بە شادی و خۆشی مەست و خەنیان بکەین، پێویستە بەپێی قۆناخەکانی تەمەنی منداڵییان ئازادییان هەبێت. ئازادیشیان بە رێنمایی جوان و بە چاودێری شوورەبدرێت. چونکە هێشتا پێویستییان بە رێنمایی و بە چاودێری و بە ئاراستەکردنی دروست هەیە. هێشتا پێویستییان بە یارمەتیدانی خێزان و قوتابخانە هەیە.

راستر ئەوەیە کە منداڵەکانتان لە نێوان خۆشەویستی و کارڕاستیدابن، نەک کارڕاستی و توندوتیژی.

### گرنگییەکانی ئازادی دەربڕین بۆ منداڵان:

١- منداڵی ئازاد، کەسێتییەکی سەربەست و ئاسایی و رەفتاردروست و بەهێزی لێدێتە کایەوە، دوور لە شەڕخوازی و توندوتیژی دەبێت، ژیر و ئازا دەبێت، گەشبین و رووخۆش و گوفت شیرین دەبێت، رێز لە خۆی و لە کەسانی تر دەگرێت، هەست بە خۆشی و شادی دەکات، هەست بە گرنگی بەهاکانی ژیان دەکات.. بە شێوەیەکی راستیش لە چەمکی ئازادی دەگات.. چاکخوازیش لە ناخیدا دەڕوێت.

٢- ئازادی خەیاڵی منداڵ فراوانتر دەکات، گەشەش بە زیرەکی منداڵ دەکات، هۆکارێکی گرنگیشە بۆ پێشکەوتن و باڵابوونی لە خوێندن و بەدەستهێناندا.. بوارێکی زیاتریشی بۆ دەرەخسێنێت بۆ حەزی دۆزینەوە و تاقیکردنەوە و داهێنان و گەشەکردنی ئارەزووەکانی و دەرخستنی تواناکانی.

٣- ئەو منداڵەی ئازادییەکی زیاتری هەبیت، بڕوایەکی زیاتری بە کەسێتی خۆی و بە تواناکانی دەبێت.. بڕوابەخۆبوونیش، هاندەر و پاڵنەرە بۆ کۆشش و خۆراهێنان و تاقیکردنەوە و داهێنان و بەرهەمهێنان.. بەمەش

کۆمەڵگا خێراتر پێشدەکەوێت و، داهاتووشی گەشتر و خۆشتر دەبێت.

٤- لە بواری ڕەوشتیشدا، دەتوانین ئەوە بڵێین، کە منداڵی ئازاد لە قوتابخانەدا، لە سایەی توانا و بڕوابەخۆبوونی، بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ڕەفتار لەگەڵ هاوڕێکانی و مامۆستاکانی دەکات.. وەکو چۆن بەرژەوەندی خۆی دەوێت، ئاوهاش بەرژەوەندی هاوڕێکانی دەوێت.. ڕێز لە ئازادی هاوڕێکانی و لە مامۆستاکانی و، لە یاساکانی قوتابخانە دەگرێت.

٥- پرانسیپەکانی ئازادی زامنی ئەوەن، کە منداڵی ئازاد هەست بە بەرپرسێتی بکات، لەوەش دەگات کە ئازادی بەبی بەرپرسێتی بوونی نییە.. بەزاندنی سنووری ئازادیش.. دژی پرانسیپەکانی ئازادییە.

٦- ئازادی، ئازایی و بوێرییەکی زیاتر بە منداڵ دەبەخشێت.. هاندەرە و پاڵنەریشە، بۆ ئەنجامدانی کاری سەرکێشی.. بۆ پەند و وانە وەرگرتن لە هەڵەکانی و لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنەکانی.. ئەو هەستەشی پێدەبەخشێت، کە لە داهاتوودا زیاتر خۆڕاگربێت و بتوانێت بەرگەی گرفت و شکستییەکان بگرێت و کۆڵ نەدات.. زیاتریش درێژە بە کۆشش و هەوڵدان و پێشکەوتنەکانی بدات.

## گرفتەکانی نەبوونی ئازادی دەربڕینی منداڵان:

گەر بێتو بەر لە ئازادی ماف دەربڕینی منداڵ بکەین و، لە سەربەستی بێبەشی بکەین و، دەمی پێدابخەین و، نەتوانێت گوزارشت بکات و رای خۆی دەربڕێت و ڕەخنە نەگرێت، وەکو ئامێرێکی لێدێت کە فەرمان و داواکان جێبەجێ دەکات و، دەبێتە پاشکۆی گەورەکان و لە ناو جغزێکدا خۆی بەدی دەکات.. بێگومان زەوتکردنی ئازادی لە منداڵ، دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدا نی گەلی گرفتی جەستەیی و دەروونی لە منداڵدا، گەلێ کاردانەوەی نەرێنیشی لێدەکەوێتەوە.. بە کورتی باس لە چەند گرفتێکی نەبوونی ئازادی منداڵ دەکەین:

١- ڕێگرتن لە ئازادی منداڵ، ئاسەوارێکی نەرێنی زۆری لێدەکەوێتەوە، دووچاری کێشە دەروونی و ڕەوشتییەکانی دەکات، وەکو: خۆبەکەمزانین، دوژمنخوازی، دزی، گۆشەگیری، شڵەژان، خەمۆکی، دڵڕاوکێ، بڕوابەخۆنەبوون، بێ هیوایی، رقئەستووری...هتد. پێویستە پێش ئەوەی کە کەسێتی منداڵ تێکبچێت و بڕووخێت و، دووچاری چەندین

نەخۆشی دەروونی بێت، چارەسەری گرفتەکانی بکرێن.

٢- زەوتکردنی ئازادی لە منداڵ و پەراوێزکردنی، وای لێدەکەن کە خۆی بە کەسێکی بێ دەسەڵات و بێتوانا بزانێت، واش هەست دەکات خۆشەویست نییە ،و رێزی لێناگرن و بە هەندی نازانن.. ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی کە ئاستی بە دەستهێنانی لە خوێندندا لاوازبێت.. لە ژیانیشیدا سەرکەوتوو نەبێت.

٣- خەفەکردنی ئازادی منداڵ وای لێدەکات کە هەست بە جوانییەکان و بە خۆشییەکانی ژیان نەکات و، بە رەشبینییەوە لە ژیان بڕوانێت.. ئەمەش لە ئەنجامەی لۆمەکردنێکی زۆر و، سەرکوتکردن و سەرکوێرکردنی لە لایەن خێزانەکەیەوە، لەسەر ئەو هەڵە بێمەبەستانەی کە دەیکات.. بڕواشی بە تواناکانی خۆی نامێنێت و پشت بە کەسانی تر دەبەستێت و، غیرەتی بڕیاردانیشی لە ژیانیدا نابێت.

٤- پەروەردەی سەپێنراو، کە بوارێک بۆ ئازادی بۆ منداڵ ناهێڵێتەوە، وا لە منداڵ دەکات کە ببێت بە ئامێرێکی گوێدێر و جێبەجێکەر، گفتوگۆ هیچ رۆڵێکی نییە، گوێش لە را و بۆچوونەکانی ناگرن.

٥- زەوتکردنی ئازادی و سەربەستی لە منداڵ و، پەروەردەکردنێکی نادروست و سەقەت لە لایەن خێزانی نابەڵەدەوە.. هۆکارێکە بۆ لاوازی هاوبەستەبوونی منداڵ بۆ خێزانەکەی، چونکە وا هەست دەکات کە خۆشیان ناوێت و رقیان لێیەتی. هەر وەکو ئەوەی کە ئەندامێکی خێزانەکەی نەبێت و، کەسێکی نامۆبێت لە ناویاندا. بواری ئەوەشی نادەنی کە بە ئازادی و بە راشکاوی گوزارشت لە را و لە هەڵوێست و لە بۆچوونەکانی بکات. هەستکردنی منداڵیش بەم پشتگوێخستنە، گەلێ کێشە و رەفتاری خراپ و نەرێنی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، وەکو: شەڕخوازی، ملهوڕی، گۆشەگیری، یاخیبوون، گرژ و مۆنی، رقایەتی، قسەهەڵبزکان، جوین دان، نەبەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و، لاوازی پەیوەندی هاوڕێتی، تێکەڵاونەبوون، شکستهێنان لە خوێندندا.

بێگومان خێزان ناوەندێکی گرنگی پەروەردەکردن و راهێنانی منداڵە.. بەڵام بە داخەوە تا ئەمڕۆش لە ناو هەندێ خێزانیدا، پەیوەندی نێوان دایک و باوک و منداڵ، پەیوەندیەکی میلیتارییە، پەیوەندی (سەرکردە و سەربازە) واتە پێویستە منداڵ تەنها گوێدێربێت و، فەرمانەکانی خێزانەکەی ( باوک و دایک) ی جێبەجێ بکات.. چاوەڕوانی چی لە منداڵێکی وا بکەین کە لە خێزانێکی وادا پەروەردەبێت؟

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین، کە تا ئەمڕۆش لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکانمدا، پرۆگرامەکانی خوێندن و شێواز و ڕێبازەکانی وانە وتنەوەی ماوستاکانمان، کۆن و کلاسیکین و، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لێبەدی ناکەین. تا ئەمڕۆش ماموستای وانەبێژ، تەوەری سەرەکی وانەیە و، زۆرترین کاتی وانەکە ئەو لە پۆلدا

قسەدەکات.. بواری پێویست بە منداڵان نادەن، کە بە راشکاوی و بە ئازادی رای خۆیان دەربڕن. ئەمەش بە پێچەوانەی پەروەردەی نوێ و، شێوازی و رێبازەکانی تازەی وانە وتنەوەیە.. کە منداڵان (قوتابیان) تەوەری سەرەکی وانەن لە پۆلدا، بە ئەوپەڕی ئازادی و راشکاوییەوە گفتوگۆ دەکەن و، دەپرسن و، رەخنەدەگرن و .. گوزارشت لە رای خۆیان دەکەن.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---

## سایکۆلۆژیای رێزگرتن لە منداڵان.



**پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دوو بەشن:**

***بەشی یەکەمیان:*** پێداویستییە جەستەییە بایۆلۆژییەکان وەکو هەوا، خواردن، خواردنەوە، نووستن، کە لە بنکەی قووچکەی پێداویستییەکانی ژیان مرۆڤ و هەموو گیانەوەرەکانی کەدان، بەبێ ئەم پێداویستییانە ژیان ئەستەمە..

***بەشی دووەمیان:*** پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانن وەکو، خۆشەویستی، سۆز و بەزەیی، رێزگرتن، ئاسوودەیی و دڵنیایی، ئازادی و سەربەخۆیی، سوپاس و هاندان، پێزانین و پاداشت، ئاشتی و خۆشی، هاوبەستەبوون بۆ خێزان و نەتەوە و نیشتمان و مرۆڤایەتی و... هتد. ئەم پێداویستییانە مایەی بەختەوەری و شادی مرۆڤن.

***کەواتە (رێز) یا (رێزگرتن) پێداویستییەکی گرنگی دەروونی مرۆڤە، چ منداڵبن یا گەورەبن.***

ڕێزگرتن هەستێکی زۆر جوانە و، بەهایەکی ڕەوشتی و ڕەفتاری و پەروەردەیی و شارستانی گرنگ و بەرزە، خەسڵەتێکە لە خەسڵەتە جوان و نایبەکانی مرۆڤ، بەڵکو بنەمایەکی سەرەکی سەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ کەسانی تردا، کلیلی تەبایی و پێکەوەژیان و خۆشەویستی و بەختەوەریی خێزانە.. بنەمای هەموو پەیوەندییە سەرکەوتووەکانە لە جیهاندا.

مرۆڤ بە رەمەکی و بە سروشتی حەزدەکات کە کەسایەتییەکی ڕێزدار و قەدرگران بێت و، ڕێز لە مرۆڤایەتی خۆی بگرێت.. ڕێزگرتن لە خودیش، یەکەمین بەڵگە و کۆدی ژیانی تەبایی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە.. هەر مرۆڤێک کە ڕێز لە خۆی بگرێ، ڕێز لە کەسانی کەش دەگرێت.. ڕێزگرتنیش هەستێکی بەرانبەرییە، گەر ڕێز لە کەسانی تر بگرین، ڕێزمان لێدەگرن .. پێچەوانەکەشی ڕاستە.. لەوەش دزێوتر و قێزەوەتر نییە، گەر ڕێزگرتن ڕووکەشی بێت و لە دڵەوە نەبێت، لە ترسەوە بێت، یا ڕیای و مامەحەمەیی بێت، یا لەسەر بنەمای مەبەست و دەسکەوت و بەرژەوەندییەکی تایبەتی بێت.. *کوردیش باش بۆی چووە کە دەڵێ: بۆیە پێت دەڵێم مامە.. چۆلەکەم بۆ بگریت.*

واتا و شێوازەکان و ئامانجەکانی ڕێزگرتن، زۆر فروان و هەمەلایەنەیە و، هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، وەکو ڕێزگرتن : لە نێوان ئەندامانی خێزاندا، لە نێوان خزمان و هاوڕێیاندا، لە نێوان قوتابیان و مامۆستایاندا، لە نێوان گەورە و بچووکدا، لە نێوان بەڕێوەبەر و فەرمانبەردا، لە نێوان بووک و خەسوودا، ڕێزگرتن لە پیرۆزی کوردستانی خۆشەویستمان، لە گیانبەخشینی شەهیدە نەمرەکانمان، لە داستانەکانی پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکانمان، لە ئالای پیرۆزی کوردستانمان، لە یاسا و دەستوورمان، لە داب و نەریت و لە بەها پیرۆزەکانمان، لە ئایینەکان و لە هەموو نەتەوە جیاوازەکان، لە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانمان، لە مافەکانی مرۆڤ، لە مافەکانی منداڵان و ژنان، لە سەرکردە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان، لە ئازادی و سەربەستی مرۆڤ، لە ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان، لە بەڵێن و پەیمانەکان و ڕێکەوتنەکانمان و... هتد.

لە ژیانی ڕۆژانەماندا، چەندین شێواز و گوزارشتکردنی ڕێزگرتنی لە یەکتریمان هەیە.. بۆ نموونە وەکو: ڕۆژتان باش، بەخێربێن، خوتان لەگەڵ، تەوقەکردن، باوەش لێکدان، لەبەر هەڵسان، بە ڕووخۆشی و ڕووگەشییەوە پێشوازیکردن و بە ڕێکردنی میوان، کاکە، دادە، خان، بەڕێزو... هتد.

دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان، سایکۆلۆژیای ڕێزگرتن یا ڕێزنەگرتن لە منداڵە چاوگەشەکانمان، چ کاریگەری و

ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و نەرێنیان لە ژیانی ئەمڕۆ و ئایندەی منداڵان لێدەکەوێتەوە؟

منداڵ مرۆڤێکی بچووکە، خاوەنی هەست و نەستێکی ناسک و پاک و بێگەردە.. ئەوەی کە لەسەر زمانیدایە هەر ئەوەیە کە لە دڵیدایە.. هەست بە خۆشییەکان و بە ناخۆشییەکان دەکات.. هەست بە باشەکان و بە خراپەکان دەکات.. هەست ڕێزگرتنەکان و بە بێڕێزییەکانیش دەکات.. تەنانەت هەست بە زەردەخەنە رووکەشییەکان و، بە زەردەخەنە خۆشەویستییە ناخییەکانیش دەکات.

لە ئەمڕۆدا، پەروەردەکردنی راست و دروستی منداڵان، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە هەست و نەست و لە خواست و هیوا و خەونەکانی منداڵان بنیات دەنرێت.. تا زیاتر و زیاتر ڕێز و خۆشەویستی ببنە یاسای خێزان.. تەبایی و ئاسوودەیی و بەختەوەری و شادی دەبنە ناسنامەی خێزان، تا دایکان و باوکان و مامۆستاکانیش لە ڕێزگرتندا نموونە و پێشەنگبن بۆ منداڵەکانیان و، بۆ قوتابییەکانیان.. زیاتر سەرکەوتوودەبن لە پەروەردەکردن و، لە پێگەیاندنی منداڵانی ژیر و زرنگ و بڕوابەخۆ.. زیاتریش گەشبین دەبن لە هێنانەدی ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر بو کورد و کوردستان.. ڕێزگرتن هۆکارێکی گرنگیشە بۆ پێگەیاندنی تاکی بەسوود و خێردەرەوەی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و تەبا.. فاکتەرێکیشە بۆ داهێنان و گۆڕان و، گەڕان بە دوای نوێخوازیدا.

زانایانی پەروەردە و پزیشکانی دەروونناسی منداڵان، کۆدەنگن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان لە ناخی دڵیانەوە، ڕێز لە را و راز و بۆچوونەکانی منداڵان بگرن، لەو کار و بڕیارانەش کە پەیوەندییان بە ژیان و چارەنووسی ئەمڕۆ و داهاتوویانەوە هەیە، لە ناوەندی بڕیاریدا، ڕەنگ و دەنگیان فەرامۆش نەکەن، پێویستە کە بەشداربن و، را و بۆچوون و هیوا و خواستەکانیان بە هەند وەربگرن.. ئەم مافەش لە (جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵ) دا ئاماژەیان پێکردووە.

لە ئەمڕۆدا، کە سەردەمی شۆڕش و پێشبڕکی داهێنان و تەکنۆلۆژیای تازەیە.. کە ڕۆژانە بە دەیان داهێنانی بابەت هەمەجۆرەی تازەی سەیر و سەمەرە دێنەکایەوە.. پشکی منداڵانیش لەم داهێنانانەدا کەم نین.. پەروەردەکردن و پێگەیاندن و ئاراستەکردنی دروستی منداڵانی چاوکراوەی فرەخواست و فرەزان، کارێکی هەرەمەکی و ئاسان و بێ ئەرک نییە.. زۆر لە سەردەمەکانی رابردوو گرانتر و بە ئەرکترە و، پێویستییان بە بەڵەدی هەیە.. خوێندنەوەی تیۆرە پەروەردەییەکان زۆر ئاسانە.. بەڵام پراکتیزەکردنیان هێندە ئاسان نین.. بۆ جێبەجێکردنیان پێویستییان بە

پلادانـان و، بە شـارەزایی و وردبینی و دووربینـی و وریـایی هەیە.. پێویسـتییان بە دەمارخـاوی و بە پشـوودرێژی هەیە.. ئەوەش راستە کە منـداڵەکانمان خۆشەویستن و شیرینن و لەبەر دڵانن.. بەڵام هەردەم پەروەردەی دروست لە پێشتر و شیرینترە.. لەم پێودانگەوە، پێویستە کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بەڵکو تەنانەت نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانیش ئەو بزانن کە چ ئەرکێکی پیرۆز و هەستیاریان لە ئەستۆدایە.

زانایـانی پەروەردە، رەوشت و رەفتارەکـانی هەمـوو تـاکێکی مرۆڤ، شێوازەکانی هەڵسوکەوتکردن و رەفتارەکانیـان لەگەڵ خەڵکیدا، بە پوخت و بە کاکڵەی کـارتێکردن و رەنگدانەوەی شێوازەکانی ئەو ئەو پەروەردەکردنە دەزانن، کە لە تـافی منداڵییانـدا، لە لایەن دایکـان وباوکانیـان لە نێـو خێزانـدا، یـا لە لایەن مامۆسـتاکانیانەوە لە قوتابخانەدا، لە سەریان راهێنراوان و، دەقیان پێوەگرتوون.. کەواتە هەر رەفتارێکی بـاش و پەسەند، یـا بەد و خـراپ، دەگەڕێـنەوە بـۆ شـێوازی ئەو پەروەردە کـردنە و، ئەو رەفتـارانەی کە لە دایکـان و باوکانیـانەوە، لە رۆژگارەکانی منداڵییاندا فێریان کردوون، یا چاویان لێکردوون.. بە کورتی دۆخی دەروونی و رەوشتی و رەفتـاری و هەڵسوکەوتی خەڵکی لە هەموو سەردەمێکادا، بەری ئەو تـۆوانەن کە لە رۆژانـی ژیـانی منداڵییانـدا، لە هۆشیـاندا تۆویان کردوون. *کورد وتەنیش: چی بچێنین.. ئەوە دەدوورینەوە.*

رێزگـرتن لە منـداڵان، لە لایەن دایکـان و باوکانیـانەوە، ئەوەش ناگەیەنێت، کە ملکەچی هەمـوو داوا و پەڵـپ و وڕکگرتنێکی منداڵەکانیان ببن.. پێویستە لە سنووری توانایاندا خواستەکانیان دابین بکەن.. بە شێوازێکی هێمنانە و ژیرانە قەناعەت بە منداڵەکانیان بکەن.. زیادەڕۆییش لە خۆشەویستی و سۆز و نازپێدان و جێبەجێکردنی هەر داوایەکی منداڵ.. یا چاوپۆشین لە لە رەفتارە نابەجێیەکانیان، لە پـاڵ سوودەکانیاندا، زیانیشیان بە دواوە دێن .. زۆر شیرین و زۆر تـاڵ هەردووکیان زیانبەخشن.. بۆیە پێویستە هاوسەنگییەک دروستبکەن و، مامناوەندی بـن لە رەفتـارەکانتان لەگەڵ منداڵەکانتاندا.

بە کورتی پێویستە دایکان و باوکان، لە سەرتاوە بە شێوازێکی دروست و پەسـەند رێـز لە کەسێتی منـداڵەکانیان بگـرن.. لە ئەمـڕۆدا رێزگـرتن بـووە بە بـابەتێکی لێکـۆڵینەوەی پەروەردەیـی و بە سـەدان لە زانایـانی پسـپۆری پەروەردە و، دەروونـاسـانی منـداڵان و، پزیشـکانی دەروونـی منـداڵان، پێـوەی سـەرقاڵن.. تـا ئێسـتا چەنـدین لێکـۆڵینەوە و تـوێژینەوەی پراکتیکی و مەیـدانیان لەسـەر کـارتێکردن و رەنگدانەوەی رێزگـرتن یـا رێزنەگـرتن لە منداڵان ئەنجامدراون، هەر هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە رێزگرتن پێداویستییەکی گرنگی دەروونی

منداڵانە و، نابێت پشتگوێ بخرێت.

## گرنگترین گرنگییەکانی ڕێزگرتن لە منداڵان:

١- ڕێزگرتن یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی گەشەکردنی دەروونی منداڵ، بە تایبەتیش لە قۆناغەکانی یەکەمی تەمەنیدا.. مەستبوونی منداڵ بە پێداویستی ڕێز، ئەوە بە لایەوە دەگەیەنێت، کە ئەندامێکی پەسەندکراوی خێزانەکەیەتی و، لە لای دایک و باوکی خۆشەویست و بەڕێزە.

٢- ڕێزگرتن و گوێگرتن لە هیوا و لە خەون خواستەکان و، لە را و لە بۆچوونەکانی منداڵ، دەبنە یارمەتیدەر بۆ ڕێزگرتن لە خودی خۆی و، متمانە و بڕوابوونی بە ئازادی و بە سەبەخۆیی خۆی.

٣- ڕێزگرتن شێوازێکی سەرکەوتووە و دروستە، بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان بە راستییەکان، بەڵکو ڕێزگرتن وەکو حەپی دژە (تاوان، توندوتیژی، شکستی لە خوێندن، ترس، دڵڕاوکێ) وایە.

٤- ڕێزگرتن شێوازێکی سەرکەوتووە، بۆ ئەوەی منداڵ بە ئەوپەڕی ئازادییەوە، گوزارشت لە را و لە بۆچوونەکانی خۆی بکات.. ئازایەتییەکی ئەدەبی هەبێت.

٥- پێویستە دایکان و باوکان، وەکو ڕێزگرتن لە منداڵەکانیان، بە وشەی جوان و شیرین و ناسک و نەرم نیان، منداڵەکەیان بدوێنن، بۆ نموونە دایکی بە کچەکەی دەڵێ: گوڵە جوانەکەم، حەزدەکەی لە ئامادەکردنی خوانی ناخواردەکەمان یارمەتی دایکت بدەیّ..؟ نەک بە شێوەی فەرمان و بە وشەی رەق و زەقی وەکو: ئەرێ کچم خۆ داناوەشاوی.. شوورەیی ناکەیت.. کە دەبینیت من ماندووم.. تۆش دانیشتووی و هەڵناسی یارمەتیم بدەی، دەی زوو راپەڕە و خوانی نانخواردنەکەمان ئامادە بکە، شێوازێ داواکردنی دایکێکی وا هەڵەیە، بەم وشە ناشیرینانە هەستی کچەکەی بریندارەدەبێت.

٦- کە منداڵەکەتان هەڵەیەک دەکات، مەیشکێننەوە و، سەرکوێری مەکەن، با ترس لە هەڵەکردن نەبێتە گرێ کوێرەیەکی دەروونی لە لای، باشتر ئەوەیە کە دڵی بدەنەوە و، ئازادی راستکردنەوەی هەڵکەی هەبێت هانی بدەن کە درێژە بە کارەکەی بدات، ئەوشی پێبڵێن کە تا هەڵە نەکەین راستیش فێرنابین، هەڵەکردن هەنگاوێکە بۆ پەند وەرگرتن و وانە فێربوون و دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکان .

٧- ڕێز لە جیاوازییەکانی نێوان منداڵەکانتان بگرن و، هەموویان مەخەنە چوارچێوەیەکەوە، چونکە لە هەموو شتێکدا مرۆڤەکان وەک یەکنین.. جیاوزیش لە نێوان کچەکانتان و کوڕەکانتان مەکەن.

٨- ڕێزگرتن گەلێ خەسڵەتی ئەرێنی جوان بە منداڵ دەبەخشێت، وەکو: رەوشتبەرزی، دەروونپاکی، رەفتارجوانی،

راستگۆیی، گوێدێری، کەسێتی، رێزگرتن لە رای جیاواز، رووحی وەرزشی و... هتد.

٩- رێزگرتن هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵ بە راشکاوی، گلەیی و رەخنە و داخوازییەکانی دەربڕێ و، باس لە هەر کێشە و گرفتێک بکات کە دێنە رێی و، نەیان شارێتەوە.. بۆ ئەوەی دایک و باوکی یارمەتیی بدەن و، لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان رێنمایی پێویست و، چارەسەری دروستیان بۆ دابنێن.. ئەمەش رێز و خۆشەویستی لە نێوان دایک و باوک و ئەندامانی خێزاندا بەهێز دەکات.

١٠- رێز لە هاورێکانی منداڵەکەتان بگرن.. تا خێزانەکانی ئەوانیش رێز لە منداڵەکەی ئێوە بگرن، بەم رێزگرتنەتان پەیوەندی هاورێتی منداڵەکەتان لەگەڵ منداڵانی تردا بەهێزتر دەبێت.. دەشێ ببێت بە پردێکی یەکترناسین و ئاشنایەتی، لە نێوان ئێوە و خێزانەکانی هاورێکانی منداڵەکەتان.

١١- گەر رێز لە منداڵەکانتان بگرن، ئەوانیش رێز لە ئێوەی دایک و باوک و لە خوشک و براکانیان دەگرن و پەیوەندی خێزانیتان بەهێزتر و خوشتر دەبێت.. لە سەرەوە وتمان کە رێزگرتن دوولایە.

*ئەلیس میلەر دەڵێ: منداڵان رێز لەو کەسانە دەگرن.. کە رێزیان لێدەگرن.*

## گرنگترین زیانەکانی رێزنەگرتن لە منداڵان:

١- رێزنەگرتن لە منداڵ و پەراوێزکردنی، یا سووکایەتی و بێڕێزیکردن پێی.. پاڵنەرە بۆ رەوشتی ناوازە و، بۆ لە رێ دەرچوونی و، بۆ ئە نجامدانی تاوان و، زیان گەیاندن بە خۆی و بە کەسانی تر.

٢- پێوتنی وشەی ناشیرینی وەکو: گەمژە، گوێدرێژ، گەلحۆ، هەڵەوەڕ، بێڕەوشت، هیچ و پووچ، شێت و شوور، نالەبار، خوێڕی، تەمەڵ و... هتد، منداڵ ئەم قسانە بە بێڕێزی دەزانێ و، هەستی پێیان بریندار دەبێت، بە تایبەتیش گەر لە بەردەم هاورێکانی و لە بەردەم خەڵکانی تردا پێی بڵێن.

٣- گەر منداڵێک لەماڵەوە رێزی لێنەگرن و وەکو پێویستیش خۆشیان نەوێت.. ئەم منداڵە دەیەوێت بۆ قەرەبووکردنەوەیان، ئەڵتەرناتیڤێکی تر بدۆزێتەوە، هەوڵدەدات هاورێ بگرێ و تێکەڵ بە هەموو کەسێک ببێت.. دەشێ تووشی هاورێ بەد و خراپ بێت و، لە رێ دەریبکەن .. ئۆباڵی ئەم ئاکامە نەخوازراوەش، لە ئەستۆی دایک و باوکیدایە.. دەگەرێتەوە بۆ رێزلێنەگرتن و پشتگوێخستنی.

٤- ڕێزنەگرتن لە منداڵ، کارێکی ترسناکە، وا لەو منداڵە دەکات کە ببێتە دوژمنی خۆی و هیوای بە ژیان نەمێنێ، چونکە وا هەست دەکات کە لە ناو خێزانەکەیدا نامۆیە.. بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە بە گەورەیی خۆیان دەکوژن.. هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم کەسانە لە تافی منداڵییاندا، لە ناو خێزانەکانیاندا، هەستی ڕێز و سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی نەبوونە.

٥- ڕێزنەگرتن لە منداڵ، هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە تۆوی ڕق و کینە و شەڕخوازی و دوژمنایەتی لە دەروونیدا ڕەگ بکات و، ببێتە کەسێکی شەڕخواز و، تۆڵەی خۆی لە کەسانێکی بێتاوان بکاتەوە.

٦- ڕێزنەگرتن و بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە و گوڕەشە و چاوسوورکردنەوە، منداڵ تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، ئەم ترسەش لەگەڵیاندا گەورەدەبێت و، دەبێتە گرێ کوێرەیەکی دەروونی.

***(تێرنەس) دەڵێ: باشتر وایە کە بە ڕێز و نەرم و نیانییەوە منداڵەکانتان بە خۆتانەوە بنووسێنن.. نەک بە ترسەوە بیانگرنە خۆتان.***

٧- ڕێزنەگرتن و ڕێگرتن لە منداڵ، کە دەبێ لە رووی گەورەکاندا ورتەی لێوە نەیا و، دەمی دابخا، کارێکی خراپە و سەرکوتکردنی ئازایەتی ئەدەبییە لە لای منداڵ، منداڵ (دڵپڕ و زمان کڕ) دەبێت.

***(یۆنامات) دەڵێ: تا تەمەنی سیانزە ساڵیم.. وام دەزانی کە ناوم ـ دەمت داخە یە.***

٨- ڕێزنەگرتن لە منداڵ، لەوەش ترسناکتر ئەویە کە بترسێ و بێدەنگ بێت و قسە نەکات.. منداڵ تووشی گۆشەگیری و شەرم و خەمۆکی و تێکەڵنەبوون بە منداڵانی تر دەبێت.

٩- ئەو منداڵە بەدبەختەی، کە لە ناو خێزانێکدا چاوی هەڵهێناوە، کە ڕێز و سۆز و بەزەیی و میهرەبانی و خۆشەویستی بوونیان نەبووە.. ئەم منداڵە خۆی بە کەم دەزانێ و، بێدەسەڵات دەزانێ و، خۆی بە شایەنی بەرپرسێتی و، لە ئەستۆگرتنی ئەو ئەرک و کارانە نازانێت کە پێی دەسپێرن.

١٠- منداڵێک کە ڕێزی لێنەگرن و خۆشیان نەوێت.. هەستی ویژدان و سۆز و بەزەیی نامێنێت.

١١- گەر منداڵێک لە لایەن خێزانەکەی خۆیەوە ڕێزی لێنەگیرێ.. کەسانی کەش ڕێزی لێناگرن.

٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## سوودەکانی سۆزی دایک بۆ منداڵ



***شکسپیر دەڵێ: لە جیهاندا سەرینێک نییە.. کە لە باوەشی دایک نەرمتربێت.***

***بە لای ئێمەوە، لە کوردستان پیرۆزتر و جوانتر نییە.. لە کورد دڵپاکتر و لێبووردەتر نییە..***

***لە دایک بەسۆزتر و دڵسۆزتر نییە.. لە پێشمەرگەرە قارەمانتر و گیانبەخشتر نییە.. لە ئازادی و ئاشتی شیرینتر نییە.. لە هیوا و بڕوا و هاندەرتر نییە.. لە یەکێتی و تەباییش بە هێزتر نییە.***

**دایک پیرۆزترین بوونەوەری دونیایە.. دایک وشەیەکی بچووکە و، لە چوار پیت پێکهاتووە.. بەڵام جوانترین و ناسکترین و شیرینترین وشەیە، لەسەر زار و، لە ناخی دڵی هەمووماندایە.. دایک جوانترین وشەیە لە فەرهەنگەکانی زمانەکانی هەموو گەلاندا.. دایک وشەیەکە گەورەترین واتای لەخۆگرتووە، کە بە هەزاران وشە و رستە و دێڕ و هۆنراوە و پەخشان و رۆمان، نایاتە باسکردن و ستایش کردن.. دایک واتای بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی و دلۆڤانی و بەرخودانی لەخۆگرتووە.. سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی دایک بێ هاوتا و بێ سنوورن و.. هەرگیز لەبن نایەن.. دایک هەمیشە دەبەخشێت و، هیچ کاتێکیش چاوەڕوانی وەرگرتنی پاداشت ناکات.. دایک کانییەکی روونی هەمیشەبەخشی بەخوڕە.. کە بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی لێهەڵدەقوڵێت.. نە لیڵ دەبێت و، نە وشکیش دەکات.**

**دایک سونبولی ژیانە، هێمای بەخشین و درێژەدان و مانە.. سکی دایک پیرۆزترین نیشتمانە.. لە سکی دایکدا ژیان لە دایک دەبێ.. لە باوەشی دایکدا رۆڵەکانی نیشتمان گوش دەکرین و پێدەگەن.**

***جوبـران خەلـیل جوبـران دەڵـێ: دایک هەمـوو شتێکە لە ژیـاندا، دڵـدەرەوەیە لە ماتەمینیـدا، هیـوایە لە بـێ ئومێـدیدا، هێزە لە لاوازیـدا.***

ئەوە دایکمـان بـوو، پـێش ئەوەی چاوەکانمـان هەڵبێن، بە سنگی گەرم و نەرمی خۆیەوە نووسـاندین و، بە شیری پاکی گۆشی کردین.. ئەوە دایکمـان بـوو، بـۆ ئەوەی بە خۆشی و بە شـادی خەومـان لێبکەوێت، بە دەنگە ناسک و شیرین و بەسـۆزەکەی لای لایەی کـوردەواری خۆشی بـۆ دەکـردین و، دەیلاوانـدینەوە، شەونخونی دەکـرد و شەو تـا بەیـانی ئێشـکی دەگـرتین.. ئەوە دایکمـان بـوو، ڕۆژانە لە باوەشـی گەرم و نەرمـی دەکـردین و، دەسـتە نەرم و جوانەکـانی بە سـەر و گوێمانـدا دەهێنـا و، بە دەیـان زەردەخەنەی شیرێن و ناسکی پێدەبەخشـین و، ماچـبارانی دەکردین و هەموو خەم و ئێش و دڵتەنگی و ناسۆرییەکانمانی لەبیردەبردینەوە.. ئەوە دایکمان بوو، کە هەموو نـاز و نووزێکمـانی هەڵـدەگرت.. بەشـە پارووەکـەی خـۆی بە دەمـانەوە دەکـرد.. ڕۆژی سـەد جـارش مەرگـی خـۆی پـێش مەرگمان دەخست و، هەمیشە نزای دەکرد و، لە خـوا دەپاڕایەوە، کە جەرگی نەسووتی و.. ئێمە بێوەی بین.

ئەوە دایکی دڵسۆزمان بوو، کە فێر ئەلفوبێی کوردایـەتی و کوردسـتان پـەروەری کـردین.. بەڵی کەسمان لە پڕێک، نەبووینە بە کچ و کوڕێک.. دایکمان یەکەمین مامۆستامان بوو.. باوەشی دایکیشـمان یەکەمین قوتـابخانەمـان بـوو.. دایک و باوکمان زۆریـان فێرکردین و، زۆر بەهـا و نەریتی ڕسەن و جـوانی کوردیمان لە ئەوانەوە فێربووین.

**** ڕیتشارد نیکسون ـ سی و حەوتەمین سەرڕۆکی ئەمریکا دەڵـێ:  دەتـوانیت هەمـوو شتێکم لە بیربەریتەوە.. تەنیـا ئەوە نەبێت کە دایـکم فـێری کـردووم.***

**** ئابراهام لینکۆڵن ـ شانزەمین سەرۆکێکی ئەمریکا دەڵێ: هەموو ئەو شتانەی کە من پێیان گەیشتووم، ئەو پلە و پایەیەش کە هیوای پێگەیشتنیان دەخوازم، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ دایکی پەریزادم.***

*** کەڵەزانـای داهێنەر تۆمـاس ئەدیسۆن دەڵێ: ئەوە دایکم بوو کە دروستی کـردم.**

**** هونەرمەند (فلۆریـان) یش دەڵـێ:  ماچیک لە لایەن دایکمەوە، کردمی بە وێنەگرێکی جیهانی.***

بە سەدان وتەی ناوداران و پەندی گەلان و، هۆنراوەی شیرین و، چیرۆک و، پەخشان و، ڕۆمان و، داستان، بە هەموو زمانەکانیی جیهان، دەربارەی بەزەیی و سۆز و دڵسۆزی و خۆشەویستی و شکۆداری دایک و تراون و نووسراون.

هێندە قەرزاری دایکمانین، هێندە چاکەی بە سەرمانەوە هەیە.. گەر بە درێژایی ژیانمان ستایشی بکەین و پێیدا هەڵبدەین، هەرگیز ناتوانین پاداشتی سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی و بەخشندەیی بدەینەوە.. ئەوە گەورەترین ڕێز و شکۆداری و پێزانینە کە: *بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە.*

** ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێ: جیهان بچووکیش بێتەوە.. دایک هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە.*

** جان جاک ڕۆسۆ دەڵێ: گەر جیهان لە چنگێکدا بێ و.. دایکم لە چنگەکەی تردا بێ، ئەوا دایکم هەڵدەبژێرم.*

** کوردیش دەڵێ: دایک لە لای ڕۆڵەکانی، قەد پیر نابێت.*

دایک شایانی ئەوەیە و، زۆر لەوەش زیاتر، کە هەموو ڕۆژێک نەک جارێک، بەڵکو بە دەیان جار سەری ڕێز و نوازشی بۆ دانەوێنین و، تێر دەستە جوانەکانی ماچ بکەین و، داوای گەردن ئازادی و لێبووردن و بەخشینی لێبکەین.. گەر دایک لێمان ڕازی نەبێت، لە ژیاندا ناحەسێینەوە.

ئێمەش باوکین و، هیواداریین کە باوکان بە هەڵە لێمان تێنەگەن و، وا بزانن، کە لە ڕادەی سۆز و بەزەیی و دڵسۆزی و خۆشەویستی و قوربانیدانی ئەوان بۆ ڕۆڵەکانیان بە کەمتر دەزانین.. دەڵێن: چاکەی باوکان لە بەرزترین لووتکە چیا بەرزترە.. چاکەی دایکانیش لە قووڵترین دەریالۆش قووڵترە.. پیاوانیش هەر لە دایک لە دایکبوونە.. بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنگرە و ناتوانین نکووڵی لێبکەین.. ئەو سۆز و خۆشەویستی و دلۆڤانییەی کە لە دایکدا هەیە.. بەم ڕادەیە لە باوکدا نییە.. سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکەی ڕەمەکی و سروشتییە.. ئەم سۆز و خۆشەویستی و گرینگیپێدانە ڕەمەکییەش، تەنیا لە دایکی مرۆڤدا نییە.. بەڵکو لە دایکانی هەموو بوونەوەرەکانی کەشدا، ڕەمەکی و سروشتییە، بێچووەکانیان بە سۆز و خۆشەویسی بە خێودەکەن و شیر و خواردنیان دەدەنێ و، چاودێری دەکەن و پارێزگارییان لێدەکەن.. تا گەورە دەبن و دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن. بۆ نموونە بڕواننە، ئاسکەیەک، مانگایەک، پڵنگێک، مەڕێکی تازە زاو، کە چۆن یەکسەر دەگەشێنەوە و،

هەموو ئازارێکی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و. بە زمانیان تێر بێچوە تازە زاوەکانیان دەلێسنەوە.. بێچوەکانیشیان یەکسەر بۆنی دایکیان دەکەن و دیاناسن و، دەم بە گوانی دایکیانەوە دەنێن و شیریان دەخۆن.

سۆز و خۆشەویستی دایک زۆر گرنگن و، کارتێکردنێکی ئەرێنی گەورەیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵەکەی هەیە.. سوودێکی زۆریان هەیە، بۆ هەستکردنی پێداویستییە جەستەیی و دەروونی و هۆشییەکانی منداڵ .. لە ئامێزگرتنی منداڵ و، قسەکردن لە گەڵیدا بە رووخۆشی و بە شیرینی و بە نەرمی و بە زەدەخەنەوە لە لایەن دایکییەوە.. فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز، لە نێوان دایک و منداڵەکەیدا.

سۆز لە رووکەشییەکەیدا، ئەوەیە کە دایک رۆژی چەند جارێک، بەپێی پێویست و دەرفەت، جگەرگۆشەکەی لە باوەش بکات و بە سنگی خۆیەوە بینووسێنی.. وەکو وتمان سۆز هەستێکی رەمەکی گەورەیە.. منداڵ تەنیا لەسەر سنگی دایک و باوکیدا هەست بەم سۆزە رەمەکییە دەکات.

ئەو منداڵە بەختەوەرانەی، کە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵییاندا، لە ناو شوورەیەکی سۆز و خۆشەویستیدان و، مەستی سۆز و خۆشەویستی دایکان و باوکانیانن.. لە داهاتوودا دەبنە ژنان و پیاوانی ژیر و هێمن و دانا و لەسەرخۆ.. دەزانن کە چۆن بە شێوەیەکی راست و دروست و لەبار، بە هۆش و بیر و توانایان، بە سەرکەوتوویی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵوێستەکانی ژیاندا بکەن.

### گرنگترین سوودەکانی سۆزی دایک بۆ منداڵ:

١- گەورەترین خواست و بەرزترین هیوای منداڵ، ئەوەیە کە سۆز و خۆشەویستی دایکی بە دەست بێنێ.. سۆزی دایک فریارەسە بۆ ئەوەی منداڵ لە هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامییەک رزگاری بێت.. سۆزی دایک بڕوا و گەشبینی بە منداڵ دەبەخشێت.. منداڵ بە سۆزی دایک گەورە بەبێ و دەژی.. لە کوردەواریدا، کە منداڵێک لە دایک دەبێت، بەم جۆرە پیرۆزبایی لە دایک و باوکی دەکەن (منداڵەکەتان پیرۆزبێ و، بە سۆز و بە خۆشەویستی و نازی دایک و باوکی گەورەبێت و پێبگات).

٢- گرنگیدانی دایک بە منداڵەکەی و، هەستکردنی منداڵ بە سۆز و خۆشەویستی دایکی بۆی.. هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی هەردوو بەشەکەی ناوچەی (هایپۆکامپس) لە مێشکی منداڵدا، قەوارەی گەورەتربێت.. ئەم ناوچەیەش

لە مێشکی منداڵدا، بەرپرسە لە ئاستی زیرەکی و فێربوون و بیرهێنانەوە و زاڵبوون بەسەر فشارە دەروونییەکاندا .. بە تاقیکردنەوەی پراکتیکی و، بە بەراوردکردنی ئەو منداڵانەی کە مەستی سۆز و خۆشەویستی دایکیان بوون، لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لە سۆز و خۆشەویستی دایکیان بێبەش بوون، یا دایکانیان سۆز و خۆشەویستییەکی کەمتریان پێ بەخشیبوون و، بە گرژی و دڵڕەقی و بە توند و تیژی و بێبەزەییەوە، مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، ناوچەی (هایپۆکامیس)ی مێشکی ئەم منداڵانە کورژتر و بچووکترە لە مێشکی منداڵانی سۆزپاراو.. ئەوەش ساغبۆتەوە، کە منداڵانی سۆزپاراو لە (١٠ %) دا، ئاستی زیرەکی و فێربوون و بیرهێنانەوە و کۆمەڵایەتییان بەرزترە، لە ئاستی منداڵانی بێبەش لە سۆز و لە خۆشەویتی و لە ناز.

٣- سۆز و گرنگیدانێکی زیاتری دایک بە منداڵە نەخۆشەکەی، دەبێتە هۆی زووتر چاکبوونەوەی.

٤- لە ئامێزگرتنی منداڵ لە لایەن دایکییەوە.. یارمەتی دەردانی هۆرمۆنی (ئۆکسیتۆسین) دەدات لە لەشی منداڵدا .. کە هۆکارێکی گرنگە بۆ چالاکردنی دڵ.. یارمەتی ئەوەش دەدات، کە گازی ئۆکسجین بە ئاسانی و ئاسایی بگات بە خوێن.

٥- ماچکردنی منداڵ لە لایەن دایکییەوە.. هۆکارە بۆ گواستنەوەی هەندێ (بەکتریای سوودبەخش) بۆ منداڵەکەی ، کە یارمەتی منداڵ دەدات، بۆ چالاکردن و بەهێزکردنی سستەمی بەرگری لە لەشیدا.

٦- کە دایک باوەش بە جگەرگۆشەکەیدا دەکات و، بە نەرمی و ناسکی دەست بە سەریدا دەهێنێت و، بە هیواشی بە پشتیدا دەکێشێت.. منداڵەکەی هەست بە ئەوپەڕی دڵنیایی و بە ئاسوودەیی دەکات.. مەستی گەلێ لە پێداویستییە دەروونییەکانی دەبێت.

*سوکرات دەڵێ: هەرگیز هەستم بەدڵنیایی نەکردووە.. تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە لەباوەشی دایکمدا بووم.*

٧- دایکایەتی هەست و سۆز و شادی و خۆشەیەکی زۆر، بە خودی دایکان دەبەخشێت.. کاتێ کە جگەرگۆشەکانیان لە باوەش دەکەن و بە سنگیانەوە دەنووسێنن.. وا هەست دەکەن کە جیهان هی ئەوانە و، مەستی رەمەکی دایکایەتی دەبن.

٨- ئەو منداڵانەی لە هەرەتی منداڵییاندا، مەستی سۆز و خۆشەویستی دایکان و باوکانیان دەبن و.. بە سۆزداری و خۆشەویستی و رێزگرتن و کۆمەڵایەتی و بە پرەنسیپە دەروونییەکان پەروەردە دەکرێن.. کەمترینی ئەو هەرزەکارانەن، کە لە هەرزەکاریدا لارێ دەبنەوە و تووشی هەڵە دەبن.. دووریشن لە سەرکێشی هەوەسبازی و مەیل و سۆزداری و خۆشەویستیی نادورست.. بە دروستی و ژیری و بە رێکیش هەڵسوکەوت لەگەڵ قۆناغەکان و

گۆڕانکارییەکانی ژیاندا دەکەن.

*دیگۆن راسکن دەڵێ: کەمێک خۆشەویستی بە منداڵەکەت ببەخشیت.. لە پاداشتی ئەو خۆشەویستییەت سوودێکی زۆرت دەبێت.*

*گۆڵدن دەڵێ: کە دایکم منی خۆشبوێت.. منیش هەموو جیهانم خۆشدەوێت.*

## لێکۆڵینەوە لە گرنگی سۆزی دایک بۆ منداڵەکەی:

تا ئێستا چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە لایەن دەروونناسانی منداڵان و پزیشکە پسپۆڕەکانی بواری تەندروستی و گەشەکردنی منداڵانەوە، دەربارەی گرنگی و سوود و کارتێکردنی سۆز و خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکەی ئەنجام دراون.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا، کە لە لایەن چەند پسپۆڕێکی دەروونناسی منداڵان و، چەند پزیشکێکی تەندروستی منداڵان، کە لە نەخۆشخانەی فێیرکاری (سانت لویس) سەر بە (زانکۆی واشنتۆن) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دراوە.. لەم لێکۆڵینەوەیەدا (٩٢) منداڵ بەشدارییان تێدا کرد.. تەمەنی منداڵەکان لە (٤) ساڵەوە بۆ (١٠) ساڵ بوون، لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا چەند جارێک بە (لەرینەوەی موگناتیسی) وێنەی مێشکی منداڵە بەشداربووەکانی لێکۆڵینەوەکەیان گرتن.. گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە سۆز و خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکەی، گەشەکردنی مێشکی منداڵەکەی خێراتر دەکات.. بە تایبەتیش پێش ئەوەی کە تەمەنی منداڵ بگات بە شەش ساڵان، کە بە گرنگترین و بە هەستیارترین و بنەماترین قۆناغی ژیان دادەنرێت.. قۆناغی پێشبینیکردنی کەسایەتی داهاتووە.

رۆبەرت مایەر مامۆستای یاریدەدەر و، پسپۆر لە پزیشکی دەروونی و، شارەزاش لە رەوشتە مرۆییەکان لە (زانکۆی کالیفۆرنیا) لە ئەمریکادا، ئاماژەی بە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە کرد و، وتی: لێکۆڵینەوەکە ئەوەی بۆمان ساغکردەوە، کە سۆز و خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکەی، فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ زووترکردن و خێراترکردنی بنیاتنانی مێشکی منداڵ.. کاریگەرییەکی باش و ئەرێنیشیی هەیە لەسەر ژینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی دەرخست، کە ئەو منداڵانەی بەختەوەرن لە ماڵەوەدا، بە سۆز و بە خۆشەویستی گۆش و گەورە کراون.. مێشکیان بە پلە و بە ئەندازەیەکی گەورە پێشکەوتووە.. کە ئەم رادە گەشەکردن و پێشکەوتنە، لە مێشکی ئەو منداڵە بەدبەختانەدا بەدی ناکرێن، کە لە ماڵەوەدا بێزراو و پشتگوێ خرابوون و، لە سۆز و لە خۆشەویستی دایکان و باوکانیان بێبەش بوون و، بە تووڕەیی و توندوتیژی و بە دڵڕەقی رەفتاریان لەگەڵدا کردوون.

لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەدا، ئەوە لە لای دەروونناسان بەرجەستەبوو، کە لە نێوان پێشکەوتنی دروستی ناوچە سەرەکییەکانی مێشک کە کاریگەرییان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، لەگەڵ ئەو سۆزداری و خۆشەویستییانەی کە تێیدا دەژین، پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە.

پرۆفیسۆرجوان لوبی  پسپۆر و شارەزا لە پزیشکی دەروونناسی منداڵان لە کۆلێژی پزیشکی لە (زانکۆی واشنتۆن) لە ئەمریکا.. کە پێشتر هەر لەم بوارەدا و، لە بارەی هەمان بابەتەوە چەند توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام دابوو.. خاتوو جوان ئەندامێکی سەرەکی و کارای گرووپی ئەم لێکۆڵینەوە تازەیەش بوو، لە بارەی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەوە دەڵێ: ئەم لێکۆڵینەوەیە بەڵگەی زۆر بەهێزمان پێشکەش دەکا، کە زووەختی گرنگیدانی دایک بە منداڵەکەی زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی تەندروستی مێشکی منداڵەکەی بە شێوەیەکی ئەرێنی، کە کاریگەری لەسەر تەندروستی گشتی هەیە.

پرۆفیسۆر جوان لوبی هەر لە بارەی لێکۆڵینەوە تازەکەوە، دەڵێ: توێژینەوەکانی پێشوتر گرنگی هەستکردنی منداڵانیان لە ساڵە یەکەمەکانی تەمەنیاندا پشتگوێ خستبوون.. ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی بێبەشکردنی منداڵ، لە بەزەیی و سۆز و لە خۆشەویستی تووشی مێشکی منداڵ دەبن.. ناتوانرێت لە ساڵانی داهاتووی تەمەنیدا، قەرەبوو بکرێنەوە.. تەنانەت گەر کەسوکاری شێوازی پەروەردەکردنیشی بگۆڕن.. ئەمەش پسپۆرانی بە ئاگاهێنانەوە، کە جەخت لەسەر گرنگی هەستی منداڵ بکەن و، بە رادەی پێویست سۆز و خۆشەویستیی هەبێت، کە هەموو باشییەکانی تر دەستەمۆی دەبن.

## دایکان و باوکانی بەسۆز و دڵسۆز:

کوردیلەکانمان جگەرگۆشەمانن.. هیوای داهاتووی کوردستانن.. لەسەرمانە کە بە رادەی پێویست بە سۆز و بە

خۆشەویستی گۆشیان بکەین.. لەسەرمانە کە بە هەستی کوردایەتی و بە کوردستان پەروەری پەروەردەیان بکەین .. بێگومان چارەنووس و داهاتووی کورد و کوردستان، بەندە بە رادەی دڵسۆزیمان بۆ منداڵەکانمان و، بەندن بە شێوازی دروستی پێگەیاندنیان.. بە بەخشینی سۆز و خۆشەویستیمان پێیان.. ئەمەش ئەرکێکی زۆر پیرۆزە و گرنگترین پێویستی ئەستۆمانە.. پشکی شێری شانازی لە هێنانەدی ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان، بەر ئێمەی دایکان و باوکان دەکەوێت.. هەر نابەڵەدی و خەمساردی و هەڵەیەک، هەر کەمتەرخەمییەک لە گۆشکردن و پەروەرەکردن و لە ئاراستەکردن و لە رێنمایی کردنی جگەرگۆشەکانمان.. دەبنە هۆی ئەوەی کە ئاکامێکی نەرێنییان لێبکەوێتەوە.. کە هەر هەمووومان لە ئاکامێکی نەخوازراوی وادا لێی بەرپرسین و، هەمووشمان باجێکی زۆری هەڵە و کەمتەرخەمییەکانمان دەدەینەوە.. پەشیمانیش بێهوودەیە.

*ئەلیزابێس ماخ دەڵێ: لە کاتی ئەنجامدانی پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا، هەر هەڵەیەک بکەین، دەبێتە هۆی دۆڕاندنی جەنگێک کە لە پێناوی پاشەڕۆژێکی باشتردا دەستمان داوەتی.*

(*) رەزا شوان: نووسەرێکی بواری ئەدەبی منداڵانە.. لە ساڵی (١٩٤٦) لە (کەرکوک) لە باشووری کوردستان لەدایکبووە.. لە ساڵی (١٩٩٩) ەوە، لەگەڵ خێزانەکەیدا لە شاری (بێرگن) لە وڵاتی نەرویج دەژین.

**٢٩ی جوولای ٢٠١٦**

## سوود و زیانەکانی (ئایپاد) بۆ منداڵان.



شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و شەپۆڵەکانی داهێنان درێژەیان هەیە و ناوەستن.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەزگای ئەلیکترۆنی سەیر و سەمەرەتر دروست دەکرێن و دێنە کایەوە، ئەم داهێنانانەش لە هەموو بۆراکاندا گۆڕانکارییەکی ریشەییان لە ژیانماندا کردوون.. ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ کردووین، بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بە خێراییەکی زیاتر ئەرکەکان و کارەکانمان ڕاپەڕێنین و ئەنجامیان بدەین.. لە راستیشدا تەکنۆلۆژیای تازە کەلێنێکی گەورەشی خستۆتە نێو خەڵکییەوە دەتوانین زۆر بە ئاسانی ئەم راستییە لە خێزانێک و لە ماڵێکدا بەدی بکەین.. دەبینین هەرەیەکە لە ئەندامانی خێزانێک تەلەفۆنی تایبەتی خۆی بەدەستەوەیە و نوقمی تایبەتییەکانی خۆی بووە و، ئاگای لەوانی تر نییە.. لە ئەمڕۆدا ئەم دیاردە نەرێنییە منداڵەکانیشیانی گرتۆتەوە.. منداڵانیش یا خەریکی ئینتەرنێت یا یارییە لێزەرییەکانن یا بوونە بە خاوەنی دەزگای ئایپاد.. پێ بە پێی دایک و باوک و خوشک و براکانیان، ئەمانیش بە هەوەسی خۆیان، گەشت بە یارییەکان و بە بابەتە هەمەجۆرە و هەمەڕەنگە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئایپاتەکانیاندا دەکەن و، زیاتر لە گەورەکان تێیدا قاڵبوونەتەوە و باشتریش لەوان بەکاری دەهێنن.. منداڵان هێندە هۆگری ئایپاد بوونە، نە وەکو جاران پێکەنینی شیرین و، زاق و زیق، نە زریک و هۆڕ و، نەیاری خۆش و راکە و وەریان ماون.. نە وەکو جاران بە لای بووکەڵەکانیان و بە لای پاسکیلەکانیاندا دەچن.. نە وەکو منداڵانی پێش خۆیان تامەزرۆی گوێگرتنی چیرۆک و نەزیلە خۆشەکانی باپیرە و داپیرە گیانن.. ئایپاد و ئینتەرنێت گۆشەگیر و تەنیاویستی کردوون و، هەموو کاتێکی لێیان داگیرکردووە، تەنانەت تووشی کەم نووستن و خەوزڕانیشی کردوون .

(ئایپاد) دەزگایەکی تەکنۆلۆژی تازەی زیرەکە، قەوارەیەکی بچووک و گونجاوی هەیە و، هەڵگرت و بەکارهێنانی ئاسانە و، بە پەنجە بەکاردەهێنرێت.. لە ئەمڕۆدا ئەگەر نەڵێم هەموو منداڵانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، ئەوا بەشی هەرە زۆری منداڵەکانیان خاوەنی ئایپادن و ئایپاد بووە بە پێویستییەکی گرنگیان و بە بەشێک لە ژیانیان

.. ئایپاد دەزگایەکی یاری و فێرکارییە، منداڵان لە ڕێی ئایپادەوە فێری گەلێ یاری و زانست و زانیاری هەمەچەشنە دەبن.. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئایپاد وەکو هۆیەک بۆ فێرکردن و پەروەردەکردن وەرگرتن، سوودێکی زۆریان لێبینیوە.. خەریکە ئایپاد جێی پەرتووکەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی بگرێتەوە.. هەر قوتابییەک دەبینی ئایپادی خۆی هەیەوە و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و، وانەکانی قوتابخانەدا تا رادەیەکی زۆر سوود لە ئایپاد وەردەگرێت.

ئایپاد هەروەکو ئینتەرنێت، دەزگایەکی دوو لایەنییە.. سوودی زۆر باش و، زیانی مەترسیداریشی هەیە.. دەکەوێتە سەر چۆنییەتی بەکارهێنانی، گەر منداڵان بە باشی بەکاری بهێنن، سوودێکی نایاب و گرنگی دەبێت، گەر هاتوو بە خراپیش بەکاری بهێنن، زیانێکی مەترسیداری لەسەر ئەمڕۆ و داهاتووشیان دەبێت.. لەوانەشە منداڵانی ساویلکە، هەست بە زیان و مەترسییەکانی نەکەن.

دەزگاکانی تەکنۆلۆژیا، بە ئایپادیشەوە، هەرچەندە سەیر و سەمەرەشبن.. بێگومان لە داهێنان و لە دروستکردنی زادەی بیر و هۆش و دەستی مرۆڤن.. هەر مرۆڤیش دروستی کردوون و بەرنامە و بابەتەکانی بۆ داڕشتوون، ئەگینا ئەم دەزگایانە شتی ئەفسووناوی و خەیاڵی نین.. کۆد و جڵەو و کۆنترۆڵیان لە دەستی مرۆڤ دایە، چۆن بیەوێت و ئارەزوو بکات بەو شێوەیە بەکاریان دەهێنێت.

ئەوەش دیمەنێکی سروشتییە، کە منداڵێک دەبینین ئایپادێکی بە دەستەوەیە و، زیرەکانە بە کاری دەهێنێت.. سەیری ڤیدیۆکانی دەکات و، جۆرەها یاری لەسەر دەکات.. بەڵان ترس و نگەرانی ئێمە لە خراپی بە کارهێنان و ئالوودەبوونی منداڵانە لە بەکارهێنانی ئایپاد.. منداڵان ناتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن.. ڕۆژانە زیادەڕۆیی لە ماوەی بەکارهێنانی ئایپاد دا دەکەن و.. گۆشەگیر و مات دەبن و ئاگایان لە دەوروبەرەکەیان نامایێنی.. ئایپاد لە زۆر رووە بە ئەرێنی و نەرێنی کاری تێکردوون.

### چۆن دەزانن کە منداڵەکانتان ئالوودەی ئایپاد بوونە؟

کە منداڵ ئالوودەی ئایپاد بێ و، ببێت بەشێکی سەرەکی لە ژیانیدا.. هەر وەکو چۆن جگەرەکێشی ئالوودە بوو، زۆر زەحمەتە بەبێ جگەرە ئارام بگرێت و لە بیری خۆی بباتەوە.. بەم شێوەیەش منداڵی ئالوودەبوو بە

بەكارهێنـانی ئایپـاد، گەر بەكارهێنـانی لـێ قەدەغەبكرێ، مـاخۆلانی پێدەكەوێت. ئەمـانەی خوارەوە، بە كـورتی هەندێكن لە نیشانەكانی منداڵانی ئالوودەبوو بە بەكارهێنانی ئـایپاد:

١- منداڵانی ئالوودەبوو بە بەكارهێنانی دەزگای ئایپاد بەبێ ئایپاد، هەست بە دڵەڕاوكی و خەمباری و نائـارامی و دڵتەنگی دەكەن.. گەر بەكاری بهێنێتەوە یەكسەر هێور و ئارام دەبنەوە.

٢- بەراورد بە جاران كە لە ماوەیەكی كەمدا خۆشنوود دەبوون لە ئێستادا ماوەیەكی زیـاتر پێدەچێت.

٣- بایەخ بە یـاری و بە چالاكییەكانی پێشوویان نادەن، كە پێشتر چەژ و خۆشییان لێیان وەردەگرتن.

٤- بۆ ئەوەی لە كێشەكانی و هەستە نەرێنییەكانیان رابكەن، بۆ نموونە گەر لەگەڵ خوشك و بـرا و هاوڕێكانیانـدا هەرایان بووبێت، خۆیان گیل دەكەن و، خەریكی بەكارهێنانی ئایپادەكانیان دەبن.

٥- هەوڵدەدەن بە دزی دایک و باوكییانەوە و.. دوور لە چاودێریكردنیان ئایپادەكانیان بەكاربهێنن.

## سوودەكانی ئایپاد بۆ منداڵان:

١- ئایپاد هۆییەكی باشە ، بۆ فێركردن و فێربوون و پەروەردەكردن و وەرگرتنی زانست و زانیاری.

٢- ئایپاد یارمەتیدەری باشی قوتابییانە بۆ خوێندنەوە و، بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی قوتابخانەیـان.

٣- لە رێی ئەو یارییانەی كە لە ئایپادا هەن، منداڵان سەرقـاڵ دەبن و، هەست بە خەمباری ناكەن.

٤- لە ئایپـاد دا، زیـاتر لە (بیست هەزار) راهێنـانی پراكتیكی زانیـاری هەمەجـۆرە هەیە.. ئەمەش ئاماژەیە بـۆ رادەی سوودە زانیارییەكانی ئایپاد بۆ منداڵان.

٥- ئایپاد تەنها یارمەتیدەری منداڵان نییە بۆ خوێندنەوە، بەڵكو یارمەتیشیان دەدات بۆ نووسین.

٦- شـێوەی ئایپـاد و ئاسـانی هەڵگـرتن و بەكارهێنـانی، زۆر گونجـاوە بـۆ منـداڵانی خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتییەكان، بە تـایبەتیش بۆ ئەو منداڵانەی كە كێشەی جووڵانەوەیان هەیە.

٧- ئایپاد یارمەتیدەرێكی باشی منداڵانە، بۆ فێربوونی زمان و بۆ شارەزاییەكی زیاتر لە زماندا.

٨- ئایپاد چەژی هونەری بە منداڵان دەبەخشێت.. چەندین گۆرانی خۆش لە ئایپادەوە فێردەبن.

٩- رۆشنبیری ئەلیكترۆنی زۆر گرنگە، چونكە چاوی منـداڵان دەكـاتەوە و نـابەڵەدیش نـابن و دەزانـن لە جیهانـدا چی هەیە.. مافی خۆشیانە كە لە رەوتی پێشكەوتن و، لە سەردەمەكەیان دوانەكەون.

١٠- بەكارهێنانی ئایپاد لە كۆمەڵدا بڵاوبۆتەوە، بۆیە ئایپاد بووە بە پێویستییەكی منداڵانیش، پێویستە لە

پرۆگرامەکانی خوێندندا دابنرێت و، کادری شارەزاش فێریان بکات تا بە دروستی بەکاری بهێنن.

## زیانەکانی ئایپاد بۆ منداڵان:

پسپۆری چارەسەری سروشتی، خاتوو (لۆرنا تایلۆر) دەڵێ: شێوازەکانی ژیانی نوێ و، بە زۆری بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا، کاریگەرییەکی زیانبەخشیان لەسەر تەندروستی و ماسوولکەکان و ئێسکەکانی منداڵان هەیە.. گەر لە ئێستادا لە قوتابخانە و لە ماڵەوەدا چارەسەرنەکرێن، لە ئایندەدا کارگەرییەکی درێژخایەنیان لەسەر منداڵان و کۆمەڵگاش دەبێت.. بۆیە زۆر پێویستە کە خووی تەندروستیان پێببەخشین.

دەروونناسی بەریتانیش، دکتۆر (ریتشارد هاوس) گەورەی وانەبێژان لە زانکۆی (وینشیستەر) دەڵێ: دانی ئایپاد بە منداڵان، دەگاتە ئاستی بە خراپی رەفتارکردن لە گەڵیاندا "درێژەی پێدەدا و دەڵێ: دەزگا زیرەکەکان.. زیانێکی زۆر بە منداڵان دەگەیەنن، پێویستە لەسەر دایکان و باوکان وریابن لەوەی، کە گەشەکردنی منداڵاکانییان رووبەڕووی کارەسات ببێتەوە.

### *زیانەکانی ئایپاد بۆ منداڵان لە ئالوودەبوونە لە بەکارهێنانیدا، ئەمانە هەندێکن لە زیانەکانی ئایپاد:*

١- زیادەڕۆیی و ئالوودەبوون لە بەکارهێنانی ئایپاد، کە بە هۆی پەنجەوە بەکاردەهێنرێت.. دەبێتە هۆی لاوازبوونی ماسوولکە وردەکانی دەست و پەنجەکانی منداڵان کە پێویستییان پێیان هەیە بو گرتنی پێنووس و نووسین لەسەر کاغەز.. لەوانەشە لە داهاتووتدا پەنجەکانیان بێهێز و لاوازبن.

٢- لە ئەنجامی وردڕوانین لە خاڵێک و، کارتێکردنی ئەو تیشکانەی کە لە پەردەی ئایپادەوە بەر چاوی منداڵان دەکەون.. چاوەکانیان سوورەوەبن و، ئەسرینیان وشک دەکات و دووچاری چاوئێشە و، پرتەپرتی چاو دەبن و، ناچاردەبن کە چاوێلکەی پزیشکی بەکاربهێنن.

٣- لە ئەنجامی زۆر دانیشتن و خۆچەمانەوە و مل لارکردنەوە بە دیار ئایپادەوە بۆ ماوەیەکی زۆر.. لەوانەیە دەمارەکانی ملی منداڵان رەقبن و.. پشتیان ئازاری ببێت و کووڕبن و.. ملیان لاربێت.

٤- ئایپاد کاریگەری لەسەر پەردەی پارستنی مێشکی منداڵان هەیە، چونکە مێشکی منداڵان، دوو هێندەی مێشکی گەورەکان تیشکەکانی (میکرۆوایڤ) دەمژێت، کە لە ئایپادەکانیانەوە بڵاودەبنەوە.

٥- ئایپاد منداڵان خاو تەمەڵ دەکات ، ئارەزووی هەڵسان و چالاکی و وەرزشکردنیان نامێنێ.. هەر بە دانیشتنەوە و لەگەڵ بەکارهێنانی ئایپادا، شتی زۆر دەخۆن و قەڵەودەبن و کێشیان زیاد دەکات و، بە هۆی کێش زیادبوونەوەش، تووشی چەند نەخۆشییەک دەبن.

٦- منداڵان کە ماوەیەکی زۆر بە بەکارهێنانی ئایپاد بەسەردەبن. توانای خوێندنەوەیان لاوازدەبێ و، وەکو پێویست وانەکانیان ئامادە ناکەن و، گوێش نادەن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیان.

٧- تووشی خەوزڕان و ئاڵۆزی و کەم نووستن دەبن.. وەکو پێویست نانوون، چونکە دەیانەوێت زۆرترین کات و تا شل و کوت و بێزاردەبن.. بە ئایپادەکانیان یاری بکەن.. ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تەندروستی و هۆش و بیرکردنەوە و وەبیرهێنانەوەیان هەیە.

٨- دووچاری گرژی و تووڕەیی و دڵەڕاوکێ و هەڵچوون دەبن و بە رەقی و وشکی وەڵام دەدەنەوە.

٩- منداڵان لە ئەنجامی سەیرکردنی ئەو یارییە توندوتیژ و نەرێنییانەی کە لە ئایپادا سەیریان دەکەن و، سەرسامی پاڵەوانێتی کاراکتەرەکانیان دەبن، هەندێ رەفتاری نەرێنی لێیان سەرهەڵدەدەن، وەکو: شەڕانگێزی و دەستوەشاندن و زۆرانبازی و کەلەڕەقی و ملهوڕی و... هتد. پاراوبوونیان بەم رەفتارانە و، بەرجەستەبوونیان لە بیر و هۆشیاندا، کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر رەفتارەکانیان دەبێت، دەبینین بە گژی خوشک و براکانیان و هاوڕێکانیاندا دەچن و.. یاخی و بەلەسە دەبن و.. لە رووی دایک و باوک و مامۆستاکانیان هەڵدەگەڕێنەوە.. پێشێلی یاساکانی قوتابخانە دەکەن.

١٠- بەشێکی زۆری منداڵان لە ئەنجامی ئالوودەبوونیان بە بەکارهێنانی ئایپاد.. تووشی گۆشەگیری و خەمباری و کەمدوویی بوونە.. لەگەڵ خێزانەکانیاندا، نایەنە سەر خوانی پێکەوە نانخواردن.

١١- ئایپاد هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.. پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی لاواز دەکات.. منداڵانیش وەکو جاران چالاکییان نییە و، یاری و وەرزشی بە کۆمەڵ ناکەن.

١٢- لەوانەیە ئالوودەبوون بە بەکارهێنانی ئایپاد و ئینتەرنێت.. هۆکاربێت بۆ تووشبوون بە چەندین نەخۆشی مەترسیدار، وەکو: شێرپەنجە، هەوکردنی مێشک، ژانەسەر، ما دووبوونی دەمارەکان، نەخۆشییەکانی پێست، چاوکزی، پشتکووڕی، مل لاری، چەندین نەخۆشی دەروونی و... هتد.

### هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی ئالوودەبوونی منداڵ بە ئایپاد:

ئاکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکی منداڵان، ئەوەیان رادەسپاردووە، کە منداڵانی تەمەن لە دوو ساڵ کەمتر نابێت لە

بەردەم پەردەی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ئایپاد دا، کات بەسەربەرن، خۆ ئەگەر پێویستیش بکات، نابێت لە ١٥ بۆ ٢٠ خولەک زیاتر بمێننەوە. بەڵام منداڵانی تەمەن سەرووی دوو ساڵان، پێویستە ڕۆژانە لە ٢ کاتژمێر زیاتر نابێت دەزگاکانی تەکنۆلۆژیا (ئینتەرنێت ، ئایپاد) بەکاربهێنن.. دایکان و باوکانی دڵسۆز و میهرەبان: منداڵەکانتان ئالوودەبوونە یا ئالوودە نەبوونە بە بەکارهێنانی ئایپاد، دەتوانن سوود لەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە وەربگرن:

١- لەگەڵ منداڵەکانتاندا بدوێن.. بزانن هۆگری بینینی چ بابەتێکن لە ئایپاد دا.. بۆ ئەوەی بۆ شتە باشەکان هانیان بدەن و، یارمەتیشیان بدەن بۆ دوورکەوتنەوە، لەو شتانەی کە لە ژیانیاندا زیانی پێدەگەیەنن، وەکو: توندوتیژی و شەڕانگێزی یا هەوەسبازی، یا هەر بابەتێکی زیانبەخشی تر.

٢- لەسەر کاتێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ئایپاد لەگەڵ منداڵەکانتاندا رێبکەون، پێش تەواوبوونی کاتی یاریکردنیان ئاگاداریان بکەنەوە، تا ئامادەی کاتی کۆتایی پێهێنابن و، فێربن کە رێز لە کات بگرن.

٣- چالاکی جۆراوجۆری تر بۆ منداڵەکانتان دابین بکەن وەک یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانیان، تا ئەوە بزانن کە یاریکردن لە ئایپاد دا یەکێکە لە چەندین چالاکی تر بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان بە خۆشی.

٤- پێویستە دایکان و باوکان و کەسوکار پێشەنگ و نموونەبن بۆ منداڵەکانیان، لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی زیرەکدا.. دایک چۆن دەتوانێت داوا لە منداڵەکەی بکات و پێی بڵێت نابێت ئایپاد بەکاربهێنێ، لە کاتێکدا کە خۆی بە درێژایی کات تەلەفۆنەکەی بە دەستەوەیە و بەکاری دێنێ.

٥- کاتێ کە منداڵەکانتان ئایپاد بەکاردەهێنن.. پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان چاودێرییان بکەن.

٦- پێویستە منداڵان ماوەیەک بەر لە نووستن.. کۆتایی بە بەکارهێنانی ئایپاد بهێنن.. ناشبێت لە ژوورەکانی نووستنی منداڵاندا تەلەفزیۆن و داتە و ئایپاد و دەزگای یاریکردنی ئەلیکترۆنی هەبن.

٧- وریابن و ڕێنمایی منداڵەکانتان بکەن، کە پێویستە لە ئینتەرنێت و ئایپادا ئەو یاری و بابەتانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ تەمەنیاندا دەگونجێن.. گەر وا نەبوو، پێی بڵێ بۆت نییە ئەم یارییانە بکەی.

٨- دەتوانن کۆد (وشەی نهێنی) بۆ دەزگاکانیان دابنێن، تا نەتوانن بە ئاسانی بەکاریان بهێنن.

٩- پێویستە شوێنی بەکارهێنانی داتە و ئایپاد، شوێنێکی گشتی بێت لە ماڵدا، تا چاودێری بکرێن.


١٠- پێویستە دایکان و باوکان دوودڵ نەبن و شەرم نەکەن، گەر زانییان منداڵەکانیان ئالوودەی بەکارهێنانی ئایپاد بوونە.. چارەسەری گونجاویان نییە.. داوای یارمەتی لە کەسانی پسپۆری ئەم بوارە بکەن، تا یارمەتیان بدەن و، هەنگاوەکانی چارەسەری گونجاویان بۆ دەستنیشان بکەن.

لە کۆتاییدا، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین، کە ئینتەرنێت و ئایپاد لە منداڵان قەدەغەبکرێن.. نابێت منداڵان لە شارستانی و لە پێشکەوتن دابڕێن و.. لە بەکارهێنانی دەزگا تازەکانی تەکنۆلۆژیادا نابەڵەدبن.
بەڵام پێویستە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئێمەدابن و.. ڕێنمایی ڕاست و دروستیان بکەین.

١٠ی جوولای ٢٠١٦

---

## گرنگی لای لایە بۆ منداڵان.



*لامارتین دەڵێ: جوانترین هۆنراوە لە سەرانسەری جیهاندا لای لایەی دایکــانە.*

لای لایە بەشێکە لە ئەدەبی منداڵان و لە ئەدەبی فۆلکۆری.. لای لایەی کوردیش بەشێکی ڕەسەن و گرنگە لە ئەدەب و لە گۆرانیی منداڵانی کوردمان.. بەشێکە لە کەلەپووری ئەدەبی کوردیمان.

بە بۆچوونی ئێمە زاراوەی (لای لایە) لە زمانی کوردی دا، لە وشەی (لال) یا (لالە) ەوە وەرگیراوە، کە بۆ خۆشەویستی و ئاسانی بە منداڵ دەڵێین: (لال) یا (لالە کە) واتا (بنوە)، با واتا و چاوگی زاراوەی (لای لایە) بۆ فەرهەنگسازان و شارەزایانی زمانی کوردیمان بهێڵینەوە.

*لای لایە بەشێکە لە گۆرانی فۆلکلۆری، دانەری هۆنراوەکان و یەکەمین ئاوازدانەرەکانیان نادیارن.*

هۆنراوەکانی لای لایە، سووک و ساکارن، وشەکانیان هەر وەکو دڵپاکی و بێتاوانی و ناسک و جوانی و شیرینی منداڵان، سادە و ئاسان و شیرین و رەوانن. سەروای هۆنراوەکان ناسک و ئاسانن.. ئاوازەکانیان خۆش و سۆزدارن.. چونکە لە ناخی دەروونی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی دایکانی دڵسۆز و بەسۆز و میهرەبانەوە هەڵقوڵاون.. بۆیە کە گوێمان لە لای لایە و لاواندنەوەی و لۆرینی بە کوڵی دایکان دەبێت.. یەکسەر ناخمان دەبزوێ و، تەزوو بە دڵ و لەشماندا دێت.

دایکان تەنها بۆ ژێرکردنەوە و خەوبردنەوەی کۆرپەکانیان لای لایە ناڵێن و نالاوێننەوە.. بەڵکو زۆر جاریش لە گەڵ لای لایەدا.. گوزارشت لە سۆز و لە خەم و، لە ناسۆرییە پەنگخواردووکانی دەروونیشیان دەکەن و، هیوا و راز و خەم و گلەیی و خۆزگەکانیان هەڵدەڕێژن.

لای لایەی منداڵان (دەنگ) و (جووڵە) یە.. واتا دایکان لەگەڵ وتنی لای لایە و گۆرانیدا.. بە نەرمییش لانک یا بێشکەی یا جۆلانییەکانی یا هەلۆرکی کۆرپەکانیشیان رادەژێنن و پاڵدەنێن.. دوای کەمێک منداڵەکانیان خاودەبنەوە و، باوێشک دەدەن و، بە خۆشی و دڵنیاییەوە خەویان لێدەکەوێت و، نوقمی خەوێکی خۆش دەبن.. *شاعیری نەمری گەلەکەمان (فایق بێکەس) لە شیعری (دایک) دا بەم شێوەیە باس لە شەونخونی دایک دەکا: (بە لای لایە و گۆرانی... رایژەندووم تا بەیانی)*

*(سۆزان ئیزاکس) دەڵێ: دایک دەبێ ئەوە بزانێت، ئەو چەند خولەکەی پێش نووستن، کە لەگەڵ منداڵەکەیدا بەسەری دەبات.. منداڵەکەی وا هەست دەکات، کە دایکی لە هۆشیدایە و، تاریکیش ناتوانێت بیترسێنێت و قووتی بدات.*

### لە لای لایەدا، چوار خەسڵەت بەدی دەکرێن:

١- تایبەتمەندی: گومان لەوەدا نییە کە لای لایە بە زۆری تایبەتە بە دایکانەوە .. واتا پەیوەندییەکی بتەوی بە سۆزی دایکانەوە هەیە، دایکان داهێنەری لای لایەن.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە باوکان رۆڵێان نییە و بێسۆزن و، لە (دەرەوەی کەوانە) دا.. بەڵام ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە.. ئەو سۆز و بەزەیی و، دەنگخۆشی و ناسکی و نەرمییەی کە لە دایکاندا هەن.. بەو رادەیە لە باوکاندا نین.. بە دەگمەن دەبینین و دەبیستین، کە باوکێ

دابنیشێت و لانکی کۆرپەکەی رابژەنێ و لای لایەی بۆ بکات.. ئەم سۆز و خۆشەویستییە تایبەتییەش، تەنها لە دایکانی مرۆڤدا نین، بەڵکو ئەم سۆزە جیاوازییەی دایکایەتی، بێگومان لە دایکانی گیانەوەرانی تریشدا هەن.

*ناپلیۆن دەڵێ: داهاتووی منداڵ.. بەندە بە دایکییەوە.*

بە کورتی لای لایە و لاواندنەوە بۆ منداڵان، بە دەنگی ناسکی دایکان شیرینتر و خۆشتر و جوانترە و، کاریگەرییەکی زیاتریشی لەسەر دەروونی منداڵان هەیە. چونکە منداڵان بەر لە هەموو کەسێک و لە هەموو کەسێکیش زیاتر بە دەنگ و بە رە گ و بە سۆز و خۆشەویستیی دایکانیان ئاشنا دەبن، دەنگی دایکیانیان، سەدا و سۆز و خرۆش و چێژێکی تایبەتیی هەیە بە لایانەوە.. شادی و خۆشی و گەشییەکی تایبەتیان پێدەبەخشن.

٢- یەکسەری: لەگەڵ دەستپێکردنی دایکان بە کۆپلەی یەکەمی لای لایە بۆ منداڵەکانیان.. دانامێنن و یەکسەر ئیلهامیان بۆدێت و، بێ ئەوەی کە لە کێش و لە سەروای هۆنراوە بزانن.. بە سروشتی بەیتی ئاسایی کێشدار و سەرواداریان بۆ دێت و، گوزارشت لە ناخی خۆیان دەکەن.. زۆر جار لە دایکانم پرسیوە، ئەم دێرە خۆشە فۆلکولۆرییانەتان لە کێ بیستوون، یا لە کوێوە وەرتان گرتوون ؟ لە وەڵامدا دەیانووت: لە کەسمان وەرنەگرتوون.. یەکسەر لە کاتی لای لایە و لاوانە و لۆرینیدا، بە خەیاڵماندا هاتوون و بۆ کۆرپەکانمان وتوون.

٣- تایبەتمەندی ئاوازەکانی لای لایە: ئاوازەکانی گۆرانییەکانی لای لایە بۆ منداڵان، زۆر لە یەکەوە نزیکن و، تایبەتمەندییان پێوە دیارە.. هەر وەکو ئەوەی کە هەمان ئاوازدانەر ئاوازی بۆ دانابن.. ئەگەرچی دایکان خۆیان و بە پێی میزاجی خۆیان لای لایە دەکەن و دەلاوێننەوە.. پەیوەست نین بە هیچ بنەماو مەرجێکی ئاوازی هونەرییەوە.. بەڵام شێوازی ئاوازەکانی لای لایەکانیان لە لای زۆربەی نەتەوە تێکەڵ و لەیەک نزیکەکان، نزیکن لەیەکەوە.. من گوێم لە لای لایەی فارسی و تورکیش ـ بە تایبەتیش ئازەری ـ بووە، تا رادەیەک نزیکن لە لای لایەی کوردییەوە، ئەوانیش بە زۆری، لە سەرەتادا بە زاراوەی (لای لایە)ی دەستپێدەکەن.. پێویستە ئەوەش بڵێین لە لای لایەدا دەنگخۆشی مەرجی سەرەکی نییە.. بەڵکو شیرینی و چێژ لە جوانی دەربڕینی ئەو سۆز و جۆشە بە کوڵە دایە، کە لە ناخی دڵ و دەروونی دایکاندان، بۆیە هەر منداڵێک دەنگی دایکی خۆی لە دەنگی دایکانی تر پێ ئاشناتر و خۆشتر و شیرینترە.

٤- گشتێتی: لێرەدا مەبەستمان لە گشتێتی ئەوەیە.. گشت گەلانی جیهان خاوەنی لای لای خۆیانن.. مۆرکی تایبەتی ژیان و ژینگە و کولتوور و کەلپووری خۆیانی پێوە دیارە.. بەڵام نزیکییەکیش لە دەقەکان و لە ئاوازەکانیش لە نێوان لای لایەی گەلاندا هەیە.. بەڵکو لە نێوان هۆز و خێڵ و ناوچە جیاوازەکانی هەمان گەلیشدا، شێوازی لای لایە و لاواندنەوەی جیاوازیش هەن.. بەڵام بە شەقڵی نەتەوایەتییان دەناسرێنەوە.. فرە شێوازیش ، هۆکارێکی دەوڵەمەندیی لای لایەیە.

مێژووی لای لایە زۆر کۆنە و، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی مێژووی مرۆڤ لەسەر زەویدا.. گۆرانییەکانی لای لایە یەکەمین هونەری داهێنراون.. گۆرانییەکانی لای لایە لە قوتابخانەی خێزانەکانەوە سەریان هەڵداون.. یەکەمین مامۆستای هۆنینەوە و چڕینی لای لەیەش دایکان بوونە.. کە بە سۆز و بە خۆشەویستییەوە جگەرگۆشەکانیان لاواندوونەتەوە و، بە دروستی گۆش و پەروەردەیان کردوون، فێری پرانسیپەکان و بەها جوانەکانە ژیانیان و نیشتمان پەروەرییان کردوون.

پسپۆرانی بواری پەروەردە و دەروونناسی منداڵان، جەخت لەسەر گرنگی لای لایە دەکەنەوە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، ئەوەشیان بۆ ساغ بۆتەوە کە لای لایە کاریگەریگەرییەکی دەروونی گرنگی لەسەر منداڵانی ساوادا هەیە، لای لایە ئاسوودەیی و دڵنیایی و شادی بە منداڵان دەبەخشێت.

بۆ لای لایە بۆ منداڵان دەکەین؟ نووستن یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و گیانەوەرانی تریش.. لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و، خواردنی سوودبەخش و، خواردنەوەی ئاوی خاوێن، ریزبەندی دێتە سەر نووستن، ناتوانین بەبێ نووستن بژین.. منداڵان لە قۆناغی ساواییدا، ناتوانن وەکو گەورەکان پابەندی خشتەی کاتەکانی نووستن ببن.. دەروونناسانی منداڵان پێیان وایە، کە دەزگا دەمارییەکان لەم قۆناغەدا سنووردارن، ساوایان نابەستن بە کات و بە شوێنەوە.. نووستن بە لای منداڵانەوە دابڕانە لە دەوروبەرەکەیان.. بۆیە رووبەڕووی وەنەوز دەبنەوە.. لای لایەی دایکان ئەو هێزە ئەفسووناوییەی هەیە، کە یەکسەر لە جێی گریان و کرووزانەوە.. زەردوخەنەی شادی دەخاتە سەر لێوی کۆرپەکانیان و، بەربەرە خاودەبنەوە و چاوەکانیان دەنووقێنن و، نوقمی خەوێکی خۆش دەبن.

شارەزایانی گۆشکردن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆر مانەوەی دایکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا، لە باوەشکردن

و ماچکردنیان، بە زەردەخەن و رووخۆشییەوە دەستهێنان بە سەریاندا، بەخشینی سۆز و خۆشەویستی پێیان و، لای لەیەکردن بۆیان.. دەستەبەری ئەوەن ، کە ژیان و داهاتووی ئەو منداڵانە زیاتر ئاسایی و سروشتی و هاوسەنگ دەبن. ئارامتر و داهێنەرتر و کۆمەڵایەتی تر دەبن.

*سوود و گرنگی لای لایەی دایکان بۆ منداڵان، هەر ئەوە نییە کە بە خۆشییەوە خەویان لێبکەوێت.*

لە لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیدا، دەربارەی کارتێکردنی گۆرانییەکانی لای لایەی دایکان، لەسەر منداڵانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکاندا.. بەراود بە خوێندنەوەی چیرۆکی وێنەدار و، دەنگی ئاژەڵان، سوعبەت و نمایشی تر.. ئەوەیان بۆ ساغ بۆوە، کە لای لایە دایکان، لە هەموو ئەوانەی تری سوود و کاریگەرییان زیاترە و، زیاتر خۆشی بە منداڵە نەخۆشەکان دەبەخشن و، تێکڕای خێرای و بەرزبوونەوەی لێدانی دڵیان ئاسایی دەبێتەوە و، ئازارەکانیان کەمتر دەبێت و، هەست بە باشتر بوون دەکەن.. لێکۆڵینەوکەش بەم جۆرە بوو: کۆمەڵێک گۆرانی لای لایەی خۆشیان بە دەنگی چەند دایکێک لەسەر کاسێت و سیدیدا تۆمارکرد.. بۆ ٣٧ منداڵی نەخۆشی نەخۆشخانەیەکی منداڵان لای لایەکانیان بۆ لێدان.. لە هەمان کاتدا بە وردی چاودێری تێکرای لێدانی دڵ و، نیشانەکانی ئازار و، گریان و، بێزاریشیان دەکردن.. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوەبوو.. کە بەرزی لێدانی دڵیان نزم و ئاسایی بوونەوە و ئازارەکانیان خامۆش بوون و زەردەخەنەی شادی کەوتە سەر لێوەکانیان.

توێژینەران ئەوەشیان بۆ دەرکەوت کە لای لایە بە نمایشی مۆزیکی راستەوخۆوە، دەنگ و رەنگی گۆرانبێژ (لای لایەکەر) و ئامێرەکان رووبەڕوو بۆ منداڵان، کاریگەرییەکی زیاتریان لەسەر منداڵانی نەخۆش هەیە، لە گۆرانییە لای لایە تۆمار کراوەکانی سەر (کاسێت، سیدی، میمۆری)، چونکە منداڵان رووبەڕوو تێکەڵ بە دەنگی گۆرانبێژەکە و، بە دەنگی ئامێرە موزیکییەکان دەبن.

*ئەوەش گرنگە، کە دایکان لەگەڵ لای لایەکردن بۆ کۆرپەکانیان، گوزارشت لە دەموچاویاندا هەبێت.*

لە ئەمڕۆشدا، لە دایانخانەکانی زۆبەی وڵاتانی ئەوروپادا، بە تایبەتیش لە دایانخانەکانی شارەکانی ئەڵمانیادا، هەستیان بە گرنگی لای لایەی دایکان بۆ منداڵانی ساوا کردووە، لە چەندین دایانخەنەدا، لەسەر سیدی و میمۆریدا، لای لایەیان بە دەنگی هەریەکە لە دایکانی ئەو ساوایانەی کە لە لایانن تۆمارکردوون.. لە

**کاتی گریان و خەوهاتندا، لە ژوورەکانیاندا، بۆیانیان لێدەدەن.. دایەنخانەکانی شارەکانی ئەڵمانیا، جەخت لەسەر سوود و سەرکەوتنی ئەم تاقیکردنەوەیەیان دەکەن و.. سوودێکی باشیان لە لای لایەی دایکان وەرگرتوون.**

***تەنانەت بەشێک لە نووسەرە بە ناوبانگەکانی جیهانیش، تا رادەیەک سوود و ئیلهامیان لە لای لایە وەرگرتوون، لەوانەش: (شکسپیر، گیتس، بایرۆن، رۆبێرت) لە شاعیرانی کوردیشمان: (فایق بێکەس، ئەمین عالی بەدرخان، هەژار موکریانی، قانیع، کامەران موکری) و شاعیرانی تریش.***

**کۆمەڵێکی زۆریش لە هونەرمەندانی کوردمان، بە دەنگێکی خۆش و ناسک و بە سۆز و ئاوازەوە، موزیک و سازەوە، لای لایەیان بۆ منداڵان تۆمارکردوون، کە بەیەتەکانیان هۆنراوەی فۆلکلۆرین، یا لە هۆنراوەی شاعیرانی ناسراوی کوردمانن،** ***لە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردمان، کە ئێمە گوێمان لە لای لایەیان بووە: (محەمەدی ماملێ، مەزهەری خالقی، حەمەجەزا، حشمت الله لورنەژاد، شڤان پەروەر، جەمال کوردستانی، حەسەن زیرەک، تارا جاف، بێژەن کامکار، لۆکە زاهیر، ئیلانە ئیلیا، سەحەر لوتفی، نوری باریکەیی، پشتیوان نەورۆڵی، لەیلا فەریقی، پەروین شازادە ) چەندین هونەرمەندی گۆرانبێژی کەشمان و.. بە سەدان دایکانی کوردی لای لایەکەری دەنگخۆشمان.***

## لای لایەی کوردی:

**لای لایەی کوردی بەشێکی گرنگە لە ئەدەب و لە کەلەپووری فۆلکلۆری نەتەوەییمان، بەبێ زیادەڕۆیش گەلی کوردمان لە ریزبەندی هەرە پێشەوەی گەلانی جیهان دایە، لە دەوڵەمەندی لە گۆرانییەکانی لای لایە دا بۆ منداڵان، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لای لایەمان هەیە.. کە مەبەستێکی پەروەردەیی و کۆمەڵەیەتی و سیاسی و نیشتمانی و، بەشێکیان توانج و پەلاری سیاسین دەپێکن.**

**لە هەموو شێوەزار و دیالیکتە کوردییەکاندا، لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی بەرین و رەنگیندا، بە سەدان دێڕ و کۆپلە و هۆنراوەی لای لایەمان هەیە، کە تایبەتمەندی بە ئەو ناوچانە و، شەقڵ و مۆرکی رەسەنی کوردییان پێوەیە.. لای لایەش بەپێی سەردەم و رۆژگار و، بە پێی باردۆخی سیاسی و میزاجی ئەو دایکانەش کە لای لایە دەکەن دەگۆڕێت.**

لە زۆربەی گۆرانییەکانی لای لایەی کوردیماندا، بە ئەم کۆپلەیە هۆنراوەیە دەست پێدەکات و.. لە دوای وتنی کۆپلەکانی کەش دووبارە دەکرێتەوە .. ئەمەش مەرجی سەرەکی نییە.. رەنگە پەیوەندی بە هونەری ئاواز و شێوەی وتنی گۆرانییەوە هەبێت.. بە زۆری بەم بەیتانە دەست پێدەکەن:

*لای لایە کۆرپەکەم لای لایە        شەوگار درنگە بۆ خەوت نایە*

یان:

*لای لایە رۆڵەی شیرینم        هیوای دوارۆژی ژینم*

بەڵام بەشێکی زۆر لە دایکان، بۆ هاوسەنگی ئاواز و سەروا، یا بەپێی ویست و حەزی خۆیان بە کەمێک جیوازی لە دەستپێکی ئەو پێشەکییە.. دەست بە لای لایە دەکەن.. کۆپلەکانی لای لایە فۆلکلۆرییەکان، لە شێوەی دێڕ، یا چوار خشتەکی، یا سێ خشتەکیدان.. لە بەشێکیاندا لاسەنگی لە کێشەکانیاندا هەن.

دایکانی دڵسۆز و میهرەبانی کوردمان، لەگەڵ بەستنی دەسرازەی لانکدا، لەگەڵ راژەنینی لانک و بێشکەی ساواکانیاندا، لەگەڵ خڕە خڕی موتوومووڕو و مەرجان و کوژەکەدا، لەگەڵ زرەزرِی پۆیلە و زەرتکە و تەتکە و پەتکەی قەدی کۆرپەکانیان دا، لەگەڵ تەق و هۆڕی خولخولەکەی هەڵواسراوی قەد کەمەری لانک و بێشکەکانی ساواکانیاندا، لەگەڵ خوڕهۆڕی بازنگە رەنگاورەنگەکانی قۆڵە نەرمۆڵە و ناسکەکانیانیاندا، لەگەڵ زرینگە زرینگی زەنگوڵە و پلپلەی خڕخاڵی پێیە قنجەکانیان دا.. کە تێکەڵ بە بۆن و بەرامەی خۆشی حەوت دەرمانەی حەتحەتۆکەکانی ملیان دەبن.. بەدەم لای لایە و لاواندنەوە و گۆرانی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی.. بە سەدایەکی ناسک بەیتی فۆلکلۆری کوردی و گۆرگانە شەویان بۆ دەڵێن.. لە ناخی دڵیانەوە بە لای لایە گوزارشت لە دڵسۆزی و سۆز و لە خۆشەویستی خۆیان بۆ جگەرگۆشەکانیان دەکەن و بە خۆشییەوە دەیانکەنە خەو.

ئایە ئێمەی کورد وەکو پێویست تا ئێستا هەوڵی ئەوەمان داوە، کە ئەم کەلەپوورە ئەدەبییە رەسەنەی گەلەکەمان (لای لایە)، لە کاڵبوونەوە و لە ئەگەری لە بیرکردنەوە یا لە تیاچوون بپارێزین..؟ تا ئیستا چەند لێکۆڵینەوەی پلان دارێژراوی زانستییانەمان بۆ کۆکردنەوە و لیکۆڵینەوە لە لای لایەی کوردیمان ئەنجام داون؟.. تا ئێستا چەند

خوێندکاری خوێندنی باڵا، لە بوارێک لەبوارەکانی ئەدەبی منداڵان ماستەرنامەیان لەم بوارەدا وەرگرتوون ؟ تا ئیستا چەند نووسەری بە توانامان لەم بوارەدا وتاریان نووسیووە یا کتێبیان داناوە ؟ تا ئیستا یەکێتی نووسەرانی کورد، چەند کۆڕ و سیمیناریان بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە لە (لای لایەی) کوردی سازکردوون ؟ ئایا تا ئیستا وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان ئەرشیفێکی تۆمارکراویان هەیە کە دەنگی خۆشی ئەو دایکانە و، ئەو هونەرمەندانەش کە لای لایەیان بۆ منداڵان تۆماریان کردوون.. یان سەتەلایتەکانی کوردستان بە ئەم ئەرکە پیرۆزە هەستاون؟ یا تا چ رادەیەک سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ئاوڕیان لە ئەدەبی منداڵان و بابەتی منداڵان داونەتەوە ؟ تا کەی گەرد و تۆزی لە بیرچوونەوە و پشتگوێخستن لای لایەی منداڵانی کورد داپۆشێت.. کێن و چ لایەنێک پێویستە بە دەنگی وەڵامی ئەم پرسیانەوە بێن؟ بێگومان ئەمەش ئەرکی کەسێک و دوو کەس و تەنها لایەنێک نییە.. ئەرکێکی پیرۆزی هاوبەشی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمانە.. هیوادارم ئەو لایەنانەی کە خەمخۆری پارستنی لای لایەی کوردین.. هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ئەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕی بەسەر بکەنەوە.. بە دەنگ و رەنگ و ئاوازەوە، تۆماری دەنگەکانی ئەو دایکە دەنگخۆشانە بکەن کە لای لایە دەکەن و، دەلاوێننەوە.. با رۆژگاری تەکنۆلۆژیا و داهێنان، ئەم سامانە گرنگەمان راپێچی لە بیرکردنەوە و تیاچوون نەکەن.. با نەوەی نوێمان لەم بوارەدا نابەڵەد نەبن و، ئاشنای فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەییمان ببن.. بە رای ئێمە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان بە هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتی نووسەرانی کورد و سەندیکای هونەرمە دانی کوردمان.. دەستەیەکی شارەزای رۆشنبیری و هونەری و راگەیاندن، لە خوشکان و لە برایانی شارەزا و بە توانا بۆ ئەم مەبەستە پێک بهێنن.. دەست بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی لای لایە کوردی بکەن.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لە چەندین خەرواری (لای لایەی) فۆلکلۆری کوردیمان، دەمانەوێ ئاماژەش بە ئەوەش بدەین، کە هەندێ لە گۆرانبیژان و لە دایکانی لای لایکەر، لای لایەی فۆلکلۆری و لای لایەی لە هۆنراوەی شاعیران و، بەڵکو دێڕە هەڵبەستی خۆشیان لە گۆرانییەکانی لای لایەدا تێکهەڵکێش کردوون.. یا دەستکاریان کردوون.. لێیان لابردوون و، شتی تازەشیان خستۆنەتە سەریان.. خوێنەرانی دڵسۆزیش ئاگاداکەینەوە، کە لە بەشی دووەمی ئەم نووسینەمدا (گرنگی لای لایە بۆ منداڵان) دێننە سەر ئەو لای لایانەی کە لە هۆنراوەی شاعیرانی کوردمانن.

***لای لایە رۆڵە لای لایە***

شەوگار درەنگە بۆ خەوت نایە

-----

لای لایە رۆڵە لای لایە

هیوای دوارۆژم لە دەست تۆدایە

-----

لای لایەت بۆ ئەکەم بە وێنەی کەوێ

قەزای بێ نازیت لە دایکت کەوێ

-----

لای لایە کۆرپەکەم بخەفێ

خەو خێر وەبان دیدەی بکەفێ

-----

لای لایەت بۆ ئەکەم لە ئێوارەوە

سەبەب کارت بێ بە سێدارەوە

-----

لای لایەت بۆ ئەکەم بە دڵ و بە گیان

خەوت لێ بکەوێت تا بەری بەیان

-----

هەی لای لایە خونچەکەم لای لایە

خۆزگە لەم جەهلە رزگار بووینایە

هەی لای لایە کچم لای لایە

دەبا کچ و کوڕ وەک یەک بوونایە

-----

لای لایەت بۆ دەکەم بە رووی سوورەوە

خوا جەرگم نەدات بە تەنوورەوە

-----

خەوی خێرت بێ بنووە درەنگە

تا کەڵەبابی بەیان بێ دەنگە

-----

لای لایە کۆرپەی جوانم لای لایە

لە کزەی کوردان دەنگم دەرنایە

-----

گۆرگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

خەو لە چاوی، کورپەکەم کەوێ

لوورەی تۆی ناوێ، لای لایەی دەوێ

دەڵێ لە ماڵی ئێمە دوور کەوێ

-----

رۆڵە خەوت بێ، خەوی نازت بێ

سەحرا و سەرزەوی پایە نازت بێ

-----

رۆڵەی ئازیزم، جگەرگۆشەکەم

ئارامی دڵی پڕ خرۆشەکەم

-----

بینای چاوم، رووحی رەوانم

دڵخۆشی دڵم، ئارامی گیانم

-----

رۆڵە بۆ خاتری ئەوەڵان لە کۆ

دایە نەوینێ مەرگ دیدەی تۆ

* * *

رۆڵە لای لای، کۆرپەکەم خەوت بێ

دەس فریشتەکان، لەژێر سەرت بێ

-----

کۆرپەی شیرینم، بنووە درەنگە

شەوگار درێژ و دنیا بێ دەنگە

-----

بنووە بەرهەمی ژینی رابردووم

تەنیا ئاواتی عومری بابردووم

-----

بنووە ئازیزم، بەختت بێدار بێ

هەر رۆژی ژینت، هەزار ساڵ بێ

-----

بە تۆوە شادە، ژیانی حاڵم

بۆ تۆیە گوڵم بە کوڵ ئەناڵم

-----

رۆڵە لای لایە، کۆرپەکەم لای لایە

رۆڵە لای لایە، بەرخەکەم لای لایە

رۆڵە لای لایە، جەرگەکەم لای لایە

-----

لای لای نەمامی ژیانم

من وێنەی باخەوانم

بە دڵ چاودێریت دەکەم

بخەوە دەردت لە گیانم

-----

رۆڵەی خۆشەویست بینایی چاوم

هێزی ئەژنۆم، هیوای ژیانم

هەتا دێیتەوە هەر چاوەڕێتم

هەر لانکی مناڵێت رادەژێنم

-----

هەی لای لایە رۆڵەی شیرینم لایە

سەد خۆزگە بەو خۆزگایە دایکی تۆ لێرە بوایە

-----

هەی لای لایە، رۆڵە لای لایە

خۆزگە لای لایەی گشت کەس وا بوایە

-----

رۆڵەی خۆشەویست، جگەرگۆشەکەم

مەرهەمی دڵەی بە پەرۆشەکەم

-----

رێحانەی بۆنخۆش، سوورە گوڵەکەم

ئازارشکێنی، برینی دڵەکەم

-----

هەی لای لایە، رۆڵە لای لایە

دنیا زیندانی پیاوی ئازایە

-----

رۆڵەی خرپن و دڵ پەرۆشەکەم

هێزی دوو ئەژنۆم جگەرگۆشەکەم

-----

پێم بڵێ بۆ ئەسیر کراوی ؟

لە نێو لانکدا شەتەک دراوي

-----

تا خووی پێ بگری، بە کۆت وزنجیر

بە پەل بەستراوی هیچ نەبی زویر

-----

دەست و پێت لە ژێر کوتەکدا نەتەزێ

رەمەقت نەڕوات، دڵت نەلەرزێ

-----

ئەو بەند و کۆتە وەک شێری برسی
ئاڵۆزت بکات لە هیچ نەترسی
-----
بۆ نیشتمانت بە دڵ بجۆشی
بۆ سەندنی ماف زیاتر تێکۆشی
-----
هەی لای لایە، رۆڵە لای لایە
پیاوی ترسنۆک رسوای گشت لایە
-----
هەی لای لایە رۆڵەم لای لایە
کوێر بێ ئەو چاوەی بە تۆ هەڵنایە
-----
سەرت هەڵبێنە بزانە من کێم؟
سەرت هەڵبێنە خۆ من دایکی تۆم
-----
رۆڵە رووناکی گلێنەی چاوم
بەندی جەرگ و دڵ ، هێزی هەناوم
-----
رۆڵەی شیرینم کوردستان چاوەڕێتە
نیشتمانە و، هیوای دوارۆژی پێتە

١٩ای جوونی ٢٠١٦

## شادی لە منداڵیدا.. شادییە لە گەورەییدا.

هەموو دایک و باوکێک، حەزدەکەن منداڵەکانیان، لە ئەوپەڕی خۆشی و شادیدا بژین. هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ دابینکردنی هۆیەکان و، پێویستییەکانی شادی منداڵەکانیان. شادی منداڵان، لە دڵپاکی و بێتاوانی و ساکاری بیرکردنەوەیانەوە هەڵدەقوڵێت. دەبینین بە بێ سنوور و مەرج و، بێ هیچ بڕیارێکی پێشوەخت، یاری دەکەن و هەڵدەبەزنەوە و پێدەکەنن و دەزروقێنەوە.. منداڵان ئەو ساتانەیان بەلاوە گرنگە، کە تێیدا شادن. ئەوان بیر لە داهاتوو ناکەنەوە.. منداڵان سەرچاوەی شادی و نهێنی جوانی ژیان لە جیهاندا.

دابینکردنی شادی و خۆشی بۆ منداڵان ئەرکێکی گەورەیە.. پێویستە هەموو دایک و باوکێک، لە ئاستی لە ئەستۆگرتنی ئەم بەرپرسێتییەدابن.. خۆیان ببن بە پێشەنگ بە نموونەی باش بۆ منداڵەکانیان.. کە منداڵانن ببین کە زەردەخەنە و پێکەنین، لەسەر لێوەکانی دایکان و باوکانیان دا ئاوانابن.. بە دڵنیاییەوە منداڵانی ئەو دایک و باوکە رووخۆشانە، گرژ و مۆنی لە دەموچاویاندا بەدی ناکرێن و، بە درێژایی تەمەنیشیان هاودەمی شادی و خۆشی دەبن و، بە چاوێکی پڕ لە هیوا و گەشبینیشەوە لە ژیان و لە داهاتوویەکی گەشتر دەڕوانن.

پسپۆرانی دەروونناسی دەڵێن، تەنها ئەوەش بەس نییە، کە منداڵان هەست بە گەشبینی بکەن.. بەڵکو پێویستیشە پەیڕەوی شێوازێکی پەروەردەییش بکەن، بۆ ئەوەی هەست بە شادی و بە خۆشی ژیان بکەن.. هەست بەوە بکەن کە لەژیانداں و رۆڵیان هەیە.

ئەنجامی ئەو توێژینەوە دووقۆڵییەی، کە لە لایەن دکتۆر (جان ئیمانۆیل دی ئیف) لە زانکۆی (کۆلیدج ئۆف ـ لە لەندن، بەریتانیا) و، دکتۆر (واندرۆ ئوزولد) لە زانکۆی (واویک) پێی گەیشتوون.. ئەوەیە: تا ئاستی شادی منداڵان زۆرتر بێت و، تا زیاتر لە ژیانی خۆیان رازیبن.. ئەوەندە داهاتوویان گەورەتر و پایە و پلەیان بەرزتر دەبێت.

راستە لە ئەمڕۆدا بەشێکی زۆری منداڵان، بە شادی و کامەرانی دەژین.. بەڵام ژیانیان پڕە لە فەرمان و لە جێبەجێکردنی پلانی داڕێژراو و، لە وابکەن و وامەکەن و، وریابن ئەمانە سنووری سوورن و بڤەن.. ژیانی واش بە

لای منداڵانەوە، بێزاری و پەستییە و خۆش نییە.. چونکە تەنگ بە چەژی شادی و، بە خۆشییەکانی منداڵییان هەڵدەچنن.. بێگومان قۆناغەکانی منداڵێش دووبارە نابنەوە.. هەموو ویست و خەون و حەزەکانی بەشێکی زۆر لە دایکان و باوکان، تەنها ئەوەیە، کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەدا، بە نومرەی باشەوە سەربکەون و، بە پێی ئارەزووەکانی خۆیان ئاراستەیان بکەن و، بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێساوە پەیوەندیان بکەن.. بۆ ئەوەی بایەخ بە حەز و ئارەزوو و، بە تواناکانی منداڵەکانیان بدەن.. بۆ ئەوەی هیچ بایەخێک بە شادی منداڵەکانیان بدەن. شادی هەستێکی خۆش و شیرینی ناخییە، هیچ هەستێکی تر نییە کە هاوشانی بێت.. شادی خواست و هیوای منداڵان و گەورەکانیشە ، نهێنی ژیانێکی خۆش و، داهاتوویەکی گەشە.. مرۆڤی شاد وا هەست دەکات کە گەنجینەی هەموو جیهان هی ئەون.. پێویستە ئەوەش بزانین کە شادی ماددەیەکی قەوارەیی بەرچاو نییە کە وەکو دیارییەکی جوان بە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و بە شریتی جوان پێچرابێتنەوە و پێشکەش بە منداڵان بکرێت.

*(کاری جۆنز) دەڵێ: " نهێنی شادی لە ئازادی دایە.. نهێنی ئازادیش لە ئازایی دایە"*

*(جیان باول) یش دەڵێ: شادی باڵەکانمانن.. ناخۆشیش شوێن پێیەکانمانن.*

تا ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لە دایکان و باوکان، بڕوایان وایە، کە شادی منداڵەکانیان لە دەوڵەمەندی و سامان و پارە دایە.. لەوە دایە کە جلوبەرگی جوان و، بابەتی سەیر و سەمەرە و ئەنتیکەی یاری بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن.. بەڵام لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین، کە شادی منداڵان پەیوەندیی بە دەوڵەمەندی و هەژارییەوە هەبێ.. ڕاستییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو منداڵانەی هەمیشە دەستەمۆی نازن و خواردەی لامێژن و، بێبەرهەمن و، بە ئاسانی و بەبێ هەوڵ دەکرێ بە قوڕگیانەوە.. ئەو منداڵانە شادنین.. بە دڵنیایشەوە هەموو منداڵان حەزدەکەن، کە هەموو خواست و داواکانیان بۆ جێبەجێ بکەن.. بەڵام ئەمە بابەتێکی پەروەردەیی نییە.. لەوانەیە بابەتێکی یاری یا پێدانی نوقڵ بە منداڵان تەنها لەو ساتەدا شادییان پێ ببەخشن.. بەڵام ئەو شادییەی کە دایکان و باوکان دەیانەوێ، کە فێری منداڵەکانیان بکەن و، لەسەری ڕابێن و، ببێت بەشێک لە ژیان و لە گوزارشتیان.. ئەوەیە کە منداڵەکانیان، لە خۆیان و، لەو ژیانەی کە تێیدان ڕازی بن و.. کەسانی تر قبووڵ بکەن.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە منداڵان هیواخوازی باش و باشتر نەبن.. منداڵانی شاد و بەختەوەر، ئەو منداڵانەن کە خۆیان دەناسن و، توانای ئەوەیان هەیە، کە درێژە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیان و لەگەڵ کەسانی تردا بدەن، لەگەڵ پێویستییەکانی ژیانی ئەمڕۆدا ڕابێن و قبووڵیان بکەن.. پێویستە ئەوەش

بزانن، کە لە ژیاندا خۆشی و ناخۆشی هەیە.. تاڵی و شیرینی هەیە.. سەرکەوتن و شکستی هەیە.. پێویستە گەشبین و هیواداربن و، هەردەم بە روونی لە ژیان بڕوانن.. ئا لێرەوە پێویستە، شادییەکی راستی، فێری منداڵە چاوگەشەکانمان بکەین.. وا پێیان بگەیەنین و پەروەردەیان بکەین، کە بڕوایەکی تەوایان بە خۆیان هەبێت.. هەست بە بەرپرسێتی بکەن و، بە شێوەیەکی کاراش، توانای بەشداریکردنیان لە ژیاندا هەبێت.. بەم شێوەیە شادی بۆ منداڵە خۆشەویستەکانمان دروست دەکەین و.. دەیان کەین، بە ژنان و پیاوانی شاد و شادیدۆست و هیواخواز.. دەیان کەین بە تاکی هەمیشە گەشبینی داهاتووی کۆمەڵی کوردیمان.. بەڵام پێویستە کە خۆمان لەم رووەوە بە کردەوەیی نموونەیەکی باش و دروست بین.. تا منداڵەکانیشمان چاو لە ئێمە بکەن.

*(یوسف یۆبێرت) دەڵێ: منداڵان زیاتر پێویستییان بە نموونە هێنانەوە هەیە، لەوەی کە رەخنەیان لێبگرن.*

**گرنگترین پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی پەروەردەکردنی منداڵانی شاد:**

١- بەر لە شادی منداڵان، پێویستە دیاکانیان شادبن: چونکە دایکانی ناشاد، ناتوانن منداڵانی شاد پێبگەیەنن.. کەواتە شادی خێزانەکان، هۆیەکی گرنگی شادی منداڵانن، چونکە منداڵانیش بەشێکن لە خێزانەکانیان. کەشوهەوا و دۆخێکی پڕ لە خۆشەویستی و ئازادی و پێکەوە سازان و، رێزگرتن و، پەیوەندییەکی باشی خێزانی، بە تایبەتیش لە نێوان دایکان و باوکان دا، مایەی شادین بۆ منداڵان و بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزانان.

٢- بەخشینی خۆشەویستی دایکان و باوکان بە منداڵەکانیان: گرنگترین و بەهێزترین هۆکاری شادی منداڵانن خۆشەویستییە.. خۆشەویستی کلیل و نهێنی شادین بۆ منداڵانن.. ئەوە رەنگدانەوەی خۆشەویستیی دایکان و باوکانە، کە منداڵان هەست بە شادی و بە خۆشەویستی دەکەن.. بە گەلێ شیوازیش دایکان و باوکان دەتوانن گوزارشت لە شادی و لە خۆشەویستیی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بکەن وەکو: لە باوەشکردنیان، ماچکردنیان، دەست هێنانیان بە سەریاندا، بە نەرم و نیانی گرتنی روومەتەکانیان، بە زەردەخەنە و پێکەنین لە روویان دا، بە وشە و بە رستەی زاری شیرین وەک: ئێمە بە دڵ ئێوەمان زۆر خۆشدەوێت، ستاییش و ئافەرینکردن و، هاندانیان، چەپڵەلێدان بۆیان و... هتد. بەڵام پێویستە زیادەڕۆیش نەکەن لە گوزارشتکردن لە سۆز و خۆشەویستیتان، لە زۆر نازپێدان بە منداڵەکانتان.. چونکە لەوانەیە کە منداڵەکانتان دووچاری لە خۆبایبوون و، نێرگزییەت ببن.. ئێمە لە نووسینێکی پێشترماندا، باسمان لە زیانەکانی زیادەڕۆیی لە نازپێدان و لە خۆشەویستیی منداڵان کردووە.. باشتر وایە،

پێویستە مامناوەندی بن لە خۆشەویستیتان بۆ منداڵەکانتان.. پەندێکی کوردیمان هەیە کە دەڵێ: هەموو شتێک بە خوێ، خوێش بە مانا "واتا هەموو شتێک ئەندازەی تایبەتی خۆی هەیە.. ئەگەر لەو سنوور و ئەندازەیە تێبپەڕێت، خراپ و زیانبەخش دەبێت. هیچ مەرجیکیش دامەنین بۆ پێشکەشکردنی خۆشەویستی بە منداڵەکانتان.. ئەوەش بزانن کە وشە شیرینەکانتان و، شێوازی دروستی گوزارشتکردنتان لە خۆشەویستیتان، کارتێکردنێکی زۆر گرنگ و ئەرێنییان لەسەر دەروونی منداڵەکانتان هەیە.. لە داهاتووشدا رەنگدانەوەیان دەبێت.

( (ریتشارد لیارد)ی بەریتانی، کە توێژێنەرە لە چەمکی شادی دا، ئەوەی لا بەرجەستە بووە، کە "تەندروستی دەروونی منداڵان، هۆکارێکی گرنگە لە هۆکارەکانی شادی و خۆشنوودی لە لای گەورەکان" شادیش لە منداڵیدا دەبێتە مایەی شادی لە گەورەییدا.

٣- بڕوابەخۆبوونی منداڵان و هەستکردنیان بە هێز و توانا و بە بەهرەکانیان: رۆڵێکی بەهێزیان لە رووبەڕووبوونەوەی لەمپەڕ و ئاستەنگییەکانی ژیان و، لە هێنانەدی شادی هەیە.. بە بڕوا و بە متمانەوە رێی ژیانیان دەگرنەبەر.. بە پێچەوانەوە ئەو منداڵانەی کە ڕاڕا و دوودڵ و داماون و، بڕوایان بە تواناکانی خۆیان نییە، هەست بە شادی ناکەن.

٤- وا لە منداڵەکانتان بکەن، هەست بەوە بکەن، کە هەمیشە داهاتوو باشتر و شادترە: منداڵان بە سروشتی بیر لە داهاتووی باش دەکەنەوە.. بۆ نموونە دەڵێن: کە گەورەبم دەبم بە پزیشک، بە ئەندازیار، بە مامۆستا، بە ملیاردێر، خانوویەکی گەورە و قەشەنگ دروست دەکەم، ئۆتۆمبیلێکی جوان دەکڕم و... هتد. ئەم زیندەخەونانەش، خەیاڵ گوشادی و دڵخۆشی و شادی بە منداڵان دەبەخشن و.. بە گەشبینیشەوە لە داهاتوویان دەڕوانن. زۆربەی هیوا و ئاواتەکانیش، لە رێی خەون و خەیاڵەکانی منداڵییەوە هاتوونەتەدی.

٥- هەستکردنی منداڵان بە شادی، هاندەر و پاڵنەرە بۆ بە پەرۆشبوون و خۆشەویستی ژیان: پێویستە دایکان و باوکانیش لەم رووەوە رۆڵێکی باش ببینن و، منداڵەکانیان بە پەرۆش بکەن بەرەو ئەو شتانەی حەزیان لێیانە و لە بەرژەوەندییان دایە، هانیان بدەن بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتریان لێیان هەبێت، وەکو: وێنەکێشان، وەرزش، خوێندنەوە، نووسین، گۆرانی وتن، هەڵپەڕکێ ، شانۆ و... هتد. ئەم بەهرە و چۆست و چالاکییانە شادی پەرۆشی و گەرم و گوڕییەکی زیاتر بە منداڵان دەبەخشن بۆ گەشەکردنی بەهرە و تواناکانیان، دەبنە تاکە کاراکانی

**کۆمەڵێ کوردیمان، کراوە و خۆڕاگر و کۆڵنەدەر دەبن.**

***(هیلین کیلەر) دەڵێ: ئەی ئەوە شادی زانستی نییە.. کە پاڵ بە منداڵانەوە دەنێ بۆ فێربوون؟***

**٦- لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە منداڵانی تر شادترن: ئەو منداڵانەن کە پەیوەندییەکی بەهێز و جێگیریان لەگەڵ هاوڕێکانیان و لەگەڵ کەسانی تردا هەیە.. توانای سازان و درێژەدانیان بە هاوڕێتی و بە خۆشەویستی و بە هاوکاری هەیە.. بێگومان پاڵپشتی و هاندانی خێزانەکانیان بە تایبەتیش (دایکان و باوکانیان)، خاڵێکی پێویست و ئەرێنین بۆ هێنانەدی شادی و خۆشی بۆ منداڵەکانیان، بۆ بەهێزکدنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، مایەی شادین، بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی بەهێز و شاد و تەبان.. دڵڕاوکێ و نا ئارامیش کەمتر دەکەنەوە.. منداڵان هەست بەوە دەکەن کە خۆشەویستن و، ڕێزیان لێدەگرن و، پێزانینیان بۆ کارە جوان و باشەکانیان هەیە.**

**٧- شادی یارمەتی منداڵان دەدات، کە لە داماوی و لە نائارامی رزگار بێت: گرنگترین کلیلی شادی ژیانیش، ئەوەیە کە منداڵەکانتان تێبگەیەنن.. مەرج نییە هەموو شتێک کە هیوای بۆ دەخوازین بێنەدی.. ناشبێ هەست بە نائومێدی و، بە دبەختی و، بە رەشبینی و غەم و بێزاریش بکەن.. ئەگەر هاتو هەندێ لە هیوا و لە خواستەکانیان نەهاتنەدی.. نابێت ئەمە بە کۆتایی ژیان و، بە گرتنی هەموو دەرگاکان بزانن.. بۆ نموونە ئەگەر نیازتان وابوو کە رۆژی هەینی، بۆ گەشتێک یا سەیرانێک بچن.. بەڵام بە هۆی باران بارین و، سەرمایەکی چاوەڕوان نەکراوەوە، نەتان توانی گەشتەکەتان بکەن.. دەتوانن بە منداڵەکانتان بڵێن.. دەی ئەمڕۆ پێکەوە پۆپ کۆرن (گەنمە شامی) دەبرژێنین و، لەگەڵ سەیرکردنی فیلمێکی منداڵان کە هەمانە و، سەیرمان نەکردووە دەیخۆین.. منداڵەکانتان لەمەوە تێدەگەن کە (هەندێ جار با بە ئارەزووی کەشتییەوە هەڵناکات).. دونیا تەنها رۆژێک و دوو رۆژ نییە.. ئەمڕۆ باران و ساردە.. سبەینێ، هەفتەکەی تر، خۆشی دەکات.. ئەم هەستە خۆڕاگری و گەشبینی لە دڵی منداڵەکانتان دەڕوێنێت و، خۆشیان نادەن بە دەستی بێ هیوای و نائومێدییەوە.**

***هەر (هیلین کیلەر) دەڵێ: دەرگاکانی شادی زۆرن.. بەڵام هەندێ جار ئادەمیزاد لە بەردەم دەرگا داخراوەکەدا دەوەستن و.. لە دەرگا کراوەکانی تر ناڕوانن.***

٨- راستکردنەوەی تێگەیشتن و هەڵەکانی منداڵەکانتان: بە هۆی تێکەڵاوبوون لەگەڵ منداڵانی جیاوازدا.. هەندێ بیرۆکەی و بۆچوونی و بڕوای و زانیاری هەڵە و نێگەتیف دەربارەی خۆیان، لە لای هەندێ لە منداڵان دروست دەبن.. وەکو: من جوان نیم، من ئازا نیم، من بێبەختم، من گەمژەم، من، من و... هتد.. پێویستە دایکان و باوکانی ئەم منداڵانە ، ئەم بۆچوون و تێگەیشتنە نەرێنیانە لە مێشکیاندا بڕەوێننەوە.. وەک، پێیان بڵێن ئێوە زۆر جوانن، ئەگەر پێبکەنن جوانتریش دەبن، قسەکانتان هێندە قوت و خۆش و شیرینن دەمان هێننە پێکەنین.. ئێوە بە لە وێنەکێشاندا بەهرەیەکی باشتان هەیە.. ئێوە بە دەنگتان خۆشە.. ئێوە لە خوێندنەوەدا توانایەکی جیاوازتان هەیە.. ئێوە لە قوتابخانەدا زیرەکن.. لەم بابەتە رستانە.. بۆ لە بیربردنەوەی بیرۆکە هەڵەکانیان .

٩- لە منداڵەکانتان بگەڕێن با بە ئارەزووی خۆیان و.. بەبێ هیچ مەرجێکی سەپێنراو یاری بکەن: یاری پێویستییەکی سەرەکییە بۆ منداڵان.. لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و خواردنی بەسوود و خواردنەوەی ئاوی خاوێن و نووستن.. ریزبەندی دێتە سەر گرنگی یاری بۆ منداڵان، یاری بەشێکە لە ژیانیان.. یاری شادی و خۆشی و سوودێکی زۆری جەستەیی و دەروونییان پێدەبەخشێت.. زۆر گرفت و گرێی دەروونیی منداڵان بە هۆی یارییەوە چارەسەر دەکرێن.. بڕوانن لە کاتی یاری دا، منداڵەکانتان چەند شادن.

١٠- دایکان و باوکان دەتوانن ژیانی خێزانیان بکەن بە ئاهەنگی هەمیشەیی: هاودەمی هەمیشەیی شادین و خۆشی بن.. دەتوانن شادی دروست بکەن.. شادی هەستێکە لە ناخی دەروونی مرۆڤدا دروست دەبێت.. نە کەس دەتوانێت بیبینێت و.. نە بیگرێت.. نە بۆ فرۆشتنە و.. نە بۆ کڕینە.. نە دیارییە و.. نە بەخشینە.. هەستێکی خودییە و بە کارە ئەرێنییەکانی دەرەوە تێردەرکرێت.. بە خۆشی و بە زەردەخەنە و پێکەنین و، بە گەشی و بە نەرم و نیانی و شیرینی گوزارشتی لێدەکرێت.

١١- بەری ئازادی لە منداڵەکانتان مەگرن: دایکان و باوکان رێ لە ئازادی منداڵەکانتان مەگرن.. هەلی پێویستیان بۆ سەرکەوتن و بۆ داهێنان و پێشکەوتن بۆ بڕەخسێنن.. لەسەر هەڵە بێ مەبەستەکانیان و تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووەکانیان لۆمەیان مەکەن و.. چونکە سەرجەم کاری منداڵێتی لەسەر تاقیکردنەوە و هەڵە بنیاتنراوە.. هانیان بدەن کە ژیان بریتییە لە سەرکەوتن و شکستی.. لە هەڵە و لە راستکردنەوەی.. بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە خۆشتان دەوێن و، لە هەموو بارودۆخێدا لە گەڵیان دان و پشتیان دەگرن.. بۆ ئەوەی لە تاقی کردنەوەکانیان بێزار و نائومێد نەبن و، درێژە بە خۆڕاگری و هیوای سەرکەوتنیان بدەن، لە دواییدا هەست بە

شادییەکی گەورە دەکەن.

١٢- منداڵ و خواردنی شیرینییەکان: لە لیکۆڵینەوەیەکی پزیشکی تازەدا، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە خواردنی جۆرەکانی شیرینی وەک: ( گەزۆ، نوقڵ، باسووق، سجووق، چوکلێت، ئایس کرێم...) شادی و خۆشییەکی زیاتر بە منداڵان دەبەخشن.. هەموومان ئەوە دەزانین، کە زۆر خواردنی شیرینی کاریگەریی تەندروستی لەسەر منداڵان هەیە، لە بارەی تێکچوون و کلۆربوون و ڕەشبوونەوەی ددانەکانیان و، زیادبوونی کێشی لەشیان و، زیادبوونی چالاکییەکانیان.. بەڵام پزیشکە دەروونییەکان، بە توێژینەوەی پراکتیکی.. ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە خواردنی شیرینییەکان بە رادەیەکی مامناوەندی کاریگەرییەکی باشیان لەسەر دەروونی منداڵان و، لە شادی کردنیان هەیە.

لە هەموو مارکێتەکان و دووکانەکانی تایبەت بە خواردەمەنی، لە ئەوروپا و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، چەند رەفتێک، بۆ جۆرەکانی نوقڵ و نەستەلە و شیرینییەکانی منداڵان هەیە.. خێزانەکانیش وا منداڵانیان فێرکردوون و راهیناون، کە تەنها رۆژانی شەممە بۆیان هەیە نوقڵ و شیرینییەکان بخۆن.. منداڵانیش دەقیان بە ئەم مەرجەوە گرتووە و لە رۆژەکانی تردا، داوای شیرینی ناکەن، خۆشیان دەڵێن، شەممە بۆمان نییە داوای شیرینی بکەین.. بە مافی خۆشیان دەزانن کە لە شەممەکاندا شیرینییەکان بخۆن.

من لەگەڵ ئەم راستییەدام، کە شیرینی شادییەکی زیاتر بە منداڵان دەبەخشێت.. منداڵ بووم، ماڵمان لە دێی (گۆگجە ـ شوان ـ کەرکوک) بوو.. کە باوک دەچوو بۆ شاری کەرکوک، کە دەگەڕایەوە، یەکسەر بۆ نوقڵ و شەکرە سووره دەچووین بە پیرییەوە.. باوکیشمان یەکسەر نوقڵەکانی بە یەکسانی بە سەرماندا دابەش دەکرد.. لەو ساتانەدا روومان زۆر گەش دەبووەوە و.. هەستمان بە شادی و خۆشییەکی زۆر دەکرد.

١٣- شادی لە منداڵیدا.. بە دوای خۆیدا دەوڵەمەندی لە تەمەنی گەورەبووندا دێنێت: لێکۆڵینەوەیەکی تازە جەختی لەسەر ئەوە کردووە، کە تا مرۆڤ لە قۆناغی منداڵیدا زیاتر شاد بێت.. هەلی دەوڵەمەندبوونی لە تەمەنی سی ساڵیدا زیاتر دەبێت.. منداڵانی شاد هەلێکی باشتریان هەیە، کە گەورە بوون، پارە کۆبکەنەوە.

ئامادەکەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەش (ئاندرۆ ئوسفالد) لە زانکۆی (فارڤیک) دەڵێ: کارەکەمان ئاماژە بەوە دەکات، کە دەستەبەرکردنی شادی بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا.. ئەوە دەگەیەنێ کە لە دواییدا زیاتر دەوڵەمەند دەبن.. دەکرێ ئەم کارەش تەواوی ئابووری بگرێتەوە.. واتە بوونی ئەمریکایەی شاد، بە ئەمریکایەکی زیاتر

دەوڵەمەند لێکدەدرێتەوە.

١٤- شێلان شادی بە منداڵان دەبەخشێ: گەلێ لێکۆڵینەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەدان کە بە نەرمی شێلانی منداڵان، ئاسەواری ئەرێنی نەهاتنە ژماردن دێنێتەدی.. چ بۆ منداڵان و چ بۆ دایکان.. بەر لە هەموو شتێک، شێلان پەیوەندیی نێوان دایکان و منداڵان خۆشتر دەکات.. واش لە منداڵان دەکات کە هەست بە شادی و خۆشی و ئارامی بکەن.

١٥- ستایش و پێزانین شادی رێزگرتن منداڵان دەبەخشن: دایکان و باوکانی دڵسۆز، ئەوە بزانن کە رێزگرتن و پێزانین و ستایش لە هەموو شتێک زیاتر بڕوابەخۆبوون و شادی و خۆشی بە منداڵان دەبەخشن.. کاتێ کە منداڵان کارێکی باش ئەنجام دەدەن.. پێویستە دایکانیان یا باوکانیان پیرۆزبایی و دەستخۆشی و ستایشیان بکەن.. ئەم رێزلێنانە زارەکییانە شادی و خۆشی دەخاتە دڵێ منداڵانەوە و دەبێتە هاندەرێکی زیاتر، بۆ ئەوەی منداڵان کاری جوانتر و داهێنانی باشتر و بەرهەمی پوختر پێشکەش بکەن.. بۆیە پێویستە هەمیشە کاری منداڵەکانتان هەڵبنێن ئەگەر بچووک و ساکاریش بن.. بەڵام زیادەڕۆیی لە ستایش و هەڵنان و پیاهەڵدانیان مەکەن.

*(شکسپیر) دەڵێ: هیچ شتێک هێندەی ستایش و پیاهەڵدان، کار ناکاتە سەر منداڵ.*

١٦- منداڵەکانتان مەڕووخێنن: دایکان و باوکانی خۆشەویست، ئەگەر منداڵەکانتان هەڵەیان کرد.. ئەوە بزانن کە لۆمە و توانج و قسەی ناشیرین و نەشیاو و توندوتیژی و هاوار و قیژان بە سەریاندا، بەم قسە ناشیرینانەتان، تواناکانیان دەڕۆخێنن و، دڵشکاو هەست بریندار و سەرکوێر و ترسنۆکیان دەکەن.. لە داهاتووشدا دەبنە کەسێتی هیچ لەبار و رووخا.. بە درێژی ژیانیان، چەژی شادی و خۆشی و سۆز و خۆشەویستی نازانن چییە.. لەوانەشە ببنە کەسانێکی توندڕە و شەڕانی و دڵڕەق.. تۆڵەی ئەو سزا و توندوتیژییانەی کە ئێوە لە منداڵیدا لێیانتان کردوون، ئەوان تۆڵە لە کاسنێکی بێتاوان بسێننەوە.. وەکو لە خاڵی پانزەمدا باسمان کرد، کە لە قۆناغەکانی منداڵییدا، ژیانی منداڵان لەسەر تاقیکردنەوە و هەڵەی بێ مەبەست پێکهاتووە.. منداڵان دەیانەوێت بزانن و نهێنییەکانی گەردوونی دەور و بەریان بدۆزنەوە و بپشکنن.. جا ئەگەر لە منداڵیدا لۆمە و سەرکوێر بکرێن، بە درێژایی ژیانیان هەموو شتەکانیان لێ دەبن بە بڤە و هەست بە شکستی و بێزاری و بێدەسەڵاتی دەکەن و رقیان لەم گەردوونە دەبێتەوە . دایکان و باوکانی وریا و دانا، هەرگیز هەڵەکانی منداڵەکانیان بە هەڵە و بە هەڕەشە و توندوتیژی

و لۆمە ڕاست ناکەنەوە.. بەڵکو بە سۆز و بە خۆشەویستی و بە هێمنی و زانستی و ، بە هێنانەوەی نموونەی باش و دروست هەڵەکانی جگەرگۆشەکانیان راست دەکەنەوە و، شادی و هیوای بەردەوامی دەخەنە دڵە قنجەکانییانەوە.. هانیان دەدەن بۆ ئەوەی خۆڕاگربن و کۆڵنەدەن و زیاتر سووربن لەسەر هەوڵ و تاقیکردنەوە و فێربوون و وەرگرتن و بەخشین.. نەسرەوتن تا سەرکەوتن بکەن بە دروشمی ژیانیان.

ئێمە لە نووسینێکی ترماندا، بۆ نموونە باسمان لە سەرگوڕشتە و لە تاقیکردنەوەکانی کەڵە داهێنەری جیهانی (تۆماس ئەدیسۆن) کرد، کە چۆن بە هەڵە مامۆستاکانی بە منداڵێکی گەمژە و مێشک بۆگەن و هیچ لەبار ناویان برد. بەڵام دایکی دڵسۆز و وریای هیوای پێبەخشی و پشتی گرت و هانی دا، بۆ ئەوەی کۆڵنەدات و درێژە بە هەوڵ و بە تاقیکردنەوەکانی بدات.. دوای (٩٩٩) تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتوو و شکستهێنان بۆ دروستکردنی گڵۆپی کارەبایی.. ئەدیسۆن کۆڵی نەدا و بیزارییش نەبوو.. تا لەسەر هەزارەمین تاقیکردنەوەیدا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی و بە هیوای بگات و گڵۆپی کارەبایی دروست کرد.. تا هەتایە تێکڕای ئادەمیزاد لە هەموو جیهاندا، قەرزاری ئەو کەڵە داهێنەرە مەزنەن.. (ئەدیسۆن) یش هەردەم خۆی بە قەرزارباری دایکی دڵسۆز و دانا و میهرەبانی دەزانی.

١٧- پێشکەش کردنی دیاری بە منداڵان شادییەکی زۆریان پێدەبەخشێ: گەر دیارییەکان ساکاریش بن.. بە لام نابێت بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێک، دیارییەکی باش بە منداڵان بدەن.. بەڵکۆ بەپێی ئاستی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن.. لە خاڵی پانزەمیندا باسمان لەوە کرد.. دەشکرێ بە وشە و بە رستەی هاندان پیرۆزبایی و دەستخۆشیان لێبکەن.

١٨- مامۆستایان دەتوانن شادی و هیوایەکی زۆر بخەنە دڵی منداڵانەوە: دڵنیاشم کە مامۆستایان ئەم راستییە دەزانن و درێغیان نەکردووە و ناکەن.. کە قوتابییەک لە پۆلدا وەلامێکی راست و جوانی پرسیارەکان دەداتەوە.. مامۆستاکەی ئافەرین و دەستخۆشی لێدەکات و پێی دەڵێت هەر بژی.. یا کە ئەرکەکانی ماڵەوەی بە جوانی جێبەجێ کردوون.. مامۆستا لەسەری دەنووسێ (باشە.. زۆر باشە.. نایابە) یا (جوانە.. زۆر جوانە).. یا کە نمرەیەکی باشی بۆ دادەنێ.. ئەو قوتابییە لەو ساتەدا و، دواتریش زۆر شاد و دڵخۆش دەبێت و، دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی جوانتر و باشتر و زیاتر ئەنجام بدات.

١٩- بەشداریپێکردنی منداڵان لە ئیش وکارەکانی ماڵەوەدا: پێویستە دایکان و باوکان، بە پێی تەمەنی منداڵەکانیان، ئەگەر کارێکی ساکاریش بێت، زۆر بەسوودە لە ماڵەوەدا لە ئیش و کارەکانیادا منداڵەکانیشیان بەشداری پێبکەن، بۆ نموونە: دانانی قاپەکان لەسەر خوانی نان خواردن .. گسکدانی ژوورەکان بە گسکی کارەبایی.. قەدکردنی جلەکان، سڕینەوەی کەرەستەکان، یا هەر بەردەستی و یارمەتیدانێکی دایکان و باوکان لە ماڵەوەدا.. منداڵەکانتان لە میانەی بەشداریکردنیان لەم کارانەدا، گەلێ شارەزایی لە بارەی ژیانەوە فێردەبن و.. بەهرەی هاوبەستەبوونی خێزانی و کۆمەڵایەتیشیان گەشە دەکات و، بە بەشداری کردنیش، هەست بە شادی و بە خۆشییەکی زۆریش دەکەن.

٢٠- زۆر پێویستە لە پشووی کۆتایی هەفتە، یا لە پشووەکانی قوتابخانەدا: منداڵەکانتان بەرن بۆ گەشت و گەڕان، بۆ نموونە بۆ پارکێکی نزیک، بۆ شاری یاری، بۆ سەیرانێک، بۆ سەردان و میوانداریی خزمێک لە دێیەکدا، چون بۆ هاوینەهەوارێکی کوردستان و.. هتد.. بێگومان ئەم گەشتانەتان، شادی و خۆشی و سوود و زانیاری و شارەزایی بە منداڵەکانتان دەبخشن و، پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتیشتان خۆشتر و بەهێزدەکەن.

*(جاکسۆن براون) دەڵێ: کاتی گەڕان و یاری لەگەڵ منداڵەکانت دا دوامەخە، ئەو کاتانە چۆن بۆ تۆ گرنگن، ئاوها بۆ ئەوانیش گرنگن.*

٩ی ئەپریلی ٢٠١٦

## پرۆژەی دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان)..



لەم پێودانگەوە کە، (کوردیلەکانی ئەمڕۆمان.. نەوەی داهاتووی کوردستانن) هەر ئەم کوردیلە چاوگەشانەی ئەمڕۆمانن، لە سبەینێدا دەبن بە دەسەڵاتدار و، بە کاربەدەست، دەبن بە وەزیر و بە پارێزگار و بەڕێوەبەر، دەبن بە سەرکردە و، بە بەڕابەر، بە شاسوارانی مەیدانی کوردایەتی و مەردایەتی، بە کوردستان پەروەرانی دڵسۆز، دەبن بە سیاسەتمەدار، بە پەڕلەمانتار، بە مامۆستا، بە پارێزەر، بە نووسەر، بە هونەرمەند، بە دکتۆر، بە دایکان، بە باوکان، بە فەرمانبەر و فەرمانڕەوا و... هتد. هەموو کاروبارەکانی کوردستان دەگرنە دەست و، بەڕێوەیان دەبەن.. هەر کوردیلە خۆشەویستەکانی ئەمڕۆمانن، دەبنە تۆوی هیوا و ژیان و گەشەکردن و درێژەدان بە ژیان و مان.. هەر ئەم کوریلە خوێنگەرمانەی ئەمڕۆمانن، دەبنە نوێنەر و باڵیۆزی کوردستان و، پەیامی ئازادیخوازی و ئاشتیخوازی کورد، بە گەلانی جیهان دەگەیەنن.

کەواتە داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کوردستان، ژیانێکی خۆشتر و لەبارتر بۆ گەلی کوردمان، لە ئەمڕۆی کوردیلەکانمان دا بەدی دەکەین.. لە سایەی پەروەردەیەکی راست و دروست و راهێنانێکی بەرنامەداڕێژرا و، ئاراستەکردنێکی ئامانجداردا دێنەدی تا جوانتر پەروەردەی کوردیلەکانی ئەمڕۆمان بکەین.. تا زیاتر بایەخیان پێبدەین و بەتەنگیانەوەبێین.. تا زیاتر پێویستی و پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن و داهێنانیان بۆ دابین بکەین.. تا زیاتر و زیاتریش مەودای ئازادی و دیموکراتییان بۆ بڕەخسێنین.. زیاتر گەشبین و دڵنیا دەبین، لەو داهاتووەی کە خوازیاری هێنانەدیین.. بە کورتی داهاتووی کورد و کوردستان.. بەندە بە ئەمڕۆی کوردیلەکانمانەوە.

لە ئەمڕۆدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، پەرلەمانی تایبەت بە منداڵان هەیە.. منداڵان بە ئەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لە را و لە بۆچوونەکانی خۆیان دەکەن و، بەشداری لەو بڕیارانە دەکەن کە پەیوەندییان بە مافەکان و چارەنووس و داهاتوویانەوە هەیە. منداڵان لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانیان لە پەرلەمانی منداڵاندا، داوای جێبەجێکردنی سەرجەم مافە دانپێنراوەکانیان دەکەن.

لە ماددەی (١٢)ی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە راگەیاندراوە، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە: منداڵان مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئازادی گوزارشت لە رای خۆیان بکەن.. لە هەموو ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندیان بە منداڵانەوە هەیە.

پەرلەمانی منداڵان، دامەزراوەیەکی مەدەنییە، نا حکوومی و نا حیزبییە.. بە پێی یاسا و دەستوور و بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی بنیاتنراوە.. مەرجەعییەتی پەڕلەمانی منداڵان، پشت بە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانە منداڵان دەبەستێ.

پەرلەمانی منداڵان، بریتییە لە لە چوارچێوەیەکی پەروەردەیی.. بە پێی کۆمەڵێ مەرج و خەسڵەت و بنەما وەک زیرەکی و بلیمەتی و ناسراوی، هەل بۆ کۆمەڵێک لە منداڵان دەڕەخسێنێت، کە لە هەموو شوێنێکی وڵاتەکەیانەوە بە یەکبگەن و، پێکەوە راوێژ بکەن و را و بیرۆکە و بۆچوونەکانیان تاوتوێ و گەڵاڵە بکەن و، پێکەوە پلان دانانێن و، بەرنامە دابڕێژن بۆ ئەمڕۆ و بۆ داهاتووی خۆیان.

پەرلەمانی منداڵان، قوتابخانەیەکە، بۆ پەروەردەکردنێکی دروست و، بۆ پێگەیاندنی هاوڵاتی دڵسۆز و ئازادیخواز و دیموکراتیخواز و نیشتمان پەروەر و مرۆڤایەتیخواز.

بێگومان منداڵانی کوردمان، لە رووی زیرەکی و بلیمەتی و دانایی و توانا و بەهرەی داهێنانەوە، لە منداڵانی گەلانی تر کەمتر نین.. گەر هەلی گەشەکردن و پێشکەوتنیان بۆ بڕەخسێت.. پێویستی و پیداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێن.. وەکو منداڵانی گەلان ئازادییان هەبێ و، بە زمانی کوردیمان بخوێنن و بخوێننەوە و بنووسن.. مافەکانیان جێبەجێ بکرێن.. بە دڵنیاییەوە دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن و، خۆیان بسەلمێنن.. بەڵام لە سایەی داگیرکەرە دڕندە و رەگەزپەرستەکانی کوردستاندا.. لە سایەی بە زۆر و زۆرداری سەپاندنی زمان و کولتوورێکی

نـامۆ بەسـەر منـداڵانی کوردمـان.. بە هـۆی نەبـوونی مـاف و ئـازادی و دیمـوکراتی و دادپەروەری و یەکسـانی.. لە بەشێکی زۆری کوردستانی شیرینمان منداڵانی کوردمان، نەک هەر هێچ مافێک و ئـازادییان نییە.. بەڵکو لە لایەن داگیـرکەرانەوە، بە شـێوەیەکی زۆر دڕنــدانە و نامــەردانە... منــداڵانی کوردمــان سەرکوتــکراون... بە ئاشـکراش پێشێلی هەموو مافەکـانیان کـردوون.

لە باشـووری کوردستانیشدا تـا ئەمڕۆ ئاوڕێـکی جیـدی لە منـداڵان نەدراوەتــەوە... بە رادەی پێویست، گرنگی و هەسـتیاری ئەمـڕۆ و داهـاتووی کوردیلەکانمانیـان لە بەرچـاو نەگرتـوون. گۆڕانکـارییەکی پێویست لە سیسـتەم و پرۆگرامەکانی قۆناخەکانی خوێندن نەکراون... ئەگەر بە هیـوای داهاتوویـەکی گەشـتر و باشـتربی... پێویسـتە لە ئەمرۆی کوردیلەکانمانەوە دەست پێبکەین... پلانێکی تۆکمەی پـەروەردەیی نـوێ دابڕێـژین . پێویستە مەودایەکی زیـاتری ئـازادی و دیمـوکراتی بـۆ کوردیلەکـانمان بڕەخسـێنین و... مافەکانیـان جێبەجـێ بکەیـن و... بوارێـکی باشتریـان بۆ گەشەکردن بۆ بگونجێنین.

پێشـنیاری پـرۆژەی دامەزرانـدنی (پەرلەمـانی منـداڵان کوردسـتان) دەکـەم... پێویسە هەمـوو لایەکمـان، هەمـوو خەمخۆرێکی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردیلەکانمان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەی کاروبـاری منـداڵ و خێـزان - سـەر بە پەرلەمـانی کوردسـتان، (منداڵپارێـزی کوردسـتان)، (فـیدراسیۆنی رێخراوەکـانی منـداڵانی کوردسـتان)، هەموو رێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافەکانی منداڵانی کوردستان، (بەڕیوەبـەرێتی رۆشـبیری منـداڵان - وەزارەتـی رۆشـنبیری کوردسـتان)، (وەزارەتــی پــەروەردەی کوردســتان)، هــەر لایەنێکـی پەیوەندیـداری تـر بە مافەکــانی منـداڵانی کوردسـتان.

***با هەمووومان پێکەوە هاوکـاربین، لە دامەزرانـدنی (پەرلەمـانی منداڵانی کوردستان)***

بـۆ راهێنــانی جگەرگۆشــەکانمان، هەر لە منــداڵییەوە بە ئــازادی و، دیمــوکراتی و، فرەیــی... بـۆ بنیاتنــانی کۆمەڵگایەکی کوردیی مەدەنی... ئەم پەرلەمـانە بکەیـن بە بـەردی بنـاغەی ئـازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و پێشکەوتن... بە چەپکەگوڵێکی رەنگاوڕەنگ... بۆ ئەوەی دەنگ و رەنگی منداڵانی کوردستان، بگات بە پەرلەمـانی منـداڵانی جیهـان... بـا تـۆوی ئـازادی و دیمـوکراتی لەخـاکی کوردیلەکانمانـدا بـڕوێنین... بڕوامـان بە ئەم پەنـدە هەبێت، کە دەڵـێ: " فێربـوون لە بچـووکیدا... وەک نەخشی سەر بـەرد وایـە "هیوادارین، ئەم هیوایەمان بێتەدی

و، بە زوترین کات (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان) دابمەزرێت... دوایی دێینە سەر باسی مەرجە پێویستییەکانی ئەندامێتی لە پەرلەمانی منداڵانی کوردستان.

**گرنگترین ئامانجەکانی پەرلەمانی منداڵان: زۆرن ئەو ئامانجانەی کە لە سایەی پەرلەمانی منداڵاندا دێنەدی، گرنگترینیان ئەمانەن:**

١- پەرلەمانی منداڵان، سەکۆیەکە بۆ ئەوەی کە منداڵان، بە ئازادی و بە راشکاوی گوزارشت لە را و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن، لەمەڕ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە مافەکان و بە داهاتوو و بە چارەنووسی خۆیانەوە هەیە.

٢- پەرلەمانی منداڵان قوتابخانەیەکی پەروەردەییە بۆ پەروەردەکردن و بۆ راهێنانی منداڵان بە نیشتمانپەروەری و دیموکراتی و ئازادی و لێبووردەیی.

٣- بەیەکگەیشتنێکە بۆ گۆڕینەوەی را و بیر و شارەزایی لە نێوان منداڵاندا.

٤- پەرلەمانی منداڵان بوارێکی باشە بۆ بنیاتنانی رۆشنبیریی گفتوگۆ لە نێوان منداڵان خۆیان لە لایەکەوە و، لە نێوان منداڵان و بەرپرسان لە لایەکی ترەوە.

٥- هۆیەکە بۆ رەگ و ریشەکردنی هەستی مەدەنی و شارستانی لە لای منداڵان.

٦- بە کاراکردنی رۆشنبیریی مافەکانی منداڵان و بە دواداچوون بۆ جێبەجێکردنی مادده و، بڕگەکانی رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵان.

٧- بەهێزبوونی بڕوابەخۆبوونی منداڵان... هەر لە منداڵیشەوە لەسەر بەرپرسێتی رادین و، توانای بەڕێوەبردنی کارەکانیان دەبێت و... بەشداریش لە ژیانی گشتیدا دەکەن.

٨- راهێنانی منداڵان، لەسەر پێشەنگی و بەهرەی سەرکردەیی.

٩- کرانەوە و رێزگرتن لە را جیاوازەکانی کەسانی تر و، یەکتری قبووڵکردن.

١٠- بەرزکردنەوەی پێشنیار و پرۆژە و راسپاردە دەربارەی جێبەجێکردنی مافەکانیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی منداڵان، لە میانەی نووسینی راپۆرتی ساڵانەیان.

١١- ئەزموونێکی پراکتیکییە... لە بواری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەیوەستبوون بە مافەکان و بە ئەرکەکان... بۆ هاندانی رۆشنبیری لێبووردن، بۆ لەباربردنی هەموو شێوازێکی توندوتیژی و پەراوێزکردن و داخستن.

١٢- پێگەیاندنی منداڵان لەسەر بنەما و بەها بەرز و باش و پیرۆزەکان.

١٣- زیاتربوونی توانای زانستی و زانیاری منداڵان لە هەموو بوارەکاندا، گەشەکردنی بەهرە و تواناکانیان، دەتوانن خۆیان دەربخەن و، ناسنامە شارەزایییان دیاری بکەن.

١٤- بنیاتنانی نەوەی زرینگ و بلیمەت و هۆشیار و دڵسۆز و نیشتمان پەروەر.

١٥- گەشەکردنی هەستی منداڵان لە داواکردنی مافەکانیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان.

## چەند پێشنیارێک بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی منداڵانی کوردستان:

١- ئەندامانی پەرلەمانی منداڵانی کوردستان لە (١٠٠) منداڵی کوردستانی پێک بهێنرێت بۆ هەر نیو ملیۆن کورد پەرلەمانتارێک هەبێت ، ژمارەی کورد (٥٠) ملیۆنە... پێویستە لە (٥٠) ئەندامی کچ و (٥٠) ئەندامی کوڕ پێکبهێنرێت. جوانتریش وایە، پەرلەمانەکە دوو هاوسەرۆکی هەبێت، سەرۆکێ (کچ) و سەرۆکێ (کوڕ) هەبێت... وەکو گوزارشتێک لە یەکسانی و لە هاومافی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا.

٢- تەمەنی ئەندام پەرلەمانی منداڵانی کوردستان لە (١٠ ـ ١٧) ساڵان بن.

٣- پێویستە هەڵبژاردن، لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کوردستان دەست پێبکات، ئینجا لە شارەکاندا، بە ئازادی و بە شێوەیەکی دیموکراتی منداڵانی کوردستان، نوێنەرەکانیان بۆ (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان) هەڵببژێرن.

٤- پێویستە پەرلەمانی منداڵانی کوردستان نوێنەری هەموو لایەکی کوردستانی (باکوور، رۆژهەڵات، باشوور، رۆژئاوا، نوێنەری منداڵانمان لە هەندەران ، نوێنەری منداڵانی ئەو نەتەوانەی کە کورد نین و کوردستانین) لەخۆبگرێت.

٥- کۆنگرەی دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان) وا جوانترە کە لە دیوانی پەرلەمانی باشووری کوردستان سازبکرێت .. چونکە لە داهاتوودا بەشێک لەو منداڵانە، دەبنە ئەندام پەرلەمانی کوردستان.

٦- پێویستە نوێنەری (ڕێکخراوی یونیسیف ـ بۆ منداڵان) و ، نوێنەری پەرلەمانی منداڵانی چەند وڵاتێکی ئەورووپا و ئاسیا و ئەمەریکا و ئەفریقیا و ئوسترالیا بانگهێشتی دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان) بکرێن.

٧- پێویستە (لیژنەیەکی ئامادەکاری) بۆ دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان) لە (١١) کچ و کوڕ، شەش ئەندامی لیژنەکە لە منداڵان بن .. بۆ دیاریکردنی ڕۆژ و شوێنی دامەزراندنی پەرلەمانی منداڵانی کوردستان .. لە گەڵ دابین کردنی هەموو پێویستییەکی ماددی و هونەری، بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی کوردستان).

٨- پێویستە ئەم پێشنیارە، بخرێتە بەرنامەی دانشتنێكی پەرلەمانی باشووری كوردستان... بۆ پشتگیری و، هاوكاری كردن لە دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی كوردستان) ی پێشنیار كراو.

٩- داواش لە (حكوومەتی هەرێمی كوردستان) دەكەین.. ئەرك و رۆڵێكی سەركییان لە دامەزراندنی (پەرلەمانی منداڵانی كوردستان) دا هەبێت.

١٠- مەرجە ئەو كوردیلانەی كە بۆ ئەندام ( پەرلەمانی منداڵانی كوردستان ) هەڵدەبژێرین ، پێویستە ئازا و زرنگ و هۆشیاربن و، لە قوتابییە زیرەكەكانی قوتابخانەكان بن ، ناسراو و رێزدار و خۆشەویست بن لە لای هاوڕێكانیان.

وێنەكە لە des Bayerischen Landtages Kinderparlament

٢٦ی مارچی ٢٠١٦

## سوودەكانی لە باوەشكردنی منداڵان.



*(شەكسپیر) دەڵێ: لە جیهاندا سەرینێك نییە، كە لە باوەشی دایك نەرمتربێت.*

باوەش لە زمانی كوردیدا، سنگ و نیوان هەردوو باڵمان دەگرێتەوە، دەوترێ: دایك منداڵەكەی لە باوەش كرد و، وەكو گۆزارشتكردن لە سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆی، بە توندی نووساندی بە سنگی خۆیەوە.

بەداخەوە، تـا ئەمڕۆش بەشێكی زۆر لە دایكـان و باوكـان، گرنگی و سوودەكانی لە باوەشكردنی منداڵەكـانیان نـازانن چییە، كە تـا چ رادەیەك كاریگەرییان لەسەر بنیاتنانی كەسێتی و بیر و هۆش و ئەندێشە و تەندروستی و دەروون و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵەكانیان هەیە و دەبێت.. هەندێ لە دایكان و باوكـان، تـا رادەیەك وشك و بێباكن و سۆزێكی پێویستی ئەوتۆیـان بەرانبەر بە جگەرگۆشەكانیان نییە.. دەشێ هۆی ئەمەش، نابەڵەدییـان بێت، لە بـارەی گرنگی و سوودەكانی لە باوەشكردنی منداكەكانیان، یـان دەگەڕێتەوە بۆ هەنـدێ هۆی نەریتـی و كـۆمەڵایەتی و خێزانـی و، رانەهــاتنیان لەگەڵ ئەم سـۆز و هەسـتە مـرۆییەدا، یـان بـۆ پەروەردەیەكـی هەڵە و نادروست.

دەروونناسان وا دەبینن، كە باوەش پیاكردن نەك تەنها بۆ منداڵان سوود و چێژێكی دەروونی و گرنگییەكی هەستی هەیە.. بەڵكو لە زۆر لایەنەكانی ژیانیشدا، سوودی بـۆ گەورەكـانیش هەیە.. بـۆ هـاوڕێ لە گەڵ هاوڕێكانیـدا، بـۆ هاوسەران لەگەڵ یەكتریدا.

*(سوقـرات): دەڵـێ: من هیچ كاتێك دڵنیا نەبوومە.. تەنها لەو كـاتەدا كە لە بـاوەشی دایكمدا بـووم.*

منـداڵ هەر لە یەكەمین چـركە سـاتی لە دایـك بـوونییەوە، پێویسـتی بە لە باوەشـكردن هەیە.. منـداڵ هەر لەو كاتەوە كە لە دایك دەبێت، بۆن و هەناسە و و خـورپە و لێدانی دڵ و دەنگی دایكی خـۆی دەناسێتەوە.. پزیشكە پسپۆڕەكانی منداڵانیش، جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە.. كە منداڵ لە كاتی بوونیدا، تووشی جورێك لە زەحمەتـی هەناسەدا دەبێت، ئەگەر لەگەڵ بوونیدا دایكی لە باوەشی بكات و بەخۆیەوە بنووسێنێت و.. بە ناسكی و بە نەرم و نیانی دەست بە سەرو لەشیدا بهێنێت.. یەكسەر هەناسەدانەكەی ئاسـایی دەبێتەوە و، هەست بە دڵنیـایی دەكـات.. بێگومان بە پلەی یەكەم، رۆڵێ سەرەكی گۆشكردن و گەورەكـردن و پەروەردەكردنـی منـداڵ لە ئەستۆی دایـك دایە.. ئەو سۆز و خۆشەویستییەی كە لە دڵ و دەروونی دایكیشـدا هەیە، بێوێنەیە و بەو رادەیە لە بـاوكدا بەدی نـاكرێت .. مەبەستیشمان ئەوە نییە كە لە سۆز و لە خۆشەویستی و لە دڵسۆزی باوك بۆ منداڵەكەی كەمتر بكەینەوە.

منداڵ دەگری، گریـان تەنها هـۆی گوزارشكردنە لە هەست و لە پێویستی و لە داواكـانی، چونكە هێشتا ناتوانێت قسەبكات و بە زمان گۆزارشت بكات.. هۆكارەكانی گریانی منداڵێش یا: برسییەتی داوای شیر و خواردن و تێركردن دەكات.. یا تینوویەتی داوای ئاو و پاراوكردن دەكات.. یا خۆێ پیسكردووە یا میزی بە خۆێدا كردووە و، گـۆڕینی

و پاکی دەوێت.. یا ئێش ئازارێ هەیە و چارەسەرکردنی دەوێت.. یا هەست بە تەنهایی دەکات و، باوەشکردنی دایک و باوکی و دڵنیای و ئارامی و ئاسوودەیی دەوێت.

لە باوەشکردن و بەخۆوەنووساندن و ماچکردن و دەست بە سەروقژ هاوردن و دەست خستنە سەرشان و ختووکەدانی و بە نەرم و نیانی پێاکێشان بە پشتی منداڵدا.. لە لایەن دایک و باوکییەوە پێویستییەکی گرنگە.. چونکە بە خۆوەساندنی جەستەیی، هۆیەکی راستەوخۆی پەیوەندیە و، مایەی خۆشی و شادی بەخشینە بە منداڵ.. لە باوشکردن منداڵ دڵنیا دەکاتەوە، کە ئەو خۆشەویست و پەسەند و رێزدار و لەبەردڵانە لە لای خێزانەکەی.. منداڵ لە هەناوی دایکیدا و، لە دنیای رۆشنیشدا.. مەستبوونی سۆز و خۆشەویستی دەوێت.. باوەشی گەرم و نەرم و سۆز و خۆشەویستیی دایک و باوکی دەوێت.. گرنگی لە باوەش کردنی منداڵ.. لە گرنگی و لە پێویستی شیر و خواردن و ئاو و ئۆکسجین و لە شۆرین و نووستن و جلوبەرگی جوان و لە یاری کەمتر نییە.

هەموو ئەو توێژینەوانەی، کە لە زۆر شوێنی جیهاندا، تا ئێستا ئەنجام دراون.. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە.. ئەو منداڵانەی کە بە سۆز و خۆشەویستی باران دەکرێن و، بە رادەی پێویست چاودێری دەکرێن و، زیاتر لە باوەشن و ماچ دەکرێن.. بە تایبەتیش لە مانگە یەکەمەکانی تەمەنیاندا.. کەمتر دەگرین و.. زیاتریش ئاسوودە و ئارام دەبن.. بە شێوەیەکی باشتریش گەشەی جەستەیی و دەروونی دەکەن.. بەڵام ئەو منداڵانەی کە بێنازن و بێبەشن لە سۆز و لە خۆشەویستی و چاودێری.. لە گەشەکردندا دوادەکەون.

بەیانیان کە منداڵ لە خەو هەڵدەستێت.. پێویستە دایک بە گەرمی و بە زەردەخەنەیەکی ناسک و بە خۆشییەوە باوەشی لێدا و ماچی بکات و بەیانیت باشی لێبکات.. دایک بەم گوزارشتەی.. وەکو ئەوە وایە کە چنگێکی گەورەی گوڕ و تین و چالاکی و خۆشی و خۆشەویستی و هیوا بە منداڵەکەی ببەخشێت.. منداڵەکەی بە رووخۆشی و دڵخۆشی و گەشی و گەشبینییەوە پێشوازی لە رۆژێکی خۆش دەکات.. کە دەڕوات بۆ قوتابخانەش پێویستە دایکی بە زەدەخەنەیەکی ناسکەوە ماچێکی تری بکات و.. بە رێی بخات.. ئەو منداڵە لە قوتابخانەشدا ئاسوودە و مێشک ئارام دەبێت و.. بە خۆشی و شادییەوە، بە هێمنییەوە، پێشوازی لە هاوڕێکانی و لە مامۆستاکانی و، لە وانەکەکانی دەکات و.. هۆش و زەین و بیریشی باشتر ئامادەی وەرگرتن و فێربوونی زانست و زانیارین دەبن.

لە باوەشکردن، ئەو هەستە دەروونییە لای منداڵ دروست دەکات، کە دایکی نزیکترین و خۆشەویسترن کەسە بە

لایەوە.. پەیوەندییەكی جەستەیی و رووحی زۆر بەهێز لە نێوانیادا دروست دەبێت.. بە ئاسانی و دڵفراوانیشەوە منداڵەكەی لە كەشوهەوایەكی خۆشەویستیدا، زیاتر گوێدێری رێنمایی و ئامۆژگارییەكانی دەبێت.. لە باوەشكردن و بەخۆوەنووساندنی جەستەیی، پەیوەندییەكی رەگ قووڵی ئەوتۆ لە نێوان دایك و منداڵەكەیدا دروست دەكات.. كە هەرگیز ناتوانرێت لە رەگ و ریشەوە هەڵبكێشرێت.

ئەو لای لایە و لاواندنەوە و گۆرانییانەش كە دایكان لەگەڵ راژەنینی لانك و بێشكە و پاڵنانی جۆلانێدا، بۆ كۆرپە شیرینەكانیان، بە دەنگێكی پڕ لە سۆز و لە خۆشەویستی و ناسكەوە دەیانڵێن.. شادیّ و هێمنی و خاوبوونەوەی دەرونی و جەستەیی و دڵنیایی بە منداڵەكانیان دەبەخشن و.. بە خۆشییەوە دەنوون.. بە دەم خەویشەوە هەر وا هەست دەكەن كە دایكانیان لە لایانن و ئێشكیان دەگرن.

*(لامارتین) دەڵێ: جوانترین هۆنراوە لە سەراسەری جیهاندا.. لای لایەی دایاكانە.*

ئەو بۆچوونەش وانییە كە هەندێ پێیان وایە كە خۆشەویستییەكی زۆر منداڵ فێری ناز و نووز دەكات بەڵكو بە پێچەوانەوە بێنازی و برسی بوونی خۆشەویستی و سۆزداری، هۆیەكە بۆ ئەوەی كە منداڵ، بڕوای نە بە خۆی و نە بە كەسانی دەوروبەری هەبێت. زۆر جاریش دەبێتە هۆی دڵڕەقی و ئەنجامدانی تاوان و.. هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

بە پێی ئەو زانیارییانەی كە زانكۆیەكی (فەرەنسی) رای گەیاندووە و.. بە پێی ئەو توێژینەوانەش كە پزیشكانی منداڵان و زانایانی دەروناسی و پەروەردەیی جەختیان لەسەر كردوونەتەوە.. منداڵ رۆژانە پێوستی بە (٢٤) جار لە باوەشكردن هەیە:

١- رۆژی (٤) جار پێویستی بە لە باوەشكرن هەیە، بۆ ئەوەی دەروونی ئاسوودە بێت.
٢- رۆژی (٨) جار پێویستی بە لە باوەشكردن هەیە، بۆ ئەوەی بڕوای بە خۆی بێت.
٣- رۆژی (١٢) جار پێویستی بە لە باوەشكردن هەیە، بۆ ئەوەی ببێت بە داهێنەر.

## گرنگترین سوودەكانی لە باوەشكردن:

١- لە باوەشكردنی منداڵ بە بەردەوامی لە لایەن دایكییەوە، زیاتر هەست بە دڵنیایی و رێز و خۆشەویستی

دەکات، بوارێکی باش و روونیش بۆ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دایک و منداڵدا دەرەخسێنێت.. گەر دایک و باوک منداڵەکەیان پشتگوێ بخەن و، لە باوەشی نەکەن ، مەترسییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.. چونکە ئەو منداڵەی لە باوەشی گەرمی دایکی بێبەش بێت.. گۆشەگیر دەبێت و، بڕوای بە خۆی و دەوروبەرەکەی نامێنێت و، بە گۆمان و ترسەوە دەژی.. دەبێتە منداڵێکی بیرکۆڵ و بە خاوی تێدەگات و فێردەبێت، تووشی خەمۆکی دەروونی و مات و مەلوولی دەبێت بە هۆی نەبوونی سۆزی دایکایەتی و باوکایەتی.. کە باوەشی گەرمی بۆ بکەنەوە و بەخۆیانەوە بینووسێنن.

٢- لە باوەشکردن، ڕێژەی ئاستی ئۆکسجین لە لەشی منداڵدا بەرزتر دەکاتەوە، ئەمەش چارەسەری هەستکردن بە تووڕەیی و بە تەنیایی یا هەست کردن بە لۆمەکردن دەکات.

٣- لە باوەشکردن بۆ ماوەیەکی زۆر.. ئاستی ڕێژەی ماددەی (سیرتۆنین) لە لەشدا زیاتر دەکات.. بوونی ئەم ماددەیەش، هۆیەکە بۆ هەستکردن بە خۆشی و شادی و، بۆ ڕێکخستنی مەزاجی گشتی منداڵ.

٤- لە باوەشکردن، بۆ دڵ بە سوودە و کۆئەندامی بەرگری لە لەشدا زیاتر بەهێز دەکات لە میانەی پاڵپەستۆیەکی هیواش لەسەر چەند بنکەیەکی وزەی گرنگ لە لەشی منداڵدا.

٥- بە پێی هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی و پراکتیکی مەیدانی، لە بارەی کارتێکردنی لە باوەشکردن و بەخۆوەنووساندن، هاوسەنگییەک بە (کۆئەندامی دەماری) دەدات.

٦- لە باوەشکردن، منداڵ فێری وەرگرتن و بەخشین دەکات.. بەرانبەر بە ڕێز و لە باوەشکردن و خۆشەویستی.. منداڵیش خۆشەویستی خۆی بەو کەسە دەبەخشێت.

٧- باوەش وامان لێدەکات کە دەست لە هەندێ هاندەری ئەقڵی و ڕێبازی بیرکردنەوەی لۆژیکی بهێنین، کە هەندێ جار دەبنە بەربەستێکی نەرێنی.. با تەنها بیر لەم ساتەی ئێستا بکەینەوە.. ئەمە هەستی منداڵەکەت شیرینتر دەکات وای لێدەکات جەخت لەسەر دڵی و هەستی بکاتەوە.

٨- گۆڕینەوەی وزە لە کاتی لەباوەشکردندا لە نێوان دایک منداڵەکەیدا دەگوێزرێنەوە بۆ یەکتری.. منداڵ هەست بە یەکێتی و بە بەشداری لە گەڵ شتەکان دەکات و، لێگەیشتن زیاتر دەکات و، پەیوەندی نێوان دایک و منداڵ قووڵتر و بەردوام و بەهێزتر دەکات.. چونکە لە باوەشکردن، لووتکەی بە خۆوەنووساندنی جەستەییە و، پردێکی گەورەشە بۆ گواستنەوەی هەست و سۆزەکان، لە نێوان دایک و منداڵدا.

٩- لە باوەشکردن، تووڕەیی و گرژی و فشاری دەروونی و لە لەشدا ناهێڵێت و.. یارمەتی خاوبوونەوەی ماسوولکەکان دەدات.. ئەگەر منداڵەکەت دووچاری دڵتەنگی و پەستی و ئاڵۆزی بووە.. لە باوشکردن لەم ساتەدا، زۆر شت چارەسەر دەکات.

١٠- هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی لە دایکبوونی منداڵەوە.. خێزان بناغەی پەیوەندییەکی هۆشی لەگەڵ منداڵەکەیدا دەست پێدەکات.. لە میانەی لە باوەشکردنی منداڵەکەیانەوە.. باوەش دەبێتە بەڵگەی ڕێز و بە گوزارشت لە سۆز و خۆشەویستی. لێرەوە پەیوەندییە هۆشییەکانی لە باوەشکردن دەست پێدەکات.. هەرچەند منداڵەکەت لە باوەش بکەیت.. زیاتر دڵنیایی پێدەبەخشێت و، هەست بەوە دەکات کە خۆشەویست و ڕێزگیراوە.. ئەم هەستکردنەش بە پێویستییە سەرەکییەکانی منداڵ دەزانرێت.. یارمەتی ئەوەی دەدات کە گەورەبوو، ببێت بەمنداڵێکی هاوسەنگ و دروست و دەروون ئاسایی.

١١- ئەو منداڵەی کە زیاتر لە باوەش دەکرێت.. تەندروستیی باشترە و بەرگری بۆ نەخۆشییەکان بەهێزترە، لەو منداڵەی کە دایکی ڕۆژانە بە کەمی لە باوەشی دەکات و سۆزێکی کەمی بۆی هەیە.. لەوە دەترسێ کە لەسەر لە باوەشکردن ڕابێت هەر وەکو پزیشکی منداڵان ئامۆژگاریی کردووە، کە تەنها بایەخ بە تەندروستی جەستەیی دەدەن و، ئاوڕ لە پێویستییە دەروونییەکانی منداڵان نادەنەوە.

١٢- ئەو منداڵەی لە مانگە یەکەمەکانی تەمەنیدا، دەخرێتە دایانگاوە یا، دەدرێتە دایەن یا پەروەردەکار بەخێوی بکات، لەبەر ئەوەی کە دایکی کاردەکات. ئەو منداڵە دەمارگیر و شەڕخواز دەبێت.. چونکە وەک دایکی لە باوەشی ناکەن و، هەست بە دڵنیایی ناکات لە باوەشی دایکی نەبێت.. تووشی گەلێ کێشە و گرێی دەروونی نەخوازراویش دەبێت.

١٣- لێکۆڵینەوە دەروونییەکانی ئەم دواییە، دەربارەی لە باوەشکردنی منداڵ و، دەست هێنان بە سەر و قژیدا و، دەست خستنە سەرشانی و، ماچکردنی و یاریکردن لەگەڵیدا لە لایەن دایک و باوکییەوە.. ئەوە دەسەلمێنن کە ئاستی ڕێژەی ژیری و زیرەکی منداڵ بەرز دەکاتەوە و.. تێکڕای گەشەکردنی سروشتی منداڵیش بەرزتر دەکاتەوە.

١٤- لە باوشکردن و بە خۆوەنووساندن و دەست لە ملکردنی منداڵ و، بە نەرمی شێلانی و، بە نیانی دەستهێنان بە سەر و قژ و روومەتەکانیدا.. یارمەتیدەرەن بۆ دەردانی ماددەی (ئەندرۆفین) لە لەشیدا.. ئەم ماددەیەش گەیەنەرێکی دەمارییە و یارماتیی هێورکردنەوەی تووڕەیی و گرژی و هەڵچوون و، دڵەڕاوکێی دەروونی و، کپکردنەوەی ئازار دەدات.

١٥- لە باوەشکردن منداڵان پەیوەندییەکی گرنگی ئەرێنی بە مۆرکی کەسێتییەوە هەیە.. چونکە بە رادەیەی زۆر کاریگەریی لەسەر بنیاتنی کەسێتیدا هەیە و.. دەبێت.

١٦- لە باوەشکردن، هەستی هێز و، بڕوابەخۆبوونێکی بێوێنە بە منداڵان دەبەخشێت.

١٧- لە باوەشکردن زمانێکە، بەڵام زمانێکی جیاوزاە، هەستەکانی بەزاندووە و، بووە بە دەریایەکی بێسنووری سوودی رووحی و دەروونی و جەستەیی و ویژدانی و هۆشی.. گەرچی زمانێکی سادەیە، بەڵام واتا و پەیامێکی راست و بەرز و پیرۆز دەگەیەنێت.

١٨- باوەشی دایک گەورەترین قوتابخانەی منداڵە.. کە زۆر شتی لێوە فێردەبێت.

*( کۆرنای) دەڵێت: یەکەمین قوتابخانەم.. لەسەر سنگی دایکم بوو.*

لە کۆتاییدا دەڵێین باوەشی گەرم و نەرمی دایکان.. خۆشترین و دڵنیاترین شوێنن بۆ منداڵان.. ئەو چێژ و خۆشییەی کە لەسەر سنگی دایکیدا هەستی پێدەکرێت، لە هیچ شوێنێکی تردا هەست بەو چێژە ناکرێت.. باوەشی دایک بەهەشتێکە.. چارەسەرێکی ئاسان و بە خۆڕاییشە.. بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی نەخۆشی و ناخۆشییەکان.

لە باوەشکردن و، بەخۆوەنووساندنی جەستەیی منداڵان و خۆشەویستی هەموو ڕۆژێ.. بۆ ماوەی هەزاران ڕۆژ.. منداڵان لە نەخۆشیی و لە ناخۆشی دوور دەخەنەوە.

دایکانی میهرەبان و دڵسۆز و بەسۆز.. کەس گومانی لە سۆزداری و لە خۆشەویستی بێسنووری ئێوەی پیرۆزترین گیانەوەر نییە.. تا دەتوانن جگەرگۆشەکانتان لە باوەشی گەرم و نەرمتان بکەن.. ڕەنگدانەوەی ئەم خۆشەویستییەتان لە ئەمڕۆ و لە داهاتوودا لە منداڵەککانتاندا بەدی دەکەن.. دایکانی دڵسۆز، هیچ خەڵات و پاداشتێکیش نییە کە هاوتای خۆشەویستی و سۆزداری و میهرەبانی ئێوەی دایکان بێت.. ئێمە هەموومان شەرمەزاری ماندووبوون و شەونوخوونی ئێوەین.. چیتان بۆ بکەین.. چەند پێتاندا هەڵدەین.. ناگەنە تنۆکێکی دەریای بێسنووری سۆز و خۆشەویستیی ئێوەی دایکان.

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٦

# بابەتەکانیساڵی: ٢٠١٧

## ڕۆڵی خێزان لە کوردستان پەروەریی کوردیلەکانمان.



کوردستانی نیشتمانی خۆشەویست جوانمان، ئەو ناوە پیرۆز و شیرینەیە، کە هەمیشە لە ناخی دڵمان و لە هۆش و بیر و خەیاڵمان دایە، بۆتە وێردی شیرینی هەمیشەی سەر زارمان.. کوردستان هەناسە و ژیانمانە.. پێناسە و ناسنامەمانە.. سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوونمان بۆ کوردستانی ڕەنگین و قەشەنگمان.. ئەو هەست و سۆزە ناخییە بێوێنەیەمانە.. ئەو هاوبەستبوونە بەهێزە و ڕەگ ئەستوورەمانە.. کە هەرگیز داگیرکەرانی کوردستان، نەیانتوانیووە و ناتوانن لە دڵی ئێمەی کوردستان پەروەردا هەڵیبکەنن یا کاڵی بکەنەوە.. بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونەمان بۆ کوردستان گەورەتر و بەهێزتر دەبێت.

ئەگەرچی سۆز و خۆشەویستیمان بۆ کوردستانمان، بۆماوە نییە کە لەدایکان و لە باوکانمانەوە بۆمان مابێتەوە.. بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونماندا.. سۆز و خۆشەویستی و پەیوەندییەکی رووحی لە نێوان ئێمەی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستانمان لەدایک بووە.. لەگەڵ لە دایکبوونماندا.. خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ کوردستانمان، لە ناخی دڵماندا بەرجەستەبووە و، چۆتە خوێنمانەوە.. تا ئەو ڕادەیەی کە کوردستان پەروەری بووە بە گرووپی خوێنمان.. لەگەڵ گەورەبوونمان سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونمان بۆ کوردستان گەورەتر و شیرینتر بووە.. ئێمە هەردەم خۆمان بە قەرزاری کوردستانمان دەزانین.. لە ئامێزی گەرمی کوردستاندا گۆش و پەروەردە کراین.. لە هەوای

پاكیمـان هەڵمـژی و هەڵـدەمژین.. ئـاوی شـیرین وزوڵاڵـی دەنۆشـین.. لە خێـر وبێـری دەخـۆین.. بـۆیە سـۆز و خۆشەویسـتیمان بـۆ كوردسـتان.. ئەركێكـی پیـرۆز و پێویسـتی هەمـوو كوردسـتان پەروەرێكـی دڵسـۆزە.. خەبـات و تێكوشـان و خـۆبەختكردن لە پێنـاوی كوردسـتاندا پیرۆزتـرین و پێویسـترین ئەركی هەمـوو كوردێـك و، هەمـوو ئەو نەتەوانەشـن كە لە خـاكی كوردسـتاندا دەژیـن و كوردسـتان بە نیشـتمانی خۆیـان دەزانـن.. وەكـو هـاوڵاتییەكی بە ئەمەكـی كوردسـتان، پێویسـتە خۆشەویسـتی و هاوبەسـتەبوونیان بـۆ كوردسـتان هەبێـت و، ئـامـادەبن كە بەرگریـی لێبكەن.

دڵسۆزی و هاوبەستەبوونمان بۆ كوردستان، ئەو قەڵا سەخت بەهێز و خۆڕاگرەیە.. كە لەلەیەن خێزانە زیرەك و وریاكانمـانەوە بەردی بنـاغەی دادەنـراوە.. بە هاوكـاری هەمـوو لایەك تـا دێت بەرزتـر و بەهێزتـر دەبێت لەرووی داگیركەرانی كوردستاندا.

بەبێ كوردستانی شیرینمان ژیان و بوونمان هیچ واتـایەكی نییە.. كوردسـتان پیرۆزتـرین و گرنگترین و جـوانترین نیشتمانە بە لامانەوە.. شەهیدبوونمان لە پێناوی كوردستاندا، لووتكەی دڵسۆزی و سۆز و خۆشەویستی و شكۆداری و سەربەرزی و سەروەری و نەمریمانە.. هیچ خۆشەویستییەك نییە كە بگـاتە سۆز و خۆشەویسـتیمان بـۆ كوردسـتان. شاعیر و بیرمەندی كوردمان (پـــیرەمێر)ی نەمر دەڵێ:

*كاولەكـــەی وەتـــەن هێـــندە شـــیرینە*

*ژاری دووپشـكی عەربـــەت هەنگـــوینە*

ئەوانەی كە نـاپـاكی دەرهەق بە كوردسـتان دەكەن، ئەوانە سفڵە و نـامەرد و نـاپـاكن.. مـافی ئەوەیـان نییە كە لە كوردستـاندا بژین و.. بنێژرێن.. چونكە نـاپـاكی و نامەردی دەرهەق بە كوردستان گەورەترین تـاوانە و نابێت لێیـان ببوورین.

ئێمە لە بەرواری ٢٥ - ٧ - ٢٠١٥ دا، بابەتێكمـان لەژێـر نـاوی (پێویسـتە منـداڵەكانمان بە كوردسـتان پەروەری گۆشـبكەین) كە لە چەنـد سـایتێكی كوردیـدا بڵاوكـردەوە.. ئەم نووسینەشـمان درێـژەدانە بە نووسـینی بەرواری ناوبراومـان.. بەڵام لێـرەدا جەخـت لەسـەر گرنگـی و كـارتێكرنی خێزانـان كوردمـان دەكەیـنەوە، لە گۆشكردن و

پەروەردە کردنی کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان.. کە هیوا و نەوەی داهاتووی کوردستانن.. بە هەست و سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی نیشتمانمان.. زۆر گرنگە هەر لە منداڵییەوە ئەم هەست و هاوبەستەبوونە لە دڵی کوردیلەکانمان بڕوێنین.

خێزان یەکەمین قوتابخانە و، یەکەمین ژینگە و، نیشتمانی بچووکی منداڵە.. یەکەمین خشتی بناغەی کەسێتی و هاوڵاتیی باش لە لایەن خێزانەوە دادەنرێت.. بۆیە پێویستە خێزانانی کوردمان هەست بەم راستییە بکەن و، لە ئاستی بەرپرسێتیدابن، ئەوە بزانن کە چ ئەرکێکی پیرۆز و هەستیاریان لە ئەستۆ گرتوون.. چونکە کار و هەڵسوکەوت و رەفتار و قسەکانیان، کاریگەری و رەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردیلەکانمان دەبێت.. لە روانگەی چۆنییەتی گۆشکردن و پەروەردەکردنی راست و دروستی کوردیلەکانی ئەمڕۆمانەوە، دەتوانین گەشبین بین و پێشبینی و چاوەڕوانی لە داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان بکەین.. ئەم ئامانج و ئەرکەش، تەنیا لە ئەستۆی خێزانەکاندا نییە، بەڵکو رواندنی هەست و سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کۆردستان لە دڵی کوردیلەکانماندا، کارێکی هاوکارییە، ئەرک و بەرپرسێتی هەمووانە، لە ئەستۆی قوتابخانە و میدیا و راگەیاندن و پەرتووکخانەکان و دامەزراوە رۆشنبیری و هونەرییەکان و کۆمەڵگا و نووسەران و هونەرمەندان و هەموو کوردستان پەروەرێکە، کە لە خەمی هێنانەدیی داهاتوویەکی باشترن بۆ کورد و کوردستان.. پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن و پەرتووکەکانی خوێندنەوەش لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا، چەخت لەسەر ئەم ئامانجە بکەن و بەو بابەتانە بیان رازێننەوە، کە سۆز و هەستی خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان لە دڵی کوردیلەکانمانی ئەمڕۆماندا بەهێزتر دەکەن، دڵنیاییمان پێدەبەخشن کە ئایندەی کوردستان گەشتردەبێت.

گرنگترین ئەرک و بەرپرسێتی خێزان ئامادەکردنی تاکە، بە تایبەتیش منداڵان، لە رووی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری و رەوشتی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەوە، لە رێگای گۆشکردنیان بە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنیان لە ژیانیاندا و، لە شێوازی کار و هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیان لە نێو کۆمەڵدا.. هەمیشە هاندەریان بن بۆ گەشەکردنی بەهرە و تواناکانیان.. پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنیان بۆ دابین بکەن.

هەرچەند خێزانەکانمان سەرقاڵی ئیش و کار و دابینکردنی بژێوی و پێداویستییەکانی ژیان و گوزەران بن.. بەڵام نابێت ئەمە بکەن بە بیانوو و پاکانەکردن و پاساوهێنانەوە، بۆ پشتگوێخستن، یا کەمتەرخەمیکردنیان لە پەروەردەکردن و رێنمایی و لە راهێنانی پێویست و دروستی کوردیلەکانمان.

بۆ پێگەیاندنی کوردیلەکانی ئەمڕۆمان، بە سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی نیشتمانی جوانمان.. پێویستە خیزانی کوردمان ئەم ڕێباز و شێوازاە پەروەردەییانە بگرنەبەر:

١- بەر لە کوردیلەکانمان.. پێویستە دایکان و باوکان، خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستان هەبێت و، لە کار و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و قسەکانیاندا بە ئەرینی و بە کرداری بەرجەستەبووبن.. ئەوسا دایکان و باوکان دەتوانن ببن بە نموونە و پێشەنگ بۆ جگەرگۆشەکانیان.. چونکە خۆشەویسی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان بە قسەی ڕووت و دروشمی بریقەدار ناڕوێن.. بەڵکو بە کار و ڕەفتا و قسەی پراکتیکی دەبن بە پێشەنگ و، ئەوسا دەتوانن بە ڕاستی و دروستی، خۆشەویسی و هاوبەستەبوون لە دڵی کوردیلەکانمان بڕوێنن.

٢- پێویستە دایکان و باوکان و بەخێوکەران، ئەوە بۆ کوردیلەکانمان ڕوون بکەنەوە، کە بۆچی پێویستە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونمان بۆ کوردستان هەبێت..؟

٣- فێری کوردیلەکانمان بکەن کە و مافیان هەیە.. هەروەها بەرانبەر بە کوردستانیش ئەرکیان لە ئەستۆدایە.. جێبەجێکردنی ئەرکەکان لە پێش مافەکانەوەن.

٤- پیویستە لەسەر خێزانانی کوردمان، ئاڵای کوردستان، کە هێمایەکی بەرزی نەتەوەیی و سەربەرزی و سەروەری و شکۆداریمانە.. هەر لە منداڵییەوە لە دڵی کوردیلەکانمان خۆشەویست و شیرینی بکەن و، ڕەنگەکانیان بۆ ڕوون بکەنەوە و.. لە کاتی هەڵکردن و داگرتنیدا.. بە ئەوپەڕێ ڕێز و نوازشەوە.. دەستی ڕاستیان لەسەر دڵیان دابنێن و بە ئەوپەڕی ڕێزەوە ڕابوەستن و، سڵاوی لێبکەن.

٥- پێوویستە هەر لە منداڵییەوە.. فێری چڕینی مارشی نەتەوەییمان سروودی (ئەی ڕەقیب) یان بکەین.. هەروەها فێری ئەو سروود و هۆنراوانەشیان بکەین کە سۆز و خۆشەویستیەکی زیاتر بۆ کورد و کوردستان لە دڵی کوردیلەکانمان دەڕوێنن.

٦- فێریان بکەن کە شارەزاییان لە مێژوو و جوگرافیای کوردستاندا هەبێت و.. بە شێوەیەکی ساکار و ئاسانیش باسی شۆڕشەکانی گەلی کوردمانیان بۆ بکەن.

٧- فێریان بکەن کە ڕێز لە سەرکردە و ناودارانی کوردمان بگرن و شانازیان پێوەبکەن چ پیاوان چ ژنان، بۆ وا ناسران و ناوداربوون و چییان بۆ کورد و کوردستان کردووە؟

٨- فێریان بکەن کە ڕێز لە یاساکان و لە دەستووری کوردستان و قوتابخانە بگرن و، سەرپێچییان لێنەکەن.. ڕێز لە کەلەپوور و لە بەها پیرۆزەکانی کوردستان بگرن.

٩- پێویستە لە بۆنە نەتەوەیی و کوردستانییەکانمان، کوردیلەکانیشمان بەشداربن و.. جلوبەرگی کوردییان لەبەر بکەن.. ڕۆڵیشیان هەبێت.. وەکو (جەژنی نەورۆز، ڕۆژی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە، ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ڕۆژی جلوبەرگی کوردی، ڕۆژی کیمیاباران و مەرگەساتی هەڵەبجە و، یادی ئەنفال، یادی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان،... هاد)

١٠- پێویستە خێزانە کوردەکانمان هانی کوردیلەکانمان بدەن، کە پەیوەندیی هاوڕێتی بگرن و، هەموو هاوکوردستانییەکی دڵسۆزیان خۆشبوێت و بە خوشک و برا و هاوڕێی کەسوکاری خۆیانیان بزانن.. هەستی هاوکوردستانی و هاوخوێنیان لایان بڕوێنن.

١١- پێویسە دایکان و باوکان یا قوتابخانەکانی کوردستان کوردیلەکانمان بەرن بۆ ئەو شوێنانەی کە هەست و خۆشەویستی و جوانی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان لە دڵی کوردیلەکانمان شیرینتر و خۆشەویستر دەکەن.. وەکو: (شوێنەوارە مێژوویەکانمان، مۆزەخانەکانەکانمان، پێشانگا هونەرییەکانمان، هاوینە هەوارەکانمان، ...هاد)

١٢- بردنی کوردیلەکانمان بۆ بینینی ئەو شانۆگەری و فیلمە سینەمایی و ئاهەنگی گۆرانی و شایی و هەڵپەرکێ و یاریی وەرزشی، کە سۆز و خۆشەویستی و کوردستان پەروەریی لە دڵی کوردیلەکانمان زیاتر دەخرۆشێنن.

١٣- پێویستە میدیاکان (تەلەفزیۆنە کوردییەکان ـ ماوەی منداڵان) و ڕاگەیاندنەکان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان (گۆڤارەکانی منداڵان) تەواوکەری ڕۆڵی خێزان بن و.. بابەت و پرۆگرامەکانیان بەو ئاراستەیەدابن، کە خۆشەویستییەکی زیاتر و هاوبەسەبوون بۆ کوردستان لە دڵی کوردیلەکانمان شیرینتر و بەهێزتر بکەن.

١٤- نووسەرانی دڵسۆزی ئەدەبی منداڵان (چیرۆکنووس، هۆنراوەنووس، شانۆنووس، پەخشاننووس، رۆماننووس) رۆڵیان هەیە لە هاوکاریکردنی خێزان و قوتابخانەدا، بۆ رواندنی هەستی ئەرێنی و، زیاتر خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان.. لە دڵی کوردیلەکانمان.

١٥- هاندنی منداڵان بۆ گوزارشکردن لە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستان، بە قسە یا بە نووسین یا بە وێنەکێشان.. یا بە هەر چالاکییەکی تر.

١٦- گێڕانەوە یا خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە مەبەستدارانە بۆ کوردیلەکانمان، کە دەربارەی خەبات و تێکۆشانی سەرکردە نەمرەکانمان.. یا دەربارەی قارەمانێتی و داستانەکانی پێشمەرگەی کوردستان نووسراون.

١٧- پێویست پەرتووکخانەکانی ماڵەوە و قوتابخانە و پەرتووکخانە گشتییەکان، بە ئەو کتێبە و گۆڤار و کاسێت و سیدی و میمۆرییە کوردییانە دەوڵەمەند بکرێن، کە سۆز و خۆشەویستیان بۆ کوردستان لە خۆگرتوون.. بە تایبەتیش بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکانی شارەکانی کوردستاندا.

١٨- پێویستە لە ژوورەکانە کوردیلەکان و لە پۆلەکانی قوتابخانەکانیشدا.. نەخشەی کوردستان و دیمەنە رەنگاوڕەنگە قەشەنگ و جوانەکانی کوردستان و وێنەی سەرکردە و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هەڵبوسرانێن.. هاندەرن بۆ خۆشەویستییەکی زیاتر و بۆ هاوبەستەبوونێکی بەهێزتر بۆ کورد و کوردستان.

١٩- پێویستە دایکان و باوکان، راستەوخۆ لەگەڵ جگەرگۆشەکانیان، دەربارەی سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان بە ئاسانی باس بکەن.

٢٠- چاندنی رووحی یەکێتی کوردستان لە دڵی کوردیلەکانمان.. ئەوەیان بۆ باس بکەن کە کوردستان لە ئەوپەڕی باکوورییەوە تا باشووری لە رۆژهەڵاتییەوە تا رۆژئاوایی یەک کوردستانە و خاکی پیرۆزی هەموو کوردێکە و، گەلی کوردیشمان یەک گەلە.

٢١- پێویستە کوردیلەکانمان لە ململانێی حیزبی و لە عەشیرەتگەری و ناوچەگەری دووربخرێنەوە..

هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستان هەبێت.. هەردەم بەرژەوەندیی باڵای کورد و کوردستان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکیانەوە بێت.

٢٢- هاندانی کوردیلەکانمان، بۆ بەشداریکردن لەو پرۆژە خۆبەخشانەی کە سوود بە کوردستان و بە گەلەکەمان دەبەخشن.. وەکو کۆمەڵکاری بۆ پاکردنەوەی سەیرانگان، کومەک کردن بۆ یارمەتیدانی منداڵانی تووشبووی شێرپەنجە.. کۆکردنەوەی جلوبەرگ بۆ منداڵانی خوشک و برا کوردە لێقەوماوەکانمان،...هاد.

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێین، کە چاندنی هەست و سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بنیات نانرێت، بەڵکو پێویستی بە پشوودرێژی و وریای هەیە.. بە هەوڵ و کۆششی و هاوکاری هەموو لایەنەکان بنیات دەنرێت.

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٧

## فۆرم و ناوەڕۆک دوانەن لە ئەدەبی منداڵاندا.



ئەدەبی منداڵان، ئەدب و هونەرە، گرنگترین لقە لە لقەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان.. لە بارەی گرنگی ئەدەبی منداڵانەوە، شاعیری بولگاری(ران بۆسلین) دەڵێ:" ئەدەب بۆ منداڵان، وەکو شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن".

ئەدەبی منداڵان (هۆنراوە، چیرۆک، شانۆ) بە پێی کۆمەڵێک پێویستی و مەرج و بنەما و پرەنسیپ دەنسورێت، کە لەگەڵ قۆناغەکانی منداڵیدا بگونجێت و، گوزارشت لە هیوا و خەون خواستەکانیان بکات.

ئەدەبی باشی منداڵان، تەنها لە بەشی ناوەڕۆک و بەها و مەبەست و لە خەیاڵی شیرین نییە، بەڵکو فۆرمیش بەشە گرنگەی ترێتی، فۆرمیش شێوازی نووسین و، زمان و، وشە و رستە وێنەی و رەنگ و، هونەری جوانی رازاندنەوە دەگرێتەوە.. پێویستیشە سەرناوی بابەتەکانی ئەدەبی منداڵان گونجاوبن لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی نووسینەکان دا.

بێگومان خەیاڵ زۆر گرنگە لە داهێنان و کاری ئەدەبی و لە هەر کارێکی تردا.. هەموو کارێک لە پێشدا، بە خەیاڵ لە هۆشی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێ.

کەواتە فۆرم و ناوەڕۆک، دوو رەگەزی پێکەوە نووساوی تەواوکەری ئەدەبی منداڵانن، یا بڵێین دووانەن و دوو گیانن لە یەک جەستەدا، لە یەک جیاکردنەوەیان زەحمەتە.. لەم بارەیەوە نووسەری میسری (ئەحمەد نەجیب) دەڵێ:" پێویستە دڵنیابین لە گرنگی تەواکەری، لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆک دا، کە بە هیچ شێوەیەک لە یەک جیا ناکرێنەوە، هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانە، بەبێ یەکتری ناتەوادەبن.. بەڵکو پێوییستە بە پێی پێوەرە دروستەکانی ئەدەبی منداڵان پێکەوەیان ببەستینەوە" .

لە ئەدەبی چاپکراوی منداڵاندا، هەر یەکە لە وێنە و رەنگەکان و قەوارەی پیتەکان و شێوەی چاپکردن و، دیزاین و رازاندنەوەی هونەریش، گرنگی و بایەخیان هەیە، پێویستە نووسەران و دەزگاکانی چاپکردن، ئەم راستی و لایەنەش فەرامۆش نەکەن.

دێینەوە سەر ناوەڕۆک، زۆر بە کورتی و بە چڕی مەبەست و بەها ئەدەبییەکانی ئەدەبی منداڵان لەم حەوت کۆمەڵەیەدا ریزبەند دەکەین:

١- کۆمەڵەی بەهای خودی: ئەمەیان پەیوەندی بە خودی کەس خۆیەوە هەیە، لە رووی جەستەیی و هۆش و دەروونی و هەڵسوکەوتەوە، بۆ نموونە: تەندروستی، رووخسار، چالاکی، راستگۆیی، گونجان بە باشی، گەشبینی،

ئارەزوو،

خۆڕاگری، بڕوابەخۆبن، ئەمانە و چەندین خەسڵەتی کەسی تریش هەن.

٢- کۆمەڵەی بەهای کۆمەڵایەتی: پەیوەندی بەو خەسڵەتانەوە هەیە، کە لە کەسانی کۆمەڵدا هەن، لە پەیوەندییەکانی نێوانیان و، لە شێوازی رەفتار و هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ یەکتری دا، لەوانەش: خۆشەویستی و رێز لە نێوان کەسوکار و کەسانی تردا، پێشکەش کردنی یارمەتی بە کەسانی پێویست، هاوکاری، بەخشین، لێبووردن... هتد.

٣- کۆمەڵەی بەهای نیشتمانی و نەتەوایەتی: ئەمەیان پەیوەندی بە هەموو مرۆڤەوە هەیە، وەکو: هاوبەستەبوون و سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمان، شانازی کردن بە گەل، رێزگرتن لە داب و نەریت و لە کەلەپووری نیشتمانی، ئامادەبوون بۆ خەبات کردن و، خۆبەختکردن لە پێناوی گەل و نیشتمان دا... هتد.
٤- کۆمەڵەی بەهای مرۆڤایەتی: ئەمەش وەکو مرۆڤ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، پەیوەستیش نییە بە کات و شوێنەوە، سوودیشی بۆ هەموان هەیە، لەوانەش: ئازادی، دیموکراتی، یەکسانی، دادپەروەری، رەتکردنەوەی رەگەزپەرستی و جیاوزی، ئاشتیخوازی، بانگەشە بۆ ئاشتی و پێکەوە سازان و ژیان، رووحی یارمەتیدان، ژینگە و سروشت پارێزی، چاکەخوازی و پیاوەتی، بەخشندەیی... هتد.

٥- کۆمەڵەی بەهای پەروەردەیی: ئاراستەکردن و رێنمایی کردنی منداڵان، بۆ بەها باڵاکانی وەکو: دادپەروەری، یەکتری قبوڵکردن، رێزگرتن لە کەسانی تر و لە رای جیاواز، چاندنی رووحی یارمەتیدان، خۆشەویستی، خۆنەپەرستی، ویستنی بەرژەوەندی گشتی، هاوکاری، هاوخۆشی، هاوخەمی، رێزگرتن لە یاسا و دەستوور... هتد.

٦- کۆمەڵەی بەهای خۆشنوودی و جوان ویستی: مرۆڤ بە سروشتی حەزی بە خۆشی و شادی و، بە جوانی و قەشەنگییە، بە فرە رەنگی و رەنگینییە، بە هەمەچەشنەیی هەیە.. حەزی بە یاری و شادییە، بە زەردەخەنە و پێکەنینە، بە گۆرانی و شایی و سەما و هەڵپەڕینە، بە بەزم و رەزم و سوعبەتە، بە جوانی و خۆڕازانەوە و جوان دەرکەوتنە.. بە گوڵ و باخچە و، بە دیمەن و سروشتی جوان و سەیرانە... هتد.

٧- کۆمەڵەی زانستی تیۆری: پەیوەندی بە بڕوابوون بە زانیارییەوە هەیە.. بە داهێنان و بە ڕۆڵی زانیاری لە پێشکەوتن و خۆشی.. وەکو: خۆشەویستیی زانستی و زانیاری، خۆشەویستی خۆدەرخستن و توانا دەربڕین، ئارەزووکردنی خوێندنەوە، ئارەزوکردنی گوڕان و داهێنان و نوێخوازی... هتد.

وەکو تێبینی دەکەین پۆلین کردنی ئەم بەهایانە، لە تایبەتمەندییەوە بۆ گشتی سەردەکەوێ.. یا لە بازنەی خوودی کەسییەوە، بۆ بازنەی گشتیی مرۆڤایەتی.. بەهاکانیش تێکەڵاوی و پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و.. ئەڵقە تێکهەڵکێشن، پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە، فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەبی منداڵان، گونجاوبن لەگەڵ قۆناغەکانی منداڵی و.. تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێک.. نووسین بۆ منداڵان پێویستی بە شارەزایی پەروەردەیی و دەروونناسی منداڵ و بە فەرهەنگی زمانی منداڵان هەیە.. نووسین بۆ منداڵان کارێکی زۆر هەستیارە.. پێویستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، هەموو مەرج و بنەما و پرەنسیپەکان و ئامانجەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان لە بەرچاو بگرن.. چونکە منداڵان بەشێکن لە ئەمڕۆ و.. هەموو داهاتووشن. لەم ڕوانگەیەوە، نووسەرانی ئەدەبی منداڵان دەبێ ئەوە بزانن کە چوونەتە بن باری چ ئەرکێکی پیرۆز و چارەنووسازەوە.. بۆیە نووسەرانی دڵسۆز و شارەزا و پسپۆری ئەدەبی منداڵان گەوهەری گران بەهان و.. لە هەموو وڵاتێکدا جێی ڕێزن و، ئەرک و ڕۆڵیان بەرز دەنرخێنن.. چونکە ئەمان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گۆڕان و لە داهێنان و لە دروستکردنی نەوەیەکی زۆرزانتر و داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتردا.. دروستکردنی مرۆڤی دروستی ئایندەش، زۆر قورسترە لە دروستکردنی باڵاترین بورج و تاوەر و کۆش و تەلاری چەند نهۆمی.

لە بارەی گرنگی ڕۆڵی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، نووسەری فەرەنسی (فەرەنسیس فیدال) دەڵێ:"نووسەرانی ئەدەبی منداڵان دەتوانن چێژ و خۆشیی جیهان ـ بەڵکو خودی جیهان ـ بگۆڕن" ئەم قسە و بۆچوونەی فەرەنسیس تەنها بە قسە و حەز نایەتە دی، بەڵکو بەگراودێکی ڕۆشنبیری و شارەزایی و توانای بواری نووسین و کۆشش و کاری جدی و شەونخونی دەوێت لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.

٢٥ی مارچی ٢٠١٧

## گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵان.



**مەبەستی ئێمە لەم نووسینەمان، نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبییە لە ئەدەبی منداڵانی کوردمان لە کوردستان دا.. کە تا ئەمڕۆش بە نرخی نەبوونە.**

**هۆنەری نووسین بۆ منداڵان (هۆنراوە، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ) کارێکی ئاسان و هەرەمەکی نییە، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، بتوانن سەرکەوتووبن و شوێن پەنجەیان لەم بوارەدا دیاربێت و، نووسینەکانیان شایستەی ئەوەبن، کە ناویان لێبنرێن بۆ منداڵانن.. پێویستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان داهێنەربن و بابەتی نوێ پێشکەش بە خوێنەری منداڵانی کوردمان بکەن.. تا بتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان و داهێنانە تازەکانی ئەم سەردەمە خێراڕەوەدا دەربەرن و، لە کاروانی پێشکەوتن دوانەکەون.**

### بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کوردمان، لە دوای ساڵی (١٩٧٠)ەوە پێیگرت.

**بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)دا، ئەم بزووتنەوەیە هەنگاوی بۆ پێشەوە نا.. ژمارەیەک شاعیر و نووسەری تازەی کوردمان ئەم بوارەیان بەسەر کردەوە، چەندین بابەتی هەمەجۆرەی ئەدەبییان بۆ منداڵانی کوردمان نووسین و چاپیان کردوون.. بەڵام لەم بوارەدا هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایین و، زۆرمان ماوە کە بگەینە گەلانی پێشکەوتووی جیهان.**

دێنە سەر کرۆکی باسەکەمان کە دەربارەی بایەخ و گرنگی ڕەخنەی ئەدەبییە لە داهێنان و لە پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان دا.

ڕەخنە لقێکی گرنگی ئەدەبییە، ئەو هونەرەیە کە بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە تێکست و کارە ئەدەبییەکان دەدات بە پێی کۆمەڵێک بنەما و پێوەری ڕەخنەیی کە لە لایەن کەسانێکی ڕەخنەگری شارەزا و ئەکادیمی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی دانراون.. هەر ڕەخنەگرێکیش لە میتۆدێک زیاتر بەکاردەهێنێت بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی کار و تێکستە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی زانستی و بابەتی و بەرنامە سستەماتیکی.

بە داخەوە تا ئەمڕۆش بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی گەورەکان، بە چاوێکی سووکتر و نزمتر و، بە پلە دوو لە ئەدەبی منداڵان دەڕوانن.

بوونی ڕەخنەی ئەدەبی بە پێی بنەما و پێوەرە ڕەخنەییەکان، ئاستی داهێنانی ئەدەبی منداڵان بەرز دەکاتەوە و پێشی دەخات.. ڕێگریش لە زۆربی و بۆربی و لە چاپکردنی نووسینیی لاوز و کاڵ وکرچ دەکات.. بۆیە بوونی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵان دا، پێویستییەکی گرنگە، نەبوونی یا لاوازیشی هۆکارێکی دواکەوتنی ئەدەبی منداڵانە.

ئایە ڕەخنەگری بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان هەیە..؟ لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆ ڕەخنەگرێکی شارەزا و ناسراوی کوردمان شک نابەم، کە وەکو ڕەخنەگرێکی ناسراوی ئەم بوارە خۆی ناساندووبێت.. کە بە شێوەیەکی پراکتیکی و بابەتی و زانستی، بە پێی بنەماکانی ڕەخنە.. ڕەخنەی لە کتێبێکی منداڵان گرتووبێ و، لە هەموو ڕوویەکەوە، لێکۆڵینەوە و شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووبێ. کەچی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە ئەمریکادا.. چەندین ڕەخنەگری پسپۆر و شارەزا هەن، کە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان لە بواری ئەدەبی منداڵان و لە ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان وەرگرتوون.. بە شێوەیەکی پراکتیکی چەندین ڕەخنەی ئەدەبیان لەسەر ئەدەبی منداڵان نووسیون و چاپیان کردوون.

جا بۆ ئەوەی ئەدەبی منداڵانی کوردمان، لە کوردستان دا گەشەبکات و پێش بکەوێت، پێویستیمان بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی(تیۆری و پراکتیکی) هەیە دەربارەی ئەو کار و کتێب و بەرهەمە ئەدەبییانەی ئاراستەی منداڵانی کوردمان دەکرێن.. تا ئەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوانە، پاڵ بە نووسەرانی ئەم بوارەوە بنێن کە خۆیان و کارە

ئەدەبییەکانیان پێشبخەن.. پێویستیشە لەسەر ئاستی باڵای خوێندن بایەخ بەم بوارە بدرێت.. چ خوێندکارێکی باڵای کوردمان شانازیی ئەوەی پێ دەبەخشرێت، کە بڕوانامەی ماستەر یا دکتۆرا لە بواری ئەدەبی منداڵانی کورردمان وەردەگرێت.. هیواداریشم کە (یەکێتی نووسەرانی کورد) کۆڕی تایبەت بۆ نووسەرانی ئەدەبی منداڵان سازبکات.

*نەبوونی ڕەخنە، تەنها هۆکاری دواکەوتنی ئەدەبی منداڵان نییە، بەڵکو چەند هۆکارێکیتریش هەن وەکو:*

١- گرنگترین هۆکاری دواکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان، داگیرکردنی کوردستانە لە لایەن چەند دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرست و فاشستییەوە، کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامەردانە منداڵانی کوردمان دەچەوسێننەوە، دەیانەوێت زمان و کولتووری کوردیمان لەناوبەرن.. تا ئەمڕۆش لە باکوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوای کوردستان دا، قەدەغەیە کە منداڵانی کوردمان بە زمانی کوردیمان بخوێنن.. بە زۆرداری و بە تۆبزی زمانی تورکی و فارسی و عەرەبییان سەپاندوون بە سەریاندا.. بە مەبەستی کاڵکردنەوەی سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ کورد و کوردستان.

٢- کەمی ژمارەی نووسەرانی ئەدەبی منداڵانی کوردمان.. کە لە هەموو کوردستان دا، ژمارەیان لە پەنجا نووسەر (هۆنراوەنووس، چیرۆکنووس، شانۆنووس) تێناپەڕێت.. واتە بۆ هەر ملیۆنێک کورد، نووسەرێکی ئەدەبی منداڵانمان هەیە.. ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە لە چاو ژمارەی منداڵانمانەوە.

٣- هاوکاری نەکردنی ماددی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، بۆ چاپکردنی نووسینە ئەدەبییەکانیان.. هەروەها نەبوونی دەزگایەکی کارای تایبەت بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤارەکانی منداڵان.

٤. لانەدانی هەندێ لە نووسەرانی ئەدەبی منداڵانی کوردمان، لە ڕێبازی کلاسیکی ئەدەبی منداڵان، کە لە شێوەی پەندێری و ئامۆژگاریی وشک و تەڵقین ئاسایی دایە، بێ ئەوەی کە ئەوە بزانن، منداڵانی ئەم سەردەمە و خواست و پێداویستییەکانیان، وەکو منداڵانی سەدەی رابردوو نین.

ئەوانە و چەند هۆکارێکی کەش بوونەتە تەنگەژە لە ڕێی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کورمان لە کوردستانی نیشتمانی شیرینمان.

٩ی مارچی ٢٠١٧

## قۆستنەوەی منداڵان بۆ دەرۆزەکردن تاوانە.



دەرۆزەکردن دیاردەیەکی کۆنی ناشارستانی و نامرۆڤایەتییە کە تا ئەمرۆش بەردەوامە. دەرۆزەکەران لە هەموو وڵاتێکدا هەن، شێوە و شێوازی دەرۆزەکردنیش زۆرە.. دەرۆزەکردن دیاردەیەکی ترسناکە و ئەنجامێکی نەرێنی و مەترسیداری لەسەر ئەمڕ و داهاتووی کۆمەڵگادا هەیە.. هۆکاری سەرەکی دەرۆزەکردنیش نەبوونی و هەژاری و بێکاری و برسێتییە.. بەڵام بە داخەوە لەم دوایەدا بەشێکی زۆری دەرۆزەکەران سنووری شەرم و شوورەییان بەزاندووە و ئالوودەی سۆاڵکردن بوونە و، دەرۆزەکردن بووە بە پیشەی رۆژانەیان.. گەر ئیشیشیان بۆ هەڵبکەوێت ئیش ناکەن و سۆڵکردنیان پێ خۆشترە.

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەماندا مەبەستمانە، بەکارهێنانی منداڵانە بۆ دەرۆزە پێوەکردن و ساوڵکردن پێیانەوە کە دەرۆزەکەرە پیشەییەکان دڵپاکی و ساوێلکەیی و نەزانی منداڵانیان قۆستوونەتەوە و بۆ پارە پەیداکردن دەیان چەوسێننەوە و بازرگانییان پێوە دەکەن.. ئەم منداڵانانە دڵپاک و بێتاوانن، هێشتا باش و خراپ، راست و هەڵە لێک ناکەنەوە.

لە ئەمڕۆدا لە شارەکانی ئەو عێراق و کوردستانەی کە لەسەر دەریایەکی نەوت و گازی سروشتیدان، بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی دەرۆزەکەران زیادیان کردووە و لە زیادبوون دان.. بە هۆی نەداری و هەژاری و بێکاری و لەیەک جیابوونەوەی ژن و پیاوەوە.. بە تایبەتیش رێژەی دەرۆزەکەرانی ژنان و منداڵان زۆر زیادیان کردووە.. وەکو وتمان دەرۆزەکردن بۆتە پیشەیەکی ئاسانی دەرۆزەکەرە خووگرتووەکان.. ئەم ژنە دەرۆزەکەرانە بۆ راکێشانی سۆز و بەزەیی خەڵکانی خێرخواز، منداڵانی کۆرپە و ساوا و منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بەکاردەهێنن.. لە قرچەی هاوین و لە چلەی زستاندا بە رووتی یا بە جل وبەرگێکی تەنک و دڕاو و چڵکنەوە، ئەو کۆرپە و ساوا

ناسک و بێتاوانانە، لەسەر شۆسەی شەقامەکانی شارەکان درێژیان دەکەن. بە ئەنقەستیش برسییان دەکەن، تا بگرین و بکرۆزێنەوە و بنووزێنەوە و خەڵکی بەزەیی پێیانبێتەوە.. زۆربەیان منداڵی خۆیان نین، بەرانبەر بە پارەیەکی رۆژانەی کەم لە خێزانە هەژار و نەبوونەکان بە کرێیان گرتوون.. ئەم منداڵانە تووشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بوونە و دەبن.

بێگۆمان لە ئەمڕۆدا، چەندین تۆڕ و گروپی مافیای بێوژدان و بێڕەوشت هەن، کە بازرگانی بە منداڵانەوە دەکەن، بە بڕە پارەیەکی کەم دەرۆزەیان پێدەکەن، یا بۆ دزی و کاری ناڕەوا و نەشیاو بە کاریان دەهێنن.. لەوانەیە دەستدرێژیش بکەنە سەریان، ئەو منداڵە ناسک و هەناسەسارد و بەدبەخت و بێنازانە، کە لە تەمەنی چرۆ و خونچەدان.. لە مافی خوێندن و فێربوون، لە خۆشی و شادی، لە یاری و خەندە و پێکەنین، لە سۆز و خۆشەویستی، لە خۆشیەکانی تافی منداڵییەتی بێبەشن.. وەکو منداڵێکی ئاسایی ناژین و، بە دروستی گۆش و پەروەردە ناکرێن.. فێری فڕوفێڵ و درۆ و کاری ناپەسەندیان دەکەن.. خەڵکیش بە چاوێکی سووکەوە لێیان دەڕوانن. ئەم ساوا و منداڵە دەرۆزەکەرانە تووشی گرێی دەروونی دەبن و نابنە کەسایەتیەکی ئاسایی و، رقییان لە کۆمەڵگاکەیان دەبێتەوە.. دەبنە زەمینەیەکی لەباریش بۆ ئەوەی کە لە رێ دەربچن و، کەسانێکی تاوانباریان لێهەڵبکەوێت و جۆرەها تاوان ئەنجام بدەن.. یا تووشی مادە هۆشبەرەکان ببن و بازرگانییان پێوە بکەن.. بە کورتی نەوەیەکی سەقەتیان لێدێتە کایەوە.

لە وڵاتی ئێمەدا، تا ئێستا یاسایەک نییە، کە منداڵان لەو گروپ و تۆڕە مافیانە بپارێزێت و سزایی یاسایی ئەو توانبارانە بدەن، کە دڵپاکی و ساوێلکەیی منداڵان دەقۆزنەوە و بۆ دەرۆزەکردن و کاری نەشیاو بەکاریان دەهێنن.. ئەمەش شوورەیی و شەرمەزارییە بۆ حکوومەتی دەسەڵاتدار.. لە داهاتوودا باجێکی زۆری ئەم گوێ پێنەدان و پەراوێزکردنە دەدەینەوە..؟ کوا رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان..؟ کوا لیژنەی مافەکانی منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان..؟ بۆ هیچ هەڵوێستێکیان نییە..؟! بۆ ویژدانتان مردووە و بەزەییتان بەو منداڵە ناسکە بەدبەختانەدا نایەتەوە..؟! لە ئەمڕۆدا تەنها لە شاری سلێمانیدا نزیکەی (٤٥٠) منداڵ، لە شاری کەرکوکدا زیاتر لە (٣٥٠) منداڵ، لە شاری هەولێریشدا نزیکەی (٤٠٠) منداڵ، کە تەمەنیان لە نێوان هەشت بۆ شانزە ساڵانن، لەسەر شەقامەکاندا کاری دەستگێڕی دەکەن یان لەسەر عەرەبانە شت دەفرۆشن.. یا پێڵاو بۆیەدەکەن، عەلاگە دەفرۆشن.. زۆربەیان نەچوونەتە قوتابخانە یا لەبەر هەژاری و نەبوونی و، دابین نەکردنی پێداویستییەکان، ناچار بوونە کە واز لە خوێندن بهێنن.

لە هەموو یاسا ناوخۆییەکانی دەوڵەتان و، نێودەوڵەتیدا، قوستنەوەی منداڵان بۆ دەرۆزە پێکردن یا دەرۆزەکردن پێیانەوە بە تاوان دادەنرێت، سزای تاوانبارانی ئەم تاوانە دەدەن.

مانگی رابردوو لە کەرکوک بووم، لە شەقامی پزیشکان کە قەڵەباڵغترین شەقامی شاری کەرکوکە.. زیاتر لە دوانزە جار ئەم دیمەنە دڵتەزێنەم بە چاوی خۆم بینی.. کە ژنێکی دەرۆزەکەری عەرەب کە تەمەنی چل و پێنج ساڵ دەبوو، بە بەرچاوی پۆلیسی کەرکوکەوە لە ناوەڕاسی شەقامی پزیشکان دانیشتبوو، لە بەردەمی خۆیدا چوار منداڵی لەسەر پشت درێژکردبوون، تەمەنی دوانیان لە نێوان حەوت مانگ بۆ نۆ مانگ دەبوون، ئەو دوانەی تریان لە ساڵ زیاتر بوون، منداڵەکان دەنوزانەوە، زۆر بێزار و سەغڵەت بوون.. رەنگە برسییان بووبێ، یا ئازاری جەستەییان هەبێت.. گومانم هەیە کەمنداڵی خۆی بن، رەنگە لە خێزانە هەژارەکان بەکرێی گرتووبن بۆ مەبەستی دەرۆزەکردن.

هەر لە کەرکوک، لەسەر پردی دووەم ژنێکی تری عەرەب منداڵێکی کوڕی سێ ساڵانی لە بەردەم خۆیدا دانابوو، سکی منداڵەکەی رووت کردبوو، منداڵەکە نەشتەرگەری بۆ کرابوو.. پانزە تەقەڵ زیاتر بە سکی منداڵەکەوە دیاربوو.. هێندە خۆر لە سکی ئەو منداڵەی دابوو.. رەنگی پێستی سکی قاوەیی ببوو.. لەوانەشە ژنە دەرۆزەکەرەکە بە مکیاج رەنگی سکی قاوەیی کردووبێت.. من وا هەستم کرد کە خۆر سووتاندبووی.

ئەمانە و چەندین چیرۆک و دیمەنی تری هاوشێوەی ئەو دوو دەرۆزەکەرم لە شاری سلێمانی و هەولێریش بینی، کە منداڵان بوونەتە کەرەستەی دەرۆزەکردن.. بەشێک لەو ئافرەتانە لە ئاوارەکانی سوریا و خوارووی عێراق بوون.. هەندێکیان تەمەنیان لە نێوان بیست بۆ سی ساڵان دەبوون و هەمووشیان منداڵی ساوایان پێ بوو.. گێچەڵ پێکردن و قسە و توانجی هەرزەکارانیش بەم ئافرەتانە لە لایەکی ترەوە.

بە دەیان منداڵانی ناسکیش کە تەمەنیان لە هەشت بۆ دوانگزە و سیانزە ساڵان دەبوون، بە نێو ئۆتۆمبیلەکانی سەر شەقامەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکدا پێچیان دەکردەوە و لە شۆفێرەکان دەپاڕانەوە تا پاکەتێک کلینکسیان لێبکڕن.. لەسەر نیوەی ئەو منداڵانە منداڵی کورد بوون.. نەبوونی و رەشوڕووتییان پێوە دیاربوو.

هەموو ئەمانە تاوانن و پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی منداڵانن.. بە پلەی یەکەمیش ئۆباڵیان لە ئەستۆی

حکوومەت دایە.. مەبەستیشم حکوومەتی عێراق و کوردستانیشە.. هیوادارم بە جددی و دڵسۆزی و سۆزەوە پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و هەر هەموو ئەو رێکخراوانەی کە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان دەکەن.. هەموو ئەو کەسانەش کە خۆیان بە خەمخۆری منداڵان دەزانن و هیواخوازی داهاتوویەکی گەشتر و شیاوترن بۆ کورد و کوردستان.. بێنە سەرخەت و، هەڵوێستی جددییان هەبێت و بێدەنگ نەبن بەرانبەر بەم تاوانانەی لە منداڵان دەکرێن.

٢٣ی مای ٢٠١٧

## گرنگیی پەرتووکخانەیماڵەوە لە رۆشنبیریی منداڵان.



خوێندنەوە زۆر گرنگ و پێویستە، لەم سەردەمەدا بووە بە یەکێک لە پێویستییەکانی مرۆڤ.. کە لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و خواردن و خواردنەوە و نووستن و یاری کردن، ریزبەندی دێتە سەر خوێندنەوە.. وەکو چۆن لەشمان پێویستی بە خۆراکی هەمەجۆرە هەیە بۆ ئەوەی برسکێ و گەشەبکات، خوێندنەوەش خۆراکی مێشکمانە. لە رێگای خوێندنەوەوە زانست و زانیاری هەمەرەنگە بە دەستدەهێنین بۆ گەشەکردنی هۆش و گۆش و هزر و بیر و زەینمان.. (ستیل) دەڵێ:" خوێیندنەوە وەرزشی هۆشە" خوێندنەوە هۆیەکی گرنگی فێربوون و خۆرۆشنبیرکردنە.. بنەمایەکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی کەسایەتییەکی دروست و تەواو و سەرکەوتوو لە ژیاندا.

**خوێندنەوە یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی رۆشنبیری منداڵان.. شارەزایانی پەروەردە هاوڕان لەسەر گرنگی چاندنی حەز و خۆشەویستی خۆێندنەوە لە قۆناخی زووی منداڵیدا لە دەروونی منداڵاندا، باشتر وایە هەر لە منداڵییەوە، منداڵ هۆگر و ئاشنای پەرتووک و گۆڤارەکانی منداڵانیان بکەین و، ببنە هاوڕێی هەمیشەی پەرتووک.. خوێندنەوەش ببێت بە خوویەکی بەسوودیان و دەقی پێوەبگرن و، ببێت بە بەشێک لە ژیانیان.**

**(داردین) دەڵێ:" تۆ لە ماڵی خۆت دایت و، بە خوێندنەوەی پەرتووک، گوزەری جیهان دەکەی" لەو رستە جوانانەی کە لەسەر دیوارە بەجێماوەکانی فەرعەونییە میسرییەکان هەڵکۆڵراون:" رۆڵەکەم وات لێدەدەکەم کە چۆن دایکت خۆشدەوێ.. ئاوهاش پەرتووکت خۆشبوێت.. یا زیاتر".**

**دەربارەی رۆڵی ئەرێنی دایکیش لە خوێندنەوەدا بۆ منداڵان.. شاعیرێکی ئینگلیزی لە هۆنراوەیەکدا بە ناوی( دایکی خوێنەر)ە وە.. دەڵێ:**

***دەشێ سامانێکی شاراوەی راستیت هەبێ***
***قوتوویەک پڕ لە دوڕ و سەنووقێ زێڕت هەبێ***
***بەڵام هەرگیز لە من دەوڵەمەنتر نیت***
***چونکە من دایکێکم هەیە فێرم دەکا و بۆم دەخوێنێتەوە***

**هەموو ساڵێک، عاشقان لە رۆژی (١٤ی - فبرایەر) دا بە بۆنەی (جەژنی خۆشەویستی) یەوە، بە گەرمی پیرۆزبایی دەکەن و، گوڵی سوور پێشکەش بە یەکتری دەکەن.. بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەوە نازانن کە هەمان رۆژ، رۆژی (١٤ی - فبرایەر) رۆژێکیشە بە ناوی (بۆ منداڵەکەت بخوێنەوە) ئەمەش گوزارشتە لە بەرجەستەکردنی خۆشەویستیی خوێندنەوە بۆ منداڵان.. لە زۆر شوێنی جیهاندا، لەم رۆژەدا، خێزانەکان هەریەکە بە شێوازێک ئاهەنگ بەم بۆنەیەوە دەگێڕن و چالاکی ئەنجام دەدەن، وەک: هەڵبژاردنی پەرتووکێکی منداڵان و خوێندنەوەی لە نێو خێزاندا.. یان بە کۆمەڵی لە یانەیەکی رۆشنبیریدا پەرتووکێک بۆ منداڵان دەخوێننەوە یا لە قوتابخانەدا. یا خوێندنەوەی چەند پەرتووکێک لە لایەن خودی منداڵانەوە، کە باوکانیان یا دایکانیان، کاتێ کە منداڵ بوون، حەزیان بە خوێندنەوەی ئەو پەرتووکانە بووە. یا گەڕان بە پەرتووکخانەکاندا بۆ کڕینی پەرتووک یا گۆڤارێکی تازە.. خۆزگە ئەم نەریتە جوانە لە کوردستانی ئێمەشدا دەبوو بە باو.. منداڵانی کوردیشمان لەم رۆژەدا لەگەڵ**

خێزانەکانیاندا پەرتووکیان دەخوێندەوە و چالاکی جۆراوجۆری رۆشنبیرییان ئەنجام دەدا و پەرتووکیان پێشکەش بە یەکتری دەکرد.. هیوای ئەوەش دەخوازم کە رۆشنبیریکردنی منداڵە چاوگەشەکانمان ببێت بە خواست و بە خەمی سەرەکیمان هەمووومان.

دێینە سەر باسەکەمان کە گرنگی پەرتووخانەی ماڵەوەیە لە رۆشنبیریکردنی منداڵدا.. منداڵی ژیر و وریا و زانست و زانیاری پەروەر، لە پشووی هاویندا کاتێکی زۆری بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی سوود لە بەهرە و توانا و ئارەزووەکانی وەربگرێت.. یەکێک لەو ئارەزووە بەسوودانەش، خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤارەکانی منداڵانە.. منداڵ لە رێی خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤارەکانی منداڵانەوە، فێری ئەوە دەبێت کە بە زانست و بە زانیاری هەمەچەشنە، زاخاوی بیر و هۆش و بەهرەکانی بدات، و بیر لە داهێنان بکاتەوە.. ئاسۆی رۆشنبیری فراوانتر و بەرزتر دەبێتەوە.. جیاوازیشی دەبێت لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ناخوێننەوە.. بایەخی خوێندنەوە لە دەرەوەی قوتابخانەدا لە بایەخی بەرنامەکانی خوێندن لە ناو قوتابخانەدا کەمتر نییە، بۆیە پەرتووکخانەی ماڵەوەی تایبەت بە منداڵان بە پێویستیەکی پەروەردەیی و رۆشنبیری دەزانین.. چونکە درێژەدەر و تەواوکەری بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندنە لە قوتابخانەدا.

توێژینەوە زانیارییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان توانای خوێندنەوە و پێشکەوتن لە خوێندندا.. پەرتووکخانەی ماڵەوەی منداڵ، هۆکارێکی پەروەردەییە، بۆ زاخاودانی هزری منداڵ و گەشەکردن و پێشکەوتنی.

وەکو دەڵێن:" فێربوون لە منداڵیدا.. وەکو نەقشی سەر بەرد وایە".

شارەزایانی پەروەردە و دەروونناسی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێگەیشتنی منداڵ لە خێزانێکدا، کە دایک و باوکی خوویان بە خوێندنەوەی پەرتووکەوە گرتووە، پەرتووکخانەش بەشێکی گرنگە لە ماڵەکەیان، منداڵەکانیشیان چاویان لێدەکەن و هۆگری خوێندنەوەی پەرتووک دەبن، چونکە دایک و باوکی خوێنەری پێشەنگ کارتێکردنێکی ئەرێنی تەواویان هەیە، بۆ ئەوەی منداڵەکانیشیان چاویان لێبکەن.. دەشێ منداڵ سوود لە پەرتووکخانەی باوک و دایکی وەرنەگرێت، بەڵام تەنها بوونی پەرتووکخانە لە ماڵەوەدا، خۆشەویستی زانست و داهێنان لە لای منداڵ بەهێز و شیرین دەکات.. سووریش دەبێت لەسەر ئەوەی، کە پێویستە ئەمیش پەرتووکخانەی

تایبەتی خۆی هەبێت.. گەر لە ماڵەوە پەرتووکخانەی تایبەتی منداڵیش نەبێت، پێویستە دایک و باوک ئەو پەرتووکانەی هەڵیان دەبژێرن و دەیانکڕن هەمەچەشنە بن، تا بۆ هەموو کەسانی خێزانەکەیان لەباربن.. پەرتووک بە کەرەستەیەکی زۆر گرنگی پەروەردەیی دەزانرێت و رۆڵێکی ئەرێنی هەیە لە زۆرزانین و لە گەشەکردن و دروستی منداڵاندا. لە ئەمڕۆدا زۆری پەرتووکخانەی گشتی و پەرتووکخانەی قوتابخانە و ماڵەوە و، دەوڵەمەندییان بە پەرتووک و گۆاری هەمە بابەت، بە پێوەرێکی رۆشنبیری و بە دیاردەیەکی شارستانی و پێشکەوتن و پەروەردەیی دەزانرێت.

بۆ نموونە لە هەر شارێک و قەزا و ناحیە و گەڕەک و گوندێکی وڵاتی (نەرویج) دا، پەرتووکخانەیەکی گشتی گەورە هەیە.. لە هەر قوتابخانەیەکدا هۆڵێکی گەورە، کراوە بە پەرتووکخانە بۆ قوتابیان و بۆ مامۆستایان، لە بەردەم هەر پۆلێکدا پەرتووکخانەیەک هەیە، لە ناو هەر پۆلێکیشدا دۆلابێکی پڕ لە پەرتووکی تایبەت بە ئاستی خوێندنی ئەو پۆلەوە هەیە، لە هەر ماڵێکیشدا پەرتووکخانەیەک هەیە، لە ژووری هەر منداڵێکیشدا پەرتووکخانەیەکی قنج هەیە.. لە هەر شەقام و سەنتەرێکدا پەرتووکخانەی فرۆشتنی پەرتووک و گۆڤار و رۆژنامەکان هەیە.. تەنانەت لەو مارکێتانەی کە خواردەمەنی و خواردنەوە و میوەهاتیش دەفرۆشن، لە بەشێکیاندا پەرتووکیان بۆ فرۆشتن داناوە بە تایبەتیش پەرتووکی منداڵان.. لە راستیشدا زۆر دەوڵەتی تری ئەورووپی هەن، کە لەم بوارەدا لە پێش نەرویجەوە.

بە لای ئێمەشەوە، پەرتووکخانەی ماڵەوە، لە چێشتخانەی ماڵەوە گرنگترە.. ئەو ماڵەی پەرتووکخانەی تێدا نەبێت.. بە ماڵێکی ناتەواوی دەزانم..(شیشرۆن) دەڵێ:" ماڵێک بەبێ پەرتووک.. گیانێکی بێ رووحە" پێویستە ئەوەش بڵێین، نابێت پەرتووکخانەی ماڵەوە تەنیا وەکو دیکۆرێک بۆ جوانی و بۆ رازانەوەی ماڵ دابنرێ و، پەرتووکەکانی خوێنەریان نەبن، پێویستە وا لە منداڵان بکەین کە ببن هاوڕێی هەمیشەی پەرتووک و خوێندنەوەش ببێت بە بەشێک لە ژیانیان.. پێویستە لە هە ڵبژاردنی پەرتووکی بەسوود و لەبار بۆ پەرتووکخانەکانیان هاوکارییان بکەین.

بە لای منەوە: لە دیمەنی ئەو منداڵە ژیرە جوانتر نییە، کە دانیشتووە و پەرتووکێک یا گۆڤارێکی کراوەی منداڵانی بە دەستەوەیە و بە وردی لێی دەڕوانێت.

**ئامانجەکانی پەرتووکخانەی منداڵان لە ماڵەوەدا:**

***بە کورتی چەند ئامانجێکی گرنگی پەرتووکخانەی ماڵەوە بۆ منداڵە چاوگەشەکانمان ، لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕدەکەینەوە:***

**١- پەرتووکخانەی ماڵەوە، یارمەتی منداڵان دەدات کە بە زانست و زانیاری هەمەچەشنەی بەسوود زاخاوی بیر و هۆشیان بدەن و خۆیان رۆشنبیر دانەمێنێت.**

**٢- منداڵ هەر لە منداڵییەوە لەسەر خوێندنەوە رادێت و خووی پێوە دەگرێت و، پەرتووک دەبێت بە هاوڕێی و.. خوێندنەوەش دەبێت بە بەشێک گرنگ لە ژیانی.**

**٣- رەوشت و خووی جوان فێردەبێت و، بە ئاراستەیەکی راست و دروستدا دەڕوات، بەهای جوان و پەندی بەرز وەردەگرێت.**

**٤- بازنەی شارەزایی فراوانتر دەکات، دەرگاکانی رۆشنبیری لە بەردەمیدا دەکرێنەوە. ٥. خوێندنەوە چێژ و خۆشی و دڵخۆشی پێدەبەخشێت.**

**٥- زمانی پاراوتر دەبێت و، سامانی وشە و رستەکانی زیاتر دەبن.. دەتوانێت بێ دامان و رامان، بە ئاسانی بە قسە و بە نووسین، گوزارشت لە هزر و لە ناخی خۆی بکات.**

**٦- زۆرزانتر دەبێیت و ئاستی تێگەیشتنی بەرزتر دەبێتەوە، بە شێوەیەکی راست و دروستیش بیردەکاتەوە.**

**٧- کەسایەتییەکی بڕوابەخۆ و دڵنیا دەبێت.. دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و رووبەڕووی کێشەکانی ببێتەوە و، چارەسەریان بۆ دابنێت.**

**٨- گەشە بە بەهرە و تواناکانی دەدات.. ئارەزووی زنیاری زیاتری دەبێت و، هەوڵی داهێنان دەدات.**

**٩- منداڵ گەر پەرتووکی لەبەردەست دابێت لە کاتی پێویستدا سوودیان لێوەردەگرێت.**

**١٠- پەرتووکخانەی ماڵەوە، هاندەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی رۆشنبیری و دەمەتەقێ و راگۆڕینەوە و لە نێوان ئەندامانی خێزاندا.**

**١١- بە هۆی خوێندنەوەی ئەو پەرتووک و گۆڤارانەی کە لە بەردەستی منداڵ دان.. وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانەی کە لە هزری دان، دەستیدەکەون.**

**١٢- لە رێی پەرتووکخانەی ماڵەوە، ئارەزووی سەردانی پەرتووکخانەی گشتی دەکات و، بە دوای پەرتووک و گۆڤار و سەرچاوەی زیاتردا دەگەڕێ.. لە ئایندەشدا دەبێت بە خوێنەرێکی هەمیشە و دانەبڕاوی پەرتووکخانەی گشتی.**

١٣- زۆربەی کەڵەنووسەر و شاعیران و رۆشنبیرانی ناسراوی جیهانی لەوانەن کە لە منداڵییەوە لە ماڵەوەدا، خوویان بە خوێندنەوەی پەرتووکەوە گرتوون.. یان ئەوان کە لە خێزانێکی خوێنەر و رۆشنبیردا چاویان هەڵهێناوە.. رۆڵی هاندان و کارتێکردنی دایک و باوکیان پێوەوە دیارن.

*بەم وتەیەی (دیگۆن لایلی) کۆتایی بەم نووسینەم دەهێنم.. کە دەڵێ:*

"پەرتووکخانەکەت پڕبێت لە پەرتووک، باشترە لەوەی کە جزدانەکەت پڕبێت لە پارە".

**٣ی جوونی ٢٠١٧**

---

## *ئەندێشەی زانستیی لە ئەدەبی منداڵاندا.*



لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا ئەندێشە (خەیاڵ) هاودەمی مرۆڤ بووە.. ئەندێشە توانای زەینییە لە پێکهێنای وێنەی داهێنراوی جیاواز، دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە پەیوەندی بە رابردوو یا ئەمڕۆ یا بە داهاتووەوە هەیە، کە پێشتر مرۆڤ بەو بابەتەدا تێنەپەڕیوە، ئەو کەسە لە شارەزایی و لە هزر و پێشبینی و تێگەیشتنی خۆیەوە هەڵیهێنجاندووە و لای گەڵاڵ بووە.. توانای ئەندێشەکردن و ئەندێشەفراوانی و پێشبینیکردن، گرنگترین سیمای کەسایەتی مرۆڤە و جیاوازیشی پێدەبەخشێت لەگەڵ کەسانی ئەندێشە ئاساییدا.

ئەندێشە پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە پێکهێنانی داهێناندا.. ئەوە ئەندێشەیە وا لە مرۆڤ دەکات کە گەشبین بێ و بە ژیانی چەقبەستوو قایل نەبێ و، کۆڵنەدات و هەمیشە ئەندێشە بکات و هەوڵی پێشکەوتن بدا و بیر لە داهێنانی تازە بکاتەوە و ئامادەبێ بۆ بە پیرەوەچوونی گۆڕانکاری و داهێنانی تازەی سەیر و سەمەرەتر، لە داهاتوویەکی نزیک یا دووردا.

ئەندێشەیش تەنها لە ئەدەبدا بوونی نییە، بەڵکو، لەبواری هونەر و زانستە مرۆییەکان و زانیاری و فەلسەفە و ئابووری و تەنانەت لە بواری سیاسەتیشدا بوونی هەیە.

گەلێ پێناسەی جیاوازیش بۆ چەمکی (ئەندێشەی زاستی) کراون، بەڵام تا ئێستا لەسەر پێناسەیەکی گشتی بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە رێنەکەوتوون.

***بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی (١٩٢٦)دا (هۆکۆجیزاک) زاراوەی ئەندێشەی زانستیی داهێنا.***

بێگومان هەموو شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەموو داهێنانە سەیر و سەمەرەکان لە هەموو بوارەکاندا، زادەی ئەندێشە و ئەندێشەی مرۆڤن، لە پێشا ئەندێشە پۆ و پەرگەمای چنیون، دواتر لە سایەی بڕوا و هیوا و هەوڵی بێوچانی مرۆڤدا، بە تاقیکردنەوەی پراکتیکی، بەرجەستە بوونە و هاتوونەتەدی و بوونەتە راستی.

هەرچەندە، کە ئەندێشەی زانستیی دەربارەی ئەنجامدراوێک دەدوێ کە هێشتا هەر ئەندێشەیە و مرۆڤ پێینەگەیشتووە و نەهاتۆتەدی.. بەڵام توانای ئەوەی هەیە، کە بەرەو ئایندەیەکی باشتر بیری زانایان روناک بکاتەوە و، وزە و هیوای سەرکەوتنیان پێببەخشێت.

پێویستی و ئەندێشە، ئەدەب و زانیاری، تەواوکەری یەکترین، وەکو دەڵێن (پێویستی دایکی داهێنانەکانە) پێویستی مرۆڤ بۆ داهێنانی تازە و بۆ ژیانێکی ئاسانتر و خۆشتر، هۆکارێکی گرنگ و هاندەر و پاڵنەری ئەندێشە بووە بۆ دۆزینەوە و بۆ داهێنانی تازە.

بۆ نموونە: کەڵەزانای ئەمریکی و جیهانی (تۆماس ئەدیسۆن: ١٨٤٧ - ١٩٣١) داهێنەری وزەی کارەبا و گڵۆپی

کارەبایی و، زیاتر لە هەزار داهێنانی تر.. پێویستی بوو بە ئیلهامی ئەندێشە و بیرکردنەوەی لە داهێنان، چیرۆکەکەشی بەم جۆرەیە: ئێوارەیەکی درەنگ دایکی ئەدیسۆن لە پڕێکدا بە سەختی نەخۆش دەکەوێت، دایکی دەبات بۆ لای پزیشکێ، دوای پشکنین، پزیشکەکە پێووت: دایکت پێویستی بە نەشتەرگەری خێرا هەیە، بەڵام ئێستا وا شەوە، ناتوانین لە بەردەم رووناکی چرادا نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکەین، بەیانی بۆی دەکەین.. لێرەوە ئەوە کەوتە ئەندێشەی ئەدیسۆن کە بیر لە داهێنانی ئامێرێکی ئەوتۆ بکاتەوە، کە تاریکی شەو رووناک بکاتەوە، تا پزیشکەکان بتوانن بە شەوانیش کاری نەشتەرگەری ئەنجام بدەن، ئەوەبوو ئەدیسۆن بە پراکتیکی ئەندێشە و بیرۆکەکەی خستە بواری جێبەجێکردن.. دوای (نۆ سەد و نەوەت و نۆ) تاقیکردنەوەی شکست و نەزۆک، لەسەر هەزارەمین تاقیکردنەوەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.. وزەی کارەبایی و گڵۆپی کارەبایی داهێنا.. کە تا هەتایە ئادەمیزاد قەرزاری ئەندێشە بیری و ئەم داهێنانەی ئەدیسۆنن، کە دەتوانین بە (دایکی داهێنانەکان) ناوی بەرین.. پێویستیش بوو ئەم داهێنانەی بە ئەدیسۆن داهێنا.

زانا و فەیلەسووفی ئینگلیزی ( رۆجەر بیکۆن: ١٢١٤ - ١٢٩٤) کە بە (مامۆستای داهێنەر) ناودەبرێت بە ئەندێشە پێشبینی کرد، وتی: لە ئایندەدا مرۆڤ دەتوانێت ئامێرێکی ئەوتۆ دروست بکات، کە بە ئاسماندا بە پێی بفرێت، ئامێرێکیش بەبێ سەوڵ لێدان بە دەریاکاندا پەی بکات، ئامێرێکیش بتوانێت بچێتە قووڵایی بن دەریاکانەوە.. رۆجەر بێجگە لەمانە چەند پێشبینییەکی تریشی کرد.. کە لەو سەردەمەدا بیرۆکەی دروست کردنی فرۆکە و کەشتیی دەریای و زەریانوقم(غەواسە) لە ئەردا نەبوون.. بەهۆی ئەم خەون و پێشبینییانە، رۆجەریان بەوە تاوانبارکرد، کە هۆشی لە دەست داوە و لە ئاین لای داوە.. بە شێت ناویان برد.

دوای چەند ساڵێک ئەندێشە و پێشبینییەکانی رۆجەر لە سایەی کۆشش و زانیاری دا هاتنەدی و بوون بە راستی.. باڵۆن و فرۆکە و کەشتی ئاسمانی و پاپۆڕی زەبەلاح و زەریانوقمی مەزن و بە سەدان.. سەدان.. ئامێری تر دروست کران.

ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی جۆرێکە لە هونەری ئەدەبی و لقێکی گرنگە لە لقەکانی ئەدەب، بە گرنگترین جۆرە ئەدەبی ئەم سەردەمە دەزانرێ و، پێگەیەکی بەرز و شیاوی هەیە. ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، بریتییە لە کۆمەڵە بیر و بۆچوون و گریمانەیەکی زانستیی دەربارەی داهاتوو.. ئەدەبێ ئەندێشەی زانستیی، زیاتر پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە.. بۆتە دەروازەیەکی پێویست و گرنگ بۆ داهێنان و، بۆ دەرخستنی تواناکانی زانایان و داهێنەران..

ئەدەبێکی داهاتووە و ئامانجی ئامادەکردنی هۆش و هزر و بیری مرۆڤە بۆ قبوڵکردنی هیوا و ئەو ترسانەش دەشی لە داهاتوودا بێنەڕێی.

لە ئەدەبی ئەندێشەی زانستییدا، نووسەرانی ئەم بوارە، پشتەوەی سنوورەکان دەبینن و بەسەر کۆسپەکانی کات و شوێن و مەحاڵدا بازدەدەن، بێ کاتێکی دیاریکراو لە دەرگای داهاتوو دەدەن، بە ئەندێشەیێکی تەسەل و فراوانەوە، بە چاوێکی پڕ لە گەشبینییەوە لە جیهانێکی تازەتر دەڕوانن، لە فەرهەنگی بڕوا و هیوایاندا مەحاڵە و ناکرێ جێیان نییە.

ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، ئەو جۆرە ئەدەبە ئەفسووناوییەیە، کە باڵت پێدەگرێ و بەرەو جیهانێکی نامۆ و ئەفسانەیی سەیر و سەمەرەی پڕ لە عاجباتیت دەبات.. یا سواری کەشتی بڕوا و هیوات دەکات و، دەتبات بۆ سەر مانگ و ئەستێرە دوورەکان و، بە گەردوونێکی نەزانراو ئاشنا دەکات.. دەتباتە جیهانێکی پشتەوەی راستییەکان. یا نووسەر و خوێنەر سواری پشتی ئەسپێکی باڵدار دەبن.. یا لەسەر بەرماڵێکی تیژڕەوی ئاسمانی یەکدەگرن ـ کە نووسەری ئەندێشەی زانستیی تەونی کردووە و چنیوێتی ـ بەبێ سانسۆر و ڕێگری بە ئاسمان و بە کون و قوژبنی جیهاندا دەسووڕێنەوە.. بە بڵندگۆی هیوا، مژدەیەکی ژیانێکی خۆشتر جیهانێکی تازە رادەگەیەنن.

لە ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی دا، نووسەر تێیدا پشت بە ئەندێشە زانستیی و بە تەکنیکی ئەدەبی و فەنتازی دەبەستێت، کە گریمانەکان و تیۆرە زانستییە فیزیکییەکان و بیۆلۆژی و تەکنۆلۆژی و تەنانەت فەلسەفەشی لە خۆگرتوون.

ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، ئەم جۆرە ئەدەبەیە، کە ئەندێشە تێیدا گوشادە و، بەرجەستەی هیواکان و خەونەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ دەکات، کە پێیان وایە لە ئەستێرەکانی تریشدا ژیانی جیاواز هەبێت.. یان دەڤەر و بەهەشت و جیهانێکی ئەندێشەی تر دروست دەکەن، کە هێشتا مرۆڤ پێی نەگەیشتوون.. دەشێ ئەو جیهانە ئەندێشەییە، ببێت بە ئیلهام بۆ زانایانی فیزیک و تەکنۆلۆژیا و داهێنان و، بکەونە تاقیکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی.

لە ئەمڕۆدا، ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی بە ملیۆنان هەوادار و خوێنەری لە جیهاندا هەیە.. گەرچی لە سەرەتادا

ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە.. بەڵام لە ئێستا لەسەر تەختی شایانەی جۆرەکانی ئەدەبدا دانیشتووە.

ئەگەرچی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، بە لقێکی تازە و مۆدێرزمی ئەدەب ناوزەند دەکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەگی لە داستان و ئەفسانە و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی گەلاندا هەیە.. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشمان، بە دەیان داستان و ئەفسانە و چیرۆک و ئەزیلەمان هەن، کە دەچنە چوارچێوەی ئەدەبی ئەندێشەی زانستییەوە.. بۆ نموونە: چیرۆکی ئەندێشەی (پیرەژن و چەرخ و فەلەک) کە پیرەژنێکی جادوباز، لە دار و پەتک چەرخ و فەلەکێک دروست دەکات، بە ئاسماندا پێی دەفڕێ و، دەچێت لە شارێکی دووردا، کچە پاشایەک فریو دەدات و سواری چەرخ و فەلەکەکەی دەکات و بە ئاسماندا دەفڕن و دەیبات بۆ کوڕە پاشایەک کە لە خەوندا ئەو کچە پاشایەی بینیوە و ئاشقی بووە.

یا پاڵەوانی چیرۆک وەکو فریارەسێکی خێرا، بە سواری ئەسپێکی باڵدار، یا لەسەر پشتی سیمرخ، بە چاوتروکانێک فریادەکەون.. گەلێ نموونەی ترمان هەیە.. تەنانەت لە چیرۆکی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خان) یشدا ئەندێشەی زانستیی پشکی گەورەی تێدایە.

لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئەورویجیشدا، چەندین ئەفسانەی ئەندێشەی زانستیی هەن.. پیرەژنی جادوباز کە بە (هێکس) ناوی دەبەن. بە سواری گسکێکی کلک دارای درێژ توانیویتی بەو گسکە رۆکێت ئاسایی بە ئاسماندا بفڕێ و چەندین کاری خێر یا شەڕ ئەنجام بدات.

پێویستە ئەوەش بزانین کە لە نێوان ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی و چیرۆکە زانستییەکاندا، جیاوازی هەیە.. یەکەمیان لە خولکەی داهاتوودا دەسووڕێتەوە، بەڵام دووەمیان ئەو چیرۆک و هۆنراوانەن، کە دەربارەی سەرگوزشتەی زانایان و داهێنانەکانین، و دۆزینەوە، کە لە رابردوو یا لە ئەمڕۆدا هاتوونەتەدی.

بە کورتی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، هاوکار و هاندەری خوێنەرانە لە پێکهێنانی بیری زانستیی و داهێنان، هاندەری فراوانکردن و قووڵکردنی تێگەیشتنی خەڵکییە لە گرنگی ڕۆڵی زانست و زانیاری، یا تێکۆشانی بێوچان و گەشبینی و هیواخوازی لە ژیاندا.

هەوڵدان و دەستپێک بۆ نووسینی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەمین..(کیلەر)ی ئەڵمانی، کە زانایەیەکی گەورەی بواری بیرکاری (ماتماتیک) بوو. لە سەدەی حەڤدەمیندا، ڕۆمانێکی بە ناوی (دەربارەی گەشتێک بۆ سەرمانگ) نووسی و بڵاوی کردەوە.. چەند نووسەرێکی تری ئەمریکی و ئینگلیزیش هاتنە بوارەکەوە و، ئەوانیش چەند ڕۆمانێکی ئەندێشەی زانستییان نووسیون.

ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، بەم فۆرم و ناوەڕۆکە تازەیەی، لە سەدەی نۆزدەمیندا سەری هەڵدا و، لە سەدەی بیستەمینیشدا، لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی وەکو، ئەمریکا و ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەتی کۆن ڕەگی کرد و خۆی سەلماند و گەشەی کرد.

نووسەری بلیمەتی فەرەنسی (جۆن فێرن: ١٨٢٨ - ١٩٠٥) دەستپێشخەربوو لە بنیاتنانی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، شێوازێکی پێشکەوتوو و تازە و فەنتازی بە بەرداکرد.. بۆیە جۆن فێرن بە بنیاتنەر و بە باوکی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی دەناسرێ.. یەکەمین ڕۆمانی ئەم نووسەرە بە ناوی (پێنج هەفتە لە باڵۆنێکدا: ١٨٦٣) و (گەشتێک بۆ بۆشایی زەوی: ١٨٦٤) و (لە زەوییەوە بۆ مانگ: ١٨٦٥) ئەگەرچی ئەم ڕۆمانەی بە خەون و ئەندێشە دەزانرا، بەڵام خەونەکەی هاتەدی.. ئەوەبوو (کەشتیی ئاسمانی ئەپۆلۆ ـ ١١) لە (٢٠ی گەلاوێژی ١٩٦٩) دا، گەیشتە سەر مانگ، کەشتییەوان (نیل ئارمسترۆنگ) یەکەمین مرۆڤە کە پێی خستە سەر مانگ.. بەمەش خەون و ئەندێشە وپێشبینیەکەی جۆن فێری هاتەدی و بوو بە ڕاستی.. شایەنی باسیشە جۆن فێری نزیکەی هەشتا ڕۆمان و شانۆنامەی تری نووسیون، کە بایەخیان لەو ڕۆمانانەی ناومان هێنان کەمترنین.

## گرنگی ئەندێشەی زانستیی لە ئەدەبی منداڵان دا:

منداڵان بە سروشتی خاوەن ئەندێشەیێکی تیژ و فراوانن، بە تایبەتیش لە قۆناغی یەکەم و ناوەندی ژیانیان.. کە بە قۆناغی ئەندێشە سەرکەش دەزانرێن، منداڵان بڕوایان بە شتە ئەندێشەییەکان هەیە، هەر وەکو ڕاستیبن بە لایانەوە.. منداڵان بڕوادەکەن کە، ئەسپی باڵدار هەیە و دەفڕێت، چۆلەکە زمانی کوردی دەزانێ و دەدوێ، شاخ و ڕەشەبا نیوانیان تەوا نییە، ئاسمان دەگری، پێنووس زویردەبێ و دەتۆرێ، مانگ پێدەکەنێ، ئەستێرەکان بە ڕۆژ دەنوون، مێرووله‌یەک فیلێک یخدەدات...هەتا.

ئەم قۆناغەش بە گرنگترین و بە ناسکترین و بە هەستیارترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ هەژماردەکرێ.. زانایانی دەروونناسی هەردەم جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە سەدا هەشتای کەسایەتی مرۆڤ لەم قۆناغەدا دروست دەبێت.. ئێمە هەرەم بیر لە داتوو دەکەینەوە، منداڵانیش داهاتوون.

ئەندێشەی زانستیی لە ئەدەبی منداڵان دا، رۆڵێکی گرنگی ئەرێنی هەیە، لە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئەدەبی منداڵانەوە هەیە.. رۆڵێکی گرنگیشی هەیە لە پێشخستنی کەسایەتی منداڵ، لە رووی بیر و گوزارشتکردن و داهێنان و زمان دا.

ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی منداڵان، کە زیاتر لە چیرۆک و هۆنراوەدا خۆی دەبینێتەوە، گرنگی و کاریگەریی هەیە لە زاخاودانی بەهرە و لە گەشەکردنی بیری منداڵان. گرنگترین شاکارە ئەدەبییەکانی منداڵان، تەنانەت ئەو جورە ئەدەبانەش کە بە ریالیزم واتە (رووداوی راستی) ناو دەبرێن و لە راستتیەوە نزیکن، ئەوانەش پشت بە ئەندێشە دەبەستن و.. ئەندێشە رەگەزی سەرەکییانە.

بێگومان بۆ نووسینی چیرۆک و هۆنراوەی ئەندێشەی زانستیی بۆ منداڵان ، پێویستی بە شارەزاییەکی زیاتری زانست و زانیاری هەیە.. ئەو نووسەرانەی کە بابەتی ئەندێشەی زانستیی بۆ منداڵان دەنووسن، پێویستە جەخت لەسەر فراوانکردن و گەشەکردنی ئەندێشە و هزر وبیری منداڵان بکەن، بە تایبەتیش چیرۆکی ئەندێشەی زانستیی کە لە پێشەنگی ئەو بابەتانەیە، زیاتر ئەندێشەی منداڵان دەورووژێنی و گەشە بە توانا هۆشییەکانیان دەکات.. پێویستیشە لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی دیاریکراودا کاربکەن، رەچاوی ئەو بنەما و پێویستییانە بکەن کە پەیوەندییان بە ئەدەبی منداڵانەوە هەیە.. نابێت وڕینە و ئەندێشە پڵاو و زیندەخەونی دوور لە راستییە زانستیی و زانیارییەکان پێشکەش بە منداڵان بکەن، کە هیچ پەیووەندییان بە زانیارییەوە نییە.. لەگەڵ ئەمانەشدا، پێویستە رەچاوی جیوازی توانای نێوان منداڵان بکەن.

بۆ نموونە: هەندێ وا دەزانێ، کە زنجیرە دراما یا فیلمی ( سۆپرمان، گرین دایزەر، باتمان، پیاوی ئاسنین، شەمشەمەکوێرە، فیلمی تری لەم کەسایەتییانە ) کە خراونەتە ریزبەندی چیرۆکەکانی ئەندێشەی زانستییەوە.. بەڵام لە راستیدا، ئەم زنجیرە فیلمانە ئەندێشەی ئەفسانەیی پڕوپووچ و بێ بنەمان.. چونکە پاڵەوانەکانیان لە توانابەدەرن و هەرگیز کەس دەرەقەتیان نایا و نامرن و هەردەمیش سەرکەوتوو و براوەن.. بیرۆکەی ئەم چیرۆکانە

لەسەر توندوتیژی و شەڕ و کوشتن و وێرانکاری و دوژمنایەتی و رق بنیات نراون.. ئەم پاڵەوانە توانابەدەرانە هیچ کارێکی چاکە و پیاوەتییان نییە.. ئەم فیلمانە زیانێکی گەورە منداڵان دەگەیەنن، لێیانەوە فێری رق و چەقاوەسوویی و سەرەکێشی زیان بەخش دەبن.. بۆیە ئەم فیلمانە ئەفسانەن و ناچنە ژێر چەتری ئەدەبی ئەندێشەی زانستییەوە.. چونکە ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، ئامانج و مەبەستێکی پیرۆزی هەیە و.. دژی شەڕ و وێرانکارییە و.. هاندەری پێشکەوتن و ئاوەدانییە.

کاری ئەندێشەی زانستیی، ئەوەیە کە منداڵان بە زانستییەکی فراوان گۆش و پەروەردە بکا و، لە جیهانێکی پڕ لە خەونی سەوز و هیوادا، بۆ جیهانێکی ئایندەی ئامانجەکانیان بەرێ و، یارمەتییان دەدات کە ببنە منداڵانی هەمیشە گەشبین و داهێنەر وهیواخواز.

***ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، یەکێکە لە بەرزترین پێکهاتەکانی بنیاتنانی زەینی منداڵان.***

**ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی منداڵان، لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی وەستاوە:**

١- ئەدەب: نووسەری ئەم بوارە، پێویستە ئەوە بزانێت کە بۆ منداڵان دەنووسێ و نووسینەکەی پێشکەش بە ئەوان دەکات.. پێویستە رەچاوی پێویستییە هونەرییەکان و زمان و فەرهەنگی منداڵان و، تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکان منداڵی و شێوازی داڕشتن و هەڵبژاردنی رۆڵی شیاوی پاڵەوانەکانی نووسینەکانی بکات و، بە ئاسانترین شێوە بیرۆکەی نووسینەکانی دابڕێژێ و بە منداڵان بگەیەنێت.

٢- ئەندێشە: ئەندێشە و ئەندێشەی بەرهەمدار سنووری نییە، کە لەسەر بیرۆکەیەکی وادا بنیاتنرابێ، بمانەوێ پەرەی پێبدەین.

٣- زانیاری: گەلێ نموونەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری هەن، کە لە پێشا ئەندێشە بە پێشبینی کردن و بە پشتبەستن بە راستییە زانیارییەکان چنیونی، دواتر هاتوونەتەدی و ئادەمیزاد سوودی لێوەرگرتوون.

پێویستە نووسەرانی ئەم بوارە زیدەڕۆیی نەکەن لە بابەتەکانیاندا، ناشبێت پاڵەوان چیرۆکەکانیان لە پێستی

خۆیــان دەربــکەن، تــا ئەو رادەیەی کە منــداڵان لە راســتییەکان دووربــخەنەوە و نەتــوانن لە نێــوان ئەفســانە و راستییەکاندا، جیاوازی بکەن.

ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەوەردەکردنی دروستی منداڵان دا، دەتوانین لە میانەی چیــرۆکە ئەندێشــەییەکانەوە، بە شــێوەیەکی ئاســان بەهــا مرۆییەکــان و نیشــتمانییەکان لە دەروونــی منداڵانــدا بڕوێنین.. بۆیە زانایانی بواری دەروونناسی و پەروەردە پێیان باشە کە ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی، بە تایبەتیش چیرۆک بخرێتە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا.

بە کورتی لە ئەدەبی ئەندێشەی زانستییدا، منداڵ بە ئــارەزووی خۆی، ئەندێشە دەکات و زیندەخەو دەبینێ و، دەتوانێت لە رێی ئەندێشەکردنەوە، دوو شاباڵ لە خۆی ببەستێ و سنووری توانا تایبەتییە سنووردارەکانی خۆی ببەزێنێ و، بە بە کامی دڵی بەسەر کۆسپ و کات و شوێندا بفڕێ.. دەست بۆ ئەو شتانەی درێژ بکات کە زەحمەتە لە راستیدا بیان گاتی و، بتوانێت لغاو و جەڵەویان بکات. بە هەوەسی خۆشی چێژ لەو هەبووە زۆر و زەبەندەی بەردەستی وەربگرێ.. بە تیشکی هیواش روونــاک ببێتەوە، هۆشی کراوەبێت بۆ وەرگرتنی هەموو داهێنــانێکی تــازەی ژیان و راهاتن لە گەڵیاندا.. هەمیشەش دوای شتی تازە و سوودبەخش بکەوێت.

لە ئەدەبی کوردی دا، ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی تازەیە، بە تایبەتی چیرۆکی زانستیی بۆ منداڵان چرۆی کردووە.. چەند نموونەیەکی سەرکەوتوومان لەم جۆرە ئەدەبە بۆ منداڵان هەیە.. بەڵام هێشتا لە قۆنــاغی سەرەتا و تاقیکردمەوە داین.. پێویستیمان بە نووسەران و رەخنەگرانی بە توانا و شارەزای ئەدەبی ئەندێشەی زانستیی هەیە.. کە ئاوزەنگی لە ئەسپی ئەندێشە و تواناکانیان بدەن و خۆیان و بەرهەمەکانیان دەربخەن.. گەشبینم کە ئەم هیوایەمان دێتەدی و ئاڵای ئەدەبی کوردیشمان لە نێو ئەدەبی گەلاندا دەشەکێتەوە.

---------------------------

*بۆ ئەم نووسینەم، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:*

١- الخيال العلمي في ادب الاطفال، كتابة ـ محمد هزاع و ماجده قرشي.

٢- فلنبدا بالخيال العلمي ـ لتنمية الابداع والموهبة ـ دكتۆر. خليل ابو قورة.

٣- ادب الخيال العلمي ـ يبشر بعالم جديد ـ صحيفة الراكوبة ـ حازم خالد.

٤- المضمون ومشكلة الخيال في كتب الاطفال ـ احمد نجيب.

٥- ثنائية الواقع والخيال في ادب الاطفال ـ محمود رزان.

٦- الخيال العلمي في ادب الاطفال ـ الدكتوره. نعيمه حسن النجار.

٧- چۆن و چی بۆ منداڵ بنووسین...؟! ـ لەتیف هەڵمەت ـ کەرکوک: ٢٠١١.

٢٠ی جوونی ٢٠١٧

## گرنگییەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە بۆ منداڵان.



لە ئەمڕۆدا قوتابخانەی بنەڕەتی، شوێنێک نییە تەنها بۆ فێرکردن و بۆ فێربوون و بۆ وەرگرتنی زانستی و جۆرەکانی زانیاری، بەڵکو شوێنی پێگەیاندنی نەوە لە دوای نەوەیە.. کاری قوتابخانە پەروەردەکردن و فێرکردن و ئامادەکردنی منداڵانە لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن و خوێندندا، بە زانیاری گشتی هەمەچەشنە و بە پێویستییەکانی ژیانێکی دروست ئاشنایان دەکا، تابتوانن لە ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا دەربەرن و بە شێوەیەکی دروست گەشەبکەن و پێبگەن، رۆڵێکی سوودبەخش و ئەرێنیش لە نێو کۆمەڵدا بگێڕن، بڕواشیان بە تواناکانی خۆیان ببێ و، بە گەشبینییەوە لە ژیان و لە داهاتوو بڕوانن، خۆڕاگربن و بتوانن بە ئازایی و بێباکییەوە رووبەڕووی هەموو ئەو گرفت و تەگەرە و بەرهەڵستییانە ببنەوە کە دێنە رێی ژیانیان.

پێویستە ئەوە بزانین کە ئاستی رۆشنبیری و زۆرزانی و چاوکراوەیی منداڵانی ئەم سەردەمە، لە سایەی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و گڵۆبالیزم و بە سەدان داهێنانی سەیر و سەمەرە، جیاوازن لەگەڵ ئاستی منداڵانی سەدەی بیستەمین دا.. هیوا و ئاوات و خەون و پێویستییەکانیشیان هەمان هیوا و خەونی منداڵانی نەوەی پێش خۆیان نین.

ئامانجی قوتابخانەی کلاسیکی ئەوەبوو کە زۆرترین زانیاری بئاخنێتە هۆشی قوتابیان، بەڵام قوتابخانەی نوێ، ئامانجی گەشەکردن و بنیاتنانی کەسایەتی دروستی قوتابییانە، لە هەموو بوار و رووبەکەوە، بۆ ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوو ئامادەیان دەکا. (مەکسیم گۆرگی) دەڵێ:" پێویستە زانیاری لە خزمەتی ئەندێشەی منداڵان دا بێت، واش منداڵان رابهێنێ کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە" لە پەروەردەی کلاسیکیدا، پرۆگرامی فێرکردن و خوێندن دیاریکراو و سنووردارىبوو. دەبوایە قوتابیان لەگەڵ پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندندا خۆیان بگونجاندایە. بێ ئەوەی گوێ بە توانا و خواست و بە بەهرە و ئارەزووەکانیان بدرێ، گوێشیان بە جیاوازی نێوان منداڵان نادا، بە درێژایی وانەکانیش، مامۆستایانی وانەبێژ تەوەری سەرەکی وانەوتنەوە بوون، بواریان بۆ قوتابییەکانیان نەدەهێشتنەوە، تا را و بۆچوون و سەرنج و تێبینییەکانیان دەربڕن، یا رەخنەبگرن و پێشنیاربکەن. بەڵام لە ئەمڕۆ و لە پەروەردەی نوێدا، منداڵان بە هەند دەزانن و، پرۆگرامی خوێندن بە پێی پێویستی و خواست و ئارەزوو و قۆناغەکانی تەمەن و گەشەکردن و ئاستی تێگەیشتنی قوتابییان دادەڕێژن.. قوتابییانیش تەوەری سەرەکی وانەکانن، بە ئازادی و بە راشکاوی گوزارشت لە هەست و سۆز و لە هزر و لە ناخی خۆیان دەکەن، رێز لە را و بۆچوون و سەرنج و رەخنە و لە هیواخۆشی و لە پێشنیارەکانیان دەگرن.. (جۆن دیوی) دەڵێ:"منداڵ ئەو خۆرەیە کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە".

کەچی تا ئەمڕۆش هەندێ لە کادیرانی پەروەردە و مامۆستایانی وانەبێژ لە چوارچێوەی پەروەردەی کۆن و لە رێبازە کلاسیکییەکانی وانەوتنەوە دەرنەچوونە و، بە لایانەوە چەمکی وانەوتنەوە، دەبێ لە بازنەی پرۆگرامی بریاردراو دەرنەچێ.. بە پێوەرێکی سواویش فێرکردن و فێربوون هەڵدەسەنگێنن.. ئەم بڕوا و فەلسەفەیەش، وانەوتنەوە بچووک و بەرتەسک دەکاتەوە.. ئەم وانەبێژانە نابەڵەدن و بێئاگان لەوەی کە ئەرکی پەروەردەی نوێ و پرۆگرامەکانی نوێی خوێندن، بنیاتنان و گەشەکردنی کەسایەتی قوتابییانە، لە رووی جەستەیی و دەروونی و هۆش و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و نیشتمان پەروەرییەوە، تا ببن بە هاوڵاتیانی دڵسۆز و باش و سوودبەخش.. بێگومان بۆ ئامانج گەلێکی هەستیار و گرنگی ئاوهاش، پێویستیمان بە گۆڕانکاری ریشەیی هەیە، گۆڕانکاری لە رەفتارەکانی قوتابییان، پێویستیمان بە کادیرانی پەروەردەیی بەڵەد هەیە، پێویستیشمان بە ئامادەکردنی

مامۆستایانی وانەبێژی نوێخواز و فرەزان و شارەزای پەروەردەی نوێ و، شارەزای شێوازە تازەکانی فێرکردن و وانەوتنەوە هەیە.. ئەگینا پەیام و ئامانجەکانی پەروەردەی نوێ بەرجەستەنابن.

## چالاکییەکانی قوتابخانە چین؟

*تا ئێستا چەند پێناسەیەک بۆ چالاکییەکانی قوتابخانە کراون، کە لەیەکەوە نزیکن، وەک:*

چالاکییەکانی قوتابخانە، بریتین لە پراکتیزەکردنی فێربوون، کە قوتابیان لە میانەیاندا دەتوانن هەموو توانا و بەهرە خەفەکردووەکانیان، بە شێوەیەکی دروست و ئاراستەیی، بە تاقیکردنەوە بە کاریان بهێنن، هەل بۆ قوتابیان دەرەخسێنن، کە ئەو جۆرە چالاکییانە هەڵبژێرن، کە لەگەڵ توانا و خواست و ئارەزووەکانیاندا دەگونجێن.

پێناسەیەکی تر، چالاکییەکانی قوتابخانەکان، ئەو بەرنامە تەسەلەیە کە قوتابیان لەگەڵ بەرنامە و پرۆگرامی خوێندندا، بەشداری لەدارشتنیدا دەکەن،، قوتابیانیش بە ئارەزووی خۆیان روویان لێدەکەن، لە رێیانەوە ئامانجە دیاریکراوەکانی پەروەردە دێنەدی.

(فەرمانگەی زانیاری ئەمریکی) ش، بەم شێوەیە پێناسەی چالاکییەکانی قوتابخانە دەکا: "ئەو بەرنامانەن کە بەسەرپەرشتی و ئاراستەکردنی قوتابخانە جێبەجێ دەکرێن، ئەو بابەتانەیان لەخۆگرتوون کە پەیوەندییان بە ژیان و بە چالاکییە هەمەجۆرەکانی قوتابخانە و بە بابەتەکانی خوێندنەوە هەیە، یا بە لایەنی کۆمەڵایەتی و بە ژینگە و بە یانەکانی وەرش و موزیک و شانۆوە هەیە، یا پەیوەندییان بە بابەتە چاپکراوەکانی قوتابخانەوە هەیە".

لە ئەمرۆدا، چالاکییەکانی قوتابخانە بوونە بە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بوونە بە گیانێک لە دوو جەستەدا، بوونە بە بەشێکی پێویست و گرنگ لە ژیانی قوتابیان دا.. پسپۆرانی بواری پەروەردەش پێیان وایە، کە ئەم چالاکییانە، کۆڵەکەیەکی گرنگن لە کۆڵەکەکانی فێرکردن و فێربوون و خوێندندا، لە بنیاتنانی کەسایەتی و بەهرە و شارەزاییەکانی قوتابیان.. بە شێوەیەکی ئەرێنی و دروستیش ئامادەیان دەکەن، تا تێکەڵ

بە کۆمەڵگا ببن.

بێجگە لە زاراوەی(چالاکییەکانی قوتابخانە) چەند زاراوەیەکی کەش، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، وەکو:(چالاکییە پرۆگرامییە زیادەکان) و (چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل).

## ئامانجەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە:

*زۆرن ئەو ئامانج و مەبەست و سوودانەی، کە لە سایەی چالاکییە هەمەجۆرەکانی قوتابخانەدا دێنەدی، بە کورتی ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو ئامانجە گرنگانە:*

١- چالاکییەکانی قوتابخانە، یارمەتی و ئاراستەی قوتابیان دەکەن بۆ گەڕان و دۆزینەوە، بۆ دەرخستنی توانا و بەهرە و ئارەزوو و بیرۆکەکانیان، بۆ گەشەکردن و کارکردن بۆ پێشکەوتن و باشتربوون.

٢- هەل بۆ راهێنانی پراکتیکی دەڕەخسێنن، بۆ بە دەستهێنانی توانای تازەگەری و داهێنان و لەبەرگرتنەوە.

٣- بوار بۆ قوتابیان دەڕەخسێنن، بۆ ئەوەی چێژ و خۆشی لە کاتەکانی پشوودان و پەرژانیان وەربگرن و بۆ ئەنجامدانی کاری باش بیان قۆزنەوە.

٤- راهێنانی قوتابیان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسێتی، بۆ بەرجەستەکردنی رووحی هاوکاری و راوێژکردن و یەکترقبووڵکرن و رێزگرتن لە را جیاوازەکانی هاوڕێکانیان.

٥- هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان پەروەردەی رووحی و جوانی دا، لە نێوان زانستی و رۆشنبیری دا.

٦- چالاکییەکانی قوتابخانە، هەندێ باری دەروونی نەرێنی چارەسەردەکەن کە دووچاری هەندێ لە قوتابیان دەبن، وەکو شەرمکردن، دوودڵی، گۆشەگیری، خەمناکی، ترس، بڕوالاوازی، خۆپەرستی، دڵتەنگی، کەمدوویی، ...هتد.

٧- بە کۆمەڵایەتیکردنی قوتابیان و بەستنەوەیان بە ژیان و داب و نەریتی کۆمەڵەوە. پەیوەندی برایەتی و خوشکایەتی و هاوڕێتیش خۆشتر و بەهێزدەکەن.

٨- پەروەردەکردنی قوتابیان لەسەر بیرکردنەوە و داهێنان و نەخشەکێشان و پلان دانان و بەرنامەڕێژی و کارکردن و رێکخستن و دیاریکردنی ئەرکەکان و رۆڵ و بەرپرسێتی.

٩- راستکردنەوەی کۆمەڵێک هەڵە و هەڵسوکەوت و رەفتار و، ئاراستەی نەخوازراو.

١٠- بەدەستهێنای تەندروستییەکی باشی جەستەیی و دەروونی.

١١- مەستبوونی قوتابیان بە پێویستییەکانیان و، بە حەز و ئارەزووەکانیان.

١٢- چالاکییەکانی قوتابخانە بڕبڕەپشتی بنیاتنانی کەسایەتی قوتابییانن، رایاندەهێنن بۆ سەرکردایەتیکردن و رابەری هاوڕێکانیان لە میانەی گروپ و لە لیژنە پێکهاتووەکاندا.

١٤- قوتابیان فێری ئەوەدەبن، کە چاکە و پیاوەتیان لەدەستبێ، فێری ئەوەش دەبن کە بەرژەوەندە گشتییەکان بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، بڕواشیان بە هاوکاری و هەروەزی و بە ئەنجامدانی کاری بەکۆمەڵ دەبێت.

١٥- ئەو لێکۆڵینەوە پراکتیکییانەی کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، ئەوەیان سەلماندووە کە چالاکییەکانی قوتابخانە رۆڵێکی ئەرێنیان لەسەر فێرکردن و پەروەردەکردنی دروست و، لەسەر رەوشت و رەفتارەکانی منداڵان هەیە، ئاستی خوێندنیشیان باشتربووە.

١٦- قوتابیان لەسەر ئەوە رادێن کە خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن.

١٧- هەست بە جوانی دەکەن و جوانیخواز دەبن لە هەموو چالاکییەکانی قوتابخانەدا.

١٨- لە پێناوی وەرگرتن و زیادکردنی زانستی و زانیاری گشتییان.. دەبنە ئاشنایانی کتێبخانە و بە هاوڕیانی کتێب و، خوێندنەوەیان لا شیرین دەبێ.

١٩- گەشبین و بڕوابەخۆ دەبن و متمانەیەکی زیاتریشیان بە تواناکانی خۆیان دەبێت.

٢٠- قوتابیان لە میانەی چالاکییەکانەوە، فێری بەخشین و وەرگرتن دەبن.

٢١- راهێنانی قوتابیان لەسەر بەرجەستەکردنی دیموکراتی و فرەڕایی لە ژیانیاندا.

٢٢- منداڵان لە رۆشنبیری یادکردنەوەوە، دەگۆڕێن بۆ رۆشنبیری داهێنان.

٢٣- لە میانەی چالاکییە هەمەچەشنەکانی قوتابخانەوە، گیانی ململانێ و پێشبڕکێ دروست و رەوشت و رووحی وەرزشی و قبوڵکرنی ئەنجامەکان لایان بەرجەستەدەبن.

٢٤. بە هۆی چالاکییەکانەوە، دیاردەی نەهاتن و دابڕان و وازهێنان لە خوێندن و لە قوتابخانە کەمتر دەبنەوە.

٢٥- زۆر لە پیاوان و لە ئافرەتە هەڵکەوتووەکانی جیهان.. سەرەتای هەوڵ و تاقیکردنەوەکانیان، بۆ بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی قوتابخانە دەگەڕێننەوە.

### جۆرەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە:

جۆر و شێوەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە چ بە کۆمەڵ و چ بە تاک زۆر زۆرن، جگە لە چالاکییە ناسراو و

باوەکان، ساڵ لە دوای ساڵ چۆست و چالاکی نوێ دێنە ریزبەندیی چالاکییەکانەوە، ئەم زۆری و هەمەچەشنەییەش لە پەروەردەی نوێ دا، بۆ دابینکردن و مەستکردنی خواست و ئارەزوو و پێویستییەکانی قوتابیان و جیاوازی تاک، گرنگییەکی زۆریان هەیە.. هەر چالاکییەکیش گروپێک لە قوتابیان بە سەرپەرشتی مامۆستای پسپۆر و شارەزای ئەو بوارە چالاکییەکانیان ئەنجامدەدەن.. زۆر بە کورتی و بە چڕی بۆ نموونە هێنانەوە و، ئاماژە پێدان، گرنگترین چالاکییەکانی قوتابخانە ـ ئەگەرچی هەر هەموویان گرنگن ـ بەم شێوەیە پۆلین کراون:

### ١- چالاکییە رۆشنبیرییەکان:

ئەم چالاکییانە، رادەیەکی لەباری زانیاری رۆشنبیری بە قوتابیانی ئارەزوومەندی ئەم بوارە دەبەخشن، توانای زمانەوانی و دەربڕین و گوزارشتکردنیان گەشەدەکات.. هانیشیان دەدات کە بە ئازاییە رووبەڕووی جەماوەر ببنەوە.. گرنگترین گروپ و لیژنە و چالاکییەکانی بوارەکانی رۆشنبیریش لە قوتابخانەدا:

(گروپی کتێبخانەی قوتابخانە، گروپی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی، گروپی کوڕ و سمینار، گروپی پێشبڕکێی رۆشنبیری و ئەدەبی و بۆ خوێندنەوەی هۆنراوە و چیرۆک و پەخشان، گروپی رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوی سەر دیوار، گروپی گەشت و گوزار، گروپی بەڕێوەبردنی ئیستگەی رادیۆی قوتابخانە ـ گەر ئیستگەی رادیۆیان هەبێ ـ سەردانی کتێبخانەی گشتی، سەردانی مۆزەخانەی شار، پێشکەشکردنی شانۆگەری پەروەردەیی و زانیاری و خۆشی و کۆمیدی، پێشکەشکردنی سروودی کوردی لەکاتی ریزبوونی پێش دەستپێکردنی خوێندن، پێشکەشکردنی هۆنراوە و پەخشان لە لایەن قوتابیانەوە لە کاتی ریزبووندا،...هتد).

### ٢. چالاکییە وەرزشییەکان:

قوتابخانە لانکەی وەرزشە، چەندین وەرزشوان و پاڵەوانی ناسراوی وەرزشی لە رێی قوتابخانەوە پێگەیشتوون.. پەروەردەی وەرزشی لایەنێکی زۆر گرنگە لە چالاکییەکانی قوتابخانە، ئامانجی گەشەکردنی تەواوی قوتابیانە، تا ئەو ئاستەی کە ببن بە مرۆڤی لەش تەندروست و، سوودبەخش و لێبووردە و بڕوایان بەخۆیان هەبێت و، خۆڕاگربن و، ئەرکەکانیان بەدیبهێنن.. چالاکییە وەرزشییەکان قوتابیانی وەرزشوان لە گرژی و لە هەڵچوون و لە دڵتەنگی و لە وزەی پەنگخواردوو رزگاردەکەن، لە رووی جەستەیی و هۆش و دەروونەوە، بە شێوەیەکی تەواو و هاوسەنگ

قوتابیـان پێـدەگەیەنن، دەیـانخەنە سـەر ئەو بـڕوا و درووشـمەی کە (هۆشـی دروسـت.. لە لەشـی دروسـت دایە) مامۆستای پەروەردەی وەرزشی سەرپەرشتی هەمو چالاکییە وەرزشییەکان دەکـات. گرنگتـرین گروپەکـانی چالاکییە وەرزشییەکان ئەمانەن:

(گروپی تیپە وەرزشییەکان بۆ یارییەکانی ـ تۆپی پێ، سەبەتە، باسکە، تـۆپی دەست، تـۆپی سـەر مێز، گروپـی بەشداریکردن لە یارییەکانی نمایشی ساڵانەی گۆڕەپـان و مەیدان، گروپی دیدەوانی و خێوەتگا، یاری و پێشبرکێی نێـوان پۆلەکـان و قوتـابخانەکـان، گروپـی سـڵاو و هەڵکرنـی ئـاڵای کوردسـتان، گروپـی مەلەوانـی، گروپـی جیمناستیک، ..هتد).

### ٣- چالاکییە زانیارییەکان:

چـالاکییە زانیارییەکـان، ئەو بـوارەیە کە هەل بـۆ قوتـابیـان دەڕەخسـێنێ، تـا بە کـردار ئـارەزووە و حەزەکانیـان بەرجەستەبکەن، چەمکی بیرکـردنەوەی زانیارییـان لا قووڵتربێت.. بـواری ئەوەشیان بـۆ دەرەخسێنن، کە لە رێـی بەرنامە تیۆرییەکان و پراکتیکییەکانەوە توانـا و بەهـرەکانیان دەربخـەن.. گرنگترین بوارەکانیشیان:

(چالاکیی کۆمپوتەر، تـاقیکردنەوەی زانیاری، گەشی زانیاری، بە ڤیدیۆ، پێشاندانی ژیانامەی زانایان، یـا بـابەتی زانیاری، ...هتد)

### ٤- چالاکییە هونەرییەکان:

بـریتین لە کۆمەڵێـک چـالاکی و کـاری کرداری هونەری لە نێـو قوتـابخـانەدا، کە لە دیـدی قوتـابیـانی بەهرەمەنـد خۆیـانەوە ئەو جوانییـانەیـان هەڵهێنجانـدوون و لە تـابلۆ و پەیـکەرە هونەرییەکانیانـدا بەرجەسـتەیـان کـردوون.. سـوودیش لەو کەرەسـتە خـاوانە وەردەگـرن کە لەژینگەکەیـانـدا هەن، چـالاکییە هونەرییەکـان گەشـە بە هۆشـیاری هونەری قوتـابیان دەکەن و، ئاستی داهێنانیان بەرزدەکەنەوە و، بە شارەزایی نوێی هـونەری دەوڵەمەنـدیان دەکەن. ئەو کەسە بەهرەمەندانەش دەردەکەون کە خاوەنی بەهرەی هونەریی جیاوازن. گرنگترین چالاکییە هونەرییەکانیش:

(کردنەوەی پێشانگای قوتابخانە، بەشداریکردن لە پێشانگای ساڵانەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شار، کاری چنین، کاری دەستی، کردنەوەی پێشانگای تایبەتی، سازدانی پێشبڕکێی وێنەکێشانن، دیزاینسازی، ڕۆژی نمایشی کەل وپەلی فۆلکلۆری کوردی.. دانانی تیپی موزیک و سروود و گۆرانی کوردی، دانانی گروپی شانۆی قوتابخانە)

### ٥- چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەو چالاکییانەن وا لە قوتابیان دەکەن، کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی سەرشانیان لە کۆمەڵدا بزانن، پەیوەندیی هاوڕێتییان گەشە دەکات، خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان شیرینتر دەبن، خۆشەویستی و ڕێزی کار و کرێکاران لە دڵیان دەڕوێن.. ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بە دروستی گەشەدەکەن، فێری ڕاستگۆیی و دڵسۆزی دەبن، روحی خوشکایەتی و برایەتی و هاوڕێتی لە لایان شیرینتردەبن. چالاکییە کۆمەڵایەتییان لە کۆمەڵدا زۆرن، گرنگترینیان:

(سازدانی فێستیڤاڵی خۆشی، دانانی تیپی هەڵپەڕکێی قوتابخانە، بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە، ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی ڕۆژی جەژنی نەورۆز، ئاهەنگێڕان و سازدانی چالاکی لە ڕۆژی جیهانی منداڵان، ئاهەنگێڕان لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەرزڕاگرتنی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، یادکردنەوەی ڕۆژی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان، بەرزڕاگرتنی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لەبەرکردنی جلی کوردی لە ڕۆژی جل و بەرگی کوردی دا، گرنگیدان بە ڕۆژی کتێبی منداڵان، یادکردنەوەی مەرگەساتی هەڵبەجە و، ڕۆژی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی کورد ـ ئەنفال، ڕێکخستنی ئاهەنگی ساڵانەی کۆتایی قوتابخانە،...هتد) .

لە کۆتاییدا، ئەو چالاکییانە و چەندین چالاکی تر هەن، هەروەها مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن چالاکی نوێ دابهێنن.. چالاکییەکانی قوتابخانەش، تێکهەڵکێشن و پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، هاوئامانج و تەواکەری یەکترین.. ماوە ئەوەش بڵێین، پێویستە لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە گروپ و لیژنە چالاکییەکان دابنرێن، تا پێشوەخت بەرنامە بۆ کار و بۆ چالاکییەکانی قوتابخانەکەیان دابڕێژن.. ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی قوتابخانە، بە دڵسۆزی و هاوکارییەکی تەواوی نێوان مامۆستایان و قوتابیان دێنەدی.

٣٠ی جوونی ٢٠١٧

## چیرۆکی مامۆستا و قوتابی.



لە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندندا، خاتوو(تۆمسۆن) لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیدا، لە بەردەم قوتابییەکاندا وەستا، بۆ خۆشی چەند ڕستەیەکی ناسک و شیرینی بە گوێی قوتابییەکانی دا، ئینجا پێی وتن:" من هەمووتانم خۆشدەوێت" بەڵام لە دڵی خۆیدا، تەنها قوتابییەکی لێدەرکردن، کە ناوی (تیدی ستۆدارد) بوو، لە ڕیزی پێشەوەدا دانیشتبوو.

مامۆستا تۆمسۆن، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چاودێری (تیدی)ی قوتابی دەکرد، تێبینی ئەوەی کرد، کە لەگەڵ منداڵانی تردا یاری نەدەکرد، جلەکانی هەمیشە چڵکن بوون، هەموو کاتێک پێویستی بە خۆشۆرین هەبوو، سەرەڕای ئەمانەش منداڵێکی ڕووگەش و دڵخۆش نەبوو.

کار گەیشتە ئەوەی کە مامۆستا تۆمسۆن، خۆشی لەوە دەبینی کە بە پێنووسێکی سوور، بە هێڵێکی پان لەسەر لاپەڕەکانی نووسینەکانی تیدی دا، نیشانەی هەڵە (ئێکس)ی بۆ دادەنا، دوایش لە سەرووی لاپەڕەکانیشیدا، وشەی (دەرنەچووی)ی بۆ دەنووسی.

لەو قوتابخانەیەی کە مامۆستا تۆمسۆنی لێبوو.. وا پێویستی دەکرد کە بە تۆمارەکانی خوێندنی (کارتی کەسێتی) ساڵەکانی پێشتری هەر قوتابییەکدا بچێتەوە.. دوا کارت کە تەماشای کرد، تۆماری تایبەتی نمرەکانی تیدی بوو، لە کاتێکدا کە بە پرۆفایلەکەیدا دەچۆوە و ئەو کورتە ڕاپۆرت و تێبینییانەی دەخوێندەوە، کە مامۆستایانی پۆلەکانی پێشتر دەربارەی تیدی نووسیبوویان، لەپڕ شتێکی سەیری بۆ دەرکەوت!!

مامۆستای پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ئەمەی بۆ تیدی نووسیبوو:" تیدی منداڵێکی زیرەکە، ڕووخۆش و دڵخۆشە..

کارەکانی زۆر بە وردی و بە ڕێکی و بە جوانی ئەنجام دەدا، خاوەنی ڕەوشت و ڕەفتارێکی بەرزیشە..".

مامۆستای پۆلی دووەمیش ئەمەی، دەربارەی نووسیبوو:" تیدی قوتابییەکی باشە لە لای هاوڕێکانی پۆلەکەشییەوە خۆشەویستە، بەڵام بێزار و ڕارایە، بە هۆی ئەوەی کە دایکی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە.. ژیانێکی گران و کێشە و دڵتەنگی و ناخۆشی و ماندووبوون باڵی بەسەر ماڵەکەیەنادا کێشاوە..".

بەڵام مامۆستای پۆلی سێیەم، دەرەباری تیدی نووسیویتی:" کۆچکردنی دایکی، بە قورسی کاری تێکردووە.. بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵدات و کۆشش دەکات.. بەڵام باوکی گوێی پێنادات.. گەر بە خێرایی هەندێ ڕێوشوێن نەگیرێنەبەر.. ژیانی نالەباری ماڵەوەیان، زیاتر و بە خێرایی کاری تێدەکات..".

مامۆستای پۆلی چوارەمیش، ئەمانەی لەسەر تیدی نووسیبوو:" تیدی قوتابییەکی داماو و گۆشەگیرە، زۆر حەزی بە خوێندن نییە، کەم کەسیش هاوڕێتی دەکا.. هەندێ جاریش لە کاتی وانەوتنەوەدا، باوێشک دەدا و خەودەیباتەوە..".

لێرەوە مامۆستا تۆمسۆن هەستی بە کێشەکەی کرد.. زۆریش هەستی بە شەرمەزاری و شوورەیی خۆی کرد.. بەرانبەر بەو نادروستییەی کە دەرهەق بە تیدی کردنی.

مامۆستا تۆمسۆن زیاتر هەڵوێستی بەرەو خراپتر تێکچوو، کاتێ کە قوتابییەکانی بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونییەوە، دیاری جوانیان بۆ هێنابوو، بە شریتی ڕەنگاوڕەنک و بە کاغەزی جوانی بریقەدار دیارییەکانیان پێچابوونەوە.. تەنها تیدی نەبێت، ئەو دیارییەی کە لەو ڕۆژەدا پێشکەشی کرد، بە ساکاری و ناڕێکی بە کاغەزێکی بۆری ڕەنگ تاریک پێچابوویەوە.. بەو کیسە بۆرانە پێچابوویەوە، کە عەتارەکان شتیان تێدەکردن.. کاتێ کە مامۆستا تۆمسۆن دیارییەکەی تیدی کردەوە، سوێ چووە دڵیەوە. هەندێ لەقوتابییەکان، کە دیارییەکەی تیدی یان بینی، کە ملوانکەیەک بوو، لە بەردی ئەڵماسی نارەسەنی ئاسایی دروستکرابوو، بەردێکیشی کەم بوو، شووشە بۆنێکیش کە تەنها تا چارەگێکی گوڵاوی تێدابوو.. قاقا پێی پێکەنین.. بەڵام ئەو قوتابیانە بە خێرایی پێکەنینەکەیان وەستاند، کاتێ کە مامۆستا تۆمسۆن زۆر بە گەرمی و دڵخۆشییەوە سەرسامی خۆی بە جوانی ملوانکەکەی تیدی دەربڕی.. دواییش کردییە ملی، چەند دڵۆپێک لە بۆنەکەشی کردنە سەر مەچەکەکانی.

تیدی ئەو رۆژە دوای تەوابوونی خوێندن، یەکسەر لە قوتابخانە دەرنەچوو بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، بەڵکو ماوەیەکی کەم چاوەڕێی کرد، بۆ ئەوەی کە مامۆستا تۆمسۆن ببینێت و پێی بڵێت: ئەمڕۆ بۆنت لە بۆنی دایکم دەچێت..!!

کە قوتابییەکان قوتابخانەیان بەجێهێشت.. مامۆستا تۆمسۆن زیاتر لە کاتژمێرێک، بە کوڵ گریا و خۆی پێ ژێرنەدەبۆوە.. چونکە تیدی ئەو شوشە گوڵاوەی بۆ هێنابوو، کە دایکی لە خۆی دەدا، بۆنە خۆشەکەی دایکی لە مامۆستاکەیدا بە دەبینێتەوە.

لەو رۆژەوە مامۆستا تۆمسۆن بڕیاری دا، کە نەک تەنها خوێندنەوە و بیرکاری، بەڵکو هەموو وانەکان بە پۆلی پێنجەم بڵێتەوە، ببێتە (مامۆستای پۆل) ەکە، لەو رۆژەش بە دواوە گرنگییەکی تایبەتی بە تیدی دەدا، تێبینی ئەوەشی کرد کە تیدی هۆشی هاتەوە سەرخۆی، چالاکییەکانی گەڕانەوە.. کە زیاتر هانی دەدا، وەڵامدانەوەی تیدی خێراتر دەبوو.

لە کۆتایی ساڵدا، تیدی بووە قوتابییەکی جیاوازی پۆلەکەی و، لە هەمووشیان زیرەکتر بوو، مامۆستا تۆمسۆن نازی پێدەدا و دەیلاواندەوە.

دوای ساڵێک، مامۆستا تۆمسۆن، لەسەر دەرگای ماڵی خۆیان نووسراوێکی بینی، کە تیدی قوتابی بۆی نووسیبوو:" باشترین مامۆستایە کە لە ژیانمدا بینیبێتم" شەش ساڵ تێپەڕی.. بێ ئەوەی کە مامۆستا تۆمسۆن هیچ نووسراوێکی تری لە تیدی یەوە پێبگات.. دوای ئەوە تیدی نامەیەکی بۆ نارد، لە نامەکەیدا بۆی نووسیبوو، کە قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە، بە سێیەمی قوتابخانەکەی دەرچووە نووسیبووشی:" تا ئێستا ئەو باشترین مامۆستایە کەبە درێژی ژیانم بینیبێتم"

دوای چوار ساڵی تر، نامەیەکی تری لە تیدی یەوە بۆ هات، ئەمجارەیان بۆی روون کردبۆوە، دوای ئەوەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت، بڕیاری دا کەمێ زیاتر لە خوێندندا بچێتە پێشەوە.. بۆ جارێکی تر دڵنیای کردەوە کە ئەو باشترین و خۆشەویسترین مامۆستایە کە بەدرێژایی ژیانی بینیبێتی.. بەڵام ئەمجارەیان ناوەکەی هەندێ درێژبوو، دکتۆر سیۆدۆر ئێف. ستۆدارد!!

چیرۆکەکە تا ئێرە کۆتایی نەهات، لە بەهاری ئەو ساڵەدا، لە تیدی یەوە نامەیەکی تری بۆ هات، تێیدا نووسیبووی، کە چاوی بە کچێک کەوتووە، کە دەیخوازێت، پێشتریش ئاگاداری کردبۆوە، کە پێش دوو ساڵ باوکی کۆچی دوایی کرد.

تیدی لە نامەکەیدا، داوای لە مامۆستا تۆمسۆن کرد، کە بێت و لە ئاهانگی ژن گۆاستنەوەکەیدا، لە شوێنی دایکی دابنیشێت.. مامۆستا تۆمسۆن زۆر بە پێخۆشییەوە بە داواکەی تیدی قایل بوو.. سەیریش لەوەدا بوو، کە ملوانکەکەی دایکی لە مل کردبوو، کە تیدی چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە جەژنی لەدایکبوونیدا پێشکەشی کردبوو، کە بەردێکی ناتەواو بوو، لەوەش دڵنیابوو کە هەمان بۆنی لە خۆی دابوو کە لە دوا جەژنی لەدایکبوونی پێشکەشی کردبوو.. هەردووکیان باوەشیان بە یەکتریدا کرد.

(دکتۆر ستۆدارد) بە گوێی (مامۆستا تۆمسۆن)ی دا چرپاند، وتی:" سوپاست دەکەم کە بڕوات بەمنە، زۆریش سوپاست دەکەم کە وات لێکردم، کە من گرنگم و، من بەرز و جیاوازدەبم.

مامۆستا تۆمسۆن، کە چاوەکانی پڕببوون لە ئەسرینی شادی، وەڵامی دایەوە و وتی: تۆ بە هەڵەداچووی، ئەوە تۆ بووی فێرتکردم، کە ببم بە مامۆستایەکی بەرز و جیاواز، نەمدەزانی کە چۆن فێربم، تا ئەوکاتەی کە تۆم بینی.

----------------------------

* تیدی ستۆدارد، پزیشکێکی بەناوبانگی ئەمریکییە، بەشێکی تایبەتی هەیە لە نەخۆشخانەی (میسۆددست) بە ناوی ناوەندی(ستۆدارد) بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە، کە لە هەموو ئەمریکادا، بە باشترین ناوەند بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە دادەنرێ.

* خوێنەرانی هێژا و دڵسۆز، ژیان پڕە لە چیرۆک و لە بەسەرهات و کارەسات، گەر بە هیوا و گەشبینییەوە لێیان بڕوانین، پەند و وانەی بەسوودیان لێوەردەگرین.. مرۆڤی ژیریش، لەجێی ناوک بە توێکڵ ناخەڵەتێ.

٨ی جووڵای ٢٠١٧

## پەروەردەکردنی منداڵانی داهێنەر.



بێگومان شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتی، هەموو ئەو شتە سەیر و سەمەرانەش، کە لە ئەمڕۆدا هەن و مرۆڤ لە بەریاندا حەساوەتەوە، هەموویان بەری زادەی بیر و هۆش و کۆشش و کۆڵنەدان و تاقیکردنەوە و کاری بەرجەستەکردنی داهێنەرانن.. ساڵ لە دوای ساڵیش لە سایەی بیرکردنەوە و کۆششی داهێنەراندا، شتی تازەتر و سەیر و سەمەرەتر دێنە ئاراوە، چونکە مرۆڤ هەمیشە نوێخواز و پێشکەوتووخوازە، حەز بە سڕبوون و سواوبوون و بە ژیانێکی چەقبەستوو ناکات.

پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵانی داهێنەر، لەوەدایە کە چۆن بتوانین زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆیان بۆ بڕەخسێنین، تا گەشە بە توانا و خەیاڵ و بە بیرۆکەکانیان بکەن. ڕاستە کە داهێنان بەری زیرەکی و ژیرییە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، مەرج نییە کە منداڵانی داهێنەر، پلەیەکی زۆر بەرز و باڵای زیرەکیان هەبێت. لەوانەیە کە منداڵی داهێنەر پلەی زیرەکی ناوەندی بێت. ئەمەو داهێنان بە تەنها بواری زانیاری ناگرێتەوە، منداڵەکانیشتان بەم چەمکە پەروەردە مەکەن، کە دەبێت لە بۆاری زانیاریدا، سەرکەوتوو و هەڵکەوتوو و باڵادەستبن، ئەگینا نابن بە داهێنەر. ئەمە بۆچوون و تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە داهێنان هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە: بۆاری زانیاری، وێژەیی، ڕۆشنبیری، هونەری، وەرزشی، تەکنۆلۆژی،...تاد.

پێگەیاندنی منداڵانی داهێنەریش، کارێکی هێندە گران و ئەستەم نییە، کە تووشی دامان و ڕامانمان بکەن، پێویستی بە تێگەیشتن و هەوڵی زۆر و بەردەوابوون هەیە. پێویستی بە هاندان و دەستخۆشی و پشتگیریکردن و یارمەتیدان و دابینکردنی زەمینە هەیە.

هەموو دایکان و باوکان، هیوای ئەوە دەخوازن، کە منداڵەکانیان جیاواز و داهێنەربن. بەڵام تەنیا بە حەز و هیواخوازی ئەم خواستەیان نایاتەدی.

دەبێ ئەوەش بزانن، کە هەر منداڵێک ئاستێکی بڕکراوی زیرەکی و توانای بیرکردنەوە و خەیاڵکردنی هەیە، بە زۆر و بە فشار ناتوانن بیانکەن بە داهێنەر.

هەندێ پێیان وایە کە (لە سەدا هەشتا)ی زیرەکی بۆماوەیە (لە سەدا بیست)ی زیرەکی لە ڕێی فێربوون و وەرگرتنەوە گەشەدەکات و پێشدەکەوێت. بەڵام زانایانی پەروەردە و دەروونناسی، پێیان وایە کە پەروەردەی دروست و ڕاهێنانی بەرنامەیی و دابینکردنی پێداویستییەکان و هۆکارەکانی گەشەکردنی بەهرە و تواناکانی داهێنانی منداڵان، لە ڕێی بیرکردکردنەوە و خەیاڵی زانستی و بیرۆکەی نوێ و تاقیکردنەوەدا، داهێنان بەرجەستە دەبێت.. بە کورتیش کەس لە سکی دایکییەوە داهێنەر نەبووە.

ئایا دەتوانین ئەو توانا و خەونانەی کە منداڵان هەیانە، گەشەیان پێبدەین؟ ئایا دەتوانین منداڵەکانمان بەسەر پەیژەی شارەزایی و بەهرەکانیاندا، بەرەو قۆناغی داهێنان سەریان بخەین؟ لە وەڵامدا، دەڵێین ئەگەر پشوودرێژبین لە گەڵیاندا، بەری ئازادییان لێنەگرین، هاندەر و یارمەتیدەر و پشتیوانیان بین، ئەوەی لە منداڵەکانمان دەخوازین، دێتەدی.

### چەند پێناسەیەک بۆ چەمکی داهێنان:

داهێنان کردارێکە، کە داهێنەر هەوڵی ئەوە دەدات، لە ڕێی گوزارشتکردن لە خەیاڵ و بیرۆکەکانییەوە، خۆی بسەلمێنێت، بۆ ئەوەی شتێکی بەرهەم بهێنێت، کە بەلای خۆی و بە لای کۆمەڵەوە تازەیە.

داهێنان دەرئەنجامێکی داهێنانەی دژەباوە، وەکو: هۆنراوەیەکی تازە، تابلۆیەکی هونەریی تازە، یا تیۆرێکی زانیاری تازە،...تاد.

منداڵی داهێنەر، ئەو منداڵەیە کە جیاوازە و توانایەکی هۆشی باڵای هەیە، لە ئاستێکی زیرەکی و تێگەیشتووی

ئەوتۆشـدایە، کە لە ئاسـتی دیـایکراوی ئاسـایی بـاڵاترە. لە یەکێـک لە بورەکانیشـدا، لەگەڵ منـداڵە هاوتەمەنەکانیدا، جیاوازای هەیە، ئایا لە بواری زانیاری ، ویژەیی، رۆشنبیری، هونەری، وەرزشی، یا لە هەر بوارێکی تردا بێت.

منداڵی داهێنەر، منداڵێکە حەز بە خۆبردنە پێشەوە و خۆدەرخستن و خۆهەڵقورتاندن و خۆسەلماندن دەکات، دەیەوێت شت بزانێت، منداڵێکی پرسیارکەرە، دەپرسێت و وەڵامی دروستی پرسیارەکانی دەوێت. بە کورتی منداڵی داهێنەر، هۆشی پڕە لە خەیاڵ و بیرۆکە و پرسیار، پڕە لە خەون، دەیەوێت بە پراکتیکی تاقیان بکاتە و بەرجەستەیان بکات.

(تۆماس ئەدیسۆن) کەڵەزانای داهێنەر، داهێنەری وزەی کارەبا و گڵۆپ و زیاتر لە هەزار داهێنانی تر. کاتێ کە منداڵ بوو، زۆر پرسیاری دەکرد، هەچ کەسێکی بدیبایە پرسیارێکی لێدەکرد.. وای لێهات خەڵکییەکە لە پرسیارەکانی بێزاربوون. بە (نازانین) وەڵامیان دەدایەوە.. دیسان ئەدیسۆن لێیانی دەپرسی: ئەی بۆ نازانن؟ ئەم منداڵە زۆر پرسە، بوو بەو زانا داهێنەرە مەزنە، کە تا هەتایە مرۆڤایەتی قەرزاری ئەوەن.

### خەسڵەتەکانی منداڵی داهێنەر:

١- منداڵێکی خۆهەڵقورتێنە: منداڵی داهێنەر، خەیاڵ فراون و کراوەیە، بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە. هەمیشە دەیەوێت خۆی بەرێتە پێشەوە، دەرکەوێت و بوونی هەبێت. ئەوەی نایزانێت دەیەوێت بیزانێت، پەیوەندی بە ئەمەوە هەبێت یا نەبێت، دەیەوێت بە شتەکانی دەوروبەری ئاشنابێت و زانیاریی نوێی دەستبکەوێت. شتەکان و بابەتەکانی یاریکردنەکانی تاقی دەکاتەوە وەکو: بووکۆکە، ئۆتۆمبیل، فڕۆکە، بابەتی پارچەداری تر، پارچەکانیان لێک هەڵدەوەشێنێتەوە، هەوڵیش دەدات، کە دووبارە پێکەوەیان بنێت.

هەندێ لە دایکان و باوکان، لەم چەشنە رەفتارانەی منداڵەکانیان نیگەران و پەست دەبن. لەوانەیە وەکو سزادانێک بابەتەکانی یارییەکانیان لەبەردەست لابدەن و هەڵیان بگرن. بەڵام مەبەستی منداڵان لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بابەتانە، ئەوەیە کە بزانن چۆن پێکەوە نراون و چۆن دووبارە وەکو خۆیانی لێبکەنەوە. پێویستە دایکان و باوکان، لەو جۆرە بابەتانەیان بۆ بکرن، کە منداڵانی تا تەمەن پێنج ساڵان واتە (منداڵانی

قۆناغی باخچەی منداڵان) بتوانن هەڵیان بوەشێننەوە و دووبارە پێکەوەیان بنێنەوە، وەکو: میکانۆی رەنگاوڕەنگ، بووکەڵەی باغە، مورووی دەنک گەورەی رستەکراو،...تاد.

٢- منداڵێکی نەرمڕەوە: منداڵی داهێنەر، هەڵەشە و شپرزە و خۆشباوەڕ و خێرابڕیار نییە، نەرم و لەسەرخۆیە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی. مەبەستیشمان لە نەرمڕەوی، بیرچەقەبەستوو نییە، بیرۆکەیەکی دیاریکراو و شێوازێکی رۆتینی دەڤگرتووی نییە، ئەو سەربەست و رەهایە، بە دوای هەڵبژاردە و چارەسەری تریشدا دەگەڕێت.

٣- زمان پاراوە: منداڵی داهێنەر، بە زوویی زمانی گەشەدەکات، زوو فێری وشە و رستە و قسەکردن و گوزارشتکردن دەبێت، دەستکەوتی زمانی، لە سامانی زمانی هاوڕێ هاوتەمەنەکانی زیاترە.

٤- بڕوابەخۆیە: منداڵێ داهێنەر، شانازی بە کەسێتی خۆیەوە دەکات، بڕوا و متمانەی بە هێز و بە تواناکانی خۆی هەیە. هەردەمیش :گەشبینە، رووخۆشە، لێو بەخەندەیە، خۆڕاگرە، کۆڵنەدەرە، قسەخۆشە، پەرتووک و گۆڤاریش دەخوێنێتەوە.

٥- زۆر دەپرسێت: یەکێک لە سیما گرنگەکانی منداڵی داهێنەر (زۆرپرسە) دەپرسێت و هەموو هەستەوەرییەکانیشی بەکاردەهێنێت، رۆژی بە دەیان جار دەپرسێت: بۆ؟ چۆن؟ بۆچی؟ بۆ ئەوەی، ئەوەی نایزانێت دەیەوێت بیزانێت، یا شتی زیاتری لەسەر بزانێت.

نابێت دایکان و باوکان و مامۆستاکان، وەڵامی دروستی پرسیارەکانیان نەدەنەوە، یا بە ڕێیان بکەن و وەڵامێکی هەڵە و سەقەت و نادروستیان بدەنەوە.. ئەگینا زۆر لەسەر منداڵان و لەسەر ئەو کەسانەش دەکەوێت، کە بە هەڵە وەڵامیان داونەتەوە.. رەنگە منداڵان پرسیاری سەیر و نابەجێش بکەن، هەر دەبێت بە دروستی و گونجاوی وەڵامیان بدەنەوە.. زۆر پرسیارکردنی منداڵان، لایەنێکی ئەرێنییە و نیشانەی زیرەکی و ژیرییە. زۆر لە دایکان و باوکانی نابەڵەد، بە منداڵەکانیان دەڵێن: دەمتان داخەن، ئێوە منداڵن و خۆتان لە هەموو قسە و باسێکدا هەڵمەقورتێنن. بۆیە:

(یۆنامات) دەڵێ:"تا تەمەنی سیانزەساڵیم، وامدەزانی کە ناوم ـ دەمت داخە ـ یە".

(سوکرات) لە فێرکردنی قوتابییەکانیدا، زۆر پشتی بەم ڕێبازە دەبەستی، واتا شێوازی پرسیارکردن وەڵامدانەوە. تا ئەو رادەیەی کە هەندێ لە پەروەردەکاران و وانەبێژان بە (ڕێبازی سوکراتی) لە فێرکردندا ناوی دەبەن.

٦- حەزی سەرکردەیی هەیە: منداڵی داهێنەر، حەزدەکات ببێت، بە سەرکردە، بە پێشڕەو، بە سەردەستە، بە رابەری گرووپی منداڵان. ببێت بەخاوەنی بڕیار. حەزیش دەکات هەمیشە یەکەم بێت. لە نێو گرووپ و کۆمەڵی منداڵاندا، ئامادەبوونی هەبێت. تواناکانی خۆی دەربخات، رۆڵی هەبێت، را و بۆچوونەکانی بەهەند بزانن.

٧- خەیاڵفراوان و بیرتیژە: منداڵی داهێنەر،خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و بیرێکی تیژە.

٨- چاونەترس و ئازایە: منداڵی داهێنەر، منداڵێکی سەرکیش و چاونەترسە، بە بڕواوە کار و تاقیکردنەوەکانی ئەنجام دەدات. هەڵە و شکستییەکانی کۆڵیپێنادەن. بەرپرسیێتی دەرئەنجامی کارەکانی هەڵدەگرێت. خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزە و دان بە ئەستەمدا نانێت.

٩- حەز بە سەربەخۆیی دەکات: منداڵی داهێنەر، حەز بەوە ناکات کە فشار بخەنەسەری و سنوورداری بکەن، حەزیش ناکات کەسانی تر، دەست لە کارەکانی و لە بڕیارەکانی وەربدەن. نایەوێت پشت بە کەسانی تریش ببەستێت. دەیەوێت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت. بە ئەوپەڕی ئازادی و سەربەخۆییشەوە بڕیار بدات و رەفتار بکات.

١٠- خێرا لێکدەرەوەیە: منداڵی داهێنەر، بە خێرایی و بە وردی تێبینی شتەکان دەکات و لێکیان دەداتەوە و هەڵیاندەسەنگێنێت. گەر رووبەڕووی کێشەیەکیش بێت، بە خێرایی لێکیدەداتەوە و بە خێراییش چارەسەرێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

## چەند هەنگاوێک بۆ بە داهێنەرکردنی منداڵان:

١- دۆزینەوەی بەهرە و توانا و، لایەنە جیاوازەکانی کەسێتی منداڵەکانتان.

٢- ناوبردن و پۆلێنکردنی، هەموو ئەو شتانەی لە بەرچاوی منداڵەکانتانن. ناو زانین و بۆچی بەکارهێنانی ئەوشتانە، گرنگن لە کرداری داهێناندا.

٣- سەیرکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی پەروەردەیی و فێرکردن و خۆشیبەخشەکان، بە شێوەیەکی لەبار، کە هەست بە بێزاری وەرستبوون نەکەن.

٤- بابەتی یاریکردنی تازەیان بۆ دابین بکەن. ئەو بابەتانەشیان بۆ دابین بکەن کە گەشە بە زیرەکییان دەکەن. یا بۆ راهێنانی هۆشی منداڵان لەسەر بیرکردنەوە، مەتەڵیان لێبپرسن. بە سەدان مەتەڵی کوردەواریمان هەن. بۆ نموونە، ئەمە چییە و چی پێدەڵێن: "سەوزە وک خەیار، بەرزە وەک چنار، مزرە وەک هەنار، لە دێوە دەیهێنن بۆ شار؟".

٥- منداڵەکانتان لەسەر هەمیشە کۆششکردن و ئارامی و دانبەخۆگرتن رایان بهێنن.

٦- منداڵەکانتان رابهێنن کە بەبێ ترس، رەخنەبگرن و را و بۆچوون و تێبینییەکانیان دەربڕن. هەوڵی راستکردنەوەی هەڵەکانیش بدەن.

٧- رێز لە ئازادی و سەربەخۆیی و لە تایبەتمەندییەکانیان و لە را و لە بۆچوونەکانی منداڵەکانتان بگرن. وەکو: کاتی نووستنیان، هەڵبژاردنی رەنگەکانی جلوبەرگەکانیان.

٨- گەر بلوێت، شوێنێکی دیاریکراو، بۆ چالاکییەکانی منداڵەکانتان تەرخان بکەن.

٩- مەرج و سانسۆر و سەپاندن، مەخەنە سەر یارییەکانی منداڵەکانتان، با بە کامی دڵیان، حەزیان لە چ یارییەکە ئەوە یارییە بکەن. تەنها یاریی زیانبەخش نەبن.

١٠- ئەوەش مەخەنە دڵیانەوە کە ئێوە لێیان دەترس کە تووشی ئازاربن، چونکە ئەم نیگەرانییەی ئێوە، ئازادییان زنجیر دەکات، ناهێڵن بە هەوەسی خۆیان یاری بکەن. نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە: لە ساڵی (٢٠٠٣) دا، لە شاری (بێرگن) لە (نەرویج) لە باخچەیەکی منداڵان دا، پراکسیسم دەکرد. کچێکی منداڵی خرپن، بە دارێکی بەرزدا

هەڵگژا و ویستی بچێتە سەر دارەکە، منیش هاوارم لێکرد، سەرنەکەوی، دابەزە. بەڕێوەبەری باخچەکەش چاوی لێبوو، بە منی وت:"مەیترسێنە، با سەربکەوێت، پێشتر بە دارێکی نزمدا سەرکەوت. ئەو دەیەوێت لە بەردەم هاوڕێکانیدا، هێز و توانا و ئازایی خۆی دەربخات. دەشێوێت لەسەر دارەکەوە، دیمەن و رووبەرێکی زیاتر ببینێت".

١١- لە منداڵەکانتان بگەڕێن، با فێری یاریی شەترەنج و تاوڵە بن، یا یاری (وشەسازی) دروستکردنی چەند وشەیەک لە چەند پیتێک یا پڕکردنەوەی خانە بەتاڵەکان بە پیت، بۆ دۆزینەوەی وشەی داواکراو. ئەمانە و چەندین یاریی هاوشێوەی تر هەن. ئەم جۆرە یارییانە مێشکی منداڵان چالاک دەکەن.

١٢- لە منداڵەکانتان بگەڕێن، با بە هەوەسی خۆیان وێنەکانیان بکێشن. منداڵان لە ڕێی وێنەکانیانەوە، گوزارشت لە ناخی دڵ و دەروونیان دەکەن، لە راز و نیاز و هیوا و لە خەون و خواستەکانیان دەکەن.

١٣- دەتوانن هەندێ چیرۆکیان بۆ بگێڕنەوە یا بخوێننەوە. ئێمەی کورد گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی چیرۆکی فۆلکلۆری و چیرۆکی بەرئاگردانمان هەیە. ئەمەو چیرۆکەکانی ئیزۆپ، لاڤۆنتین، هانس کریستیان ئەندەرسن، برایانی گریم، لیۆن تۆڵستۆی، ئەسترید ليندگرين، کلیله و دیمنه ی عەبدوڵلا بن موقەفەع،...تاد. چیرۆکەکانی ئەم نووسەرانە لەبارن بۆ منداڵان، لە(١٢.٣) ساڵان. کۆمەڵێک چیرۆکنووسی هاوچەرخی کوردیشمان، چیرۆکەکانیان بۆ منداڵان لە ئاستێکی جیهانیدان، لەوانەش چیرۆکنووسانی منداڵان: فەرەیدوون عەلی ئەمین، لەتیف هەڵمەت، محەمەد فەریق حەسەن، جەلال مەحموود، تاهیر ساڵح سەعید، عومەر عەبدولرەحیم، جەزا عەلی ئەمین، سەلام مەنمی، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، سەلاح نیساری، فەوزیە مەنمی... تاد.

١٤- گەشتی رۆشنبیری و زانیاری بۆ منداڵەکانتان رێکبخەن وەک: سەردانی مۆزەخانە، گەلەری وێنە، شوێنە رۆشنبیرییەکان، کتێبخانەی گشتی، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، چاپخانەکان، کارگەکان، ئەو شوێنانەش کە گۆڤارەکانی منداڵانیان لێ ئامادە دەکرێن.

١٥- خێزانان بە گشتی و دایکان بە تایبەتی، رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵانی نوێخواز و داهێنەر و پێشکەوتووخواز. هەر بۆ نموونە، دووبارە (تۆماس ئەدیسۆن) دەڵێ:"ئەوە دایکم بوو کە دروستی کردم" بۆیە هەمیشە خۆی بە قەرزاری دایکی دەزانی.

١٦- هانــدان و ســتایش و ئــافەرین و دەستخۆشــی لە منــداڵان، لە کــاتی ئەنجامــدانی کــارێکی داهێــنەرانە، کارتێکردنێکی ئەرینیان لەسەر منداڵان و درێژەدان بە داهێنانەکانیان هەیە.

١٧- لە ئەمڕۆدا، ئینتەرنێت و ئایپاد، ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەکردنی هۆش و خەیاڵی منداڵاندا هەیە، بەڵام پێویستە کۆنترۆڵبکرێن و بەرەو لایەنە ئەرێنییەکان ئاراستەبکرێن.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە منداڵانی بەهرەمەند و زیرەک و داهێنەری کوردمان زۆرن. بەڵام بە داخەوە، کە وەکو پێویست، نە پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن و داهێنانیان بۆ دابین دەکەن، وەکو پێویستیش نە پشتیتان دەگرن و نە هانیان دەدەن.

٢٢ی جوولای ٢٠١٧

## سوودەکانی گۆرانی بۆ منداڵان.



لەگەڵ بوونی کورد دا، گـۆرانی کوریش هەبـووە، گـۆرانی بـووە بە بەشێک لە ژیـانی کـورد، بـووە بە هۆکارێـک بـۆ گوزارشـتکردن لە هەسـت و سـۆز و لە خۆشەویسـتی و لە لە خۆشـییەکانی نـاخی دەروونـی.. ئـێمەی کـورد خـاوەنی گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەندین لە گۆرانی فۆلکلۆری هەمەبابەتی ڕەسەن، کە مۆرک و تـایبەتمەندی و ڕەنگ و بۆی کوردەوارییان پێوەیە دیارن و جیاوازیاشیان هەیە لەگەڵ گۆرانییەکانی گەلانی تـر.. بە سەدان بەیت و بـالۆرێ و گـۆرانی فۆلکلـۆری و میللـی کوردیمـان هەن، کە تـا ئەمـڕۆش چـێژ و خۆشـییان کـاڵنەبوونەتەوە.. داگیرکەرانـی

کوردستانیش نەیانتوانی ژینوسایدی گۆرانییە کوردییە رەسەنەکانمان بکەن، گەرچی بەشێکیان لێدزیوین و شیواندوویانن.

باسەکەمان دەربارەی گۆرانییە بۆ منداڵانە، ئەو گۆرانییانەی کە گۆرانیبێژە گەورەکان بۆ منداڵانی دەیانڵێن.. یا بە دەنگی ناسکی خودی منداڵان بە تاک یا بە کۆمەڵ دەوترێن. گۆرانییەکانیش بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان پۆلێن دەکرێن.. پێویستە لە رووی فۆرم و ناوەڕۆک و واتا و کێش و ئاواز و تریەوە، لەگەڵ قۆناغەکانی توانای وەرگرتن و فێربوون و وتنەوەی منداڵاندا بگونجێن.

من لە کتێبەکەمدا (چاوپێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان) کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە لایەن (کۆمەڵەی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک) ەوە چاپکراوە. لە بەشێکی ئەم کتێبەمدا، باسمان لە سوودەکانی (لای لایە) کردووە، کە لە لایەن دایکانەوە بۆ کۆرپە و ساوا جگەرگۆشەکانیان دەکرێ.

(لامارتین) دەڵێ:" جوانترین هۆنراوە لە سەرانسەری جیهاندا لای لایەی دایکانە".

لای لایە و لاواندنەوە بۆ منداڵانی کۆرپە و ساوا دەکرێن، کاتێک کە دایکان دەیانخەنە نێو لانک یا بێشکەوە یا جۆلانێ، لەگەڵ راژەنیندا، بە لای لایە و گۆرانی گونجاو، سۆز و خۆشەویستی و ئاهی ناخی دڵیان بۆ کۆرپەکانیان دەردەبڕن.. تا خەو بیانباتەوە.

لەم نووسینەماندا، بە کورتی باس لە سوودەکانی گۆرانی بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان و قۆناغی قوتابخانەی بنەڕەتی دەکەین.. بە تایبەتیش قوناغی باخچەی منداڵان، کە بە قۆناغی زووی منداڵیش ناودەبرێت، لە چەند باسێکی پەروەردەیی تریشدا، باسمان لە گرنگی و لە هەستیاری ئەم قۆناغە لە ژیانی مرۆڤ کردووە.. یەکەمین خشتی بناغەی کەسایەتی هەر کەسێک لەم قۆناغەدا دادەنرێت، لێرەوە پێشبینی ئەوەی لێدەکەین کە لە داهاتوودا دەبێتە چ کەسایەتییەک.. هەر لەم قۆناغەدا چەمکە بنەڕەتییەکان لای منداڵان جێگیردەبن، کە لە ئایندەدا دەتوانن زیاتر و زیاتر پەرەیان پێبدەن.. لەم قۆناغەدا زمان زۆر بە خێرایی گەشەدەکات، چونکە زمان لە پێویستی و پێداویستییەکانی پەیوەندیکردن و دەربڕین و گوزارشتکردنە.. پێویستە ئەم هەلە لە بەرژەوەندی منداڵاندا بقۆزرێتەوە، تا منداڵان بتوانن رادەیەکی زۆری وشە و دەستەواژە و رستە و چەمکەکان وەربگرن و فێربن،

گەنجینەی زمان و زانست و زانیاری گشتیشیان دەوڵەمەند بكەن.. هەر لەم قۆناغەدا،هۆش بە ئەوپەڕی خێراییەوە گەشەدەكات.. لە لێكۆڵینەوەیەكی پراكتیكیدا، ئەوە دەركەوتووە، كە ڕێژەی زۆری گەشەكردنی هۆشی منداڵان تا تەمەنی چوار ساڵی دروست دەبێت.. ساڵانی پێش قوتابخانەش بە (تەمەنی یاری) ناسراوە، چونكە منداڵان ڕۆژانە كاتێكی زۆریان بە یاریكردن و خۆشی بەسەردەبەن.. بە (تەمەنی دۆزینەوە)ش ناودەبرێت، منداڵان لەم تەمەنەدا، دەیانەوێت شتی تازە و زیاتر بزانن و بدۆزنەوە، لە سروشتی ژینگە و دەوروبەریان دەگەن، ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە نێو خەڵكیدا دەزانن، تا بۆیان بكرێت دەیانەوێت زیاتر بزانن، شت تاقیبكەنەوە و، شتی تازە بدۆزنەوە.

## چەمكی گۆرانی منداڵان:

تا ئێستا گەلێ پێناسە و ڕاڤەی جیاواز، بۆ چەمكی گۆرانی منداڵان كراون، وەكو:
گۆرانی منداڵان، بریتییە لەو پارچە هۆنراوە سوك و ئاسانانە، لە فۆرم و ناوەڕۆك و واتادا، كە لەسەر كێشێكی سووكی تایبەتی دەهۆنرێنەوە، دەگونجێن كە منداڵان بە تاك یا بە كۆمەڵ بە گۆرانی و ئاوازەوە بیان چڕن.

(ئەحمەد نەجیب) ش دەڵێ:"هۆنراوە لە شێوەی، گۆرانی، سروود، ئۆپەرێت، نمایش، شانۆشیعردا خۆی بە جیهانی منداڵان ئاشنادەكات".

لە پێناسەیەكی تردا: گۆرانی منداڵان بریتییە لە جۆرێك لە جۆرەكانی ئەدەبی شیرین و بڵاو، ئاوازەكانیان منداڵان دەوروژێنن و دەیاهێننە جۆش خرۆش.

خۆشەویستی و ئارەزووی منداڵان بۆ گۆرانی، حەزێكی سروشتییە، گۆرانی هۆكارێكی ئاسانە بۆ شیرین كردنی فێربوون لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا.. ئەوان لە بنەڕەتدا، لە ڕێی وشە و ڕستە دووبارەكردنەوەوە، فێری زمان دەبن.. بۆ نموونە، ئەم كۆپلەیە:

*هەر دەرنایە.. هەر دەرنایە*
*قاچمان تەزی.. بووك دەرنایە*
*هەر دەرنایە.. هەر دەرنایە*

*دەستمان تەزی.. بووک دەرنایە*

*هـەر دەرنــایە.. هـەر دەرنــایە*

گـۆرانی ئەو چـالاکییەیە، کە منـداڵان بە هەمـوو هەسـتێکیانەوە، بە شـێوەیەکی نەسـتی تیـدا نوقـم دەبـن.. بە ئازادیش گوزارشت لە هەستەکانیان دەکەن.. ئەم هەست و نەستەش ئـارمییەکی قـووڵی دەروونییـان پێدەبەخشێت.. منداڵان حەز لە گۆرانی رتم خێرا دەکەن و، حەزیان بە رتمی خاو نییە.

*شاعیری ناسراوی سوری (سلێمان ئەلعیسا) لە کتێبەکەیدا (دیوانی منـداڵان) دەڵـێ:*

"لە منداڵان بگەڕێن، با سروود بچڕن، گۆرانی بڵێن، بە نرخترین دیاری کە پێشکەشیان بکەن، ئەو وشە جوانـانەن کە دەیانخـەنە سەر لێوەکـانیان.. بۆ ئەوەی کە زمانەکەیان خۆشبێ.. بۆ ئەوەی کە نیشـتمانەکەیان خۆشبێ.. بـۆ ئەوەی کە خەڵکی و گـوڵ و بەهـار و ژیانیـان خۆشبێ.. پێویسـتە فێـری سـروودی خۆشیان بکەیـن.. هۆنـراوەی جوانیان بۆ بنووسین".

زۆر جاریش ئەم جووتە وشانە پێکەوە دێن و دەبنە پێویستی و بە تەواوکەری یەکتری: (سروود و گۆرانی، هۆنراوە و گۆرانی، سروود و موزیک، گۆرانی و موزیک، گۆرانی و هەڵپەڕکێ، گورانی و چەپڵە، هۆنراوە و ئـاواز، گـۆرانی و ئاواز).

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک گۆرانی فۆلکلۆری رەسـەنمان بـۆ منـداڵانی کورمـان هەن، وەکـو (هەیـاران و مەیـاران، بووکە بە بارانە، هەلـوور بەلـوور، حل حلی و بل بلی، حێلانـێ، هـۆ رێـوی رێـوی، هەتـەرێ و مەتـەرێ.. نەورۆزە وەرنە دەرێ، پـام سۆ دەستم سۆ.. شـەکری عەمـارانم سۆ، حـاجی لەقـلەق مـار هـات، چەنـدین گـۆرانی فۆلکلـۆری تریش، کە منداڵان بە کۆمەڵ لەگەڵ یاریکردن دا، دەیان ڵێنەوە.

کۆمەڵێک شـاعیری ناسراویشـمان، هـۆنراوەی شیرین و ناسکیان بـو منـداڵان نووسـیون، هۆنراوەکانیـان لە لایەن هۆنەرمەندانی ئاوازدانەرەوە، کراون بە گۆرانی بۆ منداڵان، لەو شاعیرانەش (زێوەر، فایق بێکەس، گـۆران، عەلـی عەبدوڵڵا شەونم، کاکەی فەللاح، هەژار موکریـانی، فەرەیـدوون عەلـی ئەمین، لەتیـف هەڵـمەت، دایکی سۆلاڤ،

کازم کۆیی، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، سەلاح نیساری، ڕۆستەم باجەلان، سەبری بۆتانی، سیمین چایچی، علیڕەزا محەمەدیان، جگەرسۆز پێندڕۆیی، ئەمین گەردیگلانی، عوسمان هەورامی، عەبدولڕەحمان فەهیمی،... هتد).

لە ڕاستیشدا، تا ئێستا گۆرانبێژێ چ پیاو چ ئافرەتمان نییە، کە بە تایبەتی لە بواری گۆرانی منداڵاندا کاربکەن.. تەنها گۆرانیبێژ مامۆستا (سەلاح محەمەد کۆیی) نەبێت، کە لە لای منداڵان بە (مام عەوڵا) ناسراوە.. کە نزیکەی دە کلیپی تۆمارکراوی بۆ منداڵان هەیە لەوانەش (هەلوور بەلوور) و(دێوەرە) و (بووکانە) و (ئەم مەشکێ.. نە دۆی دەخورێ و نەکەشکێ) و (پۆلیسی هاتوچۆ) کە بە زۆری لە کەناڵەکانی پێلیستانک و کوردماکس پەپوولە و زارۆک دا نمایش دەکرێن.. هەر لەم کەناڵانەشدا، کۆمەڵێک منداڵانی چاوگەشی بەهرەمەند، چەندین گۆرانی خۆشیان تۆمارکردوون.. ئەم منداڵانە و ئەو هونەرمەندە دڵسۆزانەش کە رایانهێناون شایانی ئافەرین و دەستخۆشین.

ناشبێ ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هونەرمەند کاک (فوئاد مەولانەیی) لە یاد بکەین، کە وەرچەرخانێکی بە گۆرانی کوردی منداڵان کرد، چەندین ئاوازی بۆ هەڵبەستی منداڵان دانا و ئامادەی کردن و منداڵانی بەهرەمەندی ڕاهێنان.. ئەو گۆرانییانە بە دەنگی منداڵانی شاری سلێمانی بۆ کەناڵی کوردسات تۆمارکران و نمایش دەکران.. هیوای ئەوەم دەخواست کە کاک فوئاد لەم خزمەتە پیرۆزەیدا بەردووام بوایە.. بەڵام ئەویش ئەو چالاکییانەی نەمان و.. هۆکاری وازهێنانیشی لای خۆیەتی.

لە سلێمانی و لە هەولێر و دهۆک ساڵانە فێستیڤاڵی منداڵان بۆ گورانی و هەڵپەڕکی و شانۆگەری پێشکەش دەکرێن، هیوادارم سەرپەرشتیارانی ئەم فێستیڤاڵانە زیاتر خۆیان ماندووبکەن و جوانتر ئەم فێستیڤاڵانە بە باتی گۆرانی منداڵان برازێننەوە و زۆرترین منداڵان چ وەکو تاک یا کۆرس بەشدارییان تێدابکەن، تا چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکانیان لە ئاستی گرنگی و پێویستییەکانی ئەم سەردەمەدابن.

## سوودەکانی گۆرانی بۆ منداڵان:

گۆرانی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فێرکردن و لە ڕۆشنبیری کردن و لە بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵان، گۆرانی هەست

و ویژدان دەبزوێنێ و دەدوێنێ، لە سایەی گۆرانیدا گەلێ سوود و ئامانجی پەروەردەیی و زمان و کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی منداڵان دێنەدی.. گرنگترین سوودەکانی گۆرانیش بۆ منداڵان ئەمانەن:

١- گۆرانی ئاسوودەیی دەروونی و چێژی هونەری و ئەدەبی بە منداڵان دەبەخشێت و، خۆشی و شادی دەخاتە دڵیانەوە.. لەسەر بە جوانی گوێگرتنیش رایان دەهێنێت.

٢- گۆرانی بوارێکی گرنگ و باشە بۆ ئەوەی کە منداڵانی بەهرەمەند و هونەرپەروەر ، بەهرە هونەرییە خەپەکراوەکانیان ئاشکرابکەن و بە ئاوازەوە دەنگیان دەربڕن.

٣- سامانێکی زمانی و هۆشی بە منداڵان دەبەخشێت، دەشتوانن باشتر گوزارشت بکەن.

٤- گۆرانی یارمەتی منداڵان دەدات، کە سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان شیرینتربن، شانازیش بە فۆلکۆر و ئەدەبی گەلەکەیانەوە بکەن.

٥- گۆرانی کە جووڵە و ترپەی تێدایە، چالاکی منداڵان چالاکتر دەکات و، لە بێزاربوون و وەرستبوون و بێمەیلی دووریان دەخاتەوە.

٦- گۆرانی هۆکارێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو قوتابییانەی کە شەرم دەکەن و گۆشەگیر و دوورەپەرێز و نائارام و ڕاڕا و کەمدوون و کەمتێکەڵن.

٧- گۆرانی هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی رەفتاری جوان و دروست و بەهای بەرز.

٨- گۆرانی کە زانست و زانیاری لەخۆگرتوون، بە سەرچاوەیەک دادەنرێت کە منداڵان لێوەی فێری ئەو زانست و زانیارییانە دەبن کە لە دووتوێیاندان.

٩- منداڵان فێری ئەوەدەبن، کە بە تەواوێ و بە رەوانی وشە و رستەکان دەربڕن.

١٠- لە دووتوێی هەندێ گۆرانیدا بۆ منداڵان، رێنمایی باشیان لەخۆگرتوون، وەکو: پێبەندنبوون بە رێنماییەکانی ترافیک، ژینگە پارێزی، رێزگرتن، هاوکاری کردن، هەروەزی کردن، چاکەخوازی، خوشکایەتی و برایەتی، کۆششکردن، ریزگرتن لە یاسا، ئازایی، ئازادیخوازی، دیموکراتیخوازی، دادپەروەری، یەکسانی، ئاشتیخوازی،... هتد.

-----------------------

*تا رادەیەک سوودم لەم سەرچاوە عەرەبیانەوە وەرگرتووە:*


١- (اغاني الاطفال في عمر ما قبل المدرسة تزيد ذكاء الاطفال. رندة خورى. مجلة خطوة).

٢- (وظيفة الاغانى والاناشيد في حياة الاطفال. عبدالرزاق مختار محمود).

٣- (اغاني الاطفال الشعبية. احمد علي الحاج محمد).

٤- (اغنية الطفل وتأثيرها على شخصيته. اعداد. آلاء فاروق عبدالقادر).


٨ی جوولای ٢٠١٧

## هاندانی منداڵان بۆ هاوبەستەبوون بۆ کوردستان لە هۆنراوەی شاعیراندا.

لای هەموو کوردێکی کوردستان پەروەر و دڵسۆز و بە ئەمەک و شیرپاک، کوردستان پیرۆزترین و خۆشەویسترین و جوانترین و شیرینترین و دڵگیرترین شوێنە. هیچ سۆز و پەرۆش و خۆشەویستییەک، ناگەنە سۆز و پەرۆش و خۆشەویستیمان بۆ کوردستان.

کوردستان نیشتمانی شیرینمانە، دایکی دڵسوزمانە، ناسنامەمانە، مێژوومانە، شکۆداری و شانازیمانە، ئابڕوومانە، دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتوومانە، کوردستان گروپی خوێنمانە، هەناسەمانە، رووح و گیانمانە، بە بێ کوردستانمان

ژایان و مانمان هیچ واتایەکی نییە.

کوردستان تەنها ناوێک نییە لەسەر زمانمان، کوردستان سۆز و هەستێکی قووڵە لە ناخی دەروونمان، خۆشەویستییەکی بێوێنەیە لە توێ دڵمان، هەمیشە لەبەر چاومانە.

کوردستان، جێی هەزاران ساڵمانە، خاک و خۆڵمانە، چیا و گرد و دۆڵمانە، بەرد و دەوەن و دارمانە، گوڵ و گوڵزارمانە، چەم و رووبارمانە، سەیرانگا و بەهەشتمانە، ماڵ و گوند و شارمانە، خزم و کەس و کارمانە، کوردستان هەموو شتێکمانە.

سۆز و هەست و خۆشەویستی کوردستان، هەر بە زگماکی و بە رەمەکی و بە سروشتی لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکانمان لە دایک دەبێت. ئەم خۆشەویستییە، لە دڵی هەموو کوردێکدا هەیە. خۆشەویستی کوردستانیش پەیوەستە، بە دڵسۆزی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستان، هاوبەستەبوونیش، کۆشش و خەبات و بەرگری و داکۆکی و قوربانیدانە لە پێناوی رزگاری و پاراستن و سەروەریی کوردستانی نیشتمانی جوان و شیرینمان.

لە ئەدەبی کوردیدا (نیشتمان، وەتەن، وڵات، زێد) مەبەست لەم وشانە کوردستانە و هاومانای کوردستان دەگەیەنن. کوردستان بە کام لەو چوار زاراوەیە لە هۆنراوە و لە پەخشانی کوردیمان ناوبرابێت، مەبەستی شاعیران و نووسەرانمان هەر کوردستانە، تەنانەت لە هۆنراوەی شاعیرانی گەلانی دونیاش وشەی (نیشتمان) و (وڵات) کە دوو وشەی گشتین لە جێی ناوی وڵاتەکانیان بەکاریان هێناون. لە بارەی نیشتمانەوە:

*(بایرۆن) دەڵێ: "ئەوەی نیشتمانەکەی خۆش نەوێت، هیچی خۆش ناوێت".*

*(بومارشە) ش دەڵێ: "دەبا ئامانجی هەموومان هەر نیشتمان بێت، لە نیشتمان زیاتر هیچی تر نەبێت".*

هۆنراوە بەسەر کوردستان یا (هۆنراوەی نیشتمانی)، پانتاییەکی زۆری لە هۆنراوەی کوردیمان گرتۆتەوە، زاڵە بەسەر جۆرەکانی تری هۆنراوەی کوردیدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە داگیرکەرانی رەگەزپەرستی کوردستان، بە ئەوپەڕی درندەیی و دڵرەقی و نامەردی و بێویژدانییەوە ئیمەی کورد دەچەوسێننەوە، بەری ئازادییان

لێگرتووین، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەمان دەدەن و بە زۆر و تۆبزی زمان و کلتوورێکیان بەسەردا سەپاندووین کە نامۆیە بە لای ئێمەی کوردەوە، ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین نە تورک و نە فارس و نەعەرەبین. خاوەنی زمانی تایبەتی خۆمانین کە زمانی شیرینی کوردیمانە.

بێگومان هۆنراوە، چەکێکی گرنگە لە رووی داگیرکەران، رۆڵێکی گرن و کاریگەریشی هەیە لە هۆشیاری و راپەڕاندن و هاندان و خۆڕاگری و بەرگریکردن لە کوردستان.

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە، رۆڵی گرنگی شاعیرانی کوردمانە لە هاندانی منداڵانی کوردمان، بۆ سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستانمان. ئەگەرچی ئەم ئەرک و پێویستییە پیرۆزە، بە تەنها ئەرکی شاعیران و نووسەران نییە، بەڵکو ئەرکی سەر شانی دایکان و باوکان و مامۆستاکان و هونەرمەندان و میدیاکاران و راگەیاندکاران و دەزگا پەروەردەییەکان و هەموو کوردستان پەروەرێکی دڵسۆزیشە.

ئێمە لە لەسەر ئەم بابەتە، پێشتر دوو نووسینی ترمان بڵاوکردەوە. یەکەمیان لە ژێر ناوی ( کوردستان و نیشتمان لە هۆنراوەکانی لەتیف هەڵمەت بۆمنداڵان: کە لە مانگی یانواری ٢٠١٤) دا بڵاوم کردەوە، دووەمیشیان لەژێر ناونیشانی (پێویستە منداڵەکانمان بە کوردستان پەروەریی گۆش بکەین: لە ئوکتۆبەری ٢٠١٥) دا بڵاوم کردەوە.

ئەم نووسینەشمان درێژەدانە، بە هەمان بابەت و مەبەستی ئەو دوو نووسینەمان.

لەم نووسینەمدا، بە کورتی ئاماژە بە دوو سێ دێڕ یا زیاتری هەندێ لە هۆنراوەکانی هەندێ لەو شاعیرانەمان دەدەین کە هۆنراوەی کوردستانی (نیشتمانی) یان بۆ منداڵانی کوردمان نووسیون، تێیاندا باس لە جوانی و قەشەنگی و رەنگینی کوردستان دەکەن. هانیان منداڵانی کوردمانیان داون، کە کوردستانی نیشتمانمانیان خۆش بوێ و بە دڵسۆزی و کردەوەیی، هاوبەستەبوونی خۆیان بۆی بسەلمێنن، بێوچان تێبکۆشن و خەبات بکەن و کۆڵنەدەن، تا بە تەواوی کوردستان لە داگیرکەران رزگاردەکەین.

بێگومان لە کورتە نووسینێکی وادا، نەمان توانی ئاماژە بە هۆنراوەکانی هەموو ئەو شاعیرە دڵسۆزانەمان لەم

بوارەدا بدەین، چونکە منێکی دوور لە کوردستان، هەموو سەرچاوەکان و پەرتووەکەکانیانم لە بەردەستدا نییە. بۆیە داوای لێبووردنیان لێدەکەم.

***شاعیری مەزنمان (گۆران) کە چەند هۆنراوە و ئۆپەرێتێکدا کە بە زمانێکی ئاسان و ناسک بۆ منداڵان نووسیون، لە کۆپلەی یەکەمی هۆنراوەی (کوردستان) دا، دەڵێ:***

*کوردستان، کوردستان*
*نیشتمانی جوان*
*هەر بژی بە شادی*
*سەربەستی و ئازادی*
*هەر بژی، هەر بژی، هەر بژی*
(دیوانی گۆران)

ئەم هۆنراوەیەی گۆران کراوە بە سروود، بۆ گەورە و بۆ منداڵانیش دەشێ. گۆران لەم هۆنراوەیەیدا، لە ناخی دەروونییەوە جەخت لەسەر جوانی کورستانی نیشتمانمان دەکات و، ئەوەشی بۆ دەخوازێت کە هەر بە سەربەستی و ئازادی بژی. ئازادی و سەربەستی گرنگترین شتن بۆ کورد و بۆ کوردستان. بۆیە پێویستە منداڵەکانمان هەر لە منداڵییەوە بە کۆردستان پەروەری و بە سەربەستی و ئازادیخوازی گۆش و پەروەردە بکەین.

(فایق بێکەس)ی نەمریش لە سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی) دا، کە یەکێکە لە سروودە بەرزە کوردییەکانمان، هەرگیز چێژ و خۆشی ئەم سروودە لای گەورە و لای منداڵانی کوردمان کاڵ نابێتەوە، بێکەس بە زمانێکی شیرین و سادە، باسی سروشت و جوانی کوردستانی وەتەنمانی کردووە، بە شوێن و لانەی کوردی مەرد و قارەمان و شێر دەزانێت، ئەوەشمان پێدەڵێت کە وەتەن (کوردستان) چاوی لیمانە کە رزگاری بکەین و دەری بکەین لە تەنگانە و لەژێر دەستی داگیر کەران دەربێنین، شایەنی ئەوەش نییە کە بێتە وێرانە، لە کۆپلەی یەکەمی (خوایە وەتەن ئاواکەی) دا، دەڵێ:

**خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر و شیرینە**

دەشتی خۆش و ڕەنگینە، ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
لە دوا کۆپلەی خوایە وەتەن ئاواکەی دا، دەڵێ:
وەتەن چاوی لێمانە، دەری کەین لە تەنگانە
حەیفە بێتە وێرانە، ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

(دیوانی بێکەس)

(زێوەر) یش کە مامۆستای قوتابخانە بوو، چەند هۆنراوەی نیشتمانی بە دەمی خودی منداڵان خۆیانەوەو بۆ نووسیون، کە بۆ ئەو سەردەمە و بۆ ئەمڕۆش بایەخی خۆیان لە ئەدەبی منداڵانی کوردمان دا بووە و هەیە. لە هۆنراوی (گۆرانی بۆ قوتابیان) دا، دەڵێ:

*ئێمە منداڵ و نەوجەوانین*
*هەموو بە قوربانی کوردستانین*

لەو سەردەمەی کە زێوەر تێیدا دەژیا، بە لای داگیرکەرانی کوردستانەوە، ناوهێنانی (کوردستان) بە تاوان دادەنرا، بەڵام زێوەر بە ئەوپەڕی دلێری و تەحەددییەوە، دەڵێ:

*وەتەنی من کوردستانە یادگاری ئەجدادمانە*
*بەهەشتی رووی سەر زەمینە خاکی پاکی کوردستانە*
*لە هۆنراوەی (قسەی قوتابییەک) یشدا، دەڵێ:*
*ئێمە منداڵین، وەتەن ماڵمانە*
*مامۆستا دایک، مەکتەب باوکمانە*
*لە دوا دێڕی ئەم هۆنراوەیەدا دەڵێ:*
*ئەبێ تێکۆشین ئەمڕۆ مەردانە*

چونکە وەتەنمان چاوی لێمانە

(دیوانی زێوەر)

(بەختیار زێوەر) کە کوڕی زێوەرە و ڕێچکەی باوکی گرتەبەر، ئەویش دار و بەردی وەتەنی زۆر لا شیرینە و خۆی بەفیدایان دەکات، چونکە هەموو ئەو شتانەی لە کوردستان دان بەشێکن لە کوردستان، لە سرووودی (چەند شیرینە لام) دا، دەڵێ:

چەند شیرینە لام، داروبەردی وەتەنم
بە فیدای ئەکەم، سەر و گیان و بەدەنم

(هەژار موکریانی) یش چەند هۆنراوەیکی ناسکی بۆ منداڵان نووسیوە، لە سرووودی (کوردستان نیشتمان کورد) دا، کوردستان بە بەرز و پیرۆز دەزانێت، بۆیە سوێندی پێ دەخوات کە خوی و چیی هەیە دەیانکات بە قوربانی کوردستان، دەڵێ:

کوردستان، نیشتمانی کورد
بەرز و پیرۆزی سوێندت پێ ئەخۆم
بە سەربەخۆیی و بە خوێن و بە گیان
بە ماڵ و منداڵ بە قوربانی تۆم
کوردستان، کوردستان

(دڵدار)ی خاوەنی مارشی نەتەوەییمان (ئەی رەقیب)، لە هۆنراوەی( رۆڵەی تازە) بۆ منداڵان، بە زمانی منداڵانەوە، رووح و گیانیان فیدای وڵات (کوردستان) دەکەن:

من رۆڵەی کوردستانم
تازە رۆڵەی کوردانم
تا وڵات سەرکەوێ

*فیدایە ڕۆح و گیانم*

(پیرەمێردی) ی نەمر، شاعیر و فەیلەسوف و ڕۆژنامەنووس، خاوەنی هۆنراوەی (نەورۆز)، لە هۆنراوەی (بەستەی کوردی) دا، نیشتمان دایکی دڵسۆزە:

*نیشتیمان دایکی دڵسۆزە*

*خۆی ڕێکخست بە مرواری و پیرۆزە*

*پیرەمێردی نەمر، بە دەمی منداڵانەوە، لە هۆنراوەی (تازە گوڵی چیمەنین)دا، دەڵێ:*

*تازە گوڵی چیمەنین*

*بەرخە کۆرپەی وەتەنین*

(جگەرخوێن) کە ناوی (شێخ موس حەسەن محەمەد)ە، شاعیرێکی ناسراو و گەورەی گەلەکەمانە، خاوەنی هۆنراوی (شام شەکرە، وڵات شیرینترە) کە نموونەیەکی بەرزی هۆنراوەی نیشتمانییەتی، کوردستان بە بووکی جیهان دەزانێت، ئەم هۆنراوەیە نۆ دێڕە، ئەمە دوو دێڕی یەکەمێتی:

*وەڵاتێ من تووی بووکا جیهانی*

*هەمی باغ و بەهەشت و مێرگ و کانی*

*شەپاڵ و شەنگ و شۆخ و ناز و گەوری*

*گەلەک شیرین و ڕند و پڕ جوانی*

هۆنراوەی (کیمە ئەز؟) یش، کە هۆنراوەیەکی بەرزی نیشتمانیی تری جگەرخوێنە، هونەرمەند (شڤان پەروەر) یش بە دەنگە زۆلاڵەکەی دەیلێت هێندەی تر شیرین بووە:

*کیمە ئەز؟*

*کوردی کوردستان*

*تەڤ شۆڕش و ڤولکان*

....

**لە هۆنراوەی (کوردستان) یشدا، کە ژنە هونەرمەندی کوردمان خاتوو (گوڵستان) بە دەنگە شیرین و ناسکەکەی، بە سروود دەیڵێتەوە، جگەرخوێن دەڵێ:**

***کوردستانێ کوردستان***
***بەخچێ گولا، دەردی دلا***
***ئیرۆ مایە بن دەستان***
***کوردستان بلندی***
***هەمی باژار و گوندی***
***هەچی کەس بخوازێ دڤێ جانی خۆ بتەدنی***

**مامۆستا (ئەحمەد هەردی) خاوەنی هۆنراوەی (رازی تەنیایی) و (سیت فاتیمە) رۆڵێکی باڵای هەبوو، لە چاندنی هەستی کوردستان پەروەری و خۆشەویستیی کوردستانی مەزندا لە دڵی منداڵانی کوردمان، لە سروودی (ئەی قوتابی)، جەخت لەسەر یەک پارچەیی کوردستان دەکات، کە بێگانە پارچە پارچەی کردووە، دەڵێ:**

***ئەی قوتابی خاکی کوردستانەکەم***
***لاوی لوڕستان و بادینانەکەم***
***رۆڵەی دەرسیم و هەورامانەکەم***
***هەر لە دیمکری هەتا بارزانەکەم***
***خاکی کوردستانی تۆ یەک لانەیە***
***بەشکراوی ناحەز و بێگانەیە***

**(کەریم شارەزا) کە خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، وەکو مامۆستایەکیش، قوتابییەکانی بە سۆز وخۆشەویستی بۆ کوردستان پەروەردە کردوون، لە سروودی (ئێمە کوردین) دا، بە دەمی منداڵانەوە کە خوایان بە نەوەی تازە دەزانن، دەڵێ:**

*ئێمە کوردین بێچوە شێرین*
*نەتەوەی کاوەی دلێرین*
*نەوەی تازەی کوردستانین*
*پێشڕەوی ڕێی تێکۆشانین*

(محەمەد ساڵح دیلان) شاعیر و هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ لە هۆنراوەی (کوردستان):

*کوردستان بەهەشتی زەمین*
*جێ ی تێکۆشان و ڕاپەڕین*
*مەڵبەندی کاوەی قارەمان*
*کوردستان، کوردستان*

(کاکەی فەللاح) شاعیرێکی ناسراوە، بە تایبەتیش لە بواری هۆنراوە و ئۆپەرێت بۆ منداڵان، چەند کتێبێکی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە، چەند سروودێک و چەندین هۆنراوەی نیشتمانیشی هەیە. لە سروودی (خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم) دا، مەستی جوانییەکانی کوردستان بووە و بەڵێنی ئەوەی داوە کە تا بمێنی پێپەرستی، دەڵێ:

*خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم*
*کانگای هیوا و ئاواتەکەم*
*ئا ئەم هەوا و ئاو و گڵە*
*بۆ ژیانی من خوێنی دڵە*
*دڵ کە بولبولی سەر چڵە*
*شەیدایە بۆ رووی ئەو گوڵە*
*کوردستانە خۆشەویستم*
*هەتا ماوم ئەیپەرستم*
*هاوار ئەکا هۆش و هەستم*
*بە جوانی دیمەنی مەستم*

...

(فەریدوون عەلی ئەمین) هۆنراوە چیرۆکەکانی مامۆستا فەریدوون عەلی بۆ منداڵان، قوناغێکی نوێیە، لە ئەدەبی منداڵانی کوردمان، خزمەتکردنی مامۆستا فەریدوون لەم بوارەدا، مایەی شانازی و رێز و نەمرییەکی تا هەتاییە بۆی، ئەو بە زمانی سادە و ساکاری منداڵانەوە هۆنراوە و چیرۆکەکانی نووسیون، هەر وەکو ئەوەی کە منداڵیی خۆی لە ناخیدا بژی. لە هۆنراوەی (نەوەی کوردستانم) دا ئەوە دێنێتەوە یادی منداڵانی کوردمان، کە شانازی بەوەوە بکەن کە نەوەی کاوە و دوانزە سوارەی مەریوانن، سەربەرزیشبن بە جەژنی (نەورۆز) ی نەتەوەییمان، دەڵێ:

*نەوەی کاوەی کوردستانم*
*چقڵی چاوی دوژمنانم*
*زۆر لە کوتر دڵپاکترم*
*لە پاڵەوان بێباکترم*
*دوانزە سوارەی مەریوانم*
*بۆتە شانازیی ژیانم*
*(شاهۆ) و (ئاکۆ) و (ئەزمڕ)ی من*
*تانەن لەسەر چاوی دوژمن*
*سەرم بەرزە بە نەورۆزم*
*جەژنی رزگاربوونی هۆزم*

(هێمن موکریانی) شاعیر هەست ناسک و دڵتەر، کوردستان پەروەر و دڵسۆز، دەڵێ:

*چیم پێ دەڵێن لێرە و لەوێ*
*من کوردستانم خۆش دەوێ*
*پێشم بڵێن جن و دێوی*
*دەیپەرستم چڕ و کێوی*

لە هۆنراوەی (نیشتمان) یش، کە خاتوو (نادیە عەبدولواحید) بە گۆرانییەوە دەیڵێ:

*لە شایی دا لە وەختی هەڵپەڕینا*

*لە خۆشی دا لە کاتی پێکەنینا*

*لە کۆڕی ماتەم و گریان وشینا*

*ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە*

(ع.ع. شەونم) مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا شەونم، خاوەنی سروودی بەناوبانگی:

*(جەژنە جەژنی کورستانە جەژنی نەورۆزە،*

*بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە).*

شاعیرێکی ناسراو و بەناوبانگی منداڵانە، بە دەیان شیعری بۆ منداڵان نووسیون، بە شێوازێکی ناسک و ئاسان و سووک و سادە، بۆ منداڵان دایرشتوون، مامۆستا ع.ع. شەونم، ئەزموونێکی سەرکەوتووی لە هۆنراوە و ئەدەبی منداڵاندا هەیە، سەرجەم هۆنراوەکانی کۆکراونەتەوە و لەژێر ناوی (جریوەکان) دا چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا شەونم بۆ هەموو قۆناغەکانی منداڵی هۆنراوەی هەمەبابەتی هۆنیوەتەوە لە نموونەی هۆنراوە نیشتمانییەکانی بۆ منداڵان، لە هۆنراوەی (وڵاتەکەم) دا، دەڵێ:

*وڵاتەکەم ژیانمە*

*چاوگی بەهرەی جوانمە*

*خۆم و سەرم هەرچیم هەیە*

*بەروبوومی ئەم خاکەیە*

*...*

*خاکی وڵات و لەشی من*

*یەک پارچەن و وەکو یەکن*

*کە من لەوبم، بەو ژیابم*

*چۆن چۆن... یاساوڵی نابم*

*من وڵاتم و وڵات منم*

*ئەیپارێزم لە دوژمنم*

(لەتیف هەڵمەت) لە بواری چیرۆک هۆنراوەی منداڵاندا، خزمەت و ئەزموونێکی زۆری هەیە، هۆنراوەکانی بۆ منداڵان زۆر ناسک و ئاسان سووکن، زۆریش بەچێژن، زۆربەی هۆنراوکانیشی بە زمانی منداڵانەوە نووسیون، هەموو بوارەکانی هۆنراوەی منداڵانی بەسەرکردۆتەوە، بەڵام هۆنراوەی کوردستانی (نیشتمانی) رووبەرێکی زۆری لە هۆنراوەکانی بۆ منداڵان گرتوونەتەوە. سەجەم هۆنراوە و چیرۆکەکانی بۆ منداڵان، لە دیوانێکدا چاپکردوون بە ناوی (دیوانی منداڵان) بێگومان لە دوای ئەو دیوانەشەوە هۆنراوەی و چیرۆکی تازەشی بۆ منداڵان هەیە. لە سەرەوە باسم کرد لە (٢٠١٥) دا نووسینێکم بە ناوی (کوردستان ونیشتمان لە هۆنراوەکانی لەتیف هەڵمەت بۆ منداڵان) بڵاوکردەوە. لێرەدا تەنها وەکو نموونەی هۆنراوە نیشتمانییەکانی لەتیف هەڵمەت، ئاماژە بە هۆنراوەی (کوردستان) دەدەین، لەتیف هەڵمەت ئەم هۆنراوەیەی، لە شێوەی چیرۆکەهۆنراوەیەکێ زۆر کورتدا نووسیوە، هەڵمەت خۆشەویستی کوردستان دەخاتە دڵی پیرەمێردێکی کورد و بۆ منداڵانی دەگێڕێتەوە، کە چۆن ئەو پیرەمێردە کوردستان پەروەرە، شەیدا و وێڵێ ئەوە بوو کە فێری ئەوەبێت بنووسێت (کوردستان):

*پیرەمێردێ*

*چووە قوتابخانەی گوندێ*

*لە حەوشەکەدا راوەستا*

*دەوریان لێدا مامۆستا*

*ها خاڵەگیان*

*چیت گەرەکە... ها خاڵەگیان*

*پیرەمێردی بەستەزمان*

*کە لاواز بوویوو وەک گۆچان*

*وتی توخوا مامۆستا گیان*

*فێرم ناکەی چۆن بنووسم: کوردستان*

(سەبریە نوری قادر) کە بە نازناوی (دایکی سۆلاڤ) ناسراوە، ئێستا لە سوید دەژی، شاعیرێکی ناسراو و بە توانای بواری هۆنراوەیە بۆ منداڵان، یەکێکە لەو کەمە ئافرەتانەی کە ئەم بوارەیان بەسەرکردۆتەوە. دایکی سۆلاڤ تا ئێستا هەشت پەرتووکی بۆ منداڵان چاپ کردووە، لەوانەش (چەپکێ وەنەوشە) (قاسپەی کەو) و (زەنگی ژیان) و(ئاسۆگە) و(سروودی خۆر) و (داپیرە و مام ڕێوی: چیرۆکەشیعرە) دایکی سۆلاڤ لە ساڵی (١٩٥٧) ەوە هۆنراوە دەنووسێ. لە هەموو بوارەکانی هۆنراوەی منداڵان دا، هۆنراوەی بۆ نووسیون، (وڵاتەکەم) کە یەکێکە لە هۆنراوە نیشمانییەکانی دایکی سۆلاڤ لەم هۆنراوەییەیدا، کوردستان بە دایک و باوکی دەزانێت و شیرینترە لە گیانی:

*وڵاتەکەم باوکمە*

*نیشتمان دایکمە*

*خاکەکەم زۆر شیرینە*

*بەهەشتێکی ڕەنگینە*

*...*

*لە گوێمایە بە لای لایە*

*بە دەنگی خۆشی دایە*

*کە پێی وتم نیشتمان*

*شیرینترە لە گیان*

(مەدەحەت بێخەو) کۆمەڵێک هۆنراوەی جوانی بۆ منداڵان نووسیوە، کە سەرجەم لە دیوانێکدا بە ناوی ( دیاری بۆ منداڵانی کوردستان) چاپکردوە و بڵاوی کردۆتەوە، لە سروودی (ئەی وڵاتەکەم) دا، کوردستان بیر و ئاینێتی، ئەمەش دوو دێڕي یەکەمێتی:

*بیر و ئایینی منی*

*تۆ بە هەشتی سەر زەمینی*

*خاکی زێڕینی منی*

(عەبولڕەحمان فەهیمی) شاعیرێکی ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵانە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. تا

ئێستا چەند پەرتووکێکی هۆنراوە و چیرۆکی بۆ منداڵان چاپکردووە، لە هۆنراوەی (وڵاتی ئێمە) دا، قسەکانی ئاراستەی منداڵان دەکات، دەڵێ:

*منداڵەکان ئەم وڵاتە شیرینە*
*ئەم باخ و بێستانە جوان و رەنگینە*
*ئەم گوڵزار و دارستان و پێ دەشتە*
*ئەم دیمەنە کە دیمەنی بەهەشتە*
*دار و بەرد و ئاو و خاک و گوڵزاری*
*دەشت و شاخ و کانی و دەری و رووباری*
*بست بە بستێ خاکی ئەم نیشتمانە*
*هەمووی ماڵ و جێگەی ژینی خۆمانە*

(کازم کۆیی) شاعیرێکی ناسرو و دیاری ئەم سەردەمەی هۆنراوەی منداڵانە، تا ئێستا بەرهەمێکی زۆری بۆ منداڵان چاپکردووە، هۆنراوەکانیشی بۆ هەموو تەمەنێکی منداڵی بە زمانێکی شیرین و ئاسان نووسیون، هۆنراوەی لەسەر کوردستان بۆ منداڵان زۆرن، وەکو نموونە لە هۆنراوکانی کازم کۆیی، لە هۆنراوەی (کوردستان) دا، نووسیوێتی:

*کوردستانم شیرینە*
*زۆر دڵگیر و رەنگینە*
*شاخی بڵند و جوانە*
*پڕ کانی و دارستانە*
*بەهاران لە گشت لاوە*
*سەوزەگیا و گوڵ و ئاوە*
*شوێنی سەیران و گەشتە*
*بە راستی وەک بەهەشتە*

(عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی) مامۆستا عەلی شاعیر و چیرۆکنووسیکی ناسراوی زۆر بەرهەمی ئەم سەردەمەیە بۆ

منـداڵان، تـا ئێسـتا چەنـدین کتێبـی بـۆ منـداڵان چـاپکردوون، هۆنراوەکانیشـی بـۆ منـداڵان هەمـوو بوارەکـانی گرتوونەتەوە، بە بواری نیشتمانیشـەوە، چەنـد سروودێکیشـی نووسـیوە، شێوازی نووسینیشـی زۆر ناسـک و شیرینە، وشەکانی لە فەرهەنگی زمانی منـداڵانەوە وەردەگرێ بە زمـانی ئەوانیشـەوە دەدوێ و دەهـۆنێتەوە. هۆنراوکـانی زۆر شیرین و سـادە و ئاسـان و سـووک و رەوان بـێ گـرێ داڕشـتوون. چـاوەڕوانی بـابەتی زۆرتـر و رەنگینتـر لە مامۆسـتا عەلـی دەکەیـن. نموونەش لە هـۆنراوە نیشـتمانییەکانی مامۆسـتا عەلـی بـۆ منـداڵان، لە سـروودی (کوردسـتان) دا، کوردسـتان پیـرۆزە و خوشەویسـتیی بـێ وێـنەیە و گشـت دنیـا دێنـێ، ئەم سـرووده یـانزە دێـڕە، ئەمە پێـنج دێـڕی یەکەمێتی:

*کوردستانە کوردستان*

*خاکە پیرۆزەکەی من*

*خۆشەویست و بێ وێنە*

*نیشتیمانێکە مەزن*

*بستێک لەم خاکە جوانە*

*لای من گشت دنیا دێنێ*

*با هەموو هەوڵ بدەین*

*تا بە جوانی بمێنێ*

*هەرکەس لە کارەکەیدا*

*دڵسۆزی خۆی بنوێنێ*

لە هۆنراوەیەکی تری نیشتمانیدا، کە هەر بە ناوی (کوردسـتان) ەوە، بە زمـانی منـداڵانەوە نووسیوێتی، ئەمە دوو دێڕی یەکەمی ئەو هۆنراوەیەتی:

*هەرچەند وردم*

*بەڵام دڵم شادمانە*

*زۆر دڵخۆشم بەم ژیانە*

*چونکە کوردم*

*نیشتمانم کوردستانە*

*هەتا بڵێی شەنگ و جوانە*

(محەمەد قادر بەرزی) ئەندازیار کاک محەمەد بەرزی کە لە ئەمریکا دەژی، شاعیر وچیرۆکنووسێکی ناسراوی بواری منداڵانە، نووسینی هەمەچەشنەش دەنووسێ، تا ئێستا چەند پەرتووکێکی هۆنراوە و چیرۆکی بۆ منداڵان چاپکردوون کە بە شێوەیەکی زۆر جوان و شیاو رازاندوونیێتەوە، ناوی دووان لە پەرتووکە چاپکراوەکانی (مریەم) و (بەرخەکەی لانە)یە، کاک محەمەد زاڵە بەسەر زمانی نووسین بۆ منداڵان، هۆنراوەکانی بە زمانێکی زۆر شیرین و سووک بۆ دارِشتوون، کە منداڵان بە ئاسانی لێیان تێدەگەن. شایەنی باسیشە، هەموو هۆنراوەکانی کاک محەمەد بەرزی بۆ منداڵان، شەش دێر شەش دێرن، تەنها هۆنراوەی (جەژنی لەدایکبوون) نەبێت کە سێ دێرە، منداڵان لێیان بێزار نابن و بە ئاسانیش دەتوانن لە بەریان بکەن. کاک بەرزی هەموو بوارەکانی هۆنراوەی منداڵانی بەسەرکردوونەتەوە، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، نیشتیمانی...تاد. (سوێند) نموونەیەکی هۆنراوەی نیشتمانییەتی کە لە پەرتووکی (مریەم) دایە:

*بە خوای گەورە سوێند دەخۆم*
*دڵسۆزبم بۆ خاکی خۆم*
*تێکۆشم بە رۆژ و شەو*
*بۆ بەرزێتی ناوی ئەو*
*بیپارێزم سنووری*
*چ نزیک و چ دووری*
*بۆیَ بسوتێم وەکو مۆم*
*تا سەربەخۆیی برۆم*
*لە بیری نەکەم ساتێ*
*تا دەبێ بە دەوڵەتێ*
*ئاوەدان پڕ لە جوانیی*
*ئازاد بێ رۆڵەکانی*

(جگەرسۆز پێندڕۆیی) ناوی (محەمەد ساڵح ئەسمەر)ە، بە نازناوی جگەرسۆز پێندڕۆیی ناسراوە. مامۆستا جگەرسۆز، تا ئێستا (٢٨) کتێبی بابەت هەمەڕەنگەی چاپکردووە، منداڵانی کوردیشمانی فەرامۆش نەکردوون، کۆمەڵێک هۆنراوەی جوان و چیرۆکەشیعری لە سێ پەرتووکدا بە ناوەکانی (خاڵخاڵۆک.. هۆنراوە ) و (سەرهاتیا هرچێ و جوتیاری.. چیرۆکەشیعر) و (١٠٠ سروود هۆزانین زارۆکان) هۆنراوەیە بۆ منداڵان.. جگەرسۆز هەموو بوارەکانی هۆنراوەی منداڵانی بەسەرکردۆتەوە. هۆنراوەی (کوردستان) نموونەیەکە لە هۆنراوە نیشتمانییەکانی جگەرسۆز پێندڕۆیی بۆ منداڵان:

*کوردستانێ دەلالێ*

*خودان کانیێن زەلالێ*

*هۆگرێ، خۆش هەڤالێ*

*بهارا وەرزێن سالێ*

*بێن خۆشێ وەک هەلالێ*

*بۆ نەیارا زەوالێ*

لە هۆنراوەی (کوردستانامە) شدا، بە جوانی و قەشەنگی کوردستاندا هەڵدەدا، دەڵێ:

*چڤاس قەشەنگە*

*یا شۆخ و شەنگە*

*بە ناڤ و دەنگە*

*کوردستانامە*

...

*دل و جگەرە*

*زێڕ و گەوهەرە*

*ژیان پەروەرە*

*کوردستانەمە*

(رەئوف جەمیل) لە هۆنراوەی (منداڵی کوردین) کە بە زمانی منداڵانەوە نووسیویّتی:

ئێمە منداڵی کوردین
ئازا و نەبەرد و گورجین
هیوامان تێکۆشانە
سەربەرزیی نیشتمانە
...
ناهێڵین دەستی زۆردار
بمان کات پەست و خەمبار
چونکە خاکی کوردستان
شانازییە بۆ هەمووان

(غەفور ئەحمەد) لە هۆنراوەی (منداڵی کوردین) کە بەزمانی منداڵانەوە نووسیویّتی:
ئێمە منداڵی کوردین
هەرچەند بچکۆلە و وردین
خۆشمان ئەوێ نیشتمان
ئەیپارێزین وەک چاومان
کوردستانمان ئاوایە
بەهەشتی سەر دنیایە
نەخشەم کێشاوە لەسەر
تەختە و دیوار و دەفتەر
...

(شیخ سەلام) ی شاعیریش لە کۆپلەی سێیەم و چوارەمی (هەستە لەخەو)دا، دەڵێ:

وامەزانن خاکی وەتەن

*ئاو و گڵە و دار و دەوەن*

*ئەم وەتەن و ئاو و گڵە*

*پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵە*

*ئەجدادی تۆ شێرانی کورد*

*لەڕێی ئەوا بە مەردی مرد*

*مردن رزین بوو بە ئەم خاکە*

*وەتەن باوک، وەتەن کاکە*

(بەهەجەت یەحیا) ی هونەرمەندی ناسراومان لە هۆنراوەی (کوردستان گەر تۆ نەبی) کە هۆنراوە و ئاواز وتنی خۆیەتی، چەند کەسانێکی کەش دەیڵێنەوە، بە لام دەستکاری دەقە هۆنراوەکەی کاک بەهەجەت یەحیا یان کردووە، بەهەجەت دەڵێ:

*کوردستان گەر تۆ نەبی تەیرێکم بێ ئاسمان*

*بە ناوی تۆی پیرۆز سەربڵندم لە ناو جیهان*

*هەندێ لە هونەرمەندان تر بەم شێوەیە گۆڕیویانە:*

*کوردستان گەر تۆ نەبی گیان و ژینم بۆ چییە*

*دیمەنی روخساری تۆم بێ تاجی شاهیم بۆ چییە*

(جوانە کاکەیی) خاتوو جوانە کاکەییش، کۆمەڵێک هۆنراوەی بۆ منداڵان نووسیوە، لە پەرتووکێکدا بە ناوی (جووجەڵە) چاپی کردووە. لە هۆنراوەی (کوردستان) دا، دەڵێ:

*کوردستان نیشتمانمە*

*گلێنەی دوو چاوانمە*

*ئەیپارێزم پڕ بە دڵ*

*ئاو و ئاڵا لەگەڵ گڵ*

*منم رۆڵەی ئەم خاکە*

*لە جیهاندا زۆر تاکە*
*منیش زۆرم خۆش ئەوێ*
*خاکیش وەک منی ئەوێ*

(ڕەزا سالْح) (نووسەری ئەم نووسینە)، منیش مافی خۆمە کە خۆم بخەمە ریزبەندی ئەم شاعیرانەوە، کۆمەڵە هۆنراوەیەکم کە بە زۆری نیشتمانین بۆ منداڵان نووسیون و لە پەرتووکێکدا بە ناوی (سروودی من) چاپم کرد و بڵاوم کردەوە. تا ئێستاش بەپێی توانام ئەوەی پێم کرابێت لە بواری ئەدەبی منداڵان دا درێغیم نەکردووە، بە ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانم زانیوە و دەزانم. ئەمەش نموونەیەکە لە هۆنراوە نیشتیمانییەکانم بۆ منداڵان، بە ناوی (سروودی من: ١٩٧٠) کە کرا بە سروود و بە دەنگی قوتابییەکی دەنگخۆشم، کە ناوی (عەبدولکەریم عەلی باوە) یە، کە برا گەورەکەی ئاوازی بۆ دانا، لەگەڵ ( تیپی مۆزیکی کەرکوک) و لەگەڵ کۆرسی منداڵانی قوتابخانەی (مەشخەڵ) و (هیوا)ی کچان، لە ساڵی (١٩٧١) دا، لەسەر (شانۆی هۆڵی شارەوانی کەرکوک) سێ شەو پێشکەش کرا، لە پیش نمایشکردنی (شانۆی دایکی شەهید) لە نووسینی (مستەفا پەژار) و پاڵەوانێتی (د. فازیل جاف) و خۆشکە ( پەروین عەبدولقادر) لە دەرهێنان (سەلمان فایق کاکەیی)، عەبدولکەریم باوە ئەوسا لە پۆلی پێنجەم دا بوو، قوتابییەکی زیرەک و دەنگخۆشبوو، ئێستا لە وڵاتی (نەمسا) دا دەژی.

*سروودی من*

*کوردە گەلی قارەمانم*
*کوردستانە نیشتمانم*
*پێشمەرگەیە پاسەوانم*
*ئازادییە هیوای ژیانم*
*کوردستانم سۆمای چاوم*
*دڵ و هەناسە و هەناوم*
*هێزی گۆڕی تین و تاوم*
*هۆگری تۆم هەتا ماوم*
*کوردستانم بە یەزدانم*

*هەردەم وێردی سەر زمانم*

*دروشم و بەڵێن و پەیمانم*

*کوردستانم یا نەمانم*

-----------------------------

*تا رادەیەک سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:*


١- الانتماء للوطن في الشعر للاطفال، دكتور. فاروق مواسي، الموقع الالكتروني، بيتنا، ٢٠٠٧

٢- الانتماء للوطن يبدأ من الطفولة ، الموقع الالكتروني، سرايا

٣- پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، بەرگی یەکەم، حەمە ساڵح فەرهادی، ٢٠١٣

٤- ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین، حەمە کەریم هەورامی، بەرگی دووەم، ٢٠٠٧

٥- چاوپێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان، رەزا ساڵح، کەرکوک، ٢٠١٥

٦- دیوان و پەرتووکەکانی هەندێ لە شاعیران، کە پەیوەندییان بەم نووسینەوە هەیە.

٧- بەرخەکەی لانە،هۆنراوە و چیرۆک بۆ منداڵان، محەمەد بەرزی، سلێمانی، ٢٠١٤

٨- دیوانی منداڵان، شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، لەتیف هەڵمەت، کەرکوک، ٢٠١٣

٩- سروودی کوردی، کۆمەڵێک سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئامادەکردنی، فەرهاد فایق.


**١١ی ئاگۆستی ٢٠١٧**

## گرنگییەکانی چێژی ئەدەبی بۆ منداڵان.



ئەدەب وێنەیەکی گەش و جوانی ژیانە، کە تێیدا نووسەر گوزارشت لە هیوا و لە هزر و لە بیرۆکەکانی دەکات. ئەدەب کار بۆ پێگەیاندنی کەسێتییەکی تەواو دەکات، پشتیوانیش لە بەها کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەکات. ئەدەب چێژی دروست و ئاراستەی بەرەو جوانی پێکدەهێنێت، لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانە و کۆمەڵایەتی و بە شارستانییەوە هەیە.

چێژی ئەدەبی توانایەکی کەسی تاکە، لە هەستکردنی بە لایەنی لاوازی و بەهێزی و جوانی دەقی ئەدەبی، کە وای لێدەکات خۆشی لەو دەقە ببینێ، یالێی لووتەلابێت.

منداڵان کە لەدایک دەبن، هەر بە زگماکی و سروشتی، دەروون پاکن، هەست ناسکن، خەیاڵ فراوانن، سۆز شیرینن، خۆش چێژن، جوانیخوازن، پڕن لە خۆشەویستی.

چێژی ئەدەبی لە منداڵیدا، کارئاسانی بۆ کاتی گەورەبوونیان دەکات، چونکە ئەوەی کە بە منداڵی فێری دەبن؛ هەرگیز لە یادیان ناچێتەوە. بۆیە پێویستە یارمەتی ئەوەیان بدەین کە هەر لە منداڵییەوە چێژ لە ئەدەب وەربگرن.

منداڵان بە پێی مۆرک و تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکانی ژیانیان، بە پێی سروشتی کارە ئەدەبییەکان، بەپێی ئامادەیی و تواناکانیان؛ دەتوانن چێژی ئەدەبی بەدەستبهێنن. کەواتە دەتوانین منداڵان لەسەر چێژوەرگرتن لە ئەدەب، رایانبهێنین و پێیانبگەیەنین.

ئەدەب هونەرە، هونەریش نیشتمانی جوانییە، پەیوەندی چێژیش بە هونەرەوە، لەسەر گەشەکردنی هەستکردنی منداڵان بە جوانییەوە وەستاوە. ئەدەب ئەو توانایەی هەیە کە هۆشی منداڵان بە هەموو ئەو شتانە مەست بکات و زاخاوبدات، کە دەیان وروژێنن و خۆشیان پێدەبەخشن.

چێژی ئەدەبی بۆ منداڵان زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە لەم سەردەمەدا ئەدەبی منداڵان بووە بە پێویستییەکی زور گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی، بووە بە فاکتەر و مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتیش بۆ گەشەکردنی رۆشنبیریی منداڵان لە رووی زانستی و پەروەردەیی و هەستیاری و کۆمەڵایەتییەوە؛ چونکە ئەدەب کارتێکردنێکی ئەرێنی گەورەی هەیە لە زاخاودانی هۆشی منداڵان و لە گەشەکردنی توانا هوشییەکانیان و لە سۆزداری و لە بەهرە و ئارەزووەکانیان، لە وروژاندنی هەستیان، لە ختووکەدانی چێژی ئەدەبییان.

روون و ئاشکراشە، کە جیهانی منداڵان، جیهانێکی پاکە، پڕە لە جوانی، لە خەیاڵی فراوان، لە خۆشەویستی، لە هیوا و خەونی شیرین، لە خەندە و پێکەنین، لە سۆز و راز و نیازی پاک، لە قسەی خۆش و سەیر و سەمەرە، لە سادەیی و ساویلکەیی.

ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە، ئەوەیە کە هەمیشە پاڵپشتیان بین، یارمەتیان بدەین، هانیان بدەین، چاودێرییان بکەین، رێنمایی باشیان بکەین، پێویستە خۆشمان بە کرداری ببین بە نموونەی باش و بە پێشەنگ بۆیان. بەو بارەشدا ئاراستەیان بکەین، کە ئەو جوانییە سروشتییانەیان، ئەو خەیاڵە فراوانەیان، تواناکانیان بە ئاراسەی کارجوانی و نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی و سوودبەخشیدا ئاراستەبکەین.

منداڵان زۆریان پێیە، زۆریان لە باردایە، پڕن لە بەهرە، لە خەیاڵی فراون، لە حەزی دۆزینەوە و داهێنان، لە تاقیکردنەوە و زانین و فێربوون و وەرگرتنی زیاتر و زیاتر.

منداڵان بە سەروشتی حەز بە هەموو شتێکی جوان دەکەن، چێژێکی ئەدەبی زۆر لە چیرۆکی خۆش و لە هۆنراوەی ناسک و لە شانۆ و لە گۆرانی و سروود وەردەگرن.

***دێینە سەر گرنگترین گرنگییەکانی چێژی ئەدەبی بۆ منداڵان، باشترین رێگەش بۆ ئەوەی منداڵان هۆگری ئەدەب***

*ببن و چێژ وخۆشی لێوەربگرن، بە کورتی:*

١- پێویستە هەر لە منداڵییەوە، بە گۆڤار و بە پەرتووکی وێنەداری ڕەنگاوڕەنگ گەش ئاشنیان بکەین. هەر لە منداڵییەوە خوێندنەوەیان لا خۆشەویست و لا شیرین بکەین، تا ببن بە هۆگری هەمیشە و بە ئالوودەی خوێندنەوە، یارمەتیشیان بدەین لە هەڵبژاردنی ئەو دەق و بابەتانەی لەگەڵ تەمەن و توانا و زمان و لەگەڵ ئارەزووەکانیان دا لەبارن. پێویستە لە دەستپێکدا، پەرتووکی ڕەنگاوڕەنگی وێنەداری ئاسانیان بۆ دابین بکەین. وێنەی جوانی ڕەنگاوڕەنگ زۆر یارمەتیدەرن، بۆ ئەوەی منداڵان بە ئاسانی فێری خوێندنەوەی وشە تازەکان و ڕستەکان ببن و لە واتاکانیان بگەن. بە خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکەش، دەتوانن بیرۆکەی دەقە هەڵبهێنجێنن. لە مەبەستی نووسینەکە بگەن. گۆڤاری منداڵان و پەرتووکی ڕەنگاوڕەنگی گەش و ئاسان، بۆ منداڵانی قۆناغە سەرەتاییەکانی منداڵان، زۆر بەسوودن بۆ چەکەرەکردنی چێژی ئەدەبی لای منداڵان.

٢- پێویستە دایکان و باوکان پەیوەندیکی هەمیشەییان لەگەڵ مامۆستاکانی منداڵەکانیان هەبێت، بە تایبەتیش لەگەڵ مامۆستایانی زمانی کوردی. پێکەوە هاندەری منداڵەکانیان ب، بێجگە لە کتێبی خوێندنەوەی بڕیاردراوی قوتابخانە، بە کتێبی هەمەجۆرەی تریش ئاشنایان بکەن، ئارەزوو و چێژی خوێندنەوەیان لا گرنگ و شیرین بکەن. پێویستە منداڵەکانیشیان سەرپشک بکەن لەو بابەتانەی کە خۆیان حەز بە خوێندنەوەیان دەکەن و چێژیان لێوەردەگرن. بۆ هاندانیشیان پێویستە ستایش و ئافەرینیان بکەن، پاداشتیان پێشکەش بکەن، دوای ئەوەی کە چەند کتێبێک دەخوێننەوە.

٣- گەر بکرێ، منداڵەکانتان بەرن بۆ کوڕ و سمیناری ئەدەبی و نمایشی شانۆیی و ئاهەنگی گۆرانی، بە تایبەتیش ئەو چالاکییانەی پەیوەندییان بە منداڵانەوە هەیە، بۆ ئەوەی ببینن و ببیستن و بزانن، دوایش بە شێوەیەکی ئاسان رای ئەوان و خۆشتان دەربارەی بابەتە پێشکەشکراوەکان باس بکەن. بزانن تا چ ڕادەیەک منداڵەکانتان لە بابەتەکان تێگەیشتوون و چێژیان لێوەرگرتوون.

٤- بەری ئازادی لە منداڵەکانتان مەگرن، با بە ئەوپەڕی سەربەستی و ڕاشکاوییەوە و ئازادییەوە گوزارشت لە لە سۆزو هەستەکانیان بکەن، چونکە چێژی ئەدەبی تەنها لە خوێندنەوەدا نییە، بەڵکو پێویستە ڕووبەرێکی باشیش بە منداڵەکانتان ببەخشن، بۆ ئەوەی بە ئازادی و ئارەزووزیخۆیان، بەو شێوازەش کە خۆیان دەیانەوێت گوزارشت

لە راو و بۆچوون و هەستەکانان بکەن.

٥- بێگومان پەرتووکخانەی گشتی رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی منداڵاندا، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان، بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە حەزیان لێدەکەن خۆیان مەستی خوێندنەوە بکەن، سامانی زمان و رۆشنبیریی گشتیشیان دەوڵەمەنتر بکەن. پێویستە هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ ئەوەی ببنە سەردانکەر و ئاشنای هەمیشەی پەرتووکخانە و بە دۆستی پەرتووک و خوێندنەوەش ببیێت بە پێویستییەکی گرنگی هەمیشەی ژیانیان. باشتریش وایە کە لە ماڵەوە، پەرتووکخانەی تایبەتی خۆیان هەبێت، بە گۆڤاری منداڵان و کۆمەڵێک کتێبی وێنەداری رەنگاوڕەنگی ئاسانی زانیاری و ئەدەبی بۆیان بڕازێننەوە، تا لە منداڵییەوە ئاشنای پەرتووک و هۆگری خوێندنەوەبن.

٦- هەمیشە هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ ئەوەی بپرسن. وەڵامی راست و دروستی هەموو پرسیارەکانیان بدەنەوە. ئێوەش دەربارەی ئەو بابەتانەی خوێندیانەوە لێیان بپرسن.

٧- چێژ وەرگرتنی منداڵان لە زمان و لەجوانییەکانی، یارمەتیدەرە بۆ چالاکردنی هەست و بیر و سۆز و وێژدانی، بۆ بەدەستهێنانی توانای چێژوەرگرتن، بۆ ئەوەی بە جوانیش زمانەکەیان بەکاربهێنن.

٨- ئەو منداڵانەی کە چێژی ئەدەبییان هەبێت، گەلێ شارەزایی بەدەستدەهێنن، وەکو:

دەتوانن بە زمان، بە ئاخاوتن و نووسین یا بە وێنەکێشان، گوزارشت لە بیرۆکەکانیان و لە هەستەکانیان بکەن. رۆشنبیرییەکی گشتیشیان دەبێت. ئامادەیی و ئازایی ئەدەبیشیان دەبێت، بۆ دەربڕینی راستەوخۆ و دانەمان و وەڵامی یەکسەر.

٩- چێژی ئەدەبی و زمان، بوارێکی زیاتر و ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ منداڵان دێنێتەدی. بە دروستی هەڵسوکەوت دەکەن و بە ئاسانی تێکەڵی کۆمەڵ دەبن، هەستی مرۆڤایەتییان زیاتر دەبێت. ئەمەو چێژی ئەدەبی چارەسەری گەلێ لایەنی دەروونی نەرێنی منداڵان دەکات، وەکو: گۆشەگیری، خەمناکی، شلەژان لە هەڵوێستەکانیان.

١٠- پێویستیشە، دایکان و باوکان و مامۆستاکان، ببنە نموونەی باش و بە پێشەنگ بۆ منداڵەکانیان و بۆ قوتابییەکانیان، ئەگەر ئەوان بخوێننەوە، باسی چێژ ئەدەبی و خۆشی ئەو بابەت و پەرتووکانە بکەن کە خوێندوویانەتەوە، ئەمە باشترین و ئاسانترین ڕێیە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان، چاویان لێبکەن و حەز بە خوێندنەوە بکەن.

بە داخەوە لە ئەمڕۆدا، لە کەم لە ماڵەکاندا پەرتووکخانە هەیە، ڕێژەیەکی کەمی دایکان و باوکانیش پەرتووک و گۆڤار دەخوێننەوە. ئەمەش خاڵێکی نەرێنییە بۆ گەشەنەکردنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان و چێژی ئەدەبی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوەش بڵێم، مرۆڤ هەرچەند پێشبکەوێت، هەرچەند تەکنۆلۆژیا شتی تازە و سەیرتر دابهێنێت. بایەخ و گرنگی و سوودەکانی خوێندنەوە، بە درێژایی سەردەمەکان دەمێنێتەوە.

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی.



مامۆستا و قوتابی دوو تەوەری سەرەکی و دوو کۆڵکەی بنەڕەتین لە کۆڵکەکانی کاری پەروەردەیی و فێرکردن.. سایکۆلۆژیای پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا، بۆتە هۆی بایەخ و گرنگی پێدانی بەشێکی زۆر لە پەروەردە ئاکادیمییە ناسراوەکان و پسپۆرانی دەروونناسی پەروەردەیی، پەیوەندیی ئەرێنی نێوان مامۆستا و قوتابی بە موگناتیزی کاری پەروەردەیی دەزانن.

پەیوەندیە ئەرێنییەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی، پیرۆزترین و راسترین و جوانترین پەیوەندی مرۆیین، تا ئەم پەیوەندییانە بەهێزتر و باشتر و دروستربن، کاری فێرکردن و پەروەردەییش بەهێزتر و سەرکەوتووتر و شیرینتر دەبن و ئەنجامەکانی باشتر دەبن.

پەیوەندی نیوان مامۆستا و قوتابی، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و رێز و دڵسۆزی و سۆزداری و ئەمەکداری و پێزانین بنیات نراوە. مامۆستا (پیاو یا ژن) بۆ قوتابییەکانیان وەکو باوک و دایک و کاک و دادەن، دڵسۆز و بەسۆزن و دڵنەرمن بۆ قوتابییەکانیان، چون بە تەنگی جگەرگۆشەکانی خۆیانەوە دێن، بەو رادەیەش قوتابییەکانیان بە منداڵانی خۆیان دەزانن، بە ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستی و سۆزەوەدەیان گرنە خۆیان و دەیان لاوێننەوە و بە نەرمی و شیرینی و دروستی رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن، پردێکی رێز و خۆشەویستی سۆز و دڵسۆزی لە نێوان خۆیان و قوتابییەکانیان دروست دەکەن.. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیانیش ئەم مامۆستا رەفتار دروستانەیان خۆشبوێ و ئەوپەڕی رێز و پێزانینیان بۆیان هەبێت، وەکو کاک و دادەی دڵسۆزی خۆیانیان بزانن.

بە کورتیش، مامۆستا بەردی بناغە و بڕبڕەپشتی کاری فێرکردن و پەروەردەییە، لە پەروەردەی نوێشدا، قوتابی گڕگرە و تەورەی سەرەکی پەروەردەیە.

*(جۆن دێوی) دەڵێ: "منداڵ ئەو خۆرەیە، کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە".*

مامۆستای سەرکەوتوو ئەو مامۆستایەیە کە، بە روویەکی خۆش و گەشەوە، بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و سۆزەوە، بە زەردەخەنەی ناسک و شیرینەوە پێشوازی لە قوتابییەکانی دەکات، بە ئەوپەڕی بڕوا و گەشبینییەوە، بە سەرکەوتووییەوە، کرداری فێرکردن و پەروەردەیی ئەنجام دەدات، بۆ هێنانەدی ئامانجە دارێژراوەکانی پەروەردە و فێرکردنیش، ئاسانترین و سەرکەوتووترین رێباز و تازەترین شێوازەکانیوانەوتنەوە دەگرێتەبەر. رۆڵی مامۆستاش تەنها فێرکردن و پەروەردە نییە، بەڵکو بنیاتنانی کەسێتی دروستی قوتابییە، لەسەر بنەما دروستەکانی زانست و زانیاری و نیشتمانی. مامۆستای وریا و سەرکەوتوو، هەمیشە هیوا و گەشبینی دەخاتە دڵی قوتابییەکانییەوە، هانیان دەدات بۆ فێربوونی بەسوود، کە سوودیان بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکەیان هەبێت.

*(ئەناتۆڵ فرانس) دەڵێ:"هاندان نۆ لەسەر دەی فێرکردنە" .*

بۆ نموونە، کە مامۆستایەک بە قوتابییەکی دەڵێت:" هەی ئافەرین، تۆ ئازا و زیرەکی" هەرگیز یەکسان نییە بە رستەی" گەمژە تۆ بێدەنگ بە" کە مامۆستایەک بە قوتابییەکی بڵێت.. هەردوو رستەکە کاریگەرییان لەسەر دەروونی قوتابییەکان دەبێت، یەکەمیان بە ئەرێنی، دەبێتە هۆی زیاتر هاندانی، دووەمیشیان بە نەرێنی، دەبێتە هۆی رووخاندنی.

مامۆستای دڵسۆز و نیشتمان پەروەر، پێویستە هەمیشە ئەوەی لە یاد بێت، کە هەڵگری پیرۆزترین پەیامە، پیرۆزترین و هەستیارترین پیشەی هەیە.. ئەوە مامۆستایە نەوە لە دوای نەوە پەروەردە دەکات و پێیان دەگەیەنێت.

دڵنیام کە هیچ کەسێ نکووڵی، لە گرنگی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی ناکات، کە کارتێکردنێکی گەورەیان لە سەرکەوتنی کاری پەروەردەی دروست و فێرکردن دا هەیە. بەڵکو رەنگدانەوەشیان لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی قوتابیدا دەبێت.

ئێمەش قوتابی مامۆستا بووینە، زۆربەمان باش لە یادمانە، کە ئەو مامۆستایانەی سەرکەوتووبوون لە فێرکردن و لە پەیوەندی دروستیان لەگەڵمان، ئەو مامۆستایانەش کە نابەڵەد بوون و لە وانەکانیان و لە شێوازی رەفتارکردنیان سەرنەکەوتووبوون.

زۆر لەو قوتابییانەی کە لە بوارەکانی خوێندنن دا سەرکەوتووبوون و نمرەی بەرزیان بەدەستهێنا دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و رێز و زمان شیرینی و پەیوەندی ئەرێنی و دروستی نێوان مامۆستاکان و قوتابییەکان.. بە پێچەوانەشەوە ئەو مامۆستایانەی کە نابەڵەد بوون، گرژ و مۆن و رووتورش بوون، دڵڕەق و توند وتیژ و رەفتار رەق بوون، شێوازی وتنەوەی وانەکانیانشیان وشک و نادروست بوون، رێزیان لە راو لە ئازادی قوتابییەکانیان ناگرتن و هەستیان بریندار دەکردن. بوونە هۆکاری ئەوەی کە قوتابیان خۆشیان نەوێن و رقیان لێیان بێتەوە و حەزیش بە وانەکانیان نەکەن. بەڵکو تا ئەو رادەیەی کە هەندێ قوتابی بە هۆی مامۆستای تورە و دڵڕەق و توند و تیژ و رەفتار نادروستەوە وازیان لە خوێندن و لە قوتابخانە هێنا.

هەرەیەکە لە مامۆستا و قوتابی ئەرکیان لە ئەستۆدا هەیە و مافیشیان هەیە. پێویستە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویسیو سۆز و دڵسۆزی و بەخشین و وەرگرتن پەرە بە پەیوەندییەکانی بدەن، تابێت پەیوەندییەکانیان فراوانتر و کراوەتر و شیرینتر بکەن.

مامۆستای دڵسۆز و سەرکەوتوو، پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە ببێت بە پێشەنگ و بە نوونەیەکی باش بۆ قوتابییەکانی، چونکە منداڵان لە ساڵانی یەکەمی قۆناغی تەمەنیاندا چاولێکەر و لاساییکەرن، لە گەورەکانەوە بە تایبەتیش لە ئەندامانی خێزانەکانیان و لە مامۆستاکانیانەوە بەهارەوشتی و کۆمەڵایەتی و ویژدانی و نیشتمانییەکان فێردەبن و کاریگەریان لەسەر ژیان و ڕەفارەکانیان دەبێت لە ئەمڕۆ و داهاتوودا دەبێت.

**٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**

## حەزی خۆدەرخستن لە لای منداڵان.



زانیاری و زانایانی دەروونناسی جەخت لەسەر دیاردەی (حەزی خۆدەرخستن) لە لای منداڵان دەکەن بۆ سەرنج ڕاکێشانی کەسانی دەوروبەرەکەیان. حەزی خۆدەرخستنیش پێویستییەکی دەروونی ڕەمەکییە، جیاوازییەکی ئەوتۆشی نییە، لەگەڵ پێویستییە بایۆلۆژییە جەستەییەکانی وەکو، خواردن و هەوا و خواردنەوە و، لەگەڵ پێویستییە سۆزدارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو، خۆشەویستی و سۆز و ستایش و ڕێزگرتن.

ململانێی زاڵبوون و حەزی خۆدەرخستن و خۆنواندن و سەرکردەیی، لەگەڵ بوونی مرۆڤ لە گەردوون دا، بوونیان هەیە و هاودەمی مرۆڤ بوونە.. بەڵام چۆن مرۆڤەکان جیاوازن، حەزی خۆدەرخستن و خۆنواندنیش، لە مرۆڤێکەوە

بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازی هەیە. هەریەکەش لە فاکتەرەکانی بۆماوە و پەروەردە کردن و ژینگەی کۆمەڵایەتی کارتێکردنیان لەسەر حەزی خۆدەرخستن هەیە.

ئەگەر هەریەکە لە ئێمە، بیروەرییەکانی رۆژانی منداڵیمان بەیادی خۆمان بهێنینەوە، بە دیاریکراویش لە پێنج ساڵییەوە، کە میوانمان بهاتایە، لە بەرچاوی ئەو میوانانەمان، هەندێ چالاکی و جموجووڵی سەیر و سەمەرەو زەردەخەنەی ناسکمان ئەنجام دەدا و قسەی قوت و خۆشمان دەکرد، بەهرە و توناکانی خۆمان بۆ دەردەخستن، تا سەرنجی میوانەکانمان بە لایخۆمان دا رابکێشین.. بێگومان ئەم راستییە بەسەر هەمووومان دا هاتووە.

منداڵان زیاتر لەگەورەکان، حەزی خۆدەرخستن و خۆنواندن و خۆبردنە پێشەوەیان هەیە. منداڵان حەز دەکەن کارێکی باشو سەیر بکەن و تواناکانی خۆیان دەربخەن،مەبەستیشیانلە خۆدەرخستن سەرنج راکێشانی کەس و کاریان و کەسانی ترن.بۆیە نابێت رێگرییان لێبکەن، با بەهرە و تواناکانی خۆیان دەربخەن و خۆیان بسەلمێنن، با ئەو حەز و نیازانەی کە هەیانە، لە دەروونیان دا نەپەنگێنەوە و گوشار نەخەنە سەر دەروونیان.

زۆرجار لە پۆل دا، کە مامۆستا پرسیارێک دەکات، ئەو قوتابیانەی کە دڵنان لە وەڵامی پرسیارەکە، زیاد دەستیان بەرزدەکەنەوە، رەنگە هەڵبسنە سەر پێشەوە، بۆ ئەوەی ئەوان وەڵامی پرسیارەکەی مامۆستاکەیان بدەنەوە. توانای خۆیان دەربخەن و ئافەرینی مامۆستاکەیان و سەرنجی هاوڕێکانیان بەدەستبهێنن. ئەمەش دڵخۆشیان پێدەبەخشێت.

تەنانەت یەکێک لە هۆکارەکانی درۆکردنیش لە لای منداڵان، بە تایبەتیش لە قۆناغی تەمەنی ساڵانی یەکەمی قوتابخانەی بنەڕەتی دا، دەگەڕێتەوەبۆ حەزی خۆدەرخستن و خۆهەڵنان و شانازی کردن لە نێوان هاوڕێکانیان دا. وەکو منداڵێک بڵێ، باوکم زۆر دەوڵەمەندە، خاوەن پارە و سامانێکی زۆر زۆرە. یا بڵێت باوک پیاوێکی ناسراوە و بەناوبانگە و خەڵکی لەبەری هەڵدەستن، یا وەها وەهایە.. تاد. بە شێوەیەک بە شان و باڵی باوکی دا هەڵدەدات، دەشێ لە راستییەوە دووربێت و ئەو ستایشە هەڵنەگرێت.

***هەر (بۆ پێکەنین) حەزی خۆدەرخستن و خۆهەڵکێشان لە نێوان دوو منداڵ دا:***

منداڵێ یەکەم: باوکم هێندە دەوڵەمەند و پارەدارە، دەتوانێت شاری (لەندەن)ی پایتەختی ئینگلتەرا بکرێت.

منداڵی دووەم: دەسا بە باوکم دەڵێم، کە شاری (لەندەن) بە باوکت نەفرۆشێت.

بێگومان حەزی خۆدەرخستن لەلای منداڵان، دوو لایەنی یە، لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی هەیە. دەشێ منداڵێک بەهرە و هەموو توناکانیخۆی بۆ بەدەستهێنانی کارێکی باش و چاک و بەسوود و خێرخوازی دا بەکاربهێنێت، تا سەرنج و ئاوڕلێدانەوە و پێزانین و هاندانی کەس و کار و مامۆستاکەی و هاوڕێکانی بەدەستبهێنێت.. بەڵام ئەگەر بەو کارە باشەیان نەزانی و هیچ ستایشێکیان نەکرد و بە هەندیان نەزانی، رەنگە ئەو منداڵە بە پێچەوانەوە رەفتاربکات، کاری هەڵە و هەڵسوکەوتی نادروست بکات، یا لەوانەیە لە ماڵەوەدا شتێک بشکێنێت، بە ئەنقەست هەڵەیەک بکات، تا لە رێی ئەم رەفتار و هەڵانەیەوە، کەس و کاری ناچاربکات، ئاوڕێ لێبدەنەوە و سەرنجی بدەنێ.

هۆکارێکی تری حەزی خۆدەرخستن لە لای منداڵان، حەزی سەرکردەیی و رابەری و پێشڕەوی و پێشەنگی هاوڕێکانیانن، دەیانەوێت کەسێتی خۆیان بنوێنن و، لەرێ حەز و بەهرە و تونا و لێهاتوویيانەوە، خۆیان دەربخەن، خۆیان بە شایستەی سەرکردەیی و پێشەنگی و رابەری و جیوازیبزانن.

سۆز و هەست و پەرۆش و خۆشەویسی و هاوبەستەبوونی منداڵان بۆ نیشتمانی جوان و شیرینیان، دەیانەوێت بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی ئەم هەست و پەرۆشییەیان، بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و راستییەوە، بە ئەوپەڕی گوڕ و توانایانەوە،کۆششلە پێناوی خزمەتکردن و پێشکەوتنی نیشتمانەکەیان دا بکەن، لەو بوارەی کە بەهرە و توانایان لێیداهەیە، تواناکانی خۆیان دەربخەن و رۆڵیان هەبێت..حەزی خۆدەرخستنیش لەم بوارەدا، خۆدەرخستنێکی ئەرێنی و نیشتمانی یە. پێویستە هانی منداڵەکانمان بدەین بۆ گەشەپێدانیئەم حەزە خۆدەرخستنە نەرێنییەیان، بە گەرمی و رێزەوە ستایشیان بکەین و ئافەرین و دەستخۆشییان لێبکەین،تا بزانن کە پێزانینمان بۆ دڵسۆزییان و بۆ رۆڵی نیشتمان پەروەری و بۆ هاوبەستەبوونیان هەیە.

بوارێکی تری حەزیخۆدەرخستنی منداڵان، ململانێ کێبڕکێیەلە گۆڕەپانی وەرزش دا، کە بە رووحێکی وەرزشییەوە هەوڵی بردنەوە دەدەن، یان ململانی لەبواری خوێندن دابۆ بەدەستهێنانی نومرەی بەرز، کە هەموو منداڵێک حەزبە سەرکەوتن و بە یەکەم بوون دەکات، لێرەشدا حەزی خۆدەرخستن منداڵان ئەرێنی و بەسوودە، پێویستە گەشەی

پێبکرێت.ئەگەر ململانێ نەبێتتوانا و بەهرە و جیاوازییەکانیش دەرناکەون.

بەڵام گەر هاتوو حەزی خۆدەرخستن، لە خۆبایی بوون و لووتبەرزی و خۆهەڵکێشان و خۆپەرستیکەس نەویستی و چکۆسی (غیرەکردن) و بە کەمزانینی کەسانی تری لێبکەوێتەوە، ئەوا حەزێکی نەرێنییە و بەزیانی ئەو منداڵە و بە زیانی منداڵانی تریش دەشکێتەوە.. خۆ ئەگەر حەزی خۆدەرخستن ببێت بە خوویەکی نەرێنیو زیانبەخش لە لای منداڵ، دەبێتە نەخۆشییەکی دەروونی و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. ئەگینا لە ئێستا و لە داهاتوودا، کاردانەوەیەکیخراپ و زیانبەخشی لە ژیانی ئەو منداڵەدا دەبێت، زیان بە کەسێتی خۆی و بە کاسانی تریش دەگەیەنێت.

وەکو لەسەرەوە باسمان کرد،ە حەزی خۆدەرخستن، حەزێکیرەمەکییە و لە منداڵییەوە لە مرۆڤ دا هەیە. خێزان و ئەو ژینگەیەی کە منداڵانی تێدا پەروەردەکرێن، گرنگییان لە بنیاتنانی کەسێتی منداڵان دا هەیە. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، لەسەر بنەمای رەوشت دروستی و سوودبەخشی دا،حەزی خۆدەرخستن لە منداڵەکانیان دا بنیاتبنێن، بە ئاراستەیەکی راست و دروست دا ئاراستەیان بکەن، پێویستە بە شێوەیەکی هاوسەنگی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن. نە ملکەچی هەموو خواست و ویستێکیان بن، نە لە هەموو شتێکیش بێبەشیان بکەن، نە بە شێوەیەکی رەها سەرپشکیان بکەن و لێیان نەپرسنەوە و ئازادیان بکەن چیدەکەن با بیکەن، نە سەرکوێر و سەرکوتیشیان بکەن.. چونکە لەوانەیە کار لە کەسێتیان بکات، تووشی ترسنۆکی و بڕوابەخۆنەبوون و گۆشەگیری و بێدەسەڵاتی و خەمۆکی ببن.. کەواتە باشترین و دروسترینشێوازی مامەڵەکردن و رەفتارکردن لەگەڵ منداڵەکانتان دا،ئەوەیە کە میانڕەوبن لەگەڵیان دا و لە هەموو روویەکەوە هاوسەنگیان رابگرن.

٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

## منداڵان و بووکە بە بارانە.



(بووکە بە بارانە) یەکێک لەو نەریتە دێرین و رەسەنە کوردییانەمان، کە مێژووی بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئەمساڵ دەگەڕێتەوە، مایەی شادی و دڵخۆشیشە، کە تا ئەمڕۆش ئەم نەریتەمان بە نەمری ماوەتەوە، بەڵام بە هۆی وێرانکردنی گوندەکانی باشووری کوردستان و، ئابلۆقەدانی زۆربەی گوندەکان و شارۆچکەکانی رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوای کوردستان،لە لایەن داگیرکەرانی رەگەزپەرستەوە، تا ئەمڕۆش زیاتر لە نیوەی ژمارەی گوندە وێرانکراوەکانی باشووری کوردستان ئاوەدان نەبوونەتەوە. تا ئێستاش داگیرکەران دژایەتی هەموو داب و نەریتێکی رەسەنی کوردیمان دەکەن.. لە هەندێ ناوچەی کوردستان دا، بووکە بە بارانە وەکو جاران ناکرێت و خەریکە ئەم نەریتەمان بەرەو کاڵبوونەوە بچێت. رێوڕەسمی بووکە بە بارانەلە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا، بۆ هەمان مەبەست و بە هەمان شێوە بەڕێوەدەبرێت.

جاران منداڵان و گەورەکان پێکەوە بووکە بە بارانەیان دەکرد، بە زۆریش لە گوندەکان و کەمتریش لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەدەبرا.. بەڵام لە ئەمڕۆدا بووکە بە بارانە تایبەت بووە بە منداڵانەوە، گەورەکان (کۆسە) دەکەن کە هەر لە هاوشێوەی بووکە بە بارانەیە بە کەمێک جیاوازییەوە.. هەروەها (نوێژە بارانە)ی بە کۆمەڵیش

دەرکرێت.. نوێژە بارانە دیاردەیەکی تازەیە و کەوڵێکی ئاینی بە خۆوە پێچاوە.. بەڵام نە کۆسە و نە نوێژە بارانە، نەیان توانیوە و ناتوانن جێی بووکە بە بارانەی منداڵان بگرنەوە یا ئەو رەسەنایەتی و خۆشییەیان هەبێت.

بێگومان باران بارین مایەی خێروبێر و فەڕ و هات و بوژانەوەیەی زەوییە، مژدەی خۆشی و شادییە، ئاو زۆر دەبێت و دەغڵ و دان و باخ و بێستان پاراودەبن، لەوەڕ و گژوگیا زۆر دەبن. باران هیوا و بەختەوەری و شادی و گەشی و خۆشی بە جووتیاران دەبەخشێت، چونکە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانیان، بەروبوومی دەغڵ و دان و دانەوێڵە و بەری باخ و بێستان و ئاژەڵەکانیانە.. سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویش ئاوی باران و بەفرە.. زۆر ساڵ بە هۆی کەم بارین و وشکە ساڵییەوە.. ئاو کەمی کردووە، دەغڵ و دان بێ بەرهەم بوونە و، ئاوی کانی و بیر و جۆگە و خڕ و چەمەکان وشکیان کردووە، گیا و گوڵ و لەوەڕ و کەم بوونە و زوو وشکبوونەتەوە.. بەشێک لە گوندنشینەکانمان ناچار بوونە کە بە ماڵ و مەڕ و ماڵاتەکانیانەوە بەرەو کوێستانەکانی کوردستان رەوبکەن و بە دوای ئاو و لەوەڕدا بگەڕێن.. ئەمەش بارگرانییەکی زۆری بۆ درووستکردبوون.

بووکە بە بارانە.. نەریتێکی کۆنی کوردانە.. هەر ساڵێک کە باران نەبارێت یا کاتی پەڵە بەسەربچێت و ترسی وشکە ساڵی هەبێت. منداڵان و مێردمنداڵانی کوڕان و کچانی کورد لە گوندەکان و شارۆچکەکان و لە هەندێ لە گەڕەکەکانی شارەکانی کوردستان دا، لە ناوەڕاستی وەرزی پایز، یا لە سەرەتای بەهاردا، بووکە بە بارانە دەکەن. بە گۆرانی و یاری و چەپڵەلێدان و بەزم، ئەم ریورەسمە کوردەوارییە،بە شێوەیەکی خۆش بەڕێوەدەبەن.. منداڵان نزا دەکەن و لە خوا دەپاڕێنەوە کە بەزەیی بە فەقیر و بە هەژاران و بە جووتیاران دا بێتەوە، بارانیان بۆ ببارێنێت و دڵیان خۆشبکات و هیوایان ببوژێنێتەوە و نیگەرانیان برەوێنێتەوە و گرانی روویان لێنەکات.

هەر لە دێر زەمانەوە، رێوڕەسمی (بووکە بە بارانە) بە زۆری لە لایەن منداڵانەوە بەڕێوەبراوە، چونکە منداڵان هێمای دڵپاکی و بێگوناهی و بێتاوانین، خۆشەویستی خوان.. بە بڕوای خەڵکیش، خوا دڵی منداڵان ناشکێنێت و نزاو پاڕانەوەکانیان قبووڵ دەکات و باران دەبارێنێت.

بۆیەش ناوی لێنراوە (بووکە بە بارانە) چونکە بووک هێمای جوانی و قەدەمخێری و پیرۆزییە.. هێمای خۆشی و شادییە.. زۆر جاریش وا رێکەوتووە کە لە کاتی بووک گواستنەوەدا، لە پایز یا لە بەهاردا، باران بارییە.

خەڵکەش وتوویان بووکێکی پێ بە خێرە.. مەبەست لە بووکە بە بارانە ئەوەبووە، کە سەرنجی ئاسمان بە لای زەویی تینوودا رابکێشن. ئاویش هەموو شتێک پاک دەکاتەوە، هەر بەو نیازەوە ئاویان بە سەر بووکە بە بارانەدا کردووە، گوایە خەڵکی بە زۆری گوناهبارن،بڕوایان وایە کە بەو ئاوکردنە بەسەر بووکە بە بارانەکەدا،لە گوناهەکانیان پاک دەبنەوە.. لەوانەیە ئاسمان بەزەیی پیان دا بێتەوە و باران ببارێنێت.. لە کورتە باسێکی وادا نامانەوێت لەرووی لۆژیکی و ئەفسانەییەوە، رای خۆمان لەم بارەیەوە بخەینە روو.

چۆنییەتی دروستکردنی بووکە بە بارانە، منداڵان بە هاوکاری گەورەکان، لە دارێکی درێژ یان لە قامیش، لە شێوەی (خاچ) و لە سیمای بووک دا(بووکەڵەیەک) دورست دەکەن، جلی کچانەی کوردی رەنگاوڕەنگی لەبەردەکەن و بووک ئاسایی زۆر جوان دەیرازێننەوە.. ئینجا منداڵێکی چوست و چالاک و رەند، کچ بێت یا کوڕ، بووکەڵەکە بەرز دەکاتەوە و پێشی منداڵەکانی تر دەکەوێت و دەکەونە رێ، هەموویان پێکەوە بە یاری و بە چەپڵەلیدان و بە ئاوازەوە، گۆرانی (بووکە بە بارانە) دەڵێن.. کۆڵان بە کۆڵان، ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن.. کە بچنە بەر دەرگای هەر ماڵێک، کابانی ماڵەکە، لە بەردەم دەرگاوە یا لەسەر بانەوە، گۆزەیەک یا جەوەنەیەک یا کاسەیەکی پڕ لە ئاو بەسەر (بووکەڵەکە ـ بووکە بارانەکە) دا دەکات، بە نیازی هاتنەدی مرازی خەڵکیش دەرزییەک لە بووکەڵەکە دەدات.. ئینجا شتێک لە پارە، مێوژ، گوێز، خورما، نوقڵ، نیسک، ساوەر، بە منداڵەکان دەدات. لە دوای گەڕانی ماڵەکان.. منداڵەکان دەچنە ماڵێ یەکێکیان و شتەکان لە نێوان خۆیان دا بەش دەکەن.. زۆر جاریش کابانی ئەو ماڵە نیسک و ساوەرەکەیان بۆ لێدەنێت و منداڵەکان پێکەوە دەیخۆن.

ئەو بەستە و گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی کە منداڵان لە دوای بووکەڵەکە بە بارانەکەوە، بە کۆمەڵی و بەئاوازەوە دەیڵێننەوە.. بە زۆری تایبەتن بە بارانەوە، بریتین لە نزا و لە پاڕانەوە لە خوا بۆ ئەوەی باران بۆ فەقیر و بۆ هەژاران ببارێنێت.. ئەمانە چەند نموونەیەکن لەو گۆرانییانەیکە منداڵان بە ئاواز و بە یاری و گۆرانییەوە دەیانڵێنەوە:

(هەیاران و مەیاران) من کە منداڵ بووم.. ماڵمان لە دێیەکی نزیک شاری کەرکوک بوو.. لە سەرەتای پایزدا، گەر هەور بوایە و ئاسمان خوناوی(نەرمە باران)بکردایە، منداڵانی دێیەکەمان کۆدەبووینەوە.. هەردوو باڵمان راست دەکردەوە و بە دەوری خۆمان دا دەسووڕاینەوە.. بە کۆمەڵی لەگەڵ یاری دا ئەم کۆپلەیە گۆرانییەمان دەوت:

هەیـــاران و مەیـــاران
یاخـوا ببـاری بـــاران
بۆ فەقـیر و هـــەژاران
ئەمساڵ بباریٚ بـــاران

لە هەندێ ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەمان کۆپلە بە کەمێک گۆڕانەوە:

هەنـــاران و مەنـــاران
یاخـوا داکـــاتەبـــاران
بۆ فەقـیر و هـــەژاران
یاخـوا بـــاران ببـــاریٚ
بۆ سەر قوڕینەی بەهاریٚ

(بـووکە بە بـارانێ) ئەم گـۆرانییە فۆلکلـۆرییە، بە زۆری منـداڵان بە کـۆمەڵ و بە ئـاواز و بە یـارییەوە، بە دوای بووکەڵەی (بووکە بە بارانە)وە دەیڵێنەوە:

بووکـــە بە بـــارانێ
ئــاوی بن دەغــڵانێ
سەعـــاتی جـــارانێ

لە هەندێ ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان، گۆرانی (بووکە بە بارانی) بەم شێوەیەیە:

بووکــــە بـــــارانێ
بوکــــە بـــــارانێ
یاخـــوا ببـــــاریٚ
یا شـای هـــەزاران

داکـــاتـه بــــاران
بۆ فەقیر و هــەژاران
گەنـم هیچی نەمــاوە
هەمووی پرووشـقاوە
بووکـــه بــــارانێ
بووکـــه بــــارانێ
یاخـــوا ببــــارێ

لە دەڤەری (بادینـان) یش لە باشووری کوردستان، سـاڵی جارێک یـا دوو جـار، لە وەرزی پـایز و بەهــاردا، بە هەمــان شـێوەی ناوچەکــانی تــری کوردســتان، لە زۆربەی گونـــدەکان و شــارۆچکەکان دا، منـــداڵانی کچــان و کوڕانیبارانخـواز (بویـکا بـارانێ) دەکەن.. ئەمەی خـوارەوەش، گـۆرانییەکە کە لە پەرتـوکی (ئـەدەبێ زارۆکــا) وە وەرم گرتووە، لە لێکۆڵینەوەی (محەمەد عەبدوڵا ئامێدی) یە کە لە(٢٠٠٥) دا لە سلێمانیچاپکراوە:

بویـــکا بــــاران دەڤــێ
دەخلەکێ ئـــەرزان دەڤــێ
تەرزانیــا ســالان دەڤــێ
------
بویـــکا مـه خـێلی خـێلی
نادەینــه حەســەنگـێلی
دێ دەیـــنه ئامـــێدی یا
دێ دانـــه سەر کورسی یا
دێ پــێ دادەن شـەمسی یا
بژمـــێرن عەبـــاسییا
------
بویکا مه یا ل ئەڤــرازی
یا دکـه تـه گــازی گــازی

چەنگە کێ رزقی دخازی

--------

بویکا مەیا ل مەگلانا

یا دکەلوژیت کەزانا

خودی بدەت بارانا

هونەرمەندی کوردمان مامۆستا (سەلاح محەمەد کۆیی) کە لە لای منداڵان کوردمان بە (مام عەوڵا) ناسراوە.. یەکەم هونەرمەندی گۆرانیبێژی کوردە کە بە گۆرانی ئەم نەریتە کوردەوارییەی بەرز راگرت و بە نەوەی نوێی ئاشنا کرد.. مامۆستا سەلاح محەمەد بە بەشداری کچۆلەیەکی چاوگەشی دەنگخۆش و کۆمەڵە منداڵێکیجوانی کچان و کوڕان بە جلی جوانی کوردییەوە، گۆرانی (بووکە بە بارانە)ی لە کلیپێکی رەنگاوڕەنگ دا بۆ (تەلەفزیۆنی کوردستان)تۆمارکرد. مام عەوڵا بێجگە لەم گۆرانییە.. چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری خۆشی تریشی بۆ منداڵان تۆمار کردوون، لەوانەش (هەلور بلور) شایەنی ئەوپەڕی دەستخۆشییە..ئەمەش گۆرانی (بووکە بە بارانە) کەی (مام عەوڵا) یە:

هەیاران و مەیاران

یا خوا داکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

قەومی حەسەن و حوسێنان

هەمووی قڕبوون لە تینیان

------

خوایە باران بباریَ

لە لادیَ و لە شاریَ

لە سبەینێ تا ئێواریَ

بە لیزمە بێتە خواریَ

------

بووکە بە بارانێ

ئـــاوی بـن دەغـــڵانێ
سەعـــاتـی جـــارانێ
لە دێـــرین زەمـــانێ
------
بووکـــی نـــاو باغـــانە
چەنـد خـــان و مـــانە
لـە گـــەورە مـــاڵانە
لـە دێـــرین زەمـــانێ
-------
بووکـە چۆتە سەر کەپرێ
لێـــدەدا دەف تـەپـڵێ
لـە کەسیش ناکـا شـەرمێ
لـە دێـــرین زەمـــانێ
-------
شەمووڵەی من چی دەوێ
مێـوژی عەمـارانی دەوێ
شەکری لە شـارانی دەوێ
دیـــاری منـــداڵانی دەوێ
-------
شەمووڵەی لە نـــاو ڕەزی
بـای لێـدەدا و دەلـــەرزێ
فـــڕەدەکا ئـاقـی تـــەزی
بە جـوانـیەکەی دەنـــازی
-------
شەمووڵەی من چی دەوێ
مێـوژی عەمـارانی دەوێ

*شەکری لە شارانی دەوێ*

*دیـــاری منــــداڵانی دەوێ*

ساڵی پار (٢٠١٧) لە شاری (کامیاران) لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن ساوایانی سێ باخچەی ئەم شارەوە. بە شێوەیەکی رێک و جوان،رێورەسمی (بـووکە بە بـارانە)یـان بەڕێـوەبرد. بە گەرمی ئـافەرین و دەستخۆشی لە دادە دڵسۆزەکان لە منداڵە جوان و چاوگەشەکانی ئەم سێ باخچەیە دەکەین، کە ئەم نەریتەیان بە منداڵانی ئەمڕۆمـان ئاشنا کرد، تا بیزانن و لە یادیان بمێنێت.

هەر سـاڵی پـار هونەرمەنـدی کوردمـان کـاک (ئـاریان رەزایـی) کە لە دایکبـووی شـاری سـەقزە لە رۆژهەڵاتـی کوردستان، خوێندکاری بەشی سینەمایە لە زانکۆی تاران. بە هاوکاری خاتوو (مینـا سەهبانی) بە شانۆگەری(بووکە بە بـارانە) لە فیسـتیڤاڵی شـانۆی منـداڵان دا لە شـاری(تـاران) بەشـدارییان کـرد.. جێـی سـەرنج و دڵخۆشـی و دەستخۆشی بینەران بـوو. بـووکە بە بـارانە، یەکێکیش بـوو لەو شانۆیانەی کە خەڵات کران.. هەر ئەم شانۆیە لە چەنـد شـوێنێکی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان دا نمـایش کـرا، بـووە مـایەی شـادی و خۆشـحاڵی بینـەران، بە تـایبەتیش منداڵان.

لە هەشتەمینفیستیڤاڵی (ژیـار) دا بۆ فیلم و بۆ وێنەی کێشراوی منداڵان، لە شاری (سنە) ی رۆژهەڵاتی کوردستان چەنـد فیلمێـک و چەنـدین تـابلۆی وێـنە نمـایش کـران. یەکێـک لەو فیلمـانە، فیلمـی (بـووکە بـارانە)ە بـوو، لە ئامـادەکردن و دەرهێنـانی (شەمسـیا ناسـری) و (تەیمـوور قـادری) یەکێکـیش بـوو لە فـیلمە خەڵاتکراوەکـانی ئەم فیستیڤاڵە..

پەرتوکێکیش بە ناوی (بویکا بارانێ.. یـارییێن کوردەوەرای) کە کـاک (محەمەد حەسـەن بنـاڤی) بە زاری کرمـانجی بـاکوور نووسـیویێتی و لە (٢٠٠٢) دا لە هەولێـر چـاپکراوە. حەزمـان دەکـرد بـۆ دەوڵەمەنکردنـی ئەم باسـە ئەم پەرتووکەشمان بخوێندایەتەوە.. بەڵام تا ئەمڕۆ چاومان بەم پەرتوکە نەکەوتووە.

خۆزگە و هـیوای ئەوەش دەخـوازم کە، دادەکـانی باخچەکـانی سـاوایان، لە باشووری کوردسـتان دا، ئەوانـیش ئەم نەریتە کوردییەمان بەرز و زیندوو رابگرن، منداڵانی باخچەکانیان، لە رێی نمایشی شانۆییەوە بە (بووکە بە

بارانە) ئاشنابکەن.

(باران) پانتاییەکی باشی گرتۆتەوە لە ئەدەبی کوردی و لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و لە هۆنراوەکانیهەندێ لەو شاعیرانەش کە بۆ منداڵان هۆنراوە دەنووسن.. یەکێک لەوانەش کەڵە شاعیری گەلەکەمان کاک (لەتیف هەڵمەت)ە،لە راستیش دا کاک لەتیف هەڵمەت لەهۆنراوەیەک زیاتری لەسەر باران هەیە و، لە چەند هۆنراوەیەکیش دا بە جوانی و ئاسانی باسی لە سوودەکانی باران بۆ منداڵان کردوون..لە (دیوانی منداڵان)ی کاک لەتیف هەڵمەت.. بۆ ئاماژەپێدان، ئەمە کۆپلەی یەکەمی هۆنراوەی (باران) ی کاک هەڵمەتە، کە سێ کۆپلەیە،شایەنی باسیشە لە لایەن هونەرمەندێکی پیاوی سویدییەوە، هەر بە زمانی کوردی (باران)ەکەی کاک هەڵمەت بە گۆرانییەوە دەیڵێتەوە:

**(باران)**

*بارانە... بارانە*
*باران هاوڕێی گشتمانە*
*دایکم دەڵێ:*
*هەرچەن باران ببارێ*
*لەگەڵ هەموو نمەیەکدا*
*گوڵێکی جوان*
*دێتە خوارێ*
*لە ئاسمان..*

بووکە بە بارانە، لە لایەن گەلێک لە گەلانی تریش دەکرێت، بۆ نموونە گەلی ئەمازیغی کە لە باکووری ئەفریقادا دەژین، بە زۆریش لە وڵاتانی مەغریب و جەزایرو تونس دا، ئەوانیش بە هەمان شێوەی کورد، ئەمازیغییەکان بووکەڵەی (بووکە بە بارانە)کە پێي دەڵێن (یالغونجا) بە واتا کەوچکی گەورە دارین، لە قامیشی گەڵا سەوز دروستی دەکەن و جلی ژنانەی لەبەردەکەن و کەوگیرێکی داری گەورەش بە سەریەوە دەبەستن، ژن و منداڵان دوای بووکە بە بارانەکە دەکەون.. بووکە بە بارانە کونترین و باوترین نەریتی ئەمازیغییەکانە، هەر لەمانیشەوە

عەرەبەکانی باکووری ئەفریقا ئەم داب و نەریتەیان وەرگرتوون و بەڕێوەی دەبەن.. میژووی سەرهەڵدانی نەریتی بووکە بارانەیانەی ئەمازیغی، بە چیرۆکێکی ئەویندار ی ئەفسانەییەوە گرێ دراوە. چیرۆکی ئەوینی خوای باران لەگەڵ کچێکی زۆر جوانی ئەمازیغی (تەسلیت و ئونزار) کە پەیوەندی بە باران بارین یا نەبارینەوە هەیە.. هیوادارم لە دەرفەتێک دا باس لەم چیرۆکە ئەفسانەییەی ئەمازیغییەکان، بۆ خوێنەرانی کوردمان بکەین.

دووبارەش هیوای ئەوە دەخوازم . باران ببارێت یا نەبارێت ـ هانی منداڵانی کوردمان بدەین، کە لە گوندەکان و شارۆچکەکان و لە باخچەکانی ساوایان لە کوردستان دا، لە وەرزی پایز و لە سەرەتای بەهاردا، ساڵانە رێورەسمی (بووکە بەبارانە) بەڕێوەبەرن و نەهێڵن ئەم نەریتە کوردەوارییەمان کاڵبێتەوە.

١ی جانێوێری ٢٠١٨

## پەروەردەکردنی منداڵان بە لێبووردن.



منداڵە چاوگەش و شیرین و خۆشەویستەکانمان، نەوەی ئەمڕۆن و هیوای داهاتووی کورد و کوردستانن..بە نرخترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن.. گۆشکردن و پەروەردەکردنیان بە دروستیو ئاراستەکردنیان بە راستی ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆی خیزان و قوتابخانە و کۆمەڵگا و هەموو هیواخوازێکی داهاتوویەکی باشتر و شیاوتر و گەشترە بۆ کورد و کوردستان.. پێویستە لە منداڵییەوە بە بەها پیرۆزەکان و پرەنسیپە بەرزە

نیشتمانییەکان و مرۆڤایەتییەکان پەروەردەیان بکەین.. لە منداڵییەوە بە بنەما سەرەکییە ئەرێنییەکانی ژیان و سازان و پێکەوە هەڵکردن ئاشنایان بکەین.. بۆ ئەوەی ببن بە کەسایەتی بڕوابەخۆ و گەشبین و سەرکەوتوو.. ببن بە تاکی دروست و خێربەخش.. ببن بە کۆڵەکە و کاریتەی تەبایی و خۆشبەختی کۆمەڵگای کوردیمان. پێویستە وا پەروەردەیان بکەین، کە شانازی بە ناسنامەی کوردستانی بوونی خۆیانەوە بکەن و هەستی هاوبەستەبوونیان بۆ شارستانییەت و بۆ مرۆڤایەتی هەبێت.. هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانمان بە رۆشنبیریی برایەتی و خۆشکایەتی و هاوڕێتی و کەسایەتی و قبووڵکردنی یەکتریو رێز و خۆشەویسی و یەکسانی و دادپەروەری و هاومافی و رێزگرتن و خۆشەویستی کەسانی تر و کرانەوە بەڕووی کولتوور و کۆمەڵگاکانی تر و باشخوازی و ئاشتییخوازی و لێبووردن و بەخشینپەروەردەیان بکەین.. لە منداڵییەوە لە هەموو شێوەیەکی دەمارگیری و توندوتیژی و رەگەزپەرستی و توندڕەوی ئاینی و تایفی و خۆپەرستی و کەسنەویستی دووریان بخەینەوە.. ئەمەش ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی هەموومانە، کە بەم بەها و پرەنسیپ و رەوشتە جوانانە پەروەردەیان بکەین.

پەروەردەکردن و راهێنانی منداڵان بەو بەها و پرەنسیپانە، لە شەو و رۆژێک دا نایەنە دی، پێویستیان بە سنگفراوانی و دەروون گەورەیی و پشوودرێژی و خۆڕاگرتن هەیە.. پێویستیان بە پلان و بەرنامەڕێژی هەنگاو بە هەنگاو هەیە.. تا دڵنیابین کە ئەنجامەکان ئەرێنی دەبن و بە درێژی ژیانی منداڵان کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی ئەرێنییان لەسەر ژیانی خۆیان و لەسەر کۆمەڵگای کوردیشماندەبن.

یەکێک لەو بەها پیرۆزانەی ناومان بردن (لێبووردن)ە، کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و تیۆرە پەروەردەییەکان، جەختیان لەسەر گرنگییەکانی بەهای لێبووردن و بەخشین کردۆتەوە، کە یەکێکە لە هەرە خەسڵەتە جوانەکان و پرەنسیپە بەرزەکانی مرۆڤ.

ئامانجی پەروەردەی نوێ لە ئەمڕۆدا، بە ئاراستەی بنیاتنانی رۆشنبیری ئاشتی و هەستپاکی و سۆز و رووحی مرۆڤایەتی و بەهای لێبووردنە، دژایەتیکردنی هەموو شێوەکانی توندوتیژی و دەمارگیری و زاڵبوون و خۆسەپاندن و چەوسانەوەیە.. لە بنەڕەتیش دا، پەروەردە لەسەر بنەمای بەهای لێبووردن و ئاشتی و ئازادی مرۆڤ و لێبووردە هاتۆتە کایەوە.. بۆیە پێویستە سیاسەت و داڕشتنی پەیڕەو و پرۆگرامەکانی فێرکردن و خوێندن، لە هەموو قۆناغ و ئاستەکان دا، لە باخچەی منداڵانەوە تا دەگاتە خوێندکارانی زانکۆکان، هەموو هاوکاربن لە رووندان و شیرینکردن و بەرجەستەکردنی پرەنسیپەکانی پێکەوەژیان و سازان و لەیەکگەیشتن و لێبووردن و خۆشەویستی و

ڕێز و ڕێزگرتن لە را و بۆچوونی جیاواز.. پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی دروستی منداڵان هۆکاری پێکەوەژیان و گونجان و سازانە، نەک هۆکاری ململانێ و بەربەرەکانی.

(هیلین کیللەر) دەڵێ:"باشترین دەرئەنجام لە پەروەردەدا لێبووردنە".

لێبووردن زمانێکی نەرم و شیرینە، چەمکێکە واتای بەخشین لە کاتی توانا و هێزدا دەگەیەنێت.. پێویستە لە منداڵییەوە منداڵەکانمان فێری ئەم زمان و چەمکە بکەین.. لێبووردن دروشمێک نییە بوترێ یا بەرزبکرێتەوە، بەڵکو لێبووردن دۆخێکی دەروونی و ڕەوشتی وکۆمەڵایەتییە، کە لە ویژدانی منداڵان دا دەڕوێت.. لێبووردنیش لە خودەوە دەستپێدەکات، ئینجا لە کەسانی تر.

گەر بە منداڵی خۆماندا بچینەوە، ئەو یادەوەرییانەمان دێتەوە یاد و بەرچاومان، کە زۆر جار لەگەڵ خوشک و برا و هاوڕێکانمان دا، ناکۆکی دەکەوتە نێوانمان.. تووڕە و زیز دەبووین، بەڵام لە دڵمان ناگرت و زۆری ناخایاند، بە ئەوپەڕی دڵپاکیو هەستپاکییەوەدەستمانلە ملی یەکتری دەکرد و داوای لێبووردن و بەخشینمان لە یەکتری دەکرد و ئاشت دەبووینەوە و لاپەڕەیەکی نوێی دڵپاکی و بێتاوانیمان هەڵدەدایەوە.. بەڵام کە گەورە بووین و گرفت و کێشەکانمانزیادیان کرد، توانای لێبووردن و بەخشینمان کەمتربوونەوە.. دەرفەت بە بەرانبەرەکانمان نادەین بە کە خۆیان دا بچنەوە.

ئێمە هەموومان پێویستیمان بە یەکتری هەیە.. با دڵپاکی و بێتاوانی و لێبووردن و بەخشینی منداڵیمان بگەڕێنینەوە.. بە دڵێکی گەورە و بێ رق و کینە لەگەڵ هاوڕێ و دراوسێ و کەسوکار و کەسانی تردا، بە نەرمی و ڕێزەوە گفتوگۆ و ڕەفتار بکەین.

با لە ناخی دڵمانەوە، دروشمی ژیانمان، ئاشتی و لێبووردن و تەبایی و سازان بێت.. با هەردەم دەستپێشخەربین لە لێبووردن و بەخشین، ئەمەش مایەی ویژدان ئاسوودەییە.

لێبووردن ئەوەیە کە تۆ لە خراپە و هەڵەی کەسانی تر ببووریت و بیان بەخشیت، بیر لە لۆژیکی وەڵامدانەوەی خراپە بە خراپە، یان تۆڵە بە تۆڵە نەکەیتەوە.. تۆڵەسەندنەوە کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە و توندوتیژییەکی

زیاتر و کارەساتی خراپتری لێدەکەوێتەوە.

هەندێ کەس بە هەڵە لە لێبووردن گەیشتوون، پێیان وایە کە لێبووردن و بەخشین لە لاوازی و بێتواناییە.. کەسانی لێبووردە توانای رووبەڕووبوونەوە و تۆڵەسەندنەوەیان نییە.. ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە، بۆ ئەوەی واتێنەگەن کە کەسانی لێبووردە لاوازن و بەزیون و توانای بەرپەچدانەوەیان نییە.. پێویستە ئەوە بزانن کە یەکێک لە بنەماکانی لێبووردن ئەوەیە کەلێبووردن لە خەسڵەتە جوان و ئەرێنییەکانی مرۆڤە. کەسانیلێبووردە دەروون گەورە و سنگ فراوان و ژیر و دووربینن، لە توانا و بەهێزی دادەبوورن و دەبەخشن.. لە راستیش دا، لێبووردن باشترین تۆڵەسەندنەوەیە.. ئەو دڵەی کە پڕبێت لە سۆز و لێبووردن و بەخشین و رێز و ئاشتیخوازی و سازان و گونجان، دڵێکە پڕ لە ئاسوودەیی و خۆشەویستییە، دڵێکە کە جێی رق و کینە و توندوتیژی و دەمارگیری و چەوسانەوە و تۆڵسەندنەوە و خراپەخوازی لێنابێتەوە.. لە راستیش دا لێبووردن و بەخشین گەورەترین تۆڵەسەندنەوەیە.

***(مەهاتما گاندي) دەڵێ:" لاواز ناتوانێت ببورێت، لێبووردن لە خەسڵەتی بەهێزەکانە" (جەواهیر لال نەهرۆ)ش دەڵێت:" تەنیا دەروون گەورەکان دەزانن لێبboورن چۆنە".***

زۆر لە لێکۆڵینەوە دەروونییەکان و رەوشتییەکان و پزیشکییەکان لە زۆر لە زانکۆکانی جیهان دا، لەوانەش لە زانکۆی (کۆلۆمبیا) ی ئینگلتەرا، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە لێبووردن و بەخشین گەلێ سوودی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیانییان بە کەسی لێبووردە بەخشیوە.. ئەوەشیان بۆ ساغ بۆتەوە کە ئەو ئارامی و ئاشتییەی لە ئەنجامی لێبووردن و بەخشین دا دێنەدی، بەرگریی لەش خۆشتردەکەن، ئەم راستییەش ئەو رووگەشییەیە کە بە دەموچاوی لێبووردەوە دەردەکەوێت.

ئەوەش دەزانین کە لێبووردن و بەخشین بەها و پرەنسیپێکی رەمەکی بۆماوە نییە، کە لە باوباپیرانمانەوە بۆمان مابێتەوە، بەڵکو لێبووردن وەرگرتن و فێربوونە.

شارەزایانی ئەم بوارە، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە رۆشنبیری لێبووردن و بەخشین لە خێزانەوە دەست پێدەکات، خێزان رۆڵێکی گەورەی هەیە لە رواندنی ئەم پرەنسیپە مۆڤایەتییە لە هۆش و دەروونی منداڵان دا، گەر

پەیوەندییەکانی نێوان دایک و باوک و خوشک و براکان، ئەرێنی بن و لەسەر بنەمای خۆشەویستی و رێز و نەرم و نیانی و ئەرکەکان و مافەکان و بەرپرسێتی بنیاتنرابن، نەک لەسەر بنەمای توندوتیژی و بێڕێزی و ناکۆکی و ناتەبایی و رق وکینە و خۆپەرستی و خۆسەپاندن و چەوسانەوە بنیاتنرابن.. ئەو ماڵەی کە لێبووردن و بەخشین باڵی بەسەردا نەکێشابێت.. هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و کەش و هەوایەکی دیکتاتۆری و نائارامی و بێڕێزی و یەکتری قبووڵنەکردن و رەتکردنەوەی را و بۆچوونی جیاواز و نەسازان و نەگونجان.

دیکتاتۆریەتیش لە خێزان دا بێت، یا لە دەسەڵاتی حوکمڕانی وڵات دا بێت. هۆکارێکە بۆ زمان زبری و توندوتیژی و نەسازان و بێبڕوای و پێکەوەهەڵنەکردن و ناسەقامگیری. هەر ئەم کەشە نالەبارەش، هەستی رق و کینە و توندوتیژی خۆشتر دەکات.

زۆر بە کورتی و بە چڕی، چەند خاڵێکی گرنگ دەخەینە بەرچاوی دایکان و باوکان، بەو مەبەستی کە سوودیان لێوەربگرن، بۆ رواندنی بەهای لێبووردن و بەخشین لە هۆش و لە دەروونی جگەرگۆشەکانیان دا.. زۆر گرنگە هەر لە منداڵییەوە بەم بەها و پرەنسیپە ئەرێنییانە منداڵەکانتان پەروەردە بکەن و رایان بهێنن:

١- پێویستە دایکان و باوکان ببن بە پێشەنگ و بە نموونە، بۆ منداڵەکانیان، ئەگەر ئەوان لە یەکتری ببووردەن و ببەخشن، زمان نەرم و سازاو و گونجاون، بە دڵنیاییەوە منداڵەکانیشیان چاویان لێدەکەن، لەوانەوە فێری بەهای لێبووردن و بەخشین دەبن.

٢- پێویستە منداڵەکانتان بەم بەها و پرەنسیپانە پەروەردەبکەن و لایان شیرین بکەن: لێبووردن و بەخشین، دەستپێشخەری لە لێبووردن، خۆشەویستی، رێزگرتن، سازان و گونجان، قبوڵکردنی یەکتری، پێکەوە ژیان، رێزگرتن لە کەسانی تر و لە را و لە بۆچوونی جیاوازیان، زمان نەرمی و شیرینی، راستگۆیی، یەکسانی، دادپەروەری، ئازادیخوازی، ئاشتیخوازی، دڵسۆزی، نیشتمان پەروەری، هاوڕێتی، مرۆڤایەتی، چاکەخوازی، دەستپاکی، ئەمکداری، پێشکەوتنخوازی، داهێنانخوازی،.. هاد.

٣- منداڵان زۆر حەز لە چیرۆک دەکەن، ئەم حەزەیان بقۆزنەوە، ئەو چیرۆکانەیان بۆ بگێڕنەوە و بخوێننەوە، کە مەبەستی لێبووردن و بەخشینیان لەخۆگرتوون.

٤- ئافەرین و ستایشی ئەو منداڵەتان بکەن، کە دەستپێشکەربێت لە لێبووردن و لە بەخشین دا، لەو هەلانەی کە خوشک و براکانی یا هاوڕێکانی یا کەسانی تر دەرهەق بە ئەم کردیان یا بیکەن، وەکو هەڵویستێکی ئەرێنی بەرز بنرخێنن تا درێژەی پێبدات.. گەر خەلاتیان بکەن، دەبێتە هاندەرێکی بەهێز تا زیاتر درێژە بەم رەوشتە جوانەیان بدەن.

٥- کە کێشە و ناکۆکییەک لە نێوان منداڵەکانتان یا لەگەڵ هاوڕێکانیان رووبدات.. ئێوەی دایکان و باوکان، خێرا خۆتان تێهەڵمەقورتێنن.. بواریان بدەن و بزانن کە چۆن خۆیان ئەو کێشانە چارەسەر دەکەن و لە یەکتری دەبوورن و دەبەخشن و ئاشت دەبنەوە.

٦- کە منداڵێکتان لەگەڵ خوشک و برایەکی یا هاوڕێیەکی کێشەیان دەبێت و تووڕەدەبن و یەکتری بە خەتابار دەزانن.. یەکسەر و گەرماوگەرم زۆر لە منداڵەکەتان مەکەن و ناچاری مەکەن کە بە نابەدڵی بچێت داوای لێبووردن لەو کەسە بکات، چونکە هێشتا لەسەر تووڕەیی و رقە، با ساردبێتەوە، ئینجا بە نەرمی و بە هێمنی و بە شێوازێکی گونجاو قەناعەتی پێبکەن و پەشیمانی بکەونەوە و هانی بدەنکە دەستپێشخەری لە لێبووردن و بەخشین دا بکات، بچێت داوای لێبووردن لە هاوڕێکەی بکات و ئاشت ببنەوە.. ئافەرین و ستایش هەردووکیان بکەن و.. ئەوەشیان پێ بڵێ کە منداڵی لێبووردە لە لای هەموو کەسێ خۆشەویست و رێزدارە.

٧- وریابن هیچ جیاوازییەک لە نێوان منداڵەکانتان دا مەکەن.. لەگەڵ منداڵانی تریش دا بەراوردیان مەکەن.. ئەگینا دەبێتە هۆکارێک بۆ رق و کینە توندوتیژی و ئیرەیی.

٨- بێگومان قوتابخانەش رۆڵێکی گرنگی هەیە، لە چەسپاندنی بەهای لێبووردن و بەخشین و لە شیرین کردنی پرەنسیپە بەرزەکان دا، هاوکاریتان لەگەڵ قوتابخانەدا بۆ هێنانەدی ئەم مەبەست و ئامانجانە زۆر پێویستە.

٩- کۆمەڵگاش رۆڵی خۆی هەیە، لە بنیاتنانی رۆشنبیری لێبووردن و قبووڵکردنی یەکتری تاکەکان دا. گەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئاشتی و رێز و خۆشەویستی و هاوکاری و هاوچارەنووسازی وماف و ئەرکەکان بنیات نرابێت.

١٠- گەر منداڵێکتان لە یەکێکیان بووری و بەخشی، بە منداڵێکی ئازا و ژیر و لێبووردە ناوی بەرن.. بەڵام ئەگەر بەو چاوەوە لێیبڕوانن، کە گێل و گەمژە و ترسنۆکە، یا بە نەفس نزم و سووک ناوی بەرن، ئەم بۆچوونە هەڵەیەتان دەبێتە هاندەر و هۆکارێک بۆ ئەوەی کە لە جاری داهاتوودا، دووقات تۆڵە بکاتەوە و ئامادە نەبێت لە کەسببوورێت.

ئاشکرایە کە لەم سەردەمەدا، ڕێژەیەکی زۆری منداڵان و گەورەکان، بوونەیە قوربانی توندوتیژی و دەمارگیری و جیاوازی و دڵڕەقی و ڕەگەزپەرستی و چەوسانەوە و شەڕ و ئاژاوە و نادادپەروەری و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵەیەتییەکان وتێکچوونی شیرازەی خێزانی و زاڵبوونی هەژموونی زمان زبری و ناسەقامگیری.. بۆیە ئەمڕۆدا لە هەموو سەردەمێ زیاتر پێویستیمان بە ڕۆشنبیری لێبووردن و بەخشین و زمان نەرمی و سنگ فراوانی و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوەژیان و تەبایی و سازان هەیە.

١٣ی جانێوێری ٢٠١٨

## *شانۆی گەڕۆکی منداڵان.*



شانۆ لقێکە لە ئەدەب، هونەرێکی درامی نواندە، بە دایکی هونەرەکان ناودەبرێت. شانۆ پەنجەرەیەکە بۆ داهێنان.. سەکۆیەکە بۆ گوزارشتکردن لە خۆشییەکان و لە ناخۆشییەکانی مرۆڤ.. شانۆی منداڵانیش لقێکی زۆر گرنگە لە ئەدەبی منداڵان، مەبەستیشمان ئەو شانۆیەیە، کە لە خزمەتی منداڵان دایە و منداڵان خۆیان ڕۆڵی

سەرەکی نواندنی تێدا دەبینن و نمایشی دەکەن.

(مارک تووەین) لە بارەی شانۆی منداڵانەوە دەڵێ:" بڕوام وایە کە شانۆی منداڵان، یەکێکە لە گەورەترین داهێنراوەکانی سەدەی بیستەم کە بلیمەتی ئادەمیزاد ڕێی پێبرد.. بەهێزترین مامۆستای ڕەوشتە.. داکۆکیکەرە لە ڕەوشتی باش..".

شانۆی منداڵان، پەیامێکە، خۆشی و شادییەکی زۆر و چێژی هونەری و جوانناسی بە منداڵان دەبەخشێت.. هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشەکردن و فراوانکردن و زاخاودانی بیر هۆش و ئەندێشە و هەست و سۆز و توانای دەربین و گوزارشتکردنی منداڵان.. بۆ گەشەکردنی بەهرە و ئارەزووەکانی منداڵان.. بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیان.. هۆکارێکە بۆ ڕۆشنبیری کردنیان.. هۆکارێکی زۆر گرنگیشە لە هۆکارەکانی فێرکردن و پەروەردەی نوێی منداڵان.. لە گەشەکردنی دروستی کەسایەتیان.

شانۆی منداڵان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی گەلێ گرێ و گرفت و فشارە دەروونییەکانی منداڵان، وەک (شەرم، گۆشەگیری، زمانگرتن، ترس، ڕارایی، پەشێوی دۆشدابردن، دڵتەنگی، خەمۆکی، گرژ و مۆنی،..) بنچینەی درامای منداڵانیش یارییە.. پەروەردەکاری بە ناوبانگ (جان جاک ڕۆسۆ) فێرکردنی منداڵان لە ڕێی یاری و نواندنەوە، بە باشترین شێوازی فێرکردن دەزانێت، ئەوەشی ڕاگەیاند کە شانۆی منداڵان ڕێبازێکە بۆفێرکردنی منداڵان.

دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان گرنگییەکانی(شانۆی گەڕۆکی منداڵان).. لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی جیهان دا، شانۆی گەڕۆکی منداڵان هەیە، کە منداڵان خۆیان ڕۆڵی سەرەکی نواندنی تێدا دەبینن.. کە لەسەر (لۆری بارهەڵگر)، یا یەکسەر بە شەلمان و تەختەدار دروستی دەکەن، بە دیکۆری جوانی سەرنج ڕاکێش دەیڕازێننەوە، ساڵی چەند جارێک لە سەنتەری شار و شارۆچکەکان دا، نمایشی شانۆی منداڵان دەکەن.. لەپاڵ نمایشی شانۆش دا، منداڵان چەندین گۆرانی و هەڵپەڕکی و دانس پێشکەش دەکەن.. پێشتریش ڕیکلام و ئاگاداری بۆ شوێن و کاتی نمایشکردنی شانۆکە دەکەن.. میدالیا و خەڵات بە منداڵە بەشداربووەکان و بە دەرهێنەرەکانیش دەبەخشن.. بێجگە لەوەی کە لە زۆربەی شارەکان دا هۆڵی تایبەت بە شانۆی منداڵان هەن.. هەروەها بەڕێوەبەرێتی هونەری منداڵانیش هەیە، ساڵانەش لە شارەکان دا، فیستیڤاڵی پێشبڕکی شانۆی منداڵان سازدەکەن.. چەندین تیپی

شانۆیی منداڵان بەشداری تێدا دەکەن.

منداڵان هیوای داهاتووی هەر گەلێکن.. بۆ گەلانی پێشکەوتوو بایەخێکی زۆر بە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان دەدەن.. بۆ نموونە لە (وڵاتی نۆرویژ)دا، لە حکوومەت دا، وەزارەتێک هەیە بە ناوی (وەزارەتی منداڵان).

وادیارە هونەرمەندی عێراقیش (حوسێن عەلی ساڵح) کە پسپۆرە لە شانۆی منداڵان و زیاتر لە بیست ساڵە لە بواری (ئەدەبی منداڵان) دا کار دەکات، سوودی لە ئەزموونی (شانۆی گەڕۆکی منداڵان) ی دەوڵەتان وەرگرتووە.. دەستپێشخەری کرد و بۆ یەکەمین جار لە بەغدا، ئۆتۆمبیلێکی دوو تۆنی (پیک ئاپ)ی کردە شانۆی گەڕۆکی منداڵان و بە دیکۆرێکی جوان رازاندییەوە.. تا ئێستا لەسەر پشتی ئەم پیکاپەدا، چەند شانۆیەکی بۆ منداڵان ـ ئەکتەرەکانیش منداڵانن ـ لە باخچەکانی ساوایان و لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بەغدا دا،بەسەرکەوتوویییەوە نمایشی کردن.. دەستخۆشییەکی زۆریان لێکردووە.

چ دەرهێنەرێکی دڵسۆز و خەمخۆری منداڵانی کوردستان لە بواری شانۆی منداڵان دا، شانازی دەستپێشخەری پێدەبڕێت و..بڕیاری دامەزراندنی (شانۆی گەڕۆکی منداڵانی کوردستان) دەدات.. راستە پرۆژەیەکی گرنگی وا، پێویستی بە هاوکاری چەند لایەنێک و بە پشتگیری و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییە پێویستییەکانی شانۆی منداڵان هەیە.. بەڵام هەموو پرۆژەیەک بە هەنگاوێکی سەرەتا دەست پێدەکات.

گەربێت (شانۆی گەڕۆکی منداڵانی کوردستان) دابمەزرێت، دەتوانێت خزمەتێکی زۆری بواری ئەدەب و هونەری منداڵانی کوردمان بکات.. لە رووی پەروەردەیی و فێرکاری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەییشەوە خۆشی و سوودێکی زۆر بە منداڵانی کوردمان دەبەخشێت.. وەکو من بزانم تا ئەمڕۆ لە کورستان دا، شانۆی گەڕۆکی منداڵانمان نییە.

نابێت ئەو هونەرمەندە دڵسۆزانەمان لەیادبکەین، چ ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە، یا ئەوانەی تا ئەمڕۆش لە ژیان دا ـ تەمەن درێژیان بۆ دەخوازم ـ کە زۆر دڵسۆزانە و خۆبەخشانە لە بواری شانۆی منداڵانی کوردستان دا خزمەتێکی جوانیان کرد و دەیکەن، جێ پەنجەیان دیارە و، کۆمەڵێک شانۆی جوانیان پێشکەش بە منداڵانی کوردمان کرد.. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، لە چاو گرنگی شانۆ بۆ منداڵان، تا ئەمڕۆش شانۆی منداڵان لە

کوردستان دا، لە ئاستی خواست و پێویستیمنداڵانی گەلەکەمان دا نییە.. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، یەکێک لەو هۆیانە، پشتگیرنەکردنی شانۆی منداڵان لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی شارەکانی کوردستان،نەبوونی هۆڵی تایبەت بە شانۆی منداڵان.. ئەگەرچی لە شارەکانی باشووری کوردستان (بەڕێوەبەرایەتی هونەری منداڵان) و (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان) هەن.. بەڵام لە راستی دا لە رووی ماددی و پێویستی و مەعنەوی و هاندانەوە، لە لایەن وەزارەتەکانیرۆشنبیری وپەروەردەوە، پشتگوێ خراون وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەداونەتەوە.تا ئەمڕۆش نە لە باخچەکانی ساوایان و نە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان دا وانەیەک نییەبە ناوی(وانەی شانۆ)وە، دەرچووانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیش کە لە باخچەکانی ساوایان و لە قوتابخانەکانە بنەڕەتییەکان دا بە مامۆستای هونەر دایاندەمەزرێنن، نە وانەی تایبەتی شانۆ هەیە و نە هیچ پێویستی و پێداویستێکیشیان لە بەردەست دایە، تا سوود لە پسپۆری و لە تواناکانیان وەربگرن و بیانخەنە خزمەتی شانۆی منداڵانی کوردستانەوە.

بۆیە دامەزراندنی شانۆی گەڕۆکی منداڵانی کوردستان، زۆر گرنگ و پێویستە، گەر دابمەزرێت، تا رادەیەک دەتوانێت ئەم کەلێنە پڕبکاتەوە.. بۆ کرینی چەند لۆرییەکی بارهەڵگر بۆ ئەم مەبەستە، پارەیەکی زۆر لەسەر حکوومەت ناکەوێت، بەڵام سوودێکی زۆری دەبێت.. لە ئەمڕۆدا لە سایەی قەیرانی ئابووری و بێ مووچەیی دا، بەشێکی زۆری منداڵانی کوردستان، تووشی گرفتی جەستەیی و دەروونی و بەدخۆراکی و بێ بەرگی و بێنازی بوونە.. بەشێکیش لە منداڵان لەبەر هەژاری و نەبوونی وازیان لە خوێندن هێناوە، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان، کاری قورس و نەشیاو دەکەن..ئۆباڵی ئەم منداڵانەش لە ئەستۆی حکوومەتی باشووری کوردستان دایە.

شانۆی منداڵان، تا رادەیەک دەتوانێت لە ئازارە دەروونییەکانی منداڵانکوردستان کەمتر بکاتەوە و هیوا و خۆراگریان پێببەخشێت.. شانۆی گەڕۆکی منداڵان دەتوانێت بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان لە ژمارەیەکی زۆری باخچەکانی ساوایان و لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان و لە کەمپەکانی ئاوارەکان ولە نەخۆشخانەکانی منداڵان و لە گەڕەکەکان و لە باخچە گشتییەکان و لە سەنتەری شار و شارۆچکەکان ولە دێیەکانیش دا، شانۆی پەروەردەیی ئارەستەکراوی ئامانجدار،نمایش بکات و هیوا و گەشبینیبخاتە دڵی منداڵە بێنازەکانی کوردستانەوە.

پێشنیاری دامەزراندنی (شانۆی گەڕۆکی منداڵانی کوردستان) ئاراستەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی پەروەردەی کوردستان و بەڕێوەبەرێتی چالاکی قوتابخانەکانی شارەکانی کوردستان

دەکەم، کە ئاوڕ لەم پێشنیارە بدەنەوە و مژدەی دامەزراندنی (شانۆی گەڕۆکی منداڵانی کوردستان) رابگەیەنن.

١٧ی فێبریوێری ٢٠١٨

## مەکسیم گۆرگی و ئەدەبی منداڵان.



بەشێکی زۆر لە کەڵە نووسەرانی جیهانی (هۆنراوەنووسان، چیرۆکنووسان، رۆماننووسان، شانۆنووسان) منداڵانیان فەرامۆش نەکردوون، بەشێک لە نووسینەکانیان، بە تایبەتی بۆ منداڵان نووسیوون،بە شێوازێکی ئاسانتر و کورتتر و بەزمانێکی شیرین بۆیان دارِشتوون، لەوانەش (تۆڵستۆی، چارلز دیکنز، ڤیکتۆر هۆگۆ، پۆشکین، ئۆسکارد وایڵد، تاگوور، مەکسیم گۆرگی، ئەحمەد شەوقی،...) لە هۆنراوەنووسانی کوردیشمان(ئەحمەدی خانی، فایق بێکەس، پیرەمێرد، زێوەر، گۆران، هەژار موکریانی، قانیع،...).

(ئەلیکسی ماکسیمۆڤیتش بیشکۆڤ) کە بە نازناوی ئەدەبی (مەکسیم گۆرگی) ناسراوە و نووسینەکانیشی هەر بەم ناوەوە نووسیون و بڵاوی کردوونەتەوە.

کەڵە رۆماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنووس و وتارنووس و چالاکوانێکی سیاسی روسییە، خاوەنی شاکارە رۆمانی جیهانی (دایک: ١٩٠٧)ە. مەکسیم گۆرگی بە دامەزرێنەری قوتابخانەی راستیی ئەدەبی و بە سەرکردەی شۆڕشیکی ئەدەبی لە روسیا دەزانرێت.

مەکسیم گۆرگی لە (٢٨ی ئاداری ١٨٦٨) دا، لە شاری(نیژنی نۆڤگورۆد) لە رووسیا لەدایکبووە.. تەمەنی پێنج ساڵان بوو، باوکی (مەکسیم پیشکۆڤ) کۆچی دوایی کرد.. دایکی ( ڤارڤارا کاشیرنیا) دووبارە شووی کردەوە، نەنکی و باپیری (باوک و دایکی باوکی) ئەرکی پەروەردەکردن و بەخێوکردنیان گرتە ئەستۆیان.. باپیرەی پیاوێکی رەق و توندوتیژ و گرژ بوو.. بەڵام نەنکی ئافرەتێکی بەسۆز و میهرەبان و نەرم بوو، مەکسیم گۆرکیی زۆر خۆشدەویست.. شەوانە بە شێوازێکی شیرین چیرۆکی فۆلکلۆری خۆشی بۆ دەگێڕایەوە.. ئەم چیرۆکانە بوونە ئیلهام بۆ ئەوەی گۆرگی هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی چیرۆک نووسین بکات.. بە هۆی دەستکورتی ماڵی نەنکییەوە، مەکسیم گۆرگی لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە ناچاربوو کاربکات.. چەندین کاری قورس و سەختی کرد کە لەگەڵ تەمەنی دا ناگونجان وەکو ئشکردن لەنانەوەخانە، مانگی بە دوو رۆبل.. تەمەنی نۆ ساڵان بوو دایکیشی کۆچی دوایی کرد.. دوایش نەنکیشی کۆچی دوایی کرد.. گۆرگی بە مردنی دایکی و، بە تایبەتیش نەنکی کە زۆر خۆشەویستی و پێگەیەکی تایبەتی لە دڵیدا هەبوو، غەم و ناخۆشی و کەسەرێکی زۆر چووە دڵییەوە، کاریگەرییەکی زۆر تێکردن.. ژیان بۆ منداڵێکی بێنازی بێ دایک و بێ باوک زۆر ناخۆش و سەخت بوو.. چونکە هێچ داڵدەیەکی ئەوتۆی نەبوو رووی لێبکات.. ماوەیەک وێڵ و سەرگەردان ودەربەدەربوو.. بە روسیادا دەسوڕایەوە.. شوێنێکی نەبوو تیا بسرەوێت.. لە تەمەنی نۆزدە ساڵان دا، لەبەر هەژاری و نەبوونی و بێ پارەییو بێکەسی، هەوڵی خۆکوشتنی دا.. خۆی بریندارکرد و خەریک بوو بمرێت.

بەڵام زۆر جار ژیانی سەخت و تاڵ و پڕ لە مەینەتی و کارەسات، وا لە مرۆڤ دەکات کە زیاتر بڕوای بە خۆی هەبێت و خۆڕاگربێت و بێ هیوا و نائومێد نەبێت.. دۆخە ناخۆشەی بە کۆتایی ژیان و جیهان نەزانێت.. بە گەشبینییەوە بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی دەرگایەکی تری بەختەوەری و خۆشی.. بۆیە مەکسیم گۆرگی پەشیمان بۆوە، کورد وتەنیش:"لە دوای تەنگانە شێنەیی دێت"

***گۆرگی دەڵێ:" تا مرۆڤ زیاتر تاڵی بچێژێت.. زیاتر برسیی خۆشییەکانی ژیان دەبێت" دەشڵێ:" جیهان وەک شەوێکی تارێک وایە.. هەموو کەسێک دەبێت چرای خۆی داگیرسێنێت.." .***

مەکسیم گۆرگی لە ساڵی (١٨٩٢) لەگەڵ (کاترینا بیشکۆفا) دا کە چالاکوانێکی بواری مافەکانی مرۆڤ بوو، هاوسەرگیرییان کرد.. دوو کوڕیان بوو.

***مەکسیم گۆرگی بە منداڵی زۆر حەزی لە قوتابخانە و لە خوێندن بوو، دەڵێ:***

***"ئەگەر پێمیان بوتایە، پێتدەخوێنی، بەو مەرجەی هەموو ڕۆژانێکی شەممان لە گۆرەپانی (نیکۆلا پێڤسکی) دا، چینی دارکاریت دەکەین، بێگومان رازی دەبووم" زۆرحەزیش دەکرد کە بچێتە زانکۆ و خوێندنی باڵا تەواوبکات.. بەڵام هەژاری و سەرگەردانی ڕێگربوون لە رووی ئەم حەز و هیوایەی.***

**زۆریش لەقوتابخانەدا بەردەوام نەدەبوو،بچڕ بچڕ دەچوو..بەڵام زۆری دەخوێندەوە..یەکێک لەو پەرتوکانەی کە خوێندییەوە و سەرسامی بوو، پەرتوکی (زەردەشت وای وت" لە نووسینی بیرمەندی ئەڵمانی (نیتشە).**

**گۆرگی لە ساڵی (١٨٩٠) دا بە نووسینی کورتە چیرۆک، دەستی بە نووسین کرد و بڵاویانی کردنەوە.. لە ساڵی (١٨٩٢)دا، یەکەمین چیرۆکی خۆی نووسی و بڵاوی کردەوو کە لەژێر ناونیشانی (ماکار چۆردا) دایە.. چەندین چیرۆکی تری بە دوای ئەم چیرۆکەدا نووسسی و بڵاوی کردنەوە.. دوایش دەستی بە ڕۆمان نووسین کرد، چەند ڕۆمانێکی بەرزی هەیە.. زیاتریش بە ڕۆمانی (دایک) ناوبانگی دەرکرد کە بەیەکێک لە شاکارە ڕۆمانە جیهانییەکان و کراوە بە فیلمیسینەمایی.. کە وەریان گێڕاوە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان نووسەر ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کوردمان خوالێخۆشبوو مامۆستا (کەریمیحیسامی) ڕۆمانی (دایک)ی لە زمانی فارسییەوە وەگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی..هەروەها گۆرگی چەند شانۆیەکی سەرکەوتووشی نووسیوون، زۆربەیان لەسەر تەختەی شانۆدا نمایش کران.. بە دەیان وتار و رەخنەی ئەدەبی و سیاسیشی نووسیوە.. هاوڕێتیشی لەگەڵ لینین و ستالین دا هەبوو.**

**شایەنی باسیشە وشەی (گۆرگی) لە زمانی روسیدا، مانای (تاڵ) دەگەیەنێت.. هەڵبژاردنی ئەم نازناوەش لە لایەن مەکسیم دوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە تاڵ و سەخت و ناخۆش و پڕ کارەسات و کوێرەوەری و مەینەتییەی کە گەلی روسی لە سایە دەسەڵاتی قەیسەری دا دەیان چێشت.. ئەم ڕاستییەشی بە چاوی خۆی بینی.. هەروەها بۆ ژیانی تاڵ و سەختی منداڵی و هەرزەکاری خۆی.. بۆ ژیانی تاڵی دایکەبەدبەختەکەی کەبە دەست مێردی دووەمییەوە، گیریخواردبوو.. کە پیاوێکی مەیزەدە و هەمیشە سەرخۆش وتوندوتیژ بوو، دەستی لە دایکی دەوەشاند و هەر خەفەتیشەوە مرد.. ئەم هەموو تاڵییانە، وای لە مەکسیم کرد کە وشەی (گۆرگی: تاڵ) بکات بە نازناوی ئەدەبی و بەم ناوەوە بنووسی و بڵاوبکاتەوە.**

گۆرگی سەرگوڕشتەی ژیانی خۆی لە سێ بەشدا نووسیوەتەوە، دوو بەشیان باس لە تاڵییەکانی قۆناغی ژیانی منداڵی و لە قۆناخیهەرزەکاری و لە ژیانی سەخت و تاڵی خەڵکی دەکات.

مەکسیم گۆرگی لە تەمەنی (٦٨) ساڵیدا لە ساڵرۆژی(١٨ی یونی ١٩٣٦) دا لە شاری مۆسکۆدا کۆچی دوایی کرد.. لە گۆڕەپانی سوور، لە بن دیواری کرملین دا، لە ریزی شۆڕشگێڕان و نەمرەکانی روسیادا بە خاکیان سپارد.

### *ئەدەبی منداڵان لە روانینی مەکسیم گۆرگییەوە:*

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە ئاوڕدانەوە و روانینی مەکسیم گۆرگییە لە ئەدەبی منداڵان.. کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە گەشەکردنی و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی روسی دا.. داواشی لە نووسەرانی ئەدەبی منداڵانیش کرد.. کە هەوڵی داهێنان و تازەگەری بدەن لە ئەدەبی منداڵان دا.

*گۆرگی دەڵێ:" منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا هێمای بێتاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە.." لە بارەی شێوازی نووسینیش بۆ منداڵان، دەڵێ:" پێویستە بە هەمان شێوازی نووسین بۆ گەورەکان.. هەر بەو شێوازەش بۆ منداڵان بنووسین، بەڵام بە ئاستێکی باشتر"لە روانینی ئەوەوە، پێویستە نووسین بۆ منداڵان، بەپێی خواست و ئارەزووەکانی منداڵان بێت، نەک بەپێی ویستی نووسەران..گۆرگی تەنها بە قسە پابەندی ئەم بیر و باوەڕ و روانینانەی نەبوو، بەڵکو زۆر جار لەگەڵ منداڵان خۆشیان دادەنیشت و لێی دەپرسین: حەزتان لە چ جۆرە نووسینێکە؟ جارێکیان بە فەرمی بە ناردنی نامە ئەم پرسیارەی ئاراستەی ژمارەیەک لە منداڵانی روسیا کرد:"ئارەزووی خوێندنەوەی چی دەکەن..؟" لە زیاتر لە دوو هەزار منداڵەوە وەڵامی پرسیارەکەی پێگەیشت، نووسیبوویان لە "هەموو شتێک".*

مەکسیم گۆرگی لەم وەڵامەوە، لە گرێ و لە رێنماییەکانی گەورەکان وازیهێنا و دەستبەرداری فیز و خۆبەگەورەزانین بوو.. چووە نێو جیهانی وەنەوشەیی سەیر و سەمەرەی منداڵانەوە.. جیهانی راستی و پاکی و بێتاوانی، گوێی لە هیوا و خواست و راز و لە خەونە شیرین و سەوزەکانیان دەگرت.. بۆیە مەکسیم گۆرگی فەلسەفەی خۆی لە دەستەواژەی "هەموو شتێک"دا چڕکردەوە.

مەکسیم گۆرگی، ماڵەکەشی کردبوو بە ژوانگەیەکی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، زۆرجار لەگەڵیاندا دادەنیشت و گوێی لێدەگرتن.. باس و تاوتوێ نووسین و ئەدەبی منداڵانی لەگەڵ دەکردن.. بۆچوونەکانی و رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی پێدەوتن.. چەند جارێکیش کێبڕکێی بۆ ئەدەبی منداڵان سازکرد.. خەڵاتی رێزلێنانی بە نووسەرانی تێکستە باش و براوەکان دەبەخشی.. شایەنی باسیشە مەکسیم گۆرگی، گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی منداڵانی لە روسیادا دامەزراند..کە هۆکارێکی گرنگ و هاندەربوو، بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی روسی.

لە تێڕوانینی گۆرگییەوە پێویستە ئەدەبی منداڵان، هاوڕەوت بێت لەگەڵ پەروەردەی نوێدا.. پەروەردەش پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت.. پەروەردەی کۆمەڵایەتیش بە لای گۆرگییەوە، ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕانەیە.. رزگارکردنی مێشکی منداڵانە لە خەیاڵی پووچ و لە داب و نەریتی بەسەرچووی سواو.. دەبێت منداڵان بە شێوازێک گۆش و پەروەردە بکرێن، کە زیاتر لە داهاتوو بڕوانن، وەک لەوەی ئاوڕ لە رابردوو بدەنەوە.

گۆرگی دەڵێ:"کاروانی رابردوو ناتگەیەنێت بە هیچ شوێنێک" مەبەستی گۆرگیش ئەوە نییە، کە هێڵی راست و چەپ بەسەر رابرووردا بهێنین و لەبەر چاوی منداڵانی بخەین، یا لە رەگەوە رەگکێشی بکەین.. چونکە ئەمڕۆ لە دوێنێ لە دایک بووە، سبەینێش لە ئەمڕۆ لەدایک دەبێت، ئەوەی رابردووی نەبێت، ئەمڕۆ و داهاتووشی نابێت.. مەبەستی گۆرگی ئەوەیە، پێویستە بە شێوەیەکی راستگۆیانە و روون، بەبێ ئارایش و رتووش، باسی رابردوو بۆ منداڵان بکەین.. لەم رووەوە دەڵێ:"پێویستە زانیاری لە خزمەتی منداڵاندا بێت.. منداڵانیش وا رابهێنین کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە..".

مەکسیم گۆرگی، جەخت لەسەر بایەخی چیرۆکە کۆنە میللییەکان دەکاتەوە، کە گرنگییان هەیە لە گەشەکردنی هۆش و هزری منداڵان، لە هەستکردنیان بە داهێنان لە هونەر و ئەدەب دا، لە دەوڵەمەنکردنی زمانیان، لە بەخشینی چێژ و خۆشی و شادی پێیان.

١ی مارچی ٢٠١٨

## ڕێزگرتن لە ئازادیی ڕادەربڕینی منداڵان.



منداڵەکانمان نەوەی ئەمڕۆن و هیوای داهاتووی کوردستانن.. بەنرخترین و گرنگترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن.. بۆ ئەوەی نەوەیەکی بڕوابەخۆ و گەشبین و هیوادار پێبگەیەنین.. بۆ ئەوەی داهاتوویەکی شیاوتر و گەشتر بۆ کورد کوردستان دابینبکەین.. نەوەیەکی دڵسۆز گۆش و پەروەردەبکەین کە هاوبەستەبوونیان بۆ کورد و کوردستان هەبێت.. نەوەیەک رابهێنین و ئاراستەیان بکەین کە لە داهاتوودا بتوانن بەرپرسێتی هەڵبگرن و چارەنووسی گەلەمان لە ئەستۆبگرن.. نەوەیەک کە رانەمێنن و بتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی رۆژگاردا هەڵبکەن و دەربەرن، لەگەڵ داهێنانە تازەکانی تەکنۆلۆژیادا دانەمێنن.. نەوەیەک کە بتوان ئاڵای زانست و زانیاری و پێشکەوتن و داهێنان و تازەگەری بەرزبکەنەوە.. ئەم ئامانجانە و بە دەیان هیوا و ئامانجی تریش.

پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی خوازیاری واش، دەکەوێتە ئەستۆی دایکان و باوکان و مامۆستاکان و نووسەران و هونەرمەندان و میدیا و راگەیاندنەکان و کۆمەڵگا و حکوومەت و هەموو کەسانێکی ئاواتەخوازی داهاتوویەکی باشتر و گەشتر بۆ کورد و کوردستان.

زۆر گرنگ و پێویستە کە رێز لە را و لە رادەربڕینی منداڵەکانمان بگرین.. لێیانگەڕێین و هانیان بدەین و گوێیان لێبگرین با بە ئەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لە هزر و را و لە بۆچوونەکانیان بکەن.. بە ئازادی و بەبێ ترس ئەوی لە دڵیان دایە دەریان ببڕن.

لێیانگەڕێن با چێژ و خۆشی لە منداڵێتییان ببینن، جیهانی خەیاڵ فراوانیان لێتێکنەدەین، جیهانێکە سەرتاسەر

لە پاکی و لە بێتاوانی و لە سادەیی و ساوێلکەیی.. پڕە لە هیوای شیرین و لە خۆزگە و لە خەونی سەوز و لە گەشبینی.. منداڵان دڵیان وەکو پەڕەی گوڵ وایە.. راستگۆن و درۆ و فڕوفێڵ و خەڵەتاندن و پێچ و پەنا نازانن.. رق و کینە و بوغز و گێچەڵ و تۆڵەسەندنەوە نازانن.. منداڵان بە پاکی و بێتاوانی لەدایک دەبن.. هەچ رەفتارێکی ناپەسەند و ناشیرین و نەرێنیش فێربن.. بێگومان لە گەورەکانەوە فێریان دەبن.. وەکو کورد دەڵێ:" گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووک پێی تێدەخا".

نابێت فەرامۆش و پشتگوێ و پەراوێزیان بکەین و لێیان نەپرسینەوە، پێویستە پرسیان پێبکەین.. را و خواست و رەخنە و پێشنیارەکانیان بە هەند وەربگرین، بە تایبەتیش لەو پرس و بڕیارانەی کە کاریگەریان لە ژیانی ئەمڕۆ و لە چارەنووسی داهاتوویانەوە هەن.. پێویستە رەنگ و دەنگ و ئامادەبوونیان هەبێت.. بەشداربن لە گفوگۆ و لە بڕیارەکان دا.. رێزگرتن لە ئازادی رادەربڕینو گوزارشتکرن سادەترین مافی رەوای منداڵانە.

پێویستە فەزایەکی فروانی ئازادی بۆ منداڵەکانمان بڕەخسێنین.. تا بە ئازدی گوزارشت لە خەیاڵ و لە رای خۆیان بکەن.. شایەنی ئاماژە و باسیشە ئازادی رادەربڕینی منداڵان مافێکی رەوای دانپێنراوە، لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوە.
رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ، بڕیارنامەی(٢٥، ٤٤) لە (٢٠ینۆڤەمبەری ١٩٨٩) کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکراو لە (٢ی سێپتەمبەری ١٩٩٠) دا، کەوتە بواری جێبەجێکردن و پابەندبوونی وڵاتانی واژۆکردووی ئەم رێکەوتننامەیە.

لە دەقی ـ بەندی دوانزەیەم ـ لە برگەی یەکەم دا:" ***وڵاتانی ئەندام لەم رێکەوتننامەیەدا، دەبێ مافی ئازادی دەستەبەربکەن بۆ ئەو منداڵەی کە توانای رێکخستنی بیروڕای تایبەتی خۆی هەبێت، مافی ئەوەی هەیە کە بە ئازادی راکانی دەربڕێت، سەبارەت بە هەموو ئەو پرسانەی کە کاریگەرییان بە ژیانی منداڵەوە هەبێت، پێویستە بە پێی تەمەن و گەشەکردنیئەو منداڵە راکانی بە هەند وەربگیرێن***".

لە دەقی ـ بەندی سیانزەیەم ـ ***لە برگەی یەکەم دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکات :" منداڵ دەبێ مافی ئازادی هەبێت، ئەم مافەش ئازادی داواکردنی هەموو جۆرەکانی زانیاری و بیروڕاکان وەرگرتنیان و بڵاوکردنەوەیان دەگرێتەوە، چ بە زارەکی بن یا بە نووسراوبن یا چاپکراوبن یا هونەری بن، یا لە رێگای هەر راگەیاندنێکی تروە***

بن، کە منداڵ خۆی هەڵبیبژێرێت".

پێویستە ئەوەش بزانین کە، منداڵان هەستیارن و توانایەکی زۆریان لە هەستکردن بە رووداو و شتەکانی دەوروبەریان.. هەندێ جار وشەگەلێکی قوت و جوان و سەیریان لێدەبیستین، ئەم قسانەش لە خۆتەن و لە بۆشییەوە نایەن، ئەوە دەگەیەنن کە منداڵان تا چ رادەیەک لە رووداوەکانی دەوروبەریان تێگەیشتوون.. ئەوان راستن و بە راشکاوی راستییەکان دەدرکێنن.. ئەوەی لە دڵیان دایە، هەر ئەوەیە کە لەسەر زاریان دایە.

گوزارشتکردنی منداڵان بە ئازادی لە سۆز و هەست و لە را و لە راز و نیازیان، لە گرنگترین پێویستییە تەندروستییەکانی دەروونی و جەستەیی منداڵان و گەورەکانیشە.. بەڵام بۆ منداڵان کردارێکی زۆر گرنگە و هۆکارێکی گونجاوە، چونکە منداڵان هێشتا کامڵ نەبوونە، کە بتوانن ئەلتەرناتیڤێکی تەندروستی بدۆزنەوە، تا بتوانن لە میانەیەوە سۆز و هەڵچوونی متبووی دەروونیان دەرببڕن.

گەر خێزانەکان دۆخێکی ئەوتۆ بۆ منداڵەکانیان نەرەخسێنن، بۆ ئەوەی بە ئازادی سۆز و خرۆش و هەڵچوونیان دەرببڕن.. دووچاری فشار و متبوون و تێکچوونی دەروونی دەبن.. ناچاردەبن رەفتار لەگەڵ سۆزداری پەنگخواردووی دەروونیان بکەن.. ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامی دڵتەنگی و تێکچوونی دەروونییان.. هەست و سۆزداییەکانیان بە نەستی و بە ناتەندروستی دەجووڵێن و دەورووژێن.

کەواتە زۆر گرنگ و پێویستە، کە گرنگی و بایەخ بەوە بدەین، کە چی هۆش و بیری منداڵەکانمانی سەرقاڵ کردوون.. دەبێ هانیان بدەین بە ئازادی و بەپێی ترس و شەرم، بە قسەکردن یا بە نووسین یا بە وێنەکێشان ئەوەی دەیانەوێت دەریان ببڕن.. نابێت قسەکانیان پێببڕین.. فێری ئەوەشیان بکەین کە چۆن ئازادی دەربڕین بە خۆیان رەوا دەبینن.. ئاوهاش گوێ لە کەسانی تر بگرن و رێز لە ئازادی و لە رای و بۆچوونی جیاوازی هاورێکانیان بگرن.. هەستی کەسیش بریندارنەکەن.. دەبێ هەر لە منداڵییەوە ئەوە لەهۆشیان دا بچێنین، کە ئازادی مانای بەرەڵڵای و ملهوڕی نییە.. ئازادی پێوەر و سنووری هەیە.. مرۆڤ تا ئەو ئاستە ئازادە، کە پێشێلی ئازادی و مافی کەسانی تر نەکات و سنوور نەبەزێنێت.

بە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە، ئەو ساغ بۆتەوە، کە رێزگرتن لە ئازادی دەربڕینی منداڵان هۆکارێکی گرنگە لە

هۆکارەکانی باڵادەستی و پێشکەوتنی منداڵان.. منداڵان بەوەش ناسراون کە خۆهەڵقورتێنن و خۆبەرەپێشەوەن و خۆدەرخەرن.. زۆر دەپرسن، جار و باریشبە پرسیاری سەیر رامان و دامانمان دەکەن.. بەڵام ئەمە خاڵێکی ئەرێنی و نیشانەی زیرەکییانە، هەرگیز نابێت پرسیارەکانیان وەڵام نەدەینەوە.. یا بە وەڵامێکی ناراست و سەقەت بەرێیان بکەین.. ئەوان دەیانەوێت ئەوانەی نایانزانن، بیانزانن.

هەندێ لە منداڵان، گرفتی بێتوانایی رادەربڕین و گوزارشتکردن و نەبوونی ئازایی ئەدەبییان هەیە.. ئەمەش پەیوەندی بە ترس و شەرم و گۆشەگیری و دەسەڵات سەپێنی دایکان و باوکانیانەوە هەیە.. کە توندوتیژ و تووڕە و رەقن لەگەڵیان دا، سەرکوێر و سەرکوت و دەمکوتیان کردوون.. بە شێوازی فەرمان وسکت و بیدەنگیان کردوون..بەری ئازادی رادەربڕینیان لێگرتوون.. بە لای ئەمانەوە، دەبێت منداڵان لە رووی گەورەکان دا، دەمیان دابخەن و قسەنەکەن، تەنها گوێبگرن و گوێدێرن.

*(یۆ نامات) دەڵێ:" تاتەمەنی سیانزەساڵیم، وامدەزانی کە ناوم ـ دەمت داخە ـ یە" .*

ئەم هەڵەیەی دایکان و باوکان.. لە ئەمڕۆ و لە داهاتووش دا، زیان و کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی خراپیان لەسەر کەسایەتی و ژیانی منداڵان دەبێت.

لەم پێودانگەوە، پێویستە هەموومان ئەوە بزانین، کە ئازادی رادەربڕینی منداڵان چەند گرنگ و پێویستە.. چ کاریگەرگەرییەکی ئەرێنی لەسەر گەشەکردنی تواناکانی منداڵان هەیە.. نەک تەنها ئەم مافەی منداڵەکانمان بە رەوا و پێویست بزانین.. بەڵکو پێویستە بوار و زەمینەیان بۆ برەخسێنین.. هانیان بدەین و ئافەرین و دەستخۆشیان لێبکەین.

**٩ی مارچی ٢٠١٨**

## وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان.



لەم ساڵانەی دواییدا، مۆدەی هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاودا (فەیس پنتین) بە تایبەتیش لەسەر دەموچاوی منداڵاندا، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەموو جیهاندا تەشنەی کردووە. لە شوێنە گشتییەکان و لە مۆڵەکان و لە ناوەنـدە بازرگانییەکـان ولە بـاخچە گشـتییەکاندا، تەنـانەت لە ماگدۆناسەکانیشـدا، لە بۆنەکـانی جـەژنی لەدایکبوونی منداڵان و لە بۆنە کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و وەرزشییەکان و لە ئاهەنگەکانی باخچەکـانی منداڵان وقوتابخـانە بنەڕەتییەکاندا، یا لە (ڕۆژی جیهانی منداڵان) دا،وێنەکێشان بە بۆیەیرەنگـاوڕەنگی ئـاوبی تـایبەت، لەسەر ڕومەتەکان و دەموچاوی منداڵاندا بووە بە باو، بەمەبەستی خۆشی و شادی و گەشی و زەردەخەنە خستنە سەر لێوەکانی منداڵان.

منداڵان، کە وێنە لەسەر دەموچاویاندا دەکێشرێت، هەست بە خۆشی و شادییەکی زۆر دەکەن.. وەکو وێنەی: گوڵ، پەپـولە، هەنـگ، چـۆلەکە، هەڵـۆ، دەموچـاوی پشـیلە و شـێر و پڵنـگ، یـا کـاراکتەرە ناسـراوەکانی فـیلمە کارتۆنییەکان، پیتەکان و نووسین،...هتد.

لە ئێستادا مێژوونووسـان و زانایـانی دەروونناسی، وێنەکێشان لەسەر دەموچـاودا، وا لێکدەدەنەوە، کە بـۆ سەرنج ڕاکێشان و لاکردنەوە و خۆدەرخستنی کەسایەتییە.

*(فرۆید) پێی وایە:" وێنەکێشان لەسەر دەموچاو یا لەسەر جەستەدا، بۆ هەستکردن و خۆنازینی خودە".*

لە ئەمڕۆدا وێنەکێشان لەسەر دەموچاو، لە نێوان مێردمنداڵان و گەنجاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتیش لە کاتی یارییە وەرزشییەکاندا، لە نێوان بینەران و هەواداران و هاندەران و هیواخوازانی سەرکەوتن و بردنەوەی تیپە وەرزشییەکانی یانە ناسراوەکان یان یارییە نێودەوڵەتییەکانی فوتبۆڵ و یارییەکانی تری، کە بەزۆری وێنەی ئاڵاکانی وڵاتەکانیان، بە بۆیەی ئاویی رەنگاورەنگ لەسەر رومەتەکانیان دەنەخشێنن، بەم شێوەیە گوزارشت لە هاندان و لە پاڵپشتی تیپەکانی وڵاتەکانیان دەکەن.

بێگومان دایک ناتوانێت لە بەردەم حەز و داواکردن و وڕکگرتن و گریانی منداڵەکەیدا بوەستێتەوە، کە دەبینێت منداڵە هاوتەمەنەکانی، وێنەی رەنگاورەنگ لەسەر رومەت و دەموچاویاندا کێشراون، منداڵەکەی ئەمیش وەکو ئەوان حەزی لێیە کە وێنەیەک لەسەر دەموچاویدا هەبێت. ناچار ئەو دایکە ملکەچی داوا و وڕکی کچەکەی یا کوڕەکەی دەبێت.. لە لای وێنەکێشێکی هونەری دەموچاو نەخشاندن، خواستی جگەرگۆشەکەی دێنێتە دی و دڵی خۆشدەکات.. گەرچی لەوانەیە کە زیانەکانیشی بزانێت کە چین.

لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا، هەندێک لە هونەرمەندانی سەرقاڵبووی ئەم هونەرە، وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان، بۆتە پیشەیان و مایەی پارە دەسکەوتنیان.. (رەفۆ)ی هونەرمەندی وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان دەڵێت:" من ماوەی دە ساڵە وێنە لەسەر دەموچاوی منداڵان دەکێشم.. چەندین کلیشەی جیاوازم هەیە، وەکو وێنەی: ئاژەڵان، گوڵ، ئەستێرەکان، کاراکتەرە کارتۆنییەکان، پیتە ئینگلیزییەکان، لەسەر دەموچاوی منداڵان دەکێشم.. لە هەر بۆنەیەکدا نزیکەی (پەنجا وێنەی جیاواز) دەکێشم.. تێکڕا لە هەر (دە خولەک)دا وێنەیەک دەکێشم.. (سی) رەنگی بۆیەی ئاوی بەکاردەهێنم.. بێجگە لە وێنەی تر، کە بە پێی بۆنەکان دایان دەهێنم و دەیان کێشم".

دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاو و (تاتۆ) یاخودهێڵکاری و داکوتینی رەنگ لەسەر لەش، بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بە لاشەی مرۆڤە مۆمیاکراوەکانەوە دۆزراونەتەوە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بۆ چاخی بەردین دەگەڕێتەوە، واتا چەندین هەزار ساڵ بەر لە مێژووی زاینییەوە هەبووە.. مرۆڤی کۆن لەسەر دەموچاوو قۆڵ و مەچەک و جەستەیاندا، وێنەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و گوڵ و دڵ و باڵندە و ئاژەڵیان نەخشاندووە.. ئەوان باوەڕیان بەوە هەبوو، کە ئەم وێنانەی سەر لەشیان بەختیان بۆ دێنن و لە رووحە پیس و شەڕانییەکان دووریان دەخەنەوە.. هەر بە پێی بەڵگەی مێژوویی، ئەم هونەرە لە نێو سۆمەرییەکان (کە

بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر کورد و لە چیاکانی کوردستانەوە شۆڕبوونەوە)، چینییەکان، یابانییەکان، فەرعونییە میسرییەکان، بوونی هەبووە.

هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاودا، لە شانۆی ئەوروپیشدا، بڵاوبۆوە، بۆ گوزارشتکردن، لە خۆشی و شادی یا لە ناخۆشی یا لە گرژی و مۆنی و تووڕەیی. لەسەر دەموچاوی ئەکتەرەکانیاندا، بە پێی مەبەست، وێنەی ڕەنگاوڕەنگیان دەکێشا.

دواتریش ئەم هونەرە، بوو بە دیاردەیەکی باو لەسەر دەموچاوی (قۆشمەچییەکان)ی نمایشەکانی سێرکەکان.

لە چارەگی کۆتایی سەدەی رابردوودا، بەشێک لە هونەرمەندە وێنەکێشەکان، هۆگری وێنەکێشان لەسەر روومەت و دەموچاوی منداڵان بوون، لە میانەی وێنەکێشانی کەسایەتییە کارتۆنیەکان و وێنەی داهێنانی تازەی وەکو: فرۆکە و رۆکێت و ئۆتۆبیل، هەندێ داهێنانی تازەشیان خستە سەر شێوازەکان و بەکارهێنانی رەنگە ئاوییەکان و وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵان، تا لە هونەرێکی تازە بچێت.

بێسو دایکان و باوکان لەگەڵ ئەوەدا، کە بە هەموو هۆ و شێوە و شێوازێک خۆشی و شادی بخەنە دڵی منداڵەکانیانەوە.. بەڵام ناشێت ملکەچی زیدەنازیان ببن وهەموو خواست و داواکرییەکیانبۆ بهێنەدی.. پێویستە لە هەر هۆکارێکی زیانبەخش بیان پارێزن، کە زیان بە تەندروستی ئەمڕۆ و داهاتوویان دەگەیەنێت.. لەوانەیە منداڵانی دڵپاک هەست بە زیانبەخشین و کارتێکردنی، گەلێ شتی جوان و بریقەدار لە رواڵەت و زیانبەخش لە ناوەڕۆکدا نەکەن.. دەشێ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی ناسکیان، جوانی و خۆشییەکی زۆریان پێببەخشێت بەڵام لە هامان کاتیشدا زیانێکی زۆریان پێبگەیەنێت.

لە ساڵی (٢٠٠٩) دا دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی، لە بارەی وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان کە لە زۆربوونێکی فراوان دایە، ئاگادارکردنەوەیەکیان راگەیاند، لە بارەی زیان و کاریگەرییە خراپەکانی ئەو بۆیانە و فرشانەی کە لە وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن، چ زیانی دەرەکییانلەسەر پێستی منداڵاندا هەیە کە هێشتا بە تەواوی گەشەیان نەکردووە، وەکو: سووربوونەوە، خوران، بیرۆ(ئەکزیما)، هەستیاری پێست (حەساسییە) سەرئێشە، برین بوون، دومەڵ دەرکردن، کەمبوونەوەی تاوانا زانیارییەکان بە شێوەیەکی کاتی یا

هەمیشەیی،لاوازبوونی بەرگـریی لەش، هەوکـردنەوە، ئاوسـان، گـوڵە نەخۆشـی (لەسـەر رومەتەکـان و دەوروبەری لووتـدا سووربوونەوەیەکی زۆر دروست دەبێت)،جەندین نەخۆشی تری پێست، تەنگە نەفەسی (رەبـۆ)، کەم خـوێنی، کارتێکردن لە کۆئەندامی دەماری.

بە کورتی دێینە سەر زیانەکانی بۆیەکان و فرشە بەکارهێنراوەکان بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منـداڵان.. کە لەم سێ خاڵەدا چڕمان کردوونەتەوە:

***١- زیانەکانی ئەو مادده کانزاییانەی کە لە پێکهاتەی بۆیەکـاندان:***

لە ئەمڕۆدا بۆیەیەکی زۆری ئاوی و بۆیەی ئاسایی دار و دیوار، لەژێر چاودێریدا نین و وەکو پێویست پشکنینیان بۆ ناکرێن، بە شێوەیەکی بازرگـانی دروست دەکرێن و مەرجە پێویستییە تەندروستییەکانیان تێدا نین، ئاگـاداری و مێژووی بەرهەمهێـنان و مێـژووی ئێکسپایەربوونیان لەسەر نییە، پسوولەی (ڤنگر بێت ) ی مارکەی جیهانیشیان لەسەر نییە، بە پێی ستاندارد نین، زانیاری چۆن بەکارهێنانیشیان لەگەڵـدا نییە.. بـۆیە گومـان لە ساغی و لە نەبـوونی مەرجە تەندروستییەکان لە ئەو بۆیە رەنگاوڕەنگانە دەکرێن.

زۆربەی ئەو بۆیـانەی کە بـۆ وێنەکێشـان لەسـەر دەموچـاوی منـداڵان بەکـاردەهێنرێن، ناتەندروسـتین، ماددەی کیمیاوییان تێدایە، توخمی کانزای قورسیان تێدایە، لەوانەش توخمی (قورقـۆشم)، قورقۆشم لە سروشتدا هەیە، تا ئەمڕۆش پێکهاتەیەکی گرنگە، لە دروستکردنی گەلێ مادده و پیشەسازیدا، وەکو: بۆیەکـان، بەنـزین، پێچـانی وایـەری کارەبـا، پاتری، گەلی شتی تریش.

ئەو بـڕە قورقۆشـمەش کە لەو بۆیـانەدا هەن، سـێ هێنـدە زیـاترە لە رێـژەی دیـاریکراوی ئـاسایی و دڵنیـایی.. پشـکنینەکان ئەوەیـان سـەلماند، کە لە هەر کیلـۆگرامێکی ئەم بۆیـانەی دەموچـاوی منداڵانـدا (٢٦٠٠) ملیگـرام قورقۆشم هەیە، کە بە رادەیـەکی زۆر رێـژەی دڵنیـایی بـێ زیـانی رەتـداوە، وەکـو زانـراوە کە رادەی ئاسـایی (٩٠ملیگرم/ گیلۆگرام)ـە.

قورقۆشم ژەهراوییە، لەوانەیە لە میانەی وێنەکێشان لسەر دەمووچاودا، منداڵانانتووشی خوراندن و سووربوونەوە و هەوکردن و نەخۆشییە هەستیارییەکانی پێست ببن، دەشیش قوڕقۆشمی ناو ئەو بۆیانە، لە ڕێی خانەکانی پێستەوە بچێتە ژێر پێستەوە، منداڵان تووشی ژەهراوی بوون بە قوڕقۆشم ببن. قورقۆشم هۆکارێکیشە بۆ کارتێکردن خراپ لەسەر کۆئەندامی دەماری، مێشک، گورچیلە،هۆش، کەم خوێنی، لاوازی بیستن، دواکەوتنی گەشەکردنی منداڵان.

بۆیە پزیشکە پسپۆرەکانی پیست، داوەدکەن کە ئەو بویانەی بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان بەکاریان دەهێنن، قەدەغەبکرێن و ئەوانەی لە ئێستاشدا لە بازاڕ و فرۆشگاکاندان، دەست بە سەریاندا بگرن و بیانکێشنەوە.

دەسەڵاتدارانی (هونگ کۆنگ) بە ئاگادارییەک، بە فەرمی فرۆشتنی هەموو ئەو بۆیە ئاوییە ڕەنگاوڕەنگانەیان قەدەغەکردن، کە بۆ وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان بەکاردەهێنرێن، دوای ئەوەی کە ئاشکرابوو، کە بڕێکی زۆری قوڕقۆشمیان تێدایە.

ئەگەرچی هەندێ لە وێنەکێشانی ئەم هونەرە، خۆیان بۆیە ڕەنگاوڕەنگەکانی وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵان، لە بەروبوومی رووەکی و ڕۆنی سوک و بۆیەی خۆراکی دروست دەکەن، بەڵام ئەم ڕەنگانەش لە ژێر چاودێری و پشکنینی پسپۆراندا نین،هەموو مەرجێکی پێویستی تەندروستی و دڵنیاییان تێدا نییە.. بۆیە نابێت باوەڕ بەم بۆیانەش بکرێن.

وەکو وتمان لە بۆیەی دار و دیوارشدا، رادەیەکی زۆر قوڕقۆشم هەیە، پێویستە منداڵان لە دار و لە دیواری تازە بۆیەکراو دوور بخرێنەوە، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، کە دیوار و چەپەر و شوورە و دەرگای حەوش تازە بۆیە بکەن، لە ئەمسەر و ئەوسەری دیوار یا شوورەکەدا، لەسەر دوو کارتۆن دەنووسن (تازە بۆیە کراوە).. بە زۆری مەبەستیان ئەوەیە کە دەستی پێوەنەدەن، نەباکا ئەو قوڕقۆشم و مادده زیانبەخشانەی کە لە پێکهاتەی بۆیەکەدان، زیان بە پێستی ئەو کەسانە بگەیەنێت، کە دەستیان بەر بۆیەکە بکەوێت و بنووسێتە دەستییانەوە..

هەندێ باری تایبەتیش هەیە، کە لە رێی ئەو بۆیانەوە، منداڵ توشی و زیبکە و دومەڵ و دەموچاو سووربوونەوە و خوران دەبێت، لە دۆخێکی وادا، پێویستە ئەو منداڵە ببرێت بۆ لای پزیشک، تا دەرمان و مەرهەم و چارەسەری پێویستی بۆ بنووسێت.

### ٢- فرشەکان هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکان لە نەخۆشەوە بۆ ساغ:

ئەو فرشانەی کە لە وێنەکێشانی سەر دەموچاوی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن، بە زۆری مەرجی تەندروستییان تێدا نییە، هۆکارێکی گرنگن بۆ گواستنەوەی میکرۆبەکان و ڤایرۆسەکان و بیرۆ و تەنگەنەفەسی و لاوازی بەرگری و نەخۆشییەکانی پێست، لە منداڵانی تووشبوو بەم نەخۆشییانە، بۆ منداڵانی تەندروست، بە تایبەتیش لە منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشییە درمییەکان و درێژخایەنەکان..چونکە زۆربەی وێنەکێشەکان، هەر هەمان فرشە بەکاردەهێنن و نایان گۆڕن، بە باشی و بە جوانیش نایان شۆرن.

### ٣- پێویستە هەر منداڵێک بۆیە و فرشەی تایبەتی بە خۆی هەبێت:

تا نەخۆشییەکان لە رێی فرشەی بەکارهێنراوەوە لە وێنەکێشان لەسەر دەموچاو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر نەگوازرێتەوە.. چونکە وێنەکێشەکان چەند جارێک هەمان فرشە بەکاردەهێنن و فرشەکانیان لە هەمان رەنگەکان هەڵدەکێشن و لە هەمان دەفری ئاودا، هەڵدەکێشن کە بۆ پاکردنەوەی فرشەکانیان دایان ناوە.

پزیشکە پسپۆرەکانی نەخۆشییەکانی پێست، چەند مەرجێکیان بۆ هونەری وێنەکێشان لەسەر دەموچاوی منداڵان داناون، بۆ ئەوەی کە بۆیەکان و فرشەکان زیان بە منداڵان نەگەیەنن و تووشی نەخۆشییان نەکەن، لەو مەرجانەش:

١- بەکارهێنانی بۆیەی زۆر باش و کواڵێتی بەرز، ماددە هەستیارییەکانیان و کیمیاوییە زیانبەخشەکانیان تێدا نەبێت.. لەلایەن لەیەنە پسپۆرەکانیشەوە پشکنینی باشیان بۆ کرابن، مێژووی دروستکردن و کۆتایی بەکارهێنانیان بەسەرەوە بێت.

٢- جەختکردن و دڵنیابوون لە پاکی ئەو فرشانەی کە تایبەتن بە هەر منداڵێک.. فرشەی بەکارهێنراوی منداڵێک بۆ منداڵێکی تر بەکارنەهێنن لە وێنەکێشانی سەر دەموچاودا.

پێویستیشە فرشەکان نەرم بن و رەق و دڕ نەبن، بۆ ئەوەی ئازاری دەموچاو و روومەتەکانی منداڵان نەدەن.

٣- ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە نابێت رەنگە تاریک و تۆخەکان بەکاربهێنرێن، وەکو رەنگی:(رەش و خومی و قاوەیی تۆخ) ئەم رەنگانە تیشکی خۆر هەڵدەمژن.

٤- باشتر وایە دایکان لە دوای دوو کاتژمێر، لە وێنە رەنگاورەنگە کێشراوەکانی سەر دەموچاوی منداڵەکانیان، لایبەرن و بە ئاوی پاک، پاک بیان شۆرن، هیچ بۆیەیەک بە دەموچاویانەوە نەمێنێت.. نەباکا رەنگەکان شیببنەوە، لە خانەکانی دەموچاویانەوە بچنە ژێر پێستیانەوە و ببنە هۆکاری ژەهراویبوونی پێست.

لە کۆتاییدا، هیوای خۆشی و شادی و گەشی و زەردەخەنە بۆ منداڵە خۆشەویستەکانمان دەخوازین، رێگرییان لێناکەین، کە وێنە لەسەر دەموچاو و روومەتە ناسک و خڕەکانیان بکێشن، کەدەبینین منداڵێکی کوردمان بە بۆیەی رەنگاورەنگ ئاڵای رەنگین و پیرۆزی کوردستانیان لەسەر رۆمەتەکانی کێشاوە، زۆر دەگەشێینەوە و دڵخۆش دەبین.. بەڵام زۆر پێویستە لە وێنەکێشانی سەر دەموچاو و روومەتەکانی منداڵە جوانکیلەکانمان لە بۆنەکاندا، بە پێی رێنمایی و مەرجە تەندروستییە باشەکان بن.. تا جگەرگۆشەکانم لە تەندروستییەکی باشدابن و بە خۆشی بژین.. چونکە گەلەکەمان چاوی بڕیوەتە منداڵانی نەوەی ئەمڕۆمان.. کە هیوای داهاتووی کوردستانن.. تا بتوانن برین و ناسۆرییەکانی ئەمڕۆمان سارێژ بکەن.. داهاتوویەکی شیاوتر بۆ کورد و کوردستان دابینبکەن.

------------------------

- بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە چەند سایتێکی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

## سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان.



*(شکسپیر) دەڵێ:" لە جیهاندا سەرینێک نییە، کە لە باوەشی دایک نەرمتر بێت".*

منداڵ بە هەر هۆیەکەوە بگریت، کە دایکی یا باوکی لە باوەشی دەکات و بە سنگی خۆیەوە دەینووسێنێت و بە نەرمی دەست بەسەری و بەشتیدا دەهێنێت و ماچی دەکات، یەکسەر ژێردەبێتەوە و دەگەشێتەوە.

منداڵی کۆرپە کە هێشتا فێری زمان نەبووە و قسە نازانێت، تەنها بە رێی گریانەوە گوزارشت لە هەستەکانی و لە پێویستییەکانی دەکات. دایکیشی لە هەموو کەسێک زیاتر و باشتر لە زمانی جەستەیی و لە هۆیەکانی گریانەکانی تێدەگات. لەوانەیە بۆیە بگریت برسییەتی و داوای شیر دەکات، یا توینیەتی و ئاوی دەوێت، یا سەرمایەتی، یا گەرمایەتی، یا شوێنەکەی تەنگ و ناخۆشە، یا دەرپێکەی تەڕ و پیسکردووە، داوای گۆڕین و پاکی دەکات، یا هەست بە تەنیاییدەکات، پێویستی بەوە هەیە کە یەکێک بێت بە لایەوە و یاریی لەگەڵدا بکات تا هەست بە دڵنیایی بکات، یا باوبژ لەسکی دایە و ئازاری هەیە،..هتد. دایک پێش هەموو کەسێک، بە دەنگی گریان و کرۆزانەوەی منداڵەکەیەوە دەچێت و هەڵیدەگرێت و لە باوەشی دەکات و بە سنگی خۆیەوە دەینووسێنێت و ماچ بارانی دەکات. ئەمەش ئەو شوێنە خۆشەیە کە منداڵەکەی بۆی دەگریا.

بێگومان باوەشی نەرم و گەرمی دایک، خۆشترین و نەرمترین و دڵنیاترین و ئارامترین شوێنە بۆ منداڵ. باوەشی دایک دەتوانێت جیهانێکی پڕ لە سوودی دەگمەن بۆ منداڵ دروست بکات. باوەشی دایک دەرمانێکی هەرزان و سەیر و دەگمەنی ئەوتۆیە کە دەتوانێت چارەسەری زۆربەی نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکانی منداڵان بکات. هیچ

دەرمانێکیش نییە کە هاوتای بکاتەوە.

*(ڤۆڵتێر) دەڵێ:" تەنها شوێن کە دەتوانم سەرمی بخەمە سەر و بە ئاسوودەیی و دڵنیایی لەسەری بنووم، ئەوە باوەشی دایکمە"،*

***ڕەمەکی(غەریزە) دایکایەتی زۆر بەهێزترە لە ڕەمەکی خودی خۆشەویستی.***

لە هەموو سەردەمە تاڵەکانی ژیانیشدا، دایک هەر شیرین و میهرەبان بووە.

تا ئێستا نزیکەی شەش سەد لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پزیشکی لەم بارەیەوە ئەنجام دراون، هەر هەموویان جەخت لە سەر سوودەکان و گرنگی و ئەرێنی و ئەنجام دەگمەنی لە باوەشکردنی منداڵ لە لایەن دایک و باوکییەوە دەکەن.

لە باوشکردن تەنها بە یەکگەیاندنی جەستەیی نێوان دایک و جگەرگۆشەکەی نییە، تەنهاش گوزارشت لە هێنانەدی خواست و لە هەستەکانی منداڵ نییە. بەڵکو گرنگی و سوودەکانی و دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی هێندە زۆرن نایەنە هەژمارکردن.. لە باوەشکردنی منداڵ، ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لە داهاتووی کەسایەتی منداڵدا دەبێت. کارتێکردنێکی گەورەشی هەیە لە ژیانی دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی منداڵدا. لە باوەشکردن ئۆخەی و خۆشی و گەشی و ئارامییەکی دەروونی و جەستەیی بە منداڵ دەبەخشێت. لە دواییشدا دەبێت بە منداڵێکی هاوسەنگ و ڕەفتار دروست و جوان.

ئەو منداڵە بێنازەی کە لە سۆز و لە خۆشەویستی و لە باوەش و لاواندنەوەی دایک و باوکی بێبەش بووبێت و پشتکوێیان خستووبێت.. لە هیچ شوێنێکی تر و لە لای هیچ کەسانێکی تریش، ئەم سۆز و خۆشەویستییە سروشتییەی بۆ پڕ ناکرێتەوە. هەست بەوە دەکات کە پەسەند نییە و خۆشیان ناوێت و ڕقیان لێیەتی و لەبەر دڵان نییە و ڕەتیان کردۆتەوە. لە دواییدا دەبێت بە منداڵێکی ڕقن و تووڕە و شەڕفرۆش و تۆڵەسێن و ڕەفتار بەد و یاخیبوو و بێزارکەر. ئەم ئاکامە نەخوازراوەش، بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دایک و باوکی دایە.

(جولـدونی) دەڵێ:" کە دایکم منی خۆشبوێت، منیش دونیـام خۆشـدەوێت" .

بۆیە لە باوەشکردن بە هۆیەکی گرنگی پەروەردە دەزانرێت، کە پێویستە هەر لە منـداڵییەوە، منـداڵ بەم کـارە ئاشنا بکرێت، تا لەسەری رابێت. کەواتە پێویستە هەموو دایک و باوکێک هەست بەم ئەرکە گرنگەی ئەستۆیان بکەن، تا جگەرگۆشەکانیان لە دەستنەدەن و چارەنووس و داهاتووشیان نەکەوێتە مەترسییەوە، نەوەیەکی دروستی بڕوابەخۆ و بڕوا بە کەسانی تر، بۆ کورد و کوردستان پێبگەیەنن.. پشکی شێری شانازیش بـۆ دایکـان و باوکـانی دڵسۆز و هۆشیار و دووربین و بەتەنگەوەهـاتوو دەگەڕێتەوە.

شـارەزایانی ئەم بـوارەش، داوا لە دایکــان و باوکــان دەکەن، کە خواسـت و حەز و ئارزووەکـانی منـداڵەکانیان بەدیبــهێنن. لە باوەشـیان بـکەن و بیــان لاوێــنن، تەنــانەت گەر لەوپەڕی سەرقاڵیشـدابن. ئەم پێویســتییەی منداڵانیش، ئەرکێکی ئەوتۆی نییە، هەر جارەی تەنها دوو خوولەک لە باوەشکردنیـان بەسە،بۆ مەستکردنیان لەم پێویستی و حەزەیان، ئەگەرچی منداڵان هەرگیز لە باوەشی دایکانیان تێر ومەست نـابن.

لە لێکـۆڵینەوەیەکی کـرداری و مەیــدانیدا، کە تـوێژینەر، دکتــۆرە ( فەرجیــنیا سـارتەر)لە نەخۆشـخانەیەکدا ئەنجامیدا، گەیشتە ئەم ئەنجامە، کە پێویستە ڕۆژی بیست و چوار جار منداڵی کۆرپە لە بـاوەش بکرێت: (چوار باوەشی بۆ ژیان) و (هەشت باوەشی بۆ پاراستن) و (دوانگزە باوەشی بۆ گەشەکردن). بەشی زۆری شـارەزایانی ئەم بــوارەش، پێــیان وایە، کە پێویستە لە لایــەنی کەمەوە ڕۆژی هەشـت جـار منـداڵی سـاوا لە بــاوەش بکرێـت.. گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامەش، کە بێبەشبوونی منداڵ لە باوەش و لە سۆز و لە خۆشەویستی و لە بەزەیی دایک و باوک، هۆیەکە: بۆ بیرکـۆڵی، بۆ دواکەوتن لە خوێندن، بۆ باڵا کورتی، بۆ ڕەفتاری دوژمنانە، بۆ گـرێ دەروونی، بۆ تەنگەنەفەسی، بۆ خەمۆکی، بۆ باوەڕبەخۆنەبوون، بۆ گۆشەگیـری.. بـەراورد بە منـداڵانی بەختەوەری مەستی ناز و باوەش و سۆز و خۆشەویستی دایک و باوکانیان.

سەرنجیشتان بۆ دیاردەیەکی گرنگ رادەکەیشین، دەبینین کە دایک منداڵەکەی لە بـاوش دەکـات، بە زۆری دەیخـاتە لای چەپـی باوەشـییەوە، چـونکە دڵ لە لای چەپـی مـرۆڤەوەیە. بەم شـێوەیە کـۆرپەکەی لە دڵــی خـۆی نزیـک دەکاتەوە.. ئایا منداڵ پێویستی بەمە هەیە؟ هەموو بەڵگەکـان ئـاماژە بەوە دەکەن، دەشێت لەبەر ئەوە بێت کە یەکەمین دەنگ، کە منداڵی (کۆرپەی نـاو سکی دایک) (فەتوس ـ بە کرمانجی) پێش لەدایکبوونی گوێی لێبـووە و

پێی ئاشنا بووە، ترپەی ناسک و ڕێکوپێکی لێدانی دڵی دایکی بووە. ئەمەش بە هۆی شلەی (ئەمینۆس) کە شلەیەکی گەیەنەرە، لە ناو سکی دایکیدا دەوری هەموو جەستەی داوە گوێی لە لیدانەکانی دڵی دایکی بووە و لە هەموو لێدانێکی تر جیای دەکاتەوە.. خواردنیشی هەر لە دایکییەوە وەرگرتووە، هەستیشی بە برسێتی و تینێتی و بە سەرما و بە گەرما نەکردووە. بۆیە سازانی دۆخ و کەش و هەوایەکی لەبار بۆ دایکانی دووگیان زۆر پێویستە.

دوای ئەوەی کە منداڵ لەدایک دەبێت و نیشتمانی ئارامی ناو سکی دایکی بە جێدەهێڵێت، دێتە جیهانێکی نامۆ و جیاوازەوە، کە هەست دەکات لە جیهانی ناو سکی دایکی ناچێت. بۆیە دەگری و ئەم ژیان و جیهانە رەتدەکاتەوە، چونکە هەست بە برسێتی و بە تینێتی و بە سەرما و بە گەرما دەکات، گوێشی لە ترپەی ناسک و ڕێکوپێکیدڵی دایکی نییە.

بۆیە هەرکە منداڵ لەدایک دەبێت، یەکسەر دایکی دەیخاتە لای چەپی باوەشی تا لە دڵی خۆی نزیکی بکاتەوە و گوێی لە لێدانی دڵی بێت، بۆ ئەوەی وا هەست بکات کە ئەمە هەمان ترپە و لێدانە کە لە ناو سکیدا گوێی لێبووە و ئاشنای بووە. تا وا هەستیش بکات کە ئەم ژیان و جیهانەش، درێژەدانە بە ژیان و جیهانی ناو سکی دایکی.. یەکسەریش مەمکی دەداتێ، تا وا هەست بکات کە لەخواردنیش دانەبڕاوە.. ئەمەو پلەی گەرمی سەرسنگی دایک، دوو پلە یا پلەیەک لە شوێنەکانی تری لەشی بەرزترە، لە کاتی نووساندنی کۆرپەکەی بە سنگی خۆیەوە، ئەو پلە گەرمییە دەگوازرێتەوە بۆ لەشی کۆرپەکەی، کورپەکەشی واهەست دەکات کە لە هەمان کەش و هەوای ناو سکی دایکیدا دەژی.. سەرەڕای هەموو ئەوانەش لە سەر باوەشی دایکیدا هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکات، خۆشی بە بەشێک لە دایکی دەزانێت. جا دایک ئەم سوود و نهێنیانە بزانێت یا نەزانێت.

**سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان:**

***زۆر بە کورتی، لەم حەڤدە خاڵەی خوارەوەدا، باس لە گرنگترین و بەسوودترین سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان لە لایەن دایکان و باوکانیانەوە دەکەین:***

١- لە باوەشکردن هەرزانترین و دەگمەنترین دەرمان و چارەسەرە، بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکانی منداڵان، وەکوو: دڵەڕاوکێ، نائارامی، خەمۆکی، ترس، بێبڕوایی، گۆشەگیری.

باوەشی دایک، منداڵی جەستە و دەروون تەندروست پێدەگەیەنێت، منداڵی بڕوابەخۆ و چۆست و چالاک دێنێتە کایەوە. منداڵ لە باوەشی دایکیدا هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی و بە سۆز و خۆشەویستی و بە ڕێزلێنان دەکات، لە باوەشکردن، منداڵ لە هەمو گرفت و گرێییەکی دەروونی دوور دەخاتەوە، بۆ ئەوەی کارتێکردن و کاردانەوەیان لەسەر ژیانی داهاتووی نەبێت، تەنانەلە نەخۆشییەکانی شێرپەنجەش دەیپارێزێت.

٢- هەندێ لە لێکۆڵینەو زانیارییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لە باوەشکردن، ئاستی بەرگری گشتی منداڵ زیاتر و بەرزتر دەکات، کەمتر تووشی پەتا و نەخۆشی دەبن. چونکە بە هۆی لە باوەشکردنەوە، لەشی منداڵ هۆرمۆنی (ئۆکسیتۆزین) زیاتر دەردەدات. کە بە هۆرمۆنی (باوەشپیاکردن) یش ناودەبرێت.ئەم هۆرمۆنە خانەکانی کۆئەندامی بەرگری زیاتر و چالاک دەکات. ئەم هۆرمۆنە پاڵ بەو مرۆڤەوە دەنێت کە باوەش بەو کەسەدا بکات کە خۆشی دەوێت، هەست و سۆز و خۆشەویستیشی بۆ کەسانی تر گەشەدەکات و زیاتر دەبێت. هۆرمۆنی ئۆکسیتۆزین یارمەتی ئەوەش دەدات، کاتێ کە منداڵ مەمکی دایکی دەمژێت، شیری زیاتر بێتە نێو مەمکەکانییەوە.

٣- لە باوەشکردن، ئاستی چارەسەرکرنی هەستکردن بە تووڕەیی و گرژی و لۆمە و تەنیایی بەرزتر دەکاتەوە.

٤- لە باوەشکردنی منداڵ بۆ ماوەیەکی درێژ، ڕێژەی (سیرتۆنین) لە لەشیدا بەرز دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی هەستکردن بە شادی و خۆشی و ڕێکخستنی مەزاج و ڕەفتاری گشتی.

٥. بە پێی هەندێ لێکۆڵینەوە لە باوەشکردن، هاوسەنگییەک لە کۆئەندامی دەماری دروست دەکات.

٦- بە یەکگەیشتنی جەستەیی لە نێوان منداڵ و دایک و باوکیدا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زیاتر هەستکردنی بە هاوبەستەبوون و درککردنی بە پشتبەستن بە خەڵکی و دوورکەوتنەوەی لە تەنیایی و لە گۆشەگیری. بواری پەیوەندییەکی راستیش لە نێوان منداڵ و دایک و باوکیدا دەڕەخسێنێت.

ئەو منداڵەی کە مەستی سۆز و خۆشەویستی دایک و باوکێتی، لە قۆناغی لاوییدا، دەبێتە خاوەنی هەست و سۆزێکی زۆر، حەزدەکات ئەم سۆز و خۆشەویستییەی بە کەسانی تر ببەخشێت.

٧- لە میانەی لە باوەشکردن و دەست لە ملکردنی منداڵ، تێدەگاتکە دایک و باوکی خۆشیان دەوێت.. هەر لەم

میانەشەوە فێری وەرگرتن و بەخشین دەبێت. لە پاداشتی ئەم لە باوەشکردنە، منداڵیش لە هەمان کاتدا ئەویش سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیخۆی بە دایک و باوکی و بە ئەو کەسانە دەبەخشێت کە لە باوەشی دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە منداڵ هەمان شێوازی دایکی دەگرێتەبەر بۆ گوزارشتکرن لە سۆز و خۆشەویستی، بۆ ئەو شتانەی دەوروبەری کە خۆشیانی دەوێت. وەکو خۆشەویستی بۆ بووکە شووشە جوانەکەی. دایکی ئاسایی لە باوەشی دەکات و دەینووسێنێت بە خۆیەوە و دەست بە سەریا دەهێنێت و ماچی دەکات و دەیلاوێنێتەوە و بە کۆرپە جوانەکەی خۆی دەزانێت.

ئەم هەستە جوانەش، دڵنیایی و ئارامی و سۆزداری پێدەبەخشێت.. رێز و خۆشەویستیش دەبن بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوویدا.

٨- هێزی گۆڕینەوە لە نێوان دایک و منداڵەکەیدا، لە کاتی لە باوەشکردندا، وایان لێدەکات کە هەست بە یەکێتی و هاوبەشی ژیان بکەن. وا هەست بکەن کە گیانێک لە دوو جەستەدا. پەیوەندی نێوانیشیان قوڵتر و شیرینتر دەکات.

٩- لە باوەشکردن، فشاری دەروونی لە جەستەی منداڵدا ناهێڵێت، یارمەتیی خاوبوونەوەی ماسوولکەکانی دەدات. گەر دایک هەستی بە دڵتەنگی و بە بێزاری و بە نائارامی منداڵەکەی کرد، پێویستە لەم ساتەدا تاوێک لە باوەشی بکات، بۆ ئەوەی ئاسایی ببێتەوە.

١٠- کە دایک منداڵەکەی لە باوەش دەکات، هەست بە دایکایەتی دەکات. ئەمەش خۆشی و شادییەکی زۆری دەروونی و جەستەیی پێدەبەخشێت.

١١- لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی، ئەوەی روونکردۆتەوە، کە لە باوەشکردنی منداڵ، یارمەتی رێکخستنی لێدانی دڵی دەدات و یارمەتی ئاسایی پاڵەپەستۆی خوێن دەدات، لەشیش خاودەکاتەوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێشک هۆرمۆنی (ئۆکسیتۆزین) دەردەدات، کە یارمەتیدەر و هاوبەشە لە هەستکردنی مرۆڤ بە دڵنیایی و بە ئارامی و بە ئاسوودەیی.

١٢- لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی بەریتانیش، جەختی لەسەر ئەوە کردووە، کە لە باوەشکردن و دەستهێنانی دایک و باوک بە سەر و بە شانی منداڵەکەیاندا، زیرەکی و گەشەی سروشتی منداڵ زیاتر دەکات. یارمەتی دەردانی مادەی (ئەندرۆفین) دەدات لە لەشدا، کە مادەیەکی گەینەری دەمارییە. یارمەتی هێورکردنی تووڕەیی و دڵەڕاوکی دەروونی و هەستکردن بە ئازار دەدات.

١٣- لە باوەشکردن، یارمەتی ڕێکخستنی پلەی گەرمی لەشی منداڵ دەدات، بە تایبەتیش ئەو کۆرپانەی کە تازە لە دایک دەبن.

١٤- لە باوەشکردنی منداڵ، هاوسەنگی کۆئەندامی دەماری دروست دەکات، دەروونێکی بە هێزیش پێکدەهێنێت، تا بتوانێت ڕووبەڕووی نەخۆشییەکان و گرفت و کارەساتەکان ببێتەوە.

١٥- لە باوەشکردنی منداڵ، ڕێگەیەکی تەندروستی دروستە، ئاستی گازی ئۆکسجین لە منداڵدا بەرزتر دەکاتەوە، کە چارەسەری تووڕەیی و گرژیدەکات، کە تووشی هەندێ لە منداڵان بوونە، لە دواییشدا دەبنە منداڵانی ئاسوودە و هێمن.

١٦- گرنگترین سوودی لە باوەشکردن، هەستکردنی منداڵانە بە دڵنیایی و بە ئاسوودەیی و بە ئارامی، ئەمانەش گرنگترین پێویستی دەروونین کە منداڵان پێویستییان پێیان هەیە، تا زیاتر بڕوا و متمانەیان بە خۆیان هەبێت.

١٧- بە پێی ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوەی گۆڤاری(ئیلترن) ی ئەڵمانی، پێی وایە کە لە باوەشکردنی منداڵ لە دوای ڕۆژێکی درێژ، ئەم کارە ئاماژە بە مێشک دەدات بۆ ئەوەی خاوبێتەوە، هەر ڕاپۆرتەکە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە دەستهێنان بەسەر منداڵاندا، یا جولاندنی پەنجەکانیان بە نەرمی لە لایەن دایکانیانەوە، ئەم کارانە مێشکی منداڵان وریا دەکەنەوە، تا لەش و دەمار و ماسوولکەکانی منداڵان خاوبکاتەوە.

گەلێکیش لە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە لە باوەشکردنی منداڵان زیاد لە پێویست، لەلایەن دایکان و باوکانیانەوە. فێری ئەوەیان دەکات کە بڕوایان بە خۆیان نەمێنێت. لە داهاتووشدا، بێدەسەڵاتبن و لە هەموو

شتێکدا پشت بە دایکان و باوکانیان ببەستن.

دایکان و باوکانی هێژا و دڵسۆز و بەسۆز و میهرەبان، ڕاستە کە منداڵان زۆر خۆشەویستن و هەمیشە لەبەر دڵانن.. سۆز و بەزەیی و خۆشەویستیتان بۆ جگەرگۆشەکانتان بێسنوورن.. بەڵام پێویستە میانڕەوبن لە بەخشینی سۆز و بەزەیی و خۆشەویستیتان بۆ منداڵەکانتان.. وا گۆشو پەروەردەیان بکەن و رایان بهێنن کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت و پشت بە خۆیان ببەستن.

--------

- بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودمان لە چەند سایتێکی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە.

١٦ی مای ٢٠١٨

## پاڵەوان و کەسایەتییەکان لە چیرۆکی منداڵان.



پاڵەوان و کەسایەتییەکان (کارەکتەرەکان) رەگەزێکی گرنگە لە رەگەزەکانی نووسینی هونەری چیرۆک، تەوەرێکی سەرەکیشە لە چیرۆکی منداڵان. کەسایەتی سەرەکی لە چیرۆکدا، کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە رووداوەکانی چیرۆکەکەدا. چەند کەسایەتییەکی لاوەکیش، یارمەتی پاڵەوانەکە دەدەن لە رووداوەکانی چیرۆکەکەدا، پێکەوە کار بۆ دەرخستنی ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە لە پێناویدا چیرۆکەکە نووسراوە.

پاڵەوان لە چیرۆکدا، پێویستە گەلی جیوازی ئەرێنی هەبێت، وەکو (ئازایەتی، گەشبینی، هیواخوازی، رووخۆش، جوان، چاکەخواز، یارمەتیدەر، خۆنەپەرست، دڵسۆز، نیشتمان پەروەر، راستگۆ، بڕوابەخۆ،.. هتد) پێویستە چیرۆکنووسی منداڵان، وشەگەلێکی لەم جۆرانەش نەکات بە نازناوی پاڵەوانی چیرۆکەکانی، وەکو (پشیلە چڵێسەکە، بووکێکی ناشرین، نازی بلیمەت، پیاوە چاوچنۆکەکە، رێوییە دزەکە، باوکێکی بێبەزەیی، منداڵێکیچەتوون، چۆلەکەیەکی خۆپەرست، کەوێکی ناپاک، قوتابییەکی تەمبەڵ،.. هتد) بەڵام نووسەر دەتوانێت کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی لە هەمان هەڵوێستدا دابنێنت، وا لە منداڵان بکات کە خۆیانبەراود لە نێوان کەسایەتییەکان بکەن و خۆیان هەست بکەن و کاردانەوەیان هەبێت و هەر خۆشیان سیمای کەسایەتییەکان دیاری بکەن.. بەرانبەر بەو هەڵوێستانەی کە هەیانە.. ئەمەش یارمەتی منداڵان دەدات، کە لە خەسڵەتی پەسەند و ناپەسەندی پاڵەوان و کەسایەتییەکان بگەن.

بێگومان ئەو مەبەستەی کە لە بیرۆکەی چیرۆکنووسی منداڵان دا هەیە و دەیەوێت لە میانەی رۆڵی پاڵەوانی چیرۆکەکانیەوە بە منداڵانی بگەیەنێت، لەوانەش چاندنی بەهای ئەرێنی،وەکو: (دڵسۆزی، نیشتمان پەروەری، ژینگەپارێزی، رێزگرتن لە یاسا، تێکۆشان و کۆڵنەدان، هاوڕێتی، پیاوەتی، بڕوابەخۆبوون، پێشکەوتنخواز، داهێنەر، مرۆڤدۆست، دادپەروەر،.. هتد) یا دوورخستنەوەی منداڵان لە هەموو جۆرە رەفتار و هەڵسوکەوتێکی بەد و نەرێنی و زیانبەخش.

سەرچاوەی ئیلهامی نووسەریش بۆ داهێنانی پاڵەوان و کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی بۆ منداڵان، یا لە نموونەی منداڵانی راستەقینەوە وەریان دەگرێتو دەیانکات بە هەوێنی چیرۆکەکانی یا بە پێی بیرۆکەی چیرۆکەکانی بە خەیاڵی خۆی پاڵەوان و کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی دروست دەکات،کە لە پاڵەوان و کەسایەتییە راستەقینەکان بچن.

گەر پاڵەوان و کەسایەتییەکانی چیرۆکەکان مرۆڤبن، منداڵانخۆیان بن، پێویستە پاڵەوانەکان لای منداڵان ناسراوبن، ناوەکانیشیان ساکاربن و ناوی باوی کوردی بن و نامۆ نەبن.. تا زیاتر لە تێگەیشتنی منداڵانی کوردەوە نزیکبن، بۆ ماوەیەکی زیاتریش لە یادیاندا بمێننەوە.. گرنگیش ئەوەیە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکان لە بەردەم منداڵاندا زیندووبن، خەسڵەتەکانیان جیاوازبن کاتێ دەبزوێن و دەدوێن و کاردەکەن. پێویستیشە کەسایەتییەکان سروشتی بن، قسەکانیان، کردارەکانیان، گوزارشت لە راستییان بکەن و بە پێچەوانەی راستییەوە نەبن.. بۆ

نموونە کەسایەتی پاشا، پێویستە لۆژیکی بێت و وەکو پاشایەک دەرکەوێت، کەسایەتی مامۆستا پێویستە وەکو کەسایەتییەکی سروشتی مامۆستایەک دەرکەوێت.. کەسایەتییەکی دایک وەکو دایکێکی راستی دەرکەوێت.

لە زۆر چیرۆکی منداڵاندا، پاڵەوان یا کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکان، دایک، باوک، مامۆستان، چونکە ئەم کەسایەتییانە نزیکترین کەسن لە منداڵانەوە، بە زۆریش بۆ ئامۆژگاریکردن و رێنمایی منداڵانە.

پێویستە نووسەری چیرۆکی منداڵان، گەر پاڵەوان و کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانی مرۆڤ بن، بە تایبەتیش گەر خودی منداڵان بن، چونکە دڵپاکن و بێتاوانن و سادەن و هەڵس و کەوتیشیان سروشتین، پێویستە لە دەستپێکی چیرۆکەکانییەوە، بە شێوازێکی ساکار سیمای پاڵەوان و کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی لە رووی جەستەیی ودەروونییەوە بە خوێنەری منداڵان بیان ناسێنێت. وەکو منداڵێکی (قژ درێژ، چاو گەش، رووخۆش، دەروونپاک، خوێن شیرین، لێو بەخەنە دە، پاک،سەنگین، خاکی،.. هتد).

ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوانەکانیان منداڵانن، زیاتر سەرنجی منداڵان رادەکێشن لەوانەیە کەسایەتی خۆیان لە بە پاڵەوانە ئەرێنییەکانی چیرۆکەکاندابدۆزنەوە یا نزیکبنلێیانەوە.
چیرۆکیش هەیە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی: ئاژەڵن، باڵندەن، مێروو و خشۆکن، دار و درەختن، شاخ و دەشت و بەردن، ئەستێرە و خۆرن، یا دەربارەی سروشتی بینراو یا نەبینراون، یا پاڵەوانی خەیاڵی و ئەفسانەیین.. یا مرۆڤی گەورەن، باپیرە و داپیرەن.

لە چیرۆکی منداڵاندا ئەستەم نییە، ئەوان لە قۆناغی خەیاڵی تەمەنیاندا، بڕوایان بەوە هەیە کە، کە هەموو پاڵەوان و کەسایەتییەکان، گەر مرۆڤیش نەبن، گەر بێگیانیشبن، دەتوانن بە زمانی ئەوان بدوێن. دار، بەرد،شاخ، شێر، ئاسکە، بەرخۆلە، رەشەبا، خۆر، مانگ، ئەستێرەکان، کەو، چۆلەکە، پەپوولە،کەروێشک، دێو، پەری، روبار، داربەڕوو، هەنار، ئاگر،.. هتد، هەموویان دەتوانن بە زمانی کوردی بدوێن.. دەشتوانن پێبکەنن، خۆشی خۆیان دەربڕن، تۆڕەبن، زویربن، چاکە بکەن، یارمەتی بدەن، بنوون، ببن بە هاوڕێ، ببەخشن، بژین، بمرن، بفڕن، کاری لە توانابەدەریش ئەنجام بدەن.

پێویستە چیرۆکنووس لە پێدانی رۆڵی پاڵەوانێتی و رۆڵی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی بۆ منداڵان، بە گوێرەی

قۆناغەکانی منداڵی بن.. ئەو چیرۆکانەی کە بۆ تەمەنی باخچەی منداڵان دەنووسرێن، پێویستە لە رووی بیرۆکە و خەیاڵ و دارشتن و رۆڵی پاڵەوانەکان و کەسایەتییەکان و شێواز و زمانیشەوە، لە ئاستی توانا و تێگەیشتنی منداڵانی ئەو قۆناغەدابن.. جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵانی هەراشی قۆناغی قوتابخانەی بنەڕەتی دەنووسرێن.

لە چیرۆکی منداڵاندا،ناشبێت کەسایەتییەکان زۆربن، چونکە بیری منداڵان دابەش و ئاڵۆزدەکەن و لیان تێکدەچن، لێشیان بێزاردەبن و زووش لەبیریان دەچنەوە.

لە هەندێ چیرۆکی چاپکراوی کوردیمان دا بۆ منداڵان، هەندێچیرۆکنووسی کوردمان هەندێ قسەی زل و قەوییان بە ناوی منداڵانەوە نووسیون، کە لەگەڵ تەمەن و ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی ئەو منداڵە پاڵەوانانی چیرۆکەکانیاندا ناگونجێن، ئەوە قسەی نووسەرەکان خۆیانن نەک قسەی ئەو منداڵانە.

### کەسایەتیش لە چیرۆکی منداڵاندا، دوو جۆرن:

*یەکەم:* کەسایەتی پێشکەوتوو: کەسایەتییەکەکە لەگەڵ هەڵوێستەکانی چیرۆکەکاندا، گەشەدەکات و پایە بە پایەش پێشدەکەوێت، بە پێی رووداوەکانی چیرۆکەکان بە ئەرێنی یا نەرێنی دەگۆڕێت.. تا کۆتایی چیرۆکەکە لە پێشکەوتن ناوەستێت، هەڵسوکەوتیشیلە هەڵوێستەکانیدا دەردەکەوێت، بە (کەسایەتی خولێن) یش ناودەبرێت، واتە جێگیرنییە و دەخولێتەوە.. زۆرترین پاڵەوان و کەسایەتییەکان لە چیرۆکی منداڵاندا، لەم چەشنە کەسایەتییە پێشکەوتووانەن، کە لە بیر و هۆش ولە ویژداندا، بە نەمری دەمێننەوە.

*دووەم:* کەسایەتی نەگۆڕ: ئەو کەسایەتییەیە، کە گۆڕانکاری لە پێکهاتنی روونادات، نە گەشەدەکات و نە دەگۆڕێت. وەکو ئەوەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیانیدا بێ گیان بێت.لە سەرەتای چیرۆکەکەوە تا کۆتایی چیرۆکەکە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایات.. هەمان خەسڵەت و هەمان رەفتار و بیرۆکە و هەمان هەستی هەیە.. لایەنە جیاوازەکانی ئەم کەسایەتییە و تایبەتمەندییەکانی دیاریکراو و سنووردارن. بە (کەسایەتی رووکەشی) یش ناودەبرێت.

زۆر لە نووسەرانی چیرۆکی منداڵان، زیادەڕۆیی لە ڕۆڵی پاڵەوان و کەسایەتییەکانی چیرۆکی منداڵان دەکەن، کاری لە توانەبەدەر بە منداڵانی پاڵەوانانی چیرۆکەکانیان ئەنجام دەدەن، کە لە توانای ئەو تەمەنەدا نین.. بۆ نموونە منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان بە شاخێکی سەخت و بەرزدا سەردەخەن. یا لە ڕووبارێکی پاندا بەبێ کێشە بە مەلەوانی دەپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە. یان کردوویانە بە پاڵەوانێکی نموونەی و هیچ هەڵەیەک ناکات، ئەمەش بە پێچەوانەی ئاستی ڕاستەقینەی منداڵانەوەیە.

پێویستە چیرۆکەکانی منداڵان، بە کۆتاییەکی خۆش و سەرکەوتوو کۆتاییان بێت. ئەگینا منداڵان دووچاری بێ هیوای دەبن، گەر پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانیان شتێکی خراپیان بەسەربێت و شکستبێنن و سەرکەوتوو نەبن.. زۆریش هەڵەیە کە کۆتایی چیرۆکەکانیان تراژیدی بن و بە کوشتن ومردن و بە کارەسات کۆتاییان پێبهێنن. چونکە ئم ئەنجامانە نەرێنییانە و کارتێکردن و ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی و خراپیان لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان دەبێت.

***پێویستە چیرۆکنووسانی چیرۆکی منداڵان، کاتێ کە چیرۆکەکانیان بۆ منداڵان دەنووسن، ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرن:***

١- پێویستە کەسایەتییەکان چیرۆکەکانیان، لە ڕۆڵەکانیاندا وا دەرنەکەون کە لە ئاستی خۆیان بەرزتر و توانابەدەرترن، یا چیرۆکنووس بە شێوەیەکی نموونەیی دەریان بخات، کە هیچ هەڵە و کەموکوڕییەکیان نییە.. ئەگینا منداڵان لە سەر ئەم نموونە تەواو و بێ هەڵانە بە جیهانی چیرۆک ڕادێن و ئاشنا دەبن.

٢- پێویستە نووسەرانی چیرۆکی منداڵان، شێوەی پێکهاتەی جەستەیی و سیمای پاڵەوان و کەسایەتییەکان لەبەرچاوبگرن.. بە شێوەیەک هەروەکو بەرجەستە و ڕاستیبن، بە ڕەنگ و دەنگ و شێوە و سیماکانی تریانەوەلە بەردەم منداڵاندابن.

٣- پێویستی باری دەروونی منداڵانیش لەبەرچاوبگرن. کۆتایی چیرۆکەکان تراژیدی نەبن، و دووربن لە مردن و کوشتن و دزی و گزی و فێڵ و فەرجە و هەڵخەڵەتاندن.

٤- پێویستە کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی سروشتی دەرکەون، قسەکانیشیان بەپێی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و بەگراوندی کۆمەڵایەتی و جوگرافیای بن.

٥- پێویستە پاڵەوان و کەسایەتی لە چیرۆکەکانیاندا بۆ منداڵان، هەر یەکە یەک رۆڵیان بدرێتی، ئەوە ناشی و گونجاو نییە، کە پاڵەوانی چیرۆکی منداڵان، ئازا و دلێر بێت لە هەمان کاتیشدا ترسنۆک و بەزیو بێت، چاکەخواز بێت، لە هەمانکاتیشدا بەدکار بێت، بەرچاوتێربێت، لە هەمان کاتیشدا چاوچنۆک بێت، نیشتمان پەروەر بێت، لە هەمان کاتیشدا ناپاک بێت.. زیرەک بێت، لە هەمان کاتیشدا تەمەڵ بێت. ئەم دوو رووییە، بەدگومانی و بێ باوەڕی و رامان و دڵەڕاوکێی لە لای منداڵان دروست دەکات.

٦- پێویستە ناوەکان و خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکان لە یەکەوە نزیک نەبن، تا لە هۆشی منداڵان تێکەڵ نەبن و تێکەڵیان نەکەن.

٧- پێویستە چیرۆکنووسانی منداڵان، ئەو کەسایەتییانە هەڵبژێرن، کە منداڵان حەزیان پێدەکەن. ئەو کەسایەتییانەش، مرۆڤ بن، ئاژەڵ بن، رووەکبن، یا پاڵەوانی ئەفسانەیی بن، کەسانێکی ناسراو و خۆشەویستبن لە جیهانی منداڵاندا. بۆ نموونە: پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، سەرکردە نەمرەکانی کوردستان، بابا نوئێل، پەپوولە، چۆلەکە، گوڵ، ئەستێرە، پەرتوک، بووکە شوشە، کەو، کانی، ..هتد.

٨- چیرۆکنووسانی منداڵان دەبێت بە چاوێکی یەکسانییەوە، پاڵەوان و کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانیان، بە سەر منداڵانی کچان و کوڕان دا دابەش بکەن، کوڕسالاری یا کچ سالاری نەبێت بە دیاردەی چیرۆکەکانیان.

٩- پێویستە چیرۆکنووسانی منداڵان، منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان فەرامۆش نەکەن و هەروەکو منداڵانی ئاسایی لێیان بڕوانن، بە پێی تواناکانیان رۆڵ و جێگایان لە چیرۆکەکانیاندا هەبن.. بە چاوێکی بەزەییشەوە لێیان نەڕوانن، بەڵکو پێویستە ئەوە لە بەرچاوبگرن، کە مافی خۆیانە وەکو پێویست ئاوڕیان لێبدنەوە و لە منداڵانی تر جیایان نەکەنەوە.

٢٢ی مای ٢٠١٨

*سەرچاوەکان: ماڵپەڕی گیارەنگ و ماڵپەڕی رەزا ساڵح*




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی**